بەرگی 3

لە بیرەوەرییەکانم

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

کەریم حیسامی

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

لەبیرەوەرییەکانم

١٩٧٩-١٩٨٣

بەرگی حەوتەم

کەریمی حسامی

1429

لەبیرەوەرییەکانم

کەریم حسامی
دەرهێنانی هونەری : خەلیل هیدایەت مام شێخ
بەرگ:
تیراژ : (١٥٠٠) دانە
نرخ: (٤٠٠٠٠) دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان /هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (٦٧٤) ی ساڵی ٢٠١٨ ی دراوە.

گەڕانەوەی نوێنەرانی دەوڵەت بۆ وتووێژ

دوای شەڕی سێ مانگە کاتێ گەڕاینەوە مەهاباد، دەفتەری تەشکیلاتی مەهابادمان هێنا شەقامی سولەیمانی موعینی، خانووی شێخ محەمەد مەعسوم، ئەم شێخە (موقەدەس و مەعسومە) کەلەبنەماڵەی شێخەکانی بیارە و خانەدانی نەقشبەندی و گۆیا مەرکەز و کانگای ئیسلامەتی و دین پەروەری و عیرفان و خواپەرستی بوو، سەبارەت بەجاسوسی و خزمەتگوزاری رژێمی پەهلەوی و هاوکاری لەگەڵ ساواک نەیتوانیبوو لەمەهاباد بمێنێتەوە و رایکردبوو، مەهابادی بەجێ هێشتبوو، خانوەکەی کرا بەدەفتەری رێکخراوی حیزبی دیموکرات و بنکەی پێشمەرگەی حیزب.

ڕاپەڕاندنی کاروباری کۆمەڵایەتی ناوچەی مەهاباد و نێو شاریش بەکردەوە کەوتە سەر شانی تەشکیلاتی مەهاباد، شەڕ لەکوردستان وێستا بوو، بەڵام دیار بوو حکومەت لێرە و لەوێ هەر خەریکی ئاژاوە بوو، هێزە سیاسیەکانی کوردستانیش لەجیاتی یەکێتی و ساخ بوونەوە لەسەر هەڵوێست و تاکتیکی یەکگرتوو، لەجیاتی لێکدانەوەی بابەتی بارودۆخی وڵات و هەڵسەنگاندنی هێزەکان خەریکی دەم بەدمە و خۆڕانان بوون، کۆمەڵە و چریك پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کەلەجیاتی ناوهێنانی (دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد) لەوتووێژدا ناوی رێکخراوەکانیان ببردرێ، حکومەتیش ئامادە نەبوو لەگەڵ چریك و کۆمەڵە وتووێژ بکات.

لەکۆبوونەوەیەکدا لەماڵی مامۆستا شێخ عیزەدین، دوای باسێکی زۆر کەکۆمەڵە نەدەچوە ژێر باری ئەوە کەناوی حیزبەکان لەوتوێژدا نەبرێ، دکتۆر قاسملۆ بەجیددی رایگەیاند و گوتی: (ئەگەر ئەوە ئیمزا نەکەن کەلەوتوێژدا نابێ ناوی حیزبەکان ببرێ و تەنیا ناوی (دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد) بهێنرێ، نێوانمان تێکدەچێ و ئێمە بەتەنیا لەگەڵ دەوڵەت وتوێژ دەکەین).

مامۆستا کەتا ئەو دەم پشتی کۆمەڵە و چریکی دەگرت گوتی: (لام وایە دەبێ ئیمزا بکرێ).

پاشان مامۆستا و دکتۆر قاسملۆ نوێنەرانی چریك و کۆمەڵە ئیمزایان کرد کەلەوتوێژدا تەنیا دەبێ ناوی (دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد) بێت و ناوی حیزبەکان نەبە.

رۆژی ۷۹/۱۲/۱۰ دەستەی نوێنەرایەتی حکومەت هاتەوە مەهاباد، ئەمجارە ۳۰ سەربازی (کلاو سەون)یان لەگەڵ خۆ هێنابوو، ئەم کلاو سەوزانە لەسەردەمی رژێمی شادا لەسەر شکڵ و شێوەی کلاو سەوزانی ئەمریکایی دامەزرابوون کەلەشەڕی وێتنامدا ناویان بلاوکرابۆوە.

نوێنەرانی حکومەت هەوەڵ رۆژ چوونە شۆرای مەهاباد، سەردانی مامۆستا مەلا رەحیمی عەباسی و مەلا عەولای ماوەرانی.

رۆژی ۱۹۷۹/۱۲/۱۲ لەسالۆنی فەرماندداری مەهاباد کۆبوونەوەی دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتی حکومەتی کۆماری ئیسلامی دەست پێکرا.

دەستەی نوێنەرایەتی دەوڵەت بریتی بوو لە: سەباغیان، موهەندیس سەحابی، دارویش فروهەر، دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بریتی بوون لەمەلا شێخ عیزەدین سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی، لەحیزبی دیموکرات دکتۆر قاسملۆ (وەك وتەوێژی دەستەی نوێنەرایەتی)، غەنی بلوریان و کەریمی حسامی و لەکۆمەڵە و چریکیش هەریەکەی دوو کەس، بەشداری کۆبوونەوەی وتوێژ بوون.

لەسەرەتا موهەندیس سەحابی خۆیانی ناساند و بەخێرهاتنی کرد و داوای سەرکەوتنی کرد بۆ وتوێژ.

مامۆستا شێخ عیزەدین وەک سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد، بەپێچەوانەی برپیار و ئیمزا و رێك كەوتن كەدەبوایە ناوی حیزبەکان نەهێنێ دوای بەخێرهێنانیان گوتی:

(ئەوە ئاغای دکتۆر قاسملوە وێژەری دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد، ئەوە غەنی بلوریان و ئەوەش کەریمی حسامییە لەحیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەوانەش فلان و فلان لەکۆمەڵە و چریك).

ئێمە واقمان وڕما، یانی چی؟ مامۆستا بۆ وای کرد؟ ئیمزا و برپیاری دوو رۆژبەر چی لێهات، حەپەساین، ئەمە تێکدانێکی بەئانقەست و حیسابکراو و لەژێر پێنانی هەموو ئوسوڵ و برپیار و رێککەوتنێك بوو.

دوای فەرمایشتەکانی مەلا شێخ عیزەدین سەباغیان دەفتەرەکەی بەردەستی پێچایەوە و گوتی: (ئێمە لەگەڵ کۆمەڵە و چریك دانانیشین و وتوێژ ناکەین).

کۆبوونەوە لەسایەی سەری مامۆستا شێخ عیزەدینەوە تێکچوو، دوای چەند رۆژ بۆ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەنجامی تێکچوونی وتوێژ لەماڵی موهەندیس ئاریا لەگوێکتەپە کەببووە بنکە و بارەگای دکتۆر قاسملۆ، کۆبوونەوەیەکی گەورە بەبەشداری چریك و کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات پێکهات، و لام وایە ئاغای سادق وەزیریش بەشداری کردبوو، لەو کۆبوونەوەیەدا من بەتوندی رەخنەم لەمامۆستا گرت و گوتم: (ئێوە بەئانقەست وتوێژتان تێکدا، ئێوە دەتانەوێ لەسەر حیسابی کوشتار و دەربەدەری و ماڵوێرانی خەڵك ببنە قارەمان، کۆمەڵە و چریك مەبەستیان بڵاوبوونەوەی ناویانە نەك بەرژەوەندی بزوتنەوەی کورد و وەدەست هێنانی مافی گەلی کورد).

دوای ئەم کۆبوونەوەیە بوو کەمامۆستا دەیگوت: (حیزبی دیموکرات باشە، بەڵام

تەشکیلاتی مەهابادی حیزبی دیموکرات باش نییە، چونکە کەریمی حسامی بەرپرسیەتی)، مامۆستا و دەفتەرەکەی ئێستاش بۆ کۆمەڵانی خەڵکیان روون نەکردەوە،.بۆچی ئەم ئیمزا و بڕیارەی پێشێل کرد و بۆچی و بەقازانجی کێ ئەم وتوێژەی تێك دا؟

هەرچەندە رایەڵ و پۆی ئەم هەڵوێست و تێکدانە لەسیلەی چاوی سیاسی و سەرنجدەرەکانی کورد زۆر شاراوە نەبو، رۆژی ۱۹۷۹/۱۲/۲۰، رۆژنامەی ئیتلاعاتی چاپی تاران، گەڵاڵەی خوگەردانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی بەم چەشنە بڵاو کردەوە کەلەپاشکۆی ئەم بەرگەدا چاپکراوە.

ئاهەنگی دووی ڕێبەندان

دووی ڕێبەندانی ساڵی ۱۹۸۰ (۱۳۵۸) زۆر وەرۆژی دووی ڕێبەندی ساڵی ۱۹٤٦ رۆژی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان دەچوو، بەو مانایە بەو زستانە سارد و سڕە لەسەرانسەری کوردستانەوە خەڵك رووبان کردبوە مەهاباد، تا پاش ۳٤ ساڵ بەئاشکرا و هەر لەمەیدانی چوارچرادا یادی ئەم رۆژە پیرۆزە بکەنەوە.

گەلێك میوانی دەرەوەی کوردستانیش بەشدار بوون و وتاریان خوێندەوە، بەتایبەت دکتۆر عصام بەرپرسی پێوەندیەکانی دەرەوەی بەرەی دیموکراتی بۆ ئازادی فەلەستین و عەزیز نوێنەری ڕێکخراوی ئازادیخوازی بەحرەین بەشداریان کردبوو.

لەم کۆبوونەوەدا پاش دکتۆر قاسملۆ، مامۆستا شێخ عیزەدین بەناوی دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد، عەلی گەلاوێژ بەناوی نوێنەری حیزبی تودە و نوێنەرانی کۆمەڵە و چریکی فیدایش وتاریان دا.

من بەناوی تەشکیلاتی مەهاباد ئەم وتارەی ژێرەوەم پێشکێش کرد: کەلەسەر

شریت تۆمار کراوە.

خوشك و برایانی بەڕێز، هاونیشتمانانی خۆشەویست، لەلایەن رێکخراوی ح.د.ك.ا تەشکیلاتی مەهابادەوە، بەبۆنەی رۆژی مێژوویی دووی رێبەندان، رۆژی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان، پڕ بەدڵ پیرۆزبایتان لێ دەکەم و سوپاستان دەکەم کەبەم زستان و بەم هەوا ساردە لێرە کۆبوونەوە، یادی ئەم رۆژە مێژوویە تازە دەکەنەوە.

سوپاسی مامۆستا شێخ عیزەدین دەکەم کەبەناوی دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد ئەم فەرمایشتە جوانانەی فەرموو، سوپاسی ئەم رێکخراوە دیموکراتیانە دەکەم کەلەجێژنی ح.د.ك و جێژنی تەواوی گەلی کوردا بەشدار بوون، سوپاسی ئەو میوانە بەڕێزانە دەکەم کەلەنێو شکاکان و لەسنە و مەریوان و سەرانسەری کوردستانەوە، هاتوون و لەم ئاهەنگە مەزنەدا بەشداریان کردووە.

سوپاسی نوێنەری گەلی قارەمانی فەلەستین، بەتایبەت نوێنەری بەرەی دیموکراتی بۆ ئازادی فەلەستین دۆستی گەلی کورد دەکەم کەزەحمەتی کێشاوە و بەشدار بوە.

هاوڕێیانی خۆشەویست مێژوو تیکرار دەبێتەوە، ٣٤ ساڵ لەمەوبەر هەر لەو مەیدانەدا گەلی کورد لەسەرانسەری کوردستانەوە بۆ دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان بەشدار ببوون، ئێستاش دەبینین کەجارێکی دیکەش نەك هەر گەلی کورد بەڵکو نوێنەرانی گەلی دۆستیش لەم جێژنەدا بەشدارن، ح.د.ك لەماوەی ئەم ٣٤ ساڵەدا رۆڵەی زۆری فیدا کردن بۆ ئەوەی کەئاواتی گەلی کورد و ئامانجی کۆماری کوردستان وەدی بێنێ، با چاوێك لەنووسراوەکانی پانزدە ساڵ لەمەو پێشی ح.د.ك بکەین.

پـانزده سـاڵ لەمـەوپێش کۆمیتـەی ناوەنـدی ح.د.ك کەبەبۆنـەی ٢٥ سـاڵەی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستانەوە بەیانێکی دەرکردبوو، لەوێدا دەڵێ: ئێمە هیـوادارین کـەجارێکی دیکـەش هـەموومان لەچـوار چـرا کۆبینـەوە و جێـژنی دووی رێبەندان بگرین، ئەوە پێشبینی کۆمیتەی مەرکەزی ح.د.ك بوو کـەوا ئێسـتا وەدی هاتووە.

هاونیشتمانانی بەڕێز ئێمە ئـەوڕۆ لـەکۆماری ئیسـلامی ئێـران پشـتیوانی دەکـەین، چونکە بەراستی ئەگەر فیداکاری رۆڵـە بەشـەرەفەکانی کـورد و پشـتیوانی گـەلانی ئێران نەبایە، ئێمە نەماندەتوانی ئەوڕۆ لێرە کۆبینەوە و ئەم رۆژە جێژن بگرین.

ئەندامانی ح.د.ك لەزیندان و دەربەدەری و لەچیاکانیش لەمەوبەر ئەم رۆژەیان یاد دەکردەوە، بەڵام ئێستا نەك هەر ئەندامانی حیزب بەڵکو بەهەزاران کەسی دیکەش کۆبوونەوە بەبۆنەی یادی ئەم رۆژە پیرۆزە وەسڵاو بۆ ح.د.ك دەنێرین.

نامەوێ بەو سەرمایە پتر لەوە وەختتان بگرم، چونکە لەسەر لێکدانەوەی کۆمـاری دیموکراتی کوردستان دکتۆر قاسملۆ سکرتێری گشتی ح.د.ك بەدرێژی قسـە دەکـا و هەروەها دوێنی لەمصاحبەی تەلیفیزیۆنیدا ئەوەی پێویست بوو روونی کـردەوە، تەنیا دەمەوێ لەلایەن ئەندامانی حیزبـەوە پـەیمانتان لەگـەڵ تـازە بکەینـەوە کـە ح.د.ك هـەروەك رابـردوو شـان بەشـانی هێـزە دیموکراتیـەکانی کوردسـتان و سەرانسـەری ئێـران بـۆ پاراسـتنی کۆمـاری ئیسـلامی خـەباتی دژی ئیمپریالیسـتی بەڕێوە دەبا و بۆ وەدەسـت هێنـانی خودموختـاری خـەباتی خـۆی تـا سـەرکەوتن درێژە پێدەدا.

سـڵاو لـەگیانی پـاکی پێشـەوا قـازی محەمـەد- رێبـەری کۆمـاری دیمـوکراتی کوردستان.

سلاّو لەگیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و سەرانسەری ئێران.

سلاّو لەپێشمەرگە قارەمانەکان کەهەمیشە وەک قەلاّیەکی نەپوخاون بۆ پاراستنی موجودیەتی میللەتی کورد، سوپاستان دەکەم.

دابێکی جوان و قەدیمی کوردەواریە کەمیواندارێ گەورە و بەکۆمەلّ ساز دەکەن و دۆست و برادەر لەمالّێك داوەت دەکرێن، بەقسەی خۆش و گۆرانی و گێڕانەوەی سەربردە و تەنانەت باسی سیاسیش کات رادەبوێرن.

جاری وا هەیە ئەو میواندارپانە دۆست و دۆست و برادەر لێك کۆدەکەنەوە دەبنە هۆی ئاشنایەتی و ناسیاری و دۆستایەتی نێوان داوەتکراوەکان.

لەمەهاباد ئەو دابە جوانە زۆر باوە و میواندارێ گەورە دەکرێن، بەتایبەتی دوای شۆڕشی ئێران و بازاڕی گەرمی سیاسەت و گەشەی بزووتنەوە، میواندارێ ببووە مۆدی رۆژ.

یەك لەو میواندارپە گەورە و خۆشانە، بانگێشتنی هونەرمەندی بەڕێز و خۆشەویستی خەلّك، کاك محەمەدی ماملێ بوو.

کاك محەمەدی ماملێ لام وایە پێش دووی رێبەندان بوو، میواندارپەکی گەورەی ساز کردبوو، پێم وایە پتر لەدوو سەد کەس داوەت کرابوو، رێبەری مەزهەبی و سیاسیش (مامۆستا شێخ عزەدین و دکتۆر قاسملۆ) تەشریفیان هەبوو، چەند برادەری دەنگ خۆش و هونەرمەند بەشدار بوون و جاروبار بەئاهەنگی گۆرانی خۆش مەجلیسەکەیان گەرمتر دەکرد، ئاغای فەیزی نژاد، ئاغای ناهید، کاك محەمەدی ماملێ خۆی و هتد، فەیزی نەژاد سرودێکی ساز کردبوو، شیعرەکانی جوان بوون و بەلاّم هەموو سەربەندی شیعرەکانی دەهاتەوە سەر (قاسملۆ شێخ عیزەدین) سرودەکەی بەئاوازی خۆش خوێندەوە و چەپلّەی زۆری بۆ لێدرا و

کەکوڵ و کۆی خەڵکەکە دامرکا، گوتم: ئاغای فەیزی نەژاد بۆ دانانی ئەو سرودە زەحمەتی کێشاوە، بەڵام بەڵای منەوە سرودێکی باش نییە و من ناتوانم لەگەڵ ئەو سرودە موافق بم، لەسروددا ناوی ئەشخاص نایە و ئێمە نابێ فەرد پەرستی لەنێو خەڵکدا بڵاو بکەینەوە، ئەم سرودە هەمووی دێتەوە سەر دکتۆر قاسملۆ و مامۆستا، ئەوەش بۆ سروود نابێ).

خەڵکەکە تۆزێ سڵ بوو، نازانم قسەکەم چەندە بەدڵی مامۆستای بوو، بەڵام دکتۆر قاسملۆ گوتی، قسەی کاك کەریم راستە و لەسرود ناوی ئەفراد ناهێنن.

فەیزی نەژاد تورە و ناڕەحەت بوو: (قەدری هونەرمەند نازانن، هونەرمەند دەشکێننەوە و...) ئەم جۆرە قسانە، ئەمجار بەجیدی گوتم: وانییە، قەدری هونەرمەند دەزانین، بەڵام مانای وا نییە هەرچی هونەرمەند کردی و بەناوی هونەر بڵاوی کردەوە، جێگای پەسند بێ، بەهەوارەی ماملێ باسەکەمان کۆتایی هات.

مەسەلەی هەڵبژاردنی پارلمان

حکومەتی کۆماری ئیسلامی بڕیاریدا کە ١٤ی مارسی ١٩٨٠ هەڵبژاردنی پارلمانی لەسەرانسەری ئێران بەڕێوەبچێ، کۆمیتەی ناوەندی بۆ لێکۆڵینەوەی بەشدار بوون یا نەبوون لەهەڵبژاردندا کۆبۆوە و دوای لێکدانەوەی بارودۆخی وڵات هاتە سەر ئەو باوەڕە کەپێویستە بەشداری بکەین، دکتۆر قاسملۆ پێشنیاری کرد کەتەشکیلاتی مەهاباد کاندیدای حیزب بۆ نوێنەری مەهاباد لەپارلماندا دیاری بکات، لەتەشکیلاتی مەهاباد غەنی بلوریان و حەمەدەمینی سیراجی و کەریمی حسامی کاندید کرابوون.

کاتی دەنگ وەرگرتن لەکۆبوونەوەی تەشکیلاتی مەهاباد بەنهێنی بۆ دیاری کردنی کاندیدای مەهاباد نەتیجەی دەنگەکان لە ٢٣ دەنگ بەم جۆرە بوو.

کەریمی حسامی ٢١ دەنگ، غەنی بلوریان ١٩ دەنگ، حەمەدەمینی سیرامی ١٥ دەنگ ئەنجامی هەڵبژاردنکە لەکۆمیتەی ناوەندی بۆ پەسند کردنی یەکجاری باسکرا، دکتۆر قاسملۆ گوتی:

پێشنیارم ئەوەیە کاك کەریم جێگای خۆی بدا بە مامە غەنی، زیندانی دیوە و تەواوی ژیانی لەم رێگایەدا چووە، کاك کەریم با لەنەغەدە و شنۆ ببێتە کاندیدی حیزب، ئەم پێشنیارە پەسند کرا، لەم کۆبوونەوەیە کاندیداکانی حیزب لەسەقز و بۆکان و میانداو و پیرانشار و ورمێ و سەلماس دیاریکران.

لەو سەر و بەندەدا، واتە دوای شەڕی سێ مانگە و گەڕانەوە بۆ نێو شار، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات بەکردەوە نەخش و دەورێکی دیاریکراوی نەمابوو، تەنیا ناوی هەبوو، دکتۆر قاسملۆ بارەگا و داموودەزگای بردبوە گوندی (گوێکتەپە) و لەخانوەکانی شیرکەتی و لەماڵی موهەندیس ئاریا دایکوتا بوو، لەجیاتی بەهێزکردنی هێزی نێوخۆ و تێکۆشان بۆ یەکێتی هێزەکانی کوردستان، پتر کاتی دەفتەری سیاسی و سکرتێری حیزب بەدید و بازدید و میوان و پێوەندی لەگەڵ هێزەکانی تارن کەهیچ دەورێکیان لەکوردستاندا نەبوو، بەسەر دەچوو.

دروشمی کوردستان (کوردستان سەنگەری ئازادییە) بەکردەوە ببوە سەنگەری ئاژاوە و گێرەشێوێنی و تەنانەت هەرکەس، قولە حیزب و رێکخراو گروپی سەیر و گێرەشێوێن لەتاران و بەشەکانی تری ئێرانەوە رایانکردبوو، هەرکەس سازێکی لێدەدا و بەهەوایەك هەڵدەپەڕی.

راست لەو کاتەدا کەپتەوکردنی ریزەکانی حیزبی دیموکرات و کۆکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك لەدەوری حیزب و پێکهێنانی یەکێتی و هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵە و ئەو هێزانەی کەلەکوردستاندا نەخشیان هەبوو، دەبوایە ببێتە قورسایی و ناوەندی

تێکۆشانی کۆمیتەی ناوەندی، دکتۆر قاسملۆ کەوتبوە فیکری بەستنی کۆنگرەی چواری حیزب بۆ ئەوەی کۆمیتەی ناوەندی لەکەسانی (سەربزێو و رەخنەگر و خاوەن بیروڕا) پاك کاتەوە.

کاتێك دکتۆر عصام، نوێنەری بەرەی دیموکراتی بۆ ئازادی فەلەستین لەمەهاباد بوو رۆژێکیان گوتی: (رەفیق کەریم، دکتۆر قاسملۆ زۆر باسی بەستنی کۆنگرە دەکا، وەك من هەستم پێکردوە، هەڵسوڕانی تۆ، هاتووچۆی خەڵك و بەڕێوەبردنی کاروباری شار و ناوچە لەلایەن تەشکیلاتی مەهابادەوە، لەشانی دکتۆر گران دێت و لەنفوذ و هەڵسوڕانی تۆ نیگەرانە، بۆیە بۆ بەستنی کۆنگرە بەپەلەیە کەخۆی لەچنگ ئێوە رزگار بکا و کەسانی گوێ لەمستی بەکەیفی خۆی کۆ بکاتەوە.. لەبیرت نەچێ، قسەکانی من هەڵگرە.

دکتۆر عصام سەفەری کرد، من هێندێ دیاری کوردەواریم بۆ نایف حەواتمە و بۆ سەڵاح بەدرەدین نارد و قسەکانیشی وەڕاست گەڕان.

نامەی حیزبی تودەی ئێران

ناکۆکی هێزە سیاسیەکانی ئێران پریشکی گەیشتبوە کوردستانیش و دەیانەویست حیزبی دیموکراتیش بخەنە نێو ئەم بەزم و ناتەباییە، لەکوردستان بێجگە لەوردە دەستە و تاقمی راکردوو لەتاران، رێکخراوی فیدایياتی خەڵك خاوەنی رێکخراو و لەمەیداندا بوون، کۆمەڵەش کەهێشتا بەدەردی (کۆمۆنیستی لەگوێن مەنسوری حیکمەت) گرفتار نەببوو، هێزێکی پێشکەوتوخوازی کورد و خاوەنی نفوذ و رێکخراو و تەشکیلات بوو، ئەم دوو رێکخراوە ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بوون و حیزبی دیموکراتیش لەسەر هاوکاری ئەوان حیسابی دەکرد، حکومەتی کۆماری ئیسلامیش ئەم دوو هێزەی بەدوژمن دادەنا و هەروەك باسکرا،

پڕ بوو لەپەند و ئامۆژگاری تەسلیم تەلەبانە و رێنوێنی لاڕێیانە و هاندان بۆ جیاکردنەوەی خەت و رێباز لەهێزەکانی (دژی شۆڕش) و ئاخرەکەشی وادە و بەڵێنی بۆ هاوکاری.

نامە خوێنرایەوە، دکتۆر قاسملۆ گوتی: با برادەران نەزەر بدەن، من گوتم: ئەوە نامەکەمان گوێ لێ بوو، دەقەکەشی لای ئێمەیە، لام وایە کۆمیتەی ناوەندی باسی لەسەر دەکا و بڕیاری لەسەر دەدا.

غەنی بلوریان زۆر بەتوندی هێرشی بردە سەر نامە و سەر رێبەرایەتی حیزبی تودە و گوتی: ئەوە راستە و راست دەخالەتە لەکاروباری ئێمە و ئێمە پێویستیمان بەراوێژکار و مامۆستا نییە.

یەک دوویەکی تر لەبرادەران هەر ئەم هەڵوێستەیان گرت و ئاخرەکەی دکتۆر گوتی: (لام وایە پێشنیاری کاک کەریم بەجێ بوو، کۆمیتەی ناوەندی باسی لەسەر دەکا و ئەگەر بەپێویستی زانی وەڵامی دەداتەوە.

دوای ئەوە، گەڕاینەوە بۆ دیوی دانیشتن کەیەک دوو میوانی دیکە و خانمێکی ئەڵمانی–مان بەجێ هێشتبوو کەحاجی ئەحمەدی بەنای رۆژنامەنووسی لەگەڵ خۆی هێنابوو لەمەهاباد دەیسوڕاندەوە.

من دەمزانی کەهەواڵدەرە، یا نووسەر یا یەکی وای ئەڵمانی هاتوە و جاروبار سەری بنکەی پێشمەرگە دەدا و حاجی ئەحمەدی وەک دیلمانج دەبا و دەیهێنێ، بەڵام نەمدیتبوو، ئەو شەوە لەوێ پرسیاری منی لەدکتۆری کرد و داوای کرد گوتی: (ئەگەر ئنگلیزی دەزانی، دەمەوێ هێندێ پرسیاری لێ بکەم و شەو دەچم لەمالّی ئەوان دەمێنمەوە.

گوتم: (ئنگلیزی نازانم و بەداخەوە مالّیشم نییە و خێزانیشم لێرەیە.

کردمانە گاڵتە و خودا و راستان برادەرێکی ئینگلیزی زان گوتی: من ئەو زەحمەتە دەکێشم و جێگا و رێگاشم هەیە.

من لەو ماوەیەدا کەگەڕابوومەوە بۆ کوردستان و لەمەهاباد خەریکی تێکۆشانی سیاسی بووم، بوومە سەرباری خەڵک و لەماڵی وسێن ئاغای ئەحمەدی دەژیام و هەروەک لەبەرگی شەشدا باسم کردووە، ئەو ماڵە ببوە پەنا و پەسیوو ماڵ و جێگای حەسانەوەم، ئێستا خێزانیشم گەڕابۆوە و بەڵام دیسان بێ ماڵ و حاڵ بووم و خانووم وەگیر نەدەکەوت.

کاك قادری شەهابی زۆر پیاوانە خانوویەکی دامێ بێ ئەوەی کرێ و ئیجارەم لێ بستێنێ، جارێکی دیکەش دۆست و برادەران خانووی دوو ژووریان لەتەلەفیزیۆن و فەرش و نوێن و گشت کەلوپەلی پێویست رازاندەوە، لەکانگای دڵەوە سوپاسی هەموو ئەو دۆست و برادەرانە دەکەم کەبەراستی نەیانهێشت لەپەرداخکردنی دوو خانوان هیچ قورساییم بکەوێتە سەر شانی.

من سەربردەی خۆم دەنووسمەوە و ئەوەی لەبیرم بێ، پاشقوڵی نادەم، کاتێك هێشتا لەماڵی وسێن ئاغا بوم، خێزانی مردبوو، خەڵکی زۆر دەهاتنە سەرەخۆشی، رۆژێك زۆر نەخۆشبووم و لەبەر میوانان جێگا نەبوو راکشێم، ناچار چوومە ماڵی کاك تەهای عەتیقی، راکشابووم و نەخۆش، لەدەرگایان دا، دیتم ئاغای رازی و ئاغای ئاغازادە هاتنە لام، پاش ئەحواڵپرسی و چاك و چۆنی و چا خواردنەوە، ئاغازادە گوتی: (تۆ ماشێنت نییە، ئەگەر ئیمکانی مالیت هەیە، دەتوانم بەبێ نۆرە ماشێنێکت بۆ بێنم، سوپاسی دەکەم، هەڵێکی باش بوون کاك کەمالی شافیعی ناردی ماشێنەکەیان هێنا و پارەکەشیان دابوو، لام وایە ٥٨ هەزار تمەن بوو، دوای ماوەیەك کەسەفەری ئەوروپام کرد، ماشێنەکەم بە ٩٠ هەزار تمەنی فرۆشتەوە.

بەرەو کۆنگرەی چوار

دوای ئاهەنگی دووی رێبەندان بەچەند رۆژ، دکتۆر قاسملۆ لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیٰ گیراوە کەبۆ باس لەسەر ئامادەکردنی کۆنگرە بچنە گوێکتەپە، دکتۆر قاسملۆ پێشتر بەبێ ئاگاداری کۆمیتەی ناوەندی، کاك جەلیلی گادانی بۆ چاوەدێری لەسەر کۆنفرانسەکانی حیزبی دا، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە وەولآتی خستبوو، لەسەر پێکهاتنی کۆنگرە کاك حەمەدەمین و کاك ئەمیری قازی و مەلا رەسولّ و مەلا سمایل دژ بوون و لایان وابوو کەلەم هەل و مەرجەدا هیچ پێویستیەکی ئەوتۆ بۆ بەستنی کۆنگرە لەگۆڕێ دا نییە، دکتۆر گوتی: (دەفتەری سیاسی بڕیاری داوە و تازە بەشی زۆری کۆنفرانسەکانی حیزبیش بەستراون، حەمەدەمین و ئەمیری قازی کەئەندامی دەفتەری سیاسی بوون، گوتیان ئێمە ئاگامان لەشتێکی وا نییە.

پاشان باسی ئەوە کرا کەبێجگە لەوانەی کەلەکۆنفرانسدا هەڵبژێراون، کەسانی دیکەش بۆ کۆنگرە بانگ بکرێن، کەسانی ئەوتۆ پێشنیار کران کەهەتا ئەو دەم هەر ئەندامی حیزب نەبوون وەك: موهەندیس ئاریا، مستەفای هیجری، حوسێنی مەدەنی قادری شەهابی و زۆر کەسی تر.

دەبوایە راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بنووسرێ و ئامادە بکرێ و پێشتر بدرێ بەئۆرگانەکانی حیزبی بیخوێننەوە و باسی لەسەر بکەن و نەزەر بدەن.

بەڵآم تا رۆژی پێش کۆنگرە تەنانەت ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیش چاویان پێ نەکەوت.

رۆژی ۱۹۸۰/۲/۱۰ کۆنفرانسی شارستانی مەهاباد پێك هات.

لەهەموو رێکخراوەکانی سەر بەتەشکیلاتی مەهاباد نوێنەر بەشداریان کردبوو،

مامۆستا هێمن بۆ هـەوەڵجار شـیعری (رنـوی کوێسـتانی) خوێنـدەوە، کۆنفرانسـی هێنابوە هاژان، مەلا غەفوری حافزیش دوو بەستە شیعری نایابی خوێندەوە.

دکتۆر قاسملۆ بەدرێژی لەسەر سیاسەتی حیزب قسـەی کـرد، لـەکاتی هەڵبژاردنـدا کەکاندیدا پێشـنیار دەکـران، دکتـۆر قـاسملۆ پەروانـەی ئەحمـەدی کاندیـد کـرد و داوای لەکۆنفرانس کرد کـەدەنگی بـۆ بـدەن، ئـەم هـەنگاوەی دکتـۆر لـەکۆنفرانس رەنگدانەوەیەکی باش نـەبوو، پەروانـە خـۆی کاندیـد نـەکرد و بـوو بـەهۆی ئـەوە کەخۆی و مێردەکەی لەحیزب بچنە دەر و لەتێکۆشانی سیاسی بکشێنەوە.

کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکرات بەبڕوای من سەرەتای لادان لـەرێ و شـوێنی حیزبایەتی و دیموکراسی حیزبـی و داتاشـینی دیکتـاتۆر بـوو، رۆژی ۱۳۵۸/۱۱/۳۰ (۱۹۸۰/۲/۱۹) سەعاتی ۳ی دوای نیوەڕۆ کرایەوە.

لـەپلینۆمی پـێش کـۆنگرەدا، دکتـۆر قـاسملۆ راپـۆرتی کۆمیتـەی ناوەنـدی هێنـا کەپێشـتر کـەس نەیـدیتبوو، لەلایـەن چـەند بـرادەرەوە رەخنـە گـیرا، سـادقی شەرەفکەندی کەوەك مشاور بەشدار بوو هەستا زیـز بـوو، وەدەرکـەوت، بـەکورتی رەخنە و ئیراد پوش بەسەرکرا و چووینە کۆنگرە.

۳۱۰ کەس وەك نوێنەر و خاوەن دەنـگ لـەکۆنگرەدا بەشـدار بـوون، کەبـەگوێرەی بڕیاری پەسند کراو کەبۆ هـەر ۱۰۰ ئەنـدامی حیزبـی دەبوایـە نوێنـەرێك بەشداربێ ئەوانە نوێنەری ۳۰۰۰۰ ئەندامی حیزب بوون، کاك حەمـەدەمینی سـیراجی لـەوتاری خۆیدا بەهەق گوتی: خۆزیا لـەجیاتی ۳۰ هـەزار ئەنـدام ۳۰۰ ئەنـدامی بەراسـتیمان هەبایە.

دوای خوێندنەوەی راپۆرتی کۆمیتـەی ناوەنـدی، مـن رامگەیانـد کەئـەو راپۆرتـەی بەناوی کۆمیتەی ناوەندی خوێنرایەوە، هیچ یـەك لەئەنـدامانی کۆمیتـەی ناوەنـدی

نەیانخوێندۆتەوە، بەڵام غەنی بلوریان گوتی: (بەڵێ ئەوە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بوو).

لەکۆنگرەدا، غەنی بلوریان سەبارەت بەبیست و چەند ساڵ زیندانی بوون نفوذ و ڕێزێکی زۆری هەبوو، هەرچی گوتبای خەڵك بێ ئەملاو لا پەسندیان دەکرد، بەڵام ئەو فریوی نوێنەرایەتی پارلمانی خواردبوو، بەو هیوایە دەچێتە مەجلیس و ئیتر بۆچی سەری خۆی بێشێنێ؟ لەکۆنگرەدا چەند جار بەغەنی بلوریانم گوت، تۆ دەتوانی ڕەوەندی کۆنگرە بخەیە سەر ڕەوتێکی ساخ و دیموکراتیانە، بەڵام ئەو خۆی بۆ کورسی پارلمان ساخ کردبۆوە و بیری لەشتیتر نەدەکردەوە، کاتێك قسە لەکاندیدای کۆمیتەی ناوەندی دەکرا، دکتۆر پێشنیاری کرد بۆ ئەوەی کاتی کۆنگرە نەگیرێ، با خۆی لەگەڵ مامە غەنی دابنیشن و لەسەر چۆنیەتی و شێوەی کاندید کردن بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی ساخ بنەوە، کۆنگرە پەسندی کرد، کاتێك گەڕانەوە، بڕیاریاندا بوو کەکۆمیتەی ناوەندی پێشوو کەس کاندید نەکا و هەر کەس خۆی کاندید بکا و هەموو کەسیش دەتوانێ، هەر لەوێ کڵاو چووە سەری مامە غەنی، دکتۆر کڵاوی دووەمی لەسەری هەموو کۆنگرە نا.

لەهەموو کۆنگرەکانی دنیا داب وایە، دوای خۆناساندن و دیاریکردنی کاندید، دەست بەدەنگ وەرگرتن و هەڵبژاردن بکرێ، پاش ئەوە کاندیدان خۆیان ناساند، دکتۆر گوتی: (ئیتر درەنگ بووە و با دەنگ دان بمێنێ و بۆ سبەی بەیانی، کەس بیری بۆ ئەوە نەدەچوو کەسکرتێری حیزب چ نەخشەیەکی بۆ (دیموکراسی) کێشاوە)، بەتایبەت ئاغای سادق وەزیریش لەوتاری خۆیدا، ئەوەندەی تاریفی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کردبوو، ئیتر خەڵکی کۆنگرە نەدیتوو، نەخوێندەوار و بەسەرداکەوتوو وڕ و گێژ ببوون.

بەڵام دکتۆر قاسملۆ بۆچی پێشنیاری وەدواخستنی هەڵبژاردنی کرد؟

ناوبراو، وەك (رێبەرێکی لێهاتوی نەترس لەرەخنە و لەبیروڕای موخالیف و باوەڕ بەخۆ بوو)، شەو هێندێ کەسی نۆکەر سیفەت و ماستاو سارد کەرەوەی بێ شەخسیەتی لەخۆ کۆکردبۆوە و ناوی ئەو کەسانەی نووسیبوو کەدەیزانی فەرمانبەردار و بێ زەڕن و لە ٣٠٠ نوسخەدا هەر بەو شەوە ماشێن و فۆتۆکۆپی کردبوون و دابوویە دەست نۆکەر و دار و دەستەی خۆی، بەیانی کەکۆبوونەوە دەستپێکرا، ئیتر کوتوپڕ تاقمێکی سەر سەری وەژوور کەوتن و دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی وەرەقەی ناوەکان و هەرکەس پەڕە کاغەزێکیان دا دەستی.

خەڵکی نەدیتووی نەزان، گورج دەستیان کرد بەنووسینی ئەم ناوانە کەبەدەستیانەوە بوو، هێندێ لەبرادەران دەستیان کرد بەئیعتراز و رەخنە، بەڵام دەبوایە غەنی بلوریان وەدەنگ بێ، ئەویش ناوی لەو تاقمەی دکتۆردا بوو، هەر ئەوەشی دەویست.

بۆ دەوری دووەم دکتۆر، سەلیمی بابانزادە و رەحمانی حاجی ئەحمەدی و حەسەنی شەتەوی پێشنیار کرد، نەك هەر کەس دەنگی بۆ نەدان، بەڵکو خودا خودایان بوو ناویان بکوژێتەوە، پاش تەواو بوونی هەڵبژاردن رۆژ درەنگ و کەوتە بەر شەوێ دکتۆر پێشنیاری کرد کەشەو درەنگە و برادەران هیلاکن و با سبەی دەست بەبژاردنی دەنگەکان بکرێ، ئێمە چەند کەس دژی ئەو پێشنیارە بووین، چونکە دوای تەواو بوونی دەنگدان دەبێ دەست بکرێ بەبژاردن و نووسین، ئەو خەڵکەی لەوێ کۆکرابۆوە نەیدەزانی رێ و شوێنی حیزب و کۆنگرە چییە، پێشنیاری دکتۆر پەسندکرا و سندوقی دەنگەکان کەوتە بەر دەستی پاك و ئەمینی ئەو کەسانەی دکتۆر پێشنیاری کردبوون.

کەسانی ئەوتۆ لەسەر لیستەی دکتۆر هەڵبژێرا بوون کەتا رۆژی کۆنگرە هەر ئەندامی حیزبیش نەبوون، بۆ نمونە کێژێکی خەڵکی گوڵی سندوسیان کردبوو

بەمشاوری کۆمیتەی ناوەندی، هەر قەت نەیزانیبوو حیزب و سیاسەت چییە و بەراستی هێشتا لەژیانیش تێ نەگەیشتبوو، بەڵام کاتێک کەلەکۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دا پێشنیاریان کردبوو با کەریمی حسامی بەمشاور هەڵبژێرین، دکتۆر قاسملۆ گوتبووی: ئەگەر ئەو بێ، ئیتر کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی هەر بەکێشە و دم بەدمە رۆژ دەبەنە سەر، ئەو دەیویست مەڕی خودای لەکۆمیتەی ناوەندی دا بن، و بەکەیفی خۆی ئەوبەرە و بەریان پێ بکا.

کاتێک ئەوەیان بۆ گێڕامەوە قسەکانی (سیمۆن لیس) نووسەری فەرانسەیی–م وەبیر هاتەوە کەدەنووسێ: (حوکمڕانە دیکتاتۆر و سەرەڕۆیەکان، کاتێک لەنەمانی دەسەڵاتیان ترسیان رێدەکەوێ، بەدگومانی و در دونکییان لێ زیاد دەبێ، کەسانی لێزان و لێهاتو و تێکۆشەر وەلا دەنێن و رۆژ بەرۆژ پتر خواجەی حەرەمسەرا و ژن و کەسانی دوور و نۆکەر سیفەت و ڕاڕا و خوێڕی لەدەوروبەری خۆ کۆدەکەنەوە) بەداخەوە دکتۆر قاسملۆ تووشی ئەو نەخۆشیە ببوو قەیناکا، ئەوانەی بەفێڵ و لیستە بڵاوکردنەوە، کردبوونی بەکۆمیتەی ناوەندی ئەوە دەنگیان بۆ درابوو، هەرچۆنێک بێ بۆ ڕێزگرتن لەدەنگی ئەم خەڵکە پاکانەی بۆ بکرێ، بەڵام ئەوانەی بەناوی دەفتەر و تەلەفیونچی و بۆ گوێ هەڵخستن و بەشی نەئاشکرای (پاراستن) کۆی کردبوونەوە، بۆ سیاسەتمەدارێکی بڕوا بەخۆ نەدەبوو.

چەند رۆژ دوای کۆنگرەی چوار، رۆژێک مەلا عەولاّ و جەلیلی گادانی من و کاک حەمەدەمینی سیراجیان بانگ کرد و گوتیان دەمانەوێ لەرۆژنامەدا کار بکەن، من گوتم، ئێستا مەسئولی تەشکیلاتی مەهابادم و هەر لەسەر کاری خۆم دەمێنمەوە و لەتەشکیلاتدا وەک ئەندامێکی حیزبی کار دەکەم.

کاک حەمەدەمین کەگەلێک پێشتر بڕیاری خۆی دابوو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە: (ئەفرادی مارکسیست و کۆمۆنیست دەبێ لەنێو حیزبی کۆمۆنیست دابن)، گوتی:

من کار ناکەم و دادەنیشم، دیارە جەلیل و مەلا عەولا ئەوەشیان لێ زیاد کرد کەنابێ دژی حیزب و کۆمیتەی ناوەندی قسە و تەبلیغاتی بکەن، من گوتم ئێوە کەهەڵبژێراوی کۆنگرەن، ئیتر هەق نییە لەبیروڕا و تەبلیغاتی هیچ کەس بترسێن، من تا لەو حیزبەدابم، بەگوێرەی پێڕە و پڕۆگرامی حیزب دەبزومەوە و هەرچی بەقازانجی حیزبیش بزانم دەیکەم.

قسەی زیادییە، یانی چی لەحیزبی دیموکرات دا هەرکەس هەرچی خۆی پێی وابوو قازانجی حیزبە بیکا و بەبێ پرس و فەرمانی دەفتەری سیاسی و یا بەرپرسێك ئاو بخواتەوە، ئەوە نابێ. ئەدی کۆنگرەی چوار بۆیە نەبەستراوبوو کەسکرتێر و کۆمیتەی ناوەندی لەچنگ ئەم قسە و بەزمانە رزگاریان بێ؟

بۆ ئەوەی بەیەکجاری حیزبەکە ساخ بێتەوە، بەگوێرەی یاسای حیزبایەتی دوای کۆنگرە پێویستە رێکخراوەکانی حیزبیش کۆبوونەوە و کۆنفرانس بگرن و کۆمیتە و بەرپرسی تازە هەڵبژێرن، بەڵام مەسەلەی هەڵبژاردنی پارلمان هاتە گۆڕێ و هەڵبژاردنی تەشکیلاتی مەهاباد وەدواخرا، دوور نییە لەبەر ئەوەش بووبێ کاك جەلیلی گادانی کەکرابوە بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب و سەبارەت بە (خەڵك ناسین و رابردووی تێکۆشانی لەدێهات) تۆزێك کاری بۆ بکا و بەڵکو بتوانن لەهەڵبژاردنی تەشکیلاتدا من هەڵنەبژێردرێم.

رۆژی ۱۳۵۹/۱/۱۹ (۱۹۸۰/٤/۸) کۆنفرانسی شارستانی مەهاباد بەبەشداری ۵۳ کەس نوێنەری رێکخراوەکانی شار و ناوچەکان پێکهات، جەلیلی گادانی وەك بەرپرسی گشتی تەشکیلات و مامە غەنی وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی بۆ چاودێری بەسەر کاری کۆنفرانس و هەڵبژاردندا ئامادە بوون.

لەکۆنفرانسدا وەك بەرپرسی تەشکیلاتی مەهاباد لەراپۆرتی تەشکیلاتدا بەدرێژی

لەسەر کەم و کوڕی کارەکانی کۆمیتەی ناوەندی و فڕوفێڵی کاندید کردنی مستەفای هیجری و کردەوەی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە (بازرسی) و زۆر شتی تر قسەم کرد، کاتێك هەڵبژاردن دەست پێکرا، لە ٥٣ کەس، ٥٢ کەس بۆ من دەنگی دابوو، ئەمە خۆی وەڵامێکی توند بوو بۆ فڕوفێڵی کۆنگرەی چوار.

رۆژی ١٣٥٩/١/٢٩ (١٩٨٠/٤/١٨) بەتێکڕایی دەنگ بەبەرپرسی تەشکیلاتی شارستانی مەهاباد هەڵبژێردرام، کۆمیتەی شارستان بەرپرسی ناوچە و رێکخراوی بەشەکانی مەڵبەندی مەهابادی دیاریکرد و دەستکرا بەکار و دەرکردنی رۆژنامەی پێشەوا.

هەڵبژاردنی پارلمان

وەك باسکرا کۆمیتەی ناوەندی پێش کۆنگرەی چوار بڕیاری دابوو کەلەناوچەی سندوس و شنۆ بۆ نوێنەرایەتی پارلمانی ئێران من کاندیدای حیزبی دیموکرات بم، کاك جەلیلی گادانی کرابوو بەبەرپرسی ستادی هەڵبژاردن، دیتم لەپڕ بەیاننامەیەکی دوور و درێژی لەسەر (خەبات و تێکۆشان و شۆڕشگێڕی) کاك مستەفای هیجری نووسیوە و لەناوچەکانی سندوس و شنۆ بەکاندیدای حیزبی ناساندوە، چوومە دەفتەری سیاسی زۆر بەتوندی لەم کارە ناحەز و دووڕوییانە رەخنەم گرت، غەنی بلوریان گوتی من ئاگام لێ نییە و نازانم بۆچی واکراوە، تۆ کاندیدی حیزبی و بڕیارمان لەسەر داوە، دکتۆر قاسملۆ گوتی: (رێکخراوکانی سندوس و شنۆ کاك مستەفایان کاندید کردووە).

تەلیفۆنم کرد بۆ کاك مەلا محەمەدی مراد رەسوڵی کەبەرپرسی تەشکیلاتی شنۆیە بوو، ناوبراو گوتی: (نامەیەکی دەفتەری سیاسی هاتوە، نووسراوە: (دەفتەری سیاسی کاك مستەفای هیجری ئەندامی دەفتەری سیاسی کردۆتە کاندیدای شنۆ و

لەسەر کەم و کوڕی کارەکانی کۆمیتەی ناوەندی و فڕوفێڵی کاندید کردنی مستەفای هیجری و کردەوەی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە (بازرسی) و زۆر شتی تر قسەم کرد، کاتێك هەڵبژاردن دەست پێکرا، لە ٥٣ کەس، ٥٢ کەس بۆ من دەنگی دابوو، ئەمە خۆی وەڵامێکی توند بوو بۆ فڕوفێڵی کۆنگرەی چوار.

ڕۆژی ١٣٥٩/١/٢٩ (١٩٨٠/٤/١٨) بەتێکڕایی دەنگ بەبەڕپرسی تەشکیلاتی شارستانی مەهاباد هەڵبژێردرام، کۆمیتەی شارستان بەڕپرسی ناوچە و ڕێکخراوی بەشەکانی مەڵبەندی مەهابادی دیاریکرد و دەستکرا بەکار و دەرکردنی ڕۆژنامەی پێشەوا.

هەڵبژاردنی پارلمان

وەك باسکرا کۆمیتەی ناوەندی پێش کۆنگرەی چوار بڕیاری دابوو کەلەناوچەی سندوس و شنۆ بۆ نوێنەرایەتی پارلمانی ئێران من کاندیدای حیزبی دیموکرات بم، کاك جەلیلی گادانی کرابوو بەبەڕپرسی ستادی هەڵبژاردن، دیتم لەپڕ بەیاننامەیەکی دوور و درێژی لەسەر (خەبات و تێکۆشان و شۆڕشگێڕی) کاك مستەفای هیجری نووسیوە و لەناوچەکانی سندوس و شنۆ بەکاندیدای حیزبی ناساندوە، چوومە دەفتەری سیاسی زۆر بەتوندی لەم کارە ناحەز و دووڕوییانە ڕەخنەم گرت، غەنی بلوریان گوتی من ئاگام لێ نییە و نازانم بۆچی واکراوە، تۆ کاندیدی حیزبی و بڕیارمان لەسەر داوە، دکتۆر قاسملۆ گوتی: (ڕێکخراوکانی سندوس و شنۆ کاك مستەفایان کاندید کردووە).

تەلیفۆنم کرد بۆ کاك مەلا محەمەدی مراد ڕەسوڵی کەبەڕپرسی تەشکیلاتی شنۆیە بوو، ناوبراو گوتی: (نامەیەکی دەفتەری سیاسی هاتوە، نووسراوە: (دەفتەری سیاسی کاك مستەفای هیجری ئەندامی دەفتەری سیاسی کردۆتە کاندیدای شنۆ و

نەغـەدە، تکایـە هـەولّی بـۆ بـدەن)، بەمـەلا محەمـەدی رەحمـەتیم گـوت: (تکایـە نوسخەیەکی فۆتۆکۆپی نامەی دەفتەری سیاسیم بۆ بێنە)، کاك مەلا محەمەد دوای دوو رۆژ پەیدا بوو نامەکەی فۆتۆکۆپی کردبوو بۆی هێنـام، تامـە مـۆری دەفتـەری سیاسی پێوەبوو بێ ئیمزا، رەسم وابـوو نامـەکانی دەفتـەری سیاسـی سـکرتێر یـا جێگری سکرتێر ئیمزای بکا، دکتۆر قاسملۆ بەبێ ئاگاداری دەفتەری سیاسـی ئـەو نامەیەی بەمۆری دەفتەری سیاسی و بـەبێ ئیمـزا بـۆ رێکخـراوی شـنۆیە نـاردبوو، دەقـی نامەکـە ئێسـتا لـەولّات پـارێزراوە و بەداخـەوە بەدەسـتەوە نییـە، سـەیر ئەوەبوو دکتۆر قاسملۆ برادەرێکی کردبوە کاندیدی حیزبی لەنەغەدە و شنۆ کـەتا رۆژی کۆنگرەی چوار ئەندامی حیزب نەبوو، لەدوای شەڕی نەغەدەش رای کردبـوو بەهیچ جۆر نەیدەوێرا بچێتەوە نەغەدە بەتایبەت بۆ تەبلیغاتی هەڵبژاردن نەیتوانی بەو ناوچەیەشدا تێپەڕێ، بەڵام کاك جەلیل لەمـەهابادەوە دوور بـەدوور تـەبلیغاتی بۆ کاندیدای سندوس و شنۆ دەکرد.

لەبەرامبەر ئـەو کـردەوە ناحـەز و فێڵبازانـەدا بڕیارمـدا کەلەسـندوس و شـنۆ وەك سەربەخۆ خۆم کاندید بکـەم، مـن لـەم ناوچـەیە رابـردووی پـڕ لەشـانازی خـەباتم هـەبوو، لەسـەر مـافی زەحمەتکێشـان لەگـەڵ دەرەبـەگ و سـەرۆك عەشـیرەت و ژاندارم وەدەنگ هاتبووم لەسەر خـەباتی سیاسـی زینـدانی کرابـووم، دەرکرابـووم هەموو ژیانم تێدا چووبوو، قەرەپەپاخی سندوسی لەنەغەدە و رادانە و مەحمەدیار دۆست و ناسیارم بوون یارمەتیم دابوون لەکاتی خۆیدا، لەبەرانبەر کـاك مسـتەفای هیجریدا کەکاندیدی حیـزب بـوو دۆست و بـرادەری کـورد و قەرەپـەپاخی شـنۆ و نەغـەدە و رادانـە و عەجـەملیان بەیاننامەیـەکیان لەسـەر تێکۆشـان و خـەباتی رابردووی مـن نووسـیبوو کردبوویانمـە کاندیـدی سـندوس و شـنۆ بـۆ نوێنەرایـەتی پارلمانی ئێران، چەند کەس لەبرادەرانی کورد و عەجـەمی نەغـەدە و دۆسـتەکانی

شنۆ بەدێهاتدا گەڕابوون و بەچەشنێکی هەرا و بەیاننامەکەیان بڵاو کردبۆوە، لەنەغەدە چوومە فەرمانداری وەك کاندیدی غەیرە حیزبی ناوی خۆم نووسی، بەرنامەی ئینتخاباتی خۆم نووسی و بەچەشنێکی هەرا و بڵاو کرایەوە، لەنێزیك سێ ڕای محەمەدیار لەگوندی دورگە برادەرێکم قاوەخانەی هەبوو، قاوەخانەکەی کەوتبووە نێزیك بازاڕی سەر پردێ و سەر ڕێگای ورمێ، نەغەدە، مەهاباد، بەیاننامە و فیشی تەبلیغاتی کاندیداتوری منی لەچایخانەکە هەڵاوەسیبوو، پێشمەرگەی بنکەی خەلیفەلیان و مەحەمە شە بەدەستوری بەرپرسی ڕێکخراوی داسەپاوی دکتۆر قاسملۆ (کاك ڕەحمانی حاجی ئەحمەدی) ڕاست بەشێوەی ژاندارمی زەمانی شا چووبوون بەیاننامە و تراکتەکانیان لێ کردبۆوە و بەقاوەچیان گوتبوو: (نابێ ئەم بەیاننامانە لەقاوەخانە هەڵاوەسی)، ئەوە سەرەتای ئەم دیموکراسیە بوو کەدکتۆر قاسملۆ خەباتی بۆ دەکرد.

من بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆم بەدرێژی و بەهەراوی چاپکردبوو بڵاو کرابۆوە، بەڵام دەبوایە خۆشم بچمە نێو خەڵك و لەگوندەکان قسەیان بۆ بکەم و ڕوونیان کەمەوە، بۆ ئەم کار و سەفەر و گەڕانە پێویستم بەماشێن هەبوو، لەباری چاپکردنی فیش و تراکت و نووسین و بڵاوکردنەوە کوپەکانی ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکرات یارمەتیەکی زۆریان کرد و هەمیشە لەگەڵم بوون، بەڵام نە ئەوان ماشێنیان هەبوو، نەمنیش دەستم گەیشتبوە تاڵان و بڕۆی سەربازخانە کەماشێنم هەبێ، ئەو ماشێنەی نوێنەری کۆمپانی پەیکانیش وادەی پێدابووم، هێشتا هەر لەسەر.کاغەز و لەتاران بوو.

نامەیەکم بۆ سمایلی ئازەرمیر لەمیاندواو نووسی و داوام لێکرد کەماشێنێکم بۆ بنێرێ تا تەواو بوونی هەڵبژاردن لەلام بێ، ئازەرمیر لەوەڵامدا نووسیبووی ماشێنەکەی لەتەعمیرە، بەڵام دوو هەزار تمەنی بۆ ناردبووم کەماشێنی پێ بەکرێ

بگرم، دوایە داوام لەکاك رەحمانی کرد ماشێنێکی لەندوێری بۆ ناردم سوار بووین لەگەڵ دوو برادەری یەکێتی لاوان بەرەو سندوس کەوتینەڕێ، لەکن وسوکەندی ماشێن پەکی کەوت و بەهەزار حاڵ گەیاندمانەوە مەهاباد و لەگەڵ سوپاس وێمان داوە، ناچار خەبەرم نارد بۆ کاك رەسوڵی دانشمەند کوڕی کاك سەعدە کەماشێنم بۆ بنێرێ، کاك رەسوڵ ماشێنی بۆ ناردم، رۆژی ٨٠/٣/٤ لەگەڵ پێشمەرگەیەك و دوو برادەر لەکوڕەکانی رێکخراوی لاوان سوار بووین بۆ سندوسی، رۆژی بازاڕی سەر پردێ بوو، خەڵکێکی یەکجار زۆر لەبازاڕی کۆببۆوە، دۆست و ناسیاری زۆر لەبازاڕێ بوون، دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی بەیاننامە و تراکت، پاشان کورد و قەرەپەپاخ کۆببوونەوە و لەراستیدا بازاڕ بوو بەمێتینگێك، لەسەر بەرنامەی هەڵبژاردن بەدرێژی قسەم کرد و داوام لەخەڵك کرد کەیەکێك بۆ مەجلیس بنێرن کەبیناسن و لەخۆیان بێ، لەوێوە چوومە گوندی مەحمەشەی ماڵە مامۆستا حاجی مەلا محەمەدی، حاجی مەلا محەمەد و حاجی مەلا مستەفا بەڵێنیان دا کەلەو گوندانەی دەوروبەری خۆیان خەڵك ئامادە بکەن کەدەنگم بۆ بدەن، پاشان چوومە گوندی خەلیفەلیان و مەمەلیان و قەرەقەساب، هەموویانم دەناسی، دۆست و جیرانی قەدیم بوون، گومانم نەبوو لەمن زیاتر بۆ هیچ کەسی تر دەنگ نادەن، لەمەحمەش چوومە بنکەی پێشمەرگە و لەسەر لابردنی بەیاننامە و تراکت لەقاوەخانەی دورگە پرسیارم لێکردن، بەرپرسی لق گوتی: (لەلایەن تەشکیلاتی نەغەدەوە پێمان ئەسپێراوە کەنەهێڵین بێجگە لەبەیاننامەی حیزب نووسراوەی کەسی تر بڵاو بێتەوە)، قسەم بۆ پێشمەرگەکان کرد و رووم کردنەوە کەئەوان نابێ نەخشی ژاندارمیان هەبێ، رۆژی دوایی کەدەچوومە نەغەدە لەگوندی دورگەی تەرکەونان لام دا، چەند برادەری قەرەپەپاخم لەوێ هەبوون کەسالەکانی دەورانی حکومەتی موسەدیق لەکێشەی لەگەڵ ئاغاکان یارمەتیم دابوون و لەنێو خەڵکدا

دەسەلاتیان هەبوو، ئەوان بەڵێنیان دا کەدەنگی خەڵکی ئێرە تەنیا بۆ تۆ دەدرێ، دەبوایە بچمە مەحەمەدیار، شوێنەواری شەڕی نەغەدە و دوژمنایەتی کورد و عەجەم هەر مابوو، برینەکان ساڕێژ نەببوون، ئەو برادەرانەی لەگەڵم بوون لەچوونی نێو عەجەمان دەترسان و گوتیان: مەحەمەدیار بنکەی ئەرتەش و پاسدارانی لێیە با نەچین، بەتایبەت کەپێشمەرگەی چەکداریشم لەگەڵ بوو، گوتم من کەبڕیارم داوە لەم بوارەدا خەبات بکەم، ئیتر نابێ بترسێم، بەتایبەت دەبێ عەجەمەکانی سندوسی حاڵی بکەم کەبۆ دۆستایەتی کورد و عەجەم لەسندوسی تێدەکۆشم، لەو برا تورکانەی گوندی دورگە دوو کەس لەگەڵم سوار بوون و چوونە مەحەمەدیار، لەپێشدا یەکسەر چوومە ئیدارەی پاسداران، گوتم: من کاندیدای هەڵبژاردنی پارلمانم، دەمەوێ بەیاننامە و شوعار و تراکتی هەڵبژاردن و بەرنامەی کاری خۆم بڵاو بکەمەوە، گوتیان: تۆ سەربەستی تەبلیغاتی هەڵبژاردن ئازادە، لەنێو بازاڕ دەستمان کرد بەلەدیواردانی تراکت و بەیاننامە، لەپڕ کابرایەکی زەلام ئامێزی پێداکردم دەستی کرد بەماچ و بەخێرهێنان، نەمناسی تەنیا بەسەیر کردنی قەڵافەت و باڵای زەلامی وازم هێنا، گوتی: (ئەوە نامناسی؟ من قاسم خانی برازای حەسیە خانمی ژنی شێخ جەلالی دەربەندیم) زۆر بەخێرایی (شریتی عومری رابردوو وەکو خەو هاتە بەرچاوم)، هەموو شتێکم لێکدایەوە پرسیاری حاسیە خانمم کرد، گوتی: لەورمێیە، پاشان گوتی: بیستوومە خۆت کاندید کردووە، ئێمە بەهەموو تواناوە هەوڵت بۆ دەدەین، ئێستاش خەڵک کۆ دەکەمەوە، قاسم خان بەنێو بازاڕیدا گەڕا و خەڵکێکی زۆری لەمەیدانەکەی نێو دوکانان کۆکردەوە و لەسەر رابردوو و ناسیاری من قسەی کرد، پاشان خۆم بەزمانی ئازەری بەرنامەی نوێنەرایەتی خۆم بەدرێژی بۆ خەڵک روون کردەوە، بۆ نانی نیوەڕۆ داوەتی کردین، لەگوندەکانی رادانە و عەجەملیان و زوڵماباد مەشەدی حەسەن قولی

کەدۆست و برادەرێکی کۆن و دڵسۆز بوو، لەبەرگی شەشی بیرەوەرییەکانمدا یادی بەخێری کراوە کاری کردبوو، بەیاننامەکانی بڵاو کردبۆوە، لەوێوە چوومە نەغەدە، لەنەغەدە لەدەبیرستان قسەم بۆ لاوەکان کرد، لەمزگەوتی نەغەدە بەدرێژی بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆم ڕوون کردەوە و ڕامگەیاند کەمن کاندیدی حیزبی دیموکرات نیم، تەنیا بەپاڵدان بەخەبات و تێکۆشانی رابردووم و پشتیوانی خەڵک خۆم کاندید کردووە، وتارەکانم برادەران لەسەر شریت تۆماریان دەکرد و بڵاویان دەکردەوە، من لەم ناوچانە باش ناسرابووم لەخۆشەویستی و ئیحترامی خۆم هیچ گومانم نەبوو، بەڵام ئێستا بەرەیەکی تازە پێگەیشتوو لەگوندەکان هاتبونە مەیدان کەئاگاداری ژیانی رابردووم نەبوون و منیش هیوایەکی زۆرم بەم وەوچە و بەرەی تازە پێگەیشتوو بوو، ئێستاش بۆ دواڕۆژی خەباتی گەلی کورد هەر هیوام بەوانە، بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆم لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بەدرێژی بۆ خەڵک ڕوون دەکردەوە:

١- خەبات بۆ ناساندنی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لەچوارچێوەی بەرنامەی ٢٦ مادەیی دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد.

٢- خەبات بۆ نەهێشتنی شوێنەواری شومی شەڕی نەغەدە و بژاردنی خەسار و زیانی کوردەکان و گێڕانەوەیان بۆ سەر شوێن و جێگای خۆیان.

٣- خەبات بۆ پێکهێنانی شورای هاوبەشی کورد و عەجەم لەناوچەی سندوسی.

٤- خەبات بۆ بەجێ گەیاندنی تەواوی ئیسلاحاتی زەوی.

٥- خەبات بۆ ناساندنی هەڵگیرسێنەرانی شەڕی نەغەدە و سزادانیان.

٦- خەبات بۆ بەرەسمی ناسینی خوێندن و نووسین بەزمانی کوردی لەگەڵ دانانی مەدرەسەکان لەلادێدا.

کاتێک لەمزگەوتی نەغەدە وتارم دەدا دوای ئاخافتنم هێندێ پرسیار کران، برادەرێکی ئەندامی کۆمەڵە دەستی هەڵبڕی و گوتی: (کاك کەریم تۆ کەهێندە باسی زەحمەتکێشان دەکەی ئەدی بۆچی خۆت ئەو چاکەت و پاتتۆڵە جوانەت لەبەر دایە ؟).

برادەر راستی دەکرد کاك مەنافی شافعی دەستێك قوماشی زۆر جوانی بۆ دکتۆر قاسملۆ و بۆ من ناردبوو، کاك ئەحمەدی سالح بۆکانیش بەدڵ بۆی دروبووم، بەڵام ئەو برادەرە وا حاڵی کرابوو کەئەوەی باسی زەحمەتکێشان دەکا نابێ چاکەت و پاتۆڵی جوانی هەبێ، ئەوەش سەردەمێك تەبلیغاتی عەوامفریوانەی چەپی خوار لەئێران و رەنگە لەجێگای دیکەش کردبووی بەباو.

لەسندوس لەگوندەکانی بالفچی، دەربەند، خن خنە، قەڵاتان، ئارنێ، حەلبوکۆیکان، یونسلیان و دیلانچەرخ لەسەر بەرنامەی هەڵبژاردن و رابردووی ژیان و تێکۆشانی خۆم قسەم کرد.

پاش تەواو بوونی گوندەکانی سندوسی چوومە شنۆیە، رۆژی جومعە لەبڵیندگۆی مزگەوت بانگیان کرد کەکاك کەریمی حسامی لەسەر بەرنامەی هەڵبژاردن قسە دەکا، پێش منیش مەلا عەولای سەرباز کەنوێنەر و کاندیدی مامۆستا مەلا شێخ عیزەدین بوو، ناویشی لەو کتێبی هەشت هەزار ساواکی دا بڵاو ببۆوە لەشنۆیە قسەی کردبوو، خەڵك لێیان لەهەڵا دابوو، دوای نوێژی جومعەی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای حسامی لەسەر خەبات و تێکۆشان و رابردووی من باسێکی درێژی کرد و رایگەیاند: مەلاکانی شنۆ لەکاك کەریمی حسامی بۆ هەڵبژاردنی پارلمان پشتیوانی دەکەن، مەلا عەبدوڵڵا بەرپرسی یەکێتی مەلایانی ناوچەی شنۆ بوو، نامەیەکم بۆ ئەحمەد بەگی کوڕی تەهای هەرکی نووسی لەدەشتەبیل، هێندێ چاوپێکەوتنی رابردووی سالەکانی ٤٩-٥٠م وەبیر هێنابۆوە، ئەحمەد بەگ

لەوەڵامدا پشتیوانی خۆی راگەیاندبوو، نووسیبووی: دڵنیابە لەدەشتەبیل بۆ کەسی دیکە دەنگ نادرێ.

لەشنۆیە یەکێ لەبرادەرانی رێکخراوی لاوانم نارد‌ەوە مەهاباد کەهێندێ تراکت و بەیاننامە بێنێ، لەرێگا لەنێزیك گوندی قەڵاتان ماشێنەکەی وەرگەڕابوو، خۆشی کەماشێنی داڕوا شان و سنگی ئەزێتی دیبوو، خەبەریان هێنا کەبرادەر کەوتوە، چوومە قەڵاتان، تراکتۆری برایم ئاغام وەرگرت و ماشێنەکەم نارد‌ەوە مەهاباد، کاك کەمالی شافعی دابووی بەتەعمیرگا و زۆرباش راستیان کردبۆوە.

لەشنۆیە سەید یونسی کوڕی سەید محەمەدی بالاگیری بەخۆی و ماشێنێکی زۆر ساز هاتوو گوتی: لەئێختیاری تۆدام تا کارت تەواو دەبێ، مەلا عەولای کوڕی حاجی مەلا خالید و شێخ قادری نەوەی شێخی بورهانی و سەید قادری کوڕی حاجی سەید مستەفای بالاگیری لەگەڵم سوار بوون لەگوندەکانی نەلیوان، ئاڵیاوێ، حەسەن نووران، دێ شەمس، دێ گورجێ، نەلۆس، چەپەراوێ، شێخان و سینگان لەسەر بەرنامەی هەڵبژاردن و تێکۆشانی رابردووم خەڵکم روونکردەوە، بێجگە لەخەڵك هەموو مەلاکانی ئەو گوندانە بەڵێنیان دا کەپشتیوانیم لێ بکەن، کاتێك چوومە گوندی دێ شەمسی کاك نەبی قادری کەئەودەم بەرپرسی یەکێتی لاوانی شنۆیە بوو ئەویش هاتبووە ئەم گوندە و لاوی گوندەکانی دەوروبەری هەموو کۆ کردبۆوە، هەڵکەوتێکی باش بوو، وتارەکەی من کارێکی زۆری کردە سەر ئەو لاوانەی کەکاك نەبی کۆری کردبوونەوە، لەوێش رامگەیاند کەمن کاندیدی حیزب نیم و بەپشتیوانی خەڵك هاتوومە مەیدانی هەڵبژاردن، هێشتا بڵاوەیان نەکردبوو کەزۆرکەس لەلاوانی کاك نەبی هاتنە لام و بەڵێنیان دا کەهەر لەئێستاوە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بۆ تۆ وەکار دەکەوین.

من گومانم لەوەدا نەمابوو کەلەم خەباتەدا سەردەکەوم، چونکە کاندیدی حیزب

مستەفای هیجری نەیدەوێرا بچێتەوە، نەغەدە و نەکەس دەیناسی، لەنێو عەجەمان سێ کەس خۆیان کاندید کردبوو کوردەکان دەنگیان بۆ نەدەدان، یەک لەمەلا عەجەمەکان کەخۆی کاندید کردبوو، مەشهەدی حەسەنقولّی برادەرمی ناردبوو کەماشێنێکی پەیکانی دەدەمێ بەقازانجی من بکشێتەوە، لەمالّی مامۆستا مەلا سالّحی رەحمەتی بووین، مەشهەدی هات و پەیامی کابرای گەیاند، مامۆستا یادی بەخێربێ، فەرمووی پێی بلّێ، ژنەکەشی بداتێ ناکشێتەوە.

رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات دەیزانی لەو هەلّبژاردنەدا سەردەکەوم و کاندیدی حیزب لەحەوا دەمێنێتەوە، غەنی بلوریانیان قوڕمیش کرد کەدەست بەکار بێ، لەشنۆیە بووم، نامەیەکی بەپەلەی مامە غەنیم بۆ هات، نووسیبووی: (تکایە بۆ کارێکی زۆر پێویست وەرەوە مەهاباد)، سەبارەت بەنووسراوەی مامە غەنی گەڕامەوە مەهاباد و تەلەفۆنم بۆ کرد گوتم ئەوە هاتووم‌ەوە، وا بەپەلە چکارێکت هەیە؟

گوتی کوڕە ئەو سەگبابانە هەراسانیان کردووم، خۆیان گوێکیان کردوە و دەیانەوێ بەمنی بشۆنەوە، وەرە تکات لێ دەکەم خۆت لەم بەزمە بکێشەوە، جهەنەم بزانین ئەوان چ دەکەن).

گوتم مامە غەنی تازە دەزانی کەتۆیان کردۆتە بەرپرسی گوو شووتنەوەی خۆیان، با کۆمیتەی ناوەندی کۆبێتەوە، منیش دێم قسەیان لەگەلّ دەکەم، جا ئەو دەم بڕیار دەدەم، شەوی دوایی چەند کەس لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی لەمالّی سەید رەسولّی رەحمەتی کۆببوونەوە، بانگیان کردم، دەستیان کرد بەزمانلوسی و شێوە پاڕانەوە کە: (خۆت دەزانی لەبارودۆخێکی ناسکداین و دابەشبوونی دەنگەکان بەزیانی ئێمە تەواو دەبێ، ئەوەتا تکامان لەمامۆستا مەلا رەحیمی عەبباسیش کردوە کەلەکاندیدای مەهاباد بکشێتەوە و ئەم شێر و

رێویانە، پاش ئەوەی بەتوندی بەسەر ناڕاستی و فێڵبازی نێو حیزبیدا هاتم گوتم: ئێستا کامەتان وەڵامی ئەم نامەیە دەدەنەوە کەبەمۆری دەفتەری سیاسی و بێ ئیمزا بۆ تەشکیلاتی شنۆ نووسراوە، دکتۆر قاسملۆ نەهاتبوو، ئەوانی دیکەش تەنیا سەربەردانەوەیان وەڵام بوو، گوتم ئەگەر وایە هیچتان ئاگاتان لێ نییە، من لەسەر بڕیاری پێشووی کۆمیتەی ناوەندی خۆم کاندید کردووە و ناشکشێمەوە، لەبەرئەوەی ئێوە درۆتان کردووە و فێڵتان کردووە و منیش سەر بۆ فێڵ و درۆ دانانوێنم، هەستام وەدەرکەوتم، رۆژی دوایی چوومەوە نەغەدە، برادەرێکی ئەندامی چریکی فیدایی خەڵک لەفەرمانداری نەغەدە کاری دەکرد، بانگی کردم گوتی: (تیلگرافێکی نهێنی هاتووە، هەڵبژاردنی سندوس و شنۆ بۆ کاتێکی نادیار وەدوا خراوە، گەڕامەوە بۆ مەهاباد، مامە غەنی تەلەفۆنی کرد و گوتی: (تکات لێ دەکەم، گوزەشتت هەبێ و ئەم هەڵایە لەکۆڵ منیش بکەوە، گوتم باشە مامە غەنی لەبەر خاتری تۆ وازدێنم، رۆژی ۱۹۸۰/۳/۱۰ لەنووسراوەیەکدا بۆ کۆمیتەی ناوەندی رامگەیاند: (بۆ ڕێزگرتن لەبڕیاری ناهەقی کۆمیتەی ناوەندی، وەبەلەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی میللەتی کورد بڕیارمدا لەمبارزاتی انتخاباتی بکشێمەوە)، بەیاننامەیەکی کورتیشم نووسی و ناردم بۆ فەرمانداری نەغەدە و بەخشداری شنۆیە، رۆژی ۱۹۸۰/۳/۱٤ لەهەڵبژاردنی شاری مەهاباد بەچالاکی تا ئێوارە بەسەر سندوقەکاندا دەگەڕا.

دوای تەواو بوونی هەڵبژاردنی پارلمان، دەبوایە بۆ شورای شاری مەهابادیش هەڵبژاردن بکرێ، فەرمانداری مەهاباد لەئاگاداریەك رایگەیاند: ئەوانەی بۆ شورای شار خۆ کاندید دەکەن، پێویستە ناوی خۆیان لەفەرمانداری تۆمار بکەن، کۆمیتەی ناوەندی یا دەفتەری سیاسی بەدوای هەرای کاندیدی شنۆ و نەغەدە، وەك ئەزموونێکی هاتبێتە دەست، وازی لەدیاریکردنی کاندیدی شورای شاری

مەهاباد هێنا و رایگەیاند کەتەشکیلاتی مەهاباد کاندیدای شورای شار دیاری بکا، کۆمیتەی شارستانی مەهاباد، تەشکیلاتی ح.د.ك.ا رۆژی ۱۹۸۰/۳/۱۹ بڕیاری دا ئەم ۷ کەسانەی خوارەوە بۆ شورای شاری مەهاباد کاندید بکا و ناوەکانی نارد بۆ فەرمانداری کەتۆمار بکرێن، ئەم ۷ کەسە بریتی بوون لە:

۱- مامۆستا مەلا رەحیمی عەبباسی.

۲- کەریمی حسامی.

۳- عومەری قازی.

٤- محەمەدی عەتتاری.

٥- مەلا رەسوڵی پێشنماز.

٦- عەبدوڵڵای شەرەفکەندی.

۷- حوسێنی بەخشی.

کۆمیسیۆنی بازرەسی

لەکۆنگرەی چواری حیزبی دیموکرات پێشنیار کرا کەکۆمیسیۆنی تەفتیش، هەڵبژێردرێ، لامواید ۷ کەس هەڵبژێردران، ناوی نرا (کۆمیسیۆنی بازرەسی) ئەندامانی کۆمیسیۆنی بازرەسی، هیچیان رۆژێك لەرۆژان نەکاری حیزبیان کردبوو، نەرابردووی تێکۆشانی سیاسیان هەبوو تەنانەت هەتا ئەوێ رۆژێ هەر ئەندامی حیزبی دیموکراتیش نەبوون، هەموویان لەئیدارەکانی رژێمی پێشووی پاشایەتیدا فەرمانبەر و کارمەندی ئیداران بوون، ئێستا کەهاتبوونە نێو حیزب و ناوی (بازرەس، یا پشکنێر)یان لێ نرابوو، وایان دەزانی وەك مەعموری دەوڵەتی دەبێ دەست لەهەموو شت و لەهەموو کارێك وەربدەن، کۆمیسیۆنی بازرەسی کاری پێڕاگەیشتنی کەم و کوڕی رێکخراوەکانی حیزبی و چاوەدێری بەسەر شێوەی تێکۆشان و بەڕێوەچوونی کاروباری حیزبی بوو ئەوان وەخۆ کەوتبوون، قاچاخیان

دەگرت، بەتاوانی رۆژنامە خوێندنەوە خەڵکیان دەگرت، لەهاتووچۆی خەڵك و ماشێنیان دەکۆڵیەوە.

بەکورتی کاری سیاسی نەبایە، خۆیان دە هەموو شت هەڵدەقوتاند، چەند نمونەی سەیرم یادداشت کردوون، کەلەسەریان نامەم بۆ کۆمیتەی ناوەندی نووسیوە:

– مەلا محەمەدی مەزنە کادرێکی قەدیمی حیزب و ئەندامی تەشکیلاتی مەهاباد، دوو کوڕی پێشمەرگە بوون، ئێوارەیەك لەگوندی دیبۆکرەوە دێتە مەهاباد، لەخیابانێ فەتاحی کاویان و دکتۆر خەسرەوی پێشی دەگرن و دایدەبەزێنن و هەڵیدەپێچن:

– ئەو ماشێنەت لەکوێ بووە؟

– ماشێنی کوڕەکەمە و پێشمەرگەیە.

– ئەو لەکوێی بووە؟

– ئێوە و خەڵکیتر لەکوێیان بووە، ئەویش ئاوا.

دەیهێننە خوارێ و ماشێنی لێ دەستێنن، مەلا محەمەد هاتە تەشکیلات و هەر ئاوری دێنان، گوتی: ٢٠ ساڵ پترە ئەندامی حیزبم، ٣ ساڵ زیندانی کراوم و منداڵم بەبرسیەتی سوڕاونەوە، ئێستا لاپرەسەنی بەسەردا کەوتوو ماشێن لەمن دەستێنن.

تۆزێ هێدیم کردەوە و ناردم ماشێنەکەم بۆ وەرگرتەوە.

– جەعفەری قازی ئەندامی چالاکی رێکخراوی لاوان، دەچێ رۆژنامەیەکی مەردوم دەکرێ و بەدەستیەوە تەماشای دەکا، هەر ئەو دوو مەعمورەی تەفتیش بانگی دەکەنە دەفتەری حیزب و هەزار قسەی پێ دەڵێن و بەیت و باوی بۆ ساز دەکەن.

– تەشکیلاتی شار تەراکتۆری ناردبوو لەپیرانشار نەوت بێنێ، نووسراوەی تەشکیلاتیشیان پێ دەبێ، موهەندیس ئاریا تووشیان دەبێ و هەڵیاندەپێچێ کەنەوت بۆ کوێ دەبەن، تا نامەیەکم بۆ نووسی و سەرکۆنەم کرد: ناچار ۱۹۸۰/۳/۱۹ نامەیەکم بۆ کۆمیتەی ناوەندی نووسی و دەست تێوەردان و کردەوەی شێوە پۆلیسی کۆمیسیۆنی بازرەسیم مەحکوم کرد و داوام کرد کەئایینامەیەك بۆ کۆمیسیۆنی بازرەسی دابنێن یا وەزیفەی خۆیان بناسن و بزانن کاریان چییە، بەڵام ئاوێکی وا نەڕژابوو کەبەنامە و رەخنە چاری بکرێ، ماکە و مەبەستی ئەم گێرەشێوێنی و هاندانەش ئەوەبوو، تەشکیلاتی مەهاباد، گەورەترین رێکخراوی حیزبی دیموکرات ساخ کەنەوە، ساخکردنەوەکەش لەدوو رێگایانەوە ئەنجام دەدرا، یەکەم لابردنی من لەتەشکیلاتی شار و یا لانی کەم نەبوونی مەسئوڵی یەکەم، دووەم تێکدانی رێکخراوی لاوان کەچالاکترین رێکخراوی حیزب و هاوکاری تەشکیلاتی شار بوو، سەرەڕای تەقەڵای زۆر تا خۆم لەکوردستان مابووم، لەئامانجی یەکەمدا سەرنەکەوتن، بەڵام هەڵەی تاقمی حەوت کەسە و بێ تەجروبەیی کوڕەکانی رێکخراوی لاوان بەئاواتی گەیاندن.

کتێبخانەی پێشەوا

کابرایەکی بەهایی سەرمایەدار گوێا سەر بەدام و دەزگای رژێمی پێشووی پاشایەتی بووە، لەمەهاباد رایکردبوو، دوکانەکەی لەراستە مەیدانی چوارچرا چۆڵکرابوو، برادەرانی کۆمیتەی شار پێشنیاریان کرد کەئەو دوکانە بکەنە کتێبفرۆشی حیزب و برادەرێك سەرپەرشتی بکا، پێشنیارەکە پەسند کرا و برادەرێك دیاری کرا کەوەستا و فەعلە پەیدا بکا و ئامادەی بکات، نازانم شەوێك بەچ بۆنەیەکەوە لەماڵی سەید عەولای کولیجی دانیشتبووین باسی ساز کردنی ئەو کتێبخانەیە هاتە گۆڕێ، سەید عەولا ۳ هەزار تمەنی دامێ، گوتی ئەوە یارمەتی من

بۆ سازکردنی ئەو کتێبخانەیە، برادەری دیاریکراو خەریکی سازکردنی دوکانەکە بوو، رۆژێکیان هات گوتی: ئێمە لەگەڵ ئەو عەلی شەوقییە بێ ناموووسە چبکەین؟ ناهێڵێ دوکانەکە سازکەین، هەموو رۆژێ دێ خەڵکمان لێ کۆدەکاتەوە و دەیکاتە هەرا دەڵێ ئێوە دوکانی خەڵك داگیر دەکەن، چی دەگەڵ بکەین؟ عەلی شەوقی کابرایەکی سابلاغی بەناو مامۆستای مەدرەسە و بەکردەوەش کلاوچی و دەسبڕ و حوقەباز و بێشەرەف و دۆستی نێزیك و گیانی حەسەنی شەرەفی، ساڵی ١٩٥٧ کەتازە لەزیندان ئازاد ببووم خانویەکی بچووکم لەحەساریێکی گرتبوو لەگەڵ دایکم دەژیام و نەدەبوایە لەمەهابادیش بچمە دەرێ، رۆژێك قادراغای ماسوێ هاتە سەردانم، ئەم عەلی شەوقیەشی لەگەڵبوو کەلەگوندەکەی ئەوان مامۆستای مەدرەسە بوو، باسی قسانکرا، قادراغا باسی پێشەوا قازی کرد و داخی دەربڕی، ئەو کابرا خۆفرۆش و بێ ناموووسە، هەر بێ سێ و دوو وەك سەگ بەپێشەوای وەڕی و قسەی پێگوت، قادراغا بەتوڕەیی بەسەریدا هات، من خۆم پێ رانەگیرا گوتم هەستە وەدەرکەوە سەگبابی خوێڕی، مااڵی خۆم نەبایە خراپم پێدەکردی، وەدەرم نا، من لەوڵات چوومەدەر و نەمدیتەوە، کەگەڕامەوە بیستم ئەو بێ شەرەفە کەمامۆستای گوندی بوە، لەنەخوێندەواری و ساویلکەیی هەمزەی برای قادراغا کەڵکی وەرگرتووە، قەباڵە و سەنەد و بەڵگە و باغچە و زەویەکانی پێ ئیمزا کردووە و چووە بەناوی خۆی سەبتی کردوون و هەمزاغای فەقیری لەساجی عەلی داناوە، هەمزاغا رەش و رووت مابۆوە و عەلی شەوقیش ببوە خاوەن باغچە و مێشە و زەویو زار، هەمزاغا چووبوو لەدادگا شکایەتی کردبوو، بەاڵم دادگای زەمانی شا، هیچی بۆ نەکرابوو.

کەبووم بەبەرپرسی تەشکیلاتی مەهاباد، گوندی ماسوودایماویش سەر بەمەهاباد بوون، هەمزاغا هات شکایەتی کرد، مەسەلەکەم لەخەڵکی ماسودایماو پرسی،

کلاوچیەتی عەلی شەوقی وەک رۆژی روناک وابوو، نامەم نووسی بۆ رێکخراوی دایماو کەنەهێڵن ئەو بێشەرەفە بچێتە گوندی و بەهەمزاغاشمان گوت، باغچە و زەویەکانی خۆی بەساحێب کاتەوە، نازانم دوای ئێمە کێشەکەیان چی بەسەر هات، من ئەو قینەم لەعەلی شەوقی هەر هەبوو، پێشمەرگەم نارد بیگرن، نەیاندیتبۆوە، ئیتر بەلای کتێبفرۆشیشدا نەهاتبۆوە، دوکان سازکرا و برادەرێکمان لێ کردە مەسئول و کتێبی زۆرمان لێدانان.

ولات بەرەو شێرزەیی دەچێ

هەر لەسەرەتای مانگی خاکەلێوەی ٥٩– مارسی ١٩٨٠ شەڕێکی نارەوا و مالوێرانکەر بەسەر خەڵکەکەماندا سەپێنرا و زیانێکی زۆرمان وێکەوت، ستوونێکی ئەرتەشی لەتارانەوە دەهات بچێتە سنوور، لەنێوان حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەدا ئیختیلاف هەبوو کەرێگای بدەن بڕوا، یا شەڕی لەگەڵ بکەن، حیزبی دیموکرات لەسەر ئەو باوەڕە بوو کەمادام ئەرتەشی بۆ شەڕ پێشدەستی نەکردوە، ئێمە لەشەڕدا پێشدەستی ناکەین، بەڵام پلانی شەڕ سازکردن لەلایەن کاربەدەستانی حکومەت و هێندێ دەستە و گرۆی نێو کوردستان لەوە قوڵتر بوو وا بەهاسانی چاری بکرێ، ستون کەوتە بەر پەلاماری پێشمەرگەی کۆمەڵە و شەڕ سازبوو، حیزبی دیموکرات بەناچار تێوە چوو، خەڵکێکی زۆر تووشی کوشتار و مالوێرانی بوو، ئەحمەدی عەزیزی مەسئولی تەشکیلاتی سنە و فەرماندەی هێزی حیزبی دیموکرات بریندار بوون، کورتەی باسی ئەم شەڕە لەلایەکی تری ئەم کتێبە لەزمانی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی دەخوێننەوە.

رۆژی ١٩٨٠/٤/١٧ کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک.ا نامەیەکی سەر ئاواڵەی بۆ خومەینی نووسی، لەنامەکەدا گوترابوو: (ئەگەر کردەوە دژی گەلیەکانی پاسدارانی انقلاب

لەکوردستان پێشی پێ نەگیرێ، لەشکرکێشی بۆ کوردستان رانەوەستێ، کوردستانی خۆشەویست جارێکی دیکەش تووشی کوشتار و وێرانی دەبێ، حیزبی ئێمە بەئاشکرا رادەگەیەنێ کەکوردستان لەتەقینەوەدایە، ئێمە لامان وایە سازکردنی شەپی براکوژی لەکوردستان لەهەلومەرجی ئێستادا خەیانەتە بەخوێنی هەزاران شەهیدی خۆشەویستی گەلانی ئێران...) (نامەکە کورتکراوەتەوە)، هەر لەگەڵ ئەو نامەیەش حیزبی دیموکرات بۆ نیشاندانی حوسنی نیەت و پێشگری لەسازبوونەوەی شەڕ بەرنامەی ٢٦ مادەیی خودموختاری دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردی لەشەش مادەدا کورتکردەوە و دەستەیەکی نوێنەرایەتی بەسەرۆکایەتی غەنی بلوریان بۆ پێشکێشکردنی بەرنامە و پێشنیاری تازە و وتوێژ لەگەڵ دەوڵەت نارده تاران، بەڵام سەفەری دەستەی نوێنەرایەتیش بەرهەمێکی نەبوو، بەداخەوە دەقی پێشنیاری شەش مادەیی حیزبی دیموکراتم بەدەستەوە نییە، بەڵام وەك نیوەڕۆکی بەرنامەکەم لەدەفتەری یادداشتەکانمدا نووسیوە، ئەم مادانەی ژێرەوە بوون:

١- پەسند کردنی خودموختاری خەڵکی کورد لەچوارچێوەی سەربەخۆیی و تەواویەتی ئەرزی کۆماری ئیسلامی ئێراندا.

٢- دیاریکردنی ناوچەی جوغرافیایی کوردستان بەگوێرەی ویستی زۆربەی دانیشتوانی خەڵکی ناوچە.

٣- پارێزگاری شارەکانی ناوچەی خودموختار بەپۆلیس و پاسداری مەحەللی بسپێردرێ.

٤- ئەو دەرەبەگ و جاشانەی کەدەوڵەت چەکداری کردوون، چەك بکرێن.

٥- حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرەسمی بناسرێ.

٦- بوودجەیەکی تایبەتی بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارە وێرانکراوەکانی کوردستان دیاری بکرێ.

لام وایە دوای گەڕانەوەی دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات بوو، ئایەتوڵڵا ئەشراقی زاوای خومەینی هاتە مەهاباد و لەسەدی مەهاباد دابەزیبوو، هاتبوو چاوی بەڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد بکەوێ، ئێمە لامان وابوو کەکابرا میوانە و باشتر وایە نوێنەرانی کورد بچن بەخێرهاتنی بکەن، من و دکتۆر قاسملۆ چووینە ماڵە مامۆستا شێخ عیزەدینی، دکتۆر گوتی: کابرا میوانە و هاتۆتە ئێرە، با جەنابت وەک سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بچێ بەخێرهاتنی بکا و پاشانیش ئەو دێتەوە سەردانی جەنابت، مامۆستا گوتی ناچم، لەپێشدا دەبێ ئەو بێ سەری من بدا، باسێکی زۆرمانبوو، دەلیل و بەڵگەمان بۆ هێناوە، فایدەی نەبوو، مامۆستا نەیدەتوانی خۆی بڕیار بدا و دەبوایە پرسبکا، بۆیە فەرمووی دوو سەعاتی دیکە وەڵامتان دەدەمەوە، ئێمە هاتینەوە و پاش دوو سەعات مەلا عەولا چوو وەڵام بێنێتەوە، کەهاتەوە هەر ئاوری دێنان، جا هەر مەلا مەلای دەناسێ و دەتوانێ نەزەری لەسەر بدا، مامۆستا فەرموویووی ناچم، دوایە دکتۆرو مەلا عەولا چووبوون، ئەشراقی گوتبووی: پێشنیاری تازەی حیزبی دیموکرات لەوانەیە بەدەستکاریەکەوە قبوڵ بکرێ، ئەگەر داوای خودموختاری ئیسلامی بکرێ.

دوای شکانی هێزی پێشمەرگە شەڕ لەکوردستان پەرەی دەگرت و تا دەهات لەمەهابادیش نێزیک دەبۆوە، ئەرتەش پەلاماری بەرەو سەقز و بۆکان دەستپێکرد، ١٩٨٠/٤/٢٧ موهەندیس فاروقی کەیخوسرەوی هاتە مەهاباد و گوتی: (شاری سەقز وەبەر تۆپ و خومپارە دراوە و شار زۆر وێران بووە ٥٠ کەس کوژراون، سەقز چۆڵکراوە، رەنگە ١٥٠ مالێکی تێدا مابێ.

لەم بارودۆخە ناهەمواردا هەڵبژاردنی شورای شاری مەهاباد دەستپێکرا، حەوت

کەسی کاندیدای کۆمیتەی شارستانی مەهاباد زۆربەی دەنگیان بۆ درابوو هەڵبژێردران، رۆژی ١٩٨٠/٤/٣٠ شورای شار بەسەرۆکایەتی مامۆستا مەلا رەحیمی عەبباسی سەروان داودی سەرۆکی شارەوانی مەهابادی بانگ کرد پاش باس و راوێژ لەبارەی ئەمنیەتی شارەوە، بڕیاردرا کە ١٠٨ ناوی بدەینێ، بکرێن بەپاسەوان و بەرەسمی لەشارەوانی خزمەت بکەن، مەلا رەسوڵی پێشنماز بەمەسئوڵی ئینتزامی شورای شار دیاری کرا و بڕیاردرا کەئەم ١٠٨ کەسە دیاری بکا و بیاندا بەشارەوانی.

کۆمیتەی شارستانی مەهاباد (رێکخراوی ح.د.ک.ا) بڕیاری دابوو بەبۆنەی هەوەڵی مانگی مای خۆپیشاندانێك ساز بکا و هێزەکانی دیکەی کوردستانیش بەشداری خۆیان راگەیاندبوو، لەو کاتەشدا دەستەیەکی نوێنەرایەتی لەلایەن سەرکۆمار بەنی سەدرەوە هاتبوە مەهاباد و هێندێ پێشنیاریان هێنابوو کەئەگەر لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە پەسند بکرێن، ئەوان لەمەهابادەوە خەبەر بدەنە بەنی سەدر و ئەویش لە رادیۆ تەلەفیزیۆنی تارانەوە رێککەوتن و ئاشتی رابگەیەنێ، بەداخەوە دەقی پێشنیاری ئیسلاحی دەوڵەتم بەدەستەوە نییە، بەڵام دەیانگوت کەبەرنامە و پێشنیاری ٦ مادەیی حیزبی دیموکرات بەدەستکاریەکەوە لەلایەن خومەینی و بەنی سەدرەوە پەسند کراوە، بڕیاردرا دکتۆر قاسملۆ لەوتاری میتینگی هەوەڵی مانگی مای دا قەبوڵکردنی پێشنیارەکانی دەوڵەت رابگەیەنێ، مامۆستا و کۆمەڵە دژی ئەوە بوون، نەیاندەویست ئەو موافەقەتنامە ئیمزا بکەن کەقەرار بوو دکتۆر قاسملۆ رایگەیەنێ، ئیدی دکتۆر زۆر بەتوندی گوتی: (ئەگەر ئیمزای نەکەن حیزبی دیموکرات بەتەنیا رێککەوتنامە رادەگەیەنێ و لەگەڵ دەوڵەت ئیمزاشی دەکا) نیو سەعات پێش ئەوەی دکتۆر ئاخافتنی خۆی لەمیتینگ دەست پێ بکا، مامۆستا ناردی و رایگەیاند کەئێمەش موافقین، دیارە کۆمەڵەش موافەقەتی کردبوو، بۆیە

مامۆستا رازی بوو، دکتۆر لەمیتینگی هەوەڵی مانگی مای لەوتاری خۆیدا گوتی: (ئەوان پێشنیار دەکەن با ناوی خودمختاری ئیسلامی بێ، ئێمە بۆ ئەوەی کۆسپ نەکەوێتە سەر رێگای ئاشتی و ئاسایش و رێککەوتن لەکوردستان، لەگەڵ ناوی خودموختاری ئیسلامی موافقین).

رۆژی ١٩٨٠/٥/١ ئەندامانی شورای شاری مەهاباد پێش نیوەڕۆ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت کەبریتی بوون لە (ئاغای برایمی یونسی، معتمدی وەزیری و حەسەنی ئەردەلان) لەسالۆنی فەرمانداری مەهاباد دانیشتین و لەسەر بارودۆخی وڵات و گێڕانەوەی ئاسایش و هێمنایەتی باسێکی دۆستانەمان هەبوو، هەموو داوا و پێشنیاری ئێمە وەك شورای شاری مەهاباد ئەوەبوو کەگەمارۆی ئابووری لەسەر کوردستان هەڵبگیرێ و هەموو شتومەکی پێویست هێنانی بۆ کوردستان ئازاد بێ، ئەوانیش بەڵێنیان دا کەلەگەڕانەوەیاندا بۆ تاران لەسەر ئەو مەسەلەیە پێدادەگرن، دەوڵەت هەر لەسەرەتای ئەو رۆژەوە بەتایبەت لەگەڵ سازکردنی شەڕی سنە کوردستانی خستبوە گەمارۆی ئابوری و هاتنی نەوت و گاز و ئیل و شتومەکی خواردەمەنی بۆ کوردستان قەدەخە کردبوو، نوێنەرانی سەرکۆمار بەگوێرەی قەرار و مەداری خۆیان لەگەڵ بەنی سەدر: دەبوایە دوای وتار و راگەیاندنی دکتۆر قاسملۆ بەنی سەدر لەموافەقەتی حیزبی دیموکرات ئاگادار بکەن و ئەویش لەرادیۆ و تەلەفیزیۆندا بڵاوی بکاتەوە، ئێوارێ هەرچەندی هەوڵیاندا نەیانتوانی لەگەڵ سەرکۆمار قسە بکەن، پێیان دەگوتن کەسەرکۆمار چۆتە ئیسفەهان و دەرەتانی پێوەندی گرتنی تەلیفۆنی نییە، وەپەلە کەوتن کەخۆ بگەیەننەوە تاران و سەرکۆمار لەرەوەندی وتووێژ و ئەنجامی سەفەرەکەیان ئاگادار بکەن، بەسواری ماشێن گەیاندمانن ورمێ کەبەفڕۆکە بڕۆنەوە تاران، کاتێك دەگەنەوە فڕۆکەخانەی تاران هەر لەوێ پاسدار دەیانگرن، گوایە کەی ئازاد کران و کەی

توانیان سەرکۆمار ببینن لێم مەعلوم نییە و سەفەرەکەشیان هیچ ئاکامێکی نەبوو.

هەروەك باسکرا، بێجگە لەپەلاماردانی لەشکر و بۆمبارانی کوردستان، حکومەتی ئیسلامی ئێران کوردستانی خستە گەمارۆی ئابوریەوە، رۆژی ١٩٨٠/٤/٢٥ سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پەیامێکی بۆ حیزب و کۆمەڵ و رێکخراوە دیموکرات و پێشکەوتوخوازەکانی جیهان و کەسایەتیە سیاسی و بەشەر دۆست و رێکخراوی دیفاع لەمافی مرۆڤ نارد، لەپەیامەکەدا گوترابوو (شارەکانی سنە و سەقز و بانە کەوتونە بەر پەلاماری لەشکر و پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، هەزاران کەسیان کوشتوە، کوردستان لەگەمارۆی ئابووری دایە...) لەپەیامەکەدا داوای دەنگ هەڵبرین و رەخنە و یارمەتیدان کرابوو، رۆژی ١٩٨٠/٥/٥ خەڵکی ئاوارە و دەربەدەری سەقز لەمزگەوتی بۆکان هاوشان لەگەڵ خەڵکی شاری بۆکان کۆبوونەوە و تیلگرافێکیان بۆ خومەینی و سەرکۆمار و پارلمانی ئێران نارد، لەتیلگرافەکەدا گوترابوو: (لەتەواوی کاربەدەستانی وڵات و لەهەموو حیزب و رێکخراوە سیاسیەکان داوا دەکەین بۆ بڕاندنەوەی کوشتاری خەڵکی بێتاوان و پێشگری لەوێرانکردنی ماڵ و خانوی ئەو خەڵکەی کەوا ١٨ رۆژە ئاوارەی شار و گوندەکانی دەوروبەر بووە تەعەهودی ئیسلامی و ئینسانی خۆتان لەئاست خەڵکی غەدر لێکراوی کوردستان رابگەیەنن)، لەتیلگرافەکەدا گوترابوو، گەڵاڵەی شەش مادەیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کەسەرکۆماریش قەبوڵی کردووە، شێوەیەکی دروستە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکە و داوا دەکەین ئەم گەلاڵە تەئیید کراوەیە بەخێرایی و بەرەسمی رابگەیەنرێ، لەتیلگرافەکەدا دوای مەحکوم کردنی پیلانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و هاندانی حکومەتی بەعسی عێراق وترابوو: داوا دەکەین زۆر بەخێرایی بۆ بڕینەوەی وەزعی شپرزەی خەڵکی شەڕ لێدراوی شارەکانی سەقز و سنە و بانە و مەریوان و گەڕانەوەیان بۆ سەر جێ و

رێی خۆیان و بژاردنی زەرەر و زیانی خەڵك و لابردنی گەمارۆی ئابووری شارەکانی کوردستان و بەردانی بارمتەکان کارێکی خێرا لەلایان دەزگا دەوڵەتییەکانەوە ئەنجام بدرێ).

بەدوای ئاوارە بوونی خەڵکی سەقز و ناردنی ئەم تێلگرافە بۆ خومەینی و بەنی سەدر، کۆمەڵە وەك هێزێك لەکوردستان کەلەگەڵ هەموو چەشنە رێککەوتنێك لەگەڵ حکومەت موخالیف بوو، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە هەرچەند رووی بەیاننامەکە لەخەڵکی سەقز بوون بەڵام لەواقیعدا پلار و لاتاو بۆ بەحیزبی دیموکرات و راست ئەو مەسەلە کوردیەی دەگرتەوە کەئێژێ: (بووکێ لەگەڵ تۆمە خەسوو گوێت لێ بێ)، لەبەیاننامەی کۆمەڵەدا گوترابوو: (بەبەرەکانی سەر رەقانە دەتوانرێ لەگەڵ شەڕ هەڵبیسێنی هەیئەتی فەرمانڕەوا بەرامبەری بکرێ نەك بەکزەڵۆکی و پاڕانەوە، پاشان لەبەیاننامەکەدا گوترا بوو: خەڵکی تێکۆشەری سەقز، هەروەکو لەپێشیش رامانگەیاندوە، بەنی سەدر و شورای انقلاب و بەتێکڕا دەوڵەتی دژی خەڵکی ئێران بڕیاری ئاخریان داوە گەلی کورد چەك و سەرکوت بکەن، لەبەرامبەر ئەم بڕیارە وەحشیانەدا خەڵکی خەباتگێڕی کوردیش بڕیاری خۆی داوە: بەرەبەرەکانی گشتی و عادلانە و سەر رەقانە، تەنیا لەم رێگایەوە دەوڵەتیەکان نەرم و ئارام دەبن، کزەڵۆکێ و پاڕانەوە، هاوار و پاڕانەوە لەبەنی سەدری جەلاد، ئیشتیای دەوڵەت بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی کورد و فەوتاندنی دەسکەوتەکانی جوڵانەوە و توند و تیژکردنی جنایەت زیاتر دەکات، کزەڵۆکێ و پاڕانەوە شێوەی پێشمەرگە تێکۆشەرەکان نییە، بەڵکو کار و رێوشوێنی ئەوانەیە کەخوێنی شەهیدان دەکەنە وجه المصالەحەی مەقامخوازی خۆیان).

لەشارەکانی سنە و بانە و سەقز و مەریوان شەڕ پەزەی دەگرت، خەڵکی ئەو شارانە ئاوارە و دەربەدەر ببوون، دەبوایە یارمەتیان پێبکرێ، کۆمیتەی

شارستانی مەهاباد- حیزبی دیموکرات- هەوەڵی بانەمەڕی ١٩٨٠ بانەمانیانەوە کرد. داوای لەخەڵکی شار و دێهاتی کوردستان کرد دەفریای خۆشی بڕا لێقەوماوەکانیان بکەون و یارمەتیان بۆ بنێرن.

لەم بارودۆخە نالەبارەدا، سەرەڕای ئەوەی کەشورای شار و شارەوانی هەبوون، تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات لەمەهاباد ببوە ناوەندی ڕاپەڕاندنی کێشە و هەرای خەڵک و ئەرکی ئیدارەکانی حکومەتی بەڕێوەدەبرد، کێشەی ئاغا و ڕەعیەت، دابەشکردنی زەوی، پێڕاگەیشتنی شەڕ و کێشە و دۆزینەوەی ماشێنی دزراو و...هتد، تووشی ڕووداوی سەیر دەبووین، چەند نمونەم یادداشت کردوون، ڕەنگە تاریخەکەیان پاش و پێش کەوتبێ:

- ئێوارەیەک دە دوازدە کەس هاتنە دەفتەری تەشکیلات، تۆپە و گرژ، گوتیان حیزبی دیموکرات لێرە دەسەڵاتە و بەڵام پێشی خەڵکی بەڕەڵا کردووە کەبەکەیفی خۆیان فەقیر و هەژار بڕوتێننەوە.

گوتم فەرمون دانیشن بزانین چبووە؟

گوتیان لێرە هەقی معاینەی نەخۆش ٢٠ تمەنە، قادری مەحمود زادە کەبەگیانی ناخێری لەشورەویشی خوێندوە، هاتۆتەوە لەجیاتی کۆمەک بەخەڵک ٩٠ تمەنی هەقی معایەنە لەژنێکی فەقیر ئەستاندوە، ئێمە هاتووین پێتان ڕابگەیەنین کەوا دەچین بەری دەرگای پێدەگرین و خۆپیشاندان ساز دەکەین.

- تۆزێ هێدیم کردنەوە، تەلیفۆنم کرد، نەختێ بەسەریدا هاتم و گوتم جارێکی تر وابکەی شار بەدەرت دەکەین.

- عەبدوڵڵای مەردوخ لەتەلەفیزیۆنی مەهاباد کاری دەکرد، لەکۆبوونەوە و خۆپیشاندانەکانی مەهاباد دا تەلەفیزیۆن جاروبار فلیمەکەی نیشان دەداوە، دوو

میتینگی حیزبی دیموکرات فیلمبەرداری کرابوون، بەڵام تەلەفیزیۆن نیشانی نەدابوونەوە، هەر لەوکاتەشدا کۆمەڵە خۆپیشاندانێکی ساز کردبوو، بەبێ بەشداری حیزبی دیموکرات، رۆژی دوایی تەلەفزیۆن بەدرێژی نیشانی دابۆوە، براوەرانی تەشکیلات بۆیان ببووە مەسەلە و ناردبوویان فیلمەکانی تەلەفیزیۆن بێنن، کەوەچن دەبینن عەبدوڵڵای مەردوخ فیلمەکانی بردوە، بڕادەری بەرپرسی ئینتزامی بەتەلەفۆن جنێوی پێدەدا و هەڕەشەی لێدەکا و دەڵێ: (ئێستا دەنێرم دەتگرم)، مەردوخ بەمەلا شێخ عیزەددینی دەڵێ و خۆ دەشارێتەوە، مامۆستاش بەدکتۆر قاسملۆ دەڵێ، شەو درەنگ دکتۆر تەلەفۆنی کرد و گوتی: (گوێا مەردۆخیان گرتوە و مامۆستا تەلەفۆنی کردووە مەسەلە چییە؟).

گوتم ئاگام لەهیچ نییە، خەبەریان بەمن نەداوە.

دکتۆر گوتی: (مامۆستا تەلەفۆنی کردوە ئەگەر گرتوویانە بەڕەڵای کەن)، بەیانی عەبدوڵڵای مەردوخ لەمەهاباد رایکردبوو، فلیمەکانی تەلەفیزیۆنیشی لەگەڵ خۆی بردبوو، ئیتر لەمەهاباد نەدیتراوە.

رۆژی ١٩٨٠/٤/٢١ لەشاری مەهاباد (کۆمیتەی ئیمداد)مان بەسەرۆکایەتی سەید هاشمی سەییدی بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی و گەیاندنی بەلێقەوماوان دامەزراند، دوای دامەزراندنی کۆمیتەی ئیمداد رۆژی ١٩٨٠/٥/٣ لەگەڵ خێزانم چوومە تاران کەبەڕێی کەمەوە بۆ بولغاریا، تا مەسەلەی پاسپۆرت و ئیجازەی ڕۆیشتنی تەواو بوو لام وایە شەش رۆژی خایاند، لەو ماوەیەدا توشی کاك سامی عەبدولڕەحمان بووم کەماوەیەکی بوو گیرابوو تازە ئازادیان کردبوو، داوای لێکردم کەبتوانم ببیەمە باڵیۆزخانەی سۆڤیەت یا بولغاریا بیناسێنم و قسەیان لەگەڵ بکات، گوتم بۆ باڵیۆزخانەی سۆڤیەت نە ئیمکانم هەیە و نە کەسیان دەناسم، بەڵام لەگەڵ کونسوڵی بولغاریا ئاشنایەتیم هەیە و لەسۆفیا هاتوچۆشمان هەبووە، چوویە

بالیۆزخانەی بولغارستان، کونسولّ بۆ نانخواردن بردینیەوە مالّێ و میواندارییەکی پیاوانەی کرد، لەگەلّ کاك سامیش تێروپڕ بەئینگلیسی قسەی خۆیانکرد و پاشان گەڕاینەوە.

خێزانم ۱۹۸۰/٥/۹ سەفەریکرد، پێش رۆیشتنی لەتاران دوو جار چوویینە کن کاك حەسەنی قزلّجی، لەدەفتەری حیزبی تودە لەژوورێکی بچوکی بەر تاوی پڕ لەدوکەلّ، وتارەکانی رۆژنامەی مەردومی دەکرد بەکوردی، نەخۆشی ئیکزیما بەجارێك دەستەکانی شپرزە کردبوو، ناڕەحەت و بێزار لەسیاسەت و لەژیان و لەکارەکەی خۆی، بەکولّی گریانەوە گوتی: ئەگەر ئەوجاریش رزگار دەبم و دەگەمەوە سۆفیا تا مردن روو لەم لایە ناکەمەوە، تکای لەخێزانم کرد کەلەسۆفیا تا ۳ مانگی دیکەش کرێ خانوەکەی بۆ بدا، بەلّکو لەو ماوەیەدا لەو بەزمە رزگاری بێت و بگاتەوە بولغارستان، بەداخەوە لەدەست حیزبی تودە و کۆماری ئیسلامی رزگاری نەبوو تا لەزیندانداسەری نایەوە.

رۆژی ۱۹۸۰/٥/۱۱ تەلەفۆنم کرد بۆ مەهاباد برادەران هاتبونە فڕۆکەخانەی ورمێ لەگەلّ ئەوان گەڕامەوە بۆ مەهاباد.

لەو ماوەیەدا کەمن لەتاران بووم، دکتۆر قاسملۆ بەدەرفەتی زانیبوو کەیەکی دیکە بکاتە بەرپرسی تەشکیلاتی مەهاباد، لەپێشدا بەکاك نەویدی موعینی گوتبوو: (تەشکیلاتی مەهاباد گەورەترین رێکخراوی حیزبی دیموکراتە، پێویستە ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسی تەشکیلاتی مەهاباد بێ، پێشنیار دەکەم تۆ ئەم کارە بگریە ئەستۆی خۆت)، نەوید گوتبووی: (من ئەو کارە ناکەم، یەکەم کاك کەریم لەلایەن کۆمیتەی شارستانەوە هەلّبژێراوە، دووەم ئەوە کاری من نییە، من لەگەلّ مامۆستایان کار دەکەم) کاتێك لەوە ناهومێد دەبێ، داوا لەئەندامانی کۆمیتەی شارستان دەکات کۆبوونەوە پێك بێنن سکرتێری حیزب دەچێ قسەیان بۆ

دەکات، برادەرانی کۆمیتەی تەشکیلات کۆدەبنەوە، دکتۆر دەچێتە تەشکیلات و دوای هێندێ ڕێنوێنی و ئامۆژگاری سەبارەت بەگوێرایەڵی پێیان دەڵێ: (دەفتەری سیاسی لەسەر ئەو باوەڕەیە کەکاك کەریم بچێتە بەشی ڕۆژنامە و تەبلیغات لەو کارەدا شارەزایی هەیە، ئێوە خۆتان برادەرێکی تر بۆ بەرپرسی تەشکیلات هەڵبژێرن، یا دەفتەری سیاسی برادەرێك دیاری دەکات).

ئیتر ئەندامانی کۆمیتەی شارستان بەتێکڕایی وەدەنگ دێن و دەڵێن: (کاك کەریم بەتێکڕایی دەنگ هەڵبژێراوە، ئێمە نە کەسیتر هەڵدەبژێرین و نە دەمانەوێ دەفتەری سیاسیش کەسیترمان بۆ دیاری بکا)، دکتۆر لەم پیلانەدا سەرناکەوێ، بەڵام وەنەبێ وازیش لەپیلانگێڕان بێنێ.

لەگەڵ پەرێشانی وەزع و هێرشی بەربڵاوی ئەرتەشی دژی گەلی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات ئەم بەیاننامەی خوارەوەی بڵاو کردەوە:

ڕاگەیاندنێك ۹/۲/۱۸

ڕۆژی ۵۹/۲/۱۷ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەوەزعی ئێستای ئێران و کوردستانی کۆلێوە و لەئەنجامدا ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دا:

۱- بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دەوڵەت بکێشینە سەر مێزی وتوێژ دەبێ بەهەموو توانـاوە بەرامبەر بەهێرشی هێزەکانی مقاومەت بکەین و شەڕێکی درێژخایەنی پارتیزانی لەگەڵ بکەین.

۲- نابێ ڕێگای وتوێژ ببەستین و دەبێ لەهەموو هەلومەرجێکی جیددی بۆ و توێژ بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستان کەڵك وەرگرین.

٣- بەهیچ جۆر نابێ لەنێو شارەکان شەڕ بکەین و پێویستە خۆ لەو شەڕەی ئێستای نێو شارەکان دەرباز بکەین و بەگشتی خۆ لەشەڕی جەبهەیی بپارێزین.

٤- بۆ ئەو مەبەستە پێویستە هەوڵ بدەین لەزووترین وەختی مومکیندا لەشارەکان دەربچین.

٥- لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا بەخشنامە و بەیاننامە بۆ ئەندامانی حیزب و خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێران و هێزە چەکدارەکان بەڕێدەکەین.

٦- پێش ئەوەی خودموختاری کوردستان بەرەسمی بناسرێ وئینتظاماتی نێوخۆ بدرێتە دەست پێشمەرگە (پۆلیس و ژاندارمری خۆ وڵاتی) بەهیچ جۆر ناچینە ژێر باری چەکدانان.

٧- هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەبێ پەیڕەوی لەو بڕیارانە بکەن و پێویستە رێکخراوەکانیش لەسەر ئەو سیاسەتە روون بکرێنەوە.

دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

بەدوای ئەم بەیاننامەیەدا دەفتەری سیاسی شاری بەجێهێشت و لەدۆڵی شێخان بارەگا و خێمە و خەرگای لێ بەعەرزی دادا و رۆژانە لەگەڵ تەشکیلاتی مەهاباد پێوەندی رادەگرت، لەم بارودۆخە ئالۆزەدا هێندێ کەسی گێرەشێوێنی سەر بەدەستە و تاقمی چەپی خوارێ ئاژاوەچی دەستیان کردبوو بەبڵاوکردنەوەی نووسراوی بێجێ و ئیمزا کۆکردنەوە و ئاژاوە نانەوە لەنێو بازاڕدا، حیزبی دیموکراتیش رایگەیاند بوو کەکوردستان سەنگەری ئازادیە و هەموو حیزب و تاقم و دەستەی راکردوو لەتاران ئازادن تێبکۆشن، واتە بێن لەکوردستان ئاژاوە بنێنەوە، لەنێو حیزبی دیموکراتدا نەبێ لەهەموو کوردستان ئازادی تەواو هەیە ! ! رۆژی ١٩٨٠/٥/١ لەدەفتەری شورای شار دانیشتبوم، تەلەفۆنیان کرد گوتیان

تاقمێك كۆبوونەوە خەریكن بوتكەی رۆژنامە فرۆشی حیزبی تودە ئاگر تێبەردەن، رەحمانی كەریمی ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی حیزب لەلام بوو، رابووین كەچووین، هێندێ كەسی سەر بەگرۆی چەپرەو كۆبوونەوە و بەردە فرێكێیان دەكرد و هەرا هەرایان بوو، چووینە پێش بوتكەكە و هێندێ قسەمان بۆ خەڵك كرد و بڵاوەمان پێكردن، رۆژی دوایی شورای شار بۆ لێكۆڵینەوەی وەزع و تەگبیر بۆ پێشگری لەئاژاوەچیەتی و دابینكردنی هێمنایەتی شار كۆبۆوە و داوای لەكۆمەڵەو چریكی فیداییش كرد كەبەشداری بكەن: ئەوان نەهاتن، بەڵام بەتەلەفۆن رایانگەیاند كەكاری وا دژێو مەحكوم دەكەن، رێكخراوی لاوانی حیزبی دیموكراتیش ۱۹۸۰/٥/۹ لەبەیاننامەیەكدا لەگەڵ مەحكوم كردنی ئەم كارە ناحەزە داوای كردبوو كەپێشی ئاژاوە نانەوە بگیرێ، گێرەشێوێن و كۆنەپەرست و شەڕ هەڵبیسێن دەیانەوێ وەزعی شار تێك بدەن، ئەوەش لەگەڵ پەلاماری ئەرتەش و سازكردنی شەڕ پێوەن.

دوای گەڕانەوەم لەتاران كەبیستم دكتۆر قاسملۆ داوای لەنەویدی موعینی كردوە بیكاتە بەرپرسی تەشكیلات و دوایەش چۆتە تەشكیلاتی شار كەبەبێ من بەرپرسیان پێ یا بۆ دیاری بكات، داوام لەبرادەرانی رێكخراوی شار كرد كەكۆبوونەوەیەك پێك بێنن و بەرپرسی تازەی تەشكیلاتی شار دیاری بكەن، رۆژی ۱۳۵۹/۳/۱ (۱۹۸۰/٥/۲۲) ۲۳ كەس لەنوێنەری رێكخراوەكانی شار و مەڵبەندی مەهاباد كۆبوونەوەیان پێك هێنا و ئەم راپۆرتەی خوارەوەیان پەسند كرد و رووننووسێكیان بۆ دەفتەری سیاسی نارد، ئەوەش دەقی راپۆرتەكەیە:

(را پۆرتی كۆبوونەوەی رێكخراوی شارستان رێكەوتی ۵۹/۳/۱

لەرۆژی ۵۹/۳/۱ رێكخراوی شارستانی مەهاباد بەبەشداری ۲۳ كەس لەئەندامانی

ڕێکخراوی شار و ئەندامانی پەسند کراو لەلایەن ڕێکخراوەکانی ناوچە، بۆ دامەزراندنی پەسند کراو لەلایەن ڕێکخراوەکانی ناوچە، بۆ دامەزراندنی تەشکیلاتی شارستان پێکهاتو لەو کۆبوونەوەیەدا پاش باس و لێکۆڵینەوە لەسەر کەم و کوڕیەکانی ڕێکخراو، هەڵبژاردنی ئەندامان دەستپێکرا و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و دیموکراتیک ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی و مەسئولی ڕێکخراو هەڵبژێردران و بەم جۆرە ڕێکخراوی شارستانی مەهاباد ئەرکی سەرشانی مەسئولانی دیاری کرد.

١- مەسئولی ڕێکخراوی شارستان کاك کەریم حسامی.

ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی لەحەوت کەس پێک هاتوو کەبریتین لەو کەسانەی خوارەوە:

١- کەریمی حسامی ٢٣ ڕای

٢- ..... ١٩ ==

٣- ..... ١٩ ==

٤- ..... ١٩ ==

٥- ..... ١٩ ==

٦- ..... ١٥ ==

٧- سەعید کوێستانی ١٨

هەروەها مەسئولانی ڕێکخراوی شار بەگوێرەی خوارەوە مەسئولیەتیان پێ ئەسپێردراوە.

١- مەسئولی بەشی تەشکیلاتی ڕێکخراو...

٢- -- --- فەرهەنگیان .....

٣- -- -- کارمەندان .....

٤- -- -- ژنان

٥- -- --- مالّی ....

٦- --- -- بازارِیان ....

٧- -- --- لاوان ....

٨- -- --- پەیوەندی و ئاتشارات ...

٩- --- --- ئاموزش ....

١٠- -- -- کرێکاران ....

مۆری: تەشکیلاتی مهاباد

حزب دمکرات کردستان ایران

بۆ سکالاّ و رووِنکردنەوەی بارودۆخی کوردستان پاش راوێژ و لێکدانەوە لەگەلّ فەرماندارِی مەهاباد بەباشمان زانی هەموو فەرماندار و بەخشدارەکانی شارەکانی کوردستان بچنە تاران و لەگەلّ کاربەدەستانی دەولّەت سەبارەت بەگەمارۆی کوردستان وتوێژ بکەن، لەسەر ئەم بۆچوونە فەرماندارِی مەهاباد و بۆکان و بانە، بەخشدارِی سەردەشت و شنۆ، فەرماندارِی پیرانشار چوونە تاران، دەچنە کن سەرۆك وەزیر و لەوکاتەدا کەلەکن سەرۆك وەزیر دێنە دەر، پاسدار و کۆمیتەچی دەیانگرن، چاویان دەبەستن و دەیانبەن بۆ زیندان، ئێستاش بۆمان رووِن نەبۆوە کەعەبدولڕەحمانی بەرزنجی بەخشدارِی شنۆ چۆن وەبەر ناکەوێ و ناگیرێ، خۆ دەدزێتەوە، تێی دەتەقێنێ بۆ سنە و دەچێتە بانَە و سەردەشت و دەگاتەوە

پیرانشار، ئێمە لەگرتنی فەرماندارەکان بێ خەبەر بووین، شێخ عەبدولڕەحمن لەپیرانشارەوە تەلەفۆنی کرد و گوتی: من فلان کەسم، فەرماندار و بەخشدارەکان گشتیان گیراون، من خۆم دەرباز کردووە و گەیشتومەوە ئێرە).

ڕۆژی ٩٨٠/٥/٢٦ کۆمیتەی تەشکیلاتی شارستانی مەهاباد داوای لەخەڵکی شار کرد لەفەرمانداری کۆبنەوە تا لەگرتنی فەرماندارەکان و بارودۆخی کوردستان بکۆڵینەوە، پاش ڕوونکردنەوەی وەزعی شپرزەی وڵات و ئاخافتنی هێندێ کەس پێشنیارم کرد وەك هەوەڵین هەنگاو پێویستە تیلگراف بۆ خومەینی و بەنی سەدر بکەین و داوای ئازادی فەرماندار و بەخشدارەکان بکەین، پێشنیارەکە قبوڵکرا و تیلگراف نووسرا و بەڕێکرا، دوای چەند ڕۆژ فەرماندارەکان ئازاد کران، بەڵام گەمارۆی ئابووری لەسەر کوردستان هەڵنەگیرا.

ڕۆژی ٩٨٠/٥/٢٧ چوومە سەردانی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی کەلەشەپی سنە بریندار ببوو، لەگەڵ چوار بریندارى دیکە لەدەرەوەی شار لەباخی محێدینی بابانزادە دایاننابوون و ڕۆژانە دکتۆر بۆ تیمارکردنیان دەچوو سەری لێدەدان، داوام لەمەلا محەمەد کرد کەکورتەیەك باسی شەپی سنەم بۆ بگێڕێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کەبریندار و نەخۆش بوو دەبێ سوپاسی بکەم داواکەمی نەداوە پاش و زەبتێکم بۆ دانا و دەستی پێکرد و منیش وا بەکورتی قسەکانی لێرەدا تۆمار دەکەم.

مەلا محەمەد: (داخ بۆ مەحمود، ئەو ڕۆژەی کەئەو خەبەرەم بیست، کوێر بم مەحمود، موستەحیلە ئەوەی لەسنە دیم لەمەهاباد دیتبم، کارەساتی وا نەبینراوە و نابینرێ، بەڵام بەداخەوە بۆ ئەوانەی کەئەو هەموو خوێنەیان دەڕشت ئێمە لەریزی ئەوان بووین، ئێمە بۆ ئەوانمان بکردایە نەماندەکرد.

یەکیتر لەبریندارەکان هەڵیدایە و نۆرەی لەمەلا محەمەد بڕیەوە و گوتی:

– کاك کەریم باش دەزانی ئەم میللەتە، بپرسە لەسالح، کاتێك کەنیشت خەریکبوو

گۆنی پڕ دەکرد لەماسولە ژن بەسنی پرتەقاڵەوە دەهاتە ناو سەنگەر، کەنیشت زەخمی رائەکێشا بۆ بیمارستان، زیاتر لە ٣٠ بیمارستان لەژێر زەمینەکانی سنەدا دروست بوو.

مەلا محەمەد: هەزاران زەخمی لەو بن عەرزانەدا مایەوە.

دیسان برادەری دیکە: مامۆستا ئێژێ هەزار زەخمی، بەخوا پەنج هەزار زەخمیش نەشارایەوە، مامۆستا ئەڵێ ٣٣٠ کەس کوژراوە، ئەم ئامارەی کەبۆ ئێمەیان هاورد، پتر لە ١٧٠٠ کوشتە بوو، مالّبوو لەناو باغچە و حەوشەکەیدا ٢ دانە ٣ دانە شەهیدی ئەشاردەوە، بەخوا وەختێ لەبەر ستاد چون بەر تەنگەکانیان گرت، دای لەتانگەکە و تۆپەکەی گرت لەساختومانی فرۆشگاکە، کەگەورەترین فرۆشگای ئەم شارە بوو، زیلەکانی ئاگردا و شا یەد لەشارەکانی کوردستان فرۆشگای وا گەورەی تێدا نەبێ، تۆپ هات دوو نەفەری کوشت، بەقیە گشتی چووە ژێر زەمینەکەوە، تانگەکە ناچار بوو گەڕیاوە، بەخوا لەوێتنام لەکوبا لەهیچ شوێنێك دنیا جەنگ وا نەبوە، تانگ راکێتی دائەخست، هیلیکۆپتەر راکێتی دائەخست، کالیبر پەنجای ئەبەست، ئەرتەش تۆپ سەو شەش، سەو پەنج، خومپارە بازوکا، بەجارێك ئاگر بەر ئەبوە شارەکە.

مەلا محەمەد: ئەو ساختومانە سێ نهۆمەی ئەرووخا بەسەر یەکا لەبەر دەمیا، ئەو دایك و ژنەی کەدەکوژرا و ئەو کچ و کوڕ و ژن و مێردەی کەدەکوژرا و بریندار ئەبوو ئەهاتە دەرێ هاواری ئەکرد بەقوربانت بم هەر چالّکەم بۆ هەلّکەنن و برۆنەوە بۆ ئیشەکەی خۆتان، بەقوربانتان بم دەی بچنەوە سەنگەرەکەی خۆتان، هیچ نییە بەقوربانتان بم، ئێمە دەروژ بوو شاری سنەمان بەنانی دێهات بەخێو دەکرد، چونکە کەس نەبوو نانی بکا، قات و قڕی نان بوو، نان لەدێهاتەوە ئەهات، دێهات هەموو جونبشی کردبوو، چوار گەڕەکی ئەو شارە نەوەد دەرسەدی ساختومانی رووخێنراوە و سوتێنراوە، کوڕە برۆن ببینن بزانن لەدنیا شتی وا هەیە، لاشەی شەهیدم هەبوە شەست حەفتا گوللەی کالیبری پێوە بوە، شەڕ بوو،

سەختیبوو، قارەمانەتی و ئازایەتی بوو، بەڵام شەڕ فرۆشان و جەنگ ئەفروزان لەپاش رۆژی حەوتەم رایانکرد، سەنگەریان بەجێ هێڵا، سەنگەرەکانیان تەسلیمی دوژمن کرد، خوێڕپانە شەریفاوایان تەسلیم کرد بەدوژمن، بون بەباعیسی ئەوەی زیاد لە ٣٥٠ کەس لەو میللەتە بکوژرێ، من ئەو شەڕەم ئیدامە پێ نەدەدا، ئەحمەدی عەزیزی بانگ کەن، لێی بپرسن، شەو پێم گوتن، گوتم من ئەو شەڕە ناکەم، چونکە پێش رۆیشتنم وەسیەتم کرد بوو لەشاری سنەدا شەڕ ناکەم، لەسخنڕانی دەی مانگا لەسەر قەبری سمایلی شەریفزادە پێم گوتن ئێمە شەڕی شاری سنە ناکەین، چونکە دوژمن بێڕەحمە، ئەوەی جەنگ ئەفرۆشێ بەمیللەتی کورد و دوژمنە بەدەوڵەتی مەرکەزیە، هەر لەوکاتەشدا خوێناویەکی سەخت و گەورە بەمیللەتی ئێمە تەحمیل دەکا، من بەمیللەتم راگەیاند ئەگەر کۆمەڵە دەیەوێ لەشار شەڕ بکا ئێمە لەگەڵی نین، ئێمە نایکەین، گوێیمان لێ بتەکێنن، سبەینێ ئەگەر سنە وێرانبوو، گلەییمان لێ مەکەن، بەبرادەرانی مەسئولی خۆم دەجار گوتوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەش شارەکەیان تەحمیل کرد بەسەرماندا، خوێناویان دروستکرد، ئەوانەی دەیانەوێ شەڕ ساز بکەن ئازایەتی خۆیان نییە، نەرمشی رابەرایەتی و کار نادروستی وەک خۆی کەئێستا بەخۆیم گوت لێرە، تاوانەکانی سازمانی چریکەکانی فیدایی خەڵکە وەک لەجەلەسەدا پێم گوتون، ئێوە سااڵێکە بەدوای کۆمەڵەدا خۆتان رائەکێشن، نەرمش نیشان ئەدەن، عەلاقەتان لەگەڵ ئێمە تێك ئەدەن، دوور ئەکەونەوە، بەڵام خۆتان لەگەڵ کۆمەڵە بەهێز و توانا ئەکرد، میللەتی سنەتان هان ئەدا لێم و شەو لەنێو جێگە دەرتان ئەهێنام، وەرە جوابی خەڵقی سنە بدەوە، چونکە خەڵق داوای دادگایی حیزبی دیموکرات ئەکا، داوای دادگایی مەلا محەمەد ئەکا، چەند جار لەسەر خیابان دادگاییتان کردم و دادگایی حیزبی دیموکراتتان کرد لەسەر هەیئەت چوون بۆ تاران یا لەسەر ستون رەتکردن لەشار، دوو مانگ و ١٧ رۆژ ئێمە شەڕی سنەمان دواخست. بەرەتکردنی

حەکیمانەی ئەو ستونەی کەجاری پێشوو عەوەزمانکرد و نەمانهێشت شەڕ بەشار تەحمیل بکرێ، کۆمەڵە دای لەدار و دای لەبەرد چونکە خۆم مەوجود بووم نەم هێڵا و نەم هێڵا، سەرهەنگ سەدری بێشەرەف هەر حیسابی ئەوەی ئەکرد، جوانزۆیی لەشار بێ، لەگەڵ دەرئەچوم لەشار بیانوێکی ئەگرت، کۆمەڵەش هەر لەشار دەرئەچوم بەزمێکی ئەخوڵقاند، چبکەم، کەهاتیشم شەڕ و خوێناو بەسەر شارا تەحمیل ببوو، هەرچی ویستم لێی راکەم، بەڵام حورمەت و شەرەمی میللەتەکە و ئەو هەموو خوێنەی رژابوو، ئەو حەملە درندانەی کەهاتبوە سەر خەڵکەکە، ئەو هەموو عالەمەی داگیرسابوو، ئەو عەزیمەت و روحیەتەی کەپەیدا ببوو، بەهاتنەوەی منیش ئەوەندە هومێدیان بەستبوو نەدەکرا، هەرچەندە من تەسمیم گەڕانەوە بوو، بەهەرچی نیر و قوەت و ئیمکانیەت و ئیبتکار و عەقڵی هەمبوو چوومە مەیدانی جەنگ.. دوژمن ئەو پیاوە نەبوو خۆ بگرێ، بەڵام بەعزێ تاوان و خەیانەتی مەهاباد وایکرد، کەریمی حسامی شاهیدە کەبۆ گوللە تۆپی تانگ چیبان لێکردم، لەمەیدانی نەخشەکێشاندا کەباشگای ئەفسەران گیرابوو، سێ دەفعە لێماندا، هەر سێ دەفعەکەی هەرچی بۆ هات تانگ و مانگ هەمووی شکا، هەرچی ئەسلەحە و موهیماتی هەبوو، گیرا، مەیتەکان لەسەر جادە کەوتبوون، بەڵام دوایی کەتۆپ دەنێرمە مەیدان و موهیمات دەنێرم کەلەمەهابادەوە بۆم هاتوە، کەوتمە دڵگەرمێکە موهیماتی بۆ هێناوم، بەتەمام حەملە بکەم، لەدەلاوە پێشمەرگەم ئامادەکردوە بۆوەی، لێی بدەم، ساختومان بڕووخێ و حەملەی بۆ بکەم، وەختێ گوللە تۆپم بۆ دەردێنن، گوللە تۆپی ٩٠ میلیمیتری تۆپی تانگە، گوللە تۆپی ١٠٦ نییە، ئاواتم تێکدەچێ و پێشمەرگەم هەمووی هەرەس دەهێنێ، پەنا بۆ کێ بەرم، مەهاباد چیان کرد جەزا و سزا لەسەر ئەوانەی ئەوەیان بەسەر هێنام، ناردوومی بۆ مەیدانی جەنگێکی سەخت و منطقەیەکی دوور، کەوتوومە ناوی، سەری تێدا بەرز ئەکەم کەوەك پێشمەرگەیەکی فیداکار هەموو وەفای خۆم بەکار بێنم، بەڵام ئەوەم بەسەر دێنن، ئەچم پەلاماری تەلەڤیزیۆن ئەدەم، برادەرەکانم خانویان کون کردوە، بەناو خانوەکاندا دە دوازدە جێگای پشتی

ساختومان تەلەڤیزیۆنیان گرتوە، بەڵام وەختێ دێمە سەر تۆپ تەقاندن بۆ ئەوەی حەملە بکەم، گوللە تۆپەکانی ١٠٦ دودە نیزە دەردەچن، ئەودەم لەساختومان دووکەڵ هەڵئەستێ، لەجیاتی ئەوەی بڕوخێ، کوا ئەو کەسانەی پاش ٢٠ ڕۆژ کەدەگوزاریشی دە لاپەڕەیی و حەوت پەڕەیی نیزامی و سیاسی و حیزبی ئەحمەدی عەزیزی مان ناردە لایان، پارچە کاغەزێك و قەڵەمێکی بچکۆلەشیان نەگەیشتە لامان، دوایە سوپاسمان دەکەن کەبریندار بووین...

قسەکانی مەلا محەمەد گەلێك زیاترن لەوەندە نووسینەوە، لەنیوەی قسەکانیدا دکتۆر هات بریندارەکان دەرمان بکا، منیش ئیتر بەجێم هێشتن و لەگەڵ پێشمەرگەکانم گەڕامەوە بۆ شار.

مێتینگی هاوبەش لەگەڵ چریکی فیدایی

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەبەرامبەر هەڕەشەی ئەرتەش و ئاڵۆزبوونی بارودۆخی کوردستاندا هەوڵیدەدا لەگەڵ کۆمەڵە و چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران لەسەر بەرنامە و نەخشەیەکی خەبات ڕێککەوێ لەئەنجامی دانیشتن و گفتوگۆدا، حیزبی دیموکرات و لقی کوردستانی چریکەکان لەمەهاباد مێتینگێکی هاوبەش پێکبێنن، دەفتەری سیاسی بڕیاریدا کەلایەن حیزبی دیموکراتەوە من وتار بدەم، ڕۆژی ١٩٨٠/٦/٦ لەمێتینگی ناوبراودا ئەم وتارەم پێشکێش کرد کەلەسەر شریت تۆمار کراوە:

(خوشك و برایانی خۆشەویست! هاونیشتمانانی بەڕێز!

لەپێش ئەوەدا کەبێمە سەر باسی پێکهاتنی ئەم کۆبوونەوەیە و لەسەر ئەو گیروگرفتانە بدوێم کەئیمڕۆ لەپێشمانە، با بەتێکڕایی سڵاو بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدانە بنێرین کەلەپێناو ماف و شەرەف و بوونی نەتەوەکەیاندا لەهیچ

مەترسی و بەرهەڵستیەك نەپرینگانەوە و گیانی خۆیان لەرێگای ئاوات و ئامانجی گەل و حزبدا بەخت کرد.

سڵاو لەو دایك و بابانە بکەین کەخۆشەویستەکانیان لەپێناو ئازادی و سەربەستیدا فیدای گەل و نیشتمان کرد، کۆبوونەوەی ئەوڕۆمان کەبۆ هەوەڵین جار لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش لەگەڵ سازمانی چریکی فیداییەکانی- شاخەی کوردستان- پێکدێ، هەنگاوێکی گەورەیە بۆ یەکێتی خەباتی هەموو هێزە پێشکەوتوخوازەکانی کوردستان و سەرانسەری ئێران.

هاونیشتمانانی بەڕێز! وڵاتەکەمان ئیمڕۆ بەقۆناخێکی ناسك و پڕ لەمەترسیدا تێدەپەڕێ، مەترسی گەڕانەوەی دەسەڵاتی خوێنمژەکانی دەورانی رژێمی پاشایەتی گۆڕکراو هەڕەشە لەوڵاتەکەمان دەکا، ئیمپریالیزمی ئەمریکا لەگەڵ کۆنەپەرستی ناوخۆ بەهەموو تواناوە خەریکە جارێکی دیکەش رژێمی دەستنێڕ و گوێ لەمستی خۆی بەسەر وڵاتەکەماندا بسەپێنێتەوە، گەلی کورد کەساڵەهای ساڵە بۆ روخانی رژێمی پاشایەتی خەباتی کردوە، لەشۆڕشی مەزنی گەلانی ئێراندا بەشدار بووە و خوێنی رژاوە، نایەوێ و رێگانادا جارێکی دیکە ببێتەوە ژێر چەپۆك و وڵاتەکەی ببێتەوە مەیدانی راو و رووتی داگیرکەرانی ئیمپریالیستی و جارێکی دیکەش قازاخ و ساواکیەکانی سەردەمی دیکتاتۆری ئاغایەتی بەسەر میللەتەکەماندا بکەنەوە.

ئەوڕۆ مەترسی ئەوە هەیە کەدەستکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران پێشێل بکرێنەوە و نەخشەی گەڕانەوەی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم کەلەلایەن دەزگا جاسوسیەکانی رۆژئاواوە کێشراوە، بەهۆی شەڕ هەڵایسێنەرانی نێو دەزگا دەوڵەتیەکانی کۆماری ئیسلامیەوە دەیەوێ پیادە بکرێ، ئێستا بەئاشکرا دەبینین کەشەڕ فرۆشەکانی نێو دەزگای دەوڵەتی بەهەموو تواناوە شەڕ بەکوردستان

دەفرۆشن و دەیانەوێ لەرێگای سازکردنی شەڕ و کوشتار لەکوردستان ئەرتەشی ئێران لەئەرکی راستەقینە کەپاراستنی سنووورەکانی ئێران و دەستکەوتەکانی شۆڕشە هەتلە بکەن و رێگا بۆ بەکرێگیراوانی دەرەوە بکەنەوە کەلەهەموو لاوە دەست بخەنە نێو کاروباری ئێرانەوە و بنکەی شەڕ و ئاژاوە و گێرەشێوێنی لەولاتەکەمان دامەزرێنن، خوێنمژانی رژێمی گۆڕکراوی پاشایەتی لەشەڕ هەلایسێنەرانی نێو دەزگا دەولەتیەکان لەکوردستان کەلک وەردەگرن، دەیانەوێ کوردستان بکەنە مەیدانی شەڕ و بەکوشتاری خەلکی کورد وێرانکردنی شارەکانی کوردستان سەرخۆشبن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان کەلەبەرامبەر چارەنووسی گەلی کورد و شۆڕشی ئێراندا هەست بەبەرپرسی دەکا، لەبۆچوونی مەسەلەی کوردستاندا سیاسەتێکی ئاشتیخوازانەی گرتۆتە پێش و شەڕی براکوژی لەکوردستان لەلایەن هەرکەسێکەوە بێ مەحکومی دەکا، هەر لەسەر بنەمای ئەو سیاسەتەیە وەك دەزانن حیزبی ئێمە دەیان نامە و تیلگرافی سەبارەت بەشەڕ راگرتن و مافی خودموختاری بۆ رێبەرانی کۆماری ئیسلامی ناردوە و هەمیشە ئامادەیی خۆی بۆ وتوێژ و چارەسەرکردنی هێمنانەی مەسەلەی کورد راگەیاندوە و شەڕی براکوژی مەحکوم کردووە، بەڵام بەداخەوە هەموو جارێ حوسنی نیەتی ح.د.ك. و هێزە سیاسیە پێشکەوتوخوازەکانی کوردستان لەلایەن دەولەتەوە بەهەڕەشە و شەڕ و گەمارۆی ئابورییەوە جوابی دراوەتەوە، سیاسەتی ئاشتیخوازانەی حیزبی دیموکرات بەو مانایە نییە کەواز لەخودموختاری بێنێ، خودموختاری کەئێستا بۆتە دروشمی سەرەکی گەلی کورد و رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان سالەهای سالە ح.د.ك خەباتی بۆ کردووە و لەم رێگایەدا سەدان ئەندامی تێکۆشەری فیدا کردووە، ئێمە لامان وایە ناسینی مافی خودموختاری لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە

دەبێتە هۆی بەهێزبوونی خەباتی دژی ئیمپریالیستی و گەلی کورد بەهەموو تواناوە لەکۆماری ئیسلامی دیفاع دەکا، بۆ ئێمە جێگای داخە کەهێندێ لەڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئەو بوختان و تۆمەتە وەپاڵ گەلی کورد و هێزە سیاسیەکانی کوردستان دەدەن کەشۆڤێنیستەکانی رژێمی پاشایەتی بۆیان هەڵدەبەست، ئێمە لامان وایە لەچوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا ئیمکانی ئەوە هەیە کەگەلی کورد بەمافی خودموختاری بگا و هێمنەتی لەکوردستان و لەسەرانسەری ئێراندا سەقامگرتوو بێ، راگەیاندنی گەلاڵەی شەش مادەیی ح.د.ك هەنگاوێکی گرنگە بۆ راگرتنی شەڕ و پێشگرتنی هەموو جۆرە گێرەشێوێنی و ئاژاوەیەك کەدوژمنانی کورد و کۆماری ئیسلامی دەیانەوێ لەکوردستان سازی بکەن.

هێندێ لەڕۆژنامەکانی تاران باسی کوشتاری تەقینەوەی بۆمبا و خەرابکاری دەکەن لەکوردستاندا، ئەوانە دەبێ بزانن لەبارودۆخی ئەوڕۆی ئێراندا ئەم رووداوانە دێنە پێش و لەشەڕیشدا مێژژان نابەشنەوە، سیاسەتی ئێمە شەڕخوازی نییە، بەڵام بەئاشکراش رادەگەیەنین هەتا مەسەلەی کوردستان لەڕێگای ئاشتی و هێمنانەوە چارەسەر نەکرێ و هەتا ویست و داخوازی گەلی کورد لەسەر ئەساسی پێشنیاری ح.د.ك و هێزە سیاسیەکانی تر نەیەتەدی، پێشمەرگەی کورد چەك دانانێ و بۆ پاراستنی شەرەف و کەرامەتی گەلەکەی بەهەموو تواناوە دیفاع دەکا، ئێمە دەمانەوێ پێشمەرگەی ح.د.ك و هێزە سیاسیەکانی دیکەی کوردستان چەکی خۆیان دژی بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی بەکاربێنن و لەسنورەکانی ئێران و دەسکەوتەکانی شۆڕش دیفاع بکەن، بەڵام ئەوە سیاسەتی چەوت و شەڕانی حکومەتە کەڕێگای بۆ گێرەشێوێن و شەڕخوازەکان کردۆتەوە، لەنێو دەزگای دەوڵەتی و هەروەها لەکوردستانیش دەستەوکەسی ئەوتۆ هەن کەلەڕێگای شەڕەوە دەژین، بوون و مانەوەی خۆیان لەشەڕ و ئاژاوەدا دەبینن،

زۆر لەوانە دەیانەوێ ئاگری شەڕ خۆش بکەن و لەسەر حیسابی مالوێرانی خەڵک ناو و ناوبانگ بۆخۆیان پەیدا بکەن، تەنانەت ئەو کەسانەش کەلەرابردوودا ژیانیان بۆ خزمەت بەرژێمی چەپەڵی شا تەرخان کردبوو، ئێستا گوێیا بوونە کوردپەروەر و بۆ کوردستان هەوڵدەدەن، ئێمە ئەو خۆفرۆشانە باش دەناسین، ئەوانە هەروەک بۆ مالی دنیا خۆیان بەساواک و بەرژێمی شا فرۆشتبوو، ئێستاش بۆ دۆلار و دینار خۆیان بەئیمپریالیزمی ئەمریکا و رژێمی خوێنخۆری بەعسی عێراق فرۆشتوە و دەیانەوێ لەوڵاتەکەماندا ئاژاوە ساز بکەن.

هاونیشتمانانی بەڕێز!

ح.د.ک.ا هەر جموجۆڵێکی بۆ توند کردنی شەڕ لەکوردستان لەلایەن هەر دەستە و تاقمێکەوە بکرێ بەتوندی مەحکومی دەکا، ئێمە رێبەرانی دەوڵەت بەمەسئوڵی ئاژاوە و پەشێوی وەزعی کوردستان دەزانین، دەمانەوێ جارێکی دیکەش بەرێبەرانی کۆماری ئیسلامی رابگەیەنین کەمەسەلەی کوردستان لەرێگای شەڕ و گەمارۆی ئابورییەوە چارەسەر ناکرێ، نەهێشتنی بەرنامە کوردییەکان لەرادیۆ و تەلەڤزیۆنی کوردسان، هەڵوەشاندنەوەی پەروەردە و فێرکردنی سنە، یان هێندێ نەخشەی گلاوی دیکە، کەپاسدار و ئەرتەش بۆ کوردستان کێشاویانە، هیچیان ناتوانن مەسەلەی کوردستان چارەسەر بکەن، تاقە رێگای چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد، بریتییە لەوەستاندنی شەڕ و ناسینی مافی خودموختاری و راگەیاندنی گەلاڵەی شەش مادەیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی ئێمە هەروەک لەمەوبەریش زۆرجار رایگەیاندووە، ئامادەیە لەگەڵ بەڕێوەبەرانی دەوڵەت لەسەر مەسەلەی کورد بەجیددی وتوێژ بکا، تەنیا لەو رێگایەوە دەکرێ هێمنایەتی لەکوردستان بەرقەرار بێ و دەستی ئاژاوەچیەکانی ژوورەوە و دەرەوە کورت بکرێتەوە.

ئاغای بەنی سەدری سەرکۆمار دیسان دووپاتەی کردۆتەوە کەئەگەر چەکدارەکانی کورد چەك دابنێن، دەچمە کوردستان و ئەوەی من و ئیمام پەسندمان کردوە جێ بەجێی دەکەم، ئێمە جارێ نازانین ئەوان چییان پەسند کردووە و چۆن دەستیان لەگەلاّلەی شەش مادەیی حیزبی دیموکرات وەرداوە، بەلاّم ئێمە داوا لەسەرکۆمار و رێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەکەین با هەر ئێستا بێنە کوردستان، گەلی کورد میللەتێکی میوانگرە و لەکوردستان پێشوازی لەهەموو میوانێك دەکا، با بێن لەنێزیکەوە بزانن کەپێشمەرگەی کورد بۆ دوژمنایەتی کۆماری ئیسلامی چەکی هەلّنەگرتوە، ئەوە شەڕخوازەکانی نێو دەزگای دەولّەتین شەڕیان بەسەردا سەپاندوە و ناچاریان کردووە بۆ پارێزگاری گەل و ولاّت چەك دەست بداتێ، پاشان با سەرکۆمار پەسندکراوەکانی ئیمام رابگەیەنێ تا بزانین چییان پەسند کردووە و چ مافێك بۆ گەلی کورد قایل بوون.

ئەگەر دەولّەتی کۆماری ئیسلامی ویستی رەوای گەلی کورد بەجێ بگەیەنێو ئەگەر مافی خودموختاری گەلی کورد بسەلمێنێ ئەودەم پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان چەکی خۆیان بۆ پارێزگاری کۆماری ئیسلامی و دژی دوژمنانی گەل بەکاردێنن، ئەگەر مافی خودموختاری و ویستی رەوای گەلی کورد بەرەسمی بناسرێ، هەر هێز و دەستە و کەسێکی لەکوردستان دژی بوەستێ و بخوازێ درێژە بەئاژاوە و گێرەشێوێنی بدا، بێگومان لەلایەن گەلی کوردەوە ریسوا و سەرکوت دەکرێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئامادەیە لەگەلّ هێزەکانی تری کوردستان مەسەلەی کورد لەسەر ئەساسی ناسینی مافی خودموختاری و یان گەلاّلەی شەش مادەیی حیزب لەگەلّ دەولّەت چارەسەر بکات، ئێمە داوا لەهەموو گەلی کورد و هێزە پێشکەوتوەکانی ئێران دەکەین کەلەسیاسەتی ئاشتیخوازانەی ح.د.ك و

هێزە سیاسیەکانی کوردستان پشتیوانی بکەن، با لەسایەی یەکێتی و برایەتیمان دروشمی ئەساسی ح.د.ك دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بەجێ بگەیەنین، سەرکەوتنتان ئاواتەخوازین).

رۆژی ٩٨٠/٦/١١ لەسەر بانگەوازی فەرمانداری مەهاباد بۆ پێڕاگەیشتنی وەزعی ئاوارە و لێقەوماوانی شەڕ کۆبوونەوەیەکی گەورە لەفەرمانداری پێکهات، لەپێشدا کاك حەسەنی بابەتاهیری فەرماندار مەهاباد وتارێکیدا و گوتی: (٤٣ رۆژە کوردستان لەگەمارۆی ئابوریدایە، گەلێك شتومەکی تاجرەکانی مەهاباد و کالای دەوڵەتیش کەبۆ مەهاباد دەهات لەشارەکانی ئازەرشار وبناو گیراوە و هەڕاج کراوە، سی و پێنج هەزار کەس خەڵکی بانە ئاوارە بوون، لەتەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ ١٤ هەزار کەس ئاوارە و دەربەدەر بوون، ئێستا نێزیکەی ٧٠ هەزار کەس لەکوردستان ئاوارە و بێ پەنا و پەسیو ماونەتەوە، ئەو یارمەتیەی کۆکراوەتەوە بەشناکات، هێندێ گرۆی سیاسی خێوەت و پەتو و شتومەکی ئاوارەکانی سەقزیان بردوە، دوای وتاری فەرماندار زۆر کەسیتر وتاری دا و پێشنیاری جۆربەجۆر کران، لەهەموان سەرنج راکێشتر، ئاخافتنی جەلیلی گادانی بوو، بۆنی شەڕی لێدەهات و هەڕەشە و دەتگوت لەشەڕێکی سەرکەوتوانە گەڕاوەتەوە، حەمەدەمینی سیراجی گوتی: (پێویستە هەرچۆنێك بێ و لەهەر رێگەیەکەوە بێ، کار بۆ ئەوە بکرێ کەشەڕ لەوڵاتەکەمان دوور کەوێتەوە، فیکرێك بۆ ئەوە بکرێ کەئاوارەکان بگەڕێنەوە سەر جێگا و رێگای خۆیان) پاشان کاك حەمەدەمین بانگکرابوو کەگوتیا: (دژی حیزب قسەی کردوە)!

لەوتاری خۆمدا هێندێ ئەژمارو بارستایی یارمەتی کۆمیتەی ئیمدادم بۆ کۆبوونەوە رووبکردەوە، بەگوێرەی سیاسی و ئەژماری کەکۆمیتەی ئیمداد بۆ تەشکیلاتی مەهابادی ناردبوو، لەماوەی ٥٠ رۆژدا، دوو میلیۆن و ٣٠٠ هەزار تمەن

پارەی نەغد کۆکرابۆوە، باری ۷ لۆری خواردەمەنی و شتومەك بۆ لێقەوماوەکانی بانە ناردرابوو، باری ۳۹ لۆری بۆ لێقەوماوەکانی سنە و دیواندەرە چوو بوو، باری ۳۷ ماشێن بۆ شنۆ و ۱۲ لۆری بۆ مەریوان ناردرابوو، سێ هەزار کەسی خەڵکی سەقز هاتبوونە مەهاباد و لەمەدرەسەکاندا نیشتەجێ کرابوون، لەهەوشار ۵۰۰ ماڵ و خێزان ئاوارە ببوون، لەمەرگەوەڕ ۳۱ گوند چۆڵکرابوون، داوام لەخەڵك بەتایبەت لەدەوڵەمەندەکان کرد کەپتر یارمەتی بکەن.

ئەگەر هێرشی ئەرتەش و جنایەتی پاسدارانی ئیسلام ببوە هۆی گەمارۆی ئابوری و دەریەدەری خەڵك، کەموکوڕی ناتەواوی نێو حیزبی دیموکرات و بەشی پێشمەرگەش دیاردەیەکی کەم داخدار نەبوو، سەبارەت بەهێندێ لەو رووداوانە نامەم بۆ دەفتەری سیاسی نووسیوە کەوا باسیان دەکەم:

– لەهەوشار سەرپەلی پێشمەرگە سندوقە فیشەکان لەنێو ماشێنی خۆیدا رادەگرێ و هەر نەفەرەی چل فیشەك دەدا بەپێشمەرگە، لەپڕ بەسەر شەڕدا دەکەون، فیشەکیان لێ دەبڕێ و ۹ پێشمەرگە شەهید دەبن، سەرپەل لەگەڵ پێشمەرگەیەك کەلەشەڕدا نابێ، بەسندوقە فیشەکەوە دەگەڕێنەوە، کاتێ لەئێندرقاش چومە سەرەخۆشی، لەمزگەوت خەڵك داوای سزادانی بەرپرسی ئەم کارەساتەی دەکرد، بەفەرماندەی هێزی پێشەوام گوت کابرا بێنێ و دادگایی بکا، سەید رەسوڵی ورچانیان هێنا تەشکیلات، ئەو پێشمەرگەی خەڵکی ئیندرقاشی کەزیندوو مابوو، بەرەو روو پێی گوت: هەرچەندی پێشمەرگە هاواریان کرد کەچل فیشەك بۆ شەڕ نابێ تۆ جوابت نەدانەوە و فیشەکت نەدانێ، فەرماندەی هێزی پێشەوا رووداوەکەی نووسی بۆ دەفتەری سیاسی و داوای سزادانی کرد، بەڵام هەر ئەوەندە دەرکرابوو.

– لەخەلیفانی سندوسی پێشمەرگە دەیانەوێ بچنە نێو گوندی، کوێخا مەحمودی

بالّفڕی خەبەریان دەداتێ کەپاسدار و موجاهیدی نەغەدە شەو هاتونە نێو گوندی و لەکۆلّان و سەربانان لەمەتەرێزاندان، بانەیەن، جوابی ئەم پەیامە دلّسۆزیە نادەنەوە، شۆڕ دەبنەوە نێو گوندی، پاسدار لێیان رادەبن ٣ پێشمەرگە شەهید دەبن.

– سەروان ئەفشین هەروەک لەشەڕدا نەبێ، راست دەچێتە بەردەستی پاسداران لەبەنزینخانەی میانداو و بەهیچ و خۆڕایی شەهید دەبێ.

– لەمەهاباد پێشمەرگە بەماشێنی سەر ئاوالّە بەنێو شار و بەپێش بنکەی پاسدارانداً دەسوڕێتەوە، تەقەی لێ دەکەن و شەهید دەبێ.

بێجگە لەوانە گرتنی خەلّک و ماشێن دزینیش وەک مۆدی لێهاتبوو، خەلّکی بێگانەی شارەکانی میانداو یا ورمێ کەهاتبا مەهاباد دەگیرا تا دەرباز دەبوو ماوەیەکی پێدەچوو، رۆژێک وسێن مەراغەیی ئەندامی حیزبی دیموکرات لەتەشکیلاتی شار وەژوور کەوت هەر قوڕی دەپێوا، لێیان پرسی چیە چقەوماوە؟ گوتی کاکە پێشی ئەو بەڕەلّاییە بگرن، لەپێش دوکانی غەفوری مەنسوری راوەستاوم، چەکدارێک هاتوە دەلّێ تۆ عەجەمی، یالاّ وەپێشم کەوە، هەرچەندی پێی دەلّێم: من خەلّکی ئێرەم و ئەندامی حیزبم، دەست هەلّناگرێ، تا غەفور نەجاتی داوم، ناردم کابرایان هێنا، تفەنگێکی درێژ دەشانیدا، ئەحمەدە کوێر خەلّکی گەرکولی خوارێ، چۆتە لای سەرگورد عەباس شەهید، تفەنگێکی وێداوە کەلەشورای نیزامی لەبەردەرگا راوەستێ، تفەنگەکەیان لێ ئەستاند و تەلەفۆنم کرد بۆ سەرگوردی رەحمەتی، گوتی ئەوە فەقیر بوو، ئەو تفەنگەم دایە کەلێرە کارێکی پێ بکەن، تکایە تفەنگەکەی بدەنەوە و بینێرەوە ئێرە ناهێلّم وەدەرکەوێ، کابرام بۆ سەرگورد ناردەوە، پاش چەند رۆژ بۆ بەشداری لەکۆبوونەوەی کادرەکانی شاروێران دەچوومە گوندی کوسەکەرێزە، لەدەرەوەی

شـار ماشـێنێك دەهـات، راوەسـتا و دوایـە کەوتـەوەڕێ، کەگەیشـتنێ، دیسـان ئەحمـەدە کـوێر بـوو ماشـێنی راگرتبـوو، راوەسـتام و بـانگم کـرد، پرسـیم لێـرە چدەکەی، ئەو ماشێنەت بۆ راگرت؟

– هیچ.. هەربۆیە بزانم لەکوێوە دێت.

بەپێشمەرگەکانم گوت تفەنگەکەی لێ وەرگرێ، گوتم لەو شـارەت ببینمـەوە گوێت دەبڕم، تفەنگەکەم بۆ سەرگورد ناردەوە و ئەحمەدە کـوێرم سـاڵی ٩٨٢ لەگونـدی گەرکول دیتەوە.

– رۆژێك برادەرانـی چـۆمی مەجیـد خـانی بڕیاریانـدابوو لەگونـدی قەرەموسـالیان کۆبوونەوەیان هەبێ، داوایانکرد بوو بەشداری بکـەم، گەیشـتمە ئـەمیراباد و لـەکن پێشمەرگەکان دابەزیم، دیتم غەفوری خوارزای سەید عەوڵای ئیسحاقی لەگـەڵ دوو کەسیتر لەوێیە، غەفوور پێشتر شەڕی سێ مانگە لەوێ سەرپـەل ببوو، رایکرد بوو، لـەو زینـدەرێ چـوار تفـەنگی دابـۆوە بەئێمـە و وازی هێنـا بـوو، لـێم پرسـی لێـرە چدەکەی؟

– دەچمە شامات و هێزی بەرگری دادەمەزرێنم، سەرگورد عەبباسی ناردوومی.

سەیر ئەوەبوو ناوچەی شـامات لـەباری تەشـکیلاتی و نیزامـی و زیبـك و زاکونـەوە خاوێنترین بەشی تەشکیلاتی حیزبـی بـوو، گـوتم بگـەڕێوە هـەقت نییـە بچیـە ئـەو گوندانە، نامەیەکم بۆ سەرگوردی نووسی و بەپێشمەرگەکانم گوت بیگێڕنـەوە، مـن هەمیشە پێم لەسـەر ئـەوەدا دەگـرت کەبەشـی نیزامـی پێویسـتە لـەژێر فـەرمان و ئـەوامیری بەشـی سیاسـی حیـزب دابـێ، بـەکورتی ناتـەواوی یـەکجار زۆر بـوو کەهەمووی لەنووسینەوە نایەن، دیارە کۆمەڵە و چریکەش بەشە دەسەڵاتی خۆیان بۆ گرتن و کوشتن بەکار دەهێنا، قوڵە رێکخراوی چەپی خواری راکردووی تارانیش

جێگای ئاژاوەی خۆیان لەکوردستان دیتبۆوە، هیرۆئینی و تریاك فرۆشی ئێرانیش لەکوردستان دەگیرسانەوە.

- ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکرات.

ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکرات چالاکترین و بەکارترینی تەشکیلات و ڕێکخراوەی حیزب بوو، کاری چاپەمەنی و نووسینی شوعار و سازکردنی میتینگ و کاری تەبلیغاتی لەئەستۆی ئەو ڕێکخراوەیە بوو، دوای کۆنگرەی چوار کۆنەپەرستی نێو حیزب بۆ تێکدانی ئەم ڕێکخراوە چالاکە کەوتەخۆ، بیانوویان ئەوەبوو گوێا ئەوانە سەر بەتودەن، دکتۆر قاسملۆ پێشنیاری کرد و گوتی: (لەبەرئەوەی ئەم ناوە وەناوی (سازمان جوانانی حزب توده) دەچێ با ناوەکەی بگۆڕین و بیکەین بە (یەکێتی لاوانی حیزبی دیموکرات)، بەلای منەوە هیچ قەیدی نەبوو، بەتایبەت دەیگوت ئەگەر ناوی یەکێتی لەسەر بێ، کەسانی غەیرە حیزبیش دەتوانن ببنە ئەندامی، واتە دەبێتە ڕێکخراوێکی سەر بەحیزب و یا لایەنگر حیزب.

ناوەکەیان گۆڕی، بەڵام بەکردەوە دەرکەوت مەسەلەکە لەوە قوڵترە، هەرچەندە کۆڕەکانی ڕێکخراوی لاوان کەبەم ناوە کاریان کردبوو، لەم ناوگۆڕینە رازی نەبوون، بەڵام ملیان راکێشا و لەگەڵ تەشکیلاتی مەهاباد تێکۆشانی خۆیان درێژە پێدەدا، دیارە ڕێبەرایەتی حیزبی بەوەندە وازی نەهێنا، بەپێچەوانەی ڕێوشوێنی دیموکراسی کەزۆریان باسدەکرد، بەبێ کۆنفرانس و هەڵبژاردن چەند کەسیان لەڕێبەرایەتی (یەکێتی) لابرد کەلەسەرەتای شۆڕشی ئێرانەوە بەچالاکی لەریزی حیزبدا تێکۆشابوون، چەند کەسی گوێ لەمست و دەروێشی خۆیان هێنا بەسەر یەکێتیدا سەپاند، دیارە تاوانێکی نەبەخشراوی (ڕێکخراوی لاوان) ئەوەبوو کە لەگەڵ تەشکیلاتی مەهاباد کەمن بەرپرسی بووم هاوکاری نێزیك و برایانەیان

هەبوو، بەتایبەت لەگەڵ شەخسی من پێوەندی دۆستانە و رەفیقانەیان تونـد بـوو، ئەوەش وەنەبێ کوێر کوێرانـە بووبـێ دەرسـم پـێ گوتبـوون، رێنـوێنیم دەکـردن، لەشەڕێ سێ مانگەدا لەگەڵم بوون، بەراسـتیش لەچوارچـێوەی سیاسـەتی حیزبـی دیموکرات نەچـوونە دەرێ، پـاش ئـەو سـەپاندنە نابەجێیـە کوڕەکـانی رێکخـراوی لاوان هاتنە لام و نامەیەکی مەعقول و بابەتیان نووسیبوو، لەم بڕیارە ناحیزبیانەی دەفتـەری سیاسـی رەخنـەیان گرتبـوو، مـن بەراشـکاوی و دۆسـتانە پـێم گـوتن، کەپێویستە لەناو یەکێتی دا بمێننەوە و بۆ بڕیاری دەفتەری سیاسـی مـل راکێشـن تێکۆشـانی خۆتـان درێـژە پێبـدەن و لـەماوەی تێکۆشـاندا داوای کـۆنفرانس و هەڵبـژاردن بکـەن، بەداخـەوە هێنـدێ لـەلاوەکان وەهـا کەوتبوونـە ژێـر تەئسـیری راوێژکەر و دۆستە نەزانـەکانی حیزبـی تـودە، هەلومـەرجی کوردسـتان و قۆنـاخی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیان لێ تێکچوو بوو.

ئەگەر رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات بەقەولی خۆی دەیویست (حیزب پاك کاتەوە و تەنیا (دیموکرات) لەنێو حیزبدا بێلێتـەوە) رێبەرایـەتی حیزبـی تـودە و راوێژکـەرە نەزانەکانی دەمێکبـوو خـەریکبوون کۆمـەك بـەو ئامـانج و مەبەسـتەی رێبەرایـەتی حیزبی دیموکرات بکەن.

ئەگەر کوڕەکانی رێکخراوی لاوان لەبەر بـێ تەجروبـەیی و کـرچ و کـاڵی سیاسـی و لەژێر تەئسیری کەسانی نەزاندا لەیەکێتی لاوان هاتنە دەرێ، تاقمی حـەوت کەسـە بەهەنگاوی چەوتی جیابوونەوە گەلێك لەوان خەراپتر کۆمەکیان بەو ئامانجە کـرد، ئەوانیش لەژێر تەئسیری رێبەرایـەتی هەلپەرسـتی حیزبـی تـودە، بـێ لێکدانـەوەی بابەتی و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کوردسـتان لـەحیزبی دیمـوکرات جیابوونـەوە و رێگایان بۆ سەپاندنی دیکتاتۆری و رێبازی ناڕاست چۆڵکرد.

(لێکۆڵینـەوەی ورد و زانسـتی و بابـەتی ئـەو باسـەم بـۆ بەرهـەمێکی تایبـەتی

هێشتۆتەوە و هیوادارم بتـوانم بەدرێـژی خوێنـەرانی بـەڕێزی کـورد شـارەزای ئـەم باسە بکەم).

جیابوونەوە لەحیزبی دیموکرات

رۆژی ١٩٨٠/٦/٢١ لەماڵی سەید نەجمەی حوسێنی میوان بووم، دەمی نیوەڕۆ کاك نەویدی موعینی هاتە لام، بەیاننامەیەکی درێژی چەند لاپـەڕەیی وێدام کەلەایـەن (یای فەوزیەی قازی، غەنی بلوریان، دکتۆر رەحیمی قازی، فاروقی کەیخوسرەوی، هێمنی شاعیر، نەویدی موعینی و ئەحمـەدی عەزیزییـەوە) ئیمـزا کرابـوو، دەسـتم کـرد بەخوێندنـەوەی هـەر لەهـەوەڵی پێداچـوونیدا شـێوە و شـەقڵی نووسـینی رێبەرایـەتی حیزبـی تـودەم هاتـە بەرچـاو، مـن ماوەیـەکی درێـژ لـەرادیۆدا لەگـەڵ نووسـین و درێـژ دادڕی و راوی سـەر کاغـەزی رێبـەرانی حیزبـی تـودە شـارەزاییم هەبوو، نەوید بۆیە هاتبوو کەمنیش رەگەڵیان بکەوم و قەوڵی هاوکاری بدەم، گـوتم دیارە لەگەڵ رەخنەگرتن و تێکۆشان بۆ راسـتکردنەوەی هەڵـەکان مـوافیقم، بـەڵام دژی جیابوونەوە و لـەتکردنی حیزبـی دیمـوکراتم، لـەم هەلومەرجـەدا جیابوونـەوە بەقازانجی بزووتنەوەی کورد نازانم.

نەوید گوتی: تەواو بووە، بڕیارماندراوە و ئیعلامی مەوزیعمان کردوە.

– کـەوابوو هـیچ... ئەگـەر بڕیارتـان داوە و تـەواو بـووە، بـۆ هـاتووی پرسـم پێدەکەی؟

– بۆ پرسکردن نەهاتووم، هاتووم داوات لێ بکەم لەگەڵمان بی.

گوتم پێم کارێکی هەڵەیە و لەگەڵتان نابم، نەوید رۆیشت، مـن بـیرم لـەوە کـردەوە ئەوانە منیان بەدۆست و هاوکاری خۆیان دەزانی و بەچەپیشیان دەناسـیم، بۆچـی جارێك ئەو فیکرەیان لەگەڵ من نەهێنا گۆڕێ؟ بێجگـە لـەوە تەشـکیلاتی مـەهاباد

گەورەترین و چالاکترین رێکخراوی حیزبی دیموکرات بوو، منیش بەرپرسی بووم، بۆچی غەنی بلوریان جارێك نەهات نەك هەر لەگەڵ من، بەڵکو لەگەڵ کۆمیتەی شارستان، یا لەگەڵ رێکخراوەکانی حیزب مەسەلەی ناکۆکی نێو کۆمیتەی ناوەندی باس بکا و بەگوێرەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی داوای کۆنفرانسی حیزبی بکات؟

دوای بیر لێکردنەوەیەکی زۆر لەسەر دوو خاڵ یان دوو هۆ ساخبوومەوە:

یەکەم سەبارەت بەخۆم کەپرسیان پێنەکرد بووم، گەیشتبوومە ئەم نەتیجەیە کە: حیزبی تودەی ئێران لەرۆژنامەی مەردوم دا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بەسێ دەستە یا رێباز دابەشکرد بوو:

١- عناصر مخرب اگاه.

٢- عناصر ناسیونالیستی افراطی.

٣- عناصر صدیق اگاه.

پاشان روونی کردبۆوە و نووسیبووی: (رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات دوای شۆڕشی ئێران کەوتە دەست گروهی یەکەم بەسەرۆکایەتی عەبدولرەحمانی قاسملۆ، گروهی دووەم کە (ناوی نەهێنابوون) ئاوی بۆ ئاشی گروهی یەکەم هەڵدەبەست و ببوە داردەستی گروەی١، گروە٣ کەعناصر صدیق و ئاگاه و دیموکراتی راستین بوون، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (پێڕەوانی کۆنگرەی چوار)یان پێك هێنا و لەئاست شۆڕش و کۆماری ئیسلامی ئێران و خەباتی دژی ئیمپریالیستی ئەمەگداری خۆیان راگەیاند).

جا من بیرم لێکردەوە، بەو باس و کێشەی رابردوو کەلەسەر مەسەلەی کورد لەگەڵ رێبەرایەتی حیزبی توده بوومە، دەبێ ناسیۆنالیستەکە من و کەسانی وەك

من بووین، غەنی بلوریان و برادەرانیشی کە (عناصر صدیق و ئاگاە و دیموکراتی راستین) بوون، راوێژ کەریشیان حیزبی تودە بوە، نەدەکرا مەسەلەیەکی ئاوا لەگەڵ (ناسیۆنالیستێك) بێننە گۆڕێ و پرسی پێ بکەن، هەربۆیەش یەکجار مەسەلەی جیابوونەوەیان لەگەڵ من باس نەکرد.

دوەم سەبارەت بەجیابوونەوە پێم وابوو غەنی بلوریانیان وا لەخشتە بردبوو کەگۆیا ولاتانی سۆسیالیستی پشتیوانت لێ دەکەن و ئیمام خومەینیش خودموختاری دەدا بەئێوە، خۆ ئەگەر خودموختاریش نەدا ناشێ بەگژی دابچین، چونکە دژی ئیمپریالیزمە ! ! رەنگە بۆچوونەکەم تەواو نەبێ و گەلێك هۆی دیکەش هەبووبن، بەڵام بەبیروڕای من ئەو هەڵەیەی ئەوان کردیان بەهیچ بڕوبیانوێك پینە ناکرێ.

دوای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی حەوت کەسی زۆربەی خەڵك لایان وابوو منیش لەگەڵیانم، کەوتبوومە بەر پرسیاران، لەنێو شار، لەلادێ، لەنێو رێکخراوەکانی حیزب، لەلایەن حیزبە کوردیەکانی کوردستانی عێراقەوە نامەی پرسیارم بۆ دەهات، لەهەمان ناخۆشتر کۆنە دۆستێکی فرە خۆشەویستم تەلەفۆنی کرد بێ ئەحوالپرسی جاران گوتی وەڵاهی لێت زیز بووم و ناتدوێنم.

– بۆچی.. چقەوماوە؟ پێم وانییە بەراستیت بێ؟

– چۆن.. تۆ لەگەڵ ئەوانە چووی، حیزبت بەجێ هێشتووە؟

کۆرەکانی رێکخراویش کەلەیەکێتی لاوان جیابوونەوە و دەرکەوت زۆریان هەر پێشتر تودەیی بوون و خۆیان خزاندبوە نێو حیزبی دیموکرات، بڵاویان دەکردەوە کەفلانکەسمان لەگەڵە، ئەمجار کەدەرکەوت من لەگەڵیان نیم و رێگای ئەوانم پێ چەوتە، دەستیانکرد بەبڵاوکردنەوەی بوختانی ئەوتۆ کەنەك هەر فڕی

بەراستییەوە نەبوو، بەڵکو لەڕێگای شەرافەت و ئوسوڵی دۆستایەتیش بەدوور بوو، هێندێ کەسی گوێ لەمست و بەڕەڵاش کەلەدەوروبەری دەفتەری سیاسی کۆکرابوونەوە، ئەوانیش لەدەوروبەری من قوتەقوتیان بوو کەبزانن داخوا لەگەڵ ئەو دەستەیە هاوکارم یان نا؟

رۆژی ٩٨٠/٦/١٧ هەواڵدەری رۆیتەر لەتارانەوە تەلەفۆنی کرد و باس و خواسی جیابوونەوەی غەنی بلوریانی پرسی، پێمگوت: حەوت کەس لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەیاننامەیەکیان بڵاوکردۆتەوە و لەحیزبی دیموکرات جیابوونەوە، لام وانییە لەنێو حیزبدا تەنسیرێکی بەرچاوی هەبێ، کابرا پرسی: راستە دەڵێن کەریمی حسامیش لەگەڵیانە؟

– نا راست نییە.

– لەتاران وا بڵاوبۆتەوە کەحسامی لەگەڵیانە دەمویست بزانم.

– تۆ تەلەفۆنت بۆ کوێ کردووە؟

– بۆ تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات لەمەهاباد.

– راستە ئەوە کەریمی حسامییە لەگەڵ تۆ قسان دەکا.

– چۆن بزانم خۆیەتی؟

– تەشریف بێنە مەهاباد دەزانی.

رۆژی ١٩٨٠/٦/١٨ بەیاننامەی دەفتەری سیاسی لەژێر سەرخەتی: (خەیانەتی گروهی حەوت نەفەری) لەسەر جیابوونەوەی ئەم حەوت کەسە بڵاوکرایەوە، لەبەیاننامەکەدا بەخائین و بەجاش ناویان بردبوون، رۆژی دوایی لەسەر نووسین و بەکارهێنانی وشەی (جاش) نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نووسی و

لەبەکارهێنانی وشەی (جاش) رەخنەم گرت، نووسیم زۆر شەرمە وشەی جاش بێتە نێو ئەدەبیاتی حیزبی ئێمە، جاش بەو کەسانە دەگوترێ کەدژی بزووتنەوە چەکیان هەڵگرتبێ و دژی حیزب شەڕیانکردبێ، ئەوانە چەکیان هەڵنەگرتوە و بیروڕایەکی جیاوازیان هەیە و جیابوونەوە، باشترە بۆ رێگای چارەکردنی ئەو مەسەلە تێبکۆشین.

رۆژی دوایی کاك جەلیلی گادانی پەیدا بوو، گوتی: (نامەکەت لەدەفتەری سیاسی خوێنرایەوە و بەلایەنگری ئەوان حیساب کرای، وشەی جاش بۆ ئەوانە پڕ بەپێستیەتی، ئەوانە جاش و خائینن)، باسکردن لەگەڵ کاك جەلیل بێفایدە بوو، لەدەفتەری سیاسی بەجاش دانرابوون، ئیتر لای ئەو تەواو بوو، لەم بوارەدا قسەیەکی کاك نەژادم وەبیر هاتبۆوە، ساڵی ١٩٦٣ کەشەڕ لەکوردستان توند بوو و رۆژنامەی پراڤدای سۆڤێتی لەوتارێکدا لەباسی شەڕی کوردستانی عێراقدا نووسیبووی: (ژەنراڵ جەلال تاڵەبانی)، پاشان پریماکوف لەگەڵ مام جەلال وتوێژ دەکاو لەئاخافتنەکانیدا هەر دەڵێ: (ژەنراڵ) هەرچەند مام جەلال دەڵێ ژەنراڵ نیم فایدەی نابێ، لەپراگ بووین باسکرا، کاك نەژاد گوتی: کاکە پراڤدا نوسیوەیتی ژەنراڵ، هەتا جارێکی تر نەنوسێتەوە ژەنراڵ نییە، هەر ژەنراڵە و روس نایگۆڕن، لەدەفتەری سیاسیش مامۆستا مەلا عەولاّ نووسیبووی جاش، دکتۆر قاسملۆش دەستی لێ نەدابوو، ئیتر باسکردنی لەگەڵ کاك جەلیل بێفایدە بوو.

چەند رۆژ دوای جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسی، بەیانیەکی زوو لەدوام هاتن گوتیان دکتۆر قاسملۆ لەماڵی عەلی حەسەنیانییە و بانگت دەکا، پێم سەیر بوو، دکتۆر لەنێو شار نییە، بەم بەیانیە لەماڵی عەلی حەسەنیانی چیدەکات؟

هاتم بۆ دەفتەری تەشکیلات کەیەکێك لەبرادەران لەگەڵ خۆم بەرم دیتم موهەندیس فاروقی کەیخوسرەوی و کاك حەمەدەمینی سیراجی لەپێش دەفتەری

تەشکیلات راگیراون، دوو سێ پێشمەرگەی دەفتەری سیاسیش لەوێن، یەکیان هەتیوێکی سەرسەریە بەناوی (ئەبو عیمادی) لەگەڵ فاروق و حەمەدەمین چاکوخۆشیم کرد و گوتم فەرموون بۆ سەرێ، خێرە بەو بەیانییە؟

.

– گیراوین.

– یانی چی؟ کێ گرتوونی؟

ئەبو عیمادی هاتە پێش و گوتی: کاك کەریم ئێمە گرتومانن و هێناومانن.

– ئێوە چکارەن، کێ گوتویە خەڵکی بگرن؟

– لەدەفتەر پێمان گوتراوە هەریەك لەوانە تووشیان بین بیانگرین.

– باشە... ئەوە هێناوتانن ئێرە ئیتر برۆن خۆم دەزانم.

– ناتوانین هەروا برۆین، رەسیدمان بدەنێ.

بانگی کاك کەریمی عەلیارم کرد کەفەرماندەی هێزی پێشەوابوو، گوتم ئەوە چییە، کێ فەرمانی گرتنی ئەوانەی داوە؟ گوتی: من ئاگام لێ نییە، ئەوانە پێشمەرگەی دەفتەری سیاسین.

– پێشمەرگەی دەفتەری سیاسی با لەچیا خەڵك بگرن، ئێرە نێو شارە و تۆش بەرپرسی.

کاك کەریمی عەلیار گوتی: تۆ رەسیدێکیان بدەیە با برۆن، هەروا بەسەر پێوە رەسیدێکم نووسی، حەمەدەمین و ماشێن و فاروقم وەرگرتەوە و ئەوانم بەڕێکرد و لەگەڵ کەمالی شافیعی، چوومە لای دکتۆر، کەچووم ئەبو عیمادی لەبەر دەرگای مالّی عەلی حەسەنیانی راوەستابوو، کەمالی شافیعی گوتی: (هەتیو ئەوە لێرە چدەکەی؟).

– هاتووم ئەو ڕەسیدە پیشانی دکتۆر بدەم، بزانم دەڵێ چی!

لەگەڵ ئێمە هاتە ژوورێ، دکتۆر دەنگی دا و گوتی تۆ لێرە چدەکەی؟

– کاك کەریم ئەو ڕەسیدەی داوینێ و فاروق و سیراجی ئازاد کردووە.

– باشە بڕۆ، ئەگەر کاك کەریم ڕەسیدی داوە، ئیتر بڕۆ، خۆی دەزانێ.

بۆم دەرکەوت کەئەوانە لەگەڵ دکتۆر هاتوونە خوار و دکتۆریان داناوە و کەوتوونە ڕاوی تاقمی حەوت کەسە و فەرمانی گرتنیشیان لەلایەن دەفتەری سیاسیەوە دراوە کەدرەنگتر کوشتنیشی بەدواوە بوو، ئەوە لەکاتێکا کەبەسەدان ئاژاوەچی و هێرۆئینی و ساواکی لەکوردستان دەسوڕانەوە و دژی حیزبی دیموکرات کاریشیان دەکرد و دەیاننوسی، بەڵام کەس نەبوو نەبیانگرێ و نەڕاویان بنێ، چونکە کوردستان سەنگەری ئازادی و دیموکراسی بوو!!

لەگەڵ دکتۆر چووینە ژوورێکی دیکە، لەپێشدا من لەو بۆچوون و ڕاونانە ڕەخنەم گرت و گوتم پێویستە ڕێگای دیکە بۆ چاری ئەو مەسەلەیە بدۆزرێتەوە، پاشان پێم خۆش نییە ئەو لات و سەرسەریانە پێشمەرگەی دەفتەر بن و بەتایبەت لەگەڵ تۆش بگەڕێن، دکتۆر گوتی: ئەوانە چەك و مالّی حیزبیان لەکنە دەبێ بیدەنەوە، گوتم ڕاستە، بەڵام جارێ حیزب لەسەر ئەوە پەکی نەکەوتوە، ئەوەش لام وایە نابێ لەڕێگای گرتن و ڕاونانەوە بێ.

دکتۆر گوتی: (پێم خۆشە بچیە کن مامە غەنی، بەڵام مەڵێ ئەو نادوومی، بڵێ وەختی ئەوە نییە، مەسئولیەتێکی گەورەی لەسەر شانیە، بەم کارە زیانێکی قورس وەجوڵانەوەی کورد و وەشەخسی خۆشی دەکەوێ، درەنگ نەبووە، با بگەڕێتەوە نێو حیزب، با دوژمن پێمان خۆش نەبێ، خۆشت لەم بارەوە هەرچی دەیزانی و چەندی پێت دەکرێ بیدوێنە و قسەی لەگەڵ بکە).

دکتۆرم بەجێ هێشت و هەر ئەو رۆژە چوومە مالّی مامە غەنی، ئەحمەدی عەزیزی کەلەشەپی سنە بریندار ببوو، لەگەلّ یەک دوو کەسیتر لەوێ بوون، کەچاویان بەمن کەوت شاگەشکە بوون، تێکڕا: دەک ڕەببی بەخێر بێی، جا وا درەنگ، هەر چاوەڕوان بووین، بەیەکجاری هاتووی یان هێشتا چاوەڕوانبین؟

– نەبەیەکجاری هاتووم و نەچاوەڕوانیش بن، کارێکی واتان نەکردوە کەچاوەڕوانی من بن، لەگەلّ مامە غەنی چووینە قاتی سەرێ و دانیشتین، گوتم بۆیە هاتووم بەدرێژی قسەت لەگەلّ بکەم و بەراشکاوی پێت بلّێم کارێکی زۆر ناحەزت کردوە، تووشی هەلّەیەکی گەورە بووی، لەپێشدا دەمەوێ بلّێم تۆ ئەگەر دەتویست هەنگاوێکی ئاوا بنێی، بۆچی نەدەچوویە نێو ڕێکخراوەکانی حیزب و قسەیان لەگەلّ بکەی و ڕوونیان بکەیەوە، داوای کۆنفرانسی حیزبی بکەی، تۆ کەمنت دەناسی و بەهاوکار و دۆستت دەزانیم تەنانەت جارێك لەگەلّ منیشت ئەو ناکۆکی و خەیالّی جیابوونەوە نەهێنا گۆڕێ، لەبیرتە لەکۆنگرە چەند جارم پێ گوتی تۆ دەتوانی پێشی فرۆفێلّی دکتۆر بگری، خۆت ماتکرد و هەرچی دکتۆر کردی و گوتی بۆت لەملیدا؟ ئێستاش پێم وایە لەم کارەشدا وەدوای قسەی خەلّکی کەوتووی، من لام وایە درەنگ نەبووە پیاوی سیاسی دەبێ ئەو شەهامەتەی هەبێ ئەگەر تووشی هەلّە بوو، بتوانێ ڕاستی کاتەوە، هاتووم تکات لێ بکەم بگەڕێیەوە نێو حیزب، ڕێز و ئیحترامت لەجاران پتر دەبێ بوونی تۆ لەنێو حیزبدا دەتوانێ گەلێك هەنگاوی ناڕەوا بگرێ، ئەم لەتبوونە بەقازانجی بزووتنەوەی ئێستای کورد نییە، بێجگە لەوانە دەمەوێ بزانم دەتەوێ چبکەی؟

مامە غەنی گوێچکەی بۆ قسەکانم ڕاگرت و دوای تەواوبوونم لەپێشدا هێندێ کوتە کاغەزی لەگیرفانی هێنادەر کەدکتۆر قاسملۆ بۆ سمکۆی عەلیاری نووسیبوو، لەگەلّ کوتە نووسراوەیەك کەپێوەندی لەگەلّ بەعسی عێراق نیشاندەدا و گوتی:

(ئەوانە هەموویان بەڵگەی خەیانەتن کەقاسملۆ پێوەندی بەبەعسەوە هەیە).

گوتم مامە غەنی ئەوانە شتێکی تازە نین، ئێمە ئەوە چەند ساڵە لەگەڵ بەعس پێوەندیمان هەیە لەسەرەتاوە تۆ ئاگاداری ئەو پێوەندیانە بووی، گوتی: (فەرقی هەیە، من نامەوێ چەك دابنێم لەم چیایانەی کوردستان مەقەڕ دەکەمەوە، بەڵام بەقسەی بەعس شەڕ ناکەم، راستە دەبوایە لەپێشدا لەگەڵ رێکخراوەکانی حیزب باسم کردبایە، بەڵام مەلا رەسوڵ و مەلا حەسەن درۆیان لەگەڵ کردم، مەلا رەسوڵ گوتی لەبەیرەم یا لەگاکەش مەقەڕ دەکەینەوە، تۆ خۆت شاهێد نی ١٧ تفەنگی کلاشینکۆفم هێنانەوە و لەکۆنە دێ تەحویلی مەلا رەسوڵم دان؟ گوتم لام وایە یەکێکیانمان دا بەخانەخوێیەکە هەر ١٦ دانە مەلا رەسوڵ بردنی، راستە.. مەبەست.. لەئاست تۆ بەهەڵەدا چووم، پێم وابوو ئیختیلافی شەخسیت لەگەڵ قاسملۆ هەیە، سبەی رادیۆ مۆسکۆ بەیاننامەکەمان دەخوێنێتەوە، هەموو وڵاتانی سۆسیالیستی پشتیوانیم لێ دەکەن، حیزبە کۆمۆنیستەکان بەرەسمیم دەناسن و پشتیوانیم لێ دەکەن، حیزبی دیموکرات من دەبم نەك قاسملۆ، لەگەڵ ئەو کابرایە کار ناکرێ).

گوتم مامە غەنی، مۆسکۆ بەیاننامەکەتان ناخوێنێتەوە، لەو هەل و مەرجەدا جیابوونەوە بەقازانج نازانم، بەداخەوە مامە غەنی ملی بۆ قسەکانی من رانەکێشا و نەگەڕاوە نێو حیزب و زیانێکی زۆر وەجوڵانەوە کەوت و لەچیاکانی کوردستانیش مەقەڕی نەکردەوە.

دوای جیابوونەوە بەراستی کارەساتی ناحەز و ناڕەوا قەومان، لەبۆکان و مەهاباد وسەقز دەستکرا بەراونان و گرتنی لایەنگرانی تاقمی حەوت کەسە، هەموو رۆژێ چەند کەسیان لەکەسانی جۆربەجۆر دەهێنا دەفتەری تەشکیلات و کەتاوانەکەم دەپرسی، هەر ئەوەندەبوو کەگوێیا لایەنگری ئەوانە، ئازادم دەکردن، رۆژێك کاك

کەریمی عەلیار فەرماندەی هێزی پێشەوا گوتی: (کاك کەریم ئێمە تێناگەین تۆ لەگەڵ حیزبی یان لەگەڵ تاقمی حەوت کەسەی؟ لەدەفتەری سیاسی بەئێمە گوتراوە کەئەوانە بگرین، دەیانهێنینە ئێرە، تۆ ئازادیان دەکەی)، گوتم کاك سەرگورد من ئەندامی حیزبم و لەگەڵ ئەوان نیم، کاری ئەوانیشم پێ هەڵەیە، بەڵام رێگا نادەم لەتەشکیلاتی مەهاباد دا رەوشتی ساواکی رژێمی پێشوو بەکاربێنن، ساواکیش هەر بەتاوانی جیاوازی بیروباوەڕ و بۆچوون، موخالیفەکانی خۆی راو دەنا و دەیانکوشتن، ئێوە لەچی ئەوانە دەترسێن؟ نەچەکیان هەیە، نەهێزی شەڕیان هەیە، ئێوە بەم هەموو هێز و تواناوە، بۆ لەچەند کەس دەترسێن و دەیانگرن؟

گێرەشێوێن و شەڕ هەڵاییسێنەر و ئاژاوەچی دەیانویست لەم ناکۆکی و ئیختیلافە کەڵك وەربگرن و ئاسایشی شار تێك بدەن، لەدەفتەری تەشکیلات بووم خەبەریان هێنا کەکتێبخانەی حیزبی تودەیان ئاگر تێبەردا، کتێب و رۆژنامەیان بەجادە وەرکردووە و دەسووتێ، تەلەفۆنم کرد بۆ سەرگورد عەبباسی شەهید و گوتم ئەوە چییە بۆ پێشی ئەو ئاژاوەیە ناگرن؟

گوتی تکایە هەستە وەرە ئێرە، کەچووم ٤-٥ کەسی ئەوانەی لەدەفتەری حیزبی تودە دەبوون لەوێ دانیشتبوون و دوو سێ پێشمەرگەی حیزبیش سەر بەدەفتەری سیاسی لەوێ راوەستابوون، یەکیان هەر ئەو ئەبو عیمادە سەر سەریە بوو، سەرگوردی رەحمەتی گوتی: (ئابڕووچوونە، کۆمەڵە و چریك و ئیتحادیەی کۆمۆنیستان و پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات کتێبخانە و رۆژنامەی حیزبی تودەیان ئاگر تێبەرداوە.

لەپێشمەرگەکانم پرسی ئێوە لەنێو شار چدەکەن؟ ئێوە دەبێ ئەمنیەتی شار بپارێزن یا دەفتەر و کتێب و رۆژنامە بسووتێنن؟

یەکیان گوتی: رۆژنامەیان دەفرۆشت و هاواریان دەکرد: قاسملۆ جاشی بەعسە، ئێمەش پێشی خەڵکمان پێ نەدەگیرا، یەکی ریوەڵەی تودەیی کەزۆرجار لەرۆژنامە فرۆشیەکەدا دیتبووم و نەمدەناسی و لەترسانیش خۆی مەڵاسدا بوو، هەڵیدایە و گوتی: ئەرێ وەڵا جاشی بەعسە و نۆکەری ئیمپریالیزمیشە و لەجاش خەراپترە، بەتوندی لێی توڕەبووم و گوتم هەتیوە خوێرپە تۆ غەڵەت دەکەی قسە بەدکتۆر دەڵێی، ئیتر یەك لەپێشمەرگەکان غاریدایە، سەرگورد رابوو بەتوندی دەنگیدا و پێشمەرگەکانی لەژوورێ وەدەرنا، من نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نووسی لەگەڵ مەحکوم کردنی ئەو تاوانە پێشنیارم کرد کەدەفتەری سیاسی لەراگەیاندنێکدا ئەو کارە مەحکوم بکا، دکتۆر قاسملۆ لەوەڵامی نامەی منیدا نووسیبووی: (خەڵکی جۆر بەجۆر ئەو کارەیان کردوە و پێشمەرگەی ئێمەش بەهەڵکەوت لەوێ بوون، ئێمە کاری وا تەئیید ناکەین، بەڵام ئەگەر بەیاننامەی لەسەر دەرکەین، وا دەگەیەنێ کەئێمە دەستمان تێدا بووە ! !).

سەیر ئەوەبوو حیزبی تودەش لەرۆژنامەی مەردوم دا نووسیبووی: کەریمی حسامی مەسئولی تەشکیلاتی قاسملۆ جنێوی بەئەندامانی ئێمە داوە، ئیتر نەینووسیبوو بەدوو جنێوان لەکوشتن و تێهەڵدان رزگارم کردون ! ! بەدوای ئەوەدا تاقمی حەوت کەسە ویستبوویان بەهیوای ئەو ئازادی و دیموکراسیەی کەحیزبی دیموکرات بەقسە و بەنووسین رایدەگەیاند، لەمەهاباد میتینگ ساز بکا، ئەحمەدی عەزیزی بیان بەبریندارى هێنا بوو قسە بکا، پێشمەرگە بەناویان وەربیوون و بڵاوەیان پێکردبوون.

لام وایە دوو حەفتە پێچوو تەشکیلاتی مەهاباد لەسەر ئەو رووداوەیە بەیاننامەی بڵاو نەکردەوە، بەڵام من وتارێکم نووسی و بڕیارمدا لەرۆژنامەی پێشەوادا بڵاو بکرێتەوە، لەوتارەکەدا هەنگاوی تاقمی حەوت کەسەم مەحکوم کردبوو، بەلادان و

بەزیانی بزووتنەوەی کوردم دانابوو، بەڵام بەجاشم ناو نەهێنابوون، دەفتەری سیاسی خەبەریدا کەئەندامانی هەیئەتی ئیجرائییەی تەشکیلاتی مەهاباد هەموویان بێنە دەفتەر، رۆژێك هەستاین بەتێکڕایی بەرەو دۆڵی شێخان کەوتینە رێگا لەگەڵ دەفتەری سیاسی کۆبینەوە، بەرلەوەی بگەینە خێوەتی دەفتەر، لەبنکەی پێشمەرگە لەبن داران جێگایان بۆ میوانان ساز کردبوو، دانیشتین، دکتۆر قاسملۆ و مەلا عەولاش پەیدا بوون، دوای بەخێرهێنان و چاك و چۆنی، لەسەرەتاوە دکتۆر بەتۆپ و تەشەرەوە هاتە مەیدان و حەملەی دەستپێکرد و گوتی: (من ئەو تەشکیلاتەم ناوێ کەتا ئێستا بەیانێکتان لەسەر ئەو جاشانە دەرنەکردوە، ئەوە تەشکیلات نییە) من لەو توندتر لەوەڵامدا گوتم: (جارێ دەبێ بزانی تەشکیلاتی تۆ نییە و تەشکیلاتی حیزبە، رێکخراوێکە ئەندامانی حیزب هەڵیانبژاردوە هەر عەیبە قسەی وا دەکەی، پاشان هەروەك بۆم نوسیبوون، ئێمە بەکارهێنانی وشەی جاش بەراست نازانین، غەنی بلوریان و هێمن جاش نین، لامان وایە دەفتەری سیاسی نەدەبوایە ئەم وشەیە بخاتە نێو ئەدەبیاتی حیزبەوە).

دکتۆر گوتی: ئەوە نەزەری خۆتە، بەڵام لام وایە نەزەری تەشکیلاتە، برادەران وا لێرەن و با نەزەر بدەن، یەك دوو کەس گوتیان لامان وایە لەبەکارهێنانی وشەی جاش تاڵوکە کراوە، پاشان گوتم راستە ئێمە بەیانمان دەرنەکردوە، بەڵام من وتارێکم بۆ رۆژنامەی پێشەوا نوسیوە و دوو رۆژی دیکە بۆتان دەنێرین.

پاشان من هاتمە سەر گرتن و ناردنی زیندان و بێ سەرەو بەرەیی و ماشێن دزین و شتیوا و داوام کرد کەبەتوندی پێشی ئەو کارانە بگیرێ، دوای نانخواردن بەرەو شار شۆڕ بووینەوە.

لەو سەروبەندەدا نەوەی عەولاغای مەنگوڕ مردبوو، لەگەڵ کاك سەید حەسەنی هاشمی چووینە سەرەخۆشی، بۆ برایماغای کاقادریش مردبوو لەگەڵ کاك

عومەری قازی چووینە سەرەخۆشی، لەقۆیتەڵ گەلێك ئاغای مەنگوڕ و خەڵکیتر لەوێ بوون، دەستیان کرد بەگلەیی لەحیزب و منیش ئەوەی لەتوانامدا بوو، دڵخۆشیم دانەوە و گوتم تکایە لەرابردوو دەرس وەرگرن و فریوی دوژمن مەخۆن.

دوای گەڕانەوەمان لەدەفتەری سیاسی هێندێ لەئەندامانی ڕێکخراوی مەهاباد، لام وابوو لەبەر وردە حیساب و کۆنە دڵ ئێشی ناوی ٢٧ کەسیان هێنا کۆبونەوە کەئەوانە لایەنگری تاقمی حەوت کەسەن و دەبێ دەربکرێن، دیارە لەوانە چەند کەسیان بەنووسین لەحیزب ئیستعفایاندا، ئەوانیتر پاش باسێکی زۆر و دمە تەقە ١٧ کەس وەبەر دەرکردن کەوتن و بەیانیان لەسەر دەرکرا، دیارە سەفەری لای دەفتەری سیاسی و هێرشی دکتۆری بێ تەئسیر نەبوو.

نامەی دەفتەری سیاسی

ڕۆژی ١٩٨٠/٨/١٠ (١٣٥٩/٥/١٩) دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ کۆمیتەی شارستانی مەهاباد نووسیبوو:

١- بەهیچ جۆر لەنێو شاردا شەڕ مەکەن.

٢- ئەگەر ئەرتەش بەرەو بنکەکانی حیزب لەشار وەدەرکەوێ، بەتوندی لێی بدەن.

٣- تا دەتوانن لەئاژاوەچیەتی و شەڕ هەڵاییسێنەری تاقمە سیاسیەکانیتر بۆ بەهانە بەدەستدانی ئەرتەش بۆ سازکردنی شەڕ لەنێو شاردا بەرگری بکەن.

لەگەڵ ئاڵۆزبوونی بارودۆخی وڵات ڕێبەرایەتی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان لەشار وەدەردەکەوتن و یا وەدەرکەوتبوون، بەڵام مامۆستا شێخ عیزدین گوتبووی: (ئەمجارە داشانمەجید ببزوێ من نابزووم و شار بەجێ ناهێڵم،

(دڵگەرمیەك بوو بۆ خەڵك، چونكە داشانمەجید، ئەم كێوە بەرز و زەلامەی پشتی مەهاباد قەت نەدەبزوت، لەبارودۆخێكی ئاوا پڕ لەمەترسیدا، رێبەری مەزهەبی و دەفتەرەكەی وەك كێوی داشانمەجید لەنێو خەڵكدا بمێننەوە و نەبزوون، دیارە جێگای هومێد و دڵگەرمیە، بەتایبەت بۆ تەشكیلاتی مەهابادی حیزبی دیموكرات كەئێویش بڕیاری دابوو نەبزوێ، رێبەرانی سیاسی شاریان بەجێ هێشتبوو، مانەوەی رێبەری مەزهەبی جێگای هومێد بوو، من لەدەفتەری تەشكیلات نەدەبزوتم. دانیشتبووم كاك مەلا رەسوڵی پێشنماز وەڕوور كەوت و گوتی: (ئەوە تۆ هەر لێرە دانیشتووی ئاگات لەهیچ نییە داشانمەجید بزووت)، مەلا رەسوڵ بەشێوەیەكی وەها هارۆژانی و توند و بەگورم قسە كەی كرد، قوت بووم، پێم وابوو ئەو هێزەی ئەرتەشی كەلەسەر داشانمەجید بزووتوە بێتە نێو شار، گوتم چۆن، ئەدی سەرگورد لەكوێیە؟ چدەكەن... ئامادەگیتان چۆنە؟

مەلا رەسوڵ گوتی: چۆنی پێناوێ، بزوت و تەواو بوو، تۆزێ خاو ببۆوە، منیش هاتمەوە سەرخۆ گوتم: ئەوە دەڵێی چی مەلا رەسو؟ چ بزوت؟

كوڕە دەڵێم چی، مەلا شێخ عیزەدین بزوت و رۆیشت و شاری بەجێ هێشت.

دەباشە مالّت خەرا نەبێ، چاك چاكی كرد، وەزع خەتەرە، خودا نەخواستە مامۆستا شتێكی بەسەر بێ، ئەو میللەتە لێقەوماوە چبكا و بێ رێبەری مەزهەبی چۆن دەتوانێ رزگاری بێ خودای لەگەڵ بێ.

رۆژی ۱۹۸۰/۸/۱۰ (۱۳۵۹/٥/۱۹) پادگانی مەهاباد ئەم بەیاننامەی خوارەوەی لەرادیۆی مەهابادا بڵاو كردەوە:

بەناوی خودا- بەیاننامەی ژمارە یەك

(خەڵكی بەغیرەت و موسڵمانی شارستانی مەهاباد، ئەفرادی نیزامی نشتەجێ

لەمەهاباد، رۆژی ٥٩/٥/١٩ بۆ ئەنجامدانی مەعموریەتی فێر کردەیی رۆژانە، بەچەك و قۆرخانەوە بەنێو شار و دەوروبەری شاردا هاتووچۆ دەکەن، چاوەڕوانین کەخەڵکی بەڕێزی مەهاباد لەگەڵ هاوکاری برا نیزامیەکانیان، نەبنە کۆسپی هاتووچۆی ئەوان، ئەگەر کەسانی غەیرە مەسئول و ئاژاوەچی، بیانەوێ پێشی ئەم گەڕان و هاتووچۆیە بگرن، بەتوندترین شێوە سەرکوت دەکرێن و خۆیان دەبنە هۆی شەڕ هەڵگیرسان و مالوێرانی هاوشاریەکانیان) ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی، پادگانی مەهاباد.

بۆ پێشگری لەئاژاوە و لێکۆڵینەوەی هەڕەشەی ئەرتەش هەر ئەوێ رۆژێ لەفەرماندارى مەهاباد کۆبوونەوەیەك پێکهات، لەم کۆبوونەوەیەدا سەرگورد فەڕوخی نوێنەری پادگان، سەروان داودی سەرۆکی شارەوانی، دادستانی مەهاباد و نوێنەرانی تاقم و تۆڕی کۆمەڵایەتی شار و ریش سپی و پیاو ماقوڵ و نوێنەرانی حیزب و رێکخراوە سیاسیەکان بەشداریان کرد، لەلایەن تەشکیلاتی مەهابادەوە کاك عومەری قازی بەشداری کرد، پاش باسێکی زۆر گەیشتبوونە ئەم بڕیارانەی خوارەوە:

١- حیزب و گروە و رێکخراوەکان نابێ بەهیچ جۆر دەست لەکاروباری نەزمی شار وەربدەن.

٢- ئەفرادی هیچ حیزب و رێکخراوەیەك نابێ بەچەکەوە لەنێو شاردا هاتووچۆ بکەن.

٣- پاراستنی نەزمی شار لەئەستۆی شارەوانی کۆماری ئیسلامیە.

٤- گشت هێزە نیزامیەکانی نیشتەجێ لەمەهاباد، لەژێر دەسەڵاتی تیپی مەهابادا دەبن و فەرماندەی پادگان بەرپرسیانە.

پتر لە ٢٠ کەس ئەم بەیاننامەیان ئیمزا کردبوو، دوای ئەم کۆبوونەوەیە کۆمیتەی شارستان لەگەڵ فەرماندەی هێزی پێشمەوا هاتە سەر ئەو باوەڕە کەپێشمەرگەی لەمەقەڕ و بنکەی خۆیاندا وریا بن و بەچەکەوە لەنێو شاردا نەسوڕێنەوە، لەراستیشدا ئێمە دەمانویست هێمنایەتی شار بپارێزرێ، یەکەم بڕیاری دەفتەری سیاسی بوو، دووەم ئاژاوەی نێو شار بەقازانجمان نەبوو، لەبەرامبەر ئەوەدا کۆمەڵە ئەو هەڵوێستەی ئێمەی بەسازشکاری و چەکدانان حیساب دەکرد.

رۆژی ٣٥٩/٥/٢٣ (٩٨٠/٨/١٤) ئەم نامەیەی خوارەوەم بۆ دەفتەری سیاسی نووسی:

بەڕێز دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە، بەپێویستی دەزانم لەسەر چەند مەسەلە بیروباوەڕی خۆم دەربڕم و چارەسەرکردنیان لەلایەن رابەرایەتی حیزبەوە بەئەرکێکی جیددی دەزانم.

ا- سیاسەتی بەرگری و شەڕ و بەربەرەکانی:

لامولیە ئەگەر بەگشتیش سیاسەتی حیزب روونبێ، لانی کەم لەباری تاکتیکی جولانەوەی رۆژانە، هێزە چەکدارەکانی ئێمە نازانن چدەکەن.

تەماشای عەمەلیاتی مانگێکی پێشمەرگە بکەین، لەساینقەلاوە بگرە تا شنۆ، لانی کەم ٢٠ پێشمەرگەمان کوژراوە، گومانم لەوەدا نییە کەلەوانیش هەر ئەوەندە کوژراوە، ئەوە زیانێکی زۆر گەورەیە بۆ ئێمە، ئەگەر پێشمەرگەیەکی ئێمە لەبەرامبەر ٢٠ پاسداردا بکوژرێ، دیسان ئێمە زەرەرمان کردووە، بێجگە لەوە هەمووی ئەو پێشمەرگانە بەخۆڕایی لەئەسەری نەبوونی فەرماندە و بێ تاکتیکی و بێ سەرەوبەرەییدا کوژراون، رابەرایەتی حیزب جارێك لەوەی کۆڵیەوە کەبۆچی

لەداشکستان فەرماندە بێ کێشک و بێ فیشەک پێشمەرگە بەجێ دێڵێ؟ بۆچی سندوقە فیشەک لەماشێنی فەرماندەدا دەبێ و پێشمەرگە بە ٤٠ فیشەک و ٢٠ فیشەکەوە لەمەتەرێزدا دەبن؟ نابێ بزانن کێ مەسئوڵی ئەو جنایەتەیە؟ رابەرایەتی حیزب لەوەی کۆڵیوەتەوە کەهۆی چۆڵبوونی ناوچەی ساینقەڵا و داشکستان چی بووە؟ ئێستا بەهەزاران ماڵ دەربەدەر بوون، داخوا لەدووڕەوە تۆپ بەساینقەڵا و یا شوێنێکی دیکەوە نان کەنەتیجە ببێتە پەلاماری دوژمن و وێرانکردنی دێهات کردەوە و تاکتیکێکی راستە؟ لەوە کۆڵراوەتەوە کەکاتێکی دەمانەوێ لەشار وەدەرکەوین، بۆچی دەبێ پێشمەرگە بەماشێنی سەر ئاواڵە تەقڵە و رمبازی بەنێو شاردا بکا و بچێتە بەردەمی پاسداران و چوار کەسمان بەخۆڕایی لەکیس بچن؟ لەخەلیفان هیچ ڕوون نییە بۆچی پێشمەرگەی ئێمە بەشەو لەداو دەکەون؟ لەخەبەری هەوەڵیدا کەکەمی مابوو بۆ ئێوەی بنووسم، فەرماندەی هێزی پێشەوا گوتی ٢٠ پاسدار کوژراوە و ٣ پێشمەرگەش بریندارن، بەڵام لەواقیعدا لەدوژمن کەس نەکوژراوە و ٣ پێشمەرگەش شەهید بوون من سەرباز نیم و قانونی شەڕ نازانم، بەڵام داخوا کوژران و بەکوشتندان و پەلامار و کشانەوە لەلایەن حیزبەوە لێ پرسینەوەی هەیە؟ داخوا مەسئوڵی سیاسی نییە کەپەلامار و کشانەوە لەباری سیاسیەوە لێکبداتەوە؟ ئەوانە بەکەمتەرخەمی و یا نەزانی و یا بێ موبالاتی رابەرایەتی حیزب دەزانم و دەبێ چارەسەر بکرێن.

٢- لەلایەن تەشکیلاتەوە دوێنێ لەسەر ماشێن دزین و چەتەگەری هێزی ئەفشین بۆم نوسیون، بەڵام ئێستا نەزەری شەخسی خۆم رادەگەیەنم، ماشێن دز و تفەنگ دز و ئیستفادەچی شەڕ ساز دەکەنەوە و حیزبەکەمان تووشی تەنگ و چەڵەمەی گەورەتر دەکەن، ئەگەر سیاسەتی دەفتەری سیاسی پێش بەڕەڵا کردنی پێشمەرگەیە بۆ ماشێن دزین، تکایە بەئێمەش رابگەیەنن کەخۆمان پیاو خەراپ

نەکەین، هێندێ لەفەرماندەکان وەک زەمانی شکاکان دەڵێن ئەگەر پێشمەرگە ماشێن نەدزێ و تۆندوتیژی لەگەڵ بکرێ، بەو حقوقە کەمە شەڕ ناکا ! ! جا ئەگەر دەفتەری سیاسیش موافیقی ئەو نەزەرەیە، وا رووبی کەنەوە، ئەگەر موافیق نییە، جارێک سەر لقێک، پێشمەرگەیەک لەسەر ئەو کارە چەک کرا؟ نا.. چونکە دەتانەوێ ئەو پێشمەرگانە پشتیوانیان لێ بکەن و تەبلیغات بۆ رابەرایەتی حیزب بکەن، ئەو مەسەلە بۆ ئێوە گرنگە نەک ئەم وەزعەی کەلەسەر ماشێن دزین پێکهاتوە و گاڵتە بەپرستیژی حیزب دەکرێ.

٣- ئەوە بۆ هەوەڵجار دەبینم نامەیەکی بۆ دەفتەری سیاسی بنوسرێ، پێشمەرگە بزانێ چییە و پێیان بگوترێ کەتەشکیلات چی نووسیوە، رەنگە بۆ ئەوە بێ کەپشتیوانی ئەو پێشمەرگانە یا ئەو لات و سەر سەریانە بۆ لای خۆتان رابکێشن، پێشمەرگەی وەک ئەبوبەکری عیمادی کەبوونی لەریزی جولانەوەدا ئابڕوچوونە، وەک قادری برایمی کەشریتی تەجاوەزی بەپێشمەرگە بەزۆری پارەکەم بۆ دەفتەری سیاسی ناردوە و چاوتان لێ نوقاند، بەراستی ناکرێ لەراست ئەو هەموو شتە پیاو خۆ مات کا.

لەسەر ئاور تێبەردانی دەفتەری حیزبی تودە نامەم بۆ دەفتەری سیاسی نووسیوە، واقعیەت چۆن بوە و چییان بەتەشکیلات راپۆرت داوە، ئەوەم نوسیوە، بۆ بەیانی ئەبوبەکری عیمادی و هەتیوێکی دیکە لەسەرێ گەڕاونەوە و لەپێش دەفتەری حیزب بەربینگم پێدەگرن کەراپۆرتم لێداون، لەسەر رۆیشتن بووم دەنا بۆ ئەو کەسەم تەمبێ دەکردن کەپشتیوانی لێ دەکەن، ئەسڵەن پشتیوانی لات و سەر سەری ئاوا لەرێبەرایەتی حیزب ئابڕوچوونە، نەتیجەی سیاسی پشتیوانی و سەرسەریەتی ئەوانە بۆ حیزبی ئێمە لامولیە زۆر باش نییە.

٤- وەک لەزیندانەوە خەبەر دەدەن، زۆر کەسی بێ پەروەندە و پرسیار ماوەیەکی

زۆرە گیراون، هەندێکیان فەلەج بوون، لام وایە پێڕاگەیشتن بەوەزعی ئەوانە کارێکی باشبێ، راگرتنیان نازانم فایدەی چییە؟ لەوانەیە ئێوە لەوەزعی گیراوەکان زۆر ئاگادار نەبن.

لەکۆتاییدا تکا دەکەم لەبەرامبەر وەزعی ناسك و بەترسی ئێستادا، پتر هەست بەمەسئولیەت بکەن و لێبڕاوتر بڕیار بدەن.

خۆشیتان براتان کەریمی حسامی ۵۹/۵/۲۳

پاش ئەو نامەیە دەفتەری سیاسی نامەیەکی نارد نووسیبووی لەمەودوا بەبێ ئاگاداری و نووسراوەی تەشکیلاتی مەهاباد نابێ هیچ کەس بگیرێ و بۆ زیندان بەڕێ بکرێ، باشبوو تۆزێك پێشی بەڕەڵایی گیرا، رۆژی ۹۸۰/۸/۱۸ حوسێنی تاهیری ئوستانداری ئازربایجانی رۆژئاوا لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند کەحقوقی کارمەندانی دەوڵەتی لەبۆکان و مەهاباد نادرێ، دەقی بەیاننامەکە بەمجۆرەیە:

(ازاین تاریخ تا اطلاع ثانوی از پرداخت هرگونەوجهی به کلیەادارات وسازمانهای دولتی ونهادهای وابستەدرمهاباد و بوکان خود داری وحقوق کلیه افراد دولتی قطع گردد).

یادی دامەزرانی حیزبی دیموکرات

رۆژی ۲۵ی گەلاوێژ نێزیك دەبۆوە، دەبوایە لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا ۳۵ ساڵەی دامەزرانی حیزب جێژن بگرین، لەنێو ئەندامانی کۆمیتەی شارستان لەسەر ئەم مەسەلەیە بیروڕای جیاواز هەبوو، هێندێ لەبرادەران لەسەر ئەو باوەڕە بوون کەئاهەنگ و کۆبوونەوە پێویست نییە و تەنیا بەبڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەك یادی ئەو رۆژە بکەینەوە، هێندێکی تر دەیانویست ئاهەنگێکی گەورە ساز بکەین، پاش باسێکی زۆر هاتینە سەر ئەو بڕیارە کەئاهەنگ و کۆبوونەوە ساز بکرێ،

کۆمیتەیەکی ئامادەکردن و بەڕێوەبردنی جێژن هەڵبژێردرا، کارتی داوەتی خەڵك چاپ و ئامادە کران، جارێك هاتنە سەر ئەو باوەڕە کەلەکیتکە جێژن بگیرێ و خەڵك بەماشێن و لۆری و ئوتوبوسان بچنە کیتکە، لەو رایە پەشیوان بوونەوە و گوندی دیبوکریان بۆ کۆبوونەوە پێ باشتر بوو، پاشان بەدەلیلی نەبوونی ئەمنیەتی و هاتوچۆ ئەویشیان وەلانا، ئاخرەکەی کۆمیتەی ئامادەیی و کۆمیتەی شارستان هاتینە سەر ئەو رایە کەلەمەهاباد لەدانشسەرای کچان ئاهەنگی جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ ساز بکەین، بڕیاردرا تا رۆژی خۆی جێگای کۆبوونەوە بەنهێنی رابگیرێ، بۆ ئەم کارە دەبوایە ئیجازە لەخانم وەتەمیشی سەرۆکی دانشسەرا وەربگرین، برادەران گوتیان مەگەر بەقسەی تۆ بێتە بەربار، دەنا زەحمەتە موافەقەت بکا، هەر بەتەلەفۆن لەگەڵ خانم وەتەمیشی بۆرە ناسیارێکم هەبوو، کەتەلەفۆنم لێکرد زۆر بەگەرمی جوابی داوە:

ئەوە چلۆنە لێمان دەپرسی؟

– ویستم سڵاوێکت عەرز بکەم، بەڵام هەر ئەوەش نیە وای لێهاتوە ئێستا موحتاجی تۆ بووین و کارەکەمان کەوتۆتە دەستی تۆ، جا نازانم قسەی دەشکێنی یان نا؟

– جا کێ دەوێرێ قسەی تۆ بشکێنێ.

– مەسەلە وێران و نەوێران نیە ئیحترامی متقابیلە، تکامان ئەوەیە ئیجازە بدەی لەدانشسەرای کچان جێژنی دامەزرانی حیزب بەڕێوەبەرین، بەم بۆنەوە داوەتیشت دەکەم کەبەشداری جێژنەکەمان بکەی.

– ئەگەر دڵت نەیەشێ، من دەچم بۆ تاران و دانشسەراش لەئیختیاری خۆتاندا دەبێ.

– جا من وام ناوێ، دەمەوێ خۆت بەشداری بکەی، هەر حەیفە تۆ لەگەڵمان نەبی، مەگەر لەو جێژن و کۆبوونەوانەدا پیاو بتبینێ.

– تکای ئەوەم لێ مەکە، من دەڕۆم و ئێوەش جێژن بگرن و دیتنیش هەڵدەگرین بۆ دوایە.

رۆژی ٢٥ی گەلاوێژ (١٩٨٠/٨/١٦) لەسەر بانگەوازی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد پتر لەپێنج هەزار کەس لەحەوشە و حەساری دانشسەرای کچان لەمەهاباد کۆببۆوە فەرماندەی هێزی پێشەوا کار قایمێکی باشی کردبوو، لەشوێنی ستراتیژی و دەوروبەری دانشسەرا پێشمەرگەی دامەزراندبوون، سەرگورد عەبباسی رەحمەتی لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگە لەشورای نیزامی نێو شاردا مابۆوە و بەتەلەفۆن لەگەڵ دانشسەرا لەپێوەندیدا بوو، لەلایەن دەفتەری سیاسیەوە کاك جەلیلی گادانی بەشداری کردبوو، دوای کردنەوەی جێژن بەسرودی ئەی رەقیب لەلایەن کۆڕی یەکێتی لاوانەوە، بەناوی کۆمیتەی شارستانی تەشکیلاتی مەهاباد ئەم وتارەی خوارەوەم پێشکێش کرد:

خوشك و برایانی خۆشەویست:

هاوڕێیانی تێکۆشەری حیزبی! لەلایەن رێکخراوی ح.د.ك.ا تەشکیلاتی مەهابادەوە بەگەرمی بەخێرهاتنتان دەکەم، بـا لـەیادی ٣٥ سـاڵەی دامەزراندنی حیزبـدا بـۆ گیانێ پاکی شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان سـڵاوێکی شۆڕشـگێڕانە بنێـرین، هەروەها ئیجازە بدەن لە ح.د.ك سوپاس بکەین هـلـەماوەی ٣٥ سـاڵدا، سـەرەڕای تەنگ و چەڵەمە و هەورازو نشێو، خەباتی رزگـاریخوازی کـوردی رابـەری کـردوە و ئاڵای خەباتی دانەناوە و دوای کەوتن و سەرەنگرێبوون، هەستاوەتەوە و خـەباتی درێژە پێداوە.

٣٥ سالٌ لەمەوبەر لەرۆژێکی ئاوا پیرۆزدا، بەئیبتکار و پێشنیاری زانا و تێکۆشەری بـەناوبانگی کـورد، پێشـەوا قـازی محەمـەد، نـاوی کۆمەڵـەی ژ.ك بـەناوی ح.د.ك گۆڕدراوە و دامەزراندنی حیزبی سیاسی شۆڕشگێڕی کورد راگەیـەنرا، دامەزراندنی ح.د.ك بەروبووی خەبات و فیداکاری گەلی کورد بوو کەبەدرێژایی مێژوو بـۆ ئـازادی و سەربەسـتی خـەباتی کـردووە، لەسـەردەمی حکومـەتی رەشـی پەهلـەوی دا، نەتەوەی کورد بەرەو نەمان و توانەوە دەچوو، زمانی زگماك و جلوبـەرگی جـوانی کوردی قەدەخە کرابوو، هەزاران کورد بەتاوانی پوچ و تۆمەتی بەدرۆ لەوڵات و مالٌ و حاڵی خۆیـان دوور دەخرانـەوە و دانیشـتنی کوردسـتانیان پـێ رەوا نـەدەدیتن، دێوەزمەی رەشی دیکتاتۆری پشووی لەخەڵك بڕیبوو، بەڵام لەسەر ئەو حاڵەشـەوە تێکۆشەرانی کوردی وەك مامۆسـتا مـەلا ئەحمـەدی فـەوزی، قـازی کاکـە حەمـەی بۆکـان، شـێخ ئەحمـەدی سـریلاوا و مـەڕحومی پێشـەوا قـازی محەمـەد، هێنـدێ پێوەنـدی نهێنـی ئازادیخوازانـەیان لـەنێوان خـۆدا، بەرقـەرار کردبـوو، بیریـان لەچارەنووس و دواڕۆژی نەتەوەی کورد دەکردەوە، شەڕی دووەمی جیهانی ئەگەر بۆ گەلانی ئەوروپا هۆی وێرانـی و کوشـتاری میلیۆنـەها ئینسـان بـوو، بـۆ گـەلانی

ئێران و بەتایبەت بۆ گەلی کوردی چەوساوە، ئازادی بەدواوە بوو.

هاتنی ئۆردووی هاوپەیمانەکان بۆ ئێران، تاج و تەختی گـلاّوی رەزا شـای رمانـد و ئێرانی لەچنگ دیکتاتۆری رەش رزگار کرد، گەلی کورد پیاوانە لەو دەرفەتە کەلکی وەرگرت و هەوەلّین رێکخراوی سیاسی خـۆی دامەزرانـد، کۆمەلّـەی ژ.ك بـەخێرایی پـەرەی گـرت و تەنانـەت لقـەکانی لەبەشـەدانی تـری کوردستانیشـدا رەگاژۆییـان دەکـرد، بـەلاّم رووداوەکـان و هەلّکـەوتی کوردسـتان پێویسـتیان بەرێکخراوەیـەك هـەبوو کەوەلاّمـدەری هەلومـەرجی نـەو رۆژەی کوردسـتان بـێ، بـەگوێرەی نـەو پێداویستە بوو کەرۆژی ٢٥ی گەلاوێژی سالّی ١٣٢٤ (١٩٤٥/٨/١٦) ح.د.ك دامەزرا، پێکهاتنی ح.د.ك لەهەموو بەشەکانی کوردستانی گەورە، بەگەرمی پێشوازی لێکرا و مەهاباد بوو بەپەناگای تێکۆشەرانی کـورد و لەهـەموو بەشـەدانی کوردسـتانەوە رووێـان تێـدەکرد، بـەخۆڕایی نـەبوو کـەپاش رووخـانی کۆمـاری دیمـوکراتی کوردستان، شاعیرێکی کورد دەلّێ:

مەهاباد، مەهاباد دوێنێ بوو دە میلیۆن قەومی کورد

بەرەو تۆ دەوەستان، سوژدەیان بۆت دەبرد

قیبلەگای هیوا بووی، سەنگەری ئازادی

شەبەق بووی بۆ شەوی تاریکی بێدادی

بـەلّێ کۆمـاری کوردسـتان بـۆ گشـت کـورد شـەبەق بـوو، بەدامـەزرانی کۆمـاری دیموکراتی کوردستان، بۆ هەوەلّینجار لەمێژوودا، گەلی کورد دەسـەلاّتی سیاسـی و نیزامـی خسـتە بەردەسـتی خـۆی و لەماوەیـەکی کەمـدا هـەنگاوی بـەنرخی بـۆ بەختەوەری کورد هاویشت.

ح.د.ك بەچالاکی کەوتە بلاّوکردنەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازی و لەماوەیەکی

کەمدا بوو بەحیزبی هەموو توێژەکانی گەلی کورد، هەر لەسەرەتای دامەزرانیەوە، جولانەوەی کوردی بەبەشێك لەبزووتنەوەی دژی ئیمپریالیستی سەرانسەری ئێران دانابوو، لەگەڵ چەند حیزبی پێشکەوتووی ئەودەمی ئێران بەرەی یەکگرتووی پێکهێنا، دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان، حیزب تووشی تێکۆشانی نهێنی بوو، سااڵن بەسااڵ تاقیکردنەوەی پتری وەدەستهێنا، لەتێکۆشانی خۆیدا پێرەوی لەتیۆری زانستی پێگەیشتنی کۆمەڵ کردوە.

هاوڕێیانی بەڕێز! ئەمسااڵ ٣٥ ساڵەی دامەزراندنی حیزب لەهەلومەرجێکی تایبەتیدا جێژن دەگرین، رژێمی پاشایەتی روخاوە، حیزبی ئێمەش لەوەزعی دژواری نهێنی هاتۆتەدەر و تێکۆشانی ئازادی خۆی دەست پێکردۆتەوە، گەلی کورد کەلەشۆڕشی گەلانی ئێراندا بەشداری کردبوو، هیوای ئەوەبوو کەلەرژێمی تازەدا بتوانێ بەئازادی بژی و لەچوارچێوەی کۆماری ئیسلامی دا بەمافی خودموختاری بگا ح.د.ك لەو ماوەیەدا هەوڵیداوە کەمەسەلەی خودموختاری لەچوارچێوەی کۆماری ئیسلامی و پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕش چارەسەر بکا، حیزبی ئێمە سیاسەتی خۆی لەپێوەندی لەگەڵ جمهوری ئیسلامیدا گەیاندۆتە رادەیەك کەهێندێ کەسی تێنەگەیشتوو، یا هێندێ هێزی زرە شۆڕشگێڕ بوختانی سازشکاری پێدەکەن، بەڵام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کەمەبەستیان پاراستنی قازانجی شۆڕش نییە و دەیانەوێ گیروگرفتی سەدەی ئاتۆم بەعەقڵیەتی ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر چارەسەر بکەن، سیاسەتی ئاشتیخوازانەی حیزبی ئێمەیان بەفریو و شەڕ و بۆمباران و گەمارۆی ئابووری وەڵام داوەتەوە، سەیر ئەوەیە گشتی ئەو جنایەتانە دژی گەلی کورد بەناوی ئیسلام و لەژێر پەردەی ئیسلامدا بەڕێوە دەبرێ.

خوشك و برایانی بەڕێز!

ئێمە لەکاتێکدا یادی ٣٥ ساڵەی حیزب دەکەینەوە، کەبەناهەق و ناڕەوا شەڕێکی نابەرامبەر بەسەر میللەتەکەماندا سەپاوە، لەماوەی چەند مانگی رابردوودا شارەکانی سنەی قارەمان و سەقزی خوێناوی و یانەی تێکۆشەر بەتۆپخانە و بۆمبارانی لەشکری کۆماری ئیسلامی وێرانکراون، نێزیکەی سەد هەزار کەس خەڵکی ئەو شارانە ئاوارە و دەربەدەر بوون، دار و نەداریان بەتاڵان چووە، لەناوچەی هەوشار نێزیکەی ٤٠ گوندیان چۆڵکردوە و سووتاندوویانە، خەڵکی ئەو گوندانە تاڵان کراون و دەردەبەر بوون، ئەوانەی دەیانەوێ حکومەتی ئیسلامی لەکوردستان دابمەزرێنن، تەنانەت رێگا نادەن خەڵك دەغڵ و دانیشی کۆبکاتەوە، لەناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ نیزیکەی ٣٠ گوندیان بۆمباران کردووە، خەڵکی ئەو گوندانە ئێستا ئاوارەی چیاکان بوون و هیچیان نەماوە، حکومەتی کۆماری ئیسلامی بەبیانووی پاکسازی چەك وەرگرتنەوە لۆمپێن پرۆلتەر و لات و بەڕەڵای عەجەمی نەغەدەی چەکدار کردووە و بەگژ خەڵکی شنۆیەی داکردون، چەند گوندیان سوتاندوە و تاڵانیان کردووە، بەکورتی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی بێجگە لەسەرکوتکردنی میللەتی کورد، هیچ بەرنامەیەکی دیکەیان نییە، بەڵام شەڕ هەڵاییسێنەرانی دەوڵەت خراپی تێگەیشتوون میللەتێکی بۆ وەدەستهێنانی مافی رەوای خۆی خەباتبکا و نەتەوەیەکی رۆڵەکانی بۆ ئەستاندنی مافی نەتەوایەتی بەپێکەنینەوە پێشوازی لەمەرگ بکەن، بێگومان هەر سەردەکەوێ، ئەوڕۆ ئیتر هەموو کوردێك بەباشی هەست بەدەرد و ژانی کۆمەڵایەتی و ستەمی نەتەوایەتی دەکا، هەموو کوردێك دەزانێ لەدنیای ئەوڕۆدا هیچ میللەتێك لەکورد ژێردەستتر و بەشخوراوتر نییە، دوژمنانی میللەتی کورد خەباتی دژی ئیمپریالیستیان کردۆتە پەردەیەك و لەژێر ئەو پەردەیەدا، هەموو جوولانەوەیەکی ئازادیخوازی و بیر و باوەڕێکی پێشکەوتوخوازانە و شوێنەواری دیموکراسی سەرکوت دەکەن، لەکاتێکا

ئەوانەی بڕوایان بەخەباتی دژی ئیمپریالیستی هەیە، بەر لەهەموو شت دەبێ یەکێتی گەلانی ئێران دابین بکەن و مافی گەلانی ئێران بەشێوەی خودموختاری بسەلمێنن، دەبێ ئازادی و دیموکراسی، ژیان و بەڕێچوون بۆ زەحمەتکێشان دابین بکەن، ناکرێ ئیدیعا بکەی کەدژی ئیمپریالیزم خەبات دەکەم، بەڵام هەر لەو کاتەشدا هێزەکانی دژی ئیمپریالیستی بۆمباران بکەی، شار و دێهات بسووتێنی و زەحمەتکێشان دەربەدەر بکەی، ئێستا رێبەرانی کۆماری ئیسلامی، راست ئەو سیاسەتەیان گرتۆتەبەر، بۆ شاردنەوەی ئەم سیاسەتە چەپەڵە، رۆژنامەی ئەوتۆی بەناو پێشکەوتوویان ئازاد کردووە کەجنایەتەکانیان دەشارێتەوە و پاکانەیان بۆ دەکا و دەهۆڵیان بۆ دەکوتێ و بەگژ حیزبی دیموکراتیاندا کردوە، ئەو رۆژنامانە نەخشی چاو بەستنی خەڵک یاری دەکەن، بەناوی خەمخۆری میللەتی کورد، کوردیان بۆ فریو دەدەن، زەتیئۆریان بۆ دەهۆننەوە، بەو مانایە کەچونکە حکومەت دژی ئیمپریالیزمە، کورد دەبێ کرێوشی بۆ بەرێ، سەری بۆ دابنوێنێ، واز لەمافی رەوای خۆی بێنێ، خودموختاری هیچ مانای نییە، هەموومان ئێرانین و جارێ ئەشێ خەباتی دژی ئیمپریالیستی بکەین، جا بەدبەختی لەوەدایە کەبەناوی پێشکەوتنخوازی و مارکسیستی ئەم هەوڵ و تەقەڵا ناڕەوایە دەدرێ و دەیانەوێ بزووتنەوەی کورد لەنێوەوە بکوژن، گەندەڵی بکەن و هۆرەی لەخۆوە بۆ بتاشن و پاشان لەبەریەکی بەرن و تەرتو تونای بکەن.

ح.د.ک.ا بەتاقیکردنەوەی ٣٥ ساڵ خەبات لەبەرامبەر فرۆفێڵی دوژمنانی گەل و فریوخواردنی رەفیقانی نیوەڕێدا، بەدەنگی بەرز و بەهەستی مەسئولیەتەوە دەڵێ: دەبا لەرابردوو دەرس وەرگرین، پاڵ وێك بدەین و پشت لێك ببەستین، واز لەسود و مەسڵەحەتی تایبەتی بێنین، دەبا دەست تێك گرین و بەرەو پێش بچین، با هەتا سەر بۆ بەجێ گەیاندنی دروشمی سەرەکی ئەمرۆمان، دیموکراسی بۆ

ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان تێبکۆشین.

ئەو کەسانەی لەرابردوو دەرس وەرناگرن و بۆ مەبەستی تایبەتی و یا بۆ ناو و ناوبانگ خەریکی دووبەرەکی نانەوە و کۆمەڵ و دەستەساز کردن و داتاشینی تاقم و دەستەی جیاوازن، لەداهاتوودا ئەوانە دەبنە گەپجارِی منداڵانی کوردستان و مێژووی نەتەوەکەمان بەخەرابیان باس دەکات.

هاونیشتمانانی بەڕێز! جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد بەقۆناخێکی ناسکی مێژووییدا تێدەپەڕێ، لەم قۆناخە ناسك و دژوارەدا پێویستیمان بەوریایی و بەفیداکاری و بەئازایی و بەسەبری ئینقلابی و بەلەخۆبوردوویی و گیانفیدایی هەیە، باوابکەین میللەتەکەمان لەم قۆناخەدا بەسەربەرزی بگاتە ئاوات و مزڵی سەرکەوتن، با رۆژی ٢٥ی گەلاوێژ بکەینە رۆژی تازە کردنەوەی عەهد و پەیمان لەگەڵ حیزبەکەمان و بەتێکڕایی لەدەوری حیزبی قازی محەمەد کۆببینەوە، با لەئاست فیداکاری پێشمەرگە قارەمانەکانمان بێ موبالات نەبین و لەبیرمان نەچێ ئەو رۆڵە قارەمانانە بۆ ئازادی و ئاسایشی میللەتەکەمان گیانی خۆیان فیدا دەکەن، با ئێمەش بۆ ژیان و بەڕێچوونی ماڵ و منداڵی ئەوان، زۆر دەست بەماڵی دنیاوە نەگرین و پیاوانە کارێکی وا بکەین کەلەمەیدانی تێکۆشان و خەباتی دژواردا، فیکری بەڕێچوونی ژیان پەرێشانیان نەکات، باسەر ساڵی دامەزراندنی حیزبی دیموکرات بکەینە ساڵی یەکێتی و برایەتی و پتەو کردنی خەبات و تێکۆشان لەپێناو دیموکراسی و خودموختاریدا).

بەدوای وتاری مندا کاك جەلیلی گادانی هەستا پیرۆزبایی کرد و گوتی: هەرچی پێویستبوو کاك کەریم گوتی: هیچی زیادیم نییە بیڵێم، پاشان مەلا محەمەدی جوانڕۆیی بەقاچی بریندارەوە وتارێکی دا، دکتۆر خەلیقی کەلەسنە ئاوارە ببوو، داوای لەکۆمیتەی ئامادەیی کردبوو کەرێگای بدەن قسە بکا، موافەقەتیان

نەکردبوو، بەم بیانوە کەئەندامی حیزب نییە، هاتە لای من و گوتی ئەمانە بۆچی رێگا نادەن قسە بکەم، بەبرادەرانم گوت دکتۆر خەلیقی کەسێکی ناسراوە و دەربەدەر بووە، رێگای بدەن با دە دەقیقە کەخۆی ویستوویەتی قسە بکا، دکتۆر چووە پشتی میکرۆفۆن و بەڵام ١٠ دەقیقەی چی و ٢٠ دەقیقەی چی، نێوە نێوەش دەیگوت: ئێستا رەنگە کاك کەریم تووڕە بێ، لەئاهەنگەکەدا شیعر و گۆرانی خۆش خوێنرایەوە، زۆربەی مامۆستاکانی ئایینی بەشداریان کردبوو، ئاهەنگی ٢٥ی گەلاوێژ بەسەرکەوتوویی و هێمنانە کۆتایی هات.

هەڕەشەی لەشکری ٦٤ی ورمێ

رۆژی ١٩/٨/١٩٨٠ لەشکری ٦٤ی ورمێ لەئاگاداریەکدا رایگەیاند کەرۆژی ٣/٦/٥٩ (٢٥/٨/٩٨٠) لەشکر بەچەك و بێچەك بەنێو شاری مەهابادا هاتووچۆ دەکا، تا ئەودەم سەرباز نەدەهاتنە نێو شار، ئەگەر ویستبایان بۆ کارێك بێنە نێو شار تەلەفۆنیان دەکرد بۆ دەفتەری تەشکیلات و دەیانگوت ئەوا ئەوەندە سەرباز بۆ فلان کار دێنە نێو شار، ئێمە پێشمەرگەمان دەنارد چاوەدێریان بکەن.

رۆژی ٢١/٨/٩٨٠ دەستەیەکی نوێنەرایەتی لەکەیخودا و ریشسپی و باوەڕپێکراوانی شار چوونە ورمێ تا لەبارەی هێمنایەتی شار و بڕینی مەعاشی کارمەندان و بڕینی تەلەفۆن لەگەڵ ئوستاندار بدوێن، لەگەڕانەوەدا هەر ئەم رۆژە ئەم بەیاننامەیان بڵاو کردەوە:

بەناوی خودا! خەڵکی بەشەرەفی مەهاباد– هاوشارانی خۆشەویست، لەپەیوەندی لەگەڵ بەیاننامەی لەشکری ٦٤ی ورمێ، سەبارەت بەهاتنی ئەرتەش بۆ نێو شار و پێوەندی لەگەڵ پادگانی مەهاباد، هێندێ لەزانایان و باوەڕپێکراوانی شاری مەهاباد، لەسەر بیروڕای خەڵکی و پەسندی خەڵکی شار لەکۆمیسیۆنی ئوستانداری

ئازربایجانی رۆژئاوا، لەکن ئوستاندار و فەرماندەی لەشکر و فەرماندەی پادگانی مەهاباد، پێشنیارەکانی خەڵکی شار بەم جۆرەی خوارەوە گەڵاڵەکران:

١- تەواوی کاروباری ئینتیزامی و ئەمنیەتی شار، تەنیا بەهۆی شارەوانی کۆماری ئیسلامی مەهابادەوە بەڕێوە دەچێ و هێزە ئینتزامیەکانی دیکە دەست لەکاروباری شار وەرنەدەن، بۆ تەواوکردن و بەهێزکردنی کادری ئێستای شارەوانی، بەرادەی پێویست و بەگوێرەی رێ و رەسمی دیاریکراو لەخەڵکی مەحەلی کەڵک وەردەگیرێ.

٢- بۆ دابینبوونی هێمنایەتی شار هیچ کەس بەچەکەوە لەنێو شاردا هاتووچۆ ناکات و چەک هەڵناگرێ.

٣- لەبارەی بڕینی مەعاشی کارمەندانی دەوڵەت و دامەزراندنەوەی پێوەندی تەلەفۆنی نێو شار هەنگاوی پێویست باوێژرێ.

لەبەرامبەر پێشنیارەکانی سەرەوەدا و ئوستاندار و فەرماندەی لەشکر رایانگەیاند کە:

١- لەرۆژی دووشەمۆوە ٥٩/٦/٣ ئەرتەش بەچەک و بێ چەک بەنێو شاری دا هاتووچۆ دەکات، بەڵام دەست دە کاروباری هێمنایەتی شار وەرنادات.

٢- لەکاتی هاتوچۆدا، ئەرتەش بەهیچ جۆر زۆر بەکارناهێنێ و تەقەی ناکا، مەگەر کەسێک یا کەسانێک تەقەی لێ بکەن.

ئێستا بەسەرنجدانی مەبەستەکانی سەرەوە، بەئەرکی خۆمان دەزانین لەخەڵکی بەشەرەفی مەهاباد چاوەڕوان بین بەبەشداری شیلگیری خۆیان لەپاراستنی ئەمنیەت و هێمنایەتی لەهیچ تێکۆشانێک دریخی نەکەن، دەستەی باوەڕپێکراوانی بەشداربوو لەکۆبوونەوەی تاریخی ٥٩/٥/٣٠ی ئوستانداری دا.

کاتێک لەورمێ گەڕانەوە، دەستەی باوەڕپێکراو هاتنە دەفتەری تەشکیلات و گوتیان: (ئەوەی بۆمان دەرکەوتوە، وادیارە ئەرتەش دێتە نێو شار و هاتووچۆش دەکات، ئێستا تکامان ئەوەیە کەئێوە کارێکی وا مەکەن کەشارەکەمان تووشی شەڕ و کوشتار و وێرانی بێ).

گوتم ئەوەی پێوەندی بەئێمەوە هەبێ، بڕیارەکانی کۆبوونەوەی فەرماندارى رەچاو دەکەین و پێشمەرگەی حیزب بەچەکەوە لەنێو شار ناسوڕێنەوە، هەر ئەو رۆژە نامەم بۆ دەفتەری سیاسی نووسی و بڕیاری ئەرتەش و بەیاننامەی باوەڕپێکراوانی شارم بۆ ناردن، لەوەڵامدا دەفتەری سیاسی نووسیبووی: (هەتا دەکرێ مەهێڵن لەشاردا ئاژاوە ساز بێ و لەشاردا شەڕ مەکەن).

کارەساتی دڵتەزێن

رۆژی ١٣٥٩/٦/١ (١٩٨٠/٨/٢٣) بەیانی زوو دوو پێشمەرگەی دەفتەری سیاسی پەیدابوون، نامەیەکی دکتۆر قاسملۆیان هێنابوو، دکتۆر نووسیبووی: (کاك کەریم تکایە بەسەرگورد عەبباسی بڵێ، ئەو هیچ کاری لەمەهاباد دا نەماوە، هەقی نییە لەنێو شار بێ، هەر ئێستا بکەوێتەڕێ و بێتە ئێرە، دەفتەری سیاسی چاوەڕوانیەتی).

هەستام چوومە کن سەرگوردی، بەتەنیا لەشورای نیزامی دانیشتبوو، لەبەرئەوەی کەبەتەما چوونە دەرێ بوو، کێشك و پێشمەرگەی لەشورای نیزامی نەهێشتبوو، نامەکەی دکتۆر قاسملۆم نیشاندا و گوتم: پێشمەرگەکانم راگرتوە ئێستا دەبێ بڕۆی تکایە خۆت ئامادەکە و گیر مەبە)، گوتی: (کاك کەریم هێندێ کارم ماوە، تەواویان دەکەم، ناوی هێندێ کەس هەیە بۆت دێنم، شتێکم دامەزراندوە، دێنم تەجویلت دەدەم و لای ئێوارێ دەکەومەڕێ و دەڕۆم).

سەعاتی ٣ی دوای نیوەڕۆ کۆبوونەوەی کۆمیتەی شارستان هەبوو، باس لەوە دەکرا کەبڕێك خۆ کۆ بکەینەوە و سەنەد و بەڵگە و کەلوپەلی پێویست لەشار وەدەرخەین، پێشمەرگە لەبنکەکانی خۆیان لەئامادەیی دابن و بەچەکەوە نەسوڕێنەوە، لەپڕ تەلەفۆن زەنگی لێدا، کەهەڵم گرت یەکێك گوتی: کاك کەریم سەرگورد عەبباسی کوژرا، ئێتر خورپەم لەدڵی هات، رابووین، گوتم ئێرە پاك کەنەوە و هیچی لێ نەمێنێ، لەگەڵ دوو پێشمەرگە سوار بووم بۆ شورای نیزامی، سەر شەقام هەر زەی دەهات، سەرگوردیان بردبوە شێروخورشید، چوومە شێروخورشید، وەسەرکەوتم دکتۆر حەبیزادە گوتی: (ناتوانی بیبینی بۆ عەمەلیات ئامادە دەکرێ، تکایە تۆ لێرە گیر مەبە، خەبەرت پێ رادەگەیەنم).

– سەرگورد چۆن کوژرا؟ دوو پاسداری وەرمێ بەفێڵ و تەڵەکە دێنە کن سەرگورد و دەڵێن ئێمە دژی رژێمین و ئامادەین هاوکاریتان بکەین، سەرگوردی سادە و ساکار یەك دوو جار دەیاننێرێتە وەرمێ، دەرمانیان پێ دەکرێ و درۆیانی بۆ دێننەوە، سەرگورد پێشتر بەمنی گوتبوو کەلەنێو پاسدارانی وەرمێدا رایەڵکەیەکم دامەزراندوە و کاریان پێ دەکەم، کەسەکانت پێ دەناسێنم، جا دەڕۆم، ئەو رۆژە سەرگورد لەبەر هاتنەوەی ئەوان رۆیشتنی وەدواخستبوو، پاسدار دەوری سەعات سێ دەگەنەوە مەهاباد، یەکسەر دەچن بۆ شورای نیزامی، نەکەس لەبەر دەرگا دەبێ و نەکۆنترۆڵ و پشکنین، راست وەسەر دەکەون، کارتۆنێك پڕ دەکەن لەدەرمان و یوزییەکی پڕ لەفیشەك و لەسەر پێ، لەسەر دەرمانەکان دادەنێن، سەرگورد بەتەنیا لەپشت مێزی خۆی دادەنیشێ و سەروان ئەحمەدی چەلەبی و سالحی پێشمەرگەی لەکن دەبن، ئێتر کابرا کارتۆن لەپێش سەرگورد لەسەر مێزی دادەنێ و دەست دەداتە یوزی و دەیڕشێنێ، سەروان چەلەبی و سالح هەر دەمودەست شەهید دەبن و سەرگوردیش دەگەیێننە شێروخورشیدی، قاتلەکان

بەپەنجەرەدا خۆ فڕێدەدەن و رادەکەن، یەکیان دەکوژرێ و ئەویتریش نارنجۆکی دودی فڕێدەدا و خۆ دەگەیێنێتەوە بنکەی پاسداران، لەشێروخورشید هاتمە دەرێ خەڵک دەورەیان دام و هاواریان دەکرد کەبڕۆم لەوێ نەمێنم، لەپڕ جێبێکی سەر ئاواڵە دوو کەسی سوار ببوون، لەلای پادگانەوە هاتەخوار و لایتەکانی هەڵکرد بوو، هاواریان دەکرد: ئەرتەش هات، بوو بەهەڵات هەڵات، سوار بووم بەپێشمەرگەکانم گوت: بۆ لای شیرکەتی نەوت، لەنێزیك پردی یەرغو دابەزیم، لەو هەرایەدا خەڵک چوار عەجەمە رووتەی نەناسراویان گرتبوو پێشمەرگە هێنایانن، گوتم بیانبەن بۆ بنکەی سەرێ تا پرسیارییان لێدەکرێ، من پێشتر لەو کۆڵانانەی نێزیك پردی یەرغو ماڵێکی دۆست و بۆرە خزمێکم بەدی کردبوو، بێجگە لەدوو برادەری ئەندامی تەشکیلات کەسیتر پێی نەدەزانی، بەپێشمەرگەکانم گوت: ماشێنەکە لەنەدیو رابگرن و چاوەڕوان بن، یەکیان لەگەڵم هات و چوومە ماڵەکە، تەلەفۆنم کرد بۆ دەفتەری تەشکیلات کەسی لێ نەبوو، تەلەفۆنم کرد بۆ ماڵی بەرپرسی رێکخراوی ژنان، پێمگوت من ئەوە لەنێو شارم، دەچمەوە دەفتەر و تکایە برادەران بدۆزەوە بێنە دەفتەر.

زۆری پێ نەچوو برادەران کۆبوونەوە، برادەرێکمان نارد لەعەجەمە گیراوەکان بکۆڵێتەوە و ئەگەر بزانێ پێوەندییان بەم کارەساتەوە نییە، بەڕەڵایان بکات، بڕیارماندا شەو لەدەفتەری بمێنینەوە و چاوەڕوانی خەبەری سەرگوردی بین، سەعاتی حەوتی ئێوارێ، دکتۆر حەبیزادە تەلەفۆنی کرد و گوتی: (کاك کەریم، خەبەرێکی داخدار، سەرگورد تەواو بوو، چبکەین؟

– تکایە جەنازەکە بنێرنەوە مزگەوتی سوور، نووسراوەیەکی فەوتیشم بۆ بنێرە، زۆری پێ نەچوو دکتۆر خۆی هات و ئەم نووسراوەیەشی بەفارسی نووسیبوو: (شاهیدی دەدرێ کەئاغای حبیبوڵڵا عەبباسی رۆژی ٥٩/٦/١٠ دوای ئەوەی

گوللەی لەسینگ و ڕانی درابوو، لەنەخۆشخانە خرا ژێر عەمەلیات و بەراوەستانی دڵ تەواو بوو) ٥٩/٦/١ دکتۆر حەبیبزادە مۆری نەخۆشخانە.

کەوتینە سەر باسی ئەوەی کەچبکەین، کاك سەید حەسەنی هاشمی پێشنیاری کرد کەهەر ئەمشەو بینێژین، وەزعەکە خەتەرە و دوور نییە تووشی شەڕ بین، یەك دوو کەسیش پشتی پێشنیاری سەید حەسەنیان گرت، زۆرم پێ ناخۆشبوو، بەتوندی دژی وەستام و گوتم: خۆتان دەزانن من هەمیشە دژی شەڕی نێو شار و ئاژاوەنانەوە بووم، هەمیشە هەوڵم داوە کەشارەکەمان تووشی شەڕ و وێرانی نەبێ، بەڵام ئێستا سەرەڕای هەموو مەترسیەکی شەڕ، نابێ سەرگوردی بەشەو بەنهێنی بنێژین، ئابڕوومان دەچێ، سبەی جەنازەی سەرگوردی بەڕێز و ئیحترامێکی ئەوتۆ دەنێژین کەشایانی سەرگورد عەبباسی بێ، بەخۆشیەوە برادەران بەتێکڕایی هاتنە سەر ڕای من، بەسەرگورد عەلیاری ڕەحمەتیمان گوت: هەر ئەم شۆ پێشمەرگەکانی بنکەی لاچین و گوێکتەپە و کیتکە بێنەوە نێو شار و لەشوێنی ستراتیژی و قایم و پێویست لەئامادەیی دابن، نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نووسی و پێشنیارم کرد کەبەیانی برادەرێکی ئەندامی دەفتەری سیاسی بێتەوە شار و لەئاهەنگی ناشتنی سەرگورد عەبباسیدا بەشداری بکات، سەروان جاویدی فەڕی ڕەحمەتی ئامادە بوو کەبچێتە دەفتەری سیاسی نامەکە بەرێ و برادەرێکیش لەگەڵ خۆی بێنێ، راست لەو کاتەدا کەجاوید فەڕ دەڕۆی دکتۆر خەلیقی پەیدا بوو، لەسنە رایکردبوو لەمەهاباد دەژیا و دەیویست خۆ لەحیزبی دیموکرات نێزیك کاتەوە، لەمزگەوتان لەتازیە و پرسەی شەهیدەکاندا بەسەعات وتاری دەدا و زۆر جوان سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشا، خۆی هەڵکرد بوو، تفەنگێکی کەڵاشینکۆف لەشاندا، سڵاوی کرد و گوتی: کاك کەریم ئەشێ هەر ئێستا بمنێری بۆ دەفتەری سیاسی.

گوتم دکتۆر گیان بەو شەوە هاوار نییە، ئێمە بەیانی سەرگورد دەنێژین، تۆ پێویستە بەشداری بکەی و وتار بدەی، لەسەر قەبران چەند وشەیەك بفەرموی، دکتۆر خەلیقی کەبۆ وتاردانێك رۆژەرێیەك بەپێیان دەڕۆیشت، پێی چەقاند و گوتی هەر ئێستا ئەشێ رەوانم کەی، بەکاك جاوید فەرم گوت: لەرێی خوادا ئەوەش لەگەڵ خۆت بەرەو برۆ، سەعاتی ٩ی شەو تەلەفۆنم کرد بۆ فەرماندەی پادگان، بەرلەوەی من قسە بکەم گوتی: (ئاغای حسامی لەم کارەساتە فرەبەداخم، جێگای داخە، ئەم کارە نائینسانیە) گوتم: ئێمە سبەی جەنازەکەی دەنێژین، دوکان و بازاڕی شار دادەخرێ، خۆمان ئەمنیەتی شار دەپارێزین، تکا دەکەم تۆ شەخسەن ئاگاداری وەزع بە و نابێ رێگا بدەی ئاژاوە ساز بکرێ، گوتی: دڵنیا بە، من بەتەواوی ئاگاداری ئەوزاع دەبم، ئێوە جەنازەکە بنێژن.

شەو سەعاتی دە هەموو برادەران چوینە مزگەوتی سوور، مەیتی سەرگورد لەحەساری مزگەوتێ دانرابوو، دوو پێشمەرگە، وابزانم یەکیان حامیدی غەوثی بوو، سەریان هاویشتبووە سەر مەیتەکە و بەبانگ و سەلاّ دەگریان و مەیتەکەیان بەر نەدەدا، چووم لەسەر مەیتەکە راستم کردنەوە و تۆزێ دڵمدانەوە، خەڵکێکی زۆر رووبانکردە مزگەوت و حەسار تەژی ببوو، پاشان چوومە پشت بڵندگۆی مزگەوت و لەگەڵ دەربڕینی داخ و پەژارە داوام لەخەڵکی مەهاباد کرد کەسبەی دوکان و بازاڕ دابخرێن و بەورد و درشتەوە لەبەڕێکردنی جەنازەی سەرگورد عەبباسیدا بۆ سەر قەبران بەشداری بکەن، شەو زۆر درەنگ گەڕاینەوە بۆ دەفتەری تەشکیلات، سەرگورد عەلیاری رەحمەتی لەگەڵ چەند برادەرێکی تەشکیلات لەوێ مانەوە و من چوومەوە ماڵەکەی خۆم، بەیانی بەتێکڕایی چووینە مزگەوت و سەعاتی دە لەکاتێکا حەسار و دەوروبەری مزگەوت و شەقامی شار پڕ ببوو لەخەڵك، جەنازەی سەرگورد و شەهیدەکانی تر کەلەسەر ماشێن بەگوڵ

داپۆشرابوون، بەرەو قـەبران کەوتـەڕێ، ئەندامانی کۆمیتـەی شـار بـەڕێز لـەپێش مەیتـەکان دەڕۆیشـتن، ڕێکخـراوە سیاسـیەکان بەگشـتی بـەڕێکوپێکی بەشـداریان کردبوو، سرودی ئەی شەهیدان و سرودی تری شۆڕشگێڕی و نیشـتمانی عاسمـانی مەهابادی پڕ کردبوو، لەسەر قەبران شـین و گریـانی خوشـکی سـەروان چـەلەبی و ژنانیتر، گۆڕستانی هاژاند بوو، مامۆستا مـەلا ئەحمـەدی عەبباسـی بەعەرەبیـەکی خەست تەلّقینی دادا، خۆم پێڕانەگیرا گوتم: مامۆستا سەرگورد عەبباسی زۆر کورد بوو، لەکوردی بەدەر هیچی دیکـەی نـەدەزانی، خۆزیـا بـەکوردی لەگـەلّی دوابـای، چاوەڕوان بووین یەك لەئەندامانی دەفتەری سیاسی بێتەوە خوار و لەسـەر قـەبران بەم بۆنەوە وتارێك بدا، لەناشتنی ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی دا بەشـداری بکـا، چاوەڕوانیەکی بێهودە بوو، هیچیان لەدۆلّی شێخان نەهاتنە خوارێ، پـاش بـەخاك ئەسپاردنیان لەسەر قەبران کۆبوونیـەوە و ئەم وتارەی ژێرەوەم پێشکێش کرد:

(هاونیشتمانانی بەڕێز! خەلّکی بەشەرەفی مەهاباد!

بـا بـۆ ڕێـز گـرتن لـەگیانی پـاکی ئـەو ڕۆلّـە کوردانـەی کەبەناهـەق بەدەسـتی جنایەتکارانی دوژمنی گەل شەهید کران، دەقیقەیەك بێدەنگ راوەستین.

خوشك و برایانی بەڕێز! لێرە کۆبوونیەوە تا مـاڵاوایی لـە ٣ پێشـمەرگەی نەبـەزی میللەتی کورد بکەین کەلەڕێگای ئازادی و بەختەوەری میللەتەکەیاندا ژیانی خۆیان فیدا کرد.

مـاڵاوایی لەسـەرگورد عەبباسـی بکـەین، ئـەو ڕۆلّـە زەحمەتکێشـەی کەهـەمووتان دەزانـن لـەخێزانێکی نـەدار و زەحمـەتکێش هـاتبوە دنیـا و بەفـەقیری و هـەژاری خوێندبووی و سەبارەت بەلێ وەشاوەیی، لەڕێمی چەپەلّی پاشـایەتیدا گەیشـتبوە دەرەجەی سەرگوردی، مەقام و پول و دەرەجەی ئەفسەری نـەیتوانیبوو لـەڕێگای

میللەت لایبدا، تەنانەت لەسەردەمی رژێمی پاشایەتیشدا هەستی نیشتمانپەروەری خۆی پاراستوە و لەرووخانی رژێمی شادا بەشداری کردووە، سەرگورد عەبباسی وەک زۆر لەهاوسەنگەرەکانی دوای رووخانی رژێمی پاشایەتی هاتە نێو ریزی جولانەوەی رزگاریخوازی کورد و شەرەفی ئەندامەتی ح.د.ک وەرگرت، لەو ماوەیەدا سەرگورد عەبباسی وەک پێشمەرگەیەکی سادە وەک رۆلەیەکی خەڵک لەرێگای ئامانجەکانی حیزبدا، بێ وچان خەباتی کردووە، تا لەکۆنگرەی چوارەمدا بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە.

هەروەها مالاوایی لەسەروان چەلەبی بکەین کەئەویش وەک هاوسەنگەرەکانی وازی لەدەرەجە و مەقامی ئەفسەری هێنا و هاتە نێو ریزی خەڵک و لەم رێگایەشدا شەهید کرا.

مەحمودی سالحی پێشمەرگەیەکی زەحمەتکێش، چەند سالٌ لەدەربەدەریدا ژیا و تا ئەو رۆژەی شەهید کرا پێشمەرگەیەکی وەفاداری کوردستان بوو.

هاونیشتمانانی بەڕێز ئەو رێگایەی کەمیللەتی کورد گرتوویەتەبەر، رێگای گەیشتن بەئازادی و خودموختاری، رێگایەکی سەخت و دژوارە و لەمەودواش دەبێ رۆڵەکانی وەک سەرگورد عەبباسی و سەروان چەلەبی و مەحمودی سالحی گیانی خۆیانی لەپێناودا فیدا بکەن، لەخەباتی سەخت و دژواردا خۆڕاگری و سەبری شۆڕشگێڕی و خەباتی بەردەوام پێویستە نەک شین و گریان، من زۆر بەداخم کەئەوڕۆ خوشکەکان ئاوا لەسەر مەیتی شەهیدەکان شین دەگێڕن، من وتەی پارەکەم دووپات دەکەمەوە کەلەناشتنی شەهیدی برای مەلا رەسوڵی پێشنومازدا گوتم: ژنی کورد ئیتر نابێ بۆ شەهیدەکان بگری و شین بگێڕێ، ژنی کورد دەبێ شانبەشانی براکانی بۆ تۆڵەی شەهیدان بێتە مەیدانی خەبات و بۆ ئازادی تێبکۆشێ.

رژێمی دژی خەڵکی کەبەناوی ئیسلام و بەناوی خەباتی دژی ئیمپریالیستی شەڕی بەسەر ئێمەدا سەپاندوە و دەیەوێ جوولانەوەی رزگاریخوازی کورد سەرکوت بکا، کاتێ دەزانێ بەشەڕ و کوشتار و بەگەمارۆی ئابووری و بەهۆرەداتاشینی نێوخۆ دەڕۆستی کورد نایە، پەنا دەباتە بەر چەپەڵترین شێوەی نائینسانی کەتیرۆر و رەشەکوژییە، جنایەتکارێکی کەدوێنێ برادەرانی ئێمەی بەرەشەکوژی ناپیاوانە شەهید کردوە، ئەندامێکی سوپای پاسدارانی ئینقلابی ورمێیە، ئەو پاسدارانەی کەکوردە فریو خواردوەکان و حیزبە بەناو پێشکەوتووخوازەکان پێیان دەڵێن نیهادی ئینقلابی! رژێمی دژی خەڵکی و کاربەدەستە بێشەرمەکانی ئوستانی ئازربایجانی رۆژئاوا، راست لەم کاتەدا ئەم جنایەتەیان کردوە کەهێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد بۆ پاراستنی هێمنایەتی شاری مەهاباد ئەوپەڕی مرونەتیان نیشانداوە و بڕیاریان داوە کەچەکدارەکانیان لەنێو شاردا نەسوڕێنەوە، هەیئەتی معتمدینی شاری مەهاباد بەنوێنەرایەتی خەڵك قەولیان داوە کەچەکدارەکانی ئێمە دەست لەکاروباری شار وەرنەدەن و هێمنایەتی شار بەدەست شارەوانی حکومەتەوە بێ، جا شارەوانی و ئوستانداری ئازربایجانی رۆژئاوا، ئەمنیەتی خەڵك و هێمنایەتی شار، ئاوا دابین دەکەن، لەبەرامبەر جنایەت و نائینسانی کاربەدەستانی حکومەتی کۆماری ئیسلامیدا، میللەتی کورد بێجگە لەوە کەبەچەك لەبوونی خۆی دیفاع بکا، رێگایەکی دیکەی نەماوە، لەبەرامبەر پیلان و سیاسەتی رەشەکوژی رژێمدا، پێویستە پشتی یەك بگرین و تا سەرکەوتن ئالای خەبات دانەنێین.

ح.د.ك.ا جارێکی دیکەش لەم کۆبوونەوەیەدا و لەم پرسە و کارەساتەدا، پەیمانو دەداتێ کەلەگەڵ هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان یەکێتی خۆی بپارێزێ و تا گەیشتن بەخودموختاری خەبات درێژە پێبدا، جارێکی تر لەلایەن ئەندامانی

ح.د.ك وە، سەرەخۆشی لەکەسوکاری شەهیدە بەڕێزەکانمان دەکەم، سەرەخۆشی لەخەڵکی مەهاباد دەکەم، سوپاسی خەڵکی بەشەرەفی مەهاباد و تەواوی ئەو کەسانە دەکەم کەلەم پرسەیەدا بەشدار بوون و هەستی دڵسۆزانەی خۆیان دەربڕیوە.

پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین- نامرن ئەوانە وا لەدڵی میللەتا دەژین.

سەربەرزی بۆ شەهیدانی رێگای رزگاری، نەمان و سەرشۆڕی بۆ زۆرداران و دوژمنانی گەل.

دوای وتاری من مەلا محەمەدی جوانڕۆی بەقاچی بریندارەوە وتارێکی گەرمی پێشکێش کرد، مەلا محەمەدی عەبباسی لەلایەن دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدینەوە وتاری دا و پەیامی مامۆستای بۆ ٣ ڕۆژ دوکان و بازاڕ داخستن راگەیاند، پاشان نوێنەرانی کۆمەڵە و ڕێکخراوی فیدایی خەڵك وتاریاندا، دوای تەواو بوونی ئەم ڕێ و ڕەسمە عالەمەکە بەئارامی بۆ نێو شار گەڕانەوە.

چەند ڕۆژ لەمزگەوتی سوور سەرەخۆشی دانرا، ئەندامانی تەشکیلاتی شار تەواوی ڕۆژ بەنۆرە لەمزگەوت دادەنیشتن.

سەفەر بۆ ئەورووپا

چەند ڕۆژ دوای ئەو کارەساتە دەفتەری سیاسی خەبەریدا کەبۆ لێکۆڵینەوەی وەزعی شار و هەڵکەوتی پێشمەرگە و تەشکیلات بچمە دۆڵی شێخان، سدیقی فەروخی و مەلا عەولای کتابیش لەناوچەی بانەوە هاتبوون و کاریان بەدەفتەری سیاسی بوو، ئەوانیشم هەڵگرت و چوومە دەفتەرێ، لەوێ لەگەڵ دکتۆر قاسملۆ و

دکتۆر سەعید دانیشتین، لام وایە فەتاحی کاویانیش کەبەرپرسی کۆمیسیۆنی بازرەسی بوو، خۆی کردە شەریك، دوای باس و شیکردنەوەی وەزعی نێو شار گوتم (وام دێتە بەرچاو لەبەرامبەر پەلامار و سیاسەتی شەڕانی حکومەتدا ئێمە وەستاوین، تەنیا سیاسەتی دیفاعێکی پاسیفمان گرتۆتەپێش، ئێستا هەتا دەرفەت هەیە و تووشی شەڕێکی سەرانسەری و تەواو عەیار نەبووین، بەباشی دەزانم کەکۆنفرانسێکی میللی سەرانسەری کوردستان لەئاغا و مەلا و شێخ و سەرۆك عەشیرەت و بازاڕی و دێهاتی و شارستانی خاوەن زیبك و ناسراو پێك بێنین، لەبەڕێوەبردنی کاروباری کوردستان پرسیان پێ بکەین و بەشداریشیان بکەین، من لەو بەینەدا کەچوومە سەرەخۆشی نەوەی عەولاغای مەنگوڕ و برایم اغای نوزەری چاوم بەخەڵکێکی زۆر کەوتوە و لەشاریشدا ئاغایانی دیبوکری دەبینم، گلەیی و قسەڵۆك زۆرن، رەنگە کۆنفرانسێکی ئەوتۆ زیانی نەبێ و بتوانێ خەڵکی زیاتر بۆ لای حیزب رابکێشێ.

دکتۆر قاسملۆ گوتی: (پێشنیارێکی خراپ نییە، پێویستە بیری لێ بکەینەوە)، پاشان گوتم: ئێستا بەعێراقدا رێی هاتووچۆ هەیە، پێم خۆشە ئەگەر ئیجازەم بدەن و مانیعێك نەبێ، سەفەرێك بکەم و سەرێکی منداڵەکانم بدەمەوە.

دکتۆر گوتی: چەندەت پێ دەچێ؟

– پێم وانیە لەمانگێك زیاترم پێ بچێ.

– قەیناکا، وەزعی تەشکیلات رێکوپێك کە و برادەرێك لەجێی خۆت دیاری بکە، دەتوانی سەفەر بکەی، ئێستا رەنگە باشتر بێ، پاشان کاك ئەمیر دێ قسەت لەگەڵ دەکا، نامەیەکیشت بۆ دەنووسین بتوانی لەگەڵ بولغارەکان قسە بکەی، دوای نیوەڕۆ گەڕامەوە بۆ مەهاباد، لەتەشکیلات مەسەلەی سەفەرم لەگەڵ

برادەران هێنا گۆڕێ و بەتێکڕایی برادەرێکمان بەجێگر دیاری کرد و بڕیاری سەفەرم مسۆگەر بوو.

لەمەودای تێکۆشانی سیاسیمدا رەنگە تووشی گەلێك هەڵە و کەموکوڕی سیاسی بووبم، بەڵام بڕیاری سەفەری ئەمجارەم گەورەترین هەڵەی سیاسیم بووە، هەربۆیەش دکتۆر قاسملۆ وا بەهاسانی و بەبێ بیانوو موافەقەتی کرد کەسەفەر بکەم، نەك لەبەر ئەوە کەهەر پاشی من سەرەڕای ئەوەی کەکۆمیتەی شارستان جێگری منی دیاری کردبوو، تا دەگەڕێمەوە، دکتۆر قاسملۆ دەرفەت دێنێ و کۆنفرانس ساز دەکا و یەکی ماستاو ساردکەرەوە و گوێ لەمست دەکاتە بەرپرسی تەشکیلاتی مەهاباد، بەڵکو لەبەرئەوە لام وایە ئەگەر من لەشار مابامەوە، زۆر وێدەچوو نەهێڵم لەنێو شاردا شەڕ سازبێ و مەهاباد بکرێتە گۆمی خوێنی، خۆ ئەگەر ئەوەشم پێ نەکرابایە، لانی کەم لەنێو برادەران دەبووم و لەنێزیکەوە بەشداری زام و دەردی خەڵك و بەشداری تێکۆشانی برادەرانی تەشکیلاتی مەهاباد دەبووم، کەهاوکاریەکی گەلێك برایانەمان پێکەوە هەبوو.

پێداگرتنی دەفتەری سیاسی لەسەر شەڕ نەکردنی نێو شار و هاودەنگی فەرماندەی هێزی پێشەوا و هەڵوێستی کۆمیتەی تەشکیلات بۆ پاراستنی هێمنایەتی شار، وای لێکردم کەسەردانی منداڵەکانم بەهەل بزانم، بەتایبەت کەکەمالی کوڕم زانستگای تەواو کردبوو.

پاش چەند رۆژ کاك ئەمیر هات، نامەیەکی دەفتەری سیاسی هێنابوو، نامەکە بەئینگلیزی نووسرابوو: (هاوڕێ کەریمی حسامی دەتوانێ لەلایەن دەفتەری سیاسیەوە لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی بولغارستان لەبارەی وەزعی کوردستانەوە قسە بکات و سڵاوی کۆمیتەی ناوەندییان پێ راگەیەنێ) کاك ئەمیر گوتی: دوو رۆژی تر مەلا رەحمانی کاژەیی دێت و ماشێنی پێیە دەتگەیەنێتە عێراق، بۆ

خەرجی رێگا پارەشت بۆ دێنێ، ئەوەشم پێ سەیر بوو، چونکە من داوای خەرجی سەفەرم نەکردبوو.

مەلا رەحمان هات، ١٠ هەزار تمەنی بۆ هێنا بووم، گوتی من دەچمەوە نەلاسێ کارێکی خۆم هەیە، تکا دەکەم با سبەی لەپیرانشار یەکتر بگرینەوە، ئێوارێ رێکخراوی ئیندرقاش لەگوندی خانەگی بۆ هەلبژاردنی کۆمیتە کۆبوونەوەی هەبوو، داوایان کرد کەبچم بەشداری بکەم، شەو دوای نانخواردن ژانە زگم گرت و ناڕەحەت بووم، هەموو لەشم دەلەرزی شەو درەنگ گەیاندیانمە شێروخورشیدی مەهاباد، دکتۆر حەبیبزادە لەوێ بوو، تەماشای کردم گوتی مەسموم بووی، دەرزی لێدام و گوتی نابێ لێرە بی، نابێ هیچ بخۆی ماستاو نەبێ، شەو بردیانمە مالّی کاك برایمی بابانزادە، مالّەکەی خۆم کۆکرابۆوە، کتێب و نامە و سەنەد و بەلگەکانم پێچابۆوە و لەلای برادەرێکی ئەمین و دۆستم دانابوون، شەو لەرادەبەدەر خزمەتیان کردم، چەند جاریش ماستاوم خواردەوە، بەیانی حەلەمم لێ بڕابوو، چوومە تەشکیلات و مالّاواییم لەبرادەران خواست و لەگەلّ سێ پێشمەرگەی دۆست و برادەر (محەمەدی خوێڕیاوایی و سەید ئەبوبەکر و محەمەدی خاکی) کەبەداخەوە تا گەڕامەوە هەرسێکیان شەهید کرابوون، بەرێگای ڕەبەت و میراودێ دا، بەرەو پیرانشار کەوتینەڕێ، لەرەبەت لەکن نەستانیەکان لاماندا، کەبابێکی باشیان بۆ سازکردین و شەو چووینە پیرانشار، هەرچەند لەمالّی مەلا قاسم چاوەڕوانی رەحمان کاڕەیی بووم کەشەو نەهات، بەلّام کاك مامەندی زەرگەتەنی داوەتی کردین، شەو کاك سەید رەحیمی قەلّاتیش هات کەدۆست و ناسیاری کۆنم بوون، شەوێکی خۆشمان رابوارد.

ڕۆژی دوایی ١٩٨٠/٩/٣ رەحمان کاڕەیی پەیدا بوو، برا پێشمەرگەکانم بەڕێکردەوە و خۆم لەگە مەلا رەحمانی بەرەو عێراق کەوتمەڕێ، لەحاجی ئۆمەران رەحمان

وەك تەتەری نێوان حكومەتی عێراق و حیزبی دیموكرات دەناسرا، رایان نەگرتین، بەرەو هەولێر شۆڕ بوونەوە، شەو چووینە هەولێر و لەهوتێل هەورامان میوانی حكومەت بووین، سبەی چووینە مەكتەبی حیزبی بەعس، كابرا بەگەرمی بەخێرهاتنی كردم و رەحمان گوتی ئیتر من دەگەڕێمەوە، برادەران دەتگەیەننە بەغدا، دكتۆر گوتوویە هەر تا هەولێر بتگەیەنم، رەحمان رۆی، دوای سەعاتێك بەقەولی كاك حەمەدەمینی سیراجی، تولّەیەك هات سواری كردم بۆ كەركوك، لەوێ تەحویلی منظمەی دام، زەلامێكی بەقەدرایی هێستریّك وادیاربوو مەسئولی منظمە بوو، بەخێرهاتنی كردم و خێرا بەتەلەفۆن لەگەلّ بەغدا قسەی كرد و گوتی: (ئوستاز كەریم هاتوە و دەیەوێ بۆ دەرەوە سەفەر بكا)، ئاهەنگی ئاخافتن و سوال و جوابی و گەڕانەوەی مەلا رەحمان لەهەولێر، تارماییەكی گومانلێكراوی خستە سەر بیر و هۆشم و جاروبار هەستی پیلانێك بەخەیالّمدا دەهات.

زۆری پێ نەچوو تاكسیەك پەیدا بوو، كابرا هات سواری كردم، بێ ئەوەی كەبلّێ بۆ كوێ دەچی و لەكوێ دادەبەزی، گەیشتینە بەغدا، كابرا راست رووی كردە مەنسور و لەهوتێلێك دابیەزاندم، مودیری هوتێل كابرایەك بوو بەناوی مستەفا جاف (نەك ئەو كاك مستەفا جافە جوامێرە نیشتمانپەروەرەی كەلەڕێكخراوی نەتەوەییەكگرتووەكان كاری دەكرد) دوو كوڕی كوردی خۆش ئەخلاقیش بەردەستی هوتێلەكە بوون، جانتاكانیان برد بۆ هۆدەیەك و گوتی تۆ لێرە میوانی، لەحكومەتەوە پێیان گوتوم، لەمەهابادەوە برادەرێكی مامۆستایان لەگەلّ ناردبووم بۆ موعالەجەی قاچ، پاش دوو سێ رۆژ بێ خەبەری یەكێك هات گوتی تۆ جارێ لێرەبە تا مدیر چاوی پێت دەكەوێ، پاشان بلیتی فڕۆكەت بۆ دەكڕین، باسی موعالەجەی لاقی برادەرەكەم كرد، گوتی خەبەرت دەدەینێ، چەند رۆژ پێچوو بردیان بۆ موعالەجە، من مامەوە بۆم دەزكەوت هوتێلی موخابەراتە و

هەڵاتوەکانی ئێرانی لەوێ رادەگرن، فارسی لێ بوون دەردی دڵنیان دەکرد و من گوێم دەدانێ بێ ئەوەی بزانن کوردم، پاشان لەگەڵ یەکێکیان لەسەلامی بەیانیانەوە گەیشتینە قسە و باسی سیاسی و کابرا چی پێبوو هەڵیڕشت، من گوتم کوردی ئێرانم و چەند رۆژی تر دەچم بۆ ئەوروپا، کابرا ناوی چوونی ئەوروپای بیست، هەستم کرد حاڵەتێکی بەسەر داهات، گوتی من ئەفسەرێکی شاپەرستم، سێ مانگ پێش رامکردوە هاتوومە ئێرە گرتیانم ماوەی ٢٠ رۆژ هەر لێیان نەپرسیم، پاشان دەستیانکرد بەئەشکەنجە و ئازاردانم، دە رۆژ ئازاریان دام، ٢٠ رۆژی تر دەژوورێکیان کردم، دوایە هێنایانمەدەر و گوتیان ئەگەر راست دەکەی، دەبێ بچیەوە ئێران و دژی رژێمی خومەینی خەبات بکەی، گوتم: من تەنیا هیچم لەدەست نایە و شارەزای ناوچەش نیم، دەستێك جلی کوردییان کردە بەرم و بردیانم بۆ کەرکوك، دوای چەند رۆژ بردیانم بۆ قەڵادزە، گوتیان دەتنێرین بۆ لای حیزبی دیموکرات و دەبێ پێوەندیشت لەگەڵ ئێمە بەردەوام بێ، حەوتوێك لەقەڵادزە رایانگرتم، ئێستاش هێناویانمەوە ئێرە و نازانم چیم بەسەر دێنن).

گوتم بۆ نەچوویە کوردستان؟

گوتی: وابزانم حیزبی دیموکرات قەبوڵی نەکردبووم، پاشان گوتی هەرچی بێ ئێمە ئێرانین، تکایەکم لەتۆ هەیە، خزمێکم لەئوتریشە، بەتیلگراف ئەوەندەی بۆ بنووسە (فلان کەس سڵامەتە)، ژن و منداڵم لەتاران بەجێ ماون، بەڵام لەگەڵ ئەو خزمەم پێوەندییان هەیە، ئادرێسی دامێ و بەڵێنم پێدا کەتیلگرافیان بۆ بکەم، کابرا سوکناییەکی هاتە دڵ، بەداخەوە نەکرا ئەم ویستە بچوکەی ئەو ئینسانە بەجێ بگەیەنم، چەند رۆژی تر پێچوو هیچ خەبەر نەبوو، یەك دوو جار بەمستەفای مودیری هوتێلم دەگوت کەبپرسێ بزانێ من بۆ راگیراوم، دەیگوت من کەس ناناسم خۆیان دێن، رۆژێك کەمستەفا لەوێ نەبوو بەیەکێك لەکوردەکانی بەردەستی

مستەفام گوت: توخوا بزانە بۆم ناپرسی من بۆچی لێرە مەحتەلبووم؟ پێیان بڵێ میوانەکەتان دەڵێ من دەبێ سەفەر بکەم، تۆزێ نێو دەفتەرەکان گەڕا و تەلەفۆنێکی دیتەوە و ژمارەکانی سوڕاند و هەستم کرد چڕڕا، ئەوەندەی گوت: لەهوتێلەوە تەلەفۆن دەکەم، گوشیەکەی دانا و گوتی: دەڵێن غەڵەتە، کێ ئەو ژمارەی داوە بەتۆ؟

دوو رۆژ پێچوو، رۆژێك کەس لەوێ نەبوو، بیرەی بۆ هێنام، گوتی لەسەر ئەو تەلەفۆنەی تۆ کەم مابوو سەرم تێدا بچێ، بانگیان کردم، گوتیان ئەو ژمارەیەت لەکوێ بوە؟ پاشان گوتیان جارێکی تر تەلەفۆن بکەی خۆت دەزانی، لەبەغدا بێکار سەری دۆست و برادەرانم دەدا و دۆست و ناسیارم بەسەر دەکردنەوە و دەستیشم وەهیچ کوێ رانەدەگەیشت، بازاڕێکی مودێرنی گەورە لەمەنسور دروست کرابوو، رۆژێك لەوێ دەسوڕامەوە تووشی مەلا سولەیمانی عەبباسی بووم، پرسیم لێرە چدەکەی؟

– ماشێنێکم هێناوە بیفرۆشم، لێرە قسەم لەگەڵ مەکە، یەکێکم بەدوایە، دوای نیوەڕۆ لێرە بتبینمەوە، لێك کلابووین، دوای نیوەڕۆ چوومەوە شوێنی گۆرین، مەلا سولەیمان هات گوتی: ئەوە ١٥ رۆژە لێرە ماومەوە، بۆم دەرکەوتوە کەبەعس خەریکە کوێخا و جاشەکانی لای پژدەر چەکدار دەکا و دەیانێرێتەوە کوردستان و دەیەوێ جیا لەحیزبی دیموکرات شەڕیان پێ بکا، ناوی دوو سێ کەسیشی گوت، هەروەها چەند کوردی ئێرانی کەلەشەڕی ٣ مانگەدا هاتبوونە عێراق، ئەوا چەکیان دەداتێ و دەیانێرێتەوە بۆ شەڕ و ئاژاوە نانەوە، هێندێ خەبەری دیکەشی گوت و ئیسراری کرد کەخەبەر بدەمەوە حیزب، دوایە گوتی دەبێ برۆم، ئەگەر لەجێیەك تێك هەڵەنگوتین مەدوێنە و لێم لادە، من جارێ ناتوانم بگەڕێمەوە.

دۆستێکی دڵسۆز و کورد و نیشتمانپەروەر خەبەری دامێ کەشەو لەماڵی دۆستێکی

دڵسۆز دانیشین، تەنیا چوار کەس دەبین و تاق و لۆقیش دەچین تا نەمانبینن، بەو ماڵەم دەزانی، خۆم گەیاندێ، ئەوانیتر لەوێ بوون، بەر لەهەموو شت داخ و پەژارەیان لەجیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسە دەربڕی، پاشان گوتیان زەبیحی بێ شوێنە و لەوەتی لەلای ئێوە گەڕاوەتەوە، کەس بەشوێنی نازانێ، گوتم پێویستە لەکن مەلا عەولای حاجی سمایلی سۆراخی بکرێ، گوتیان زۆر کەس وەدوای شوێنی کەوتوە دەڵێن کوژراوە، پاشان یەکیان گوتی: خێزانی برادەرێکمان چۆتە باڵیۆزخانەی سۆڤێت، لەوێ پێیان گوتوە: هەر چۆنێ بۆتان دەکرێ خەبەر بدەنە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کەچاومان بەکەسێکیان بکەوێ، پێشنیاریان کرد کەسەرێکیان بدەم بەڵکو خەبەرێکیان پێ بێت.

شەو درەنگ هاتمەوە هوتێل، نامەیەکی دوور و درێژم بۆ شەخسی دکتۆر قاسملۆ نووسی، خەبەری مەلا سولەیمان و قسەی ئەفسەرە شاپەرستەکە و راسپاردەی باڵیۆزخانەی سۆڤێت و وردەشت و خەبەری کەزانیبوومن، هەموم کۆکردنەوە و بیروڕای خۆشم لێ زیاد کرد و نووسیم: (تکایە بەهیچ جۆر بڕوا بەحکومەتی عێراق مەکەن و هەتا بۆتان دەکرێ و دەتوانن بەجۆرێك لەگەڵ حکومەت رێککەون، مەهێڵن شەڕ پەرە بستێنێ، بەهیوای درۆ و بەڵێنی بەعس خۆ تووشی شەڕێکی قورس مەکەن، ئەوانەی ئێرە جێگای ئیعتیبار نین).

هێشتا لەمەهاباد بووم کێژە کوردێکی عێراقی کەلەئێران شووی کردبوو، باوکی کوردێکی نیشتمانپەروەر و دۆستی ئێمە بوو، هاتە دەفتەری تەشکیلات و داوای وەرەقەی ئیجازەی کرد کەبچێتەوە ماڵی بابی و پێشمەرگە مانیعی نەبن، هەرچەند بڕیار درابوو بەبێ نووسراوەی کاك ئەمیری قازی پێشمەرگەی سنور نابێ کەس رێگا بدەن بچێتە ئەودیو، بەڵام کاك ئەمیر لەدەست دا نەبوو من نامەم بۆ بنکەی سەر سنور نووسی و بەتەلەفۆنیش بەبرادەرانی پیرانشارم گوت بەڕێی بکەن، ئەو

کیژە دەگەڕاوە بۆ مەهاباد، دەرفەتبوو، هەم زوو دەگەیشتەوە، هەم جێگای باوەڕ و دڵنیایی بوو، ئەو شەوەی من نامەکەم نووسی، بەیانی ئەو دەکەوتەڕێ، بەیانی زوو چوومە ماڵیان، ئەوەندەی توانیم لەسەر نهێنی و کاری گەیاندنی نامەکە قسەم بۆ کرد، نامەم دایە و کەوتەڕێ، گەڕامەوە، سەعاتی ١١ چوومە باڵێۆزخانەی سۆڤێت، داوام کرد یەکێك ببینم، کابرایەك هات بەناوی سکرتێری یەکەمی سەفارەت خۆی ناساند، پاش ئەوەی کەناوی خۆم پێگوت، گوتی ئێمە دەمێکە رامانسپاردبوو کەیەکی حیزبی دیموکرات ببینین.

مۆسکۆ داوای لێکردووین کەلەسەر وەزعی ئێستای کوردستانی ئێران ئاگاداریەکی تەواوی بدەینێ، پاشان هاتە سەر هەڵوێستی غەنی بلوریان و رەخنەیەکی خەستی دوور بەدووری لێگرت.

من بەدرێژی باسی ئاوارەیی و دەربەدەری خەڵکی شارەکانی سنە و سەقز و بانە و مەریوان و شنۆ و مەرگەوەڕ و گەمارۆی ئابوریم کرد، پاشان هاتمە سەر سیاسەتی نادۆستانەی سۆڤێت سەبارەت بەکورد و چەوتی ئەو سیاسەتەم بەگوێرەی بۆچوونی خۆم رووڕکردەوە و گلەییم کرد، کابرا بەگوێرەی عادەتی دزێوی دیپلۆماسی دووپاتی کردەوە کەئێمە دۆستی کوردین، ئەوەشی لێ زیاد کرد گوتی: ئەوە نییە سکرتێری گشتی ح.د.ك.ا لەمیتینگی مەهاباد دا گوتوویە: (دۆستی لەمێژینەی میللەتی کورد یەکێتی سۆڤێتی پشتیوانی ئێمەیە، ئەو راست دەکات).

گوتم پشتیوانی بەقسە نابێ، ئەوڕۆ کورد پێویستی بەیارمەتی و پشتیوانی راستەقینە و کردەوەیی هەیە.

کابرا دیار بوو هیچی پێ نەبوو، هەر ئەوەندە بوو دەیویست لەوەزعی کوردستان

ئاگادار بێ، لای ئێوارێ لەهوتێل دانیشتبووم، کابرای بەعسی هات گوتی: لەدوای تۆ هاتوم، ئەبو ئەحمەد دەیەوێ بتبینێ.

سواری کردم بۆ موخابەرات، ئەبو ئەحمەد مودیری گشتی موخابەراتی عێراق لەگەڵ سێ کەسیتر لەوێ دانیشتبوو، دوای سڵاو و مەرحەبا قاوەیان هێنا، ئەبو ئەحمەد گوتی کەی سەفەر دەکەی؟

– دەمێکە لێرەتان راگرتووم، من تەنیا مانگێك ئیجازەم هەیە و نازانم بۆچی راتانگرتووم؟ لەوەزعی حیزبی دیموکرات و شەڕ و بارودۆخی کوردستان پرسیاری زۆری کرد و گوتی؟ حیزبی دیموکرات لەگەڵ کام وڵاتی دەرەوە پێوەندی هەیە؟

– ئاگادار نیمە خۆت دەزانی من ئێستا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی نیم، ئاگاشم لەپێوەندیەکانی دەرەوە نییە.

– وەك ئێمە خەبەردارین ئەندامێکی بەرپرسی حیزبی دیموکرات لەیەکێ لەپایتەختەکان سەری لەبالێۆزخانەی دەوڵەتێکی مەزن داوە، دیارە پێوەندی هەیە.

– نازانم، بەڵام ئەگەر پێوەندی هەبێ لام وایە هەقی خۆیەتی، گوتی: (باشە، پاسپۆرتەکەت بدە تا بلیتت بۆ بکڕن و ئەگەر پارەشت پێیە بیاندەیە با بۆت بکەن بەدۆلار، فڕۆکە رۆژی پێنجشەمۆ هەیە، دەتوانی سەفەر بکەی، ئیتر پاسپۆرت و پارەکەیان لێ وەرگرتم و هێنایانمەوە هوتێل، ئێوارێ تەلەفۆنم کرد بۆ سۆفیا تەنیا شلێری کچم لەمانێ بوو، گوتم؟ رۆژی پێنجشەمۆ دێمەوە چتان بۆ بکڕم؟

– هیچمان ناوێ، هەر بۆ خۆت وەرەوە هیچی دیکەمان ناوێ، شەو برادەرێکم بەژن و منداڵەوە، داوەت کرت پێکەوە نان بخۆین، رۆژی دوایی چوومە کۆڕی زانیاری کورد دیوانی گۆران و یەك دوو کتێبی دیکەم وەرگرتن و مالاواییم خواست

و هاتمەوە هوتێل، کاك مستەفای مودیری هوتێل هاتە لام گوتی: هاتوون گوتویانە بەیانی لەهوتێل دەرنەچی لەدوای دێن، شەو بەر لەنان خواردن دیتم شێخ سەتار پەیدا بوو، دانیشت و چاك و چۆنی و گوتی: بیستم لێرەی گوتم با سەرێکت بدەم، دیوانی گۆران و نووسراوەیەکی خۆی (مێژووی حیزبی شۆڕشگێڕی کوردستان)ی بۆ هێنابووم، تۆزێ لەولاتر مێزێك دانرابوو، چوار کەسیتر هاتن دانیشتن و دەستیان کرد بەبیرە خواردنەوە، هەستم کرد پتر لەپێویست سەیری شێخ سەتار دەکەن، زۆری پێ نەچوو، شێخ جەباری براشی هات و لەکن ئەوان دانیشت، من شێخ جەبارم نەدیبوو، جارێك لەگەڵ کاك حەمەدەمینی سیراجی دەچووینە لای سەعدون شاکر، لەژووری چاوەڕوانی دانیشتبووین، زەلامێك وەژوور کەوت و داوای مەعاشی کرد، بەسرتە پێی گوتم: (ئەوە شێخ جەباری مقدسە) تا شەو درەنگ، واتە تا من نەچوومەوە ژوورەکەی خۆم ئەوان نەبزوتن، بەیانی سەعاتی ٨ کابرایەك هات سواری کردم بۆ موخابەرات، بردیانمە هۆدەیەك، دانیشتم و ئەبو ئەحمەد هات، گوتی سەرۆك دەیەوێ بتبینێ، مەبەستی بەرزان تکریتی بوو، سەعات ٩ گوتی فەرموو، سەرۆك هاتوە، کەچووینە ژوور یەکی دێزەی گرژی چەموشی خوێن تاڵ دانیشتبوو، سڵاوم کرد و چوومە پێش تۆقەیەکم کرد، دیار بوو زۆر بەناسەرسەنگی دەستی هێنا، کورسیەك خاڵی بوو، چووم دانیشتم، ئەبو ئەحمەد وەدەرکەوت.

بەرزان گوتی: (شلونك... قاسملو شلونە،

– باشم... قاسملوش باشە...

– جەلال تالەبانی شلونە؟

– من لێرەم و ئاگام لەجەلال تالەبانی نییە، کابرا ماتبوو، پاشان گوتی:

– پێت وایە ئێرە بنگلادێژە؟ ئێرە عێراقە تۆ چۆن دەچیە سەفارەتی بێگانان، نازانی مەمنوعە.

– من عێراقی نیم... کوردی ئێرانم، ئەندامی حیزبی دیموکراتم... میللەتەکەم لەگەڵ حکومەتی ئێران لەشەڕدایە، بەئەرك و مافی خۆمی دەزانم بچمە هەموو سەفارەتێك و هاواری میللەتەکەم رابگەیەنم، ئەبو ئەحمەد هاتەوە ژوورێ، کابرا بێ ئەوەی وەڵامی من بداتەوە، رووی کردە ئەبو ئەحمەد و گوتی: للسبعە (بۆ حەوتی)، ئەبو ئەحمەد گوتی فەرموو، هەستام، کەهاتینەدەر، دوو کەسیتر لەوێ وەستابوون، بەوانی گوت: (للسبعە)، وەپێش خۆیاندام و لەخوارێ بردیانمە حەسارێك، لەگەڵ عەرەبێکی سووری کەهەر بەتای بیژامە بوو، سواری ماشێنێکی کۆنی دوو دەرکیان کردین شووشەکانی بۆیاخ کرابوون و هیچ دیار نەبوو، کەوتینەڕێ، نازانین بۆ کوێمان دەبەن، لەحەسارێکی زەلام چووە ژوور و دایانبەزاندین، منیان بردە ژوورێکی پیسی پڕ لەدار و تەختە و کۆنە زیل و کۆنە جانتا و شتی وا، کۆنە بیژامێکی شڕ و پیسیان بۆ هێنام گوتیان جلەکانت داکەنە، هەموو لیباسەکانیان لێ وەرگرتم بەکەوشەوەش، چاویان بەستم و یەکێك دەستی دەکێشام، هەستم کرد چووینە نێو ئاسانسۆڕ، نازانم لەقاتی چەند بوو راوەستاین، لەبەر دەرگایەك رایانگرتم، دەرگایان کردەوە و بردیانمە نێو دەرگا، چاویان کردمەوە و پالێکیان پێوەنام و دەژوورێیان هاویشتم، ژوورێکی دوو میتر بەرین و چەند میتر درێژ، دەستشۆری و ئاو تێدا، دوو پەتووی کۆنی پیس لەسەر عەرزەکە، یەك دوو جێگا خوێن رژابوو، کونێك لەدەرگادا، موقەوایەکیان پێوە هەڵاوەسیبوو، نەدەکرا دەرەوە ببینی، ئێرکۆندیشن لەبەری میچی قایمکرابوو، دەنگی مێشکی ئینسانی دەهاڕی، لامواید دوای ٣ سەعات دەرگایان کردەوە و گوتیان وەرە دەرێ، چاویان بەستم و بردیانمەوە ئەو ژوورەی کەخۆم لێ گۆڕیبوو،

جلەکانیان بۆ هێنام و پاشان بردیانمە دەفتەر، کابرایەك لەوێ دانیشتبوو، رابوو، تۆقەی کرد و گوتی: (العفو استاذ) هەڵەیەکی بچووك بوە، فەرموو با بڕۆین، فڕۆکە هەیە، سەفەر بکە، بردیانمە هوتێل، کابرا لەگەڵم هاتە ژوورەکەم و گوتی شتەکانت کۆوەکە، چەمەدان و کتێب و شرپە و بڕەم تاقەت کرد و دوو کەلیمەم بۆ برادەرەکەم نووسی کەوا من سەفەرم کرد، هاتینە خوار، خواحافیزیم لەمستەفا جاف کرد و سواری ماشێنێکی دیکەیان کردم کەیەکیانم دەناسی، بەناوی سالم و پێشتر کەلەبەغدا بووین زۆری هاتووچۆ دەکردین، کابرا گوتی: (الله معك) کەوتینەڕێ، کەمێك ڕۆیشتین، ئەوەی لەتەنیشتم دانیشتبوو، گوتی: (ئەبو ئەحمەد گوتوویەتی بەکن مندا بێ)، لەکۆلانێك بایداوە و لەپڕ گوتی: ئەها ماشێن خۆمان لێدەدا، هاتم ئاوڕ بدەمەوە، سواری سەرمبوو دەمانچەی لەپشت ملی راگرتم و گوتی: (اسکت)، بردیانمە ژوورێکی زەلامی وەك گاراژ، چاویان بەستم و سواری ماشێنێکی شوشە سواخدراویان کردم و بۆ شوێنی پێشوو، لیباسەکانیان لێ وەرگرتمەوە و بیژامە کۆنیان بۆ هێنامەوە و بردیانمەوە ژووری گۆرین، ١٩ ڕۆژی ڕەبەق کەس دەرگای لێ نەکردمەوە، ڕۆژی دوو جار بەکونەکەیدا سیغاریان دەدامێ، هەر بەوێشدا شقارتەیان لێدەدا سیغارەکەم داگیرسێنم، بەڵام لاسکە شقارتە سوتاوەکەیان وێنەدەدام، نیوەڕۆیان گۆشت و برنجیان دەهێنا، بەیانیان نیسك و ئێواران چایەك، لەسەرەتاوە لام وایە سێ ڕۆژان نەخەوتم، هاتووچۆم دەکرد، تا هیلاك دەبووم، جێگاکە ڕەقبوو، پشتم دێشا، ئەوەی شەو و ڕۆژ لەمێشکمدا دەنگی دەدایەوە و کاسی کردبووم و بەری نەدەدام وتەکەی شلێری کچم بوو کەگوتبووی: (بابە هیچمان ناوێ هەر بۆخۆت وەرەوە)، ئەم وتەیە مێشکی بەرنەدەدام و نەیدەهێشت تاوێك وەحەسێم، ئیلهامە، حسی شەشەمە، هەستێکی دەروونیە، نازانم، ساخ نەبۆتەوە، بەڵام شتێکیش هەیە، جاروبار

بەمێشك و دڵی مرۆڤ دادێ و ئاگایەکی نادیارت پێدەگەیەنێ، پۆستی قەرەوڵی ژووری ئەم دالآنە راست لەبەر دەرگای ژوورەکەی منبوو، لێی نووسرابوو، بێدەنگ و بێ هەست)، کەس ورتەی لەبەر نەدەهاتە دەر، گوێچکەم بەدەرگاوە دەنا، بەڵکو گوێم لەشتێك بێ، جاروبار بەزەحمەت غەڵەبەیەکم دەبیست، یا ئەگەر خشپەیەك دەهات دەمزانی هاتووچۆ دەکەن، رۆژێکیان بەعادەتی خۆم گوێچکەم بەدەرگاوە نابوو، سەربازێك هاتەوە و وەك لەبیری چووبێ کەنابێ دەنگی لەبەر بێتە دەرێ، بەوانیتری گوت: (عەبدولرەحمان مەعدوم)، نازانم بۆ خورپەم لەدڵی هات و مامۆستا زەبیحیم هاتە بیر و گوتم وەێهی زەبیحییە، چونکە چەند رۆژ پێش باسیکرابوو کەبێ سەر و شوێنە، ئیتر ئەوەشم بۆ بوو بەفیکرێك، کەشلێرم لەبیر چووبایەوە، مامۆستا زەبیحیم وەبیر دەهاتەوە.

لەپێشدا کەبەرزان گوتبووی بۆچی چوویە باڵیۆزخانەی بێگانە زۆرم پێ گرنگ و جێی ترس نەبوو، پاش چەند رۆژ لەپڕ وەبیرم هاتەوە کەمن نامەم بۆ دکتۆر قاسملۆ نووسیوە و لەوانەیە نامەکە گیرابێ، جا ئەگەر وابێ، خۆم هیچ کەنەجاتیم نایە، خەمی ئەو کێشە و تووشبوونی باوکی و کەسوکاری، ئەوانەش بوونە سەرباری فیکر و خەیاڵ و دەهات جێگای فیکری شلێری کچم بگرنەوە، خەمێکی دیکەش تێکەڵ بەو لافاوە ببوو، داخم بۆ دەخوارد، ئەو رۆژەی گیرام لەگەڵ دۆستێکی گەلێك خۆشەویستم وادە و ژوانم هەبوو کەیەکتر ببینین، ئەوانە گشتیان کۆبوونەوە، دوای حەوتویەك ژانێکی بێ رەزما و کوشندە لایەکی سینگ و شان و پیلی گرتم و ئارا و قارام لێ هەڵگیرا، حاوانەوەم نەبوو، حەجمینم لێ هەڵگیرا، بەسەر پێوەدەهاتم و دەچووم و هاوارم دەکرد، دوای هەرا هەرایەکی زۆر و پاش دوو رۆژان دکتۆریان هێنا، دوو ئەفسەریش لەگەڵی هاتبوون، ترسی سەکتە و شەلەلم هەبوو، دوای تەماشاکردن، دکتۆر گوتی: (تشنج اعصابە)، چەند حەبی

دامێ گوتی: دوو دەنك ئێستا بخۆ، دوایە رۆژی دوو دانە، داوای تۆزێك دەرمانی ئەسپێیانم کرد، گوتی: نابێ، عیلاج شوشتن و ئاوە.

حەبەکانم خوارد، نازانم چۆن و کەنگێ، ئەوەندە دەزانم ٢٤ سەعات خەوم لێ کەوت، ژانی بەدەنم برا و ئەمجار رۆژانە خۆم ڕووت دەکردەوە و بیژامە پیسەکانم دەشوشت و ئەسپێم لێ فرێدەدان، سەرگەرمیەکی خەراب نەبوو، پیژامەم دەشوشت و ئەسپێم دە ئاوێ داویشتن، لام وایە بەچوار پێنج رۆژ پاکم کردبوونەوە، شەوێك بوو بەتەقە و دەنگی تەقەمەنی زۆر دەهات، بیرم لەکودێتا دەکردەوە، بەڵام خەبەرێك نەبوو.

دوای ١٩ رۆژ سەعاتی نۆی شەو دەرگایان کردەوە، چاویان بەستم و بەڕاکێش بردیانمە دەرێ و چووین دەئاسانسۆر، لەخوارێ هاتینەدەر و دایانم بەدەستی یەکیتر، دەڕۆیشتندا دەمزانی لەدەرگایان رەت دەبین، لەم ناوەدا نەقورچیان دەگەیاندمێ و جنێویان دەدا و (فارسی مەجوس)یان دەگوت، بردیانمە ژوورێك و هەر بەچاو بەستراوی لەسەر کورسیەك دایاننام، دوای چەند دەقیقە چاویان کردمەوە، ئەفسەرێك زەلام لەپشت مێزێك دانیشتبوو، ٥ زەلامی دیکە هەریەکەی چۆماغێکی وەك دار تەقڵەیان لەنێو ڕانی خۆ نابوو بەڕیز دانیشتبوون، تەلەفیزیۆن فرۆکەی نیشان دەدا کەبۆمبارانیان دەکەن، کابرای ئەفسەر ناو و شۆرەت و کاری پرسیم و گوتی: ماموری ئێمە ڕاپۆرتیان داوە کەرۆژی فلاّن، سەعاتی فلاّن، تۆ چووینە باڵیۆزخانەی سۆڤیەت و پاش سەعاتێك هاتوویە دەرێ، ڕاستە، یان نا؟

– گوتم ڕاستە لەو رۆژەدا من چوومە باڵیۆزخانەی سۆڤیەت.

– بۆچی چووی؟

– خۆت دەزانی ئێستا لەکوردستانی ئێران لەگەڵ حکومەتی خومەینی لەشەڕ

دایـن، ئێمـه پێویسـته دەنگـی خۆمـان بـەدنیا رابگەیـەنین، سـۆڤێت دەوڵـەتێکی گەورەیە و منیش ئەندامی حیزبی دیموکراتم، چـووم وەزعـی شـپرزەی کوردسـتانم باسکردووە.

– لەگەڵ کێ ئاخافتنت هەبوو؟

– نازانم، ئەوان نێوی خۆیان نالێن، ئەوەندەیە کـابرا فارسـی دەزانـی و بەفارسـی دەدواین.

– باسی عێراقتان چکرد؟

– باسـی عێـراق لەگۆڕێـدا نـەبووە، نەئـەو لەسـەر عێـراق پرسـیویە و نـەمن باسـم کردووە.

پاش ئەوەنـدە پرسـیار و بەرسـڤە، گـوتی بیبەنـەوە، چـاویان بەسـتم و بـۆ جێـی جـاران، ئـەو دیـتن و پرسـیارە، پـەژارەی بـیری گرتنـی کیژەکـە و دیتنـەوەی نامەکەیان لەسەر مێشـکم سـووک کـرد، زانـیم نامەکـە نـەگیراوە، لام وایـە مانگێـک تێپەڕیبوو، رۆژێک بانگیان کردم، چاویان بەستم و بۆ خوارێ، لەهۆدەیەک دایاننام، چاویان کردمەوە، دیتم ئەبو ئەحمـەد دانیشـتوە، دەسـتی کـرد بـەم وشـە حیـز و بێزراوانەی کەسەدجار بەدرۆ کاوێژی دەکەنەوە: (اهلا، شلونك، شلون احوال و...) پاشان گوتی خەتا خۆتە بۆ چوویە سەفارەتی سۆڤێت و بەئێمـەت رانەگەیانـدوە؟ گوتم: (مـن ئەنـدامی ئێـوە نـیم تێکۆشـانی خـۆم بـەئێوە رابگەیـەنم، مـن ئەنـدامی حیزبی دیموکراتم و چوونی هـیچ سـەفارەتێکیش تـاوان نییـە، بەتایبـەت کەئێسـتا ئێمە لەشەڕداین، من هـاتووم سـەفەر بکـەم، میـوانی ئێـوەم، لـەجیاتی بـەڕێکردن زیندانیم دەکەن، حیزبی دیموکراتیش بەدۆستی خۆتـان دەزانـن) گـوتی: (خـۆ تـۆ ئەندامی حیزبی دیموکرات نی، لەکۆنگرە تۆ دیفاعت لەروس و لەخومەینی کـردوە،

لەکۆنگرە هەڵنەبژێردراوی پاشان لەحیزب چوویەدەر و بووی بەتودەیی.

گوتم درۆیە ئاگاداریتان کەمە، من ئەندامی حیزب و بەرپرسی تەشکیلاتی مەهابادم.

گوتی (دکتۆر سەعید بەئیمەی گوتوە، ئەو خۆی ئەندامی حیزبە و ئەڵمانی باش دەزانێ)، کەگوتی دکتۆر سەعید گوتوویە، وەشك کەوتم کەدرۆ دەکا، چونکە نەمزانیبوو کەصادقی شەرەفکەندی چووبێتە عێراق، بەڵام کەگوتی: ئەڵمانی باش دەزانێ، بۆم روون بۆوە کەدکتۆر حەسەنی شەتەوی کاتێك لەکۆنگرەی حیزب گەڕاوەتەوە، روونی کردوونەوە.

پاشان گوتی: تۆ بێ ئیجازەی حیزب سەفەر دەکەی و دەچی لەئەوروپا دادەنیشی کامەران لەکەرکوك بەبرادەرانی ئیمەی گوتوە.

– راست نییە، من بەئیجازەی حیزب دەچم و نامەی دەفتەری سیاسیشم پێیە.

گوتی دەزانی ئێستا لەگەڵ خومەینی لەشەڕداین؟ تۆ ئەودەم پێشنیارەکانی ئیمەت قەبوڵ نەکرد و نەت دەویست خۆشتان دژی خومەینی شەڕ بکەن.

– پێم وانییە شەڕتان لەگەڵ خومەینی بەجیددی بێ دەنا منتان لێرە حەپس نەدەکرد، حیزبی دیموکرات لەشەڕ دایە، ئێوەش ئەندامی حیزب دەگرن، گوتی بیبەنەوە، دووبارە بۆ شوێنی جاران، ماوەیەك پێچوو بێ خەبەر، دیسان ژانی سینگ و شان و پیلم دەستی پێکردەوە، دوو رۆژان هاوارم کرد، دکتۆریان هێنا، دوای تەماشاکردن، چەند حەبێکی دا بەکێشکی بەر دەرگا، کەرۆژێ دوو دەنکم بداتێ، باشبوو بەو حەبانە، ژانەکە دەشکا، شەوێکیان سەعاتی ١ دەرگایان کردەوە، چاویان بەستم و بردیانم بۆ ژێرزەمینێکی چۆڵ و خاڵی دایاننام، هیچ هەست و دەنگێك نەدەهات، ترسام کەبمنێرنە بەهەشت، زۆریشم پێ ناخۆشبوو،

تاوێك پێچوو هاتن، دەستیان گرتم و بەراکێش بردیانم بۆ ژوورێکی تر، دایاننام و چاویان کردمەوە، ئەفسەرێك دانیشتبوو، گوتی موتەرجمی فارسیمان بۆ هێناوی، ئەفسەرێکی تر هاتە ژوور، فارسی باش دەزانی، سەرلەنوێ هەموو پرسیارەکانی هەوەڵی دووپاتکرانەوە، وەڵامەکانیش هەر ئەوەبوون کەگوترا بوون، پاشان گوتم: لەسەر چی منتان راگرتوە، من عێراقی نیم و ئەندامی حیزبێکم کەدۆستی ئێوەیە، گوتی لەسەر حیزبی دیموکرات بۆمان بنووسە.

– چتان لەسەر حیزبی دیموکرات بۆ بنووسم، ئێمە ماوەی حەوت ساڵ لێرە بووین، یارمەتیتان داوین، لەگەڵ حیزبی بەعس پێوەندیمان هەبوە، من بەرپرسی حیزب بووم، لام وایە هیچی شاراوەمان لەئێوە نییە، چیتان بۆ بنووسم؟

دەفتەر و قەڵەمێکی لەپێش دانام و گوتی بیبەنەوە، بردیانمەوە ژوورەکەی جاران، دەستم کرد بەنووسین لەبارەی وەزعی زیندان و هەرچی بەخەیاڵمدا دەهات، دوو سێ لاپەڕەم نووسی، دوایی بیرم لێ کردەوە چییان لێ بکەم، بۆم ناگەنە دەرێ، کۆنە بیژامەیەکی شرم لەبەردایە، چ بمکوژن و چ ئازادم بکەن، هەر دەکەوێتە دەستی ئەوان، درێاندم و بەدەم ئاوی تواڵێتم دادا، پاشان دەستم کرد بەنووسین لەبارەی ح.د.ك.ا کەچەندە خۆشەویستی خەڵکە و بەهێزە و حیزبێکە رابردوویەکی خەباتی هەیە و بەکورتی هەرچی توانیم نووسیم و بڕێکیشم پێوەنا، حەوتوێك پێچوو بانگیان کردم، ئەبو ئەحمەد هاتبوو، پرسی: داوایان لێکرد بووی لەسەر حیزبی دیموکرات بنووسی، کوا چت نووسیوە؟

گوتم ئەوەی زانیومە نووسیومە، ناردی هێنایان، بەکوردیم نووسیبوو، تێی نەدەگەیشت، گوتی ئێمە بڕوا بەتۆ ناکەین، بەحیزبی دیموکراتمان گوتوە کەسەفەرت کردوە، تازەش ژن و منداڵت نابینیەوە، راستیشت بەئێمە نەگوتوە کەبۆچی چوویە سەفارەتی سۆفێت باسی چت کردووە.

گوتم ئەوەی گوتومە نەمشاردوتەوە، باسی هێرشی حکومەتی خومەینیم کردووە، نامەی حیزبی دیموکراتیشم پێ بوە و بەئیجازەش سەفەر دەکەم.

– کوا نامەی حیزب لەکوێیە؟

لەنێو ئەسبابەکانمدا بووە.

– بچوو بیهێنە.

بردیانم بۆ لای جانتاکانم، نامەکەم لەنێو کتێباندا دیتەوە، ٤–٥ ئەلبومی رەسمی پێشمەرگە و میتینگ و کوردستانم پێ بوو، پشکنیبوویان، تەنیا یەك رەسمیان هەڵگرتبوو، کەلەگەڵ مەلا محەمەدی جوانڕۆیی بوو، نامەکەم هێنا، بەئینگلیزی نووسرابوو، خوێندیەوە گوتی راستە، بەڵام هەموویان دژی تۆ قسە دەکەن، ئەوەی چاویلکەی لەچاوی دایە و ناوی کەماڵە، ئەوە کێیە؟

– ئەگەر ناوی کەمال بێ، دیارە کەماڵە، من خەڵکی ناوچەی مەهابادم و زۆر کەس ناناسم.

– وانییە، هەموو ناوی خۆیان دەگۆڕن، تۆش راست نالێی.

– من کەسێکی وا ناناسم، راستیشم گوتوە.

– بڕوات پێ ناکەین، ئەگەر دەتەوێ مااڵ و منداڵی خۆت ببینیەوە، دەبێ هاوکاریمان بکەی.

– پێم سەیرە حیزبی دیموکرات هاوکارتانە هاوکاری من دەبێتە چی.

– ئەوە خۆمان دەیزانین، رێگای دیکەت نییە، دەتەوێ رزگاربی، دەبێ هاوکاری بکەی، تۆ لەگەڵ ئێمە راست نەبووی، گوتم من ئەندامی حیزبی دیموکراتم، حیزبی دیموکراتیش پێوەندی هاوکاری هەیە، ئیتر هاوکاری من مانای نییە.

گوتی بیبەنەوە، چاویان بەستم و بۆ جێی جاران، خەیاڵ و بیری جۆربەجۆر بەمێشکمدا دەهاتن و دەمگوت باشە یانی برادەرانی حیزبی نەیانزانیوە کەمن نەگەیشتوومەوە و بێ سەر و شوێنم؟ زۆرم بیر لێ کردەوە، هاوکاری چی؟ لەحیزبی دیموکرات دا جێیان لێ شاردراوەتەوە؟ بڕیارمدا ئەگەر ئەوجار بانگم کەنەوە، بڵێم هاوکاریتان دەکەم، ئەوە باشترە نەك پیاو لەزیندانداا بزر بێ و یا بەخۆڕایی لەبەینی بەرن، حیزبی دیموکراتیش بەقەد بزنێکی گورگانخواردو، بۆری بەپەرۆش نەبێ، بەتایبەت من بڕیارم دابوو کەلەحیزبی دیموکرات دا بمێنمەوە و خەباتی نێو حیزب و خەبات بۆ ئازادی دریژە پێ بدەم، بڕیارمدا خۆم رزگارکەم، نێزیکەی دوو حەوتوو پێ چوو دەرگایان کردەوە و چاویان بەستم و بۆ خوارێ، لەژوورێك چاویان کردمەوە، ئەفسەرێك دانیشتبوو، گوتی بیرت لێ کردەوە؟

– شتێکم نییە بیری لێ بکەمەوە، تەنیا بیر لەشێوە دۆستایەتی ئێوە دەکەمەوە لەگەڵ حیزبی دیموکرات.

– ئێمە دۆستی حیزبی دیموکراتین، خاوەن مەبادیئین، بەڵام تۆ لەگەڵ ئێمە راست نی، لەو قسانەدا بووین، ئەبو ئەحمەد هات، ئەفسەرێکی تریشی لەگەڵ بوو، گوتی: ئێمە یەك ئامانجمان هەیە، تۆ بۆ هاوکاری ئێمەت لا گرانە؟

لام گران نییە، پێم سەیرە، حیزبی دیموکرات خۆی هاوکارتانە، منیش ئەندامی حیزبی دیموکراتم دەتوانم هاوکاری بکەی، گوتی هەر بەقسە نابێ باوەڕت پێ ناکەین.

– نازانم، بەچی باوەڕ دەکەن، ئەوەندەیە دەڵێم هاوکاری دەکەم.

– ئەگەر نەتکرد؟

– ئێوە حکومەتن و لەنێو حیزبی دیموکراتیشدا دەستودەڕوا و ئیمکاناتیشتان

هەیە.

چاوێکی لەئەفسەرەکان کرد، گوتیان راستە، ئێمە دەتوانین نەیاری خۆمان تەمبێ بکەین، ئەبو ئەحمەد پەڕە کاغەزێکی سپی هەڵگرت و لەپێشی دانام گوتی بنووسە کەتەعەهود دەکەم لەگەڵ حکومەتی عێراق هاوکاری بکەم، قەڵەمێکم وەرگرت و بەفارسی نووسیم: (این جانب متعهد می شوم کەبا حکومەت عراق همکاری نمایم)، دای بەئەفسەرێکیان، تەماشای کرد و گوتی بیبەنەوە، چاویان بەستم و بۆ ژووری جاران.

لەم لایەشەوە، خێزانم کەچاوەڕوانە رۆژی پێنجشەمۆ بگەمەوە سۆفیا و ئەوە دە پێنجشەمۆش تێپەڕین و سۆراخم نییە، ئەو تیلگرافەی خوارەوە دەنێرێ بۆ مامۆستا مەلا محەمەدی شەڵماشی لەسولەیمانی و دەنووسێ کەریم بێ شوێنە:

IRAG-SULEIMANE
JAMAIA MAULANA HALID BEN VALID
IMAM MAULLA MOHAMMAD GAZAI
I KINDLY REGUEST YOU TO SEND ME NEWS ABOUT MY HUSBAND KARIM HISAMI, BECAUSE HE TELEPHONED ME BEFORE ONE MONTH THAT HE IS COMING TO BULGARIA AND HE HASN'T COME YET.
HADIJA

دەنێرێ بۆ مامۆستا مەلا محەمەدی شەڵماشی لەسولەیمانی و دەنووسێ کەریم بێ شوێنە، مامۆستاش خەبەر دەنێرێ بۆ حیزبی دیموکرات، بەڵام کەس گوێی ناداتێ، تا دکتۆر قاسملۆ دێتە بەغدا، کەبچێتە ئەوروپا، وەك دکتۆر قاسملۆ دەیگوت: گوایا ئەو دەپرسێ کەریم چی لێ هاتووە، ئەوانیش دەڵێن سەفەریکردوە، دکتۆر دەڵێ: کەنگێ سەفەری کردوە، بەچ فڕۆکەیەك رۆیشتوە، بلیتی لەکوێ کڕیوە، هەتا ئەوانەم بۆ روون نەکەنەوە ناڕۆم.

ئێستا پێداگرتنی دکتۆر قاسملۆ یا بەڵێنی من و یا هەردووکیان بوون، دوای نێزیکەی ٣ مانگان دەرگایان لێ کردمەوە و هێنایانمە دەفتەری زیندان،

کەئێستاش نازانم کوێ بوو، کابرایەکیان هێنا بوو، سەر و ریشم بتاشێ، زۆرم هەوڵدا کەدەستی لێ نەدا نەیانهێشت، تەماشای ئاوێنەم کرد، ریشێکی سپی، نورانی، دەستم پێدا هێنابوو، قەدی گرتبوو، پتر وەپیشی پێغەمبەران دەچوو، کابرا ریشی تاشیم و سەری کورت کردمەوە و خۆم گۆڕی و هەر ئەو کابرای لەگەڵم هاتبوە هوتێل و شتومەکی پێ کۆکردبوومەوە، ئەمجارەش هەر تەحویلی ئەو دوو کەسەی دامەوە و بردیانمەوە ئوتێلی جاران، راست ئەو ژوورەی کەلێیگیرابووم، بەدوای منذا کابرای مەسئولیان پەیدا بوو، گوتی دکتۆر قاسملۆ لێرەیە، با بچینە لای، سواری کردم و گوتی: تکا دەکەم بەدکتۆر قاسملۆ مەڵێ کەلەموخابەرات گیرابووم، ئێمە گوتومانە، ئەمن گرتوویەتی و ئێمە نەمانزانیوە، چووینە کن دکتۆری، ئەودەم کاك سەلیمی بابانزادە لەعێراق نوێنەری حیزبی دیموکرات بوو، نێزیکەی سەعاتێك دانیشتین، دکتۆر گوتی: گوتومە تا نەزانم کەنگێ سەفەری کردووە، و بەچ تەیارەیەك رۆیشتوە، ناڕۆم، تۆزێ باسی شەڕی ئێران و عێراق و گرتنی خورمەشاری کرد و ئیتر باسی شەڕی مەهاباد و کوردستانی نەکرد، گوتی لەپاریسەوە تەلەفۆنت بۆ دەکەم، هاتمە هوتێل، کەهاتم هێندێ لەئەندامانی حیزب، نەخۆش و بریندار لەوێ بوون، رۆژی دوایی سەلیم هاتە لام، ئەویش لەچنگ درۆ و فریو و رانەپەڕاندنی کاروبار زاڵەی بوو، بەتایبەت لەوە زۆر تووڕە بوو کەهەمیشە بۆ هاتنەدەری شەخسیش هەر بەدوایە بوون، کەهاتنەوە هوتێل کابرا گوتی: تکایە لەهوتێل دەرمەکەوە، پرسیم بۆچی، دەست بەسەرم؟

نا.. العفو.. استاذ.. بیشەرەفی.. بەڵام نەوەك بچیە سەفارەتی سۆڤێت و بەوان بێژی گیرابووم، گریانم بۆ خۆمان هات و پێکەنین بەئاقڵی ئەو تاوانبارانە، گوتم ئەوە نییە دەچمەوە سۆفیا و سەفارەتی سۆڤێت لەوێ ئازادە، ئەگەر بمەوێ، لەوێ دەچم، خۆ مەعموری ئێوە لەوێ ناتوانێ وەدوام کەوێ، کابرا دەنگی نەکرد،

لێم پرسی: کەنگێ دەڕۆم، گوتی: سبەی خەبەرت دەدەمێ.

سبە و دوو سبەش چوو، خەبەر نەبوو، چا بوو هێندێ برادەرانی لای بانە لەوێ بوون، زمانیان نەدەزانی، یارمەتی زمان و ڕاپەڕاندنی کاروباری ئەوانم دەدا، لەگەڵ دۆست و برادەرانی کورد هیچ پێوەندیم نەگرت، تەنیا شەوێك چوومە مالّی کاك ڕەحمانی چاپچی کەلەبەرگەکانی پێشوودا باسی جوامێری و پیاوەتی و برایەتی ئەو پیاوەم کردوە، کەچوومە ژوور و چاویان پێم کەوت، خوشکە شەمێ دەستی کرد بەگریان و جنێودان بەمەلا ڕەحمانی زاوایان، بەخۆشیەوە کاکە شێخەی دۆستیشم لەوێ بوو، باسی زیندانم بۆ گێڕانەوە و لەگەڵ کاك ڕەحمان دەستمان کرد بەخواردنەوە، شەو درەنگ دەهاتمەوە بۆ هوتێل، سەت دینارم لێ وەرگرتن، چونکە هیچ پارەم پێ نەبوو، کاکە شێخەش هەتا هوتێل لەگەڵم هاتەوە، لەرێگا دوو سەت دیناری هێنادەر و بەزۆری بەسەریدا بڕیم، لەبەر دەرگای هوتێل خواحافیزیمان لێك کرد و بەئاواتی دیتنەوەی ئەو دۆست و برادەرە هێژایانە ڕۆژ دەکەمەوە.

دوای چەند ڕۆژ کابرا هاتەوە پاسپۆرتەکەی بۆ هێنابوومەوە، پاسپۆرتەکەم پاسی یەمەنی دیموکراتی بوو، وادەی تەواو ببوو، کابرایەکیان لەگەڵ ناردم بۆ سەفارەتی یەمەن، کابرا نەهاتە ژوور، لەو کاتەدا یەمەن و عێراق نێوانیان تێکچووبوو، کابرا لەدوور ماشێنی ڕاگرت تا گەڕامەوە، گورج پاسەکەیان درێژ کردەوە و گەڕامەوە، کابرا پاسەکەی برد کەمۆری چوونە دەری لێبدا، ڕۆژی دوایی سەعاتی ۹ کابرایەك پەیدا بوو، گوتی دەتوانی بەتاکسی بچیە ئەردەن، پاسەکەی بۆ هێنابوومەوە و پارەکەیان بۆ کردبووم بەدۆلار و گوتی لەگەڕانەوەدا بێرەدا وەرەوە، پارە و پاسپۆرتم وەرگرت و هەر ئەودەم لای خۆم شەرتم کرد تا ئەو ڕۆژمە بەعسیە لەسەر حوکم بێ بەتەیارەش بەسەر عێراقدا نەڕۆم.

بـێ راوەسـتان چـوومە کـاراژ، تاکسـی داوای ١٦ دینـاری دەکـرد هـەتا عـەمان، رانەوەستام، هێنامە هوتێـل و جانتـا و مانتـام هـەڵگرت و کەوتینـەڕێ، بەسـانایی لەسنوری عێراق دەرباز بووم و ئاهێکم هاتەوەبەر، لەسنوری ئـەردەن نـۆرەم هـات کەپاسەبکەم دا بەکابرا، گـوتی بـەدینت تـۆ یەمـەنی؟ گـوتم پاسـەکەم تـەواوە، تـۆ هەقت نەبێ، گوتی فەلەستینی دوو دیناران بدە، گوتم بۆ وڵاتـانی عـەرەبی ڤیـزای ناوێ، گـوتی: بـۆ یەمـەنی شـیمالی نایـەوێ، دوو دینـارم دایـە و جـارێکی دیکـەش وەحـدەی عـەرەبی و امـە العربیـە واحـدەم پـتر بـۆ رووبـۆوە، پێمـان پێوەنـا بـۆ عـەمان، سـەعاتی ٣ی شـەو، لـەهوتێلێك دابـەزیم، بـەیانی چـوومە نێـو بـازاڕ و لەخەتێکی هەوابەری جێگـا هـەبوو، بـۆ ئـاتین و لەوێشـەوە بـۆ سـۆفیا، ئـیتر گـیر نەبووم، بلیتم کڕی و یەکسەر بـۆ فڕۆکەخانـە، لەفڕۆکەخانـەی ئـاتین دوو سـەعات گیر بووم، تەلەفۆنم کرد بۆ مالێ، دیسان شلێر هەڵیگرت، خۆشی بیسـتنی دەنگـی یەکترمان نەلەبیر دەچێ و نەبۆم وەسف دەکرێ.

جارێکی تر لەسۆفیا

رۆژی ١٩٨٠/١٢/٧ سـەعاتی پێنجـی ئێـوارێ گەیشـتمەوە فڕۆکەخانـەی سـۆفیە، دایکی کەمال و مندالەکان لەوێ بوون و بەدیتنیان رۆژەکانی زیندانم لەبیر بردەوە، بەڵام هەڵوێستی جنایەتکارانی حکومەتی عێراقم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە.

رۆژی ١٩٨٠/١٢/١٥ چوومە خەستەخانە و حەوتوێك لەنەخۆشخانە بووم و لوتیـان عەمەل کردم، رۆژی ١٢/٢٢ هاتمەوە مالێ و چاوەڕوانی هـاتنی سـاڵی تـازە بـووین بـزانین چـیمان بـەدیاری بـۆ دێنـێ، بـێ خەبـەری لـەوڵات نیگـەرانی کـردم، لـەپڕ نامەیەکی (بەرپرسی رێکخراوی ژنانی کوردستان)م بۆ هات، کەئەندامی کۆمیتـەی شارستانی مەهاباد بوو، نامەکە لـەکاتی شـەڕی مـەهاباد دا نووسـرابوو، چـووبووە

کوێ و چۆن گەیشتبوە سۆفیا سەیر بوو، خوشکە مەستانە نووسیبووی: (١٧ رۆژە تۆ رۆیشتووی، مەهاباد لەئاگر و ئاسندا دەسووتێ، ١٥ رۆژ بەتۆپ و خومپارە و بۆمبا لەعەرز و لەحەواوە لێیاندباوە، خەڵکێکی زۆر کوژراوە، قەرار نەبوو هێندەت پێ بچێ، هەتا پێت دەکرێ زوو وەرە، برادەران چاوەڕوانتن)، هێندێکیشی بەئینگلیزی نووسیبوو، باشی تێ نەگەیشتم، ئەو نامە خەبەری بۆمباران و کوشتاری مەهابادی هێنابوو، نیشانی دەدا هەر دوای من شار تووشی شەڕ کراوە و خەڵکێکی زۆری بێ تاوان سەری تێدا چوە، سەری سالّمان لەهەوایەکی خۆمالّی و لەبارودۆخێکی پڕ خەم و پەژارەی ولّات و کوشتاری خەڵکی بێ تاوان دا رابوارد، چونکە هەر بەدوای نامەی بەرپرسی تەشکیلاتی ژنانەدا بەیاننامەیەکی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانم پێگەیشت کەجنایەتی سامداری لەشکر و پاسدارانی ئیسلامی لەکوردستان نیشاندەدا، لەبەیاننامەی دەفتەری سیاسیدا بەتاریخی ٥٩/٨/٢٠ (٩٨٠/١١/١١) گوترابوو: (کۆنەپەرستی رەشی زالّ بەسەر نیشتمانی خۆشەویستدا جارێکی دیکەش بیچمی دزێو و بێزراوی خۆی نیشاندا، دوای جنایەتی کوشتاری خەڵکی قارنێ، رۆژی ١٣ی خەزەڵوەر لەگوندەکانی (ئیندرقاش و وسوکەند) ٥٣ کەسیان کوشتوە کەمندالّی چوار مانگەشیان لەگەڵبوە، لەبەیاننامەکەدا گوترابوو: (ئەم جنایەتە نەتیجەی راستەوخۆی تەبلیقاتی ژاراوی رادیۆ تەلەڤیزیۆن و بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامییە کەخەڵکی کوردستان بەکافر و بەدوژمنی ئیسلام دەناسێنن، بەیاننامەکە داوای لەحیزب و رێکخراوە ئازادیخوازەکانی دنیا کردبوو کەدەنگی بێزاری خۆیان دژی ئەو جنایەتە بەرزکەنەوە، پاشان لەپاشکۆی بەیاننامەکەدا ناوی کوژراوانی گوندەکانی ئیندرقاش و وسەکەند و سۆفیان و کولیج و سەروکانی بالّو کرابۆوە). رۆژی ١٩٨١/١/١٦ دکتۆر قاسملۆ لەپاریسەوە تەلەفۆنی کرد و

دوای ئەحوالپرسی و چاك و خۆشی گوتی: (تکایە بچۆ بالیۆزخانەی سۆڤێتی و داوا بکە، بەڵکو هەتا لەئەوروپام، بتوانم بچمە مۆسکۆ و قسەیان لەگەڵ بکەم، رۆژی ۹۸۱/۱/۱۸ چوومە بالیۆزخانەی سۆڤێت، چاوم بەسکرتێری یەکەم کەوت، بەبۆنەی ۳۵ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەیاننامەیەکم نووسیبوو، کرابوو بەروسی، بەیاننامەکەم دایە و داوای دکتۆر قاسملۆم پێ راگەیاند، پێمگوت لەکوردستانەوە هاتن هاسان نییە داوامان ئەوەیە، هەتا سکرتێری حیزب لەدەرەوەیە، سەفەرێکی مۆسکۆ بکات، کابرا گوتی: (داواکەتان بەمۆسکۆ رادەگەیەنم و خەبەرت لێ دەگێڕمەوە).

رۆژی ۹۸۱/۱/۲۲ خوێندکارە کوردەکانی لەسۆفیا دەیانخوێند، ویستیان بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان ئاهەنگ بگێڕن، پۆلیسی بولغارستان رێگای نەدا، رۆژی دوایی نامەیەکم بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست نووسی و لەم سیاستە چەپەڵە بەتوندی رەخنەم گرت، رۆژی ۹۸۱/۲/۲ خوێندکارە کوردەکانی دانیشتووی پلۆڤدیڤ داوەتیان کردم کەمیوانیان بم و لەسەر بارودۆخی کوردستان ئاگاداریان بکەم، لەگەڵ ئەو برادەرانە، شەوێکی خۆشمان رابوارد، لەوێ برادەرانی سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بەیاننامەیەکی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا)یان دامێ، کەخوێندمەوە بەراستی لەو هەموو ئاخافتن و ئیدعا و فریودانە لەمەڕ کوردایەتی و مەسەلەی کورد سەرم سوڕما، چونکە ئەو دەم کەبرایانی پارتی بەناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد ئەم بەیاننامەیان نووسیبوو لەکوردستانی ئێران ٣٦ گوند لەلایەن حکومەتی ئیسلامی ئێرانەوە بۆمباران کرابوون و کوشتاریان تێدا کرابوو، بەڵام (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد) یەك وشەی لەسەر ئەم جینایەتەی حکومەتی کۆماری ئیسلامی نەنووسیبوو، ناچار ئەم نامەی خوارەوەم بۆ بەڕێوەبەرایەتی

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا نووسی:

الهيئة الادارية العامة

برایانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا، سڵاوێکی برایانە، هیوادارم لەتێکۆشان و خزمەت بەنەتەوەکەماندا سەرکەوتوو بن.

بەهەڵکەوت لەپلوفدیف چاوم بەبەیاننامەیەک کەوت کەتشرینی یەکەمی ١٩٨٠ لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا) لەسەر پەلامار حکومەتی عێراق بۆ سەر ئێران بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ مەتن و ناوەڕۆکی بەیاننامەکە بەتەواوی موافیقم و پڕ بەپێستییەتی، بەڵام ناچارم بیروڕای چەند سااڵ لەمەوپێشی خۆم دووپات کەمەوە کەحەق نییە ناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەخۆتان بنێن، چونکە کەگوتمان: کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد، یانی هەموو کوردستان، حەق وایە رێکخراوێکی ئەم ناوە لەخۆی دەنێ، لەسەر هەموو مەسەلەیەکی کوردستان وەدەنگ بێ.

لەبەیاننامەکەی ئێوە و نووسراوەی دیکەشتان ئەم واقعیەتە دەردەخا کەئێوە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردی عێراق سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقن و بەس، بەناو لەخۆنان نەکەس گەورە دەبێ و نەسیاسەتیش دەچێتە پێش، واقعیەت زۆر سەر رەقە هیچ نەبێ لەنێو دێڕی نووسراوەکاندا خۆ دەنوێنێ، ئێستا ئەو پرسیارە دێتە پێش، دەکرێ رێکخراوێکی خۆی بەنوێنەری (خوێندکارانی کورد لەئەوروپا) بزانێ، کەباسی شەڕی عێراق و ئێران دەکا لەئاست کوشتاری کوردەکانی ئێران، لەئاست بۆمبارانی شار و دێهاتی کوردستانی ئێران لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە بێدەنگ بێ و خۆ مات بکا؟

برایانی بەڕێز من نااڵێم ئێوە بەگژ حکومەتی خومەینی دا بچن، دەزانم وەزعی ئێوە

بۆیە نابێ، ئێمە هەمیشە ئەوەمان لەبەرچاو گرتوە، بەڵام ناتوانم رەخنەی خۆم لەم هەڵوێستەی ئێوە دەرنەبڕم، ئەگەر ئێوە بەناوی واقعی خۆتان (کۆمەڵەی خوێندکاراتی کوردی عێراق سەر بەپارتی)تان نووسیبایە، جێگای رەخنە و گلەیی نەبوو، بەڵام ئەم ناوەی ئێوە لەخۆتان ناوە و لەبەرانبەر کوشتار و وێرانی بەشێکی کوردستان خۆ مات دەکەن لەگەڵ واقعیەت یەک ناگرێتەوە.

برایانی خۆشەویست لەو مانگەدا کەئێوە ئەو بەیانەتان بڵاوکردۆتەوە ٤٨ گوندی ناوچەی مەهاباد و لاجان و شنۆ لەلایەن هێزی هەوایی حکومەتی ئیسلامیەوە بۆمباران کراوە، شاری مەهاباد بەتۆپ و خومپارە و ڕاکێت وێران بوە، پتر لە ٣٠٠ کەس تەنیا لەمەهاباد کوژراوە، لەگوندی ئیندرقاش ٥٢ کەسیان لەمزگەوت قەڵاچۆ کردووە، ئێوەش وەک گۆیا (نوێنەری خوێندکارانی کورد) لەسەر شەڕی عێراق و ئێران و پەلاماری عێراق بەیان دەردەکەن، جێگای خۆیەتی و کارێکی باشە، بەڵام ناکرێ ئەو بێدەنگیەتان لەئاست جینایەتی حکومەتی ئیسلامی ئێران بەهەڵوێستێکی کوردانە و نیشتمانی حیساب بکرێ، لەگەڵ سڵاو براتان کەریمی حسامی ١٩٨١/٢/١٠).

ڕۆژی ٩٨١/٢/٣ لەبااڵیۆزخانەی سۆڤێتەوە تەلەفۆنیان کرد گوتیان ٩٨١/٢/٢٠ مۆسکۆ وەڵامی ویستەکانتان دەداتەوە، تەلەفۆنم کرد بۆ دکتۆر قاسملۆ، پێمگوت: دەبێ تا بیستی مانگ چاوەڕوان بین، ڕۆژی ٢٠ی فیوریە لەسەفارەتی سۆڤێت داوایانکرد کەبچمە وێندەرێ، کابرا هات و دوای هێندێ شێر و ڕێوی گوتی: (مۆسکۆ لای وایە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات تازەیە و بۆ ئەوان نەناسراوە، بەباشی لەسیاسەتی دکتۆر قاسملۆ تێناگەن، لەسەر ئەو باوەڕەن ماوەیەکی تر چاوەڕوان بن، هاتنی ئێستای دکتۆر قاسملۆ رەنگە ئاکامێکی نەبێ).

رۆژی ۹۸۱/۲/۲۳ وەڵامی قۆڕی کابرام بەدکتۆری گوت و بەدرێژیش نامەم بۆ نووسی، ۹۸۱/۳/۱۰ کاك عەزیزی مامڵێ رۆژنامەی کوردستانی بۆ ناردبووم و دەنگوباسی شەڕی بۆ نووسیبووم، رۆژنامەی کوردستان، لەم کاتە دوارەدا شیعری (قژ زەردی) مامۆستا گۆرانی چاپکرد بوو، نامەیەکی رەخنەم بۆ نووسەرانی کوردستان نووسی و لەوەڵامی نامەی کاك عەزیزی مامڵێ دا رەخنەم لەلاوازی تەشکیلاتی حیزب لەئەوروپا گرت.

لەسەرووبەندی نەورۆزی ۱۹۸۱دا ئەحمەد شەریف برادەرێکی کوردی لوبنان هەڤاڵدەری گۆڤاری (رۆهەڵات) ماتبوە سۆڤیا، داوای کرد لەسەر بارودۆخی کوردستان وتوێژێکی لەگەڵ بکا، هێندێ پرسیاری ئامادە کردبوون، پاشان وەڵامەکانی منیان کردبوو بەعەرەبی و درەنگتر لەژمارەی ٥٥ی گۆڤاری (رۆهەڵات)دا بەزمانی عەرەبی بڵاویان کردبۆوە، ئەمەش دەقی پرسیار و وەڵامەکانن:

پ- وەزعی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەئێستادا چۆن هەڵدەسەنگێنی، بەتایبەت دوای ناکۆکی نێو حیزب لەئەنجامی پیلان گێڕان دژی شۆڕشی کورد بەرێبەرایەتی حیزبەکەتان، ئایا ئەم ناکۆکیە تەئسیری نالەباری خستۆتە سەر رێبازی شۆڕشگێڕی حیزبتان؟

و- ئەگەر بڵێم کەم حیزبی وا هەبووە لەم سااڵنەی دواییدا وەك حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن خەڵکەوە پشتیوانی لێ کرابێ لەحەقیقەت دوور نەکەوتووم، ناکۆکی و ناتەباییەکی لەنێو ح.د.ك دا پەیدا بووە ئیختیلافێکی مەبدەعی و بیروباوەڕی نییە، ئەو برادەرانەی لەحیزب جیا بوونەوە لەبەیاننامەی خۆیاندا شتێکی ئەوتۆیان نەگوتوە کەلەگەڵ بەرنامە و پڕۆگرام و تەنانەت سیاسەتی ح.د.ك جیاوازی هەبێ، غەنی بلوریان وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی تا

ئەودەم کەجیا بۆتەوە دژی سیاسەتی حیزب نەبووە، کاتێک وەک سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی ح.د.ک بۆ وتوێژ لەگەڵ رێبەرانی کۆماری ئیسلامی چووبوە تاران، لەگەڕانەوەدا هیوای زۆر بەچارەسەرکردنی مەسەلەی کورد هەبوو، ئەو دەستەی نوێنەرایەتیە هیچ پێشنیارێکی ئەوتۆی نەکردبوو کەکۆمیتەی ناوەندی دژی بوەستێ.

بەنەزەری من کاك غەنی ئەگەر ناکۆکی بیروباوەڕی هەبایە، دەبوایە لەکۆنگرەی چوارەم بیروڕای خۆی دەربڕیبایە، هەروەك برادەری دیکە هەبوون کەلەسەر هێندێ مەسائیلی فیکری و سیاسی نەزەری خۆیان رادەگەیاند، بەراشکاوی دەتوانم بڵێم کەئەو حەوت کەسە بەهەڵە چوون کەلەو کاتە ناسکە و لەم قۆناخەدا کەجوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردی پێدا تێدەپەڕێ ریزی ح.د.ک ئێرانیان بەجێ هێشت، حیزبێك کەمامە غەنی ٣٥ ساڵی ژیانی خۆی لەپێناوی سەرکەوتنی ئەو حیزبەدا لەزیندان و کوێرەوەریدا بردەسەر.

بۆ دەڵێم ئەو برادەرانە بەهەڵە چوون؟ چونکە بەڵی منەوە هەر جۆرە جیابوونەوە و لەت کردنی ریزی ح.د.ک.ا لەم قۆناغەدا بەزیانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد کەبێجگە لەوەدەست هێنانی مافی رەوای نەتەوایەتی هیچی دیکەی داوا نەکردوە.

لەباری تەئسیری سەلبییەوە، ناتوانم بڵێم جیابوونەوەی ئەو چەند کەسە بێ تەئسیر بووە، بەڵام لەسەر رێبازی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی گەلی کورد تەئسیرێکی بەرچاوی نەبووە، ئێستا رەنگە بۆ ئەوانیش روون بووبێتەوە کە ح.د.ک.ا ئەوەندەی نفوز و ئیحترام لەنێو خەڵکدا هەیە کەجیابوونەوەی ئەوان نەحیزبی دیموکرات و جوڵانەوەی کوردی بێ هێز کرد، نەتوانی مەسەلەی کوردیش وەک ئەوان دەڵێن چارەسەر بکا.

دیارە بۆ من زۆر جێگای داخە کەئەو کەسانەی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازیان هەبێ لەهەلومەرجی ئەمڕۆی جولانەوەی رزگاریخوازی دژی ئیمپریالیستی دا ریزی ح.د.ك بەجێ بێڵێن و مەیدانی خەبات چۆڵ بکەن، خۆ ئەگەر ئەو برادەرانە ناکۆکی بیروباوەڕیشیان هەبایە، دەکرا لەچوارچێوەی حیزبیدا بۆ راستکردنەوەی هەڵە و چەوتی ڕێبەرایەتی حیزب خەبات بکەن، ناکۆکی بیروباوەڕ تەنیا لەنێو ح.د.ك دا نەبووە حیزبی دیکەش تەماشا بکەن لەوانەیە لەنێو ڕێبەرایەتیدا لەسەر زۆر مەسەلە ئیختیلاف هەبێ، بەڵام ئەو کەسانەی لەگەڵ پەیدا بوونی ئیختیلاف ریزی حیزب و مەیدانی خەبات چۆڵ دەکەن، لام وایە ناتوانن خزمەت بەجولانەوەی نیشتمانی و رزگاری نەتەوەکەیان بکەن، جا با ناوی ئەو حیزبەش لەخۆیان بنێن.

پ- وا دەردەکەوێ شەڕی ئێران و عێراق کەئێستا ناوچەی کوردستانیشی گرتۆتەوە ئامانجی سەرەکی لەبەین بردنی گەلی کوردە کەلەعێراق و ئێران داوای مافی ڕەوای نەتەوایەتی دەکا، بێجگە لەئامانجەکانی تر کەدەستگای ئیمپریالیستی نەخشەی بۆ کێشاوە، داخوا لەم بیروڕایەدا لەگەڵ ئێمەی؟ ڕای تۆ لەم بارەدا چییە؟

و- شەڕی نێوانی ئێران و عێراق هەروەك هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ناوچە رایانگەیاندوە، شەڕێکی داسپاوە کەئیمپریالیزمی ئەمریکا دەستی تێدایە و بێجگە لەئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی کەسی تر کەڵکی لێ وەرناگرێ، شەڕێکە بەزیانی گەلانی ئێران و عێراق، زیانێکی زۆری مادی و بەشەری لەهەر تك وڵات داوە، بەپێچەوانەی تەبلیغاتی حکومەتی عێراق ئەو شەڕەی ئەو هەڵیگیرساندوە نەك هەر بەقازانجی گەلانی عەرەب و بۆ پارێزگاری ڕۆژهەڵاتی عەرەبی نییە، بەڵکو بەقازانجی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزم و کۆنەپەرستی عەرەبە، ئەگەر مەبەست (شط العرب) و کێشەی سنورە لەگەڵ ئێران وەك کاربەدەستانی حکومەتی عێراق

ئیدیعا دەکەن، ئەدی بۆچی لەسەر حیسابی لەژێر پێنانی مافی رەوای گەلی کورد لەعێراق هەر ئەو حکومەتە لەگەڵ شای ژاندارمی ئەمریکا رێك کەوت و وازی لەم مافە هێنا، کەوابوو ئەم شەڕە ئامانج و مەبەستی تری هەیە و ئیمپریالیزم نەخشەی بۆ کێشاوە، لێدان و لەبەین بردنی شۆڕشی دژی ئیمپریالیستی ئێران و گێڕانەوەی ئێران بۆ ژێر رکێفی ئیمپریالیزم و هاوکاری لەگەڵ سەهیۆنیزم و کۆنەپەرستی عەرەبی گرنگترین ئامانجی نەخشەی ئیمپریالیستییە.

بەڵام لەبارەی لەبەین بردنی نەتەوەی کورد، شتێکی ئاشکرایە شۆڤێنیزمی حاکم لەعێراق و ئێران جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد بەدوژمنی خۆ دەزانن و بۆ لێدان و لەبەین بردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی و دژی ئیمپریالیستی کورد، نەك هەر لەگەڵ ئیمپریالیزم بەڵکو لەگەڵ شەیتانیش رێك دەکەون، گەلی کورد تەجروبەی تاڵ و واقعی بەدەستەوەیە، لەپێش رێککەوتنی سەدام- شا لە ئەالجەزایر، دوژمنایەتی ئێران و عێراق گەیشتبوە ئەوپەڕی خۆی، شاری ئێران شط العربی داگیر کردبوو، بەڵام بۆ ئەوەی شۆڕشی کورد کەچەڵی چاوی کۆنەپەرستی ئەم وڵاتانە بوو لەناوی بەرن ئەو شەڕە جنێو و دوژمنایەتیان لەبیرخۆ بردەوە و (قائدی عەرەب و عەمیلی ئیمپریالیزم) یەکتریان لەئامێز گرت و رۆژهەاڵتی نیشتمانی عەرەبیش مەترسی لەسەر الچوو، ئێستاش ئەو فیکرەی شۆڤێنیستی و ئەو سیاسەتەی دژی کورد لەهیچ الیەکەوە نەگۆڕاوە، ئیسالمی (دژی ئیمپریالیزم) لەئێران لەکاتێکدا لەگەڵ عێراق لەشەڕ دایە و خاکی ئێرانی ئیسالمی لێ داگیر کراوە، دوازدە فیرقە لەشکری ناردۆتە کوردستان و دژی گەلی کورد شەڕ دەکا، بێجگە لەپاسدارانی بەناو ئیسالم و بەسیجی مستضعفین و بەکرێ گیراوانی دیکە کە (دیریاسینان) لەکوردستان ساز کردووە، ئاغای بەنی سەدر سەرکۆماری ئیسالمی ئێران لەوتارێکی خۆیدا دەنووسێ: (ئەگەر لەشکری ئێران لەکوردستان لەگەڵ کوردەکان شەڕی نەکردبایە

لەشکری عێراق نەیدەتوانی بێتە خاکی ئێرانەوە).

لەسەر ئەو حاڵەشەوە کەحیزبی دیموکراتی کوردستان رایگەیاندوە کەئەگەر حکومەتی ئێران پێشنیاری شەش مادەیی ح.د.ک.ا قەبوڵ بکا، چەکدارەکانی کورد شان بەشانی لەشکری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ پاراستنی سنورەکانی ئێران دژی پەلامارەر شەڕ دەکەن، بەڵام بەلای رێبەرە موسڵمانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە داگیرکردنی خاکی ئێران لەلایەن عێراقەوە و بەکوشتدانی خەڵکێکی زۆری بێتاوان و وێرانبوونی بنکە ئابووری و سەنعەتیەکان، باشترە لەوەی تا مافی رەوای گەلی کورد بسەلمێنن و رێگا بدەن گەلی کورد لەچوارچێوەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا کاروباری نێوخۆی بەڕێوەبەرێ.

ئەوەی ئەوڕۆ پاسداری بەناو ئیسلامی و لەشکری ئێران لەکوردستان دەیکەن، مەگەر ئیسرائیل لەلوبنان و فەلەستین کردبیان، ئەوە وەزعی ئێرانە، بەڵام کوردستانی عێراقیش لەوە باشتر نییە، ئەو حکومەتەی ئیدیعا دەکا گۆیا یارمەتی کوردەکانی ئێران دەدا، ئامانج و جەوهەری سیاسەتەکەی لەسیاسەتی شا و رژێمی ئێستا لەئاست کوردەکان باشتر نییە، بێجگە لەوێرانکردنی کوردستان و ئاوارەکردنی کورد و گواستنەوەیان بۆ جنوب و چۆڵکردنی هێندێ ناوچەی کوردستان، گۆڕستانی بەناو (مجرمینی) بۆ کوردەکان ساز کردووە، وەختە ئەو ئازادیخوازانەی کورد کەهەموو رۆژێ لەموسڵ و شارەکانی تر ئیعدام دەکرێن هەر جێشیان لەگۆڕستان نەبێتەوە، جا کەوابوو ئەگەر ئامانجی سەرەکی ئەو شەڕە، لەبەینبردنی گەلی کوردیش نەبێ، هەر تک حکومەتی لەحاڵی شەڕدا لێدانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد بەبەشێك لەسیاسەتی چەپەڵی خۆیان دادەنێن.

بەپێوەندی لەگەڵ شەڕی ئێران و عێراقدا بێ جێ نابێ ئەوەش بیرخەمەوە کەلەوەتا عێراق شەڕی ساز کردووە، هێزە دیموکراتەکانی ئێران و عێراق،

کوردستانی و غەیرە کوردستانی لەسەر ئەو شەڕە نووسیویانە و بیروڕایان دەربڕیوە، بەهەق پەلاماردەریان مەحکوم کردووە، بەڵام بەناهەق لەئاست ئەو هەموو جنایەت و تاوانی پاسدار و لەشکری ئێران، لەئاست بۆمبارانی شار و دێهاتی کوردستان بێدەنگ بوون و خۆیان مات کردووە.

پ: پێوەندی نێوان حیزبی ئێوە و هێزە کوردیەکانی تر لەکوردستانی ئێران چۆنە؟ هەروەها لەگەڵ ئەو کوردانەی لەگەڵ رژێمی ئێران و عێراقدان؟

و: پێوەندی حیزبی ئێمە لەگەڵ هێزە کوردیەکانی کوردستانی ئێران پێوەندیەکی دۆستانەیە، ئەوڕۆ هەموو هێزە پێشکەوتوەکانی کوردستانی ئێران و هەموو گەلی کورد لەکوردستانی ئێران کەوتۆتە بەر پەلاماری بێڕەحمانەی لەشکری ئیسلام، کەوابوو سەرەڕای هێندێ ئیختیلافی سوپاسی، هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران بۆ دیفاع لەمانەوەی خۆیان و چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد دەبێ یەک بگرن و تا رادەیەکی زۆریش لەم باوەڕەدا سەرکەوتوون.

پ- پێوەندی خەباتی نێوان حیزبی ئێوە و هێزە کوردیەکانی تر لەکوردستان بەگشتی گەیوەتە چ رادەیەک؟

و: هەرچەند پێوەندی حیزبی ئێمە لەگەڵ حیزب و هێزە کوردستانیەکان هەمیشە دۆستانە بووە، بەڵام بەداخەوە ناتوانم بڵێم ئەو پێوەندیە گەیوەتە ئەم رادەیە کەشایانی نەتەوەیەکی ژێردەست و دابەشکراو بێ، نەگەیوەتە ئەم رادەیە کەشایانی ئەو حیزب و هێزە سیاسیانە بێ کەخۆیان بەرێبەر و رێنوێنی نەتەوەیەکی چەوساوە و بەشخوراو دەزانن، کاتێک باسی پێوەندی هێزە کوردستانیەکان دەکەین، بەنەزەری من پێش هەموو شت دەبێ بەرژەوەندی گشتی گەلی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان لەبەرچاو بگرین، حیزبە

کوردستانیەکان سەرەڕای ئەوە کەزۆر باسی مارکسیزم دەکەن، بەڵام هەموویان حیزبی دیموکراتی و قەومی شۆڕشگێڕن، هیچیان حیزبی چینایەتی نین، نەتەوەکەیان لەهەموو بەشەکانی کوردستان لەئاخری سەدەی بیستەمدا لەهەموو مافێکی نەتەوایەتی بێ بەشە، سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەی کورد لەلایەن حکومەتە شۆڤێنیستەکانەوە بەڕێوەدەچێ، جا بەم حاڵە ئەم شێوە پێوەندیەی نێوان حیزبە کوردستانیەکان لامواید پێوەندیەکی ئاساییە و هیچیتر، پێوەندی حیزبی کوردستانیەکان لەگەڵ یەکتر و هەروەها لەگەڵ حیزب و هێزە پێشکەوتوەکانی ئەم وڵاتانە کەکوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، پێویستە لەسەر ئەساسی خەباتی دژی ئیمپریالیستی و وەدەستهێنانی مافی رەوای نەتەوایەتی میللەتی کورد بێ و لەشێوە پێوەندی ئێستا بێتە دەرێ، پێویستە مەسەلەی کورد وەک مەسەلەی یەک نەتەوەی بیست میلیۆنی بەشخوراو باسبکەن و رێگای چارەی بۆ بدۆزنەوە.

پ: لەو دواییەدا (سەرهەنگ معمر قەزافی) سەبارەت بەمافی گەلی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد هەڵوێستێکی ئازایانەی دەربڕیوە، لەم بارەوە بیروڕات چییە؟

و: هەڵوێستی سەرۆک قەزافی لەبارەی مەسەلەی کورد ناتوانێ جێگای سوپاسی هەموو کوردێک نەبێ، لەمێژووی نەتەوەی عەرەبدا سەرۆک قەزافی هەوەڵین سەرکۆمار و دەسەڵاتداری عەرەبە کەوا بەراشکاوی دان بەمافی تەواوی نەتەوایەتی گەلی کورد دادەنێ و داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەی کورد دەکا لەکوردستان، ئەوانەی بەناوی عەرەبچیەتی یا ئیسلام بزووتنەوەی گەلی کورد سەرکوت دەکەن و مافی نەتەوایەتی کورد لەژێر پێ دەنێن و خۆشیان بەدژی ئیمپریالیزم دەزانن، باشە پێرەوی لەهەڵوێست و قسە شۆرشگێڕیەکانی

سەرۆك قەزافی بکەن، چونکە هەروەك سەرۆك قەزافی دەڵێ: (بەکوشتار و بەشەڕ مەسەلەی کورد چارەسەر ناکرێ)، خەباتی گەلی کورد تا سەرکەوتنی تەواو درێژەی هەیە، گەلی کورد لەکوردستانی ئێران لەم کاتەدا کەسوپاسی هەڵوێستی پیاوانەی سەرۆك قەزافی دەکا، هەر لەو کاتەشدا چاوەڕوانە کەنفوز و دەسەڵاتی خۆی بۆ راوەستاندنی شەڕ و کوشتار لەکوردستانی ئێران بەکاربێنێ.

پ: ئێوە ئێستا بەپێشوازی جێژنی نەورۆز، جێژنی گەلی کوردەوە دەچن، هیچ وتەیەکت هەیە بەبۆنەی نەورۆزی پیرۆزەوە بۆ گەلی کورد و هێزە پێشکەوتوخوازەکانی و پێشمەرگەی قارەمان کەرۆژ بەرۆژ لەسەر خاکی کوردستان پاڵەوانەتی دەنوێنن؟

و: بەخۆشیەوە حیزب و رێکخراو و رێبەری کورد ئەوەندە زۆرن و پەیامی نەورۆز دەنێرن، هەرچی من بیلێم زیادیە، کوردستانی ئێران ئەوە سێ نەورۆزە لەنێو خوێن و ئاگردا جێژن دەگرێ، لەنەورۆزی کوردستانی ئێراندا (هەر خوێنی شەهیدە رەنگی شەبەق شەوق ئەداتەوە).

گەلی کورد لەکوردستانی ئێران لەکاتێکدا جێژنی نەورۆز دەگرێ کەزۆربەی شار و دێهاتی وەبەر بۆمباران کەوتوە، کەم مالّ هەیە شەهیدی نەدابێ و ئاوارە و دەربەدەر نەبووبێ، بەڵام خەبات نەوەستاوە، بۆنی خوێن خەڵکی نەگرتوە، کورد لەسەر ئەستاندنی مافی نەتەوایەتی بەردەوامە.

بەو بۆنەوە لەپێشمەرگە قارەمانەکان کەپارێزەری بوون و شەرەف و کەرامەتی میللەتەکەیانن پیرۆزبایی دەکەم.

سڵاو و پیرۆزبایی لەو دایك و بابانە دەکەم کەرۆڵە خۆشەویستەکانیان فیدای ئازادی گەل و نیشتمان کردوە، پیرۆزبایی لەهەموو حیزب و رێکخراوە کوردیەکان

دەکەم، هیوادارم نەورۆز بکەنە رەمزی یەکێتی خەبات و تێکۆشان و مەسەلەی رزگاری گەلی کورد وەک یەک نەتەوە بکەنە بنچینەی سیاسەتی ستراتیژی خۆیان و بەهەموو توانـاوە دژی ئیمپریـالیزم و کۆنەپەرسـتی و بـۆ دیـاریکردنی مـافی چارەنووسی نەتەوەی کورد بەدەستی خۆی تێبکا.

٩٨١/٣/٢٠ خوێندکارە کوردەکانی سۆفیا ویستیان نەورۆز بکەن، پـۆلیس رێگـای نەدا لەنێو شار نەورۆز بکەین، ناچار ٦٠–٧٠ کەس بەئوتوبوس چووینە (بـۆرۆفیچ) شوێنێکی تووریستی، هوتێل و رەستوران و باسەفا، شەو و رۆژێکی فرە خۆشمـان رابوارد.

رۆژی ٩٨١/٥/٤ چوومە بـرلین، برادەرانـی کوردسـتانی تورکیـا بـۆ کۆبوونەوەیـەک بانگیـان کـردم کەخـەریکبوون دژی حکومـەتی تـورک خۆپیشـاندان سـاز بکـەن، نوێنـەری ١٤ رێکخـراوی کـوردی بەشـداریان کردبـوو، بەداخـەوە رێـک نەکـەوتن، لەبرلینـەوە لەگـەڵ کـاک عـەزیزی مـاملێ قسـەم کـرد، گـوتی دەفتـەری سیاسـی خەبەری داوە کەبگەڕێیەوە، گوتم لێرە کارم نەماوە، ئامادەم بگەڕێمەوە، بەڵام بۆ گەڕانـەوە، پـارەم پێویسـتە، کـاک عـەزیز هـەر لـەوێ بەتەلـەفۆن بەحوسـێنی شیلازەری گوت: چوار هەزار مارکم بداتێ، ئـەو بـۆی دەنێرێتـەوە، حوسـێن گـوتی باشە، من ئەو پارەیەت دەدەمێ، بەڵام تۆ دەبێ هەشتا مارک بدەی بەمن.

– بۆچی هەشتا مارکت بدەمێ؟

– چونکە تا کاک عەزیز ئەو پارەیەم بۆ دەنێرێتەوە، لەبانگ سوتی دێتە سەر!!

ئاگرم گرت، هەرچی بەسەر زارم دا هات پێم گوت، وام لێکرد گـوتی تۆبـە، سـبەی پارەکە وەردەگرم، بۆت دێنم، سبەی چوومە سەردانی برادەرێکی سـنەیی بـەناوی پەرۆێز و چاوەڕوان بووم حوسێن پارەم بۆ بێنێ، لەپڕ تەلەفۆنی کرد، گوتی: کـاک

کەریم بانك تەنیا ٣ هەزار مارکی دامێ، گوتم درۆ دەکەی بۆم بێنە و گیر مەبە، پارەکەم وەرگرت و گەڕامەوە بۆ سۆفیا و ئیتر حوسێنیشم قەت نەدیتەوە، ئێوارەی ٩٨١/٥/١٣ کاك کەریم ئوتروشی لەسۆفیاوە تەلەفۆنی کرد و گوتی: (دکتۆر محەمەد سالّح جومعە لێرەیە، دەیەوێ بێتە لات) گوتم: فەرمون، بەخێربێن، ئەو شەوە دکتۆر محەمەد کەریم شکاکیش میوان بوو، سەعاتی ٩ی شەو دکتۆر محەمەد سالّح جومعە و کاك کەریم ئوتروشی پەیدا بوون، دوای بەخێرهێنان و چا خواردنەوە، دکتۆر محەمەد سالّح دەستی پێکرد و گوتی: (لەلایەن رێبەرایەتی پارتییەوە هاتووم کەواز لەقاسملۆ بێنی و بێیەوە لای ئێمە، ئێستا غەنی بلوریان و برادەرانی لای ئێمەن، ئێوە پێکەوە دەتوانن حیزبی دیموکرات نەجات بدەن، قاسملۆ دوا رۆژی نەماوە).

لەرادەبەدەر بەقسەکانی تێکچووم، گوتم کاك دکتۆر ئەگەر لەمالّی خۆم نەبای جۆرێکی دیکە وەلاّمم دەدایەوە، ئێوە لەجیاتی بۆ یەکگرتنەوە هەنگاو باوێن بۆ تێکدان کار دەکەن، بۆ من مەسەلە شەخسی قاسملۆ نییە، مەسەلە خەبات و حیزبی دیموکراتە، لەتبوون و جیابوونەوە، یارمەتی بەبزووتنەوەی کورد ناکات، ئێوە دەبوایە لەم بارەوە دەرسی بەنرخ وەربگرن) دکتۆر بەنابەدلّی رۆیشت.

لەسۆفیا بووم کاك سەلاّح بەدرەدین تەلەفۆنی کرد و گوتی: (لەسوریا دەیانەوێ بتبینن، بەسەفارەتی خۆیان گوتوە، کەداوەتت بکەن بچیە شام، رۆژەکانی ئاخری مانگی پێنج بوو لەسەفارەتی سوریاوە، تەلەفۆنیان کرد و داوایان کرد کەسەرێکی سەفارەت بدەم، کەچووم بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردم و قاوەیان هێنا و کابرا گوتی: (ئوستاذ ! دیمەشق حەزدەکا لەگەڕانەوەدا سەرێك لەوێ بدەی، رەنگە چاوپێکەوتنت بۆ مەسەلەی کوردستانی ئێران خێری هەبێ).

گوتم مانیعم نییە، ئەگەر بەلوبنانداو بگەڕێمەوە، گوتی کەی سەفەر دەکەی؟ جارێ

نازانم، هێندێ کارم ماوە، نەمویست کابرا بزانێ کەی دەڕۆم.

سەفەر بۆ بێروت

رۆژی ٩٨١/٦/١٢ لەفڕۆکەخانەی سۆفیا خواحافیزیم لەمندالّەکان کرد، کاتی ماچکردنیان کەمال گریا، سواری فڕۆکە بووم بۆ بێروت، برادەرانی کاك سەلاح لەفڕۆکەخانە چاوەڕوانبوون، یەکسەر چوومە دەفتەری حیزبی کاك سەلاحی، ئەودەم بارەگای حیزبەکەی لەبێروت بوو، گۆڤاری رۆژهەلاتیان دەردەکرد، هێندێ برادەری کوردی تورکیا، ئەندامی (پارتی کرێکاری پێشەنگی کوردستان) لەلای کاك سەلاح بوون و لام وایە لەلای فەلەستینیەکان مەشقی پێدەکردن، من لەمالّی کاك سەلاح میوان بووم، رۆژی ٩٨١/٦/١٣ چوومە لای هاوڕێ عیسمەت جاوید، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی لوبنان، لەسەر باس و لێکدانەوەی وەزعی کوردستان، هەر تکمان لەسەر ئەو باوەڕە بووین کەیەکێتی ریزەکانی حیزبی دیموکرات ئەرکی بنچینەیی ئێستامانە، رۆژی دوایی لەگەلّ سەلاّم چوومە لای نایف حەواتمە، لەباس و شیکردنەوەی وەزعی ئێراندا گوتی: (بەهیچ جۆر نابێ چەکدابنێن، لەپێوەندی لەگەلّ عێراقدا ئیحتیات بکەن، بەتوندی لەهەلوێست و جیابوونەوەی غەنی بلوریان رەخنەی گرت و گوتی: ئێستا ئەگەر دەستم وەغەنی بلوریان راگەیشتبایە، لێم دەپرسی، لەبزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی دا نەخشت چییە و لەجولاّنەوەی کۆمۆنیستی ئێراندا چ دەورێکت هەیە؟ گوتی دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی تودە لێرە بووە، بەراشکاوی پێم گوتون کەلەسەر مەسەلەی کورد و هەلوێستی حیزبی تودە سەبارەت بەحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەل ئێوە ئیختیلافمان هەیە، پاشان بە (تەیسیر)ی گوت، ئەودەم بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوە بوو، لەگۆڤاری (الحریە) وتوێژێك لەگەلّ هاوڕێ کەریم بکەن.

گوتم: رەفیق نایف من ئێستا لەحیزبی دیموکراتدا مەسئولیەتێکم نییە، پێویست ناکا لەگەڵ من وتوێژ بکەن، گوتی گرنگ نییە تۆ بۆ ئێمە هەمیشە خاوەن مەسئولیەتی، گۆڤاری الحریە لەژمارە (١,٢٣) ١٩٨١/٧/١٣دا دەقی پرسیار وەڵامەکەی بڵاو کردبۆوە، نایف حەواتمە گوتی: (پێش رۆیشتنیشت جارێکیتر یەکتر دەبینینەوە، من لام وایە پێویستە هەوڵبدرێ مەسەلەی کورد وەک مەسەلەی نەتەوەیەکی بیست میلیۆنی بێتە گۆڕێ، لەم رێگایەدا، هەرچی لەدەستمان بێ، یارمەتی دەکەین، پاشان هاتن یەک دوو رەسمیان لێ گرتین.

رۆژی دوایی ئەبو ئەیاد بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ داوەتی کردم، لەگەڵ باس و شیکردنەوەی وەزعی کوردستان، گوتی: لەسەر ئەو باوەڕەم کەدروشمی خودموختاری بگۆڕن و داوای سەربەخۆیی کوردستان بێننە گۆڕێ، گوتی کاتت بۆ وەردەگرم، چاوت بەئەبو عمار بکەوێ، ئەگەر دەتەوێ بەسەفیری لیبی دەڵێم بتبینێ، قسەی لەگەڵ بکە بەڵکو یارمەتی مالّیتان بدەن، ئەوان پارەیان زۆر دەبی ئیستیفادەیان لێ بکەن).

گوتم پێم خۆشە چاوم بەئەبو عمار بکەوێ، بەڵام چونکە لەلایەن حیزبەوە پێم نەسپێراوە ناتوانم بالّیۆزی لیبی ببینم، پاشان دەمانچەیەکی سەختی چیکۆسلۆڤاکی بەدیاری دامێ کەهەم دەمانچە بوو، هەم دەبوە ئەفتۆماتێکی بچووک، رۆژی ٩٨١/٦/١٦ کاک سەلاح بەدرەددین گوتی: ئەفسەرێکی سوری لەلوبنان خەبەری داومێ کەلەشام چاوەڕوانی کەریمی حسامی دەکەن، کابرا دەیەوێ لەگەڵت بێ بۆ شام، منیش لەگەڵت دێم، رۆژی ٩٨١/٦/١٧ لەگەڵ کاک سەلاح بەدرەددین سواری ماشێنی ئەفسەرێکی سوری بووین و چووینە شامی شەریف! یەکسەر بردیانین بۆ ئەمنی قەومی، کابرایەک بەناوی رواڵەتی (عەدنان) یاریدەدەری ئەمنی قەومی پێشوازی لێ کردین، دوای بەخێرهێنان گوتی: (ئێمە

موشتاق بووین بێرەدا بێیەوە پێشنیارمان ئەوەیە کەبچیەوە تاران، پاسپۆرت و بیتاقەت بۆ ئامادە دەکەین، پیاوەکانی ئێمە، عەلی سەنجاری و باقر یاسین لەتاران پێشوازیت لێ دەکەن، پێش رۆیشتنت دەتوانی سەرۆکیش ببینی، ئێمە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەئێران یارمەتی دەدەین).

گوتم زۆر سوپاس بۆ داوەتەکەتان، بەڵام لام وابوو، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لەکوردستانی ئێران منتان بانگ کردووە، من کارێکم لەتاران نییە و ناتوانم بچمەوە تاران، من داوام ئەوەیە کە سەرۆك (حافظ اسد) نفوذی خۆی بۆ ئاشتبوونەوەی حکومەتی ئێران و حیزبی دیموکرات بەکاربێنێ و مەسەلەی لەرێگای هێمنانەوە چارەسەر بکرێ، حیزبی دیموکرات نایەوێ حکومەتی ئێران لەشەڕی کوردستاندا لاواز بکا).

گوتی: (حکومەتی ئێران لەگەڵ قاسملۆ دانانیشێ و گفتوگۆ ناکات.

– مەسەلەی کورد، مەسەلەی شەخسی قاسملۆ نییە، قاسملۆش بڕوا ناکا لەگەڵ حکومەت دانیشێ، نوێنەرانی حیزبی دیموکرات دەتوانن لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت دانیشن و لەرێگای ئاشتیەوە، چارەی مەسەلە بکەن).

– دەتوانی پێشنیارەکانی حیزبی دیموکرات بۆ ئێمە بنووسی؟

هاتمە هۆدەیەکی تر و بەیارمەتی کاك سەلاحی شەش ئەسڵی پێشنیاری تازەی حیزبی دیموکراتم هێنا سەر کاغەز:

– دیاریکردنی ناوچەی کوردستان، بەپێی زۆربەی دەنگی دانیشتوانی ناوچەکە.

– بەرەسمی ناسینی زمانی کوردی.

– دانانی پۆلیس و ژاندارم لەخەڵکی مەحەللی.

– تۆمارکردنی ئەو مافانە لەموتەمەمی قانونی ئەساسیدا.

– دیاریکردنی بودجەیەک بۆ ئاوەدانکردنەوەی وێرانیەکانی کوردستان.

بۆ دەستپێکردنەوەی وتوێژ ئەم شەرتانەی خوارەوە پێشنیار دەکەین:

١– راگەیاندنی شەڕ وەستاندن.

٢– بەرەسمی ناسینی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

٣– بردنەسەری پاسداران لەشارەکانی کوردستان.

نووسراوەکەم دا بەکابرا و داوام لێکرد کەبۆ وەستانی شەڕ و دەستپێکردنەوەی وتوێژ هەنگاو بنێن، کابرا گوتی تۆ تا وەرگرتنەوەی وەڵام میوانی ئێمەی و لەموتێل شیراتۆن جێگات بۆ راگیراوە.

گوتم زۆر سوپاس، من لەبێروت کارم زۆر دەبێ بچمەوە لوبنان، ئێوە دەتوانن بەهۆی رەفیق سەلاحەوە خەبەرم لێ بگێڕنەوە.

شەو لەدیمەشق میوانی یەکێک لەسەرکردەکانی فەلەستینی بووین کەدۆستی کاک سەلاح بوو، بەیانی چووینە دەرەوەی شام، ناوچەیەکی هەتا بڵێی خۆش و باسەفا، دارستان و پڕ لەهوتێل و رەستوران، شوێنێکی توریستی دڵگیر، لەرەستورانێک دابەزین، بیرەی سارد و خواردنی بەتام و چێژی سووری و لوبنانی، دوای نیوەڕۆ گەڕاینەوە بۆ بێروت.

رۆژی ٩٨١/٦/٢٥ تەلەفۆنم کرد بۆ کاک عەزیزی مامڵێ، گوتی کاک مستەفای شەڵماشی هاتوە چۆتە سۆفیا و لەوانەیە بێتە بێروت، شەوی ١٩٨١/٦/٢٧ بەگوێرەی وادەی بۆیان دانابووم، بردیانم بۆ کن یاسر عەرەفات، باسی بارودۆخی کوردستان و گەمارۆی ئابووری و سەپاندنی شەڕم بۆ کرد، رەخنەی لەسیاسەتی

خومەینی گرت، گوتی: لەسەفەری دواییمدا لەگەڵی تێکچووم، خومەینی باسی فتوای کرد، گوتم: ئەگەر مەسەلەی فتوا بێ، من مافی فتوا دانم هەیە، چونکە من کوڕی موفتی فەلەستینم، پاشان سەفەری سوریەم بۆ باسکرد، گوتی: چۆن وێرات بچیە سوریەن چاکت نەجاتی بوە، بەسەر سەرۆکانی عەرەبدا هاتە خوار و گوتی (حکام العرب، کلهم خونه)، پاشان گوتی: بۆ مەسەلەی کورد هەرچی لەتوانامان دابێ دەیکەین، خواحافیزیم لێکرد و گەڕامەوە ماڵە کاك سەلاحی.

ڕۆژی ٩٨١/٧/٤ کاك مستەفای شەڵماشی لەسۆفیاوە تەلەفۆنی کرد و گوتی تکایە سەفەر مەکە تا من دێم بۆ بێروت، گیر بووم و تا ئەوەت بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی سەبارەت بەبۆمبارانی زیندانی دۆڵتوێ هاتبوو، بەیامەتی کاك سەلاح کردم بەعەرەبی و بڵاوکرایەوە.

ڕۆژی ٩٨١/٧/١١ کاك مستەفای شەڵماشی هات، کاك مستەفا نەشارەزا و نەناسراو بوو، ئەوەی لەدەستم هات یارمەتیمدا، لەگەڵ خۆم بردمە لای حیزب و ڕێکخراوەکانی لوبنانی و فەلەستینی و وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی ناساندم، پیاو هەق بڵێ لەگەڕانەوەدا گوتبووی: یارمەتی داوم، هەرچەند سەفەرەکەشی لەگەڕان بەدەر هیچ بەرهەمێکی نەبوو، لەبێروت لەگەڵ برادەرانی کوردستانی تورکیا، (ئالای ڕزگاری) کاك سەلیم و کاك ئیبراهیم بوومە ئاشنا، بەجیددی داوایان کرد کەدانیشتنێکمان هەبێ، لەگەڵ کاك مستەفا ڕۆژێك بەهاوڕا لەگەڵیان دانیشتین، دەستیان کرد بەپرسیاران، داوایان دەکرد من وەڵامیان بدەمەوە، گوتم من ئێستا لەحیزبی دیموکرات دا هیچ مەسئولیەتێکم نییە، دەبێ کاك مستەفا وەڵام بداتەوە، ئەوانیش دەیانگوت ئێمە پرسیار لەتۆ دەکەین، باسێکی دۆستانەمان هەبوو، بەڵام پاشان کاك مستەفای شەڵماشی دەیگوت تۆ بەئانقەست گوتوتە لەحیزبی دیموکراتدا مەسئولیەتم نییە، ئەوە بۆ کوتانی حیزب بوە و

پرستیژی حیزبی پێ دێتە خوار، واتە کاك مستەفاش وەك زۆر کەسیتر لەسەر ئەو باوەڕە بوو کەکورد نابێ لەژیانیدا راست وێژ بێ ! !

من ئیتر لەلوبنان کارم نەمابوو، هەموو حیزب و رێکخراوەکانی لوبنان و فەلەستینیم دیتبوون، لای هەموانیش گوتبووم دیداری من حیزبی نییە و خسوسییە، لەو ماوەیەدا میوانی کاك سەلاح بووم و هەمیشە برادەرێك وەك پارێزەر لەگەڵم دەگەڕا، لەرادەبەدەر پێمەوە ماندووبوون و خزمەتیان کردم، برادەرانی کوردستانی تورکیا لەوێ بوون، لەگەڵیان بوومە ئاشنا، بەتایبەت لەناسین و دیتنی عەلی شیر، ئەندامی پارتی کرێکاری کوردستانی تورکیا (پێشەنگ).

گەلێك شاد بووم و کەڵکم وەرگرت، ئاگاداریەکی پڕ بایەخی لەسەر وەزعی حیزبە کوردییەکانی کوردستانی تورکیا دامێ، بۆ تێپەڕین بەتورکیادا، رێنوێنی و یارمەتیەکی باشیان دام، دیارە من بەتەنیا بووم، کاك سەلاح بەدرەددین گوتی نابێ بەتەنیا بڕۆی، برادەرێکی ئێمە لەگەڵ خۆت بەرە، کاك سەلاح لەو ماوەیەدا یارمەتیەکی زۆری بەبرادەرانی حیزبی دیموکرات کردبوو، ئەم پیاوەتیەشی لێ زیاد کرد، هەر لەو کاتەشدا بەبەردێك سێ کێلی شکاند، یەکەم منی گەلێك بەر منەت کرد کەلەم رێگا دوور و درێژەدا بەتەنیا نەبم و شایانی سوپاسە لەلای منەوە، دووەم برادەرێکی دەنارد لای حیزبی دیموکرات و هاوکاری و پشتیوانی خۆی رادەگەیاند، سێیەم ئەو برادەرەی دەینارد، تۆزێ سەربزێو بوو، دەیویست ماوەیەك لەدەستانی بحەسێنەوە، ئێستا بۆ تێپەڕین بەتورکیادا، پاسپۆرتی حیسابی پێویست بوو، کەڤیزای گەڕەك نەبێ، دۆست و برادەری دڵسۆز هەبوون، پاسپۆرتیان بۆ سازکردین.

بەرەو ولاّت بەتورکیادا

رۆژی ٩٨١/٧/١٦، ئەو رۆژەی فڕۆکەکانی ئیسرائیل بێروتیان بۆمباران کرد، نیو سەعات دوای بۆمبارانەکە، لەگەڵ (ڕێبەر)ی برادەری هاوسەفەر بەتاکسی بێروتمان بەرەو شام بەجێ هێشت، لەبێروت چاوم بەکاك کەریم ئەحمەد و ئەبو موخلیس کەوت، گوتیان لەشام چاوەڕوانت دەبین، لەدیمەشق چوویتە مالّی خەزوری کاك سەلاّح بەدرەددین، برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، شەو داوەتیان کردم، زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەوێ بوون، شەوێکی دۆستانە و ڕەفیقانە ساز کرابوو، لەسەر خواردن و خواردنەوە، لەگەڵ عادلحەببە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لێمان بوو بەکێشە، کابرا چەند ساڵ لەتاران گیرابوو، فارسی باش فێربببوو، وشکە سۆفیەکی ڕەقی نەخاراوی خومەینی و حیزبی تودە بوو، لام وایە شیعەگەریش نەختێ پاڵی پێوەنابوو، دیفاعێکی لەخومەینی دەکرد، هیچ دەرۆێشێك ئاوا دیفاع لەشێخی دەستبڕ ناکا، پەلاماردانی حیزبی دیموکراتیشی لێ دەکردە ئاوێتە و هێرش بۆ سەر دکتۆر قاسملۆ، ناچار بەقەولی (مەلا بزۆی پیاوی سمایلاغای سمکۆ) باڵتۆ و دەمانچەم بۆ دەنا و بەتوندی شکاندمەوە، باسەکەمان بوو بەدەنگ لێ هەڵێنان، ئاخرەکەی هاوڕێ سابیت گوتی: (ڕەفیق کەریم، ئەو فەرمایشتانەی هاوڕێ عادل بیروڕای خۆیەتی و پێوەندی بەهەڵوێستی حیزبی ئێمەوە نییە، ئێمە سیاسەتی حیزبی تودە لەئاست مەسەلەی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان بەراست نازانین، بەخۆیشمانیان گوتوە، باشبوو عادل حەببەی بێدەنگ کرد، شەو درەنگ مالاّواییم لێ خواستن و چوومەوە مزڵەکەی خۆم.

شەوی دووەم کۆمەڵێك لەلاوانی کوردی شام هاتنە لام، دانیشتنێکی فرەخۆش و دۆستانە، پرسیاریان گەلێك بوون، بەڵام پرسیاری بنچینەییان ئەوەبوو، داخوا

لەقۆناخی ئێستادا، ئەرکی لاوانی کوردی سوریا، خەباتی چینایەتیە، یان خەبات بۆ مافی نەتەوەیی؟ لام وایە بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆم قۆناخی ئێستای خەباتی گەلی کوردم بۆ روونکردنەوە و خەباتی نەتەوایەتیم بەپلەی یەکەم دانا... چونکە لەناخی خەباتی نەتەوایەتی نەتەوەی کورددا، تا رادەیەکی زۆر خەباتی چینایەتیش شەقڵی دیارە، باسێکی شیرین و بەتاممان هەبوو، هەستم کرد چاوپێکەوتنەکەیان بەدڵبوو، بۆ منیش شەوێکی فەرامۆش نەکراو بوو.

رۆژی ٩٨١/٧/١٩ سواری فڕۆکە بووین بۆ قامیشلی، کاك شێخ موسی برادەری (پێشەنگ) لەفڕۆکەخانە کاولەکەی قامیشلی چاوەڕوانمانبوو، چوویینە نێو بازاڕی قامیشلی دیاربوو، لەچەشنی تێکەڵپێکەڵی بازاڕ، ئاخافتن و هێندێ جل و بەرگ شاری کوردانبوو، بەڵام کەوای درێژ و حەگال و پێی پەتی، رەنگی عەرەبیشی تێهەڵسوو بوو، کاك شێخ موس ناوی هوتێلێکی گوت، لەدیاربەکر لەوێ بێمە خوار، ئادرێسێکیشی دامێ کەبۆ یارمەتیدان پێوەندی پێوە بگرم، بەپێیان چوویینە سەر سنوور، وڵاتێکە خەڵکێکە، بەڵام عەرەب و تورك لەوڵات و خاکی خۆت داوای پاس و ناو و نیشانت لێدەکەن، پۆلیسی سوریا مۆرێکی لەپاسەکاندا و تێپەڕین، نۆرەی تورك ئەفەندی هات، دەستیکرد بەپشکنین، هیچمان پێ نەبوو، چاوی بەسیغاری رێبەری کەوت، قوت بوو، دەستی تێکدەهاڵان، پاکەتە سیغارێکم دایە هەموو شت لەجێی خۆی بوو، (گیرش)ێکی لەپاسەکاندا و چوویینە نسیبەین، شارۆچکەیەکی بچوکی فەقیرانە، دەتگوت تۆزی نیگبەتی بەسەردا باریوە، تاکسیەکمان گرت بۆ دیاربەکر، لەو دەشتە پان و بەرینە، بۆ هەوەڵجار شتی وا ببینم، لەهەر چەند کیلۆمیترێك چەند دیرەکی ئاسنیان بەرز کردوونەوەن وەك هێلانە حاجیلە شوێنی زەلامێکیان چا کردوە و عەسکەرێکیان تێدا قەتیسکردوە بەدووربین دەڕوانێتە ئەو دەشت و مەزرایە، لەدوورەوە لەسەر گردی نێو شاری ماردین، ئیزگەیەکی راداری

ئەمریکاییان دیارە، لەماردین بەبەر قەدی گردی نێو شاردا تێپەڕین و دوای ماوەیەك گەیشتینە دیاربەکر، چوینە ئەو هوتێلەی کەپێمانگوترا بوو، ژوورێکیان داینێ، چایان بۆ هێناین و تاوێك حەساینەوە و چووینە نێو شار، دیاربەکری شۆڕشوان و ناوەندی شۆڕش و راپەڕینی کوردانم بەشاری هەژار و فەقیران هاتە بەرچاو، لەدیتنی ئەو هەموو زارۆکە ناسك و نازدارە کەیا سوالێان دەکرد و یا پێلاویان رەش دەکردەوە و یا ئاویان دەفرۆشت، تەزووم بەلەشی دادەهات، دەروازە و شوورەی دیوار و قەلاتی دیاربەکر، مەزنەتی مێژووی کەونارای نەتەوەی کوردیان بیردەخستەوە، لەنێو دەروازەیەکی شار رەسمێکم گرت، رۆژی دوایی شوێنی پێوەندی گرتنم دیتەوە، برادەرێك بەناوی ئەحمەد هاتە لامان و بوو بەچاوساخ و رێنوین، پیاوێکی تێگەیشتوو، دڵسۆز و روح سوك، لەهەمووی گرنگتر قاوەی بۆ دۆزینەوە کەهاوسەفەرەکەم مەگیرانی لێ دەکرد و بۆمان ببوە مەسەلەیەکی گرنگ.

رۆژی ۹۸۱/۱/۲۲ چوومە گوندی سۆفیا لای کاك عومەر چەتین، فراوینمان لای ئەو خوارد و شەو گەڕاینەوە بۆ هوتێل و بڕیارماندا بەیانی بڕۆین، برادەرانی (پێشەنگ) برادەرێکیان دیاریکرد کەهەتا (وان) لەگەڵمانبێ و تەسلیمی برادەرانی ئەوێمان بکا، بەیانی سواری ئوتوبوس بووین و بەبیتلس لاماندا، چامانخواردەوە، بەداخەوە نەمتوانی لەو بنا و میعماری و خانوانەی بیتلیس رەسم بگرم، لای ئێوارێ گەیشتینە وان، لەرێگا و لەنێو شارەکان، لەزۆر شوێن دیاربوو دروشمی (د.د. قەدە) نووسرا بوو بەلاّم پۆلیس رەشی کردبوونەوە، لەوان برادەرێك بەناوی مەلا ئەحمەد هاتە هوتێل و ئیدی بوو بەهاوڕێ و چاوساخ و رێنوێنمان، لەگەڵ مەلا ئەحمەد هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەبرادەرێك بنێرینە گەوەڕ، تا لەگەڵ برادەرانی خۆیان رێگای دەرباز بوون بۆ ئەو دیو تاقی کەنەوە، ئێمەش لەوان

دانیشین تا خەبەرمان بۆ دێتەوە، مەلا ئەحمەد بردینی بۆ سەر گۆڵی وان، لەدەرەوەی شار، مالّی برادەرێکی خۆیان بەناوی دکتۆر سالّح، ئێوارە لەوێ مەلەمانکرد و دوای نانخواردن گەڕاینەوە بۆ هوتێل، رۆژی دوایی دیسان لەگەڵ مەلا ئەحمەد و یەك دوو برادەری دیکە چووینە تەماشای کلیسای (ئاخ تەمەر) کەچەند کیلۆمیتر لەنێو دەریا دروستکراوە، مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ٨٠٠ سالّ لەمەوبەر، گردێکی بەردەلانی پڕ لەگاشەبەردی زەلام، بەزەحمەت خۆڵی لێ وەگیر دەکەوێ، لەنێو دەریا قوت بۆتەوە و چەند دار بادامی لێ شینبوە و هیچی تر، ئەرمەنی کلێسایان لەسەر ئەو گاشەبەردانە دروستکردوە، سەیرێکی کلێسا و دەوروبەر و نێو بەردانمان کرد و گەڕاینەوە بۆ وان، کەچووینە هوتێل، دوو برادەری خەڵکی باشقەلا هاتبوون، لەهوتێل چاوەڕوانی ئێمە بوون، ئیتر گیر نەبووین، هەر ئەو رۆژە سواری ئوتوبوس بووین، بۆ گەوەڕ، لەرێگا دەیانپرسی، وەك توریست دەرباز دەبوون، تاریکدا هاتبوو، گەیشتینە گەوەڕ، برادەرانی باشقەلا، چوون دوو برادەری دیکەیان هێنا، نەیانهێشت گیر بین کەوتینەڕێ بۆ گوندی بەردەڕەشی، مالّی کاك شەهابەددین، پیاوێکی تێگەیشتوو، جوامێر، رووخۆش، مالّێکی خانەدان و گەورەمالّ، شەهابەددین ئەندامی (د.د. قەدە) بوو، دوای شۆڕشی گەلانی ئێران یارمەتیەکی زۆری بۆ سەنتار و تاهیر خان نارد بوو، چووبووە ئەو دیو، ٨ مانگ لەکن سەنتاری مەمەدی و لای تاهیر خان مابۆوە، پاشان گەڕابۆوە گوندەکەی خۆی و بەقاچاخی دەژیا، شەو میوانداریەکی کوردانەیان ساز کرد و دوای نانخواردن و هاتینە سەر ئەو باسە کەبەکوێدا بڕۆین، شەهابەددین پتر پرسیاری ئەوەی دەکرد کەلەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق نێوانم چۆنە؟ دەیگوت ئەگەر ترسی ئەوانمان نەبێ، تا دەگەینە گەلاز بەهاسانی دەڕۆین، من پێشنیارم کرد کەبمانگەیەنن (گوستا) بنکەی حیزبی

کۆمۆنیستی عێراق، شەو تا درەنگ باسەکەمان درێژەی هەبوو، رێگای دەربازبوونمان نەدیتەوە، باسی سیاسیش دەهاتە نێو، بەتایبەت برادەرێکی ئەوان بەناوی عیسمەت، مامۆستا بوو، باسەکەی دەبردەوە سەر سیاسەت و بەگوێرەی عادەتێ برادەرانی کوردستانی تورکیا لەمارکسیزمیش دوور نەدەکەوتەوە و من لامواوو زۆر باشیشی نەدەنگاوت، خۆش ئەوەبوو کەدەبوو بەسیاسەت، زمانەکە دەبوو بەتورکی، رێبەری هاوسەفەرم رەخنەی دەگرت: چما بەتورکی دەپەیڤن؟ گوتم رێبەر گیان لێرە سیاسەت بەتورکییە، دەیگوت نابێ!!

شەو درەنگ بوو، جێگا راخران و ئێمە نوستین بێ ئەوەی لەسەر رۆیشتن بڕیارێک بدەین، دیار بوو پاش ئێمە خۆیان بڕیاریاندابوو کەبەرۆژ لەوێ نەمێنین، سەعاتی چوار و نیو بوو، راستیان کردینەوە کەبڕۆین.

پێم سەیر بوو، بڕیاری رۆیشتن نەدرا بوو، ناچار رابووین، خۆمان کۆکردەوە، پرسیم بەکوێدا دەڕۆین؟ گوتیان بەلای هەرکیاندا و بەسنوری عێراق و تورکیادا بۆ شنۆیە، بارگینێکیان هێنا، جانتا و شرپە و بڕەیان لێ قایم کرد، شەهابەددین و عابدین، چەکیان لەخۆ شەتکدان و سولەیمان و سالحیش بێ چەک کەوتینەڕێ، زۆر دوور نەکەوتبووینەوە، وەهەورازی کەوتین، چ هەوراز، رژد و سنگ دەرپەڕیو، بەردەلان، کەمێك رۆیشتین کەمێك رۆیشتین رێبەری هاوسەفەرم خۆی بەعەرزی دادا و گوتی ناتوانم هەنگاو هەلێنم، ناچار سوارمانکرد و تازە زەردە وەسەران دەکەوت، لەبستوی بەردەڕەشی وەسەرکەوتین، لەرادەبەدەر هیلاك بووم و بەزەحمەت پشووم دەردەبڕی، تاوێك دانیشتین، خۆر دەهات سەری لەئاسۆ وەدەردەنا و دەشتی گەورەی نورانی دەکرد، تەماشای دەشت و مەزرای سەوز و سووری پڕ لەدەخڵ و دان و دارستانی گەورە، هیلاکی رێگای لەبیر پیاوی دەبردەوە، لەو بەرزاییە رەسمێکمان گرت کەوا لەنێو لاپەڕەکانی ئەم

نووسراوەیەدا بەرچاو دەکەوێ، دوای حەسانەوە، کەوتینەڕێ، تووشی خزمێکی شەهابەددین بووین، لەهەواری دەهاتەوە، دوو بارگینی پێبوون، یەکیانی لێ وەرگرت و ناردی بۆ چادران، گوتی نان و چامان بۆ بێننە سەر سەرچاوەی، ئاوێك دەهاتە خوار، چووینە سەر سەرچاوەی ئاوەکە، ئاشگێڕێك هەڵدەقوڵی، ڕوون وەك چاوی قرژاڵی، سارد شیرین، لەخواردنەوەی تێر نەدەبووی، زۆری پێ نەچوو دوو کیژی باڵا بەرزی شۆخی جوانچاك لەچادرانەوە پەیدا بوون، نان و پێخۆر و کەتری و چادانیان هێنابوو دەستیانکرد بەچا لێنان و ئێمەش دەستمانکرد بەخواردن، تا ئێمە لەنان و چا خواردن بووینەوە، شەهابەددین ناردی سێ وڵاخی دیکەشیان هێنا و سوار بووین لەهەورازی (سڕی بڕی) سەرکەوتین، لەوێ تووشی شوانان بووین، ئەوانیش چایان بۆ لێناین، هەورازمان لەبەر نەمابوو، وڵاخەکانیان ناردنەوە، تەنیا هێسترێکیان گێڕایەوە جانتا و ڕێبەریان سوار کرد، لەپێ کەوتبوو، نەدەڕۆیشت، بەم مەڵبەندەدا تێپەڕین کەشەڕی براکوژی پارتی و یەکێتی نیشتمانی لێکرابوو، ئەوانەی لەگەڵم بوون کارەساتە داخدارەکانی ئەو شەڕەیان بۆ باس دەکردم، ئێوارەیەکی درەنگ، شەکەت و هیلاك، بەزەحمەت هەنگاوم داویشت، لەتەلانێکی ڕژد و هەڵدێر چووینە خوارێ و لە (کیوەڕۆك) گەیشتینە ڕەشمالّی هەرکیان، دە پازدە چادر لەسەر ڕووبارێکی پڕ ئاو و باسەفا هەڵیاندابوو، لەسەر ناسیاری شەهابەددین، چووینە مالّی محەمەد ناوێك شەو لەماڵە محەمەدی بەگەرمی پێشوازیان لێکردین، لەم هۆبەیە بێجگە لەبرادەرێك بەناوی (حاجی) چ پیاوی دیکەی تێدا نەبوون، پیاوەکان گشتیان چووبوونەوە گوندی بۆ گیا دروون و کۆکردنەوەی تفاق و دەخڵ و دانی زستانێ، شەهابەددین گەڕایەوە کامیرایەکی بچووکی بەدیاری دایە و هەرگیز پیاوەتی ئەو فەرامۆش ناکرێ، پاشان حاجیمان نارده گوندی (بێداوێ) کەوڵاخمان بۆ بێنن و بەسنووری

تورکیا و عێراقدا، (واتە بەنیشتمانێکی داگیرکراودا، کەداگیرکەران سنووریان بۆ داناوە) بچینە (گوستا) بنکەی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و لەوێشەوە بچینە گەلاژ و شنۆیە، بۆ هەوەڵجار دیتم کەگۆشتیان لەسەر گاشەبەردان هەڵدەخست، وشکیان دەکردەوە بۆ زستانێ، ئێمە دوو رۆژان چاوەڕوانبووین تا حاجی هاتەوە، رۆژی دوایی ژنی هۆبە لێم کۆبوونەوە کەدکتۆرم و دەرمانیان دەویست، هەرچەندی سوێند و هاوار کەدکتۆر نیم، فایدەی نەبوو، هێندێکم حەب و دەرمانی ژانە سەر پێبوو، هەریەکەی دوو دەنکم دەدانێ و سەریان سوک دەکردم، حاجی لەبێداوێ گەڕایەوە، گوتی: لەبەر بەفرێ وڵاخ دەرناچن، پێویستە بەپێیان بچین، رێبەر پێی چەقاند، گوتی ناتوانم، بەتایبەت کیف و جانتاشمان پێ هەڵنەدەگیرا، ئێستا لەو هۆبەیە و لەو کوێستانە زەنوێرە، رێنوێن و یاریدەدەرمان تەنیا و تەنیا حاجی بوو، حاجیش خۆی شوانی یەک لەو مااڵنە بوو، بەهاواڵ شوانەکەی گوت، تا ئەو میوانانە بەرێ نەکەم، نایەمەوە بەر مەڕی، حاجیمان نارد بۆ یەک دوو گوندی دیکە، وڵاخ وەگیر نەدەکەوتن، رێبەری هەڤاڵم رۆژانە دەنوست و منیش بەدەم رووباریدا هەڵدەکشام و سەیری ئەم نیشتمانە جوانەم دەکرد، هەر رۆژەش مااڵێک داوەتیان دەکردین، رۆژی سێیەم بوو، یەک دوو لەخاوەن مااڵەکان هاتەوە، ئێتر بردینیە مااڵی خۆی، گوتی سبەی موختار و دوو کەسیتر دێنە ئێرە، شەڕێک کراوە، دەچن بۆ شەمدینان، بەڵکو موختار لەگەڵ خۆی بتانبا و بەرتیلێک بدا بەژاندارم و بەڕێتان بکا.

زۆری پێ نەچوو، موختار لەگەڵ دوو کەسیتر پەیدا بوو، دەستکرا بەپرسیار و بەخێرهێنان و من باسی سەفەر و دەرچوونی خۆم بۆ کردن، داوام لەموختار کرد کەرێگای رۆیشتنمان بۆ بدۆزێتەوە، موختار هیچی نەگوت، دوای نانخواردن چوونە سەر روباری، برادەری خانەخوێ زووتر هاتەوە، گوتی ئەوانە لەتۆ وەشک

کەوتوون، کەنەکا سەر بەجەلال تالّەبانی بێ، ترسم هەیە بەگرتنیشت بدەن، کەلەسەر رووبار گەڕانەوە، بەموختارم گوت: من لەئەوروپاوە دێم و دەچمە کن مەسعود بارزانی، میوانی ئەوم، ئەگەر تووشی هیچ دەردەسەریەك بم، تۆ بەرپرسی، موختار گوتی: نها رێکە شەمدینان پڕ دژڕوارە، مەعموریێ نوێ هاتینە، گوتم دوو ولّاخمان بۆ پەیداکەن بۆ لای گەوەڕ دەگەڕێینەوە، ناکرێ هەر لێرە گیر بین.

موختار گوتی: دوو هێستران ژتەڕا دەشێنم، ئێوە بەرێتەوە گەوەڕ، زۆر سوپاسم کرد، حاجییان لەگەلّ خۆ برد و لای ئێوارێ حاجی لەگەلّ زەلامێك و دوو هێستران هاتەوە، شەو لەوێ ماینەوە، رۆژی دوایی بەیانی مالّاواییمان لەخاوەن مالّ و لەهۆبە خواست و بەرەو (بەردەڕەش) مالّی شەهابەددین گەڕاینەوە.

رۆژی ۹۸۱/۷/۲۷ لای ئێوارێ گەیشتینەوە بەردەڕەشی، هەر ئەو رۆژە ناردمان لەدوای سالّح و سولەیمان لەگەوەڕ کەگیر نەبن و بێن بۆ لامان، برادەری چووبوو، هاتەوە گوتی: گوتوویانە سبەی دێن، رۆژی دوایی لای نیوەڕۆیە بەسواری کامیۆنێك پەیدابوون، سواری کامیۆنیان کردین بۆ گەوەڕ، لەوێ نەیانهێشت ئێمە دابەزین، دوو برادەری تر بەناوی (تاهیر و نەواف) لەگەلّمان سواری کامیۆن بوون، بۆ گوندی (بلّان باسان)، لەوێ لەمالّی (عەبدوللّا ئەسلّان) هاتینە خوار، مالّێکی سەر ئاوالّە و پاك و خاوێن، دیار بوو مەکۆی بەڕێکردنی قاچاخ و لێقەوماوانە، زۆر زوو چایان ساز کرد، پاش ماوەیەك عەبدوللّا هاتەوە، بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین، چاییمان خواردەوە گوتم: دی، عەبدوللّا، ئێستا بێژە پێمان کەنگێ و چۆنمان بەڕێ دەکەی؟

عەبدوللّا گوتی: (دوو ئەسپی من هەنە، سوارتان دەکەم، ئەم رێگا گەلێك هەوراز و ئەستەمە، بەپێ نەکارن سەرکەون، بەپێش قەرەقولدا دەڕۆین، شەو دەتانگەیەنمە

گوندی (گۆران) لەدیوی خۆتان، ئێوەش گەرەك ١٥ هەزار لیرە بدەنە من)، گوتم پارە عیلاجی دەكرێ، بەڵام چۆن بەرۆژ بەپێش ژاندارمەدا دەمانبەی؟ گوتی: ئەوە ئیشی خۆمە، سەگباب ٤٠٠ هەزار لیرەی لەكن من داناوە، دەكارێ دەنگ بكا؟

ولاخیان هێنان، سوار بووین و لەدەرەوەی گوندی بەپێش پۆستی ژاندارمەدا تێپەڕین، ژاندارم لەبەردەرگا وێستا بوون، زۆر نەڕۆیشتین، گەیشتینە، گەلی (سپیند دەرە)، چیایەكی رژد و هەڵدێر و هەورازێكی سەخت و دژوار، لەهێندێ جێ لەترسی هەڵدێرانی بارگینەكە، دەهاتمە خوار، سەعاتی ٩ی شەو لەسنووری (دوگە) سەركەوتین و چووینە نێو سەربازی تورکان كەلەسەر سنوور بوون، سەرباز لێمان هالاّن، عەبدوڵڵا ئەسلاّن وەك ئەفسەرێك دەنگی دان، لێمان كشانەوە، چەند دەقیقەیەك ونبوو، پاشان هاتەوە و بەدیوی كوردستانی خۆماندا شۆڕ بووینەوە، سەعاتی ١٢ی شەو لەگوندی (گۆران) لەحەسارێكی گەورە لەدەرگاماندا، مالّی (فەخرەددین)، عەبدوڵڵا ئەسلاّن پێی دەگوت: (فەرخەدین) دیار بوو خزمی یەكتر بوون، فەرخەدین دەرگای لێ كردینەوە، بەو شەوە نان و چایەكی كوردانەی سازكرد و رووخۆشی و بەخێرهاتنی هیلاكی و ترسی رێگای لەبیر بردینەوە، عەبدوڵڵا هەر بەو شەوە گەڕایەوە، ئێمەش لێی رازاین، بەیانی فەخرەددین گوتی: (دەبێ ببورن، فەعلەی گیا درووم هەن و ناتوانم بەجێیان بێڵم، پێویستە لەكنیان بم، كوڕێكی مێرمندالّی بانگ كرد كەخزمەتمان بكا، خێزانی سەماوەری هێنا و نان و چایەكی جوانی ساز كرد و پرسی بۆ فراوین چتان بۆ ساز كەم، هەموو تشت هەیە؟

گوتم هەرچی خۆت دەخوازی، بەڵام ئێمە گەرەك بڕۆین، گوتی تا فراوین نەخۆن ناڕۆن، ژنی فەرخەدین جلی شكاكی لەبەردا بوو، گوتم دەتوانم بەو جلانەوە

رەسمێکت لێ بگرم؟

– ئەرێ دەتوانی، بەڵام راوەستە، ژنی دراوسێی من هەنە، بڵا بانگیان کەم رەسمی هەموان بگرە، رۆیشت، پتر لەدوو سەعاتی پێچوو نەهاتەوە، لەکوڕەکەم پرسی: ئەو ژنە چی بەسەر هات؟ گوتی: لەگەڵ دوو ژنی دیکە، هەروا جلی خۆ جوان دەکەن، لەپڕ هەرسێك هاتنە ژوورێ، بەراستی شاکاری جوانی لیباسی ژنان بوو، خۆشیان جوانبوون هیچ، جلەکانیان ئەوەندەی تریان جوان کردبوون، چەند رەسمم لێ هەڵگرتن، هاوسەفەرەکەم رەسمەکانی بردەوە لوبنان و لام وایە لەیەکێك لەژمارەکانی گۆڤاری (رۆهڵات)دا چاپکرابوون.

نانێکی باشی بۆ ساز کردبووین، دوای نانخواردن کوڕەکەم نارده نێو گوندی، گوتم بچوو بزانە کێ ماشێنی هەیە تا هەشتیان سوارمانکا، پارەشی دەدەینێ، کوڕ چوو هاتەوە گوتی: پیکابێك هەیە تا گوندی هەشتیان داوای ٢٠ تمەنی دەکان باشە با بچین، کەچوویە حەساری کابرا لێمان وەدەرکەوت وتی: (تە نەکەریمی حسامی؟)

– بەڵێ... راست خۆیەتی.

– ماشێن بۆ تەیە؟

– ئەرێ... بۆ منە و دەخوازم بچمە هەشتیان، کابرا وەك پیاوان ماشێنی هەڵگرد و چووینە مالّی فەخرەددین، شتومەکمان هەڵگرت و خواحافیزیم کرد و کەوتینەڕێ، لەگوندێکی خواروتر پێشمەرگە رایانگرتین و بەشۆفێریان گوت برۆ بۆ مەقەڕ دوورتر لەسەر تەپۆڵکەیەك بوو، بەشکاکی بانگی کرد گوتی: ئەفسەری ئێرانییە، بۆ لای ورمێ دەچێ، مەسئولی مەقەڕ هاتە دەر و هاتە پێشمان، ماشێنی راگرت و گوتی: وەرنە خوارێ.

– بۆ بێینە خوارێ؟

– ئێوە ناسناکەین، گەرەک پرسیار بکەین، لەو قسانەدا بووین، چەند پێشمەرگەی هێزی پێشەوا لەدوور ناسیانم، غاریاندا، هاتمە خوار، ماچ و بەخێرهێنان و کابرای شکاک واقی وڕما، پێیان گوت: ئەوە فلان کەسە، چووینە مەقەڕ، تاوێک دانیشتین، چایان لێنا، تۆزێ وەزعی وڵاتم پرسی، دوای چا خواردنەوە، مەسئولی مەقەڕیش لەگەڵم سوار بوو، چووینە هەشتیان، کەچووم ڕەحمانی حاجی ئەحمەدی و تاهیری عەلیار و ڕەحیمی محەمەد زادە لەوێ بوون، هاتبوون بەخێر تەشکیلات دابمەزرێنن و تێکۆشانی حیزب پەرە پێبدەن، بەڵام تووشی وەزعێکی نالەبار ببوون، لەلایەک پێشمەرگەیەک مەلا ڕەزای پیاوی تاهیر خانی لەزیندانداکوشتبوو، تاهیر خان تووڕە و هاروژابوو، لەلایەکی تر مەسەلەی هێنانەدەری مەیتی مەلا مستەفای ڕەحمەتی قەوما بوو، بارزانی ڕێگای شنۆ– برادۆستیان گرتبوو، هاتووچۆیان بۆ نەدەکرا، بێسیمیان تێکچووبوو، نەیاندەتوانی، بینێرن چاکی کەنەوە، چەند کەسیان لەلا کەوتبوونەوە کەدەیانویست بچنەوە لای دەفتەر دەرباز نەدەبوون، کەریم خاڵدار دەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە هاتبوونە ئەم ناوچەیە، لای ئێوارێ چوومە نێو پێشمەرگەکان و تۆزێ باسی ئەوروپام بۆ کردن و ئەوانیش لەم ڕووداوانە نیگەران بوون، شەو لەهەشتیان لەماڵێکی دەوڵەمەند نان و خوانمان بۆ ساز کرابوو، ڕەحمانی حاجی ئەحمەدی ئیسرارێکی زۆری هەبوو کەبەکن مەسعود بارزانیدا بچمەوە و بەڵکو وابکەم کەلەشەڕی براکوژی دوور کەوینەوە، هەروەها ئیسراری بوو کەدەفتەری سیاسی تێبگەیەنم لەشەڕ دەگەڵ بارزانیان خۆ بپارێزن، دەیگوت شەڕ زیانێکی زۆرمان لێدەدا و شەڕ لەگەڵ بارزانیان ناکرێ، برادەرانی دیکەش هەر لەسەر ئەو باوەڕە بوون، بەڵام مەسەلە ئەوەبوو، من چۆن دەرباز دەبم، بارزانی ڕێگایان گرتووە، بەتایبەت خەڵکی سەر بەحیزبی دیموکرات و لای مەهاباد ناتوانن بۆ لای شنۆیە تێپەڕن، چەند کەس هاتبوون بەئیجازەی

حیزب بچنە ئەورووپا، دەبوایە بچنە سێرۆ عیسمەت دەری بەرێیان بکا، ئەوانیش کەوتبوونەوە، برادەرانی تەشکیلات خواهیشتیان کرد نامەیەك بۆ عیسمەت دەری بنووسم بەڵکو ئەوانە دەرباز بکا، نامەیەکم بۆ نووسی و داوام لێکرد کەبێتە گوندی (کۆڕانە) چاوم پێی بکەوێ، لەوەڵامدا نووسیبوویەوە: ناتوانم لەسێرۆ دەرکەوم، داوام کردبوو من بچم، بیرم کردەوە، مەسەلەیەکی پێوەندی بەمنەوە نەبێ، چیم لێداوە، بەبرادەرانم گوت: ئێوە لێرە بەرپرسی کاروباری حیزبن، خۆتان چاری مەسەلەکان بکەن و فیکریش بۆ من بکەنەوە کەتێپەڕم و بڕۆم.

گوتیان هیچمان لەدەست نایە، لەمانەوە تا دەگاتە سیلوانە پاسدار و جاشی رەشیدبەگی هەرکی گرتوویانە، لەوێشەوە تا دەگاتە دزە، بارزانی گرتوویانە، گوتم ماشێنێکم بۆ پەیداکەن من بەنێو بارزانیاندا دەڕۆم خۆ نابێ هەر لێرە بمێنمەوە.

– نابێ، دەتگرن و تەقەت لێ دەکەن و...هتد.

– قەیناکا، با بمگرن، ئێوە ماشێنێکم بۆ پەیدا کەن رێگا لەئەستۆی خۆم، دۆستێکی جوامێری حیزبیان هەبوو ناردیان، ناچەلیك وەك پیاوان بەسواری جێبێکی ساز و ئامادەوە پەیدا بوو، ئامادەیی خۆی راگەیاند، ئەمجار تەگبیر لەوە دەکرا کەچۆن لەماوانە تێپەڕین کەجاش و پاسدار رێگایان گرتووە؟ گوتیان برادەرێکمان لەماوانەیە، رەنگە شارەزابێ، بەڵام براکەی جاشە و تفەنگی پێیە، گوتم قەیناکا، راست دەچینە مالّی جاشەکە و دەڵێین بەڕێمانکە، بەخۆشیەوە موافەقەتیان کرد، ئەمجار ئەوانەی هاتبوون بەتورکیادا بچنە ئەورووپا و حاسیە ببوون، گوتیان دەبێ ئێمەش لەگەڵ خۆت بەری، لامواپە دکتۆر رەشیدێکبوو خەڵکی بۆکان و کوڕێکبوو بەناوی کەمال نارنجۆکی لەدەستیدا تەقیبوو، عەلی بێسیمچی، بێسیمیان لێ خەرا بوو، یەکی دیکەش، ساز بووین بڕۆین، کاك رەحیمی محەمەد زادە گوتی نابێ بەتەنیا بڕۆی، منیش لەگەڵت دێم تا شنۆیە، زۆرم هەوڵدا

و گـوتم تـۆ مەیـە بـا تووشـی کێشـە نـەبی، مـن دەڕۆم و هەرچـی بـێ قـەیناکا، بەهەڵوێسـتێکی گـەلێك پیاوانـە، قـەبوڵی نـەکرد و لەگـەڵمان سـوار بـوو، پێشمەرگەیەکیشی لەگەڵ خۆی هێنـا، ئێـوارەی ٩٨١/٧/٣١ لەسـەر خـوای گـەورە بەرەو شنۆ کەوتینەڕێ، تاریك داهاتبوو گەیشتینە گوندی (ماوانە)، مـەکۆی جـاش و پاسداران، چووینە بەردەرکی برادەری ناسیاوی حیـزب، دابـەزین، کـابرا پیاوانـە بەخێرهاتنی کردین و لەپێشدا بێستانێکی لەبەر دەرکێ بوو، چوو خەیاری ناسك و فێنکی هێنان و دەستمانکرد بەخەیار خواردن، چوو براکەی بانگ کـرد، بـرا هـات، تفـەنگێکی درێـژ دەشـانیدا، گوتمـان رێگـا شـارەزای و دەبـێ لەگونـدیمان وەدەر خەی. کابرا دەیگوت: (ئەز جاشم، بەڵام جاشێکە باشم). گوتم تـۆ جـاش نـی، تـۆ مرۆڤێکی وڵاتپارێزی، مەبێژە ئـەز جاشـم. دەیگوت: نـا.. کاکـە.. ئـەز جاشـم، لێ جاشێکە باشم).

بـە کـورتی، جاشـی بـاش لەگـەڵمان سـوار بـوو تـا بەقاچـاغە رێـدا لەگونـدی وەدەرخستین و چووینە سەر جـادەی شنۆ- برادۆست، خواحـافیزی لێ کـردین و گەڕایـەوە، ئێمـەش سـوپاسمانکرد و ئێسـتاش هـەر سوپاسـی دەکـەم، زۆر تـێ نەپەڕیبووین، لەپڕ بارزانی دەنگیانداین، راوەسـتاین، یـەکی دانەتاشـراوی تـوڕە و تۆسن، هاتە پێش، بێ ئەوەی سڵاوێکبکا یا مەرحەبایەك دەستی پێکرد: دابەزن.. چکارەن.. لایتەکان بمرێنن، چاوی لەژووری ماشێن کرد، پێشمەرگەی بەتفەنگـەوە دیت، شێت بوو، ئەو تفەنگە چییە.. ئەو بێسیمە چییە؟ ناچار وەدەنگهاتم، گـوتم: ئەو هەرا و گوڕەت لەچییە؟ ئێمە وا وێستاوین، ئەگەر پرسیارێکت هەیـە فـەرموو، بپرسـە تـا جوابـت دەینـەوە، مـن فلانکەسێکم، لەئـەوروپاوە دێـم و دەچمە کـن مەسعودی ئەوانەش هەڤاڵی منن، ئێمە دانابەزین، تـۆش هـەرا هـەرا مەکـە و بچـوو بپرسە، بێژە کەریمی حسامی لەئەوروپاوە هـاتوە، کـابرا تـۆزێ هاتـەوە سـەرخۆ،

رایکرد، دوورتر لەئێمە دیار بوو، تەلەفۆنیان هەیە، دوای چەند دەقیقە هاتەوە سەر و دەوری ماشێنەکەی دەدا و شتی بێجێی دەپرسی و ئێمەش وەلامێکمان نەدەدایەوە، زۆری پێنەچوو، ماشێنێك هات، وەپێشمان کەوت بۆ سیلوانا، لەبەر دەرگای ژوورێك راوەستا و دابەزین، دیاربوو ژووری میوانانە، عەبدولموهەیمەن هات، بەخێرهاتنی کردین، نان و چایان ساز کرد، هاوسەفەرەکەم جاروبار سرت و خورتێکیان دەکرد و تۆزێك وەنیگەران دەچوون، دوای نان و چا بەعەبدولموهەیمەنم گوت: من لەبەر دیتنی کاك مەسعود بێرەدا هاتم، دەمەوێ چاوم بەکاك مەسعود بکەوێ و برۆین، شەو درەنگە و دەبێ، تێپەرین.

– بۆ کوێ دەرۆن، نەمیوانێ ئێمەن؟

– بەڵێ میوانین، بەڵام هەر ئەوەندە تا کاك مەسعود دەبینم، نەخۆ دەبێ برۆم و دەچمەوە دەفتەری سیاسی، تۆزێك داما، پاشان گوتی: بچم بزانم.

ئەو رۆی، هەستم کرد نیگەرانی برادەران پتر بوو، یەکیان گوتی: دەرچوو، تازە پێوە بووین، چوون و گەڕانەوەی سەعاتێکی نەخایاند، بەڵام بۆ ئێمە بەمانگ حیساب بوو.

عبدالمهیمن هاتەوە، گوتی: (مەسعودم نەدیتەوە، ئەگەر دەخوازی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی وا لەراژانن، تا بنێرم بێن و لەگەڵ ئەوان قسە بکە) گوتم: من بۆ دیتنی مەسعود هاتبووم، ئەگەر ئەو ناخوازێ من ببینێ، منیش کارم بەمەکتەبی سیاسی نییە) من شارەزای دەسەڵاتی مەکتەبی پارتی بووم و دەمزانی ئەوانیش هەروەك ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات هەر ناویان هەیە و هیچیتر، هەوڵی من ئەوەبوو بەڵکو بتوانم تۆزێك بەدەستی کاك مەسعود ئەو گڕ و کەفی مەترسی شەڕی براکوژی کەم کەمەوە، بەداخەوە نەکرا،

گەلێك لەدڵم گرانهات، وەختێك مەسعود پێویستی بەدیتنی من هەبوو، داوای کرد، من لەبەر خاتری ئەو چوومە قبرس، بەڵام ئێستا من هاتوومە مـاڵی ئـەو نەیویسـت خۆم پێ نیشاندا، دەرسێکی بچووکیش نـەبوو، گـوتم کەوایـە ماشـێنێکمان لەگـەڵ بنێرە تا لە دزە تێ دەپەڕین، ئەوەشم لێ زیـاد کـرد و گـوتم: کـاك رەحـیم بێـرەدا دەگەڕێتەوە، تکایە وابکە بەسلاّمەتی تێپەڕێ، بۆ برادۆست، دیارە ئەوانیش پێیان ناخۆشـبوو، ئـەوان لەئـەوروپا ناردبوویـان کـەمن واز لـەحیزبی دیمـوکرات بێـنم و بەرێگای چەوتی تاقمی حەوت کەسەدا بڕۆم.

ماشێنێکی پڕ لەبارزانی کەوتە پێشمان و بـەرەو دزە، کەلەسـیلوانا دەردەکـەوتین تووشی دەستەی بارزانیان بووین کەئەفسەری ئێرانی مەشقیان پێدەکردن، لـەدزە تـێ نەپـەڕیبووین، ماشـێنەکە گەڕایـەوە، کـەمێکی تـر رۆیشـتین، بـارزانی لێمـان ڕاپەڕین، ڕایانگرتین، یەکی پیرە هاتە پێش و هەرچەندی گوتمان لەسیلوانا بـووین و تا ئێرە بارزنیمان لەگەڵ هاتوون، فایدەی نـەبوو، خـودا و راسـتان یـەکی گـەنج هات، تێمگەیانـد و گـوتم لەسـەر رێگـا سـەیتەرە هەیـە، ئەگـەر بارزانیمـان لەگـەڵ نەهاتوون، چۆن گەیشتووینە ئێرە، مالّی ئاوەدان بێ، چوو بەزمانی خۆیان پیرەی حاڵیکرد و رێگایان بەردا، لەدزە تێپەڕین، پێشمەرگەی حیزب لەسـەر رێگـا بـوون، شەو درەنگ گەیشتینە شنۆیە، چووینە هوتێلێك، بـەیانی کـاك رەحـیم گـیر نـەبوو گەڕایەوە، پاشان بیستمەوە سەرەڕای ئەوەی قەولیان بەمن دابوو، کاك رەحیمیان گەلێك ئەزیەت دابوو، سێ ڕۆژ لەشنۆیە مامەوە، کاك حوسێنی مـەدەنی بەرپرسـی تەشکیلات بـوو، پێشـنیاری کـرد کـەرۆژی جێـژنی رەمـەزانێ لەمزگـەوتی جامیعـە لەسـەر بـارودۆخی وڵات و دەنگدانـەوەی خـەباتی حیزبـی دیمـوکرات قسـە بکـەم، مزگەوت پڕبوو لەخەڵك، بەدرێژی ئەوەندەی توانیم لەهەموو بارێکەوە قسەم کـرد، رۆژی پێشـتر فەرمانـدەی سـوپای پاسـداران لەمـەهاباد لەوتارێکـدا گوتبـووی:

(کـەریمی حسـامی وازی لـەحیزبی دیمـوکرات هێنـاوە و چـۆتەوە ئـەوروپا) مـن لەوتارەکەمدا گوتم: با فەرماندەی سوپای پاسداران بزانێ کەوا لەمزگـەوتی شـاری شـنۆ لەسـەر سیاسـەتی دژی ئیسـلامی ئـەوان خـەڵک ڕوون دەکەمـەوە، چـووم لەدوکانێك لیباسی کوردی بۆ ڕێبەر بکڕم، پارەیان لێ وەرنەگرتم، چووم بەدرونمدا، پارەیان وەرنەگرت، ڕێبەر سەری سـوڕمابوو، دەیگـوت: ئـەز نـەزانم عـەلاقاتێ تـە لەگەڵ ئـەم خەڵکـە چـەوایە، ڕۆژێـك چـوومە چـەپەراوێ، سـەردانی مـەلا زەینـەڵی کەتازە لەزیندان ئازاد کرابوو، ڕۆژێکیان چوومە تەشکیلاتی حیـزب سـەردانی کـاك حوسێنی مەدەنی، دانیشتبووین، پیاوێك هاتە ژوور و بەکاك حوسێنی گوت: خـودا هەڵناگرێ، ناردووتانە، لەخەڵك پرسیار و کردوە، من ئەو مێشەم لـەپێش شۆڕشـی ئێراندا لەقادراغا کڕیوە، پارەکەم داوە، ئێستا کۆمیتـەی حیزبـی دەسـتی بەسـەر داگرتوە، بەم بیانوە کەملّکی ئاغایە، تۆش نامەت نووسیوە جواب نادەنـەوە، مـن لەو ماوەیـەدا هـەر وا سـەیرم دەکـرد، کەلەقسـەکانی بـۆوە، گـوتم: ئـەرێ بـرا تـۆ مەحمودی هەمزە ئاشەوانی نی؟

بەڕێوەڵا ڕاست هەوم، بۆیە حیزب ئاوا پاداشتم دەداتەوە، ئیتر ڕابووم، غارمدایە و دەسـتم کـردە ملـی و بـێ ئیختیـار گریـانم هـات، هـەمزە ئاشـەوانی بـاوکی دوای ڕووخـــانی کۆمـــاری کوردســـتان یـــەکێ لەهـــەوەڵین ئەنـــدامانی کۆمیتـــەی زیندووکردنەوەی حیزبی دیموکرات بوو لەمەڵبەندی سندوسـی، لەسـەر تێکۆشـانی حیزبی لەگوندی دەرکرابوو، کەوتبوە زیندانێ، ئەو مەحمودە تازە دەگەیشتێ، بۆ شنۆ و لاجان و سندوس، پەیکی حیزبی بوو، شـەو و ڕۆژ ڕانەدەوەسـتا، ئێسـتاش کەس نەیدەناسی و نامەقیشیان لێ دەکرد، سەربردەی مەحمودم بۆ کـاك حوسـێن باسکرد، گورج نامەیەکی دیکەی بۆ نووسی، من سەفەرم کرد و نازانم دایانەوە یان بەژێر لیچیانەوە کرد.

بەرەو دەفتەری سیاسی

رۆژی ۱۹۸۱/۸/۳ برادەرانی تەشکیلاتی شنۆ پێشمەرگە و ماشێنیان بۆ ئامادە کردم و بەجەڵدیان و گردەسوردا، هاتینەوە خاڵدار و بەبانوی دربکە و لاوێندا، سەعاتی ۹ی شەو گەیشتینە ترکەشی، لەنیزیک گوندی خەرمانێك دیار بوو، لاماندا و پرسیم: کێیەتان بەمااڵی برایمی مام وەتمانی دەزانن؟ (ئەو مام وەتمانە لەبەرگی یەکەمی بیرەوەریەکانمدا باسم کردووە)، یەکیان گوتی: (ئەوە خەرمانی ئەوانە و منیش کوڕی ئەوانم، سوارم کرد و چووینە مااڵی برایمی مام وەتمانی، وای لەو خۆشی و شادیەی لەو کاتەدا بۆ هەموومان رووپدا، دوای ۳۰ ساڵ لێك هەڵبڕان و بێ خەبەری لەپڕ لەماڵە دۆست و برادەرێکی خۆشەویستت وەژوور کەوی، ماڵ وەك جاران قەرەباڵغ و گەورەتریش ببوو، منداڵ گەورە ببوون و ژنیان هێنابوو، مێردیان کردبوو، زۆریان بەحاڵ دەیاننناسیمەوە، هێندێك هەر لەدایك و باوکیان ناویان بیستبووم، لەو ماڵە گەورەیەدا تەنیا (ئایشێ) نەمابوو کەلەکاتی خۆیدا وەك ئەستێرەیەك لەو ماڵەدا دەدرەوشا، دایی رەسەنی کوردەواری، دەستکرا بەراموسانی دەست و باسکان، نان و خوانێکی مەنگوڕانە ساز کرا، برادەرانی لەگەڵم بوون لەم هەڵوێست و میواندارییە واقیان وڕمابوو، لای بەیانی توانیمان چاوێك گەرم بکەین، رۆژی دوایی هەرچەند کاك برایم هەوڵیدا کەبمێنمەوە و بحەسێمەوە، گیر نەبووم هاتمە میراوێ، لەکن سەعیدی سوڵتانیان لامدا، رەسوی نادری هاتە لام، یەك دوو حەیرانی بۆ گوتم نووسیمنەوە، ملازم تاهیر و شەریف لەحیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق هاتنە لام و باسی بارودۆخی لای خۆیانیان کرد، دوای نیوەڕۆ سوار بووم رۆژی ۹۸۱/۸/٤ لەدۆڵی پشتی شیوەجۆ کەبە (دۆڵی دیموکرات) ناسرا بوو، گەیشتمەوە دەفتەری سیاسی.

لەم دۆڵە سەوز و جوان و دارستانەدا، دەفتەری سیاسی و چاپەمەنی و کادری

رادیۆ و میوانخانە کۆکرابوونەوە و لەباری خانو و پەسیو و جێ و ڕێ وەزعێکی ڕێکوپێکیان ساز کردبوو، لەو خانوانەی نێزیك دەفتەر لەگەڵ دوو برادەری دیکە جێگایان بۆ دیاری کردم، هەوەڵ کارم ئەوەبوو ڕاپۆرتی سەفەری خۆم وەك چوونی لوبنان و دیتنی یاسر عەرەفات و ڕێبەرانی تری فەلەستینی و سەفەری سوریا و دیتنی کابرای سوریا وتوویژ لەگەڵ گۆڤارەکانی لوبنان و لادانی کن مەسعود بارزانی، بۆ دەفتەری سیاسی بنووسم، پاشان لەنامەیەکی جیاوازدا، باسی زیندانی بەعس و بەڵێنی هاوکاری و دەقی ئەوەی بۆ ئەبو ئەحمەدم نووسیبوو، هێنامە سەر کاغەز و داوام کرد بەر لەهەمووشت، دەفتەری سیاسی دەبێ هەڵوێست و بڕیاری خۆی لەسەر ئەم نووسینەم پێ ڕابگەیەنێ، چوومە لای دکتۆر و نامەکانم دایە و گوتم تکایە لەپێشدا لەسەر ئەم نووسراوەیە نەزەر بدەن، من دەمەوێ سەفەرێکی لای شامات و مەهاباد بکەم، دوای بڕیار و هەڵوێستی دەفتەری سیاسی لەسەر ئەم نووسراوەیە، بڕیاری کارکردن دەدەم.

دکتۆر گوتی: جارێ بحەسێوە، تا دوای ٢٥ی گەلاوێژ سەفەر مەکە، جارێ ڕۆژانە وتارێك بۆ ڕادیۆ بنووسە، برادەران ڕەخنەیان هەیە، بزانین دەڵێن چی؟ ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، (یاسای سزادانی گشتی) بوو، ئەندامانی کۆمیسیۆنی بازرەسی و یەك دوو برادەری تر کەپێشتر لەبواری حقوقی و دادپەروەریدا کاریان کردبوو، هێندێ مادە و بەند و خاڵی (قانونی مجازاتی عمومی) زەمانی شایان کردبوو بەکوردی و لەگەڵ پاش و پێشکردنی وشە و زلراو و کەم و زیادکردنیان، کۆیان کردبۆوە و بەناوی (یاسای سزادانی گشتی) بڵاویان کردبووە و خەڵکیان پێ سزا دەدا و دەفتەری سیاسیش پەسندی کردبوو، دوای خوێندنەوەی بەبۆچوونی خۆم پێم وابوو ئەم یاسایە بۆ دەوڵەتێکی سەقامگرتوو دەبێ، نەك بۆ حیزبێکی دەفتەر بە کۆڵ و هەر ڕۆژە لەدۆڵێك و لەبن ڕەوەزە بەردێك، سزای ١٠ ساڵ و ٧ ساڵ و ٣

ساڵیان بۆ تاوانبار دانابوو، لەکاتێکا حیزب خۆی نەیدەتوانی چەند مانگ لەشوێنێك سەقامگرتوو بێ، من لام وابوو سزادان لەحیزبێکی شۆڕشگێڕ و لەکاتی شۆڕش و شەڕی چەکداریدا، دەبێ، بەگوێرەی تاوان تەمبێ و رێنوێنی و جەریمەی نەغدی و ئەگەر گەیشتە خەیانەتیش ئیعدامی خێرا و گورج بێ، ناندان بەحەپسی و گواستنەوەی بۆ کەلێن و قوژبنی چیا و دۆڵ و موخاریجی پارێزگاریان، تەنیا دەبێتە بارێکی گران لەسەرشانی حیزب، لەم جەغز و چوارچێوە بۆچوونەدا، وتارێکم نووسی و دام بەدکتۆر سەعید کەبەرپرسی رادیۆ و چاپەمەنی و هەموو شتێك بوو، رۆژی دوایە گوتی: وتارە شتی راست و بابەتی زۆر تێدایە، دکتۆریش تەماشای کرد، بەڵام چونکە تازە پەسند کراوە و بڵاوکراوەتەوە، لەسەر رادیۆ رەخنەی لێ بگیرێ، ئەویش بەو شێوەیە کەهیچت بۆ نەهێشتۆتەوە، مەسڵەحەت نییە، واتە ئەوەی پەسند کرا ئەگەر چەوتیەکەشی دەربچێ، نابێ هەڵەی راست بکرێتەوە ! !

شەوی ۹۸۱/۸/۱۰ داوایان لێکردم لەهۆڵی میوانداری لەسەر دەنگدانەوەی بارودۆخی کوردستان و خەباتی حیزب باسێك بکەم، دکتۆر قاسملۆش هاتبوو، دانیشتنێکی سەرنج راکێش بوو، شەو لەگەڵ سوڵتاناغای دۆستم پێکەوە بووین.

۹۸۱/۸/۱۲ کەمال بورکای، سکرتێری پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا هاتە دەفتەری سیاسی، شەو لای دکتۆر بوو، بەیانی هاتە لای من، باسێکی گەرمی مەسەلەی کوردمان هێنا گۆڕێ، بیرورامان لێك نێزیك بوو، ۹۸۱/۸/۱۳ دەستەیەك لەلاوانی لاجان و بەری پیرانان هاتبوونە دەفتەر، داوایانکرد لەگەڵ من دانیشن، بەدرێژی لەسەر ئەرکی لاوان و کار لەنێو گوندییەکان و خۆ فێرکردنیان باسم بۆ کردن، دوایە رەسمیان هەڵگرت، لای ئێوارێ کاك ئەمیری قازی هاتە لام، لەسەر وەزعی تەشکیلات و کاری چاپەمەنی و تەبلیغات و هەڵسوڕانی پێشمەرگە

قسەمانکرد، کاك ئەمیر گوتی: (هەتا دکتۆر قاسملۆ سکرتێری حیزب بێ، حیزبی ئێمە نابێتە حیزب، من لۆس بووم) ٢٥ی گەلاوێژ جێژنی دامەزراندنی حیزب لەخواروی خانوەکان گیرا، خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر تێکڕا هاتبوون، رۆژی ٩٨١/٨/١٧ مامۆستا مەلا رەحیمی عەبباسی بۆ شایی ژنهێنانی وەسیمی کوڕی لێی گێڕابوویەوە، لەگەڵ کاك نەبی قادری چووینە واوان، بێجگە لەخەڵکی گوندی و برادەرانی حیزبی، مەلایەکی زۆریش کۆببوونەوە، نیوەڕۆ لەمزگەوتی واوان داوایان لێکردم لەسەر بارودۆخی بزووتنەوەی کوردستان و دەنگدانەوەی لەدەرەوەی وڵات باسێك بکەم، وتارەکەم پێشوازیەکی گەرمی لێکرا، بەمامۆستا مەلا رەحیمم گوت: تەبلیغاتێکی زۆر بۆ چوونی حەج دەستپێکراوە، کوردەکەش خۆی بۆ دەکوتێ، دەڵێم لەمزگەوت بەتایبەت کەئەو مەلایانەش تەشریفیان هەیە، باسێك لەسەر نەچوونی حەج لەبارودۆخی ئێستای کوردستاندا، دابمەزرێنم. چونکە پێموایە لەبارودۆخی ئێستای کوردستاندا کورد حەجی لەسەر نییە، مامۆستا گوتی: قسەکەت راستە، بەڵام ئەگەر من باسێکی ئاوا بکەم تەئسیری پتر دەبێ، چونکە مەلام، فەرمایشەکەی راست بوو، بەڵام بەداخەوە خستیە پشتگوێ و باسی نەکرد، زەماوەندێکی گەورەشمان ساز کرد، بەڵام مامۆستا نەیهێشت رەشبەڵەك بگرێ و خودا گیری ئەو هەموو کێڕ و ژنانە بوو کەراوەستا بوون و بۆ گەرێك رەشبەڵەك دڵەکوتەیان بوو.

رۆژی دوایی لەگەڵ چەند برادەرێك چووینە میراوێ، لەگەڕانەوەدا، لەواوان چووینە قەراخ رووبار و بەخواردنەوە و کەبابی مەزرایە تۆڵەی رەشبەڵەکمان کردەوە، بۆ بەیانی کەدەهات بڕۆین چەند برادەرێکی حیزبی هاتن لەکاروباری حیزبی و تەشکیلاتی سکاڵایان هەبوو، گوتم کاکە، بۆ دەفتەری سیاسی بنووسن، من چکارە نیم.

رۆژی ۹۸۱/۸/۱۹ لەدەفتەری سیاسی بانگیانکردم بۆ کۆبوونەوە و باسی سەفەری خۆم، کەچووم گوتم بەر لەهەموو شت دەمەوێ بڕیار و بیروڕای دەفتەری سیاسی لەسەر ئەم نامەیە بزانم کەبۆم نووسیون و بۆ بەعسیشم نووسیوە و لەزیندان داومە، دکتۆر قاسملۆ گوتی: من لەلایەن دەفتەری سیاسیەوە رادەگەیەنم کەئەو نووسراوەی لەزیندان نووسیوتە، هیچ تەئسیری نییە و جێگای باس نییە و بەهیچی دەزانین) بەدرێژی باسی سەفەری خۆم کرد، گوتم: لەهەموو شوێنێ بەناوی شەخسی قسەم کردووە و گوتومە لەلایەن حیزبەوە قسە ناکەم و لەحیزبی دیموکراتدا هیچ مەسئولیەتێکم نییە، دکتۆر قسەکانی مستەفای شەڵماشی دووپات کردەوە، گوتی: ئەو کارەت بۆ شکانی حیزب کردوە، دکتۆر سەعید بدڵ رەخنەی ئەوەبوو کەپارەی سەفەرم لەعەزیزی ماملێ وەرگرتوە، گوتی: (نازانم بە چ هەقێك تۆ چوار هەزار مارك لەنوێنەری حیزب وەردەگری؟).

گوتم بەو هەقەی کە ٤٠ ساڵە لەو رێگایەدا فیداکاری دەکەم، هەقی خۆمە بۆ خەرجی سەفەری حیزبی ١٠ هەزار مارکیش وەرگرم، بەڵام تۆ بەچ هەقێك حیساب لەمن دەکێشی؟ من دەبێ بپرسم ئەوانەی تا دوێنێ لەرێژێمی شادا خزمەتیان کردووە و هاتوونە سەر حازری، بەچ هەقێك لەپاریس راست و چەپ بێی دادەدەن؟).

دکتۆر قاسملۆ گوتی: ئەوە جێی باس نییە، ئێمە بڕیارماندواوە کەمودیریەتی رادیۆ وەئەستۆ بگری، دیارە برادەرێکی دەفتەری سیاسی بەرپرسی سیاسی رادیۆ دەبێ، گوتم جارێ من پرسیارم هەیە، من بەرپرسی تەشکیلاتی مەهاباد بووم، بەئیجازە سەفەرم کردووە، برادەرێکیش لەجێی من دیاریکراوە، تا دەگەڕێمەوە، نازانم چۆن پاشملەی من کۆنفڕانس دەبەستن و یەکیتر دەکەن بەبەرپرسی تەشکیلات؟ کەی ئەوە شێوەی دیموکراسی نێو حزبیە؟ گوتیان تۆ زۆرت پێچوە،

گوتم لەکام رێکخراوی تر کۆنفرانسی حیزبی گیراوە؟ دکتۆر قاسملۆ گوتی: مەسەلەی تەبلیغات بۆ ئێمە گرنگە، تۆش لەکاری رادیۆ و نووسیندا دەستت هەیە، برادەران وایانداناوە ئەو کارە بکەی.

گوتم من لەبەر کار راناکەم، لەگەڵ پاراستنی رەخنە و ئیعترازم لەو کارە ناحیزبییەی ئێوە، کاری رادیۆ قەبوڵ دەکەم، ئێستا دەمەوێ سەفەرێکی لای بۆکان و مەهاباد بکەم، کەگەڕامەوە دەست بەکار دەکەم، رۆژی ۹۸۱/۸/۲۱ رێبەری هاوسەفەرم دەگەڕاوە بۆ لوبنان، چوار هەزار تمەنم بۆ وەرگرت و نامەم بۆ ماڵەوە نووسی و بەڕێم کرد، رۆژی دوایی لەگەڵ برادەرێک بەرەو بۆکان کەوتینەڕێ، لەکیتکە لای پێشمەرگەکان لاماندا، برادەرانی بانە بریندارییان هێنا بوون بۆ بیمارستانی حیزب لەقالوێ، چەند رەسمێکیان هەڵگرت، دوای نیوەڕۆ کەوتینەڕێ و نەگەیشتبووینە گوندی گلێنان، دیتمان بریندارێك لەتەنیشت رێگا بەتەنیا کەوتووە، هاتمە خوار، پرسیم چییە بۆ لێرە تەنیای؟ گوتی: خەڵکی گەنەدارم، پاسدار تەقەیان لێ کردوم و بریندار بووم، کابرایەك پیکابی هەبوو، قەرار بوو بمگەیێنێتە بۆکانێ، پاشان لێرە داینام و رۆیشت و لێرە ماومەوە، ناو و نیشانی کابرا و رەنگی ماشێنەکەم پرسی و سوارم کرد، پێم لەبەنزینی نا، بەڵکو بگەمە کابرا، لەگڵێنان لەبەر دەرکی سۆفی سالح ناوێك راوەستام، پرسیاری ماشێن و پێشمەرگەم کرد، پێشمەرگە لەگوندی نەبوون، ماشێنیان پەیدا کرد و بریندارەکەم ناردە قالوێ، نەخۆشخانەی حیزب، لەماڵی سۆفی چایەکم خواردەوە و شەو چوومە بۆکان میوانی کاك سەلیمی بابانزادە بووم، سبەی چوومە تەشکیلاتی حیزب و دوای نیوەڕۆ چوومە تالاو، لای دۆستی بەڕێزم سوڵتاناغا، رۆژی ۹۸۱/۸/۲۵ لەبازاڕی ئەمیراباد، رەحیم کەپەکەندی ماشێن و پێشمەرگەی ساز کرد و بۆ تەشکیلاتی مەهاباد، لەشیلاناوێ لامدا سەرێکی مامۆستا هێمنی

بدەم، پێشمەرگەکان پێیان سەیر بوو، گوتیان چۆن دەچیە کن هێمنی خۆ دژی حیزبە، گوتم ئەو دژی حیزب نییە، دانیشتوە، حەیف نییە بێرەدا تێپەڕین و سەری هێمن نەدەین، کەچوویە بەر دەرگا، مالێکی چۆڵ و هۆڵ، گوتیان چوونەتە مەهاباد، رۆیشتم بۆ تەشکیلاتی مەهاباد، لەسەرەوەی کۆنەدێ، خێوەتیان هەڵدابوو، شەوێك لای وان مامەوە، رۆژی دوایی دەگەڵ کاك عومەر و کاك مستەفای قازی هاتمەوە بۆ دۆڵی دیموکرات، تفەنگێکی کلاشینکۆفم لای کاك قاسمی قازی بەجێ هێشتبوو، وەرمگرتەوە و هێنامەوە لای خۆم.

رۆژی ٩٨١/٨/٢٧ ئەبو سەرباز و مەلا محەمەدی جوانڕۆیی هاتن، باسی شەڕی یەکێتی و سۆسیالیستیانکرد کەچەند کەسیان لێك کوشتوە، نامەیەکم بۆ کاك عەزیز محەمەد نووسی و بۆم رووننکردەوە کەبۆ ئەوەی لەزیندانی بەعس بەفیڕۆیی نەچم و خۆم نەجات بدەم، بەنووسین بەڵێنی هاوکاریم پێداون، لەبەرئەوەی خۆم بەدۆست و بەجێگای بڕوای حیزبی ئێوە دەزانم، پێم باشبوو ئاگادارتان بکەم و خۆشتان لەبڕیار و هەڵوێستگرتن دا خاوەن دەسەڵاتن).

رۆژی ٩٨١/٨/٢٩ دکتۆر قاسملۆ لەگەڵ دکتۆر سەعید بدڵ برادەرانی کارمەندی رادیۆیان کۆکردەوە و منیان بەبەرپرسی بڵاو کردنەوەی وتارەکانی رادیۆ ناساند، دەبوایە چەشنی بڵاوکردنەوەی وتارەکان، کێ بیانخوێنێتەوە و پاش و پێشکردنیان سەرپەرشتی بکەم، مەبەستی بنەڕەتی دەفتەری سیاسی، باشترە بێژم مەبەستی دکتۆر قاسملۆ لەو کارە دوورخستنەوەی من بوو لەکاروباری تەشکیلاتی و لەدم تێوەردانی سیاسی و لەنێزیك خەڵك، بیانوێکی بێ بەڵگەش نەبوو، رادیۆ یەکێ لەبنکە هەرە نهێنییەکانی حیزب بوو، نەدەکرا هەموو کەس بەجێگا و شوێنی بزانێ، ئەوانەی لەرادیۆ کاردەکەن دەبێ لەخەڵك نەدیار بن، هەربۆیەش چەند جار برادەر و کادری حیزبی و ناسیاری نێزیك لەرێگای دوورەوە

دەهاتنە لام، پێیان دەگوتن لێرە نییە، لەسەفەر دایە، پاشان نامەیان بۆ دەنووسیم کەهاتین چاومان پێت بکەوێ، کارمان هەبوو، لەوێ نەبووی! ! بۆ قایمکاری پتر، دوور لەدەفتەر و لەمیوانخانە و لەهاتوچۆی خەڵك ژوورێکیان دابوومێ، تەلەفۆنیشیان هێنابوو، بێجگە لەپۆلای نانوازادە مامەقالەی دەبباغی و کاك ئەبوبەکری هیدایەتیش، دراوسێی ئەملا و لامبوون.

من بەقەولی مەلا عەولای حاجی سمایلی سەربردەی خۆم دەنووسمەوە، بۆ رووبوونەوەی ئەم باسە چەند نموونە دێنمەوە و دەچمە سەر رێچکەی باسەکەم، میرزا عەولای نیشکۆلان مەسئولی بنکەی سەر رێگای پێش دەفتەری سیاسی بوو، یەك دوو نووسراوەی منی خوێندبوونەوە، دەهات کتێبم دەدایە و جاروبار چایەکیشی لەلام دەخواردەوە، رۆژێکی باسی کوێخا ئەمری قەلەڕەشەم بۆ گێڕاوە، (ئۆمەر پاشا) کەچۆن دژی حکومەتی عەجەم راپەڕیوە، گوتی بەخزم دەگەینە یەك، بڕیارماندا رۆژێك پێکەوە بچین سەری بدەین، من دەمویست هێندێ پرسیاری لێ بکەم، رۆژێك میرزا عەولا هات، دانیشتین گوتی: دەمەوێ شتێکت لێ بپرسم، بەینی خۆمان بێ، بۆچی پێیانگوتوم، ئەگەر کەسێك هاتە لای، کاك کەریم، هەتا بەدەفتەر نەڵێی رێگای مەدە، بێتە سەرێ)، گوتم باشە لەدەفتەر بپرسی، ئەمە شێوەکار و سیاسەتی ئەم حیزبەیە، ئەوان خەڵك ناناسن، ئاگایان لەرابردووی حیزب و تێکۆشانی خەڵك نییە، زۆر گوێ مەدەیە، هەرکەس هات و ویستی من ببینێ، تەلەفۆنم بۆ بکە، دێمە خوارێ دەیبینم.

رۆژێك میرزا عەولا تەلەفۆنی کرد گوتی: برادەرێك هاتوە دەیەوێ بێتە کن تۆ، بەناوی (هەمزەی عەلی حاجی) بەکاك سەعیدم گوتوە، گوتوویە بزانە چی دەوێ، بانەیەتە سەرێ، تەلەفۆنم کرد بۆ دکتۆر سەعید گوتم: (ئەو برادەرە یەکێك لەتێکۆشەرانی سالەکانی پەنجایە، لەسەر تێکۆشانی حیزب لەخەلیفەلیان

دەرکراوە، دوای رووخانی رژێم لەجەڵدیان یەکێ لەتێکۆشەرانی حیزب بووە، کوڕی لەساینقەڵا شەهید کراوە، ئێستا هاتۆتە دەفتەری سیاسی رێگای نادەن بێتە سبەرێ، ئەوە چ سیاسیە تێکە؟ گوتی تەلەفۆنی لێ بکە، با بێتە لات، مێرزا عەولا کاك هەمزەی لەگەڵ پێشمەرگەیەك نارد لام، کەچاوم پێ کەوت، زۆر ناڕەحەتبووم، بیرم لەوە کردەوە کەئەم خەڵکە فیداکارە کەوتۆتە بەردەستی کێ و چۆن پاداشتیان دەدەنەوە، کاك هەمزە کوڕی شەهید کرابوو، شەش مانگ بوو پارەی شەهیدانیان نەدابوو بەژن و منداڵی شەهیدەکە.

نمونەی دووەم: نامەیەکی کاك مەلا محمدی عوسمانیە، هاتۆتە دەفتەر، بەڵام رێگەی نەدراوە بێتە لام، مەلا محەمەدی عوسمانی دەنووسێ: (زۆر بەڕێز کاك کەریمی حسامی سڵاوێکی بچوکانە پێشکەش بەئێوەی تێکۆشەر، هیوام وایە لەش ساخ و بێ بەڵا بی، چەند رۆژێکە لێرە ماوینەوە کارمان هەیە، بەدڵ حەز دەکەم چاوم پێتان بکەوێ، بەڵام کار هەیە و ناکرێ، ئەگەر کارێك ئەمرێك هەبێ بۆ ناوچەی نەغەدە ئامادەم، زۆرم پێ خۆشبوو کاك دکتۆر خەلیقیشم دیتبایە، بڕەك گوێمان لەقسەی خۆشی ئێوە بایە، قەرار بوو لەگەڵ برادەرێك بێین بۆ لاتان، دورا و دوور سڵاوتان لێ دەکەین، لەدواییدا سڵاوی دووبارە ! بچوکتان محەمەدی عوسمانی).

نمونەی سێیەم: لەوەتی سەید حەسەنی هاشمیم ناسیوە، خۆشمویستوە، ئیرادەتم هەبووە، لام وایە ئەگەر خوای تەعالا مەلائیکەتی لەسەر زەوی دروست کردبان، یەکیان کاك سەید حەسەن دەبوو، لەو جیا و کەڕە زۆر پێکەوە دەبووێن و دەچووین پنگە و کیا و گوڵمان کۆدەکردەوە دەمانخوارد، یەکجاریشمان باسی سیاسەت نەدەکرد، ئەو مشاوری کۆمیتەی ناوەندی بوو، منیش ئەندامێکی سادە، تازە باسی سیاسەتیش فایدەی نەبوو، ئەو هەناوی بۆ کوردایەتی رەشببوو، بەڵام

بەقـەولی مامۆسـتا مـەلا حوسـێنی مەجـدی هـەر گـوێ بـوو، زمـان نـەبوو، منـیش زمانبووم و گوێ نەبووم، قسـەی خۆشمـان دەکـرد و جاروبـار لـەلای مـن لێـو تـەڕ کـردنێکیش وەگـیر دەکـەوت لەسـایەی دۆسـت و بـرادەری دڵسـۆزمەوە فـەتاحی کاویـان کەبەرپرسـی کۆمیسـیۆنی بازرەسـی بـوو، سـەید حەسـەنی پـاکی راسـتی دڵسۆزی هەناو سوتاوی خستە بەر رەخنە و پەلامار کەهاتووچۆی کەریمی حسامی دەکا و مێشـکی تێکدەچـێ! جـا سـەیر ئـەوەبوو ئەگـەر ئـەوە کـردەوە و ئاکـاری پاشملـەی هێنـدێکیان بـوو، بـەرەو روو لەزمانلووسـیدا دەسـتی عەجـەمانمان لەپشـتەوە دەبەسـت، نموونـەی چـوارەم نامـەی کـاك سـدیقی فەروخییـە کـە ۹۸۲/۲/۲۵، لەدەفتەر بووە، پێیان گوتوە لێرە نییە، ئەوەش نامەی کـاك سـدیقی فەروخییە یەکێ لەکادرە باش و تێکۆشەرەکانی حیزبی دیموکرات بوو: (بۆ گـەورە و بەڕێزم کاك کەریمی حسـامی پێشـکێش بێـت، هـاوڕێ لەگـەڵ جـوانترین سـڵاوی شۆڕشگێڕانە هیوام سەرکەوتنی جەنابتە لەستراتیژی درێژخایەنـدا، بـەڕێز جێگـای داخە کەلەگەڕانەوەم دا بەخزمەت نەگەیشتم و نازانم بۆ کام گونـد سـەفەرت کـرد؟ بۆ ئاگاداریت: ئەمن بەهۆی چەند گیروگرفتێك هاتمـە سـەر ئـەو بڕوایـە کەئیسـتعفا بدەم و زۆر دەرگیر بووم لەگەڵ دکتۆر سەعید و پاش ۲۰ سـاڵ خەبات و تێکۆشان، ۲۰ سـاڵ ژیانی دژوار و دەربەدەری، پاش هەزاران کەند و کۆسپ تاوانباریان کـردم بەبەرتیل خۆری حکومەتی عێراق، زۆر عاقڵ بووم لەوە زیاتر توانام نـەماوە، ئـیتر هاتمە سەر ئەو باوەڕە کەخزمەت بەژن و منـداڵی خـۆم بکـەم باشـترە لـەوەی مـن کوێرەوەری بچێژم و جـەنابی سـەعید بـەدەڵیش ملـی پـێ ئەسـتور بکـا لەشـوڕای نیشـتمانی، بـاش ئـاقڵ بـووم و قـەراری نیهـایی خـۆم داوە، رەنگـە زۆریشـت پـێ ناخۆشبێ چونکە بەپاشەکشەی لەقەڵەم دەدەی، ئەمما راستی ئەوەیە کـەئیتر بـۆ من جێگایەك لەحیزبدا نـەماوە، بەقـەرزی مـەحاڵ (خودموختـاری) وەرگـیرا، بێنـە

موقایسەی بکە دکتۆر سەعید دەبێتە چی و من دەبمە چی؟ بە ٢٠ ساڵ بوومە ئەندامی کۆمیتەی شارستان، بە ٦٠ ساڵ جێگری کۆمیتەی ناوەندی، ئەو دوو رەقەمە دەکاتە ٨٠ ساڵ، خۆ من بەهەزار گێرە و کێشە ٣٤ ساڵم تەواو کردووە، سەر و ریش و سمێڵم سپی بووە، کەواتە (چوار پینەم) بکەن باقی ساڵەکانی ٨٠ ناژیم، بەڵام دەمەوێ ئەوەت عەرز بکەم کەوەک رەفیقێکی بچوکت نامەم هەر بۆ بنووسی و فەرامۆشم نەکەی، من تا کۆتایی ژیانم هەر شاگردی تۆم و قەت فەرامۆشت ناکەم) دڵسۆزت صدیقی فروخی، ١٣٦١/١٢/١٦.

رۆژی ٩٨١/٨/٣٠ خەبەرمان بۆ هات کەلەمەڕگەوەر بارزانی چوونە سەر بنکەیەکی پێشمەرگەی حیزب، لەپێشدا گوتویانە میوانین، کەچوونە لایان، دەرفەتیان لێ هێناون و هەر هەشتیان کوشتوون، خەبەرەکەمان لەرادیۆ بڵاوکردەوە، چوومە کن دکتۆر قاسملۆ گوتم: لەگەڕانەوەدا بەناوچەی برادۆست و مەرگەوەڕدا هاتمەوە، هێزی پێشمەرگەی ئێمە نەلەباری چەندی و نەلەباری چۆنی توانای بەربەرەکانی بارزانیانیان نییە، ئەوان خاوەنی ئەزمون و تاقیکردنەوەی شەڕی دوور و درێژن، بەتایبەت ئێستا ئەرتەش و پاسداریش لەگەڵیانن و لەباری چەک و قۆرخانەشەوە یارمەتیان دەدەن، بێجگە لەوەش نابێ حیزبی ئێمە هەڵەی برادەرانی کوردستانی عێراق دووپات کاتەوە و خۆمان تووشی شەڕی براکوژی بکەین، لام وایە باشترە رێگای سازان بدۆزینەوە و خۆمان لەشەڕ بپارێزین، بەتایبەت حاجی ئەحمەدی مشاویری خۆشت زۆری پێداگرت کەئەوەت لەگەڵ باس بکەم.

دکتۆر گوتی: ئەوە شەڕی براکوژی نییە، ئەوان ئێستا جاشن، لەهەورامانەوە پێشمەرگە دەنگ دەدەم، بەیەکجاری لەئێرانیان وەدەر دەنێم و دەو دیویان دەکەمەوە).

گوتم ئەوەمان پێناکرێ، با لەگەڵ ئەوان تووشی شەڕ نەبین، باری قورسمان

لەسەر شانەن دکتۆر گوتی: (بەمامۆستام گوتوە (مەبەست مـەلا عەولایـە) لەسـەر خەیانەتی ئەوانـە بەمیللـەتی کـورد شـتێك بنووسـی، لـەرادیۆ بـڵاوی دەکەینـەوە، بەخەڵکیان دەناسێنین).

باسەکەمان بێ نەتیجە بـوو، لـەو رۆژانـەدا رەحمـانی حـاجی ئەحمـەدی کـەکرابوو بەمەسئوڵی شیمال، ناوچەی بەجێ هێشتوە و گەڕاوەتەوە، لقـی کـەریم خاڵداریش پاشەکشەی کردبوو، بەزەحمەت خۆی گەیاندبۆوە دەفتـەری سیاسـی، پێشـمەرگە هـیلاك و شـەکەت لەدەشـتایی بـەر دەفتـەر لێـی کـەوتوون، لەدەفتـەری ساسـی خەتاکان دەخەنە سەر ئەستۆی رەحمـانی حـاجی ئەحمـەدی کـەگۆیا رایکـردووە، رەحمان هاتە دیوەکەی مـن، نـەخۆش بـوو، چـەند رۆژی پێچـوو سـەفەری کـرد و دیاربوو نەیدەتوانی لەوێ بمێنێتەوە.

رۆژی ٩٨١/٩/٥ کـاك سـەعدی موهتـەدی و کـاك محەمـەدی ئیلخـانیزادە و سـەید عومەری زەمبیلی، سەبارەت بەکێشەی حیزب و کۆمەڵە هاتبوونـە دەفتـەر، هاتنـە دیوەکەی من، لەسەر رێگـا دۆزینـەوە بـۆ کوردسـتانی ئـازاد و سـەربەخۆ باسـێکی گەرم و شیرینمان هەبوو، پشـتیوانیان لەوتارەکـەی مـن کـرد کەلـەبێروت لـەژمارە ٥٤ی گۆڤاری رۆهـڵات دا بـڵاو کرابـۆوە، بـەم بۆنـەوە بـێ جـێ نابـێ یـادی نامـەی دۆست و برای بەڕێزم کاك مەلا محەمەی جوانڕۆیی بکەم کەبەبۆنەی بڵاوبوونـەوەی ئـەم وتـارە، لەسـوریاوە بـۆی نـاردبووم، مـەلا محەمـەد دوای سـاخ و سـڵامەتی نووسـیبووی: (بـرا گیـان، لـەگۆڤاری (رۆهـڵات) ژمـارە ٥٤ ایـاری ٨١ وتارەکـەم خوێندەوە، گەلێکم پێ باشبوو ئەو دەروازەیەت کردەوە، بـەڵام دیـارە چـەند پـێم خۆشبوو، ئەوەندەش کورت و تەسکبوو، واتا تێرت نەکردبوو لـەدەلائل و مـەوادی بەهێزکردن، تەنها ئەو نووسراوەتم دیـوە، هەرچـەندە هاوڕێیـان باسـیان بـۆ کـردم کەندەوەت کردووە و نووسراوەی تریشـت هەیـە، بـەڵام نـەك هـەر مـن، زۆر کـەس

هەیە نەیاندیوە، لێرە رۆهەڵاتم دا بەزۆر شەخصیات و هێزەکان، زۆریان پێخۆشبوو، هەوڵمدا چەند لایەکیان لەم بابەتەوە شتێك بنووسن، نازانم سەرئەنجام بەکوێ دەگات، هاوڕێیان زۆر سڵاوت لێ ئەکەن، زۆر کەسانی هێزەکان لێرەن، گەلێکیان ڕێزیان هەیە، گەلێکیان گلەییان زیادی کردووە لەسەر کابرای لای من و تۆ، وەترسیان لێی هەیە...).

بۆ ئاگاداری خوێنەرانی بەڕێز بەشی دووەمی وتاری باسلێکراو لێرەدا بڵاو دەکەمەوە، بەداخەوە برادەرانی گۆڤاری رۆهەڵات بەشی یەکەمی وتارەکەیان بۆ نەناردوومە کەئەوان کردبوویان بەعەرەبی بۆ بڵاوکردنەوە، بەقەولی زانای هەڵکەوتووی کورد کاك مەسعود محەمەد: (هەر شتە و هەر دیاردە و رووداوێك باری مێژوویی خۆی هەیە، جا با دوایە پێچەوانەشی دەربکەوێ)، ئەوەش دەقی وتارەکەیە:

(... لەوتاری پێشوودا کەبەکورتی باسی کۆنگرەی ٢٦ی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەتی کرابوو داخی خۆمان لەوە دەربڕیبوو کەبۆچی دەبێ نوێنەری نەتەوەیەکی ٢٠ میلیۆنی لەرۆژهەڵاتی نیزیك و ناوەڕاست لەدراوسێیەتی گەورەترین وڵاتی سۆسیالیستی جیهان، نەتەوەیەکی کەبەدرێژایی مێژوو لەپێناوی وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی و دیاریکردنی چارەنووس خەباتی کردووە لەو کۆبوونەوە مەزنەیەدا بەشدار نەبی.

خۆ ئەگەر بڵێین تەنیا حیزبە کۆمۆنیستەکان بەشدار بوون وانییە، لەو ١٢٣ دەستەی نوێنەرایەتییە زۆریان کۆمۆنیست نەبوون، زۆریان گەلەکەیان قەت ژێر دەست و بەشخوراو نەبووە، وڵاتیان نەکەوتۆتە بەر بۆمباران و وەك کورد بەکۆمەڵ خەڵکیان لێ نەکوژراوە، نەك هەر ئەوە کەنوێنەری گەلی کورد لەکۆنگرەی حیزبە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی دا بەشدار نابێ، بەڵکو زۆر ڕێکخراو

و کۆمەڵی نێو نەتەوەیی و دیموکرات هەن کەسەر بەحکومەت و دەوڵەتان نین و رێکخراوی کۆمەڵایەتین و نوێنەری خەڵک بەشداریان تێدا دەکەن.. وەک: رێکخراوی جیهانی لاوانی دیموکرات، یەکێتی نێو نەتەوەیی خوێندکارانی جیهان، رێکخراوی هاوکاری گەلانی ئاسیا و ئافریقا، شورای ئاشتی جیهانی و.... هتد، وەک دەبینین نوێنەری نەتەوەیەکی زۆرلێکراوی ٢٠ ملیۆنی لەهیچ یەک لەم رێکخراوانەدا بەشدار نییە.

بۆچی؟ کورد نەتەوە نییە؟ ژێر دەست و بەشخوراو نییە؟ دژی ئیمپریالیزم نییە؟ وەڵام مەنفییە، رەنگە تاوان و گوناهی گەلی کورد هەر ئەوە بێ کەبەدەستی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی ئیستیعمار نیشتمانەکەی دابەشکراوە و هەموو ویست و داخوازێکی عادلانەی بەگوللە و کوشتار وەڵام دەدەنەوە، یان تاوانی ئەوە بێ کەوڵاتەکەی دەوڵەمەندە و مەڵبەندێکی ستراتیژییە و دراوسێی وڵاتی سۆسیالیستییە، سەیر ئەوەیە نەتەوەی ٢٠ ملیۆنی کورد لەکاتێکدا ئەمە حاڵیەتی کەسیستەمی ئیستعماری لەبەر یەک هەڵوەشاوە، میللەتانی جیهان لەچنگ ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم نەجاتیان بووە، نەتەوەی ئەوتۆ سەربەخۆییان وەدەست هێناوە کەژمارەی خەڵکەکەیان ناگاتە ٢٠٠ هەزار کەس.

ئەو مەسەلە بۆ زەحمەتکێشانی کورد لەگۆڕێ دایە و لەهۆیەکانی دەگەڕێن و پرسیار دەکەن و بەڵام وەڵامی پرسیارەکانیان بەرووی وەرناگرنەوە.

هێندێ کەس دەڵێن کوردستان موستەعمەرە نییە، یانی بەقسەی ئەوانە چونکە کوردستان موستەعمەرە نییە دەبێ هەر ژێردەست و بێ بەش بێ، ئەو کەسانە بیر لەوە ناکەنەوە کەئەگەر کوردستان بەرەسمیش موستەعمەرە نییە و لەوبەری دەریاکانەوە نەهاتوون، داگیری بکەن، پێوەندی ئەم حکومەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە لەگەڵ گەلی کورد پێوەندییەکی ئیستعماریە و خراپتریشە،

هێندێ کەسی دیکەش بەناوی پێشکەوتنخوازی و تەنانەت لەژێر پەردەی بەروالّەت مارکسیستیشدا نەزەریان ئەوەیە چونکە ئیمپریالیستی خەباتی سەرەکییە، ئیتر کوردی کلّۆلّ و بەشخوراو نابێ داوای مافی نەتەوایەتی بکا، نابێ بەزمانی خۆی بخوێنێ، نابێ کاروباری خۆی بەڕێوەبەرێ و بەکورتی نابێ دەنگی لەبەر بێتە دەرێ، ئەو مارکسیستانە یان لەخۆ دەگۆڕن یا تێ ناگەن، ئەگینا خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی، خەبات بۆ رزگاری نەتەوەیەکی ژێر دەست نەك هەر لەخەباتی دژی ئیمپریالیستی جیا نییە، بەڵکو بەشێکی گرنگی خەباتی دژی ئیمپریالیستیشە، دەکرێ لەو مارکسیستانە بپرسین: داخوا ئەم گەلانەی ئاسیا و ئەفریقا کەئازاد بوون و سەربەخۆییان وەدەست هێناوە و لەلایەن ولّاتانی سۆسیالیستی و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی جیهانەوە پشتیوانیان لێ دەکرێ بەجارێك ئیمپریالیزمیان فەوتاندوە و رەگ و ریشەیان دەرهێناوە یا هێشتا لەم ولّاتانەدا ئیمپریالیزم هەروا کلکی توّز دەکا؟ دیارە داتاشینی ئەم تیۆریە کەچونکە خەباتی دژی ئیمپریالیستی لەگۆڕێ دایە کورد نابێ داوای هیچ بکا، لەئەساسەوە تیۆری بورژوازی خاوەن دەسەلّاتە و هیچی تر، ئەم گەلانەی ئازاد بوون باشتر دەتوانن خەباتی دژی ئیمپریالیستی لەسایەی پشتیوانی ولّاتانی سۆسیالیستییەوە بەڕێوەبەرن، ئەو مارکسیستانە ئەگەر لەخۆ نەگۆڕن یا بەقەولی لینینی مەزن (لەترسی ئەوەی بەناسیۆنالیزم تاوانبار نەکرێن و نەکەونە مەوقفی بورژوازی حاکم) باش دەبێ بزانن لەولّاتانی فرە گەل دا تەنیا ئەوکاتە خەباتی دژی ئیمپریالیستی بەراستی بەڕێوەدەچێ و دەتوانێ سەرکەوێ کەمافی گەلانی ژێردەست بەرەسمی ناسرابێ و هەموو نەتەوەکانی خەلّکی ئەم ولّاتە وەك یەك بەمافی نەتەوایەتی خۆیان گەیشتبن.

ئەوانەی خۆ بەمارکسیست دەزانن و لەخەباتی رەوای گەلانی زۆرلێکراو لەولّاتانی

فرە گەل دا بۆ وەدەست هێنانی مافی رەوای نەتەوایەتی پشتیوانی ناکەن لەژێر پەردەی مارکسیزم دا لەگەڵ بورژوازی میللەتی حاکم لەسەرکوتکردنی جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی زوڵم لێکراو و پێشێلکردنی مافی نەتەوایەتی ئەم گەلانە بەشداری دەکەن، لینین دەڵێ: (تەواوی حیزبە کۆمۆنیستەکان دەبێ راستەوخۆ بەجوڵانەوەی شۆڕشگێڕی نەتەوەکانی ژێر دەست یا ئەو گەلانەی لەبەرانبەر ماف دا وەك یەك بێ بەشن، بۆ نموونە بەئیرلەند یا رەشەکانی ئەمریکا و هیتر، هەروەها بەموستەعمەرەکان یارمەتی بکەن، بەبێ ئەم شەرتەی دوایی کەگرنگی تایبەتی هەیە، هەموو چەشنە خەباتێك دژی زوڵم لەنەتەوە ژێردەستەکان و موستەعمەرات، وەهەر جۆرە ناسینێکی مافی جیابوونەوە و پێك هێنانی دەوڵەت بۆ ئەوان هەروەك ئێمە لەبارەی حیزبە ئینترناسیۆنالیستەکانی دووهەم دەیبینین، پەردەیەکە بۆ داپۆشینی درۆ)، لینین نووسراوە گشتیەکان جلدی ٣١ لاپەڕەی ١٢٥.

ئەم قسە بەنرخەی لینین بۆ هەموو سەردەمێك هەر لەجێی خۆیەتی، گەلی کوردیش لەئیرلەندە و لەرەشەکانی ئەمریکایی حاڵی باشتر نییە، هێندێك لەکوردە ناسیۆنالیستە تۆخەکان تەواوی دیزە و گۆزەی ژێردەستی و بەشخوراوی کورد لەسەری وڵاتانی سۆسیالیستی دا دەشکێنن و گوێا وڵاتانی سۆسیالیستی لەبەر خاتری بەرژەوەندی سیاسی و بازرگانی خۆیان یارمەتی بەگەلی کورد ناکەن، ئەو کەسانە لەبەر هەستی دڵسۆزی و بێ کەسی گەلەکەیان لەلایەك و لەبەر ورد نەبوونەوە لەمەسەلە سیاسیەکان و نەناسینی سیاسەتی نێو نەتەوەیی وڵاتانی سۆسیالیستی لەلایەکی تریەوە تووشی ئەو بۆچوونە چەوتە دەبن و دەیانەوێ هەروا بەئاسانی خۆ لەچنگ بیرکردنەوە رزگار بکەن و بۆ ناسینی هۆیەکانی ژێر دەستی گەلی کورد خۆ ماندوو یا پیاو خراپ نەکەن، لەنێو گەلانی دواکەوتوودا زۆر

باوە بۆ ئەوەی خۆ بەمەسەلەکانەوە ماندوو نەکەن تاوانی رووداوەکان دەخەنە سەر ئەستۆی بێگانە و خۆیان بەخەتابار نازانن، خاوەنی ئەم جۆرە بیروباوەڕە یەکەم پێویستە ئەوەندە بزانن کەولاتانی سۆسیالیستیش وەک هەموو گەل و ولاتێك سیاسەتی تایبەتی خۆیان هەیە و پێش هەموو شتێك قازانجی نیشتمانی خۆیان لەبەرچاو دەگرن، دووهەم ئەگەر بەئینسافەوە تەماشا بکەین بۆمان دەردەکەوێ کەپاش شەڕی دووەمی جیهانی هیچ گەل و نەتەوەیەك نەبووە کەبەبێ یارمەتی ولاتانی سۆسیالیستی ئازاد بووبێ و لەخەباتی رزگاریخوازی دژی ئیمپریالیستی دا سەرکەوتبێ، ئەم سیاسەتەی ولاتانی سۆسیالیستی بۆ هەموو کەس روون بۆتەوە گەلی کوردیش بەنۆرەی خۆی تا ئەو دەمەی سیاسەتێکی روون و عاقلانەی هەبووە لەیارمەتی ماددی و مەعنەوی ولاتانی سۆسیالیستی بێ بەش نەبووە، کەوابوو لەجیاتی ئەوەی کەخەڵکی تر تاوانبار بکەین با غیرەتی ئەوەمان هەبێ پێ لەهەڵە و چەوتیەکانی خۆمان بنێین، برایانە رەخنە لەخۆمان بگرین لەوەزعی خۆمان بکۆڵینەوە و رێگای چارە بدۆزینەوە.

ماکسیم گۆرکی نووسەری ناوداری رووس دەڵێ: (بۆ تێگەیشتنی وردی ئەو مەسەلەیە کەلەگەڵ کێ شەڕ دەکەی، چت دەوێ و لەچی دەگەڕێی؟ هیچ رێگایەکی دیکەت نییە بێجگە لەوە کەدەبێ خۆت بناسی)، ئەمە قسەیەکی زۆر بەنرخە، بەر لەهەموو شتێك بۆ رزگاری لەم وەزعە نالەبارە کوردیش دەبێ خۆی بناسێ، بزانێ چی دەوێ، دۆست و دوژمنی خۆی بناسێ، رێگای راست بدۆزێتەوە، ناسینی دۆست و دوژمن لەخەباتی رزگاریخوازیدا زۆر گرنگە.

ئەگەر زۆر بۆ دوایە نەگەڕێنەوە گەلی کورد بەلانی کەمەوە سەد ساڵە بەشێوەیەکی تا رادەیەك رێك و پێك لەپێناوی ئازادی و مافی نەتەوایەتیدا خەبات دەکا، لەم رێگایەدا دەیان هەزار رۆڵەی فیدا کردووە، راستە لەو ماوەیەدا خەباتی

رزگاریخوازی گەلی کورد گۆڕانێکی گرنگی بەسەردا هاتووە، لەشێوەی عەشایری و سەرکردایەتی دەرەبەگ و شێخ و مەلایان (ئەگەر ئێستا مەلا و شێخ بانەدەنەوە) هاتۆتەدەر و حیزبی دیموکرات و پێشکەوتنخواز پێکهاتوون و خاوەنی پێڕەو و پڕۆگرامی پێشکەوتوو، بەڵام ئەگەر لەگەڵ زەمان و مەکان و گۆڕانی وەزعی جیهان و ئازادی گەلان بەراوردی بکەین کورد هیچی نەکردووە، لەجێگای خۆی وەستاوە و دواکەوتوە و ژێردەستە ماوەتەوە، لەماوەی ئەو سەد ساڵەدا سەد دەوڵەتی ئەوتۆ پێک هاتوون کەئەوکاتەی کورد خەباتی دەکرد ئەوان وەک کۆیلە دەفرۆشران، بۆچی وایە؟ زەحمەتکێشانی کورد لەوەڵامی ئەم پرسیارانە دەگەڕێن.

بەلای منەوە ئەگەر رێبەری حیزبە کوردستانیەکان تووڕە نەبن، ئەو حیزب و رێکخراوە قەومی و دیموکراتیانەی لەکوردستان دا دامەزراون، هەرچەند بەنووسین و بەقسە هیچیان تێدا نەهێشتۆتەوە، بەڵام نەیانتوانیوە لەمەیدانی جیهانی و نێوخۆدا دۆست و هاوکاری راستەقینەی خۆیان بدۆزنەوە، نەیانتوانیوە لەگەڵ دۆست و پشتیوانی راستەقینەی گەلی کورد یەک بگرن تا بتوانن بەباشی بەگژ دوژمنی راستەقینەدا بچن، نەیانتوانیوە ئامانج و ستراتیژیەکی روون بۆ خەباتی گەلی کورد دیاری بکەن، هەمیشە ستراتیژیان فیدای تاکتیک کردووە، تاکتیکیش ئەگەر جاروبار تا رادەیەک چووبێتە پێش، نەگەیوەتە ستراتیژی و تێکشکاوە.

یەکی تر لەهۆیەکانی بەجێ مانی حیزبە کوردستانیەکان لەقۆناخی خەباتی رزگاریخوازیدا سەر لێ شێواوی فکرییە، هەر ئەو سەر لێشێواویە بۆتە هۆی ئەوە کەدۆست و دوژمنی خۆیان بەباشی نەناسن و خۆساخ نەکەنەوە، لەسەر دوو رێیان و سێ رێیان دا بوەستن و دڵ لەدڵ بدەن و نەزانن بەکام رێگادا بڕۆن، لەمەیدانی جیهانی و گەلانی وڵاتانی دنیای سێهەمیشدا نموونەی ئەوتۆمان بەدەستەوەیە،

حیـزب و رێکخـراوە کوردسـتانیەکانی ئێمـەش لـەژێر تەئسـیری پـەرە گرتـووی سۆسـیالیزم و لەترسـی ئـەوەی کەنـەوەك بەناسیۆنالیسـت تاوانباریـان بکـەن، هـەموویان خۆیـان بەمارکسـی دادەنـێن، لەکاتێکـدا ناسـیۆنالیزمی نەتـەوەی ژێـر دەست و بەشـخوراو بێجگـە لـەپاتریۆتیزم (نیشـتمانپەروەری) هیچـی دیکـە نییـە، ناسیۆنالیزمی کورد ئەگەر بڵێ لێمانگـەڕێن بـەزمانی خۆمـان بخـوێنین و کاروبـاری خۆمـان بەڕێوەبـەرین بـۆ کـافر دەبـێ؟ بـۆ ئێمـە ئیعلامـی جیهـادی دژ بکـرێ و وڵاتەکەی بۆمباران بکرێ؟ بۆ؟

حیزب و رێکخراوە کوردستانیەکان هەموو باسی مارکسیزم دەکەن، بەڵام هەر لـەو کاتەشدا نەیانتوانیوە لەگەڵ حیزبە کۆمۆنیستەکانی وڵاتـانی خۆیـان رێك بکـەون، بالێرەدا ئـەم راستیەش بڵـێین کەبێجگـە لـەحیزبی کۆمۆنیسـتی عێـراق هـیچ یـەك لەحیزبـە کۆمۆنیسـتەکانی ئـەم وڵاتانـەی کـەکوردیان تێـدا دەژی لەحاسـت چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد هەڵوێستێکی تـەواویان نـەبووە و کەمتەرخـەمیان کردووە.

حیزب و رێکخراوە کوردستانیەکان هەموو خۆیـان بەرێبـەر و (طلیعـە)ی نەتـەوەی کورد دەزانن، باوەڕ ناکەم هیچ نەتەوەیـەکی ژێـر دەسـت و بەشـخوراو بەقـەدرایی گـەلی کـورد حیـزب و رێکخـراوی رێبـەر و (طلیعـە)ی هـەبێ، هـەر ئێستا ماشـاالله لەهەموو کوردستان و تەنانەت لەدەرەوەش حیزب و رێکخراوی کوردی وەك کـارگ لـەزەوی هەڵـدەتۆقن، بـەڵام هـیچ یـەك لـەو حیـزب و رێکخراوانـە نـەیانتوانیوە زەحمەتکێشانی کورد بەتەواوی لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە، مەسەلەی کورد وەك مەسـەلەی نەتەوەیـەکی دابەشـکراو و بـێ بـەش بێننـە گـۆڕێ و کـاری بـۆ بکـەن، توانیویانـە لـەنێو یـەکتردا دووبـەرەکی سـاز بکـەن، بـەڵام نـەیانتوانیوە پێکـەوە هاوکاری بکەن و ستراتیژیەکی هاوبەش و تێکڕایـی بـۆ چارەسـەرکردنی مەسـەلەی

کورد بدۆزنەوە، لەسەر بەرنامەیەکی کار و تێکۆشان بۆ خەباتی گەلی کورد (لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆیی تەشکیلاتی حیزبەکەیان) ڕێك بکەون، بەداخەوە هەریەکە بۆ لایەکی دەکێشێ، هەریەکە دەیەوێ کەرتێك لەو گەلە بەشخوراو و زوڵم لێکراوە بۆ لای خۆی رابکێشێ و لەگەڵ بەشێکی تر بیکاتە دوژمن.

ڕۆژنامەی سەندی تێلگراف ٢٠ی دیسامبری ١٩٦٢ نووسیبووی: (گرنگترین گیروگرفتی کوردەکان کێشە و ناکۆکی نێو خۆیانە بۆتە کۆسپی پێکهێنانی کوردستانی خودموختار).

ئەوانە واقعیەتێکی تاڵ و داخدارن و کەس ناتوانێ حاشایان لێ بکا، جا بەم حاڵە ئەوانەی گلەیی لەوڵاتانی سۆسیالیستی دەکەن کەگۆیا یارمەتی گەلی کورد نادەن و ئەوانەی داخی ئەوانە دەخۆن کەبۆچی نۆێنەرانی گەلی کورد لەڕێکخراوە جیهانیەکاندا بەشدار نین لەپێشدا دەبێ خۆیان وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کەیارمەتی بەکێ بکەن؟ بەکام حیزب و هێزی کوردی؟ نۆێنەری کام حیزب و هێزی کوردی لەم ڕێکخراوانەدا بەشدار بێ؟ لام وایە وەڵامی ئەم پرسیارانە نادۆزرێتەوە، چونکە بەداخەوە هێشتا هێزێکی ئەوتۆ لەکوردستان نەهاتۆتە سەر شانۆی سیاسەت کەبتوانێ نۆێنەری ڕاستەقینەی گەلی کورد بێ و لەمەیدانی جیهانیدا وەك نۆێنەری نەتەوەیەکی ٢٠ میلیۆنی خۆ بناسێنێ.

دەردی داخداری کورد هەر ئەوەیە کەهێزی کاریگەری گەل لەبەر یەك بڵاو بووە، بێگانە لەزۆر لاوە دەستی گڵاوی خستۆتە ناو و دوژمنیش کەڵکی لێ وەرگرتووە، کەنگێ ئەو هێزە بەتەوژمە کۆدەکرێتەوە، کەنگێ ڕێبەرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان بۆ مەسڵەحەتی گەلەکەیان واز لەبەرژەوەندی شەخسی دێنن و بۆ یەك ئامانج و مەبەست، بۆ دانانی ستراتیژیەکی دروست و زانستی، بۆ خەباتێکی یەکگرتوو دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، بۆ وەدی هێنانی مافی ڕەوای گەلی

کورد و دیاریکردنی چارەنووسی بەدەستی خۆی یەك دەگرن پرسیارێکە دەبێ رێبەر و بەرپرسی حیزبە کوردستانیەکان وەڵامی بدەنەوە و ئەوان لەبەرانبەر نەتەوەکەیاندا بەرپرسن).

رۆژی ٩٨١/٩/٦ دکتۆر سەعید نامەیەکی دامێ لەنامەکەدا نووسرابوو: (هاوڕێی بەڕێز کاك کەریمی حسامی: بەسڵاوێکی هاوڕێیانەوە، هەروەك ئاگادارن کۆنگرەی پێنجەمی حیزب قەرارە لەمسااڵدا پێکبێ، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری پێکهاتنی کۆنگرە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە کۆمیتەی تایبەتی ئامادەکردن دیاری کراوە، کەئەو کۆمیتەی ئامادەکردنەش خۆی لەچەند کۆمیسیۆن پێکهاتوە.

بەلەبەرچاو گرتنی لێوەشاوەیی و لێزانی ئێوەی بەڕێز بەشانازیەوە، پێتان رادەگەیەنرێ کەلەلایەن کۆمیتەی ئامادەکردنەوە بەئەندامی کۆمیسیۆنی ئاڵوگۆڕی پێویست لەبەرنامە و ئەساسنامەی حیزب هەڵبژێراون، تکایە نەزەری خۆتانمان لەسەر ئەندامەتی لەکۆمیسیۆنی ناوبراو و هاوکاری کردنتان لەو کۆمیسیۆنەدا پێ رابگەیەنن و ئەگەر قەبوڵی ئەو ئەرکە گرنگەتان بۆ دەگونجێ، بۆ بەشداری لەهەوەڵین کۆبوونەوەی کۆمیسیۆندا لەبەیانی ٢٢ی خەرمانانداتەشریفتان لەبنکەی دەفتەری سیاسی حازر بێ، بەسوپاسەوە، براتان سەعید بدل ٦٠/٦/١٤.

ئێوارەی ئەوڕۆژە مەلا ناصح و عەبدولخالق زەنگەنە هاتن، هەموو هەر لەهەوڵدان کەپارتی شەڕ پەرە پێ نەدا، رۆژی ٩٨١/٩/٩ کاك عەلی حەسەنیانی هاتە لام، باسی ئەوەی دەکرد کەلەتەشکیلاتی بۆکان چەندە دزی کراوە، چووم تەحقیقاتم کردوە، بەڵام لێ پرسینەوە نییە و کەس جواب ناداتەوە.

ئەمڕۆ نامیلکەی (خەیانەتەکانی قیادەی موەقەت)یان بۆ ناردم کەلەرادیۆ بڵاوی کەینەوە، بەرەسمی لەرادیۆدا دەستکرا بەنووسین و بڵاوکردنەوە لەسەر قیادەی

موەقەت، پێمانگوترا ناوی پارتی نەهێنین، تەنیا بەناوی قیادە موەقەت باسیان بکەین.

رۆژی ۹۸۱/۹/۱۰ دکتۆر قاسملۆ تەلەفۆنی کرد و گوتی: کۆمەڵێك مەلا هاتوون، لەبن دارە گوێز جێیان بۆ چا کراوە، وەرە با بچین بزانین چییان دەوێ، رەنگە زۆریان بناسی).

– ئەوە نییە کاك جەلیل لەوێیە و بەرپرسی تەشکیلاتیشە، ئیتر هاتنی منی بۆ چییە؟

– تۆ لەکاك جەلیل گەڕێ، من ئەوە دەچمە خوارێ، تۆش وەرە.

کەچووم کۆمەڵێك مامۆستای ئایینی بون، تەشریفیان هێنابوو، زۆربەیانم دەناسی و لەسالّی ۵۰ و ۵۱دا فەقێ بوون و بانگی ئازادیخوازی و کوردایەتیم بەگوێدا خوێندبوون، بەخێرهێنانێکی گەرم و گوڕ و دیدارێکی خۆش، دکتۆر نووسراوەیەکی بەدەستەوە بوو دایمێ، گوتی: ئەو نووسراوەیە بخوێنەوە بزانە مامۆستایان چ دەفەرموون) گوتم جەنابت و کاك جەلیل تەماشاتان کردووە ئیتر من تەماشای چبکەم بێگومان شتی خەرابی تێدا نییە، نووسراوەکەم وەرگرت و خوێندمەوە، مامۆستا داوایان دەکرد کەیەکێتی مامۆستایانی ئایینی پێکبێ و بەسەر کردەوەکانی حیزبی دیموکرات و هێزە سیاسیەکاندا چاوەدێری بکا و بەگوێرەی ئایینی ئیسلام ببزوونەوە.

گوتم نووسراوەیەکی گەلێك جوان و پیرۆزە، بەڵام هەرچەند ئەوە دکتۆر و کاك جەلیل لێرەن، پرسیارێکم لەمامۆستایان هەیە ئەگەر ئیجازە بفەرموون، تێکڕا گوتیان: فەرموو.. فەرموو.

– ئەو ئایین و ئیسلامەی کەوا ئێستا مامۆستایان باسکی خۆیان لێ هەڵماڵیوە و

هـەولّی بـۆ دەدەن، شـتێکی تازەیـە، یـان ١٤٠٠ سـاڵە بڵاوبۆتـەوە بـەدنیادا و کوردەکەش بەشەق بەسەریاندا سەپاندوە؟

– نەخێر ئیسلام هەر ئەوەیە و هەر هەبوە و هیچی تازە نییە.

– باشە ئەدی بۆچی لـەزەمانی شـادا کـەس وەدوای نەدەکـەوت و هـەولّی نـەدەدا کەبەسەر سیاسەت و کردەوەکانی حکومەتی شادا چاوەدێری بکات؟

یەکیان گوتی: لەزەمانی شادا کەس نەیدەوێرا زمانی بگەڕێ.

– بەدینت لەزەمانی شادا کەسیان لەسەر نوێژان گرتووە؟

مەلا عەولّای سورخابی کەدۆستی قەدیمم بوو، گوتی: (نە ئەشهەد و بـیلا کەسـیان لەسەر نوێژان نەدەگرت.

گوتم مامۆستا خۆتان من بـاش دەناسـن، هەمیشـە بـۆ مامۆسـتایان رێـزم هـەبووە بەڵام هەق بەخۆم دەدەم تۆزێ لەم هەڵسوڕانە وەشك کەوم، هیوادارم ئێوەش پتر بیری لێ بکەنەوە و لەجوڵانەوەی ئێستای نەتەوەکەتان پشتیوانی بکەن.

دکتۆر گوتی ئێوە قسەی خۆتان بکەن، ئیجازە بفەرموون من کـارم هەیـە، پاشـان منیش گوتم وا کاك جەلیل لەخزمەتتان دایە، خواحافیزیم لێکردن و کاك جـەلیلیش بردنی بۆ میوانخانە.

ئەو رۆژانە دەفتەر زۆر ئاڵۆزە، فەرماندەکانی پێشمەرگە کۆکراونەوە، بارزانیـەکان بەیارمەتی و پشتیوانی پاسدار و ژاندارمەری هێرشیان بـۆ سـەر بنکـەکانی حیزبـی دیموکرات دەستپێکردووە، شنۆ چۆڵ کراوە، لەرۆژێکدا ٩١ پێشمەرگە و خەڵکی تر شەهید بوون.

رۆژی ٩٨١/٩/١٢ لەگەڵ میرزا عەولّای حاجی سمایلی چوومە گوندی (پاش بەردە)

مالّی (بایزی ئامانێ) پیرەپیاوێکی قەدیمی مەنگوڕان، دەمویست لەسەر راپەڕینی مەلا خەلیلی گۆرئۆمەری هێندێ پرسیاری لێ بکەم، کەگەیشتینێ بەر لەهەموو شت گیسکێکیان لەعەرزیدا و مام بایز کردی بەهەلّا، دەزوو دەی، جارێ جەرگ و دلّەکەی بکەنە کەباب، دوای حەسانەوە و چا خواردنەوە گوتم مام بایز، دەمەوێ لەسەر هەرای مەلای (لەنێو مەنگوڕان وا ناسراوە) شتێك بنووسم، لەپیرە پیاوی ئەو زەمانی هەر تۆ دەناسم، چت لەبیر ماوە، مەلا خەلیل ئەو شەڕەی بۆ کرد؟

مام بایز گوتی: (بەسەری تۆ، عەجەم هێرشیان هێنا بوو، نوختە (پاسگا) لە (گۆمان) و لە (بێوران) بوو، دەستدرێژیان بۆ ژنان دەکرد، میر هاشم لە (گۆمان) کچە کوردێکی بەزۆری برد، شەبکەشیان دەویست بەزۆری لەسەرمان نێن، مەلاش ئەوەی پێ قەبوڵنەکرا، گەورکی ئەودیو لەگەڵمان بوون، کاکە لاغا.. مەنگوڕ لەگەڵ بوون، لەسەر پردی قەڵاتاسیان دوو تۆپیان پێوە ناین).

هەر من دەمپرسی، مام بایز لەوەندەی تێ نەدەپەڕاند، ئەوەندە بوو گەڕانێکی خۆشمانکرد، نانێکی باشمان خوارد، بەپێیان چووبووین، مام بایز نەیهێشت بەپێیان بگەڕێینەوە، ولّاخێکیان زین کرد و بەسواری هاتینەوە، جارێکی دیکەش میرزا عەولّا کەوتە بەر رەخنەی (دیموکراتان) کەبۆچی لەگەڵ من سەفەری کردووە؟

رۆژی ۹۸۱/۹/۱۳ دکتۆر قاسملۆ لەکوتە کاغەزێکدا بۆی نووسیبووم کەسەبارەت بەپەلاماری قیادە موەقەت، نامەیەك بۆ حیزب و رێکخراوە دیموکرات و پێشکەوتوخوازەکانی رۆژهەلّاتی نێوەڕاست بنووسم، نامەکەم نووسی، لەرادیۆ بلّوکرایەوە و دەقەکەشی وا لێرەدا لەگەڵ دوو کۆمێنتەکان بلّاو دەکرێتەوە، هەر لەم رۆژەشدا کۆمیسیۆنی پێڕەو و پرۆگرام کۆبوونەوەمان هەیە، دکتۆر سەعید و مەلا عەولّا لەسەر ژمارەی ئەندامانی حیزب کێشەیان بوو، دکتۆر سەعید دەیگوت:

بەحسابی کاك جەلیل ٤٠ هەزار ئەندامان هەیە، مامۆستاش دەیگوت ١٠٠٠ ئەندامیشمان نییە، دکتۆر سەعید رۆیشت و ئێمە سێ کەس کاك تەیفوری بەتحائی و مامۆستا و من ماینەوە، مەلا عەولاّ دەیگوت: (ئامانجی نیهایی حیزبی دیموکرات پێکهێنانی کۆمەلّی سۆسیالیزمی دادپەروەرانەیە)، منیش دەمگوت: (ئەم (دادپەروەرانە) زیادییە، سۆسیالیزم ئەگەر هەبێ، دادپەروەرانەیە، ئەگەر دادپەروەرانەش نەبێ، ئەوە سۆسیالیزم نییە) لەکۆنگرەی چواریش (دادپەروەرانەکە) لاچوە، بۆچی زیندووی کەینەوە؟ کاك تەیفوری بەتحائی لەگەلّ من بوو، سوپرەتجەلەسە نووسرا، لەکۆبوونەوەی دواییدا کەدکتۆریش بەشداریکرد، مەلا عەولاّ سورەتجەلەسەی خوێندەوە، بەپێچەوانە بوو، واتە من تەنیا بووم و ئەوان دوو، من رەخنەم گرت کەمامۆستا بەتەنیا دەقی سورەتجەلەسەکەی گۆڕیوە، دکتۆر پرسیاری لەتەیفور کرد، لەوەلاّمدا گوتی: راستە لەپێشدا لام وابوو (دادپەروەرانەی) گەرەك نییە، دوایە لەگەلّ مامۆستا قسەمان لێکرد، لام وایە (دادپەروەرانە)ی هەبێ راستە، ئیتر من هیچم نەگوت، بەلاّم تەیفور لای من ئەو تەیفورە نەبوو کەبەهەلّە حیسابم لەسەر دەکرد.

رۆژی ٩٨١/٩/١٦ پەلاماری پاسدار و بارزانیان گەیشتە سۆفیان و جەلّدیان و بەرینەشیان گرت، پێشمەرگەی حیزب کشانەوە.

لەگەلّ هێرشی بارزانی و پاسداران، ئەرتەشیش لەلای بۆکانەوە پەلاماری توند کرد، رۆژی ٩٨١/٩/٣٠ نەخشەیەکی نهێنی ستادی موشەکی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامیمان پێگەیشت، بۆ پەلاماردانی کوردستان کێشرابوو، بەبەشەکانی ئەرتەش راگەیەنرابوو، هەر ئەو رۆژە لەرادیۆ بلاّومان کردەوە، دەقی ئەو گەلاّلەیە هەر بەم جۆرەی هەبوو لەدەفتەری یادداشتەکانمدا تۆمار کردووە.

١- اجرای طرح عملیاتی تا قبل از فرا رسیدن فصل زمستان.

۲- از س م- ا-ج-ا. بـه واحـدهای مسـتقر در منطقـه کردسـتان بـرای امـادگی واجرای هماهنگی نظامی در منطقه.

۳- از س م ا-ج-ا بـه پ ب × بـه پ م × ب × پ س × ب × پ × پ ب و × م × م × س × ج × س × د × م ع

٤- وادار نمودن کردهـای پناهنـده عراقـی در منطقـه واسـتفاده انـان از تجربیـات جنگی کوهستانی.

٥- مشغول نمودن نیروی انسانی حزب دمکرات در مناطق کم اهمیت نظامی.

٦- ضعیف نمودن نیروی نظامی حزب از لحاظ روانی.

۷- استفاده از عوامل بومی منطقه برای کسب اخبار نظامی در حزب.

۸- تبلیغات اصولی برای عشایر وابسته به دولت و انشعابیون در حزب دموکرات.

۹- بی اعتبار نمودن حزب دمکرات در انظار عمومی و تضعیف رهبری حزب.

۱۰- عملیات گسترده نظامی برای مناطق تحت کنترول حزب.

۱۱- نوار مرزی بوسیله کردهای عراق مقیم ایران کمترل شود.

محرمانه از س-م-ا-ج-ا به واحدهای مستقر در کردستان.

(ئەمەش وەرگێڕدراوی گەلاڵەکەیە):

۱- ئیجرای گەلاڵەی عەمەلیاتی تا پێش هاتنی وەرزی زستانی.

۲- لەستادی هاوبەشی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ تیپەکانی دامەرزاو لەکوردستان بۆ ئامادەیی و ئیجرای هاوئاهەنگی نیزامی لەناوچەدا.

۳- لەستادی هاوبەشی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ: پادگان و پاسدار و هێزە ئەرتەشیەکان.

٤- هێنانە مەیدانی ---- عێراقییەکان لەناوچە و کەڵک وەرگرتن لەئەزموونی ----

٥- سەرگەرمکردنی ------- حیزبی دیموکرات بەناوچەکانی کەم ئەهمیەتی نیزامییەوە.

٦- کزکردنی هێزی نیزامی حیزب لەباری رەوانییەوە.

٧- کەڵک وەرگرتن لەخەڵکی ناوچە بۆ وەرگرتنی دەنگوباسی نیزامی لەحیزبدا.

٨- تەبلیغاتی ئوسوڵی بۆ عەشایری سەر بەدەوڵەت و بۆ ئەوانەی لەحیزب جیابوونەوە.

٩- بێ ئیعتیبار کردنی حیزبی دیموکرات لەبەرچاوی خەڵک و کزکردنی رێبەرایەتی حیزب.

١٠- عەمەلیاتی بەربڵاوی نیزامی لەناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حیزبدا.

١١- جەغزەکانی سنور بەهۆی کوردە عێراقیەکانی دانیشتووی ئێران کۆنترۆڵ بکرێن.

مەحرەمانە لەستادی هاوبەشی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ تیپەکانی جێگر لەکوردستان.

١٩٨١/١٠/٢ ئەمڕۆ شەش رۆژە لەبۆکان شەڕ تونـدە، خەبەرمان بۆ هات کەپێشمەرگە شاریان بەجێ هێشت، ئێوارێ رادیۆی مەهاباد پیرۆزبایی بێشەرمانەی مەلا ئەبوبەکری شەفیعی بەبۆنەی چوونی ئەرتەش بۆ بۆکان بڵاوکردەوە، ئەو مەلا چڵکاوخۆرە ئەوەی بوختان و تۆمەتی ناڕەوا بوو دایە پاڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان، رۆژی دوایی وتارێکم لەسەر نووسی، دوو سێ جار لەرادیۆ بڵاومان کردەوە.

رۆژی ٩٨١/١٠/١٩ دوو خوارزام هاتبوونە لام، پارە و جوتێك پۆتینیان بۆ هێنا بووم، رێگایان نەدابوون بێنە سەرێ، بێ ئەخلاقیەکە پەنگی خواردبۆوە، میرزا

عەولا تەلەفۆنی بۆ کردم، چووم چاوم پێیان کەوت، شێوەی تەبلیغات و نووسینی وتارەکان بۆ رادیۆ فرە ساکار و فیشالی بوون، هەموو سەر و بنی وتارەکان دەهاتەوە سەر رووخانی رژێم، چوومە دەفتەر و لەگەڵ دکتۆر قاسملۆ و دکتۆر سەعید باسم کرد و گوتم ئەم شێوە تەبلیغاتە تەئسیری نییە، لەهەموو وتارێکدا دەنووسن رژێم دەرووخێ، رژێمیش هەر لەجێی خۆیە، بۆچوونەکەیان پێ تەواو بوو، رۆژی دوایی دکتۆر سەعید وتارێکی بۆ هێنام گوتی هانێ، ویستم بیڕووخێنم، لەترسی تۆ نەموێرا، وتارێکم نووسی و بەخەڵکم راگەیاند کەرۆژی دژوارترمان لەپێشە، پێویستە خۆمان بۆ بەربەرەکانی توند و بۆ رۆژی سەختتر ئامادە بکەین.

رۆژی ۹۸۱/۱۱/۱ کاك سەلیمی بابانزادە تەلەفۆنی کرد، گوتی: برادەرێکی قەدیمی تۆ لەلای منە و پێی خۆشە بتبینێ.

– سەیرە، برادەری قەدیمی من لای تۆیە ! !

– سەیر نییە.. لەم دنیایەدا هیچ شتێك سەیر نییە.

چووم، دیتم حەسەنی ماسالی برادەرێکی فارسی رەشت و گێلان دانیشتوە، لەبن چادرێکی پاك و خاوێنی کاك سەلیمی بوتلێك کونیاکی فەرەنسی و پۆستە و ئاجیلیان داناوە، بەخێرهاتن و چاك و خۆشی و بەسلامەتی پێکی هەوەڵیمان پێدا کرد، دیارە بۆ من پێکی هەوەڵبوو، دەنا ئەوان بەر لەمن لێویان تەڕ کردبوو، هەربۆیەش دوای بەخێرهێنانی من وردە وردە خەریکبوون لەشیمالی ئێران کەجەنگەڵ و لێڕەواری، شۆڕشی چەکدار دەست پێبکەن، کاك حەسەنی ماسالی دوای رووبکردنەوەی وەزعی ژئۆپۆلیتیکی مەڵبەندی شیمالی ئێران و جەنگەڵ و دارستان و ئامادەیی خەڵك، تووشی کۆسپێکی گەورە دەهات، ئەویش نەبوونی چەك و تەقەمەنی و کەرەستەی شەڕ بوو، ئەگەر ئەوانەی هەبان، بەشێکی

ئەرتەشی ئێرانێ لەوێ سەرگەرم دەکرد.

کاك سەلیم مەسەلەکەی بۆ چارەسەر دەکرد و خۆی چەك و تەقەمەنی بۆ دەگەیاندە زەنگان و تەنانەت دوورتریش، تا نێزیك قەزوێن: (ئەوە مەسەلەیەك نییە، ئێستا پێشمەرگەمان لەهەوشاری هەیە، لەوێوە تا زەنگان چەند سەعاتە؟ شەوێك ماشێن دەچێ و دەگەڕێتەوە).

من کەنێوە نێوە پێم دادەکرد و دەستیشم قڕانی دە پوستە و ئاجیل خستبوو، قسەکانم ئەوەندە پێخۆشبوون لەمێشکمدا خەزن دەکران، چونکە جارێکی دیکەش لەپاریس تووشی شۆڕشگێڕان ببووم کەلەخیابانی شانزەلیزەوە نەخشەی شەڕیان دەکێشا، ئەو دەم لەسەر جێگای دەستپێکردنی شەڕی پارتیزانی ڕێکنەکەوتن، من کارم هەبوو دەبوایە لەگەڵ سوپاس بۆ میوانداری کاك سەلیمی بەجێیان بێڵم، نەمزانی گەیشتنە کوێ، درەنگتر ئەوەندەم زانی کەلاوێکی گەلێك مەرد و ڕەند، برای کاك ئەحمەدی شێر بەگی لەسۆنگەی سەفەری حەسەنی ماسالیدا سەرما بردی و شەهید بوو.

۹۸۱/۱۱/۱۲ دکتۆر مەحمود عوسمان هاتبوە دەفتەری سیاسی، من نەمزانیبوو، ڕۆژی دوایی لەسەر ڕۆیشتن لەدوای ناردم، چووم، هەروا سەر پێی باسی هێندێ مەسەلەمان کرد، گوتی وتارەکەتم لە (ڕۆهڵات)دا خوێندەوە، وتاری چاك بوو، بەڵام هێندێ جێگام بەکەیفێ نەبوو.

گوتم دەزانم، ئەو شوێنانەت بەکەیفێ نەبووە کەڕەخنە لەڕێبەری حیزبە سیاسیەکانی کورد دەگرم، دیسان سوپاسی دەکەم سەرەڕای پێ ناخۆشبوونی دەفتەری سیاسی ویستبووی چاوی پێم بکەوێ و بەسەری کرد بوومەوە، جگە لەدیتنی دکتۆر مەحمود، بەدیداری دۆستی بەڕێز کاك مەنسوری حەفیدیش شاد

بووم.

رۆژی ۹۸۱/۱۱/۱٤ کاك مەحمودی حاجی فەقێ خدری هات، نامەی ئەبو سەربازێ بۆ هێنابووم، ئەمڕۆ تیلگرافی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقمان پێگەیشت کەپەلامار و شەڕی قیادە موەقەتی دژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی مەحکوم کردبوو، تێلگرافەکەمان بەتەواوی لەرادیۆ نەخوێندەوە.

ئەمڕۆ دکتۆر قاسملۆ بەرنامەی دەوڵەتی کاتی (شورای مقاومت ملی) موجاهیدانی بۆ ناردووم، لەتەنیشتی بەرنامەکە نووسیویە: (کاك کەریم، تکایە ئەم بەرنامەیە بەوردی بخوێنەوە و نەزەری خۆتم بەدرێژی بۆ بنووسە) دانیشتم بەوردی چەند جارم خوێندەوە، ئەو شوێنانەی بەدڵم نەبوون بەدرێژی یادداشتم کردن، بەتایبەت ماوەی گواستنەوەی (فترە انتقال)ی عێراقم بەنمونە هێنایەوە کەوا بەناوی فترەی (انتقال) ۳۰ ساڵە خەڵك دەکوژن، زۆر شوێنی دیکە هەبوون کە دەگەڵ دیموکراسی نەدەهاتنەوە، بیروڕای خۆم بۆ دکتۆر نووسی، بەداخەوە روونووسێکم لای خۆم نەهێشتەوە، لەگەڵ بەرنامەکە نامەیەکی مەسعودی رەجەویشی ناردبوو کەبۆ دکتۆر قاسملۆی نووسیبوو، وەك لەبەرنامەی شورای میللی مقاومت و دەوڵەتی کاتیدا باسی (خودموختاری) کرابوو، لەنامەکەشدا لەسەر قەبوڵکردنی (خودموختاری داخلی لەچوارچێوەی تەواویەتی عەرزی نیشتمانی خۆشەویست) پێ داگیرابوو، لەئاخری نامەکەشدا، هەروەك فەرماندەیەك مەعموریەت بدا بەژێر دەستی خۆی نووسیبووی: (بەم هۆیەوە مەعموریەتت دەدەمێ کەبەهەموو تواناوە بۆ یەککرتنی گشت هێز و کەسایەتی میللی و خەڵکی کورد لەدەوری بەرنامەی حازر تێبکۆشێ)، لەسەر ئەم رستەی (مەعموریەتەش) بۆ دکتۆرم نووسی: (تکایە بەگوێی دابدە با هە لەئێستاوە فێری فەرماندان و فەرماندەیی نەبێ).

کاك جەلیلی گادانی کەکرابوە بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب، بۆ ئەوەی پێش کۆنگرە ئەندامانی حیزب ساخ کاتەوە بلاّنکێتێکی ئامادە کردبوو بلاّوی دەکردەوە، تەمەن و شوغلّ و رۆژی هاتنە نێو حیزب و ناسێنەر و... چی و چی ئەوەندەی وردە شتی بێ جێی تێدا کۆ کردبۆوە، وەبەڵگەی کاری حیزبی نهێنی نەبێ وەهەموو شت دەچوو، دانەیەکیشیان بۆ من هێنا کەپڕی کەمەوە، وێمدانەوە لام وایە ئەم شیعرەی مەلا مارفی کۆکەییم لەداوێنی بلاّنکێتەکە نووسی:

(سەیری خۆشتر من کەمەعروفم لەنێو ئەم شارەدا

تازە ئیحصائیە داوای اسم و ناوم لێدەکا

من ٤٠ ساڵە ئەندامی حیزبم، تازە کاك جەلیل بلاّنکێتم بۆ دەنێرێ!! خۆش ئەوە بوو بۆ دکتۆر قاسملۆشیان بردبوو، ئێوارەی ئەو رۆژە لەسالۆنی میواندارى و خواردن کۆببوونەوە، دکتۆریش لەوێ بوو، بەدکتۆر قاسملۆم گوت: (ئەرێ دکتۆر بلاّنکێتی کاك جەلیلت پڕکردەوە؟ جا خۆ ئەگەر من نەتناسێنم کەس نازانێ تۆ کەی بووی بەئەندامی حیزب، دکتۆر گوتی: (کاك جەلیلە ئیتر دەڵێی چی؟) لام وایە هەر ئەوەش بوو بەهۆ کەدوای کۆنگرەی پێنج کاك جەلیل نەکراوە بەبەرپرسی تەشکیلاتی حیزب، دەنا خولاّ هەڵناگرێ بۆ هیچ شتێ سەر بادانی نەبوو.

رۆژی ٩٨١/١١/٢٥ لای ئێوارێ تووشی کاك جەلیلی گادانی بووم، گوتی: ئەم ئێوارەیە کۆنفرانسی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرە هەیە، گوتم رەنگە لێرە هەر دوو کەس بۆ بەشداری کۆنگرە هەبن، چونکە بۆ ٢٠ کەس نوێنەرێك هەڵدەبژێرن.

گوتی لێرە وانیە، بۆ پێنج کەس نوێنەرێك دێتە کۆنگرە، گوتم: (ئەو فەرقە بۆ چی؟ خۆ ئەوانەی لەدەوروبەری دەفتەر کۆبوونەوە بەقەولی کاك فەتاحی کاویان

بەشی زۆریان توفەیلین بۆ چی ئەو زەحمەتکێش و پێشمەرگەی لەمەیدانی خەبات و فیداکاریدان، ٢٠ کەس نوێنەرێك دەنێرن بۆ کۆنگرە بەڵام ئەوانەی لێرە دەخۆن و دەسووڕێنەوە پێنج کەس نوێنەرێك دەنێرن؟ ئەو فەرق و جیاوازیە بۆچی؟ ئەو سەراتی و ئیمتیازە بۆچی؟ کەی ئەوە دیموکراسی حیزبییە؟)

گوتی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە ئەو بڕیارەی داوە.

– ئەوەم پێ کارێکی غەیرە حیزبی و غەیرە دیموکراتیە، نایەمە کۆنفرانس، ئێوارێ نەچوومە کۆبوونەوە.

رۆژی ٩٨١/١١/٣١ مەلا سمایلی حاجی و مەلا محەمەدی خزری هاتن، تورِە و بێزار، جنێو بەعەرز و عاسمان دەدەن، ناهەقیان نەبوو، بەهەموو توانا و دڵسۆزیەوە شانیان دابووە بەر و ئامادەی کارکردن و تێکۆشان بوون، کاریان نەدەدانێ، وەبەر تەوس و لاتاوی خوێڕیانەیان دەدان، وشەی ساختەیی (تودەیی و لایەنگری تاقمی حەوت کەسە) وەك شێری دیموکلیس لەسەر سەری خاوەن بیران راگیرابوو، دانیشتن و رووی تووڕەییان کردە من؟ (خۆت مات کردوە، زۆر کەس چاوی لەتۆیە، چبکەین، لەگەڵ ئەوانە کار ناکرێ، دەتشکێنن، خوێڕی پەرستن و...هتد) گوتم پشووتان لەسەرخۆ بێ، لەسەر ئەو باوەڕەم دەبێ لەحیزبدا بمێنینەوە، هەر کارێکی پێمان بسپێرن بیکەین، جا نەك هەر ئەوان، برادەری دیکەش زۆر دەهاتن و ئەو هەڵوێستەیان هەبوو، بەڵام من ئامۆژگاریم هەر ئەوە بوو، رەنگە لەهەڵەشدا بووبم، سەیر ئەوەبوو ئەو کۆنە فەرمانبەرانەی رژێمی پاشایەتی گۆڕکراو کەبەماستاو سارد کردنەوە خۆیان خزاندبوە نێو حیزب و دکتۆر لەخۆی گلدابوونەوە، بەیت و باوی خوێڕیانەیان بۆ ئەو برادەرانە هەڵدەبەست کەلەسالەکانی ٦٤ و ٦٥وە لەشۆڕش و خەباتی چەکداری و دەربەدەری و برسیەتیدا لەعێراق مابوونەوە و مەیدانی خەباتیان چۆڵ نەکرد بوو،

ناوی (دانشگا دیتووی قەڵادزە)یان بۆ دۆزیبوونەوە، لەکاتێکا بەشی زۆری ئەو کەسانەی لەعێراق گەڕابوونەوە تێگەیشتنی سیاسیان لەزۆربەی ئەوانە زیاتر بوو کەلەنێو سیستمی چەپەڵی رژێمی پێشوودا هەر خەریکی ژیان بوون و لەپڕ بەسەردا کەوتبوون و دکتۆر قاسملۆ کاری پێیان هەبوو.

کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دیموکرات

رۆژی ۹۸۱/۱۲/۳ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مشاور کەبۆ بەشداری لەپلینۆمی پێش کۆنگرە هاتبوون، چەند کەسیان هاتنە لای من و ناڕازیبوون کەبۆچی بۆ کۆنگرە بانگ نەکراوم، بەڵام بەداخەوە ئەوان هەر هەستی ناڕەزایییان هەبوو، نەک زمانی ناڕەزایی، رۆژی دوایی لەکۆبوونەوەدا بەشداری من لەکۆنگرە باسدەکرێ، دەنگ وەردەگرن، لە ۱۳ کەس ۷ کەس بۆ بەشدار بوونم دەنگ دەدەن، ۵ کەس دژ دەوەستن، دکتۆر قاسملۆ دەنگ نادا، کۆمیتەی ئامادەیی دەنگ نەدانی سکرتێر بەموخالەفەت دادەنێ و دەنگی ۷ کەسەکە دەخاتە ژێر پێ.

ئێوارەی ۹۸۱/۱۲/۵ کاك سوڵتانی شێخاغایی، کاك سەید حەسەنی هاشمی، کاك صدیقی قەوی پەنجە هاتنە لام، داوایان کرد کەنامە بۆ کۆنگرە بنووسم سەبارەت بەبەشداریم لەکۆنگرەدا، لەگەڵ سوپاس بۆ هەستی دڵسۆزی ئەو هاوڕێیانە، گوتم لەسەر کەم و کوڕی کاری تەشکیلاتی و سیاسەتی بەرگری و شێوە فەرماندەیی سکرتێر و دەفتەری سیاسی و ناتەواوی کادر و سیستەمی کاری کۆمیسیۆنی بازرەسی نامەم بۆ کۆنگرە نووسیوە ئەگەر بیخوێننەوە و باسی لەسەر بکەن، بەڵام لەسەر چوونی خۆم بۆ کۆنگرە نامە نانووسم، بێجگە لەوە دوو رۆژ پێش کۆنگرە نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نووسی و چوومە لای دکتۆر قاسملۆ، لەنامەکەدا نووسیبووم: ئێمە لەکۆنگرەی چوار پشتیوانیمان لەکۆماری ئیسلامی

کردووە، ئێستاش لەگەڵ رژێم تووشی شەڕ بووین، لام وایە پشتیوانیەکەی لابەرین بەبێ ئەوەی دروشمی ڕووخانی رژێم هەڵبگرین، ئێمە داوای خودموختاری دەکەین و دەمانەوێ دەگەڵ ئەو رژێمەش لەسەر خودموختاری ڕێککەوین، ئەودەم دروشمی ڕوخاندنی بابەتی نابێ، دەکرێ شەڕی خۆمان بکەین، خەبات درێژە پێبدەین، ڕووخانی رژێمیش نەکەینە دروشمی سەرەکی).

نامەکەم دایە دکتۆر قاسملۆ، خوێندیەوە گوتی: (لەگەڵ ئەو رژێمە هیچ ناکرێ، پاشان ئەوە ئێمە چەند مانگە دروشمی ڕوخانی رژێمی خومەینیمان بەرزکردۆتەوە و لەرادیۆدا بڵاوی دەکەینەوە، ئێستا لەگەڵ موجاهیدین ڕێککەوتووین و دەچینە نێو شورای بەرگری میللی)، گوتم راست ترسم لەوە هەیە بکەوینە ژێر تەئسیری سازمانی موجاهیدین.

گوتی لایەکەی تریشی هەیە، نەکەوینە ژێر تەئسیری حیزبی تودە، بەڵام دیسان نامەکەت لەکۆنگرەدا دەخوێنینەوە، وەک پێشنیارێك مەترەحی دەکەین).

ڕۆژی ٩٨١/١٢/٦ کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەست بەکار دەکا، من نەچومە کۆنگرە، دوو برادەری حیزبی، ڕەحمانی کەریمزادە و عەتا هێنابوویانن بۆ سەفەریان بنێرن، لەمیوانخانە تەنیا مابوونەوە، بانگم کردن، مریشکێکم ساز کرد و لێی دانیشتین، سەرەتای کاری کۆنگرە نوێنەرانی تەشکیلاتی مەهاباد و بۆکان و سەردەشت دەیکەن بەهەرا، بۆ کەریمی حسامی لەکۆنگرەدا نییە دەچین بزانین بۆ نەهاتوە؟ ٣ کەس هەڵدەبژێرن کەبێنە لام، دانیشتبووین، کاك حەمەدەمینی عیسازادە لەمەهاباد، کاك مەسعودی حوسێنی لەبۆکان، کاك مەلا عەزیز لەسەردەشت وەژوور کەوتن، من هۆی بەشدار نەبوونم لەکۆنفرانس بۆ باسکردن، گوتم چەند کەس بەبێ هەڵبژاردنی کۆنفرانس بۆ کۆنگرە بانگکراون ئەگەر وێستبایان منیشیان بانگ دەکرد، هاتنی من بۆ کۆنگرە گرنگ

نییە، بەڵام نامەیەکم نووسیوە داوا بکەن بخوێنرێتەوە، بڕادەران گەڕانەوە، داوایان کردبوو کۆنگرە دەنگ وەرگرێ، گوایا مەلا عەولا دەستەکانی بژارد بوون و پێشنیارەکە دەنگی نەهێنابوو، لەسەر دیاریکردنی ئامانجی نهایی حزب کەکۆمیسیۆن (سۆسیالیزمی دادپەروەرانەی) پێشنیار کردبوو، ببوە هەرا، دکتۆر گوتبووی: (کاك کەریم لێرە نییە، بەڵام کلکی لێرە تۆز دەکا)، گوڕمی رەوای زۆربەی نوێنەرانی کۆنگرە (سۆسیالیزمی دادپەروەرانەی پێشنیاری کۆمیسیۆنی بەرنامەی) کردبوو بە (سۆسیالیزمێك کەلەگەڵ هەل و مەرجی وڵاتەکە بێتەوە) ئەوە پاشەکشەی کۆنەپەرستی نێو حیزبی دیموکرات بوو، بەڵام بۆ دەرفەتێکی تر و بۆ قۆناخێکی تر و بۆ پاککردنەوەی حیزب لەسەر ویستی مەسعودی رەجەوی کەلەنامەی پیرۆزبابیدا بۆ کۆنگرە دوای سڵاو و هیوای سەرکەوتن، نوسیبووی: (با ارزوی توفیق برای پنجمین کونگرە حزب شما، بر انجام وتصفیه درونی هر چەبیشتر صفوفتان تاکید میکنم)، (بەئاواتی سەرکەوتن بۆ پێنجەمین کۆنگرەی حیزبی ئێوە، لەسەر بەجێگەیاندنی پاککردنەوەی زیاتری نێو ریزەکانتان پێ دادەگرم).

کۆنگرەی پێنج بەگوێرەی دابی هەمیشەیی حیزبی دیموکرات، (سەرکەوتووترین) کۆنگرە بوو، دوای چوار رۆژ کۆتایی پێهات، بەبۆنەی ئەم سەرکەوتنە مەزنەوە (چوونی نێو شورای بەرگری میللی) ئێوارەکەی کاك تەیفوری بەتحائی کەببوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیش، فلیمێکی جوانی نیشاندا لەکوزستان هەڵگیرابووە، دوای تەواوبوونی فیلمەکە، تەیفور گوتی: (جا ئەوە دەبێ، ئەندامانی دەفتەری سیاسی سیناریۆی بۆ بنووسن، لەسەر شێوەی سازکردنی فیلمەکەش قسەی کرد)، دکتۆر گوتی: (ئەگەر کەس قسەی هەیە دەنا تەواوی دەکەین) من دەستم بەرز کرد و گوتم: (پرسیارێکم لەکاك تەیفور هەیە، ئەویش ئەوەیە، ئەندامانی

دەفتەری سیاسی کامەیان سیناریۆنووسی سینەمان و کامەیان لەسەر سینەما و تیاترۆ نووسینیان هەیە؟ بەتایبەت روو لەوان دەکەی کەئەوان لەسەری بنووسن؟) هیچ وەڵامی نەبوو، ئەوەندە نەبێ، زۆر لەبرادەران تێگەیشتن کەزۆرکەس لەخۆڕایی نابنە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی!!

دوای کۆنگرە زۆر لەبرادەران دەهاتن لەسەر کۆنگرە و بڕیارەکانی باسیان دەکرد، دەرکەوت کەدکتۆر قاسملۆ نامەکەی منی لەبارەی دروشمی رۆخانی رژێم لەکۆنگرەدا باس نەکردوە، دیار بوو قسەی دکتۆر سەعید راست بوو کەدەیگوت: (نامەی رەخنە و پێشنیاری ئەندامانی حیزبی ئەو قازانجەی هەیە کەپیاو دەتوانێ ئاگری کورەی پێ هەڵکات! ئەوەندە بوو دکتۆر سەعید راستە و راست دەری دەبڕی، دکتۆر قاسملۆش هەر وای دەکرد، بەڵام دەری نەدەبڕی.

رۆژی ۹۸۱/۱۲/۱۱ کاک نەبی قادری و کاک رەحیم محەمەد زادە هاتنە لام کەهەر تکیان ببوونە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، چەند برادەری دیکەش لەوێ بوون، گوتیان ئەرێ کاک کەریم تۆ بەرنامەی دەوڵەتی کاتی شورای بەرگری میللی-ت دیوە و خوێندوتەوە؟

- بەڵێ دیومە، دکتۆر بۆی ناردبووم، داوای کردبوو نەزەری خۆمی لەسەر بنووسم، بیروڕای خۆشم لەسەر نووسیوە.

- وەڵا دەنا ئێمە نەمانخوێندۆتەوە.

- ئەدی چۆن دەنگتان بۆ داوە و چوونە نێو شورا؟

- دکتۆر قاسملۆ پێشنیاری کردووە و کۆنگرەش دەنگی بۆ داوە.

رۆژی ۹۸۱/۱۱/۱۳ سەرهەنگ قادری لێی گێڕاینەوە بۆ سەر شایی ژنهێنانی فەرەیدوونی کوڕی، بەکۆمەڵ چووینە گوندی ئالاوان، زەماوەندێکی فرەخۆش و

قەرەبالّغ بوو، بەلّام بەداخەوە هەر رۆژی دوایی تووشی شینی کاك هەژار (سەروان ئەحمەدی جاوید فەڕ) بووین، کەلەکۆنگرەی پێنج ببوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، هەوالّێکی داخدار و دلّتەزێن بوو، لەگەڕانەوەدا لەمیراوێ مەحمودی هەرکیم چاو پێکەوت کە ٢٢ رۆژ بوو لەگەلّ چەند برادەرێك ناردرا بوون بۆ دەرەوە بۆ خوێندن، بەلّام حکومەتی عێراق لەسنور رایگرتبوون و نەیانتوانیبوو تێپەڕن، ئەوە سیاسەتی بەعس بوو، تا رەزیلی نەکردبای، دەربازی نەدەکردی، گەڕاینەوە بۆ دەفتەر. دەستمانکرد بەبلّاوکردنەوەی سەنەد و بەلّگەکانی (شورای بەرگری میللی)، من زۆربەی خالّە گرنگەکانم لەدەفتەری رۆژانەمدا یادداشت دەکردن، دەفتەری سیاسی ئێمە، بەتایبەت دکتۆر قاسملۆ و دکتۆر سەعید فسوسی خوێڕی و نۆکە و سیفەتیان راگرتبوو، هەرچەند شێوەی رەسمی بەشی پاراستنیان پێنەدابوو، بەلّام ئەم شوغلّە شەریفەیان پێ ئەسپێردرابوو، جا ئەوەندەی خوێڕی بوون، ئەوەندەش تێنەگەیشتوو، نمونەی سەیرم یادداشت کردوون:

بەرنامەی شورای نامەی مەسعودی رەجەوی و وەلّامی دکتۆر قاسملۆمان بلّاو دەکردەوە، کاك بەهرۆزی کورد ئەحمەدی دەیخوێندنەوە، منیش هێندێ خالّم یادداشت دەکرد، یەك لەو خزمەتگوزارانە کەخزمی دکتۆریش بوو، هەر سەری هەلّدێنا و چاوی لەنووسینەکانی من دەکرد، ئاخری خۆی پێ رانەگیرا، گوتی: (کاك کەریم بۆ چما دەبێ شتی حیزبی لەدەفتەری خۆتدا یادداشت بکەی؟)!!

سەرم سوڕما، گوتم: (راپۆرتەکەت تامی نابێ، چونکە ئەوانەی من یادداشتیان دەکەم، ئەوا لەرادیۆ بلّاویان دەکەینەوە). یان نمونەی تر: من ئەوەندەی کات و دەرەتانم بووبێ، ئێواران بەشی فارسی رادیۆ مۆسکۆم، گوێ داوەتێ، یەکیش شوغلّی شەریفی ئەوەبوو خەبەری دەدا کەکاك کەریم هەموو رۆژێ گوێ دەداتە رادیۆ مۆسکۆ، تارۆژێك دکتۆر سەعید لەمیوانخانە گوتی: (کاك کەریم جا ئەوە

لەرادیۆ مۆسکۆ چ فێر دەبی گوێی دەدەیەی؟) گوتم تۆ لەرادیۆ ئیسرائیل چ فێر دەبی گوێی دەدەیەی؟ شتی شەرماوی ئاوا زۆر بوون و بۆ باسکردن نابن.

رۆژانە دوای تەواو بوونی کاری رادیۆ، لەژوورەکەم دادەنیشتم و خەریکی وەرگێڕان و خوێندنەوە دەبووم، سوپاسی برادەرانیش دەکەم کەنەیاندەهێشت بەتەنیا بم و سەرەڕای خێسە و هەڵنانی دەفتەر دەهاتنە لام و باسی هەموو کاروباری حیزبیشیان دەکرد، کۆمیتەی ناوەندی بۆ چارەسەرکردنی وەزعی شیمال، چەند برادەری دانابوون بەناوی تیمی شیمال، کەبەرنامە و پلانێك دابڕێژن، ۹۸۱/۱۲/۲۰ تیمی شیمال کۆدەبێتەوە، گەڵاڵەیەك ئامادە دەکا و دەیدا بەدەفتەری سیاسی، بەڵام دەفتەری سیاسی دژی دەوەستێ.

سەفەر بۆ سندووسی

رۆژی ۹۸۱/۱۲/۲۲ لەگەڵ سەرهەنگ قادری و کاك عەبدوڵڵای قادری و سیامەندی شێخاغایی بۆ سەردانی خوشکم چوومە سندوسی، لەمەحمەشە میوانی حاجی مەلا مستەفا بووم، ناردم خوشکم هات، دوو رۆژ لەلام بوو گەڕایەوە، دوای ئەو لەگەڵ سەرهەنگ قادری چووینە گوندی خەلیفەلیان، سەردانی مەلا برایمی تەلاجی، دانیشتبووین، برادەرێك وەژوور کەوت و نامەیەکی دا دەستم، تەماشام کرد نووسرابوو: (بۆ بەڕێز کاك کەریمی حسامی، بۆ بەڕێز ئێمە وەکو خەڵکی خەلیفەلیان، ئێوە و هاوڕێیانتان بەخێرهاتن دەکەین و هیوادارین سەرکەوتوو بن، لەلایەن یەکیەتی لاوانی دیموکرات و خەڵکی خەلیفەلیانەوە داواتان لێ دەکەین کەسەعاتی دووی پاش نیوەڕۆ تەشریف بێنن بۆ مزگەوت، تا لەقسە جوانەکانی ئێوەی بەڕێز کەڵك وەرگرین) بەسپاسەوە، یەکێتی لاوانی دیموکراتی خەلیفەلیان و خەڵکی خەلیفەلیان.

نامەکە لەگەڵ رێز داناں، فەرمانیشی تێدا بوو، ناچار چوویە مزگەوت، لام وایە کەس نەمابوو نەیەتە مزگەوت، بۆ من شانازیبوو، خەلیفەلیان زۆربەیان دۆست و ناسیاری قەدیم و هاوکاری حیزبی بوون، لەسەر سیاسەتی رژێم و بەربەرەکانی و ئەرکی خەڵك بۆ پشتیوانی لەحیزب و یارمەتی بەپێشمەرگە و ئەرکی لاوان بەدرێژی قسەم کرد، شەو هاتینەوە ماڵە حاجی مەلا مستەفای کەببوە خانەقا و هەمیشە پڕ بوو، رۆژی دوایی چوومە گوندی ماسوێ، سەردانی هەباساغای دۆست و برادەری خۆشەویست و نیشتمانپەروەرم، لەوێش خەڵکی گوندی ئەم نووسراوەیان بۆ ناردم: (خدمت سرور گرامی اقای کاك کریم چمن سلام امیدوارم که همیشه شاد و سربلند باشید، عزیزم تمام اهل روستا منتظر جنابعالی هستند که به مسجد بیایید واز نزدیك با اهل ماسوی چند کلمه در باره کاروبار حزب گفتگو بفرما یید، واگر امروز به مسجد نیایید دیگر ما قبول نداریم برای مهمان به ماسو بیایید، دیگر عرضی نیست منتظر دیدارد شما هستیم. ب.ا.ر.) ناچار چوومە مزگەوت و چیم دەزانی بۆ ئەم خەڵکە تامەزرۆیەی باسی سیاسەت و رەوشی حیزب قسەم کرد، بەلێکدانەوەی خۆم هاتمە سەر ئەو باوەڕە کەمەسئولێکی حیزبی نەبوە بچێتە نێو خەڵك و سیاسەتی حیزب و بارودۆخی وڵاتیان بۆ روونکاتەوە، چەند کێژی مامۆستا کەلایەنگری حیزب بوون، لەشار دەمناسین، لەماسوێ کرابوونە مامۆستا، چوومە سەردانیان، گلەییان لەمودیر یا مەسئولەکەیان هەبوو کەلەگەڵیان باش نییە و ئیجازەیان ناداتێ و گیروگرفتیان بۆ ساز دەکا، خۆشی لەماڵی قادراغا دەژیا، کەناوونیشانم پرسی، ئەو کچە بوو کەلەشەڕی سێ مانگە، چەند رۆژ دوای وەدەرکەوتم لەمەهاباد، ئەویش هاتبوەدەر و لەکوێچکە دەرێ، ناردبوومەوە نێو شار و چەند ناوی ساختە و رەمزیم بۆ دانا بوو، لەنێو شار هاوکاری دەکرد، لەدوام نارد، چوبۆوە شار، ناوە ساختەکەیم دا

بەیەکێك لەمامۆستاکان و گوتم ئەگەر هاتەوە بچۆ بەم ناوە بیدوێنە و بڵێ فلانە کەس لێرە بوو دەیویست بتبینێ، دیارە لەبنەوە هاوکاریان دەکەی، پاش ماوەیەك نامەیان بۆ نووسیبووم و گەلێك لەمودیرەکەیان رازی بوون، دوای چەند رۆژ گەڕامەوە لەبەری پیرانان چومە زیارەتی کاك سەید تەهای شێخی گەسگەسکێ، لەگەڵ ئەوان و براکانیشی لەعێراق نێزیکی و دۆستایەتیم هەبوو، لەگەڵ جەنابی شێخی باسێکی خۆشمان هەبوو، نەزەری ئەوەبوو ئاغاکان دڵخۆشی بدەینەوە، لەدەوری حیزب کۆیان کەینەوە، جارێ واز لەخەباتی چینایەتی بێنین، قسەکانی دڵسۆزانە بوون، بەیانی دەگەڵ مەلا رەسوی گەردی چوومە گوندی جەڕانێ، خوشکێکم لەوێ بوو سەری بدەم.

شەوی سالّی تازەی زایینی ١٩٨٢ لەگوندی ترکەشی میوانی سەید رەسوی بابی گەورە بووم، هەرچی بینووسم لەبارەی پیاوەتی و میوانداری سەید رەسووی رەحمەتیەوە زیادیە، شەوێکی یەکجار خۆشمان رابوارد، سالّی پڕ مەینەتی ٩٨١مان بەڕێکرد و بیرمان لەدواڕۆژی پڕ مەینەتتر دەکردەوە، رۆژی دوایی هاتمەوە دەفتەر، ژوورە سارد و سڕەکەی خۆم، دیارە ژوورەکەی من زۆر کڕێن و کە ساردیش نەبوو، بۆچما دۆست و برادەر دەیانهێشت هەست بەنەداری بکەم، عەببەی رەسوو پیرۆزی بێجگە لەوە کەلەناردنی خواردەمەنی لێم خافڵ نەبوو، سەماوەرێکی جوانیشی بەهەموو دەزگایەکەوە بۆ هێنابووم جارێکی دکتۆر قاسملۆ هۆی ئەو دۆستایەتیەی لەگەڵ منی لێ پرسیبوو، برادەرێك چرای گازی بۆ هێنابووم، چێشتی لەسەر ساز دەکرا، ئەبوو سەرباز دە دوازدە قوتوی گازی بۆ ناردووم، مامۆستا مەلا محەمەدی عوسمانی هەنگوین و رۆنی کەرەی بۆ ناردبووم، بەکورتی مالّەکەی من لەو دۆڵە هەستی بەنەداری نەدەکرد، داخەکەم ئێستا لەسوپاسێکی ڕووت زیاتر چیدیم لەدەست نایە بۆ پاداشتی ئەو هەموو چاکە و

هەستی هاوەردی و جوامێریان پێشکێشی بکەم.

کەگەڕامەوە، عەلی کاشفپور و شاپور هاتنە لام، گوتیان لەگەڵ کاك ئەمیر و کاك نەبی قادری و کاك رەحیمی محەمەد زادە و جانگیر نامەیەکمان بۆ دەفتەری سیاسی نووسیوە، لەسەر مەسەلەی شیمال ئیختلافمان هەیە و ئێمە دەمانەوێ بڕۆینەوە، دەفتەر نایەوێ مەسەلەی شیمال چارەسەر بکا، گوتم: (مەڕۆنەوە، لێرە قسەی خۆتان بکەن و لەچوارچێوەی ڕاو تەگبیری کۆمیتەی ناوەندیدا مەسەلەی شیمال چارەسەر بکەن، با ناکۆکی قوولتر نەبێ).

ڕۆژی ٩٨٢/١/١٤ لەگەڵ حەسەنی سۆسیالیستی تورکیا چووینە واوان، لەوێ دەگەڵ پێشکاری و عەبەی ڕەسو پیرۆزی چووینە میراوێ، لەپێش دوکانان کۆمەڵێك لەلاوانی میراوێ و خەڵکی دیکە لێم وەکۆ بوون و لەسەر سیاسەتی بەرگری حیزب و ناکۆکی حیزب و کۆمەڵە و هاتنی موجاهیدینی ڕەجەوی بۆ کوردستان و شتیتر سوئال پێچیان کردم، زۆرجار دەمگوت بچن لەبەرپرسەکانی حیزب پرسیار بکەن، زۆریشم وەڵام دەدانەوە، خواو راستان سەید ڕەسو پەیدا بوو، چاك بوو جاروبار لەنگەری بۆ ڕادەگرتن، لەو باس و خواسەدا، کابرایەك پەیدا بوو، ریش نەتاشراو، سنگ و بەرۆك ئاوالە شپرێو، باڵتەیەکی قوڵە دەبەردا و دەمانچەیەکی چاردەخۆر بەقەدەوە، هاتە پێش و قسەی خەڵکی بڕی و سڵاوێکی کرد و گوتی: (دەڵێم ئەوە نامناسی؟) سەیرێکم کرد و گوتم: بەخێربێی، بەڵام ناتناسم.

– ئەی... جا چۆن... دەڵێم بایزە بۆرم...

ئەو بایزە لەبەرگی یەکی بیرەوەریەکانمدا باسم کردوە کەژاندارم گرتبوویان و لەزیندان، دڵخۆشیم دابۆوە و یارمەتیم دابوو ترسی شکابوو ڕۆژێك هات گوتی:

(ئەرێ کاك کەریم دەڵێم زیندان هەر ئەوەیە؟).

– ئەدی بایز پێت وابوو زیندان چییە؟ هەر ئەوەیە و هیچی تر، گوتی: (ئەگەر وابێ، هەرسێك تەڵاقم کەوێ ژاندارمم پێ ژنێ خۆش نییە!!).

جارێکی تر بەخێرهاتنم کرد و بایز ئیدی رێی خەڵکی نەدا و دەستی گرتم و گوتی: (دەڵێم بایزە بۆرم.. هەرسێك تەڵاقم کەوێ، چوار سەد مەڕم هەیە، هەرسێك تەڵاقم کەوێ، ئەسپ و ماین و هێستری دەباشم هەن، هەرسێك تەڵاقم کەوێ، تفەنگ و دەمانچەی چاکم هەنە، هەرسێك تەڵاقم کەوێ، مااڵم لەگرد شەیتانیە، هەرسێك تەڵاقم کەوێ، هیچیان ئیدە من نینە و هەموویان ئیدە تووڕە و جا چت لازمە تا لەبۆت بنێرم).

خەڵکەکە واقیان وڕما سەید ڕەسوو یادی بەخێر بێ، گوتی: بایز ئەوانەی هیچیان ناوێ، لبادێکی باشی بۆ بنێرە، ئێستا لەو شاخە لەسەر عەرزی دەنوێ).

دوای دوو ڕۆژان سەید ڕەسوو پەیدابوو لبادێکی ڕەشی ئەستووری هێنابوو، گوتی: کاکە بایز دوو لبادی ناردبوون، ئەوی باشم بۆ تۆ هێناوە!).

دوای نیوەڕۆ لەمیراوێ دەگەڕامەوە لەموسالان تووشی دوو برادەری سەردەشتی بووین، بەناوی موکری و حەکیمزادە، نەمدەناسین و هەوەڵجار بوو ئەوانیش منیان دەبینی، کەعەبەی ڕەسو پیرۆز گوتی: ئەوە فلانکەسە، پێشی ماشێنیان گرت و بەسوێند و تەڵاق، ناهێڵێن بڕۆی، لەگۆمان میواندارییمانە و لەگەڵمانی، پێشکاریمان بەڕێکردەوە و بەپێیان دەگەڕاینە خوارێ، تووشی مەکۆ و تاهیریش بووین لەمیراوێ دەگەڕانەوە، ئەوانیش لەدەفتەر کاریان دەکرد، بووینە حەوت کەس و لەچۆمی پەڕینەوە و چووینە گۆمان، ئێستاش سەرم لەو داوەتە سوڕماوە، لەگوندی، ۲۰ کەس داوەت کرابوو، هیچ جێژن و شایی و بۆنەیەکیش لەگۆڕێدا

نەبوو، ویسکی و کەبابی قەل و میوە و دەزگای وا لەشارەکانیش کەم دەبینرا، نیوەشەو دایدا بەفر و کڕێوە تا بەیانی چۆکێك بەفر باری، بەیانی مەلا سمایل بۆ فراوین رایگرتین، کەبەسەر سەنگی کرابوە مەسئولی رێکخراو لەگۆمان، دوای نیوەڕۆ کەوتینەڕێ، بەفرێکی زۆر، بەزەحمەت لەو هەورازە سەرکەوتین و گەیشتینە شێلمان، چووینە مزگەوت، شەکەت و هیلاك، چایان بۆ هێناین، تۆزێك حەسایندوە، سێ چوار زەلام وەپێشمان کەوتن کەتا دەفتەر لەگەڵمان بێن، بەفر زۆر بوو، بارینی کردبوو، دەرنەدەچووین، ناچار گەڕاینەوە، من و کاك حەسەنی سۆسیالیست چووینە مالّی ئەلیاسی مام خدری، رەببی مالّ هەر ئاوەدان و دلّی هەروا فراوان بێ و کوردستانیش فەت مالّی ئاوای لێ نەبڕێ، برادەرانی دیکەش چوونە مالێکی دی، بەیانی بەفر لێی کردەوە، تاو هەلّات، کەوتینەڕێ، بەنۆرە وەپێش دەکەوتین و رچەمان دەشکاند، رێگا نەمابوو، لەپڕ بەرزایی بەسەر دەفتەرێدا کەوتین و گەیشتینەوە ژوورەکانمان.

لام وایە هەر لەو بەفر و سەرما و سۆلّەدابوو ئێوارەیەك کاك رەحیمی ئەمیری تەشریفی هات و شەو میوانم بوو، زۆرم پێخۆشبوو، بێ ئەوەی نێزیکی و ناسیارێکمان هەبێ کەسایەتیەکم تێدا بەدی دەکرد و پێم خۆشبوو لەسەر بارودۆخی بزووتنەوە و سیاسەتی حیزب بیرورای بزانم، زۆر لەو برادەرانەی دەهاتنە لام، قەت جارێکیش نەبوو کەمن بۆ باس و خواسی حیزب و خەلّك و چۆنیەتی کار و تێکۆشان وەپێشیان کەوم، دەهاتن و خۆیان دایاندەمەزراند و راز و گلەیی و دەردیان هەلّدەڕشت، منیش ئامۆژگاریم هەر ئەوەبوو کەلەم هەل و مەرجەدا، پێویستە کار بکەین و بەگوێرەی توانا بۆ کەمکردنەوەی کەموکوڕیەکان تێبکۆشین، دیارە بەگوێرەی ناسینی خەلّك وەلّامم دەدانەوە، کەم کردنەوەی کەموکوڕیش هەر قسە بوو دەمکرد، دەنا ئەوانەی سەرەپەتیان گرتبووە، دەست،

پێیانوابوو لەخۆیان بەدەر کەسیتر هیچ نازانێ و رێگاشیان نەدەدا کەسیتر کارێکبکا، ئەو شەوە پێم خۆش بوو دەگەڵ کاك رەحیم باسێك دامەزرێنم، بەڵام هەر وەژوور کەوت و لەبەر ژانەسەر هاواری بوو گوتی شەو و رۆژێکە ئارا و قارام لێ هەڵگیراوە، ژانەسەر هیلاکی کردووم، گوتم: (دەرمانێکم هەیە، یەکاویەکە، بەچەند دەقیقە حەلسەمت لێ دەبڕێ، بەڵام عەیبێکی هەیە، دەرمانی ولاتی سۆسیالیستییە).

کاك رەحیم بزەیەکی هاتێ و گوتی: (جارێ تۆ بیهێنە، با ئەو ژانەسەرم بڕوا، کوشتوومی) دەرمانم بۆ هێنا، زۆری پێنەچوو، ژانی سەری نەما، خەوێکی باشی بۆ کرد و بەیانیش زوو هەستا و پێم وابوو، بۆ ئەوەی کەس نەیبینێ کەلای من بووە، دەرکەوت و قەتیش سەری نەدامەوە، خوێنەری بەڕێز پێی سەیر نەبێ کەدەڵێم (بۆ ئەوەی کەس نەیبینێ) چونکە لەدیموکراسی حیزبی دیموکراتدا، هاتووچۆی ئەفراد حیسابی لەسەر دەکرا، من نمونەی کاك سەید حەسەنم هێنایەوە کەلەسەر هاتووچۆ کردنی لای من فەتاحی کاویان خەریکبوو پەروەندەی بۆ سازکا، من چوومە لای دکتۆر و لەسەر ئەو سیاسەتە بەتووڕەی بەگژی داهاتم، دکتۆر گوتی: (تۆ دەبێ ئەوانە بناسی، ئەوە نەسیاسەتی حیزبە و نەهەڵوێستی دەفتەری سیاسی) ئەوە ئەخلاقی شەخسییە)، بەڵام وانەبوو، سیاسەتی رەسمی دەفتەری سیاسی بوو، چونکە لەئالان کاك حامیدی گەوهەری داوەتی کردبووم چوومە لای، دوایە دکتۆر خۆی نامەی بۆ نووسیبوو کەبۆچی فلان کەست داوەت کردووە بۆ زیندانی حیزب!!

رۆژی ۹۸۲/۱/۳۰ یەك دوو کەس لەکوڕەکانی یەکێتی لاوان لەژوورەکەم وەژوور کەوتن، پێم سەیر بوو، چۆن هاتوون و خانوەکەی منیان دۆزیوەتەوە، چاك و خۆشی و بەخێرهێنان، پرسیم: ئەوە چۆنە وا رێتان لێ هەتڵە بووە؟

گوتیان لەنێزیك پاراستان كلاسی دەرسیان بۆ داناوین، پرسیویانە ئەدی كاك كەریم بۆچی نایەتە دەرس گوتنەوە؟ دكتۆر سەعید گوتویە: (لەبەر كاری رادیۆ و نووسین بۆ رۆژنامە، پێڕاناگات)! ئێمەش بێ ئەوەی پرس بەكەس بكەین، گوتمان با بچین سەرێكی بدەین.

رۆژی دوایی بەدكتۆر سەعیدم گوت: بۆچی لەكلاسی لاوان دەرسێكتان بۆ من دانەناوە؟ گوتی: (كوا خۆ ئەوە كلاس نییە، تەیفور هێندێكی لەكوڕەكان هێناوە، وەك پیكنیك بۆ ناسینی یەكتری لێكی كۆكردوونەوە)، هەر بەدوای ئەودا كاك مستەفای شەڵماشی وتارێكی نوسیبوو هێنای، گوتی: كاك كەریم هانێ تەماشای كە، بەپەلەبووم، چونكە دەبێ بچمە كن كوڕەكان دەرسم هەیە لەكلاسی لاوان!!!

لەدۆڵی دیموكرات دابێكی جوان دامەزرابوو، هەموو شەوی یەكشەمۆیان لەسالۆنی خواردن و میوانان كۆدەبوونەوە، جاری وابوو لەگوندەكانی دەوروبەریشەوە دەهاتن، برادەرێك لەسەر مەسەلەیەكی رۆژ باسێكی دادەمەزراند و قسەی لەسەر دەكرد و برادەری دیكەش بەشداریان دەكرد و بیروڕایان دەردەبڕی، زۆرجار ئەگەر دكتۆر قاسملۆ لەماڵبایە، ئەو باسیدەكرد و بەشی زۆریش دەیهێناوە سەر شیكردنەوەی وەزعی رژێمی خومەینی و لەروخانی نیزیك دەكردەوە، جارێكی كاك سمایلی بایەزیدی لەناوچەی سەقز گەڕابۆوە، هاتە ژوورەكەی من و باسی وەزعمان دەكرد، گوتی: (ئەرێ كاك كەریم ئێستاش ئێوارەی دووشەمۆیان هەر دەیروخێنن؟) گوتم چۆن، ئێمە دەست لەروخاندنی هەڵناگرین، گوتی: وەڵاهی بەماڵە شێخی نایبینن!

شەوی ۹۸۲/۱/۳۱ من و دكتۆر سەعید و فەتاحی كاویان بەشورای بەڕێوەبەری كۆبوونەوەكان هەڵبژێردراین، ئێمە دەسەڵاتماندا بەكاك فەتاحی تا خۆی

کۆبوونەوەکان بەڕێوەبەرێ، ٣ رۆژ پێشتر بەیەکێکی رادەگەیاند کەئـەم حەفتەیـە، ئەو قسان دەکا.

رۆژی ٩٨٢/٢/١٠ پاش ٦ مانگ بێخەبەری لەمانێ، نامەی شلێر و دایکـی کـەمالم بـۆ هات، فرە شاد بووم، بەڵام نووسـیبویان کـەمال لەدانسـازی وەرنـەگیراوە، بـەوە شادیەکەم گۆڕا بـۆ خـەم و فیکرێـک، بەداخـەوە بەپێچـەوانە (ان مـع العسـر یسـرا) هەمیشە (ان مع الیسر عسرا) تووشی من دەبوو، دەچینە سەر شایی دوایە بەسـەر شینی جاویدفـەڕ دادەکـەوین، دەچـینە میوانیـەک، خەبـەری پـەلاماری ئەرتـەش و شەهیدبوونی پێشمەرگەمان بۆ دێ.

رۆژی ٩٨٢/٢/٢٩ دەچون بۆ ئەوروپا، نامەم بۆ دایکی کەمال و منداڵەکان نووسی، دووربینێکی فیلم بەردارِیم هەبوو، تێکچووبو، ناردم بۆ کاك عەزیزی ماملێ، چـاکی کاتەوە.

هەشتی مارسی ١٩٨٢ رۆژی جیهانی ژن، برادەرانی ئێمەش بڕیاریاندابوو ئەم رۆژە میوانداری و کۆبوونەوەیەك بەم بۆنەوە ساز بکەن، من کارتی پیرۆزباییم بۆ هەموو ژنەکانی دەوروبـەری دەفتـەری سیاسـی نـاردبوو، خوشـکە بـەهاری خێزانـی کـاك بەهرۆزی کورد ئەحمەدی لەوەڵامی کارتەکـەی منـدا وێـڕای سـوپاس نووسـیبووی: ئەوە هەوەڵینجارە کەمەسـئولێکی حیزبـی دیمـوکرات نـرخ بـۆ ژن دادەنـێ) دیـارە خوشکە بەهار لوتفی کردبوو دەنـا مـن نەمەسـئول بـووم و نـەهیچ! کـاك فـەتاحی کاویان بەپـەروین خانمی خێزانی کاك ئەبوبەکری هیدایەتی گوتبوو کەبەبۆنەی ٨ی مارس، رۆژی جیهانی ژن، لەکۆبوونەوەدا قسان بکا، پـەروین خانم هاتەلام و گوتی: (کاك کەریم بەمنیان گوتوە، ئێوارێ لەسەر رۆژی ژن قسە بکەم، مـن هیچـم نییـە، نـازانم چ بڵێم؟) دیـارە پـەروین خـانم زۆرجـاری دیکـەش دەهـات لەسـەر وەزعـی حەشـیمەت و خـەڵك و کانگـا و پیشەسـازی و سیاسـەت و بەڕێچـوونی وڵاتـانی

سۆسالیستی پرسیاری لێ دەکردم و یادداشتی دەکرد، پێم خۆشبوو تاقە ژنێکی دەوروبەری دەفتەری سیاسی بوو کەحەزی لەفێربوون و زانین بوو، لام وایە گەیشتبووینە کورەی شیمالی، پێم گوت: شتێکت بۆ ئامادە دەکەم بیخوێنەوە، نووسراوەیەکی رێکوپێك و جوانم ئامادەکرد و دام بەپەروین خانم کەبیخوێنێتەوە و خۆی بۆ سازکا، شەو خەڵکێکی زۆر لەکۆبوونەوەدا بەشدار بوون، پیاو هەق بڵێ لەوپەڕی پاراوی و رەوانی و جوانیدا وتارەکەی خوێندەوە و گیانی وەبەرنا، پێشوازیەکی باشی لێکرا، دوای خوێندنەوەی وتارەکە کاك تەیفوری بەتحائی دەستی بەرز کرد و داوای ئیجازەی کرد، ئێستاش بۆم ڕوون نەبۆوە هۆی ئەم هەڵوێستگرتنەی کاك تەیفور چ بوو، جارێ لەپێشدا رەخنەیەکی توند و ناڕەوای لەخوێندنەوەی پەروین خانم گرت و لەنێوەڕۆکی وتارەکەش، دوایە کاك تەیفوری چەپی لەچەپ هەڵبژاوی تازە دیموکرات، هێرشێکی بێ ئینسافانەی بردە سەر بیروباوەڕی سازبوونی هەشتی مارس و دانانی ڕۆژی ژن و داب و ڕەسمی بەڕێوەبردنی ڕۆژی جیهانی ژنی بەخەسڵەت و ڕەوشتی بورژوازی دانا و شرت و شۆی هێنادەر و هیچی پێوە نەهێشت، بۆچوونەکەی ئەوەندە غەیرە دیموکراتیانە و غەیرە زانستی بوو، بەتایبەت کەمێژوو و رابردووی ئەم ڕۆژەی پوچ دەکردەوە، چار نەبوو دەبوایە وەدەنگ بێم، زۆر بەخەستی بەسەر بۆچوونی سەیری کاك تەیفوردا هاتم و دیفاعێکی ڕەوام لەنێوەڕۆکی وتارەکە و لەشێوە خوێندنەوە پەرویم خانم کرد و هێنامەوە سەرخۆ، چونکە زۆر پێ تێکچوو بوو، هێندێ لەبرادەران پشتی بۆچوونەکەی منیان گرت، دکتۆر سەعید گوتی: کاك کەریم دەزانێ کەی وەدەنگ بێ، ئێستا ئەگەر لەکوردستان هەڵبژاردن هەبا، هەموو ژنی کوردستان دەنگیان بۆ دەدا، کۆبوونەوە تەواو بوو، چوومە ژوورەکەم خۆم، ڕاکشابووم و چرام کوژاندبۆوە، لەدەرگایاندا، کەدەرگام کردەوە، پەروین خانم و

کاك ئەبوبەکر، کەشەفێك شیرنی و ئاجیلیان هێنابوو، هاتن دانیشتن و گەلێك قسەی خۆشمان کرد، بەڵام بەداخەوە ئەم لوتف و شیرینیە، ئاخر جاری بوو، چونکە رۆژێکی دیکەی ئاواش هەڵنەکەوتەوە ! !

رۆژی ٩٨٢/٣/١٤ بابی کاك فەرەیدونی میتران، دوای نەخۆشیەکی درێژ لەگوندی نواوێ کۆچی دوایی کرد، زۆربەی برادەرانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی چووینە نواوێ، خەڵکی گوندی بەخڕی و تەنانەت گوندەکانی دەوروبەریش هاتبون، کاك فەتاحی کاویان و کاك جەلیلی گادانی وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی بەشداری ناشتنەکەی بوون، دوای ناشتن و تەڵقین، دەیانویست بڵاوەی بکەن، بەکاك جەلیلم گوت: ئەوە ئەندامی حیزب بوە، سەبارەت بەتێکۆشان ئاوارە بووە، پێویستە قسەی لەسەر بکەن و هەروا بەوشکی بڵاوەی نەکەین، کاك جەلیل گوتی: جا کەوایە فەرموو خۆت قسە بکە، زۆرم پێ سەیربوو، کاك جەلیل بۆ وتاردانێك سەری دەرپێدا نەبوو، لێرە کەئەو هەموو خەڵکەش کۆ ببۆوە، قسەی نەکرد، دوو برادەری دیکەش وەك من ئەوەیان بۆ ساخ نەدەبۆوە، ئاخرەکەی برادەرێکی لەدەفتەر نێزیك گوتی: فەرەیدوون تاوانی تودەیی لەسەرە، بۆیە کاك جەلیل خۆی لێنەداوە، وەباڵ بەئەستۆی راوی ! ! من لەگەڵ سەرەخۆشی لەکەسوکاری، لەگەڵ سوپاس لەبەشداربوانی ناشتنی، گوتم: هاودەردی ئێوەی خەڵکی بەشەرەف و نیشتمانپەروەر نیشانیدا کەئەوانەی دەربەدەری پەلاماری ئەرتەشی دژی گەلین، ئاوارە و بێکەس نین و لەکوردستان هەموو پەناگەی وانە و کوردیش هەموو کەس و کاریانن، هەرچەند کاك فەرەیدون لێرە نییە بەڵام گەلێك لەهاوکار و دۆست و برادەری فەرەیدونی لێرەن و خۆیان بەشەریکی خەمو پەژارە دەزانن.

گەڕاینەوە بۆ گوندی و چووینە بەردەرگای مالّی کۆچکردوو، پاشان چووینە بەر دەرگای مزگەوتێ، لاوەکانی گوندی لێم کۆبوونەوە و لەسەر سیاسەتی حیزبە

سیاسیەکانی ئێران و پێوەندی نێوان کۆمەڵە و حیزب و لەسەر کۆنگرەی پێنج و هۆی نەچوونم بۆ کۆنگرە، دەستیان کرد بەپرسیاران، بەگوێرەی توانا وەڵامم دەدانەوە، مام بایز ناوێك، لام وایە کاك جەلیل لەخانووی ئەودا بوو، گۆچانێك بەدەستەوە، هاتە پێش و گوتی: (جا کاك کەریم دەڵێم ئەمنیش پرسیارێکم هەیە).

– فەرموو مام بایز، ئەتۆش پرسیاری خۆت بکە.

– دەڵێم پێم وایە ئەتۆ ژنی جوانت خۆش دەوێن!

– نا مام بایز، بۆی نەچووی... ژنی جوان ئەمنیان خۆش دەوێ.

– ئا... ها... جا دەڵێم ئەوە دەقسەکێ گەیشتم..

برادەرانی دەوروبەر گەلێك پێکەنین و شەو گەڕاینەوە بۆ دەفتەر، رۆژی دوایی لەگەڵ کاك سەید حەسەن و دوو سێ برادەری دیکە چووینەوە نواوێ و لەمزگەوت سەرەخۆشیمان دانا و لەراستیدا ئێمە خاوەن مردوو بووین و سەرەخۆشیمان لێدەکرا.

کاك مامەندی نواوێ کەلەکاتی خۆیدا ئاغا و زۆردار بووە، ئیسلاحاتی عەرزی شاملکی پێ نەهێشتوە و تا رادەیەك لەڕی کردووە، بەڵام فیزی دەرەبەگایەتی و هەستی ئاغایەتی لەکەللەیدا هەر ماوە، لەمزگەوتێ قورعانێکی دەست دابویە و بەغەڵەت دەیخوێند و سەر و گوێی ئایەتەکانی دەشکاند و جاروباریش لەپڕ هەر بەهەوای ئاغایەتی جاران دەنگی یەکێکی دەدا و جنێویشی پێ دەدا، کاك مامەند لەمن دوور دانیشتبوو، هەستا هاتە لام دانیشت و بەخێرهاتنی کردم و گوتی:

– دەڵێم ئەتو لەئێدەکێی؟

– منیش کوردێکم وەک ئەم خەڵکەی کوردستان.

– ئەتوو نا نا... بەسەری من... خۆ لەمن مەشارەوە... لەئیدە ماڵە کەریماغای؟ یا لەئیدە کۆسەکەرێی؟

– نا... کاك مامەند من ئاغا نیم، کوڕە جوتیارێکی گوندیم.

– وانییە، دەڵێم خۆت لەمن مەشارەوە.

کاك مامەند نەیسەلماند، ناهەقیشی نەبوو.

سەر و سەکوت و لیباسی پاك و خاوێنم لەو چیا و کەژە، پتر وەئی کوڕە ئاغایان دەچوو، تا زەحمەتکێش و یا بەئیستسلاحی چەپی خوار وەئی (شۆڕشگێڕان) چووبایە، رۆژێکی دیکەش لەگەڵ کاك سەید حەسەنی هاشمی، دەچووینەوە سەرێ، تووشی کاك مامەندی بووین، دەستی پێکردەوە گوتی:

– ئاخری خۆت لەمن شاردەوە، نەتگوت لەئیدە کێی؟ کاك سەید حەسەن گوتی: (کاك مامەند راستیت پێ ناڵێ، دەنا ئەویش دەرەبەگێکی چەکمە رەقبوە و لەکاتی خۆیدا سەگ و زەلامی لێکدەبەست.

کاك مامەند گوتی: (لەبخۆ دەزانم، بەڵام خۆم لێ وەڕاست ناگێڕێ).

ئێستاش کاك مامەند بڕوای نەکرد کەمن لەجسنی ئاغا و دەرەبەگ نیم و لەزوڵم و زۆری بێزارم و لەگەڵ جسنی دەرەبەگ و زۆردار ئاوم بەجۆگەیەکدا ناڕوات.

نەورۆزی ساڵی ١٣٦١

٩٨٢/٣/٢١ لەساڵۆنی کۆنگرە، ئاهەنگی نەورۆزمان بەڕێوەبرد، برادەرانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا شانۆیەکی فرە جوانی کاوەیان نیشاندا، کاك ئازاد لەپێشەکی شانۆکەدا، وتارێکی زۆر جوانی لەسەر پلان و پڕوپاگەندەی

ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی پێشکێش کرد، چەند هەڵپەڕکێی جۆراوجۆری زۆر جوانیان بەڕێوەبرد.

رۆژی ۹۸۲/۳/۲۲ خەبەری شەهید کردنی مامۆستا مەلا کەریمی شاریکەندی بڵاوبۆوە، دکتۆر سەعید وتارێکی تۆند و جوانی بەم بۆنەوە نووسی و لەگەڵ مەحکومکردنی ئەو جنایەتە بێ شەرمانەیە داوای لەمەلا شێخ عیزەددین کرد کەبۆ مەحکومکردنی ئەم جنایەتە بەیاننامەیەک بڵاو بکاتەوە، چونکە خەڵک ئیشارەیەکی دەستی ئەو لەم جنایەتەدا دەبینن، وتارەکە دوو سێ جار لەرادیۆدا خوێنرایەوە، بەداخەوە مامۆستا خۆی لەم جنایەتە کڕ کرد و هیچی لەسەر بڵاو نەکردەوە.

ئێوارێ برادەرانی شیمال هاتنە لام، گوتیان ۹۸۲/۳/۱۹ دەفتەری سیاسی بەنامەیەک هەیئەتی بەڕێوەبەری کاروباری شیمالی هەڵوەشاندۆتەوە و لەمەسئولیەتی خستوون، کەلەلایەن کۆمیتەی ناوەندی ئێوە پەسند کرابوو، کاك ئەمیری قازیش لەنامەیەکدا رەخنەی لەبڕیاری ناڕەوای دەفتەری سیاسی گرتوە، گوتیان ئیتر لێرە مانەوەمان بێ کەڵکە و دەچینەوە بۆ شیمال، دیسان گوتم بمێننەوە، تا پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی و لەوێدا قسەی خۆتان بکەن.

رۆژی ۹۸۲/۳/۲۹ ئەبو حیکمەت و ئەبو سەلیم هاتن، لەدەفتەرە وەتەلەفۆنیان کرد، چوومە لایان، شەو بەبۆنەی رۆژی شەهیدانەوە کۆبوونەوەی گشتیمان هەبوو، کاك فەتاح داینابوو کەلەسەر ژیانی پێشەوا من وتار بدەم، دوای کۆبوونەوە تا شەو درەنگ لەلای هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق بووم، ئێوارەیەکی تر لەسالۆنی میوانخانە، لەسەر ئەخلاقی شۆڕشگێڕی و دیموکراسی حیزبی قسەم کرد، من دیموکراسی حیزبیم بەوە دەزانی کەئەندامی حیزبی هەقی هەیە لەهەموو شوێنێ بیروڕای خۆی دەربڕێ و رەخنە بگرێ، کاك مستەفای

شەڵماشی کەکرابوە ئەندامی دەفتەری سیاسی، لای وابوو کەئەندامی حیزب تەنیا لەشانەی حیزبیدا هەقی هەیە رەخنە بگرێ، باسێکی گەرم و دۆستانەمان هەبوو، برادەرانی دیکەش بەشداری باسەکە بوون، کاك بەهرۆزی کورد ئەحمەدی نۆرەی وەرگرت و گوتی: (کاك کەریم بەم باسە دەیەوێ بیروباوەڕی تاقمی حەوت کەسە بێنێتەوە نێو حیزب، ئەو زەمانە بەسەرچوو، نابێ رێگا بدەین ئەو دەستەیە بیروڕایان لەنێو حیزب زیندوو بنەوە) دیارە کاك بەهرۆز ناهەقی نەبوو ئەگەر ئەو دیفاعە لە (دیموکراسی) بکا، خۆ بەخۆڕایی نەکرابوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، کاك فەتاح گوتی: کاك کەریم وەڵامی بەهرۆزی دەدەیەوە؟

گوتم کاك فەتاح من وەڵامی ئەم جۆرە قسانە نادەمەوە، دکتۆری سەعید گوتی: بۆچوونی بەهرۆزی راست نییە، کاك کەریم ئەندامی حیزبە و بەسەداقەت ئەرکی خۆی بەڕێوە دەبات.

دیارە دیفاعی دکتۆر سەعیدی لەبەر دڵسۆزی بۆ من نەبوو، کوڕەکانی سابڵاخێ کەلەچاپەمەنی و رادیۆدا کاریان دەکرد، بەناهەق لەگەڵ بەهرۆزی یەك نەبوون، دکتۆر سەعید ویستی لەو پەنایەوە نەقورچێك لەکاك بەهرۆزی کورد ئەحمەدی بوەشێنێ.

ئێستا ماوەیەکە فەردینی کوڕی سەرهەنگ قادری هاتۆتە لام و پێکەوە دەژین، بەهاتنی ئەو زۆرم بیر لەمندالّەکانم نەدەکردەوە، چونکە هەتا بڵێی روح سووك و ژیر و خۆشەویست بوو، خاوەنی بیروباوەڕێکی پێشکەوتووخوازانە لەهەمووی گرنگتر حەزی لەخوێندنە و کاتی خۆی بەزایە نەدەدا، ئەو عەیبەشی هەبوو ئەوەندەی پرسیار لەمن دەکرد، جاری وا هەبوو لەکار دەبووم و هەر پێم دەکرا جوابی وی بدەمەوە.

بەراستی خۆشی ئەو رۆژانە قەت فەرامۆش ناکەم کەلەگەڵ فەردین پێکەوە دەژیاین، ئێوارەیەک کەهاتمەوە ژوورەکەم، دوو تەنەکە بیزای خەلسبوی ترشیاتیان لەبەر دەرگاکەم دانابوو گوتیان برادەرێك هێناویە، ئەو هەموو بیزایە چ لێبکەم، تەنەکەیەکم لەجیرانان دابەشکرد و تەنەکەیەکیشم بۆ مالّی کاك صدیقی قەوی پەنجە نارد.

لەو سەروبەندەدا مەلا سەید جەلال بەرنامەی (رێکخراوی خەبات)ی بڵاو کردبۆوە، پێم خۆشبوو دەقی بەرنامەکە بەدەستەوە بایە و بڵاوم کردبایەوە، بەڵکو کوردەکە لەئاخری سەدەی بیستەمدا، تێگەیشتبایە کەچۆن سەوداگەرانی شەڕ و پوڵ و فیز و فیشاڵ و خۆپەرست بەناوی جۆر بەجۆر یاری بەچارەنووسی ئەو میللەتە دەکەن، وتارێکی ١٠ لاپەڕەییم لەسەر (خەبات) و بەرنامەکەی نووسی، دام بەدکتۆر سەعید تەماشای کات، گوتی شتێکی زۆر جوان و بەجێیە، بەڵام پێشنیار دەکەم، دەوڵەمەندتری بکەی و بەناوی خۆت بڵاوی بکەیەوە، دەستم کرد بەنووسین و تەواوم کرد، دام بەکوپەکانی ئینتیشارات چاپی بکەن.

ئێوارەی ٩٨٢/٤/٨ کاك صدیقی قەوی پەنجە من و دکتۆر سەعید و کاك سەید حەسەنی هاشمی بۆ کفتە و شۆرباو، داوەت کردبوو، لەو چیا و کەژە، خواردنێکی ئاوا نیعمەت بوو، هیچ نەبا جارێك پیاو لەدەست نیسك و برنجی میوانخانە نەجاتی دەبوو، شەو زۆر بەخۆمانەیی باسی کەم و کوڕی و بێ سەرە و بەرەیی و ناتەواوی حیزبیمان لەگەڵ دکتۆر سەعید هێنا گۆڕێ، دکتۆر سەعید لەگەڵ ئێ زیادکردنی رەخنەکانی ئێمە کەپتریشی دەزانی، وەك جێگری سکرتێری حیزب گوتی: (ئێستا لەنێو حیزبی ئێمەدا، دروشمی هەرەباش و سەرکەوتوانە ئەوەیە، دەبێ بڵێی (دڵت چا بێ) لەوە زیاتر هیچی دیکە ناکرێ).

لەو سەروبەندەدا رادیۆ تاران بڵاوی کردەوە کەخومەینی دەسەڵاتی فەرماندەی

گشتی هێزی چەکداری داوە بەزەهیرنژاد و بەناتقی نووری، کاك فەتاحی کاویان دانیابوو کەشەوی ۹۸۲/٤/۱۱ لەسەر ئەو مەسەلەیە بدوێم، بەهەڵکەوت ئەو شەوە میوانی یەکجار زۆر هاتبوون، مامۆستا مەلا رەحیمی عەبباسی و مەلا خالید و مەلا ئەحمەدی هەرکیش تەشریفیان هەبوو، من دەستم پێکرد، راست لەجەنگەی باس و ئاخافتنمدا، مەلا ئەحمەد هەستا و گوتی: (پرسێکە من لەکاك کەریم هەیە، کاك فەتاح گوتی: کاك کەریم دەڵێی چی، مامۆستا پرسی خۆی بکا یان نا؟).

– فەرموو مامۆستا... پرسیارەکەت بکە.

– ئەز داوا لەکاك کەریم دەکەم، بێژێتە مریدی تخۆ، واز لەفەلسەفە و رێگای لینین بێنن، پێم سەیر بوو، من باسی چەدەکەم و مەلا ئەحمەد لەکوێی لەعەرزی دەدا!!! گوتم مامۆستا من قەت شێخ و خەلیفە نەبووم و پێم شکنایە مریدم هەبن.

– جەوانانی ناوچەی ئێمە، گشت مریدێ تەنە.

– نەمزانیبوو، ئەگەر وابێ، بۆ من جێی شانازییە، بەڵام دەمەوێ عەرزی مامۆستا بکەم، بەبۆچوونی من فەلسەفە و رێگای لینین تاقە رێی رزگاری میللەتانە لەچەوسانەوە، ئێمە بۆ خەباتی سیاسی کەلکی لێ وەردەگرین، مامۆستا دانیشتەوە، باسەکەمان هاتەوە سەر دۆخی خۆی، هێندێ لەبرادەران بەشداریان کرد، بەیانی زوو مەلا ئەحمەد لەگەڵ مامۆستا مەلا رەحیمی عەبباسی هاتنە ژوورەکەی من، چاییمان ساز کرد و مەلا ئەحمەد بەزمەکەی ساز کردەوە و گوتی: (لەبواری خەبات و تێکۆشانەوە ئەز مریدێ تەمە، لەبواری فەلسەفیەوە ئەز دوژمنێ تەمە).

گوتم مامۆستا دوژمنم مەبە، با ناکۆکی بیروباوەڕمان هەبێ و دۆستیش بین.

گوتی: پرسێکه دیکەی من هەیە.

– فەرموو مامۆستا.

– بیروباوەڕت لەئاست خوای مەزن چۆنە؟

– ئەستەغفروڵا مامۆستا... من لەئاست خودا و قانونەکانی عاسمانی شك و گومانم نییە، من لەخەباتی سیاسی– کۆمەڵایەتیدا لەفەلسەفەی مادی کەڵك وەردەگرم.

ئەزیش مریدێ تەمە.

مامۆستا مەلا رەحیم فەرموی: ئەوە گەیشتنە یەك، تاوێك دانیشتن و تەشریفیان رۆیشت.

رۆژی ۹۸۲/٤/۱۳ عەلی کاشفپور و شاپور و تەیمور هاتنە لام، گلەییان هەبوو کەخەبەری شەڕەکانی شیمال بڵاو ناکەنەوە، من گوتم هەر خەبەرێکی لەدەفتەری سیاسیەوە بۆمان بنێرن بڵاوی دەکەینەوە، گوتیان ئەوە پتر لەدوو مانگە لێرەین، لەسەر مەسەلەی شیمال نەگەینە یەك، دەمانەوێ بڕۆینەوە، دیسان پێم گوتن: چوونەوەتان کۆمەك بەچارەسەرکردنی مەسەلە ناکا، پشووتان لەسەر خۆ بێ و لەچوارچێوەی کۆمیتەی ناوەندیدا، مەسەلەی شیمال چار بکەن.

۹۸۲/٤/۱٤ لەگشت وڵاتانی ئیسلامی بۆ پشتیوانی لەخەباتی گەلی فەلەستین مانگرتن راگەیەنراوە، ئێمەش بەم بۆنەوە وتار بڵاو دەکەینەوە، لەمەهاباد و لەرێگای سەردەشتێ، شەڕ تونده، کاکە سەنی دەشتێ داوەتی کردووم و شەو لەگەڵ فەردین چووینە کن کاکە سەنی دەشتێ، کاکەسەن (کاك حەسەن) ئەندامێکی کۆنی حیزبە، سالّی ٥٤ گیرا بوو لەزیندانی مەهاباد زۆرم خزمەت کردبوو، جارێکی دیکەش سالّی ٥۸ سێ سالّی دیکەش حەپس کرابوو، دوای

شۆڕشی گەلانی ئێران کەس بەسەری نەکردبۆوە، کەدەفتەریش هاتبوە ئەم ناوە خۆیان تێنەگەیاند بوو، من دڵخۆشیم دایەوە، جاروبار دەهاتە لام، تۆزێ خوێندەواری هەبوو، هەرکەس شیعری سەعدی و مەولەوی نەزانیبا، پێی نەخوێندەوار بوو، رۆژێك چەند شیعری یوسفو زلێخام بۆ خوێندەوە، تاوێك راما و گوتی: پێم وابوو هەر دوو سێ خەتۆکەی فارسی دەزانی، چەند شیعریشم بۆ لەبۆستانی سەعدی خوێندەوە، ئیتر دۆستایەتیەکەمان توندتر ببوو، ٩٨٢/٤/١٥ دەگەڕامەوە بۆ دەفتەر، لەنیزیك نواوێ، تووشی کابرایەك بووم، گوتی ئەوە دەهاتمە کن تۆ، پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی رووتیان کردووم، نامەم بۆ دەفتەر نووسیوە جوابیان نەداومەوە، گوتویان بێمە کن تۆ، گوتم کاکە گیان من چکارە نیم، بچۆ کن کاك جەلیلی گادانی، هەموو شتی بەدەستە، هەروا کەدەهاتین تووشی کاك جەلیلی بووین، پێم گوت: جوابێکی ئەو کابرایە بدەنەوە، ئیتر من بەجێم هێشتن و نازانم چییان بەسەرهات.

دوای کۆنگرەی پێنجی حیزب، تەنیا ئاڵوگۆڕێکی کەلەدەفتەری سیاسیدا پێك هات، ئەوەبوو کاك جەلیل کرا بەبەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی، کەسەرپەرشتی زیندانیشی دەگرتەوە، کاك فەتاحی کاویانیشان لەکاروباری زیندانداا لێ کردبوە شەریك، رۆژێك بابی فاروقی کەیخوسرەوی و یەك دوو کەسیتر کەبەتاوانی لایەنگری لەتاقمی حەوت کەسە گیرابوون، هاتبوونە دەفتەر کەئیجازەیان بدەن وەك هەموو زیندان دنیا، بچن چاویان بەگرتوەکانیان بکەوێ، رێگایان نەدابوون، هاتنە لای من، لایان وابوو من شتێکم بەدەستە، چوومە کن فەتاحی کاویان و جەلیلی گادانی، گوتم: ئەوانە لەرێگای دوورەوە هاتوون، کورەکانیان ببینن، با بچن چاویان پێیان بکەوێ، باشبوو فەتاح تۆزێ هێدیتر بوو، کاك جەلیل دەستی پێکرد: ئەوانە جاشن و ملاقاتیان قەدەخەیە و ناتوانن بچن

و.... گوتم: هەر کەس بن، لەزیندانی خومەینیشدا، چاوپێکەوتنی زیندان هەر هەیە، فایدەی نەبوو، ناچار چوومە کن دکتۆر قاسملۆ، مەسەلەکەم پێگوت، گوتی: رەنگە لەبەر ئەوەبێ کەنەیانەوێ خەڵکیتر کەگیراون بیانبینن، گوتم با بیانهێننەدووری زیندان و چاویان بەیەکتر بکەوێ، مالّی ئاوەدان بێ، پسوولّەیەکی نووسی کەرێگایان بدەن لەدەرەوەی زیندان یەکتر ببینن، گەڕامەوە، پسوڵەم دا بەفەتاحی کاویان و پێشمەرگەیان لەگەڵ ناردن کەبچن بیانبینن.

۹۸۲/٤/۱۷ لای ئێوارێ سەرهەنگ قادری و غەنی غەنیپور هاتنە لام، دانیشتن و بەدەم چا خواردنەوەوە، لەنەبوونی چەك و تەقەمەنی گازاندەیان هەبوو دەیانگوت: عێراق درۆمان دەگەڵ دەکا و کەرەستەی پێویستمان ناداتێ، لەسەر ئەو باوەڕە بوون کەئەگەر ئەفسەرەکان پێوەندی بگرن، باشتر دەتوانن چەك و تەقەمەنی لەعێراق وەربگرن، دەیانگوت عێراق نایەوێ حیزبی دیموکرات بەهێز بێ، خەریکە تاقمی بچوکی چەکدار رێك دەخات، قسەکانیان سەرنجڕاکێش بوون، بۆیە دەبوون یادداشتیان بکەم.

۹۸۲/٤/۱۸ مەلا عەلی کتابی، کادری رێکخراوی سەقز پەیدابوو، بێجگە لەباسی بێسەرە و بەرەیی رێکخراوی سەقز لەدەست، بێناموونسی و سەرسەریەتی خوارزایەکی دکتۆر قاسملۆ هاواری بوو کەکردبوویانە فەرماندەی هێز و ئابڕووی حیزب و جوولّانەوەی بردووە، چەند جاریش تەشکیلات نامەی نووسیوە، جواب نادەنەوە، ئێوارێ لەکۆبوونەوەی گشتیدا، باسی دیموکراسی نێو حیزب و رەخنە و رەخنەکاری زیندوو کرایەوە، دکتۆر سەعید رایگەیاند گوتی: (ئەو کۆبوونەوانەی ئێرە، کۆبوونەوەی حیزبی نین، باسی رەخنە و کەموکوڕی لەم هەل و مەرجەدا، وەرەی خەڵك کز دەکەن دەبنە هۆی ناهومێدی و دەبنە خەیانەت و نابێ بکرێن، ئیتر ئەو دیموکراسیەی کەهەمیشە دکتۆر قاسملۆ باسی دەکرد، بەقسەکانی دکتۆر

سەعیدی بەتەواوی و بەرەسمی سەقامگرتوو کرا.

رۆژی ۹۸۲/٤/۲۲ کوڕەکانی بەشی ئینتشاراتی حیزب نامیلکەی (چەند قسەیەک لەگەڵ خەبات)یان ئامادەی چاپ کردبوو، بەڵام مەلا عەولاّ نەیهێشتبوو، گوتبووی هەتا نەیخوێنمەوە نابێ چاپی بکەن، ئەوانیش بەدکتۆر سەعیدیان گوتبوو، دکتۆر سەعید گوتبووی ئەوە نووسراوەی شەخسیە و بەناوی حیزب بڵاّو ناکرێتەوە، بڕۆن چاپی بکەن، زۆر سوپاسیان دەکەم زۆر جوانیان چاپ کردبوو، زۆر باشیش فرۆشرا.

رۆژی ۱۹۸۲/٤/۲٤ رادیۆ تاران خەبەری دا کەئەرتەش گەیوەتە سەردەشت و رێگای بانە– سەردەشت کراوەتەوە، کاك فەتاحی کاویان هاتە لام، لەسەر ناردنی ئەفرادی نالایق و خزم خزمێنە بۆ دەرەوە باسمان هەبوو، سەیر ئەوەیە برادەرانی رێبەری قەوم هەمووی ئەو شتانەیان دەزانی، بەڵام چاریان نەدەکرد، رۆژی دوایی لەدەفتەرەوە بڕیاریان دا کەبۆ ئیحتیات بەرنامەی چەند رۆژی رادیۆ پڕ کەینەوە چونکە ترسی هێرش و گوێستنەوەی رادیۆ هەبوو، کوڕەکانی ئینتیشارات چوون جێگای تازە بدۆزنەوە، سەید برایمی تەوەکولی لەبانەوە هاتبوو رادیۆیەکی باشی بەدیاری بۆ هێنابووم و کاك هاشمی کەریمیش پەستەیەکی فرە جوان و قۆزی بۆ ناردبووم، دوو سەد دانە نامیلکەی (خەباتی) برد کەبیفرۆشێ، بەهاتنی ئەرتەش بۆ پردی بریسێ و بۆ سەردەشت مەقۆ مەقۆ و سرت و خورت پەیدا بوو، مەترسی باڵی بەسەر دۆڵەکەدا کێشا، موجاهیدی رەجەوی دەستیان کرد بەهەڵاتن و بەشت گواستنەوە، لەدەفتەری سیاسی ناردیان لەگوندەکان تراکتۆر بۆ پەڕینەوە پەیدا، بۆ لای نانەوازادە هەر ئەو شەوە مریشکەکانی بۆ پاراستن گوێستەوە، مەلا عەولاّ هات گوتی دەبێ رادیۆ بگوێزینەوە، گوتم رۆیشتنمان کارێکی هەڵەیە، لەناو خەڵکدا تەئسیری خراپی دەبێ، لەجیاتی رۆیشتن وا بکەن دیفاعی ئێرە بەهێز بێ،

رۆژی ١٩٨٢/٤/٢٧ کەباسی برادەرانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی هەمووی لەسەر رۆیشتن و گواستنەوە بوو، دانیشتم نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نووسی، دوای روون کردنەوەی ناتەواویەکانی وەزعی حیزب ئەم خالانەی خوارەوەم پێشنیار کرد کەلەدەفتەری یادداشتەکانمدا نووسیومنەوە:

١- بەهاتنی ئەرتەش بۆ سەردەشت نابێ وەرە بەر بدەین، ئەوەی ئێستا لەدەفتەری سیاسی و دەوروبەری دەست پێکراوە، لەترس و ناهومێدی بەدەر هیچی تر نییە، پێویستە چەکی قورسی هەوایی و زەمینی لەشوێنە ستراتیژیەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی دابمەزرێنین، پێویستە پەلاماردانی دوژمن تووندتر بکرێ و نەهێڵین بحەسێتەوە، نابێ پشوو بەدوژمن بدرێ و پێویستە لەهەموو لایەکەوە زەبری گورچك و بڕی لێ بدەن.

٢- باش نییە و نابێ بەهیچ جۆر دەفتەر لێرە بگوازینەوە، لاچوونی دەفتەر وەری خەڵك نزم دەکا و دوژمن رژد و چێ تر دەبێ، ئەمجارە بۆ هەر کوێیەك بچین وەدوامان دەکەوێ، پێویستە مەسئولەکانی حیزبی بچنە نێو خەڵك و قسەیان بۆ بکەن و بۆ بەربەرەکانی هانیان بدەن.

٣- ئەندامانی دەفتەری سیاسی خۆیان بەسەر عەمەلیات و بەرگری دا چاوەدێری بکەن، هاتووچۆی فەرماندەکان بۆ ئێرە و ساوە ساو و تێکهاویشتن فایدەی نییە، پێویستە هەموو یارمەتیەکی ماددی و مەعنەوی بەهێزی چەکداری حیزب بکرێ، مالّی ئاوەدان بێ دکتۆر سەعید لەکۆبوونەوەدا گوتبووی تەنیا کاك کەریم بەنووسینی نامەیەك ئومێد و تینی وەبەر ناوین.

رۆژی ١٩٨٢/٤/٣٠ برادەرانی تەشکیلاتی سندوس هاتنە لام خەبەری پاڵەوانەتی هێزی پێشەوامان بۆ هات، پێگەی (بەردە کون تێ)یان لەنێزیك مەهاباد گرتبوو،

سیمی تەلداریان هەڵبڕیبوو چووبوونە نێو پێگە، ٣٠ کەسیان لەهێزی دوژمن کوشتبوو، تانگێکیان هێنابوو، سێ پێشمەرگە شەهید ببوون، سێ بریندارییان گەیاندبوە دەفتەر، پێنج بریندارییشیان لەگوندی شێلمان بەجێ هێشتبوو، بەڵام سەیر ئەوەبوو چەند ماشێن لەدەفتەر هەبوو، ماشێن وەگیر نەدەکەوت کەبچنە شێلمان و بریندارەکان بگەیەننە خەستەخانە، چونکە هەرکەس ماشێنی بەئی خۆی دەزانی و وەدوای کار و گەڕانی خۆی دەکەوت.

٨٢/٥/١ محەمەدی زەنگەنەی شەهید و وەستا عەولا هاتنە لام هێندێ کتێبمدا بەمحەمەد زەنگەنە و بەجیدی ئەسپاردم پارێزگاری خۆی بکا، فەردین رۆژی لەدایکبوونی بوو، دەزگایەکی خۆمانەمان ساز کرد، ئێوارێ کاك نەبی قادری هات ئەویش لەسەر وەزعی شیمال گلەیی هەبوو، دەیگوت دەفتەری سیاسی بەئانقەست مەسەلەی شیمال چارەسەر ناکا.

١٩٨٢/٥/٢ مەلا سمایلی حاجی هاتە لام دەیگوت پێشمەرگە لەجەبهەی بانە بەربەرەکانی نەکردوە، کاك جەلیل گوتوویە، خۆمان سوك کردوە و دەمانەوێ بپەڕینەوە، مەلا سمایل گوتی: ئەوانە خەریکن مەیدان چۆڵ کەن و بۆ عێراق بچن، تەگبیر چییە؟ گوتم: مەیدان چۆل ناکەن، پەڕینەوە مانای رۆیشتنی یەکجاری نییە، ئەگەر ئەوانەش بڕۆن خەڵکی تر کەبڕوایان بەمافی نەتەوەیی هەیە خەبات درێژی پێ دەدەن.

١٩٨٢/٥/٤ لەگەڵ هەمزەی قادری چوومە سندوسی، شەو لەگوندی شێلمجاران میوانی کاکە مین بووین، مالّە ئەو پیاوە بۆ پێشمەرگە و کادر و هاتووچۆی ئەندامانی حیزبی وەك خانەقای لێهاتبوو، بەراستی پیاو لەفیداکاری ئەم خەڵکی سەری سوور دەما، ئەو کاکە مینە بەهەموو خاو و خێزانیەوە لەخزمەتی پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب زیاتر هیچی نەدەکرد، لەوێ خەبەری ناخۆشی

قازیاوا هات پاسدار و جاش شەو دەچنە گوندی قازیاوا، بنکەی پێشمەرگە پەلامار دەدەن و ٨ کەسیان شەهید دەکەن، ٢ کەسیش لەخەڵکی گوندی دەگرن و لەگەڵ جۆیان دەبەن، رۆژی دوایی چوومە گەرگولی خوارێ، میوانی پورزایەکم بووم کەسانەهای سالّ بوو نەمدیبوو، کاك ئەمیر و رەحیمی محەمەد زادە و کاك موڕادی کرمانجی هاتنە لام، رۆژی دوایی چوومە دایماو، لەدوای خوارزاکانم نارد هاتنە لام، پاش چەند رۆژ گەڕامەوە بۆ گەرگول شەو لەنێوان کاك محەمەدی بەرپرسی هێزی بەرگری و کاك نەبی قادری بەرپرسی تەشکیلاتی نەغەدە کێشە و دم بەدمەیەکی سەیر ساز بوو، کاك محەمەد هاواری بوو دەیگوت: لەم کوردستانە تەنیا فەقیر و هەژار دەچنە جەبهە کێشك دەکێشن خزمەتی حیزب دەکەن و خۆ بەکوشت دەدەن، دەوڵەمەندەکان نە یارمەتی دەدەن نە تفەنگ دەکردن نە کۆمەك بەو فەقیرانە دەکەن نەدەچنە جەبهە، کاك نەبی دەیگوت ئێمە بەزۆری خەڵك نانێرینە جەبهە و نایانکەینە هێزی بەرگری، من ناچار بەلایەنگری لەکاك محەمەد وەدەنگ هاتم، کاك نەبی گوتی تکایە با لێرە ئەو باسە درێژە پێ نەدەین، بەیانی کاك نەبی قادری شیعرە فارسیەکانی خەیامی لەگەڵ وەرگێڕاوە کوردیەکەی مامۆستا هەژار بەراورد و موقایسە کردبوو، هێنای پێشەکی بۆ بنووسم، دەیویست چاپیان بکا، کارێکی زۆر جوانی کردبوو، منیش پێشەکیەکم بۆ نووسی بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نەمدی کەچاپکرابن.

رۆژی ١٩٨٢/٥/١١ لەگەڵ کاك ئەمیری قازی چووینە گەرگولی خوارێ و لەژن مارەکردنی کاك رەحیمی محەمەد زادەدا بەشدار بووین، کوڕێکی خەڵکی گەرگول بەناوی خالید لەسەر هەوای نایلۆنەی ماملێ گۆرانیەکی پێشمەرگەی دانابوو، یەکجار جوان و هاندەرانە بوو، تۆمارم کرد و لەرادیۆدا بڵاومان دەکردەوە، برادەرانی تەشکیلاتی شنۆ داوایان لێ کردبووم کەبۆ گۆڤاری (کێڵەشین) وتارێکیان

بۆ بنووسم، لەژێر سەرخەتی (تەئسیری شۆڕش لەژیانی کۆمەڵایەتیدا) وتارێکم نووسیبوو کەچەند جار لەرادیۆش دا بڵاو کرایەوە.

رۆژی ١٩٨٢/٥/١٥ بەبۆنەی هاتنەوەی دکتۆر قاسملۆ لەسەفەری دەرەوە چوومە لای، دوو بەدوو باسی گەلێك شتمان کرد، لەسەر کەم و کوڕی تەشکیلات و شێوەی تەبلیغات و ناتەواوی کاروباری حیزبی و سیاسەتی بەرگری زۆر رەخنەم گرت، لەوەڵامدا گوتی: (ئەوانەی دەڵێی هەموو راستە، بەڵام چ بکەم خۆ کادر لەداری دا ناتاشرێ هەر ئەوانە هەن، کوڕە باشەکان کەهەڵدەسووران زۆریان لەگەڵ تاقمی حەوت کەسە رۆیشتن)، دکتۆر دەیزانی وانییە، کوڕی باش هێشتا زۆر هەبوون، بەڵام کاریان نەدەدانێ، گالتەیان پێ دەکردن، دەیانگرتن، لەژێر چاوەدێری کۆمیسیۆنی بازرەسی دا بوون.

١٩٨٢/٥/١٦ کاك شەهابی خەلیلی کادرێکی ژیری حیزبی هاتە لام، گوتی: دەمانەوێ لەحیزب دەربچین، ناوێرین باسی سیاسی بکەین بەتاقمی حەوت کەسە و بەتودەییمان دادەنێن، رێگا نادەن لەحیزب دا کار بکەین ناوێرین باسی سۆسیالیزم بکەین، مانەوەمان لەحیزبدا ئیمکانی نییە، دڵخۆشیم داوە گوتم: بەر لەهەموو شت ئەوەندە بزانن کەئەو حیزبە حیزبێکی میللی دیموکراتە، هەموو جۆرە بیروباوەڕێکی تێدایە، ئێوە نابێ هەڵەی غەنی بلوریان دووپات کەنەوە و مەیدان خاڵی بکەن، پێویستە لەحیزبدا بمێننەوە و تێکۆشانی خۆتان درێژە پێ بدەن، ئێوارێ کاك سەلیم و سەید حەسەن و کاکەڵاو قاسمی قارەمانی و ناسری زەردەشت هاتە لام تا شەو درەنگ بەباسی سیاسی و دەرد و داخ و قسەی خۆش رامانبوارد.

رۆژی ١٩٨٢/٥/٢٠ ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ پاسدار و هێزی بارزانیەکان لەپیرانشارەوە بۆ سەر گوندەکانی زێدان و جەران و کۆنە لاجان و قەڵاتی موتاوێ

هێرشیان دەست پێکرد، لەو شەڕەدا چەند پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات شەهید بوون، وەك لەرادیۆ دا بڵاومان کردەوە جاش و پاسداری زۆریش کوژرابوون، بەڵام رووداوێکی ناخۆشتر رووی دابوو، هاونیشتمانێکی خەڵکی بادیناوێ بەناوی عەولا رەبەنە کوڕێکی لەو شەڕەدا شەهید دەبێ، بەهاواری کوڕەکەیەوە دەچێ کەمەیتەکەی بێنێتەوە، تا دەگەڕێتەوە بەسەر مەیتی کوڕێکی دیکەی دا دێتەوە کەدەچۆمیدا دەخنکێ.

رۆژی ١٩٨٢/٥/٢١ لەگەڵ کاك سەید حەسەنی هاشمی برپیارماندابوو بچینە کێوی، هێندێ رەشماڵ لەسەرەوەی ئێمە هەڵیان دابوو، دەمانویست نیوەڕۆ بچینە ئەو چادرانە میوانیان بین، بەڵام بەیانی مامۆستایەکی شۆڕشم لێ میوان بوو، لەناوچەی پیرانشارەوە هاتبوو نەدەکرا بەجێی بێڵم، دەڵێن میوان رسقی خۆی لەگەڵ خۆی دێنێ، رۆژی پێشتر دکتۆر ئاسۆ گۆشتی بۆ هێنابووم، دەڵێن میوان خۆشەویستە، جا بەتایبەتی ئەگەر روح سووکیش بێ، میوان زۆر گورجانە دەستی کرد بەچێشت لێنان و سەماوەر حازر کردن، کاك سەید حەسەن پەیدا بوو، خۆی هەڵکردبوو دەمانچەی بەقەدیەوە هاتبوو بچینە چادران، لەبەر دەرکێ کەچاوی بەمیوانی کەوت قوت بوو، راوەستا و حەپەسا، گوتم بۆ وا وێشك بووی فەرموو وەرە ژوورێ؟

– چی؟.... ئەوە چییە، ئەدی ناچینە چادران؟

– کوڕە وەرە ژوورێ چادری چی، ئەوە نییە نان و چامان بۆ حازر دەبێ، سەید حەسەن هاتە ژوور و دانیشتین میوان نانێکی باشی بۆ ئامادە کردین، شەترەنجمان کرد و چایمان خواردەوە، کاك سەید حەسەن هەمیشە دوای نان خواردن لەمیوانخانە هەڵدەستا و دەچۆوە هۆدەکەی خۆی ئیسراحەتی بکا، دیاربوو ئەو رۆژە هۆدەکەی منی پێ خۆشتر بوو، نەدەبزووت، خوارزایەکی

پێشمەرگەم لەلابوو گوتم: بچۆ بزانە مالّە پۆلّای تەرازوویان هەیە، سەید حەسەن گوتی: (تەرازووت بۆ چییە؟).

– بۆیەمە ئەگەر دەتەوێ مالّەکەم لەگەڵ بەش کەی بەکێشان بەشەکەی خۆت بدەمێ و بڕۆی، نانت خواردوە، چات خواردۆتەوە، شەترەنجت کردووە، ئیدی بۆ ناڕۆی ئیستراحەتێ بکەی.

کردی بەپێکەنین... جا قەت ئەوەش قسەیە، سەید حەسەن رۆیی، لام وایە دوای دوو رۆژ لەدوورەوە کاك سەید حەسەن–م دیتەوە، دەستم لێ هەڵێنا و سڵاوم لێکرد، گوتی: نەیە پێشی تەقەت لێ دەکەم.. تورِەم.. بێزارم... تەقەت لێ دەکەم نەیە پێشێ، ئەم گاڵتەیە ماوەیەك لەنێوماندا بەردەوام بوو.

ئێوارەی ئەو رۆژە رەشید خان هاتە لام، نامەیەکی پەخشانی کچی بۆ هێنابووم لەگەڵ وتارێك لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی ژن لەکوردستان، پەخشانی کچی رەشید خان لەنێو ئەو هەموو ژن و کچەی کوردستانی ئێران کەمەجبوور ببوون بێنە چیا، تاقە کەس بوو کەچەند وتاری جوان و بەپێزی بۆ رادیۆ دەنووسی و دەینارد و وتارەکانمان بڵاو دەکردەوە.

رۆژی ۱۹۸۲/٥/۲۳ کاك عومەری قازی و کاك مستەفای قازی هاتن، رۆژی دوایی پێکەوە چووینە میراوێ و شەویش چووینە گوندی کونە مشکێ میوانی ئاغای سەلیم ئاغا بووین، شەوێکی خۆش و دۆستانەمان رابوارد، بەیانی کەهاتینە دەر دیتمان چەند کەس لەموجاهیدەکانی مەسعودی رەجەوی دوو سێ گوێ درێژیان بار کردوە و بەرەو داوداوە و سنوری عێراق دەچنە خوارێ، رۆژی دوایی چووینە گوندی تەرکەشی لەکن سەید رەسوڵی رەحمەتی لامان دا، لەدۆڵەکەی پشتی تەرکەشی بنکەی هێزی دامەزراندبوو، چەند فڕۆکە بەسەر ناوچەدا دەسوڕانەوە،

ژن و منداڵ رووبان کردە بن بەرد و ئەشکەوتەکان، پەناگا و حاشارگەی قایمی لێ بوو، هەوەڵجار بوو سەید رەسوو ببینم بەبێ تەشریفات تەنیا بەنان و چێشتی پێشمەرگە میوان بەڕێ بکات، زۆرم پێخۆش بوو، هەر وەک گاڵتەی لەنێومان دا هەبوو بەقەولی خۆی گوتم: سەید رەسو دیارە کوردەکە عاقڵ بووە ! دوای نیوەڕۆ چووینە گوندی هەنگەوێ رێکخراوی پیرانشار بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ جەبهەی شەڕ بنکەیەکی کردبۆوە، کەچووم لەوێ سەری برادەران بدەم لەئاست فیداکاری و نیشتمانپەروەری خەڵک سەرم دانواند، ئەوەندە نان و پەنیر و قەند و چا و سیغار و شقارتە و گۆریە و سەرکڵاو و دەستەوانە و پێڵاو و کراس و شتی تر کۆکرابوونەوە لەهۆدەکاندا جێ نەدەبوو، بەڵام وەسیلەی ناردن و پێڕاگەیاندن کەم بوو، چوومە بیمارستان سەری برینداڕەکان بدەم یەک لەپێشمەرگەکان گوتی: (کاک کەریم من هەر دەستێکم برینداڕە، بەدکتۆرەکان بڵێ ئازادم کەن با بچمەوە جەبهە، دەتوانم بەدەستێک شەڕ بکەم)، شەو هاتینەوە میراوێ میوانی مەلا قادری ئەحمەدی بووین، رۆژی دوایی گەڕاینەوە بۆ دەفتەر کاک عەزیزی مەلێ لەئەوروپاوە هاتبۆوە، نامەی شلێری کچمی بۆ هێنابووم، دووربینی فیلم بەرداری بۆ چاککردبووم بۆی هێنابوومەوە سوپاسی دەکەم.

رۆژی ۱۹۸۲/٥/۲٥ دکتۆر قاسملۆ کەلەسەفەری ئەوروپا گەڕابۆوە برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی ئەوانەی لەوێ بوون و دەفتەری سیاسی چووبوونە لای، دکتۆر قەولی دابوو لەکۆبوونەوەی شتی لەسەر سۆسیالیزم قسە بکات، رۆژی دوایی تەیمور و شاپور و عەلی کاشفپور و دوو برادەری لای بانە هاتنە لام، گوتیان: (قەرار وایە دکتۆر لەکۆبوونەوەی گشتی دا سۆسیالیزم لەبەرنامەی حیزب رەد کاتەوە) گوتم: شتی وا نییە، کۆنگرەی پێنج سۆسیالیزمی وەک ئامانجی نیهایی حیزبی دیموکرات پەسند کردووە، دکتۆر بەتەنیا بەرنامەی حیزب رەد ناکاتەوە،

لەو بەینەیدا تا شەوی کۆبوونەوە لەنێو برادەرانی دانیشتوی دەوروبەری دەفتەری سیاسی و میوانەکان لەخۆڕا باس هەر ئەوە بوو کەدکتۆر سۆسیالیزم رەد دەکاتەوە، کەسیش نەبوو بچێ لەگەڵ دکتۆر باس بکا و یا پرسیاری لێ بکا، رۆژی ١٩٨٢/٥/٣٠ لەکۆبوونەوەی گشتی دا دکتۆر باسەکەی لەسەر سۆسیالیزم دامەزراند، قسەکانی هەمووی جوان و بابەتی و بەگوێرەی زانستی سۆسیالیستی، سۆسیالیزمی روون دەکردەوە، گوتی: (ئێمە سۆسیالیزمێکمان دەوێ کەلەگەڵ هەل و مەرجی ولاتەکەمان یەک بگرێ)، ئەوەش راست لەبەرنامەی حیزبدا پەسند کرابوو، کەدکتۆر تەواو بوو من گوتم: (زۆرم پێ خۆش بوو هاتمە ئەو کۆبوونەوەیە، سێ رۆژە لەم دۆڵەدا بلاوبۆتەوە کەگوایا وتاری ئەمشەوەی دکتۆر رەدکردنەوەی سۆسیالیزمە، بەراستی زۆر کەسی لەبرادەران نیگەران کردبوو، منیش خۆم بۆ موناقەشەیەکی جیددی لەم بارەدا ئامادە کردبوو، ئێستا بێجگە لەوەی کەقسەکانی دکتۆری لەبارەی سۆسیالیزمەوە تەئید بکەم هیچی دیکەم نییە لێی زیاد بکەم.

مەلا عەلی کتابی لەرێکخراوی سەقز ئیجازەی خواست و لەسەر کەم و کوڕی نێو حیزب و قبوڵ نەکردنی رەخنە و جواب نەدانەوەی پێشنیار و رەخنەی ئەندامانی حیزب و نەبوونی دیموکراسی هەندێ پرسیاری کردن، مەلا عەولای حەیاکی گوتی: (ئەو قسانە راست بیروڕای تاقمی حەوت کەسەن و ئەوانەش تازە لەحیزبی ئێمەدا ناتوانن گوڵ بکەن)، لەمەلا عەولا وەدەنگ هاتم و گوتم: بیانووی چاکە هەرکەس زمانی گەڕا بڵێن ئەوە بیروڕای تاقمی حەوت کەسەیە، ئەوەی مەلا عەلی گوتی زۆر کەمترە لەهەموو کەم و کوڕییەی کەدەحیزبدا هەیە، ئێوە کەلەسەرەوە دانیشتوون ناتانەوێ بانبینن، بەڵام ئەندامانی حیزب کەزەحمەتکێش و فیداکارن هەستی پێ دەکەن و وەدەنگیش نێن، دکتۆر قاسملۆ بەدمی مەلا عەولای داداوە و گوتی: (ئەوە راست نییە هەر برادەرێکی بیروڕای خۆی دەربڕی بەلایەنگری

تاقمێکی تر تاوانبار بکرێ، دەبێ رێگا بدەین برادەران بیروڕای خۆیان دەربڕن)، دکتۆر لەکۆبوونەوەی گشتی دا وای دەگوت، بەڵام دەورووبەرەکەی ئەو دەرسانە لەو قێر دەبوون و هەر بەپشتیوانی ئەویش بیروڕا و بۆچوونی ئەندامانیان سەرکوت دەکرد.

رۆژی ١٩٨٢/٦/١ نامەیەکم بۆ پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی نووسی تەواوی کەم و کوڕی و ناتەواوی کاری تەبلیغاتی و تەشکیلاتی و سیاسی و نیزامیم روون کردبۆوە، بەڵام نەهیچ جوابیان داوە نەهیچ تەئسیرێکیشی هەبوو.

رۆژی ١٩٨٢/٦/٨ دکتۆر قاسملۆ داوای کرد بچمە لای، لەگەڵ باسکردنی هێندێ بارودۆخی سیاسی و پێوەندی دەرەوە گوتی: (پێم باشە سەفەرێك بۆ ئەوروپا بکەی لەوێ هەوڵ بدەی بەڵکو دەرەتانی سەفەرێکی دەستەی نوێنەرایەتی حیزب بۆ مۆسکۆ یا بەتەنیا چوونی من پێك بێنی، پێم وا باشە کەوا نیشان بدەی کەدەچیە مەرەخەستی و سەری منداڵەکان دەدەی، ئێمە بەتەماین چەند برادەرێکی مەسئول و هێندێ پێشمەرگە بۆ شیمال بنێرین، دەتوانی لەگەڵ ئەوان بچی تا نێزیك سنور، لەوێ جانگیر ئاغای دەری بدۆزیەوە و ئەو بەرێت دەکا تا دەچیە تورکیا، منیش نامەیەکی بۆ دەنووسم، دەبێ وابکەی زووتر بگەڕێیەوە).

مەلا عەزیز دەمێك بوو داوای دەکرد کەبچم لەگوندی کونە مشکێ میوانی مالّی بابی بم، رۆژی ١٩٨٢/٦/١٠ لەگەڵ دکتۆر ئاسۆ و فەرەیدونی میتران چووینە واوان، لەوێوە دەچوینە میراوێ لەگرژال لەمالّی کاك حەمە رەسوڵی حەسەنپور لاماندا، تەشکیلاتی سەردەشت بەسەرۆکایەتی کاك سەعید کوێستانی کۆبوونەوەی کادرانی هەبوو، عەولاێ عیزت پووری ئەندامی چریکی فیدای خەڵك و خزمی دکتۆر قاسملۆ کەببووە دیموکرات و بەچەند شەو و رۆژ بەپلیکاناندا سەرکەوتبوو ببووە بەرپرس و پشکنێری تەشکیلاتی حیزبی، هاتبوو بەسەر کۆبوونەوەپا بگا، بەزەحمەت مەلا عەزیزمان لەکاك سەعید ئەستاند و چووینە میراوێ، لەوێش قادری

عەبدی و سەعیدی سوڵتانیانمان هەڵگرت و چوینە کونە مشکێ، میوانداریەکی پیاوانەی مەنگورانە، بەرخێکیان لەعەرزی دا و شەوێکی خۆشمان رابوارد، سبەی چووینە دەشتی سەوز و مێرگ و مێرغوزاری ئاڵوەتان، نیوەڕۆ گەڕاینەوە سەر بەربەسێڵی مەنگوڕان، کاک عەزیزی ماملێ پەیدا بوو دەگەڕاوە بۆ فەرانسە و خالیدی براشی دەبرد، دەگەڵ سەعیدی سوڵتانیان تا دەشتی مرداوێ بەماشێن بردمان، لەو دەشتە هێندێ مااڵی ئاوارە و دەربەدەر و قاچاخچی و سەوداگەر چادریان هەڵدابوو، کاک عەزیز گەلێک سوپاوە ولاخی وەگیر نەکەوت کەبیانگەیەنێتە بنکەی حیزبی لەسونێ، گوتی: (مەحتەل دەبم کەس ولاخێکمان ناداتێ، تەگبیر چییە، هەستام چوومە چادرێک کەدوو سێ ولاخی لەپێش بەسترابوونەوە، خاوەن چادرەکە مااڵی ئاوەدان بێ و ئێستاش هەر سوپاسی دەکەم، یا ناسیمی یا شەرمە حوزوری بوو یا رێز لێگرتن بوو کەپێم گوت کاکە دوو ولاخمان دەوێ، ئەو برادەرانە بگەیننە سونێ و دەبێ هەر ئێستاش بڕۆن، وەک پیاوان هەر ئەوەندەی گوت: ولاخی خۆتن، ئێستا بەڕێیان دەکەم، کاک عەزیزمان سوار کرد و شرە و بڕەیان لەولاخی ناو خالید و کابرا وەپێشی کەوتن و بەڕێمان کردن، ئێمەش گەڕاینەوە.

لەگەڕانەوەدا تا گەیشتینە میراوێ لەسەر ماهیەتی رژێمی کۆماری ئیسلامی و شێوەی خەبات و رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات لەگەڵ کاک قادری عەبدی باسێکی تۆندمان بوو، من دەمگوت هەر ئەو رێبەرایەتیە سەرەڕای کەم و کوڕی لەهەموو بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی پێشکەوتووتر و نیشتمانپەروەرتر و بەهەقترە، کاک قادر رێبەرانی کۆماری ئیسلامی بەئانتی ئیمپریالیزم دادەنا و خەباتی دژی ئەوانی لەم قۆناخەدا پێ راست نەبوو.

کەهاتینەوە میراوێ تووشی مەلا حەسەنی رەستگار بووم، گوتی با برۆینەوە،

٩٨٢/٦/١٢ لەگەڵ مەلا حەسەنی ڕەستگار بەڕەو دەفتەری سیاسی کەوتینەڕێ، لەگوندی (نێوژێ) گوتی با لادەین لەماڵە کاك بایزی نانێك بخۆین، گوتم ڕێمان دوور نییە، ئێستا دەگەینەوە.

تۆ نازانی... کاکە لادەدەم و بەقسەت ناکەم، بەپێشمەرگەیەکی گوت: بچوو بزانە کاك بایز لەماڵە، ئەگەر پرسیان کێیە، بڵێ کاك کەریمی حسامییە، ئێمە ماشینمان لەخوارێ ڕاگرت، پێشمەرگە چوە سەرێ و گەڕایەوە، هەر بەدوای گەڕانەوەی پێشمەرگەدا کەڵە ژنێکی شۆخی دەنگ نێرانە لەبەر هەیوانێوە بانگی کرد و گوتی: (ئەوە لەبۆ لانادەن، وەڵاهی بەسەری بایزی نارۆن، فەرموون وەرنە سەرێ).

مەلا حەسەن گوتی: ئەها.. بابم.. نەمگوت.. خەریك بووی لێم تێکدەی، چار نەبوو چووینە سەرێ، تازە دانیشتبووین، خوشکی کاك بایزی بوو، یا خێزانی، هات بەخێرهاتنی کردین، زۆری پێ نەچوو کاك بایز و کاحەمەدی سیاقۆڵی و یەك دوو میوانی دیکەش پەیدا بوون، دانیشتنەکەمان خۆشبوو، بەتایبەت دەمێك بوو ئارەزووم بوو کاحەمەدی ببینم، بەخۆشیەوە ئەویش هەر ئەم ئاواتەی هەبوو، لەباسی سیاسی و دەنگ و باس و لێکدانەوەڕا، لەپڕ چووینە سەر ڕاوەماسی و بڕاندنی و سازکردنی شێوەی ژیانی ماسی لەئاوێدا، کوڕێکی ژیری مێرمنداڵی خوێن شیرینی کاك بایزی بەشیپانەی دەرگاوە ڕاوەستابوو، دیاربوو لەکتێبدا لەسەر ژیانی ماسی و حەیواناتی ئاوی خوێندبوویەوە، زۆر بەجوانی لەسەر خۆ دەستیپێکرد و شێوەی ژیان و خۆراکی ماسی و حەیواناتی دیکەی ڕوون دەکردەوە، قسەکانی گەلێك بەتام و سەرنج ڕاکێش بوون، لەپڕ کاك بایز دەنگی دا و نەیهێشت قسەکانی تەواو بکا و گوتی: (هەڕو.. هەڕو نانی حازر کە لەو قسانە گەڕێ، کوڕی بەشێوەیەکی ناحەز شکاندەوە، گوتم: کاك بایز ناهەقبووی، قسەکانی زۆر جوان و زانستی بوون، پێمان خۆشبوو گوێی بدەینێ، کاك بایز گوتی: با بچێ نانی سازکا نان.

نانمان خوارد و سوار بووین هاتینەوە دەفتەری سیاسی ۹۸۲/٦/۱۵ مەلا عەولا هاتە لام، گوتی: دکتۆر دەڵێ داوای سەفەرت کردووە، برادەران موافیقن، بەڵام بەو شەرتەی زوو بگەڕێیەوە، گوتوشیانە بەناوی حیزب لەدەرەوە نابێ قسە بکەی!!

پاش ئەوەی تۆزێك مات بووم و بیرم لەفندل فێڵی دکتۆر کردەوە گوتم: (من بەناوی حیزب قسە ناکەم، بەڵام بەناوی خۆم لەهەموو شوێنێ، لەسەر هەموو مەسەلەیەکی کورد و کوردستان، هەرچی بیزانم دەیڵێم و دەشنووسم) مامۆستا گوتی: بۆ خەرجی سەفەریش ۲۰ هەزار تمەنیان بۆ داناوی، کەڕۆیشتی بچوو وەربگرە.

۹۸۲/٦/۱٦ بەبۆنەی دوو ساڵ بڵاوبوونەوەی دەنگی کوردستان کۆبوونەوەمان هەبوو، بەدرێژی لەسەری کاری رادیۆ و شێوەی تەبلیغات و تەئسیری رادیۆ وتارێکم خوێندەوە، کابرایەکی نوێنەری موجاهیدینی خەڵك و حەسەنی ماسالیش بەشی خۆیان تێ خست.

ڕۆژی ۹۸۲/٦/۱۸ کاك عەزیز محەمەد و مام جەلال و کاك ڕەسوڵ مامەند هاتنە دەفتەری سیاسی، ئێوارێ لەپێش دەفتەر کۆببوویناوە، مام جەلال گوتی: کورد سەردەکەوێ، ئەمجارە بزووتنەوەی کوردایەتی سەردەکەوێ، دکتۆر قاسملۆ گوتی: مام جەلال دەڵێی خەونت دیوە، کورد بەچی سەردەکەوێ؟

– نا خەونم نەدیوە، ئەوە یەکەمجارە کەمن و کاك کەریم بیرورامان وەك یەکە، مەسەلە ئەوەبوو، من وتارێکم نووسیبوو بۆ گۆڤاری (نووسەری کوردستان) مام جەلالیش لەژمارەی دواتردا لەژێر سەرخەتی (کاك کەریمی حسامی چاکی بۆ چوە) لەم بوارەدا وتارێکی بڵاو کردبۆوە، ئێوارێ بەبۆنەی میوانداری کاك عەزیز و مام جەلال و ڕەسوڵ مامەندەوە زۆر لەبرادەران داوەت کرابوون، دوای نانخواردن دکتۆر دیاریدا بەبرادەرانی میوان، شەو درەنگ من و کاك عەزیز و مام جەلال

چوویندوە ژوورەکەی ئەوان، تا دوای نیوەشەوێکی درەنگ دانیشتین و لەسەر بارودۆخی کوردستان و شێوەی خەبات و یاری سیاسەتی نێو نەتەوەیی قسەمانکرد، هەوەڵجار بوو ببینم مام جەلال لەسەر ئەو باوەڕەبێ کەبۆ رزگاری مەسەلەی کورد تەنیا دەبێ پاڵ وەسۆفێت بدەین، من زۆر درەنگ چوومەوە ژوورەکەی خۆم، بەیانی کاك عەزیز و ئەبو حیکمەت و کاك رەسوڵ مامەند هاتنە ژوورەکەی من، کاك رەسوڵ مامەند گوتی: (پێش کۆنگرەی حیزبی دیموکرات لەتاران پێوەندیان بەمنەوە گرت، کەبەحیزبی دیموکرات رابگەیەنم، لەکۆنگرەدا دروشمی توند هەڵنەگرن، ئەوان لەوە دەترسان کەلەگەڵ موجاهیدان یەکبگرن، پێوەندیم بەحیزبی دیموکراتەوە گرت، رێگایان نەدا بیانبینم).

لەکاك رەسوڵم نەپرسی: کام تاقم پێوەندیان پێوە گرتوە و ئەوەیان راسپاردوە؟

رۆژی ٩٨٢/٦/٢١ چوومە لای دکتۆر قاسملۆ خواحافیزی بکەم، کاك سوڵتانی شێخاغایی لەکنبوو، جارێکی دیکەش لەبارەی ناتەواوی کاری تەشکیلاتی و شێوەی تەبلیغاتی رادیۆ هێندێ یادداشتم هەبوون، لەگەڵ دکتۆرم باسکرد، دوای نیوەڕۆ لەگەڵ کاك ئەمیری قازی و سەید حەسەنی هاشمی، چووینە میراوێ، قەراربوو کاك ئەمیریش لەگەڵ من سەفەر بکا.

بەرەو ئەورووپا

رۆژی ٩٨٢/٦/٢٢ لەگەڵ مەلا سمایلی حاجی چووینە لای برادەرانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، کاك سەلیم نامەیەکی دامێ، بۆ برادەرانیان لەناوچەی سۆما کەبۆ دەرباز بوون یارمەتیم بدەن، نامەکەم وەرگرت، هەرچەندە پێویستم بەیارمەتی ئەوان نەدەبوو، دوای نیوەڕۆ سوار بووین، چووینە گوندی قەرەخدری ماڵە بابی مەلا سمایلی، بەیانی خەبەریان دامێ کەخوشکم و کوڕەکانی لەگوندی جەرانێ رایان کردوە، لەقەرەخدری لەمەدرەسەیدا دەژین، کەچووم، زۆر

ناڕەحەتبووم، لەژوورێکی چۆڵ و ڕەق و تەق، هیچیان نەبوو، تۆزێك لەلایان دانیشتم و هێندێکم پارە دانێ و بەجێم هێشتن، ڕۆژی ٩٨٢/٦/٢٤ چوومە گوندی مەحمە شەو ناردم حوسێنی خوارزام هات، عەینەکم پێدا ناردە ورمێ لای برادەرێکی جوامێری ئازربایجانی کەپێکەوە لەزیندانی دەورانی شای دا رامانبوارد بوو، دوای ئازاد بوون ئەو لەورمێ عەینەکسازیەکی شازی وەکارخستبوو، یەك دوو جاری دیکەش عەینەکی برادەرانم ناردبوە لای، پیاوانە بێ پارە ڕایپەڕاندبوو.

لەمەحمە شە حاجی مەلا محەمەد پرسی پێکردم کەداخوا مەسلەحەتە خۆم بکەمە کاندیدای مەجلیس یان نا؟ گوتم نابێ کاری وا بکەی، هیچ کوردێکی نیشتمانپەروەر ئێستا ناتوانێ لەداموەزگای ئەم ڕژێمەدا بەشداری بکا، ڕۆژی ٩٨٢/٦/٢٥ برادەرێکی کۆنی حیزبی لەماسوێ داوەتی کردم و دەبوایە هەر بچم، کەچووین لە (هومامی) کوێستانی نێزیك بەمەیدان بەڵەکێ، دەزگای ساز کردبوو، ناردم هەباساغای برادەریشم هات، دیتم کاك قادری شەهابی لەم کوێستانە، پەیدا بوو، گوتی خەبەرم هەبوو کەبۆ ئەو لایە هاتووی، هاتم چاوم پێت بکەوێ، کاك قادر کەخەریکبوو خۆی ئەمین کاتەوە، دەستیکرد بەپەلاماردانی ڕێبەرانی حیزب و ڕەخنەی ڕوناکبیرانی بەزیو، گوتم کاك قادر تۆ کەدەتەوێ خۆت تەئمین کەیەوە، هەقی خۆتە، بەڵام هەقنیە وا حیزب پەلامار بدەی، شەو هاتینەوە ماسوێ، ڕۆژی دوایی هاتمەوە مەحمەشە، ئیکیپی شیمال وردە وردە دەهاتن بۆ سندوسی کەلەوێڕا حەرەکەت بکەن، کاك فەتاحی کاویان وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی بەرپرسی دەستە بوو، کاك نەبی قادری و سەرهەنگ قادری و لقێکی پێشمەرگەی قۆچاخ و بەکار، منیش دیارە سەفەری تایبەتی خۆم بوو، هیچ بارگرانی و مەسئولیەت و حیزبیم بەئەستۆوە نەبوو، ڕۆژی ٩٨٢/٦/٣٠ لەگەرگولەوە کەوتینەڕێ و لەگوندی شاوەلە گیربووین تا ئێوارەی بەسەردا هات،

شۆڕ بووینـەوە بـۆ گـەڵوانێ، لەگـەڵوانێ، سـواری تـەراکتۆران بـووین، بـەئاڵیاوە و نـەرزەمێزدا، لەدەربەنـدی لەچـۆمی پەڕینـەوە و بەجاشـێران و قەڵاتانـدا چـوینە حـەلبێ، هێـزی سمکـۆ، پیاوانـە تـەواوی رێگاوبـانی دەرچـوونمانی خسـتبوە ژێـر چاودێری و لەهەموو گوندەکانی سـەر رێگـا، پێشـتر پێشـمەرگە و هێـزی بـەرگری ئامـادە بـوون، کـاك فـەتاح دووربینێکـی شـەوی پێبـوو، لەشـوێنە بەترسـەکان دەوروبـەری رێگـای بـاش دەپشـکنی، شـەو لەگونـدی حـەلبێ پێشـمەرگەیان دامەزراند، بەو شەرتەی بەیانی زوو، لەگوندی دەرکەون بۆ (قۆزلو).

قۆزلو دارستانێکی خۆرسکە لەپشنی (حەلب و کۆیکان)، دۆڵێکی پڕ لەدارە گوێز و لێرەوارێکـی ئەسـتەم و چـڕ و رژد و بەردەڵانـە، خـەڵك بەچـاك و پـیری دەزانـن و دارەکان نابڕن، رۆژانی جێژن و نەورۆز و بەهاران خەڵکی ئەو گوندانـە بـۆ شـایی و زەماوەند و سەیران روو دەکەنە قۆزلو، مەکۆ و پەناگای دڵدارانە.

مااڵ ئامۆزایەکم لەحەلبێ بوو، شەو لەگەڵ کاك عومـەر و یـەك دوو بـرادەری دیکـە چووینە وێ، باسی میوانداری ئەو شەوە ناکرێ، شەو پێم گـوتن بـەیانی گیسـکێك بکوژنـەوە و لەگـەڵ نـان و برنجێکـی زۆر بیهێننـە قۆزلـو، بـەیانی زوو سـواری تـەراکتۆریان کـردین بـۆ قۆزلـو، ئێمـە لەشـاوەلە ببووینـە دوو دەسـتە، دەسـتەی سەرهەنگ قادری و کانەبی دەبوایە دوایە بێن لەقۆزلو، یەکتر بگرینەوە، دەسـتەی پێشێ، تێبینی خواردەمەنی و رێگـا و تێشـوویان نـەکرد بـوو، بەرنامـەی رۆیشـتن دیار نەبوو، باشبوو ئامۆزاکانی من بەدرەنگەوە چێشت و نان و پـەنیرێکی زۆریـان هێنا، بڕیار وابوو دوای نیوەڕۆ بکەوینەڕێ، بەاڵم هیچ دیار نەبوو، فەتاحی کاویـان و کاك ئۆمەر لەپێشمەرگەکان جیـا ببوونـەوە، نەیانـدەزانی لـەکوێن، ناچـار لـەبن داران لێی باڵو ببوون، بایەکی ساردی دەهات و مـرۆ خـۆی رانـەدەگرت، نیوەشـەو دەستەی دووەمیش گەیشتێ، لەسەر بێ بەرنامەیی لـەنێوان نـەبی قـادری و بـرای

شەهید حاتەمی دا بوو بەدمەقالێیەکی توند، پێشمەرگە برسی ببوون و هیچیان پێنەبوو، بەیانی نامەیەکم نووسی بۆ برادەرانی حیزبی لەگوندی (کۆیکان) کەپێشتر دەمناسین، بۆم نووسین کەنان و پێخۆرێکی زۆرمان بۆ بێنن، بەیانی زوو برادەرێك داگەڕا خواردن و نامەی برد، نیوەڕۆ بەتراکتۆر نان و چێشت و پەنیرێکی زۆریان گەیاندینێ، پەتویەکی زۆریشیان هێنابوو، رۆژی دوایی سەعاتی چواری ئێوارێ، کەوتینەڕێ، سەعاتی دووی دوای نیوە شەو هیلاك و شەکەت و برسی، گەیشتینە هۆبەیەکی عەجەمان، خەڵکی (جەبەل و جەبڕان) لەچوغری ورمێ، بەو شەوە پێشوازیەکی باشیان لێکردین، نان و چایان سازکرد و دوای نان و چا خواردن لێی نوستین، بەیانی کەهەستاین، دیتمان بۆ ئەم چادرانە ڕێ ماشێن هەیە، گوتیان رۆژی پێشوو پاسدار هاتوونە لایان، ئێتر ڕاوەستان نەدەکرا، بەگورجی وڵاخ بارکران و بەلاڕێ و بەردەڵاندا وەشاخی کەوتین و دیسان چیایەکی وشك و بێ ئاو و بەردەڵان، گەلێك درەنگ بەهیلاکی لەپشتی گوندی قاسملۆ، گەیشتینە هۆبەی (حاجی بەرکەلیان) جارێکیترین نیشتمانپەروەری و هاودەردی خەڵك خۆی نیشاندا، دانیشتوانی هۆبە، بەپێشوازمانەوە هاتن، پیاوەکان تێکڕا خۆیان بەحیزبی دەزانی، لەوپەڕی دڵاوانەبیدا میوانداریانکرد، هۆبەکە لەبنکەی پاسدارانی گەلی قاسملۆ زۆر دوور نەبوو، ئێوارێ زوو کوڕەکانی هۆبە ببەێ چەك داگەڕانە دەشتێ، بۆ ئەوەی هاتوچۆی جادە بخەنە ژێر چاوەدێری، تاریك داهات، هێزی شەهید نحۆ دەوروبەری جادەیان گرت و بەگورجی لەجادەی ورمێ– شنۆ پەڕینەوە و دیسان وەچیا کەوتینەوە، سەعات چواری بەیانی گەیشتینە گوندی (حەسار)، پێشمەرگە بڵاو کران، هێندێ چوونە گوندی کانی سپی، ئێمە چووینە ماڵی عیرفانی، ماڵێکی ئاوەدان، قەوغا و میوانگر، ئێوارێ ٣ تراکتۆر ئامادە کران، ٩٨٢/٧/٤ کەوتینەڕێ، تەراکتۆر بەهەوراز و لێژی ئەوتۆدا دەڕۆی، ئەوانەی خۆیان

زۆر خۆشدەویست، دەهاتنە خوار و بەپێیان دەڕۆیشتن، لەگوندی (وەرمزیار) لەچۆمی (باراندوز) پەڕینەوە، لەهەموو گوندەکان خەڵک دەچوون ڕێگایان بەسەر دەکردەوە، دوایە ئێمە تێدەپەڕین، لای بەیان گەیشتینە گوندی (مەندە دۆڵ) پێشمەرگەی هێزی نحۆ لەوێ دەسوڕانەوە، پێشمەرگە و مەسئول بڵاڵ کران، من لەگەڵ غەنی چوومە ماڵێ حاجی حەمەدەمین، ماڵی بەخانەی خودای بێ، پێشمەرگەیەکی هێزی نحۆمان هاتە لا، بەناوی (ئەحمەد بەندی) زەلامێکی چوارشانەی دانەتاشراوی سمێل زل و وریا، ئینجە مەمەدی یاشار کەمالم هاتەوە بیر، بەو تەفاوەتە کەئینجە مەمەد کز و وردیلە بوو، ئازا و بەجەرگ و پەرێزەری فەقیر و هەژاران، ئەحمەد بەندی، زەلام و دڕ و ئازا، بەڵام دز و جەردەی تاڵانچی و پێشمەرگەی حیزبیش، بوونی ئەحمەد بەندی لەم ناوچەیە، ترسی پاسدار و ژاندرمەی کەم کردبۆوە، بەڵام خۆی جێگای هەموو پیاو خەراپێکی گرتبۆوە، ئەو دەم دوو سێ کەس هاتن و گازوەندەیان کرد، من بەغەنیم گوت، ئەوە بۆ راووروت بۆتە پێشمەرگە، خۆزیا بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەو دز و چەتانەی بەناو (پێشمەرگە) پاك کرابانەوە.

ئەو رۆژە لەماڵە حاجی باش حەساینەوە و خزمەتی باشیان کردین، ئێوارێ چوار تراکتۆریان ئامادەکرد و سوار بووین، شەوێکی سارد، ڕێگایەکی دوور و هەوراز و لێژ و ناخۆش، لەگوندی (دولی پیسیان) ڕاوەستاین، چەند پێشمەرگە چوون ڕێگای ورمێ- مەرگەوەڕ بەسەرکەنەوە، خەڵکی گوندی بەئامێزان نان و پێخۆریان دەهێنا، لەڕێگای (بەندێ) پەڕینەوە و کەوتینە سەر جادەی سۆما- مەرگەوەڕ، دوای نیوەشەو گەیشتینە گوندی (حەکێ) چووینە ماڵە عەولا بەگی، دیوەخانێکی زەلامی فەرشکراو، بەڵام کەسمان لێ وەدەرنەکەوت، مرادی دڕوێ کەسەردەمێك جاشی ڕاونانی سولەیمانی موعینی و مراد شیرێژ و جەماعەتی ئەوانبوو، ئێستا

خۆی خزاندبوە ریزی پێشمەرگە و کەس نەبوو حیسابی لێ بکێشێ، سەیر ئەوەبوو زۆریش دم لەپێشبوو، هاتبوو رەگەڵ ئەو دەستەی کەوتوبو، بۆ لای سنوری تورکیا دەچوو، شەو چوو لەیەک دوو ماڵان چەند لێفە و پێخەفی هێنان و تا بەیانی بێ نان و چا سەرمان نایەوە، بەیانی کەهەستاین، گوتیان عەولا بەگ شەوێ رایکردوە و چۆتە ورمێ، ئالۆزی کەوتە نێو برادەران، بێ ئەوەی جێگایان کۆ بکەینەوە، بەگورجی وەدەرکەوتین و لەنێو گوندی ٣ تراکتۆر دۆزرانەوە و دەبوایە خێرا لەگوندی دەرکەوین و دەست وەچیا بدەین، پێشمەرگە و تراکتۆر کەوتنەڕێ، من و کاک فەتاح و سەرهەنگ قادری و چوار پێشمەرگە ماینەوە و چووینە ماڵی برای عەولا بەگی، نان و چایان سازکرد و بڕێکی بەسەرداهاتین کەعەولا بەگ بۆ شەوێ رایکردوە، لەوانەیە خەبەری بردبێ، بۆ پاسداران. گوتی عەولا بەگ خەبەری نادا، ترساوە ئەگەر کەسێکی تریش خەبەریدا، ئەو بێژێ ئەز لەورمێ بوومە و ئاگادار نیمە، دەیگوت: عەولا بەگ خاین نییە، ئێمە خاین نین، ئەگەر پێشمەرگە لێرە بێ، ئەمیش کوردین، ئەگەر پێشمەرگەش لێرە نەبێ، ئەم جاشین، نان و چاییمان خوارد و ئێمەش لەگوندی وەدەرکەوتین و بەدوای تراکتۆراندا، بۆ گەلی بەردەڕەشی، وەسەر کەوتین بەدیوی (کەڵانکانی)دا، خەڵکی گوندی کەلەدوورەوە چاویان بەئێمە دەکەوێ، لایان وادەبێ کەپاسدارن، دەستیان دابوە تفەنگان و ئامادەی بەربەرەکانی بوون، کەزانیان پێشمەرگەین، هاتنە پێشوازی و لەگوندی بڵاویان کردین، من و کاک ئۆمەر چووینە ماڵی سەیفەددین کەخۆیان پێیان دەگوت: (سەفیەدین) تا لای نیوەڕۆ حەساینەوە و میواندارییەکی باشیان کرد و دوای نیوەڕۆ کۆبووینەوە کەبڕۆین، لەگردێکی پەنا گوندی دانیشتین کەمەسئولەکان هێندێ قسە بۆ پێشمەرگەکان بکەن، خەڵکی گوندیش کەنانیان دابووینێ و خزمەتیان کردبووین، بۆ بەڕێکردنیشمان هاتبوونە ئەو شوێنەی ئێمە

لێی کۆببوویتەوە، کاك نەبی قادری هەستا و بەخەڵکەکەی گوت: (کاکە ئێوە بڕۆن و لێمان دوور کەونەوە) من لەو دەنگدانە زۆر ناڕەحەتبووم، پاشان هێندێ قسەی کردن، لەبەر ناڕەحەتی نەمزانی چیگوت.

بەدوای ئەودا کاك فەتاح هەستا لەسەر دیسپلین و هێندێ کەم و کوڕی قسەی کرد و پاشان داوای لەمن کرد کەهێندێ قسە بۆ پێشمەرگەکان بکەم، رابووم گوتم بەداخەوە دەبێ قسەکانم بەرەخنە لەبۆچوونی کاك نەبی دەست پێبکەم، نازانم چ پێویست بوو ئەو خەڵکەی هیوای بەئێمەیە، نانیان داوینێ، یارمەتیان داوین، دەنگیان بدەین کەلەئێمە دوور کەونەوە، دەکرا ئێمە بڕۆین لەو مەزرایە لەجێیەك دانیشین قسەی خۆمان بکەین و کەسیش دەنگ نەدەین، پاشان لەسەر بێ بەرنامەیی و کەم و کوڕی ئامادەیی سەفەری وا بەترس، وەلەسەر فیداکاری پێشمەرگە قسەم کرد و لەفەرماندەی هێزی نحۆ و پێشمەرگەکانی سوپاسم کرد، دیارە کاك نەبی قادریش هەروەك هەموو رێبەرانی حیزب نەیگوت و ناشڵێن کەجارێك لەجاران هەڵەیەکمان کردووە و دەبێ راستی کەینەوە، پێیان وایە هەرچی کردوویانە هەمووی هەر باش بووە و هەڵەی تێدا نەبووە، دوای قسەکانم کەوتینەڕێ بەرەو گەلی بەردەڕەشی، لەسەر چۆمی (ئەرزین) رەسمی جوانمان گرتن و لەو ئاوە سارده پەرینوە و چووینە گوندی (بانی)، لەچیمەنی پێش گوندی دانیشتین کەبحەسێینەوە و بزانین وەزعی گوندی چۆنە و چۆن بڵاو دەبین، برادەرێکی خەڵکی گوندی بەناوی کازم لەپێشمەرگەیەك دەپرسێ، ئەرێ ئەوە کەریمی حیسامی نییە لەگەڵتان؟

– بەڵێ راست خۆیەتی.

دیتم کازم هات، زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم و گوتی: (فەرموو تۆ میوانی منی کێش لەگەڵ خۆت دێنی بێنە). دەپێشدا نەمناسی دوایی وەبیرم هاتەوە کاتێك

لەمەهاباد بووین ئێوارەیەك پێشمەرگەی قاوەخانەی ئەمیر ئاباد وەژوور کەوتن گوتیان: دوو جاشی چەکدارمان گرتوون لەتەورێزەوە دەهاتن، هێناومانن، گوتم بیانهێننە ژوورێ، کەوەژوور کەوتن، جانگیر ئاغای دەری و ئەم کازمە، دکتۆر قاسملۆ خەبەری دابوە جانگیرئاغا کەبێتە مەهاباد، ئەودەم جانگیرئاغا تفەنگی دەولّەتی لەکن بوو، لەورمێ وە دەچێتە تەورێز، لەتەورێزەوە بۆ شوێنە ونکە دێتە مەهاباد، لەئەمیر ئاباد پێشمەرگە دەیگرن و چەکی دەکەن و هێنابوویانە تەشکیلاتی مەهاباد.

لەپێشمەرگەکانم وەرگرتن و بردمنە کن دکتۆر قاسملۆ، چووینە مالّی کازم، لام وایە کاك ئەمیر و کاك ئۆمەریش لەگەلّ من هاتن، کاك عومەر کرابوو بەبەرپرسی تەشکیلاتی ورمێ کەبنکەی لەبانی بوو، پێشمەرگەکانی تر لەنێو گوندی بلّاو کران، دوای نیوەڕۆ کۆببوونەوە گوتیان ئەو چۆمە ماسی زۆرە، گوتم کەوایە با بچین ماسیان بگرین، کاك فەتاحی کاویان کەئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی دەستە بوو گوتی: (کاك کەریم حیزب راوە ماسی قەدەغە کردووە)، گوتم: (بەلّای گەورە لەسیاسەت و لەحیزبایەتدا ئەوەیە کەوشك بەفەرمان و بەدەستورەوە بنووسی، حیزب لەسەدەی مەهاباد و لەچۆمەکانی جەغەتوو تەتەهو ماسی گرتنی قەدەغە کردووە، چونکە ماسی تێدا ناهێلّن و دەیبەن بۆ تەورێز و بۆ ورمێ، ئێستا لەم شاخ و داخە لەم چۆمە رژد و خور و بەفراوە، پێشمەرگەی ماندوو و برسی چەند رۆژە گۆشتیان نەدیوە ئەگەر بچن ماسی بگرن قەدەغەیە؟) کاك فەتاح گوتی: (مەسئولیەتەکەی لەئەستۆی تۆیە)، گوتم جا کەوایە کورپنە با بچین بۆ ماسیان، خەلّکی گوندیشمان لەدەورە بوون ئەوانیشمان بردن، گۆمێکیان نیشان داین گوتیان پڕە لەماسی، غەفور یەك دەست نارنجۆکێکی تێ هاویشت و ماسی وەسەر ئاو کەوتن، دەستکرا بەماسی گرتنەوە، خەلّك تەجروبەیان هەبو گۆرەویان

لەدەستی دەکرد و یەک ماسی دەرباز نەدەبوو، راو تەواو بوو سەد و هەشتا ماسی گیرابوونەوە، پێشمەرگەکان و خەڵک وەک برایان بەشیان کردن و هەرکەس بۆ مزڵی خۆی بردەوە.

رۆژی ۱۹۸۲/۷/۷ کاک فەتاح و پێشمەرگەکانی هێزی نحۆ بەرەو سۆما کەوتنەڕێ، بەشی تەشکیلاتی ورمێ لەبانی جێگیر بوو، من و کاک ئەمیری قازی کەموسافیر بووین لەماڵە کازمی ماینەوە، رانکوچۆخێکی سپی جوانم هەبوو، دامن بەکاک هەمزەی قادری و خۆم کردەوە ئەفەندی، ناردمان لەدووی ئەحمەد دەری کەپاسپۆرتەکانمان بۆ عیلاج بکا و مۆرێکی تورکیایان لێ بدا، ئەحمەد هات پاسپۆرتەکانی بردن، بەڵام پاش دوو رۆژ پاسپۆرتەکانی ناردبۆوە و نووسیبووی هیچم بۆ نەکراوە.

رۆژی ۱۹۸۲/۷/۱۰ رادیۆی دەنگی کوردستان خەبەری شەڕی سۆمای بڵاو کردەوە، شەهید بوونی پێشمەرگەیەکی ژیر و ئازا و بەبیروباوەڕی راگەیاند بەناوی (رەحیم غەنی)، وای کەئەو خەبەرەم بیست خورپەم لەدڵی هات، لەو چەند رۆژەدا کەپێکەوە بووین هەڵوێست و گورج و گۆڵی رەفتاری لەگەڵ برادەران و بۆچوون و بیروباوەڕی سیاسی ئەو رۆڵە دێهاتیە چۆن کاری تێکردبووم، چەند هیوادار بووم کەکوڕی ئاوا لەنێو پێشمەرگەدا زۆر بن و بزانن بۆچی چەکیان هەڵگرتوە و رێبازی رزگاری نەتەوەکەیان کامەیە.

لەگەڵ کاک ئەمیر ناردمان لەدوای ئەسفەندیار، یەک لەو بەگزادانەی دەری لەگوندی (ئەربیلان)، رۆژی ۱۹۸۲/۷/۱۱ لەئەسفەندیار پەیدا بوو، دوای نیوەڕۆ لەگەڵ ئەسفەندیار و کازم وڵاخیان بۆ ئێمەش پەیدا کرد و سوار بووین چووینە ئەربیلان ماڵە ئەسفەندیاری، کوڕێکی جوامێر و تێگەیشتوو حەز لەپیاوەتی، رۆژی دوایی لەگەڵ ئەسفەندیاری چووینە گوندی (ئەلوسان) نیزیک سنووری کوردستانی

تورکیا، جا لەوێ پتر لەشوێنەکانی تر هەست بەژێر دەستی کورد دەکرێ، لەو گوندەوە بستوێك دیار بوو هەر ڕێگای پازدە دەقیقە دەبوو، دەیانگوت ئەوە تورکیایە، واتە کوردستانە ئاوا لەت و پەت کراوە.

ماڵە جەنگیر ئاغای دەری و کوڕەکانی و عاسمی بڕای هەموویان لەو گوندەی بوون، بەڵام ئەسفەندیار ئێمەی لەماڵی (حاجی دورسون) دابەزاند، لەراستیشدا ئێمە بووین بەمیوانی حاجی، کوڕەکانی جانگیر ئاغا و براکەی و هەموو هاتن و بەخێرهاتنیان کردین و ئێتر هەر لەماڵە حاجی لێی دانیشتین، بەکوڕەکانم گوت: خەبەر بدەن جانگیر ئاغا بێتەوە، ئەودەم لەتورکیا بوو، هاتوچۆ بۆ ئەوان کەند و کۆسپی نەبوو، چونکە هەموویان پێناسەی تورکیاشیان هەبوو.

حاجی دۆرسون کەوا ڕەسمی نورانی لەم کتێبەدا دەبینرێ دەوڵەمەندێکی گەورەی ئەو مەڵبەندە بوو، دەیانگوت حەوسەت مەڕی هەیە، بەژن و کوڕ و کچ و نەو نەتیژەوە هەشتا و یەك کەس بوون، واتە گوندەکە هەر ئی وان بوو هەر ئەوانیشی تێدا بوون، ماڵە جانگیر ئاغا و کوڕ و برای لەبەر لێ قەوماوی هاتبوونە وێندەرێ و هەر لەسەر ماڵە حاجی بوون، مانگی ڕەمەزان بوو حاجی بەڕۆژوو دەبوو تا ئێوارێ دەتگوت لغاو کراوە دمی پێك دادەدا و یەك قسەی نەدەکرد، کەبەربانگی دەکردەوە و تێری دەخوارد، وەقسە دەکەوت نۆرەی کەسی نەدەدا و هەتا پارشێوێ نەدەنووست، خەویشی لەئێمە حەرام کردبوو.

حاجی فاعلەیی گیادرونی هەبوون دەچوو سەریان بدا کەدەهاتەوە لەدەست فەعلان هاواری بوو، دەیگوت: کاك سەید ئەحمەد لەگەڵ ئەو فەعلانە هیچ ناکرێ ڕۆژێ پێنج جار چای دەخۆنەوە ! ئێوارەیەکی میوانی دیکەی هەبوو، گوتم: حاجی تۆ تەمەنت زۆرە ڕەنگە ڕۆژووت لەسەر نەبێ، بۆچی خۆت ناڕەحەت دەکەی؟ میوانەکەی گوتی: (لەبەر ئەوەیە بەڵکو لەبەهەشتێ دوو سێ حۆری بدەنێ)، گوتم

ئەوە نییە دوو ژنی هەن و ئیتر لەبەهەشتی چی دەوێ؟ حاجی وەدەنگ هات گوتی: (کاك سەید ئەحمەد تۆ بڵێی لەو دنیاش لەچنگ ئەوانە نەجاتیم نەبێ).

خواردنی نیوەڕۆ و ئێوارانمان شۆرباوێکی سوور لەگەڵ باینجانی رەش و بیبار و کولەکە بوو، نیوەڕۆیان هەرچۆنێك بێ شتێکمان دەخوارد، ئێواران کەنانیان دێنا لەگەڵ کاك ئەمیر لەبنەوە خێسەیەکمان لێ دەکرد، نەخێر هەر شۆرباوە سووری نیوەڕۆیە بوو، ئێمە دەستمان لێ نەدەدا، ئەویش قەت تەریق نەدەبۆوە و هەموو جەمان لەقاپلی ناقۆڵادا دەهاتەوە پێشمان.

خواو راستان رۆژی ١٩٨٢/٧/١٥ جانگیر ئاغا هاتەوە، بەڵام چ هاتنەوەیەك، میوانی لەگەڵ بوون بەمیوانەوە ئەویش حاجی دورسون بوون، لەراستیدا ماڵە حاجی مزڵ و میوانخانەی ئەوانیش بوو، جانگیر ئاغا ئەفسەرێکی ئێرانی خەڵکی ورمێی لەگەڵ خۆی هێنابوو، دیاربوو یا جانگیر ئاغا پێی گوتبوو یا پێشتر ناوی منی بیستبو زۆر بەگەرمی لەگەڵ من دایمەزراند و خەیاڵپڵاوی سەیری دەکرد، دەیگوت: (پێویستە عەشیرەتەکانی کورد ئامادە بکرێن و چەکدار بکرێن و پەلامار بەرنە سەر لەشکر و پاسدارانی خومەینی و ناوچەیەك ئازاد بکەن)، واتە بەخەیاڵی ئەو دەبوایە کوردەکە خۆ بەکوشت بدا، ناوچەیەك لەکوردستان ئازاد بکا ئەودەم جەناب سەرهەنگ و هاوکارەکانی بگەڕێنەوە لەسەر کورد و کوردستان ئاغایەتی بکەن، سەرهەنگ سوپیهر لەرادەبەدەر بۆ باخ و زەوی و زار و ئەسپەکانی بەپەرۆش بوو، بەدرێژی باسی ناکۆکی ئەفسەرە ئێرانیەکانی دەکرد، دەیگوت: (شاپوری بەختیار مانگانە نیو ملیۆن دۆلار لەعێراق وەردەگرێ بەپارە هێندێ کەسی کڕیوە، ئەو ئەفسەرە ئێرانیانەی کەلەگەڵ بەختیارن، مانگانە نۆ هەزار فرانکی فەرانسە وەردەگرن، من گوێم بۆ شل دەکرد و ئەویش دەیگوت، کەلێك هەڵدەبراین خڵتەی قسەکانم یادداشت دەکرد.

جانگیر ئاغا گوتی: (لەگەڵ خۆم دەتگەیەنمە دیاربەکر، بەڵام پاسپۆرتی کاك ئەمیری تەواو نەبوو، برپارمان دا من برۆم و پاسپۆرتی کاك ئەمیری لەگەڵ خۆمان بەرین و لەتورکیا چاوەڕوانی بم هەتا پاسپۆرتەکەی بۆ دەگەڕێتەوە و دەمگاتێ.

رۆژی ۱۹۸۲/۷/۱۸ کاك ئەمیرمان بەجێ هێشت و لەگەڵ جانگیر ئاغا بەپێیان چووینە ئەودیوی بستوێ کەگۆیا خاکی تورکیا بوو، چەند سەربازی تورك لەوێ بوون وەپێشمان کەوتن بۆ پاسگایەکی نیزامی، لەوێ کەجانگیر ئاغایان دیت بەخێرهاتنیان کرد و تێپەڕین چووینە گوندی (ساری ئۆلدوز) کەلەپێشدا ناوی ئەم گوندە (کەوکەبە) بووە و تورك ناوەکەیان گۆڕیوە، چوینە مالّی حاجی تەیمور، پێشوازیەکی گەرمیان کرد، خەڵکی گوندی دەهاتنە بەخێرهاتنی جانگیر ئاغا و دەستیشیان ماچ دەکرد، حاجی تەیمور پیاوێکی پیری لەسەرخۆ و قسە خۆش، لەراپەڕینەکانی شێخ سەعید و ئارارات دا بەشداری کردبوو، دەیگوت خودای گەورە هەر بەوەندە دەم بەخشی کەتورکی زۆرم کوشتون، باسی جنایەتی تورکانی دەکرد کەلەگەڵ کورد کردوویانە، دوای خواردنی نان و چایەکی کوردانە ماشێنێکی سواریان هێنا، سوار بووین چوینە گوندی (باسان) مالّە حاجی مەجیدی کەپێیان دەگوت (مەجۆ)، مالّێکی ئاوەدانی مۆدێرنی شارستانی، گوندی باسان ملّکی جانگیر ئاغا بوو، دوای سەعاتێکی حەسانەوە سوار بووین چوینە (گەوەر) لەنێو شار راوەستاین ناردی ماشێنێکی میرسیدیسیان هێنا و سوار بووین چوینە وان، لەرێگا کەتەماشای پاسی جانگیر ئاغایان دەکرد ئیتر رایان نەدەگرتین، ئێوارێ سەعاتی حەوت گەیشتینە وان، جانگیر ئاغا بەرۆژوو بوو، یەکسەر چووینە رەستورانێك نانمان خوارد و شەو چوینە هوتێل کێنت، من لەگەڵ شوفێرەکەی شەو چووم بلیتی ئوتوبوسم کڕی بۆ ئانکارا، شۆفێر کەلەتەواوی رێگادا بێدەنگ بوو کەزانی کوردی ئێرانم جانگیر ئاغاشمان لەکن نەبوو دەستی پێکرد، لەپێشدا لەحیزبی دیموکراتی پرسی پاشان بەئاغا و سەرۆك عەشیرەتان دا هاتە خوار و گوتی: (ئاغا و سەرۆك عەشیرەتی کورد گشتیان پیاوی بێگانەن و هەمیشە

کوردیان فرۆشتوە)، شەو تکام لەجانگیر ئاغا کرد کەپاسپۆرتی کاك ئەمیری زوو جێ بەجێ بکا و بیخاتەڕێ، گوتی: (لەئانکارا بچۆ هوتێل پاریس، چاوەڕوانی کاك ئەمیر بە، دەینێرم بۆ ئەوێ).

ڕۆژی ١٩/٧/١٩٨٢ سەعاتی چوار و نیوی دوای نیوەڕۆ جانگیر ئاغا لەگەڵم هاتە کاراژ و سواری ئوتوبوس بووم بەرەو ئانکارا، نامەیەکم بۆ کاك ئەمیر نوسی کەوا لەهوتێل پاریس لەئانکارا چاوەڕوانت دەبم، ڕۆژی دوایی سەعاتی دوو گەیشتمە ئانکارا شەوی ٧/٢١ لەئانکاراوە تەلیفۆنم کرد بۆ سۆفیا و لەگەڵ دایکی کەمال قسەم کرد، سێ ڕۆژ لەئانکارا چاوەڕوانی کاك ئەمیری بووم نەهات، ڕۆژی ١٩٨٢/٧/٢٤ بەرەو ئەستەنبول کەوتمەڕێ، لەئەستەنبول چوومە هوتێل تەورێز کەخاوەنەکەی کورد بوو، لەئەستەنبول تووشی برادەرێکی کوردی سوریا بووم بەناوی دکتۆر خەلیل، پاش ملە بەناو دەیناسیم، بردمی بۆ مالّی خۆیان لەئەستەنبول شوێنە مێژوویییەکانی نیشان دام، ڕۆژی ٧/٢٦ لەشیرکەتێکی توریستی بلیتی بۆ کرێم و نەیهێشت خۆم پارەکەی بدەم، سوار بووم بۆ سۆفیا، لەسەر سنور ویزای پاسپۆرتەکەم ١٤ مانگی تێپەڕیبوو، دە هەزار لیرەیان لێ وەرگرتم و دەرباز بووم.

دیسان لەنێو مالّ و منداڵ

ڕۆژی ٨٢/٧/٢٧ گەیشتمە سۆفیا و بەدیداری دایکی کەمال و منداڵەکان شاد بوومەوە.

ڕۆژی ٧/٣١ تەلیفۆنم کرد بۆ کاك عەزیزی ماملێ باس و خەبەری کوردستانم پرسی، خەبەری شەڕی پێرانشار و هەوشاری پێ گوتم، کە شازدە پێشمەرگە شەهید ببوون، ڕۆژی ١٩٨٢/٨/٩ کاك ئەمیری قازی گەیشتە سۆفیا، من هەر دوای ئەوەی کەگەیشتمە سۆفیا چوومە بالّوێزخانەی سۆفیەت و لەگەڵ سکرتێری یەکەمی سەفارەت مەسەلەی سەفەری دکتۆر قاسملۆم بۆ مۆسکۆ باسکرد، کابرا گوتی: (ئێمە خەبەر بۆ مۆسکۆ دەنێرین، ئەگەر جواب هاتەوە ئاگادارت دەکەین) ڕۆژی ١٩٨٢/٨/١٣ لەبالّیۆزخانەی سۆفیەتەوە تەلیفۆنیان کرد کەدەیانەوێ بێنە

لات، زۆری پێ نەچوو کابرای سکرتێری یەکەم لەگەڵ یەکی تر پەیدا بوو، کاك ئەمیریش لەوێ بوو، دەستیان کرد بەپرسیاران لەسەر بارودۆخی کوردستان، گوتم: ئەوە کاك ئەمیری قازی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتە هەر پرسیارێکتان هەیە وەڵامتان دەداتەوە منیش دەتوانم تەرجومەی کەم، لەوەڵامی پرسیارەکانی کابرادا لەمەڕ بارودۆخی کوردستان کاك ئەمیر بەدرێژی بۆی باسکردن و لەسەر رووداوەکانی کوردستان رووندی کردنەوە، کابرا گوتی: (ئێوە پێویستە لەبارەی مەسەلەی کورد بەگشتی وەك مەسەلەی ٢٠ میلیۆن کورد کار بکەن، پێویستە بیروڕای خەڵکی ئەوروپای رۆژئاوا بۆ لای مەسەلەی کورد رابکێشن)، کاك ئەمیر گوتی: (ئێمە بیروڕای ئێوەمان پێ گرنگترە پێویستە یەکێتی سۆڤیەتی سەرنجی مەسەلەی کورد بدا)، کابرا گوتی: (سۆڤیەت هی خۆتانە، ئێمە هەمیشە لایەنگری مەسەلەی کوردین، بەڵام روون کردنەوە و راکێشانی بیروڕای گشتی رۆژئاوا تەئسیرێکی گرنگی هەیە، ئەگەر مەسەلەی کورد وەك مەسەلەی فەلەستین لەئەوروپا دەنگ بداتەوە زۆر بەقازانجی کوردە)، بەکورتی لەگەڵ کاك ئەمیر باسێکی گەرم و دۆستانەیان هەبوو، رۆژی دوایی کاك ئەمیر سەفەری کرد، رۆژی ١٩٨٢/٨/٢٥ سکرتێری سەفارەتی سۆڤیەت تەلیفۆنی کرد کەبچم ببینم، لەوێ کابرا گوتی: (کۆمیتەی هاوپەیوەندی لەگەڵ گەلانی ئاسیا و ئەفریقا داوەتی کردووی کەبۆ ماوەی ٢٠ رۆژ بچیە مۆسکۆ، لەوانەیە وەڵامی داخوازیەکەشتان لەوێ وەربگریەوە، ئەگەر موافقەت دەکەی رۆژی ٨٢/٩/٢ لەمۆسکۆ چاوەڕوانت دەبن) رۆژی ٨٢/٨/٢٨ تەلیفۆنم بۆ پاریس کرد کەبەکاك عەزیزی ماملێ بڵێم سەفەرێکی ئاوام بۆ هاتۆتە پێش، خەبەر بدا بەدەفتەری سیاسی، نەمتوانی بیدۆزمەوە، رۆژی ٨٢/٩/١ تەلیفۆنم کردەوە بۆ پاریس، دکتۆر سەعید جوابی دامەوە و گوتی: (لەمەودوا نامە و شت بۆ عەزیزی ماملێ مەنێرە، ئەو لێرەدا مەسئولیەتی نەماوە)، خەبەری ولاتی پێ گوتم و گوتی: (لەپیرانشار شەڕی گەورە کراون و حەمەدەمینی کاکە سواری مەنگوڕ کوژراوە، پاشان گوتی: تکایە سەلاح یەدرەدینم بۆ بدۆزەوە و ئادرێس و تەلیفۆنی ئەوم بۆ

پەیدا کە)، پێم گوت: لەمۆسکۆ داوەت کراوم بۆ ٢٠ رۆژ، گوتی: (لام وایە چوونت زەرەری نییە)، هەر ئەو رۆژە ئامادەیی خۆم بەبالّیۆزخانەی سۆڤیەت راگەیاند.

سەفەر بۆ مۆسکۆ

رۆژی ١٩٨٢/٩/٢ ماشێنێکی بالّوێزخانەی سۆڤیەت هات و لەگەلّ دایکی کەمال سواری کردین بۆ فڕۆکەخانە و سەعاتی یەک و نیوی ئەو رۆژە گەیشتینە مۆسکۆ، لەفڕۆکەخانە چاوەڕوانمان بوون سواریان کردین بردیانین بۆ هوتێل (روسیا)، رۆژی دوایی بردیانین بۆ گەڕان و بۆ دیتنی موزەی کرملێن، رۆژی ١٩٨٢/٩/٤ بردیانین بۆ کۆمیتەی هاوپێوەندی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و دوو کەس پێشوازیان لێ کردم و لەژوورێک بەدرێژی لەسەر مەسەلەی کورد بەگشتی و مەسەلەی کوردستانی ئێران و شەڕ و پەلاماری رژێم و سیاسەتی حیزبی دیموکرات و کۆنگرەی پێنجەم قسەم کرد، پاشان داوام کرد کەدەستەیەکی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات بەسەرۆکایەتی سکرتێری گشتی حیزب بێتە مۆسکۆ، لام وایە دانیشتنەکەمان دوو سەعاتی خایاند، کابرای چاو ساخی من فارسیەکی رەمەکی دەزانی، لەرووسیەکەی من باشتر نەبوو، من دەمویست بەرووسی قسە بکەم و رووسیەکەم بەهێز بکەم، کابراش دەیویست فارسیەکەی دمە زەرد کاتەوە، پاش باسێکی زۆر گوتیان جارێ تۆ سەفەرەکەت درێژە پێ بدە، پێش رۆیشتن جارێکی دیکە یەکتر دەبینینەوە و جوابیشت دەدەینەوە.

رۆژی ٨٢/٩/٥ بۆ نیوەڕۆ چووینە مالّی کاک عەزیز محەمەد و لەگەلّ دایکی فێنک نانمان خوارد، شەو سەعاتی دوازدە سواری قەتاریان کردین بۆ لینینگراد، رۆژی ٨٢/٩/٦ گەیشتینە لینینگراد لەهوتێل ئاستۆر میوان بووین، هەر ئەو رۆژە داوام کرد کەچاوم بەپرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ بکەوێ، رۆژی دوایی گوتیان نەساخە و لەخەستەخانەیە، چەندە راست بوو نەمزانی، لەلینینگراد بردیانین بۆ مۆزەی

(ئارمیتاش) کەیەکێك لەمۆزەخانەی عەجایبی دنیایە، پاشان بردیانینە سەر پاپۆری (ئۆرۆرا) کەهەوەڵین تۆپی شۆڕشی ئۆکتۆبری تەقاندبوو، رۆژی دوایی بردیانین بۆ (رازلیف) ئەم شوێنەی کەلینین چەند رۆژی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبر خۆی تێدا شاردبۆوە، رۆژی ٨٢/٩/٨ بردیانین بۆ تەماشای کۆشکی پیتری کەبیر کەسی کیلۆمیتر دوور لەلینینگراد لەسەر خەلیجی فینلاند بەبۆنەی سەرکەوتن بەسەر سویددا سازی کردبوو، یەك لەو شوێنە سەیر و حاجباتیانەیە کەمرۆڤ لەدیتنی سەری سوڕ دەمێنێ، کۆشکی پیتری کەبیر کراوە بەمۆزە و جێگای سەیر و تەماشای توریست و میوانانی بێگانەیە.

رۆژی ٩٨٢/٩/٩ لەلینینگرادەوە بەفڕۆکە چووینە (سوچی) لەهوتێل (کامیلیا) میوان بووین، هوتێلێکی لەرادەبەدەر شاز و لەسەر دەریا ساز کراوە، پڕ بوو لەتوریستی وڵاتانی جۆربەجۆر، مێزی نانخواردنی هەر دەستە و گروپێك ئاڵای وڵاتەکەی خۆیانی لەسەر دانرابوو، ئێمە بەپاسپۆرتی کۆماری یەمەنی دیموکراتی سەفەرمان کردبوو، نیوەڕۆ کەچووینە سەر نانخوارن مێزەکەی ئێمەش ئاڵایەکی یەمەنی دیموکراتی لێ دانرابوو، کابرای چاوساخمان گوتی: چونکە پاسپۆرتەکانتان یەمەنین، بۆیە ئاڵای یەمەنیان داناوە.

گوتم لەگەل ڕێزم بۆ کۆماری یەمەنی دیموکراتی، بەڵام با لای بەرن، یەکەم ئێمە وەیەمەنیان ناچین، دووەم تازە تا ئاڵای کوردستان لەسەر مێزەکەم دانەنرێ، نایەمەوە ئێرە، کابرا گوتی: (بەهیوای ئەو رۆژە).

رۆژی دوایی بردیانین بۆ مەزرایەکی چایی لەگورجستان و چووینە گۆڵی (ریتسا) لەچیاکانی گورجستان، یەك لەو شوێنە جوانانەی گورجستانە، رۆژێکی تر بردیانینە ئەشکەوتی (ئافونی تازە) لەنێزیك شاری (سوخوم)، پان و بەرینی ئەم ئەشکەوتە یەك میلیۆن میتری چوارگۆشە و ڕێگای کیلۆمیتر و نیوێك قەتار

دەچێتە نێوی، شوێنێکی دیدەنی و تەماشایە، رۆژی ٩٨٢/٩/١٨ گەڕاینەوە بۆ مۆسکۆ، لەهوتێل ئینترناسیۆنال میوان بووین، رۆژی دوایی بردیانم بۆ کۆبوونەوە، یان چاوپێکەوتنی دوو کەس لەئەندامانی کۆمیتەی هاوکاری گەلانی ئاسیا و ئەفریقا، لەوانەی پێشوو کەدیتبوومن، یەکیان گۆڕابوو، دوای ئەحوالپرسی و خۆش و بێشی سەفەر، من دام مەزراند و گوتم: (بیروڕای دەوڵەتی سۆڤێت لەسەر وەزعی کوردستان چییە؟ ئێستا ئێمە شەڕێکی نابەرامبەر و نەویستوومان بەسەردا سەپاوە، حیزبی دیموکرات هەمیشە ویستوویە مەسەلەی کورد لەڕێگای ئاشتییەوە چارەسەر بکرێ، بەڵام حکومەتی ئیسلامی ئێران لەشەڕ زیاتر زمانی دیکە نازانێ) لەوەڵامی قسەکانی مندا کابرا گوتی: (ئێمە ناتوانین ڕێگای خەبات بەئێوە نیشان بدەین، شۆڕشگێڕانی کورد، ڕێگای خۆیان باشتر دەزانن، لەبارەی سەفەری دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات، ئێمە ئەو چاوپێکەوتنەمان پێخۆشە، بەڵام ئەگەر هەلومەرجی لەبار بۆ سەفەری ئاوا هەڵکەوێ، برادەرانی ئێمە پێیان وایە ئێستا ئەم هەلومەرجە لەبار نییە، ئێمە ناسیارێکی ئەوتۆشمان لەسەر ڕێبەرایەتی ئێستای حیزبی دیموکرات نییە، برادەرانی ئێمە لەبەغدا بۆ دیتنی بەرپرسانی حیزبی دیموکرات ئامادەییان هەیە، پێمان خۆشە چاوپێکەوتنیان بەردەوام بێ، سڵاوی ڕەفیقانەمان بۆ دکتۆر قاسملۆ هەیە).

رۆژی ٩٨٢/٩/٢١ گەڕاینەوە بۆ سۆفیا، کەمال هاتبوە فڕۆکەخانە و گوڵی بۆ دایکی هێنابوو، سەفەرێکی مێژوویی بوو لەژیانمدا و زۆر شتیشی لێ فێربووم، لەو ماوەیەدا کەلەسۆفیا بووم کاك حوسێنی کورد ناد کەئەودەم لەتەشکیلاتی ئەوروپادا دکتۆر قاسملۆ کردبوویە بەرپرسی کاری کولتووری، یەك دوو جار تەلەفۆنی کرد لەسەڵاح بەدرەدیین و عاتیف ناوێك دەگەڕان کەگوێا دکتۆر چەکی لێ کڕیبوون و نەدەدیترانەوە.

رۆژی ٩٨٢/١٠/٢٣ بەشێوەیەکی فرە سادە و بێدەنگ، شایی شلێمان بەڕێوەبرد، دەڵێم سادە و بێدەنگ، چونکە نە دایکی و نە من رازی نەبووین، بەڵام خۆی

بڕیاری دابوو، هیچ نەدەکرا.

گەڕانەوە بۆ کوردستان

ڕۆژی ٩٨٢/١٠/٢٦ لەسۆفیا سواری ئوتوبوس بووم، ڕۆژی دوایی سەعاتی هەشتی بەیانی گەیشتمە ئەستەمبوڵ، کاك ئەمیری قازی کاتی ڕۆیشتنی لەسۆفیا گوتی لەگەڕانەوەدا لەئەستەمبوڵ بچۆ هوتێل تاران، خاوەنەکەی حاجیەکی شکاکی لای خۆمانە و پیاوێکی خەراب نییە، منیش کەدابەزیم ڕاست چوومە هوتێل تاران و داوای ژوورێکی تەنیام کرد، گوتیان نیمانە و گەرەك دوو نەفەر بن، چار نەبوو، تازە هاتبووم و پێشم خۆش نەبوو یەکی دیکەم لەکن بێ، جانتایەکی دەستی و ساکێکی بچووکم پێ بوو بردیانە ژوورێکی دوو نەفەری، چوومە سەرێ ریشم تاشی و خۆم گۆڕی و چوومەوە خوارێ لەکن حاجی خاوەن هوتێل دانیشتم، بانگم کرد چایەکیان بۆ هێنام، پاسپۆرتیان لێ وەرگرتم و ناوی سەید ئەحمەدیان نووسی، خەریکی چا خواردنەوە بووم، لەپڕ کابرایەکی درێژی بۆشناغ وەژوور کەوت، هەر منی بینی و ئامبازم بوو: کاك کەریم بەخێرهاتی سەرچاوان و... گوتم: کاکە ببووڕە، کاك کەریم کێیە؟ ڕەنگە لێت تێکچووبێ، من کاك کەریم نیم.

– چۆن لێم تێکچوە... من لەمەهاباد زیندانی بووم، برام هاتبوونە لای تۆ منت ئازاد کرد.

کابرا دەستی هەڵنەگرت، گوتم من تۆ ناناسم، گوتی: ناوم عبدالحمیدە خەڵکی .... لەورمێ لەفرۆشگای ئەرتەشی کارم دەکرد، پێشمەرگە گرتیانم و تۆ لەمەهاباد ئازادت کردم، لێرە لەخزمەتدام، ئێستا دەڕۆم هێندێ پۆتین بۆ پێشمەرگان دەکڕم، قەولم بەغەنی داوە، دوایە دێمەوە خزمەت و هەر وەختی ویستت پێکەوە دەڕۆین.

کابرا رۆی، من لێی وەشك کەوتم، حاجی گوتی: تە نە کەریم حسامی؟ ئەمیری قازی نەهاتە جەم تە؟ ئەمیر لەور بوو، گوتی: دەچمە سۆفیا جەم کەریم حسامی، هیچ نەدەکرا، گوتم حاجی راستە، ئەمیر بەمنی گوت بێمە ئێرە، من نامەوێ لێرە بمناسن و کەس بزانێ من لێرە، ئەوا تووشی ئەو کابرایەش بووم کەناینناسم، حاجی گوتی: من دەیناسم، خەڵکی مەرگەوەرە و مرۆڤێکی خەراب نییە، پاشان بانگی شاگردەکەی کرد، گوتی: دا هەرە جانتای سەید ئەحمەدی بەرە فلان ژووری، کەسیتر نەچێتە وێ، لەو کاتەدا زەلامێکی تر هات بەناوی عەبدوڵڵا، لام وایە برا، یا خزمی حاجی بوو، دیار بوو بەسەر هوتێلیش رادەگەیشت، حاجی گوتی: ئەوە کەریمی حساممیە، پاسپۆرتی بەناوێکی دیکە هەیە، بڵا کەس نەزانی.

چووم لەژوورەکەم راکشام و تاوێك حەسامەوە، هاتمە خوارێ، دەبینم دینۆی برای سەننارى مەمەدی و گرمانی بۆ موهەندیس جەنگیر زادە لەوێ دانیشتوون، هاتنە پێش و بەخێرهێنان و گوتیان لەبەر تۆ هاتین، بیستمان کەهاتوویە ئێرە، زۆری پێ نەچوو، حیکمەتی کوڕی سەننارى، پەیدا بوو، دەستکرا بەباسی عەرش و قورش، هەرکەس چی پێخۆشە دەیبێژێ و دەیڕێژێ، من لەترسی میتی تورکیا لەبەڵێ گوتن زیاتر هیچ نالێم، رۆژی ۹۸۲/۱۰/۲۸ تەلەفۆنم کرد بۆ جەنگیز ئاغا و لەئانکارا، گوتی تا من دێم لەوێ بە و چاوەڕوانم بە، لەو دوو رۆژە بۆم دەرکەوت کەهوتێل تاران مەکۆی ئەفسەرە ئێرانیەکانی راکردووی شاپەرستە، لەوێ دەژین و لەوێ کۆدەبنەوە.

رۆژی دوایی عەولا خانی سمکۆ، کوڕی تاهیر خانی پەیدا بوو، بۆ نانی نیوەڕۆ داوەتی کردم، پاشان وادەم لەگەڵ دانا کەبچم تاهیر خانی ببینم، لەکن عەولا خانی گەڕامەوە، دیتم کابرایەکی زەلامە لەگەڵ سێ چوار کەسیتر دانیشتوە، لەگەڵ حاجی قسەماندەکرد، کابرا هاتە لامان و بەفارسیەکی خەست بەخێرهاتنی

کرد و گوتی: (ئاغای حسامی، من ناوم مستەوفی (اتحادیە)ی دۆستی سەرهەنگ قادری جۆتانم و لێرەش نوێنەری ئاغای بەختیارم، ئێمە ١٠ کەسمان لێ گیراوە، ناردوویانناوە بۆ حەکاری و لەوانەیە بیاندەنەوە بەئێران، ئەگەر بدرێنەوە بەئێران ئیتر چارەنووسیان مەعلومە، خۆشبەختانە زانیمان کەلێرەی، هاتووم تکات لێ بکەم کەنامەیەکمان بۆ بنووسی بۆ جانگیر اغای دەری کەیارمەتیمان بدا، بەڵکو نەدرێنەوە بەئێران، ئێمە لەو قسانەدا بووین، جانگیر ئاغا تەلەفۆنیکرد و گوتی: نەمتوانی بێم بۆ ئەستەمبۆڵ، لەئانکارا چاوەڕوانت دەبم، گوتم من جانگیراغا دەبینم دەسپێرم یارمەتیان بدا، زەلامێکی دیکە لەگەڵ کابرای بوو بەناوی سەرهەنگ نازانم چی، گوێا ئەفسەری گاردی شاهەنشاهی بووە، هاتە پێشێ گوتی: من کورد و لەکوردەکانی قۆچانم، بەخێرهاتنم کرد و دیتن کابرا گێرەی لەهەولێر دەگەڕێ، گوتی هەموو هێزەکانی دژی خومەینی ئەشێ هەوڵ بدەن شابێتەوە، ئەسڵەن ئێران بەبێ نیزامی پاشایەتی بۆ وێران کردن دەبێ، پاشان گوتی: (بڵێ بزانم قاسملۆ بۆچی ناچێتە کن بەختیار؟).

گوتم جەناب سەرهەنگ وادیارە هەر لەسەر عەقڵیەتی دەربار ماوی، بەختیار کێیە قاسملۆ بچێتە لای؟ قاسملۆ سکرتێری حیزبێکە، گەورەترین هێزی بەکردەوەی دژی خومەینییە، بەختیاریش ئەوە لەپاریس و لەبەغدا دەسووڕێتەوە و ئێوەشی لێرە سەرگەردان کردووە، اتحادیە گوتی: (راستە، حیزبی دیموکرات هێزە و ئێمە هێز نین).

رۆژی ٩٨٢/١١/١ عەبدولحەمید پەیدا بوو، گوتی: با بڕۆین، بلیتی ئوتوبوسم کڕیوە، شەو دەچینە ئانکەرا، هەستام چووم حیسابی هوتێل بدەم، گوتیان دراوە، ئێستاش نەمزانی عەبدولحەمید دابووی، یا حاجی گوتبووی وەری مەگرن، لەئانکارا چووینە هوتێلێك، گوتی شەو لێرە دەبین، من تۆزێ کارم هەیە، دوایە

دێمەوە، دەچینە دەرێ، عەبدولحەمید رۆی، منیش چوومە مالّی جانگیراغا، چایێکم خواردەوە و نامەی نووسی بۆ خزمێکی خۆی بەناوی (مەحکوم) لەگەوەڕ کەبەڕێم بکات، هاتمەوە هوتێل دوشێکم گرت و نوستم، تازە خەوم لێدەکەوت، عەبدولحەمید وەژوور کەوت و گوتی کاك کەریم با بڕۆین، بلیتی ئوتوبوسم کڕیوە.

– قەرار نەبوو ئەمشەو لێرە بین، بۆ وا بەتالۆکە؟

– بڕۆین باشترە، ماشێن هەیە.

وای کردە تالۆکە شتومەکی ریشتاشینم لەحەمامێ لەبیر چوو، وەدەرکەوتین و چووینە کاراژ، سوار بووین و پاش ٢٣ سەعاتان گەیشتینە وان، لەرێگا گوتی: (راستی ئەوەیە من پسولەی ساختە و قاچاخ بۆ ئێرانیەکان ساز دەکەم، دەگەڵ پۆلیسی ئێرە رێککەوتوم، لەگەڵ پێشمەرەی خۆشمان پێوەندیم هەیە، بەئاگاداری پاسدارانیش دێم، لەخزمەت زیاتر زەرەرم بۆ کەس نییە، ئەو سەفەرەی ٢٥ هەزار لیرەم دابوو، پسولّە بۆ چەند فیدایی وەربگرم، پارەکەیان حاشا لێکردوم و کەمی مابوو بەگرتنیشم بدەن، بۆیە نەمتوانی لەئانکارا گیر بم)، گەیشتینە (وان) چووینە هوتێل تەکین، پڕ بوو لەئێرانی راکردوو، زۆربەیان ئەرتەشیبوون پاسپۆرتیان لەمن وەرگرت و بردیانینە ژوورێك.

داوای پاسیان لەو نەکرد، عەبدولحەمید گوتی: من دەڕۆم، سبەی دێمەوە دەڕۆین، تا دەهات پتر لە عەبدولحەمید وەشك دەکەوتم کەبەگرتنم بدا، کەدەهاتمە خوارێ، دیتم یەکێك پاسپۆرتی منی بەدەستەوەیە، تەماشای دەکا، گەڕامەوە بۆ ژوورەکەم، دوای تاوێك چوومە خوار داوای پاسپۆرتەکەم کرد، کابرا گوتی: سەرۆکی میت بوو لەتۆی دەپرسی و سەیری پاسەکەی کرد و گوتی چکارەیە و لەچی دەگەڕێ، گوتومە تاجرە، لەو قسانەدا بووم، حاجی خالیدی هەنارە سلاّوی

کرد و بەگەرمی چاك و خۆشی و بردمی بۆ دیوی خاوەن هوتێل، ئەویش شکاکی لای خۆمان بو، چایان هێنا و بەحاجی خالیدم گوت: ناوێکی ترم هەیە، با نەزانن من کێم، هەر لەجێ بەکابرای خاوەن هوتێلی ناساندم، کابرا گوتی: خەم نینە، نەیهێشت بچمەوە سەرێ، ناردی نانێکی باشیان هێنا و تا کاتی خەوتن هەر لەلای وان دانیشتم.

عەبدولحەمید بەیانی پەیدابۆوە، گوتی بابڕۆین، چووم حیسابی هوتێل بدەم گوی دراوە، رۆژی ۹۸۲/۱۱/۳ لەوان سوار بووین بۆ گەوەڕ، لەنێزیك گەوەڕ گوتی با دابەزین بچینە ئەم گوندی بەناوی (باژێڕ) ساك و جانتای منی هەڵگرت و چووینە گوندی، ماڵە (عارفی) منی لەوێ دانا و گوتی من لەگەوەڕ کارێکم هەیە، تۆ لێرەبە دوای نیوەڕۆ دێم دەڕۆین، دیاربوو لەگەڵ عارف سەرو سەودایێکی هەبوو، عارف خۆی لەماڵ نەبوو، ماڵێکی دەولّەمەند و سەرئاواڵە و قەوغا دیاربوو، دیوەخانێکی خاوێنی فەرشکراو، سێ چوار ژنی خاوێن و کابان دەهاتن و دەچوون، زوو سەماوەریان هێنا و چایان تێکرد و چام خواردەوە، گوتم دەمەوێ تاوێك بنووم، سەرین و چارشێوێکی تەنکیان بۆ هێنا و خەوتم، کەهەستام، دوو پیاوی تازە پێگەیشتوو دانیشتبوون، برای عارفی بوون، بەخێرهاتنیان کردم و هێندێ باس و خەبەرم لێ پرسین، بەداخەوە لەباسی پەز بەدەر ئاگایان بەهیچیتر نبەو، تا لای ئێوارێ چاوەڕوان بووم، عەبدولحەمید نەهاتەوە، بەپیاوەکانم گوت: تکایە یەکێکم بۆ پەیدا کەن ئەم نووسراوەیەم بۆ بەرێتە گەوەڕ، بیدا بەمەحکومی، نامەکەی جانگیراغام دایە و خۆشم شتێکم بۆ نووسی کەوا لەباژێر لەماڵی عارفیم، نامە بەرێکرا، ئێمەش لەژووری خەریکی چا خواردنەوە بووین و چاوەڕوانی عەبدولکەریمی، زۆری پێ نەچوو، دوو جوامێر بەماشێنێکەوە پەیدا بوون، گوتیان مەحکوم ئێمەی ناردوە هەستا با برۆین، ساك و جانتایان هەڵگرت و کەوتینەڕێ بۆ

گەوەر، گوتم باشە، هیچ پسولە، بەڵگەیەکتان بۆ من هێناوە، چۆن دەرباز دەبین؟ یەکیان ناوی عەبدولکەریم بوو، گوتی: هیچمان نەهێناوە، مەحکوم گوتوویە، سواری کەن بۆ گوندی (بلۆکێ).

گوتم کاکە من بیانیم، کیملکی تورکیام نییە، چۆن لەسەیتەرە دەرباز دەبین؟

عەبدولکەریم گوتی: تۆ وەرە عارەبە باژۆ، لەتورکیا لەشۆفێری ناپرسن.

چوومە پشتی فەرمان و لەگەوەڕ لامان نەدا و یەکسەر بەرەو سنووری ئێران، لەولای گەوەر عەسکەر وێستا بوون و دەیانپرسی، زیاد لەهەموان هات داوای کیملکی لەمن کرد، عەبدولکەریمی دەناسی، گوتی ئەوە خاڵمە و دەچینە مالّی ئاپۆم، کابرا وازی نەهێنا و کیملکی ویست، ناچار پاسپۆرتم دایە، گوتی: تۆ بیانی، یالاّ وەرە خوارێ، بۆ سەربازخانە، هەوڵێکی زۆرمان لەگەڵدا، نەیبیست، عەسکەری تورک کەلەپاکەتە جگەرەیەك بەندە، ١٠ هەزار و ١٥ هەزار لیرەماندایە، وەرینەگرت و پێی چەقاند بۆ سەربازخانە، دوو عەسکەر وەپێش خۆیاندام، سەربازخانە کەمێك لەسەیتەرە دوور بوو، ترسم لێ پەیدابوو، ئەگەر زیندانیم بکەن، دەمپشکنن، نامیلکەی (مەسەلەی کورد لەپارلمانی سوید)م کردبوو بەکوردی و ماشێنم کردبوو، لەبنەوە لەخۆم بەستبوو، ترسم هەبوو ئەگەر بیدۆزنەوە باسی سەرە، لەسەربازخانە ئەفسەری روکنی ٢ کەبەرپرسی ئەم کارە بوو، چووبوو فوتبالّێ بکا، لەوێ دایاننام هەستام چوومە توالێت و ویستم نامیلکەکە بدڕێنم و بیخەمە دەستشۆرێ، پەشیمان بوومەوە و لەدڵن نەبۆوە، هاتمەوە و دانیشتم.

لەولاشەوە کەمن دەبەن بۆ سەربازخانە، کۆڕەکان یەکیان دەچێتەوە گەوەڕ خەبەر دەدا بەمەحکومی کەگیراوم، یەکیشان دوور نزیکی سەربازخانە، دەوەستێ و هەست رادەگرێ بزانێ بۆ کوێم دەبەن، مەحکومیش خێرا یەکێك دەنێرێ بۆ کن

ناسری کوڕی جانگیراغای و خەبەری دەداتێ کەگیراوم.

ئێـوارێ درەنـگ سـەعات هەشـت ئەفسـەر هاتـەوە، عەسـکەر چـوونە پـێش و پاسپۆرتەکەیان دایە، منیش چـوومە پـێش، کەتەماشـای پاسـپۆرتی کـرد، گـوتی: (ئەوەتان بـۆ هێنـاوە، پاسـپۆرتی تـەواوە) گوتیـان بـۆ لای ئێـران دەچـوو، کـابرا گوتی: (بۆ کوێ دەچووی؟).

خزمم لەو گوندانە بوو دەچووم سەریان بدەم.

– نازانی ئەم ناوچەیە بۆ بیانیان قەدەخەیە؟

– نەخێر نەمزانیوە.

– بگەڕێوە بۆ ئەستەمبوڵ.. پاسپۆرتەکەی وێدامەوە و ڕۆیشت.

وەدەرکەوتین گوتیان دەبێ بچینەوە کن یوزباشـی، عەبدولکـەریم کەئێمـەی دیـت، هـات سـواری کـردین بـۆ سـەیتەرە، عەسـکەرەکان گوتیـان: گوتوویانـە بـا بـڕوا، بچێتەوە ئەستەمبوڵ، ئەمجار داوای پارەی دەکـرد و دەیگـوت هـیچ نـەبێ، هـەزار لیرەم بدەنێ، هیچمان نەدایە و گەڕاینەوە.

لەو بەینەدا، ناسر کەخەبەری گرتنم دەزانێ، دەچێتە گورهـانی ژاندارمـەری سـەر سنوور، ناوی منی دەداتێ و دەڵێ لەگەوەڕ گیراوە، ژاندارمەری داوا لەسەربازخانە دەکا کە ئازادم بکەن، ئەوانیش دەڵێن: کەسی ئێرانی نەگیراوە، یـەکی ئـەفریقایی بووە ناردوومانەتەوە ئەستەمبوڵ.

ئێمـە کەگەڕاینـەوە تاریـک داهـاتبوو، بەپشـتی سـەربازخانەدا باماندـاوە، چـووینە گونـدێک، لەبـەر دەرکـی مااڵێـک ماشـێنی ڕاگـرت، دوو کەسـی بـانگ کـرد، جانتـا و ساکیان هەڵگرت و بـەپێیان بەپشـتی سـەربازخانەدا لـەلای سـەیتەرە، چـووینەوە

سەر جادە و عەبدولکەریمیش بەماشێن بەجادەدا هات و گەیشتەوە ئێمە، ٥٠٠ لیرەم دا بەکورەکان و سوار بووم چووینە گوندی باسان، بەدرخانی برازای جەنگیراغا گوتی ناسر وەدوای ئێوە کەوتوە، زۆری پێنەچوو ناسریش پەیدا بۆوە، سوار بووین چووینە گوندی (بلوکێ) مالّی برایمی بابی مەحکومی، کەچووین عەبدولحەمید لەوێ دانیشتبوو، کەئێمەی بینی، راست بۆوە، دەستی کردە ملم و دوو کەس لەوێ بوون هەرێکەی ٥٠٠ لیرەی دانێ و گوتی ئەوە سەدەفەی ئەو بەلّایە بی کەلەسەرمان لاچوە و تۆ نەجاتیت هاتوە، ئەگەر گیرابای چووبامە عاسمان و هاتبامەوە، دەیانگوت من بەگرتنم داوی.

هەر ئەو شەوە ولّاخیان ساز کردن و ناسری کوڕی جانگیراغا بەدوو چەکدارەوە لەگەلّمان هات تا خانك کەبنکەی پێشمەرگەی لێ بوو، چووین لەدەرگاماندا، بەزۆری راستمانکردنەوە، زۆریان بەسەردا هاتم کەوا بێ کیچشك و نۆبەدار نووستوون، ناسر گیر نەبوو گەڕایەوە، عەبدولحەمید رۆی، گوتی ئێستا دێمەوە، دوای تاوێك هاتەوە، کیسە خەوێکی ئەفسەری زۆر شازی بۆ هێنابووم، گوتی: ببورە، من دەبێ بڕۆم تاریك و رونی بەیانی بگەمەوە دەروازەی ورمێ، نۆرە کێشکی ئەو پاسدارانە دەبێ کەلەگەلّیان رێککەوتووم، هاتووچۆی خۆم هەر دەکەم، بۆ هەموو خزمەتێك ئامادەم.

عەبدولحەمید رۆی، منیش لەکیسەخەودا لێی نوستم تا بەیانی، رۆژی ٩٨٢/١١/٤ ولّاخێکیان بۆ هێنام و دوو پێشمەرگەیان رەگەلّ خستم بۆ (گۆلی شێخان) لەناوچەی برادۆست، نیوەڕۆ میوانی برادەرانی تەشکیلات و پێشمەرگە بووم، مەلای گوندی و چەند کەسیتر هاتنە لام، دانیشتنێکی خۆش و باسی وەزعی ناوچە و گلەیێکی زۆریان لەبرای بەرپرسی تەشکیلاتی حیزبی هەبوو بەناوی (بۆزە) کەگوێا لەخەلّکی دەدا و حەبسیان دەکا و دەسبەندی قەپانی لێداون،

دوای نیوەڕۆ ولاخێکی سواریان هێنا و دوو پێشمەرگە کەوتینەڕێ و بۆ گەلی بەردەڕەشی لەگوندی (بانی) لای کاك ئۆمەری قازی، کاتێك گەیشتینێ بەفر دەباری، کاك ئۆمەر سەری لەپەنجەرە هێنابوە دەبرێ، تەماشای بەفری دەکرد، کەچاوی بەمن کەوت گوتی: (ئەی... ئەوانەی لەئەوروپا دێنەوە دەڵێن کاك کەریم مالّ و حاڵی هەیە، هیچیان راست ناکەن، ئەگەر هیچ رووناکاییت شك بردبایە، بەو زستانەی نەدەهاتیەوە، ئاخر بەو بەفر و زستانە لەچی دەگەڕێی؟ هاتە دەرێ و چاك و خۆشی و چووینە ژوورێ و دەستمانکرد بەقسە و باسی خۆمانە و یادی رۆژەکانی شەڕی سێ مانگە کەپێکەوە لەدەوروبەری مەهاباد مابووینەوە و رێبەرانی قەومیش لەحەوت بستوان ئاوابووون.

رۆژی ٩٨٢/١١/٥ نامەیەکم نووسی بۆ کۆمیتەی ئەڕاپرت کەخەبەر بدا بەدەفتەری سیاسی کەوا گەیشتوومەوە (بانی) دوای چەند رۆژ دەفتەر خەبەری نارد کەبچمەوە بۆ دەفتەری سیاسی.

رۆژی ٩٨٢/١١/١٨ کاك عەلی کاشفپور لەدەفتەری سیاسی دەگەڕاوە هاتە لای ئێمە، باسی شەڕەکانی لای میراوێ و رێگای سەردەشت پیرانشاری بۆ گێڕاینەوە، هەر ئەو رۆژە دایکی رەحیم خەنی (ئەو پێشمەرگەی کەکاتی رۆیشتنم لەشەڕی سۆما شەهید ببوو) هاتبوە بانی، نەمزانی بەو زستانە بۆچی لەشنۆیەڕا گەیوەتە گەلی بەردەڕەشی، لەگەڵ کاك ئۆمەر چووین سەری بدەین، پیرێژنێك بەناوی (حەلیم کەوا رەسمەکەی لەم کتێبەدا دەبینرێ) سەرەخۆشیم لێکرد و بەخێرهاتنمان کرد، پور حەلیم گوتی: (ئێمە شانازی بەرەحیم دەکەین کەلەڕێی حیزبدا کوژراوە، کوڕی من نەکوژراوە، نەمردوە، ئەو هەر دەمێنێ، کوردستان ئازاد بێ، کوڕەکانی دیکەشم بەقوربانی بن).

٩٨٢/١١/١٤ ناسری کوڕی جانگیراغا پەیدا بوو، کەسێکی لەگەڵبوو بەناوی

(چـەکۆ) گۆیـا لەبنەماڵـەی گـەیلانیزادە و خانـەوادەی نـەهری بـوو، چـەکۆ لەئەمریکاوە هاتبوو، لەگەڵ فەرماندەی هێز و بەرپرسی تەشکیلات سرت و خورتی بـوو، ئـەوەی پاشـان لەسـرت و خـورتی ئـەوان هەسـت و بۆچـوونی خـۆم بـۆم دەرکەوت، چەکۆ هاتبوە تورکیا و چووبوە عێراق و هاتبۆوە تورکیا و جانگیراغای دیبوو، لەعێراق چەکی بۆ جانگیراغا وەرگرتبـوو، بـەڵام دەبوایـە لـەرێگای حیزبـی دیموکراتەوە چەك بگاتە جانگیراغا (ئەوە هەست و بۆچوونی خۆمـە و رك و راست هیچم دەستگیر نەبوو، ئەوەندە نەبێ نامەیـەکی بـۆ دکتـۆر قـاسملۆ نووسـی، دای بەفەرماندەی هێز، کـوڕێکی ژیـر و وریـا، لەسـەر ئـەو بـاوەڕە بـوو کەئـەمریکا زۆر لەحکومەتی خومەینی ناڕازی نییـە، چـونکە دەیـەوێ هێزەکـانی چـەپ بەدەسـتی خومەینی لەبەین بەرێ، بەتایبەت سەبارەت بەلێدانی کۆمۆنیزم لـەئێران، دەیـەوێ جارێ حکومەتی خومەینی بمێنێ.

لەو کاتەدا دەفتـەری سیاسـی خەبەریـدابوو کـەهێزی نحـۆ بنێـرێ هێنـدێ چـەك و قۆرخانە بۆ شیمال بەرێ، بەو زستانە لەبارەبەر زیاتر رێگـای نـەبوو، شانسـی مـن دەمتوانی لەگەڵ ئەم کاروانە بگەمەوە دەفتەر، نێزیکـەی ٢٠ بـەرزە ولاّخیـان سـاز کـرد و پێشـمەرگە و ئێـوارەی ٩٨٢/١١/١٦ لەگونـدی بانییـەوە کەوتینـەڕێ، تـا دەهات سەرما هێرشی دەهێنا، گەیشتینە سەر جادەی ورمێ– مەرگەوەڕ، لەسـەر بارگینی خۆم پێ رانەدەگیرا، دابەزیم لەسەر جـادە دەسـتم کـرد بـەراکردن بـەڵکو تـۆزێ گـەرم بمـەوە، بـەڵام فایـدەی نـەبوو، هـەموو بـەدەنم دەلـەرزی، دیـتم زۆر لەبرادەران هاتوونە خـوار و لـەحاڵی منـدان، بڕیاریانـدا لەگونـدی (دۆڵـی پیسـیان) لادەیـن و تـۆزێ خـۆ گـەرم کەینـەوە، منیـان لەگـەڵ دوو پێشـمەرگە بـردە مـاڵی (تەمۆ)ی پێنج کەس لەژوورێکی بچوکدا خەوتبوون، پیرە پیاوێکی رووخۆشی رەزا سوك لەجێدا کەوتبوو، دەیانگوت نەخۆشە، کوڕێکی دیکەی بەژن و ماڵ لەدیوێکی

دیکە دا بوو، زۆر بەگورجی جێیان کۆکردنەوە، کوڕەیان تێهاویشت و گەرمیان داهێنا، من دەلەرزیم و ئارامم نەبوو، لەپەنا کوڕە راکشام، لێفەیەکیان پێدادام، خێرا چایان ساز کرد، نانیان هێنا، هەڵوا و پەنیریان هەبوو، تۆزێ هاتمەوە سەرخۆ، چایەکم خواردەوە هەستام رەسمێکی ماڵەکەم گرت، دایکی کوڕەکان کەژنێکی بەڕێز و رەنگ ژن دیاربوو گوتی: (ئەی بەقوربانت بم، جا ئەوە نەخۆشە وادەکا، ساخ بووبایە چیدەکرد ! !).

لەگەڵ خاوەن ماڵەکە دەستم کرد بەقسان و راستم کردەوە، حەبێکم دایە، گوتم متفەڕکە چاك دەبیەوە، کوڕی خاوەن ماڵەکە گوتی لام وایە تۆ لەلاقانڕا سەرمات دەبێ، با جووتە گۆرەویەکت بۆ بێنم، گۆرەوی هێنا، بەکەیفێم نەبوون، گوتم: زۆر سوپاس، نامەوێن، زۆری هەوڵدا، گوتم کاکی خۆم گۆرەویەکان جوان نین، دە پێیان ناکەم، دایکی گوتی: (تۆ ئەوە سەرما دەتبا، لەجوانی دەگەڕێی) دا بچوو لەیەغدانەکەی من جووتە گۆرەویەکی بۆ بێنە، گۆرەوی هێنان، تەنك، نەرم، جوان چنراو، لاسکیان بەکامواییەکی سەوز شکاکی چنرابوو، گوتم گەلێك سوپاس، دەڵێی گۆرەوی سەیدانن، کوڕەکە گوتی: دایکم سەیدە، گوتم لەبەر خاتری دایکت دەپێیان دەکەم، گەلێك پێکەنین، دەبوایە بڕۆین و لەو پەنا جادەیە مانەوەمان نەدەکرا، پێشمەرگە وەکۆبوون، سەعاتی دووی دوای نیوەشەو کەوتینەڕێ، بەفرێکی زۆر، سەرمای دوای نیوەشەو، تاریك، رێگایەکی هەوراز و نەدیار، لای بەیانی بەناڕەحەتی گەیشتینە گوندی (کشپیلە) پێشمەرگە بڵاو بوون، منیان لەگەڵ دوو برادەر بردە ماڵی عەلی، کەمێك شەوی مابوو، رابوون، دیوەخانێکی فەرشکراوی خاوێن، کورەیان تێهاویشت و گەرم داهات، سەماوەریان هێنا، نان و پەنیریان دانا، گەلێك رووخۆش و میهرەبان، دوای چا خواردەوە، جێیان راخست و من خەوتم، بەیانی درەنگ هەستام، ژنەکە سەماوەر و نانی هێنا و هەر خۆی ئەو

کارانەی دەکرد و هیچ پیاو دیار نەبوون، ئاخرەکەی پرسیم: (ئەدی کوا کاك عەلی دیار نییە؟)، گوتی: (بەیانی زوو لەترسان رەویە، چۆتە ورمێ، مرۆڤایەتی نەماوە، مرۆڤێ گوندی گەلێك رەوینە) بۆ فراوینێ، نانێکی باشی سازکردبوو، گوتی بنێرە هەڤاڵی تە بێن لێرە نان بخۆن، ناردم چوار پێنج برادەری دیکەش هاتن، کاتی رۆیشتن نردوێك نان و پەنیری پێچایەوە و بەدوعا و پاڕانەوە بەڕێیکردین.

دوای نیوەڕۆ بەرووناکی کەوتینەڕێ، بەفرێکی زۆر و ڕێی نەشکاو، بەزەحمەت بەدیوی (گەزنەکێش)دا سەرکەوتین، تازە تاریك دادەهات گەیشتینە گوندی و چووینە ماڵ (ئەمینی) ئامۆزای حەمەدەمین چیچۆی، ئەمین کاتی خۆی هاتبوە مەهاباد و یەکترمان ناسی، گەلێکی بەخێرهێناین و نەیهێشت پێشمەرگەکان بڵاو بن، مەلای گوندیش کەبەڕپرسی ڕێکخراوی حیزبی بوو، بەخۆ و کۆمیتەیەوە پەیدا بوو، مەلاشم ناسیەوە، فەقێ بوو تازە ببوە مەلا، دانیشتنێکی ئەوەندە خۆش و دۆستانە بوو، هیلاکی ڕێگای لەبیر بردبوومەوە، لەبەرانبەر فیداکاری و دڵسۆزی ئەو خەڵکە نیشتمانپەروەرەدا، هیلاکی ڕێگا و شەکەتی سیفری ڕووتە.

دوای نانخواردن و حەسانەوە، چاوساخیان ڕەگەڵ خستین بۆ سەر چەمی باراندوز، دەبوایە بێ بوار، بەلاڕێدا لەچەمی وەپەڕین، دوای نیوەشەو گەیشتینە گوندی کانیسپی حەسارێ، پێشمەرگەی هێزی نحۆ شارەزابوون چووینە ماڵی برای زێڕۆ بەگی هەرکی، درەنگ لەخەوێ ڕابوو، وەپێشمانکەوت بۆ دیوەخانێ، کەمێك دوورتر لەژووری نوستن، نەیهێشت بڵاو بین، ولاخەکانیان تاقەت کرد و هەموو لەدیوەخانێ کۆبوونەوە، بەو شەوەی سەماوەریان هێنا و میواندارییەکی پیاوانەیان کرد، بڕیاریاندا کەڕۆژێك لەوێ بمێنینەوە و بحەسێینەوە، هێندێ لەکوڕەکان دۆست و ناسیاریان هەبوون، بڵاوبوون، لای چێشتانێ، مەلا حەمەدەمینی مەلای گوندی پەیدابوو، پیاوێکی خوێندەوار و تێگەیشتوو و

نیشتمانپەروەر، دەیگوت لەسولەیمانی لەخزمەت مامۆستا مەلا محمەدی شەلّماشی دەرسمان دەخوێند، دەمانزانی تۆ دێیە لای مامۆستا، جارێك برپارماندا بێینە لات، تا هاتین رۆیشتبووی، مامۆستا بۆ فراوین داوەتی کردم، یەك لەو مەلایانە بوو کەمرۆ لەخزمەتیدا نەك هەر وەڕەز نەدەبوو، بەڵکو حەزیشی دەکرد.

ئێوارێ کۆبوونەوە تەگبیر لەرێگا بکەین، لەبەر بەفری زۆر بەلاڕێیاندا دەرچوون نەدەکرا، دەبوایە بەگەلی قاسملۆدا، بەسەر جادەی ورمێ- شنۆدا بڕۆین و تا دەگەینە مالّی حاجی محەمەدی چپانێ لانەدەین، لەگەلی قاسملۆ زۆر بەخێرایی تێپەڕین، جادە بەفری لێ نەبوو، نیوەشەو گەیشتینە گوندی حاجی محەمەدیش چپانێ، گوندەکە وەچۆلّان دەچوو، بێجگە لەمالّی حاجی کەسیتری تێدا نەبوو، حاجی محمەدیش خۆی گیرابوو، چوونە بەر دەرگا، دوو دەروازەی گەورە، هەرچەندی لەدەرگا دەدەین، کەس جواب ناداتەوە و دەنگ نییە، ئاخرەکەی من بەتوندی گوتم ئێرە وێرانە، کەس جواب ناداتەوە؟

کوڕی حاجی لەژوورێ بانگی کرد و گوتی: ئەرێ ئەوە کەریمی حسامی نییە؟

- راست خۆیەتی، بەلّام دەرگای لێ ناکەنەوە.

دەرگای کردەوە و هاتە دەرێ، گوتی: (داوای لێبوردن دەکەم، لەوەتی بابم گیراوە، بەشەو یا بەرۆژ پاسدار بەسەرمان وەردەبن و دەست دەکەن بەمالّ پشکنین، بۆیە بەشەو ناوێرین دەرگا بکەینەوە).

بەگورجی ولّاخیان بردنە ژوورێ، تفاقیان دانێ، خۆشمان لەسالّۆنێکی گەورەی فەرشکراو دانیشتین و سەماوەر و نان زۆر زوو ساز کران، کەوتینە پا و تەگبیران چبکەین؟! مانەوەمان لەو گونده مەترسی هەیە، دەڕۆین دەبێتە رۆژ و دیسان خەتەرە، کوڕی حاجی گوتی ئێرە مالّی خۆتانە، بەلّام کەم رۆژ هەیە کەلەکانی

سپیەوە، پاسدار و جاش نەیەنە ئێرە، قەت لەخۆمان ئەمین نین، دوای گۆڕینەوەی بیروڕا بڕیارماندا بڕۆین، بەو شەرتەی بکەوینە سەر تیرەگە شاخی نێوان دووربەی دەشتەبێل و دۆڵێ.

تاریك و روونی بەیان کەوتینەڕێ، بەفر زۆر بوو، ئەوانەی شارەزابوون، وەپێش دەکەوتن و جاریوا بوو ڕێیان ون دەکرد، تازە تاو لەسەرانی دەدا، لەدەشتەبێڵ نەدیو بووین، لەدۆڵێکی هەتاو گرتوو، ڕاووستاین جۆیان دا بەوڵاخان و لەسەر بەفرێ گۆیا بحەسێینەوە، من تاقمی تراشم هێنا دەر و دەستم کرد بەریشتاشین، دوای حەسانەوەی وڵاخەکان کەوتینەڕێ، یەك دوو جار حاسیە دەبووین و دەگەڕاینەوە، بەزەحمەت کەوتینە سەر تیرەگە شاخی پشتی دووڕیەی کەبارنی کردبوو بەفری لێ نەمابوو، وڵاخەکان ڕادەکێشران، هێندێ جار دەکەوتینە دیوی دووربە و بنکەی ئەرتەش و پاسداران دیار دەبوو، گورج ئاوای ئەم دیوە دەبووینەوە کەهەڵدێر بوو، لەسەر ئەو تیرەگە شاخە لەپڕ بارگینێکی زۆر چاك و بەکار وەعەرزی کەوت و تا دەورەماندا بزانین چیەتی، بوو بەسەدەقەی سەری برادەران و پشووی لێ برا، سەرجلەکەی ئەویش بوو بەسەر باریٚك و جەنازەمان بەجێهێشت، لای نیوەڕۆیە، بەدیوی حەلبێ دا کەوتین، بەر زۆڕ و ڕەش و هەتاوێکی گەرم، داگەڕاینە خوارێ، لەداوێنی چیا کانیەکی خۆشی جوان بوو بەمەکۆی دانیشتن و حەسانەوەمان، لەبەر تاوێ هەرکەس لەجێیك لێی تخێل بوو، زۆری پێ نەچوو دوو شوان مەڕیان هێنا سەر کانی، بەیەکیانم گوت: دەبێ بچیەوە گوندی، نامەیەکت دەدەمێ، بیبەی، لەوسەری تێڕێك جۆ بۆ وڵاخەکان بێنی، زووش بگەڕێیەوە، شوانی کورد پیاوانە ئامادەی خۆی ڕاگەیاند، شوانەکەی تر ئاگری کردەوە و دەستیکرد بەچا لێنان، نامەیەکم نووسی بۆ ئامۆزاکەم کەبەمەسئولی حیزبی ڕابگەیەنێ، نان و چێشتی ٢٠ کەسی بەبێریاندا بنێرێ و بەو

شوانەشدا تێڕێك جۆ بنێرن، شوان سواری کەرێبوو، دەتگوت دوڵدوڵی ئیمامی عەلیە، بۆچی من نامەم نووسی و خۆم کردە ریشسپی؟ لەتەشکیلاتی ورمێ هەتیوێکیان کردە بەرپرسی برادەران بەناوی داود، هەتیوێکی زۆر بڵێ، کاتی خۆی کاك جەلیلی گادانی دیتبوویەوە و کرابوو بەئەندامی کۆمیتەی شارستان و ئەندامی دەستەی راپەڕاندنیش، دوایەش کێژێکی هەڵگرت و خۆی تەحویلداوە، لەرێگا لەگەڵ داودی بەشەڕ هاتن و کەمی مابوو بیکوژن، ئیتر کەس جوابی نەدەداوە، ئەوانیتر پێشمەرگەی هێزی نحۆی بوون و لەم لایە کەسیان نەدەناسی، بەناچاری ریشسپیەتیان بەستۆی مندا بڕیبوو.

زۆری پێ نەچوو شوان بەتێڕێك جۆوە پەیدا بۆوە، تووڕەکەیان وەسەر ولاخان خست و بەدوای واندا چوار شێرە کچی (شەنگەبێری) بەکۆڵەنان و قابڵەمە چێشتی گۆشت و برنجەوە پەیدابوون، بێریانە ئاگریان کردەوە و چێشتیان گەرم کردەوە و دەستکرا بەخواردن و بوو بەسەیرانێکی خۆش، دوای نیوەڕۆ درەنگ ئەوان گەڕانەوە، ئێمەش تاریك داهات، چووینە گوندی، دەبوایە ئەو رۆژە لەحەڵب و کۆیکان بمێنینەوە، بەیانی کوڕی ئامۆزاکەم نارد نەغەدە هێندێ شتی پێویستی بۆ کڕیم و هاتەوە.

ئێوارەی ۹۸۲/۱۱/۲۱ لەحەڵبێ کەوتینەڕێ، بەکاموس و پێبەجگدا، لاڕێ تێ هەڵبووین بۆ ئالیاوێ.

لەبانی کاك ئۆمەر کوڕێکی مەهابادی ناسیاری خۆی لەگەڵ ناردمەوە کەلەسندوس بینێرمەوە نەغەدە و بچێتەە مەهاباد، نەگەیشتبووینە گوندی پێ بەجگ، لەجۆگەی چیانەی بەو شەوەی تاریك و سارد دەئاوێ کەوت و هەموو لەشی تەڕ بوو، ئیتر رۆیشتنی نەدەکرا، ئاشنا و دۆستێکی کۆنم لەگوندی پێ بەجگ هەبو، لامدا و لەخەوم هەستاندن، قەمسەڵەیەکی زۆر جوانم لەتورکیا کڕیبوو، دامێ

دەبەریکرد و بەماڵە برادەرەکەم گوت، جلەکانی بۆ وشك کەنەوە و بیبەنە نەغـەدە و بینێرنـەوە مـەهاباد، باشـبوو کـوڕ گەیشـتبۆوە مـەهاباد و دوای سـێ مـانگ قەمسەڵەکەی بۆ ناردبوومەوە.

لەئاڵیاوێ لاماندا، ویستمان بپرسین داخوا بنکەی پاسداران لەقارنێ هەیە یـان نـا؟ گوتیان لەقارنێ نەماون، بەڵام بنکەیان بردۆتە گوندی گـەڵوانێ، رۆیشـتین لەپـەنا قارنێ پێشمەرگە راوەستان، من لەگـەڵ دوو پێشـمەرگە چـوومە نێـو گونـدی ماڵـە محێدین سەکری، کـادرێکی حیزبـی بـوو، لـەدەرگام دا کـەدەنگی ناسـیم، پیاوانـە دەرکـەوت و گـوتم گـیر نـابین، پێشـمەرگەم لەگـەڵن و دەبـێ تێپـەڕین، چـوو دوو برادەری هێنان وەپێشمان کەوتن تا لەگوندی گەڵوانان تێپەڕاندین و بەدۆڵی پشـت گەڵوانێدا تێهەڵبووین، کەبەنێو گوندیدا ڕەت دەبووین، بـوو بەچـەقولوری سـەیان، پاسـداریش کردیـان بەتەقـە، ئێمـە دوور کەوتبووینـەوە، کەسـەگێك دەوەڕی، ئەوانیش تەقەیان دەکرد، پاش ١٢ سەعات ڕێگـا بـڕین، بەسـەر گونـدی شـاوەلەدا شـۆڕ بووینـەوە و چـووینە بنکـەی پێشـمەرگە، جەعفـەری بایزیـدی سـەر لـق و بەرپرسیان بوو، کوڕێکی ژیر و تێگەیشتوو، پێشمەرگە خۆشـیان دەویسـت، لـەوێ ئیتر من لەکاروان هەڵبڕام، ئەوانیان دامەزراند، جەعفەر نەیهێشت بچمە هیچ کـوێ، لەماڵی ئەوان مامەوە، ڕۆژانە دەچوومە نێو پێشمەرگەکان و یا ئەوان دەهاتنە لای من، جاروبار دەچـوومە مزگـەوت، چـەند بـرادەری تەشـکیلاتی نەغـەدە لەشـاوەلێ بوون جاروبار دەهاتنە لام و کاك عومەر کاشان یەك دوو جار داوەتێکی کوردانـەی کردین.

لەنێو خەڵك و نێو پێشـمەرگە، ئەگـەر بەدڵسـۆزت بـزانن، فێـری زۆر شـت دەبـی و ئەزموونی بەنرخت دێنە دەست و دەتوانی ئەگـەر بتـەوێ دەرسـیان لێ وەربگـری، ئەم خەڵکە نەخوێندەوار و سادە و ڕەمەکی و فیداکارە، چەندە مامۆستایەکی ژیـر

و زانـای ژیـانی واقیعـی کۆمەڵایـەتین نێـو کۆمـەڵانی خـەڵك و تێکـەڵی لەگـەڵ ئـەم خەڵکە گیانفیدایە و (زۆرجار فریودراوە و فریوخـواردوە) مەدرەسـەیەکی گـەورەی ژیـانی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـە، لـەو سـەفەرەدا لەرادەبـەدەر لەکـەڵێن و قـوژبنی هەڵسوکەوت و سـرت و خـورت و بـاس و دمەتەقـەی خـەڵك و برادەرانـی حیزبـی و پێشمەرگە، لەزۆر شت ئاگادار بووم کەنەدەزانرا و باسی نەدەکرا.

دوای چەند رۆژ میرزا مەحمود هات و بردمیە مالّی خۆیـان، مالّـە مـیرزا مـەحمودی وەك خانـەقا هەمیشـە پڕبـوو، خـەڵکی گونـدی داوایـان کـرد کەلەمزگـەوت لەسـەر بـارودۆخی سیاسـی وڵات و بزووتنـەوەی کـورد و دەوری هێـزی سیاسـیەکانی کوردستان قسـە بکـەم، ئەمـە لەلایـەك، لەلایـەکی تـر مـەلا عـەوڵا گوتبـووی نابێ بەناوی حیزب قسە بکەی، چونکە بـەرگی وتـاردان و ئاخـافتن و دەربڕینـی بـیروڕا لەحیزبی دیموکرات دا هەر بەبـەژن و بـاڵای ئەنـدامانی دەفتـەری سیاسـی بڕابـوو، کەسیتر هەقی نەبوو لەنێو خەڵکدا باسی سیاسەت بکا.

ئەنـدامانی کۆمیتـەی ناوەنـدی و بەرپرسـی تەشـکیلاتەکانیش لەبـەر ڕاپەڕانـدنی کاروبـاری ئیـداری لـەگوێی حکومـەت، بـەوەی ڕانەدەگەیشـتن بچـنە نێـو خـەڵك و ڕوونیان کەنەوە، من ویستی خەڵکم پێ لەفەرمانی وشکی بێتـام پـێ گـرنگتر بـوو، پاشانیش خەڵك داوای لێکردبووم، نەك حیزب.

ڕۆژی ۹۸۲/۱۱/۲۷ لەمزگـەوتی شـاوەلێ کـەپڕبوو لەخـەڵك پێشـتر ڕایانگەیانـدبوو، لەسەر سیاسەتی غـەیرە ئینسـانی و غـەیرە ئیسـلامی حکومـەتی ئێـران و ئـەرکی خـەڵك لەبەرانبـەر سیاسـەتی ڕژێمـدا و یارمـەتی بـەهێزی پێشـمەرگە و بـەحیزب و بەکەسوکاری شەهیدان و بەپوچەڵکردنەوەی تەبلیغاتی ڕژێم، بەدرێژی قسـەم کـرد و پێشوازیەکی گەرم لەقسەکانم کرا.

رۆژی ۹۸۲/۱۱/۲۹ لەگەڵ عومەر کاشانی و کوڕی حاجی چووینە کانی بداغ و لەوێوە لەگەڵ مراد کرمانجی شەهید چووینە گەرگولی خوارێ.

۹۸۲/۱۲/۱ کادرەکانی ناوچەی شنۆ داوایان کرد دانیشتنێکمان هەبێ و لەسەر دەنگدانەوەی بزووتنەوەی کورد لەدەرەوە، باسیان بۆ بکەم، پرسیارێکی زۆریان کرد و بەگوێرەی توانا و کەزیانیشی بۆ پەزی نەبێ وەڵامم دانەوە، دانیشتنێکی گەلێك خۆش و بەکەڵك بوو، رۆژی دوایی پێشمەرگەیەکمان نارده گوندی شێلمجاران، لیباسەکانم لەماڵە سەرهەنگ قادری بۆ بێنێتەوە، پێشمەرگە بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە، چونکە لیباسەکانی منیش وەك شتومەکی خۆیان لەگەدەی مەنگوڕان بەجێ مابوون و ئێستاش نەمزانی چییان بەسەرهات، بەفر دەرەتانی سەفەری بڕیبوو، لەماڵی کاك وسێن کرمانجی مامەوە، بێجگە لەخزمەت و میوانداری و رووخۆشی گەورە و بچوکی ئەو ماڵە، بوونی کاك مراد و رەفاقەت و هاوبیری ئەو، خانە گیری کردبووم، رۆژی ۹۸۲/۱۲/۲ لەسەر بنچینەی بیستن و بینینەکانی ئەو سەفەرم، ئەم نامەیەم بۆ دەفتەری سیاسی نووسی کەوا لێرەشدا بڵاو دەکرێتەوە.

دەقی نامەکە: (بەڕێز دەفتەری سیاسی ح.د.ك.ا سڵاوێکی برایانە، هیوادارم بەسەر تەنگو چەڵەمەکانی رۆژدا سەرکەون، لەگەڕانەوەمدا لەکاری تەشکیلاتی و پێشمەرگەدا هێندێ کەموکوڕی و ناتەواویم هاتە بەرچاو کەچارەسەر نەکردنیان بۆ بزووتنەوە زیانێکی زۆری دەبێ، بۆیە بەپێویستم زانی بیروڕای خۆمتان پێڕابگەیەنم، هیوادارم بۆ چارەسەرکردنیان هەنگاوی جیددی باوێژن.

۱- شیمالی کوردستان وەك لەخەودا بێ وایە، لەکاتێکدا دوژمن هەموو هێز و فشاری خستۆتە سەر ئەملایە، شیمال دەستی لەسەر دەست داناوە و چاوەڕوانە ئەگەر دوژمن پەلاماریان بدا، ئەوانیش تەقەیەك بکەن و ئەگەر زۆریشیان بۆ هات

بکشێنەوە و دوژمن لەجێگای ئەوان پێگە دامەزرێنێ، بەشێکی زۆری ناوچەی برادۆست بەم شێوەیە گیراوەتەوە، بەنەزەری من شەڕی قورس و بەربەرەکانی پێویستە بخرێتە ناوچەی شیمال، بەتایبەت ناوچەی عەجەم نشین، چونکە ئەگەر بەراستی لەو ناوچەیە شەڕ بکرێ، دێهاتی عەجەمان دەکەوێتە بەر پەلامار، ئەودەم ئەوان فشار بۆ رژێم دێنن و دەیکەنە هەرا و دەربڕینی بێزاری لەشەڕی داسەپاو، نەتیجەی تاکتیکی شەڕی غەڵەتی ئێمە وای لێهاتوە کەدێهاتی عەجەمان بەئاسودەیی بنوون و کوردستانی ئێمەش وێران و خەڵکەکەشمان ئاوارە و دەربەدەر بێ، پێویستە شیمال لەو مات و بێدەنگییە بێتەدەر و شەڕ بخرێتە مەڵبەندی عەجەمان.

٢- مەسەلەی بەڕێکردنی ئەفسەر و عەجەمی هەڵاتوو، بەقاچاخی شیمالی گرتۆتەوە و لەتام چۆتەدەر، باندی خەڵك بەڕێکردن بەشێوەی مافیا تەنانەت هێندێ وردە رێکخراوی سیاسیشی گرتۆتەوە، جاروباریش ئەگەر بە ١٠ هەزار تمەنێك چاوی بەرپرسەکانی حیزب بنووسێنن و یا پێشمەرگە بەقاچاخی پاشقولیان بدا و بەڕێیان بکا، لەکاتێکا لام وایە ئەم مەسەلەیە پێویستە لەلایەن هێزەکانی حیزبەوە کۆنترۆڵ بکرێ و دەتوانن لەباری سیاسیەوە کەڵکی لێ وەرگرن، خۆ ئەگەر نەشکرێ پێشی ئەم جەرەیانە بگیرێ، با حیزب ئیستفادەی ماددی لێ بکا و داهاتێکی بەرچاوی لێ دەست دەکەوێ.

٣- ئەوەی بۆم دەرکەوت و لەنێو کادر و ئەندامانداا باسی دەکرا، لەناوچەی شیمال، بەتایبەت لەسۆما و برادۆست، تەشکیلاتی حیزبی نییە و ئەوەی ئەم نێوەشی لەسەرە، تەنیا کاری ئیداری شکایەت و سزادان و خەڵك بێزارکردن بەڕێوە دەبات، وەزعی هێزی نحۆ زۆر شپرزەیە، کارم بەوەی نییە کەلەدوورەوە چۆن گوزاریشتان بۆ دەنووسن، بەدەیان پێشمەرگە بۆ حەوتوێك دەچنە

مەرەخەستی و بەدوو مانگ نایەنەوە، بەدەیان پێشمەرگە لەمەقەڕەکان بێکار، بێ فێرکردن و خوێندن، کەوتوونەوە، تەنانەت ئەوردووش بۆ خۆیان ناهێنن، لەرێگادا، لەچەند گوندان خەڵك و تەنانەت کادری تەشکیلاتیش هاواریان بوو کەپێشمەرگە بەخۆڕایی لەگوندان دەسووڕێنەوە، نمونەی زەبتورەبت هێزی نحۆ ئەو کاروانەیە کەبۆ بردنی چەك و تەقەمەنی هاتووە، لەرێگا چەند جار خەریکبوون بەتفەنگ لێك بدەن و کەس جوابی مەسئولی نەدەداوە.

٤- وەزعی تەشکیلاتی حیزبی لەرێکخراوی شنۆیەش زۆر تەواو نییە، لام وایە دەبێ پتر گرنگی بەکار و تێکۆشانی تەشکیلاتی بدرێ.

٥- وەك برادەرانی کادری تەشکیلاتی نەغەدە و چەند کەسی دۆستی حیزب باسیان دەکرد، وەزعی تەشکیلاتی نەغەدەش تەعریفێکی نییە، هەموویان لایان وابوو لەهەر شوێنێ پێشمەرگە نەبێ، تەشکیلاتی حیزبیش نییە، بۆ نمونە باسی مانگی هێرش و دیفاع دەکرا، لەو مانگەدا تەشکیلات لەباری تەبلیغات و هاندانەوە یەك هەنگاوی ناویشتوە، مەسئولەکان نەچوونە گوندەکان و خەڵکیان روون نەکردۆتەوە، ئەوە خۆی وریایی خەڵك و دواکەوتوویی تەشکیلاتی حیزب دەگەیەنێ، چونکە ئەگەر رێبەرایەتی حیزب مەسەلەیەکی موشەخەس دەکاتە ئەرکی رۆژی تێکۆشانی حیزبی، پێویستە هەموو بەدەنەی حیزب کاری جیددی لەسەر بکەن، بۆیە بەپێویستی دەزانم لەم وەزعە ناسکەدا یەك دوو ئەندامی دەفتەری سیاسی لەناوچەکانی کوردستان بسووڕێنەوە و قسە بۆ خەڵك بکەن و مەترسی سەقامگرتوویی دەسەلاتی رژێم بۆ کۆمەلانی خەڵك روون کەنەوە، مەلاکان دەبوایە ئەم ئەرکە بەجێ بگەیەنن، بەڵام زۆربەی مەلاکانی کوردستان بەداخەوە لەبێلایەنی و خۆ ماتکردندان و لەئاست چارەنووسی نەتەوەکەیان بێ موبالاتن، تۆ بڵێی حیزب لەم بارەیەشدا کەمکاری نەکردبێ؟ جا ئەگەر مەلاکان

نایکەن و تەشکیلاتی حیزبیش هیچیان دەباردا نییە، با ئەندامانی دەفتەری سیاسی ماوەیەك واز لەئەمرونەهی بێنن و لەنێو خەڵکدا بسووڕێنەوە.

٦- خەبەری پەڕینەوەی دەفتەری سیاسی و چۆلکردنی ئەوبەرە زۆری نیگەران کردم، لام وایە دەکرا ئەم زستانە برادەرانی دەفتەر لەناوچەی لاجان و سندوس لەنێو خەڵکدا بمێننەوە، ئەم دوورکەوتنەوە بۆتە هۆی کزبوونی روحیەی خەڵك و بۆ هەڵسوڕانی کاروباری حیزبیش تەنگوچەڵەمەی پێکهێناوە، من لام وایە ئەگەر ڕێبەرانی حیزب بتوانن بەباشی وەڵامدەری رووداوەکان بن، هێزی ئەساسی و لەبن نەهاتووی خەڵك و پێشمەرگە هەرماوە، تەنیا دەبێ سەرپەرشتی جیددی بکرێ و تەنیا بەوەرگرتنی چەند ڕاپۆرتی ناراست سەرینی خاترجەمی لەبن سەری نەنێن، لەم سەفەرە بۆم دەرکەوتوە کەراپۆرتەکان زۆریان تەواو نین و تەنانەت ئەو خەبەرانەی بۆ رادیۆش دەنێردرێن، زۆریان راست نین و بڵاویش دەکرێنەوە، لەم بوارەدا پێویستە دیقەت بکرێ و پرستیژی رادیۆ نەیەتە خوارێ.

لەسەر رووناکایی ئەم نووسراوەیە و دیتن و بیستنی رووداوەکان ئەم چەند پێشنیارەی خوارەوەتان پێشکێش دەکەم:

١- بەناردنی چەند کەس لەئەندامانی ڕێبەرایەتی وەزعی شیمال لەم وەستان و ناهومێدی و دەست لەسەر دەست دانانە، بێننە دەرێ و بیان بزێون و قورسایی شەڕ بخەنە شیمال و بەتایبەت ناوچەی عەجەمستان.

٢- سەبارەت بەدیسیپلین و زەبتورەبتی پێشمەرگە هەنگاوێکی جیددی باوێژرێ و پێشی بەڕەڵایی و سووڕانەوەی بێ جێ بەتوندی بگیرێ.

تەشکیلاتی حیزبی لەجیاتی کاری ئیداری و کوێخایەتی با خەریکی ڕێکخستن و پتەوکردنی ریزەکانی حیزب و پەروەردەی سیاسی ئەندامان بێ و با کاری

شکایەت و کێشەی خەڵک بەشوراکان بسپێرن.

٣- ئەفرادی لێزان و ناسراو دیاری بکەن لەمزگەوتەکان تەبلیغات بکەن و خەڵک لەسەر سیاسەتی حیزب و دڕندەی حکومەت روونکەنەوە، تەنیا تەکیە لەسەر رادیۆ بۆ تەبلیغات وەڵامدەری هەلومەرجی ئەمڕۆی بزووتنەوە نییە.

٤- پێشمەرگە لەسەرانسەری کوردستان لەحاڵەتی دیفاع و چاوەدێری هێرشی دوژمن بێتەدەر و بکەوێتە حاڵەتی پەلاماردان و لێدان و ماندووکردنی دوژمن و تاکتیکی شەڕی پارتیزانی بەتەواوی ڕەچاو بکرێ.

٥- وەزعی هێزی بەرگری ڕێکوپێکتر بکرێ، واتە با گرانایی بەرگری و کێشک و چوونە جەبهە و شەونخوونی هەر لەسەر شانی فەقیر و هەژاران نەبێ، گوندی وا هەیە ٤٠-٥٠ ماڵە، تەنیا سێ چوار کەسی فەقیر و نەدار و نیشتمانپەروەر لەبەرگریدان، دەوڵەمەند و مەڕدارەکان لەخەو و ئیسراحەتدان و تەنانەت تفەنگیش ناکڕن و یارمەتی فەقیرەکەش نادەن، بۆ کابرای مەڕدار پاسدار و حیزب فەرقی نییە، لام وایە دەبێ هێزی بەرگری لەڕێگای کڕینی چەک بەدەوڵەمەندەکان و یارمەتی بەفەقیرەکانی هێزی بەرگری و یا هێنانی هەتیوی مەڕدارەکان بۆ بەرگری بەهێز بکرێ، با تەشکیلاتی حیزب دەست لەدەوڵەمەند پارێزی هەڵبگرن.

٦- بۆم دەرکەوت زۆر ئەندامی لێهاتووی حیزب، لەبەر هێندێ هۆی هەق یا ناهەق دانیشتوون، حیزبی ئێمە لەم هەلومەرجە ناسکەدا، پێویستی بەهەموو کەسێکی نیشتمانپەروەر هەیە کەبڕوای بەسیاسەت و ڕێبازی حیزب هەبێ، لام وایە پێویستە دەفتەری سیاسی بەرابردووی تێکۆشان و هۆی دانیشتنی ئەوانەدا بچێتەوە و بانگیان کاتەوە.

بەکورتی بەگەڕانی ناوچەکان و چوونی نێو خەڵک و نیزیکی لەکادر و پێشمەرگە،

گەلێك کەموکوڕی دەبینرێن و بەسەرنجدان و تێکۆشانی رێبەرایەتیش چاریان دەکرێ.

لەبارەی خۆمەوە ئێستا گەیشتوومەوە لاجان و بەفری زۆر و هیلاکی رێگا دەرەتانی ئەوەی بڕیوە جارێ بتوانم بگەمەوە دەفتەر، بەتایبەت لەسایەی تێکۆشانی برادەرانی رادیۆ کاری رادیۆ لەسەر من پەکی نەکەوتوە و هیچ وەزیفەیەکی دیکەشم نییە، بەڵام هەر کارێکی دیکەش لەهەر شوێنێك پێم بسپێرن، بەشانازیەوە ئەنجامی دەدەم، لەگەڵ هەڵکەوتی دەرەتانیش بۆ دەفتەر دەگەڕێمەوە.

سەرکەوتنتان ئاواتەخوازم ٦١/٩/١١)

کەریمی حسامی

لەسەر داوای خەڵك رۆژی ٩٨٢/١٢/١٠ لەمزگەوتی گەرگول لەسەر هەڵوێستی کزەڵۆکی مەلایان سەبارەت بەبێدەنگیان لەئاست جنایەتەکان رژێم لەکوردستان و بڵاوکردنەوەی هێندێ خەبەری بەدرۆ و دەنگۆ، قسەم کرد و داوام لەخەڵك کرد کەپتر یارمەتی بەپێشمەرگە و هێزی بەرگری بکەن.

لەگەرگول بووم، تاهیری کوڕی موساخانی زەرزا و حەیدەری کوڕی مەحمودی هەمزە ئاشەوانی بەو بەفر و سەرمایە، پەیدا بوون. لەشنۆیەڕا هاتبون، دەیانگوت: (دیپلۆممان وەرگرتوە، بۆ ئەوەی لەزانستگا وەرمانگرن دەبێ بچینە سەربازی، ئێمەش نامانەوێ سەربازی بکەین، هاتووین حیزب بمانێرێ بۆ دەرەوە دەرس بخوێنین) گوتم چۆن شتی وا دەبێ، ئێوە تازە دیپلۆمتان وەرگرتوە، هاتوون داوا دەکەن حیزب بتان نێرێتە دەرێ، بخوێنن، لەکاتێکا سەدان لاوی دیپلۆمە ئەوە چەند ساڵە هاتوونە دەرێ و لەرێکخراوی لاوان و نێو حیزب و ئینتشاراتدا کار

دەکەن، نۆرەیان وەبەر ناکەوێ بچن بخوێنن، ئەگەر ناتانەوێ بچنە سەربازی، وەرنە نێو حیزب، کار بکەن، ئەگەر نۆرەتان هات، حیزب دەتانێرێ، پاشان گوتم من هیچم بەدەست نییە، بەڵام جوابتان رەنگە هەر ئەوە بێ، هەر ئەو رۆژە گەڕانەوە بۆ شنۆیە، نازانم چییان بەسەرهات درەنگتر بیستم کەلەئوتریش دەخوێنن.

رۆژی ٩٨٢/١٢/١٢ لەگەڵ کاك وسێن کرمانجی چوومە گەرگولی سەرێ، بنکەی تەشکیلاتی نەغەدە، برادەرانی تەشکیلات زۆر بەخۆشی پێشوازیان کرد، دوای سێ رۆژان چوومە مەحمەشەو ناردم حوسێنی خوارزام هات، رۆژی جومعە لەنوێژی جومعەدا بەشداریم کرد و دوای تەواوبوونی جومعە، لەسەر سیاسەتی رژێم و پێویستی یارمەتی بەحیزب و پێشمەرگە وتارێکم دا، ٩٨٢/١٢/٢٦ مەلا محەمەدی خزری و سەعدون هاتنە لام، مەلا محەمەدی ٢٠٠٠ تمەنی دامێ کەسەعات بکرم، سەعاتی خۆم بەخشیبوو، بێ سەعات مابوومەوە، برادەرانی تەشکیلاتی نەغەدە بەڵێنیاندا کەنامیلکەی (مەسەلەی کورد لەپارلمانی سوید) چاپ بکەن، بەڵام کاغەزیان نەبوو، حوسێنی خوارزام ناردە گوندی زۆڵمابات لای مەشهەدی برادەرم کەکاغەزم بۆ پەیدا بکا، مەشهەدی خۆی هات، ٢٠ بەستە کاغەز و سندوقێکی سێو هێنابوو، رۆژێکم لەکن گیربوو، گەڕایەوە، حاجی زاهیری کوڕی حاجی مەلاش چوو لەمەهاباد ٤٠ بەستە کاغەزی بۆ هێنام.

رۆژی ٩٨٣/١/٣ لەگەڵ حاجی مەلای رەحمەتی و مەلا محەمەدی عوسمانی و برادەرانی پێشمەرگە چووینە گوندی مەمەلیان، سەرەخۆشی سەید برایمی کادری حیزب، دایکی عەمری خوای کردبوو، لەمەمەلیان بێجگە لەسەرەخۆشی بەدیداری دۆست و ئاشنا و جیرانی قەدیم شاد بووم، لەمەمەلیان لەسەر تێکۆشانی حیزبی دەرکرابووم، خەڵکی وێ لەجیرانەتی من بیرەوەری خۆشیان هەبوو، لەمزگەوت

داوایان کرد کەلەسەر بارودۆخی ولات و بزووتنەوە قسان بکەم، ناچار دەبوایە بەپێچەوانەی ئەمری مەلا عەولای حەیاکی ببزوومەوە، هەستام و ئەوەی دەمزانی و دەبوایە بیلێم، پێشکێشم کرد.

٩٨٣/١/٥ لەگەڵ مامۆستا مەلا محەمەدی عوسمانی گەڕاینەوە بۆ گەرگولی سەرێ، ٣٠ برادەری پێشمەرگە کاغەزەکانیان بەکۆڵێ هەڵگرت بۆ گەرگولێ، بەچ زمانێك و بەکام پێنووس سوپاسیان بکەم نازانم، هەروەها سوپاسی برادەرانی تەشکیلاتی نەغەدە، کەبەخێرایی نەمیلکەیان چاپکرد و کەوتە بەر دەستی خوێنەرانی بەڕێزی کورد و باشیش فرۆشرا.

بەفر و سەرمایەکی سەخت و هاونشینی برادەرانی تەشکیلاتیش کەلەمن بێکارتر بوون، گەرم و خەمڕەوێن بوو، سەردانی جاروباری مەلا قادری گەرگول و پێکەنینە سەیر و شیرینەکەی لەگەڵ قسە خۆشەکانی و داوەتکردنی جاروباری کوردەواری تۆڵەی سەرمای زستان و بێکاری دەکردەوە.

تەشکیلاتی نەغەدە بێجگە لەمن میوانی دیکەشی هەبون، مەحمودی ئەردەهاڵی لەگەڵ دوو سێ برادەری (چەپیخوار)ی ئازربایجانی هاتبوونە گەرگول و لەکن تەشکیلاتی نەغەدە گیرسابوونەوە، بەناوی تێکۆشانی سیاسی، هەرچی کتێب و نووسراوە و نامیلکەی دژی سۆڤێتی وەگیریان کەوتبوو لەگەڵ خۆیان هێنابوو، من سەبارەت بەدۆستایەتی و برایەتی لەگەڵ حەسەنی ئەردەهاڵی کەماوەیەك پێکەوە لەزیندان ببووین و لەساڵەکانی ٧٠دا بەداخەوە کاتی گەڕانەوەی لەعێراقەوە، شەهید کرابوو، ریزێکی زۆرم لەمەحمودی دەگرت.

خێزانی مەحمودی ژنێکی خوێندەواری تێکۆشەر، لەگەڵ دوو منداڵی ٦-٧ ساڵە تووشی ئەم دەربەدەریە ببوون، کەمن چووم منداڵەکان نەخۆش بوون دایکیان

لەرادەبەدەر ناڕەحەت و پەرێشان بوو، دوو رۆژ بوو پلەی گەرمای بەدەنیان دەچوە سەر و ئارەقیان دەکرد، حەب و شەربەتیان دابوونێ بەڵام فایدەی نەبوو، دایکیان دەهات و دەچوو هەراسان هاواری دەکرد، گوتم خانم من هێندێ دەرمانی زۆر باشم پێیە، بەتایبەت بۆ سەرما بوون و ئەم جۆرە نەخۆشیانە، بەڵام بۆیە دەنگم نەکردووە دەرمانەکان هەموویان دەرمانی وڵاتی سۆسیالیستین، خۆ مەحمود ئاغاش دەرمانی وڵاتی سۆسیالیستی نادا بەمنداڵەکانی خۆی، خانم هاواری کرد و بەفارسی گوتی: (محمود غلط میکند، من بجەهایم میمیرند، تورا خودا اقای حیسامی، محمود غلط میکند)، مەحمودیش گوتی: (کوڕە کاك کەریم جا وەختی ئەوەیە، ئەوەم بەگژدا دەکەی، برۆ دەرمانەکانی بۆ بێنە).

گوتم: مەحمود چاك وەگیر کەوتووی دەرفەتە با بەخانم بەکوتانت دەم، تۆزێ بەگاڵتەمان رابوارد و دەرمانەکانم بۆ هێنا، تۆزێك بوو دەبوایە لەئاودا بیتوێنێتەوە و بیخۆنەوە، دەرمانەکانی بردن و رۆژی دوایی تازە لەخەو هەڵدەستاین دایکیان هات و بەخۆشی گوتی: (هاتوم سوپاست بکەم، منداڵەکان نیوەشەو داوای خواردنیان کرد شیرم دانێ ئێستا هەستاونەوە)، منیش زۆر خۆشحاڵ بووم و لەگەڵ مەحمود ئاغاش گاڵتەکەمان بەردەوام بوو.

رۆژی ١٩٨٣/١/١٢ کاك مراد کرمانجی شەهید لەدوام هات چووینە گەرگولی خوارێ، کاك رەحیمی محەمەد زادە لەپلینۆم گەڕابۆوە، هێندێ باسی پلینۆم و وەزعی حیزبی بۆ کردین، هەرچەند من میوانی ماڵە کاك وسێن کرمانجی بووم، بەڵام شەو لەماڵە کاك رەحیمی قەلێکمان لەعەرزی دا و شەوێکی خۆشمان رابوارد، کاك رەحیم لەبارەی شێوەی خەباتی نهێنی و پێك هێنانی تەشکیلاتی نهێنی لەشارەکاندا پرسیاری زۆری کردن و باسێکی خۆشمان هەبوو، رۆژی ١٩٨٣/١/١٤ لەگەڵ کاك رەحیم و مراد کرمانجی چووینە کانی بداخ و لەسەر داوای رێکخراوی

ناوچـه و خـەڵکی گونـدی لەمزگـەوت لەسـەر بـارودۆخی وڵات و رەوتـی بزوتنـەوە قسەم بۆ خەڵك کرد، لەپڕ خەبەریان هێنا کەقادری عەبدی و سەید عەزیز هاتوونـە گەلاگول و چاوەڕوانی منن، ئێمـه شـەو نـەمانتوانی بچینەوە گـەرگول، سبەی تـا ئێمە گەیشتینێ ئەوان رۆیشتبوون و ئیتر هەر ئەو رۆیشتنە بوو نەمدیتنـەوە، شـەو لەماڵی کاك رەحیمی محەمەد زادە میوان بووم، بەرپرسی تێکۆشانی نهێنی شـاری شنۆ هاتبوو، لەبارەی شێوەی کاری نهێنی لەنێو شاردا ئەوەی دەمزانـی رێنـوێنیم کرد، رۆژی ١٩٨٣/١/١٦ برادەرانی تەشکیلاتی نەغەدە نامەیان بۆ نـاردبووم کـەبۆ دووی رێبەندان بچمە لای ئەوان لەگەرگولی سەرێ، رۆژی دوایی دەگەڵ کاك مـرادی چووینە گەرگولی سەرێ، رۆژی دووی رێبەنـدان خـەڵکی بەشـەرەفی گـەرگولێ وەك رۆژی جێژنەکانی ئاینی سفرەیان هێنابوە مزگەوت و بـەخێری بەشـداریان کردبـوو، مـەلا قـادری گـەرگولێ ئـەو پیـاوە قسـە خـۆش و باشـە تـەواوی رۆژ لەمزگـەوت نەدەبزوت، قوتابیەکان بەرنامەیەکی جوانیان بەڕێوەبرد، لەسەر گرنگی دامـەزرانی کۆمـاری دیمـوکراتی کوردسـتان و ئـەرکی رۆژی خـەڵك وتـارێکی دوور و درێـژم پێشکەش کرد، نامەم بۆ کاك رەحیمی نووسـی کەپێشـمەرگەم بـۆ ئامـادە بکـا تـا بچمەوە دەفتەری سیاسی.

رۆژی ١٩٨٣/١/٢٣ پێشمەرگەی هێز هاتنە گەرگول دەبوایە بـۆ دەفتـەری سیاسـی بچن، بڕیارم دا لەگـەڵ ئـەوان بـڕۆم، شـەو بـەفرێکی زۆر بـاری و لەسـەفەرەکەیان پەشیمان بوونەوە، رۆژی ١٩٨٣/١/٢٩ لەگەڵ چوار پێشمەرگە لەگەرگولەوە بـەرەو ئالان کەوتمەڕێ، بەفرێکی زۆر و زستانێکی سارد و تووش، برادەرانی گـەرگولێ تـا دەرەوەی گوندی بەڕێیان کردم، بەتایبەت کاك مراد کرمانج پێی دا دەگرت کەبـەو زستانە نەڕۆم و تا بەهارێ لەوێ بمێنمـەوە، دەفتـەری سیاسـی تیلگرافـی کردبـوو کەبچمەوە دەفتەر، نیوەڕۆ لەکن کـاك عـەولای حەسـەن زادە لام دا، زۆرم ئیسـرار

کرد کەلەمالێ دانەنیشێ و لەحیزبدا کار بکا، بەتایبەت تەشکیلاتی شنۆش داوایان لێ کردبوو کەلەکاروباری رێکخراوەدا بەشدار بێ، لەگلەیی و رەخنەی بەجێ و قسەکانی دیار بوو کەئامۆژگاریەکانی من فایدەیان نییە و ناتوانێ لەحیزب دا کار بکا، لەگوندی خوورونج لام دا، کراس و پانتۆلێکم بەدرون دا، دوایە بۆیان ناردبومەوە دەفتەر، شەو چووینە گوندی گرداسێ، کەچووینە رێکخراو بێجگە لەکورێکی ١٣–١٤ ساڵە کەسی لێ نەبوو، هۆدەیەکی سارد کورەکە دەیگوت نەوت نییە، کادر و مەسئول لەگوندی دا بڵاو ببوون و ئەو کورەشیان لەوێ دانابوو، چووینە مالّی کەریم قەیتەرانی، باسی ناکرێ چەندیان رێز لێ گرتین، رۆژی دوایی گەیشتینە گوندی توژەڵە، چووینە مالّی کاك مستەفای رەمەزانی، ئەگەر هەموو بەرگی بیرەوەریەکانم بەسوپاس لەزەحمەت و جوامێری و فیداکاری ئەم خەڵکە زەحمەتکێش و دڵپاکە رەش کەمەوە هێشتا کەمم نووسیوە و ناتوانم هەقی خۆیان بدەمێ، لەمالّی کاك مستەفا نەخۆش کەوتم، بەڵام خزمەت و دڵسۆزی ئەو ماڵە ئاوەدانە بێ دکتۆر دەرمان چاکیان کردمەوە، رۆژی دوایی چووینە گوندی مێشە دێ، لەبنکەی پێشمەرگە لامان دا چایەکمان خواردەوە ئەو پێشمەرگانەی لەگەرگولێ کاك رەحیم لەگەڵی خستبووم، گوتیان: ئێمە بەپەلەین و دەبێ زووتر بگەینە برایم شێخاڵی، برایم شێخاڵی کورێکی لێهاتوی ژیر و خاوەن بڕوا، کورە جوتیارێکی هەڵکەوتوو، لەئاڵان بەفەرماندەی هێز لەهەوشار دیاری کرابوو، خەبەری دابوو لەهێزی ئەفشینەوە چوار پێشمەرگەی بۆ بنێرن کەخەڵکی یەك ناوچە و ناسیارن و لەگەڵ خۆی بیانباتە هەوشار، لای خۆی ئەوانە پێشمەرگەی شارّ بوون کەلەگەڵ من هاتبوون، گوتیان دەبێ ئیجازە بدەی ئێمە بڕۆین و بەجێت دێڵین، گوتم: ئەگەر ئیجازە بەمن بێ نابێ بڕۆن چونکە ئێوەیان لەگەڵ من ناردوە، ئەگەر خۆشتان دەڕۆن خواتان

لەگەڵ، دەستیان دایە تفەنگان و ملی ڕێیان گرت، برادەرانی بنکەی مێشەدێ دوو پێشمەرگەی دیکەیان ساز کرد و کەوتینەڕێ شەو چووینە گوندی کانی خەلیل ماڵە خدر جوندی ڕۆژی دوایی کەوتینەڕێ نیوەڕۆ لەگوندی گارگی لەمالّی مەلا مەحمودی لامان دا، مەلا مەحمود زۆری هەوڵدا کەگیر بین و نەڕۆین، ڕانەوەستاین چوینە گوندی هەرمێ، ماڵە سەید ڕەسوی بابی گەورە لەوێ بوو، لەمالّی سەید ڕەسوی لام دا، خۆی لەماڵ نەبوو، ماوەیەك دانیشتین و حەساینەوە و شەو چووینە گوندی میرەسێ ماڵە عەولاغای، کاك سمایل و کاك هەمزە لەماڵ بوون، ڕۆژی دوایش نەیانهێشت، بڕۆین، دانیشتین و باس و حەسانەوە و میوانداریەکی شازی مەنگوڕانە.

ڕۆی ۱۹۸۳/۱/۳۰ لەمیرەسێ وەڕێ کەوتین کاك هەمزە و دوو کەسی تریش لەکوڕەکانی وان لەگەڵمان هاتن، بەفرێکی زۆر و ڕێگایەکی ناخۆش و نەشکاو گەیشتینە گوندی کوران، برادەرانی لەگەڵم بوون دەگەڕان کەماڵێکی حەسار گەورە بدۆزنەوە و لێی لادەین و نان و چایەك بخۆین، گەروە کچێك سەری لەپەنجەرەیەك هێنابوە دەرێ، لێم پرسی ئەرێ ئەو ژوورەتان هیچی لێ ڕاخراوە دەتوانین لادەین؟

– فەرموون، مالّی خۆتانە، وەتاخەو ڕاخراوە، ئیتر هەموومان چووینە ژوورێ، لەکوردەواری نەبێ لەکوێی دنیا خاوەن مالّ بەدیتنی پێنج شەش میوان شاد و گەشکە دەبێ و بەرووخۆشی پێشوازیان لێ دەکا، کەچوومە ژوور بێ ئەوەی من خاوەن مالّ بناسم، کابرا هەر ڕاست بۆوە و گوتی: (ئەی.. خۆ ئەوە کاك کەریمە) چووینە وەتاخێ، گورج سەماوەر هاتە ژوور، گوتیان مەلا حەسەنی ڕەستگار و سەید حەسەنی هاشمیش لێرەن و ئەوە لەماڵە فلّان کەسن، گوتم لەدوایان بنێرن بێنە ئێرە، زۆری پێ نەچوو مەلا حەسەن و سەید حەسەن و

مەلا رەسوڵ و سمکۆ پەیدا بوون، چاك و چۆنی و ماچ و بەخێرهێنان و دوای حەسانەوە و نانخواردن چووینە گوندی کاولان کەرێکخراوی ناوچەی لێ بوو، سمکۆ ئەودەم بەرپرسی رێکخراو بوو، رۆژی ١٩٨٣/٢/٤ چووینە گوندی کاولانی سەرێ مالّی مەلا رەسوڵی پێشنماز، میوانداری مالّی مەلا رەسوی وەك هەموو کاتێك لەکەبابی قەلەوە بگرە تا ویسکی هەموو شت بەپێی پیلان بوو، رۆژی دوایی گەڕاینەوە کاولان و یەك دوو رۆژ نەیانهێشت بڕۆم، کاولان ببووە بازاڕی ئەم ناوچەیە و ناوەندی سەودا و کڕین و فرۆشی شت و مەکی گەرمێن و کوێستان، بێجگە لەرێکخراو قاچاخچی ولّاتیشی لێ کۆببۆوە، ئێمە لەکاولان بووین خەبەری شەهید بوونی خردە سووری هات، یەکێك لەسەر لقە هەڵکەوتوەکانی پێشمەرگەی هێزی پێشەوا، سەرەخۆشیان لەکیتکەی دانابوو، سمکۆ گوتی: (دەبێ لەگەڵم بێی بۆ سەرەخۆشی)، سوار بووین چووین، ناکرێ قەت لەبیر بچێتەوە کاتێك بابی هەستا و گوتی: (دوو کوڕم ماون شانازی دەکەم ئەگەر ئەوانیش لەرێگای کوردستاندا بچن) خدر کوڕی سێیەمی بوو کەشهید دەکرا، من هەستام لەگەڵ سەرەخۆشی و سوپاسی ئیرادە و خۆڕاگری بابی خدرە سووری، لەسەر سیاسەتی دژی ئیسلامی رژێم قسەم کرد، دیارە سمکۆش وەك بەرپرسی رێکخراو وتارێکی دا و هێندێ قسەی جوانی کردن، دوایە برایانی پێشمەرگەی بنکە داوایان کرد بچمە لایان، لەسەر دەنگدانەوەی بزوتنەوەی کورد و سیاسەتی حیزبی دیموکرات گەلێکیان پرسیار کرد و وەلّامم دانەوە، دوای نیوەڕۆ لەگەڵ سمکۆ گەڕاینەوە بۆ کاولان.

رۆژی ١٩٨٣/٢/٥ لەگەڵ کاك مەلا حەسەنی رەستگار بەماشێن گەیاندیانینە کەلّەکاوێ، لەوێ ساك و جانتام دا بەبرادەرێکی خەلّکی مەلا شێخی کەلەقاوەخانەی قولّەسمۆرە بیاندا بەچایچی تا خۆم دەچم، دوایە لەگەڵ مەلا

حەسەنی دوو ولاخمان پەیدا کردن سوار بووین تا لەهەورازی زمزیران سەرکەوتین، لەسەرەو ژێری دابەزین و بەپێیان داگەڕاینە خوارێ، مەلا حەسەن دەستی پێکرد لەبارەی ناتەواوی و کەم و کوڕی نێو حیزب و تەشکیلات، لام وایە ئەودەم خۆشی ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو، پاشان هاتە سەر سیاسەتی حیزب لەبارەی بزوتنەوە و پێوەندیەکانی دەرەوە، مەلا حەسەن گوتی: (کاك کەریم هاتوومە سەر ئەو باوەڕە دکتۆر قاسملۆ دەروەست (تعهد)ێکی هەیە کەحیزب بۆ لای رۆژئاوا بەرێ، هەموو کردەوەکانی وا وێ دەچن و بەقسەش شتێکی دی دەڵێ)، گوتم باشە کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی دەوری چییە؟ گوتی: (هەی هو خۆت نایانناسی)، پاشان گوتی: (باشە تۆ لەو سەفەرەی دەرەوە کارێکت نەکرد، شتێکت هەڵنەکراند، ئەو تەواریشانە بۆ وا خۆیان گێل کردوە، کوڕە بەتەمای بەعس بین تێدا دەچین)، گوتم: من سەفەری تایبەتیم کردوە، لەکاتی رۆیشتن دا مەلا عەولا پێی گوتبووم: (برادەران گوتوویانە بەناوی حیزب قسان نەکەم) روون بوو مەلا حەسەن چی دەگوت بەلام لێ زیاد کرد و گوتی: (چاکە چاك خۆت چت لێ هەڵگراندوە)، دیار بوو مەلا حەسەن دەیزانی من سەفەری مۆسکۆم کردوە بەلام دەری نەدەبڕی، تا گەیشتینە قاوەخانەی قولە سمۆرە باسێکی قولّ و شیرنمان هەبوو، لەقاوەخانە چایمان خواردەوە و کیف و جانتامان وەرگرتەوە و کاروانچی سواری کردین لەگوندی جبەرەند لامان دا، تووشی مەلا حەسەنی شیوەسڵی بووین لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگە، هەواییکی سارد، بەفر دەباری، پێشمەرگە وەپێشمان کەوتن لەچۆمی پەڕینەوە لای نیوەشەو گەیشتینە گوندی هەڵۆێ، رۆژی ۱۹۸۳/۲/۷ ولاخیان بۆ پەیدا کردین شەو هاتینە مەزرا، دوو رۆژ لەمەزرا لەلایەن برادەرانی رێکخراو مامەوە شەوانە بەجۆرابێن رامان

دەبوارد، شورای گوندی دۆڵەتو سێ جار نامەی بۆ رێکخراو نووسیبوو کەسەرباز چوونە گلەزەردە، بەڵام کەس جوابیشی نەدابوونەوە، رۆژی ١٩٨٣/٢/٩ لەگەڵ کاک کەریم حەداد چووینە قاسمە ڕەشی، دوکان و بازاڕێکی قەوخاو ئاوەدان و هەرچی ویستبات لێی وەگیر دەکەوت، لەوێوە چووینە گوندی وەردێ میوانی کاک سەعید کوێستانی بووین، کوڕەکانی دیکەی تەشکیلاتیش هاتبوون، داوایان کرد کەبچمە بن و خلێف و لەرێکخراو قسەیان بۆ بکەم، برادەرانی یەکێتی نیشتمانی هاتن، دانەیەکم لەنامیلکەی (مەسەلەی کورد لەپارلمانی سوید) بۆ مام جەلال نارد، رۆژی دوایی برادەرانی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت ئەم نامەیەی خوارەوەیان بۆ ناردبووم.

(هاوڕێی خۆشەویستمان کاک کەریم حیسامی

پاش سڵاوێکی گەرم هەروەک قەرارمان بوو کەتەشریف بێنی بۆ بنکە و قسەمان بۆ بکەی، جا ئێستا لەسەر ئەو قەرارە چاوەڕوانیتان دەکەین، پێشەکی سوپاستان دەکەین، بەحورمەتەوە، لەلایەن برادەرانی کۆمیتەی شارستان، ك.ج ١٣٦١/١١/١٢).

دوای ئەو نامەیە ناچار شەو چوومە بن و خلێف کۆبوونەوەیەکی گەورەیان ساز کردبوو، بێجگە لەبرادەرانی رێکخراو و پێشمەرگە خەڵکی گوندیش زۆریان بانگ کرابوون، لەسەر وەزعی سیاسی و دڕندەیی رژێم و سیاسەتی بەرگری حیزب و دەنگدانەوەی بزوتنەوەی کورد لەدەرەوە بەدرێژی قسەم کرد، پرسیارێکی زۆریان لێ کردم بەگوێرەی توانا وەڵامم دانەوە، رۆژی ١٩٨٣/٢/١٢ لەبن و خلێف–ەوە لەگەڵ دوو پێشمەرگان چوومە بێوران و میوانی حەمەدەمینی مەلا عەزیزی بووم، رێز و میوانداری باسی ناکرێ، چەند کەس لەکادری حیزبی و مامۆستا مەدرەسەکان لەوێ بوون، یەک دوو برادەری یەکێتی نیشتمانیش

میوان بوون، شەوێکی پڕ باس و خۆشمان رابوارد، هەر یەکەی نامیلکەیەکیشم بەدیاری پێشکێش کردن، بەیانی دوو پێشمەرگەی ساز کرد و بەرێگایەکی هەوراز و ناخۆش دا، بەپێش بنکەی پاسداراندا لەقوچی تێپەڕین و چوویینە گوندی قەلەڕەشە، پێتەختی کۆنی (عومەر پاشای سوێسنی) گوندێکی خۆش و ئاوەدان، گوندێنی ١٥٠ ماڵی، لەبنکەی پێشمەرگە لامان دا ویستم بچم سەری کوێخا عومەری بدەم، گوتیان فایدەی نییە، کەس ناناسێ و قسەکانی لەسەر یەک نین، زۆر پیر بووە، دوای نانخواردن لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر چووینە خوارێ بۆ رێکخراوی باژاڕ لەم دۆڵە ئەوەی سەرنج راکێش بوو دارچنار بوو، لەقوڵایی دۆڵی دەرماناوێ چنار بەبەرزایی چیا هەڵچووبوون و لەگەڵ لوتکەی شاخ رکەبەریان کردبوو، لەرێکخراوی باژاڕ برادەرێک بەناوی سالحی حاجی حوسێن خەڵکی گوندی دەرماناوی هاتە رێکخراو، هەروا قسەمان دەکرد گوتی: (من دەنگی تۆم لەرادیۆ بیستوە، شریتێکم هەیە دەنگی تۆیە لەمەهاباد قسە دەکەی، برادەرانی رێکخراو گوتیان، ئەوە فلان کەسە، پێوەنووسا دەبێ بچینە ماڵی ئێمە، چووینە نێو گوندی ئەوپەڕی رێز و میوانداریان بەڕێوەبرد، کێژێکی پێنج شەش ساڵەی هەبوو بەناوی قومری، هاتەوە سەرمای بوو رەش هەڵگەڕابوو، لێمان پرسی لەکوێ بووی؟ گوتی لە (لێنیشکە)ی بووم، من مات بووم: لێنیشکە! گوتم باشە ئەگەر بتانەوێ بچن لێنیشکەی بکەن دەڵێن چی؟ گوتی: (دەڵێن با بچینە لێنیشکێنێ)، واتە: چاوگەکەشم دیتەوە، لێنیشکێن ئەوەیە کەدەچن لەهەورازێکی لەبەفرێ دەنیشن و دێنە خوارێ، لەدەفتەری یادداشتەکانم نووسیومەوە.

بەیانی رۆژی ١٩٨٣/٢/١٣ بەهەورازی بەقوڕێ گیراوی (زەرتک دا) وەسەر کەوتین بەڵام چ وەسەرکەوتن، پشومان لێ بڕابوو، ئەمجار چوونە خواریشی لەم

هەورازە ناخۆشتر بوو لەسەرکەوتن، دوای نیوەڕۆ گەیشتینە بێتووشێ، دوای سەفەرێکی حەوت مانگ و بیست و یەک ڕۆژ لەخوارەوەی بێتووشێ لەئالان گەیشتمەوە دەفتەری سیاسی، کاتێک من ڕۆیشتبووم ناوەندی حیزبی جولّانەوە لەناوچەی مەهاباد بوو، ئێستا لەناوچەی ئالان لەسنووری کوردستانی عێراق دەمدیتنەوە.

پاشکۆ

گەلاڵەی (خود گەردانی) حکومەتی ئیسلامی ئێران کەلەژمارەی رۆژی ١٩٧٩/١٢/٢٠ی رۆژنامەی ئیتیلاعاتی چاپی تاراندا باڵو کراوەتەوە.

الف- حقوق:

١- مەرزەبانی، سیاسەتی دەرەوە، بازرگانی و گومرگ، بەرنامەڕێژی ئابووری سەرانسەری، تەنزیمی بودجە و مالیات، پۆست و تێلگراف، رێگای ئاسن و هەوایی و دەریایی، سەنعەتی قورس و نەوت و گاز، لەدەسەلاتی دەوڵەتی ناوەندی دا دەبن.

تەواوی کاروباری مەحەللی، بەرنامەی ئاوەدانی ناوچە، پەرەپێدانی ئابووری و کشتوکاڵ، پەروەردە و فێرکردن، دەرمان و لەشساخی، رێگاوبان و خانوبەرە و ئاوەدانی، چاپەمەنی و باڵوکردنەوە لەدەسەلاتی ناوچەی خودکەردان دادەبن.

٢- کار بەدەستی ئیدارەکانی ناوچەی خود گەردان بەپێشنیاری شورای ناوچە و پەسندکردنی وەزارەتخانەکان لەخەڵکی ناوچە دەبن، بەڵام ئەو کاربەدەستانەی کەئەرکی کاروباری ناوەندییان لەئەستۆیە، بەپێشنیاری وەزارەت و پەسندکردنی شورای ناوچە دیاری دەکرێن، ئوستاندار و فەرماندار بەپێشنیاری وەزارەتی نێوخۆ و پەسندکردنی شورای ناوچە دیاری دەکرێن.

٣- کارمەندی دادگاکان لەلایەن شورای ناوچەوە پێشنیار دەکرێن و پاش پەسند کردنی دەوڵەت دەست بەکار دەکەن، بەڵام حوکمی دادگاکان لەدیوانی بەرزی کیشوەر دا دەسکاری دەکرێنەوە.

هێزی ئیتزامی پۆلیسی شار و گوند لەخەڵکی ناوچە پێک دێت، سەرۆکی

ژاندارمەری و شارەوانی بەپێشنیاری وەزارەتی نێوخۆ و پەسندی شورای ناوچە دیاری دەکرێن، کاروباری تری ناوچە وەك مارە و تەلاق و شەرع و داب و ڕەسمی ئایینی کەلەچوارچێوەی قانونی ئەساسی دەرنەچن لەدەسەلاتی شورای ناوچەی خود گەردان دا دەبن.

ناوچەی خودگەردان هەقی هەیە جگە لەو بەشەی کەلەبودجەی گشتی وەریدەگرێ، لەناوچەشدا مالیاتی پێویست وەرگرێ، لەدابەشکردنی بودجەی دەوڵەتیدا بەشی زیاتر بدرێ بەناوچە دواکەوتوەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەیان.

لەناوچەی خود گەردانە خوێندنی زمانی قەومی، وەك کوردی، ئازەری و بلوجی لەکلاسی بەك هەوراز لەگەڵ زمانی فارسی دەبێ، نامە نووسین بەهەر تك زمانی ناوچەیی و فارسی ڕەسمی دەبن، بەلام نامەی نێوان ئیدارەکانی دەوڵەتی بەفارسی دەبن.

لەهەر ناوچەیەکدا زانکۆیەکی زانست و فەننی دادەنرێ کەدەرسەکان بەزمانی فارسی دەبن، لقێکی کولتور و ئەدەبیات بەزمانی قەومەکانی ئێرانی دادەنرێ، لەزانستگای تارانیش کورسیەکی زمانی قەومەکانی ئێرانی دادەنرێ.

رادیۆ، تەلەڤیزیۆن لەهەموو ناوچەکان سەر بەمەرکەز دەبن، بەلام سەعاتی زیادیش بۆ بەرنامەی ناوچەکان دادەنرێ، چاپەمەنی و ڕۆژنامە بەزمانی مەحەللی ئازاد و لەدەسەلاتی ناوچەی خود گەردان دا دەبن.

ب- ئەرکەکان:

١- هەموو ناوچەکانی خود گەردان بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و تەواویەتی خاکی ئێران و یەکێتی میللی ئێرانیەکان تێدەکۆشن.

٢- ناوچەی خود گەردان بۆ یەکێتی میللی گشت قەومەکانی ئێرانی لەهەموو هۆکارێك وەك حیزب و رێکخراو و ئەنجومەن کەڵك وەردەگرێ، قانونی ئەساسی دەوڵەت چاوەدێری دەکا، کاربەدەستانی ناوچەی خود گەردان لەبەرامبەر قانوندا بەبەرپرس دەناسێ، لەبارەی نەزم و فەرهەنگ و بارودۆخی ئابوری، دەوڵەتی ناوەندی ئاگادار دەکا، سەرباز دەدا بۆ خزمەتی لەشکری، بەڵام لەناوچەی خود گەردان خزمەتی سەربازی دەکەن، ئەوپەڕی دەرەتان و کارسانایی بۆ هاتووچۆی ئەرتەش و پێداویستیەکانی پێکدێنێ).

پاش بڵاوکردنەوەی ئەم گەڵاڵەیە کۆمیتەی ناوەندی دوای لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی هاتە سەر ئەو باوەڕە کەلەراپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی دا بۆ کۆنگرە بیروڕای خۆی لەسەر نێوەرۆکی گەڵاڵەی دەوڵەت دەربڕێ.

لەراپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی دا بۆ کۆنگرەی چوار گوتراوە:

(کەم و کوڕی بنچینەیی ئەم گەڵاڵەیە لەوەدایە کەبوونی خەڵکەکانی ستەم لێکراوی ئێران و ستەمی نەتەوایەتی دانی پێدا نەهاتوە و بەژێر لیچەوە کراوە، ئەم گەڵاڵەیە بەمەبەستی لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لەبواری سیاسی و ئابوری و کولتوری پێشنیار نەکراوە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە هێندێ دەسەڵاتی کاروباری نێوخۆ بدرێ بەئوستانەکان، عەیبێکی دیکەی ئەم گەڵاڵەیە ئەوەیە کەئیستیلاحی داهێن و نامەفهومی خود گەردانی لەجێی ئیستیلاحی مەفهومی زانستی خودموختاری دادەنێ، دیارە لەم گەڵاڵەیەدا هێندێ خاڵی لەبار و بەڵام

تەنگەبەرکراو بەرچاو دەکەون، وەک: بەرەسمی ناسینی زمانی کوردی، ئەسپاردنی نەزمی نێوخۆ بەشوراکان، حیزبی ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەیە کەئەم گەلاڵەیە کاتێك دەتوانێ بکرێتە بناخەیەك بۆ وتوێژ، کەبەپشتیوانی گەلاڵەی ٢٦ مادەیی دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد ئیسلاحاتێکی بنەڕەتی تێدا بکرێ، حیزبی ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەیە کەبەنیەتی پاك و بەبۆچوونی بەرپرسانە و دان نان بەمافی خودموختاری خەڵکی کوردستان، بەلێکدانەوەی هەر تك گەلاڵە دەکرێ بگەینە رێککەوتن، ئێمە لامان وایە رێککەوتنێکی ئەوتۆ پێویستە لەسەر ئەم ئەسڵانەی خوارەوە دامەزرێ:

١- خەڵکی کوردستان لەچوارچێوەی سەربەخۆیی و تەواویەتی عەرزی وڵاتی کۆماری ئیسلامی دا مافی نەتەوایەتی خۆی بەشکڵی خودموختاری وەردەگرێ و ئەو مافەش لەتومەمی قانونی ئەساسی دا تۆمار دەکرێ.

٢- کوردستانی ئێران هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کەزۆربەی دانیشتوانی کوردن.

٣- کوردستانی خودموختار خاوەنی شورایەکی سەرانسەریە کەبەهەڵبژاردنی نهێنی راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێ و دادەمەزرێ.

٤- شورای سەرانسەری کوردستان دەستەی راپەڕاندن (هیئات اجرائی) بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئابوری و ئیداری و کۆمەڵایەتی و کولتوری و ئینتزامی نێوخۆ هەڵدەبژێرێ.

٥- زمانی کوردی لەکوردستاندا بەرەسمی دەناسرێ، نامە نووسین لەنێوان ئیدارەکانی ناوچە و دەوڵەتی و ناوچەکانی دیکەی وڵاتدا بەزمانی فارسی دەبێ، لەقوتابخانە سەرەتاییەکاندا خوێندن بەزمانی کوردی دەبێ، دوای سالّی چوارەمی

سەرەتایی بەفارسیش دەخوێندرێ، لەپۆلی ناوەنجی و خوێندنی بەرزدا هێندی لەدەرسەکان بەزمانی کوردی دەبن.

٦- بەڕێوەبردنی تەواوی کاروباری ئینتزامی بەدەست ئۆرگانەکانی خودموختار دەبێ و ئەرتەش نابێ دەست لەو کارانە وەربدا.

حیزبی ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەیە کەلەچوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا

گونجاندنی ئەم ئەسڵگەلەی سەرەوە دەرەتانی تەواوی هەیەو نەك هەر لەگەڵ تەواویەتی عەزری ئێرانە ناتەبایی نییە، بەڵکو دەبێتە هۆی پتەو بوونی بناخەی یەکێتی خەڵکەکانی ئێرانو سەربەخۆیی نیشیتمانی ئێمەو مەسەلەی کوردستانیش چارەسەر دەکا...

ئەو بەشەی بیرەوەرییەکانم لێرەدا کۆتایی پێ دێنم و ئەگەر تەمەن مەودا بدا لەبەرگی هەشتەمدا خوێنەری بەرێزی کورد لەگەڵ بەشێکی دیکە لە رووداوەکانی بزووتنەوەی کوردو ژیانی ئاوارەیی سیاسی و فەرهەنگی لە دەرەوەی وڵات شارەزا دەکەم.

پێرست

گەڕانەوەی نوێنەرانی دەوڵەت بۆ وتووێژ ١٤٣١

ناهەنگی دووی ڕێبەندان ١٤٣٤

مەسەلەی هەڵبژاردنی پارلمان ١٤٣٨

نامەی حیزبی تودەی ئێران ١٤٤٠

بەرەو کۆنگرەی چوار ١٤٤٤

هەڵبژاردنی پارلمان ١٤٥٠

کۆمیسیۆنی بازرەسی ١٤٦٠

کتێبخانەی پێشەوا ١٤٦٢

وڵات بەرەو شپرزەیی دەچێ ١٤٦٤

دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ١٤٧٥

مێتینگی هاوبەش لەگەڵ چریکی فیدایی ١٤٨٣

ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکرات ١٤٩٣

جیابوونەوە لەحیزبی دیموکرات ١٤٩٥

نامەی دەفتەری سیاسی ١٥٠٧

یادی دامەزرانی حیزبی دیموکرات ١٥١٤

هەڕەشەی لەشکری ٦٤ی ورمێ ١٥٢٢

سەفەر بۆ ئەوروپا ١٥٣٢

جارێکی تر لەسۆفیا ١٥٥٥

سەفەر بۆ بێروت ١٥٧٠

بەرەو دەفتەری سیاسی ١٥٩٢

کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دیموکرات ١٦٢٤

سەفەر بۆ سندووسی ١٦٢٩

بەرگی حەوتەم .....

نەورۆزی سالّی ١٣٦١ ..... ١٦٤٢

بەرەو ئەوروپا ١٦٦٣

دیسان لەنیّو مالّ و منداڵ ١٦٧٥

سەفەر بۆ مۆسکۆ ١٦٧٧

گەڕانەوە بۆ کوردستان ١٦٨٠

پاشکۆ ١٧١٤

له بیره‌وه‌ریه‌کانم

به‌رگی هه‌شته‌م

۱۹۸۳–۱۹۸۵

چەند وتەیەك

پێم وانەبوو پێویست بێ بە ناوی پێشەکی و سەرەتا شتێك بۆ بەرگی هەشتی بیرەوەریەکانم بنوسرێ. چونکە ئەم بیرەوەریانە وەك زنجیرەیەکی نەپساوەی بەدوای یەکدا هاتوون و بۆ هەموو بەرگەکان پێشەکیەکی بابەتی و بە پێز و خەست دەبوایە بەس بێ. بەڵام لەبەر ئەوەی قۆناغ و کات و تەنانەت شێوە و چۆنیەتی ژیان و تێکۆشانم گۆڕانیان بەسەر دادێ و بیرەوەریەکانیشم بەم پێ یە لەگەڵ قۆناغەکانی ژیاندا بەڕێوە دەچن، بەناچار پێشەکی دەبێتە بنێشتە خۆشکە و هەر چۆنێك بێ بە قەولی کاك حەمەدەمینی سیراجی (چەند لاپەڕەیەکی لە کتێبەکە پێ زیاد دەکرێ.)!

ئەم جارەش بۆ ڕوونکردنەوەی چەند مەبەستێك نووسینی ئەم چەند وتەی پێشەکیم بە پێویست زانی.

هەر چەند لەم بەشەی بیرەوەریەکانمدا، چەند نامە و نووسراوەی پێگەیشتووم چاپ کردوون، بەڵام لە گەلێك نامەشدا تەنیا بەرکوڵێکم هەڵێنجاوە و تەواو دەقی نوسراوەکەم بلاو نەکردۆتەوە. چونکە بێجگە لەو کوپلانەی کە لێم هەڵێنجاون و پێوەندییان بە سەرجەمی ئەم بەشەی بیرەوەریەکانمەوە هەیە، مەبەستی تری تایبەتی نێو خۆمان و دوعا و سلاو و مەسەلەی لاوەکیان تێدایە کە بۆ خوێنەر تام و چێژێکی نیە. یا ناو و باسی خەڵکی دیکەیان تێدایە کە چ پێویست بە باسکردنیان ناکا، چونکە مەبەست لە نووسینی بیرەوەریەکانم ڕوونکردنەوەی هێندێ شتی پێویستە کە بەڵکو یارمەتیەك بێ بە ڕوونکردنەوەی هێندێ لایەنی داپۆشراوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی ئێران و هەروەها

لەوانەیە لاوانی ئێستا و بەرەی داهاتوو کەلکێکی لێ وەربگرن و ئەزموونێکیان بێتە دەست.

هەوڵمداوە لەو نامانە دا ئەو بەشانە بێنمە دەرێ کە پەیوەندی یان بە مەسەلەی کوردەوە هەبێ لە کوردستانی ئێران و یارمەتی بکەن بە ڕوونکردنەوەی بیرەوەرییەکانم. بە لای منەوە هەر یەک لەم نووسراو و بیرەوەریانە، با خاوەنەکانیان نەشناسرێن ئەزموونێك دەدەنە دەست و خوێنەری بەڕێز لە بۆچوونی جۆر بەجۆر شارەزا دەبێ و شتێکیان لێ هەڵدەکڕێنێ. نووسەرانی نامەکانیش کە ناویان نەهاتووە و تەواوی نووسراوەکانیان بڵاو نەکراوەتەوە، ڕەنگە فیتوی خۆیان بناسنەوە و لە دڵیشیان گران نەیە کە ناوم نەبردوون و ڕەنگە لەگەڵ بەسەرهاتی ڕووداوەکان، لە نووسراوەکانیان وا پەژیوان بووبنەوە، لە خوایان گەرەك بێ باسیان نەکرێ. هەر چۆنێك بێ ئەم نامە گۆڕینەوە و ئەم شێوە پەیوەندییانە بەشێکی ژیانی دەربەدەری و دوور وواڵاتین و لە باری کۆمەڵناسیشەوە شێوەی بۆچوون و بیروڕای بەشێکی ڕووناکبیرانی کورد دەردەخەن لە ژیانی پەڕیوەیی و ئاوارەییدا.

بۆ ئەوەی درێژەی پێ نەدەم، سەرەتای ئەم بەرگەی بیرەوەرییەکانم. چەند نووسراوێك دەڕازێنمەوە کە لەسەر بەرگەکانی پێشوو نووسراون لە وڵات و لە دەرەوە گەیشتوونە دەستم. بەو هیوایە خوێنەرانی دیکەی بیرەوەرییەکانیشم لە ڕاست کردنەوەی هەڵە و بۆچوونی چەوت و پینە کردنی شڕەی دڕاوی نووسراوەکانم یارمەتیم بدەن. بە ئاواتم هەموو ئەو کەسانەی لە گەڵ ڕووداوەکانی بزوتنەوەی کوردستانی ئێران ژیاون، ڕووداو و بەسەرهاتەکان بێننە سەر کاغەز و تۆماریان بکەن و لە فەوتانیان ڕزگار بکەن و لەم ڕێگایەوە کەرەسەی خاو بۆ زانا و توێژەرانی بناخە دانەری مێژووی نوێی نەتەوەکەمان ئامادە بکەن.

جارێ ئێوە و چەند بیروڕای جیاواز لەسەر بەرگەکانی پێشووی بیرەوەرییەکانم. کەریمی حسامی. نەورۆزی ١٩٩٣ سوید.

بەند و باو ----- هێدی.

دەڵێن : ((ئەگەر دەتەوێ لە پەخنە دوور بی، هیچ مەڵێ، هیچ مەکە، هیچ مەبە !)). لەوەتی بیرەوەرییەکانی کاك کەریمی هێژا بڵاو بوونەوە پەخنەی خوێنەرانیشیان بە دواوە بووە. بێجگە لە هێندێك پەخنەی دۆستانەی دڵسۆزان پەخنەکانی دیکە هەر قسە و قسەڵۆك بوون و هیچی دی.

ئەوانەی بە خوێندنەوەی بیرەوەرییەکان دەستنوێژیان شکاوە و سەریان لێ ئەستوور بووە، بە پرێسکەی بەند و باوان سەری ئەستووریان شەتەك داوە و پێی هێور بوونەوە.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە بیرەوەرییەکان پووناکیان خستۆتە سەر پەنا و پەسیوی چەند قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوە بندەستەکەمان کە نووسەری بیرەوەرییەکان لە نێزیکەوە ئاگاداریان بووە. ئەوانەی سبەی پۆژێ بیانەوێ بەو قۆناغەدا بچنەوە و قۆرت و گرێکانی هەڵسەنگێنن، دەتوانن بیرەوەرییەکان بکەنە پاڵپشتی لێکۆڵینەوەکانیان.

ئەو زەنگانەی لە بیرەوەرییەکاندا دەزرینگێنەوە وریا کەرەوەی ئەو خوێنەرانەن کە گەرەکیانە لە ڕابردوو ورد بنەوە و چەپکێك ئەزموون بچنن و ژیرانە تر بەرەو داهاتوو هەنگاو هەڵێننەوە.

لە جەنگەی خوێندنەوەی بیرەوەرییەکاندا زۆر جاران لەبەر خۆمەوە گوتومە: بریا، هەر نەبێ، ئەو بیرەوەرییانەی کە پەیوەندیان بە ڕەوتی سیاسی سەردەمەوە هەیە، زووتر نووسرابان و بە هەراوی بیری خوێنەرانیان پێکابا، هەتا بووبانە

بەرهەڵستێك لە بەرامبەر زرە دیموکراسی ڕێبەرایەتی حیزب دا. بەڵام پاشان کە هەڵوێستی سەرکوتکەرانەی ڕێبەرایەتیم هاتۆتەوە بەر چاو و هەل و مەرجی سەردەمم هەڵسەنگاندوە، خاوو بوومەوە و گوتوومە: ئەودەم کە هێشتا کەوڵی ڕێبەرایەتی کێچی تێنەکەوتبوو بە ڕەخنەیەك تامی زاری دیموکراسییەکەیان تاڵ دەبوو گڵۆڵەی بەختی ڕەخنەگر دەکەوتە لێژی. لەوانەبوو هەر ئەودەمیش بە تاوانی خوێندنەوەی بیرەوەریەکانی کاك کەریمی تالاّوی زرە دیموکراسییان بە زۆر کەسان چێژتبا.

ئێستاش ئەوە هەڵی بڵاّوکردنەوە بۆ نووسەر ڕەخساوە و بیرەوەریەکان بە کۆڵێك ئەزمونەوە سەر بە مالّی خوێنەران دادەکەن و چیرۆکی تێکۆشانی دڵسۆزانەی نووسەر دەگێڕنەوە. ئاشکرایە سبەی ڕۆژێ سەر بە مالّی منڵۆوش دادەکەن و جێی خۆیان دەکەنەوە.

ئەوەی شایانی ڕێزە هەڵسوڕان و ماندووبیی نەناسی و تێکۆشانی بێ وچانی نووسەری بیرەوەریەکانە لە پێناو خزمەت بە نەتەوەکەماندا. پێم وایە لە کاك کەریمی ئازاتر هەر قەڵەمەکەیەتی. بریا وێنەی زۆر بایە. هیوامە خۆی و قەڵەمەکەی هەروا ئازایانە و دڵسۆزانە باژۆێن و بە ئامانج بگەن.

حەز دەکەم لێرەدا لە دوایین بەرگی بیرەوەریەکان وردبمەوە و سەر لە هێندێك هەڵەی زمانەوانی هەڵبێنم. دیارە بێجگە لە کۆمەڵێك هەڵەی ڕێنووسی کە ئاشکرایە هەڵەی نووسەر نین و هەڵەی چاپین، هێندێك هەڵەی ڕێزمانیش وەبەر چاو دێن کە بە لەبەر چاو گرتنی زمان پاراوی و لێزانی نووسەر وێدەچێ ئەوانیش لە ئەنجامی پێدانەچوونەوەدا سەریانهەڵدابێ. بۆ وێنە: بەرگی حەوت _ لاپەڕەی ٢١: ((لە ٥٣ کەس. ٥٢ کەس بۆ من دەنگی دابوو.)) ئەو ڕستەیە دەبوایە ئاوا داڕێژرابا: ((لە

٥٣ کەس، ٥٢ کەس بۆ من دەنگیان دابوو.)) چونکە (٥٢ کەس) تاك نییە و کۆیە.

بەرگی ٦ـەوت – لاپـەرەی ٤٦: ((بـە پێشـمەرگەکانم گـوت تفەنگەکـەی لێ وەرگـرێ.)) لـەو ڕستەیەشدا تـاك و کـۆ لێکدراون. ((پێشـمەرگەکان)) کۆیـە و دەبوایە ڕستەکەش بە کۆ بڕاباوە. واتا ئـاوا دارێـژرابا: ((بـە پێشـمەرگەکانم گـوت تفەنگەکەی لێ وەرگرن.)).

بەرگی حەوت – لاپەڕەی ٢٣٢: ((ئەوەنـدە نـان و پـەنیر و قەنـد و چـاو سـیغار و شقارتە و گۆریە و سەر کلاۆ و دەستەوانە و پێلاۆ و کراس و شتی تر کۆکرابـۆوە..)) لێرەشدا دەبوایە ڕستەکە بە ((کـۆ کرابوونـەوە)) بـڕا بـاوە نـەك بـە (کـۆ کـراو بۆوە). لەگەڵ سوپاس بۆ سەرنج دانی کاك هێدی لەو ڕستەیەدا لە گـەڵی نـیم. کـۆ کرابۆوە ڕاستە.

بەرگی حەوت – لاپەڕەی ٢٧٤: ((من ویستی خەڵکم پێ لە فەرمانی وشکی بێتـام پێ گرنگتر بوو.)) لەو ڕستەیەدا یـەکێك لـە ((پـێ)) یـەکان زیادییـە. لـە کۆتاییـدا سەلامەتی و سەرکەوتنی کاك کەریمی بەڕێز بە ئاوات دەخـوازم و هیوامـە قەڵـەمی لەگەڕ نەکەوێ. ئەڵمان ١٩٩٢.

* * *

نامەیەك لە ولاتەوە..... هیوادارم ئی پڕکاریت بێ و توانیبت بە نووسینی بـەرگی شەش و حەوتی بیرەوەریەکانت لاپەڕەیەکی تر لە مێژووی گەلەکەمان بڕازێنیەوە.

هەر چـەندە ئـەمن ئـەو شـێوە نووسـینە بـە بـیرەوەری نوسـینێکی سـادە نـازانم. ئەوەی تۆ دەتەوێ بینوسی شێوەیەکی تازەیە لە نووسین بـۆ ناسـاندنی مێـژووی نەتەوەیـەك. لـە هـەموو بارێکـەوە بـە بەڵگـەی زینـدوو. ناسـاندنی سـەرکەوت و

شکست، کەند و کۆسپ، بیرو ڕاو زۆر خاڵی گرینگی دەورانی حەساسی گەلەکەمان. هەروەها بوونی بەرژەوەندی گەلی کورد لە چ زەمانێک و لە چ کاتێک گرینگترینیان ڕوون بوونەوەی ویستی دەرونی خۆت سەبارەت بە گەلی کورد بە کوردستان.

تۆ بە نووسینی ئەو بیرەوەریانە توانیوتە گۆشەیەک لە چۆنیەتی ژین و خەباتی چل پەنجا ساڵەی نەتەوەیەک بخەیە بەر چاوی خوێنەرێکی کورد و هەموو ئەو کەسانەی دەیانهەوێ ئاگاداری مێژووی ئەو نەتەوەیە بن.

هەر چەند هەموو کەس ناتوانێ هەموو شتێک بێ کەم و کوڕی بنووسێ بەڵام دیسان زۆر شێوەیەکی جوانە و زۆر شتی ورد و درشتی تێدایە کە لە داهاتوودا بەرهەمێکی بە نرخە بۆ داهاتوانی داهاتوو. هیوادارم بەردەوام بی لەسەر پتەوتر نوسینی بیرەوەریەکانت هەروەها ئەگەر کەسانی تر هەڵکەون بەو شێوە نوسینە گوڵی ئەو گوڵزارە پتر بکەن زۆر باشتر دەبێ.....)).

* * *

نامەیەک لە وڵاتەوە: ((.....کاک کەریمی خۆشەویست، کتێبەکانی ناردبووت گەیشتە دەستم، دیاریەکی زۆر بە نرخ و خۆشحاڵ بووم و بە ئەندازەی دنیایەک پێی گەشامەوە. خەریکم دەیانخوێنمەوە کەیفی پێوە دەکەم. بە خوێندنەوەیان هەست دەکەم خۆت لە نێزیکەوە داستان و سەرگوزەشتەی تێکۆشانی میللەتێکم بۆ باس دەکەی، ڕاستە ناوی بیرەوەریە، بەڵام پێم وایە هیچ کات خۆی جیا نەکردۆتەوە لە بەسەرهاتی تێکۆشانی گەلەکەی و ئەگەر ورد سەرەنجی بدرێتێ بەشێکی ڕاستەقینەیە لە مێژووی خەباتی ئەم سەردەمە. نوسەر خۆی نەکردۆتە پاڵەوان و قارەمانی چیرۆکەکەی، بەڵکو خۆی لەو کەسانەیە کە لە ژێر زەخت و

فشاری ناڕەوادا،بەسەرهاتی بەشێك لە ڕووناکبیران و ڕۆڵەکانی کوردی تێدا ڕەنگدەداتەوە. حەیف تەنیا بیرەوەریە، ئەگەر تێکەڵاوی لەگەڵ ڕۆمان هەبایە، بە تەواوی دەتوانرا هەستی پڕ لە ئەوینی تێکۆشەرێك کە هەموو ژیانی لە پێناو ئاواتەکانی نەتەوەکەی بەخت کردووە باس بکات و لێی ورد بێتەوە، هەر چەند ئێستاش توانیویەتی ئەم هەست و مەبەستە بدرکێنێ. باسی تێکۆشانی گەلێك لە ڕووناکبیران بکات، باسی کوێرەوەریەکانیان، دەردو ئازارەکانیان.... هەر چەند کەم و کوڕیِ زەعفیان هەبووبێ. ئێستا کە نامەوێ وەختت بگرم و یا خوا نەخواستە بێم و لەسەر بیرەوەریەکان قسە بکەم، دیارە ئەگەر ڕۆژێك دەرفەت هەبێ ئەوەی دەکەم. وەك خوێنەرێك کە خۆی پێویستی بە ورد بوونەوەیەکی زۆر و زانستێکی فرە هەیە. هەڵبەت یەکێك یا دەیان کەس دەبن کە قۆڵی لێ هەڵماڵن و لەسەری بنووسن. چون دەتوانرێ وەك بناغەیەك چ لە باری ئەدەبی یەوە و چ لە باری سیاسیەوە کەڵکی لێ وەربگیرێ. بە تایبەت لە کاتێکدا دەنوسرێ کە خۆت ساخ و سەلامەتی و کەس ناتوانێ شکی لێ بکات..... هیوادارم زۆرتر ئاگات لە ساخی و سەلامەتی و تەندروستی خۆت بێ..... ئاواتەخوازی خۆشیت.....))

* * *

ئەوەش نامەیەکە بە فارسی نوسراوە و هەر بە فارسیش بڵاوی دەکەمەوە: ۱۹۹۳/۲/۱٤. کاك کریم حسامی محترم. شش جلد وهمه کتابهای دیکر شمارا مطالعة کرده‌ام. بی شك تحلیل های سیاسی – اجتماعی در رابطة با رویدادها و تبیین ماهیت اشخاص که دران رویداد و جریانات نقشی داشته باشند نه تنها مورد تایید همگان قرار نمیگیرد بلکه خصومت کساتیرا نیز ببار میاورد. نوشته‌های شما شامل چند قسمت است.:

۱- بدیهی است که خوب و بد اعمال، رفتار و کردار دوران جوانی هر کس، مادامیك اثر مثبت یا منفی بر جامعه نداشته باشد امری است مربط به خودش.

۲- احتمال عدم صحت مطالبی که بر مبنای شایعات و یا نقل قول باشد- که بیشتر نویسنده‌ها بکار میگیرند - همیشه وجود دارد. درنوشته‌های شما نیز دو مطلب ازاین نوع هست:

الف - در صفحه (٦٧) کتاب کاروانیك له شهیدانی کوردستان نوشته شده::

((کاك نحو که به باپیر شکاك ناسراوه.. سالّی (۱۹۵۹) کاك نحوش وەك سەدها رۆڵەی تێکۆشەری دیکەی کوردستان. کەوتە بەر پەلاماری سازمانی ئەمنیەت و گیرا و پاش ئازارو جەزرەبە دانێکی زۆر و مەحکوم کردنی بە پێنج سالّ حەپس، لە بەندیخانەی حکومەتی شادا مایەوە، پاش تەواو بوونی مەحکومیەتەکەی بەردرا)) نمی دانم مطلب فوقرا از چه شخصی شنیده‌و یا از چه منبعی کسب کرده‌اید، بهر حال، نحو (باپیر) مبارزی صادق و ناسیونالیستی دلسوز بود، ولی هرگز از طرف ساواك بازداشت و شکنجه نشده‌بود....

ب- درنامه کاك سعید کوهستانی که در صفحه (۸۸) جلد سوم خاطرات شما درج شده‌است: نوشته شده: ((دوێنێ ئێوارێ خەبەر هات سالار وا لە مەهاباد لە مالّی خۆیانە و کاك سەننارى بە پەلەش ئەوە لە تارانە هەردوکیان لە گەلّ حەوت چەکدارى تر خۆیان بەدەستەوە داوە)) نیز صحت نداشت. مدتی پس از فرار سالار درکوههای منطقة شمال کوردستان بودم سپس بیش از یکسال درتهران و روستائی بنام ((کریکان)) در شمال تهران مخفی بودم که صارم الدین صادق وزیری برای دیدن من بهمان روستا امد. از زحمات انوقت ایشان سپاسگدارم.

اما در رابطة با فعالیت ورویدادهای سیاسی علی الخصوص از سال (۱۳٤۷) و تشکیل حزب دمکرات کردستان ایران (تعیین اعضا کمیته مرکزی) مولود کنفرانس سوم (۹۷۱/٦/۲۱) و تبیین ماهیت بعضی از رهبران حزب، عکس العمل و اقدامات رهبران، کادرها و سایرین درمقابل اعلام جهاد ایت الله خمینی علیه خلق کورد و بعضی از تحلیل ها در رابطة با رویدادهای کوردستان و کنگرەهای حزب، بسیار جالب بوده و منبع ارزندەی برای تاریخ نویسان تاریخ کوردستان خواهد بود. چرا که ان نوشتەها زمانی انتشار یافتەاند که تقریبا همه کسانیکه ازانها اسم بردەاید در قید حیات بودند..... در خاتمه با ارزوی توفیق شما در امر نوشتن بقیه خاطرات تان و تحلیل و تبیین هرچه صریحتر از رویدادهای کوردستان و کارنامه دست اندرکاران مبارزه ازادیخواهانه (ازادی کوردستان) خلق ستمدیده کورد. سنار مامدی))

* * *

ئەوەش نامەی برادەرێکی دیکە :

((کاك کەریم لەگەڵ ڕێز و سلاو، هیوادارم شاد و سەرکەوتوو بن. گەلەکەمان زۆر شۆڕشی بە خۆیەوە دیوە. زۆرمان خوێن داوە– زۆریان لێ کوشتوین– تالانیان کردوین..... سەرەڕای هەموو ئەوانە مێژووەکەشیان لێ شێواندوین. بە داخێکی گران هەر لەناو خۆشماندا لێیان شێواندوین و کەسێکی واشمان نەبووە کە دەست و باسکی لێ هەڵکا و خەریکی ئەو کارە بێت بە وردی. ئەوڕۆکە بە قوڵی سەیری وەزعەکە ئەکەین ئالۆگۆڕێکی قوڵ بەسەر دنیادا هاتووە گەلی ئێمەش جیا لەوە نیە، مێژوو بۆمانی دەرخست کە ئەگەر گەلێك بە تەواوی ئاگاداری مێژووی خۆی نەبێت و لە ناو گەلدا بەتایبەتی شۆڕشگێڕەکانی، ناتوانن هەنگاوی قورس و گران کە دەسکەوتی پێوە بێت و جولانەوەیان بەرەو پێشەوە بچێت، ئێمەی گەنج کە

ئەوڕۆ پێی گەیشتووین و گەلەکەمان چاوەڕوانی کاری ئێمەیە چونکە دواڕۆژ ئی ئێمەیە وە بۆیە پێویستە بۆ ئێمە (وەکو هەوا) بزانین کە ڕابردوومان چۆن بووە چ ڕوویداوە، چۆنی بووە ئەوا پێویستە بزانین. دروت لەگەڵ ناکەم ئەگەر بڵێم ئێمەی گەنج کەم تا کورتێك لەسەر (بەدرخان بەگ. یەزدانشێر، شێخ عوبەیدوڵڵا، شێخ مەحمودی نەمر، ئەزانین، بەڵام تا خوا حەز ئەکا لەبارەی مێژووی شۆڕشی سۆڤیەت، کوبا، بولغار..... ئەزانین وە تا ئەزانین فلان سەرکردەی سۆڤێت یا کوبا..... لە چ ڕۆژێك لە دایکبووە. وە هەر ئەوانیش پێ یان وایە ئەگەر بزانن کوێخا مەڕەز، شێخ جەلالی دەربەندی..... کێ بوون لە عەمریان کەم دەبێتەوە.

ئێمە ئیمڕۆ پێویستە بزانین ڕابردوومان چۆن بوە. بۆ ئەو کارە هروددت –یسرون– خەتیب– مینورسکی بۆمان زیندو نابنەوە و پێویستمان بەوان نی یە، هەر دەبێ ئەو جۆرە شەخسانە لەناو خۆماندا پەیدا بن بۆمان بنوسن. بەو شەرتەی کە چۆن بووە وای بنوسن، جیا لە هەموو کارەساتێك. ئیمڕۆ کە ئەو هاوڕێ یانە یا برادەرانەی کە دوێنێ لەگەڵ جولانەوەی گەلەکەماندا بەشدار بوون و ئەوڕۆکەش هەست بە مەسئولیەت دەکەن لە بەرانبەر گەلەکەیاندا ئەرکی سەر شانیانە کە ڕووداوەکانی دوێنێ کە بەناوی (مێژوو یا بیرەوەری یا نوسینی مێژوو بە لێکدانەوەی) بینووسن و پێشکەشی گەلەکەیان بکەن، یەکێك لەوانە ئێوەن. کارەکەتان بەنرخە. هیوادارم سەرکەوتوو بیت لە بەردەوامبوونیدا. هەروەها لەو ڕێگایەدا هەر وەکو مامۆستا هاوار ئەڵێ پلاری ناڕەواشت تێدەگرن. هەروەکو هیندیك ئەڵێن کاك کەریم دەیهەوێ بەهۆی نوسینی چەند کتێب خۆی لە مەشاکیلی دوێنێ دەرباز کا– هێندێك دەڵێن خەریکە دووبەرەکی و چەند بەرەکی مان ئەخاتە ناو بەین– و هێندێکیان ئەڵێن ئەو کتێبە (لە بیرەوەریەکانم) بیرەوەری (دۆن ژوانی کوردە). بەڵام جیا لەو هەموو بەیت و بالۆرانە چ ئەو کەسانەی

لایەنگری کاری ئێوەن و چ ئەو کەسانەی دژی ئەو کارەن دەبێ باش بزانن کە ئەو سەردەمە کۆتایی هات کە مەسایلی سیاسی- بەڵگە و وتوێژی نێوان چەند پارتی و یا. بەڵگەکانی کۆنگرەکان بەناوی (نهێنی)(اسرارحزب) لە قەڵەم دەن وە کۆمەڵانی خەڵک هەروا کوێر بیڵێنەوە. ئەوڕۆ ڕۆژی وەهاتووە کە هەر لە کاتی خۆیدا گەرماو گەرم هەر سەنەد و بەڵگەیەک هەیە پێویستە بە تەواوی بڵاوی بکەنەوە تا کۆمەڵانی جەماوەر بیخوێننەوە و ڕای خۆیان دەر ببڕن ئەوە ئەساس و بناخەی دیموکراسی یە. ئەگەر دوێنێ نەمانکردووە، بە هەڵە چوینە پێویستە ئەوە بگوترێ کە لەو بارەیەوە ڕوداوەکانی ولاتانی سوسیالستی و پارتەکانی کومونیست ئەوە دەسەلمێنن.

کاك کەریم ئەو شێوازەی کە ئێوە گرتوتانە دەست بەناوی (بە سەر هاتی خۆم) شتێکی پیرۆزە هیوادارم سەرکەوتوو بیت و هیچ کارەساتێك واتان لێ نەکات کە کەلێن بخاتە ناو نووسینەکانت. ئەگەر بێتو کارەسات ڕۆڵ بگێڕێت لەسەر نووسینەکانت پێم وایە لە گرنگی کارەکە کەم دەکاتەوە. وادیارە کارەسات ڕوویداوە، لە بەرگی چوارەم لە سەرەتا دا ئێوە نووسیوتانە کە: (بەداخەوە چاپی ئەم بەرگەی بیرەوەریەکانم، کەوتە کات و زەمانێك کە دکتۆر قاسملو سکرتێری ح.د.ك. و هاوکاری ٣٠ ساڵەی خەباتم بە دەستی دوژمنانی ئازادی و دیموکراسی و مرۆڤایەتی شەهید کرا. ئەم کارەساتە بە ناچاری تا ڕادەیەك کاری کردە سەر نووسینەکانی من و بە پێویستم نەزانی ئەسکۆی بگەیەنمە بنی دیزە و بەسەر گەلێك مەسەلەدا بازدەم. ڕەنگە بەشەکانی تری بیرەوەریەکانیشم سەبارەت بەو کارەساتە توشی کەم و کوڕی بن.) بەرگی چوارەم لاپەڕەی (ب).

بەڵێ ئەو کارەساتە دڵتەزێنە و جێگای داخە. بەڵام پرسیار دێتە گۆڕێ ئەگەر هاتوو کارەساتێکی تر خوا نەکا ڕوویدا و هاوڕێیەکی دیکەتان یا هاوڕێی ٢٥

سالّەتان شەهید بکرێ ئایا دیسان کارەکەتان توشی کەم و کوڕی دەبێت؟ ئایا بەدوای چەند کارەساتدا ئێوە توشی گوڵبژێری نابن و کارەکەتان بە پێچەوانەی قسەی مامۆستا ڕەسوڵ هاوار نابێت کە ئەڵێ کاك کەریم گوڵبژێری نەکردووە. دەیان پرسیاری تریش.

کاك کەریم ڕۆژی ئەوە هاتووە کە (ئەسکۆی بگاتە بنی دیزە) ڕێگای ترمان بۆ نەماوە ئەگەر ئەوڕۆ نەگاتە بنی دیزە، سبەینێ دەگاتێ، بەڵام دیسان درەنگ دەبێ. چونکە کارەسات لە لایەکەوە و ڕووداوەکان لە لایەکی دیکەوە. ئێوە مومکینە جارێکی تر بڵێن کە ئەرێ بابەکەم من مێژوو نانوسم، من بەسەرهاتی خۆم دەنوسم. بەڵام بەسەرهات مێژووە، بەسەرهاتی ئێوە لە بەرگی یەکەم و دووەمدا هاتووە. بەرگی ٣ و ٤ و ٥ و ٦ ڕووداوی سیاسین بە قوڵی. ئەگەر مێژوو نی یە، خۆ جیرانی مێژووە یا بۆنی مێژووی لێ دێت. بەڵێ مێژوو نیە بەڵام بیچمێك لە مێژووە. شاد و سەرکەوتوو بن.....))

لەگەڵ سوپاس بۆ قەڵەم و هەستی خاوێنی ئەو برادەرانەی کەم یا زۆر شتێکیان لەسەر بیرەوەریەکانم نووسیوە، دەمەوێ ئەوەندە بڵێم کە نووسینەکانی من لە ئاست هێندێ کاراکتەر و مەسەلەی شەخسی یەوە توشی کەم و کوڕی دەبن و نامەوێ شتی شەخسی باس بکەم. ئەگینا هەر وەك گوێم نەداوەتە قسە و قسەلۆکی پاشملەی پیرێژنانە لەسەر بیرەوەریەکانم، هەر ئاواش قەڵەمەکەم لە ئاست هیچ مەسەلەیەکی سیاسی کە پێوەندی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی میللەتەکەمەوە هەبێ و هەنگاوێك بێ بۆ پێشکەوتنی باری سیاسی و کلتوری و ڕێکخراوەیی و یەکێتی پوناکبیری و پێشکەوتو خوازانی کورد لە کوردستانی ئێران، نسکۆ ناباو لە ڕێگای ڕاست لانادات. بە دڵە و سوپاسی هەموو ئەو خوێنەر

و دۆست و برادەرانەش دەکەم کە ڕەخنەی داهێنەر و دۆستانە لە نووسینەکانم بگرن و برایانە بۆ ڕاستکردنەوەی کەم و کوڕی یەکان یارمەتیم بدەن.

گەڕانەوەم بۆ دەفتەری سیاسی.

لەبەرگی پێشوودا باسی ئەوەم کرد کە کاتی سەفەرم بۆ ئەوروپا دەفتەری سیاسی و ناوەندی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتم لە ناوچەی مەهاباد لە دۆڵی دیموکرات مەڵبەندی گەورەکان بەجێ هێشتبوو. ئەو ڕۆژەی من دەڕۆیشتم لەولای گوندی میراوێ توشی کوڕەکانی بەشی ڕادیۆ و چاپەمەنی حیزبی بووم کە دەیانگوێزتەوە و بەرەو سنووری کوردستانی عێراق لە چۆمی پەڕیبوونەوە.

دوای گەڕانەوەم کە نزیکەی شەش مانگی خایاند، دەفتەری سیاسی و دار و دەستەی سەرکردایەتی حیزبم لەناوچەی ئالان نێزیک بە سنووری کوردستانی عێراق گرتەوە. لە بەفرێکی زۆر و سەرمایەکی سەختدا بە زەحمەت لە هەورازی (زەرتک) سەر کەوتم و لە ئاقاری بیتوشێ بە دیوی ئالانیدا چوومە خوارێ کە چوونە خوارەکەشی لەسەرکەوتنی هەورازەکە دژوارتر و ناخۆشتر بوو.

ڕۆژی ۹۸۳/۲/۱۵ لای نیوەڕۆ گەیشتمە بێتوشێ. لە دیوی ئالانی نە بەفر هەبوو نە سەرما. ڕەنگ و بۆنی بەهارێ قەتپاڵەکانی چیای گرتبۆوە و دەهات بۆ دەشتایی داکشێتە خوارێ و باخ و باخاتی ئالان بڕەنگێنێ. دەفتەری سیاسی لە خوارەوەی گوندی بێتوشێ لە شوێنێك بە ناوی (مەرزە) سەقامگیر ببوو. بەڵام بنکەی پرسیار و خەبەردان و ڕێنوێنی لە بێتوش دانرابوو. پۆلێك پێشمەرگە لەو بنکەیە دانرابوون.

چومە بنکە و تەلیفونیان کرد بۆ دەفتەر، گوتیان بێتە خوارێ. پێشمەرگەکانی ڕێکخراوی (باژاڕ) لەوێ گەڕانەوە و لەگەڵ برادەرێکی چاوساخ چوومە خوارێ بۆ

دەفتەر سیاسی. پاش حەسانەوە و نان خواردن دەوری سەعات چوار دکتۆر قاسملو لە دوای ناردم بچمە لای. لە تەنیشت بارەگای دەفتەر و ژووری نانخواردن و هۆدەی برادەران، دکتۆر لە ژوورێکی جیاواز دەژیا. بە درێژی باسی سەفەر و ڕێگا و چوونی موسکۆ و وەلأم و هەڵوێستی ڕووسەکانم بۆ گێڕایەوە. لە هەڵوێستی سۆڤێت و وەلأمیان زۆر ناڕەحەت بوو. هەر ئەوەندەی گوت: ((پەشیوان دەبنەوە.)) پاشان لەسەر بارو دۆخ و هەل و مەرجی ناوچەی گەلی بەردەڕەش و ڕێگا و بان و سەختی چیا و کەژ و کێو پرسیاری کرد. باسی نامەکەی منی کرد کە لە لاجانەوە نووسیبووم. گوتی: ئەوەی نووسیوتە هەمووی ڕاستە، بەلأم چارەیش نیە. دەستی کرد بە گلەیی و گازوەند لە چەند فەرماندەی هێز و گوتی: ئێستا بە ناچاری فەرماندەی گشتی بەشی پێشمەرگە دیاریکراوە و کومیسیۆنێکی نیزامی دانراوە، بەلأم دەسەلأت بەدەست فەرماندەی گشتی یە. ئیتر نەیگوت کێ بۆتە فەرماندەی گشتی پێشمەرگە.

پاشان گوتی: ((جارێ یەک دوو ڕۆژان لێرە بحەسێوە و پاشان لەگەڵ دکتۆر سەعید باسی گۆڕاری تێکۆشەر بکەن کە وەک بەرپرسی تەشکیلات ئەو بەسەری ڕادەگات. هەوەڵ ڕۆژی گەیشتمەوە دەفتەری سیاسی بەسەر دیمەنێکی فرە درێو و ناحەز و نا ئینسانیدا کەوتم. پێشمەرگەیەکی بریندار بەناوی ڕەحمانە چکۆڵە (یان نازانم چ چکۆڵەیەک) بریندار ببوو بۆ دەرمان و چاکردنەوە ناردبوویانە پاریس و تازە لە فەرەنساوە هاتبۆوە، یان هێنابوویانەوە.

دکتۆر سەعید لە سالۆنی دانیشتن بە گڕی داهات و لەو پەڕی زار شڕی و سوکیدا جنێوی پێدەدا. تاوانی ئەوە بوو کە لە پاریس لە نەخۆشخانە کەوتوە، کەس سەری نەداوە، کاك عەزیزی ماملێ وەک ئینسانێك چۆتە لای و سیغار و شتی بۆ

بردوە. کابرا کە هاتۆتە دەر بۆ سوپاس لە جوامێری کاك عەزیز چۆتە مالّیان دیاریەکی بۆ بردووە.

خزمەتگوزار و فسۆسەکانی دەفتەری حیزب لە پاریس ئەو خەبەرە گرنگەی وەك خزمەتێکی حیزبی بۆ دکتۆر سەعید ناردوە کە چکۆلّە چۆتە مالّی عەزیزی ماملێ. تاوانێکی گەورە ! ! دەست بەجێ فەرماندراوە کە بینێرنەوە هەر چەند بە گوێرەی بڕیاری دکتۆر دەبووایە بۆ کۆنتڕۆڵ و چابوونەوە جارێ لە پاریس مابایەوە. کابرا ناچار گەڕابۆوە و گەیشتبۆوە کوردستان. خۆ ئەگەر کوژرابا و یا لە نەخۆشخانە نەهاتباوە دەرێ زۆر بە ڕەحەتتر دەبوو. بەو تاوانە گەورەیە ! ! کەوتبووە بەر زمان شڕی بەرپرسی تەشکیلات. ! من پێم گوت: لام وایە نەدەبوایە ئاوا بەسەری دابێی.

ڕۆژی دوایی چوومە بێتوش سەرهەنگ قادری بدەم. لەوێ زانیم دکتۆر قاسملو کە بە عومری خۆی گوللەیەکی نەتەقاندوە و لەسەر شێوەی بەربەرەکانی و شەڕی پارتیزانی دێرێکی نەنوسیوە خۆی کردۆتە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات. ئەوانەی لەوێ بوون گلەیی و بۆڵەیان بوو دەیانگوت: ئێستا وای لێ هاتووە ئەگەر فەرماندەی هێزێك یا لقێکی پێشمەرگە لە جەبهە و لە جەنگەی شەڕدا پێویستی بە فیشەك و تەقەمەنی هەبێ، تا دکتۆر نەزانێ و ئەو ئیمزای نەکاتە عەمبار وەرناگیرێ و بۆی ناچێ. دەیانگوت ئەو هەموو ئەفسەرانە هەن، دکتۆر لەباری نیزامیەوە پسپۆڕ نیە. گوتم: خۆتان ناڕەحەت مەکەن. یەکەم دکتۆر بە بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی و یا دەفتەری سیاسی بۆتە فەرماندەی گشتی. دووەم هەر دکتۆر قاسملو وای نەکردووە. ئەوەتا خومەینی بە عومری خۆی هەر مەلایەتی کردووە و لە حوجران خەریکی فەقێ یان بوە، ئێستا بۆتە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئێران و لە شەڕی سێ مانگەدا

فەرمانی دەدا کە هێزی دەریایی بڕوا بۆ کوردستان. ! ! یان سەدام حوسێن، کابرایەی سەر سەری و لات بوە و تەنانەت پۆلی ناوەندی مەدرەسەشی تەواو نەکردووە و نەچۆتە سەربازیش. ئەوا ئێستا بۆتە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق و دەرەجەی ژەنەڕاڵیشی لەسەر شانی داوە. پێویستە کۆمیسیۆنی پێشمەرگە نەخشەی شەڕ بکێشێ و دکتۆریش چاودێری بکات. ئێوارێ گەڕامەوە بۆ دەفتەر. دکتۆر قاسملو گوتی: ((لەگەڵ دکتۆر سەعید داماننەاوە بچینە گوندی دولکان. برادەرانی ڕادیۆ لەوێن. ئێستا کاك فەتاحی کاویان بەرپرسی ڕادیۆیە. تۆش کاری خۆت لە ڕادیۆ دا درێژە پێ بدەی و هەر لەو کاتەشدا بەرپرسیەتی نامیلکەی تێکۆشەر بگریە ئەستۆت. دیارە بەرپرسی ئەسڵی دوکتۆر سەعیدە کە بەرپرسی تەشکیلاتی حیزبە. پاشان گوتی: ((شتێکم بە دەستەوەیە لەسەر سوسیالیزم. ڕەنگە سبەینێ بەشێکی تەواو بکەم. بۆت دێنم بیخوێنەوە. بەشەکەی دیکەت بۆ دەنێرم بۆ دولکان، دوای خوێندنەوەی بیروڕای خۆتم بۆ بنووسە.)) ڕۆژی دوایی دوکتۆر ١٧ لاپەڕەی نووسراوەکەی بۆ هێنام. گوتی: پاك نووسم نەکردووە بەڵام تۆ خەتی من دەخوێنیەوە. ئەوی دیکەشت بۆ دەنێرم.

هەڵداشتن بۆ دولکان:

ڕۆژی ١٩٨٣/٢/١٩ ئێستێکیان ساز کرد، هێندێ پێخەف و دۆشەکیان لێ قایم کرد و سواری ئێستریان کردم لەگەڵ خاوەن ئێستر و پێشمەرگەیەك بەرەو دولکان پاڵیان پێوە نام. بەشی چاپەمەنی و بلاوکراوەی حیزبیش لەوێ بوو، کاك مستەفای شەڵماشی کرابوو بە بەرپرسی چاپەمەنی حیزبی. لە نێو برادەرانی کادری ڕادیۆ کە بە جێم هێشتبوون، دوکتۆر خەلیقی زیادی کردبوو. دیابوو ببووە ئەندامی حیزبی. بەڵام ئەندامێکی ئازا و زانا و بزۆز و ڕەخنەگر و بەگلەیی. پەروین

خانمیش کە پێش سەفەری من کادری ڕادیۆ بوو گوێزرابۆوە بۆ دەفتەرخانەی حیزب، سەر بە دەفتەری سیاسی و بەڵام نەمزانی لەوێ کاری چبوو. لە دولکان لەگەڵ پێشمەرگەیەک، یا کادرێک بە ناوی مستەفا کە خوارزای کاك جەلیلی گادانی بوو، ئێستاش نەمزانی ئەودەم ئەرك و وەزیفەی لەم حیزبەدا چبوو لەگەڵ عەلی عەجەم کە لە بەشی ئازەری لە ڕادیۆ دا دەپەیڤی و قەتیش پێش سەعات دە لە خەو ڕانەدەبوو، لە ژوورێکیان دانام. باش بوو مستەفا کوڕێکی ڕوح سووك و چالاك بوو. کاتی خواردن نان و چێشتەکەی دەهێنا، چایی ساز دەکرد و زۆری لێ ڕازی بووم و لاوێکی ئینسان و بە ئەدەب بوو.

هەر ئەو شەوەی گەیشتمە دولکان دکتۆر خەلیقی هاتە لام. زۆری پێ نەچوو کاك فەتاحیش هات. لێ یان بوو بە شەڕە دندوکە و دکتۆر هێندێ نامەی لە ناوچەی سنەوە بۆ هاتبوون، ئەوانەی کردبووە بەڵگە و ڕەخنە و گلەیی دەست پێکردبوو. بەڵام هەر دەردی دڵ و ئاخافتنی بێ ئاکام بوو و هیچیتر. دکتۆر نەیدەزانی کە لە حیزبی دیموکراتدا ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن نرخی نیە.

کاك فەتاح بێ ئەوەی لەگەڵ من کە تازە لە سەفەر گەڕاومەوە و ئاگام لە بەرنامە و شێوەی تازەی کاری ڕادیۆ نیە باسی کار و ئەرکم بکا، چۆوە ژوورەکەی خۆی. تەماشام کرد بە مستەفادا کوتە کاغەزێکی بۆ ناردبووم و لێی نووسرابوو: ((کاك کەریمی حسامی. یەك شەمۆ. سێ شەمۆ، ٥ شەمۆ، سێ مەقالە لەسەر مەسایلی ئێران و کوردستان و هەروەها ڕووداوەکانی گرنگی دنیا.

تێبینی: مەقالەکان ڕۆژێك پێشتر هەتا چوار و نیوی ئێوارێ تەحویلی فەتاح بدرێن. بە سوپاسەوە، فەتاح کاویان ١١/٢٨–))

نوسراوەکەم وەرگرت و جارێکی دیکەش کەوتمە بیری فیداکاری ئەم میللەتە و کاراکتێر و خسوسیاتی ئەم کەسانە کە بەسەر داکەوتوون و بە ناهەق پێبەرایەتیان گرتۆتە دەست. کابرا هەموو ژیانی لە خزمەت لە دائیرەکانی پیژێمی چەپەڵی پاشایەتیدا بردۆتە سەر و یا مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووە. نە کاری سیاسی کردوە و نە زانیویە هاوکای حیزبی چۆنە. ئێستا دکتۆر قاسملو کردویە بە پێبەر و ئاوا فەرمان دەدات. ! ! . مەقالە نووسین بۆ من مەسەلەیەک نەبوو، کوتە کاغەزم وەرگرت و گوێم نەدایە.

ڕۆژی ٨٣/٢/٢٤ کاک مستەفای شەڵماشی و کاک فەتاحی کاویان بۆ کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی دەچوون. لەسەر ئەوەی ڕانەوەستام کە دکتۆر قاسملو بەشی دووەمی نوسراوەکەم بۆ بنێرێ، نامەیەکم بۆ نووسی و ڕامگەیاند کە بە بیر و ڕای من ئەم بەشەی نووسراوەکەت کە پێوەندی بە دەورانی ستالین و بارودۆخی سۆڤیەتەوە هەیە، ئەگەر هەمووشی ڕاست بێ، نووسینی زیادی یە و پێوەندی بە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتەوە نیە. ئێمە حیزبێکی دیموکراتین و کاری ئێمە نیە خۆمان دە کاروباری نێو خۆی وڵاتانی سوسیالیست و حیزبە کۆمۆنیستەکان هەڵقوتێنین. ئەم نوسراوەیە یارمەتی بە پێشکەوتنی خەباتی حیزبی ئێمە ناکات. لە جیاتی ئەوەی خۆمان بە کەم و کوڕی حیزبە کۆمۆنیستەکانەوە ماندوو بکەین، با خەریکی کار و باری خۆمان بین و ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی ناتەواویەکانی خۆمان بدۆزینەوە.

نامەکەم دا بە کاک فەتاح و مەسەلەکەم لەگەڵ ئەوان باس کرد. گوتم ئێوە لە دەفتەری سیاسی دەتوانن پتر لەو مەسەلەیە بکۆڵنەوە. هەردووکیان لەگەڵ بۆچوونی من یەک بوون. هەر بۆیەش دەفتەری سیاسی لەسەر بڵاو کردنەوەی نوسراوەکە ڕێک نەکەوتبوو، ڕایان گرتبوو بۆ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی. لە

کۆمیتەی ناوەندیش نەخوێندرابۆوە و بەناوی کۆمیسیۆنی ئینتشاراتی حیزب بلاویان کردبۆوە.

بەدوای ئەوەدا دکتۆر سەعید ڕێنوێنی تەشکیلاتی حیزبی بۆ ناردم کە لە نامیلکەی تێکۆشەردا بڵاوی کەمەوە. بەڕای من لەو نووسینەدا دەستی کومیسیۆنی تەشکیلات لە وەدەرنان و لابردنی کادر و ئەندامانی حیزبی بەبێ لەبەر چاو گرتنی پێوەری نێوخۆی حیزب ئاوااڵە کرابۆوە. شوێنەواری دیموکراسی نێو حیزبی خرابووە ژێر پێ. ڕۆژی ٨٣/٨/٢٢ لە نامەیەکی درێژدا ڕەخنە و بۆچوونی خۆم بۆ دکتۆر سەعید نووسی. ٨٣/٢/٢٨ کاك سەعید نامەیەکی بۆ ناردبووم و دوای ڕوونکردنەوەی مەبەستی وتارەکەی خۆی و ڕوونکردنەوەی ئەرکی بەرپرسی شانە و یەکێتی لاوان، نووسیبووی: ((جا ئەگەر تۆ ئەوەت پێ باش نیە بیگۆڕە. بەڵام دەبێ لە جێگای ئەو ڕوونی کەینەوە کە لەو جێگایەدا کە ئەندامان لەبەر هێندێك شت ناتوانن بۆ هەڵبژاردنی سەرشانە بگەنە یەك دەبێ چیبکەن؟ پێم وایە ئەگەر پرسێك بە کاك مستەفاش بکەی زەرەری نەبێ. ئەو لەم بارەدا پێم وایە ئاگاداری زۆرترە.)) دکتۆر سەعید لە ئاخری نامەکەشدا نووسیبووی: ((کاك کەریم گیان داوای لێبوردنتان لێ دەکەم ئەگەر هێندێك درێژ دادڕیم کرد. وا دیارە هەر کەس بێتە تەشکیلات وەك کاك جەلیلی لێ دێت.... جا جارێ خوا حافیزیت لێ دەکەم و چاوەڕوانی تێکۆشەری ژمارە ٤ و سابیقەی تێکۆشانی حیزبی و چاپی ئەم گەلاڵەیە دەکەم.)) برای بچوکتان سەعید بدل. ٦١/١٢/٩.))

لە دولکان نیشتەجێ بووم. ڕۆژانە دوای تەواو بوونی بەرنامەی ڕادیۆ لە ژوورەکەم خەریکی وەرگێڕان و نووسین دەبووم. یا سەرە بەهار بە دەم جۆگە و جۆباری چەنا دولکاندا هەڵدەکشام و هێندێ پنگە و گیای بەهاریم کۆ دەکردەوە و

دەهاتمەوە. دکتۆر خەلیقی بە دایم دەهاتە لام و دەستی بە قسەی خۆش دەکرد و پتریش پەخنە و گلەیی لە شێوەکاری حیزبی بوون. من لەگەڵ ڕێز گرتن لە ئاخافتنەکانی هەمیشە دەمگوت پشوت لەسەر خۆبێ. دکتۆر خەلیقی مرۆیەکی زانا و قسەزان و زمان پاراو و دڵناسك بوو. هەستم کرد تەنیا لە کن من سێبوری دەهات. هەرچەندە زۆر کاتی دەگرتم، بەڵام قەت وام نەکرد هەست بە ساردی بکات. هێندێ لە برادەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، کەمێك دوور لە گوندی دولکان لە موچەی هاونیشتمانێکی جوامێر بنکەیان هەبوو. ڕۆژێك ویستم بچم سەریان بدەم. دکتۆر خەلیقی گوتی منیش دێم. برادەران میوانداریەکی فرە دۆستانەیان کرد. دکتۆر خەلیقیش باسێکی ڕەخنە و هێرشی بێ جێی دامەزراند، من لە چوونەکەم پەشیوان بوومەوە.

بۆ نەخۆشخانەی سنجوێ:

ڕۆژی ۹۸۳/۳/۷ لایەکی شان و باسکم دەستیان بە ژان کرد و ئازار و ئێشەکە لە تام دەرچوو. تەواوی شەو لەسەر پێیان لە هاتو چۆ دابووم و ئارامم لێ هەڵگیرابوو. ژانەکە ڕاست لەو شوێنە بوو کە ساڵی ۱۹۸۰ لە زیندانی بەعسدا توشم ببوو. نەخۆشخانەی حیزب لە خوارەوەی (بێژوێ) لە (سنجوێ) بوو. بەیانی برادەران ولاخێکیان ساز کرد و لە گەڵ برادەرێکی پێشمەرگە بۆ نەخۆشخانە. لە نێزیك گوندی (بێژوێ) نەخۆشخانەی کۆمەڵەی لێ بوو. زانیبووم کە دکتۆر محەمەدی ڕەحیمی کوڕی مامۆستا مەلا ساڵحی نەغەدە لەوێیە. بە کاکی پێشمەرگەم گوت: لێرە لادە، دەچمە کن دکتۆر محەمەدی. گوتی: ئەو کۆمەڵەیە چۆن دەچی؟

گوتم براله ڕاستە. با کۆمەڵە بێ. یەکەم دکتۆرە. دووەم کوڕی مامۆستا مەلا سالحی یە. دۆستی منە. لاماندا. زۆر ناڕەحەت بووم. کە چوومە ژوور، هەر بە دیتنی دکتۆر و بە پێشوازی گەرم و برایانە و ڕووخۆشی و موحیبەتی، تا رادەیەکی زۆر ژانی شان و باسکم کەم بۆوە.

دکتۆر تەماشای کردم و چەند حەبێکی دامێ و نوسخەیەکی بۆ نووسیم، لە ترسی سەکتە و شەلەلیش دڵنیای کردم. پاشان چوومە نەخۆشخانەی حیزب. دکتۆری فەرانسی لەوێ بوون دوای تەماشا و پشکنین دوو ئامپولیان لە باسکم دا و ژانی باسکم بە تەواوی شکا و ڕاست ئەو حەبانەیان دامێ کە دکتۆر ڕەحیمی بۆی نوسیبووم. لای ئێوارێ گەڕامەوە بۆ بێژوێ و شەو میوانی کاك حەسەنی بینایی بووم. چەند برادەری دیکەشی داوەت کردبوون و شەوێکی خۆشمان بردە سەر. بەیانی لەگەڵ مەلا خدری دۆڵەگەرمی کە بەڕێرسی ڕێکخراو بوو چوومە خزمەت مامۆستا مەلا شێخ عیزەدینی. زۆری پێخۆش بوو، دوای باس و پرسیار و ئاخافتن کە ویستمان ڕابین، فەرمووی: نابێ بڕۆی فراوینێ لێرە دەخۆین و خودا چی بە نسیب کردین دەیخۆین. سوپاسی مامۆستام کرد و گوتم دەچم سەرێکی برادەرانی ڕێکخراو دەدەم و بۆ فراوین دێمەوە.

دوای کۆبوونەوە لەگەڵ برادەرانی ڕێکخراو، لەگەڵ مەلا خدری چووینەوە خزمەت مامۆستا. زۆری پێنەچوو نانیان هێنا. بەو سەرە بەهارەی دۆڵمەی گەڵا مێوی ناسکی تازە پێگەیشتوو لە ڕادە بەدەر بە تام و خوێ و لاقە قەلیشی نێوە نێوە لێکرابوو بە نێوئاخن. گوتم مامۆستا تۆ فەرموت چی خودا دای دەیخۆین. ئێستا بەخێر ئەوە خودا داویە؟ ئەوەی خودا دەیدا نیسکێنە و ماشێنەی حیزبی دیموکراتە ڕەببی بە زیاد بێ. مەلا خدر پێکەنی و مامۆستا فەرمووی ڕزق هەمووی هەر خودا دەیدا. وە بیرم هاتەوە کە بورژوازی دەستبڕ و سوت و سەلەم خۆریش

تەتەڵەیەکیان لە دوکانێ هەڵاوەسیوەو لێی نووسراوە: (الرزق علی الله). کەسیش نیە خوا بدۆزێتەوە و لێی بپرسێ ئەم ڕزقە بۆ هەر دەدەی بەو دەستبڕ و چاو چنۆکانە و لە پەنا ئەوانیشدا هەزاران هەژار و هەتیو و لێقەوماو لە برسان دەمرن؟!!.

ڕۆژی ٩٨٣/٣/١٣ خەبەری کوشتاری خەڵکی گوندەکانی دیلانچەرخ و کەڕێزەی شکاکانمان بۆ هات. جاش و پاسدار وەنێو ئەو گوندانە کەوتبوون ٤٠ کەسی بێ چەک و بێ دیفاع و بێ تاوانیان شەهید کردبوو. منداڵی ٣ ساڵەش لە نێو شەهیدەکاندا بوو.

پاش چەند مانگ نامەیەکی منداڵەکانم بۆ هات. کاک هاشمی کەریمیش نامەیەکی ئەحوالپرسی و بەخێر هاتنەوەی بۆ نووسیبووم.

ڕۆژی ٩٨٣/٣/١٥ کاک فەتاح داوای کرد دوای نیوەڕۆ کۆبوونەوەی کادری ڕادیۆ و ڕۆژنامە هەیە و برادەران پێویستە هەموو ئامادە بن. من چەند ڕۆژ پێشتر نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نوسیبوو، کەم و کوڕی کاری تەبلیغات و چاپەمەنیم وەبیر هێنابوونەوە. لام وابوو کۆبوونەوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم مەبەستەیە. سەعاتی چوار برادەران کۆبوونەوە و کاک فەتاح دەستی پێکرد: ((لێرە هێندێ لە برادەران دژی بەنی سەدر و شورای میللی مقاومەت قسە دەکەن. ئەوە ڕاست دژی ڕێبەرایەتی حیزبە. ئێمە ئێستا لە شوورادایین و کەس هەقی نیە دژی شورا و بەنی سەدەر قسان بکا.

کاک تەهای عەتیقی گوتی: ((کاک فەتاح بۆ ڕاستە و ڕاست دەری نابڕی؟ هێندێ برادەر نین. منم. من گوتومە و ئێستاش دەیڵێمەوە کە بەنی سەدر نەنگی

جامیعەی ئێرانە. لەم کوردستانەش جگە لە دەفتەری سیاسی هیچ کەس بەنی سەدری ناوێ.))

کاك فەتاح هەڵبەزیەوە و توڕە بوو گوتی: ((ئەوە دژی حیزبە و کەس هەقی نیە ئەو قسانە بکا و تۆپ و تەشەر.))

گوتم: کاك فەتاح ئەم تووڕەیی و هەڵبەزینەوەی ناوێ. یەکەم کاك تەها لە نێو خۆیاندا قسەیەکی کردوە، هەتیوێکی خوێڕی ڕووی بابی ڕەش بێ هاتووە خەبەری بۆ تۆ هێناوە. ئیتر نابێ بکرێتە مەسەلە. (هەتیوی خوێڕیش کە بۆ جاسوسیان ڕاگرتبوو لەوێ دانیشتبوو) دووەم مەسەلەی چوونی نێو شورا وەك بڕیاری حیزب لەگەڵ باسکردنی بەنی سەدر فەرقی هەیە. سێ یەم ئێرە کۆبوونەوەی حیزبیە، جا ئەگەر ئەندامێکی حیزبی لە کۆبوونەوەی حیزبی دا نەتوانێ ڕای خۆی دەربڕێ، ئیتر ئەوە حیزبایەتی نیە.))

کاك مستەفای شەڵماشی و دکتۆر خەلیقی پشتی ئاخافتنی منیان گرت. کاك فەتاح بە تووڕەیی کەوتە دیفاع لە بەنی سەدر و گوتی: ((ئاخافتن دژی هاوپەیمانەکانی ئێمە، ڕاست دژایەتی حیزبە.))

گوتم: کاك فەتاح وانیە، وەنەبێ هەرچی ئێوە کردتان ڕاست بێ. ئێوە چون لەگەڵ اتحادیەی کۆمۆنیستانیش لە شورادا بوونە هاوپەیمان. منیش پێم وایە بەنی سەدریش و اتحادیەی کۆمۆنیستانیش سەریان بە ئەمریکاوە بەندە. نوسراوەکانی ڕۆژنامەی حەقیقەتم لە بیر ماون کە چیان دژی حیزبی دیموکرات دەنووسی.))

فەتاحی کاویان و بەهرۆزی کورد ئەحمەدی کەوتنە دیفاع لە بەنی سەدر و اتحادیەی کۆمۆنیستان. کاك فەتاح گوتی: ((کاك کەریم دەبێ ئەو قسانە بنوسی.)) گوتم نوسینی ناوێ. ئەوە دووپاتی دەکەمەوە کە بە ڕای من ئێوە

چوون لەگەڵ کلکی ئیمپریالیزم بوون هاوپەیمان. کاك فەتاح گوتی: ((زۆر باشە، دەفتەری سیاسی ئەشێ ئەوە ڕوون کاتەوە.)) بەیانی کاك فەتاح زوو زەنگاڵی لێ هەڵکێشان و بەرەو بێتوش داگەڕا خوارێ. دەچێتە دەفتەری سیاسی و دەیکاتە داد و هاوار و ئەوەی بووە و چەندیشی پێوە ناوە خۆی زانیویە. دکتۆر قاسملو دەڵێ: ((ئەو هەرایەی ناوێ. برادەرێك قسەییەکی کردووە، ناکرێ بیکەینە مەسەلە. باشبوو کاك فەتاح دووسێ ڕۆژ بەم بیانووە خۆی لە نیسکێنەی دولکان شاردەوە و لە دەفتەری سیاسی تۆڵەی کردبۆوە.!!

ڕۆژی ۹۸۳/۳/۱۹ – ۳۱ کەس لە لاوانی ناوچەی شنۆ پاش ئەوەی کە پاسدار تینیان بۆ هێنابوون کە دەبێ دژی حیزب چەك هەڵگرن، بە کۆمەڵ هاتبوونە دەر و گەیشتنە دولکان. زۆریانم دەناسی. چوومە نێویان و ڕەسمم لێ هەڵگرتن. دوای حەسانەوە، بەڕێکران بۆ کلاسی نیزامی. ڕۆژی دوایی سەرهەنگ قادری و سەروان شاهۆ لە بانە دەگەڕانەوە هاتنە لای من. باسی بارودۆخی ناوچەی بانەیان کرد. دەیانگوت: ماوەی ۲۰ ڕۆژە گوندەکانی (ئەمەل، دۆڵ هەرزن، سەبەتڵو، بنەخوێ، یاکوباوە، سوێرویێ) لە لایەن پاسدار و ئەرتەشەوە گەمارۆ دراون. دەیانەوێ بە زۆری چەك بەستۆی خەڵك دابەزن و بیانێرن بۆ شەڕی دژی حیزبی دیموکرات. خەڵك چەك هەڵناگرن و لە مزگەوتەکاندا کۆبوونەوە.

ئەورۆزی مات و بێ بەرنامە:

ئەورۆزی ساڵی ۱۳٦۲ ی ئێرانی (۱۹۸۳/۳/۲۱)مان لە (دولکان) لە بارودۆخێکی خۆماڵی و هاوڕێیانەدا بەڕێوە برد. هەر چەند زۆر کەس لە نیشتمانپەروەرانی گوندی بۆ پیرۆزبایی هاتبوونە لامان، بەڵام سێبەرێکی غەریبایەتی پێوە دیار بوو. لەو ماوە کەمەدا لەگەڵ زۆر کەس لە دانیشتوانی گوندی دۆستایەتیم پەیدا

کردبوو. زۆر دەهاتنە لام و داوەتیان دەکردم. بەتایبەت لەگەڵ مەلای گوندی کە پیاوێکی فرە روح سووک و زانا و خۆش قسە بوو، نێوانم خۆش بوو. چەند جار بۆ نانخوادرن داوەتی کردم. پۆژێکیان یەک دوو برادەری خەڵکی گوندی گوتیان: کاک کەریم زۆر ناشیرینە تۆ سمێڵت نەبێ. هەستم کرد سمێڵ تاشینم لە نێو گوندیش جێگای باسە. ناچار سمێڵێکی ناحەزم بۆ خەڵکی گوندی دولکان هێشتەوە. ئەو برادەرانەی کە بۆ کاری پادیۆ و چاپەمەنی لە دولکان کۆکرابوونەوە، هیچیان پۆژانە لە نیو سەعات پتر کارمان زیاتر نەبوو. من بە تۆندی خەریکی وەرگێڕانی کتێبی (ئوسوڵی سەرەتاییەکانی فەلسەفە) بووم. ئەوانی دیکەش نازانم چیان دەکرد. تکامان لە کاك فەتاح کرد کە پۆژێ سەعاتێك دەرسی ئینگلیزیمان پێ بڵێ. زۆر بە روح سوکی قبوڵی کرد. چەند کەسمان دەستیکرد بە خوێندنی زمانی ئینگلیزی. من نە لە مەدرەسەم خوێندبوو، نە مامۆستای تری ئینگلیزیم دیتبوون. بەڵام بڕوام پەیداکرد کە نابێ مامۆستای باشتر لە کاك فەتاح بۆ فێرکردن هەبێ. خۆزیا هەر دەرسی ئینگلیزی گوتباوە و خۆی تووشی ئەم قوڕەکاریە نەکردبایە.!!

پۆژی ۹۸۳/۳/۲۵ لەم نووسراوەی خوارەوەم لە لایەن کۆمیتەی شارستانی سەردەشتەوە پێگەیشت. ئەمەش دەقی نامەکەیە.

((**نەورۆزتان پیرۆز. بەڕێز هاوڕێ کەریمی حسامی.**

سلاوێکی گەرم. بە بۆنەی دەست پێکردنی ساڵی نوێ و بەهاری نوێ، پۆژی مەزنی نەورۆز، جێژنی کۆنی کوردەواری پۆژی خۆشی و شادی جوانترین و پازاوەترین پیرۆزبایی خۆمانتان پێشکەش دەکەین. هیوایە لە ساڵی نوێدا خەبات و تێکۆشانی خۆتان بۆ وەدیهێنانی ئامانجی گەل و دروشمی حیزب ((دیموکراسی بۆ ئێران و

خودموختاری بۆ کوردستان)) و هەروەها بۆ بەرپەرچدانەوەی پیلانەکانی دوژمنی کۆنە پەرست لە بەهاری نوێدا، وەك جاران پەرە پێ بدەن و بە لەخۆ بردویی و فیداکاری بێ وێنەتان ئیسپات کەن کە ڕێبازی شەهیدانی سورخەلاتی گەل بەردەوامن و ڕێبواری بە ئەمەگی ئەوانن و بەردەوامن لەسەر خەبات، خەبات بۆ ڕووخانی ڕژێمی خومەینی.

دڵنیاین بە قارەمانەتی ئێوە، ئێوەی تێکۆشەر و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دیموکرات تا زاڵبوونی فریشتەی ئازادی و بەختەوەری بەسەر دێوەزمەی ڕەشی کۆنەپەرستی، چەك لە شان و گیان لەسەر دەست پارێزگاری لە شەرەف و ناموسی گەلی چەوساوەمان دەکەن.

دەستتان دەگوشین. نەورۆزتان پیرۆزبایی پێ دەڵێین. بە ئاواتی ئەو ڕۆژەی سەربەستی نەتەوەکەمان لە داهاتوویەکی نزیکدا جێژن بگرین.

حیزبی دیموکراتی کوردستان. کۆمیتەی شارستانی سەردەشت ١٣٦٢/١/١٠))

ڕۆژی ٩٨٣/٤/٨ ئێوارەیەك مامۆستایەکی خەڵکی دولکان هاتە لام. ژوورەکەی من دەیڕوانیە چیایەکی بەرز بە ناوی (گمۆ) لە کوردستانی دابەشکراو. گوایا ئەو چیایە عێراق بوو. ! ! مامۆستا بۆی باس کردم کە ساڵەکانی ٧٥-٧٦ هێلیکۆپتەرەکانی عێراق چۆن گوندەکانیان سووتاندوە و چەندە قاچاخچی لەم کەڕ و کێوەدا لەسەرمان قڕ بوون.

١٩٨٣/٤/١٠ مەلا محەمەدی خزری پەیدابوو، مەلاعەولای حەیاکی نامەیەکی دابوویە کە لە تەشکیلاتی سەردەشت کارێکی بدەنێ. بەڵام وەدوای کلاوی خوار کەوتبوو، چونکە کاریان بەو کەسانە نەدەسپارد کە بە ڕاست یا درۆ بە چەپیان

دەزانین. بە تایبەت مەلا محەمەد یەکێ لەو کادرە چالاك و ناسراوانەی ناوچەی شارۆێران بوو چەپایەتیشی کرد بووە کۆڵە پشت و لە خۆی قایم کردبوو.

پۆژی ۹۸۳/٤/۱۲ هێندێ کەسی خەڵکی بۆکان و شامات و سەقزی هاتن کە ڕێگایان بدەن چاویان بە کۆڕ و خزمیان بکەوێ کە بە تاوانی بیروڕای جیاواز لەگەڵ حیزبی دیموکرات دوو سالێ بوو لە گرتووخانەی حیزب دابوون. ڕێگای دوو سێ ڕۆژیان بڕیبوو، دوو شەو و ڕۆژ لەوێ مانەوە، بەڵام ڕێگایان نەدان و بە ناهومێدی گەڕانەوە.

۹۸۳/٤/۱٦ لە وەرگێڕانی کتێبی (ئوسوڵی سەرەتاییەکانی فەلسەفە) بوومەوە. گەڵێ شادبووم کە توانیومە بیکەم بە کوردی و بڵاوی بێتەوە. لە گەڵ دکتۆر سەعید باسم کرد و گوتم: چاپی بکەن و بە قازانجی حیزب بیفرۆشن. دەکرێ ناوی من یا ناوی حیزبی دیموکراتیشی لەسەر نەبێ. دکتۆر سەعید گوتی ئەوە بۆ حیزبی ئێمە نابێ و کاری وا ناکەین.

پۆژی ۹۸۳/٤/۲۱ لەگەڵ کاك فەتاحی کاویان چووینە دەفتەری سیاسی. شەو هاونیشتمانێکی خەڵکی (مەرزە) دەفتەری سیاسی بە هەموو دەستە و دەیارەوە داوەت کردبوو. دکتۆر قاسملو و دکتۆر سەعید نەهاتن. برادەرانی لە دەفتەر بوون بە خڕی چووین تا کابرا دڵی نەیەشێ. شەو خەبەری گرتنی پێگەی سارتکێ و شەڕی شنۆیە هات کە دەستی چاکیان لە پاسداران وەشاندبوو. خەبەرێکی خۆش بوو.

بەیانی چوومە بێتوشێ لای مامۆستایەك کە چەند جار لە دولکان هاتبووە لام. کتێبخانەیەکی شازی پڕ لە کتێبی باشی هەبوو. چەند کتێبم بە ئەمانەت لێ وەرگرت و شەو لەگەڵ فەرەیدونی میتران چووینە مالّی ئەوان. لە گوندێکی

چەپەکی چەند مالّی، خانوێکی پەیدا کردبوو. بە هەموو ماناوە مالّێکی لێقەوماوی ئاوارە بوو. بەداخەوە منیش بە دەستی بەتالّ چوبووم و لەسەر دلّم ببوە داخ و لە بیرم نەدەچۆوە. لەمالّی کاك فەرەیدونی لەگەلّ مامۆستا (حەشمەت)ی هەورامی کە میوانیان بوو بوومە ئاشنا. پیاوێکی تێگەیشتوو، ڕووناکبیر، ئەدەبدۆست و قسە خۆش. شارەزای شیعری گۆران و مەولەوی و زۆریشی لەبەر بوون. شارەزای زمانی ئینگلیزی. شەوێکی فرە خۆشمان ڕابوارد. بەیانی من گەڕامەوە بۆ دولکان.

ڕۆژی ٩٨٣/٤/٢٣ نامەیەکی کاك شەهاب عوسمانم بۆ هات، ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کوردستان. برادەرانی یەکێتی نوسەران بە دوامدا چووبوونە دەفتەر و نەیاندیتبومەوە. ! ! واتە شوێنی منیان پێ نەگوتبوون. ئەوانیش ئەم نامەی خوارەوەیان لەگەلّ گۆڤاری ژمارە ٦ و گزنگی ژمارە ٢ بۆ ناردبووم. ئەمەش دەقی نامەی کاك شەهاب عوسمانە بۆ یادگاری:

((مامۆستای بەڕێز و خۆشەویستمان کاك کەریمی حسامی.

سلاّو و ڕێز و خۆشەویستی. بە هیوای شادی و سەرکەوتنتم. بە ئومێدی بەرهەمی زۆر و پڕ لە سود بۆ ئەم گەل و نیشتمانە.

مامۆستا.. بەڕاستی دەمێکە عەودالّی ئێوەین، شوێن و جێگات بزانین. تا هەم لە بەرهەمە بە نرخەکانت بێ بەش نەبین، هەم وەك ئەندامێکی بەڕێز و خۆشەویستی یەکێتی نوسەرانی کوردستان دەوری خۆت ببینی. لە بەر ئەوە گلەییەکانت لەسەر چاوان. بەلاّم مەسەلەکە تەنیا ئەوە بوو کە نەمانزانیوە چۆن بتگەینێ. پێشتر بە هۆی کاك ڕەفیق صابرەوە چەند ژمارەیەکمان بۆ ناردی. ئیتر دەنگتان نەما. لە ڕاستیدا بەڕێزتان جێگایەکی تایبەتیتان لە لای ئێمە هەیە. هەر بەرهەمێکت هەبێ

چ بۆ گۆڤارەکان یان نامیلکە و کتێب ئامادەین بۆتی چاپ بکەین و هیوادارین هاوکاری و پەیوەندیت زیاتر بێ لە گەڵماندا بۆ خزمەتی وشەی ڕەسەنی کوردی.

برادەران کاك سامی شۆڕش و کاك محەمەد موکری و .... هتد ئێستا چوونەتە ئیجازە بە هێندێ ئیش و کاری نوسەران کە هاتنەوە بێگومان دێینە خزمەتت و تۆش هەروەها دەبێ سەردانمان بکەیت بە تایبەتی ئێستا کە نزیکین و بارەگامان هێناوەتە سەرشیو– قزڵبەگ لە نێزیك ئەعلامی یەکێتی نیشتمانی.

ئیتر هیوادارین لێمان زیز نەبیت و نامە و بەرهەممان بۆ بنێری. بە هیوای دیدار.
سەرکەوتنتان ئاواتمانە. (١٩٨٣/٤/٢٣ شەهاب عوسمان ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کوردستان.

١– تێبینی ئەگەر نامە و بەرهەمتان نارد بە ناوونیشانی: مەکتەبی ڕاگەیاندن یا ئیستگە لەوێشەوە بۆ یەکێتی نوسەرانی کوردستان – شەهاب عوسمان.

٢– ژمارە ٦ ی نوسەری کوردستان و ژمارە ٢ی گزنگم بۆ ناردی.))

٩٨٣/٤/٢٦ کاك هاشمی کەریمی و خێزانی هاتن. زۆر ئیسراری بوو کە بچم بۆ لایان. شەترنجێکی جوانم دایە، هەر چەند زووتر هەر دەیدۆڕاند.

دانیشتن و وتوویژ لەگەڵ دکتۆر سەعید

ڕۆژی دوایی دکتۆر سەعید هات، دوو بەدوو دانیشتین باسی تەشکیلات بکەین. بەسەر فەرماندەکانی هێزدا هاتە خوار و بە ناو و بە کردەوەی دزێو تاوانباری دەکردن کە نامەوێ من ئەم قسانە دووپات کەمەوە و ناویان بێنم. بەڵام تەنیا دیفاعی لە سەرهەنگ ڕەبیعی دەکرد. گوتم بناغەی کاری حیزبی تەشکیلاتە، لەم بارەوە حیزب لاوازە و دەتوانم بڵێم تەشکیلات نیە. ناشتوانن چاری بکەن چونکە

لە کاری تەشکیلاتیدا تەجروبەتان نیە. پتر ئێوە فێری کاری ئیدارین. گوتی ڕاستە: ((ئەوەتا سەلیم و عوسمانی ئەسراری و عەبدولحەکیم کراونە بەرپرسی تەشکیلاتی ناوچەکان هیوای چت بەو تەشکیلاتە دەبێ. لە کاری تەشکیلاتیدا تۆمان پسپۆڕی، تۆ دەبوایە کاری ئێستای من بکەی. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە ئێمە هێشتا خاترجەم نین داخوا تۆ سیاسەتی ئێمەت بە تەواوی قبوڵە یان نا.

ئەوەتا مەلا.... نامەی نوسیوە کە تۆ گوتوتە تا ئەوانە ڕێبەری حیزب بن، لە عێراق بەدەر کەس یارمەتی حیزبی دیموکرات ناکا، جا بەم حاڵە ناتکەینە مەسئولی تەشکیلات کە بڕبڕەی پشتی حیزبە.))

گوتم: کاك سەعید قبوڵکردنی سیاسەت لەگەڵ ڕەخنە لە کەم و کوڕی فەرقی هەیە. لە حیزبی دیموکراتدا قەت یەکێتی فیکری نەبووە. من ئەگەر سیاسەتی گشتی حیزبم قبوڵ نەبایە، لە حیزبدا نەدەمام. باسکردنی ڕێبەرایەتی شتێکی سەیر نیە. من نازانم مەلا.... چی نوسیوە، ڕەنگە ئەگەر چەند کەس لێك کۆبوونەوە باسی هەموو شت و هەموو کەس بکەن. ئەو سیستمەش کە خۆتان داتاننناوە، هەموو تەنەی حیزبی گرتۆتەوە. بەڵام خۆت دەزانی من هەرچی بە ڕاستم زانیبێ و پێم باشبێ بۆ جوڵانەوە ڕك و ڕاست گوتومە و بیروڕای خۆم نەشاردۆتەوە. وا دیارە ئێوە حیساب لەسەر لێهاتووی ئەندام ناکەن، ئەوەتان پێ گرنگە کابرا زمانی نەگەڕێ و بیروڕای وەك ئێوە بێ، یا بە دووزمانی خۆتان لێ نێزیککاتەوە.

گوتی: ((فەرقی هەیە. ئەوەتا فەتاح و ڕەحیم و مارف لە تەشکیلاتی نەغەدە مارکسیستن و لەسەر کاریشن. بەڵام تۆ لەگەڵ ئەوان فەرقت هەیە.)) باسەکەمان دۆستانە و ڕك و ڕاست بوو. کاك سەعید ڕاستی دەکرد ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات بۆی گرنگ نەبوو کە مارکسیست و سۆسیالیست و چەپی بەدرۆ و هتد

لە حیزبدا بن، بەو مەرجەی لارە مل و بێ زمان و ماستاو ساردکەرەوە بن و ئاغا بەڵێ بێژن. بەڵام نەدەبوو کاری تەشکیلاتی بە (کەریمی حسامی) بسپێرن، چونکە لە نێو حیزب و خەڵکدا ناسراو بوو، نەیدەتوانی لە ئاست هەڵە و چەوتی و ملهوریدا بێدەنگ بێ. بەرژەوەندی خەڵک و حیزبی پێ لە هەموو شت گرنگتر بوو.

ڕۆژی ٩٨٣/٤/٢٧ کاک فەتاحی کاویان فەرمانی دابو کە ناوی دەستە و پەلی ئەو پێشمەرگانە لە ڕادیۆ دا نەخوێنرێنەوە کە لە شەڕدا فیداکاریان کردوە و سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە. من دڕی ئەم فەرمانە ئیداریە بووم. یەکەم لام وابوو بۆ تەشویق و دڵگەرمی ناو خوێندنەوەیان پێویستە. دووەم کاک فەتاح بێ ڕاوێژ لەگەڵ کادری ڕادیۆ بڕیاری دابوو.

بەڵام دکتۆر سەعید لایەنگری فەتاحی بوو. دەیگوت با روحی خۆ هەڵکێشان لە نێو پێشمەرگەدا نەمێنێ. بۆ ڕۆژی دوایی کاک جەلیلی گادانی وەک بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتی لە مەڵبەندی گەورکان مابۆوە، خەبەری نارد کە ناوی دەستە و پەلی پێشمەرگان بخوێنرێتەوە. بەڵام کەس جوابی نەدایەوە. پێم وابوو بۆ چوونی کاک جەلیلی ڕاستتر بوو. هۆیەکەشی ئەوەبوو کاک جەلیل لە نێو خەڵکدا بوو، بە روحیە و بۆچوونی خەڵک شارەزاتر بوو. لە کاتێکا کاک فەتاح لەم بوارەدا گێرەی لە هەولێر دەگەڕا. ئەو پتر لە قسەی خۆش و گاڵتە و گەپدا پسپۆڕ بوو.

ڕۆژی ٩٨٣/٤/٢٩ بەرپرسی ڕێکخراوی حیزب لە بێژوێ داوەتی کردبووم کە بچم سەریان بدەم و لەگەڵ برادەرانی ڕێکخراویش دانیشتنێکم هەبێ. کە من چووم زانیم مامۆستاش کۆبوونەوەیەکی مەلایانی هەبوە و بەڵام هیچ بەیاننامەی ڕەسمیان بڵاو نەکردبۆوە. لە گەڵ مەلا خدری دۆڵە گەرمی چوومە خزمەت مامۆستا. مەلا ئەحمەدی عەبباسی لە خزمەت بوو. دەستمان کرد بە باسی سیاسەت. مامۆستا لە ڕادە بەدەر لەسەر (کوردایەتی موتەرەقی) پێی دادەگرت.

لە سیاسەتی کۆمەڵە لەبەر ئەوەی کە ناوی کۆمۆنیستی لەخۆناوە ناپازی بوو. فەرمووی بڕوام بە سۆسیالیزم هەیە کە تاقە ڕێگای ڕزگاریە بەو شەرتەی لەگەڵ هەل و مەرجی ولاّت بێتەوە و لاسایی کردنی تێدا نەبێ.)) لە سیاسەت لاماندا و هاتینە سەر بارانەی ڕۆژی پێشوو. ئەو ساڵە وشکانیەکی فرە بە قات و قڕی بوو. ئاسمان تەڕایی لێ بڕابوو، دڵۆپی باران نەهاتبووە خوارێ. ناوچەی ئالان مێرگ و چیمەن و شینایی و گیا درووی نیە. ئەگەر باران نەبارێ ئاژەڵ و مەڕ و مالاّت قڕیەتی. خەڵک زۆر هەراسان و پەشێو بوون. ڕۆژێك لە دولکان بووکە بارانەیان ساز کرد، لاو و هەرزەکار و گەورە کچ و منداڵ بە دوای بووکە بارانە بە نێو گوندا دەسوڕانەوە و داوای بارانەیان دەکرد. بۆ چما ڕۆژی دوایی ئاسمان کونی تێ نەبوو؟ شەوڕۆژێك باران لێی نەکردەوە.

کە باسمان دەکرد گوتم: مامۆستا! خوای گەورە لە فریای ئێمە نەهات، بەلاّم چاك دەفریای خۆی کەوت... خەڵك زاریان لێکردبۆوە و قۆڵیان لێ هەڵماڵی بوو، بارانی نەباراندبایە تیتۆڵیان پێوە نەدەهێشت. بەلاّم زوو بە فیتی خۆی زانی و بەوەندە بارانە زاری خەڵکی بەست.

لە گەڕانەوەدا لە دەرەوەی گوندی توشی کاك خالیدی عەزیزی بووم. بیستبووم لە کۆمەڵە جیابۆتەوە و بەتەمایە حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان دابمەزرێنێ. دانیشتین باسی وەزعی کوردستانمان کرد و لەم بارەوە پرسیارم لێکرد. کاك خالید گوتی: بە تەما نیم شتێك دابمەزرێنم. دەمەوێ جارێ لە گەڵ مامۆستای بم. لام وایە نوسراوەیەکی دامێ بیخوێنمەوە. گوتم: پێم خۆشە بێیە نێو حیزبی دیموکرات. بوونت لە حیزبی دیموکراتدا تەئسیری باشی دەبێ. هێندێ لەسەر کەم و کوڕی حیزبی دیموکرات ڕۆیشت. نەگەیشتینە بڕیارێك و گوتی دێمە دولکان سەرت دەدەم.

٩٨٣/٤/٣٠ نامەیەکم بۆ کاك جەلیلی گادانی نوسی و پێشنیارم کرد کە لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی خۆی مەلاکان دلّبداتەوە و موچە و بەراتیشیان بۆ ببڕێتەوە. چونکە بەڕاستی مەلای کوردەواری زۆربەیان ژیانیان هەر چاو لەدەستی بووە، کەوابوو بۆچی حیزبی دیموکرات یارمەتی ژیانیان نەدات؟ کاك جەلیل چەندی گوێدا پێشنیارەکەم نازانم و لێی بێ خەبەر بووم.

ڕۆژی ٩٨٣/٥/٣ لەگەلّ کوڕەکانی بەشی ڕادیۆ بە نیازی ماسیگرتن بەرەو چۆمی کەلّوێ چووینە خوارێ. لای چێشتانێ لە پەنا گوندی (دێگە) لە بن دارێك دانیشتین تۆزێ بحەسێینەوە. لاوێکی مێردمندالّ لە گوندی هاتەدەر و کە چاوی بە ئێمە کەوت هاتە لامان و دوای ماندوونەبوونی کردن گوتی: ((بۆ لێرە دانیشتوون، فەرمون بچینە مالّێ و نانو چایەکی بخۆن.)) وەدوای خۆی داین، مالّی (محەمەدی کاك ئەحمەدی) بە خێرهاتنێکی گەرمیان کرد و کاك محەمەد لە لامان دانیشت گوتی: ئەوە خەریکین مەدرەسە دروست دەکەین. حیزب دەبێ مامۆستامان بۆ بنێرێ. باسی زەمانی شاوخوێندنی منداڵانی بۆ دەگێڕاینەوە دەیگوت: زەمانی شای مامۆستای فارسیان بۆ هێنابووین. منداڵمان دەناردنە مەدرەسە، بەڵام بە گریان دەهاتنەوە و چ لە کابرای فارس تێنەدەگەیشتن. مەدرەسەیان بەجێ دەهێشت. دوای خواردنی نان و چایەکی حیسابی بە نێو لێرەواری پڕ لە دار هەرمێ و گوێز و گێوژ و شیلان و قەزواندا، بەرەو چۆم داگەڕاینە خوارێ. قەزوان تازە فەریك دەبوو، مزرو ناسك لێمان تێر نەدەخوارد. تا درەنگانێك لەسەر چۆمی بووین، لە یەك دوو ماسی خوێڕی بەدەر چیترمان نەگرت. لە گەڕانەوەدا سەرەو هەوراز، لە ڕادەبەدەر هیلاك و شەکەت بووین. لە گوندی (بالیتان) لەبەر دەرگایەك داوای ئاومان کرد. دۆیەکی سارد و خۆشیان بۆ هێناین. خاوەن مالّ بە ناوی کاك عەزیزی عەلیزادە وەدەر کەوت، بە گەرمی بەخێرهاتنی کردین و بردینیە ژوورێ.

مـاڵێکی قـەوغا، ژووری فەرشـکراو، سـەماوەریان تێهاویشـت و تـا چـایی سـازبوو کەوڵێك نان و هێلکە و پۆنیان هێنا و کاك عـەزیز وەك پیـاوێکی تێگەیشـتوو باسـی سیاسی دامەزراند و پاشـان گـوتی: ((بـە خزمـەتت نەگەیشـتووم، بـەڵام وەك لـە گەڵت ژیابم وایە. پۆژ نەبوو گـوێ لـە ڕادیـۆی پـەیکی ئێـران ڕانـەگرین.)) گـەلێکی هەوڵدا کە شەو میوانی بین. نەدەکرا گـیر بـین، دەرەنگانێـك گەیشـتینەوە دولکـان. چەند پۆژ دواتر کاك عەزیز هاتە سـەردانم و حـەزی دەکـرد پێوەندیمان بـەردەوام بێ.

٩٨٣/٥/٤ کاك ئەمیری قـازی هاتـە دولکـان. نـەمزانی بۆچـی هـاتبوو. بـەڵام هاتـە ژوورەکەی من، قاوەیەکمان ساز کرد. کاك ئەمیر ڕەخنـە و گلەییـەکانی لـە شـێوە کاری حیزبی هەر بەردەوام بوو. گوتی: ((عیلاجی ناکرێ و هەروا دەبێ. بـەڵام تـا چەند مانگی دیکە ڕادەوەستین، بزانین چۆن دەبێ.))

خەبەری ناخۆشی شەڕی پشت ئاشان

ئێوارەی ئەو پۆژە کاك قاسمی قارەمانی هات، خەبەری هێرشی یەکێتی نیشتمانی بۆ سەر بنکەی حیزبی کۆمۆنیسـتی عێـراق لـە پشت ئاشـان هێنـابوو. خەبەرەکـە ئەوەندە دڵتەزێن بوو، باوەڕ نەدەکرا. چونکە لەگـەڵ ئیـدیعا و تـەبلیغاتی یـەکێتی نیشتمانی لە مەڕ چـەپی و نیشـتمانپەروەری نەدەهاتـەوە، بـە تایبـەتی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانیشی لە گەڵبوو کە خۆیان بە مارکسیستی ڕەسـەن دەزانـی. هـەموومان کۆبووینەوە تا شـەپۆلی ڕادیـۆی یـەکێتی نیشـتمانیمان دیتـەوە. لـە نێـو خەبـەری پەلاماری (قارەمانانەی) هێزەکانی خۆیدا، بـۆ سـەر بنکـەی حیزبـی کۆمۆنیسـت، پیرۆزبایی جەنابی مامۆستا مـەلا شـێخ عیزەدینیشـی بـە بۆنـەی ئـەم سـەرکەوتنە مەزنە بلاو کردەوە. مامۆسـتا بـە نـاردنی بروسـکەی پیرۆزبـایی بـۆ سـەرکردایەتی

یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە بۆنەی کوشتاری ٦٠ کۆمۆنیست، ٦٠ ئینسانی نیشتمانپەروەری ئاوارەی دەستی ڕژێمی بەعس و هەڵوەدای ئازادی کوردستان، ٦٠ تێکۆشەری ڕێگای خێر و خۆشی میللەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سۆسیالیزم، ئەرکی میللی و مەزهەبی خۆی بە جێ گەیاندبوو.

دوای دوو ڕۆژ دکتۆر سەعید لە نامەیەکدا بۆی نوسیبووم: ((بیستومانە مەلا محەمەدی جوانڕۆیی و کاك مەحمودی حاجی فەقێ خدری و ئەبو سەرباز و ئەبوحیکمەت کوژراون. تەوزیحمان لە یەکێتی ویستووە. ئەگەر ڕاست بێ قبوڵ ناکەین.))

ئەو نوسینە و وشەی (قبوڵ ناکەین)ی کاك سەعیدیم تۆزێ سەیر هاتە بەر چاو. چونکە خەبەرەکە ڕاست بوو، قبوڵیشیان کردبوو. ! ! تەنیا ئەم ناوانەی ئەو باسی کردبوون نەکوژرابوون، دەنا کوشتارەکە ڕاست بوو.

لەگەڵ ئەو خەبەرانە ڕادیۆی تاران بەیاننامەی داستانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لەمەڕ گرتنی تودەییەکان و ئیعترافاتی ئابڕو بەرانەی ڕێبەرانی حیزبی تودەی ئێرانی بلاو کردەوە. دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم بۆنەوە بەیاننامەیەکی فرە ئینسانیانە و سیاسیانەی بلاو کردەوە و ڕایگەیاند: ئەگەر تودەییەکان بێنە کوردستان دەپارێزرێن و دەتوانن بمێننەوە.))

٩٨٣/٥/٨ برادەرانی دەفتەری مامۆستا، کاك مەلا محەمەدی عەبباسی و کاك مەلا ڕەحمان و کاك صدیقی شێخان و دوو برادەری دیکە بە هاتنیان بۆ سەردانم شادیان کردم. هەر چەند نەمتوانی وەك پێویست میوانداریان بکەم. هەر ئەو ڕۆژە نامەیەکی دکتۆر سەعیدم بۆ هات، نوسیبووی: ((کوشتنی ئەبو سەرباز و ئەبو حیکمەت ڕاست نیە. من ئەوا خەریکم سەرێکی لای ئەوان بدەم)).

٩٨٣/٥/١٠ نامەیەکی شاپوری شوجاعی–م بۆ هات کە ٩٨٣/٤/٢١ نووسیبووی. کاك شاپور دەنوسێ:

((بەڕێز کاك کەریمی حسامی– دەگەڵ سلاّو.

هیوادارین کە هەموو کاتتان خۆش بێ و لە خەباتدا سەرکەوتووبن. ئێمە هەرکات کە دەمانویست خزمەتی جەنابتان نامە بنوسین لەبەر ئەوەی هاتوچۆ بڕێك سەخت بویە جا بەو هۆیەوە نەمانتوانی لە ڕێنمودەکانی جەنابتان کەڵك وەرگرین. بەڵام قسەکانتان هەرکات لەبیرمان دایە، دەبێ لە سەختترین کات و ناسکترین هەلومەرجدا خەبات و تێکۆشانی خۆتان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی دوایی حیزب درێژە بدەن. هاوڕێ ئێمە هەمیشە لە گۆتارەکانتان کە بۆ خۆم بە ڕاستی ئامۆژگاری بێ وێنەن کەڵك وەردەگرم. ماوەیەك لەمەو پێش نامەیەك بۆتان ناردم. ئەڵبەتە بۆ مالّتان لە بولّغاریا. ئەو دەمەی هاتبووی بۆ گەڵی، زۆر پێمان خۆش بوو کە خزمەتی جەنابتان بێین بەڵام بەداخەوە بۆمان نەکرا. وەزعی ئێمە لە شیمال باشە. هیوادارین کە باشتر دەبێ. تەواوی هاوڕێیان، کاك عەلی و کاك سەنار و کاك جهانگیر و دیکەی هاوڕێیان سلاّوی گەرمیان هەیە. هیوادارین ڕێنمودی پێویستمان بۆ بنێری. ئێمە بە گوتنی خۆتان وەك شێر و شیروان دەمێنین. بۆ بچوکتان شاپور. ٦٢/٢/١)).

لە داوێنی گوندی لە دولکان لە دەشتایی کۆنە پاسگای ژاندرمری چۆڵ ببوو. حەسارێکی قایم و ٥–٦ ژووری خاوێن و باشی تێدابوو. هێندێکیان خەڵك گرتبوونیەوە و دوو ژووری گەورە و ڕوناك و خۆشیش چۆڵ مابوونەوە. برادەران بڕیاریان دابوو ژوورێکیان بدەن بە من و دیوێکیش دکتۆر خەلیقی و کاك فەتاح بیچنێ. ژوورەکەیان بۆ فەڕش کردم و ڕۆژی ٩٨٣/٥/١٢ گواستمەوە بۆ ژوورێکی خۆش و بەتەنیا. پۆلاّی نانەوازادەش هات نایلۆنی بۆ لەبەری میچی دام و ببوە

ژوریکی خاوێنی جێگای حەسانەوە و نوسین و خوێندنەوە. ڕاست لەو ڕۆژەدا کە لە باری جێگا و دەرفەت بۆ کارکردن دڵم خۆشبوو، خەبەری دڵتەزێنی شەڕی لاچینمان بۆ هات کە ۹ پێشمەرگە شەهید ببوون. بەداخەوە (ان مع العسر یسرا) هەموو جارێ پاش و پێش دەبوو. ۹۸۳/٥/۱۳ کاک کەمالی وەیسی خەڵکی سنە هاتە لام و دەیگوت دەمێکە پێوەم بێمە لات. دانیشتنێکی خۆش و بە کەڵک بوو. هەر ئەو ڕۆژەش مامۆستا ڕەحیمی حاجی عەلی خەڵکی قەڵادزە لەگەڵ نامەیەک هێندێ کتێب و ویسکی بۆ ناردبووم. بۆچما دۆست و برادەرانی کوردی ئەو دیو لەم کەڕ و چیایەش دەیانهێشت پشتم لە ژێر باری چاکە و سوپاسیاندا تۆزێ ڕاست کەمەوە.

ڕۆژی ۹۸۳/٥/۱٥ ئەم نامەیەی دکتۆر سەعیدم بۆ هات:

((بەڕێز کاک کەریم! بە سلاوێکی گەرم. دوێنێ شەوێ درنگ وەخت گەیشتومەوە لای خۆمان لە سەفەرێکدا بۆ لای مام جەلال و پرسیار لە سەر شەڕوهەلای وان بە تایبەت لەگەڵ حیزبی شیوعی مامۆستا کەریم ئەحمەد و ئەبو سەرباز لە لای وانن. بە خۆشیەوە سلاّمەتن و زۆر بە ڕێز و ئیحترامیان لێ دەگیرێ و بە هیچ جور حالّەتی ئەسیر بوون و ئەوانەیان نیە.... ئێمەش وەک نێوبژیکەر، کاری خۆمان کردووە و پێم وایە سەرکەوتوو بووین و هیوادارین لە داهاتوودا بەرە بەرە وەزع باشتر و ڕوون بێتەوە.

لەسەر تێکۆشەر: بەداخەوە کاک دکتۆر هێندە پڕ کارە کە وەختی نەبوو مەقالەکە بنوسێ.... جا بۆیە پێم وایە لێی بگەڕێی و هەر بەو مەقالانەی هەیە وەدەری خەین. هەر بژی بە خۆشی. برات سەعید. ٦۲/٥/۲٥)).

ژمارە پێنجی نامیلکەی تێکۆشەر دەبوایە بانەمەڕی ١٣٦٢ چاپ و بڵاو بکرێتەوە. بەڵام تەنیا ٣ وتار ئامادە بوون کە یەکیان دکتۆر سەعید نوسیبووی لەسەر کۆنفڕانس و شێوەی بەڕێوەبردنی. ناوەڕۆکی وتارەکە هەموو هەڵسوڕانی کونفڕانس و کۆبوونەوەی ناوچەیی تەشکیلات و ڕێکخراوە حیزبیەکانی دەخستە ژێر دەسەڵات و چاوە دێری نوێنەری کومیسیۆنی تەشکیلاتەوە. من لەگەڵ ئەو مەقالە نەبووم و پێشتر بیروڕای خۆم بۆ دکتۆر سەعید نوسیبوو، ئەویش بە نووسین وەڵامی دابوومەوە. بۆ ئەوەی نامیلکەی ناوبراو وە دوا نەکەوێ، وتارێکم نوسی بەناوی (جنبش مقاومت) یان جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بێ ئەوەی بۆ دکتۆر سەعیدی بنێرم، دام ماشێنی بکەن و بڵاوی بکەنەوە. وتارەکە دم بە دمەیەکی دۆستانەبوو لەگەڵ کۆمەڵە کە ئەودەم بزوتنەوەی کوردستانی ئێرانی بە (جنبش مقاومت) ناودەبرد کە بە بڕوای من بۆچونێکی تەواو نەبوو، نرخی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دەهێنا خوارێ. بڕوانە نامیلکەی تێکۆشەر بانەمەری ١٣٦٢. بەستە شیعرێکیشم بە ناوی (وەرە) لە ڕۆژنامەی (کوردستان)دا دۆزیەوە و لە نامیلکەکەدا چاپم کرد. هۆنراوەکە ئاوا دەست پێدەکات:

((وەرە با پێکەوە چاومان بکەینەوە، یەکتر ببینین

بزانین: چۆن دممان درواوە، دەستمان بەستراوە، پێمان زنجیر کراوە

وەرە با دمبێن لە دممان بکەینەوە، سکالای خۆمان بۆ یەکتر بکەین،

وەرە، با لۆکە لە گوێچکەمان دەر بێنین، تا لە یەکتر حاڵی بین،

وەرە، با بە ددان دەستی بەستراومان بکەینەوە، با بە دەستمان زنجیری پێمان بپسێنین.

جا ئەودەم. بەم چیا و دەشت و دۆڵەدا

بەم شار و گوند و ئاوەدان و چۆلەدا

بە نێو ئەم خەڵکە شپرزە و کڵۆڵەدا، بگەڕێین.))

نامیلکە بڵاو کرایەوە. دکتۆر سەعید وەک بەرپرسی کومیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب لە سەر وتاری (جنبش مقاومت) قسەی نەبوو. بەڵام لەسەر هۆنراوەکە دەیگوت ئەوە شیعری تودەییانە و تۆ کردوتە بە کوردی و هێناوتەتە نێو ئەدەبیاتی حیزبی دیموکرات. ! !

گوتم کاك سەعید بەینی خۆمان بێ ئەم ڕەخنەیە ئابڕو بەرانەیە. بەم جۆرە ڕەخنە گرتنانە ئێوە تەبلیغات بۆ حیزبی تودە دەکەن. هەر نوسراوە و وتەیەکی جوان و زانستی و موتەرەقی بوو، بە هی حیزبی تودەی دەزانن. بۆ نابێ ئەندامێکی حیزبی دیموکرات بیرێکی ئازاد و زمانێکی ئازای هەبێ؟. ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ١٩٧٢ دا چاپکراوە. ئەودەم جەنابت لە شەقامەکانی پاریس دەسوڕایەوە.

چووبوو، ڕۆژنامەکە و شیعرەکەی دیتبۆوە، وازی هێنا، ئەوە نەك هەر دکتۆر سەعید، بەڵکو زۆربەی ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات ئەگەر وتە و ڕەخنە و پێشنیارێکی جوان و زانستی یان لە ئەندامێکی حیزب بیستیایە، گورج بە تودەیی و لایەنگری تاقمی حەوت کەسە تاوانبار دەکراو جا ئەگەر کابرا فەقیر بایە، ئەوە بەزمیان بۆ ساز دەکرد و سەرکوتدەکرا. ئەگەر وەك منیش زمانی گەڕابایە، ئەوە لێ دەگەڕان هەتا توشی سەفەرێکی دوور دەبوو، ڕێگا و بانی گەڕانەوەی لێ دەگیرا، ئەو دەم بە دووسێ دێڕی ڕەش لە حیزبیان دەردەکرد و خۆیان لە دەستی ئاسودە دەکرد. خۆ باسی سۆسیالیسم و سۆڤێت هەر باسی سەر بوو.

ڕۆژێک سەید عوسمان کە مامۆستای شۆڕش بوو هاتە لام گوتی: ((کاك ئەبوبەکری هیدایەتی هاتۆتە زانکۆ و گوتوویە هەر ئەندامێکی حیزبی باسی سۆڤێت و یا سۆسیالیزم بکا، ئەوە تودەییە، یا مامۆستا گۆران گوتویە تۆ بۆ باسی سیاسەت دەکەی، بچوو دەست بدە گۆچانی بۆ شوان باشی)) چومە لای مەلا عەولاّ کە ئەودەم دوای دکتۆر قاسملو ئەو دمڕاستی حیزب بوو. بە سەریدا هاتم و گوتم: واز لەو خەڵکە بێنن، خۆ لە بەدبەختی و مااڵوێرانی زیاتر هیچیان بە نسیب نەبوە. دیارە مامۆستا ئەوەندە لە دکتۆر قاسملو فێر ببوو کە بێژێ: ((ئەوە فەرمایشتی خۆیانە و سیاسەتی حیزب نیە)) ! !

ڕۆژی ٩٨٣/٥/١٧ چەند کەسی خەڵکی گوندی هاتنە لام، لە خەبەری شەڕی بانە نیگەران ببوون و دەیانویست بزانن حیزب لە ئالان چدەکا.

گوتم بچنە لای کاك مستەفای شەڵماشی، ئەو بەرپرسی ڕێکخراوی حیزبە و ئاگای لە سیاسەتی حیزب هەیە. بۆ ئێوارێ پۆاڵ بۆ دۆڵمەیەکی لە ڕادەبەدەر بەتام و خۆش داوەتی کردم و خواردنەوەیەکی تەسەلیشی لە گەڵ پاك و خاوێنی مریەمێ و سەلیقەی خۆی ئامادە کردبوو... با ئەوەش بڵێم ئەوە هەر جاری هەوەڵ و ئاخریش نەبوو کە جاروبار پۆاڵ لە چنگ نسکێنە ڕزگاری دەکردم.

ڕۆژی ٩٨٣/٥/١٨ سەرهەنگ قادری و سەرهەنگ چیا هاتنە لام. ئێستا ژوورەکەی من بۆیە دەبوو برادەران لێی لادەن و بحەسێنەوە. هاتبوون کە بەرگری ناوچە بەهێز بکەن. باشبوو خەبەری فەردینم لە سەرهەنگی پرسی. گوتی: بردوویانەتە ورمێ و سەریان تاشیوە. خەبەری گرتنی چیای (گاگرە) لە لایەن هێزی دەوڵەتیەوە بااڵو بۆوە. نیگەرانی خەڵك زیاتر بوو. نامەیەکی مامۆستا مەلا سااڵحی نەغەدەم بۆ هات. مامۆستا تەشریفی هاتبوە بێژوێ و نامەیەکی نوسیبوو کە بچم ببینم. سەرەتای نامەکەشی بە (ناوی خودای بەرز و بێ هاوتا) ڕازاندبۆوە.

وەلأمی نامەکەم دایەوە کە دێمە خزمەتتان. پاشان نووسیم ((قوربان! ئەتو جاران پیلوێکی زانا و ئازا و تێگەیشتوو بووی، ئاخر پیاو لە دەست خومەینی نوێنەری خودا نەجاتی بێ، جارێکی دیکە چۆن ناوی خودا دێنێ؟!!))

سەفەری بێژوێ:

ڕۆژی دوایی چوومە بێژوێ مالّی مامۆستا مەلا شێخ عیزەدینی. مالّە مامۆستای پڕ بوو لە مەلا و لە میوانی جۆر بەجۆر. کاک سەعدی موهتەدی و کاک محەمەدی ئێلخانیزادە لەوێ بوون. دەروێشێکیش دانیشتبوو، دەسحێبێکی بە قەد گوریسی دەملی کردبوو شتێکی سەیر دەهاتە بەر چاو. باس هەر باسی شەڕ و مەسەلەی کورد بوو. هەر کەس لە ڕوانگەی خۆیەوە بۆ مەسەلەکەی دەچوو. مامۆستا مەلا سالّح ڕەوانی شادبێ، نامەکەی منی هێنا دەر و فەرمووی: ((بزانن ئەو کافرە چی بۆ من نوسیوە؟)) مامۆستا شێخ عیزەدین فەرمووی جا ڕاست ناکا؟. پاشان مامۆستا ڕووی لە من کرد و فەرمووی: ((کاک کەریم تۆ تازە لە ئەوروپا هاتوویەوە، ولاّتانی سۆسیالیستی بۆچی یارمەتی بە کورد ناکەن؟))

گوتم: مامۆستا بۆ لە من دەپرسی کە ئەندامێکی حیزبی دیموکراتم. بۆ لە کۆمەلّەی خۆت ناپرسی کە ئێستا ئەوە بوونەتە کۆمۆنیستیش. ئەوان دەبێ دە سیاسەتی ولاّتانی سۆسیالیستی بگەن، نەک ئەندامێکی حیزبی دیموکرات.))

مامۆستا فەرمووی: ((من کۆمەلّە نیم. بەلاّم خۆشم دەوێن و ئینسانی باش و فیداکاریان هەیە و هێندێ دروشمیان باشن و بەلاّم ناوی کۆمۆنیست لە خۆنانیشم پێ باش نەبوو. وەنەبێ هەموو شتێکیشیان خەراب بێ.))

گوتم مامۆستا ئێستا هیچ کەس لە سیاسەت دا ڕاستە و ڕاست دروشمی خەراب هەڵناگرێ. گسهۆڵ سەدری حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا وتەیەکی هەیە دەڵێ: ((ئیمپریالیزم کاڵای ئیرتیجاعی خۆی لە بەستە بەندی چەپدا دێنێتە بازاڕ.))

کاك ئەحمەدی ئەسکەندەری کە ئەو دەم بەناوی دەفتەری مامۆستا لەوێ بوو، دیارە مامۆستاش هەر دەیزانی کە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە. گوتی: کاك کەریم پێم خۆشە ئەم ڕستەیە بڵێیەوە، یادداشتی دەکەم.))

-فەرموو کاك ئەحمەد بینوسەوە. دووپاتم کردەوە و کاك ئەحمەدیش یادداشتی کرد. مامۆستا تۆزێك هیلاك بوو، چۆوە ژوورێ ئیستراحەت بکا. کاك سەعدی موهتەدی، ڕەوانی شادبێ، باسی ئەم ئایەتەی قورئانی هێنا گۆڕێ (هل اتی علی الانسان حین من الدهر لم یکن شیئا مدکورا) کاك سەعد گوتی: ((تۆ بڵێی ئەم ئایەتە پێوەندی بە تیئوری داروینەوە نەبێ کە زەمانێك بەشەر نەناسراوە.)) بوو بە موناقەشەی مەلایان. هێندێ لایان وابوو کە ئادەمیزاد لە سەرەتاوە بەم شکڵە نەبوە.

مانای (مذکورا) یان بە شێ,ەی جیاواز لێکدەداوە. باسێکی شیرین بوو. گوتیان با بنێرین لە مامۆستا شێخ عیزەدین بپرسین. پاشان گوتیان نەخۆشە با ئیسراحەتەکەی لێ تێك نەدەین. یەکیان گوتی ڕەنگە نوستبێ. لە پڕ مامۆستایەکی مات و بێدەنگ و ڕەنگ فەقیر و کزەڵۆکە بە ناوی مەلا کەریم کە لە خوارەوە دانیشتبوو وە دەنگ هات. لە پێشدا پێم سەیربوو، چونکە وە مەلایان نەدەچوو. بە زمانێکی پاراو و لەسەرخۆ فەرمووی: ((باسەکەتان تێکەڵ کردووە. لە پێشدا دەبێ بزانین ئەم ئایەتە بۆچی و کەنگێ هاتوە. شەئی نزولی چیە؟ پاشان گوتی: ڕۆژێك لە نێزیك مەککە کەللە سەرێکیان دیتەوە، هێندێ جێگای وە ئینسان دەچوو، هێندێ جێگاشی ئینسان نەبوو. کەللە سەریان بردە خزمەت

خۆشەویستی خودا و لێ یان پرسی کە ئەوە چی یە؟. لەو کاتە دا ئەم ئایەتە نازلّ بوو. فەرمووی: ((ئایا زەمانێکی وا بەسەر ئینساندا نەهاتووە کە نەناسراوە؟)) باسەکە کۆتایی پێهات. لە گەلّ وەدەنگ هاتنی مەلاکەریم حکایەتێکی شێخی سەعدیم هاتەوە بیر کە لە بۆستاندا باسی خۆی دەکات و دەلّێ: ((لە مەجلیسێك مەلا دەستیان بە موناقەشە کرد: (فقیهان طریق جدل ساختند – لما لا نسلم درانداختند.) دوایە وەك مەلا کەریم لە خوارەوە پا وەدەنگ دێت و دەلّێ:

((کهن جامه در صف اخرترین– بەغرش درامد چو شیر عرین

که برهان قوی باید و معنوی– نەرگهای گردن به حجت قوی))

لەوێش بەلّگە و بورهانی مەلا کەریمی لەوانیتر بەقەوەتتر بوو. لەم دانیشتن و سەفەرەدا لام وایە هەر من قازانجم کرد. ئەویش ئەوە بوو: کاتێ باس و هێنانە گۆڕێ سیاسەت و مەسەلەی کورد هاتە گۆڕێ، من وەك هەمیشە بیروڕای خۆم لەسەر مەسەلەی کورد وەك مەسەلەی میللەتێکی ٢٥ میلیونی دەربڕی کە تەنیا دیاری کردنی مافی چارەنوس ڕێگای ئازادی تەواوی کوردە. پیاوێکی سورکارەی سمێلّ زەرد لەوێ دانیشتبوو، ئەگەر لیباسی کوردی لەبەردا نەبایە، وەك خەلّك بە چەوتی لەسەر من بیری دەکردەوە دەمگوت ئەوە لە خۆمانە!! و نەك هەر کاك ئەحمەدی ئەسکەندەری وەك ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە دەفتەری مامۆستایە، بەلّکو ئەوە ڕووسیشی لەکن دانیشتوون. وە دەنگ هات و فەرمووی: ((چۆن؟ تا ئێستا کاك کەریمیان وا ناساندبوو کە کۆمۆنیستێکی دژی کورد و کوردایەتیە. دەمگوت توشی بم دەبێ بیکوژم. وەلاّ کوردایەتی ئەوەیە کە تۆ دەیڵێی، منیش لە ئێستاوە دۆستی تۆم. ((جارێکی دیکەش لە دۆڵی دیموکرات مەلا ئەحمەدی هەرکی فەرموو بووی مریدی تەمە. بەلاّم دۆستایەتی مەلا حەسەنی سوری نوزهەت زادە وەك مریدایەتی مەلا ئەحمەد نەبوو. بە خۆشیەوە لە گەلّ

پیاوێکی جوامێر و کورد و ڕاست و خانەدان بوومە دۆست و ئاشنا و تا ئێستا و هیوادارم تا کۆتایی ژیانیش ئەم نێزیکی و دۆستایەتیە هەر بەردەوام بێ. دیارە وەك هەموو دیاردەیەکی کۆمەلایەتی جار و بار وردە خیلافێك هەر دێتە نێوان، لە بەینی ئێمەش دوو دۆستی بە ڕاستیدا ئەم وردە خیلافە هەیە. ئەویش ئەوەیە: من لە ئەوروپا کەیفم لەگەلّ حیزبایەتی نایە، بەلاّم ئەو سەری لێ دەخورێ. جا منیش هەر داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەم.

ئەو ڕۆژە جەنابی مامۆستا مەلا سالّحی بێژوەیی بۆ فراوین هەموو میوانەکانی مامۆستای داوەت کردبوو. مامۆستا تەشریفی نەهات و ئێمە بە کۆمەلّ چووین. نان و خوانێکی شازی کوردانە ساز کرابوو. نان خورا و مامۆستا مەلا سالّحی نەغەدە دەستی هەلّێنان و بە عەرەبیەکی قەڕائەتی دەستیکرد بە شوکرانەو پاڕانەوە: ((الاهم اغفر لصاحب طعامة و لمن اکله و لمن.....)) گوتم ئەرێ مامۆستا ئەوە خودای مەزن کوردی نازانێ تۆ بە عەرەبی سوپاسی دەکەی؟ ئێمە کوردین، لە کوردستانین، نانی کوردمان خواردوە، بە کوردیش شوکرانەی دەکەین، تێگەیشت و حالّی بوو باشە. تێ نەگەیشت و لە کوردی حالّی نەبوو، نانی خۆمان خواردووە بڕاوەتەوە.)) مەجلیس گەلێك پێکەنی. مامۆستا مەلا سالّح فەرمووی: ((کەریم دەست هەلّگرە، ڕاهاتووین ڕا...)) مامۆستا ڕاستی دەفەرموو، ڕاهاتبووین و ڕایان هێنا بووین. ! !

دوای نان خواردن چووم سەرێکی مالّە دکتۆر ڕەحیمی —م دا. کە هاتمە خوارێ، لە نێو بازاڕی برادەرێك هاتە بن گوێم و گوتی: ((مەستانەی خێزانی کاك مستەفای شەلّماشی چۆتەوە مەهاباد و لە سەردەشتێ گیراوە.))

زۆر پێ ناڕەحەت بووم. کە هاتمەوە دولکان خەبەری لەو ناخۆشتر هات. خەبەر هات کە لە شەڕی مەهاباد محەمەد زەنگەنە و ٣ پێشمەرگە شەهید بوون. کزەم لە

جەرگی هات. سەرم سوڕما تاکەی ئەم ڕێبەرانە سیاسەتێکی ڕاستی بەرگری و پەلامار ناگرنە بەر و واز لە شەڕی نابەجێی نێو شار ناهێنن و ئەم لاوانە بە خۆڕایی دەکرێنە گۆشتی دەمی تۆپ و ڕێبەرانیش شانازیان ئەوەیە و دووپات و هەزار پاتی دەکەنەوە کە چوار هەزار پێشمەرگەیان لێ شەهید کراوە.!!

٩٨٣/٥/٢٠ برادەرانی پارتی سۆسیالیستی تورکیا هاتنە لام و بە درێژی باسی هێرشی یەکێتی نیشتمانی و کوشتاری کۆمۆنیستەکانی عێراقیان بۆ گێڕامەوە. لە ژوورەکەی خۆم خەریکی وەرگێڕانی کتێبی (نامەی گوللە بارانکراوەکانم) ٩٨٣/٥/٢١ مامۆستا مەلا محەمەدی دزەیی بابی مەلا ڕەحمانی دەفتەری مامۆستای لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا تەشریفی هات. چوبوە بێژوێ، لەوێ گوتبووی دەچم سەری کەریمی دەدەم. مەلا خالید و مەلا ڕەحمانیش لە خزمەتی داهاتبوون. فرە پێی شاد و سەربەرز بووم. هێندێکم باسی زیندانی بوونی خۆم و مردنی دایك و باب و خێزان و منداڵم بۆ گێڕاوە، ئەسرینی بەسەر ڕیشی سپی و نورانیدا هاتنە خوارێ. فەرمووی ئەگەر کۆمۆنیستی وەك تۆ بێ و بۆ ڕزگاری کورد هەوڵ بدەی منیش مریدی تۆم. باشە، مرۆ دەبێ چەندە سپڵە و پێ نەزان بێ تا ئەو هەموو لوتف و سەروەری ئەو پیاوە مەزنانە و فیداکاری و هەژاری ئەو میللەتە ڕەحمەتکێشەی لە بیربچێتەوە و لە ڕێگای ئازادی نەتەوەکەی و نەهێشتنی زوڵم و زۆری و گەیشتن بە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لابدا و واز لە تێکۆشان بێنێ؟.!!

لە گەڵ سرت و خورتی دەنگ و باسی شەڕ و پەلاماری ئەرتەش و نیگەرانی خەڵك نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نووسی و داوام کرد کە بەرگری چیای هومل و کێڵ بە هێز بکەن. دوور نییە پاسدار بە هێلیکۆپتەر لێی دانەبەزن.

دکتۆر خەلیقی هاتە لام و گوتی: ((گەیوەتە ئێسکانم و لە گەڵ کاك فەتاحی ناحاوێمەوە. تکایە با بێمە لای تۆ.))

—فەرموو. هەر پرس مەکە. هەستم کرد زۆری پێ خۆشبوو. دکتۆر گوێستیەوە. لەو کاتەدا دەستیشی شکابوو، هەرچەند دکتۆرەکانی فەرانسەیی دەمێك بوو دە گێچیان گرتبوو عیلاجی نەکرابوو. وەرگێڕاوەی (ئوسولی مقدماتی فلسفە)م لە کن دانا و گوتم لەوەی چاکتر هەڵناکەوێ، پێی دا وەرەوە و دەستی لێ بدە و چۆنی پێت باشترە دەستکاری بکە. دکتۆر گوتی: تۆ زۆر سەیری. من فەلسفەی الهیاتم خوێندوە، تۆ فەلسفەی مارکسیستیم پێ چاك دەکەی. من بڕوام پێ نیە.))

گوتم بیخوێنەوە و دەستکاری بکە، بڕوات پێ دەبێ و دێیە سەر ڕێی ڕاست.! کردمانە گەمە و دکتۆر دەستیکرد بە خوێندنەوەی و بە چاك کردنی و ئەم پێشەکیەی بە خەتی خۆش و جوانی خۆی بۆ نووسی.:

((وەبیر هێنانەوە. هاوڕێی تێکۆشەر کاك کەریمی حسامی کە بە پشونەدان و تێکۆشان و خۆماندووکردنی بێ وچان شوێنەواری چەند نووسەری بەناوبانگی جیهانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لەم دواییانەدا، توانیویە، کتێبی (ئەسڵە سەرەتاییەکانی فەلسەفە) نوسراوی (ژۆرژپۆلیستر)، لە فارسیەوە وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی. ئەو کارە بە نرخە، بە تایبەت لە فەلسەفەدا، سابیقەی نییە و پێم وایە ئەوە هەوەڵین جارە کە کتێبێکی فەلسەفی، بە زمانی کوردی دەنوسرێ.!

کەوابوو وەرگێڕانی وشە و زاراوەکانی فەلسەفی بۆ سەر زمانی کوردی کارێکی دژوارە و خۆ ناشکرێ زاراوەی کوردی بۆ دابتاشی! بەو حاڵەش کاك کەریم زەحمەتێکی زۆری کێشاوە و ئەگەر لە ڕابردوودا، لە کاری وەرگێڕاندا تێنەکۆشابایە، بەو جۆرەی کە وەبەر چاو دەکەوێ، نەیدەتوانی، سەرکەوتنی هەبێ.

کاك کەریم لەگەڵ من موحەببەتی هەبوو، داوای لێکردم، چاوێك بە مەتڵەبەکاندا بخشێنم و لە باری فەلسەفی و فارسیەوە ئەگەر شتێکم وە بەرچاو کەوت، چارە سەری بکەم. منیش وەك ئەرکێکی نەتەوایەتی و عیلمی وەك وەدەست هێنانی دەرفەتێك بۆ خزمەت بە زمانەکەم، ئەمرەکەیم لە سەر سەر دانا و بە گوێرەی توانا و هێزی خۆم، ئەو کارەم ئەنجامدا، بە گشتی ئەو خاڵانەم وەبەر چاوکەوتن:

١- بە یارمەتی وەرگێڕ ئیستیلاحاتی فارسی و عارەبیمان کردە کوردی کە لە کاتی تەرجەمەدا نەکەوتبوونە بەو زەینی کاك کەریم.

٢- چوون وەرگێڕ لە ئێران دوور بووە و کەمتر لەگەڵ زمانی فارسی تێکەڵاوی بوە، بڕێ زاراوەی تایبەتی ئەو زمانەی بۆ بێگانە بوو کە چاککران.

٣- هەڵەی نەنوسینی دێڕ یان جوملەیەك کە بە هۆی پەرێشانی فیکری و دەربەدەریەوە پێشهاتبوو، ڕاست کرانەوە.

٤- چونکە وەرگێڕ وەك فەیلەسوف، پسپۆڕی نەبوو نەیخوێندبوو، مەفاهیم و زاراوەوە ئیستیلاحاتی تایبەتی فەلسەفی وای وەبەر چاو کەوتوە کە بۆی نەکراوە بە کوردی، یان بۆی ڕوون نەبووە کە بیکا بە کوردی. تێکۆشاوم مانا فەلسەفیەکانیان ڕوون بکەمەوە، دیارە ئەو کارە کەمو کوڕی باری فەننی کتێبەکە کەم دەکاتەوە. سوپاسی نوسەر دەکەم کە ئەو ئیفتیخارەی بە من داو لە خوێنەرانی خۆشەویستیش سوپاس دەکەم کە هەڵەکانمان ڕاستە وە بکەن و وەك هاندەر شڕەمان بۆ پینە بکەن. - حوسێنی خەلیقی. گەلاوێژی ١٣٦٢ هەتاوی- سەردەشت- ئالان.))

تۆپیارانی گوندی دولکان:

ڕۆژی ٩٨٣/٥/٢٤، ئەمڕۆ سەر لە بەیانی حاڵمان باشە. برادەرێکی من قابلەمێکی ماست بۆ هێناوین. پێشمەرگەکانم بانگ کرد و پێکەوە چێشتمان خوارد. سەعات ١٠ بوو خەبەرێکمان لە هەوشارەوە پێگەیشت، لە شەڕێکدا دە پێشمەرگە شەهید ببوون. خەفەتی ئەوان و باسی شێوەی بەرگری و سیاسیمان تەواو نەکرد بوو، سەعاتی یازدە و نیو لە دیوی سەردەشتەوە گوندی دولکانیان وەبەر تۆپاندا. گوللە تۆپێك لەبەر خانووەکەی ئێمە وە عەرزی کەوت. خۆمپارەیەك لە نێو گوندی لە خانوێك درا و لایەکی لەبەر یەك هەڵتەکاند سەیر ئەوەبوو وە خانووی کابرایەکی کەوتبوو بەناوی خدری ماماغای کە خەڵکی گوندی بە لایەنگری خومەینی و کۆماری ئیسلامیان دەزانی. زۆریشیان پێ خۆشبوو کە لە خانووی ئەو دراوە. لەگەڵ خومپارەی دووەم خەڵك شڵەژا و ژن و منداڵ و گەورە و بچوك گوندیان بە جێ هێشت و ڕوویان کردە نێو دارستان و ڕەز و باخات. ئێمە لە گەڵ دکتۆر خەلیقی و دوو پێشمەرگە چووینە ژێرخانی خانووەکە و تەقە نەما. من چوومە دەر تەماشای خانووە ڕووخاوەکەم کرد، گوند چۆڵ ببوو، گەڕامەوە تا سەعاتی ٣ لە ژوورەکەم لێی خەوتم. ئێوارێ کاك مستەفای شەڵماشی هات گوتی: پێم باشە بچی لە مزگەوتێ قسە بۆ خەڵك بکەی. شەو خەڵکی گوندی داوەروکابوونەوە و بە خڕی هاتبوونە مزگەوت. لەسەر سیاسەتی کۆماری ئیسلامی قسەم کرد و تۆزێ بەسەر خەڵکدا هاتم کەوا بە جارێ گوندیان چۆڵ کردبوو. داوام لە خەڵك کرد کە کونە تەیاران ساز بکەن و لە کاتی ئاوادا بچنە نێو و گوندی چۆڵ نەکەن. ڕۆژی دوایی بەو هیوایە کە وتارەکەم کاری کردبێ، چوومە نێو گوندی، چۆڵ و هۆڵ کەس لە گوندیدا نەمابوو. تەنانەت برادەرانی ڕادیۆ و ئینتشاراتیش ژوورەکانیان چۆڵ کردبوو، بۆ نێو داران. سەعاتی دەی بەیانی چەند خومپارەی دیکەیان لە دەورو بەری گوندی لە عەرزیدا. دوای نیوەڕۆ چوومە دەرەوەی گوندی هێندێ وێنەی

خەڵکم گرت کە لە بن داران کەوتبوون. یەکی چریکی فیداییش بە نێویاندا دەگەڕا و ریپۆرتاژی بۆ ڕۆژنامەکەیان ئامادە دەکرد.

کاك مستەفا هات گوتی بۆ دەفتەرم نووسیوە کە ٣٠٠ پێشمەرگە بنێرنە دولکان. بەڵام لە قسەکانی وا دەردەکەوت کە نەخشەی گواستنەوەی ڕادیۆ بۆ ئەوبەری چۆمی کەڵۆێ دەکێشرێ.

ڕۆژی ٩٨٣/٥/٢٧ لەگەڵ پێشمەرگەیەك دەچوومە بێتوشێ لە ڕێگا توشی دکتۆر سەعیدی بووم، دەچوە دولکان سەری کوڕەکانی ڕادیۆ و ئینتشارات بدا. تاوێك دانیشتین باسی کاری ڕادیۆ و چاپەمەنیمان کرد. پاشان گوتی: ((خالیدی عەزیزی هاتبوو، داوای دەکرد ببێتە ئەندامی حیزب، بەڵام ئەو بۆ حیزبی ئێمە نابێ.))

گوتم: خالید کوڕێکی باش و ژیر و تێکۆشەر و کادرێکی پوختە و لێهاتووە. پێم خۆشە بێتە نێو حیزب. گوتی: تۆ پێت خۆشە، بەڵام ئەو کۆمۆنیستە و لەگەڵ حیزبی ئێمە نایەتەوە.

گوتم خالید کۆمۆنیست نیە. بیر و باوەڕی مارکسیستی هەیە و ئەوەش لە نێو حیزبی ئێمەدا زۆرە. دکتۆر سەعید گوتی: تۆ پێت وایە. بەڵام واش نیە. ئەو چوو بۆ سەردانی تاقمی خۆی و منیش ڕێگای خۆم گرتە بەر. لە نێو گوندی بێتوشێ توشی سەروان شاهۆ بووم، چوویینە چایخانە. گوندی بێتوشێ ببوە مەکۆ و ناوەندی هەڵات و قاچاخچی و خەڵکی بێکار و لاپەرسەن و کەس بە کەس نەبوو. چەند چریکی فیدایی بە جلی کوردی دەسوڕانەوە، چەند موجاهید ی ڕەجەوی ڕۆژنامەی ژمارە ١٥١ی موجاهیدیان دەفرۆشت کە لەسەر حیزبی تودەی نوسیبوو. لە چایخانە دیتم ڕەسمێکی گەورەی مەسعودی ڕەجەوی یان هەڵاوەسیوە. بە

چایچیم گوت: ((ئەو ڕەسمە کێ هێناویە و بۆ لێرەت داوە.؟)) گوتی ئەوە دوو موجاهید هێنایان و لێرەیان داوە. گوتم: ئێمە ڕەسمی پێشەوا و سولەیمانی موعینی و شەریفزادە هەڵناوەسین، دێنین لەو شاخ و کێوە ڕەسمی مەسعودی ڕەجەوی هەڵداوەسین و هەر لە ئێستاوە (بوت) بۆ خۆمان دادەتاشین. کاکە بیهێنەخوارێ و لە دیواری مەدە.

چایچی گوتی: کاك کەریم توشی کێشەم دەکەی. خۆ حیزبیەکان هەموو دیویانە و هیچیان نەگوتوە. هەستام ڕەسمەکەم هێنا خوار و گوتم: کە پرسیان بڵێ کەریمی حسامی دایبەزاندووە. برادەرێك هات بە شاهۆی گوت: گۆشتی سەرە مانگام هەیە. گوتی بڕۆ بیهێنە بۆ مالّی محێدین گوێ ڕەشی. چووینە مالّی حاجی ڕەحمانی و گۆشتیان هێنا ئەوێ و نانێکی باشمان خوارد.

دوای نیوەڕۆ چوومە مالّە سەرهەنگ قادری تا خەبەرێکی فەردینی بزانم. بە عادەتی هەموو ئەندامە بێکارەکانی حیزبی دیموکرات کە لێك کۆبوونەوە هەوەڵ کاریان یاری کردنی تەختەیە، ئێمەش دامان نا تەختەیەك بکەین بەڵام تەختە نەبوو. سەرهەنگ گوتی: کوڕی هەڵمەتی تەختەیەکی هەیە ئەسپێکی دێنێ. تۆ بنێری ڕەنگە بۆمان بنێرێ. بە برایەکی پێشمەرگەم گوت: بچوو بە کوڕی هەڵمەت بێژە فلاّن کەس دەڵێ تەختەمان بۆ بنێرێ. چوو تەختەی هێنا. بەڵام چ تەختە، کاری وەستاکارانی سنە و شتێکی نایاب و بە نرخ. بە سەرهەنگم گوت: ((هەڵمەتی بابی ئەو کوڕە جاش بووە و لە شەڕی دژی پێشمەرگەی سالّی ٩٦٧ دا کوژراوە و من لە کتێبی خۆمدا (کاروانێك لە شەهیدانی کوردستانی ئێران) بە سەرۆك جاش ناوم بردووە. ئەو تەختەم بداتێ، بابی لە نوسینێکی دیکەدا دەکەمەوە شەهید.)) گەلێك پێکەنین بەڵام لام وابوو ئەگەر باوکیم بۆ بەهەشتیش ناردبایە، تەختەی هەر نەدەدا.

۹۸۳/۵/۲۹ گەڕامەوە بۆ دولکان. لە چایخانەی (مێرگەسێ) لامدا. لەسەر ئەم کانیە سارد و خۆشە، پیرە دار چنارێك هاڵۆڵ ببوو، قاوەچی سەماوەر و کەشەف و ئیستیکانی لە نێو دادەنا. کانی و دارچنار و تاتە نوێژی خاوێن، دیمەنێکی ڕەنگینیان پێکهێنابوو، ڕێبوار نەیدەتوانی لێی تێپەڕێ و لانەدا. ئەو دیمەنە بۆ هەوێنی ڕۆمانێك دەبوو. کادرێکی لێهاتووی حیزبی دیموکرات بە ناوی عەبدولاّ کە دکتۆر سەعید بە بیانووی گۆیا ژن بە ژنە و لە ڕاستیشدا بە تاوانی (دم هەراشی و گۆیا چەپی) لە حیزبی وەدەرنابوو، چووبوو لەسەر ئەم کانیە چایخانەی دانابوو، نانێك بۆ منداڵەکانی پەیدا بکات. عەبدولاّ سەرەڕای ئەم (تاوانباریەی چەپیەتی) چەند کتێبی وەك (ژیان و کردەوەکانی لینین، ڕێنوێنی شەڕی پارتیزانی، زەوی بچوك) نوسراوە و وەرگێڕاوەی منی لە سەر مێزێك دانابوو کە ڕێبوار لادەدا بیانخوێنێتەوە یان بیانکڕێ. لاماندا دیتم ڕۆژنامەیەکی (ڕەنجبەر) ئورگانی یەکێ لە گرۆچەپڕەوەکانی ئێرانی، لەسەر مێزەکە دانرابوو.

گوتم: عەبدولاّ ئەو ڕەنجبەرە چی یە؟

کوڕە چوزانم. ئەوە دوێنێ دوو عەجەم حیزبەکەیان لە کەرێکی نابوو بۆ لای (مەزناوێ) دەچوونە خواری و دەیانگوت دەچینە لای جەلال تاڵەبانی. ئەو ڕۆژنامەشیان لێرە بەجێ هێشت.)) ئەودەم مام جەلال پەنا و داشداری هەموو زڕە مارکسیست و چەپی خواری ڕاکردووی ئێرانی بوو. کاتێك مەیدانی گێرە شێوێنی و ئاژاوەیان لە کوردستانی ئێران لێ وەتەنگ دەهات ئەودەم ئێتر (سنوور تەواویەتی عەرزی ئێرانیان) بۆ مەتڵەب نەبوو. سنووریان دەپەڕاند و ڕوویان دەکردە ئەو دیو و لە لای مام جەلال دەگیرسانەوە. مام جەلال کۆمۆنیستی ولاّتی خۆی دەکوشت و زرە کۆمۆنیستی هەندەرانیشی پەنا دەدا.

کە گەیشتمەوە (دولکان) کاك مستەفای شەڵماشی هاتە لام فرە ناڕەحەت و نیگەران بوو. خەبەری بۆ هاتبوو کە خێزانیان بردووە بۆ مەهاباد. گازوەندێکی زۆری لە برادەرانی دەفتەری سیاسی هەبوو کە لە جیاتی یارمەتی و پێنوێنی بەسەریداهاتوون و سەرکۆنەیان کردووە. من پێم گوت ئەگەر کاك فەتاح بێتەوە من ئامادەم لەگەڵت بێم بۆ ناوچەی مەهاباد و بەڵکوو لە ڕێگای دۆست و برادەران ڕێگا چارەیەك بدۆزینەوە. ئەم سەرکۆنە و بە سەرداهاتنە کاری کردە سەر کاك مستەفا و ئیتر لە ئاخریدا نەیتوانی هاوکاری درێژە پێ بدا.

ڕۆژی دوایی پەلێك پێشمەرگەی تازە لە زانکۆ دەرچوونیان نارد بۆ هومل. هاتن لە کن من لایانداء ڕەسمم لێ هەلگرتن. بە دوای ئەواندا سەرهەنگ چیا هاتە لام. هەر وەڕوور کەوت هاواری کرد: برسیمە، کوا نانو چایەك هەیە؟ دانیشت لەسەر چۆنیەتی سیاسەتی دیفاع و بەرگری دەستی کرد بە ڕەخنە و ئیراد. دەیگوت: ((ئەوەی ئێمە لە باری نیزامی و بەرگرییەوە دەیکەین هەڵە و چەوتو نادروستە. ئێمە دەبێ بکەوینە باری هێرش و پەلاماردان و بە تەواوی شێوەی پارتیزانی. لە بەرامبەر تۆپ و خومپارە و چەکی قورسی دەوڵەتی و فڕۆکە و هێلیکۆپتەر دا دیفاع ناکرێ. بەڵام ڕێبەرەکان دەست لە مەقەڕ و تەشریفات و میواندارى و بەزم و ڕەزم هەڵناگرن.)) سەرهەنگ پێشمەرگەکانی نارد بۆ هومل. برادەرانی بەشی ئینتشارات و ڕادیۆ وردە وردە خەریکی خۆ کۆ کردنەوە بوون.

ڕۆژی ۹۸۳/۵/۳۱ سەرپەلی ئەو پێشمەرگانەی بۆ هۆمل چووبوون، هاتەوە گوتی: ((کەمی مابوو لەگەڵ پێشمەرگەی کۆمەڵە توشی شەڕ بین. دەیانگوت ئێمە هۆمل دەپارێزین و نابێ ئێوە لێرە بن. بۆ ئێوارێ پێشمەرگەکانیش هەموویان هاتنەوە. سەرهەنگ پەلێکی نارده شەڵماش و پەلێکیشی لە دولکان هێشتەوە.

کێژێکی فەرەنسی کە پەرستاری خەستەخانە بوو، لەگەڵ دکتۆرانی بێ سنور کاری دەکرد، کاتی چێشتانێ هاتە لام گوتی: هاتوم قاوەت لا بخۆمەوە، گوتویانە لای تۆ قاوە هەیە. لەگەڵ کوڕێکی کورد هات کە لە حیزبی دیموکراتی کڕیبوو. ئەو کوڕە وەک لە بیرم مابێ لام وایە ناوی (جەعفەر) بوو، حیزب بۆ فێربوون ناردبوویە پاریس، لەوێ تووشی ئەم کێژە هاتبوو. کەوتبوونە داوی یەکتر. حیزب بەو شەرتە ڕێگای دابوو کە لە پاریس لەگەڵ کێژەکە بمێنێتەوە کە هەموو ئەو خەرجەی لە فرانسە لەو کوڕەی کراوە بیداتەوە. کێژەکە هەموو پارەکەی خەرجی ئەو کوڕەی دابۆوە بە حیزب و کوڕی کڕیبوو. ئێستا لەگەڵ خۆی هێنابوویەوە کوردستان و لە خەستەخانەی حیزب کاریان دەکرد. لە گەڵ کوڕەکە هاتبوو. قاوەم بۆ ساز کردن. من ئەودەم خەریکی وەرگێڕانی کتێبی (نامەی گوللە بارانکراوەکان) بووم. پرسیاری کرد چ دەنووسی؟ گوتم ئەوە نامەی ئەو فەڕەنسییە نیشتمانپەروەرانەیە کە لە زیندانی فاشیستەکاندا کوژراون و نامەکانیان بۆ حیزب و کەسوکاریان ناردۆتە دەرێ.

گوتی: ((ئەو کارەی مەکە. جنایەتی فاشیستەکان وا دێ لە بیر دەچێتەوە، تۆ تازە وەبیری مەهێنەوە.))

گوتم: بەڕەی تازە پێگەیشتووی فەڕەنسی هەست بە جنایەتی فاشیزم ناکات و لە بیری چۆتەوە. بەڵام کورد ئێستا کەوتۆتە بەر پەلاماری حکومەتە ڕەفتار فاشیستەکان، خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ لاوانی کورد پێویستە. بۆ ئەوەی لە بەربەرەکانی و قارەمانەتی نیشتمانپەروەرانی فەڕەنسی دەرس وەربگرن.

باسی وەزعی فەڕانسەم لێ پرسی:

ماری ئێلین لە وەلامدا گوتی: ((چیت بۆ باس بکەم. بێکاری، هەژاری، نەخوێندنی منداڵان، بەرەڵایی لاوان، گرانی کرێ خانوو، سقوتی فرانک، هیرۆئین و شتی گێژکەر، ئەوانە دیاردەی ئەمڕۆی کۆمەڵی فەڕانسەن.))

گوتم: کەوابوو ریژێمێکی سۆسیالیستی دەتوانێ بار و دۆخی کۆمەڵی فەڕانسە چارەسەر بکا.

– نا... نا... هیچ ئاگات لە وەزعی پۆلۆنیا (لهستان) هەیە؟ بۆرژوازی باشترە. نامەوێ کۆمۆنیست بێنە سەر حوکم. گوتی: حەیف فەڕەنسی نازانی دەنا پترمان باس دەکرد. گوتم: ئەوە نیە موتەرجیمت کڕیوە. پێکەنی گوتی موتەرجیمی چاک نیە. کاری دیکەی هەیە.)) ڕۆیشتن و ئیتر نەمدیتنەوە.

٩٨٣/٦/٢ لە بارەی گواستنەوەی کادیری ڕادیۆ و ئینتشارات و نادردنی پێشمەرگە بۆ هۆمل بێ لێکدانەوە و گەڕانەوەیان، نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نوسی، لە نامەکەدا نوسیبووم: ((ئەم بارکردن و گواستنەوە وەرەی خەڵک کزدەکا و ترسم هەیە خەیاڵی پەڕینەوەتان هەبێ، ئەم کارە پرستێژی حیزب دێنێتە خوارێ.))

ئەم ڕۆژانە دکتۆر خەلیقی لەبەر دەستە شکاوەکەی کەمتر بە نوسین ڕادەگات. کتێبی (داغستانی من) نوسینی (هەمزاتوف) و وەرگێڕاوەی شیرین و ڕەوانی کاك عەزیز گەردی–م داوە بە دکتۆر و سەری لە سەرهەڵناگرێ.

خۆش ئەوەیە بۆ خۆم کە خوێندوومەتەوە و شتم لێ یادداشت کردوە، تازە ئەو بۆم دەگێڕێتەوە، دیارە کاری تێکردووە. هەوەڵجارە دکتۆر دەڵێ:

((کۆمۆنیستەکان نیشتمانپەروەری بەڕاستین.)) ژیان لە گەڵ دکتۆر خەلیقی لە ژوورێکدا حوسنی زۆرە. پیاوێکی زانا و ئەهلی مەنتیق و تێگەیشتووە. بەڵام پیاو خۆشە بێکار بێ و لەگەڵ دکتۆر خەلیقی بژی. ئەو موناقەشە و دم بە دمەی

پێخۆشە و لە باس و ئاخافتن ماندوو نابێ. خۆشە پیاو بێکار بێ و گوێچکەی بۆ ڕابگرێ. بەڵام نەمدەتوانی تاوێك بێکار بم. زۆرجار بۆ ڕێزگرتن لە دکتۆر خەلیقی دەستم لە نوسین یا وەرگێڕان هەڵدەگرت و گوێم دەدا بە قسەکانی. بەوە شادم کە چەند مانگ پێکەوە لە ژوور و بن خێوەت دا کارمانکرد و ڕۆژمان بردە سەر، نەمهێشت تۆز لە دڵی بنیشێ. دکتۆر قاسملو دەهاتە لامان. دەیگوت: زۆر سەیرە ئیدئالیستێکی مەزهەبی و مارکسیستێك چۆن ئاوا بێ قڕە پێکەوە دەحاوێنەوە.!!

شەوی ۹۸۳/٦/۳ شەوێکی شوم و دژوار و خەفەتبار بوو. تەلەڤیزیۆن ئیعدامی ٥۹ لاوی نیشتمانپەروەری مەهابادی نیشاندا. دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دەفتەری سیاسی کۆمەڵە لە بەیاننامەیەکدا ڕۆژی ۱۷ی جۆزەردانیان بە ڕۆژی پرسە و تازیەی گشتی ڕاگەیاند و داوایان لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کرد کە لەو ڕۆژەدا دەست لە کار هەڵگرن.

گواستنەوە بەرەو سنوور:

ڕۆژی ۹۸۳/٦/٦ کەل و پەلی مااڵمان پێچایەوە و دامان بە بەشی تەدارەکات کە بینێرنە ئەو شوێنەی کە بۆی دەگوێزینەوە. پاشان لە گەڵ دکتۆر خەلیقی بە پێ یان بەرەو بێتوش ڕێگامان داگرت. لە چایخانەی مێرگەسێ لای عەبدوڵا لاماندا و پاشان چووینە گوندەکەی مااڵی فەرەیدونی لێ بوو سەرێکی ئەوان بدەین. فەرەیدون لە ماڵ نەبوو. کە چووین خێزانی چەند ڕۆژێك بوو منداڵێکیان ببوو، دایکی فەرەیدون گوتی: – کاك کەریم ئەشێ ناوی لێ بنێ.

گوتم با ناوی بنێین ژوان.

دایکی فەرەیدون گوتی: ((ژان چەس؟)

– چۆن لەم تەمەنەدا تۆ نازانی ژوان چی یە؟ ژوانم بۆ رووبکردەوە، گوتی ئەیرۆ! لە پاوە ئەم ناوە پەسند نیە.

بڕیارماندا حەوت ناو بنوسین و خستمانە لینگە گۆرەویەك و کوڕەکەی دەستی درێژ کرد، دەنکێکی هێنا دەر و کە خوێندمانەوە (ژوان) دەرچوو بوو. پاشان دکتۆر خەلیقی بانگی دایکی کرد و گوتی: ((ئا بێرە...)) منداڵی لەسەر کۆشی دانا و دەستی کرد بە (الله اکبر)، حەوت جاران بانگی بە گوێی دادا و منداڵیان لابرد. گوتم دکتۆر تۆ بە تەمای ئەو منداڵە گەورە بێ و کورد هێشتا هەر لە خەرافات و دوا کەوتوویدا بمێنێتەوە؟ ئێستا پێم ناڵێی ئەم بانگدانەی تۆ چ تەئسیرێکی لەسەر ئەو منداڵە هەبوو لە عەوامفریوی زیاتر؟.

شەو لەوێ ماینەوە، بەیانی بەرەو (مەزناوێ) داگەڕاین. لە مەزناوێ چوومە نەخۆشخانە سەری بریندارەکانم دا و پاشان چووینە خوارێ بۆ کەمپی ژیان. لە خوارەوەی مەزناوێ لە پەنا ئاوێکی سارد و سازگار و لە نێو دارستانێکی چڕ و باخ و باخات خێوەتیان هەڵدابوو. چادرێکیشیان بۆ من و دکتۆر خەلیقی هەڵدابوو. دەستمان کرد بە خاوێن کردنەوە و ڕاستکردنی زەویەکە و ڕێکو پێك کردنی و لێی دامەزراین. کارمان ئەوە بوو دەبوایە ڕۆژانە وتارێك بۆ ڕادیۆ بنووسین. من خەریکی پاکنوسینی (حەمە چکۆڵ) ئینجە مەمەدی یاشار کەمالێ بووم. ڕاست لەو کاتە دا کە من لە وەرگێڕانی ئەو کتێبە ببوومەوە، مەلا عەولاّ ناردبووی لە مەهاباد عەینی کتێبی بۆ هاتبوو، دەستی کردبوو بە وەرگێڕانی. دکتۆر قاسملو گوتی: ((ئەم کتێبە کاك کەریم کردوویە بە کوردی و تەواوی کردووە. هەق نیە تۆ وەری گێڕی.)) مەلا عەولاّ گوتی: جا چ قەیدی یە، ئەوەتا لە ڕۆمانی چەند کەس وەری گێڕاوە. من پێم سەیر نەبوو. مەلا عەولاّ تازە ببووە جێگری سکرتێر، دەبوایە

دەسەلاتی خۆی بۆ ئەم کارە بەکار بێنێ. خۆ بە چەند سالێ حیزبایەتیش خەسڵەتی حەسودانەی مەلایەتی وەلا نەنابوو.

ڕۆژی ٩٨٣/٦/١٠ دکتۆر قاسملو هاتە لامان. لەگەڵ دکتۆر خەلیقی لەسەر کەم و کوڕی تەشکیلات و سیاسەتی بەرگری و تەبلیغات دامانە بەر پرسیاروڕەخنە. بێجگە لەوەی ئێمە گوتبوومان، دکتۆر بڕێکیشی لێ زیاد کرد و بەڵام ڕێگای چارەسەرکردنی نیشان نەدا. پاشان لە وەزعی خوێندنی کەمالی کوڕم پرسیاری کرد و گوتی: ((بۆی بنوسە کە تێزی دکتۆراکەی لەسەر تەجروبەی تەعاونیەکانی بولغارستان بنووسێ، بۆ ولاتانی دنیای سێ یەم زۆر بە کەڵک و جێگای ئیستیفادەن. ئەگەر بتوانێ بۆ ماوەیەک بێتە ئێرە یارمەتی دەدەم.))

٩٨٣/٦/١٢ ناوی دوورخراوەکانی شاری مەهابادمان بۆ هات. حکومەتی ئیسلامی دوای ئیعدامی ٥٩ لاوی بێ تاوان، ٥١ کەسیشی لە خەڵکی مەهاباد لە کوردستان دوور خستبۆوە. ٩٨٣/٦/١٣ مۆڵگەی ئەرتەش و پاسداران لە گابازەڵەی شاروێرانێ کەوتە بەر پەلاماری پێشمەرگە. ١٩ کەسیان لێ کوشتبوون و ٩ کەسیان لێ بە دیل گرتبوون. دەستکەوتێکی باش چەک و جبەخانەیان وەدەست هێنا بوو. ڕۆژی ٦/١٥/ خەبەری ئەم سەرکەوتنەمان لە ڕادیۆ بلاۆ کردەوە.

٦/١٤/ کاک سمایلی بایەزیدی هاتە لام. ڕەخنە و گلەیی زۆری هەبوو، دەیگوت باپیرم لە کەرکوک نەخۆشە ڕێگام نادەن بچم سەری بدەم. بڕیارم داوە بێ ئیزنی ئەوان بڕۆم.))

گوتم پێم باشترە لە گەڵ دکتۆر قاسملو باسی بکەی و بە پرسی ئەوان سەفەر بکەی.

پێم خۆش نەبوو ئەوانەی خوێندەوار و تێگەیشتوون، حیزب بەجێ بێڵن. کاك سمایلی بایەزیدی سەرەڕای ئەوەی لە ئەرتەشی ئێراندا خزمەتی کردبوو، کورێکی تێگەیشتوو لە مەسەلەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی شارەزابوو. پێم سەیر بوو ئوسولی مقدماتی فلسفەی خوێندبۆوە و لە گەڵ من باسی دەکرد. نەمزانی دوایە چۆن سەفەری کرد، دەزانم کە ڕۆیشتو نەگەڕایەوە.

ئێستا وتاری دکتۆر سەعید لە مەڕکۆنفڕانس و کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی کە لە نامیلکەی تێکۆشەردا بلاوکراوەتەوە و پێشتر باسم کردوە و ئیختیلافمان لەسەری هەبوو، کاری خۆی کردوە. دەسەلآت لە ڕێکخراوەکان ئەستێنراوەتەوە و کەوتۆتە بەر دەستی کۆمیسیۆنی تەشکیلات، واتە دکتۆر سەعید. بۆ هەموو شت دەبێ ئەو بڕیار بدات. لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت مەلا سمایلی حاجی بە تێکڕای دەنگ بە ڕاوێژکەری کۆمیتەی شارستان هەڵبژێراوە. بەڵآم دکتۆر سەعید قبوڵی نەکردووە و بڕیارەکە هەڵوەشاوەتەوە و مەلا سمایل بێکار کراوە.

٩٨٣/٦/٢١ برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی هاتنە کەمپی ئێمە. کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی تەواو ببوو، بە بەشی ئینتیشاراتیان ڕاگەیاندبوو کە نامیلکەی کورتە باس لەسەر سۆسیالیزم بە ناوی کۆمیسیۆنی ئینتشارات بلاو بکەنەوە. کاك مەلا حەسەنی ڕستگار و کاك ڕەحیمی محەمەدزادە و کاك نەبی قادری هاتنە چادرەکەی ئێمە. باسی پلینۆم کرا و من پرسیم: ((داخوا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی مورتە باسیان خوێندۆتەوە و پەسندیان کردوە کەوا بڕیاری بلاوکردنەوەی دراوە؟)) گوتیان: ((نەمانخوێندۆتەوە. لە ئاخری کۆبوونەوەدا دکتۆر هێنای وێیداین گوتی: بیخوێننەوە. ئێمەش گوتمان لەو دەم و دەستەیدا ناخوێنرێتەوە، خۆتان چی لێدەکەن بیکەن.)) دیارە قسەی ئەوان ڕاست بوو،

چونکە ڕاپۆرتی (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) بۆ کونفرانسی چوار دەڵێ: ((لە ئاخرین پلینۆمی پێش کۆنگرە بڕیار درا کە ئەم نامیلکەیە لە نێو بەدەنەی حیزبدا بلاوبکرێتەوە و باسی لەسەر بکرێ، بەڵام بەبێ لەبەر چاو گرتنی راسپاردەی کۆمیتەی ناوەندی، لە نێو ئۆرگانەکانی حیزبدا بلاویان نەکردەوە و ڕاستەوخۆ هێنایانە کۆنگرە)) هەر دەبوایە واش بکەن و هەتا کۆنگرە لە نێو ڕێکخراوەکانی حیزبیدا نەیخەنە ژێر باس و لێکۆڵینەوە، چونکە وەک دکتۆر قاسملوی شەهید بە کاک صارم الدینی صادق وەزیری گوتوە: ((ئەگەر لە کوردستانی ئێران ئەوەی کردبایە، هەرای لێ ساز دەبوو.)) مەلا حەسەن گوتی: ((دکتۆر قاسملو تۆرێکی هۆندۆتەوە، بۆ خۆشی تێیدا حاسیە بوە و لێی ڕزگار نابێ.))

٩٨٣/٦/٢٣ ئەرتەشی عێراق دەستی کرد بە تۆپباران و سوتاندنی دەشت و چیاکانی ناوچەی (گەناو) و ئەم مەڵبەندە لە هەمووی چڕە دوکەڵ هەڵدەستا. دیاربوو شەڕ لە گەڵ یەکێتی تونده. ڕۆژەکانی ٢٦ و ٢٧ ولاخدارەکانی ناوچەی ئالان بە خڕی ڕوویان کردە بارەگای یەکێتی، گوایا دەگوێزێتەوە بۆ بەری ئاسۆس. ئێمە لە دووڕەوە سەیری سوتانو چڕە دوکەڵ دەکەین و گوێمان لە تەقەیە. ڕۆژانە سەرهەنگ چیا دێتە لام. لە فەرماندەرایەتی کەوتوە و بردوویانەتە زانکۆی نیزامی و یا لە دەفتەر بێکارە. سەرهەنگ لەسەر مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هێندێ شت پرسیار دەکا و وا دیارە شتێکی بەدەستەوەیە بینووسێ. جار و باریش بە گوێرەی عادەت بە تەختە کات دەبەینە سەر.

٩٨٣/٧/٧ کاک مستەفای شەڵماشی کە بەرپرسی ڕادیۆ و ئینتیشارات بوو هاتە لام. بە سەفەر دەچوو، دەمانچەیەکی ١٤ خۆری نێو پاکەتی بۆ هێنام، گوتی لە دکتۆرم ئەستاندوە. ڕۆژی دوایی دکتۆر سەعید هات. نامیلکەی (کورد و فەرهەنگی بێگانە)م دایە تەماشای بکا. گوتم کاک سەعید ئێمە لێرە کادری سەرەکی حیزبین.

لە بەشی ڕادیۆ و بڵاوکردنەوەدا کار دەکەین. دەبێ لە سیاسەتی حیزب ئاگادار بین. ئێوە پلینۆم دەبەستن، هەق وانیە ئێمە لە بڕیارەکانی کۆبوونەوە ئاگاداربکەن؟)) گوتی ڕاستە. بەڵام دەبوایە کاك مستەفا ئەم کارە بکا ئەوە نەیکردووە. بە کورتی لە حیزبی دیموکراتدا (کەڵاشی مام ئاشەوان) باو بوو هەر کەسە لەسەر زگی خۆی لادەبرد و لەسەر زگی ئەوی تری دادەنا.

سەردانی کاك حامیدی گەوهەری:

٩٨٣/٧/١٤ کاك حامیدی گەوهەری کە کرابوو بە مەسئولی زیندان، داوەتی کردبووم بچم سەری بدەم. زیندان لە بەری کوردستانی عێراق لە (گەناو) بوو. گەناو یەك لەو شارەدێیانەی ئەم مەڵبەندە بوو کە حکومەتی عێراق وێرانی کردبوو. بەڵام قشڵە و ساختومانی پۆلیس و ئەرتەشی عێراقی وێران نەکرابوون. تەنیا چۆڵکرابوون. حیزبی دیموکرات کردبوویە زیندان و پاسدار و سەرباز و تاوانبار لەوێ ڕادەگیران. لەسەر داوەتی کاك حامیدی گەوهەری لە گەڵ پۆڵا و عەلی عەجەمی بەرەو زیندان کەوتینە ڕێ. چوینە گوندی ئەشکان. بنکەیەکی پێشمەرگە و هێندێ زیندانی تودەیی و تاقمی حەوت کەسەش لەوێ گیرابوون. ولاخێکمان پەیدا کرد و ڕۆیشتین تا گەیشتینە ئەم شوێنە کە (دوژمن ناوی ناوە سنوور) تا چاو هەتەری دەکرد ولاتی چۆڵ و بیابان و دێهاتی سوتاو و کاولکراو. لای ئێوارێ گەیشتینە گەناو. لە شورە و دیوار و هەڵکەوت و کاول و وێرانیەکانی دیاربوو، کە گوندێکی خۆش و ئاوەدان بوە. بەڵام ئێستا لە زیندانێکی گەورە و شوێنی زیندانوان بەدەر هیچی نەماوە.

کاك حامیدی گەوهەری لەو زیندانە و لەم چۆڵ و هۆڵە، دابو دەستورێکی لە ڕادەبەدەر جوان و ڕێکو پێکی پێك هێنابوو. بەرنامەی ژیانی ڕۆژانە، کلاسی

دەرسی فارسی و ئینگلیسی بۆ دانابوون. لە نێو زیندان فرۆشگای بۆ سازکردبوون. پاك و خاوێنی، نوستن و ڕابوون، وەرزش و حەسانەوە بە گوێرەی بەرنامە. بێستانێکی پێ ساز کردبوون کە جگە لە خۆیان بەشی دۆست و برادەرانیشی دەنارد. نوسخەیەکم بەرنامەی ژیانی زیندانی گەناوێ وەرگرت کەوا لە بەشی بەڵگەکاندا چاپکراوە.

شەو و ڕۆژێك لە کن کاك حامیدی بووین، زۆر چاکی بە خێو کردین و خۆشمان ڕابوارد. ئەوە چۆورابرد لە تەختە و قسەی خۆش بەدەر هیچ باسێکی ئەوتۆشمان نەبوو کە بۆ پەزی زیانی هەبێ. بەڵام دوای گەڕانەوەم دکتۆر قاسملو بە نوسراوە ڕەخنەی لە حامیدی گەوهەری گرتبوو کە بۆچی کەریمی حسامیت بۆ زیندان داوەت کردوە. ئەوێ زیندانی حیزبە و شوێنێکی نهێنی یە. دیارە ئەو شوێنە نهێنیە بەعس پێی دەزانی و سەرە ڕێی هاتوچۆی خەڵکی دیکەش بوو بۆ قەڵادزە.!!

باشبوو تا لە کن کاك حەمیدی بووم، مەلا قاسم چوار مریشکی بۆ ناردبووم. ئەو دەم لە ئالانی و لە کەمپی ئێمە چوار مریشك سەروەت و نیعمەت بوو، بە تایبەت کە لە گەڵ دکتۆر خەلیقی ژیابای. سەفەرێکی زۆر خۆشبوو. بەڵام لە گەڕانەوەدا تووشی ڕووداوێکی تاڵ و ناخۆش بووم، ئێستاشم لە بیر ناچێ و لەسەر دڵم بۆتە گرێ. لە بنکەی پێشمەرگەی ئەشکان لاماندا. کوڕەکانی ئینتیشارات یەك دوێکیان هاتبوونە ئەشکان کە بە نێو گوندیدا دەهاتینە خوار، دوو سێ کەس لەبەر دەرگایەك وەستابوون. من لە پێشەوە دەڕۆیشتم بێ ئەوەی سەرنجیان بدەمێ تێپەڕیم و نەمزانی کێن و چەکەن. کە لە گوندی چوینە دەر مەنسور گوتی: ((کاك کەریم ئەوە کەریم بێژەن بوو لەوێ وەستابوو.)) ئیتر حەپەسام و لاقم لە دوو نەهات. پرسیم: کەریم بێژەن بۆ لێرەیە؟ گوتی: ((گیراوەکانی تاقمی حەوت

کەسە و تودەییەکان لێرە زیندانین.)) لە ڕادەبەدەر تێکچووم و نارەحەت بووم کە نەمناسیەوە و سلاّوم لێ نەکردوە و لام نەداوە و ئەحوالّپرسیم نەکردوە. چونکە ئەگەر زانیبام لەوێ یە، بێگومان دەچوومە لای و ئەحوالّپرسیم دەکرد. دەمزانی زیندانوانیش بەر هەلّستیم ناکات. زیاتر بۆیە ناڕەحەت بووم کە ڕەنگ بێ کەریم منی ناسیبێ پێی وابێ ناسیومە و خۆم تێنەگەیاندووە. ئەوە بۆ من فرە جێگای ئازار بوو. چونکە من تێکۆشان و ئازایەتی و دلّپاکی و چالاکی ئەو کوڕەم لە بیر بوو. لە بیرم نەچووبۆوە کە لە شەڕی سێ مانگەدا تاقە ڕۆلّەی تێکۆشەری مەهاباد بوو. ئێستاش ئەم پەرۆشەم هەر هەیە و هیوادارم وا هەست نەکا کە ناسیومە و خۆم تێ نەگەیاندووە و لێم لاداوە، چونکە پێم وایە من کەسێك نیم زەحمەت-و تێکۆشانی تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی لەبیر بکەم.

ڕۆژی ٩٨٣/٧/١٦ دکتۆر سەعید هاتە لام. وتارێکم نوسیبوو بەناوی (دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، یان دیموکراسی بورژوازی). وتارەکەم دا بە دکتۆر سەعید و پێشنیارم کرد کە لە نامیلکەی تێکۆشەردا بلاّوی بکەینەوە. وتارەکەی خوێندەوە، گوتی: ((کاکە ئەم وتارە بلاّو ناکەینەوە و خۆمان توشی کێشە ناکەین. پاشان گوتی: ((فاروقی کەیخوسرەویمان ئازاد کردوە، گوتومە بۆ کوێ دەچێ با بڕوا.)) گوتوویە: ((بۆ هیچ کوێ ناچم و لە کوردستان دەمێنمەوە و دژی حیزبی دیموکراتیش قسان دەکەم.))

نامەم نوسیوە کە: ((بە شەق دەری بکەن. بیبەن تا دەگاتە نێو پاسداران و مەهێلّن بگەڕێتەوە. ئێمە ئێستا لە حالّی شەڕداین، جێگای ناکۆکی فیکری و ئیختیلافمان نیە.)) من وتارەکەم نارد بۆ تەشکیلاتی نەغەدە کە نامیلکەیەکیان بەناوی (یەکێتی) دەردەکرد. کاك فەتاحی عەبدولی بەرپرسی تەشکیلات بوو. ئەودەم هێشتا بەلّێنی هێنانی نێو کۆمیتەی ناوەندیان پێ نەدابوو. هەر ئەو کوڕە

دێهاتییە بوو کە لە نێو حیزبدا بڕوای بە ئەهێشتی چەوسانەوە و بەرقەراری دیموکراسی و سۆسیالیزم هەبوو. نامەیەکم بۆ نوسی کە وتارەکە لە نامیلکەی خۆیاندا بڵاو بکەنەوە. وتاری ناوبراو لە (یەکێتی)دا بڵاو کرایەوە. دەفتەری سیاسی (تۆ بڵێ سکرتێری حیزب) بەم وتارە تووڕە بوو. بڕیاریاندا کە ڕێکخراوەکانی حیزبی هەقیان نیە گۆڤار و نامیلکەی تایبەتی خۆیان بڵاو کەنەوە. تا ئەودەم هەموو تەشکیلاتەکانی ناوچە و مەڵبەند نامیلکەیەکی مانگانەی خۆیان هەبوو، دەنگ و باسی ناوچە و شیعر و بابەتی جۆر بە جۆریان تێدا بڵاو دەکردەوە. دیموکراسی حیزبی کە دوای نوسینی (کورتەباس) و هەنگاو هاویشتن بەرەو سۆسیال دیموکراسی دەهات بەرفراوان و بەتین دەبوو! ! ئیتر ڕێگای نەدەدا بیروڕای جیاواز و بۆچونی جۆر بەجۆر لە نێو حیزبدا بڵاو بێتەوە، دەبوایە هەموو شت لە ژێر سانسۆر و چاوەدێری ناوەندیدابێ.

ڕۆژی ۹۸۳/۷/۲۷ نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نوسی و پێشنیارم کرد کە: برادەرانی دەفتەری سیاسی بە مام جەلال بڵێن: کە ڕابگەیەنێ لەو کاتەدا کە دوژمن وڵاتی ئێمەی پەلامار داوە، تا وەدەرنانی دوژمن هەموو عەمەلیاتێك رادەگرێ. بەڵکو ئەوە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی هێرش لەسەر یەکێتی نیشتمانی. مەبەستێکی دیکەشم لەو پێشنیارە ئەوەبوو کە مام جەلال ناچار نەبێ بە جارێك پاڵ وە ئێران بدات.

دوای ئەو نامەیە دکتۆر سەعید هاتە لام گوتی: ((پێشنیارەکەت عەیبێکی هەیە. ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر مام جەلال شتێکی ئاوا ڕابگەیەنێ بە پیاوی عێراق تاوانبار دەکرێ. بە تایبەت کە ئێستا لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستیش ئەو دەرگیرییەی بوە. بەڵام ئێمە هەوڵێکمان داوە کە عێراق واز لە تۆپبارانی ئەم ناوچەیە بێنێ، بەڵکو یەکێتی بتوانێ شوێنی خۆی بگۆڕێ.))

٩٨٣/٧/٣٠ کاك عەولای سەلیمی خەڵکی مەیدان داوەتی کردبووم، لەگەڵ دکتۆر خەلیقی شەو چووینە میوانی. باسی کابرایەك هاتە گۆڕێ کە هاتبووە نێو حیزب و لام وایە لە نەخۆشخانەیان دانابوو. دەیانگوت لە زەمانی حکومەتی شادا مەعموری دوخانیە بوە. کارێکی بە خەڵك کردووە بابەدەواری شڕی نەکردبێ. خەڵك سەت ڕەحمەتی بۆ ژاندارم ناردووە. ئێستاش ئەوە لە حیزبدا خۆی مەلأس داوە.

ڕۆژی ٩٨٣/٨/٤ کۆمەڵە بلاوی کردەوە کە لە ناوچەی سەردەشت پێشمەرگەی حیزب چەند پێشمەرگەی کۆمەڵەیان کوشتوە و چەند کەسیشیان بریندار کردووە. خەبەرێکی فرە تاڵ و ناخۆش بوو. دەفتەری سیاسی بۆ ساردێژ کردنی ئەم بریە داخدارە نوێنەری نارد و لە گەڵ نوێنەرانی کۆمەڵە توانیان پێشی تەنینەوەی بگرن و بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بلاو کردەوە. بەڵام بەداخەوە بریەکە هەر قەرتماخەی بەستبوو، دەرنگتر هەڵیدایەوە تەشەنەی کرد و کوردستانی تەنیەوە. سەبارەت بە سیاسەتی چەوت و لە خۆ بایی بوونی بێ جێ نەیانتوانی چاری بکەن.

٩٨٣/٨/٦ لەگەڵ شێخ ڕەزا و چەکۆ و میرزا برایم و کاك عەولای سەلیمی چووینە ڕاوەماسی لە کەڵوێ. چی وامان نەگرت، بەڵام گەڕانێکی خۆش بوو. لە گەڕانەوەدا لە گوندی هەرزنە عەولای حاجی برایمی ئەو کوڕە ئازا و جوامێرەی لە بەرگی چواری بیرەوەریەکانمدا باسم کردوە و پەیکی نهێنی سەرەکیمان بوو لە عێراقەوە لە گەڵ ڕێکخراوی ژووروەوە، پێشی پێ گرتین و شەو لای ئەو ماینەوە. ئێوارێ مامۆستای گوندی و کەیخودا لێمان وەکۆ بوون و تا شەو درەنگانێك باسی ئێستا و ڕابردوو کرا.

کۆبوونەوە لە گەڵ سکرتێری حیزب:

۹۸۳/۸/۷ دکتۆر قاسملو داوای کرد که کادری ڕادیۆ له بنکەی دەفتەری سیاسی له گەڵ ئەو کۆببنەوە. کاك مستەفای شەڵماشی و کاك فەتاحی کاویانیش وەك بەرپرسی پێشووی ڕادیۆ و چاپەمەنی بەشدار بوون. ئێستا ئیتر مەلا عەولاّ کراوەتە بەرپرسی ڕادیۆ و چاپەمەنی حیزبی. لە سەرەتاوە دکتۆر کەم و کوڕی ڕادیۆ و بلاّوکراوەی پرسیار کرد. ئەوان هەرتکیان گوتیان هیچ کەم و کوڕی نیە و هەموو شت ڕێك و پێکە.

من کەم و کوڕی ڕادیۆ و چاپەمەنی حیزبیم بەم چەشنە دەستنیشان کرد کەوا لە دەفتەری ڕۆژانەدا یادداشتم کردوون:

- نەبوونی دەستەی نووسەرانی سابیت.
- نەبوونی کۆبوونەوەی حیزبی بۆ باسی مەسەلەکانی ڕۆژ و ئەو وتارانەی دەبێ بنوسرێن.
- نەبوونی کۆنترۆڵی وتارەکانی ڕادیۆ.
- فێر نەکردنی کادری ڕادیۆ و چاپەمەنی.
- سوڕانەوەی کادری ڕادیۆ و چاپەمەنی و نەخوێندنەوەی کتێب و موتالاّ.

دکتۆر قاسملو گوتی: ((پێویستە ئایینامەیەك بۆ کاری ڕادیۆ و ئینتیشارات بنوسرێ و سەعاتی کاری هەموو کەسیش دیاری بکرێ.)) پاشان لەم باسە لایدا و گوتی: ((دیارە کەم و کوڕی هەیە، بەلاّم ئەگەر ڕۆژێکیش شتێك وەدەرەنگی کەوت، هەق نیە هەرای لێ ساز بکرێ. برادەری وا هەیە هاتنی سەهۆڵ و شتیتر لە قەلاّدزەوە بە قیامەت دەزانێ)) من فیتوی خۆم ناسیەوە. گوتم: ((دکتۆر وا دیارە بەشی پاراستنتان لە حیزبدا بەهێزە. بەلاّم ئەم ئەرکە (مقدسە)تان بە کەسانی خوێڕی ئەسپاردوە. من ئەوەم گوتوە و هەقیشم بوە. مەسەلە چبوو: هەتیوێکی

خوێڕی و بەرەڵایان بۆ دابینکردنی نان و خواردەمەنی و ئازوقەی کەمپی ڕادیۆ و ئینتیشارات دانابوو، بەڵام دیار بوو کاری گەورەتری بەشی پاراستنیان پێ ئەسپاردبوو. کاك تەهای عەتیقی هەمیشە بەو هەتیوەی دەگوت (نەنگی جامیعە). ڕۆژێك سەعات ببوە دەی بەیانی، هیچ شتی خواردن دیارنەبوو. منیش هاتمەدەر و گوتم: نازانم چ سەگبابێك بەرپرسی رزقی ئێمەیە. ئەوانەی ڕۆژانە بەفر و سەهۆڵ و قەل و ویسکیان بۆ لە قەڵادزەوە دێت، لانی کەم با وا بکەن نان و ماستی ئێمە لە کاتی خۆیدا بگات. هەتیو چو بوو بە سکرتێری حیزبی ڕاگەیاندبوو. لێرە ئەوەم بۆ دەرکەوت کە ڕاپۆرتەکان ڕاستەوخۆ بە سکرتێری گشتی دەگەنەوە.

ئەم باسە بێدەنگەی لێکرا، پۆلاێ نانەوازادە مەسەلەی کورتە باسی هێنا گۆڕێ و گوتی: ((دکتۆر تۆ لەو کورتە باسەدا دیکتاتۆری پڕۆلیتاریات ڕەتکردۆتەوە. لە کاتێکا هیچ شۆڕشێك بە بێ دەسەلآت سەقام گرتو نابێ.))

دکتۆر گوتی: ((ئەوە نامیلکەی من نیە. کۆمیتەی ناوەندی بلاوی کردۆتەوە. پاشان مارکس لە هیچ نوسراوێکدا باسی دیکتاتۆری پڕۆلیتاریای نەکردووە.))

من گوتم: ((دکتۆر لام وایە لێرە دا مەسەلەی دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا جێگای باس نیە. مەسەلە ئەوەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان کە حیزبێکی میللی یە بۆ خۆ بخاتە نێو ئەم کێشەیە. پاشان مارکسیش باسی دیکتاتوری پڕۆلیتاریای کردوە. وەنەبێ باسی نەکردبێ.))

–لەکوێ دا؟

– لە باسی کۆمۆنی پاریس دا.

– تەنیا لەو تەقەجارە باسی کردوە.

– مەسەلە جارێک و دوو جار نیە. من لە پوانگەی بەرژەوەندی حیزبی دیموکراتەوە دەڕوانمە مەسەلەکە. خۆ ئێمە حیزبی کۆمۆنیست نین تا بچینە نێو ئەم باسە و بیکەینە کێشە و مەسەلەی خۆمان.

– کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری لەسەر داوە.

من گوتم: برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی هەر نەشیان خوێندۆتەوە.

– جا بۆ برادەرانی کرمیتەی ناوەندی هیچی دیکە دەخوێننەوە؟

– باسەکە و کۆبوونەوەکە کۆتایی پێ هات.

خەبەرێکی ناخۆش لە مالّەوە:

کاك مستەفای هیجری کە تازە لە پاریس گەڕابۆوە هاتە لام و گوتی: ((پێش مانگێك خێزانت تەلەفۆنی کرد بۆ پاریس کە یەك لە منداڵەکان تەسادوفی ماشێنی کردووە، کەریم بگەڕێتەوە.)) گوتم باشە پێش مانگێك خەبەری داونێ و تۆش وا نێزیکەی بیست ڕۆژە هاتویەوە، ئەوە دەبێتە پەنجا ڕۆژ. بۆ خەبەرت نەداومێ.؟ لە زمان تێکهاڵان بەدەر جوابی دیکەی نەبوو. دڵسۆزی ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتم بۆ ئەندامان پتر بۆ ڕوون دەبۆوە.

بە دکتۆر قاسملوم گوت: بە برادەرانی پاریس بڵێن کە پەیوەندی بە مالّەوە بگرن و خەبەرمان لێ بگێڕنەوە. گوتی: پێ یان دەڵێم بپرسن. وەك پێشتر گوترا، نامیلکەی کورد و فەرهەنگی بێگانەم دابوو بە دکتۆر سەعیدی تەماشای بکات. ڕۆژی ۹۸۳/۸/۸ نامیلکەکەی لە گەڵ ئەم نوسراوە بۆ ناردبوومەوە کەوا دەقی نوسراوە و پێشنیاری دکتۆر سەعیدی لێرە دا بڵاو دەکەمەوە.:

((بەڕێز کاك کەریم. بە سلاّو و داوای لێبوردن لەوە کە تەمبەڵیم لە ئەندازە بەدەر کرد و هێندە درەنگ نوسراوەکەم بۆ ناردیەوە. نەزەری من بە کورتی بەم جۆرەیە:

١- لەسەر یەك نوسراوەکە شتێکی زۆر (باش) و (جوان) و (شیرین) و (پێویستە). ئاخرەکەی ڕۆژێك ئێمە دەبێ کوڵی دڵمان بڕێژین. جا ئەگەر ئێستاکە لە جەرگەی خەبات دایین ئەوە نەکەین، کەنگێ دەوێرین؟ ((عاقڵەتی)) هێندە باش نیە ! !

٢- تەنیا عەیبی ئەساسی، تایپەکەیەتی ! !. پیاوی چاك بە زەحمەتێك بکێشە و بە خەتی ڕێك و پێکی خۆت بی نوسەوە. بەم کارە خزمەتێکی گەورەت بە خۆت و بە خوێنەر و بە زمان و ئەدەبی کوردی کردووە ! !.

٣- لە باری گەڵاڵە و(فورم)ی نامیلکەکە- بە بڕوای من، لەسەر یەك ٣ بەشە:

یەکەم- موقەدیمە (سەرەتا) تا ئاخری لاپەڕی ٤

دوهەم- موئەخرە، لە لاپەڕی ٢٣ ڕا (عەلامەتم لێداوە) هەتا ئاخر.

سێهەم- نێو ئاخن کە بەینی ئەو دوو بەشەیە. لە لاپەڕی ٥ ڕا هەتا لاپەڕی ٢٣.

لەسەر (موقەدیمە) و (موئەخرە) قسەیەکم نیە و بە گشتی زۆر باشن. بەڵام لەسەر نێو ئاخن: بە نەزەری من گەڵاڵەی نێو ئاخن بەم جۆرە بێ باشترە: لە پێشدا ((کورد نەتەوەیە)). لاپەڕەی ٩ هەتا عەلامەتی .

لە پاشان، بەش بەش بکرێ، هەر بەشەی بۆ یەکێك لە دیاردەکانی فەرهەنگی وەك: مێژوو- زمان- جل و بەرگ. بۆ مێژوو پێم وایە بەشێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ. واتە لەڕاستیدا، ئەو بەشانەی لەسەر مێژوون، کۆ بکرێنەوە لە یەك جێگا:

لـە لاپـەڕەی ٥ ڕا (پاداشـی کـورد و هەڵوێسـتی دەسـەلآت دارانـی ئیسـلام) هـەتا ئـاخری لاپـەڕی ٨. هـەروەها لـە نێـو بەشـی ((زمـان)) دا: نـەقڵی قـەول لـە شەرەفنامەی هەژار (لاپەڕی ١٠ لە عەلامەتی + ڕا هـەتا عەلامـەتی ++.) هـەروەها لە لاپەڕی ١١ ڕا (عەلامەتی +) هەتا لاپەڕی ١٢(عەلامەتی ++) دیسان زۆر بە زمان مەربوت نیە. بەشێکی مێژووە و بەشێکیشی بۆ موقەدیمە و یان موئەخرە دەبێ بە (فەلسـەفەی ئیسـلام). هـەروەها لاپـەڕی ١٥ لـە عەلامـەتی + ڕا، دیسـان زۆر بـە ((زمان)) مەڕبوت نیە، یان بۆ بەشی مێژوو دەبێ، یان چون باسی لیباس و جـل و بەرگە. بۆ بەشی جل و بەرگ باشە، یان بۆ موقەدیمە و موئەخرە.

– ئەگـەر ئەوانـەی عـەرزم کـردی لـە بەشـی ((زمـان)) جیـا بکرێنـەوە، بەشـی ((زمان)) تەواوە. لە بەشی جل و بەرگدا، دیارە مەسەلەی مەلا خەلیل لەگـەڵ ئـەو بەشـەیە. کـەوابوو نـابێ وەک ئەسـڵێک جیـا بکرێتـەوە و تـەنیا وەک نمونـە دەبـێ ببێ....

هەر سەرکەوتوو بی. سەعید بدڵ ٦٢/٥/١٧.))

لەسەر پێشنیاری دکتۆر سەعیدی کەوتمە بـیری تـایپکردنی جـوانی نامیلکەکـەوە. کەمالّی ڕەحیم زادە وابزانم کادرێکی لای بۆکانێ بوو، هاتبوە دەفتـەری سیاسـی و بەینێک بوو لەوێ دەسوڕاوە. یەک دوو جار هـاتبوە لام و دەیگـوت تایـپ زۆر بـاش دەزانێ. لە ئاخافتنیشدا خۆی بەلای چەپدا دەشکاندەوە. ڕۆژێک هاتـە لام، باسـی تایپی نامیلکەکەم کرد. گوتی من ئێستا بێکارم و لە دەفتەریش تایپی زیادی هـەن و بە ڕۆژێکی تەواوی دەکەم. هیوام پەیدابوو، ڕۆیشت و ئیتر ئێستاش نەمدیتـەوە. یەکدوو ڕۆژ پێچوو برادەرێکی سەر بە دەفتـەر هاتـە لام سـۆراخی کـەمالّی ڕەحـیم زادەم پرسی. گوتی: ((کیسەی بۆ هەڵمەدروو، گوتویە لەسەر تایپی حسامی خۆم خەتابار ناکەم. گلەییم لێ نەکرد، چـونکە لـەوێ کـەوتبۆوە بـەو هیوایـەی کـە لـەم

حیزبەدا جێ پێ یەك بۆ خۆی بكاتەوە. لای وابوو ئەگەر نامیلكەی من تایپ بكا، دەرەجە و نیشانی پێ نابڕین، جا فەقیرە بۆچی خۆی توشی ئەم نەهاتیە بكات.!!

ڕۆژی ۹۸۳/۸/۹ چوومە ئەشكان لای موهەندیس خەیاتی. لەوێ پێی گوتم كە كاك ئۆمەر گیراوە. بەڵام گوتبویان با خەبەر بڵاو نەبێتەوە. زۆر نارەحەت بووم. خەمی ئەویش هاتە سەر خەفەتی تەسادوفی منداڵەكان. لە گەڕانەوەدا لە گوندەكەی بەر كەمپی خۆمان لە ماڵی فەتاحی كوڕی ڕەحمانی شێلمجاران لامدا. ئەو كوڕە جارێك لە مەهاباد هاتبووە لام. بابی لە لایەن حیزبەوە گیرابوو. ئەوەندە كوڕێكی بە ئەدەب و ڕۆح سووك و ژیر و تێگەیشتوو بوو، بە ئاوات بووم ببێتە ئەندامی حیزبی دیموكرات. بەڵام بەداخەوە چووبوە نێو موجاهیدینی خەڵك و لەگەڵ ئەوان هاتبوە ناوچەی ئالان و یەكێك لە هەڵسوڕێنەرانی چالاكی كاروباری موجاهیدین بوو. زۆرجار دەهاتە لای من و هەر دەیگوت سەرم نادەی. لە گوندی پرسیم و ماڵەكەیان نیشاندام. كە چووم لە دەرگام دا، خۆی لە ماڵ نەبوو، ژنێك بە كراسێكی درێژی عەجەمی و سەری داپۆشراوی شێوە ئیسلامی عەجەمی وەدەر كەوت. لە پێشدا وەمزانی ژنە عەجەمی موجاهیدە. سلاوم كرد بە كوردی وەلامی دایەوە. گوتم تۆ خێزانی كاك فەتاحی نی؟

– بەڵێ فەرموو، تۆ كاك كەریمی حسامی؟

– بەڵێ من هەوم. بەڵام ئەگەر زانیبام تۆ بەو لیباسە عەجەمی و ئیسلامیە لێم وەدەر دەكەوی نەدەهاتم. ئاخر تۆ سەیدزادەی خەڵكی وەتماناوێ، لەم شاخ و داخەی ئالان و لە نێو ئەم خەڵكە سادە و دڵپاكە ئەم لیباسە چی یە لەبەرت كردوە؟ بۆ خۆتان لە كوردایەتی شۆراندووە؟

– جا چت عەرز کەم بە قوربانت بم. ئاخر ئێمە لەگەڵ موجاهیدانین و ئەوانیش جلی ئاوا لەبەر دەکەن. کاك فەتاح هاتەوە. باسەکەمان داگیرساندەوە، فایدەی نەبوو دەیگوت لە ئەمری سازمان دەرناچین. بە داخەوە بیستوومە لە ئاکامی سیاسەتی چەوتی موجاهیدیندا ئەم کوڕە باشە شەهید کراوە.

کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسی نوێی ڕادیۆ:

دوای کۆبوونەوەی بەشی ڕادیۆ و ئینتیشارات لەگەڵ سکرتێری حیزب کە دکتۆر گوتی: ((دەبێ ڕوون بێتەوە هەر کەس ڕۆژانە چەندە کار بۆ حیزب دەکات،)) مەلا عەولاّ ڕۆژی ٩٨٣/٨/١٤ کۆبوونەوەی بەشی ڕادیۆ و ئینتیشاراتی پێك هێنا، تا سەعاتی کاری ڕۆژانەی برادەران دیاری بکات. یەك یەك پێدا دەهاتەخوار و لە برادەرانی دەپرسی: تۆ ڕۆژێ چەند سەعات کار بۆ حیزب دەکەی؟ پرسیار و دیمەنی شانۆ و بۆچوونەکە ئەوەندە سەیر و گاڵتە بوو، هەر دەبوایە مەلا عەولاّ ئەم ڕۆڵە یاری بکات. بۆ ئەو بایی و نرخی کار گرنگ نەبوو، سەعاتەکە گرنگ بوو. بۆ نمونە پرسیاری لە من کرد و گوتی: تۆ ڕۆژێ چەند سەعات کار بۆ حیزب دەکەی؟

گوتم: ڕۆژێ سەعاتێك. ڕۆژی وا هەیە نیو سەعات. کوڕەکان وەلاّمی منیان پێ سەیر بوو. گوتم کاری من نووسینی وتارە بۆ ڕادیۆ یا ڕۆژنامە. وتار نوسینیش بۆ من سەعاتێك ناخایەنێت. باقی ڕۆژ تەواو من خەریکی خوێندنەوە و وەرگێڕان و نوسینی شتی دیکەم. پاشان گوتم من ئەسڵەن ئەم پرسیار و شانۆیەم پێ شتێکی گاڵتەیە. کادری حیزفەیی حیزب هەموو سەعات و ڕۆژ و ژیانی لە خزمەت حیزب دایە. کابرا دەست لە گیان و ژیانی خۆی هەڵدەگرێ دێتە نێو تێکۆشانی سیاسی، ئیتر سەعاتی کار بۆ ئەو حیساب ناکرێ. فایدەی نەبوو، کابرا پاش ئەو هەموو

ساڵە حیزبایەتیە هێشتا هەر مەلا بوو. دەیگوت وانیە. کاری حیزبی هەر ئەو سەعاتەیە کە تۆ وتارەکە دەنوسی. بەم پێ یە محەمەدی کوری مەلا عەولاّ کە دەرۆتێکی ١٢-١٣ ساڵەبوو، کوڕەکانی سابلاّخی هێنابوویان فێری تایپیان دەکرد. ڕۆژێ ٦ سەعات کاری بۆ حیزب دەکرد. بەلاّم کاری من بۆ حیزب سەعاتێك بوو. لە هەمووی سەیر تر لەم کۆبوونەوەیە دا دکتۆر خەلیقی بوو. کە پلە و پایەی دکتۆرا و فەلسەفە و دەرس و گوتنەوەی زانستگا و ژیانی بەجێ هێشتبوو، هاتبوو لە ئالان لە بن چادرێك کەوتبۆوە و کێشەی بوو لەگەلّ مەلا عەولاّ کە ڕۆژانە ٣ سەعات کاری بۆ بنوسێت. مەلا عەولاّ دەیگوت زۆرە.!!! کۆبوونەوەکەم ئەوەندە پێ ئابڕوو بەرانە بوو، هەستام وەدەر کەوتم و گوتم کاکە لە سەعاتێك زیاتر بۆ من مەنوسن. جا ئەگەر مەلا عەولاّ وەك جێگری سکرتێر و بەرپرسی ڕادیۆ و ئینتیشاراتی حیزبی دیموکرات، نووسین و وەرگێڕان و خوێندنەوەی پێ کاری حیزبی نەبوو، برادەرێکی حیزبی بە ناوی سیروان حەفیدی نامەیەکی بۆ نوسیبووم، بۆ بەراورد کردن و بۆچوون و هەلّسەنگاندنی کادرێکی حیزبی لەگەلّ مەلایەکی مەسئول، وا نامەکە لێرە دا بلاّو دەکەمەوە:

ڕۆژی ٩٨٣/٥/٢٣ ئەم نامەیەی خوارەوەم بۆ هات برادەرێك بەناوی سیروان حەفیدی ناردبووی:

((بە ڕێز و حورمەت مامۆستای تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ م کاك کەریم. بە سلاّوێکی گەرمی شۆڕشگێڕانە..... مامۆستا گیان وەك زانیومە خەریکی وەرگێڕانی یەکێك لە بەنرخترین کتێبەکانی وەك (ئوصولی مقدماتی فلسفەی) بەڕاستی خۆشحالّبووم کە بەرهەمێکی دیکەی مامۆستای بەڕێز دەکەوێتە دەستی قوتابیەکانت و لاوە شۆڕشگێڕەکان. بە بڕوای هەموو تێکۆشەرێك گەورەترین خزمەتە بە نەوەکانی داهاتووی گەلەکەمان. بە شەهامەتەوە و بە ڕاشکاوی دەلّێم و گوتومە ئەگەر دە

غەمخواری دیکەی ئاوامان هەبونایە کە یاریدەدەری زانست و بیر و باوەڕ بونایە لە بەرانبەر لاوەکان و قوتابیەکانی حیزبەکەمان ئێستا لە قوناغێکی دیکە دا دەبوین. هیوادارم وێنەتان زۆربێ ئاواتەخوازم تا گەیشتنی ئەو نامەیە بە سەر گەوتویی لە وەرگێڕانی ئەو کتێبە بوبیتەوە و بەو زوانە بگاتە دەستی خوێنەرانی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ. جارێکی دیکەش سوپاستان دەکەین بە هیوای سەرکەوتن. براتان سیروان حفیدی ٦٢/٦/٣٠)).

ئاواتی ئەو برادەرە هاتبووە دی، وەرگێڕانی کتێبەکە تەواو بوو. بەڵام لە سایەی حیزبی دیموکراتەوە تا ئێستا نەکەوتۆتە بەردەستی خوێنەرانی ڕێگای رزگاری.

لە نێو برادەرانی کەمپ هێندێ جار شتی سەیر ڕووی دەدا. کوڕەکانی ئینتیشارات هەموویان سابلاغی بوون و زۆر جار لەگەڵ برادەرانی تر لالوت دەبوون. هەر دوای کۆبوونەوەی سەعاتی کار کۆبوونەوەیەکی دیکەیان سازکرد، پۆلای نانەوازادەیان وە بەر نەشتەری ڕەخنەدا کە ناسری ڕەزازی کۆمەڵە هاتۆتە کەمپ و میوانی بوە. کاك فەتاح دیفاعی لێدەکرد و دەیگوت: ((ئەی بۆچی عەولای موهتەدی و دکتۆر قاسملو پێکەوە دادەنیشن.)) ! ! تا من وەدەنگ هاتم و گوتم کۆبوونەوە بۆ شتی ئاوا عەیبە. ناسری ڕەزازی دۆستی پۆلایە، لەگەڵ خێزانی و برادەرانی هاتوە میوانی بوە. جگە لەوە، ئەو هونەرمەندێکە، لام وایە دەبوایە ئێمەش بچینە لای و وامان کردبا کە هاتوچۆمان بکا. ئەوە ڕاست نیە کە ئێمە هاتووچۆ و دۆستایەتی قەدەغە بکەین. دیاربوو لە پۆلاً هەر لە بیانو بوون، دەنا هاتنی ناسری ڕەزازی هیچ زیانی بۆ پەز نەبوو.

رۆژی ۹۸۳/۸/۲۷ ئـەم نامەیـەی خـوارەوەم بـۆ دکتـۆر قـاسملو نووسـی. لێـرەدا چونکە نامەکە پێوەندی بە مەسەلەی کارکردنـەوە هەیـە بـۆ حیـزب، لـە تـەرتیبی نوسین و رۆژدا وە پێشی دەخەم. ئەوەش دەقی نامەکەیە:

((ەی خەرمانانی ۱۹۸۳. برای بەڕێز کاك ڕەحمان ڕۆژ باش.

سلاّمەتیتان ئاواتە خوازم. لەمبارەوە بۆ دەفتەر نانوسم. چـونکە نـە دەمـەوێ بـە باسـی ئـاوا بـێ نـرخ کـاتی (بـەنرخی) برایـانی دەفتـەری سیاسـی بگـرم، نـە مەسەلەیەکی ئەوتۆشە بۆ لەسەر ڕۆیشتن ببێ. بـەلاّم لەبـەر دوو شـت ئـەم نامەیـە بەتایبـەتی بـۆ تـۆ دەنوسـم. یەکـەم بـا بـە خوێندنـەوەی تۆزێـك بەسـێیەوە و پشووێکت بێتەوە بەر. دووەم با قسەیەکی خۆت وەبیر بێنمەوە. کاتێك لـە پـڕاگ بیرمان لەوە دەکردەوە کە من لە چیکۆسلۆڤاکیا چ بخوێنم؟ تۆ پێشنیارت کرد کە لە مەدرەسەی حیزب بخوێنم. منیش دەمگوت با ڕشتەیەك بخوێنم کە لە دوا ڕۆژدا پێی بەڕێ بچم و بتوانم نانێکی پێ پەیدا بکەم. تۆ گوتت: ((جا ئەگەر کوردسـتان وای لێ بێ کە کادرێکی سیاسی بەقەد کادرێکی فەننی نرخـی نـەبێ، هـەر بـە قـوڕ بگیرێ باشترە.)) جا ئێستا ڕاسـت لـە جەنگـەی پلـەی بـەرزی خـەباتی سیاسـی و گەرمەی شەڕی چەکداریدا، کوردستان بۆ بە قوڕ گیران دەبێ و هیچیتر.

با عەرزت بکەم بۆ چی؟ لەسەر ئەساسی قسەی تۆ کە لە کۆبوونـەوەدا گوتـت: ((دەبێ ئەوە ڕوون بێ کە هەر کەسە چەند کار بۆ حیزب دەکا)) مامۆستا مەلا عەولاّ لە کۆبوونەوەی ڕادیۆ دا ئەو مەسەلەی وەك مەسەلەی هەرە ئەساسی هێناگۆڕێ و ڕایگەیاند کە ٦ سەعات کاری ڕۆژانـە بـۆ هـەموو ئەنـدامێك وەك بڕیـارێکی حیزبـی ڕاگەیەنراوە. زۆر جوان بوو. بەلاّم مامۆستا تۆ لە وشەی کاری حیزبی حـاڵی بـوو؟ دەستی کـرد بـە پرسـیار و نووسـین و مەقایسـە. بـرادەران موسـابەقەیان بـوو تـا

سەعاتی کاریان بۆ زیاد بکەن. بەڵام من نەمویست ڕۆژێ لە نیو سەعات زیاترم بۆ حیساب بکەن. چونکە کاری من نوسینی وتارە بۆ ڕادیۆ و ڕۆژنامە و تێکۆشەر و وەرگێڕانی بابەتێکی فارسی بۆ ڕادیۆ. جاری وا هەیە وتار دەنوسم دوای چەند ڕۆژ بڵاو دەکرێتەوە. بێجگە لەوە خوێندنەوەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئێران، وەرگێڕانی کتێب و نوسینی نامیلکە و شتی تر. بەم پێیە ڕۆژانە من ٨ سەعات کار دەکەم. بەڵام ڕەنگە کاری من بۆ ڕادیۆ ڕۆژانە هەر نیو سەعات بێ. دیارە ئەگەر حیزبی ئێمە بە تەنگ پەرە گرتنی زمان و ئەدەبیاتەوە بایە، دەبوایە من خەڵات بکرێم. خۆت دەزانی لە ولاتانی دیکە بۆ نوسین و وەرگێڕان کادری تایبەتی ڕادەگیرێن و ئورگانی تایبەتی پێک دێن. بەڵام بۆ ماموستا مەلا عەولا وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی ڕادیۆ و بڵاو کراوەی حیزبی، نوسین و وەرگێڕان و خوێندنەوە کاری حیزبی نین. کاری حیزبی بەلای ئەوەوە سوڕانەوە و بردنی نامەیەک بۆ ئێرە و ئەوێ و هەڵگێڕ و وەرگێڕی شریتی گۆرانی وەک خۆی خەریکە و هتد.

نەتیجە گیری ماموستا تا من بەجێم هێشت ئەوەبوو: محەمەدی کوڕی ماموستا ڕۆژێ ٦ سەعات کار بۆ حیزب دەکا. پۆلا و مەکۆ و برادەرانی ئینتیشارات هەر یەکە و چوار سەعات و سێ سەعات کار دەکەن. بەهرۆزی کورد ئەحمەدی کە بۆ نوسین و کاری ڕادیۆ نمونەیە بە زەحمەت بۆی گەیاندە چوار سەعات. دکتۆر خەلیقی کە بە گیانی ناخێری پاش ٤٠ سالێ خوێندن و وەرگرتنی دکتۆرا لە فەلسەفە و ئوستادی زانستگا و زۆربەی ڕۆژانیش وتار نوسین، زۆری کێشە کرد تا ماموستا بۆی سەلماند ڕۆژێ ٣ سەعات کار بۆ حیزب دەکا. بە گەورەیی خۆی سەعاتێکیشی کاری ڕۆژانە بۆ من نوسی. لام وایە ئەم هەڵسەنگاندن و بۆچوونە لە چەند بارەوە بۆ حیزب زیانیان هەیە:

یەکەم موتالاً و خوێندنەوە و بردنەسەری پلەی زانیاری کە لە پێڕەوی نێو خۆی حیزبدا بە وەزیفەی ئەندام دانراوە بە هیچ دادەنرێ.

دووەمْ رابردووی مرۆڤ لە باری سیاسی و فەرهەنگی و خەباتەوە بە هیچ حیساب دەکرێ.

سێ یەم نا عەدالەتیەکی گەورە پێکدێ. ئەویش ئەوەیە چۆن شتی وا دەبێ من ڕۆژانە سەعاتێك کار بکەم، مانگێ دوو هەزار تمەن وەردەگرم، بەڵام محمەدی کوڕی مستەفا ڕۆژانە ٦ سەعات بۆ حیزب کاربکا و تەنیا ٦٠٠ تمەن وەربگرێ. یان ڕەزای ڕەشید زادە بەو هەموو ماندوو بوونە بۆ قسە کۆکردنەوە و ڕاپۆرت و گوێ هەڵخستنە ٨٠٠ تمەن وەربگرێ. پێم سەیرە لەسەر ئەو هەموو دڵسۆزی و هەڵقرچاوی کە مامۆستا مەلا عەولاً بۆ حیزب هەیەتی، ئەم نا بەرانبەریە قبوڵ دەکات.!! جا بۆ ئەوەی ئەم نا عەدالەتیە لە حیزبدا نەمێنێ و بێجگە لە (ئەندامانی دەفتەری سیاسی کە کاری ئەوان بۆ حیزب ڕۆژانە لە ١٠ سەعاتیش تێدەپەڕێ،!!) هەموو ئەندامانی حیزبی، بەتایبەت کادری ڕادیۆ و ئینتیشارات کە وەزیفەیان نوسینە، ٦ سەعات کار بۆ مامۆستا پڕ کەنەوە، پێشنیار دەکەم کە خانووەمان پێ دروست بکەن، تا هەم ٦ سەعات کارە پڕ بێتەوە و هەم ئەم نا بەرانبەریەش لە بەین بچێ. دیارە وەك سکرتێری حیزب بەرپرسی ئەم ناعەدالەتیە پتر لەسەر شانی تۆیە،.))

((ئیتر خۆشیتان. برات کەریم.))

ڕۆژی ٩٨٣/٨/١٦ لە گوندی بێتوشێ بە دابو ڕەسمێکی لە رادە بەدەر جوان و شاز، ڕێوڕەسمی جێژنی دامەزرانی حیزب بەڕێوەچوو. زۆربەی خەڵکی گوندەکانی ناوچەی ئالان بەشداریان کردبوو. خەڵکی بێتوشێ میوانداری زۆربەی میوان و

بەشداربووەکانیان گرتبووە ئەستۆ. پێشمەرگەکانی زانکۆ دوو نومایشی لە ڕادەبەدەر جوان و هونەریان نیشاندا بەناوی (سزای خەیانەت) و (دادگای ئینقلاب). تا ئەو دەم لە کوردستانی ئێران نومایشی وا جوان سەرکەوتوانە و سەرنج ڕاکێش نیشان نەدرا بوو.

٩٨٣/٨/١٨ چوومە دەفتەری سیاسی بە موهەندیس ئاریام گوت: ((من زۆر نیگەرانی ماڵەوەم. تکایە بە موحسین بڵێ خەبەرێکی ماڵەوەم بۆ لە دەفتەری پاریس وەربگرێ.)) موهەندیس ئاریا ئەو دەم لە جێی موحسینی مرادی، کرابوو بە مودیری دەفتەری سیاسی، لە وەلامدا گوتی: ((کاك کەریم من لێرە میرزا بنوسێکم و هیچی تر. هەموو شت دەبێ دکتۆر خۆی دەستور بدا.)) چوومە لای دکتۆر پێم گوت. بانگی موحسینی ڕەشید زادەی کرد گوتی: ((بە دەفتەری پاریس بڵێ خەبەرێك لە مانگی کاك کەریم وەرگرێ.)) ڕۆژی ٩٨٣/٨/٢٠ خەبەری دڵتەزێنی جنویمان پێگەیشت. لە ناوچەی دیگوڵان و سونقور فەرماندەی هێز کاك ئیقبانگی کەریمی لە گەڵ ١٦ پێشمەرگە شەهید کران.

٩٨٣/٨/٢٤ خەبەری ئیعدامی بە کۆمەڵی ٤٨ ڕۆڵەی نیشتمانپەروەری کورد لە مەهاباد بلاو کرایەوە. لەسەر بارودۆخی بزوتنەوە و سیاسەتی بەرگری نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نوسیبوو، دام بە دکتۆر و بە زمانیش بە درێژی باسم لەگەڵ کرد و بۆچوونی خۆم پێگوت. گوتی زۆر باشە، لە دەفتەری سیاسی باسی لەسەر دەکەین. ئەوەش دەقی نامەکەیە لێرەدا بلاوی دەکەمەوە:

((بەڕێز دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

لەگەڵ سلاوێکی برایانەو هەستکردن بە مەسئولیەتی ئەرکی ئەندامەتی حیزب و مەترسیەکی گەورە کە هەڕەشە لە وەزعی سیاسی و درێژە پێدانی خەباتی

گەلەکەمان دەکات، وای لێکردووم کە هێندێ بیر و ڕای خۆمتان بۆ بخەمە بەرچاو.

لە پێشدا پێم خۆشە ئەوە بڵێم کە لە خەبات و تێکۆشانی ئەمڕۆی حیزب ناهومێد نیم. بەڵام هێندێ کەم و کوڕیم دێنە بەرچاو کە بۆ دواڕۆژی خەباتی درێژخایەنی حیزب بە مەترسییان دەزانم. هەموومان دەزانین کە لەگەڵ دوژمنێکی جنایەتکار و یەک دەندە ڕووبەڕوو بووین، کە بە بێ لەبەر چاو گرتنی هەستی ئینسانی و داب و شوێنی حقوقی و قەزایی نێو نەتەوەیی، دەکوژێ و دەسوتێنێ و دەست لە هیچ جنایەتێك ناگێڕێتەوە. دیارە بەربەرەکانی گەل و پێشمەرگە قارەمانەکانمان جێگای شانازی یە، بەڵام خەباتی دوور و درێژی گەلێکی وەك گەلی کورد پێویستی بە دۆست و پشتیوانی و هاوکاری ستراتیژی و دڵنیایی هەیە. تێزی (بۆ خۆمان و بێ منەت لە خەڵك) دەمێکە ڕەتکراوەتەوە. لە دنیای ئەمڕۆ دا نەتەوەیەك هەرچەندی قارەمان بێ، پێویستی بە دۆستی ڕاستەقینە و یاریدەدەر هەیە.

ئەوەی تا ئێستا حیزب لەم بوارەدا کردوویە، هەنگاوێکی بە جێ یە. بەڵام بە نەزەری من ئەوانە دۆست و یاریدەدەری ستراتیژی نین. تەنیا بۆ کەڵك لێ وەرگرتن دەبن. بە شێوەی کۆنکرێت مەبەستم عێراقە. حکومەتی بەعس دوژمنی سەرەکی بەشێکی نەتەوەکەمانە. ئێمە پێویستە ئەم حیسابەمان لە دەست دابێ.

زۆرجار لە چاپەمەنی حیزبی و لە ئاخافتنەکانی سکرتێری گشتیدا، ولاتانی سۆسیالیستی و بە تایبەت یەکێتی سۆڤیەتی بە دۆست و پشتیوانی خەباتی گەلی کورد ناو براوە. بەڵام بە کردەوە تا ئێستا دیاردەیەك لەم بوارەدا سەری هەڵنەداوە. من پێم وایە حیزبی ئێمە وەك پێویستە بۆ بەجێ گەیاندنی قسە و نوسراوەکانی خۆی تێ نەکۆشاوە. لام وایە تەنیا داواکردنی سەفەری دەستەی نوێنەرایەتی و پێوەندی کەسانی دەرەجە ٢و ٣ بۆ کارێکی ئاوا کافی نیە. من قەت

بیروڕای خۆم لەم بارەوە نەشاردۆتەوە و نایشارمەوە، دۆستایەتی و پشتیوانی سوویتم بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ئەوەندە پێ گرنگە، تەنانەت ئەگەر بە درۆشمی مامۆستا مەلا عەولاش بێ کە دەڵێ: ((ولاتانی سۆسیالیستی تا جنێویان پێ نەدەی یارمەتیت نادەن و ناتناسن.)) هەر پێم باشە و پێویستە هەنگاوی بۆ باوێژرێ.

بە پێویستی دەزانم لەسەر مەسەلەیەکی تر بە ڕاشکاوی بیروڕای خۆم دەر ببڕم ئەویش لام وایە تاك کەوتنەوەی ڕێبەرایەتی حیزبە لە کۆمەلانی خەڵك. وا هەست پێ دەکەم کە برادەرانی دەفتەری سیاسی لایان وایە لەم کوردستان و لەم دنیایەدا هەموو گرێپوچکەیەك و هەموو گیروگرفتێك تەنیا بە دەستی ئەوان دەکرێتەوە. بەبێ فەرمانی ئەوان و بە دەستی ئەوان نەبێ، کوردستانیش ئازاد نابێ، پێ یان هیچە و لەوانەیە نەشیانەوێ. لە کاتێکا دەکرێ بۆ کردنەوەی زۆر گرێپوچکە و بۆ ڕاپەڕاندنی زۆر کاروبار ڕێگای جۆر بەجۆر بدۆزرێتەوە و لە کەسانی لێهاتووی غەیرە حیزبی کەڵك وەربگیرێ. خەڵکێکی زۆری دیکە بێجگە لە دەفتەری سیاسی دڵسۆزی مەسەلەی کوردن و ئاواتیان ئازادی کوردستانە.

حیزبی ئێمە بەرپرسیەکی گەورەی کەوتۆتە سەر شانی، تەنیا بە یارمەتی کۆمەلانی خەڵك و کەڵك وەرگرتن لە بیر و هاوکاری خەڵك دەتوانێ ئەم مەسئولیەتە ئەنجام بدا. بە بۆچوونی من دۆستایەتی و ڕاکێشانی یارمەتی و پشتیوانی ولاتانی سۆسیالیستی ئەوە دێنێ کە حیزبی دیموکرات پتر هەوڵی بۆ بدا.

ئیتر خۆتان دەزانن. سەرکەوتوو بن.

براتان کەریم. ٦٢/٥/٢٧.

هەر لەو سەروبەندە دا بوو بەرنامەی (فیرقەی مستقل دیموکراتی ازربایجان) بۆ دەفتەری سیاسی هاتبوو. بێ تاریخ لە ٢٤ لاپەڕەدا. دکتۆر سەعید بۆی هێنام کە شیبکەمەوە و وتارێکی لەسەر بنووسم. من بێجگە لە نوسینی وتارەکە، وەرگێڕاوەی (مەرامنامە) و کورتەی پێشەکی بەرنامەکەم لە دەفتەری ڕۆژانەم دا یادداشت کرد و لێرەدا بلاوی دەکەمەوە. ڕەنگە بۆ ئاگاداری خوێنەرانی کورد بێ فایدە نەبێ.

((بەرنامەی فیرقەی مستقل دیموکراتی ئازربایجان))

پێشەکیەك لە ژێر سەرخەتی (هێزە دیموکراتیەکانی ئازربایجان) باسی رابردووی هێزەکانی ئازربایجان وەك (مەرکەزی غەیبی) شێخ محەمەدی خیابانی و فیرقە دەکا و نەتیجە دەگرێ کە فیرقە لەبەر ئەوەی کەوتە ژێردەستی حیزبی تودە نەیتوانی ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ. چونکە حیزبی تودە سیاسەتی ئەوی دیاری دەکرد.

باسێك لەسەر کارکردنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکا. باسی دەستکەوتەکانی فیرقەی دیموکرات و ڕاپەڕینی ٢١ی سەرماوەز دەکا.

مەرامنامەی (فیرقەی مستقل دیموکراتی ئازربایجان)

دەست لێدان لە مەرامنامەی ٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی فیرقە.

کۆبوونەوەی تەواوی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران لە بەرەیەکی یەکگرتودا بۆ ئازادی ئێران.

دەبێ کۆماری یەکگرتووی دیموکراتیکی خەڵکی ئێران دابمەزرێ.

فیرقەی دیموکراتی مستقل ئازربایجان.

١- لەسەر بەخۆیی و تەواویەتی عەرزی ئێران دیفاع دەکا.

٢- هەموو داخوازێکی لە چوارچێوەی ئێراندا دەوێ. لە گەڵ هێزە دیموکراتیەکانی ئێران دژی هەموو چەشنە سەرە ڕۆیی و شۆڤێنیزمێك خەبات دەکا.

٣- فیرقە دەیەوێ لە چوارچێوەی ئێرانێکی سەربەخۆو دیموکراتدا، مافی نەتەوایەتی خەڵکی ئازربایجان، ناوچە تورك نشینەکانی بە ئازربایجانەوە نووساون و مافی هەموو میللەتەکانی دیکەی ئێرانیش دابین بکرێ.

٤- فیرقە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەو دەم ئێران دەبێتە ولاتێکی دیموکرات و سەربەخۆ و ئازاد کە هەموو نەتەوەکانی دانیشتووی ئەم ولاتە مافی نەتەوایەتی وەربگرن و (کۆماری دیموکراتی خەڵقی ئێران) پێك بێنن. (بیرلەشمیش دیموکرات خلق ایران جمهوریتی).

٥- فیرقە بەستراوەیی بە سیاسەتی خاریجی ڕەت دەکاتەوە و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئێران بەدەستی ئێرانی ئازاد دەبێ.

٦- ئامانجی نیهایی فیرقە سۆسیالیزمە کە کۆماری دیموکراتی خەڵکی ئێران ڕێگای بۆ دەکاتەوە.

سیاسەتی نێو خۆی ئێران.

١- ناسینی مافی خودموختاری ئابوری و فەرهەنگی و ئیداری گەلانی ئێران لەسەر بناغەی دیموکراتی و چاوەدێری ڕاست و لانەدان لەم سیاسەتە.

٢- لە بەین بردنی سیاسەتی بەستراوەیی و دیکتاتوری و لە بەین بردنی نەخوێندەواری و نەزانی و بەستنی هەموو ڕێگایەك كە سەر بكێشێتە دیكتاتوری ئەركی حكومەتی ناوەندی یە.

٣- ئازادییە دیموكراتیەكان.

٤- پاككردنەوەی دەزگا دەوڵەتیەكان لە ئەفرادی دیكتاتۆرو ڕوحانی و ئەفرادی سەر بە ئیمپریالیزم.

٥- هەڵبژاردنی مەجلیسی شورا- مەجلیسی دیموكراتیكی میللەتەكان و هەموو ئۆرگانەكانی دەوڵەتی بە شێوەی نهێنی و ڕاستەوخۆ.

٦- گۆڕینی ئەرتەش بە ئەرتەشی گەلی.

٧- گۆڕینی تەقسیماتی ئیداری كە لەسەر دەمی پەهلەویدا كرابوو.

٨- تەقسیماتی ئیداری بە گوێرەی خسوسیاتی میللی لە كۆماری یەككرتوی دیموكراتی خەڵقی ئێراندا.

سیاسەتی دەرەوە.

١- و ٢- سیاسەتی بێ لایەنی، ئیحترامی متەقابیل، پشتیوانی لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی و لە خەباتی گەلان بۆ مافی دیاریكردنی چارەنووس.

٣- لایەنگری لە ڕێكخراوە نێونەتەوەییەكان لە ئاشتی و ژیانی بە هێمنی، لە چارەسەر كردنی مەسەلەكانی نێو نەتەوەیی لە ڕێگای وتووێژ و ئاشتییەوە.

٤- ڕێگا دان بە پەنابەرە سیاسیەكان و ئازادیخوازان.

مەسەلەکانی ئیداری، ئابووری، فەرهەنگی و لەش ساخی.

١- سیاسەتی دەرەوە، بەرگری، بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری، ئەرکی حکومەتی ناوەندیە. بێجگە لەو ٣ مەسەلەیە تەواوی کارەکانی دەوڵەتی لە ئازربایجان و ناوچەکانی تورکنشین لە سەلاحیەتی حکومەتی خودموختاری ئازربایجاندایە.

حکومەتی خودموختاری ئازربایجان لە دانانی قانوونی گشتی و هەڵبژاردن و لە ئیدارە کردنی حکومەتی ناوەندیدا بەشدار دەبێ.

٢- لە حکومەتی خودموختاریدا هەموو دەسەلآت بەدەست خەڵکە و بە هۆی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی مەجلیسەوە بە ڕێوەدەچێ.

٣- هەڵبژاردن و هەڵبژێران لە ١٨ ساڵی و ٢١ ساڵی بۆ ژن و پیاو.

٤- تەواوی کارمەندان لە حکومەتی خودموختاردا لە لایەن حکومەتی خودموختارەوە دیاری دەکرێن و هیچ مەعمورێك لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە دیاری ناکرێت.

٥- ئینتیزاماتی داخیلی لە ئازربایجان لە لایەن حکومەتی خودموختارەوە لە خەڵکی مەحەللی دیاری دەکرێن.

٦- زمانی ئازربایجانی (تورکی ئازەری) زمانی ڕەسمی یە.

٧- مافی فەرهەنگی بۆ میللەتەکانی دیکەی ئازربایجان. کورد و ئەرمەنی و ئاسوری.

٨- ئازادییە دیموکراتیەکان.))

لێرەدا تەواو بووە و چیتر لە دەفتەری یادداشتەکانمدا نیە.

ڕۆژی ٩٨٣/٩/١ تێلگرافی خێزانم بۆ هات، تێلگرافەکە بۆ مالّی کاکە شێخەی لە قەڵادزە لێدرابوو. لە تێلگرافەکەدا گوترابوو: ((کەریم، شلێر تەسادوفی کردوە، زوو وەرەوە)) زۆر ناڕەحەت و نیگەران بووم. چوومە کن مەلا عەولاّی کە جێگری سکرتێر و مەسئولی ڕادیۆ بوو، تێلگرافەکەم نیشاندا، گوتم: زۆر نیگەرانم. دەمەوێ سەفەر بکەم و سەرێکی مالّێ بدەمەوە. دکتۆر قاسملو سەفەری کردبوو، دکتۆر سەعیدیش بۆ سەردانی گۆیا رێکخراوەکانی حیزبی ڕووی کردبووە لای مەهاباد. مەلا عەولاّ گوتی: ئیشەلاّ هیچ نیە و ڕەنگە هەر ویستبیان سەریان بدەیەوە. بەلاّم ئەگەر هەر بتەوێ سەفەر بکەی، ئێستا باشترین فرسەتە. کاك هۆمایۆنی ئەردەلاّن لە گەلّ پەلێك پێشمەرگە بۆ سەرپەرشتی کونفرانسەکانی حیزبی پێش کۆنگرەی شەش بۆ شیمال دەچێ. لەگەلّ ئەو سەفەر بکەی باشتر و ئەمینترە. منیش نامەیەك بۆ تەشکیلاتەکان و پێشمەرگە دەنوسم ئەگەر پێویست بوو یارمەتیت بدەن. لەگەلّ برادەرانی دەفتەری سیاسیش قسە دەکەم کە موافەقەت بکەن، بۆ خەرجی ڕێگا ٢٠ هەزار تمەنت بدەینێ. تۆ لە دۆڵی شێخان کاك جەلیل هەر دەبینی. خەبەری دەدەینێ پارەکەی لەوی وەرگرە.))

مەلا عەولاّ نامەیەکی نووسی لێم وەرگرت و قەتیش بەکارم نەهێنا، چونکە لە کوردستان ئەوەندە ناسرابووم کە پێویستم بە نامەی مەلا عەولاّ و کەسیتر نەبێ، بەلاّم دیسان سوپاسی دەکەم. چوومە بێتوشێ، مالّە سەرهەنگ قادری تا خەبەرێکی فەردینی بزانم و یەکیش لە کوڕەکان لەگەلّ خۆم بەرم. لە دوای فەرەیدونی میترانم نارد هات و لەو کاتەشدا خەبەرێکی بە درۆ بلاّو بۆوە کە فەردینی کوڕی سەرهەنگی ئازاد کراوە.

خۆشی ئەو خەبەرە چەند برادەرێکی دیکەش کۆبوونەوە و دەزگایەکی باشی خواردن و خواردنەوەش سازکراو باسی سەفەری منیش کرا بە مەزەی دانیشتن و لێك خڕبوونەوە کە.... سەروان شاهۆ تازە لە سەفەری جنوب گەڕابۆوە، گوتی: ((ماینێکم لە هەورامان کڕیوە بە دوو هەزار تمەنی. تا ئێرە سواری بووم. زین و لغاوی هەیە و سواری بەو بڕۆ. بە پێ یان ناگەیە شیمال. هەرچی کردم پارەی لێ وەرنەگرتم و لە سوپاس بەدەر چیدیم لە دەست نایە پاداشتی بدەمەوە. سواربووم گەڕامەوە بۆ کەمپ. ئەم کتێبانەی خوارەوەم خستنە نێو سندوقێکی فیشەکان و لای برادەرێکم دانان تا دەگەڕێمەوە.

ئەوانە و گەلێك نامیلکە و دەفتەری تر.

بێجگە لەوانە وەرگێڕاوەی کتێبی (ئینجە مەمەد) و (ئوسوڵی سەرەتاییەکانی فەلسەفە) و (نامەی گوللە بارانکراوەکان) و (کورد و فەرهەنگی بێگانە) م بە جیا پێچانەوە و لە لای پۆلاێ نانەوازادەم دانان و ئەسپاردم کە بیاندات بە برادەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و یا بیانێرتەوە بۆ دەفتەری پاریس کە بگەنەوە دەستم. دەبێ یەك دنیا سوپاسی پۆلاً و کاك محەمەدی مەدەنی بکەم کە بەهۆی ئەوانەوە، ئەم پێچراوانەی دواییم پێگەیشتنەوە. هێندی لیباسی کوردی و نوێن و پێخەفم لە مالّی برادەرێکی خەڵکی ناوچە دانان.

سەفەر بەرەو ئەوروپا :

ڕۆژی ٩٨٣/٩/٤ مالاّواییم لە برادەران خواست و چوومە بێتوشێ. ڕۆژی دوایی سەرهەنگ قادری عەلی برازای سازکرد لەگەڵم بێ. بەیانی دوای نان خواردن کەوتینە ڕێ چووینە گوندی شەڵماش. برادەرانی ڕێکخراوی حیزبی زۆر بە گەرمی پێشوازیان لێکردم. مەسەلەی بلاّو بوونەوەی (کورتە باس) ئەندام و ڕێکخراوەکانی

حیزبی ئاڕۆژاند بوو. دەستیان کرد بە پرسیار و باسان لەسەر نێوەڕۆکی ئەم نامیلکە و ئامانجی بڵاو کردنەوەی. لە وەڵام دا هەر ئەوەندەم دەگوت: کە بیخوێننەوە و بیروڕاتان بۆ کۆمیتەی ناوەندی و یا بۆ تەشکیلاتی گشتی بنوسن هەر چەند دەمزانی جوابیان نادەنەوە. دەیانگوت: هەر بیستوومانە چاپکراوە، بۆمان نانێرن بیخوێنینەوە. برادەرێك بە ناوی یوسف لام وایە لە تاراوەکانی سنە بوو هاتە لام و هەرچەند نەمدەناسی هەڵوێستێکی لە ڕادە بەدەر دۆستانە و برایانەی هەبوو، پاشان پێی داگرت دەبێ لە مانگی ئەوان نانی بخۆین. برادەرانی ڕێکخراویشی داوەتکرد و چوینە مانگی ئەو، نانێکی فرە شازیان سازکردبوو. دوای نانخواردن کاك عەلی قادری لەوێ بەجێ ما و منیش دەبوایە ڕێگام درێژە پێ بدەم.

برادەرانی ڕێکخراو دوو پێشمەرگەیان ئامادە کرد و کەوتینە ڕێ. چوونە خوار لە شەڵماشەوە بۆ چۆمی و تێهەڵبوونەوە بۆ (کۆڵەسەی سەروو) ئەم هەوراز و لێژە حەستەمە بۆ نووسەری باش هەوێنی ڕۆمانێکە. لە کۆڵەسە چوویینە بنکەی پێشمەرگە. لەوێ دوو پێشمەرگەی دیکە هاتن کە هەتا (گۆڵە) لە گەڵم بێن. لە بازاڕی نیسکاوێ لاماندا، لە چایخانەیەك چاییمان خواردەوە. کاروانێك سازدەبوو دەچوە (گۆڵە). یەك لە کاروانچیەکان بەناوی (حەسەنی هەمزەی) دەیناسیم هاتە لام و پرسیاری کرد: ((ئەوە چۆنە و بۆ کوێ دەچی؟)) گوتم دەچمە (گۆڵە). گوتی دە خزمەتدام و ئێمەش ئەوە ساز دەبین و دەڕۆین. گوتم جا کەوایە من پێشمەرگەکان دەگێڕمەوە. ئەوان بە پێ یان و ئێمە بە سواری ڕێك ناکەوێ. هەر چەندی پێشمەرگەکان هەوڵیاندا تاگۆڵە بێن، نەمهێشت. ئەوانم گێڕایەوە و لەگەڵ کاروانی قاچاخچیان کەوتینە ڕێ. لە گوندی (هەنداوێ) لە مانگی خاڵی حەسەنی هەمزەی لاماندا، چاییمان خواردەوە و دوای نیوە شەو گەیشتینە (گۆڵە). بەیانی

بە دەنگی بڵند گۆی مزگەوت وەخەبەر هاتم. لە مزگەوت هاواریان دەکرد: ((مالّ و پیاو لە گەلّ ولاّخێك سازبێ و بکەوێتە ڕێ بۆ (زاواکێوی)، بیمارستانی حیزب بگوێزنەوە. کاك سەید حەسەنی هاشمی هاواری ناردبوو بگەنە بیمارستان، خەتەرە و هێرشی دوژمن بەرەو (زاواکێو) دەستی پێکردوە. لەسەر نان و چای بووم، ماموستا و برایمی مام ڕەسوی بەرپرسی شورای گوندی لە گەلّ ئەندامانی شورا هاتنە لام. ٥-٦ کەسیتریش کەیخودای گوندی هاتن. پێم سەیر بوو بەو بەیانیەی چۆن زانیویانە من هاتووەمە گوندی بێگومان خانە خوێکەم شورای ئاگادار کردبوو. برادەرانی شورا داوایان کرد بچینە مزگەوت و بە چەند وتەیەك خەڵك بۆ ناردنی بیمارستان هان بدەم. برادەرانی شورا دەیانگوت خەڵك لە هاوکاری سارده و ڕێکخراوی حیزبیان تاوانبار دەکرد. دیسان لە نێوان فەرمایشتی مەلا عەولاّ کە دەیگوت بەناوی حیزب قسە نەکەم و وێست و داخوازی خەڵك کەوتمە ناکۆکیەوە. بەلاّم من هەمیشە وێستی خەڵکم پێ ڕەواتر و پیرۆزتر بوە لە هەستی خۆپەرستی فەریکە سیاسیان. چووینە مزگەوت و بە گوێرەی زانین و بۆچوونی خۆم بارودۆخی ولاّت و سیاسەتی حیزب و ئەرکی هاونیشتمانانم ڕوون کردەوە و داوام لە خەڵك کرد کە وەدەرەنگی کەوتن لە چوونی بیمارستان کارەساتی بە دوایەوە. ڕۆژی وێستان و خۆ گنخاندن نیە. زۆری پێ نەچوو ٣٢ ولاّخ و زەلام ساز بوون و کەوتنە ڕێ. خەڵك گلەییان لە ڕێکخراو هەبوو، دەیانگوت: ئەم گوندە چوار شەهیدی هەبوون، کەسی ڕێکخراو نەهاتۆتە سەرەخۆشی. پێشمەرگەیەکیش بەناوی (مەجیدی زێڕینێ) تازە شەهید ببوو، مامۆستا فەرمووی ئەگەر بچیە سەرەخۆشی تەسیری زۆر دەبێ. لەگەلّ مامۆستا و برادەرانی شورا چووینە ماڵەکەیان، خەڵکی ئاوایش زۆر هاتبوون. لەسەر فیداکاری پێشمەرگە و ئەرکی خەڵك بەرانبەر بە مالّ

و منداڵی شەهیدان قسەم کرد. دایکی مەجید گوتی ((رەببی بەخێر بێی، تەنیا بۆیە بەداخم کە مەتەرێزی مەجیدی چۆڵ دەبێ، زۆر ئازا و بە غیرەت بوو.))

گلەیی دیکەی خەڵك لە ڕێکخراو ئەوە بوو، دەیانگوت: ((عەولاغا کاتێك (رەبەت) بە دەست حیزبەوە بوو، مااڵ و منداڵی هێنابوە (گۆڵە). کاتێك ئەرتەش رەبەتی گرتەوە، مااڵ و منداڵی بردۆتەوە رەبەت و بە کەیفی خۆی گاڵتە بە حیزب دەکا و کەسیش خۆی تێ ناگەیەنێ. دوای دانیشتن و چاخواردنەوەیەك برادەرێك بەناوی (رەسوڵی هەمزەی) لە گەڵم هات بۆ نەستانێ. لە ڕێگا توشی دکتۆر سەعیدی بووم لەگەڵ خەجیجی مەعزوری لە خۆشکردنی ڕێکخراوەکانی ناوچەی مەهاباد بۆ کۆنگرەی شەش دەگەڕایەوە. کاکەاڵ بە سواری مەیدانێك پێشتر دەهات و ئەوانیش بە پێ یان سەر دەکەوتن. تاوێك ڕاوەستاین و دوایە هەرکەس بە ڕێگای خۆیدا. کە گەیشتینە نەستانێ لە پەنا گوندی یەکێك لە هەیوانێکەوە بە ناو بانگم دەکا. راوەستاین، دیتم برادەری دڵسۆز و مەرد (عەبەی رەسو پیرۆز) بە غاردێتە خوارێ. بردینی بۆ مااڵی حاجی عەولای خزمی. نانێکی باشیان ساز کردبوو دوای نانخواردن و هێندێ قسەی خۆش لەگەڵ عەبە ئەویش لە گەڵم هات بۆ نێو گوندی و چووینە مااڵی ئەحمەد نەستانی. دەبینم رەوان شاد سەید رەسوڵی بابی گەورە لەوێیە چەند پێشمەرگەشی لەگەڵدایە. ئیتر سەفەر لەوە خۆشتر نابێ لەگەڵ سەید رەسوڵی بابی گەورە لە ڕێگادابی. هەم ئازا، هەم قسە خۆش، هەم شارەزا، هەم لە نێو خەڵکدا ناسراو و خۆشەویست. ئێوارێ نانمان خوارد و تاریکە شەو کەوتینەڕێ. بە لاڕێ و جەنگەڵ و هەوراز و لێژێکی ناخۆشدا، بە وریایی لە جادەی مەهاباد – سەردەشت پەڕینەوە شەو چووینە گوندی نەلۆسە، مااڵی مەلا رەحیمی ناسیاری سەید ڕەسوڵ و ئەندامی حیزبی. بەیانی دوای نان و چا، چووینە گوندی

(چوالان) لـه مـالّی مـیرزا عـەولاّ لامانـدا و دوای حەسـانەوه و میوانـداری پیاوانـەی میرزا عەولاّ چووینه بازاڕی جانداران.

لە بازاڕی جانداران:

لەو دەشته پـان و بەرینـه بـازاڕێکی گـەوره و پـڕ لـه خێـوەت و چـادر و دوکـان و چایخانه سازکرابوو. لەگەڵ ئەوەش که کوردستان له هەرتك دیوەوه کەوتبوه بـەو پـەلاماری دوژمنـانی کـورد و بۆمبـارانی شـار و گونـدەکانی کوردسـتان ڕۆژێـك نەدەپسایەوه، بەڵام خەڵك دەستە و ئەژنۆ دانەنیشـتبوو، زۆرشـتی لـه شـارەکانی ئێران وەگیر نەدەکەوت، له بازاڕه دەشتەکیەکانی کوردستان پەیدا دەبوو.

بێجگه له شـتومەکی قاچـاخ لـەو بازاڕانـەدا زۆر جـار قاچـاخی سیاسـی ڕاکـردووی دەسـتی حکومـەتی ئیسـلامی و تاراوەکـانی دەسـتی حیزبـی دیمـوکراتیش دەگیرسانەوه. ئەوێ ڕۆژی چەند برادەرێ سەر به تاقمی حەوت کەسه و تودەیی و دیمـوکرات لـەو بـازاڕه لـێم کۆبوونـەوه و جگـه لـه پرسـیاری سیاسـی داوای ڕێگـا چارەشیان لێ دەکردم. لـه کـاتی وادا کـه مـرۆ هیچـی لـه دەسـت نایـه، لـه داخ و خەفەت بەدەرهیچی بۆ نامێنێتەوه. بەڵێنم به کاك عومەری کوری سەید حەسـەنی هاشمی دا که ئەوەی له توانام دابێ، بۆ خوێندنی له ئەوروپا هەوڵ بـدەم. بـەڵێنی خۆم برده سەر و له یـەکێتی سـۆڤیەتی بورسـی خوێنـدنم بـۆ وەرگـرت، بـەڵام بـه خۆشیەوه زووتر خۆی گەیانده سوید و دامەزرا و خوێندنەکەشی تەواو کرد. دەڵێم به خۆشیەوه. یەکەم سەبارەت به سەید حەسەنی چـونکه کـاتێکی لـه کوردسـتان بووین و عومەر ئاواره بوو، باوکی زۆری به تەنگەوه بوو. جاروبار باسمان دەکـرد. دووەم ئەگەر چوبا سۆڤیەت و لەوێ خوێندنی تەواو کردبایه و ئەگەر ببـا بـه زانـای ئاتۆمیش ئێستا یەکێك دەبوو له بادەرەوەکان و ڕەنگه ڕۆژی هەزار لەعنەتیشی بۆ

دۆزینەوەرانی بیری سۆسیالیسمی زانستی دەنارد و بێگومان منیشی پاشقوڵ نەدەدا. ! ! !

لەگەڵ سەید رەسوڵی بووم و نەدەکرا لە قسەی دەربچم. شەوێ چووینە گاکەش و میوانی مەلا حەسەنی رستگاربووین. شەو لە مانگی مەلاعەولای کە خێزانی و منالەکانی لەوێ بوون، چاوم بە یەک دوو دۆستی بەڕێزی مەهاباد کەوت هاتبوونە گاگەش چاویان بە کوڕەکانیان بکەوێ. هەروەها یەک دوو برادەری ئەندامی کۆمەڵە و دۆستی خۆم چاو پێکەوتن کە یادی شیرین و هەر لەو کاتەدا خەفەتاویشم بۆ ماوەتەوە.

بە خۆشیەوە حەمەدی کاك برایمی لەوێ بوو. هەستم کرد بۆ هەرتکمان دیدارێکی خۆش و بە کەڵك بوو، باسی زۆر شتمان کرد، کە بیروڕامان لە سەری یەکبوو. لە نێو ئەو هەموو کارەسات و بەسەرهاتی کوردستاندا، مەسەلەی سەیر و سەمەرە ونبوونی جوانەگای حیزب بوو. بەشی کۆمەڵایەتی حیزب هێندێ جوانەگای بۆ گۆشتی کڕیبوون و ناردبوونیە کن کاحەمەدی بلەوەڕێن. یەك لە جوانەگایەکان ونببوو. کاحەمەد دەیگوت: ((بیلا هیچ خەتام نیە و لە مەزرایە ونبوە. کاك جەلیلی گادانی دەسەری کردوم کە دەبێ ٤٠ هەزار تمەنی بدەم. ئەوەش پاداشی ژیانی رابردووی من. ! ! ! مضە لە پێکەنین بەدەر دەمتوانی چ بێژم. کاحەمەد گوتی: لە تۆڵەی ئەو پێکەنینە هەستە بچین ماینەکەت بۆ نالکەم.

– نالی چی؟ تۆ کەی نالبەند بووی؟

– لەوەی گەڕێ هەستە. ماینمان بردە حەسارێکی و بە بەخێر هێنان و فەرموو فەرموو لە کاحەمەد وەدەر کەوتن. بە وەستای گوت: ((تکایە ئەو ماینەم وەها بۆ نالێ کە، پاش تۆپینیش نالەکانی لێ نەکرێنەوە.)) ماینیان نالکرد و هیچ

پارەشیان لە من وەرنەگرت. بێگومان لەسەر کاحەمەدیان حیساب کردوە. چووینە گوندی هەرمێ، میوانی برایماغای تێگەیشتوو و نیشتمانپەروەر بووین. برادەرانی رێکخراوی مەهاباد هاتنە لام و پێکەوە چووینە گوندی (لمونجێ) و میوانی سەید رەسوڵی بووین. سەید رەسوو مامۆستا ئەم گوندە. خانوێکی خۆشی دروست کردبوو. لەوەش گرنگتر ناردبووی چیمەنتۆی هێنابوو حەوز و ئاودەستی خاوێن و نمونەی بۆ ژن و پیاوان لەم کوێرە گوندەی مەنگوڕان ساز کردبوو. لەوێوە چووینە دەفتەری سیاسی ژمارە ٢ کاک جەلیلی گادانی بەسەری رادەگەیشت و خەریکی بارکردنیش بوون بۆ دۆڵی شێخان. کاک جەلیل گوتی: ((دەفتەری سیاسی خەبەریان داوە کە لەگەڵ خەرجی سەفەری کاک کەریم موافقین. ئێستا ئەوە خەریکی خۆ کۆ کردنەوەین و سبەینێ پارەکەت تەقدیم دەکەم. ئێمەچوینە گوندی چۆمان مامۆ سەید قادری خزمی سەید رەسوڵی. سبەی کاک جەلیل گوتی: ((زۆر سەیرە. دکتۆر سەعید چۆتەوە. خەبەریان داوە کە کاک کەریم سەفەری شەخسی دەکا، حیزب خەرجی رێگای ناداتێ.)) گوتم خۆ زۆربەی ئەندامانی دەفتەر بڕیاری پێشوویان داوە و بە تۆشیان راگەیاندوە.)) کاک جەلیل هەر ئەوەندەی وەلأم هەبوو کە بڵێ: جا چت عەرز کەم.

ڕۆژی ٩٨٣/٩/١٣ فڕۆکەکانی حکومەتی عێراق گوندەکانی بەردە قەل و بەردکەمران و کۆنە لاجانیان بۆمباران کرد و ٢٢ کەسی بێ تاوان و زەحمەتکێشیان شەهید کرد. ئەو گوندانە چ پێکەی ئەرتەشی و ئۆردووی ئێرانیان لێ نەبوو. ڕۆژی ٩٨٣/٩/١٤ چومە (نێلأن) چادری سەید تەهای بۆ سەید رەسوڵی. لەوێوە نامەم نارد بۆ برادەرێکی خەڵکی خەڵیفەلیان کە بچێ لە گوندی دورگە خوشکم و خوارزایەکم بێنێتە دۆڵی شێخان. ڕۆژی دوایی خوشکم و خوارزام بە ماشێن گەیشتنە مالە سەید تەهای. سێ ڕۆژان لەوێ مامەوە. میوانداری و

جوامێری سەید تەها و جوانی ئەم دۆڵ و مەڵبەندە لە نوسین نایە. بەتایبەت لەم شوێنە خۆشە و لەم ماڵە ئاوەدانە کاك عومەری بابامیریشت بێتە لاو لە قسەی خۆش و ئەزموون و بۆچوونی ئەو کەڵك وەرگری. کاك عومەر لە دەفتەری ژمارە ٢ بوو. لوتفی کرد و هاتە لام و تا سەفەرم کرد لە خزمەتی دا بووم. لە بارەی قسەی خۆش و نەستەق و هەڵپشتنی داخو دەردی کاك عومەر لە کەم و کوڕی کار و باری سیاسی و ئیداری حیزب هیچم بۆ نانوسرێ. کاك ئەمیری قازیش لەوێ هاتە لام. کاك ئەمیر وەك جاران ناڕازی و بە گلەیی بوو. مەسەلەی مانەوەی خۆی لە حیزب و ڕێگا چارەی دیکەی باسکرد و داوای بیروڕای لێکردم. وەك لە بیرم بێ هەر ئەوەندەم گوت: ((لام واباشە تا کۆنگرە بمێنیەوە. منیش دەگەڕێمەوە بزانین چۆن دەبێ.))

ڕۆژی ٩٨٣/٩/١٥ کاك هۆمایۆنی ئەردەڵان هات و هاو سەفەر یەکمان گرتەوە. خوشکم و خوارزام بەڕێکردەوە و لە گەڵ کاك هۆمایۆن بەرەو کێلێ بنکەی تەشکیلاتی نەغەدە کەوتینە ڕێ. لە کانی زەرد لە ماڵی حاجی سەید عەولای بابی سەید ڕەسوڵی لاماندا. نانێکی باشیان ئامادە کرد. بلوزێکی مەرەزی دەستچنی زۆرگەرم و جوانیان دامێ. لە سەرەوەی کانی زەردی بیمارستانی حیزب ساز کرابوو. پێم خۆشبوو لابدەم و سەرێکی دکتۆر و برێندارەکان بدەم. بیمارستان لەم کەژ و چیا هەڵەموتە، لە سایەی دکتۆر مرادی قادری و هاوکارەکانی ئەوەندە خاوێن و ڕێکو پێك بوو، لە شارانیش شوێنی وا کەم هەبوو. هەوەڵجار بوو دکتۆر مرادم دەبینی. هەر لەو ماوە کورتە و لە چەند پرسیار و وەڵامدا، هەر وەك برێندار و نەخۆشەکانیش باسیان دەکرد، دیاربوو دکتۆر مراد نمونەی ئینسانێکی شەریف و دڵسۆز و خزمەتکارێکی نیشتمانپەروەری تەواو عەیاربوە. بەداخەوە دوایە بیستم کە ئەویش وڵاتی بەجێ هێشتوە و ئاوارەی هەندەران بوە. لەگەڵ کاك هۆمایۆن

چەند رۆژ لە تەشکیلاتی نەغەدە ماینەوە، تا پێشمەرگەیان بۆ ئامادە کرد. ئێمە لەوێ بووین خەبەری هێرشی ئەرتەش و پاسداران بۆ مێشەدێ و پشتی قروچاوێ هات و دەبوایە بیمارستان بگوێزینەوە. دوژمن لە رێگای باگردان و زێوە و میرەسێ و دێبوکرەوە پەلاماری دەست پێکردبوو. دەفتەری ژمارە ٢ی کاك جەلیلی تێلگرافی بۆ تەشکیلاتی نەغەدە ناردبوو، پێشمەرگەیان بۆ بنێرن، لە مەترسیدان.

بەرەو شیمال لە گەڵ کاك هۆمایۆنی ئەردەلآن:

رۆژی ٩٨٣/٩/٢٠ کەوتینە رێ و چووینە بابەکراوێ، دەبوایە بچینە ئەحمەد غەریب بنکەی پێشمەرگەی لێ بوو، قەرار بوو لەوێوە پێشمەرگەی سەفەری کاك هۆمایۆن ئامادە بکرێن. لە ئەحمەد غەریب کاك ئەحمەدی عەزیزی فەرماندەی هێز نانێکی باشی داینێ و پەلێکی پێشمەرگەی قۆچاخ و بەکار ئامادە کرد. پاشان دوو کوپی گەنجی ژیری جیا کردنەوە و بانگی منی کرد و بە کوڕەکانی گوت: ((ئێوە تایبەت لە گەڵ کاك کەریم دەچن، تا ئەو شوێنەی ئەو مەرەخەستتان دەکا، ئێستا هەمووتان پێکەوە دەڕۆن، بەڵآم ئێوە لەبەر دەستی کاك کەریمی دان.)) لە هەمووی دژوارتر چوار مامۆستای شۆڕش بوون کە کاك جەلیل بە بارێك کتێبی دەرسی کوردی دەیناردن بۆ شیمال منداڵی شکاکان فێرە سۆرانی بکەن.!! جارێ بارگینێکی خوێڕیان دابوونێ کە بۆ ئەم رێگە دوورە، بار هەڵگرێکی تەواو نەبوو. مامۆستاکانیش سەریان لە بارکردن و بارهەڵبەستن دەرنەدەچوو. بەدەست بارگین و بارەوە ببوونە مەسخەرە، پێشمەرگەش هێندەیان ئاوڕ وێ نەدەدان. دوای نانخواردن کەوتینە رێ. بە قەتپاڵی رووبەڕووی (لگبن)دا کە پاسگەی ئەرتەش و پاسدارانی لێ بوو، تێپەڕین و بە لاڕێدا لە جادەی مەهاباد – پەسوێ پەڕینەوە گەیشتینە مەزرای (دەشتی قوڕێ)، هێندێ چادر هەڵیان دابوو لاماندا،

چادری (رەسوی حاجی عەولاّی) بوو. بەم شەوە و لـەم بارودۆخـە مەترسـیدارە دا بۆ چما چ پێشوازیەکیان لێکردین. گورج نانو چایان سـازکرد. پورئەسـتی دەسـتی کرد بە توك و دوعایان لە خومەینی و جاروباریش ترسێکی دەدرکانـد و دەیگەیانـد کـە مانـەوەمان بـە رۆژ لـەوێ خەتـەرە. دوای حەسـانەوە کەوتینـە رێ و شـەو لـە چیاکانی پشتی شاوەلّی ماینەوە. بەیانی داکشاینە خوارێ بـۆ دۆلّـی (بابەسـەنی)، دەبوایە تا ئێوارێ لەم دۆلّە قولّ و نـەدیوەدا بمێنینـەوە. لەسـەر کانیـەکی و لـەبن بەردان قۆناخمان بۆ گرت. لای چێشـتانێ شـوانی گونـدی خـەلّیفان و میهمانداری مەڕیان هێنا سەر چێشتەنگاوێ. لە شـوانەکانم پرسـی: مـەڕی کـێ یـە و چـادر لـە کوێن؟ گوتیان چادری (مارفی ئەمەر ئاغایە) و لەو دیوی ئەم بسـتوە هەلّمانـداوە. گوتم یەکتان بچنەوە چادران و بەکاك مارفی بلّێن: کەریمی حسـامی لەگـەلّ پـەلێك پێشمەرگە لەسەر کانین. نان و پێخۆر و قەند و چامان بۆ بنێرێ و هێندێکیش جـۆ بۆ ماینەکەم بێنن.

یەك لە شوانەکان کەری وەپێش خـۆدا و ئـەویتریان ئـاگری کـردەوە و چـای لێنـا، کاك هۆمایۆن گـوتی: ((خـاوەنی ئـەو چـادر و مـەڕە دەناسـی و جێگـای بڕوایـە وا شوانت نارەوە؟))

گوتم: ((دۆستی قەدیمە و زۆر پیاو مـەردە و چـاکی دەناسـم و جێگـای بڕوایـە.)) زۆری پێنەچـوو شـوان بـە باریـك نـان و چێشـت و پێخـۆر و جـۆوە هاتـەوە و کۆلّێکیشی سلاّو هێنابوو. کاك هۆمایۆن زۆری پێخۆشبوو، دوای خواردنێکی تێـر و تەسەل تا لای ئێوارێ لێی نوستین. نان و پێخـۆرێکی زۆرمـان بـۆ رێگـا هـەلّگرت و بەرەو (گەلّوان) شۆڕ بووینەوە.

تاریك داهاتبوو لـە پشـتی گـەلّوانێ پەڕینـەوە. تاریـك و ڕوونـی بـەیانی گەیشـتینە پشتی (حـەلّبێ)، شـوانی یونسـلیان لـەوێ بـوون. گـورج چـایان بـۆ سـاز کـردین.

پێشمەرگەیەکمان لەگەڵ بوو بە ناوی سەلاح، شوانێکی ناردەوە گوندی مالّی خۆیان کە نان و چێشت و جۆش بۆ ولاخەکان بێنێ. زۆری پێنەچوو دایکی سەلاحی بە نان و جۆ و چێشتەوە گەیشتە لامان. بە دوعا و پاڕانەوە لەبەر خودا و نان حازر کردن، هیچی تێدا نەهێشتەوە. سەعاتی چواری ئێوارێ بە هەورازی پشتی کانی سپیدا وە چیای کەوتین. بەلاّم تا لەو هەورازە سەرکەوتین، بارگین و بارە کتێب زمانیان پێ کێشاین. من لە ڕێگا لە گەڵ کاك هۆمایون نۆرەم دەکرد و نێوە نێوە سوارم دەکرد و خۆم بە پێ یان دەڕۆیشتم. شەو لە گوندی (چەپان) لە مالّی حاجی محەمەدی لاماندا، دوای خواردن و حەسانەوە کەوتینە ڕێ. لە گوندی (تەرسە بلاغ) پێشمەرگە جادەی ورمێ – شنۆ یان خستە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵ، تا هەموو پەڕینەوە بەلاڕێدا، هیلاك و شەکەت و ماندوو، سەعاتی چواری بەیانی گەیشتینە گوندی (دۆستەك) و چوینە مالّی (حاجی عەزۆ) ئاغای گوندی. تەواو دانەنیشتبووین، محەمەدی عەلی کوری حاجی دەستی پێکرد و گوتی: ((ئێرە گەلێك جێگایەکی بەترسە. پاکسازی نەکراوە. هەموو سەعاتان بە شەو و ڕۆژ لەوانەیە پاسدار بگەنە ئێرە.)) کاك هۆمایۆن گوتی: ((کاك کەریم چ بکەین. هەر چەند پێشمەرگە هیلاك و ماندوون، بەلاّم باشترە بڕۆین.))

بە کابرام گوت: ((تۆ لە جیاتی بە خێر هێنان و ساز کردنی نان و چایەك، جاری باسی پاسدارمان بۆ دەکەی. بە گۆڕی بابی پاسدارانەوە. تا هەموو گوندی ئاگر نەدەن لێرە دەرناکەوین. تۆش بڕۆ نان و چایەك بۆ پێشمەرگان بێنە، دوایە قسەی لێ دەکەین... پێشمەرگە کێشکیان دانا، محەمەد عەلی سەماوەری هێنا، نان و چاییمان خوارد و لێی نوستین. باش بوو نەختێ حەسابوویەوە، دەوری سەعات نۆی بەیانی لە گوندی وەدەر کەوتین. محەمەد عەلیمان برد ڕێگامان پێ نیشاندا، تا سەعاتی ۱۲ لە چیایەکی وشکانی و بێ ئاو دەسوڕاینەوە و ئەویشمان هەر لە

گەڵ بوو. تا توشی کانیاوێکی سارد بووین، لە سەر کانی دانیشتین و محەمەد عەلیمان ئیزندا ڕۆیشتەوە، ئێمەش کەوتینە ڕێ چووینە گوندی (دەشتەك). لە پەنا گوندی خەرمانی نۆکان هەڵدرابۆوە و خەڵکی ئاوایی هەمووی لە نێو خەرمانان بوون. تەراکتۆریان سازکردن، پێشمەرگە سواربوون و ئێوارێ چووینە گوندی کانی سپی و میوانی حاجی مەجیدی بووین. کادری ناوچە پەیدا بوون پێشمەرگەیان دابەش کردن. ڕۆژی دوایی تراکتۆریان پەیدا کردن چوینە گوندی (نارەلی) و لەوێوە شەو چووینە گوندی (چەرەش)، لەوێ دابەشیان کردین، من و دوو مامۆستای شۆڕش کەوتینە مالّی (مستەفا شێتی)، لام وایە هەموو کوردستان گەڕابین، لەو کابرایە خوێڕی تر و مرچ و مۆنترمان نەدەدۆزیەوە. ڕۆژی ٩٨٣/٩/٢٥ دوای نیوە ڕۆ بەرەو مەندەدۆڵ کەوتینە ڕێ. ئێوارێ لە مەندەدۆڵ نانمان خوارد و بڕیاریاندا شەو بڕۆین بۆ کانی سپی. ڕێگایەکی لاڕێ و ناخۆش و لە دۆڵێکدا تووشی گوندێکی چوار مالّی بووین بەناوی (ناسراوا). لە دەرگایەك وەزعی ڕێگا و بانمان پرسی. خاوەن مالّ وەدەر کەوت و پێی داگرت دەبێ لابدەن و بحەسێنەوە. دراوسێکەشی هات، ٥–٦ پێشمەرگەی لەگەڵ خۆی برد و بەو نیوە شەوە میوانداریەکی پیاوانەیان کرد.... ڕۆیشتین لای بەیانی گەیشتینە کانی سپی و چووینە مزگەوت. بەیانی دوو برادەری کادری تەرگەوەڕ هاتنە لامان و پێشمەرگەیان دابەشکردن و من کەوتمە مالّی (حەمەدەمینی عەزۆ)ی. مالّێکی سەرئاواڵە و ڕووخۆش و پیاوێکی جوامێر و نیشتمانپەروەر و مالّێکی شارستانی لەم تەرگەوەڕە. هەر دوای قاوەڵتی حەمامێکی خاوێنیان ئامادە کرد، خۆم شوشت و لێی نوستم. کە هەستام گوتیان کێت دۆستە بنێرە بۆ فراوین بێتە ئێرە. ناردم کاك هۆمایۆن و برادەرێکی دیکە هاتن. کە چووم سەری ماینەکە بدەم، دیتم بە مشە ئاخوڕەکەیان ڕەکردوە لە وێنجە و جۆ. دەبوایە خۆمان بۆ ڕۆیشتن ئامادە

بکەین. پێویستمان بە چاوساخێکی شارەزا هەبوو، چونکە پاسدار پێگەیان هێنابوە خوارەوەی (ئەمبی) و ڕێگایان گرتبوو. کاك هۆمایۆن چوە دەرێ کە پێشمەرگە کۆبنەوە و بڕۆین. دوای تاوێك لە دوای نارادم. کادرەکانی ناوچە دەیانگوت کەسی شارەزامان وەگیر ناکەوێ. تەنیا یەکی شارەزا هەیە، بەڵام ئەندامی حیزب نیە و تێی ڕانابینین داوای لێ بکەین. گوتم بچن بانگی بکەن. برادەر هات. گوتم: ((براگیان ئێمە دەبێ بڕۆین. خۆ ناکرێ بە ڕۆژ ئاوا لە پەنا ورمێ بمێنینەوە. جا یا دەبێ دەربازمان بکەی، یا ڕێگایەکی دیکەمان بۆ بدۆزەوە.))

کابرا بێ سێ و دوو گوتی: ((چی تێدانیە. تەنیا با بچمەوە دارەدستێك هەڵگرم و بڕۆین.)) کاك هۆمایۆن تا لێك جیا بووینەوە هەر دەیگوت: ((سەرم لەوە دەرنەچوو کە بۆچی کادرەکان دەیانگوت ئەو کابرایە نایە؟)) کەوتینە ڕێ. بە شوێنی ئەوتۆ دا دەڕۆیشتین کە زەلامی پێدا نەڕۆیبوو. لە خوارەوەی ئەمبێ بە نێزیك پێگەی پاسدارانداو پەرینەوە. نورئەفگەنیان لە دەوروبەری خۆیان دەگرت. گەیشتینە (ئەمبێ)، ئەم گوندە ئاوەدان و خۆشە کە سەفەری پێشوو لێمان لادابوو، سووتێنرابوو، لە زۆر شوێن دووکەڵ هەڵدەستا. بە دۆڵێکی پشتی ئەمبێ دا سەرکەوتین و برادەری چاوساخ گەڕایەوە. هەرچەندی کاك هۆمایۆن ویستی دراوێکی بداتێ وەری نەگرت. بەیانی تاوەهەڵات گەیشتینە گوندی (کەڵەکانی) خەڵکی گوندی زۆر پیاوانە پێشوازیان لێ کردین و بردیانین لە چەند مالآن نان و چایان ساز کرد و دوای حەسانەوە، ڕۆژی ۹۸۳/۹/۲۷ چووینە گوندی (بانی) کە بنکەی هێز لەوێ بوو.

جیا بوونەوە لە کاك هۆمایۆنی ئەردەلآن:

ئیتر من لە کاك هۆمایۆن و برادەرانی پێشمەرگە و مامۆستاکان جیا بوومەوە. دەڵێن سەفەر مەحەکە. لەم سەفەرەدا کاك هۆمایۆنی ئەردەڵانم زۆر باش ناسی. کاك هۆمایۆن لە دەفتەر پیاوێکی بێدەنگ و لەسەر خۆ و کەم دوێ خۆی دەنواند و هەر وەك پیاوێکی بێ لایەن و بێ ئاگا دەهاتە بەرچاو. لە رێگا لە ڕادەبەدەر حەزی لە باسی سیاسی بوو، دایم پرسیار و موناقەشەی دەکرد. ئەدەبیاتی مارکسی خوێندبۆوە و لە بواری فەلسەفەی ماتریالیستی و مارکسیدا بیروڕای جوان و شارەزایانەی دەردەبڕی. باسەکانی سەرنجی ڕاکێشام و گوتم: ((کاك هۆمایۆن تۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، بۆچی لەم باسانەی شەوی دووشەمۆیان لە دەفتەردا بەشداری ناکەی؟.))

گوتی: ((کاك کەریم لەم حیزبەدا بێدەنگی لە هەموو شت باشترە)) مالاّواییم لە برادەران کرد و پێشمەرگەکانی بنکەی (بانی) هێندێ پارەیان بۆ گۆڕیمەوە و دوای نیوەڕۆ لە گەڵ پێشمەرگەیەك چومە (ئەربیلان) بنکەی تەشکیلاتی ورمێ لەوێ بوو. عەولاّی عیزەت پور کرابوە بەرپرسی تەشکیلات. سەرم لە کاروباری ئەم دنیایە و ئەم حیزبە سوڕما کە چۆن خەڵك لەم حیزبە دیموکراتە دا بە غار بە پلیکاناندا سەردەکەوێ و دەگاتە سەرو مەسئولیەتی وا گەورەی پێ دەسپێرن. کابرای چریکی چەپی خوار لە گەڵ چریکان لە دەست حکومەتی ئیسلامی خۆ دەربازدەکا و دەگاتە کوردستان، بەو مەرجەی خزمی سکرتێری حیزب بێ و کوردیش نەزانێ، بە سالێك دەکرێتە بەرپرسی تەشکیلاتی ورمێ، یەکێ لە گرنگترین ناوچەکانی کوردستانی ئێران. لێرەدایە کە دەگوترێ کاری خودای بۆ دەست لێدان نابێ. ! !

چوومە مالّی عەولاّی عیزەت پور بەرپرسی تەشکیلات. مالّەکەی پڕ بوو لە چریکی ڕاکردوو. لەگەڵ یەك لە میوانەکانی باسی رێکخراوەکانی ئێرانیان دەکرد، هاتنە

سەر حیزبی دیموکرات. بەرپرسی تەشکیلاتی حیزبی دەیگوت: ((حیزبی دیموکراٌت حیزبێکی پیتی بۆرژوایە)) نانمان لە وێ خوارد و بۆ نوستن چومە مالّی بارامی. شەو خەلیل و سولەیمان و کادرەکانی ئەندامی کۆمیتەی شارستان لێم وەکۆ بوون و نەیانهێشت بنووم. نامەیەکی چوار لاپەڕەیان نوسیبوو گازندە و سکالاٌ لە دەست بێ سەرە و بەرەیی و فەرماندەی هێز و پێشمەرگەی بەرەلاٌ و نابەسامانی کاروباری حیزبی، دایان بە من کە لە رێگای دەفتەری پاریسەوە بۆ دەفتەری سیاسی بنێرم. دەیانگوت دوو نامەی دیکەمان نوسیوە، دەفتەر جواب ناداتەوە. لە ئەربیلان ماینەکەم بە ٣ هەزار تمەنی بە مرادی دروی فرۆشت. پارەکەم کرد بە لیرەی تورکی و شەوی دوایە لە مالّی کابرایەکی خەلّکی ئەربیلان نوستم و بۆ بەیانی لە گەلّ خەلیل و سولەیمانی چووینە گوندی (ئاوك)، لەوێ تەماشای جانتای دەستیم کرد دەرکەوت بەیانی تا چووینە سەر ئاوێ بەجێم هێشتبوو، ٢٠ هەزار لیرەیان لێ دەرهێنابوو. دەمانچە و لیباسە کوردییەکانم لە کن ..... بەجێ هێشت و رەسیدێکم لێ وەرگرت کە تەنیا بیانداتەوە بە خۆم.

مالاّوایی له برادەرانی حیزبی و له نیشتمان:

برادەرانی تەشکیلات کە لەگەلّ من هاتبوونە (ئاوك) رۆژی ۹۸۳/۱۰/۱ دوو لاوی قۆچاخیان بەناوی (تەتەر و میرۆ) ئامادە کرد و سەر لە ئێوارێ کەوتینە رێ بۆ گوندی (ئێللی) یا (کاولەگوند) لە کوردستانی تورکیا بۆ مالّی عیرفانی. ئەسپاردیان عیرفان بمگەیەنێتە گەوەڕ. بە تاریکە شەو بە ڕشد و هەلّدێرێکدا دەڕۆیشتین. بزنیشی پێ هەلّنەدەگەڕا. نیوە شەو گەیشتینە (کاولە گوند) تەتەر و میرۆ هەر بەو شەوە گەڕانەوە، منیش لە مالّی عیرفان مامەوە. عیرفان لە مالّ نەبوو، دەبوایە چاوەڕوانی هاتنەوەی ئەو بم. مالّێکی دەولّەمەند و یەك دوو کوڕ و بۆ هەبوون، دیاربوو لە تێگەیشتن و سیاسەت دوور بوون تەنیا لە باس و مەسەلەی قاچاخچی و پەز و عەجەمی راکردوو کە ناویان نابوون (تروسکە) شارەزاییان هەبوو. کاولە گوند وا دیابوو گوندی ئەرمەنیان بوە. کلێسایەکی جوان و مودێرن لە پشت گوندی دروست کرابوو، بەلاّم مالّە عیرفانی پەنجەرەکانیان بە قوڕ و بەرد گرتبوو، کردبوویانە هۆلّی حەیوانان و پڕ بوو لە پەین و کشپەلّی مەڕ. گوندێکی پڕ لە دارستان و شینایی و ئاو. دارچنار هەلّچووبوون و لەگەلّ لوتکەی چیا پێش بڕکێ یان بوو. لە دۆلّی پەنا گوندی دارە گوێز سەریان پێکەوە نابوو گوێزی کاغەزی بە دەستی دەشکان. چاوەڕوان بووم عیرفان بێتەوە. ڕۆژانە دەچوومە نێو دارە گوێزان و خەریکی گوێز خواردن دەبووم. عیرفان هاتەوە. پێم وابوو لە باری سیاسیەوە پێوەندی لەگەلّ برادەرانی تەشکیلاتی ورمێ هەیە. پاشان بۆم دەرکەوت کە تەنیا پێوەندی بەرێکردنی قاچاخ و عەجەمی ڕاکردوە بۆ تورکیا. برادەرانی تەشکیلات عەجەمی ڕاکردوویان ناردوونە کن عیرفان و ئەویش گەیاندونیە وان و یا گەوەڕ. چەندیان پارە ئەستاندوە و چۆنیان بەشکردووە، هەر خۆیان دەیانزانی.

عیرفان ناردی لە گوندی (شایی) کەمالّی کوڕی حاجی سیرتۆ هات. دوو ولاّخیان ساز کردن و کەمالّ و کوڕێکی دیکەی منداڵکار سواربوون و کەوتینە ڕێ. سەعاتی دەی شەو گەیشتینە گوندی (خۆرەکان). لە دەرەوەی گوندی وێستاین، کەمالّ کوڕەکەی نارد مالّی حاجی بەسەر کاتەوە کە قەرار بوو بچینە وێندەرێ. هێندەی پێ نەچوو، گەڕایەوە هەتیوێکی قۆشمەی وشتی لەگەلّ خۆ هێنابوو، هەر گەیشتنێ و هەتیو دەستی منی گرت و بە فارسی دەستی پێکرد (بیا.... بیا.... زود... زود) دیار بوو هەتیو لە ڕاکردوی ئێرانی فێری چەند وشەی فارسی ببوو. گوتم هەتیو من کوردم ئەو بیا بیایەت لە چی یە؟

چوینە مالّی حاجی. خاوەن مالّ ئەو ڕۆژە بە ملی شکاوی لە حەجێ هاتبۆوە. ژوورێکیان بۆ میوانان و ئەوانەی بە حاجیەوە دێن فەڕش کردبوو. مالّێکی دەولّەمەندی قەوغا و پڕ لە فەڕشی ئێرانی. بەیانی چووینە مزگەوت و دیسان جانتای دەستم لە ژوورەکە بەجێ هێشت. نان و چاییمان خوارد. کەمالّ و هەتیوی حاجی تاکسی یەکیان بانگ کرد بە ٣٠٠ لیرە بمباتە گەوەڕ. حاجی جانتای کردەوە و دەسرۆکێکی حیزی هێنادەرێ و گوتی: ((ئەوە سوقاتی حەجێ یە بۆ تە)) گەیشتمە گەوەڕ ئوتوبوس بۆ ئەستەمبول ئامادە بوو، بێ وێستان سوار بووم. لە شاری وەدەر کەوتبووین، تەماشای کیفی دەستیم کرد، دیتم مالّی حاجی دەستی خۆیان وەشاندوە. حاجی مەلا مستەفای مەحمەشەی چەرخێکی سیغاری بە سەعاتی لە رادەبەدەر جوان و نایابی لە حەجێ بۆ هێنابووم. شتێکی عەنتیکە و شازبوو. رامگرتبوو بۆ کەمالّی کوڕم. ئەو بەیانەی چووبوومە مزگەوت، هەتیوی حاجی و یا کچەکانی چەرخیان دەرهێنابوو. تازە هیچ نەدەکرا، زۆر لە گەوەڕ دوور کەوتبووینەوە و گەڕانەوەم دژوار بوو.

ئوتۆبۆس ڕێگای خۆی درێژە پێدا و دوای ٣٢ سەعات گەیشتمە ئەستەمبول. شەو چوومە هوتیل تارانی جاران. هیلاك بووم، زوو نوستم. نیوە شەو شاگرد هوتێل هات داوای پاسپۆرتی کرد، گوتی پۆلیس هاتووە چاو لە پاسپۆرتان دەکا. پاسپۆرتم دایە، بەڵام تا بەیانی خەوم لێ نەکەوتەوە. بەیانی ڕابووم چوومە خوار بزانم چیاسە. داوای پاسپۆرتەکەم کرد، وەرمگرتەوە دیتم مەسەلەیەك نیە. چوومەوە سەرێ خەریکی حەمام و ڕیشتاشین بووم، عەولای بۆ حاجی خاوەن هوتێل هات و گوتی: ((دکتۆر شیرازی لە خوارێ یە، دەیەوێ بتبینێ.))

واقم وڕما، دکتۆر شیرازی بۆ لێرەیە؟ چۆن بەو شەوە زانیویە من لێرەم؟ چکاری بە منە؟ گوتم ئەو چوزانی من لێرەم، من ناوێکی دیکەم هەیە؟ گوتی من پێم گوتوە. چار نەما چوومە خوارێ. ئاغای دکتۆر وێستابوو. بەخێرهاتن و چاك و خۆشی. دکتۆر دەستی کرد بە گازندە کە حیزب خۆ دەکەس ناگەیەنێ و لەو قسانە کە کەسانی وەك دکتۆری دەزانن کەنگێ دەبێ بیانکەن. گوتم: ((چت عەرزکەم. حیزب ئەوە لە کوردستانە و منیش لە سەفەردام.)) دیدارەکەمان لەوە تێ نەپەڕی. من لە ئەستەمبولێ گیر نەبووم. بلیتی ئوتوبوسم کڕی و دوای نیوەڕۆ سوار بووم، ڕۆژی ٩٨٣/١٠/٧ گەیشتمەوە سۆفیا و بە دیداری دایکی کەمال و منداڵەکان شاد بووم.

جارێکی تر لە ئەورووپا:

ڕۆژی ٩٨٣/١٠/٩ نامەی برادەرانی تەشکیلاتی ورمێم بۆ دەفتەری سیاسی پاریس نارد و بۆم نوسین کە بۆ دەفتەری سیاسی بنێرن. ڕۆژی ٩٨٣/١٠/٢٣ کاك جەمال ڕەشید وەك هەواڵدەری ڕۆژنامەی (مانیفێستی) ئیتالی هاتە لام و داوای کرد وەلامی هێندێ پرسیاری بدەمەوە کە بۆ ڕۆژنامەکەی دەنێرێ، ناوبراو وەرگێڕاوەی

وتوویژی کاك یوسفی ئەردەلانی دامێ کە وەك نوێنەری کۆمەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەی ناوبراوی کردبوو. کاك جەماڵ هێندێ پرسیاری ئامادە کردبوون، وەڵامەکانم بۆ نوسیەوە.

ڕۆژی ٩٨٣/١١/١٤ بە تەلەفۆن لەگەڵ کاك مستەفای شەڵماشی قسەم کرد کە تازە هاتبوە پاریس و ببوە نوێنەری حیزبو مەسئوڵی ڕێکخراوی ئەوروپا. دکتۆر قاسملو کردبوویە باو هەر شەش مانگ جارێك یەك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی دەنارد پاریس و دەیکردە نوێنەرێکی بێ دەسەڵات و زمانیشی دەبەستن. بڕادەری کە دەچووە پاریس، نە زمانی دەزانی، نە شارەزایی هەبوو، نە شەخسیەتێکی ناسراو و نێو بەدەرەوە بوو، بە شەش مانگ تەنانەت شەقامەکانی پاریسیش شارەزا نەدەبوو. بەڵام بۆ دمچەور کردن دەبوایە لەسەر حیسابی خەرجێکی زۆر بداتەوە بە حیسابداری حیزبی. ئەوەی من ئاگادار بووم یەك لەو نوێنەرە بێ دەسەڵاتانە چووبوو ١٤٠ هەزار فرانکی لە هەقی فێربوونی زمانی فەرەنسی دابوو، جارێکی دیکەش نەچۆوە پاریس کە بە کاری بێت. کاك عەزیزی مامڵێ کە بە مااڵ و منداڵەوە ناردبوویانە پاریس، زمانی دەزانی و شارەزای وەزعی پاریس ببوو، لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی فەرەنسی و ئێرانیدا جێی خۆی کردبۆوە، هەر لەبەر ئەوەی کە دەیگوت نوێنەری حیزب دەبێ خۆی کار و باری حیزبی بەڕێوە بەرێ و کەسانی غەیرە مەسئول و غەیرە حیزبی نابێ دەست دە کاروباری حیزب وەربدەن، لایان برد و شەش مانگ شەش مانگ سەفەریان بە ئەندامانی دەفتەری سیاسی دەکرد.

کاك مستەفا هێندێ خەبەری کوردستانی باسکرد و گوتی: ((هۆمل گیراوە. برادەران ئالانیان بە جێ هێشتوە و چوونەتە خاکی کوردستانی عێراق و نازانم لە کوێ گیرساونەوە. لە ناوچەی مەهابادیش خەڵك زۆر گیراوە.))

گوتم: بەو حاڵە رێگای گەڕانەوەی منیش گیراوە. گوتی: ((جارێ تۆ واز لە گەڕانەوە بێنە، تا بزانین چۆن دەبێ.))

وەك كاك مستەفا گوتی كە دەفتەری دەزگای حیزب كوردستانی خۆمانی چۆڵ كردوە و چۆتە كوردستانی عێراق، ئیتر من نەمدەتوانی بچمەوە بەر دەستی دەسەڵاتی حكومەتی بەعسی، بەڵام بڕیارمدا هەر چۆنێك بێ بچمەوە كوردستان و لە ناوچەی شیمال بمێنمەوە.

ڕۆژی ٩٨٣/١١/١٦ تێكۆشەری نیشتمانپەروەر كاك نوری شاوەیس لە لەندەن كۆچی دوایی كرد. بەم بۆنەوە ڕۆژی ١١/١٨/ هێندێ لە خوێندكارانی كورد لە سۆفیا لە ماڵی كاك جەماڵ رەشید دانیشتنێكی پرسە و سەرەخۆشیمان ڕێكخست. ڕۆژی ٩٨٣/١١/٢٦ نامەیەكی كاك مستەفای شەڵماشی --م پێگەیشت. كاك مستەفا دوای باسی ناتەواوی كاروبار و نەبوونی كادری نوسین و بڵاو كراوە نوسیبووی: ((بەتایبەت تۆ دەتوانی لە باری نوسینەوە هاوكاریمان بكەی. یا لەسەر نووسراوەكانی خۆمان مەقالەمان بۆ بنێری. ئەو مەسەلەی ئەو ڕۆژە لە تەلەفۆندا، سەبارەت بە براگەورە باسم كرد ئەمن زۆر هەوڵم داوە و لە نەتیجە نێزیك بۆتەوە. پێموایە ئەوان ئامادەییان هەیە. چونكە بەڕاستی باشیان وەرگرتم. ئەتۆش دەبێ بە شێوەیەك هەوڵ بدەی كە یارمەتی بە پێشخستنی ئەو پێوەندی یە بكا. چونكە دەزانی دوا ڕۆژی گەلەكەمان بەوەوە بەستراوەتەوە. بە نەزەری من ئێمە دەبێ كارێكی وا بكەین حەتمەن ئەو كارە سەر بگرێ. جا چاوەڕوان دەبم كە ئێختیلافاتی جوزئی وەلابنێی و لەو جیهەتەدا حەرەكەت بكەی كە حیزب بە گشتی ئەو ڕێگایە بگرێ. (لە سەر ڕێبەرایەتی هەر چیت هەبێ هەڵێگرە بۆ دوایە) باشترە، چونكە ڕێبەرایەتی حیزبی ئێمە بە خۆشیەوە ئەو ڕێگایەی پەسند كردوە و ئێمەی لایەنگرانی ئەو ڕێگایە دەبێ كارێكی وابكەین كەڵك لەو هەل و مەرجە

لەبارە وەریگرین. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم زۆر خۆشحاڵم کە بتوانم لەو بارەوە خزمەتێك بکەم کە هەم خزمەت بە گەلی کوردی هەژارە و هەم خزمەت بە سۆسیالیزمە لە ئێراندا. هیوادارم سەرکەوتوبی لە ژیانی پڕژانە و سیاسی دا. پێم خۆشە نەزەری خۆت لەسەر بەشی ئاخری نامەکەم بنوسی. بڕات مستەفا شەڵماشی ۹۸۳/۱۱/۲۰.))

پڕژی ۲۸ی نوامبری ۹۸۳ ئەم نامەی خوارەوەم بۆ گۆڤاری ئاشتی و سۆسیالیزم نووسی کە وەك ئورگانی حیزبی کۆمۆنیست و کرێکارگەلی جیهان لە پراگ پێتەختی چیکۆسلۆڤاکیا دەردەچوو. نامەکەم لە گەڵ دکتۆر محەمەد کەریم شکاکی کردە بولغاری و پاشان شلێری کچم کردی بە روسی و ناردم. ئەوەش دەقی نامەکەیە کە بۆ گۆڤاری ناوبراوم ناردوە.

((بۆ گۆڤاری ئاشتی و سۆسیالیزم---- پراگ

بەڕێز هاوڕێ سەردەبیر

هاورێییانی بەڕێزی نوسەرانی گۆڤاری ئاشتی و سۆسیالیزم!

پاش سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە. وەك کەسێکی کە ماوەی ٤٠ ساڵە لە پێناوی وەدەستهێنانی مافی نەتەوەکەم، لە پێناوی مافی زەحمەتکێشان و لە پێناوی دامەزرانی سوسیالیزم لە وڵاتەکەمدا خەبات دەکەم، وەك تێکۆشەرێکی ڕێگای ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی و سۆسیالیزم بە هەقی خۆمی دەزانم بە نوسینی ئەم نوسراوەیە بە کورتی لە وەزعی کوردستان و گەلی کوردی کوردستانی ئێران ئاگادارتان بکەم کە کەوتۆتە بەر پەلاماری حکومەتێکی کۆنەپەرستی ئاخوندی و فتوای خەزای لە دژی دراوە. دەمەوێ چەند پرسیارێکتان لێ بکەم و چاوەڕوانیش بم وەڵام وەرگرمەوە.

راستە مەسەلەی بنەڕەتی ئەمڕۆی جیهان پاراستنی ئاشتی و دوور خستنەوەی جیهان لە شەڕی ئاتومی و یەکگرتنی خەباتی دژی ئیمپریالیزمی جیهانیە کە ئیمپریالیزمی هاری ئەمریکا سەرکردایەتی دەکا، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە لەگەڵ بە گرنگ دانانی ئەو مەسەلەیە، گیر و گرفت و دەرد و ژانی گەلانی بن دەست و چەوساوەیەش هەیە کە لە ژێر دەستی حکومەتانی دیکتاتۆر و کۆنە پەرست و زۆردار دا دەچەوسێنرێنەوە و سەرکوتدەکرێن و لە هەموو مافێکی ئینسانی و نەتەوەیی بێ بەشکراون. خەبات بۆ لابردنی زوڵم و زۆری و ڕزگاری گەلانی ژێردەستیش ئەرکی هێزە پێشکەوتوەکانی جیهان و بەشێکیشە لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی.

هاوڕێیانی بەڕێز! لە نوسراوەیەکی وا کورت دا، دەرەتانی ئەوە نیە بە دورودرێژی مەسەلەی نەتەوەی ٢٥ میلیونی کورد کە نیشتمانەکەی بە فیتی ئیستعمار لە نێوان چەند حکومەتدا دابەشکراوە ڕوون بکەمەوە. بێگومان نابێ ئێوە لە سیاسەتی داگیرکەری ئەو حکومەتانە ئاگادار نەبن کە نەتەوەی کوردیان لە هەموو مافێك بێ بەش کردوە. لە سەردەمێکدا کە سیستمی موستەعمەراتی لە بەر یەك هەڵوەشاوە، مرۆڤ لە سایەی فەنن و تێکنیك دەستی بەسەر ئاسماندا گرتوە، نەتەوەی ٢٥ میلیونی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە سنوری گەورەترین وڵاتی سوسیالیستی نەك هەر لە مافی ئینسانی بێ بەشە، بەڵکوو لە هێندێ وڵات حاشا لە بوونیشی دەکەن. بەڵام دەمەوێ وەك نیشتمانپەروەرێکی کوردی ئێران وەرعی ئەمڕۆی کوردستانی ئێرانتان بخەمە بەر چاو. لە کەس شاراوە نیە کە لە ساڵی ١٩٨٠ وە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران تەنیا بە تاوانی ویستی دیموکراسی بۆ ئێران و ئۆتونومی بۆ کوردستان، بە تاوانی ئەوە کە دەیەوێ مندااڵی کورد بە زمانی خۆی بخوێنێ، بە تاوانی ئەوەی کە دەیەوێ لە

گەڵ گەلانی تری ئێران لە ئێرانێکی ئازاد و دیموکرات دا بژی، کەوتۆتە بەر پەلامارێکی دڕندانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران. کوردستانی ئێران نەك هەر لە باری نیزامیەوە کراوەتە مەیدانی کوشتاری بە کۆمەڵی زەحمەتکێشانی کورد، بەڵکو لە باری ئابوریشەوە خراوەتە گەمارۆ و لە هەموو پێداویستیەکی بژێوی و کەل و پەلی کشت و کاڵ و سوتەمەنی بێ بەشکراوە. تەواوی قوتابخانەکانی کوردستان لە لایەن ڕێژیمەوە داخراون. لەم نامەیەدا ئیمکانی ئەوەنیە کە جنایەتی چاساری حکومەتی ئیسلامی لە کوردستاندا ڕوون کەمەوە. بەڵام بێ جێش نابێ کە هێندێ ئەژماری کوژراوانی خەڵکی بێ دیفاع و بێ چەکی کوردستان تان بخەمە بەرچاو کە تەنیا لە ساڵی ٩٨٢ دا بە دەستی پاسدارانی ڕێژیمی خومەینی قەتڵوعام کراون.

لە گوندەکانی (سەوزی و قەباکەندی و قەرە گۆل) ٤٩ کەسی بێ دیفاع و بێ تاوان بە دەستی پاسداران کوژراون کە پیرە مێردی ٨٠ ساڵە و منداڵی ٣ ساڵە و ژنی دوگیانیان لە نێو دابوە.

لە گوندەکانی (دیلانچەرخ و کەریزە) ٤٠ کەسی بێ دیفاع و بێ تاوانیان کوشتوە کە منداڵی ٧ ساڵەیان لە گەڵ بووە.

لە گوندی پایین، ماڵێکی ١٣ کەسیان قەڵاچۆ کردوە. لە گوندی (چەقەڵ مستەفا) ١٤ ژن و منداڵ و پیرە پیاویان کوشتوە.

لە گوندی (گوندەوێلە) پاسداری خومەینی ٩ کەسی بێ تاوانیان کوشتوە.

حکومەتی ئیسلامی ئێران ڕێکەوتی ٩٨٣/٦/٣ لە شاری مەهاباد ٥٩ کەسی گوللە باران کردوە کە زۆربەیان گەنجی ١٢–١٣ ساڵە بوون. لە ٩٨٣/٨/٢٤ هەر لە شاری مەهاباد ٤٨ کەسی دیکەیان ئیعدام کردوە کە ١٦ کەسیان کێژی ١٣–١٤ ساڵە

بوون. ئەوە بێجگە لەو کوشتارە بە کۆمەڵانەی کە لە ساڵەکانی ٨١ و ٨٠ لە گوندەکانی ئیندرقاش و سوکەند و قەڵاتان و کولیج و سۆفیان و سەروکانی و قارنێ کردویانە. هەزاران خاو و خێزانی کوردیان لە شوێن و جێگای خۆ دووری خستۆتەوە بۆ ناوچەکانی تریان گواستۆنەوە. هەزاران خاو و خێزانی کورد لە ترسی کوشتار و بۆمباران ئاوارەی کەڕ و کێوان بوون. ئەوانە نمونەی بچوکی جنایەتی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانن لە کوردستان. لە ڕاستیدا حکومەتی ئێستای ئێران دژی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران سیاسەتی ژینوساید بەڕێوە دەبات. زۆر جێگای داخە کە گۆڤاری ئاشتی و سۆسیالیزم جارێکیش لە لاپەڕەکانی خۆیدا باسی جنایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران ناکا.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش ئەگەر حکومەتەکان گیر و گرفتی خۆیان لە کۆری نەتەوەیەکگرتوەکاندا دێننە گۆڕێ، گەلانی ژێر دەست و بەشخوراو، ئەو نەتەوانەی لە مافی نەتەوایەتی بێ بەشکراون دەبێ سکالاّ و گیروگرفتی خۆیان لە کوێ باس بکەن و لە کام رێگاوە بە گوێی گەلانی جیهانی رابگەیەنن؟

بە بیروڕای من گۆڤاری ئاشتی و سۆسیالیزم ئۆرگانی ڕەسمی هیچ حکومەتێك نیە. ئۆرگانی حیزبە کۆمۆنیست و کرێکارانی جیهانە. ئۆرگانی ئەو حیزبە کۆمۆنیست و کرێکارانەیە کە دەبێ لە سەرانسەری دنیا دا دژی ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی خەبات بکەن و لە خەباتی ڕەوای گەلانی جیهان بۆ وەدەست هێنانی مافی چارەنوس و بۆ ئازادی و دیموکراسی و سۆسیالیزم پشتیوانی بکەن. زەحمەتکێشانی کورد کە بە تاوانی ویست و داخوازی ڕەواو عادلاّنە، بە تاوانی ویستی خودموختاری کە مافێکی سەرەتاییە لە دیموکراسیدا، کەوتوونە بەر پەلاماری وەحشیانەی کۆنە پەرستترین رێژیمی ئەم سەردەمە بە هەق چاوەروانی

ئەوەن کە حیزبە کۆمۆنیست و کرێکارەکان و هێزە پێشکەوتوخوازەکانی جیهان لە خەباتی رەوای ئەوان پشتیوانی بکەن.

زەحمەتکێشانی کورد هەقیانە بیر لەوە بکەنەوە کە وتە بە نرخەکانی لینین چۆن لێک دەدرێنەوە کە دەڵێ: ((تەواوی حیزبە کۆمونیستەکان دەبێ یارمەتی ڕاستەوخۆ بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی ئەو میللەتانەی کە لە بەرامبەری ماف بێ بەشن، هەروەها بە موستەعمەرەکان بگەیەنن. بەبێ ئەو شەرتە کە گرنگی تایبەتی هەیە هەرجورە خەباتێك دژی زوڵم لەو نەتەوانەی کە ژێردەستن و ولاتانی موستەعمەرە و بەستراوە، هەر وەها ناسینی مافی جیابوونەوە و پێك هێنانی دەوڵەت بۆ ئەوان، هەروەك ئێمە لە بارەی حیزبەکانی ئینترناسیونالی دووەم دەی بینین، پەردەیەکە بۆ داپۆشینی درۆ.))

ڕەنگە بگوترێ کە کوردستان موستەعمەرە نیە.!! بەڵام راستی ئەوەیە کە پێوەندیی ئەو حکومەتانەی بە سەر کوردستاندا زاڵن، لە پێوەندی حکومەتە ئیستعماریەکان لە گەڵ ولاتانی موستەعمەرە گەلێك خەرابترە. ڕێژیمێکی ئەمرۆ لەبەر نەبوونی یەکێتی هێزە دیموکراتەکانی ئێران جڵەوی شۆڕشی گەلانی ئێرانی گرتۆتە دەست، سیاسەتی حکومەتەکانی سەدەی نێوەڕاست لە ئێراندا بەڕێوە دەبات. دروشمی دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا کە خومەینی بەرزی کردۆتەوە، درۆیەکی ئاشکرا و مەکری مەلایانەیە و بۆ فریودانی کۆمەلانی خەڵکە. ڕێژیمێکی هەموو چەشنە ئازادی و دیموکراسی لە ولاتدا پێشێل بکا، هەموو حیزب و ڕێکخراوەیەکی دیموکرات و پێشکەوتوخواز سەرکوت بکا، ڕێژیمێکی سیاسەتی ژینوسایدی لە ئاست گەلی کورد بەڕێوەبەرێ، ئەو ڕێژیمە ناتوانێ دژی ئیمپریالیزم و پێشکەوتو بێ.

گۆڤاری ئاشتی و سۆسیالیزم هەق نیە لە ئاست جنایەتی حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بێدەنگ بێ. نوێنەرانی حیزبە کومونیستەکان هەق نیە تەنیا لە بەرانبەر کوشتاری کۆمۆنیستەکان لە جیهاندا وەدەنگ بێن. ئەوان دەبێ پارێزەری مافی تەواوی زەحمەتکێشان و لایەنگری خەباتی گەلانی ژێر دەست و ستەم دیدە بن. سیاسەتی ئینترناسیۆنالیستی پێویستە لە پێوەندی لە پارێزگاری مافی گەلانی بندەست و بەشخوراو دا خۆ بنوێنێ.

ئەوەی ئەمرۆ کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان دەیکا، هیچ لەوە کەمتر نیە کە ئیسرائیل لە لوبنان و فەلەستین، ئەفریقای جنوبی لە نامیبیا و خونتای نیزامی لە سالوادور و لە شیلی دەیکەن.

بێدەنگی و چاوپۆشین لە جنایەت و زوڵمی حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، نەک هەر لە گەڵ سیاسەتی لینینی دیفاع لە مافی میللەتان رێکناکەوێ، بەڵکو زەحمەتکێشانی کوردیش لە ئاست راستی و دروستی دروشمی ئیترناسیونالیستی حیزبە کۆمۆنیستەکان دەخاتە شك و گومانەوە. کەریمی حسامی. بولغاریا سوفیا نوامبری ١٩٨٣))

سەفەر بۆ ئەستەمبوڵ:

رۆژی ٩٨٣/١٢/٢ مەلا محەمەدی خزری لە ئەستەمبوڵەوە تەلەفۆنی کرد و هاواری لێ هەستا کە: پاسپۆرت و پارەیان لێ دزیوە دەفریای کەوم. چم لە دەست دەهات؟ کۆنە پاسپۆرتێکی ئێرانیم هەبوو بۆیە دەبوو بەدەستکاریەکەوە سەفەری پێ بکرێ. چارنەبوو، کابرا لێی قەومابوو دەبوایە دەفریای کەوم. ڕۆژی ٩٨٣/١٢/٤ لەگەڵ کەمالی کورم چوومە تورکیا و لە ئەستەمبوڵ میوانی ناسری .... بووم. مەلا محەمەدم دیتەوە و پاسپۆرتەکەم دایە و شوکر بەکاری هات و پێی

گەیشتە سوید. دیارە ناوبراو هەزار مارکی بە زۆری بەستۆدا بڕیم کە بە هیچ جۆر چاوەڕوانی نەبووم. بەڵام خاڵی کەمالّیش ٤٠٠ مارکی بۆ کەمالّی نارد بوو بە مەلا محەمەدی دا. لێم وەرنەگرت و گوتم بۆی بنێرەوە. گوتی دەنوسم لە نەغەدە بیدەنەوە کە ئێستاش پێی نەگەیشتەوە. لە مالّی خانەخوێکەم بووم، کاك قاسمی نورانی و کاك ئەبوبەکری وەزیری و جەمیلەی کەریمی هاتنە لام. کاك قاسمی نورانی و جەمیلەی کەریمی پاسپۆرتەکانیان ماوەی تەواو ببوو، بێ درێژ کردنەوە سەفەریان پێ نەدەکرا. کەسی باوەڕ پێکراویشیان وەگیر نەدەکەوت کە بۆیان درێژ کاتەوە. ناچار تەلەفۆنم بۆ ناسیارێکی خۆم کرد، هاتە لام. پاسپۆرتەکانم دایە وەك پیاوان چاری کردبوون و ئەوانیش شوکر دەرباز بوون. سوپاسی ئەو برادەرە دەکەم.

لە مالّە خانەخوێکەی من دانیشتبووین، محێدینی حاجی رەشیدی کە لە تورکیا دەیخوێند هاتە لامان. ریشێکی کۆرپەی پاسداری دانابوو. کیژی کاك قاسمی نورانی لام وایە لە تەمەنی سێ سالّیدا بەناوی (شیرین) کە چاوی بە سەروریشی محێدینی کەوت، دەرپەڕی و خۆی هاویشتە پشتی باوکی و هاواری کرد: ((ئەوە پاسدارە بۆ هاتۆتە ئێرە. وەدەری نێن، با بڕوا لە مالّی ئێمە. ئەوە پاسدارە کوردان دەکوژێ، فارسیش دەکوژێ، پاسدار برۆ وەدەر کەوە.)) ترس و هەستی ئەو منداڵە شتێکی سەیر نەبوو. لە دیاردەیەکی بابەتی هەڵقولّیبوو. هەر ئەو دەم وتەکانی شیرینی جوانم لە دەفتەری رۆژانەدا یادداشت کردن.

برادەرێکی دیکەی کوردیش لێی قەومابوو بە ناوی ناسری سەید ئەحمەدی. لە ولاّت نەدیبووم و نەدەمناسی. لەگەڵ کێشەی بزربوونی پاسپۆرت و هەرای ئەو لەگەڵ مەلا محەمەدی خۆری توشی هاتم. لێقەومانی ئەو سێ سەرە لوو. ئەو پاسپۆرتی خۆی و مەلا محەمەدی دابوو بە کابرایەك کە بۆی چابکەن. کابرای

ناپیاو پاسپۆرت و پارەی بردبوو رۆیشتبوو. ئێستا ئەو پاسپۆرت و پارەی خۆی رۆیشتبوو هیچ، مەلا محەمەدیش بۆ پاسپۆرت هەڵپێچابوو، ئەوەی بە ناسری دەکرد کەس بە کەسی نەکردوە و هەرناسر دەتوانێ باسی بکا. تاوانی لەوانەش گەورەتری ئەوە بوو کە ناسر تودەیی بوو نەشی دەشاردەوە. بە ڕاستی ناسر رەزیل ببو، پیاو بەزەیی پێدا دەهات. بەڵام زۆر بە هێدی و بە قەولی خۆیان بە (سەبری انقلابی) ئەو هەموو هێرش و کوتان و تەوس و پلاری مەلا محەمەدی قبوڵ دەکرد. ئەویش گوتی: ((کاك کەریم خۆت ئێستا وەزعەکەم دەبینی. کەسیش ناناسم. پاسپۆرتیشم رۆیشتوە. پارەشم هەر ئەوە بوو کە لە جیاتی پاسپۆرتی داومە بە مەلا محەمەدی. بەڵکو یارمەتیەکم بدەی لە تورکیا بێمە دەر و لە بولغارستان بگیرسێمەوە. لەگەڵ مەلا مەحەمەدی چومە سەفارەتی بولغاریا کە ڤیزای بۆ وەربگرم، نەیاندایە و گوتیان دەبێ لە سۆفیاوە پێمان بڵێن.

ڕۆژی ۹۸۳/۱۲/۱۲ گەڕامەوە بولغارستان. دوای چەند ڕۆژ چومە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی بولغاریا و لەگەڵ بەرپرسی بەشی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست مەسەلەی ڕاگرتنی مەلا محەمەد و ناسری سەید ئەحمەدیم هێنا گۆڕێ. دوای هێنانەوەی هەزار شێر و ڕێوی کابرا گوتی: ((رایان دەگرین، مەلا محەمەد لەبەر نەخۆشی کە پێشتر لەوێ موعالەجەی کردبوو، ناسریش ئەندامی (حیزبی برا) بوو، هەر دەبوایە رایگرن.

خەبەرم دانێ کەوا کاری هەرتکان جێ بەجێ دەبێ و چاوەڕوانی ڤیزا بکەن. دوای پێنج ڕۆژ کابرا ویستی بچمە لای. کە چووم تۆزێك بە خەجاڵەتیەوە گوتی: ((لە بارەی مەلا محەمەدەوە لە دکتۆرمان پرسیوە، گوتوویە نامەی گەڕانەوەمان بۆ کونترۆڵ نەداوەتێ. وەك پەنا بەریش ئیمکانی ڕاگرتنمان نیە. لە بارەی ناسرەوە

گوتی: لە نوێنەری حیزبی تودەمان پرسیوە، گوتویە کەسێکی وا ناناسم. خۆت دەزانی کەسانێکی ئەوتۆ دەبێ حیزبی برا بیانناسێنێ.))

گوتم ئاخر نوێنەری حیزبی تودە کە ٣٠ ساڵە لێرە دەژی. چ ئاگای لە ئێرانە و چۆن ئەندامی حیزب دەناسێ؟ گوتی: ((راست دەکەی، بەڵام ئاوەکە وارژاوە.)) من زۆر ناڕەحەتبووم. بەڵام بۆ ئەوان وەخێراگەڕا. هەرتك کەیشتنە سوید. محەمەدی خزری وەك لە نامەی ١٩٩٠/٦/٢٢ دا بۆ ڕۆژنامەی (سەردەمی نوێی) نوسیوە: ((بە خۆشیەوە هەتا ئێستا قانون و یاسای ئەم ولاتە ئابڕو و حەیسیەتی منیان وەك گیانم پاراستوە.)) ئەوە شوکر ئابڕو وحەیسیەتی لە سوید پارێزراوە. ناسری سەید ئەحمەدیش شوکر بۆتە دکتۆر و نەك هەر لە حیزبی تودە بەڵکوو لە ڕەگ و ریشەی بیرویاوەڕەکەشی بایداوەتەوە.!

لەسەر نامەی کاك مستەفای شەڵماشی جارێکی دیکەش چوومەوە باڵیۆزخانەی سۆڤیەت و پاش باسێکی زۆر لەگەڵ سکرتێری یەکەم، داوای پێوەندی و یارمەتیدانی حیزبی دیموکراتم کرد. کابرا بە عادەتی هەمیشەییان گوتی: ((داواکانی تۆ بە موسکۆ ڕادەگەیەنم و وەڵامت لێ دەگێڕمەوە.))

ساڵی ١٩٨٤:

دوای نێزیکەی ٦ ساڵ جارێکی دیکە لەسەری ساڵی تازەی زایینی دا لێك کۆبوونەوە و بەڵام لە شەوی گۆیا جێژن و خۆشی ساڵی تازەدا، باسی بارودۆخی کوردستان و پەژارەی هەژار و لێقەوماوانی کورد، تارمایی خستبوە سەر جێژن و شادی و دلنیشتنەکەمان. پەرۆشی ڕێگا نەدانی مەلا مەحەمەد و ناسری سەید ئەحمەدیشی لێ زیاد ببوو. بە ڕاستی منداڵەکانی من کە لە ئەوروپا گەورە ببوون،

هەستیان بە چڕاوی بیر و ماتی من دەکرد و ئەوانیش وەک عادەتی سەرسالّی ئەوروپاییان بەداخەوە شەوەکەیان بۆ نەچوە سەر.

ڕۆژی ٩٨٤/١/٤ لە باڵیۆزخانەی سۆڤیەتەوە تەلیفونیان کرد بچم. کابرای سکرتێری باڵیۆزخانە گوتی: ((کۆمیتەی ناوەندی ئێمە بڕیاری داوە کە هەشت کادری حیزبی دیموکرات بۆ خوێندن لە مەدرەسەی حیزبی وەربگرێ. ئەوە هەنگاوێکە بۆ ناسین و پێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. دیارە ئەوەش بە خۆیانە کێ دەنێرن و رادەی خوێندەواریان چۆنە.)) من سوپاسم کرد و گوتم کەوایە با باڵیۆزی ئێوە لە پاریس نوێنەری حیزب کە ئەندامی دەفتەری سیاسی و کۆرپێکی تێگەیشتوە ئاگادار بکا. ناوی کاک مستەفای شەڵماشیم بۆ نوسی. کابرا گوتی: ((باڵیۆزخانەی ئێمە لە پاریس بەرپرسی کاروباری فەرانسەیە. وامان پێ باشە تۆ ئەو پەیامەیان پێ رابگەیەنی.))

هەر ئەو ڕۆژە تەلەفۆنم کرد بۆ پاریس بەکاك ڕەسولّی قادریم گوت: ڕۆژی شەشی مانگ دێمە پاریس، تکایە برادەرێك بێنە فڕۆکەخانە.

سەفەر بۆ پاریس:

ڕۆژی ٩٨٤/١/٦ کاك محەمەدی مەدەنی لە فڕۆکەخانەی پاریس چاوەڕوانم بوو. سواربووین چووینە هوتێل (دیوسیلاس) کە کاك محەمەد جێگای بۆ گرتبووم. شەو کاك مستەفا تەلەفوونی بۆ کردم، دوای بە خێرهێنان گوتی: ((ببورە نەمتوانی بێمە فڕۆکەخانە.)) لام وابوو داوای لێ بوردنەکەی جێی خۆی نەبوو. چونکە لە فەرهەنگی حیزبی دیموکرات دا شتی وا قەت نەبووە کە ئەندامێکی تازە بەسەرداکەوتووی دەفتەری سیاسی و نوێنەری حیزب لە ئەوروپا، بێتە فڕۆکەخانە بۆ بە خێر هێنانی کەسێك کە لانی کەم ٤٠ ساڵ تەمەنی بە خەبات و بەربەرەکانی

دژی کۆنەپەرست و زوڵم و زۆری بردۆتە سەر و چەند ساڵ جێگری سکرتێری حیزب و ئەندامی دەفتەری سیاسی بوە.!!

پۆژی دوایی کاك محەمەدی مەدەنی هات و چووینە دەفتەری حیزب. کاك مستەفا هات و پێشنیاری کابرای روسم پێ ڕاگەیاند. گوتی: ((هەنگاوێکی گەورەیە. بەڵام نایکەن و کەسیش نانێرن. ئەو هەڵەش لە کیس دەچێ.))

چەند پۆژێك لە پاریس مامەوە. کاك محەمەدی مەدەنی پتر لە پێویست پێمەوە ماندوو بوو سوپاسی دەکەم. پۆژی ۹۸٤/۱/۹ چومە ئەنیستیتۆی کورد لە گەڵ کاك کەنداڵ باسێکی درێژ و دۆستانەمان هەبوو. باسی سەفەری خۆی بۆ ئەمریکای لاتین کرد و گوتی قەولیان داوە کە یارمەتی بە ئەنیستیتۆ بکەن. من کتێبی دایك وەرگێڕاوەی خۆم و کاروانی شەهیدان و جەڵدکراوێکی پۆژنامەی کوردستانم پێشکێش بە ئەنیستیتۆ کرد. کاك کەنداڵ بۆ شەو داوەتی کردم لە گەڵ کاك موزەفەری شافیعی میوانی کاك کەنداڵ بووین. پۆژی دوایی بۆ فراوین میوانی کاك عەزیزی ماملێ بووم. تەواوی ئەو نامانەی نیشاندام کە لە سەر بێ ئوسوڵی دەفتەری سیاسی و خۆ تێهەڵقوتاندنی خەڵکی بێ مەسئولیەت لە کاروباری حیزب، بۆ کومیتەی ناوەندی نوسیبوون. بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش ئەو نوسراوانە و ئاگادارییەکان لە لای خۆی حەبس کراون.

پۆژی ۹۸٤/۱/۱۲ کاك مستەفا دەگەڕاوە بۆ کوردستان. دیاربوو شەش مانگەی تەواو بوە و کۆنگرەی شەشیش لە پێش بوو دەبوایە بەشداری بکا. دەرفەتێکی باشبوو کە بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەوە نامەیەك بۆ دەفتەری سیاسی بنوسم. کاك مستەفاش هەر پێی باشبوو پیرۆزبایی کۆنگرە بکەم. ئەم نامەی خوارەوەم بۆ دەفتەری سیاسی نارد کەوا لێرە بڵاوی دەکەمەوە.:

((بەڕێز دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

پاش سڵاوێکی برایانە. هەر چەند بەهۆی کاك مستەفاوە لە نامەیەکدا بە بۆنەی پەسندکردنی گەلاڵەی خودموختاری پیرۆز باییم کردبوو، بەڵام بە پێویستی دەزانم جارێکی دیکەش بەم بۆنەوە لە ئێوە و لە هەموو ئەندامانی حیزب و خەڵکی کوردستان پیرۆزبایی بکەم. پەسند کردنی ئەم گەلاڵەیە کە بەرهەمی تێکۆشانی حیزب و فیداکاری پێشمەرگە و گەلەکەمانە، بە هەنگاوێکی پیرۆز و بە سەرکەوتنی دەزانم.

لە بارەی وەزعی خۆمەوە مانگی دیسامبر بۆ گەڕانەوە خۆم ئامادە دەکرد، بەڵام لەبەر بەفر و سەرمای سەر سنوور دەرباز بوونم زەحمەت بوو. ناچار جارێ وا لێرە ماومەوە. لە لایەکی تریش ئێستا بەداخەوە جێگای کاری من لە ولاتدا نیە. لەبەر ئەو هۆیەی کە خۆتان دەیزانن من بە هیچ جور ناتوانم لەو شوێنە دانیشم کە لە ژێر دەسەلاتی بەعس دایە. بێجگە لەوەش بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی مامۆستا مەلا عەولاّ هەروەك لە نامەیەکدا بۆ هاوڕێ سکرتێری گشتیم نوسیوە، من لەو جێگایە ڕۆژێ نیو سەعات کار بۆ حیزب دەکەم. من پاش ٤٠ ساڵ تێکۆشان ئەوەی بۆ خۆم بەشەرم دەزانم کە کاری من بۆ حیزب ڕۆژی نیو سەعات بێ. لەبەر ئەم دوو هۆیە دوو پێشنیارم بۆ برایانی دەفتەری سیاسی هەیە و تا وەلاّمی دەفتەرم پێدەگات لە سۆفیا دەمێنمەوە.

١- بێجگە لە شوێنی کاری پێشووم، لە هەر شوێن و نوختەیەکی کوردستان کارم پێ بسپێرن، ئامادەم بە دڵەوە ئەنجامی بدەم.

٢- بە لەبەر چاو گرتنی وەزعی خانەوادەو ڕێگای دوور و پڕ لە مەترسی، پێم خۆشە دەفتەر موافەقەت بکا لە باری نوسین وەرگێڕانەوە لەگەڵ ڕێکخراوی

ئەوروپا هاوکاری بکەم. لام وایە لێرەش بم هەر دەتوانم نیوسەعات کار بۆ حیزب ئەنجام بدەم.

لە کۆتاییدا پڕ بەدڵ لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب پێرۆز بایی دەکەم. هیوادارم بە سەرکەوتنەوە ببەستڕێ و لە هەموو بارێکەوە بەرەو چوونە پێش و باشتر کردنی خەبات و تێکۆشانی هەنگاوی گرنگ باوێژڕێ. چاوەڕوانی وەلأم و بڕیاری رێبەرایەتی حیزبم. سەرکەوتوو بن. کەریمی حسامی. ۹۸٤/۱/۱۰))

گەلاڵەی خودموختاری کوردستان کە لە ۹۸۳/۱۱/۸ لە شورای بەرگری میللی دا پەسند کرابوو، لە پۆژنامەی موجاهید ئورگانی رێکخراوی موجاهیدینی خەلکدا بلاو کرابۆوە، لە پاریس کردم بە کوردی و بۆ مانەوە لە مێژوودا، لە پاشکۆی ئەم بەرگەدا بلاوی دەکەمەوە.

پۆژی ۹۸٤/۱/۱۵ کاك جەمالی کوری مامۆستا شێخ عیزەدینی تەلەفۆنی کرد و ئیسراری کرد کە بچم سەری بدەم. لە نێو شار وادەمان دانا و پاشان چووینە ماڵەکەی. مالّ چ مالّ! کە چوومە ژوور حەپەسام و تاوێك هەر لەسەر پێ وێستام و سەیرم دەکرد. کاك جەمال گوتی: ((بۆ وا حەپەساوی؟ ئێرە ولأتی فەڕانسەیە و سەرمایەداری پێشکەوتوە و حیزبی سۆسیالیستیش لەسەر حوکمە. ئەوەش بزانە ئێرەشم بە هەزار حالّ وەگیر کەوتوە.))

ماڵەکە وەك لیسە مریشك دەچوو. تاقە کۆخێك بوو لە قاتی ۱۱. دەبوایە بە پێیان بۆی وەسەر کەوی. بەرینایی ژوورەکە پاست بە بالأی زەلامێك بوو کە پاکشابایە سەرولاقی بە دیواریەوە دەنوسا. درێژایی لام وایە چوار مێتر دەبوو. تەنیا لە نێوەڕاستی ژوورەکە زەلام دەیتوانی راست بێتەوە و سەری وەبەری میچی نەکەوێ. لە باقی تر دەبوایە خۆی نەوی بکا. کاك جەمال بەتانیەکی راخستبوو،

کتێب و هێندێ شرەوبڕە و تەلەڤیزیونێکی بچوکی لەسەر عەرزی دانابوو. شتێکی وەک هێلانەی داعبا لە حەوا هەلاوەسیبوو قاپو شتی دیکەی تێنابوون. دەوایە بْچێ بۆ چێشت و چایی ئاوێ بێنێ. بەو حاڵەش نان و چێشتێکی فرە بە تام و چێژمان دروستکرد. بەڵام نەک هەر ئەودەم، بەڵکو تاماوەیەکی زۆریش بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن دەتوانێ لەم لیسە خەرتەلەدا بژی. بە پاستی لە قسە و قسەڵۆکی خەڵکیش وەشک کەوتبووم کە کردبوویانە قاو لە بارەی یارمەتی وەرگرتنی مامۆستا لەملاولاوە. دەمگوت باشە ئەگەر ئەوە پاستە، ئەدی بۆ دەبێ تاقە کوڕی مامۆستا لەم حاڵە دا بژی؟

٩٨٤/١/١٦ میوانی کاکە حەمەی فەرشچی بووم. تەلەفۆنی کرد کاك باقری موئمینی —ش تەشریفی هات. باسێکی زۆرمان لەسەر وەزعی کوردستان و ئێران هەبوو. بۆ چوونەکانی کاك باقری موئمینی یەکجار بابەتیو و مەنتیقی بوون. بەداخەوە ئەو کەسە زانا و تێگەیشتوانە لە بزوتنەوەی کورد دوور بوون و قەت نەکرا لە زانین و لێهاتوویی ئەوان کەڵك وەربگیرێ. ئەو شەوە بە تەلەفۆن لەگەڵ صارمخانی صادق وەزیری قسەم کرد. ئیسراری کرد کە لە گەڕانەوەدا بەلای ئەودا بڕۆمەوە. ڕۆژی ٩٨٤/١/١٧ بە سوپاسێکی زۆرەوە لە زەحمەت و میوانداریەکانی کاك محەمەدی مەدەنی و سوپاسی کاك مەنافی پاریسم بەجێ هێشت و بەرەو لۆزان سواری قەتار بووم. دووڕۆژان لە خزمەت صارمخان بووم. بە دوور و درێژی تێکۆشانی خۆی لە حیزبی تودەدا و پێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکرات بۆ باسکردم. گوتی من لە حیزبی تودەدا بەرپرسی پێوەندی بووم لەگەڵ حیزبی دیموکرات. لە پێشدا کرێکارێکی کارخانەی چیت سازی تارانمان بەناوی (جەوهەریان) نارد مەهاباد و پاشان ئەو هاتەوە ڕەحمانی قاسملومان نارد کە یارمەتی بە کادرەکانی حیزبی دیموکرات بکا. گوتم بۆچی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا

دەنووسن: دکتۆر قاسملو و هەر لە زگی دایکی دا ئەندامی حیزبی دیموکرات بوە؟ گوتی: ((خۆم وەك کادری حیزبی تودە نارتگمەتە مەهاباد)) پاشان هاتە سەر گیرانی رەحمانی قاسملو گوتی: لە تاران گیرا و قەولی هاوکاریدا بە زیبایی و ئازادکرا. دوایە ئیتر دەربازبوو. صارمخان گوتی: دوای شۆرشی گەلانی ئێران داوایان لێ کردم کە لە حیزبدا کار بکەم، گوتم من حیزبیم، بەلأم باشترە لە لاوە بمێنمەوە بۆ حیزب بە کەلکتر دەبم. پاشان ئەو نوسراوانەی نیشان دام کە بۆ حیزبی دیموکراتی نوسیبوون. گوتی: بە نوێنەری حیزبی دیموکرات لە شورای بەرگری میللیدا دیاریکرام، پاشان دکتۆر قاسملو خەبەری نارد کە بۆ بەشداری لە گۆبوونەوەی شورادا دێتە پاریس. ئیتر من بە جێم هێشت. بەتایبەت کە ژنی قاسملو دەستی لە کاروباری حیزبی وەردەدا.))

کەلکی زۆرم لە وتە و بۆچوونەکانی صارمخان وەرگرت. بڕیارماندا کە پێوەندیمان بەردەوام بێ. ڕۆژی ۹۸٤/۱/۱۲ هاتمە بەرلین، (یەکێتی لاوان و خوێندکارانی کوردستان) داوەتیان کردم کە لە کۆبوونەوەیەکیاندا بەشداری بکەم کە بۆ باس و لێکدانەوەی وەزعی کوردستان پێکیان هێنابوو. لەسەر وەرزعی حیزبی دیموکرات و پێوەندی بە حکومەتی عێراق و دروشمی خودموختاری و سەربەخۆیی و پێوەندی لەگەلّ حیزبە کوردستانیەکان و دەوری حیزبی دیموکرات لە وتوویژی یەکێتی نیشتمانی و حکومەتی عێراق و هتد پرسیاری زۆریان لێکردم، بە گوێرەی ئاگاداری خۆم و لە چوارچێوەی سیاسەتی حیزبدا وەلأمم دانەوە. باسێکی بە پێز و بە کەلّك بوو.

ڕۆژی ۹۸٤/۱/۲٦ گەڕامەوە بۆ سۆفیا. نەخۆشیەکی کوتو پڕم بەسەرداهات و لە نەخۆشخانە کەوتم. باش بوو هەموو ڕۆژێ بێ نێو بوێر کاك رەفیق سابیر دەهاتە لام و لە تەنیایی و وەڕەزی نەجاتی دەدام.

٩٨٤/٣/١ کاك ئەمیری قازی لە سویدەوە تەلەفۆنی کرد لە کوردستان گەڕابۆوە. دەنگوباسی کونگرەی شەشی حیزبی دیموکراتم لێ پرسی. گوتی: ((حکایەتی درێژە بە تەلەفۆن لە گوتن نایە. لێرە هێندێ کارم هەیە تەواویان بکەم بۆ لای بەرلین دێم و پێم خۆشە چاوم پێت بکەوێ.)) ئیتر من لە ئەنجامی کاری کونگرە و بڕیارەکانی بێ خەبەر مام بەڵام هەستم دەکرد کە کورتەباسی دکتۆر قاسملو پەسند دەکرێ. کورتە باس مەسەلەیەکی ئیدئولۆژی بوو دکتۆر قاسملو و سەرەڕای ئەوەی کە بڕوای پێ نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی پێویستی پێ هەبوو، هێنابوویە گۆڕێ و دەیکردە بیانوو بە قەولی مەسعودی رەجەوی (بۆ تەصفیەی درونی حیزب). من بێ ئەوەی چاوەڕوانی خەبەری کونگرە بم دەستم کرد بە نوسینی (لێکۆڵینەوەی کورتە باسێك لەسەر سۆسیالیزم) و ویستم بۆ چوونەکانی دکتۆر قاسملو لە بارەی (سۆسیالیزمی دیموکراتیك) و خاپاندنی ئەندامانی حیزب لەم باسەدا ڕوون کەمەوە. نەورۆزی ئەو ساڵەمان لەگەڵ کوردە خوێندکارەکانی دانیشتوی بولغاریا بە خۆشی (بەقەولی برادەرانی کرمانج) پیرۆز کرد. وەك دیاری نەورۆز نامەیەکی پڕ لە لوتف و موحیببەت و وشەی رەنگین و رازاوەی صارم خانم بۆ هات کەوا منیش لاپەڕی ئەم بەرگەی پێ دەڕەنگێنم و لێرە دا بەڵاوی دەکەمەوە: نامەی صارمخان بەم نیوە شیعرە دەست پێ کرابوو: ((ای وقت تو خوش که وقت ما کردی خوش. بەبێ تەعارف بە دیدارت فرە کەیف خۆش بووم. بە تایبەت پاش چەند ساڵ دەرفەتی کورت پێکهات کە گەلێك بیرەوەری رابردومان باسکرد. بەم بۆنەوە وەبیری دەخەمەوە کە دیداری تۆ و دۆست و خزمی دیکە کە بە داخەوە هەلو مەرجی نالەباری ولآت، بە پێچەوانەی ویستی خۆمان لێکی هەڵبڕیوین گەلێك مایەی دڵخۆشی یە. چەندە باش دەبێ ئەم براو خزمانەی باست کردبوون کەرەم بکەن و من بە دیداری خۆیان شادبکەن. یا کارێکی وابکەن کە لە

ڕێ و ڕەسمی جێژنی لە دایکبوون و جێژنەکانی تر کە خزم و دۆست کۆ دەبنەوە، منیش دە نێویاندام و لە دیدار و گفتوگۆ لەگەڵیان بەهرە وەرگرم. بەوە هیوادار بووم کە ئەو دۆستانە بۆچوونێکی باشیان لە نوسراوەکانی من هەیە لە بارەی نیشتمانی پچڕ پچڕ کراو و پێشێل کراودا. هیوادارم هەودای دۆستایەتی بنەماڵەیی تا دێت قایمتر و پایدارتر بێ. چونکە لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئەمە تاقە ڕێگای ڕزگاری خەڵکی بندەستی ئێمەیە. لە ولاتەوە خەبەرێکی زۆرم نیە. بیستومە جەلیل بۆ شەش مانگ وەک نوێنەر دێتە پاریس و تەیفوریش وەک کادری شورا دێتە پاریس. نازانم ئەو شێوە منداڵانەیە چی یە کە سکرتێری گشتی حیزبی دیموکرات گرتویەتە پێش. ئاخر کەسانێکی وەک ئەو دوو مستەفایە و یا یەکی وەک جەلیلی شەش مانگیان کات پێویستە تا بزانن لە دەوروبەریان چ ڕادەبرێ. لە ماوەی شەش مانگدا ناتوانن هیچ بکەن. دوور نیە دەستە گوڵیش بە ئاو دادەن، هەروەک دوو مستەفاکان هەر یەک بە نۆرەی خۆیان دەستە گوڵیان بە ئاو دادا. موجاهیدینی هاوپەیمانیان لانی کەم سەت کادری تەواو وەختیان هەیە، ئەودەم ئەوانە پێنج کادریشیان نیە. ئەم جەماعەتە کەم و بێ دیسیپلینە چ کارێکیان لە دەست دێ. دەکرێ چاوەڕوانی چی لە نوێنەری کاتی بکەی ئەویش لە شەش مانگدا.؟ وا دەردەکەوێ کە ئەو مەسەلەیەش وەک مەسەلەکانی تر، بە وردی لێی نەکۆڵراوەتەوە، دەنا ئەم شێوە نالەبار و نادروستە درێژەی پێ نەدەدرا. هەروەک نوسیبووت من جەلیلی باش دەناسم. دەزانم کەسێکی نیەت پاکە، ئەوەندی بکرێ وەک ڕابردوو پەیوەندی لەگەڵ ڕادەگرم. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە پێوەندی من لە گەڵ حیزبی دیموکرات جادەیەکی یەک لایەنەیە. لەولاوە هیچ جوڵە و تێکۆشانێک نیە، هەرچی بوە لە لای منەوە بووە. لەم دواییەدا کاک کەمالی داودی ئەساسنامەی تازەی پەسندکراوی کونگرەی دوایی بۆ هێنام. نازانم پێشەکیەکەی

کە لێکۆڵینەوەی سیاسیە، تازە بوو یا قەدیم. هەر چۆنێك بێ، تازە یا کۆن، زۆر لاواز و لە پاستیدا منداڵانە بوو. هێندێ بۆچوونی بە شێوەی حیزبی تودە کلێشە کزابوو. هێندێکی بە شێوەی موجاهیدین و ئاخرەکەشی هێندێ مەتڵەبی تەواو نادروست. بۆ نمونە درێژەی هەڵدانی بەرهەمی سەرمایەداری، بێ باس کردنی قەیرانی تەشەنە کردوو. پاشان پاستکردنەوەی ئەساسنامە بە گوێرەی نامیلکەیەك کە گوایا لەم دواییەدا لە بارەی سۆسیالیزمی دیموکراتیك نوسیویانە و لە کۆنگرەش سەپاندوویانە. وەك زانراوە ئەو مەسەلەیە هەرایەکی زۆری ساز کردووە. ئاخرەکەی بە ١٠٨ دەنگ لە بەرانبەر ١٠٠ دەنگی دژ دا پەسند کراوە. من لە بناخەوە پێك هێنانی کۆنگرە لەم هەل و مەرجەدا بە نادروست دەزانم. بە درێژی کاتی چاوپێکەوتن بۆ تم باسکرد. ئەمە لەبەر چاو گرتنی یاسای دیموکراسی نیە، بەڵکو لاساکردنەوەی دیموکراسیە. داخوا بەپاستی لەسەر ئەم نامیلکەیە باسی قولێ و ورد بە رێوەچوون. داخوا شانە و رێکخراوی حیزبی کە بە زۆری لەگەڵ رێژیمی خومەینی لەشەڕدان، کاتی خوێندنەوە و موتالای ئەو نامیلکەیان هەبوە.؟ داخوا ئەوانەی موخالیف بوون، ئیمکانی نوسین و بڵاو کردنەوە و دەربڕینی بیروڕای خۆیان هەبوە.؟ بێگومان نا. بێجگە لەوە لە بارودۆخێکی ئاوا قەیرانیدا هێنانە گۆڕی مەسەلەیەکی ئاوا، جگە لە دووبەرەکی و ناکۆکی چ سودی دیکەی هەیە. مەسەلەی بنەڕەتی لە هەل و مەرجی ئێستادا بریتی یە لە درێژە پێدانی بەربەرەکانی و رێکخستنی شێوەی تازەی بەرگری لە هەل و مەرجی تازەی دەسەلاتی دوژمندا. بزووتنەوەی نەتەوەی ئێمە ڕۆژ بە ڕۆژ مەترسی تازە هەڕەشەی لێدەکا. لە بارەی ئەو مەترسیانە نە کەس بیری کردۆتەوە و نە باسیش کراوە. ئەگەر کات هەبێ لە دواڕۆژدا کەمێك لەو بارەوە بۆ تۆی برای خۆشەویست دەنوسم. جارێ بەم ئەساسنامە تازەیە و بەم بۆچونانە، زەحمەتە گوێ بدەنە بیر

و پا و بیرخستنەوەکانی من. بڕیاری خزم و کەسانمان بۆ یاریدەدانی بزووتنەوە جێگای دڵگەرمی یە. بە قەوڵی حافز نیت خیر نگردان کە مبارك فاڵی است. بەڵام نازانم بەم وەزعی تازە بارودۆخەکە چۆن ڕێك و پێك دەکرێ. مانگەکاندنێکی تەواو، بە پێویست دێتە بەرچاو. ئەودەم زەمینە بۆ یارمەتیدان ئامادە دەبێ. هیوادارم نەورۆز لە ئێوە پیرۆز و بۆ نەتەوە بێ بەشەکەشمان پەیامی سەرکەوتن بێنێ. چاوەڕوانی وەرگرتنی نامەکانی ئەو برا خۆشەویستەم. ارادتمند صارم الدین))

ڕۆژی ٩٨٤/٨/٢٤ کاك عەزیزی مامڵێ چەند دانە نوسراوەی کاك (موکری) بۆ ناردبووم بەناوی (ڕێگا ڕێگای دیموکراسی یە) کە لە وەڵامی حاجی ئەسغەری سەید جەوادی دا نوسیبووی و بە قەوڵی کاك عەزیزی (کاك صارم لەو نوسراوەدا هیچ ئابرووییەکی بۆ کابرا نەهێشتۆتەوە، چ لە سەر مەسەلەی کورد و چ لەسەر مەسەلەی ئێران بە گشتی و چ لەسەر مەسەلەی چەپ، ئەوەی پێویستە هێناویەتە سەر کاغەز.

کاك عەزیز لە نامەکەیدا نوسیبووی: ((موهەندیس ئاریا گەڕاوەتەوە.... گوێا بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی مەجبور بوون شەش جار هەڵبژاردن بکەن.... حەتمەن دەزانی کە (سۆسیالیزمی دیموکراتیك) ئێستا لەناو پێڕەوی حیزب دا وەك ئامانجی دواڕۆژی حیزبمان ناسراوە. بە گێرە و کێشەیەکی زۆر دکتۆر و مەلا عەولاّ و دکتۆر سەعید ئەو تێزە چەوتەیان بەسەر کونگرەدا سەپاندوە. ئەوە چوار ڕۆژە کاك جەلیل گەیشتۆتە ئێرە. لە نامەکەتدا نوسیبووت کە نابێ دەست لە حیزب بکێشمەوە. لەگەڵ کاك صارمیش باسی ئەو مەسەلەمان کرد. ئەمن خۆم لە حیزب ناکێشمەوە، بەڵام بەڕاستی بەو تەرکیبەی ئێستای ڕێبەرایەتی حیزبمان ئیمکانی هیچ ڕیفۆرم و کارێکی ئوسوڵی پێك نایە. تەنیا یەك

کەس بڕیار دەدا، کۆمیتەی ناوەندی بە قەولی فارسان شتری بی یال و دوم و ئەشکەمە. بە داخەوە کاك جەلیل لەو ماوەیەدا نیشانی داوە کە دەیەوێ خۆی بپارێزێ و بەرانبەر بە دکتۆر یەکجار زەعیفە....))

کاك ئەمیری قازی ڕۆژی ٩٨٤/٣/٢٧ لە بەرلینەوە تەلەفۆنی کرد و گوتی: ((بە داخەوە فیزایان نەدامێ و نەمتوانی بێم سەرت بدەم. چوم صادق وەزیریم دیوە. کاك ئەمیر گوتی: لە حیزبی دیموکراتدا نەماوم. چونکە پێم وایە ئەو حیزبە هیچی لێ شین نابێ. باشترە جەرەیانێکی کوردستانی ڕێك بخەین خەڵکیش لە گەڵمان دەبێ....))

دوای نامەی کاك عەزیزی ماملێ و تەلەفۆنی کاك ئەمیری قازی، بۆم دەرکەوت کە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات دەفتەر و پێگە و بارەگای بردۆتە کوردستانی عێراق و بەتەواوی کەوتۆتە ژێر سێبەری ڕەحمەتی حکومەتی بەعسی. لەم حاڵە دا پێویستی بە دەستکاری بەرنامەی حیزب هەیە، هەرچەندی بڕواشی بەو دەستکاری یە نەبێ. بەڵام کە خەبەرم زانی کە کاك جەلیل نۆرەی شەش مانگ ڕابواردنی لە فەڕەنسە وەبەر کەوتووە، چاوەڕوان بووم کە وەڵامی نامەکەی منی هێنابێتەوە کە بۆ دەفتەری سیاسیم نوسیبوو.

سێزدە بەدەر لە سۆفیا:

ڕۆژی ٩٨٤/٤/٢ خوێندکارە کوردەکانی سۆفیا کۆبوونەوە، لاسایی عەجەمان بکەینەوە و بیکەینە سێزدەبەدەر. چووین لە گوندێك شەکێکمان کڕی و لە گوندێکی نزیك سۆفیا، لە خانووی خێزانی برادەرێکمان کۆبوونەوە. لەبەر هەتاوی خۆشی بەهارێ لە چیمەنی بەر خانووەکە ئاگرمان کردەوە و دەستکرا بە کەباب و گۆشت برژاندن و خواردنەوە. هەروەك لە نێو لاوانی کورد باوە کە ئارەق و

سیاسەت تێکەڵ دەکرێ، تازە دوو پێك پێداکرابوون، بیسمیلا سەلاحەدینی قارەمانی ئیسلام کەوتە بەر پەرەی هەلاج و بە جوانی تار و پۆی لەبەر یەك هەڵوەشێنرا. منیش نازانم کەنگێ و لە کوێ وتارێکم خوێندبۆوە کە مەسەلەی ئەفسانەیی کاوە و ئەژدەهاکی ئاوەژوو کردبۆوە و گۆیا ئەژدەهاك لایەنگری فەقیر و هەژاران بووە. فەرەیدون کۆدیتای لەسەر کردوە و دەوری کاوەش دەورێکی پیرۆز و پێشکەوتوانە نەبوە. قسەیەکی خۆشی مامۆستا هەژاری رەحمەتی زانا و شاعیر و نوسەر و زمانزانی کوردیشم لە بیر بوو، ساڵی ٩٥٩ کە تازە شۆڕشی کوبا سەرکەوتبوو فیدڵ کاسترۆ کابرایەکی دیکەی کردبوە سەرکۆمار. ڕۆژێك لە کن سەرۆك بارزانی رەحمەتی دانیشتبووین و باسی کاسترۆ کرا. مامۆستا هەژار ڕەوانی شاد بێ گوتی: ((کاسترۆ کوردە.)) گوتیان لە کوێ کوردە، کورد لە کوێ و کوبا لە کوێ؟ گوتی: ((کاکە کوردە. ئەگەر کورد نەبێ چۆن خۆی ئەو هەموو چەرمەسەریە دەکێشێ و شۆڕش دەکا و دوایەش یەکی دیکە دەکاتە سەرکۆمار. ئەدی کورد لە کاوەی ڕا هەر وای نەکردووە.؟)) منیش بەزمانی سوتاو گوتم: هەر باسی سەلاحەدین دەکەن، خۆ لە بارەی کاوەی ئاسنگەریش هێندێ نوسین سەریانهەڵداوە. کاك جەمال رەشید گوتی: ((کاك کەریم ئەوەی هەمانبێ کاوەیە. تۆ ئەم خوایە تکات لێ دەکەم با دەست لەو نەدەین.)) زۆر پێکەنین و وازمان لە باسەکە هێنا و منیش ئیتر باسم نەکردەوە. بەڵام پاش چەند ساڵ شاعیر و نوسەری بەناوبانگی ئێرانی (ئەحمەد شاملۆ) لە لێکۆڵینەوەیەکی قوڵی زانستی دا جەرگ و هەناوی فیردەوسی و کاوەی بە گۆپێ وەرکرد و باس و دمەتەقەیەکی بەربلاوی لەسەر ساز بوو.

رێکەوتی ٩٨٤/٤/٤ نامەیەکم بۆ کاك جەلیل نارد و لەگەڵ بەخێر هێنان بۆم نووسی: تکایە با دەفتەری سیاسی وەلامی نامەکەم بداتەوە و جێگای کاریشم بۆ دیاری بکا تا خەریکی بە جێگەیاندنی ئەرکی پێ ئەسپێراو بم.))

پسوڵەی کۆمیسیۆنی تەشکیلات:

ڕۆژی ٩٨٤/٤/٦ کاك محەمەدی مەدەنی هاتە سۆفیا. هێندێ کتێبی دەستنوسی کە لە کن پۆلام بەجێ هێشتبوون لەگەڵ نامەیەکی پۆلای بۆ هێنابوومەوە. پۆلا لەگەڵ ناردنی ناوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێراوی کۆنگرەی شەش لە نامەکەدا لەگەڵ سڵاو و دەربڕینی هەستی برایانە و یادی ڕۆژانی خۆشی دراوسێتی، نووسیبووی: ((..... کاك کەریم گیان پێم وایە بێ مەیل نی هێندێك باسی خۆمانت بۆ بکەم!

هێرشی ئالان دەستی پێ کرد. هەلاّت هەلاّتێکمان وێ کەوت باب ئاگای لە کوڕی نەما. (سەگ ساحێبی خۆی نەدەناسیەوە). هێرشەکە وانێزیك بۆوە، ئەرتەش گەیشتە دولکان جا ئێمە وەخۆ کەوتین و ئەوکاتەش ولاّغ وەگیر نەدەکەوت بۆیە بڕیار درا هەر کەسەی ساکێکی وەسائیلی شەخسی خۆی هەلگرێ و بڕوا. ئەمن ئەوکاتە تەنیا ئەمانەتەکەی تۆم هەلگرت و ڕۆیشتین. دیارە لە دولکان پا تا گەیشتە مەزناوێ دوو ڕۆژی خایاند و لەم دوو ڕۆژەدا توانیمان بەشێکی زۆر لە وەسائیلەکەمان ڕاگوێزین. بەلاّم بەداخەوە کتێبەکانی من هەمووی وەدەست دوژمن کەوت. بە هەر حاڵ دوو ڕۆژ دەنگی ڕادیۆکەمان نوست، پاشەکشەکەمان (یا باشتر بڵێم هەلاّتنەکەمان) بە واقیع لە هەموو ڕێکخراوِ و سازمانەکانی دیکە باشتر و ڕێك و پێکتر بوو بێ تەعاروف و پێ هەلگوتن. لە شوێنی تازەمان بڕیار درا هەر کەسەی بۆ خۆی خانو ساز بکا، هەر واشمان کرد. ئەمن ئێستا لە ئەشکەوتێك دام لە زارکەکەی دیوارێکم هەلچنیوە، دەرك و پەنجەرەم تێ گرتوە و

ژوورەکەیم وا خۆش کردوە کە بە قەولی حوسێنی مەدەنی دەڵێ لە خۆشترین کافتریای ئەوروپاش خۆشترە.!

کاك کەریم کۆنگرەکەمان سبەینێ پاش ٩ پۆژ کۆتایی بە کاری خۆی دێنێ. کۆنگرەیەکی زۆر زیندوو بوو، سەتحی زۆر لەسەرێ بوو. جەوێکی وا بەسەر کۆنگرە دا حاکم بوو کە بە ئیتمینانەوە دەتوانم بڵێم ئەگەر لێرە بوایەی حەتمەن دەنگی زۆر باشتِ دەهێناوە و تەئسیرێکی زۆر باشیشت دەبوو. کورتە باس بە هەزار فێڵ و تەڵەکە بە ١٠٨ دەنگ لە بەرانبەر ١٠٠ دەنگ دا تەسویب بوو. ئامانجی دوا پۆژمان بوو بە کۆمەڵێکی دیموکراتیکی سۆسیالیستی. دیکتاتۆری پرۆلتاریا رەت کرایەوە. زۆر لە ئەندامان و ئەزجومله بۆ خۆم دادەنیشین و ئەو رێبازەمان قەبوڵ نیە. لەوە زیاتر سەرت نایەشێنم. هەموو برادەران و خوشکان سلاوت لێ دەکەن. خێزانم زۆرت لێ دەپرسێ هەروەها اقبالی حاجی و فەرهاد.... برا چوکەت پۆلا ٩/١١/٦٢.))

پۆلا لە گەڵ نامە و کتێبەکانم، راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیشی بۆ ناردبووم کە بۆ کۆنگرەی شەش نوسرابوو. بە وردی خەریکی خوێندنەوەی راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بووم. هەروەك صارمخان نوسیبووی، بەڕاستی بە بۆچوونی رەمەکی و راوە رێوی و لاواز لاپەڕەکان ڕەش کرابوونەوە. لە راپۆرتی کۆنگرەدا لە باری کاری تەشکیلاتی و کۆمەلایەتی و کولتوری و بە گشتی هەڵسوڕانی حیزبەوە ئەم رستە و زاراو وشانە بەرچاو دەکەون: ((لە باری تەشکیلاتیەوە ئاڵقەی پێوەندی حیزب و کۆمەڵ کە تەشکیلاتە زۆر بە هێز نیە. بۆتە ئەنارشیزم و هەرکەس هەرکەس.... کەم بوونی کادر.... تێکەڵکردنی شێوەی کاری حیزبی و نیزامی..... بلاو نەبوونی بلاو کراوەی تیئوری (مەعلومیش نەبوو کام تیئوری؟) نەبوونی کاری تەشکیلاتی لە نێو ژنان.... نا تەواوی و کەم و کوڕی لە بەشی مالی

دا زۆرە..... تەدارەکات لە نێو پێشمەرگەدا لاوازە..... و هتد.)) ئەوانە تۆزقالێک بوون لەو ناتەواویانەی کە لە ڕاپۆرتدا هاتبوون. بەڵام لە جیاتی دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەرکردنی ئەو گیر و گرفتانە و پتەوکردنی ریزەکانی حیزب، ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات ڕێگای پەرش و بڵاوی و لاوازکردنی حیزب و شێوەی دزێوی (تەعەهود و دەرکردنی) ئەندامانی خاوەن بیروڕا و دڵسۆزی گرتە بەر. (ئەم باسە رادەگرم بۆ بەرهەمێکی تایبەتی و ئێستا با بێمەوە سەر بیرەوەری ڕۆژانە).

کاک محەمەدی مەدەنی چەند ڕۆژ لە سوئفیا مایەوە. ڕۆژی ٩٨٤/٤/١١ نامەیەکی بچوکی دامێ و داوای ڕەسیدی لێ کردم. چاکم لە بیر نیە ڕەسیدم دایە یان نا. نامەکەم وەرگرت لە لایەن کۆمیسیۆنی تەشکیلاتەوە نوسرابوو. وا لێرەشدا دەقی نامەکە بڵاو دەکەمەوە:

((بەڕێز کاک کەریمی حسامی. لە گەڵ سلاو.

بەم هۆیەوە پێت ڕادەگەیەنین بە تاوانی لە ژێر پێنانی دیسیپلینی حیزبی و جوڵانەوە بە پێچەوانەی نیوەڕۆکی پێڕەوی نێو خۆی حیزب بە یەکجاری لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەردەکرێی.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کۆمیسیۆنی تەشکیلات ١٣٦٢/١٢/٢.))

نامەی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتم پێ سەیر نەبوو. یەکەم لە لایەک زەبوونی و ترسەنۆکی نووسەرانی نامەکەی دەردەخست. کە پاشملە و لە کاتێکا بە ئیجازە لە سەفەردا بووم بە دەرفەتی دەزانن و بە کوتە کاغەزێک خۆیان لە گێرە و کێشەی ڕووبەڕوو ڕزگار دەکەن. لە لایەکی تر سەیر ئەوەیە باسی پێڕەو و پڕۆگرامی حیزب دەکەن کە هەمیشە پێ شێلیان کردوە. لە پێڕەو و پڕۆگرامی

حیزبـی دیمـوکرات دا گـوتراوە: ((هـەموو ئەنـدامێك مـافی ئـەوەی هەیـە لـەم کۆبوونەوەیەدا ئامادە بێ کە رێکخراوەکەی لە بارەی تێکۆشانی ئـەو بڕیـار دەدا و یـا لێـی دەکۆڵێتـەوە. یـان ئەنـدامێکی کـە سـزا دەدرێ دەبـێ لـە لایـەن ئـەو رێکخراوەیەوە بێ کە ئەندامەکە تێیدا بەشدارە.)) هـەروەك گـوترا مـن لـە سـەفەر بووم و داواشم کردوە جێگای کار و تێکۆشانم بۆ دیـاری بکـەن، بـەڵام بـێ ئـەوەی روونی بکەنەوە کە کام دیسیپلینی حیـزبیم شـکاندووە و (جولانـەوەی پێچـەوانەی نێـوەرۆکی پێـرەوی نێـو خـۆی حیـزب) چـیە، بڕیـاری دەرکـردنم دەدەن. ئـەوە بەشێکی بچوکی ئەو دیموکراسی یە کە پۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٨٧ لـە قـەولی دکتۆر قاسملووە دەنووسێ: ((تا حیزبی دیموکرات ماوە دیموکراسـی مەبەسـت و ئامانجیەتی.)) لەوانە لـە هـەمووی سـەیرتر پۆژنامـەی کوردسـتان هـەر لـە هـەمان ژمارەدا، بە بۆنەی سالۆڕۆژی شەهید بوونی دکتۆر قاسملو لە زمانی ناوبراوە باسـی ((ئەخلاق لە سیاسەت دا)) دەکا و دەنوسێ: ((ئێمە بێ ئوسولّی و جنێو فرۆشی لە سیاسەتدا ڕەت دەکەینەوە. بۆ جێگیر کردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا تێدەکۆشین و یەکـەم رێکخـراوی ئێرانـی بـووین (نـەك کـوردی و کوردسـتانی) کـە ئـەخلاقمان واریدی سیاسەت کـردووە.)) مـن هـەر چـەند لێکۆڵینـەوەی قـولّی ئـەم باسـەم بـۆ بەرهەمێکی تایبەتی راگرتوە، بەڵام بێ جێ نابێ بە کورتی دوو نمونەی بچوك لـەو ((ئەخلاقە)) باس بکەم کە دکتۆر قاسملوی شەهید ((واریدی سیاسەتی)) حیزبی دیموکراتی کـردوە. یەکـەمیان سـەبارەت بـە خۆمـە. لـە سـاڵی ١٩٤٥ وە ئەنـدامی حیزبی دیموکرات بوون. لـە سـاڵی ١٩٥١ وە کـە ڕەحمـانی قـاسملو و وەك کـادری حیزبی تودە هاتۆتە مەهاباد ناسیار و دۆست و هاوکاری بووم. ماوەی چـەند سـاڵ جێگری سـکرتێر و ئەنـدامی دەفتـەری سیاسـی بـووم، بـۆ چـەند وتوویـژ لـە گـەڵ حیزبـی بێگانـە و پێوەنـدی نوێنـەری حیـزب بـووم. پاشـان وەك لـە بڕیـاری

کۆمیسیۆنی حیزبی و جولانەوە بە پێچەوانەی پێڕەو و پڕۆگرامی حیزبی)) لە حیزبی دیموکرات دەرکراوم. هەر بە دوای منداڵ چەند برادەرێ دیکەش هەر بە عەینی تاوانی بێ جێ لە حیزب دەرکراون. بەڵام لە ٩٨٤/١١/١٩ کاتێک دکتۆر قاسملو دێتە ستوکهۆڵم لە کۆبوونەوەی ئەندامانی حیزبی دا باسی دەرکردنی من دێتە گۆڕێ و پرسیاری لێ دەکەن کە کەریمی حسامی بۆ لە حیزب دەرکراوە؟ دکتۆر قاسملو وەک سکرتێری گشتی حیزبی دیموکرات، بەو (ئەخلاقەی کە واریدی حیزبی دیموکراتی) کردبوو، لە وەڵامدا دەڵێ: ((جاسوس بوە.)) جا ئەگەر لە نێو هەموو ئەندامانی ئەودەمی کۆمیتەی ناوەندیدا، تاقە کەسێک نەبووە ئەوەندە وێژدانەی هەبێ داوای لێکۆڵینەوەی ئەم بڕیارە بکات، لە کۆمیسیۆنی تەشکیلات بپرسێ: ((ئەو بڕیارە بۆ چی و لەسەر چ ئەساسێک دراوە؟)) لە نێو ئەندامانی حیزبیدا کەسێکی ئازا و بە شەرەفی وەک کاک حەسەنی قازی پەیدا دەبێ دەپرسێ: ((جاسوسی کێ بوە؟ لە کەیەوە بۆتە جاسوس؟ بۆ سەنەد و بەڵگەی لەسەر بڵێ ناکەنەوە؟ خۆ هەروا بە قسە و بوختان، کەسێک نابێتە جاسوس)). جەنابی سکرتێری حیزب وەڵامی کاک حەسەنی قازی بۆ نادرێتەوە و تەنیا نەختێ ئارەقە دەکات. تۆ بڵێی لە وێژدانی خۆیدا تۆزێ ناڕەحەت نەبووبێ؟!!

نمونەی دووەمی ((ئەخلاق)) کە دکتۆر قاسملو ((واریدی سیاسەتی کردوە)) مەسەلەی جیابوونەوەی دەستەیەکی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی یە لە کۆنگرەی هەشتەمدا. ئەو ئەندامانەی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی کە جیا دەبنەوە، لە ماوەی ١٠ ساڵ هاوکار و گوێ لە مستی ئەو بوون. لە فەرمایشت و فەرمانی سکرتێر قەت لامجومیان نەبوە. ماوەی ١٠ ساڵ هەموو کار و کردەوەی لادەرانەی سکرتێریان تەئیید کردوە و بۆیان لە ملی داوە. بەڵام کاتێک لە سەر هیچ جیا دەبنەوە، کوتە کاغەزی بێ ئابڕوانەی پێش ٣٠ ساڵ بۆ بەدناو کردنی

هاوکار و هاوڕێیانی لە لایەن دەزگای سکرتێرەوە بلاّو دەکرێنەوە. یان ئەوانەی کە جیا دەبنەوە ماوەی ١٠ سالّ لە مەکتەبی سکرتێر پەروەردە دەکرێن و ماوەی ١٠ سالّ وەک مۆرەی شەترەنج لە بەر دەستیدا هەلّدەسوڕێن و بۆی لە ملی دەدەن، بەلاّم کاتێک جیا دەبنەوە لافاوی تۆمەت و بوختان و قسەلۆکان هەلّدەبەستن. ئەوانە نمونەی بچوکن لە (ئەخلاق و دیموکراسی و هومانیستی) کە دکتۆر قاسملو لە حیزبی دیموکراتدا بناغەی داڕشتوون.

بە کاک محەمەدی مەدەنی دا وەرگێڕاوەی کتێبی (ئینجە مەمەد)م بۆ ئەنیستیتۆی کورد نارد و ئەم نامەیەشم بۆ کەندالّ نووسی: ((بۆ برای بەڕێز کاک کەندالّ! لە گەلّ سلاّوێکی گەرم. لەبەر ئەوە دامەزرانی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس بۆ ناساندن و پەرە پێدانی مێژوو و کولتوری نەتەوەی کورد بە هەنگاوێکی بەرز و بە خزمەتێکی مەزن دەزانم، بۆ ئەوە کە بەشێکی زۆر بچوک لە شانازی خزمەت بە فەرهەنگ و زمانی کوردی بە من ببڕێ، ئەوا هەروەک بەلّێنم دابوو، وەرگێڕاوەی کتێبی ((ئینجە مەمەد)) شاکاری ئەدەبی و شۆڕشگێڕی نووسەری بەناوبانگی کورد یاشار کەمال پێشکێش بە ئەنستیتۆ دەکەم کە چاپی بکا و بلاّوی بکاتەوە. پێم خۆشە ئەم نوسراوەشی لە گەلّ چاپ بکرێ و ڕێزمان و ڕێنوسی کتێبەکەش هەر وەک هەیە هەر ئاوا لە چاپ بدرێ و دەستکاری نەکرێ. سەرکەوتنی بەڕێوەبەرانی ئەنستیتۆی کورد ئاواتەخوازم.

براتان کەریمی حسامی. ٩٨٤/٤/١٠

لەو بەینەدا یەک دوو نامەم پێگەیشت و بە تەلەفۆن خەبەریان دەدا کە زۆر کەس لە حیزب کشاونەوە و نارازی زۆرن و چاویان لەو کەسانەیە کە لە ئەوروپا دەژین و پێویستە بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێک بیرێک بکەیەوە. ئەو نامە و تەلەفۆنانە لەگەلّ

قسەکانی کاك ئەمیری زۆر لێك نێزیك بوون. ٩٨٤/٤/١٧ نامەیەکم بۆ صارمخان نوسی و هێندێ دەنگ و باسی کوردستانم بۆ نووسی کە هێرشی پاسداران زۆر بۆوە و سەرشاخانیان گرتوە. هەروەها لەسەر وتوویژی یەکێتی نیشتمانی لەگەڵ حکومەتی بەعسی هێندێ پرسیارم لێکرد و ڕای خۆشم بۆ نووسی. نامە گۆڕینەوە لە گەڵ صارمخان ببوو بە بەشێکی گرنگ و خۆشی ژیانم. چونکە بێجگە لەوە کە لە ڕێنوێنی و بۆچوون و بیروڕای کەڵکی زۆرم وەردەگرت، قەت نەبوو جارێك نوسراوەیەکم بێ وەڵام بێڵێتەوە و جاری وا هەبوو وەڵامدانەوەی من وەدوا دەکەوت، ئەو نامەیەکی دیکەی بۆ دەناردم. لە هەموو نوسراوەکانیدا هەستم پێ دەکرد کە لە نوسینەکانم و لە نامە گۆڕینەوە نەك هەر وەڕەز و بێزار نیە بەڵکوو بە تاسەوە چاوەڕوانی نامەکانیشم دەکات.

لە لایەن ئەنستیتۆی کوردەوە ٩٨٤/٤/٢٤ ئەم نامەیەی خوارەوەم پێگەیشت:

برای خۆشەویست کاك کەریمی هێژا. سلاوی گەرمتان پێشکەشە. زۆر سوپاستان دەکەین بۆ پێشکەش کردنی وەرگێڕاوەی کتێبی (ئینجە مەمەد) بە ئەنستیتۆی کورد. کە دەستمان بڕوا، تێ ئەکۆشین بە زووترین کات لە چاپی بدەین. دیارە هەر وەکو باستان کردبوو بە پێی ڕێنوس و ڕێبازی خۆی. شایانی باسە کە بەردەوامی و پەرە پێدان و پێشکەوتنی ئەرکە گرنگەکانی ئەم مەڵبەندە، پێویستی بە لایەنگری و یارمەتی هەموو کوردی پێشکەوتنخواز و ولاتپەروەرەکانەوە هەیە، بۆ وەدی هێنانی ئەم مەبەستانە چاوەڕوانی یارمەتی بەردەوام لە لایەن بەڕێزتانەوە ئەبین و هەروەها هیوادارین خزمەتی ئێوەی بەڕێز لە باری مێژوو و کولتوری گەلەکەماندا، وەکوو خزمەتی تێکۆشەرانەتان بەردەوام و سەرکەوتو بێ.

بە هیوای سەربەرزیتان. کەنداڵ نەزان.))

ڕۆژی ۹۸٤/٤/۱۲ نامەیەکم بۆ صارمخانی صادق وەزیری نووسی و بڕیاری کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتم پێ ڕاگەیاند. هەروەها لەمبارەوە نامەیەکیشم بۆ کاك عەزیزی ماملێ نوسی.

صارم خان ڕێکەوتی ۹۸٤/٤/۲۱ لە وەلآمی نوسراوەکەی من دا نوسیبووی: ((.... لەو دەستە گوڵی تازە کە حضرات بە ئاویان داداوە مەتڵەبێکم نوسیبوو. مەبەستم نێوەڕۆکی ئەو نامەیە کە کاوە هەڵگری بوە. ئاشکرایە کە دەرەجەی داخی من تا چ ڕادەیەکە. لە ڕاستیدا بێ ئەندازەیە. بەڵآم لە بارەی ئەو پرسیارەی لەم بارەدا کردبووت، زۆر بە کورتی بیروڕای خۆمت بۆ دەنوسم:

۱- بێگومان ئەم هەنگاوانە ئاڵقە زنجیری تێکخراون کە بە دوای یەك ئامانج دا وێڵن.

۲- بەڕێەرچدانەوەکان پێویستە لە ڕادەبەدەر قرساو و حیساب کراوبن. بە چەشنێك کە حضرات کەڵکی خەراپی لێ وەرنەگرن.

۳- ئێوە وەك یەکێ لە قەدیمترین کادرەکانی دەرەجە یەکی حیزبی دیموکرات بێگومان مافی تایبەتی ئەفرادی حیزبیتان هەیە. لە ڕاستیدا ئەگەر ئەو حضراتة بچوکترین بڕوایان بە دیموکراسی مابێ، لە بیرکردنەوەی ئەم هەنگاوە دەبێ بلەرزن، جا چەدەکا بەوەی کە بە بێشەرمی کارێکی ئاوا بکەن. بەڕێەرچدانەوەی تۆ ئەشێ لە چوارچێوەی پێڕەوی حیزبی دابێ. من هەر ئێستا پێڕەوی پەسندکراوی کۆنگرەی شەشم لە لایە، مادەی شەشی پێڕەو لە بارەی سزادانی ئەندامی حیزبە. خاڵی دووەمی ئەو مادەیە دەڵێ ئەندامی حیزب لە لایەن ڕێکخراوێکەوە سزادەدرێ کە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە بێ. کۆمیسیۆنی تەشکیلات

هەر لەخۆوە ناتوانێ ئەندام سزا بدات. مەگەر ئەوە کە تۆ ئەندامی ئەو کۆمیسیۆنە بووبیت.....))

کاك عەزیزی ماملێ–ش لە وەلأمی نامەی منـدا، رێکـەوتی ٩٨٤/٥/٢ دوای سـلاّو و دەربڕینی هەستی دۆستانە نوسیبووی:

((.... بەڕاسـتی سـەبارەت بـە بڕیـاری کۆمیسـیۆنی تەشـکیلات زۆر چـوم دەپـاڵ خۆمەوە و خۆم خواردەوە. خۆم خواردەوە کە ئەندامێکی وەفادار بە ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەبەر بوونی هەستی پاك و بیری پێشکەوتنخوازانەی ئەوتۆ دەکەوێتە بەر پەلاماری ئینسانی ناسالّح و کۆنە پەرست. وەختێك بیر لـەوە دەکەمەوە. کە ئەوڕۆ ئەو (قاسملوو شـەرەفکەندی)یە خـەریکن خـەباتی میللـەتێك لە ڕێبازی پێشکەوتوانەی خـۆی لادەن و خـوێنی ئـەو هـەموو شـەهیدانە بـە فـیڕۆ بەرن. لە هەل و مەرجێکدا کە میللەتەکەمان، حیزبەکەمان ڕێگای دروست و دژ بـە ئەمپریالیستی هەڵبژاردوە و دۆست و دوژمنی خۆیان ناسیوە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بۆ نزیکبوونەوە لە دۆستانی ناو نەتەوایەتی خۆیان تێ دەکۆشـن، ئـەو حەزەراتـە زۆر ناپیاوانـە و کۆنـە پەرستانە حـەول دەدەن تێـزی چـەوتی سۆسـیال دیموکراسـی بەسەر حیزبەکەماندا سەپێنن، دیارە بەو شێوەیە کە بیستومە بە شـێوەیەکی زۆر دیکتاتۆرانە (ئەکثریت)) یان بەدەست هێناوە ! ! ((بەڵأم بەرخ هـەتا سـەر سـەری لەبن سەوەتەدا نابێ. خەبەرم هەیە کە ماهیەتی پیسی ئەو گورگانەی کە چون لـە پێستی مەڕەوە لە کۆنگرەی شەشەم دا زۆر چاك ڕوون بۆتەوە. وەزعێکـی نالـەبار پێك هاتووە پاش داسەپاندنی سۆسیال دیموکراسی. کادرەکان وروناکبیرەکان لەو مەسەلە زۆر ناڕەحەت و قەڵسن. جا وەزعەکە دەگاتە کوێ نازانم.

..... پێم خۆش بوو ئەوەتان عەرز بکەم کە ئێوە خۆتان بەو بڕیارە نالەبارە کە بە تەواوی دژایەتی هەیە لەگەڵ پێڕەوی حیزب، ناڕەحەت مەکەن و بیری لێ مەکەنەوە. ئێوە بۆ پێ خۆشبوونی قاسملو و شەرەفکەندی و مەلا عەولا نەهاتوونە نێو حیزبی دیموکرات. هەموو کەس ڕابردووی ئێوە و خەباتی درێژ خایەنی ئێوە دەناسێ. هەموو کەسیش وردە وردە گەیشتونە ئەو نەزەرە کە قاسملو و داروودستەکەی خەریکن حیزب لە ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆیان لادەن. کەوابوو ئەو بڕیارە دژی ئێوە نیە، دژی هەموو ئینسانێکی بە بیروباوەڕ و پێشکەوتویە. دڵنیا بن ئێوە ئاخرین کەس نابن. ئەمن هەر پاش کونگرەی شەشەم کاتێك کاك ئەمیر باسی چۆنیەتی کۆنگرەی بۆ کردم، بیرم لەوە کردەوە کە ئەو عالی جەنابانە ((تەسفیە)) یەك بکەن و بە تەواوی حیزبە کە ((یەك ڕەنگ)) بکەن. هەر چاوەڕێ بووم و هەم کە دەست لەو کارە بدەن. لە ئێوەڕا دەستیان پێ کردوە و جا بزانین خەبەری داهاتوو چۆن دەبێ.... بە هیوای سەرکەوتنی گەلەکەمان.)) براتان عەزیزی ماملێ ٢ی مانگی مای ١٩٨٤))

ڕۆژی ٥/٥/٩٨٤ ئەم نامەیەی خوارەوەم بۆ دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات نووسی و لەگەڵ نامەیەك بۆ کاك جەلیلی گادانی، ناردم بۆ دەفتەری پاریس. ئەمەش دەقی نامەکانە.:

نامە بۆ کاك جەلیلی گادانی:

((برای بەڕێز کاك جەلیلی گادانی! هیوادارم سەلامەت و بەسەر کار و تێکۆشاندا سەرکەوتو بی. بڕا زۆر بێ لوتفی. خۆ ئەگەر ئەو بڕیارەی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتیش لە لایەن ئورگانی سەرەوەتر چاوی پێدا نەخشێتەوە، دۆستایەتی شەخسی هەر دەمێنێ و نابێ باریکا. لە ئەخلاقی تۆم بە دوور دەزانی کە لانی

کەم دوو دێڕ وەڵامی نامەی بەخێرهاتن نەنوسیەوە. بەڕاستی هەقی گلەییم هەیە. نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نوسیوە، وا لە پاکەتی جەنابت دایە. تکا دەکەم بە هەوەڵین وەسیلە بینێرە و خۆشت وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی بە وێژدانەوە بیر لەو بڕیارەی کۆمیسیۆنی تەشکیلات بکەوە و نەزەری خۆشت بنوسە. کاک جەلیل گیان لام وایە بڕیاری ئەوتۆ ناعادلانە هیچ یارمەتیەک بەکاری حیزب ناکا و دەفتەری سیاسی دەبێ پێشی ئەو جورە کارانە بگرێ. سلاّو بۆ برایانی تەشکیلات و سوپاستان دەکەم. برات کەریمی حسامی. ١٩٨٤/٥/٥

نامە بۆ دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران:

((بەڕێز دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. لە گەڵ سلاّوێکی شۆڕشگێرانە. سلاّمەتی و سەرکەوتنتان ئاواتە خوازم. لە وەڵامی نامەی پێشودا کە بە کاك مستەفای شەڵماشی دا ناردبووم و داوام کردبوو کە لە ئەورووپا یا لە هەر شوێنێکی کوردستانی ئێران کارم پێ دەسپێرن بۆم دیاری بکەن بۆ ئەنجامدانی ئامادەم، لە جیاتی دیاری کردنی جێگای کار رۆژی ٩٨٤/٤/١١ بە هۆی هاوڕێ محەمەدی مەدەنیەوە نامەیەکم بە مۆری کرمیسیۆنی تەشکیلات بۆ هات کە (بەتاوانی لە ژێر پێنانی دیسیپلینی لە حیزبی دیموکرات دەردەکرێی) بەڕاستی جێگای داخە هەروا بە ئیشتیا کۆنترین ئەندامی حیزب بە یەک دووخەت پاش ٤٠ سالّ تێکۆشان دەربکرێ. من هەرچی بیر دەکەمەوە نە دیسیپلینی حیزبیم لە ژێر پێ ناوە، نە بە پێچەوانەی نێوەڕۆکی پێرەوی نێو خۆی حیزب جولاّومەوە، نە کارێکی ئەو تۆم کردوە بە زیانی حیزب بێ. دەبوایە لانی کەم بچوکترین شوێنی دیموکراسی لەبەرچاو گیرابایە و بە پێی بەندی یەک ڕوون کراباوە چکارێکم کردوە کە سزای دەرکردن بێ. من ئەندامی بەشی تەبلیغات بووم. بە گوێرەی بەندی ٣ لە مادەی ٦ دەبوایە سزای من لەو ڕێکخراوەی حیزبی دا دیاری بکرێ. هەر تۆزێک

بڕوا بە دیموکراسی، نیشانی دەدا کە بڕیاری کۆمیسیۆنی تەشکیلات لە ژێر پێ نانی سادەترین یاسای دیموکراسی و مادەی شەشی سزادانی ئەندامە.

بەو بۆنەوە داوا لە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات دەکەم کە ڕێگا نەدەن هەروا بە هەوا هەموو ڕێ و شوێنی دیموکراسی و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی لە ژێر پێ بنرێ و ئەندامی حیزب دەربکرێن. داوا دەکەم بە لەبەرچاو گرتنی پاراستنی مافی ئەندامێکی حیزبی ئەم بڕیارە ناڕەوایە هەڵوەشێننەوە و جارێکی تر شانازی تێکۆشانی ئەندامەتی حیزبیم بۆ بگێڕنەوە و جێگای کار و شوغڵم بۆ دیاری بکەن تا هەروەك رابردوو بە فیداکاری ئەرکی حیزبایەتی خۆم بەجێ بگەیەنم. ئەگەر دەفتەری سیاسی ئەم بڕیارە ناڕەوایە هەڵنەوەشێنێتەوە، داوا لە سکرتێری گشتی حیزبی دیموکرات دەکەم کە ئەو سکالاّ و تکایەی من لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیدا بێنێتە گۆڕێ و بە پێی بەندی چواری مادەی ٦ بە ویستی من ڕابگەن.

دڵنیام کە دەفتەری سیاسی بەڕێز لە گەڵ ئەو بڕیارە ناعادلاّنە و پێشێل کردنی دیموکراسی حیزبی موافەقەت ناکا. سەرکەوتنتان ئاواتەخوازم. کەریمی حسامی ((١٩٨٤/٥/٥.))

ڕۆژی ٩٨٤/٥/٥ کاك ئەمیری قازی هاتە لامان. دوو سێ ڕۆژ مایەوە. کاك ئەمیر لای وابوو کە حیزبی دیموکرات وەك ئیدارەیەکی حقوق بگیری لێ هاتوە. لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە پێویستە ڕێکخراوێکی کوردستانی دروست بکرێ و واز لە دروشمی خودموختاری بێنێ. چونکە خودموختاری نە دەدرێ و نە هیچیشی بۆ کورد لێ پەیدا دەبێ)) لەم بارەوە باسێکی زۆرمان بوو، هاتینە سەر ئەو باوەڕە کە ڕاوێژ و چاوپێکەوتن و ئاخافتن لەگەڵ برادەرانی دیکەش درێژە پێ بدەین. کاك ئەمیر ٩٨٤/٥/٩ گەڕایەوە. من خەریکی نوسین و تەواو کردنی (نامیلکەی لێکۆڵینەوەی کورتە باسێکی دکتۆر قاسملو بووم لەسەر سۆسیالیزم) ڕۆژی

٩٨٤/٦/١ ئامادەم کرد بۆ چاپخانە. ئەودەم چاپکردنی کتێب و ڕۆژنامە لە بولغاریا کاری حەزرەتی فیل بوو. دەبوایە لە حەوت خوانی ڕۆستەمی بگوزەرێ و ئیجازەی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر بێ. ئەویش هەر نەدەکرا. کابرایەکم دیتەوە لە چاپخانەیەک کاری دەکرد. سەت لێوام دایە و کابرا وەک پیاوان بە بێدەنگی هەرتل بەرگی کوردی فارسی چاپکرد و ئێوارەیەک بۆی هێنامەوە مالێ. سەیر ئەوەبوو کاتێکی دوو نوسخەی فارسیەکەم بۆ بەرپرسی بەشی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست لە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی بولغاریا برد، هەوەلێن پرسیاری ئەوە بوو کە لە کوێ چاپکراوە.؟!! گوتم لە کوردستان چاپکراوەو هێناویانەتەوە ئێرە.

ڕۆژی ٩٨٤/٦/١٥ نوسخەیەکم لە نامیلکەی (لێکۆلێنەوە) لەگەڵ دانەیەکیش لە (کورتە باسی) نوسینی دکتۆر قاسملو بۆ صارم خانی صادق وەزیری نارد. چەند نوسخەشم بۆ کاک ئەمیری قازی و کاک عەزیزی مامڵێ و کاک جەلیلی گادانی و موهەندیس ئاریا و کاک جەمالی مامۆستا و دکتۆر کەمال میرئاودەڵی و چەند کەسی دیکەش نارد کە پێویست نیە ناویان بێنمە نێو ناوان و وەک وەڵامی نامیلکەی برادەرێک بکەومە بەر تیر و توانجی ڕەخنە کە بۆچی ناوم هێناونە نێو نوسراوە و نامیلکان.

بە دوای ئەوەدا خەریکی تایپکردنی نامیلکەی (کورد و فەرهەنگی بێگانە) بووم. نامەیەکی صارم خانم پێگەیشت کە ٩٨٤/٥/٧ نوسیبووی. کاک صارم دوای موحیبەت و سڵاو دەنووسێ: ((..... نازانم لە ئاست بۆچوونی من لە نامەی پێشوودا کە لە بارەی بڕیاری کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات لەسەر تۆ بۆم نوسیبووی چت کردەوە و بەر پەرچدانەوەت چۆن بوە؟ نازانم چەندەت ئاگا لە وەزعی کوردستان هەیە. من لە سەفەری دواییدا بۆ پاریس کاک جەلیلم دیت، بۆم دەرکەوت کە هەر چەندە چەند ساڵە ئەندامی دەفتەری سیاسیە، هیچ ئاگای

لە نێوەڕۆکی ئەو نامانە نیە کە من بۆ حیزب و دەفتەری سیاسیم نوسیون. هێندێ خەبەر لە کوردستانەوە دەگەن کە جێگای نیگەرانین. بەڵام لە بەرانبەر واقعیەت دا هەڵاتن ناکرێ. ئەوە خۆی هەڵەیەکی سیاسی یە. جەلیل جۆرێك لە گەڵ من قسەی دەکرد، دەتگوت تەبلیغات بۆ بێگانەیەکی ناشارەزا دەکات. لە پتەوی ڕیزەکانی حیزب و بەربەرەکانی پێشمەرگە و لایەنگری خەڵك چی تێدا نەدەهێشتەوە. من لە دڵم دا بەو هەموو ساکاری و خۆش باوەڕیە پێدەکەنیم و هەر لەو کاتەشدا بەزەییم پێدا دەهات. لەو نیگەرانیانەی کە تۆ لە نامەی ١٧/٤/٩٨٤ باست کردوون باش ئاگادارم. ئەمانە بەشێکی ئەو مەترسیانەن کە لە نامەکانی پێشوودا باسم کردبوون. لەبارەی جەرەیانی مام جەلال، بێگومان تۆ باشتر لە ڕابردووی ئەو ئاگاداری. ئەوەی من دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە لە ئەسڵدا هەنگاو و ڕێگایەکی کە گرتویەتە پێش کوێرە ڕێ نیە. مەبەستی وتووێژ لەگەڵ سەدامە) بەڵام لە شێوەی تەبلیغاتەکەیاندا زۆر بەپەلە بوون. دەبێ بڵێم هێندێ نەزانیشی تێدابوو. ئەو پیاوە گەورەی کە بوو بەهۆی بناخەی گەورەترین ئاڵوگۆڕ لە مێژووی سەردەمدا، لە بارەی تەبلیغاتەوە وتەیەکی فرە جوانی هەیە. ئەو دەڵێ: تەبلیغات وەك شیری دودم وایە. کاتێکی نەزانن چۆن و لە چ ڕێگایەکدا بەکاری دێنن، زەبرەکەی بۆ لێدەرەکە دەگەڕێتەوە. لە جیاتی نەتیجەی پوزەتیڤ ئاکامی نیگاتیڤی دەبێ. ئەم وتەیە هەزار جاریش وەڕاست گەڕاوە. نازانم ئەگەر ئەو جۆرەی ئەوان ئیدیعا دەکەن هەموو شت ڕێك و پێکە، بۆچی ڕاگەیاندنی ڕەسمی ڕێککەوتنیان وەدرەنگی خستوە؟!

کاك کەریمی خۆشەویست لە بارەی ئەو بەشەی نوسراوەکەت کە گۆیا زۆر کەس لەو کەسانەی لە کوردستانن، چاویان لەو کەسانەیە کە لە ئەوروپا نیشتەجێن، پێویستە وەبیری خەمەوە کە ڕەوەندی ڕووداوەکان بە تایبەت لەو مانگانەی

دواییدا زۆر لە فاکتۆرەکانی حیسابی تێکداوە. دەبێ بە چاوێکی واقیع بینانەتر بڕوانینە مەسەلەکان. درێژتر و وردتر لەم بارەوە باس دەکەین. جارێ بەوەندە کۆتایی پێ دێنم..... ارادتمند صارم الدین دوشنبە هفدهم اردیبهشت ۱۳٦۳))

کاك سەلاح بەدرەدین هات دەچوە سوید، گوتی: ((ئێمە ئیمکانمان هەیە ئەو نامیلکەت بۆ چاپ دەکەین. نامیلکەی (کورد و فەرهەنگی بێگانە) لەگەڵ خۆی برد و ۹۸٤/٦/۱۷ هاتەوە سوفیا هاتە لام گوتی: ((برادەران گوتویانە لەبەر ئەوەی لە جێگایەك ڕەخنەی لەسەر جەماعەتی بارزانی تێدایە چاپی ناکەین. خۆشم هەر نەزەرم ئەوەیە و پێمان مەسڵەحەت نیە.)) گوتم قەیناکا، ئینسانی (خاوەن مبدا) پێویستە بە گوێرەی ڕۆژ کار بکات!!

ڕۆژی ۹۸٤/٦/۲۹ ڕادیۆی بی.بی.سی. خەبەری هێرشی هێزەکانی ئێرانی بۆ سەر ناوچەی شیمال بڵاو کردەوە و گوتی ۸۰۰ کەس لە کوردەکان ئاوارە بوون و گەیشتوونە تورکیا. خەبەرێکی تاڵ و داخدار بوو، بەڵام هیچیش نەدەکرا. لەم بەینەدا نامەیەکی دیکەی صارم خانم پێگەیشت. نوسیبووی: ((نامەی ۹۸٤/٦/۱۵ لەگەڵ نامیلکەی نوسراوەی دکتۆر قاسملو و نامیلکەی وەڵامی ئەو گەیشت. بەدیقەت و بە وردی هەرتك نامیلکەم خوێندنەوە. کاتێکی زۆرم بۆ خوێندنەوەی هەرتك نامیلکە تەرخان کرد. ئیرادی من سەبارەت بە نامیلکەی هەوەڵیان زۆرە. ئەگەر چاومان بە یەکتر کەوت، حەتمەن باسیان دەکەین. بەڵام بە گشتی دەتوانم بێژم کە پلەی نوسینەکە فرە نەزمە. بە هیچ جۆر شایانی نوسراوەیەکی تیئوریکی نیە. ئەویش بە جۆرێك کە دەیەوێ ببێتە بناخەی گۆڕینی ستراتێژی جەرەیانێکی خاوەن پێشینە. بەڵام گیر و گرفتی بنچینەیی شتێکی دیکەیە. ئەویش ئەوەیە چ شتێك بۆتە هۆی ئەوە کە لەم هەل و مەرجە دژوارەدا، ئەو مەسەلەیە ببێتە گۆڕێ و لە کۆنگرە ببێتە جێگای باس و دەنگ وەرگرتن؟!. حیزبێکی سیاسی لەسەر

خەیاڵ و فانتزی پڕلمیك وەرێ ناخات، ئەویش پۆلیمیکی ئەوتۆ کە ببێتە هۆی دووبەرەکی و تێکچونی ریزەکان، لە کاتێکا یەکێتی ریزەکانی حیزب گرنگترین هۆکاری درێژە پێدانی مانەوەی حیزب بێت. تۆ باسی ئەو مەسەلەیەت کردوە و بە دروستی ئاماژەت بۆ کردوە.

بەڵام نوسراوەکەی تۆ بە پێچەوانەی ئەو نوسراوەی دیکە رەوان و سەنگینە. پڕە لە مەتڵەبی ئوسوڵی و فێر کردە. دیارە من نوختەکانی جێگای سەرنج و باسکردنم نیشانە کردوون، لام وابوو کە لە ڕێك و پێك کردنی نوسینەکەدا گۆڕانێك پێك بێ. بەڵام لەسەر یەك مەبەستەکان باش و ورد دانراون. لام وایە لەم نامەیەدا ئەوەندە قەبڵاندنە بۆ هەرتك نوسراوە بەسە..... نوکتەیەکی زۆر دەقیق لە نامەکەتدا هەبوو ئەویش ئەوەیە ئەگەر لە کۆنگرەی چواردا من و چەند کەسی تر لە نێو حیزب دابایین، وەزعی کوردستان جۆرێکی تر دەبوو، ڕاستە و دەیسەلمێنم ئەگەر ئەودەم هاتبامەوە نێو حیزب، دەمتوانی تەئسیرێکی زیاترم لەسەر ڕووداوەکان هەبێ، ئەم ڕەخنەیە ڕاستە. چونکە دەرکەوتوە نوسراوەکانی من تەنانەت ئەندامانی دەفتەری سیاسیش نەیان خوێندونەوە.... چاوەڕوانی خەبەریانم. داخوا ئەو وادەی داوتە دەیبەیە سەر یان نا؟ ..... ارادتمند صارم الدین دوشنبە دهم تیرماه ۱۳٦۳))

بەدوای نامەی صارم خاندا، کاك عەزیزی ماملێ نامەیەکی ڕێکەوتی ۹۸٤/٦/۲۸ بۆ ناردبووم و نوسیبووی: ((کاك ڕەحیمی ئەمیری و پۆلا و حامیدی گەوهەری و فەرەیدونی میتران لە حیزب دەرکراون..... کۆمیتەیەك پێکهاتوە بۆ (تصفیه)ی ئەو کەسانە کە دژی بەرنامە و پێڕەوی حیزب قسەدەکەن. ئەندامانی ئەو کومیتەیە بریتین لە: مەلا عەولای حەسەن زادە، حەسەنی شەرەفی، ئەبوبکری هیدایەتی و سەلیمی بابانزادە. تا ئێستا غەیری ئەو چەند کەسە کە دەریان

کردوون لە چەند کەسی دیکەش (تعهدیان) وەرگرتوە کە بە دژایەتی کونگرەی شەشەم تەبلیغ نەکەن. دیارە برادەران قورس و قایم راوەستاون. بەلآم کاتێك کۆمیتە دەبینێ کەسێك بەربەرەکانی دەکا، دەینێرن بۆ دەفتەری سیاسی، لەوێ بە هۆی مەسئولی کۆمیسیۆنی تەشکیلات کە مەلا حەسەنی رستگارە دەری دەکەن.....))

سەفەر بۆ ئەوروپا:

بەدوای بلآو بوونەوەی خەبەری دەرکردنی کادرەکانی حیزبی و بە پوالەت پاکسازی لە کەسانی چەپ و خاوەن بیر و ڕا بە باشم زانی سەفەرێکی ئەوروپا بکەم. چاوم بە صارم خان و کاك عەزیزی ماملێ و کاك ئەمیری قازی بکەوێ. بە تایبەت کە کاك ئەمیر لە نامەیەکدا بۆی نوسیبووم: ئومێدەوارم کە بتوانی سەرێکمان لێ هەلێنی. بێجگە لەوەش کاك ئەمیر مەسەلەی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی کوردستانی هێنابوە گۆڕێ و لە گەلآ صارم خان و عەزیزی ماملێ و خەلآکی دیکەشی باس کرد بوو. من بەش بە حالآی خۆم دەمویست صارم خان جلەوی ئەم کارە بگرێتە دەست و لە ژێر ڕێنوێنی و ڕێبەرایەتی ئەودا پتر بیر لەو کارە بکرێتەوە و هەنگاوی بۆ باوێژرێ.

چەند ڕۆژ پێش ئەوەی بۆ لای صارم خان سەفەر بکەم، لە باآلیوزخانەی سۆفێتی یەوە تەلەفۆنیان کرد کە بچمە وێندەرێ. کە چووم سکرتێری یەکەمی سەفارەت چاوەڕوانم بوو. دانیشتین و باسی کوردستانمان هێنا گۆڕێ. من بڕیارێ کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتم باس کرد. کابرا تاوێك مات بوو، بێ ئەوەی لەم بارەوە هیچ بێژێ گوتی:

((کۆمیتەی ناوەندی داوای لێ کردووین کە لێکۆڵینەوەیەکی خەست لە سەر بارودۆخی کوردستان ئامادە بکەین. تکامان ئەوەیە شتێکمان بۆ بنووسی. گوتم ناتوانم لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و هەموو لایەنە لە سەر کوردستان ئامادە بکەم. بەڵام دەمەوێ بیروڕا و بۆچونی خۆم وەك نامەیەك ئاڕاستەی کۆمیتەی ناوەندی بکەم. من لەم چوارچێوەیەدا نامەیەکیشم بۆ گۆڤاری ئاشتی و سۆسیالیزم نوسیوە. بەڵام چونکە ناتوانم بە روسی بنووسم ناچار بە فارسی دەینوسم و چەند ڕۆژێکیش دەخایەنێ. کابرا گوتی چاوەڕوان دەبم. دەکرێ لەو نامەی بۆ گۆڤاری ئاشتی و سۆسیالیزمت نوسیوە، نوسخەیەك بدەی بە ئێمە؟. گوتم ئەو نامەیەم کردوە بە ڕوسی و نوسخەیەکتان بۆ دێنم.

هاتمەوە دەستم کرد بە نوسین. بەڵام هاتمە سەر ئەو باوەڕە کە لە ناردنی تاڵوکەی نەکەم، لەگەڵ خۆم بیبەم و نیشانی صادق وەزیری بدەم کە شتێکی باشی لێ بێتەدەر. ڕۆژی ٩٨٤/٧/١٢ بە قەتار بەرەو لۆزان کەوتمە ڕێ. لە ڤینیزیا لام دا و شەو لەوێ مامەوە. دیتنی ئەم شارە جوان و مێژووییە ئەوەدێنێ ئەگەر خودای تەعالا دەستت بگرێ، چەند ڕۆژێکی لێ بمێنیەوە. خۆ ئەگەر بۆ چەند ڕۆژیش خودا دەرفەت نەدا و مرۆ ڕێگای بەوێدا تێپەڕێ، چ قەیدی نیە شەوێك لابدەی و تەماشای جوانی ئەو شارە بکەی. لە قەتار هاتمە خوارێ و چوم لە هوتێلێك جێگام گرت و هاتمە نێو شار دەسوڕامەوە لە پێش بینایەکی گەورە و جوان، وەك تیاترۆ مۆزە دەچوو، گوێم لە دەنگی ئاخافتنی کوردی بوو. چوومە پێش چەند لاوی کورد لێك کۆ ببونەوە، باسێکی گەرم و توندی سیاسیان هەبوو. چوم لە پەنایان ڕاوەستام بێ ئەوەی هەست بکەن من کوردم و یا گوێ بدەنە ئەوەی کەس لە لایان وێستاوە یان نا. باسەکەیان لەسەر (ئاکسا) و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو. بە لایەنگر و

بەرهەڵست دابەش ببوون. باسەکەیان شیرین بوو، بەڵام بۆ دەنگ هەڵێنان کوردانە بوو. تاوێك هەروا وێستام و گوێم دانێ. پاشان رەنگە وەك خەسڵەتی کوردانە بێ، خۆم پێ رانەگیرا گوتم: ((باسەکەتان سەرنج راکێشە و خۆشە، ئەگەر ئەوەندە دەنگ بەرز نەکەنەوە.)) تێکڕا قوت بوون، وازیان لە باسەکە هێنا و دەوری منیان دا. گوتیان دەمێکە تۆمان دیوە، بەڵام نەمانزانی کوردی. دەستیان کرد بە پرسی ناو و نیشانم ناوی خۆم پێگوتن. دوو سێ یەکیان بەناو دەیانناسیم. بە خێر هێنانێکی گەرم و دۆستانە. کەمێکی دیکەش وێستاین، بڵاوەیان کرد. دوو برادەر بەناوی فەرەیدون و سەردار لەگەڵ من مانەوە. پێکەوە نانمان خوارد و سوپاینەوە. زۆریان ئیسرار کرد لە هوتێل نەبم و بچمە لای ئەوان. بەڵام من هوتێلم گرتبوو، نەمویست مزاحیمی ئەوان بم. ئادرێسیان دامێ، بەداخەوە هەڵنەکەوت جارێکی تر بیان بینمەوە.

ڕۆژی ٩٨٤/٦/١٤ گەیشتمە لۆزان، صارم خان هاتبووە ئیزگەی قەتار و دوو ڕۆژان میوانی بووم. بە درێژی باسی رابردووی تێکۆشانی خۆی بۆ کردم. بەڵام لەسەر ئەسڵی مەتڵەب کە مەبەست و ئامانجی من بوو، هیچم دەسگیر نەبوو، چونکە ئەو ئەوەندە بە قوڵی دەچوە بناوانی مەسەلەکە و بە شێوەی زانستی لێکی دەدایەوە، بە ناچاری ملم بۆ ڕادەکێشا لە گەڵ پاراستنی هێندێ بۆچوون و هەڵوێستی خۆم. ناکۆکی بیروڕامان لەو نامانەدا دەردەکەوێ کە بۆ یەکترمان نوسیون و دەگەنە نێزیکەی ١٠٠ لاپەڕەو ناشکرێ لەم بەشەی بیرەوەریەکانمدا هەموان بڵاو کەمەوە. بەڵام ئەگەر تەمەن مەودا بدات، بە تەمام تەواوی ئەو نامانەی لە ١٠ سالّی دواییدا بۆم هاتوون و ڕاگیراون. لە بەرگێکدا بەناوی (نامە بڵاوەکان) بڵاو بکەمەوە. لام وایە وەك شێوەی نوسینی بیرەوەریەکانم ئەگەر ئەم کارەش بکەوێتە بەر ڕەخنە، لە کوردەواریدا داب و ئیبتیکارێکی نوێ دەبێ. دیارە

ئەوە بەو مانایە نیە کە نێوە نێوە ئاوڕوەسەر هێندێ بەشی نوسراوەکانی صارم خان نەبەمەوە. چونکە نوسراوەکانی ئەو بێگومان بۆ خوێنەرانی کورد تام و چێژی خۆیان هەیە و کەڵکیان لێ وەردەگیرێ.

ئەو نامەیەی بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سوفێتی —م نووسیبوو دام بە صارم خان تەماشای بکا و دەستی لێبدا. بە خۆشیەوە ئەسڵی کارەکەی بە کەیفی بوو. بە دیقەت خوێندییەوە و دەستکاری کرد و لام وایە پەڕێکیشی لێ زیاد کرد.

نامە بۆ برادەرانی ولاّت:

ڕۆژی ٩٨٤/٧/١٦ چوومە پاریس و میوانی کاك عەزیزی ماملێ بووم. کاك جەمالّی کوڕی مامۆستا شێخ عیزەدینی دەگەڕاوە بۆ کوردستان، بە دەرفەتم زانی ئەم نامانەی خوارەوە بۆ مەلا حەسەنی رستگار و بۆ فەرەیدونی میتران بنووسم و نامیلکەی لێکۆڵینەوەشم بۆ فەرەیدون نارد.

نامە بۆ مەلا حەسەنی رستگار: ((براو هاوڕێی بەڕێز کاك حەسەنی رستگار ڕۆژتان باش!

دەزانم شوکر ڕۆژتان باشە. زۆربەی دەنگت هێناوە. بوی بە بەرپرسی تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات. مەعموری دەرکردنی ئەندامانی پێشکەوتنخواز و خاوەن بیروباوەڕ. یانی ماران بە دەستی سەید ئەحمەدی دەگرن.

دەی هیوام وایە ساخ و سەلاّمەت بی. منداڵەکان سەلاّمەت بن. بە ڕاستی لە سنووری تورکیا بووم کە خەبەرم زانی گاکەش گیراوە. زۆر بیرم لە منداڵەکانی تۆ و مامۆستا کردەوە. دەڵێن دڵ ئاگای لە دڵانە. وادیارە هەر ئەودەم ئێوەش (بەڵاّم

تۆ ئەودەم مەردی دەرەجە دوو بووی) لەگەڵ مامۆستا بیرتان لە دەرکردنی کەریمی حسامی دەکردەوە. بەڵام دەرکردن لە چی؟ دەڵێن لە کرماشان کابرایەک کاتێ عاشورا ڕەگەڵ دەستە دەکەوت. بە زنجیران لە خۆی دەدا و سەری خۆی بریندار دەکرد و دەیکردە هەرا و خۆی هیلاك و شەکەت دەکرد. سەردەستە بانگی کرد و گوتی: ((حسین خیلی شلوقی میکنی بیرونت میکنم ها ! !)) کابرا کە خۆی بریندار و هیلاك کردبوو گوتی: ((از چی چی بیرونم میکنی، مگر از شرکت نفت بیرونم میکنی؟)) کاك حەسەن لاتان وایە ئێوە خەڵك لە شیرکەتی نەوت دەردەکەن؟ شیرکەت هی خۆتانە. ئێستا ئێوە دەستتان کردوە بەدەرکردنی خەڵك لە چی؟ لە شیرکەتی نەوت؟ پاش دەربەدەری و ئاوارە بوون لە حیزبیان دەردەکەن ! !

کاك حەسەن زۆر باسی (استقلال) دەکرێ لە نوسراوەی حیزبدا. بەڵام ئێستا راستی قسەکانی تۆم بۆ دەردەکەوێ کە لەسەر بەرزایی زمزیران کە بە پێ یان دەچووینە خوارێ بۆت باس دەکردم و دەتگوت: ((شکم لەوەدایە تعهداتێکیان داوە)) ئێستا دەرکەوت (شك و گومان) نیە، بەڵکو ڕاستە تعهداتە بۆ ((تصفیە)) لە ئەفرادی بە بیرو باوەڕ و بەشەرەف و نیشتمانپەروەر. لە ئەفرادی ئەوتۆ کە خۆ مەڵاس نادەن و بۆ ژیانی سەرشۆڕی مل کەچ ناکەن.

من لە گەڵ تۆ قسە دەکەم. داخوا تۆ دەزانی بە تاوانی چی من دەرکراوم؟ چونکە هەوڵم داوە ڕێگایەکی یارمەتیدان بە گەلی کورد، بە میللەتی لێقەوماو بدۆزمەوە. هەوەڵین هەنگاوم بۆ یارمەتی بە مستەفای شەڵماشی راگەیاندوە. هەر بڵێن ولاتانی سۆسیالیستی یارمەتیمان نادات، با سۆسیال دیموکراسی یارمەتی بدا کە تۆش دەنگت بۆ داوە و هەر بۆیەش بووی بە (ئەشتەکێك) لام وایە هیچ کەس ئەمڕۆ دژی ئەوە نیە کە لە هەر لایەك یارمەتی بە کوردستان بکرێ، بەڵام نان بە

قەرزدانی فەڕانسە نە کورد رزگار دەکا و نە حیزب بەرەو پێش دەبات، میللەتی کورد و حیزبی دیموکرات پێویستیان بە یەکگرتن هەیە نەک بە (تصفیە). ئێوە کە دەڵێن دیموکراتین، لە حیزبی دیموکراتدا بیرو باوەڕی جیاواز هەیە، باشتر نیە ڕێگا بدەن بیرو باوەڕی جیاواز بێنە گۆڕێ و بەڵام لە باری سیاسیەوە تابیعی ڕێبەری بن. ئەوەیە ڕێگا نەک دەرکردن. کاک حەسەن من رك و ڕاستە لە گەڵ تۆ قسە دەکەم و بە بەرپرسی ئەم وەزعەت دەزانم. سەرەڕای ئەوە کە (بەشی بێ ناموسی) تونـدە، لە هەموو وەزع ئاگادارم و تۆش بە مەسئولی دەرکردنی ئەندامانی حیزب دەزانم.))

((خۆشیتان برات کەریم . ۱۸/۷/۹۸٤.))

لە ۲٤/۷/۹۸٤ دا ئەم نامەیەم بۆ کاك فەرەیدونی میتران نوسی: ((بۆرای زۆر بە ڕێز و خۆشەویستم کاك فەرەیدون ڕۆژ باش! بە گەرمی دەستەکانت دەگوشم. هیوادارم ساخ و سلامەت بی و لە بای سارد و گەرمی زەمانە نەلەرزی.

چەند ڕۆژ پێش بە هۆی کاك جەمالی کوڕی مامۆستا دا نامەیەکم بۆ نوسیبووی، لام وایە تۆزێ بە پەلەم نوسیبوو. ئێستا هەلێکی دیکەم بۆ هەڵکەوتوە کە لە دورەوە لە گەڵتان بدوێم. ئەم جارەش لە کانگای دڵمەوە بە داخ و پەڕۆشم کە لێتان دوورم، لە گەڵتان نیم و دەرفەتی ئەوەم نیە لەسەر هەموو کاروبار و مەسەلەیەك لە گەڵتان ڕاوێژ و تەگبیر بکەم.

ئاسۆیەکی ڕووناك بەداخەوە بۆ کوردستان نایەتە بەرچاو. ڕێبازی بەردەلآن و کوێرە ڕێگای کە ڕێبەرایەتی ئێستای حیزبی دیموکرات گرتویەتە پێش، کاروانی خەباتی خوێناوی گەلەکەمان ناگەیەنێتە قۆناخی حەسانەوە و سەرکەوتن.

ئێستا روون بۆتەوە کە جولآنەوەی کوردیان ئاخرەکەی بەستەوە بە سۆسیال دیموکراسی و بە ڕۆژئاوا. بەلآم بۆ عەوام فریوی و لە ژێر تەئسیری نفوزی سۆسیالیزمدا، هێشتا لە نوسراوەکانیاندا خۆ بە دۆستی ولآتانی سۆسیالیستی دەزانن!! بەلآم ئیتر ماهیەتی ئەم رێبەرایەتیە بۆ ولآتانی سۆسیالیستی ڕوون بۆتەوە. راست ئەودەمەی کە دۆستانی گەلی کورد هاتبوونە سەر ئەوە کە یارمەتی بە جولآنەوە و بە لێقەوماوانی کورد بکەن، بۆ ئەوەی خەلآك هەست بە یارمەتی مادی و مەعنەوی دۆستانی گەلی کورد نەکا، حیزبی دیموکراتیان بەستەوە بە سۆسیال دیموکراسی کە نابێتە هۆی رزگاری میللەتی کورد.....

بۆ ئەوە نیشان بدەن کە لەو کارەدا راستن، دەبوایە (ئەوامیری) کاك مەسعودی ڕەجەوی لە بارەی (تصفیەی) حیزبەوە بەجێ بگەیەنن. دیارە کەمێك وەدرەنگی کەوتن. ڕەجەوی لە پەیامی خۆیدا بۆ کونگرەی پێنجەم داوای کردبوو کە دەبێ حیزبی دیموکرات تصفیە بکرێ. ئەودەم دەیانویست دەست پێ بکەن. بەلآم نەیاندەتوانی. چونکە خەلآك لە کوردستان بوو، لە ولآتانی خۆیان بوون. ئیمکانی مانەوە لە کوردستان بۆ هەموو کەس هەبوو. ئیمکانی چاو پێکەوتن و کۆبوونەوەی برادەران هەبوو. زاتیان نەدەکرد کوتو پڕ فەرمانی ڕەجەوی بەجێ بگەیەنن.

بێجگە لەوە دەبوایە دۆستەکانیشیان نیشان بدەن کە حیزبی دیموکرات ساخ بۆتەوە و ئەفرادی چەپ و گۆیا کۆمۆنیست و تودەیی و سەر بە شورەوی تێدا نەماوە. ئاوایە مەبەست و ئامانجی تصفیەی حیزب. بەلآم داخوا کورد بەوە ئازاد دەبێ. بە نەزەری من نە جەلال تالەبالّی بە کوشتنی کۆمۆنیستەکان دەتوانێ هەقی کورد بستێنێ و نە قاسملو بە خۆ بەستنەوە بە سۆسیال دیموکراسی و وەدەرنانی باشترین تێکۆشەرانی کورد لە حیزب دەتوانێ بە ئامانج بگات.

مـن هـەر چـەند لـە ولآت، لـە خـەلّك و لـە هاوڕێیـیـان دوورم بـە داخـەوە رێگـای گەڕانـەوەم لێ گـیراوە، بـەلآم بێکـار نـیم. لـە بـاری فیکـری و ئیدەئولوژیـەوە ئـەم نامیلکەیەم نوسیوە هیوادارم پێتان بگات و هـەر چـەندەی بکـرێ بـلآو بکرێتـەوە. دیـارە نوسـین بـە رێـك و پێکـی درێـژەی دەبـێ. لـە رێگـای تریشـەوە بـۆ ولآتم ناردوونەوە. لە باری سازمانی یا بە قـەولی کـاك رەحیمـی ئـەمیری (تەشـەکولەوە) لێرەوە ناتوانم هیچ بلّێم. من بەر لە هەموو شت لـە هـیچ تەشـەکولێکی سیاسـی دا بەشدار نابم کە جیهان بینی و بناخەی ئیدەئولوژی و ستراتیژی ڕوونی نەبێ. هـەن کە بۆ بەربەرەکانی قاسملو یا حیزبی دیموکرات دەیانەوێ سـازمانی سیاسـی سـاز بکەن، بەلآم نەك لەبەر چەوتی رێباز و بۆچوونی سیاسـی و ئیـدەئولوژی قـاسملو، تەنیا لەبەر ئەوە کە بە کەیفێیان نیە. جا رێکخراوێکی ئەوتۆ چەندە سەر دەکەوێ خودا دەزانێ.

رێگای خەباتی گەلی کورد بۆ ئازادی و گەیشتن بە بەختەوەری، دوور و درێـژە. بـۆ تالّوکـە و پەلـە پـەل نـابێ. مـن ئێستا لـە ئـەوروپا و لـە لای سـارم خـان بـووم. برادەرانی دەوروبەری تـۆ نامـەیان بـۆ ئـەوروپا دێت. بـەلآم کـەس نامـەی بـۆ مـن نەنوسیوە. من لە نامە و مەبەستی ئەوان ئاگادارم.

پێم خۆشە بە درێژی لەسەر وەزعی خۆتان، لێکدانـەوەتان، هەلّوێسـتی برادەرانـی دوورخـراوە و .... نامـەم بـۆ بنوسـی. لـە یـەکتر ئاگـادار بـین. پـێم خـۆش نیـە هاوڕێیانی بە بیروباوەڕ جارێکی تر بکەونەوە داوێك کە یارمەتی بـە ئامـانجی گـەلی کورد ناکات.

رەنگە مەلاسمایل و کاك رەحیمی ئەمیری و مەلا رەسولّ لێت نێزیك بن سلآویان لێ دەکەم..... برات کەریم. ٩٨٤/٧/٢٤))

نامەیەکیشم بۆ مامۆستا شێخ عیزەدین نوسی و نامیلکەیەکی لێکۆڵینەوەشم بۆ نارد. مامۆستا لوتفی کردبوو، ئەم نوسراوەی خوارەوەی لە وەلامدا بۆ ناردبوومەوە کەوا بۆ تەبەڕوك لێرە دا بلاوی دەکەمەوە.

نامەی مامۆستا شێخ عیزەدین:

((برای بەڕێز کاك کەریمی حسامی هاوڕێ لەگەڵ سلاوێکی کوردانەو شۆڕشگێرانە لە ٩٨٤/٧/١٦ نامەیەکی شیرین و پرمەعنام بە دەست گەیشت سوپاست دەکەم. ئەوا منیش دەڵێم وەك کوردێکی دڵسۆز خۆشم دەوێی بێ ئەوەی چاو ببڕمە بیروباوەڕی شەخسی بەڵکو پیاوی چاك و ئینسان دۆست و نیشتمان پەروەر جێی ڕێز و ئیحترامە بە باوەڕی من ئەگەر نوێژیش نەکا بە باوەڕی تۆش ئەگەر نوێژیش بکا. گوڵ هەر گوڵە جا هەر ڕەنگێکی هەبێ. دەستنووسەکەت گەیشت خوێندمەوە پێم خۆش بوو هەم کوردیەکەی و هەم فارسی یەکەی دیموکراسی ڕاستەقینە ئەوەیە کە تودەی خەڵك بتوانێ ئازادانە و بێ ترس و لەرز بیرو باوەڕی خۆی دەربڕی ئەوەش کاتێکە کە ڕشدی سیاسی هەبێ هەستی کرابێتەوە و مەوجودیەتی خۆی هەست پێ بکا و وەك قورئان دەفەرموێ تا خەڵك لە خۆیدا ئاڵوگۆڕ پێك نەهێنێ ڕووی دەرەوەی کۆمەڵ ناگۆڕێ. ئەمنیش بە ڕاستی هەر بیر و باوەڕی خۆمم هەیە. ڕۆژ بە ڕۆژ ئوفوقی فیکرم بەرزتر و پێش چاوم ڕووناکتر دەبێتەوە گەلی چەوساوەی کورد وەك میللەتێکی بەشکراو و بەشخوراو دەبینم هەر بۆ ڕزگاری لەو کلۆڵیەش خەبات دەکا بێ شك ئاسۆی ڕوون دیارە سەرکەوتن لە نەسرەوتنە قسە زۆرە و دەردی دڵ کەم نیە خۆت دزیوەتەوە گێچەڵەکەت لەسەری ئێمە بەرداوە. سەرکەوتوو بەختەوەر بی سلاو سید عزەدینی حسینی ((٦٣/١٢/١٧

(ڕێنوسی نامەی مامۆستا دەستی لێ نەدراوە)

لە پاریس رۆژی ٩٨٤/٧/٢٠ کەندالّ لە چێشتخانەی ئەنستیتۆ بۆ فراوین داوەتی کردم. بە خۆشیەوە دکتۆر مارف خەزنەداریش لەوێ بوو. دیدارێکی خۆش و دانیشتنێکی فرە دۆستانە و بە چێژ بوو. دوای نانخواردن تەلەفۆنم بۆ کاك جەلیل کرد و گوتم ئێستا ئەوە لە ئەنستیتۆم، دەمەوێ چاوم پێت بکەوێ. زۆر بە گەرمی جوابی داوە و گوتی: سەعات ٣ دێمە لات. من پێم خۆش بوو لەکن کەندالّ لەگەلّ کاك جەلیل بدوێم. چووینەوە دەفتەرەکەی کەندالّ و تا سەعاتی پێنج چاوەڕوان بووین نەهات. کەندالّ گوتی: ((ببورە من کارم هەیە و پتر گیر نابم. ئەوە کاری هەمیشەی کاك جەلیلە.)) ئەو ڕۆی، من مامەوە، کاك جەلیل دوای پێنج و نیو هات. دوای چاك و خۆشی گوتم: کاك جەلیل تۆ ئەندامی دەفتەری سیاسی. ئەو بڕیارە چی یە لەسەر من دراوە؟ من ٤٠ ساڵە ئەندامی ئەو حیزبەم، چۆن پاشملەی من بڕیاری وا دەدرێ.؟

کاك جەلیل گوتی: ((من هیچ ئاگام لێ نیە. ئەم نامەیە بۆ ئێمەش هاتوە. من موخالیف بووم. بە تایبەت نوسیویانە بە یەکجاری. یانی چی، بەڵکو یەکی دی هات و ئەو بڕیارەی هەڵوەشاندەوە)) گوتم کەوابوو تۆ لەگەلّ یەکجاریەکەی موخالیف بووی! ! کاك جەلیل دەستی پێ کرد کە گۆیا وەزعی دەفتەری ڕێکو پێك کردوە و بۆ هەموو شتێك پەروەندەی جیاوازی ساز کردوە و ئەو قسانەی کە بۆ گوتن نەدەبوون و بۆ من ناسراو بوون. پاشان گوتی: ((کاك کەریم خۆت دەزانی من لەسەرەتای دەبیرستانەوە لە گەلّ تۆ کاری حیزبیم کردوە. زەحمەتێکی زۆرم کێشاوە. لەم ڕێگایەدا توشی زیندان و کوێرەوەری بووم. ئێستا وەك نوێنەری حیزب هاتوومە ئێرە. زۆرم پێخۆشە هیچ نەبێ لەبەر پرستیژی من کە ئێستا مەسئولی ئەوروپام کارێکی وات کردبایە لە بالیوزخانەی سوفێتی چاوم

بە کاربەدەستێکی سەفارەت کەوتبایە و هەوڵێکم دابایە بۆ بەرقەراری پێوەندی نێوان حیزبی ئێمە و ئەوان.)) بەڕاستی لە قسەکانی کاك جەلیل واقم وڕما. بە داخێکی قوڵەوە چاوێکم لێکرد و گوتم: کاك جەلیل خۆ من دەتوانم ئێستا تەلەفۆن بکەم بۆ سەفارەتی سۆفێتی کە ماشێنت بۆ بنێرن و بچی. بەڵام هیچ یەك لە ئێوە بۆیە نابن بچنە سەفارەتی سۆفێت. جابۆیە کاری واناکەم. من لەو بۆچوونەی کاك جەلیل سەرم سوڕما و بیرم لە چارەنوسی ئەو میللەتە لێقەوماوە دەکردەوە.

ئێوارەی ٩٨٤/٧/٢٢ بەرەو سوید سواری قەتار بووم. پۆژی دوایی لەگەڵ کاك ئەمیر و سالاری حەیدەری مەسەلەی دەرکردنی پۆژنامەیەکی کوردیم هێنا گۆڕێ. دیارە کاك ئەمیر هەر پێشتر بیر و ڕای ئەوە بوو کە پۆژنامە ئەگەر ڕێکخراوێکی سیاسی لە پشت نەبێ بەکار نایە. ئەو لایەنگری پێکهێنانی ڕێکخراوێکی کوردستانی بوو. سالاری حەیدەری دەیگوت من ئێستا لەگەڵ حیزبی دیموکراتم. بەڵام لەسەر ئەو باوەڕەم کە پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی تازە پێویستە بەو مەرجە ڕێبەرایەتی بە دەست کەسانی مارکسیستەوە بێ و بەڵام دەرگای بۆ هەموو ئەفرادی گەل ئاوەڵا بێ. من دەمویست لە هەڵوێست و بۆچوون و ڕادەی ئامادەیی ئەو برادەرانە ئاگاداربم. دەنا دوای چاوپێکەوتنی صارم خان و نوسینی نامەکانی تێبینی و مەرجدانانی بۆ سازکردنی ڕێکخراوەیەکی سیاسی. مەسەلەی سازکردنی ڕێکخراو لە دەرەوەی ولأت بۆ من مونتەفی بوو، هەرچەندە لە ولأت و لە دەرەوەش بلاّو دەکرایەوە کە من لە گەڵ برادەران حیزبم دامەزراندوە. هەرچەندە بە دەیان نامەی برادەرانم لە لایە کە بۆیان نوسیوم و بەرەو پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی سیاسی هانم دەدەن و هەمووشیان لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەبێ ڕێکخراوێکی مارکسیستی دروست بکەین و.... لەبەر ئەوەی نامەوێ نامەی ئەوتۆ بلاّو بکەمەوە کە پڕن لە باسی یەکتر و مەتڵەبی جیاواز و نامەوێ نوسراوەی ئەوتۆ

بلاوبکەمەوە کە ببێتە هۆی دڵێشی و ناخۆشی نێوان برادەران، هەر چەندەش دەبێ کاتی ئەوە هەر پێبگات کە پەردە لەسەر دم هەراشی و قسەی زل و سنگ ڕەپێشدان و بادانەوە و فیشاڵ لابدرێ. بەڵام جارێ تەنیا بێ ناو هێنانی خاوەنەکەی چەند ڕستە لە مەڕ بۆچوونیان سەبارەت بە پێك هێنانی ڕێکخراوێك و یا ڕێبازی حیزبی دیموکرات و ڕێنوێنی بۆ دواڕۆژ گوڵبژێر دەکەم. لە نامەی برادەرێکی: ٩٨٤/٨/٢٧ : ((..... ئەو قسانەی لە گەڵ سارم خانت کردون پێم خۆشە. بە تایبەتی بۆ ئەو خاڵەی کە حازر نیە لە گەڵ هەموو کەس بیکات. زۆر زۆر شتێکی باشە. هەر بەوەی دەڵێن ئەمن بە دژی بیروباوەڕی ئانتی کۆمۆنیستی هەڵستم و لە گەڵ ئانتی کۆمۆنیستیش کەوم زۆر ناڕاستە. لە کۆڵکە هەڵبەزینەوە و بەسەر بەرازدا کەوتن راست ئەو مەسەلەیە..... کاك کەریم تکات لێ دەکەم بە هیچ جۆر فیکری ئانتی کۆمۆنیستی و سۆسیال دیموکراسی ڕێگا نەدەی. ئیجازە بە خۆت نەدەی کە دەگەڵیان بڕۆی. کاکە گیان ئەمن ئیجازە بە خۆم نادەم لەگەڵ جەرەیانێك بڕۆم کە ئاقیدەم پێ نیە.....))

لە نامەی برادەرێکی دیکە.... ٩٨٥/١/١٥ : ((..... بە بڕوای من بۆ ڕزگاری گەلی بەشخوراوی کوردستان تەنیا سازمانێکی مارکسیستی لینینستی دەتوانی خەڵکی کورد بەدوای خۆی ڕاکێشی و نەهێڵی توشی چاڵاو و هەڵدێر بی..... دەبێ خۆمان بۆ خەباتێکی دوور و درێژ بە جیهان بینێکی بەرفراوانەوە ئامادە بکەین. بەتایبەتی بۆ تەنزیم کردن و هێندێ شتی گرنگ کۆبوونەوەیەك زەرورەتی ڕەنگە هەبێ.....)) لە نامەی برادەرێکی دیکە ..... ٩٨٤/٤/٣٠ : ((..... بەڵای منەوە هەرچی دەکرێ تاوانەکەشی هەر لە خۆتی دەزانم. چونکە سەرەڕای ئەو هەموو خەبات و فیداکاری و مەحبوبیەتەی تۆڵە ناو خەڵکیدا هەتە کارێکت نەکرد لە گەل ئەوەش کە زۆربەی برادەران لە گەڵت بوون و هەر دەستت لەسەر دەست دانا

نازانم چۆنت بیر دەکردەوە. بە هەر حاڵ رۆیشتو رۆیشت دەبێ لێرە باشتر تەجروبە وەرگری و لێرەڕا خەریك بی چونکە خەبات هەر ئەوە نیە کە لە گەڵ کاك بەدەڵی بی بەدەڵ بکری. وابزانم وەختی هەنگاو هەڵێنانە و نابێ زۆری ساوە ساوە لێ بکەی خۆت دەزانی و ئاگاداری وەزعی کوردستان هەی ناڕازی زۆرترن لەوانەی ئێستا حاکمیەت دەکەن. جادەبێ بۆ ئەو کارە سورعەتی عەمەل بەکاربهێنرێ.....))

لە نامەی برادەرێکی دیکە ..... ٩٨٤/٩/١٣ : ((..... بۆ بڵاو کردنەوەی بیرو باوەڕی عیلمی و زانیارەکانی شۆڕشگیری ڕۆژنامەمان هەبێ. ئێمە هەر دەبێ بە ڕۆژنامە و تێکۆشان بیرو باوەڕی خۆمان بڵاو کەینەوە ..... پێموایە کوردستان و گەلی کورد پێویستیان بە ڕێکخراوێکی شۆڕشگێری کە لەسەر زانیاریەکی عیلمی سورو سەقامگیربیت هەیە. دیارە ئەوەش بە هیممەتی هاوڕێیانی شۆڕشگێڕی وەك تۆ و چەند برادەرێکی دیکە پێك دەبی بێت. یەکەتی بیروباوەڕ مەرجی ئەساسی ئەو شتەیە..... بەڵام هاوڕێی بەڕێز ئێمە هەموومان دەورانی وەك ئەحمەد توفیق و ئەوانەی لە سەر ئەو ڕێبازە دەرون دیتومانە و تەجروبەمان کردوە. ئەوانەی کە دەردەکرێن ئەوانە خەباتگێڕی ڕاستی وڵاتی کوردەوارین. ئەگەر ئێمە خۆیان لێ دوور خەینەوە هەروەك ئەوە دەچێت کە ئێوە لە زەمانی سمایلی شەهید خۆتان لە ئێمە دوور کردەوە جا با جارێکی دیکە ئەو شتە تکرار نەبێتەوە. وڵات پڕە لە کوڕی نەبەز و بە بیرو باوەڕ ئەوانە پێویستیان بە ئێمە هەیە ئەتو دەبی بە ڕاستی خۆ بدەیە مەیدانی بۆ ئەوە بتوانین بەڕێوەبەرایەتییەکی خۆمان پێمان وایە دەبێ پێك بی.....))

ئەوەش لە نامەی برادەرێکی دیکە: ((..... کاك کەریم گیان چۆنی. ئەو ڕۆژەم لە بیر ناچێ کە لە ساڵە بەفرە زۆرەکەیدا نەخۆش کەوتبووی، دەفتەری سیاسی و دکتۆر قاسملو هاتو چۆی زێرە ئەندامەکانی حیزبیان لێ قەدەخە کرد بووی و کەس نەیدەوێرا بێتە لات. (هەڵبەت زێرە ئەندامەکان)

با یەك راستیت پێ بڵێم کاك کەریم. ئەتو زۆر لە مێژە لە گەڵ ئەو دار و دەستەی کە ئەوڕۆ بە غەڵەت ڕێبەرایەتی حیزبیان دەگیر کەوتوە ئاشنای، زۆر لە مێژە ماهیەت و نێوەرۆکی ئەوانەت بۆ دەرکەوتووە، بۆ چ ئەو جورەی کە هەن بە خەڵکت نەدەناساندن؟ بۆ چ دەتهێشت مەیداندار بکەن؟ ئەتۆ لە کۆنەوە دەتزانی کە ئەوانە بۆ لە مەیدان دەرکردنی موخالیفەکانیان هەموو تەوتیئەو پیلانێك دەگێڕن، بۆچی ئەو مەیدانەت پێ دەدان و بۆ چ ئەتوش بۆ لە مەیدان دەرکردنی ئەوان حەولت نەدەدا؟ ڕاستە، نالێم لە مەیدان چوویە دەر، بەڵام ڕاستی ئەوەیە ئەوڕۆ مەیدانداری ئەسڵی ئەوانن. ئەوانن کە بە کەیفی خۆیان لە مەیداندا ڕمبازێن دەکەن. ئەوانن کە شۆڕشەکەیان بردەوە لە باوەشی یەکێك لە سەرەکی ترین و گەورەترین دوژمنانی میللەتی کورد، یانی لە باوەشی سەدام حوسێن و ڕێژێمی بەعسی عێراقەوە. ئەوانن کە گاڵتە بە خوێنی ٤٠ هەزار شەهیدی سەربەرزی کوردستانی ئێران دەکەن. ئەوانن کە ٦ ساڵ قارەمانیەتی پێشمەرگە، لە خۆ بوردوویی خەڵك، مالوێرانی، برسیەتی، دەربەدەری خەریکن بەرەو ئاشبەتاڵ دەبەن. خەریکن مێژووییەکی ناخۆش دوو پات دەکەنەوە. ئێمە هەموومان مەسئولین، هەموومان بەرپرسین. ڕاستە ئەتۆ لە گەڵ ڕژێمی عێراق دوژمنایەتیت هەیە و چوونەوەت بۆ بولغارستان بەشی زۆری لەبەر ئەوە بوو نەك لەبەر تەسادوفی منداڵەکەت. بەڵام هەل و مەرجەکە زۆر حەساس بوو، ئەتۆ دەبوایە لە کۆنگرە بای. یەکێك لە هۆیە ئەسڵیەکانی شکانی بەرەی موخالیفی

کورتە باس، نەبوونی سازماندەهی و نەبوونی مەرکەزی سیقلێك بوو دەزانم ئەگەر ئەتۆ لەوێ بای بەشێکی زۆر لەو نوختە زەعفەت حەل دەکرد. دکتۆر قاسملو کاتێك پاش رەد بوونەوەی تێزەکەی دەیگوت: ((دەڕۆم و ئیستعفایە دەدەم و حیزبایەتی ناکەم)) ئەتۆ هەبووی بڵێی: ((دەبڕۆ بەغدا نیوەی رێیەت بێ)) بەڵام ئەمن و حامیدی گەوهەری و فەرەیدونی میتران نەمان دەتوانی ئەوەی بڵێین چونکە ئێمە هیچمان بەدیلی دکتۆر قاسملو نەبووین، بەڵام ئەتۆ بووی. بە هەر حاڵ وەدوای چوان نەکەوین، ئەوڕۆ دەبێ چ بکەین؟.....))

ئەوانە کەمێك و کورتەیەك لەو نامانەن کە دوای دەرکردنم لە حیزبی دیموکرات بۆم هاتوون. بەڵام شتێکی تریش هەیە، جا وەرە ئێستا دیکەوە درێژە بە تێکۆشانم بدەم، بەڵام سەبارەت بە پاراستنی یەکێتی بۆ مانەوە لە حیزبی دیموکراتدا هانم داون. دیارە تا ئەوکاتەی لە نێو حیزبی دیموکراتدا بووم، کاتێك رێگای دەربڕینی بیروڕای بە ئاشکرا یان تەنانەت لە شانەی حیزبیشدا کوتاوە و بیانوی پێ گیراوە، من لەسەر هەموو کەم و کوڕی و هەڵوێستی چەوت و ناڕەوا و بیروڕای خۆم بە نوسین دەربڕیوە و لەگەڵ رێبەرایەتی باسم کردووە، بەڵام برادەری ئەوتۆ کەم نەبوون کە لەگەڵ ئەوەش کە زۆر باش ئاگاداری پێشێلکردنی دیموکراسی نێو حیزب و سەپاندنی دیکتاتۆری و هەڵوێستی غەیرە ئوسوڵی رێبەرایەتی بوون و نوسین و ڕوونکردنەوەیان لەوانەبوو لە ڕەوەندی خەبات و لە نێو برادەراندا تەئسیری هەبوایە، لە نووسینی دێڕێك بە بیانوی ئەوەی گوێا (کزبوونی رێبەرایەتی وەرەی پێشمەرگە کز دەکات) خۆیان بواردوە. ئەوەتا یەك لە برادەران لە نامەیەکدا بۆم دەنووسێ: ((لەسەر نەزەری ئێوە کە دەبێ شتێك لەسەر نەبوونی دیموکراسی بنووسم، کورتەی نەزەری من ئەوەیە کە لە هەل و مەرجی ئێستادا هیچ بە پێویست نازانم ئێمە ببینە هۆی ئەوە کە ئەندامان و پێشمەرگانی

حیزب لە مەیدانی خەبات دوور کەوینەوە. ئەو رێبەرایەتیە هەر چییەکی بێ و هەر رێبازێکی گرتبێتە پێش، لە جولآنەوەکەدا بەشی هەیە و خەڵك چاویان لەوە. بە پێویستی نابینم کە تەنانەت لە نێو خۆی حیزبیش شت بنووسم و بلآوی بکەمەوە.)) جا هەر ئەو برادەرە لە سەر لادانی حیزب لە رێبازی ڕاست و دیکتاتۆری سکرتێر و جێگر و ناتەواوی حیزب چەند نامەی بۆ نوسیوم. ئەو برادەرە خۆ دەیزانی لە ژێر پێ نانی دیموکراسی و سەپاندنی دیکتاتۆری و تعهد وەرگرتن و دەرکردنی ئەندامان زیانی بە جولآنەوە گەیاندوە، نەك ڕوونکردنەوەی مەنتیقی و رەخنەی داهێنەرانە. رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتیش هەر بە بیانووی ئەوەی کە (لە شەڕداین و قۆناخێکی ناسکە و وەرەی پێشمەرگە کز دەبێ....) پێشی هەموو ڕەخنە و دەربڕینی بیروڕای دەگرت و سەر کوتیان دەکرد. ئەم سیستەمە دژێوە هەموو بزووتنەوەی کوردی گرتۆتەوە. بۆ لە نێو حیزب و رێکخراوە کوردستانیەکانی دیکەدا کادر و ئەندامی حیزبی بە تاوانی دەربڕینی بیروڕای جیاواز دەرنەکراون، نەگیراون، هەزار تۆمەت و بوختانی ناڕەوایان بۆ ساز نەکراوە و تەنانەت کوشتنیشی بە دواوە نەبووە.؟

ئەگەر هەوراز تر بڕۆین و یان بۆ دوایە بگەڕێینەوە، ئەم سیستمە لە نێو حیزبی دیموکراتیشدا دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی رێبەرایەتی ستالینی کەوا ئێستا گەندی دەرهاتووە و بە هەق دنیا زاری لێ کردۆتەوە. چونکە قەوارەی حیزبەکە تەنانەت دوای سەپاندنی ناوی سۆسیال دیموکراتیش هەر (سانترالیزمی دیموکراتیە) واتە ئەو یاسایەی کە دیموکراسی پێ سەر کوت دەکرێ. ئەمە لە لایەن رێبەرایەتیەوە. بەڵآم لە لایەن ئەندامانی دڵسۆزەوە، پاراستنی یەکێتی بوە لەسەر حیسابی پێشێل کردنی دیموکراسی.

فیلەسوفی روس ((ئیگور کلیامکین)) لە وتارێکی خۆیدا دەنووسێ: ((سەرکوتکردن لە حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤێتیدا، لەگەڵ پەسند کردنی مەفهومی وشەی (تەبەعیەتی ئەقەلیەت لە ئەکسەریەت) واتە مل ڕاکێشانی کەمایەتی بۆ زۆرایەتی کە ئەسڵ و بناخەی قەوارەی قانونمەندی سەرکوتکردنی کەمایەتیە، چونکە دەبێ مل بۆ وتە و بڕیاری ئەو ڕابکێشێ. ئەو قانونمەندی یە دەبێتە هۆی کەڵک وەرگرتن لەو مافە و دیکتاتۆری شەخسیش سەقامگیر دەکات. ستالین تا لە ئۆرگانی سەروی دەسەلآتدا، زۆرایەتی وەدەست نەهێنا، وا باسکی لە خەڵک هەڵنەکرد. من لەو کەسانەم پرسی کە سالآنی ۲۰ پشتی ستالینیان دەگرت (وەک لە حیزبی دیموکراتدا هەبوو) و لە پاشان ڕێیان کەوتبوە ئۆردوگاکانی ستالین کە بۆچی لە بەرانبەر بوخارین دا، لایەنگریان لە ستالین دەکرد.؟ ئەوان لە وەلآمدا گوتیان: چونکە ئەو زۆرایەتی لەگەڵ بوو. بەم جۆرە دیکتاتۆری ستالین بەرهەم و ئەنجامی قانونمەندی ئەسڵی یەکێتی بوو بەسەر ئەسڵی دیموکراسیدا. ئینسانی بە ویژدانی دیموکرات لە حیزبدا مابوونەوە کە خاوەنی بیروڕای سەربەخۆ بوون و لە بەرانبەر نۆکەریدا بەربەرەکانیان دەکرد. بەلآم قەت نەیانتوانی ئۆپۆزسیۆنی کەمایەتی پێك بێنن و بیروڕای خۆیان بە ئاشکرا ڕابگەیەنن. ئەوان بە هۆی گوشاری جۆر بەجۆر بێدەنگ دەکران. گوشار و هەل و مەرجی باسکراو، خەڵکی بۆ لای ((ریایی و مەرایی و دووروویی)) پاڵ پێوە دەنا و بیروڕای خۆیان دەشاردەوە. زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی مەحکوم بە لە ژێر پێ نانی دیموکراسی و زەبر لێدان لە کەمایەتی دەبوون. سزای تاوانی قەزایی لە سنور بەدەر بوو. نەك هەر موخالیفەکانی ستالین، بەڵکو بەرەیەك، وچەیەکی تەواو قەلآچۆ کران. لە هەر کەسێك وەشك کەوتبان کە نایەوێ نۆکەری بکا و یا کەسایەتی خۆی هەبێ، ڕەگەڵ ئەو کەسانە دەکەوت کە سزا دەدران. بەم شێوەیە

ئەسڵی دیموکراسی لە ژێر ئەسڵی یەکێتیدا پێشێل کرا، چونکە بیانوی پێویستی یەکێتی و یەککرتن و هەل و مەرجی چی و چی.... رێگای دەدا بە رێبەرایەتی کە موخالیفانی خاوەن بیروڕا سەرکوت بکا.....))

ئێستا خاوەنی ئەو نوسراوانە و تەواوی ئەو دۆست و برادەرانەی رەخنەم لێدەگرن کە بۆچی لە کاتی خۆیدا وەدەنگ نەهاتووم، با بە ویژدانەوە ئەم کورتە باسەی فەیلەسوفی سۆفێتی بخوێننەوە و بە تۆزێك بچوك کردنەوە لەگەڵ بارودۆخی نێو حیزبی دیموکرات پێکی بگرن و هەڵی سەنگێنن و بەراوردی بکەن و جا دەزانن سەرچاوەکەی لە کوێ ئاو دەخواتەوە.

٩٨٤/٧/٢٦ چوومە سەردانی کاك حەسەنی قازی. من کاك حەسەنم لە تەمەنی حەوت ساڵیدا دیبوو. ئێستا لە گەڵ لاوێکی ژیر و تێگەیشتوو بەرەو ڕوو دەبووم. شەو باسێکی دوور و درێژ و دۆستانەمان هەبوو. بۆ شەخسی من دانیشتنی ئەو شەوە لەگەڵ کاك حەسەن بەکەڵك بوو: ڕك و ڕاست بیروڕای خۆی لەسەر مەسەلە سیاسیەکان دەردەبڕی. زانیمەوە کە دیداری منیش لە شانی کاك حەسەنی گران نەهاتووە. چونکە صارم خانی صادق وەزیری لە نامەیەکدا رێکەوتی ٩٨٤/٨/١٢ بۆی نوسیبووم: ((حسن قاضی نامهای به من نوشتهبود وازدیدار باشما نوشته بود اینکه پس از چند ساهت بحث نقطة نظرهایش درمورد شما تصحیح گردیدهاست. باو یاداوری کردم که این نمونه خوبی است برای ارزیابیهائی که بر پایهی تبلیغات دروغ در داخل حزب صورت گرفته و میگیرد....))

کاك سعدالدین نامیلکەی (کورد و فەرهەنگی بێگانە)ی بۆ چاپ کردبووم. هەر لەوێوە بۆ چەند کەسم نارد. دکتۆر مارف خەزنەدار لە نامەیەکدا وێڕای ڕاگەیاندنی گەیشتنی نامیلکەکە ئەم نوسراوە شیرینەی خوارەوەی بۆ ناردبووم:

((Annaba Algerie ١٩٨٤/٩/٢٠ بۆ برای بەڕێز مامۆستا کەریم حسامی پێشکێشە. ڕۆژتان باش

سوپاسی هەستی بەرزتان دەکەم. لە گەڵ گەڕانەوەمان بۆ ئێرە دیارییە بە نرخەکەتانم بە دەست گەیشت ((کورد و فەرهەنگی بێگانە)). دەستتان خۆش بێ، ڕەنگە گەڵ لە ڕۆشنبیرانی کورد لە سەرانسەری کوردستان ئەوەی ئێوە وتووتانە ئەوانیش بیڵێن، بەڵام جیاوازی لە نێوان ئێوە و ئەوان ئەوەیە ئەوان لەبەر هەر هۆیەك بێ ناینووسنەوە، بەڵام ئێوە نوسیوتانەو بڵاوتان کردۆتەوە. گومانم لەوەدانیە کە ئەم قسانە زمانی حاڵی هەموو خوێندەوارێکی دڵسۆزی کوردن.

زۆر بەختیارم و سوپاسی ئەو ڕێکەوتە دەکەم کە جارێکی تریش لە پاریس چاومان بە یەکتری کەوتەوە، دایکی میدیا و بنیاد ڕێز و سڵاویان هەیە، سڵاوی بێ پایانمان بۆ ئەو هاوسەرە خۆشەویستەتان کە منداڵەکانی لە ئەوروپا لە دایك بوون و لە ئەوروپا زمانیان کردۆتەوە و بەڵام بە کوردی لە گەڵیان دواوە و فێری کوردی کردوون. چاوی منداڵەکانتان ماچ دەکەم. بۆ جەماڵی برام نوسیومە چاپەمەنیتان بۆ بنێرێ، خۆشتان پێوەندی لەگەڵ بکەن. پێم خۆشە ئاگاداری هەواڵتان بم. دووبارە سوپاستان دەکەمەوە. بژین. براتان))

هەر لەسەر نامیلکەی (کورد و فەرهەنگی بێگانە) برادەرێکی تر نامەیەکی شیرینی بۆ نوسیوم، ڕەنگە خوێنەری بەڕێزیش چێژی لێ وەرگرێ. ئەو برا خۆشەویستە دەنووسێ: ((..... کتێبەکەم خوێندەوە. لام وایە هەنگاوێکی بە کەڵکتان بۆ خزمەت بە فەرهەنگ و زمانی کوردی هەڵگرتوە. بە تایبەت بە شێوەیەك نوسراوە کە هەموو کوردێك لە نێوەڕۆکی تێدەگات و ئەو ڕاستیانەی لەو کتێبەدا گوتراون لە

چاوی خۆی دیوە و لە نێزیکەوە لەمسی کردوە بەلآم شایەد بیری لێ نەکردبێتەوە. بەتایبەتی نێوی زۆر جوانت هەلبژاردوون و هەروەك دەزانن ئەمنیش ماوەی سی و چەند سالێ لەمەوپێش لە لایەن مەلای پاوە ناوێکی عەرەبیم پێوە چەسپاوە گوایا بە رەحمان ڕازی نەبووە چون سیفەتی خودایە و دەبێ ئەمن عەبدی رەحمان بم. دیارە بۆ عەرەبێك دەتوانێت ناوێکی زۆر جوان بێت بەلآم بۆ منی کوردی ئێرانی کە هاتوچۆی شارە فارسەکانی شیعەم دەکرد وەکو قاتلێ حەزرەتی عەلی تەماشایان دەکردم!

دەگێڕنەوە کوردێك کە ناوی عمران دەبێت دەروات بۆ ئەسپەهان. وەك دەزانن ئەسپەهانی شیعەیەکی زۆر تونـد و تیـژن. عمـران نـاوی بـەد بـەخت دەگـرن و تێلآکـاری دەکـەن و دەلـێن نـە تـەنیا نـاوی عمـری پێوەیـە بـەلکو (ا و ن) واتە (ئەلف و نون)ی عثمانیشی بە خۆیەوە چەسپاندوە. سەرکەوتنتان لە خزمەت بە فەرهەنگ و زمانی گەلی چەوساوەی کورد ئاواتە خوازم))

تا زۆر لە مەتلەب لام نەداوە با بێمەوە سەر دۆخی نوسینەکەم:

لە ستوکهۆلم چومە کن کاك کەمالێ بورکای. نامیلکەی (لێکۆلینەوە)م دایە. بە توندی ڕەخنەی لە هەلوێستی دکتۆر قاسملو و لە کۆنگرەی شەش گرت. گوتی ئێمە ئەم نامیلکەیە دەکەین بە کرمانجی و لە نێو حیزبدا بلآوی دەکەینەوە. قسەکانی چەندە وەڕاست گەڕان بێ خەبەر بووم و قەتیشم نەدیتەوە.

گەڕانەوە بۆ سۆفیا

یەکێتی لاوان و خوێندکارانی کوردستان لە ئەوروپا کە جیاواز لە کۆمەلەی خوێندکارانی کورد، بۆ لەتکردنی هێز و ڕێز و تێکۆشانی خوێندکارانی کورد دامەزرابوو، ڕۆژی ۹۸٤/۸/۱۰ لە بەیرلین کونگرەی دەبەست. داوەتنامەیەکیان بۆ

ناردبووم کە بەشداری بکەم. پۆژی ٩٨٤/٨/٣ هاتمە بەرلین. تەلەفۆنم بۆ کاك ئەکبەری وەیسی کرد کە تازە دکتۆر قاسملو کردبوویە ئەندام و بردبووی لە دەفتەری پاریس کردبوویە بەرپرسی (پێوەندی نێوان رێکخراوەکانی حیزبی). کاك ئەکبەر چەند سالێ لە نێو کونفیدراسیۆنی جیهانی خوێندکارانی ئێرانی دا کاری کردبوو. پووناکبیرێکی خوێندەوار و لێهاتوو بوو. کاك ئەکبەر هات و ماوەیەك لەسەر بارو دۆخی سیاسی ولآت و تێکۆشانی حیزبی دیموکرات باسمان هەبوو. کاك ئەکبەر دەیگوت: ((پێبەرایەتی حیزبی دیموکرات بۆ تاکتیکی سیاسی لە کونگرەی شەش رێبازی حیزبی گۆرپوە و هاتۆتە سەر رێبازی سۆسیال دێموکراسی. دەنا پاست ناکەن. ئەوان هێشتا هەر بەلای کۆمۆنیستی و سۆڤێتیدا کەوتوون. ئەگەر پاست بکەن، کارێکی باشە و ئەشێ هاوکاریان بکرێ، بەلآم پاست ناکەن.))

پۆژی ٩٨٤/٨/١٠ کۆنگرەی یەکێتی لاوان و خوێندکارانی کوردستان دەستی بە کار کرد. دیاربوو حیزبی گەل بە سەرۆکایەتی کاك سامی عەبدولپەحمان ئەو بەشەی خوێندکارانی بۆ خۆی گل دابۆوە. کاك سامی لە وتاری خۆیدا زۆر بە جوانی رێبازی پێشکەوتوخوازی بزوتنەوەی کوردی پوون کردەوە و ئەوەندەش بەلای مارکسیستی دا کەوت کە دەستی هەموو کۆمۆنیست و چەپێکی لە پشتەوە بەست. دوو کەس لە برادەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق داوەت کرابوون. لە کاتی وتاری کاك سامیدا پێم گوتن: ((کاکە ئێوە ئیتر دەبێ دام و دەزگای خۆتان کۆ بکەنەوە و ئەگەر حیزبی کاك سامی وەرتان بگرێ، بچنە ناوی.)) چەند کەس لە نوێنەری حیزبە کوردیەکان بەناوی (الطليعة الشعب الكردى) وتاریان دا. من لە کورتە وتارێکدا لە گەلێ پێداگرتن لەسەر یەکێتی و یەککرتنەوەی بزووتنەوەی خوێندکاری گوتم: ((زۆر سەیرە. لەم جیهانەدا هیچ نەتەوەیەك بە قەدرایی

نەتەوەی کورد (طلیعة)ی نیە، هیچ میللەتێکیش ئەوەندە بێ (طلیعة) نیە.)) لەگەڵ کاك سامی و برادەرانی پێکەوە فراوینمان خوارد. لەسەر مەسەلەی کورد و ڕێبازی بزووتنەوەکەی باسێکی خۆشمان کرد و بیروڕامان لێك نێزیك بوو. چونکە هەرتکمان (چەپ) بووین! !. لەو ماوەیەدا کەمالّی کوڕیشم هاتبوە بەرلین. ڕۆژی ۹۸٤/۸/۱۲ پێکەوە گەڕاینەوە بۆ سۆفیا.

۹۸٤/۹/۹ نامەیەکی صارم خانم بۆ هات لەبەر ئەوەی بەشێکی پێوەندی بە بزووتنەوەی کوردەوە هەیە چاپکردنی بێ کەڵك نازانم. ((..... ئەوەی لە بارەی خۆمەوە نوسیوتە، بێگومان پاستە. لەم بارەوە ئەشێ بێژم من تا ڕادەیەکی زۆر توشی کەم و کوڕی بووم. بەو مانایە بۆ پاراستنی ئوسولّ وەها چاوم لە شەخسی خۆم پۆشیوە کە جاری وا هەیە بیر دەکەمەوە کە زوڵمم لە خۆم کردووە. بە هەڵکەوت ئەم لەبەرچاو نەگرتنەی خۆم ئەوەندە جیددی بوە کە لە زۆر مەسەلەدا بۆتە هۆی تێگەیشتنی خەراب (سوتفاهم). من هەر وەك لە دانیشتنی خۆمان دا باسم کرد، هەر لە هەوەڵ ڕۆژەکانی کە قاسملو هاتبۆوە ئێرانێ و هاتە چاوپێکەوتنم بە بێ دوڕویی و ڕاست وەك ڕابردوو لە هەموو بوارێکەوە لە ڕوونکردنەوەی مەسەلەکان و ڕێنوێنی و ڕێنیشاندان درێخیم نەکرد و نەمویست لەم بابەتەوە باسی جێگایەك بکەم کە بە هەق دەبوایە لە نێو بزوتنەوەدا هەمبایە. ڕاستی ئەوەیە بە خەیاڵم دا نەدەهات ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دەیانزانی لە ڕابردوودا لە زیندوو کردنەوەی حیزب و بزوتنەوەدا چ نەخشێکم هەبووە لە ئاست من ئەوەندە هەق نەناس بن. هەر لەو ڕۆژانەی کە ڕوخانی ڕیژێم مسۆگەر بوو چونکە لە تاران و لە ناوچەکانی تری ئێران جڵەوی کار بەدەست مەلاکان بوو، منیش نەمدەویست لە کوردستان ئەم دیاردە مەترسیدارە سەرهەڵبدا، هەر لەو کاتەشدا سازبوونی ناکۆکیم بە ڕاست نەدەزانی لەکن شەرەفکەندی بە قاسملوم

گوت: ئێوە بچن لە کوردستان شێخ عیزەدین بە ڕێبەری ئاییننی دیاری بکەن کە دیارە هەر لەقەبێکی تەشریفاتی یە. منیش وەك نوێنەری سیاسی کوردستان ناو بەرن کە لە وتووێژ لەگەڵ دەسەلاتی ناوەندیدا توشی پەرێشانی و پەلە پەل نەبین و کارەکان بکەونە سەر خەتێکی ڕاست. پاشان چون ئەو بەیاننامەی هەشت مادەیی یان نوسی و نەك هەر وەك نوێنەری سیاسی ناوی منیان نەهێنا، بەڵکو تەنانەت هیچیشیان پێ نەگوتم. لە کاتێکا پێشتر قەرار دانرابوو دەبوایە ئەو ئەم بڕیارانە ئەنجام بدا. من لەو بارەوە قەت پرسیارێکم نەکرد، دیارە دەبێ دان بەوەدابنێم کە کارێکی باشم نەکردووە. لە جەرەیانی دەستەی نوێنەرایەتیشدا خۆت ئاگاداری کە ئەگەر من نەبام هیچ نەدەکرا. لەگەڵ ئەوەش من قەت نەمویست لە شوێنێ ناوی من ببرێ. ڕەنگە ئەوانە بەس بن بۆ ئیسباتی ئەوەی کە من لە فەرامۆشکردنی کەسایەتی خۆم چەندە چاوم پۆشیوە. بەڵام ئەوەی لە بارەی پێشێل کردنی ئوسوڵ نوسیوتە، بە تەواوی هەقی تۆیە. لەو ڕۆژەوە بە ناچاری لە ئەوروپا نیشتەجێ بووم، بە هەوڵدانێکی زۆر لە گەڵ حیزب پێوەندیم گرت، لە هەموو بارێکەوە ئەوەی بۆ گوتن دەبوو گوتومە..... لە بارەی ئەم لادانەوە کە تۆ پێت وایە لەم دواییانەدا سەری هەڵداوە، من هەر وەك پێشتر نوسیومە بە ڕیشەداری دەزانم و لە ڕابردوو ڕەگی داکوتاوە. لەو ماوەیەدا لەگەڵ تەواوی ئەو کەسانەی قسەم کردوە بە ئاشکرا گوتومە کە لە هەل و مەرجی جولانەوە و حیزب دا بەستنی کۆنگرەی شەشەم کارێکی نادروست بوە. هەروەها هێنانە گۆڕی ئاوای سۆسیالیزمی دیموکراتیك ئەویش بەم شێوەیە و بەم چۆنیەتیەی کە لە نامیلکەی ((کورتە باس)) دا گەلاڵە کراوە ناڕاست بووە. بەڵام قسەلەوەیە کە بۆ بەربەرەکانی ئەم لادانە، کام شێوە ئەشێ بگریە پێش؟ من لە قۆناخی ئەم دواییەی تێکۆشانی حیزب، لە دەرەوەی ریزی ئەودا هەڵکەوتووم.

ئەوپەڕی لەقەبێکی کە حضرات بە ئاوادا بۆچونی من لەگەڵ مەسەلەکانی نێو خۆی حیزبی دیموکرات دەبێ چۆن بێ؟.... لە بارەی چاوپێکەوتنی کاك عەزیز محەمەدی زۆر بە غەنیمەتی دەزانم و بە جیددی پێشوازی لێ دەکەم. زۆر سوپاست دەکەم کە نامەکان هەروا بە کوردی بنوسی، چونکە فرەباش و رەوان کوردی دەنووسێ و من لەم نامە گۆڕینەوە بەهرەی زیاتر وەردەگرم کە کوردی باشتر فێر دەبم..... ارادتمند صارم الدین سەشنبە سیزدهم شهریورماه ۱۳٦۳))

وەك صارم خان لە نامەکانی من کوردی باشتر فێر دەبوو هەورەها لە نوسراوەکانی ئەو نەك هەر فارسی باشتر فێر دەبووم، بەڵکو ئەزمونی سیاسی و کۆمەڵایەتی فرە بەکەڵك و سودم لێ وەردەگرتن.

وەك لە پێشەوە باسکرا، نامیلکەی (کورد و فەرهەنگی بێگانە) و (لێکۆڵینەوەی لەسەر کورتە باسی دکتۆر قاسملو) بۆ کاك کەمال میراودەلی ناردبوو. کاك کەمال رێکەوتی ۹۸٤/۹/۲۵ لە نامەیەکی فرە شیرین و دۆستانەدا دوای سڵاوی برایانە نوسیبووی: ((..... بە هۆی کاك شێرکۆ فەتحوڵاوە ئەم دوو نامیلکەی ئەم دوایەتم دەستگیر بوو، خوێندمنەوە. (کورد و فەرهەنگی بێگانە) ئازایانە و لێزانانە بەرەو ڕوی کێشەیەکی قوڵ و مێژوویی گەورە دەبیتەوە. گەرچی سادە و بێ قوڵ بوونەوە مەسەلەکەت خستۆتە ڕوو. بە تایبەتی بۆ ئەوەی جەماوەری خەڵك بە ئاسانی تێی بگا و یەکسەر دەستە و یەخەی مەسەلەکەی بێ هێشتا قەناعەت بەخش زانستانەیە. لێکۆڵینەوەی تر سەبارەت بە سۆسیالیزمی قاسملو بەلای منەوە بەنرخە بە تایبەتی کە پێویستمان بەوە هەیە. ئەو مەسەلە ئایدیولۆژیە گرنگانە هەروا بە سادەیی و ساکاری نەخرێنەڕوو، نەبنە مۆنۆپۆلی بەرنامەی وشك و بێ گیانی حیزبەکان. گەرچی لەم کارەشدا لێکۆڵینەوەکەت لە سنوری (جەدەل)

بەو لاوە نەڕۆیشتوە. زۆر نوختە و لایەنی گرنگت هاڕۆڕاندوە و هەوڵت داوە لە ڕوانگەیەکی زانستانەوە چارەسەریان بکەی. بەڕاستی زۆر دڵم بەم کارە خۆشبوو، بۆیە هەر بە نیازی بەردەوامکردن و پەرە پێدانی ئەم جۆرە دەمەتەقەیی و لێکۆڵینەوانە نیازمە منیش (موناقەشەیەکی) هەر دوو بۆچوونەکان بکەم.....))

زۆرم پێ خۆش بوو کاك کەمال میراودەلی بێتە نێو ئەم باسە و لە سەریان بنووسێ، بەڵام بەداخەوە نەپڕژا سەر بەجێ گەیاندنی بەڵێنیەکەی.

سەفەر بۆ ئەستەمبوڵ:

لە ئەستەمبوڵەوە کوردێکی ئێرانی تەلەفۆنی کرد و گوتی: ((لە مەهابادەوە هاتووم و نامەیەکی سوڵتانی شێخ ئاغاییم بۆ هێناوی. کاك سوڵتان یەکێ لە دۆست و برادەری قەدیم و خۆشەویستی من بوو. یەك لەو کەسانە بوو، هەر وەك لە بەرگی یەکەمی بیرەوەریەکانمدا باسم کردووە، دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان لە زیندوو کردنەوە و پەرە پێدانی تێکۆشانی حیزبی دیموکرات لە ناوچەدا دەورێکی گرنگی هەبوو. نامەی ئەو لە هەر شوێنێك بایە دەبوایە بە دەنگیەوە بچم.

ڕۆژی ٢٦/ ٩/٩٨٤ چومە ئەستەمبوڵ و کابرام دیتەوە. خۆی ناساند بەناوی عومەری مەحمودی ئازەر کە گوێا کادرێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانە. من هەموو ئەندام و کادری ناوچەی مەهابادم دەناسی، کەسی وام نەدیبوو. گوتی لەگەڵ یەکێتی لاوان بووم، لە ناوچەی هەوشار کارم کردوە. گوێا ((لە ناوچەی مەهاباد تەشکیلاتی حیزب گرتویە و پاشان نۆ هەزار تەمەنیان لێ ئەستاندوە و بەریان داوە. هەڕەشەیان لێ کردوە کە ئەگەر لە کوردستان دەرنەچێ دەیکوژن.)) هەرچەند قسەکانی جوان هۆندوونەوە، من بەراستی تەواو باوەڕم پێ نەکرد. بەڵام

کە نامەی کاك سوڵتانی دامێ و لەگەڵ گەلێك باسی دیکە نوسیبووی: ((هەڵگری نامە برایەکانی دۆستی منن، هەرچی بیڵێ پاستە تکایە ئەوەندەی دەکرێ یاریدەی بدە بنەڵکو لە ولاتێك بخوێنێ.)) لەبەر خاتری کاك سوڵتانی هیچم بۆ نەکرا. یارمەتیم دا لەگەڵ دووکەسیتر لە کوردەکانی ئێرانی بچێ لە موسکۆ بخوێنێ. لە باڵیۆزخانەی سۆڤێتی داوام کردبوو کە سالێ چەند کوردی لێقەوماو وەربگرن لە زانستگاکانی مۆسکۆ دەرس بخوێنن. قەولیان پێ دابووم کە سالێ ٣ کوردی کوردستانی ئێران وەربگرن. باش بوو دوو کەسەکەی تر بەڕاستی موستەحەق بوون خالید ئاشتابم دەناسی کە کادرێکی لاوانی حیزبی دیموکرات بوو. لە ناوچەی شیمال و لە مەهاباد کاری تەشکیلاتی دەکرد. بە تاوانی بیر و باوەڕی چەپ کەوتبووە بەر پەلامار و ناچار ببوو ڕووی کردبووە تورکیا و لەوێوە بە پاسپۆرتی ساختە هاتبوە بولغارستان و لەوێش رایان نەدەگرت و لێرە و لەوێ و یا لە کن کەمالی کوڕم دەگیرساوە و لە ڕاستیدا بە ئەستۆم داهاتبوو کە چاری بکەم. ئەوی تر خوارزایەکی خۆم بوو کە دێهاتیەکی فەقیری خوێندەواری ڕوناکبیر، یەك لەو لاوانەی نیشتمانپەروەر بێ دەرەتان بوو. سێ یەم ئەو عومەرە بوو کە بەنامەی کاك سوڵتانی شێخ ئاغایی فریوم خوارد و جێگای یەکی موستەحەقی گرتەوە و هەڵەیەکی گەورەی من بوو لە تێکۆشانی دەرەوەم دا. ئیتر تۆبەم کرد کە هەتا بکرێ تووشی هەڵەی ئاوا نەبمەوە.

لە ئەستەمبوڵ لە ڕێگای کوردێکی لای خۆمان کە لە تورکیا دەیخوێند لەگەڵ دکتۆر ساجید گونەش خەڵکی قارس بوومە ئاشنا. ئەم برادەرە کوردەی لای خۆمان پێشتر باسی منی بۆ دکتۆر ساجید کردبوو. ئێوارەیەك هێنایە ماڵێ. دکتۆر ساجید کوردێکی تۆخی نیشتمانپەروەر و لە سیاسەتدا کرچ و کاڵ. کرمانجی باش دەزانی. ئەو شەوە نەچۆوە ماڵی خۆیان و نەیهێشت منیش بنوم. لەسەر

مەسەلەی کورد، رێگای ڕزگاربوون، ئەرکی کوردەکانی تورکیا، شێوەی حیزبایەتی و حیزبە کوردیەکان و گەلێك مەسەلەی تر دەستیکرد بە پرسیاران. ڕۆژی دوایی منی برد بۆ لای دکتۆری دڵ و ١٧ هەزار لیرەی تورکی دا، ڕەسمی ڕەنگی یان لە گورچیلەی هەڵگرتم. ڕۆژێکی دیکە بردمی بۆ شاری (سیلویر) برایەکی بەناوی دکتۆر (بیهجەت گونەش) سەرۆکی نەخۆشخانەی دەوڵەتی و پسپۆری نەخۆشی دڵبوو.

دکتۆر ساجید نوسراوەی ڕۆژنامەکانی تورکی بۆ دەگێڕامەوە کە نوسیبوویان: ((لە تراکیا چەند هەزار زارۆکی تورك هەیە، دەوڵەتی یۆنان بە زمانی تورکی مەدرەسەیان بۆ دانانێ. موفتی تورك لەم بارەوە بەیاننامەی بلاو کردبۆوە. بەڵام ڕۆژنامە و موفتی تورك لە ئاست بێ بەشی و حاشالێکردنی ١٢ میلیۆن کوردی کوردستانی تورکیا هیچیان نەدەنوسی.

دکتۆر ماجید هەر دەپرسی: ((ئەم چبکەین؟)) منیش لە گەڵ یەك دوو برادەری ئەندامی پارتی (پێشەنگ) نێوانم خۆشبوو، گوتم تێکۆشانی بەتەنیا بەرهەمێکی نیە. باشترە بچنە نێو پارتی (پێشەنگ) و ئەم پارتی یە بە هێز بکەن. تا ساڵێ ٩٨٦ لە گەڵ دکتۆر ماجید پێوەندیم هەبوو، دوای هاتنی سوید و دوور کەوتنەوە لە تورکیا ئیتر ئاگامان لێك بڕا.

ڕۆژی ٩٨٤/١٠/١١ گەڕامەوە بۆ سۆفیا. کە هاتمەوە نامەیەکی کاك حەسەنی قازیم بۆ هاتبوو لە نامەکەدا وادەردەکەوێ کە لە وەڵامی نامەی منداا نووسراوە و بێجگە لەوە نامەی دیکەشی بۆ نوسیوم کە لەم نامەیەدا ئاماژەی بۆ کردوە. بە داخەوە نە ڕوونوسێکی نامەی خۆم لە لاماوە نە نامەی پێشوتری ئەویشم لە نێو نامەکاندا دەستکەوت کە هەرسێکیان بلاو بکەمەوە. بەڵام بلاو کردنەوەی ئەم نامەیەم هەم

لە باری شیرینی و جوانی ئەدەبی و هەم لە باری بۆچوونی مەنتقیەوە بە پێویست زانی. ئەمەش دەقی نامەی کاك حەسەنی قازی. ٢٠ی سیپتامبری ٩٨٤:

((برای بەڕێز کاك کەریم! وێڕای سڵاوی گەرم، ساخ و خۆشی خۆت و منداڵەکان ئاواتەخوازم. پیرۆی نامەکەت هات، زۆر سوپاست دەکەم. بەر لەوەی بێمە سەر قسەکردن و توێژینەوەی ئەو مەبەستانەی باست کردبوون پێم خۆشە بەر لە هەموو شت مەسەلەیەك ڕوون بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە مەبەستی من لە هێنانە گۆڕێ باسەکانی نامەی پێشوو، ئاڵوگۆڕی بیروڕا و موناقەشەی خولّقێنەرە، جا بۆیە پێم خۆشە ئێوەش بۆچونتان ئاوا بێ، و ئەگەر ئەوەش بە مەیسەر نازانن دەکرێ نێوەڕۆکی نامەکان هەر بە چاك و خۆشی و هەواڵ پرسین پڕ بکرێنەوە.

مەبەستم لە بۆچونی ((دوگماتیك و ئولگوو هەڵگرتن ئەوەیە)) کە ناکرێ هەموو دیاردەیەکی کومەڵایەتی و سیاسی بە ربەی ڕەش یا سپی بپێورێ. واقعیەتی بەرچاو، تەجروبەی زیندوی کومەڵگای ئینسانی، تەجروبەی مێژوویی خەباتی چینایەتی، لانی کەم لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، نیشان دەدا کە چارەنووسی نەتەوە ژێر دەستەکان وەك ئەوەی فێرکردەی ڕەسمی ولاّتانی سۆسیالیستی باسی دەکا، تەنیا و تەنیا بە پێڕەوی و چاو لەدەستی سیاسەتی ڕەسمی و قازانجی ررژانەی ستراتژی ئەو ولاّتانەوە و لە سەرویانەوە یەکێتی شورەوی نەبەستراوەتەوە.

زۆر بزوتنەوەی کرێکاری، زۆر جولاّنەوەی رزگاری خوازی میللی، لە ژیانی خۆیاندا ئەوەیان تاقی کردۆتەوە و بە ڕەگ و پیستەوە هەستیان پێکردوە کە قازانج و ئاواتیان بۆتە قوربانی قازانج و مەسلّەحەتی سیاسەتی رۆژی و ستراتژیکی ولاتانی سۆسیالیستی مەوجود. ئەگەر ئەو بۆچوونە ڕاست نیە، سیاسەتی حیزبی تودە و سیاسەتی حیزبی شیوعی عێراق چون لێك دەدرێتەوە.؟ چۆنە حیزبی تودە ڕۆژێك

پشتیوانی لە ڕیفورمەکانی (شا) دەکا، ڕۆژێکی دی شیعاری ڕوخانی هەڵدەگرێ، ڕۆژێك دەڵێ نێوەڕۆکی کۆمەڵایەتی سۆسیالیزم و ئیسلام یەکە و ئیمامی جەلادان قەڵغانی خەباتی دژی ئیمپریالیستی یە و ڕۆژێکی دیکە بە کۆنە پەرست و زاڵمی دەزانی؟

چۆنە ڕۆژێك حیزبی شیوعی عێراق دەگەڵ حیزبی بەعس دەکەوێتە بەرەیەك و ڕۆژێك دێ لێی هەڵدەگەڕێتەوە؟ چۆنە ڕۆژێك بە حەق بارزانی (نەك شەخسی بارزانی، بەڵکو دامەزراوی بارزانی) بە باڵی ڕاستی جولانەوەی کورد ناو دەبا و ڕۆژێکی دی دەگەڵی دەکەوێتە سەنگەرێکەوە و پاکانەی بۆ دەکا؟ چۆنە، چۆن؟

نەتەوە ژێر دەستەکان، چینی کرێکار و زەحمەتکێش چۆن لە مەنتیقی ئەو سیاسەت و ڕێبازە بگەن. کێ هەیان بە دروست بزانن؟ چۆنی بۆ خۆیان تەوجیە بکەن؟

ئەمن لە نامەی پێشودا نوسیبووم کە وەك دیاردەیەکی پێویست لەو باوەڕەدام کە دەبێ ڕوونـاکبیرانی کـورد سـەرەڕای جیـاوازی ئیـدەئیولوژی و بەسـترانەوەی تەشکیلاتی دەبێ پێکەوە بدوێین و لە قسەی یەك نەپرینگینەوە و قسەی دروست و ڕێبازی دروست بۆ یەکتری بسەلمێنین، بەڵام مەرج و سەراوەردێکیشم بۆ ئەوە دانـابوو، ئـەویش ئـەوە بـوو کـە هـەموویان فکرەکـەیان لـە بەسـتنی قـازانج و مەسڵەحەتی زەحمەتکێش و بەشخوراوانی کورد دابێ. جابۆیە، بـە هـیچ جـۆر کـار کردنـی کەسـانی وەك سـامی و حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران وەك یـەك هەڵناسەنگێنم.

(مەبەستم لە ڕوخسار و کۆمەڵایەتی حیزبی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێرانـە و نـەك ڕابەری یان کەسانێك لە ڕابەری ئەو حیزبـە یـان ئـەو مەجموعەیـەی کـە بـەم نـاوە

ناوبانگی بلاّو بۆتەوە.) ئەگەر لەسەر زەین بم ئەو وتارەی ئێوە باستان کردوە و رەخنەتان لە ((سەرۆکەکانی کورد)) گرتوە کاتی خۆی لە گۆڤاریّکی عەرەبیدا دیوە، ئەو دەمیش و ئێستاش ئەو جۆرە بۆچوونەم پێ هەلّەیە بۆچی؟ چونکە قسەکە وەك فارس دەلّێن کولی کوئی یە. چی لێ دەرناکەوێ. مەبەست لە هێنانە گۆڕی ((مەسەلەی کورد وەك نەتەوەیەکی ٢٠ میلیۆن کەسی)) چیە؟ ئایا پێشنیار ئەوەیە کە رێکخراوە سەرەکی یە مەوجودەکانی کوردستان دروشمی پێکهێنان و دەسەر یەکگرتنەوەی بەشە دابڕاوەکانی کوردستان هەلّگرن؟ ئەگەر مەبەست ئەوەیە بۆ بە ڕاشکاوی ئەو قسەیە ناهێندرێتە گۆڕێ؟ ئایا ئەگەر ئەو پێشنیارە لە دلّی بزوتنەوەی کورد دا فرچکی گرتوە و دروستە، بۆ ئەو زەمانی کە بۆ وێنە کەسێکی وەك خۆت لە هەرە کاربەدەستە پایە بەرزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوی و دژی دروشمی خودموختاری رانەوەستاوی، لەوانەیە بفەرمووی تەجروبەی خەبات نیشانی داوە کە هێنانە گۆڕی دروشمی کوردستانی یەکگرتوو زیاتر کورد لە ئامانجی ماف و ئازادی نزیك دەکاتەوە، کەوایە گەرەکە لەهەمە لایەنەی مەسەلەکە بتوێژرێتەوە و شانەکەی لەسەری ئەفراد دا نەشکێندرێ.

وەك دەزانن رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی تورکیا، بە ورد و درشت، چەپ و زۆر چەپ، تورك و نیوە کوردەوە!! لە مێژە ئەو شیعارەیان هەلّگرتووە، بەلاّم کە نوسراوە و بەرنامەکانیان دەخوێنیەوە، دەبینی چەندە ساویلکەن و دەردەکەوێ لە خواستنەوەی هێندێ قسەی زانایانی هەندەران نەبێ لە مێژووی کورد چ نازانن. — دیارە لێرە و لەوێ بۆچوونی دروستیشیان بووە— و حوکمە بە هیچ کلوەجی بە مانای بەرپەرچدانەوەی خەباتیان نییە.

وە ئەمما ! ئەمن نوسیبوم کە ئێوە لە بۆچونەکانتاندا سەبارەت بە وەزعی ئێستای کوردستانی ئێران و حیزب و لە سەتحی لاوەیی دا (دەرەوەی حیزب) دەبێ باس و مەسائیل بە شێوەیەکی وا نەهێننە گۆڕێ کە کەسانێکی ئاگاداری وەزعی نێو خۆیی نین وای بۆ بچن کە ئەو قسانە لەبەر ئەوە دەکرێن کە لە حیزب دا نەماون. ئەوە لایەکی باسەکەیە. دەنا وەکو ئەندامێکی حیزبی دیموکرات کە بە توندی بڕوام بە زابیتەی حیزبی هەیە و نەك ڕابیتە و خزم خزمێن و فەرهەنگی سابلاغی گەرییان ((حاجی خانم)). دەڵێم کە دەبوو لێتان ڕوون بکەنەوە کە مەبەست لە ((لە ژێر پێنانی دیسیپلینی حیزبی)) چییە؟ و بە کورتی دەبوو ئەگەر ((ئیخراج)) دەرمانی دەردان بێ هەموو پلەکانی ئەساسنامەی حیزبی بەڕێوە بچێ. شتێکی دیش دەڵێم کە زۆرجار گوتومە، ئەویش هەبوونی ئەسالەت لە خەباتی سیاسی دایە، ئەمن هەر چەندی بە هەق یا ناهەق دەگەڵ بیرورا و بۆچوونی ئێوە یەك یا موخالیفیش بم، پێم وایە کەسێکی وەك تۆ لە لایەن ڕابەرێك ڕا دەبێ حوکمی لەسەر بدرێ کە خۆی لە خەباتی گەلی کورد و حیزب دا ئەسالەتی هەبێ. و لە ڕابەری مەوجودی حیزبدا، کەسانی وا هەن کە سەیری ڕووداوەکانی ئەو چەند سالانە، وەك بلّقی ئاو هێناونیە ڕوو و ئەوەی نەیان بێ ئەسالەیە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کەم کاری یان هەڵەی کەسانێکی کە لەو خەباتەدا ئەسالەتیان هەیە و مووبان لە ئاشی سپی نەکردوە.

ئیسحاق دویچر، مێژوو نووسی گەورەی مارکسیست لە تۆێژینەوەی سیاسەتی ستالین زدایی مەرحومی خوروشچوف دا قسەیەکی جوانی هەیە دەڵێ: ((ستالین وەکو پیتری گەورە ئامراز و کەرەسەی زور وەحشیانەی بۆ نەهێشتنی وەحشیەت لە ڕوسیا بەکار هێنا. جێ نشینەکانی ستالینیش بۆ پاککردنەوەی شوێنەواری ستالینیزم لە ڕوسیا لە میتۆدی ستالین کەڵك وەردەگرن.))

بەم ئیعتیبارە وەك زۆرجار مێژووی حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و بە تایبەتی ئێران نیشانی داوە ((ئیخراج)) دەرمانی دەردان نیە. بە بۆچوونی من مێژووی بزوتنەوەی کورد و بە تایبەتی تاقی کردنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە ناموتەجانیس ترین حیزبی مەوجودی! ! هەموو بەشەکانی کوردستانە دەیدرکێنێ کە هەڵگرانی بیر و باوەڕی جیاوازی ئیدەئیولوژی هەر یەکەی دەبێ لە قالبی ریکخراوی سیاسی سەربەخۆیان دا خۆ ڕێك خەن و جا دوایە پێکەوە عەرەب گوتەنی: ((تەعاونی مەیدانی)) یان هەبێ، دەنا ئەو .... قەت سەرناگرێ..... بە سلاوێکی دووبارە بۆ خۆت و مالّ و منداڵت نامەی ئەوجارەم دادەکوژینم. برات: حەسەنی قازی.))

لە باڵیۆزخانەی سۆڤیەتەوە سکرتێری یەکەمی سەفارەت داوای کرد بچم ببینم. کە چوم گوتی بەڵێنت دابوو لەسەر مەسەلەی کورد شتێکمان بۆ بنوسی. گوتم نوسیومە و بۆم نەکراوە بە ڕوسی، بەڵام بە فارسی بۆتان دێنم. ڕۆژی ۱۹/ ۹۸٤/۱۰ ئەم نوسراوەی خوارەوەم بۆ زمانی فارسی دا بە باڵیۆزخانەی سۆڤێتی لە سۆفیا. ئەمەش کوردییەکەیەتی کە وا لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە:

((بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێتی.

دوای سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە. بە پێویستی دەزانم بە کورتیش بێ سەرنجتان بۆ گرنکی مەسەلەی کورد رابکێشم. مەسەلەیەك کە بێگومان یەکێ لە مەسەلە گرێپوچکەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و سەرنجی کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و دەوڵەتانی ناوچە و جیهانی بۆ لای خۆ ڕاکێشاوە. لەو بوارەدا کتێب و نوسراوەی جۆراوجۆر نوسراون و بڵاوکراوەی جیاواز دەربڕاون. نامەوێ لەم کورتە نوسراوەدا بێمە سەر لایەنگەلی مێژوویی و ڕەگەزی و بنەچەکەیی نەتەوەی کورد. ئەوەندە

بەسە سەیرێکی وتاری دکتۆر لازەریف بکەین کە لەم دواییانەدا لە بواری مەسەلەی کوردا لە گۆڤاری (ئاسیا و ئەفریقا)دا بڵاو کراوەتەوە تا گەلێك لایەنی جۆر بەجۆری مەسەلەی کوردمان بۆ ڕوون بێتەوە.

دەمەوێ با بەکورتیش بێ لە سێ خاڵدا مەسەلەی کورددتان بخەمە بەر چاو، هەرچەندە پێم وا نیە کە مەسەلەیەکی ئاوا گرنگ لێتان شاراوە بێ.

١- بارودۆخی خەباتی ئێستای مەسەلەی کورد لە پێناو وەدەست هێنانی مافی ڕەوای نەتەوایەتی بە مافی دیاری کردنی چارەنوسیشەوە. هەڵوێست و بۆچوونی حیزبە سیاسیەکانی غەیرە کورد لە ئێران و عێراق و تورکیا و سوریا.

٢- سیاسەتی وڵاتانی سەرمایەداری ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا لە بارەی کوردستان.

٣- هەڵوێستی وڵاتانی سۆسیالیستی لە سەر مەسەلەی کورد.

ئەلف- خەباتی نەتەوەی کورد بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی و مافی دیاری کردنی چارەنوس بە دەستی خۆ. لە سەدەی نۆزدەوە بە شێوەی جۆر بەجۆر و لە هەل و مەرجی جیاواز دا درێژەی هەبووە. گەلی کورد لەم خەباتەدا فیداکاری کردوە، قوربانی داوە. مێژووی سەدەی بیستەمی نەتەوەی کورد دەکرێ بە هەق بە مێژووی خوێناوی ناو ببرێت. خەباتی نەتەوەی کورد بە شێوەی کاتی و لانی کەم لە ڕوانگەی نێونەتەوەییەوە دوای شەڕی یەکەمی دنیاگر، سەرکەوتنی وەدەست هێنا و لە پەیمانی سیڤەردا، سەرکەوتوەکانی شەڕ و نوێنەرانی دەوڵەتی وەسمانی. پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیان لە بەشێکی کوردستانی بەر دەستی تورکی وەسمانی دا پێشبینی کرد. هەرچەندە پاشان ئەم پەیمانە بە پەیمانی لۆزان خرایە پشتگوێ. بەڵام پێویستە دان بەو ڕاستیە دابنرێ کە بۆ

هەوەڵین جار لە مێژووی سەردەم و لە ڕوانگەی حقوقی نێو دەوڵەتانەوە بە ڕەسمی بوونی نەتەوەی کورد و مافی ئەو بۆ دیاری کردنی چارەنوسی بەدەستی خۆی پەسند کراو دانی پێداهات.

لە ڕەوەندی شەڕی دووەمی دنیاگر و دوای شەڕدا، لە ژێر کارکردنی سەرکەوتنی سۆڤێت بەسەر فاشیزمی هیتلەری دا، خەباتی خەڵکی کوردیش پێی نا قۆناخێکی تازەوبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بوو بە بەشێك لە جوڵانەوەی دژی ئیمپریالیستی و ئازادیخوازی گەلانی جیهان لە پێناوی دێموکراسی و سۆسیالیزم و ڕزگاری لە کۆیلەتی و لە چەوسانەوە. دامەزرانی حیزبی دیموکرات و پێك هاتنی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە کوردستانی ئێران، بە خاڵی لوتکەی بزووتنەوەی نیشتمانی و ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد دەژمێردرێت.

بە دوای ئەودا بە ئیلهام وەرگرتن لە بزوتنەوەی دیموکراتی کوردستانی ئێران. لە کوردستانی عێراق و تورکیا و سوریا حیزبی دیموکراتی کورد دامەزران. هەر چەند ئەو حیزبانە لەسەر یەك بە گوێرەی هەل و مەرجی زەمان و بارودۆخی ولاتەکەیان خاوەنی پرۆگرامی پێشکەوتنخواز بوون، بەڵام لایەنی نەتەوەگەرییان هەمیشە بەهێزتر بوە و هەر ئەم هەڵوێستەش تاڕادەیەکی زۆر بۆتە کۆسپی هاوکاری پتەو لەگەڵ حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەم وڵاتانە. دیارە حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئێران و تورکیا و سوریاش نەیانتوانیوە بە باشی لە مەسەلەی کورد تێبگەن و سیاسەتێکی ڕاستی لێنینی سەبارەت بە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بەڕێوە بەرن. نەك هەر ئەوە، بەڵکو جاری وا هەبوە لە چارەسەرکردنی مەسەلەی میللی دا بە لای بورژوازی حاکم داکەوتوون. هەر بۆیەش نەیانتوانیوە کۆمەڵانی خەڵکی کورد بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. حیزبی کۆمۆنیستی عێراق سەبارەت بە سیاسەتی دروستی مەسەلەی میللی، سەرەڕای کەموکوڕیش لە پراتیکدا، توانیویە نەك هەر

لە کوردستانی عێراق، بەڵکو لە بەشەکانی تری کوردستانیش رێزێکی تایبەتی وەدەست بێنێ.

حیزبە میللی و دیموکراتەکانی کوردیش لە سیاسەتی خۆیاندا گەلێك جار تووشی هەڵە بوون و زۆر جار بێ ئەوەی لەسەر ستراتیژییەکی پووچ پێدا بگرن، ستراتیژییان فیدای تاکتیك کردوە. لەم رێبازە دا گەلی کورد توشی زیان و سەدەمەی گیانی و مالّی زۆر بوە. سەرهەڵدانی حیزبگەلی جیاواز لە کوردستان لە جیاتی پێشکەوتنی خەبات، بۆتە هۆی پەرش و بلاّوی و ناتەبایی و چەند دەستەیی خەڵك و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی توشی لەتبون کردوە. دوژمنانی کورد لەم ناکۆکی و لەتبوونە بە قازانجی خۆیان کەڵکیان وەرگرتوە. هەر بۆیەش هیچ یەك لە حیزبە سیاسیەکانی کوردی بێجگە لە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی تا ساڵی ٧٤ و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، نەیانتوانیوە بەشی هەرە زۆری زەحمەتکێشانی کورد لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە. یەکی تر لە حیزبە کوردییەکانی گۆڕەپانی خەباتی کوردستان یەکێتی نیشتمانی کوردستانە کە لە باری نیزامی دا دەوری خۆی نیشان داوە. ئەم هۆکارانە و هەلومەرجی جوغرافیایی و پشتیوانی دەوڵەتە مەزنەکان لە حکومەتانی داگیرکەری کوردستان و سیاسەتی پاسیفی ولاّتانی سۆسیالیستی و هتد، بوون بە هۆی ئەوە نەتەوەی ٢٥ میلیۆنی کورد لە هەموو مافێکی ئینسانی و نەتەوایەتی بێ بەش بێ.

ب- سیاسەتی ولاّتانی ئیمپریالیستی لە کوردستان.

ولاّتانی ئیمپریالیستی لە شەڕی یەکەمی دنیا گرەوە و بەڵکو پێشتریش چ لە باری هەڵکەوتی نیزامی و یا لە باری کانگای ژێر زەوی و زێڕی ڕەشەوە، چاوی

تەماعیان بڕیوەتە کوردستان و بە لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندی خۆیان بوونەتە هۆی دابەشکردنی کوردستان و نەتەوەی کوردیان لە مافی رەوای نەتەوایەتی بێ بەشکردووە. ئیمپریالیستەکانی ئینگلیز و ئەمریکا لە یارمەتی دانی حکومەتی ئێران بۆ سەرکوتکردنی بزوتنەوەی کوردستانی ئێران و تێکدانی کۆماری کوردستان دەوری بنچینەییان یاری کرد. دنەدان و بە کرێگیراوانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا، بە هاوکاری ئیسرائیل و جاسوسەکانی توانیان ناوەندی بڕیار دانی شۆڕشی کوردستانی عێراق و بەتایبەت سەرۆکی شۆڕش توشی هەڵە و لاڕێی بکەن. وادە و بەڵێنی بەدرۆی کاربەدەستە گەورەکانی حکومەتی ئەمریکا و بەستنەوەی شۆڕشی کورد بە حکومەتی ئێران و بە حەمەرەزاشاوە کە دوژمنی کورد و نەیاری شەخسی مەلا مستەفا بوو، فیداکاری خەباتی خوێناوی ١٤ ساڵی خەڵکی کوردستانیان بە فیڕۆ دا و هەزاران خاو و خێزانی کورد دەربەدەر و ئاوارەی هەندەران بوون.

دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان، دژی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد، هەمیشە لە حکومەتگەلی ئێران و عێراق و تورکیا پشتیوانیان کردوە. دەزگای تەبلیغاتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە ئاست بزوتنەوەی ڕەوای گەلی کورد هەڵوێستی بێدەنگیان گرتۆتە پێش. ئەگەر جار و باریش دەنگ و باسێك لە ڕۆژنامە و هەواڵدەرەکانی ڕۆژئاوادا بڵاو دەکرێتەوە، لە چوارچێوەی بەرژەوەندی و سیاسەتی دیاریکراوی سەرمایەداری دایە.

بەردەوامی خەباتی کۆڵنەدەرانەی گەلی کورد و بەرزبوونەوەی خەباتی توندوتیژی کورد لەم ساڵانەی دواییدا، سەرنجدەر و سیاسەتمەدارە دوور بینەکانی سەرمایەداری توشی بیرکردنەوە کردوە و دەست بەکار بوون لە ڕێگای جۆر بەجۆر و لە کەناڵی جیاوازەوە دەست بخەنە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و جێ

پێیەك بۆ خۆ بكەنەوە. هاسانترین رێگاش بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پێوەندی حیزبە سۆسیالیست و سۆسیال دیموكرات و سۆسینتەرە لەگەڵ رێبەرانی حیزبە كوردییەكان. دیارە ئەم هەوڵدانەش بێ ئاكام نەبووە. دامەزرانی دەفتەری حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران لە فەرانسە، نوێنەرایەتی یەكێتی نیشتمانی كوردستان لە پاریس، وەرگرتنی خوێندكاری كورد لە پاریس و ئوتریش، داوەتی دكتۆر قاسملو لە لایەن بورنو كرایسكی، دامەزرانی ئەنیستیتۆی كورد لە پاریس و .... هتد، نیشانەی تێكۆشانی ئەو حیزبانەیە بۆ ڕاكێشانی بزووتنەوەی گەلی كورد.

ئەوان لە رێگای دیكەشەوە، وەك یارمەتیە ئینسانیەكان كە بریتین لە: ناردنی دكتۆر و دەرمان و برین پێچ و جلو بەرگ و خواردەمەنی و شتی تر دەتوانن لە نێو زەحمەتكێشانی كورد پێگە بۆ خۆیان ساز بكەن. كردەوەی توند و تیژی فاشیستی حكومەتەكانی توركیا و ئێران و عێراق دژی گەلی كورد، بۆتە هۆی دەربەدەری و ئاوارەیی هەزاران خاو و خێزانی كورد. ئەوان بە ناچاری ڕوو دەكەنە وڵاتەكانی ئەڵمان و هۆڵەندا و دانمارك و سوید و نێرویژ و فەرانسە و ئینگلیستان و كانادا و ئوسترالیا و هتد و لە لایەن ئەم وڵاتانەوە وەردەگیرێن و یارمەتی دەدرێن. دیارە ئەم یارمەتی و هەنگاوە خێرخوازانەی ئەم وڵاتانە، ناتوانی نەبێتە جێگای سوپاس و قەدرزانی و ڕەزامەندی خەڵكی كوردستان. ئاشكرایە لەگەڵ ئەم یارمەتیە ئینسانیانە دەزگا تایبەتیەكانیشیان بۆ بڵاوكردنەوەی پروپاگاندەی تایبەتی بێكار دانانیشن.

ج- سیاسەتی وڵاتانی سۆسیالیستی.

وڵاتانی سۆسیالیستی، بەتایبەت یەكێتی سۆڤێتی كە بە گوێرەی سروشتی چینایەتی و كۆمەڵایەتی و بە پێڕەوی لە سیاسەتی لینینی، دەبوایە لایەنگری

مافی دیاری کردنی چارەنوسی میللەتان و پشتیوانی خەباتی رزگاریخوازی گەلانی بن دەست و بەشخوراو بن، بە داخەوە لە ئاست بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، نەك هەر هەڵوێستێکی ئینترناسیۆنالیستی یان نیشان نەداوە، بەڵکو لە ئاست جنایەتی حکومەتە زۆرداره و دیکتاتۆرەکانی عێراق و ئێران و تورکیا دەرهەق بە گەلی کورد خۆیان مات و بێدەنگ کردوە. نەتەوەیەکی ٢٥ میلیونی لە پۆژهەلاتی نێوەڕاست و لە دراوسێیەتی یەکێتی سۆڤێتی کەوتۆتە بەر سیاسەتی ژینوسایدی حکومەتە کۆنە پەرستەکانی داگیرکەری کوردستان، بەڵام بەداخەوە لە لایەن وڵاتانی سۆسیالیستی یەوە هیچ ئاوڕی وەسەر نادرێتەوە. پەنگە وا بێتە بەرچاو کە بێژن کوردستان موستەعمەرە نیە کەوابوو دەبێ گەلی کورد هەروا لە ژێر زەبروزەنگی ئەو دەوڵەتە دیکتاتۆرانەدا بتلێتەوە. ئاشکرایە پەیوەندی حکومەتەکانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا لەگەڵ گەلی کورد، گەلێك لە پێوەندی ئیستیعماری زاڵمانەتره. ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراق و ئێران دەکرێ، لە هیچ وڵاتێکی موستەعمەرە نەکراوە. خەڵکی کورد بە هەق چاوەڕوانی ئەوەیە کە وڵاتانی سۆسیالیستی ئەرکی ئینسانی و سۆسیالیستی خۆیان لە ئاست دەرد و پەژارەی ئەو میللەتە بەجێ بگەیەنن. دوور نیە کە وڵاتانی سۆسیالیستی لە بارەی مەسەلەی کوردەوە بڕوانێنە هەڵوێستی حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەم وڵاتانە. ئەگەر شتێکی ئاوا هەبێ، بە بڕوای من بۆچوونێکی هەڵەیە و دوورە لە واقعیەت. چونکە هەروەك گوترا حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەم وڵاتانەی کوردستانیان کەوتۆتە نێو، نە ئەوەندە لە نێو کورد دا نفوزیان هەیە و نە لە بارەی مەسەلەی نەتەوایەتیەوە سینگێکی ئاوالە و تێگەیشتنێکی تەواویان هەیە. بە بیروڕای من مەسەلەی کورد پێویستە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێبەرانی ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان ڕێگای چارەسەرکردنی بۆ بدۆزرێتەوە. بۆ دەبێ کۆنە

پەرستی کورد بە نیشاندانی پشتیوانی و یارمەتی ولاتانی رۆژئاوا و سۆسیال دیموکرات، دەست بخاتە نێو بزوتنەوەی کوردی و دیپلوماسی ولاتانی سۆسیالیستیش تەماشاچی بوێستن.؟

لە نێوی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردا، حیزب و رێکخراوی میللی پێشکەوتوخواز و لایەنگری سۆسیالیزم کەم نین، بە داخەوە یارمەتیان پێ ناکرێ و پێوەندی یان لەگەڵ ناگیرێ. ئەم سیاسەتە دەبێتە هۆی ئەوە کە ناوەندی بڕیاردان بکەوێتە دەست کەسانی هەلپەرست و بزووتنەوەش بەرەو رۆژئاوا بکشێ.

بە پێویستی دەزانم کوردستانی ئێران وەک نمونەیەکی کونکرێت باسبکەم. لە ساڵی ١٩٧١وە کە حیزبی دیموکرات بە پرۆگرامێکی پێشکەوتنخوازانەوە تێکۆشانی خۆی زیندو کردەوە، سەرەڕای ئەوەی هەوڵێکی زۆر درا کە لە گەڵ حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤێتی پێوەندی بگیرێ، هیچ ئاکامێکی نەبوو. دوای ڕوخانی ڕێژیمی شا لە ئێران، حیزبی دیموکرات بوو بە گەورەترین حیزبی سیاسی ناوچە. دەبوایە یەکێتی سۆڤێتی بۆ ناسین و یارمەتی دان و ڕاوێژ کردن لە گەڵ حیزبی دیموکرات هەنگاوی نابایە. بەداخەوە سیاسەتی چەوتی حیزبی تودە، کاربەدەستانی سۆڤێتیشی توشی هەڵوێستی چەوت کرد و مەسەلەی ناسین و یارمەتیدانی حیزبی دیموکراتیان خستە پشتگوێ. نەک هەر ئەوە ڕێبەرایەتی حیزبی تودە بۆ پشتیوانی لە حکومەتی کۆنە پەرستی ئاخوندی، ڕێگای دوژمنایەتی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی گرتە پێش و چەند کەسی بێ ئەزمون و ساویلکە و فریو خواردووی لە حیزبی دیموکرات جیا کردەوە و ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی بۆ لایەکی دیکە پاڵ پێوەنا. لەم بارودۆخە دژوارەدا کە خەڵکی کوردستانی ئێران توشی هاتبوو، ولاتانی سۆسیالیستی دە فریای ئەم میللەتە لێقەوماوە نەکەوتن. یارمەتی بە ئاوارە و دەر بە دەری کورد نەکرا. دەزگای

خەبـەری ولاتـانی سۆسیالیسـتی لـە ئاسـت جنایـەتی حکومـەتی خومـەینیی لـە کوردستان دەنگی لەبەر نەهاتە دەر. چاپەمەنی ولاتـانی سۆسیالیسـتی خەبـەری کوشتاری زەحمەتکێشانی کوردستانیان بلاو نەکردەوە. تەنانەت گۆڤاری ئاشتی و سۆسـیالیزمیش کـە ئۆرگـانی حیزبـە کۆمۆنیسـت و کرێکـارانی جیهانـە و ئـەرکی ئینسانی و راستەقینەی دیفاع لە مافی میللەتانی ژێر دەست و خەبات دژی زوڵم و زۆرداریـە. تاقـە جـارێکیش جنایـەتی رژێمی خومـەینیان لـە قـاو نـەدا. تەنانـەت نامەیـەکی منیشـیان لـە بـارەی بـارودۆخی کوردسـتان و گـەلی کـوردەوە بـلاو نەکردەوە. ئاشکرایە کە زەحمەتکێشانی کورد ناتوانن رەزامەندی خۆیان لە ئاست ئەم سیاسەتە دەربڕن.

ئەنجامی سیاسەتی ناڕاست و لالوتی سۆڤێت سەبارەت بە بزوتنەوەی کوردسـتانی ئێران بوو بە هۆی ئەوە کە رێبەرایـەتی حیزبـی دیمـوکرات بـەرەو عێـراق و بـەرەو ڕۆژئاوا و بەرەو سۆسیال دیموکراسی بڕوا، کە بـۆ گـەلی کـورد لـە نـامرادی بـەدەر ئەنجامێکی نابێ.

بەداخەوە بزوتنـەوەی ئێسـتای رزگـاریخوازی کـورد توشـی قـەیران بـوە. نـاکۆکی دوژمنانە لە نێوان هێزە کوردستانیەکان، شەڕی براکوژی، فشاری لە ڕادەبـەردەی حکومەتـە جنایـەتکارەکانی ئێـران و عێـراق و تورکیـا، یارمـەتی نـەدانی ولاتـانی سۆسیالیسـتی و بـە تایبـەت یـەکێتی سـۆڤێتی بـە گـوێرەی سروشـتی دادپەروەرانـەیان، لـە بەرانبـەر چارەنوسـی نەتـەوەی کـوردا بەرپرسـیاریان لـە ئەستۆیە. کاتی ئەوەی هاتوە کە لەگەڵ ڕێبەرانی حیزب و جوڵانەوەی ڕزگـاریوازی کورد پێوەندی بگیرێ و یارمەتی ماددی و مەعنـەویان پـێ بکـرێ و لـەم ڕێگایـەوە ڕێبـازی پێشـکەوتنخوازی و سۆسیالیسـتی نـەک هـەر لـە کوردسـتان، بـەڵکو لـە ڕۆژهـەلاتی نێوەڕاسـت بـەرەو پـێش بـەرن. نەتـەوەی ٢٥ میلیـۆنی بـن دەسـت و

بەشخوراوی کورد لەم قۆناخە ناسکەدا هەقیەتی ئەم نوسراوەی ڕۆژنامەی پراڤدا وەبیر ڕێبەرانی ولاتانی سۆسیالیستی بێنێتەوە کە لە ٢٨ی یونی ١٩٦٥ دا نووسیبووی: ((یەکێتی سۆڤێتی بە هەموو شێوەیەك یارمەتی بە خەباتی ڕزگاریخوازی میللەتان دەکات، مافی نەتەوەکان لە پێناو ئازادی و سەربەخۆییدا، چ لە ڕێگای هێمنانە و چ لە ڕێگای خەباتی چەکدارانەوە، خەباتێکی پیرۆزە. یەکێتی سۆڤێتی بە تەواوی بەو گەلانەی کە دژی ئیستعمار و سەرەڕۆیی چەکیان دەست داوەتێ و خەبات دەکەن، یارمەتی هەموو لایەنە دەکات.))

بێگومان خەباتی ئەمڕۆی میللەتی کورد و بارودۆخێکی کورد تێیدا دەژی لە چوارچێوەی ئەم نوسین و بۆچوونەی ڕۆژنامەی پراڤدا بەدەر نیە. لەگەڵ ڕێز و سلاو . کەریمی حسامی. ١٩٨٤/١٠/١٩ سۆفیا.

دوای نوسینی نامە بۆ حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێتی، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتم پێگەیشت لەگەڵ پێرە و پرۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەی شەشەم. بە پێویستم زانی بۆ ڕوونبونەوەی ئەندامانی حیزب باسێکی تایبەتی لەسەر کونگرەی شەش بنوسم.

سەفەر بۆ لۆزان:

ڕۆژی ٩٨٤/١١/٤ کاك ئەمیری قازی لە سویدەوە تەلەفۆنی کرد و گوتی: ((بە تەمام سەفەرێکی عێراق بکەم. پێویستە چاوم پێت بکەوێ. پێشنیاری کرد لە لۆزان لە کن صادق وەزیری یەکتر ببینین.))

من ڕۆژی ٩٨٤/١١/٧ سواری قەتار بووم بۆ لۆزان. دوو ڕۆژ میوانی صارم خان بووم. ڕۆژی ١١/١٠ کاك ئەمیر پەیدابوو، حەسەنی شەتەوی خوارزای دکتۆر قاسملوشی لەگەڵ خۆی هێنا بوو. فراوینمان لای صارم خان خوارد و بە قسەی

عادەتی و رەمەکی کاتمان رابوارد. لە بارەی سەفەری کاك ئەمیر، یا بۆچی چوبوینە کن صادق وەزیری، یا دەبێ چ بکەین، هیچ باسو راوێژێکمان نەبوو. هەر دەتگوت ئەم رێگادوورەمان بۆ نانخواردن بڕیوە. دوای نیوەڕۆ لای ئێوارێ کاك ئەمیر و حەسەنی شەتەوی هێنایانمە لۆزان. من سواری قەتار بووم بۆ ستوکهولّم و کاك ئەمیریش گەڕایەوە بۆ پاریس. کاك سەننارى مەمەدی کە تازە هاتبوە سوید دوو سێ جار تەلەفۆنی کرد و داوای دەکرد کە سەری بدەم. من نێزیکەی نیوەی رێگا ڕۆیشتبووم، ڕۆژی ١١/١١ گەیشتمە وێستروس و میوانی کاك سالاری حەیدەری بووم. میوانداریەکی گەرم و ڕۆژی دوایی چوومە لای کاك سەننار لە کەمپی سورە هامر، باسێکی دوور و درێژمان هەبوو لەسەر بارودۆخی کوردستان و پێوەندی ئەو لەگەلّ حیزبی دیموکرات و هاتنی بۆ سوید. کاك سەننار بە درێژی باسی شەڕی قوتوری کرد و پێوەندی خۆی لەگەلّ حیزبی دیموکرات. ئەویش لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە پێویستە ڕێکخراوێکی تەواو مارکسیستی سازبکرێ و رێگای ڕزگاریش تەنیا رێگای سۆسیالیزمە. لە سورە هامر بووم کاك سەلاّحی موهتەدی هاتە لام. ڕۆژی ٩٨٤/١١/١٣ چوومە ئوبسالا سەردانی کاك سەلاّح و کاك سەعدی موهتەدی. من کەمتر بە خزمەت کاك سەلاّحی گەیشتبووم، بەلاّم لە کوردستان چەند جار کاك سەعدی ڕەحمەتیم دیبوو، باسی سیاسیمان پێکەوە کردبوو، تێگەیشتوویی و لێکدانەوەی سیاسی و بۆچوونی لە مەسەلەی کورد رێز و ئیحترامێکی زۆری لە لای من پێك هێنابوو. تازە کردنەوەی دیداریش چێژێکی تایبەتی هەبوو. چەند ڕۆژ لە ستۆکهولّم لەگەلّ دکتۆر جەمشید و دیداری کاك جەوهەر نامیق و کاك کەریم سنجاری و دکتۆر کەمالّ عەلی و دیتنەوەی عەلی شێر و مراد، ڕۆژم بردە سەر و هەر دیدار و دانیشتنەش تامی خۆی و بابەتی خۆی هەبوو. ناکرێ بەم بۆنەوە سوپاسی برایەتی هەموویان نەکەم.

۹۸٤/۱۱/۲٦ گەڕامەوە بۆ سۆفیا کە هاتمەوە نامەی صارم خانم بۆ هاتبوو کە ۹۸٤/۱۱/۸ دا بۆی نوسیبووم: ((..... اقامت دوروزەشما لا اقل ان حسن را داشت کە سو تفاهم تان درمورد مندرجات نامە قبلی من برطرف گردید. سوتفاهمی کە متاسفانە ناشی از عدم دقت در ظرافت زبان فارسی بود. طبعا همانگونە کە حدس زدید درحضور کاك امیر بعلت حضور ان شخص دیگر نتوانستیم در بارە بعضی مسائل لازم گفتگوئی داشتە باشیم. واین البتە اسباب تاسف بود....))

بە دوای ئەودا نامەیەکی کاك سەناری مامەدی-م پێگەیشت. نامەی کاك سەننارى لەبەر ئەوەی بە فارسی نوسرابوو، منیش هەروا بە فارسی بلاّوی دەکەمەوە.:

((رفیق بسیار ارجمندم کاك کریم حسامی.

بادرود انقلابی! با تشکر از شما رفیق عزیز، کە دعوتم از پزیرفتە وبە سوئد امدەاید. (کە متاسفانە نتوانستم از شما پزیرائی نمایم.) اما از جهاتی پربارو سودمند بود. بگزار بە صراحت بگویم: تا قبل از امدن شما باینجا، بعلت عدم تماس و بحث و گفتگو باشما، ان رفیق ارجمندرا انچنانکە هست، نشناختە بودم. بلکە تنها ازاینکە دارای افکار سوسیالیستی هستید برایتان احترام قایل بودم. ولی و قتیکە باینجا امدید اگرچە دیدارتان بسیار کوتاە بود ودر مسائل علمی بحثی نگردید معهزا، من بە شخصیت بزرگ انسانی شما پی بردم و پس از ملاقات اولیە انچەرا کە احساس کردەام دردفتر یادداشتم نوشتم. نوشتە شما (لێکۆلێنەوەی کورتە باسێك لەسەر سۆسیالیزم) را بدقت مطالعة کردم. دارینجا بود کە بە

اشنائی کامل شما از فلسفه علمی، عظمت فکری ان رفیق در لمر سوسیالیزم و شیوائی واقع بینانه قلم تان پی بردم. واز دوستی و رفاقت با شما افتخار میکنم.

اما درباره پاسخ گوئی شما به – کورته باسی – قاسملو– نتیجه گیری از جمعبندی ان میتوان گفت: قاسملو با سرهم بند کردن مشتی پر پوچات خیالی و پرت و پلاگوئی که درمقام دفاع از سرمایەداری برامده بود، ماهیت خویش را اشکار ساخته بود. وشما رفیق عزیز با استدلال علمی، حقش را بدستش دادید، ومن بشما تبریك میگویم. ازدور دستت را می فشارم. رفیق شما سنار مامدی ٢٤ نوامبر ١٩٨٤ سوئد– سوره هامار)) .

٩٨٤/١٢/٩ برادەرێك لە کوردەکانی گورجستان بەناوی (کەرەم ئانقوسی) کە بەرپرسی رادیۆی کوردی تفلیس بوو، هاتە لام. ناوبراو لە گەڵ گروپێکی توریستی هاتبوو بولغاریا و تەلەفۆن و ئادریسی منی لە کوردەکانی ئێرەوان وەرگرتن بوو. کوردیەکی باش و ڕەوانی دەزانی، بەڵام لە باری ئاگاداری سیاسی و تێگەی مەسەلەی کورد، دەتگوت تازە لە گوندەکانی بن چیای قەندیلی هاتۆتە خوارێ. هەموو سەر و بن قسەکانی ئەوەبوو: ((خودێ کاری مە چێ بکا)) ژن خوشکێکی دەگەڵ بوو دەیگوت: ((ئاواتم ئەوەیە پێشمەرگەیەکی کورد لە کوردستان ببینم.)) کەرەم سرودی کوردیشی دانابوو، دوو سرودی بە دەنگ گوتن و لە نەواردا تۆمارم کردن.

ڕۆژی ٩٨٤/١٢/١٠ ئەم نامەیەی خوارەوەم لە لایەن (کۆمیتەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لقی ئینگلستانەوە پێگەیشت:

((بۆ بەڕێز مامۆستا کەریم حسامی سلاوێکی شۆڕشگێڕانە.

وەك ئاشکرایە بۆ بەڕێزتان کە تێکۆشانی میللەتەکەمان بە قۆناغێکی زۆر ناسك و سەختا تێ ئەپەڕێ لە ئەنجامی ئەو هێرشە دڕندانە خوێناویانەی رژێمە فاشیە کۆنەپەرستەکانی عێراق و ئێران و تورکیا بەردەوامن دژی تێ کۆشانی رەوای میللەتەکەمان لە پێناوی ئاشتی و دیموکراسی و مافی چارەنوسی خۆی.

کۆمەڵەکەمان، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لقی ئینگلیستان بەردەوام بوە لە پەرە پێدانی کەمپەینی هاوکاری لەگەڵ تێکۆشانی ڕەوای میللەتەکەمان، وە لە بەردەوامی ئەم کەمپەینە، کۆمەڵەکەمان هەڵئەستێ بە ڕێکخستنی (هەفتەی کوردستان) لە سەرەتای مانگی ئازاری ١٩٨٥ کە پێك دێت لە پێشانگای هونەری، کۆڕی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، کۆڕی سیاسی وە چەند کارێکی تری تیا ڕێك ئەخرێت، وە ئەوەی شایانی باسە کە ئەم هەفتەیە بە پاڵپشتی زۆر ڕێکخراوی پێشکەوتوخوازی بەریتانی و بێگانە ئەکرێت کە لە بەشداری چەند ئەندامێکی پەرلەمانی بەریتانی، هەر لەبەر ئەوەیە کۆمەڵەکەمان زۆر بە شانازیەوە داوای بەشداری کردنت ئەکات لەم هەفتەیەدا کە ئەبێتە هەفتەی هاوکاری لە گەڵ تێکۆشانی میللەتەکەمان وە کۆتایی دێت بە ئاهەنگی نەورۆز، وە بێ گومان کۆمەڵەکەمان هەڵئەستێت بە هەموو میوانداریەك. ئیتر زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی وەڵامی بەڕێزتانین، وە بۆ ئەوەی لە نامەی داهاتودا، زیاتر بە درێژی ئەم مەسەلەیە باس بکەین لەگەڵ بەڕێزتان.

ئیتر گشت کات سەرکەوتو و بەختیار بن. کۆمیتەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لقی ئینگلیستان. ١٩٨٤/١٢/١))

ساڵی ١٩٨٥:

شەوی ٩٨٤/١٢/٣١ لە بێ خەبەری ولاتدا، لەگەڵ کاك رەفیق صابیر و خالید ئاشتاب دانیشتین و ساڵی کۆنمان بەرێ کرد و پێمان نا بەساڵی تازەی ١٩٨٥. مژدەی خۆشی ساڵی تازە ئەوە بوو کە نامەی مامۆستا شێخ عیزەدین و کاك فەرەیدونی میتران و کاك حامیدی گەوهەریم بۆ هات. هەر چەندە نامەی ئەم دوو برادەرە خەبەری ناخۆشی ژیان و گوزەرانی برادەران و باسی کردەوەی ناحەز و نا ئینسانی و دژی دیموکراتی رژێمەرایەتی حیزبی دیموکرات و دەرکردنی کادر و ئەندامانی حیزبییان تێدا بوو و لە رادە بەدەر خەفەتباریان کردم، بەڵام لە لایەکی تر باشیەکەی ئەوەبوو کە تا رادەیەك لە وەزعی ولات و حیزب ئاگادار بووم. نامەی مامۆستام لە لاپەڕەکانی پێشەوەدا نوسیوەتەوە، وا لێرەشدا نامەی فەرەیدونی میتران و حامیدی گەوهەری بڵاو دەکەمەوە:

نامەی کاك فەرەیدونی میتران ٦٣/٩/١٦ (١٩٨٤/١٢/٧):

((برادر محترم و گرامی کاك کریم حسامی.

ضمن ارائه سلام و درود فراوان صحت و سلامتی و کامیابی انجناب را ارز و مندم. امیدوارم که در زندگی همواره موفق و سر بلند باشی. خدمت همگی اهل خانواده محترم عرض سلام دارم و برایشان ارزوی سعادت و موفقیت می نمایم.

پس از مدتها انتظار و چشم براهی نامه مبارك توسط کاك جمال حسینی بدستم رسید. ازاینکه مارا ازیاد نبرده‌اید بسی مسرور و خوشحالم. دوستان همگی ازامدن نامه شما خوشحال شدند و در واقع نامه شما هم دلگرمی داد و همه‌را امیدوار کرد که اینکار در اینده هم ادامه داشته باشد. چند روز قبل کاك امیر قاضی باینجا امده‌بود و ازایشانهم جویای سلامتی شما شدیم. من نتوانستم توسط ایشان نامه

بفرستم چون کاك امیر خیلی عجله داشت و جمعا در حدود ۲۰ دقیقه نزد مبور. اینروزها کاك جمال حسینی عازم اروپا هستند و امکان ان هست که نامه ای بخدمت ارسال دارم. انزمان که تازه به اروپا رفته بودی بین رفقا این مسئله مطرح شده‌بود که ایا کاك کریم به اینجا برخواهد گشت یا نه ودراین مورد اختلاف نظر وجود داشت عدهای گفتند که حتما برخواهد گشت وعده ای نظرشان عکس بود، متاسفانه نظر دسته دوم درست از اب درامد ونتیجه ان شد که شما مراجعت نکردی. این امر برای ما مایه‌تاسف بود. زیرا که بودن شما دراینجا بسیار ضروری بود و باعث میشد که ما درجریان مبارزات درون حزبی موفقیتهای بزرگی کسب نمائیم. بویژه که در جریان کنگره ٦ غیبت شما خلا بزرگی و محسوسی ایجاد کرده‌بود و من با اطمنان می گویم که وجود شما خیلی مسائل را عوض میکرد. اگر تا حال جریانات کنگره‌را برایت باز گو کرده باشند خودت به اهمیت مسئله پی برده‌ای نیاز به زکر ان نیست. لازم به تزکراست در جریان کنگره طرفداران سوسیال دموکراسی بیش از هر زمانی افشا شدند و مچشان باز شد و دیدیم ان باصطلاح مدعیان دموکراسی تا چه حد از برخورد افکار واهمه دراند و چه زبونانه و مزبوحانه به تلاش افتاده‌اند که بیش ازان رسوا نشوند.

از نظرما کاملا قایل پیشبینی بود که انان بعداز کنگره علیه عناصر انقلابی دست به اقدام ناجوانمردانه خواهند زد. ودیدیم که دیری نپائید تصمیم خودرا عملی نمودند و بیشرمانه از ما خواستند که کتبا متعهد شویم که سیاست تازه حزب را قبول داشته و در جهت تبلیغ ان بکوشیم. و بعداز مقاومت ما در مورد عدم پزیرش این درخواست غیر اصولی مدافعین سوسیال دموکراسی مارا ازحزب اخراج نمودند. رهبری حزب تصور میکرد با ان کار یعنی اخراج ما و اعلام ان از رادیو مورد پشتیبانی اعضا حزب و خلق کرد قرار خواهد گرفت، خوشبختانه واقعیت غیراز ان

تصوررا نشان داد و نشان داد که ان عمل ناشایست نه تنها مورد پشتیبانی واقع نشد بلکه مورد تنفر وانزجار اکثریت قرار گرفت. درواقع رهبری حزب اشتباه بزرگی را مرتکب شد و با ان عمل نه اینکه اعتباری کسب نکرد بلکه به بی اعتباری خود کمگ نمود. رهبری حزب فکر می کرد که می توان برای همیشه با فریب و نیرنگ اعتماد توده‌هارا بخود جلب کرد. رویدادهای پس از کنگره تا کنون گواه بارزی است بر پوچی ان ادعاها. و می بینیم ضطور روز به‌روز از وجهه و اعتبارشان در میان توده مردم وتوده تشکیلاتی کاسته می شود. ودیگر زمان ان گزشته که بتوانند سوار بر عدم اگاهی اعضا حزب شوند.

پس از اخراج ما راهی نداشتیم جز اینکه در منطقة ماندگار شویم و سعی نمائیم با تمام توان خود به افشا ماهیت رهبری منحرف بپردازیم. طبیعی است دراین راه موانع و مشکلات زیادی وجود داشته ولی با انوجود ما کار خودرا ادامه داده‌ایم. چند جلد نقد ((بحث کوتاه)) را که شما فرستاده بودی کمگ بزرگی را به ما نمود و ما هم بنحو شایسته ای توانستیم انرا درحد امکان منتشر کنیم و خوشبختانه همچنان که انتظار میرفت مورد استقبال قرار گرفت و هر روز چندین نفر مراجعه می کنند و خواستار مطالعة ان هستند. ماهم اکنون دراینجا ماندگاریم. تصور خیلی ها اینست که ما در صدد تشکیل سازمان سیاسی هستیم و یا بعبارت دیگر عده زیادی خواهان انند که ما هرچه زودتر اقدام به تشکیل ان سازمان نمائیم که بتواند عناصر شایسته و انقلابی را در هم جمع نماید. ما ضمن اینکه بارها خواستیم با شما تماس بگیریم موافق نشدیم و سعی نمودیم از طریق کاك امیر قاضی و کاك عزیز ماملی شمارا در جریان بگزاریم به این امید که شاید شما یتوانید بیشتر مارا در جریان مسائل بگزارید. ولی متاسفانه تا کنون از رهنمود شما بی بهره بوده‌ایم. بهر حال ما هنوز این امکانرا داریم که در اینده نقش

موئثری در جهت پیشبرد اهدافمان داشته باشیم شما باید بیشتر ازاین احساس مسئولیت بکنی و سعی تمائی مرتب باما در تماس باشی. مادراینجا ازنظر زندگی وضع چندان خوبی نداریم. از شما خواهش می کنیم که ضمن تماس با سایر رفقا و احزاب انقلابی رهنمودهای لازم را برای ما بفرستی تا ما برنامه ای روشن برای کار داشته باشیم. واگر ماندن ما بیش ازاین دراینجا ضروری بنظر نمی رسد کاری کنید که ازاین وضعیت رهائی یابیم و نزد شما ایم. در مورد برخی مسائل در رابطة با رژیم جمهوری اسلامی لازم است با کاك امیر و کاك عزیز تماس بگیری. رژیم اخیرا تصمیماتی اتخاز نموده که حتما باید ازان مطلع شوی. تمام رفقا و دوستان عرض سلام دارند. کاك رحیم امیری هم ۳ ماه قبل در (کوران) منطقة مهاباد از طرف رژیم دستگیر شد ولی خوشبختانه اکنون ازاد شده درمهابا داست. تمام وفقاو دوستان عرض سلام دارند. برادرت فریدون ٦٣/٩/١٦.))

ئەمەش نامەی کاك حامیدی گەوهەری یە کە ٩٨٤/١١/٦ نوسیویەتی : ((لەبەر ئەوەی وشەکان لە وەرگێڕاندا توشی دەستکاری نەبن. نامەی کاك حامید و کاك فەرەیدونم هەر وەك خۆیان بە فارسی نوسیەوە))

((رفیق بسیار عزیزم کاك کریم حسامی!

اجازه میخواهم قبل از هر چیز گرمترین سلام خودرا بحضورتان تقدیم دارم، سلامت و سعادت برایتان ارزو میکنم. وخدمت خانواده محترم و عزیزتان نهایت عرض سلام وادب دارم. مدتی بود در نظر داشتم با شما تماس بگیرم لیکن بدلیل نبودن امکانات پستی این توفیق حاصل نشد و اکنون که کاك جمال عازم اورپا هستند این سعادترا یافتم تا بار دگر در برابرتان عرض ادب نمایم. پس از اینکه برای رفع نگرانی و گرفتاری خانوادگی به اروپا تشریف بردید انتظار داشتم برای

شرکت در کنگره مراجعت فرمائی لیکن ارزوی من و سایر رفقا بی اثر ماند و نبودن شما در کنگره انچه‌را ببار اورد که با بودن شما انتظارش غیر ممکن بود. بعداز خاتمه کنگره منتظر بودیم که مدافعین دمکراسی و پلورالیسم برای خنثی ساختن جو موجود باما برخورد کنند لیکن تصور نمیرفت بر خورد انان چنان خسمانه باشد. انان ازما خواستند تا کتبا تعهد بدهیم از خط تحمیلی انان بدون هیچ گونه نظرو انتقادی دفاع و پشتیبانی کنیم، انان مبارزه درون حزبی را برای ما ملغی کردند. انان به خود اجازه دادند در بین کنگره ٥–٦ بحث کوتاه را بنویسند و بر علیه برنامه حزبی بنفع سوسیال دمکراسی تبلیغ کنند. لیکن این حق را ازما گرفتند و حتی اجازه ندادند در جلسات حزبی و شانه‌یی نیز در مورد سوسیال دمکراسی نظر بدهیم. خبیثانی که تظاهر به دمکراسی می کنند نتوانستند چند نفر مخالف را در حزب ببینند، انان عقیده داشتند با اخراج چند نفر از حزب خواهند توانست بر افراد حزبی تسلیط شوند لیکن در عمل ثابت شد، نه اینکه بر افراد حزبی مسلط نشدند بلکه بیش از پیش نیز ماهیت انان افشا گردید و مورد تنفر اکثریت قرار گرفتند. ملاحظة فرمودید بعداز خواندن اسامی ٦ نفر اول از رادیو دیگر این کاررا تکرار نکردند. بعداز اخراج ما از حزب که من در سری دوم فرار داشتم یعنی بعداز ٦ انتظار کار اخراج شدم. افراد بیشماری بما مراجعه کردند و ضمن اظهار همدردی پیشنهاد میکردند تا سازمان، حزب، یا یك تشکیلات سیاسی را با جهان بینی مترقی تشکیل دهیم تا انان نیز با پیوستن به این تشکیلات مبارزه خودرا با جمهوری اسلامی ادامه دهند و خلق کردرا در راهی سالمتر به اماج و امال خود نزدیك سازند. نامه ونقد بحثی کوتاه شما به کاك فریدون در همان روزها رسید که بسیار مورد استفاده ما وسایر رفقا قرار گرفت. مراجعه مکرر دوستان مارا وادار ساخت تا برای اخز راهنمائیهای فراوان و مثبت

منافع و مضرات چنین اقدامی را برای ما روشن ساختند. دراخر چنین نتیجه گرفته شد که فعلا بدلائل سیاسی و اقتصادی اقدام چنین کاری به منفعت جنبش نمیباشد در ضمن توصیه کردند با توجه باینکه هم شما و هم اکثریت رفقای انان در بیرون بسر میبرند شما در مورد این جریان و سایر جریانات با رفقای بیرون تبادل نظر فرمائید تا معلوم شود که ما چه باید بکنیم. برای اگاهی بیشتر شما بعداز کنگره ٦ تعداد ناراضیان به چندین برابر سابق رسیده و بیش از هزار نفر بدلائل مختلف خودرا به رژیم تسلیم کرده‌اند. ضمنا بر اثر فشار انان به ما تا کنون چندین نفر از رفقای ما نیز خودرا به رژیم تسلیم کرده‌اند یا به عراق رفته‌اند. انان در رادیو و مطبوعات رسمی علنا بما حمله میکنند مارا در ردیف خائنین و هزیمت کرده‌گان و دزدان و ترسوها و بزدلها قرار میدهند. بدلیل تهدید و تحقیرهای مداوم انان (بخاطر ترس و وحشتی که از ما دارند) و وضع بد مادی چند نفر دیگر ازرفقا در نظر دارند خودرا به جمهوری اسلامی تحویل دهند که در حال حاضر در معزورات اخلاقی قرار دارند. از طرف دیگر ..... پس از دستگیری ..... مسائلی مورد نظر رژیم است دراین مورد گیا دکتر خسروی نامه‌ای به کاك عزیز ماملی نوشته و کاك امیر قاضی نیز در جریان کاراست. برای اطلاع دراین مورد با کاك امیر صحبت فرمائید و نظر خودرا اعلام فرمائید. با توجه به نکات نامه فکر میکنم وجود ما دراینجا لازم باشد و گر نه افراد دیگری نیز خودرا به رژیم تحویل میدهند و چیزهای دیگر لزا لازم است هم شما و هم رفقای دیگر وضع مارا در نظر بگیرید از یك طرف نداشتن امنیت و ازطرف دیگر وضع بسیار بد مالی. اگر بعقیده شما باید مقاومت کنیم و در اینجا بمانیم لازم است برای بهبود وضع مالی اقدام کنید و اگر بیش ازاین نباید اینجا باشیم خودتان به طریقی باید مارا بیرون ببرید، چون کاك فریدون نیز مسائلی در نامه‌اش برایتان روشن میکند من به

نامەام خاتمە میدهم. در خاتمە بە کاك عزیز نهایت عرض سلام دارم و خدمت مادرش و خانمش و برادرش نیز سلام میرسانم. ارادتمند شما حمید گوهری.))

بە دوای هاتنی نامەی ئەو برادەرانە من لە نوسین و تەواو کردنی نامیلکەی (تایبەتی کۆنگرەی شەش) پەلەم کرد و ۹۸۵/۱/۱۵ نوسخەیەکم بۆ صارم خان نارد و بۆ چەند برادەری دیکەشم نارد و هەموشیان بیروڕای خۆیان و دەستخۆشانەیان بۆ نوسیوم و بە پێویستی نازانم بلاّویان کەمەوە.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لقی بولغاریا سالّوەرگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستانی یاد کردەوە. ئاهەنگێکی جوان سازکرابوو. دوای ئاخافتن لەسەر ئەو روداوە گرنگە وەلاّمی پرسیاری بەشدارانم دایەوە لە سەر کۆماری کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلاّت. لەم بەینەدا نامەیەکی صارم خانی صادق وەزیریم پێگەیشت کە وەك نامەکەی دیکەی پڕ بوو لە قسەی جوان و ئامۆژگاری و مەبەستی جۆر بەجۆر. بە پێویستی نازانم دەقی نوسراوەکە بلاّو بکەمەوە. بەلاّم زۆر پێویستە بەشێك لە چاوپێکەوتنی دکتۆر قاسملو لەگەڵ صارم خان و هێندێ لە گفتو گۆیەکانیان بلاّو بکرێنەوە و ئەوانەی ئاگاداری نێو بزووتنەوەی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکرات و بەرەی تازە پێگەیشتوی میللەتەکەمان لەم بەشەی کوردستان کەڵکی لێ وەرگرن. پێویستە ئەوەشی لێ زیاد بکەم کە لە نوسینی ناوی ئەو کەسانەش خۆ دەبوێرم کە سکرتێری حیزبی دیموکرات بە دز و بێ ئەخلاق و سوا استفادە چی ناوی بردون. دکتۆر قاسملو لە قسەکانیدا مەبەست و ئامانجی پێك هێنانی کونگرەی شەشی حیزبی دیموکراتیشی بە جوانی دەرخستوە. ئەمەش هێندێ بەشی نوسراوەی کاك صارم خانی: یکشنبە بیست و سوم دی ماە ۱۳٦۳ (۹۸۵/۱/۱۳).

((برادر عزیزو ارجمند کاك کریم..... لە بارەی سەفەری ..... چۆنیەتی و هۆیەکانی هەر وەك لە نامەی پێشودا ئاماژەم بۆ کردوە، هەقی تۆیە لە بارەی سەفەری خۆی، چۆن بڕیاری ئەو سەفەرەی داوە، بۆ چی چوە، لەوێ چی کردوە، هیچی بە من نەگوت. ئەو مەسەلەیە جێگای باس و لێدوانە.

لە بارەی ئەوەی کە بیروڕای منت لە بارەی ڕێکخراوی تازە قبوڵ کردوە و پەسندت کردوە پێویستە وەبیری بێنمەوە کە بەم وەسفە ئیتر نوختەی هەرەکەت دیار و ڕونە. لە نامەی ڕێکەوتی نۆیەمی سەرماوەزدا لەم بارەوە زیاترم نوسیوە و هیوادارم سەرنجی بدەیەی..... لە مابەینی دوو نامەی منداو، واتە نامەی نۆهەمی سەرماوەز و ئەم نامەیەدا دکتۆر قاسملو کە بۆ چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی خاچی سووری جیهانی هاتبووە سویس، هاتە لای منیش. دەرفەت بوو کە لە بارەی بارودۆخی ئێستای کوردستان بیرو ڕای خۆمی لەگەڵ باس بکەم. بۆ ئەوەی بە وردی ئێوە لە ڕەوەندی ئەم گفتوگۆیە ئاگادار بکەم بە شێوەی مەعمولی خۆم کورتەی وتوێژەکەتان بۆ دەنوسم:

الف- لە بارەی گەلاڵەی ((کورتە باس)) لە کۆنگرەی حیزبدا، هەروەك زۆر جاران بیروڕای خۆم بە هەموو دۆستان گوتوە. بەویشم ڕاگەیاند و وەبیرم هێناوە کە بێجگە لە نێوەڕۆك و نرخی ئەم نوسراوەیە، هێنانە گۆڕی ئەو بەم چۆنیەتیە بە دوو دەلیل نا دروست بووە. یەکەم ئەوەیە کاتێك مەسەلەیەك دێتە گۆڕێ کە دەبێتە هۆی ئاڵۆ گۆڕ لە سیاسەتی چەندین ساڵەی حیزبدا، پێویستە ئەم نوسراوەیە لە ماوەیەکی کاتی زۆردا، کە دەرەتانی باس و لێکۆڵینەوەی تەواو هەبێ، لە نێو حیزبدا، لە شانەوە بگرە تا تەواوی ئۆرگانەکان بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لانی کەم ٢٠٠ مەقالە بە لایەنگری و دژایەتی لە بلاوکراوەی ئۆرگانی حیزب و یا بلاو کراوەی تایبەتی کۆنگرەدا بنوسرێن. تەواوی نوێنەرانی کۆنگرە

سەبارەت بەو پێشینەی زەینیان هەبێ. بتوانن لەسەر بناخەی باس و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو بیرو ڕای خۆیان دەربڕن. بێگومان لە بارەی کورتە باسەوە ئەم کارانە نەکراوە. کوتو پڕ هێنراوەتە کۆنگرە.

دووەم ئەوەیە لە کاتێکا کە حیزب زیاتر لە هەموو کاتێ پێویستی بە یەکێتی و پتەو بوونی ریزەکانی هەیە، بۆ دەبێ کارێکی وا بکرێ بە هێنانە گۆڕێ مەسەلەیەکی ئاوا زیان بە یەکێتی ریزەکانی حیزب بگات؟

ناوبراو لە وەڵامی ئیراداتی من دا گوتی: ئیرادی هەوەڵیانم قبوڵە. بەڵام ناميلكە لە کۆمیتەی ناوەندیدا باسی لێکراوە و جگە لە یەك کەس ئەوانی تر هەموویان لە گەڵی بوون. بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانی لە کۆنگرەدا بێجگە لە چوار پێنج کەس ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەنگیان بۆ نەدا. کەسانی وەك کاك جەلیلی لە دژایەتیدا وتاری توندیان دا. بەڵام بە پێچەوانە ١٠٠ کەس دژ دەنگیان نەداوە. ٧٥ کەس دژ بوون، ٢٥ کەس هەر دەنگیان نەدا. ئەوەشی لێ زیاد کرد کە بۆچوونی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆنگرەدا سەبارەت بە کورتە باس بە توندی ڕەخنەی لێ گیراوە و لە پلینۆم دا باسی لەسەر کراوە و بڕیار وایە بڵاو بکرێنەوە. (کە کەس چاوی بەم باسە نەکەوت) بەڵام ئیرادەی دووەمی ڕەت کردەوە و گوتی: ئێمە دەبوایە لەگەڵ بیروباوەڕی تودەیی سنووربەندیمان کردبایە. باشترین فرسەت بۆ ئەم کارە هەر ئەوکاتە بوو کە کۆنگرە لە دەرەوەی سنوری کوردستانی ئێران ببەستین و لە سەرهەڵدانی پەشێوی و هەڵگەڕانەوە و جەوسازی بە هاسانی پێشگری بکەین. (بە داخەوە لە حیزبی دیموکراتدا ئەم سوننەتە نا پیرۆزە قەت کۆتایی پێ نەهات کە هەر لە دەرەوەی خاکی کوردستانی ئێران کۆنگرە بگرن و لەبەر ناکۆکی بیرورا ئەندامانی حیزب تاوانبار بکرێن و دەر بکرێن. ساڵی ٩٦٢ ئەحمەد توفیق لە خاکی کوردستانی عێراق بۆ وەدەرنانی هێندێ لە ئەندامانی

حیزب و تاوانبارکردنی هێندێکیان بە جاسوسی و دزی و خیانەت کۆنگرە دەگرێ و دوای ٢٢ ساڵ ئەمجار دکتۆر قاسملو و دیسان هەر لە خاکی کوردستانی عێراق وەک خۆی دەڵێ بۆ (سنور بەندی لەگەڵ بیروباوەڕی تودەیی) و لە ئەسڵیشدا بۆ تاوانبارکردن و وەدەرنانی تێکۆشەرانی خاوەن بیرو ڕا کۆنگرە دەگرێ. تۆ بڵێی ئەم سوننەتە نا پیرۆزە لە حیزبی دیموکرات دا کۆتایی بێ و ببڕێتەوە؟ یا خوا وابێ. نوسەر)

ب- ئێرادم لێ گرت بەر فەرز کە هەمووی ئەو دەلیل هێنانەوەت راست بن، دوای کۆنگرە بۆچی لە گەڵ موخالیفگەلی کورتە باس بە شێوەی غەیرە دیموکراتی جولاّنەوە و گرتوتانن و لە حیزب دەرتان کردوون. کۆمیسیۆنی تایبەتیتان بۆ ئەو کارە پێك هێناوە. لە وەلاّمدا گوتی ئەوە ڕاست نیە، کۆمیسیۆن بۆ تەشکیلات پێك هاتوە. هیچ کەسیش لەبەر دژایەتی لەگەڵ کورتە باس لە حیزب دەرنەکراوە. لەسەر یەك نێزیکەی هەشت کەس لە حیزب دەرکران. یەکیان لەبەر جاسوسی بۆ شورەوی و بولغارستان کە مەعلومە کێ یە، کەسێك بەناوی رەسوڵی ڕەسوڵ پور بە تاوانی جاسوسی بۆ عێراق دوو کەس بەناوی رەحیمی ئەمیری و فەرەیدونی میتران بە تاوانی ئەوەی لە نێو پێشمەرگاندا دژی حیزب کاریان دەکرد و لە جەبهە وڕەی پێشمەرگەیان کز دەکرد. ئەوانی دیکە بە تاوانی سوا استفادەی مالّی و پارە وەرگرتن و لە جۆرە شتانە.....

ج- گوتم اعدام انقلابی زاراوەیەکی موجاهیدین و گرۆی تیرروریست بە کاری دەبەن. ئێوە لە ئەدەبیاتی خۆتاندا بۆ چی بە کاری دێنن کە لایەنگری دیموکراسین. وە بیرم هێناوە پێش دوو ساڵ کە لە ئەدەبیاتی حیزبدا ئەوەم دیوە، بە توندی لەم بارەوە بۆتانم نووسی. جگە لەوە هەر لە ڕۆژەکانی هەوەڵی هاتنەوەتان دا وەبیرتانم هێنایەوە کە ئەو تیرۆر بازی یە وەك میرووڵە ڕیشەی

بزووتنەوە دەخوا. دەبێ لێی دوور کەونەوە. ئەم قسانەم وەبیر ئەو کەسانەش هێناوەتەوە کە دەیانویست کۆمەڵە دابمەزرێنن. بە تایبەت تورکیەم بە نمونە دەهێناوە کە کارێك نەکەن کارەساتی تورکیا لە ئێرانیش دووپات بێتەوە.

گوتی بیرورای تۆ ڕاستە. ئێمە تێکۆشاوین کە ئەم جووڕە کوشتنانە کەم بکرێن یا نەکرێن. بەڵام شەر مەنتیقی خۆشی هەیە. ناکرێ بە تەواوی پێشی پیاوکوژی بگیرێ. نمونەی دیاریکراوم لە بارەی کوشتار بۆ هێناوە..... گوتی ئاگام لەوە نیە. بەڵام دەستوری حیزبی ئەوەیە کە لە بارەی ئیعدامەوە فەرماندەی نیزامی و مەسئولی حیزبی و مەسئول قەزائی بە تێکڕایی بڕیار بدەن نەك یەك بە تەنیا.

ف– لە بارەی وەزعی بزوتنەوە دەیگوت پێشمەرگە کەم نەبوونەوە. لە هێندێ شوێن زیاتریش بوون. وەرەی پێشمەرگە بەرزە و بزووتنەوە بە هێزە. بۆ هەر ناوچەیەك بەرنامەی تایبەتیمان هەیە. لە بارەی شیمالەوە دەیگوت کۆسپی گەورە لە پێش چالاکی پێشمەرگە دا سەنار بوو، بە ڕۆیشتنی و نەمانی تەشکیلاتی دەوروبەری ئەو کۆسپەش هەڵگیرا.

ه– لە بارەی شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە، کۆمەڵەی خەتابار دەکرد. من وەبیرم هێناوە کە بڕیاری پلینۆمی ئێوە لە بارەی شەڕی سەرانسەری بڕیارێکی چەوت بوە. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئێوە سیاسەتی درێژەپێدانی شەڕ دەگرنە بەر. ئەو گوتی ئەوە تێخوڕینێکی کۆمەڵەی بوو. لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە کۆمەڵە لەمەودوا حیسابی کاری خۆی دەکات. ئەوەشی بە دوور نەدەزانی کە هێندێ کادری هەورامان خەتابار بن.

دەیگوت سیاسەتی حیزب ئەوەیە کە ئەوانە سزا بدات.....))

نامەی صارم خانی دریژە و هێشتا خاڵی (و،ز،ح،ت،ی)ی هەیە و ناوی کەسانی تێدایە کە دکتۆر قاسملو بە دەست پیسی مالّی تاوانبار کردوون هیچ پێویست بە نوسینی تەواوی نامەکە ناکات. ئەوەندەیە ئەم چاوپێکەوتنەی دکتۆر صارم خان پەردە لەسەر گەلێك مەبەست و سیاسەت و رەفتار و بۆچوونی رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات لادەدا و تا رادەیەکی زۆرپیچمی راستەقینەی ئەو رێبەرانە دەردەخات. لەبەر ئەوەی تەواوی ئەم ڕوداو و بەسەرهاتانەی نێو بزووتنەوەی کوردستان پێویستیان بە شیکردنەوەی زانستی هەیە و ئەم بابەتەشم بە یەکێ لە بەرنامەی کاری خۆم داناوە، لێرەدا لە هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە و راست و ناڕاستی قسەکانی دکتۆر قاسملوی شەهید لادەدەم و دێمەوە سەر ڕچەی بیرەوەریەکانم.

ڕۆژی ٩٨٥/٢/٤ نوێنەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لقی ئینگلستان تەلەفۆنی کرد و گوتی:

((داوەتنامەیەکمان بۆ ناردووی کە بەشداری ((حەفتەی کوردستان)) بکەی. دامان ناوە لەسەر مەسەلەی کورد و باری سیاسی کوردستان وتارێك پێشکەش بکەی. تکایە ئامادەیی خۆتانمان پێ بڵێ تا بلیتی فڕۆکەتان بۆ بنێرین.

ڕۆژی ٩٨٥/٢/٢٥ لەسەر لێگێڕانەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لقی ئینگلیستان سواری فڕۆکە بووم و لە فڕۆکەخانەی لەندەن دابەزیم. دوای سەیری پاسپۆرت و پرسیاری پارە و بەڕێچون، ڤیزای مانگێکیان دامێ. چەند برادەر هاتبوونە فڕۆکەخانە و چوومە مالّی قادری حەمە قالەی قەلادزەیی دۆست و برادەری قەدیمی جوامێر و مەرد و رەند. ئیتر تا گەڕانەوەم لە مالّی ئەوان بووم و میوانداریشی هەر وەك قەلادزە باسی ناکرێ. هەموو شەوێ برادەر و دۆست و ناسیار کۆدەبوونەوە و باس و دەمەتەقەی دۆستانە و سیاسیش بەردەوام بوو.

بە گوێرەی بەرنامەی کۆمەڵە ((حەفتەی کوردستان)) لە ٣/١٣ دەستی پێدەکرد و بریتی بوو لە سیمینار و کۆڕی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسی و پێشانگای هونەری و ئاهەنگی نەورۆز و هتد.

ئێوارەی ٣/١٣ کۆڕێکی ئەدەبی بۆ کاك ڕەفیق صابیر پێکهێنرا بوو، بەڵام ئەو لە بەر ڤیزا دوا کەوتبوو. ئاخافتنەکە لەم کۆڕەدا کە خەڵکێکی زۆر بەشداریان کردبوو بە ئەستۆی منداڵ هات کە لەم بارەدا ئامادەبیم نەبوو. ناچار لە سەرەتاوە کورتەیەك لەسەر شارستانی کۆنی کورد و کولتوری شۆڕشگێڕی کورد دوام. باشبوو برادەرانی بەشدار زوو نەجاتیان دام و خستیانمە بەر پرسیاری جۆر بە جۆری سیاسی و بارودۆخی کوردستانی ئێران و ژیانی تایبەتی خۆم و بە گوێرەی توانا وەڵامیان درایەوە. ئێوارەی ٣/١٦ کۆڕێکی گەرم و گەورەی سیاسی سازکرا و لام وایە وەبەر نەورۆزیش کەوت. چونکە نان و چێشتێکی مشەی خۆشی کوردەواری سازکرابوو. نوێنەرێکی پەرلەمانی ئینگلیز لە باڵی چەپی حیزبی کرێکاری ئینگلیستان و نوێنەری گەلێك ڕێکخراوی سیاسی و کلتوری ئینگلیز و بێگانە بەشداریان کردبوو. کۆڕەکە بە وتاری سیاسی من دەستپێکرا کە کرا بوو بە ئینگلیزی و بە دوای من دا دەخوێنرایەوە. ئەمەی خوارەوەش دەقی وتارەکەیە بە کوردی:

((خوشك و برایانی خۆشەویست! میوانانی بەڕێز!

لە کاتێکا بە بۆنەی پێکهێنانی حەوتوی کوردستان و هەروەها لێگێڕانەوەم بۆ بەشداری لەم ئاهەنگەدا سوپاسی کۆمەڵەی خوێندکاران لە ئەوروپا لقی ئینگلیستان دەکەم، پڕ بە دڵ بەخێر هاتنی هەموو خوشك و برایانی بەشداربووی ئەم ئاهەنگەش دەکەم، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە ئەرکێکی قورس خراوەتە سەر

شانی من، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ سەبارەت بە مەسەلەی کورد، یا باری سیاسی ئەمڕۆی کوردستان قسە بکەم. واتە سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیەکی ٢٥ میلیرنی کە بە شاهیدی مێژوو، یەکێ لە نەتەوە هەرە کەوناراکانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستە و بە درێژایی مێژووش لەم کوردستانە لەسەر زێد و نیشتمانی خۆی دا ژیاوە.

باسی مەسەلەی نەتەوەیەك بکەم کە خاوەنی کلتور و زمان و ئەدەب و داب و شوێنی تایبەتی خۆیەتی و سەرەڕای دابەشکردن و چەوسانەوە و ستەمی نەتەوایەتی، کولتور و زمان و بوونی خۆی پاراستوە و تەقەلای دوژمنان بۆ تواندنەوە و لە بەین بردنی سەر نەکەوتوە.

لەسەر مەسەلەی نەتەوەیەك بدوێم کە بە گەلّەك و دەوڵی ئیستعمار و ئیمپریالیزم لە نێوان چوار دەوڵەتی شۆڤێنیست و دیکتاتۆردا، بەش بەش کراوە و لە ئاخری سەدەی بیستەم دا کە سیستمی ئیستعماری لەبەر یەك هەڵوەشاوە و لەسەر دەمێکدا کە مرۆڤ وا دەست بەسەر ئاسماناندا دەگرێ و سیستمی سۆسیالیستی بۆتە هێزێکی ئەوتۆ کە ڕچە و ڕێبازی پێشکەوتنی دوا ڕۆژی جیهان دیاری دەکات، نەتەوەی ٢٥ میلیۆنی کورد لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی بێ بەشە، نەك هەر ئەوە بەڵکو حکومەتە شۆڤێنیستەکان بە تایبەت ئێران و تورکیا لە بوونی ئەم نەتەوەیە حاشا دەکەن. سیاسەتی تواندنەوە و لە بەین بردنی گەلی کورد، بۆتە بەشێك لە سیاسەت و بەرنامەی ئەم دەوڵەتانە. جا بۆیە باسی ئەم مەسەلە و شیکردنەوەی بە ڕاستی و زانستی لە کورتە وتارێکی ئاوادا کارێکی هاسان نیە.

نامەوێ بێمە سەر باسی لێکۆڵینەوەی ڕەگەز و مێژوو کولتور و زمان و ئەدەبی نەتەوەکەمان، گەلێك زانا و نوسەرانی بێگانە و خۆمالّی لەم بوارە دا نووسیویانە. بەڵام بە داخەوە هیچ یەك لەو زانا و نوسەرانە نەهاتونە سەر باسی بارودۆخی

ئەمرۆی نەتەوەی کورد و خۆیان لە قەرەی باسێکی قوڵی سیاسی نەداوە کە ئەم میللەتە تا کەی دەبێ ژێر دەست و بەشخوراو بێ؟ تا کەی ولاتانی بە ناو دیموکرات و پێشکەوتوخواز و لایەنگرانی مافی مرۆڤ، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان و حیزب و رێکخراوە دیموکراتیەکانی جیهان لە ئاست جنایەت و تاوانی ئەم حکومەتانە، لە ئاست بێ بەشی و بندەستی گەلی کورد بێدەنگ دەبن و خۆ مات دەکەن.

دیارە بە بۆچوونی من ئەمە دیاردەیەکی پڕ سەیر و سەمەرە نیە. چەرخەکانی دنیا لەسەر قازانج و بەرژەوەند دەگەڕێن. گەلی کورد خۆی دەبێ رێگای رزگاری و سەربەستی خۆی بدۆزێتەوە و دۆست و دوژمنی خۆی باش بناسێ و دیاری بکات.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش، سەرەڕای ئەوەش کە نەتەوەی کورد ڕۆژێک لە خەبات و تێکۆشان و فیداکاری نەویستاوە و سەرەڕای ئەوە کە زەحمەتکێشانی کوردستان بە درێژایی سەدەی دوایی لە خەباتی خوێناویدا ئەوپەڕی فیداکاریان کردوە و لە بەخشینی گیان و سەر و مالێ لە پێناو ئازادی و سەربەخۆییدا سڵیان نەکردووە، بەڵام دیسان نەگەیشتون بە ئامانج و گەلی کورد نەیتوانیوە وەک گەلانی تری جیهان چارەنوسی خۆی بەدەستی خۆی دیاری بکات.؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ڕەنگە بتوانین دوو هۆی سەرەکی دەست نیشان بکەین.

یەکەم هەڵکەوتی ستراتیژی جوغرافیایی و دابەشبوونی کوردستان بە سەر چوار دەوڵەتی دیکتاتۆر و شۆڤێنیست، بە پیلان و نەخشەی ئیمپریالیزم، دەوڵەمەندی کانگا سروشتی یە ژێر زەویەکانی کە دەمێکە ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی چاوی تەماعیان تێ بریوە و دەستی لێ بەرنادەن.

دوهـەم دواکـەوتوویی و نەخوێنـدەواری گـەلی کـورد و نزمیـی پلـەی کولتـوری کوردەواری و سیاسەتی ناتەواوی حیـزب و رێکخـراوە سیاسـیەکانی کـوردی. هـەر چـەندە لـە دوای شـەڕی یەکـەمی دنیـاگرەوە حیـزب و رێکخـراوی سیاسـی لـە کوردستان پێك دێن و رێبەرایـەتی تـا ڕادەیـەك دەکەوێتـە دەسـتی ڕووناکبیرانی پێشکەوتو خوازووبورژوازی کوردیش تا ڕادەیەك لـە بزوتنـەوەی میللـی دیمـوکراتی کـوردا دەوری خـۆی دەبینـێ، بـەڵام بـە داخـەوە ئـەم ڕونـاکبیر و یـا حیـزب و رێکخراوانـە نـەیانتوانیوە خـەباتی رزگـاریخوازی کـورد بـە رێبازێکـدا بـەرن کـە وەڵامدەرەوەی بار و دۆخی ئەمڕۆی جیهان و کوردستان بێ.

لە کوردستانی ئەمڕۆدا دوو دیمەنی لێك جیـاواز و ناتـەبا دێنـە بەرچـاو. لـە لایـەك ڕاپەڕین و خەبات و فیداکاری کۆمـەڵانی خـەڵکی کـورد و بەربـەرەکانی قارەمانانـە لەبەرانبـەر هێرشـی دڕندانـە و سیاسـەتی ئاپارتایـدی حکومەتـە دیکتـاتۆر و شۆڤێنیستەکانی حوکمڕەوا لـە کوردسـتاندا، خـەبات بـۆ وەدەسـت هێنـانی مـافی سەربەخۆیی و پێچڕاندنی یەکجاری زنجیری کۆیلەتی و بندەستی.

لە لایەکی ترەوە هێرشی وەحشیانەی داگیرکەران و کوشتاری خەڵکی بـێ تـاوان و خاپور کردنی کوردستان و ڕاگواستنی خەڵکی کورد لەسەر زێد و نیشتمانی خۆی. لـە تورکیـا دوای کۆدیتـای فاشیسـتی ژەنرالـەکان، گـەلی کـورد کەوتۆتـە بـەر پەلامارێکی دڕاندانەی نەدیتراو و کوشت و کوشتارێکی بـێ وێنـە. لـە مـاوەی پـێنج سالّ دەسەلاّتی شومدا، حکومەتی تورك پـتر لـە دە هـەزار کـوردی بـێ تـاوانی بـە بیانوی پڕوپـوچ زینـدانی کـردوە. هـەزاران کەسـیان لـە ژێـر ئەشکەنجە و ئـازاردا کوشـتوە. کوردسـتان کراوەتـە ناوچـەی عەسـکەری و لەسەرانسـەری کوردسـتان حکومەتی نیزامی بەڕێوە دەچێ.

فاشیستەکانی تورك تەنیا بە کوشتاری گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا، وازیان نەهێناوە. لە هاوینی رابردودا هێرشیان بردۆتە سەر جولآنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی خواروو. بە گوێرەی نوسراوەی هێندێ چاپەمەنی، لەشکری تورك جارێکی دیکەش خۆی بۆ پەلاماردانی کوردستانی عێراق و ئێران کۆکردۆتەوە. هیچ دوور نیە کە هێرش نەبەنە سەر هێزەکانی بزووتنەوەی کوردستانی خواروو کە لە پێناو ئازادیدا خەبات دەکەن.

لە عێراق دوای شکانی بزووتنەوەی کورد ساڵی ١٩٧٥ سەرانسەری سنوری کوردستان چۆڵکراوە. کوردەکانیان لە شوێن و جێگای خۆیان هەڵکەندوە و بۆ خواروی عێراقیان گواستونەوە. بە هەزاران کوردی بێ تاوان و نیشتمانپەروەریان لە زیندانە سامناکەکانی عێراقدا بەند و ئیعدام کردوە. لە راستیدا حکومەتی بەعسی عێراق سیاسەتی قەلآچۆ کردنی گەلی کورد بەڕێوە دەبات.

لە ئێران دوای روخانی رێژیمی پاشایەتی گۆڕ کراو، گەلی کورد کەوتۆتە بەر پەلاماری دڕندانەی پاسدارانی حکومەتی ئیسلامی. رێژیمی خومەینی کە هەموو شوێنەوارێکی ئازادی و دیموکراسی لە ولآتدا کوێر کردۆتەوە، بۆ دامەزراندنی دەسەلآتی ئیسلام لە کوردستان گەلی کوردی خستۆتە بەر پەلامار و ئەوا جارێکی دیکەش ئەو میللەتە بەناوی ئیسلام قەتڵو عام دەکرێ. ئێستا پتر لە ٢٠٠ هەزار چەکداری ئەرتەش و پاسدار و بەسیج و ژاندارم و جاشی زۆڵە کورد بە کوردستان وەر بوون و جنایەتەکانی لەشکری مەغۆل و شاعەببباس لە کوردستان وەبیر دەخەنەوە. لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا پتر لە ٣٠ هەزار کەس لە کوردستانی ئێران بە دەستی جنایەتکارانی حکومەتی ئیسلامی بە تاوانی داخوازی مافێکی سەرەتایی میللی کوژراون. بە هەزاران مالّ و خێزانی کورد لەبەر بۆمباران و لە ترسی کوشتار ئاوارە و پەریوەی هەندەران بوون.

لە سوریا هەر چەندە کوردەکان وەک مەری خودای ملیان بۆ دەسەلآتی حکومەت راکێشاوە، بەلآم حکومەتی بەناو نە فاشیست، کوردەکانی تەنانەت لە مافی هاو ولآتیش بێ بەش کردوە و هەموو شوێنەوارێکی نەتەوەیی و میللی کوردەکانی سڕیوەتەوە. سیاسەتی بە عەرەبکردنی کوردستان و نەهێشتنی کوردەکان لەسەر خاکی خۆیان، جەوهەری سروشتی حکومەتی بەعسی سوریە یەکە زۆر هێز و کەسی کوردی بە پێشکەوتوی دادەنێن.

دوژمنانی گەلی کورد سەرەڕای ناکۆکی و ناتەبایی نێو خۆیان، لە ئاست سەرکوتکردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، هەمیشە گەیشتونە یەک و هاودەنگ بوون. پەیمانی شومی سەعداباد، پەیمانی بەغدای گۆڕ کراو، پەیمانی کوردخنکێنی جەزائیر دەیان پەیمان و رێککەوتنی نهێنی، گشتیان بۆ لێدان و بەربەرەکانی کورد هاتوونە کایەوە. عێراق رێگا دەدا بە لەشکری تورک بۆ لێدانی شۆڕشگێرانی کورد بێتە نێو خاکی عێراقەوە. دۆستایەتی حکومەتی شیعەی خومەینی و تورکی سوننی لەسەر لێدانی جولآنەوەی کورد دامەزراوە. پەیمانی شومی ئەلجەزائیر بە ئاشکرا هەر تک دەولّەت لە لێدان و گرتن و کوشتنی کورد لە خاکی یەکتردا ئازاد دەکا.

جا لەو حالّەدا کە دوژمنانی گەلی کورد سەرەڕای هەموو ئیختیلافێکی نهێنی و ئاشکرا بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد یەک دەگرن، جێگای داخە کە رێبەرانی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان بەبێ لەبەر چاو گرتنی قازانج و مەسلّەحەتی نەتەوەکەیان بە بێ دەرس وەرگرتن لە ئەزمونی تالّی رابردوو، هەر یەکە خۆی بەستۆتەوە بە حکومەتێکی کورد کوژ و شەڕی براکوژیان کردۆتە ڕێباز و دوژمنی سەرەکی خۆیان لەبیر بردۆتەوە. ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستانی ئێران و

عێراق لە نێو خۆی کوردەکاندا دەکرێ گاڵتەیە بە خوێنی شەهیدان و فڕی بە نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازییەوە نیە.

زەحمەتکێشانی کورد لە پشتی جنایەتی حکومەتە دیکتاتۆرەکان و کارەساتە داخدارەکانی کوردستاندا. دەستی ڕەشی ئیمپریالیزم دەبینن. گەلی کورد جنایەتەکانی ئیمپریالیزم دەرهەق بە نەتەوەکەی لە بیر ناباتەوە. هەر دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان بوون لە لۆزان پەیمانی سیڤەریان لە بارەی سەربەخۆیی کوردستانەوە هەڵوەشاندەوە. هەر ئیمپریالیزمی ئینگلیز بوو حکومەتی نەتەوەیی شێخ مەحمودی نەمری بە بۆمباران و بە لەشکر تێك ڕوخاند. بە پیلان و یارمەتی ڕاستەوخۆی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ئینگلیز بوو هەوەڵین کۆماری دیموکراتی کوردستان تێکدراو سەرکۆمار و پێشەوای لە دار درا. هەر بە پیلان و نەخشەی ئیمپریالیزمی ئەمریکا بوو پەیمانی شومی ئەلجەزایر بەستراو شۆڕشی چاردە ساڵەی کوردستانی عێراق سەرکوتکرا. ئێستاش هەر بە پشتیوانی ئیمپریالیزمە کە گەلی کورد لە هەموو لایەکەوە کەوتۆتە بەر هێرشی دڕندانەی حکومەتگەلی سەر بە ئیمپریالیزم و وڵاتەکەی وێران و کاول کراوە.

لەسەردەمی ئەمڕۆدا لەم ناوچانەی کە ئیمپریالیزم ناتوانێ ڕاستەوخۆ بە تانك و تۆپ بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان تێك بشکێنێ، تاکتیکی تر بەکار دەهێنێ. بەدەستی نۆکەر و بە کرێگیراوەکانی ئاژاوە دەنێتەوە. لە ڕێگای جۆربەجۆرەوە دەست دەخاتە نێو جوڵانەوەی میللی و شۆڕشگێڕی میللەتان و لەڕێبازی ڕاست و شۆڕشگێڕی هەتڵەیان دەکات. لە ڕێگای سازکردنی شەپی نێوخۆیی، بلاوکردنەوەی بیر و باوەڕی چەوتی دژی سۆسیالیستی دەیەوێ جوڵانەوەی کورد لە بزووتنەوەی جیهانی دژی ئیمپریالیستی جیا کاتەوە. بەڵام گومانم لەوە دا نیە کە گەلی کورد سەرەڕای هەموو تەنگ و چەڵەمە و پیلانی کۆنەپەرستی، لەسەر

خەبات و تێکۆشانی خۆی بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و ڕزگاری بەردەوام دەبێ. ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان بە ناوی خودموختاری خەڵکی بۆ بەکوشت دەدرێ، لانی یەکجار زۆر کەمی ویست و داخوازی میللەتی کوردە. ئامانجی سەرەکی و پیرۆزی نەتەوەی کورد، مافی دیاریکردنی چارەنوسە بەدەستی خۆی، واتە پێك هێنانی دەوڵەتی میللی و ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆ و لە ئاشتی و هێمنیدا لە گەڵ دراوسێکانی.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم باسی مەترسیەکی دیکە بکەم کە بەلای منەوە بۆ کوردستان لە مەترسی حکومەتە شۆڤێنیستەکان کەمتر نیە. ئەویش پەڕەوازە بوون و نیشتمان بەجێ هێشتنی ڕووناکبیر و لاوانی کوردە. ئەوە دیاردەیەکی پڕ مەترسیدارەبۆ دوا ڕۆژی میللەتەکەمان. هەزاران لاوی کورد کە لەم بارودۆخە ناسك و دژوارەدا دەبێ لە وڵات و لە نێو خەڵك و لە کۆڕی خەبات دابن، هەڵوەدا بوون و ڕوویان کردۆتە ئەوروپا. بەداخەوە بەشێکی زۆر کەم دەتوانن لە ژیانی دەربەدەری و لە هەوای ژیانی ئەوروپادا دەرس بخوێنن و فێری ڕشتە و کار و شوغڵێك بن کە بۆ دواڕۆژی گەل و نیشتمان و تەنانەت بۆ ژیانی خۆشیان بەکار بێ. زۆربەی زۆریان بە ناچار و تەنیا بۆ بەرێچوون خەریکی کاری ڕەش و دژوار و ناحەز دەبن. ئەوە هیچ کە لە باری ژیانەوە بە زەحمەت ڕایدەبوێرن، لە باری سیاسیشەوە توشی بێ بەرنامەیی و سەر لێ شێواوی دەبن. بمانەوێ کولتوری ڕۆژئاوا و زەوق و بەرقی کۆمەڵی سەرمایەداری پێشکەوتوو، کاردەکاتە سەر لاوی تازە پێگەیشتووی کورد، پتر بە کاری نێگاتیڤدا. دەردی بێ دەرمانی ناکۆکی و نا تەبایی ڕێبەرانی حیزبە کوردستانیەکان، ڕوناکبیر و لاوانی کورد لە ئەوروپاش دەگرێتەوە و هەر کەس ڕوو دەلایەکی دەکا و بە هەوای لایەك هەڵدەپەڕێ.

ئەم هێزە بە تەوژمەی روناکبیر و خوێندەوارانی کورد لە ئەوروپا ئەگەر بتوانێ خۆ لەم نەخۆشیە تەشەنەدارە رزگار بکا و لەسەر بەرنامەیەکی ڕوون بۆ ژیان و خەبات و تێکۆشان یەک بگرێ. دەتوانێ بۆ ناساندنی خەباتی ڕەوای گەلی کورد، بۆ هێنانە گۆڕێ مەسەلەی کورد وەک نەتەوەیەکی ٢٥ میلیۆنی دابەشکراو، هەنگاوی گرنگ باوێژێ. دەتوانێ پشتیوانی مادی و مەعنەوی هێزە پێشکەوتنخواز و ئینسانی و خێرخوازەکانی جیهان بۆ بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەکەی رابکێشێ. تەنانەت دەتوانێ کار بەکاتە سەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ژوورەوەی ولآتیش و نەخشی خۆی لە بەڕێوەبردنی ڕێبازی راستی خەباتدا نیشان بدا.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کە بە داخەوە لە ژێر تەئسیری سیاسەتی ڕێبەرانی حیزبە سیاسیەکاندا، وەک نیشتمانەکەی لەت و پەت بووە و کراوەتە چەند پارچە. پێویستە بۆ یەکگرتنەوە و کۆکردنەوەی خوێندکار و لاوانی کێژ و کوری کورد لە ئەوروپا بە شێلگیری تێبکۆشێ و لەم ڕێگایەدا ئەرکی پیرۆزی خۆی لە ئاست گەل و نیشتمان بەباشی بە جێ بگەیەنێ.

با روناکبیر و خوێندکار و لاوانی کورد لە ئەوروپا بە بیر و سنگێکی فراوانەوە بڕوانن مەسەلەی نەتەوەکەیان و با بزانن بۆچی و لەسەر چی دەربەدەر بوون و ڕۆڵەی چ میللەتێکن و نەتەوەکەیان لە چ حاڵ دایە.

با یەکگرتو بێ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا. سەرکەوێ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد.))

دوای تەواو بوونی حەفتەی کوردستان، تا ڕۆژی ٩٨٥/٣/٢٣ لە لەندەن مامەوە. ئێوارەیەکیش ئەندامانی حیزبی تودەی دانیشتوی لەندەن بۆ دانیشتنێکی دۆستانە و وتو وێژێکی گەرم و پرس و بەرسیڤێکی درێژ داوەتیان

کردم. ئەویش هەلێك بوو تا بە گوێرەی توانا هەڵوێستی چەوتی رێبەرانی حیزبی تودە سەبارەت بە مەسەلەی کورد و حیزبی دیموکرات – یان بۆ ڕوون کەمەوە. سوپاسیان دەکەم هێندێ کتێبی باشیان دامێ و تا ساڵی هەشتا و حەوتیش ڕۆژنامەیان بۆ دەناردم.

لەو چەند ڕۆژەدا لەگەڵ کاك عەلی بۆسکانی بوومە ئاشنا. لە ڕادەبەدەر ئەزهاری لوتفی دەکرد و لە مەیدانی چەپ دۆستی و پێشکەوتنخوازیشدا ئەسپی لینگ دەدا. نوێنەری کۆمەڵەی خوێندکاران کە حەفتەی کوردستانیان ڕێك خستبوو، گوتی: ((کاك کەریم کاك عەلی بۆسکانی فرە لەگەڵ تۆ یەکە و شوکر لە سایە خوداشەوە دەستی چاك دەڕوا، بەڵکو بە گوێی هەڵێنی یارمەتیەکی ماڵیمان بکا، خەرجێکی زۆرمان هەبووە. ڕۆژێك بە کاك عەلیم گوت. وەك پیاوان گوتی بە چاوان. من زۆر بەوە خۆشحاڵ بووم لانی کەم ئەوەندەم لە دەست هاتبێ کە یارمەتیەك بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بکرێ. پاشان کە پرسیم، گوتیان: ((کاك عەلی دەستی دەماڵی خۆی ناوە و وەك پیاوان ٥٠ پاوەنی یارمەتی بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد کردوە ! ! نەك هەر ئەوە، قەڵەمێکی زۆر جوانی پێ بوو، دور بە دوور بۆ کابرای نەدی و بدی وە شتێکی نایاب دەچوو. ڕۆژێك لە ماڵی کاك سەباح غالب میوان بووین، قەڵەمەکەشی هێنا دەر و وەك یادگارێك لە پێشی دانام. بەڕاستی پێم خۆش بوو. جگە لەوەش من قەت دەستی کەرەمی دۆست و برادەران ناگێڕمەوە. ! تا چوومە ئەڵمان هەر پێم وابوو قەڵەمێکی بەنرخ و عەنتیکەم هەیە. کە چومە بەیرلین دیتم ئەوە بە دوومارك و نیو دەیفرۆشن. ! !

لەو باسە خۆشتر شێرکۆ فەتحولاّ کە لە سۆفیا خوێندبووی و دۆستێکی نێزیك بوو، گوتی لێرە هێندێ لە پوڵدارە کوردەکان شتێکیان ساز کردوە کە یارمەتی

بە چاپ و بلاوکردنەوەی کوردی دەکات. دەڵێی چی پێ یان بڵێم بەڵکوو یارمەتی بدەن بیرەوەریەکانت چاپ بکەی.؟ زۆرم پێ سەیر بوو، کورد پارەی هەبێ و لە کاری ئاوا یارمەتی بدا.!! گوتم لە کاری خێردا ئیستیخارە پێویست نیە. ئەگەر کارێکی وا بکەی دیارە کۆیی بەڕاستی! کاك شێرکۆ هاتەوە و گوتی قسەم لەگەڵ کردون، ئەوان گوتویانە با نامەیەکمان بۆ بنووسێ، نامەم نوسی و دوای ڕۆژێك گوتی گوتویانە: ((با نوسراوەکان بنێرێ ئەگەر بە دڵمان بوو چاپیان دەکەین.)) گوتم دەك خوا موبارەکی نەکا بیرەوەری من دەبێ بە دڵی کێی پوڵداری کورد بێ تا چاپ بکرێ. بەر لەوەی بگەڕێمەوە بۆ سۆفیا، ڕۆژێکیان لەگەڵ چەند برادەران چوینە سەر گلکۆی کارل مارکس، بەو نیەتە تا باشتر لە مارکسیزم تێ بگەین!! ئەو هەستەشمان لە نەقڵێکی خۆشی کاك حەسەنی قازی تێدا بەهێز ببوو کە لە زمانی ئەو بۆیان گێڕابوومەوە، گوتبووی: ((برادەرانی کوردی کوردستانی خواروو، ئەگەر موناقەشەی مارکسیزمیان لەگەڵ بکەی، دەڵێ: ((کاکە تۆ ئەڵێی چی؟ من خۆم چوومە سەر قەبری مارکس!!))

٢٣/٣/ ٩٨٤ گەڕامەوە بۆ سۆفیا، دەستم کرد بە نووسینی کتێبی: ((کۆماری دیموکراتی کوردستان یا خود موختاری؟)) بۆچی ئەم ناو ونیشانەم هەڵبژارد؟ چونکە حیزبی دیموکرات لە ئەدەبیاتی خۆی دا کۆماری کوردستان بە (کۆماری خود موختار) ناو دەبا. لە کاتێکا بە بۆچوونی من ئەوە کۆماری کوردستان بوو، نەك خودموختار. لە هیچ بەڵگە و دوکومێنتی ئەودەمی کۆماردا، ناوی (خودموختار) نابینرێ. بە پێچەوانە لە نوسراوە و بەڵگە و دروشمەکاندا (حکومەتی میللی کوردستان) هاتوە نەك (خود موختار). ڕاستە کە حیزبی دیموکرات لە بەرنامەی خۆیدا لە دروشمە سەرەتاییەکانی کۆمەڵەی (ژ.ك)

پاشگەز بۆوە و خودموختاری کردە دروشم و بەرنامەی خۆی، بەلأم قەوارە و کەیانی کۆماری کوردستان خودموختاری نەبوو. مەبەستم ئەوەبوو کە ئەم پاشگەز بوونەوە و ناتەباییە پوون کەمەوە. بەلأم بە داخەوە لەبەر نەبوونی فاکت و بەلگەی پێویست خۆم پێم وایە تێیدا سەرنەکەوتووم. چونکە دەوری سۆڤێت و ئازربایجان و کارکردنی ئەوان لەسەر حیزبی دیموکراتم پوون نەکردۆتەوە. بەو هیوایە لە چاپی دووەمی دا بتوانم ئەم ناتەواوییە پڕکەمەوە. شەوی ۹۸۵/۳/۲۷ کاك عەزیز محەمەد لە پراگەوە تەلەفۆنی کرد و فەرمووی: ((ئێستا لە پراگم، پێم خۆشە چاوم پێت بکەوێ.))

ڕۆژی ۳/۲۹ چوومە پراگ. دوو ڕۆژان لە خزمەت کاك عەزیزی بووم. هیچ مەسەلە و کون و کاژێرێکی کوردستان نەما کە باسی نەکەین. مەسەلەی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی کوردی و کوردستانیم لەگەڵ باس کرد، گوتی کارێکی پیرۆز و گەورەیە ئەگەر بۆت بکرێ.

بەیانیەك لە هوتێل پراگ لەگەڵ کاك عەزیز دانیشتبووین، کاك عەلی خاوەری و مامە غەنی پەیدا بوون. من پێشتر عەلی خاوەریم نەدیبوو. باسی مەسەلەی کوردمان هێنا گۆڕێ. بە توندی ڕەخنەم لە هەرتك حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و ئێران گرت کە بۆچی لە کۆبوونەوەی حیزبە کۆمۆنیستەکان لە قیبرس باسی کوردیان نەکردوە.؟ یان بۆچی نامەی منیان لە گۆڤاری ئاشتی و سۆسیالیزم دا چاپ نەکردوە کە ئەوان هەرتك لەم گۆڤارە دا ئەندامن؟ پاشان هاتمە سەر هەڵوێستی چەوت و هەڵەی حیزبی تودە سەبارەت بە جولأنەوەی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان. مامە غەنی لە تەواوی باسەکەماندا بێدەنگ بوو. عەلی خاوەری زمانی تێك دەهالأ و دەیگوت: ((ئێمە لە ئاست حیزبی دیموکرات هێندێ بە هەڵە چووین.)) ویستبوویان بەوەی قەرەبوو بکەنەوە کە حیزبی

دیموکراتیان بە رێبەری بزووتنەوەی کوردستانی ئێران ناو بردبوو. بە کورتی سەر لێ شێواوی لە سیاسەت و قسەکانیشی دا دیار بوو. کاک عەزیز گوتی: ((چاکت بۆ هەڵکەوتوە، بە کەیفی خۆت بیان کوتە.))

پاشان لەگەڵ مامە غەنی چووینە نێو شاری و لە چایخانەیەک دانیشتین. مامە غەنی دەستی پێ کرد دەیویست هەڵوێست و هەڵەی ڕابردوو پینە بکا. من ئەوەندەم بە کز و کەوتوو هاتە بەرچاو، دڵم نەهات هیچ باسێکی لەگەڵ بکەم و بریندی بکولێنمەوە. کە لێك هەڵبڕاین تەلەفۆن و ئادرێسی نەدامێ، منیش داوام لێ نەکرد چونکە بە تەما بووم بەیانی بگەڕێمەوە. بەڵام لەبەر نەبوونی بلیتی فڕۆکە ٣ ڕۆژ لە پراگ مامەوە نەمتوانی مامە غەنی بدۆزمەوە کە پتر پێکەوە بین.

ڕۆژی ٩٨٥/٤/٤ گەڕامەوە بۆ سۆفیا. دوای ٣ ڕۆژ کاك عەزیز محەمەد تەلەفۆنی کرد و گوتی: ((ئەوا لە سۆفیام نایە لام. هەستام چوم. پێشتر لەگەڵ صارم خانی صادق وەزیری باسمان کردبوو پێی خۆشبوو ئەگەر هەڵکەوێ چاوی بەکاك عەزیز بکەوێ. دیارە من پێشنیاری ئەو چاوپێکەوتنەم کردبوو. لەگەڵ کاك عەزیز باسم کرد. کاك عەزیز زۆری پێ خۆش بوو، گوتی: دەمێکە حەز دەکەم صارم خان ببینم. حەیفە پیاو کەسێکی وای چاو پێ نەکەوێ. هەر لێی ڕامەوەستە. تەلەفۆنم کرد بۆ صارم خان گوتی زۆرم پێ خۆشە. بەڵام نامەوێ پاسپۆرتەکەم مۆری ولاتانی سۆسیالیستی وێ بکەوێ. کارێکی وا بکەن کە فیزام لەسەر وەرەقەی جیواز بدەنێ. بە کاك عەزیزم گوت. دیار بوو بە بولغارەکانی گوتبوو، گوتی: ((خەبەری بدەیە بچێتە بێرن لە باڵیوزخانەی بولغاریا مۆری لە پاسەکەی نادەن و لێرەش هەروەتر. ئەوە گوتومە لە هوتێلیش ژووری بۆ ڕادەگرن.)) هەر چەند گوتبووم میوانی من دەبێ.

ئێوارەی ۹۸۵/٤/۹ تەلەفۆنم بۆ صارم خان کرد و تێمگەیاند. بەلآم بـە داخـەوە گوتی: ((ناصر خانی برام نەخۆشە و ناتوانم بێم)) هەلوێستی صـارم خـان بـۆ من و کاك عەزیزیش فارس گوتەنی خوشایند نەبوو.

۹۸۵/٤/۲۵ ئەم نامەیـەی خـوارەوەم بـۆ کـاك عـەلی خـاوەری سـکرتێری حزبـی تودەی ئێران نوسـی. چـونکە نامەکـەم بـە فارسـی نوسـیوە و پەنگـە فارسـیە کێویلکەش بێ لێرەشدا نایکەم بە کوردی و هەروا بە فارسی بلآوی دەکەمەوە:

((رفیق خـاوەری محـترم! پـس از سـلام امیـدوارم در مبـارزه دشـواری کـه در پیش دارید موفق باشید.

دربارەی شعار اخیر حزب توده ایران (جنبش خلق کرد بەرهبری حزب دموکرات کردستان ایران) درملاقات گزشته با حضـور رفیـق عزیـز محمـد چـند مطلبـی را بعرض رساندم. بدقت به دلائل و سخنان شما هم گـوش دادم. بـدون شـك طـرح این شعار از طرف رهـبری جدیـد حـزب تـوده ایـران بـه منظـور رفـع اشـتباهات گزشته و جبران سیاست عـدم توجـه بـه مبـارزەی خلـق کـرد. و همچـنین بـرای نزدیکـی بـا رهـبری حـزب دمـوکرات کردسـتان و تشـنج زدائـی بـین دو حـزب بودەاست.

نمیتوان گفت در اصل گامی غـیر منطقـی میباشـد. ولی بـه جـرات میتـوان گفـت طـرح ایـن شـعار بـه ایـن فورمـول و بـه ایـن شـتابزدگی زیـادە روی ویـك نـوع اپورتونیسم به حساب می ایدو درقبال مسئله کرد گامی است ناقص و ناپیگیر. ضروری است بیشتر به تشریح ان بپردازم. رهبری حزب توده ایـران هـیچ وقتـی دربارەی مسئله ملی درایران بطور کلی، وبویـژه درقبـال مسـئله کـرد سیاسـتی پـیگیر و روشـنی نداشـته اسـت. هـر چـند در برنامـەی حیـزب بطـور مختصـر

فورمولی گنجانده شده وگاه‌و بیگاه از طرف کسانی نا اشنا به مسئله کرد مطالبی در نشریات حزب توده نوشته شده است و لی در مقابل گنجاندن و تکرار مرتب شعار (تمامیت ارضی) در برنامه و نوشتجات حزب، صرفنظر ازاینکه با تئوری لینینی (حق تعین سرنوشت) مغایرت کامل دارد، ترس حزب طبقهٔ کارگر ایرانرا از بورژوازی حاکم به خوبی نشان میدهد. نمیخواهم درانیجا وارد این بحث بغرنج بشوم، لیکن شعار تمامیت ارضی نه تنها با این گفته لینین که: (هر ملتی حق دارد دولت مستقل تشکیل دهد و یا با میل خود دولتی را انتخاب نماید که دران زندگی کند) منافات دارد، بلکه درست شعار رژیم مرتجع حاکم می باشد که می خواهد به اجبار خلقهای غیر فارس را تحت سلطهٔ بورژوازی حاکم نگه‌دارد. سیاست اشتباه امیز حزب توده ایران درباره مسئله کرد هم ناشی ازاین برخورد میباشد. حالا شما میخواهید با جبران ان اشتباه، اشتباه دیگری را مرتکب شوید، وان اینکه با طرح این شعار خودتانرا از مبارزه رهائی بخش خلق کرد دور نگه دارید و به عنوان (حزب طبقهٔ کارگری سراسر ایران) از دور شاهد جریان و دنبال رو ان باشید. این هم ناشی از سیاست ناپیگیر حزب توده ایران درمسئله ملی است. ایا بهتر نبود در مبارزه عادلانه خلق کرد شرکت کنید، و بطور پیگیر از خواست مشروع خلق کرد دفاع نمائید و با تمام امکان و ازراههای مختلف و مناسب با ان یاری رسانیدو واز این طرق ، اشتباه گزشته‌را جبران نمائید.؟ شما درست زمانی رهبری حزب دمکرات از جهانبینی و برنامه و سیاست سابق خودش عدرل نموده و سوسیال دموکراسی را ارمان خود قرار داده‌است و حزبرا به بهانه (مرزبندی با افکار تودهای) تصفیه نموده است. ایا بهتر نبود به‌جای از چپ به راست گرویدن، از حزب دموکرات و جنبش خلق کرد به دفاع می پرداختید، جنایات رژیم اخوندی و

پاسداران (نهاد انقلابی بقول شما) در کردستان فاش می ساختید. افراد خودتانرا به شرکت در مبارزه مسلحانه علیه رژیم وا میداشتید. به مجروحین و اوارگان کرد از طریق حزب دموکرات یاری می رساندید، با حزب دموکرات به مثابهٔ یك حزب ملی و مترقی راه اشتی و مزاکره در پیش میگرفتید و ازاین راه تا حدی اشتباهات گزشته را جبران می کردید و حالا به رهبر جنبش خلق کرد می شناسید، هستند نیروها و افراد و گروه که انهارا به رهبر حزب دموکرات کردستان ایران می شناسند و بس نه رهبر جنبش ملی خلق کرد. واگر بخواهید با این اقدام از نظر تاکتیکی رهبری فعلی حزب دموکرات راه سازش و دوستی را با حزب توده درپیش گیرد، این کاررا نخواهد کرد. چون مساعدات حکومت عراق وخط مشی سوسیال دموکراسی غرب انهارا از دست زدن به چنین اقدامی مستغنی ساختهاست. با تقدیم احترام حسامی ۹۸۵/٤/۲۵)).

لێرەدا ئەم بەشەی بیرەوەریەکانم دادەکوژێنم. خوێنەری بەڕێزی کورد لە چاوەڕوانیدا ڕادەگرم تا لە بەرگی ۹ دا لە بەشێکی دیکەی سەر بردەی ژیان و تێکۆشانم لە دەرەوەی ولآت و لە دەربەدەری دا ئاگادار بکەم.

پاشکۆ

گەلاڵەی شورای بەرگری نیشتمانی بۆ خودموختاری کوردستانی ئێران.

دەقی گەلاڵەکە:

((لەبەری ئەوەی کە خەڵکی ئێران بە شۆڕشی خۆیان ((ئازادی و سەربەخۆیی))یان وەك دوو ئەسڵی گشتی لێك هەڵنەبڕاو هێناوەتە گۆڕێ. لەبەر ئەوەی کە شورای بەرگری نیشتمانی، ڕوخانی ڕیژێمی خومەینی و دامەزرانی نیزامی ئەوتۆی کردۆتە ناوەندی تێکۆشانی خۆی کە بناخەی لەسەر ئیرادە و دەسەلاتی خەڵك دامەزرابێ.

لەبەر ئەوەی دامەزرانی حکومەتێك کە بناخەی لەسەر ئیرادە و دەسەلاتی خەڵك بێ لە ئێراندا، بریتی یە لە دابینکردنی پتری دەرەتان و ڕێگای دەست تێوەردان و بەشداری هەموو کەسە لە بڕیاردان و بەجێ گەیاندنی بڕیارەکاندا.

لەبەر ئەوەی کە بەشداری خەڵك لە بڕیاردانی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی مەرجی پێویستی بەجێ گەیاندنی دیموکراسیە لە ولاتێکدا.

شورای بەرگری نیشتمانی بۆ دابینکردن و بەهێزکردنی پتری دەسەلاتی خەڵك و تەواویەتی عەرزی و یەك پارچەیی و یەکێتی میللی ولات و بە لەبەر چاو گرتنی خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستان و بۆ دابینکردنی دیموکراسی لە ئێران و خودموختاری لە کوردستان، وە بۆ نەهێشتنی زوڵمی دوو چەندان لە نەتەوەی زوڵم لێکراوی کورد، وە بۆ دابینبوونی خودموختاری کوردستانی ئێران ئەم گەلاڵەیە ڕادەگەیەنێ.

ئەم گەلاڵەیە لە چوارچێوەی بەرنامەی شورای بەرگری نیشتمانی و دەوڵەتی کاتی کۆماری دیموکراتی ئیسلامی ئێران و ئەرکە گرنگەکانی دەوڵەتی کاتی دا جێ بەجێ دەکرێ و لەسەر بنچینەی بەندی ٣ی ئەرکە گرنگەکانی دەوڵەتی کاتی رێکخراوە و پەسند کراوە کە بریتی یە لە: ((کۆتایی پێ هێنانی شەڕی دژی گەلی دژی خەڵکی کوردستان لەگەڵ راگەیاندنی خودموختاری لە چوارچێوەی تەواویەتی عەرزی ئێران و تێکۆشان بۆ نەهێشتنی شوێنەواری ئەم شەڕە.))

ئەم گەلاڵەیە دەبێتە ڕێنوێنی کردەوەی دواڕۆژی دەوڵەتی کاتی لە بارەی خودموختاری کوردستان.

دەوڵەتی کاتی کۆماری ئیسلامی ئێران رێك و پێکی و شێوەی بەجێ گەیاندنی ئەم گەلاڵەیە دیاری دەکات. دەوڵەتی کاتی ئەرکی سەرشانیەتی کە بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم گەلاڵەیە هەوڵ و تەقەلای پێویست بدات.

١- ناوچەی خودموختار تەواوی کوردستانی ئێران دەگرێتەوە. مەڵبەندی جوغرافیایی ئەم ناوچەیە لە ڕێگای دەنگدانی گشتی خەڵکی ناوچەی کورد نشینی ولاتەوە دیاری دەکرێ.

٢- ئۆرگانی قانون دانان بۆ کار و باری نێوخۆی ناوچەی خودموختار، شورای بەرزی کوردستانە کە نوێنەرەکانی لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازادەوە، بە دەنگی گشتی، راستەوخۆ بە شێوەی بەرانبەر و نهێنی هەڵدەبژێردرێن. یاسا گشتی یەکانی کۆمار لە ناوچەی خودموختاردا پێویستە ئیجرا بکرێن. یاسا پەسند کراوەکانی شورای بەرزی کوردستان نابێ بە پێچەوانەی یاسا گشتییەکانی کۆمار بن.

٣- بەڕێوەبردنی تەواوی کاروباری ناوچەی خودموختاری کوردستان، بێجگە لەو کارانەی کە لە سەلاحیەتی دەوڵەتی ناوەندی دا دەناسرێن لە سەلاحیەتی ئۆرگانەکانی خودموختار دایە. دیاری کردنی ئۆرگانە هەرە بەرزەکان، بۆ بەڕێوەبردنی ئەم کاروبارە و چاوەدێری بەسەر تێکۆشانی ئەواندا لە ئەستۆی شورای بەرزی کوردستانە.

٤- پاراستنی نەزمی ژوورەوەی ناوچەی خودموختار، لە ئەستۆی ئۆرگانەکانی خودموختاری یە کە بە گوێرەی مادەی ٢ی ئەم گەلاڵەیە هێزی لەبار بۆ ئەم کارە رێك دەخات.

٥- کار و باری سیاسەتی دەرەوە و پێوەندییەکانی دەرەوە، ئەمنیەتی سەرانسەری کۆمار و بەرگری میللی (پاراستنی سنورەکان و تەواویەتی عەرزی و یەکێتی کار دەگرێتەوە) لە سەلاحیەتی دەوڵەتی ناوەندی دایە. ئەرتەش لە ناوچەی خودموختاری کوردستانیش وەك ناوچەکانی تری ئێران مافی ئەوەی نیە دەست لە کاروباری نەزمی نێو خۆ وەربدات.

٦- کاروباری بازرگانی دەرەوە و گومرگات، دیاریکردنی نیزامی پولی و مالی ولات، بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی بانکی ناوەندی، دیاریکردنی بودجەی گشتی و بەرنامە ئابوریەکان کە گرنگی سەرانسەریان هەیە و یا پێویستی یان بە سەرمایە دانانی قورس هەیە، لە سەلاحیەتی دەوڵەتی ناوەندی دایە. بەڕێوەبردنی کاروباری ئابوری ناوچەی خودموختار لە سەلاحیەتی ئۆرگانەکانی خودموختار دایە. کەلك وەرگرتن لە کانگا سروشتیەکان و سەروەتە گشتیەکانی ولات کە گرنگی سەرانسەریان هەیە، لە سەلاحیەتی دەوڵەتی ناوەندی دایە کە بە قازانجی تەواوی خەلکی ئێران بەکار دەهێنرێن.

لـە ناوچـەی خودموختـار ئۆرگانـەکانی خودموختـاری یارمـەتی بنە دەولّـەتی ناوەندی دەکەن کە لەم کانگا و سەروەتانە کەلّك وەربگریّ.

۷- زمـانی کـوردی لـە ناوچـەی خودموختـار زمـانی ڕەسمـی دەرس و نامـە نوسینە. لە تەواوی قۆناخەکانی خوێندندا، مافی فێربوونی زمانی کـوردی بـۆ دانیشـتوانی ناوچـە بـە ڕەسمـی دەناسـرێ. زمـانی فارسـی لـە ناوچـەی خودموختاریش وەك ناوچەکانی تـری ئێـران زمـانی ڕەسمیـە و لەگـەلّ زمـانی کوردی لە مەدرەسەکان دەخوێندرێ. نامـە گۆرینـەوەی ئیـدارەکانی ناوچـەی خودموختاری کوردستان لەگەلّ ناوەند و ناوچەکانی تری ئێران و هەروەها لە گەلّ ئیدارەکانی سەر بە دەولّەتی ناوەندی لە ناوچەی خودموختار بـە زمـانی فارسی ئەنجام دەدرێ. تەواوی دانیشتوانی کوردستانی خودموختار کە کـورد نین، مافی ئەوەیان هەیە فەرهەنگی خۆیان بلاّو بکەنەوە و بـە زمـانی خۆیـان بخوێنن.

۸- تەواوی ماف و ئازادیەکانی باسکراو لە بەیاننامەی جیهانی مـافی مـرۆڤ و پەیمانـە نێـو نەتەوەییەکانـدا، وەك ئـازادی قسـە و بیروبـاوەڕ، ئـازادی چـاپەمەنی، ئـازادی پێکهێنـان و تێکۆشـانی حیـزب و ڕێکخـراوی سیاسـی، یەکێتییـەکان و شـوارگەلی کرێکـاری، وەرزێـری و پیشـەیی، ئەنجومەنـە دیموکراتیەکان، ئازادی هەلّبژاردنی کار و شوێنی دانیشتن و ئازادی مەزهەب لە کوردستانی خودموختار وەك ناوچەکانی تـری ئێـران دابـین دەکـرێن. تـەواوی دانیشتوانی کوردستان بـە ژن و پیـاوەوە، هـەر وەك دانیشـتوانی ناوچـەکانی تری ئێران، بێ هەموو فەرق و جیاوازی جنسی، قەومی، ڕەگەزی و مەزهـەبیو مافی بەرانبەری (کۆمەلاّیەتی، ئابوری، سیاسی و فەرهەنگییان) دەبێ.

٩- نیزامی قەزایی کۆمار یەکە و لە ناوچەی خودموختار، دادگاکان بە گوێرەی یاساکانی کۆمار و یاسا پەسند کراوەکانی شورای بەرزی کوردستان بە شکایەت و داخوازەکان ڕادەگات. هێزە ئینتزامیەکانی کوردستانی خودموختار، هەروەک هێزە ئینتزامیەکانی ناوچەکانی تری ولآت، مەئموری دادگان و پێویستە فەرمان و بڕیارەکانی دادگا و کاربەدەستەکانی قەزایی بەجێ بگەیەنن.

١٠- ئۆرگانگەلی خودموختاری نابێ دەست لەو کارانە وەربدەن کە لە سەلآحیەتی تایبەتی دەولّەتی ناوەندی دان. پێویستە یارمەتی دەولّەتی ناوەندی بدەن تا ئەرکەکانی خۆی لە ناوچەدا بەجێ بگەیەنێ. هەروەها دەولّەتی ناوەندی و ئۆرگانگەلی ئیجرائی ئەو، دەست لەو کاروبارە وەرنادەن کە لە سەلآحیەتی تایبەتی ئۆرگانەکانی خودموختاردا ناسراون و دەبێ یاریدەی ئۆرگانەکانی خودموختاری بدەن کە ئەرکەکانی خۆیان بەجێ بگەیەنن.

١١- دەولّەتی ناوەندی بۆ دابین کردنی خێرای پێشکەوتن و پەرەگرتنی گشت ناوچەدواکەوتوەکانی ولآت ئەرکی سەر شانیەتی کە لە داهاتە گشتییەکان بەشی پتر بۆ لابردنی دواکەوتوویی ناوچەی خودموختاری کوردستان تەرخان بکا.

١٢- خەلّکی ناوچەی خودموختاری کوردستان، وەک هاونیشتمانەکانی سەرانسەری ئێران لە ڕێگای قانون و بێ فەرق و جیاوازی لە بەڕێوەبردنی کاروباری ولآتدا بەشداری دەکەن.

ئەم گەلاڵەیە لە پێشەکیەك و ١٢ مادەدا، ١٧ ی رەزبەری ١٣٦٢ لە .شورای بەرگری نیشتمانی دا بە تێکڕایی دەنگ پەسند کرا. جێگای ئیمزاکان..... بەرپرسی شورای بەرگری نیشتمانی ..... مەسعود رەجەوی.

((تەواو))

پێرست

چەند وتەیەك ١٧٢٣

بەند و باو — هێدی ١٧٢٥

گەڕانەوەم بۆ دەفتەری سیاسی. ١٧٣٥

هەڵداشتن بۆ دولکان: ١٧٣٨

بۆ نەخۆشخانەی سنجوێ: ١٧٤٢

نەورۆزی مات و بێ بەرنامە: ١٧٤٦

دانیشتن و وتوویژ لەگەڵ دکتۆر سەعید ١٧٥١

خەبەری ناخۆشی شەڕی پشت ئاشان ١٧٥٦

سەفەری بێژوێ: ١٧٦٣

تۆپبارانی گوندی دولکان: ١٧٧٠

گواستنەوە بەرەو سنوور: ١٧٧٧

سەردانی کاك حامیدی گەوهەری: ١٧٨٢

سیاسەتی نێو خۆی ئێران. ١٨٠٤

سیاسەتی دەرەوە. ١٨٠٥

لە بازاڕی جانداران: ١٨١١

بەرەو شیمال لە گەڵ کاك هۆمایۆنی ئەردەلآن: ١٨١٥

مالآوایی لە برادەرانی حیزبی و لە نیشتمان: ١٨٢٢

سەفەر بۆ ئەستەمبوڵ: ١٨٣٢

سالّی ١٩٨٤ ..... ١٨٣٥

سەفەر بۆ پاریس ١٨٣٦

بەرگی هەشتەم .....

پسولەی کۆمیسیۆنی تەشکیلات ١٨٤٨

سەفەر بۆ لۆزان ١٩٠٤

پاشکۆ ١٩٣٧

لەبیرەوەریەکانم

بەرگی نۆهەم

١٩٨٥–١٩٨٨

سەرەتا

چەرخی کەچپەفتار و تەمەنی رەوە و خەزان و بەرەو گەلاڕێزان، ئەوا هۆڵەتیان دا، ئەمجارەش بەرگێکی تر لەبیرەوەرییەکانم بخەمە بەردەستی خوێنەرانی بەڕێزی کورد و بەخوێندنەوە و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی لەبار و نالەبار سەریان قاڵ بکەم و بەرەی تازە پێگەیشتووی کورد لەگەلێك رووداوی نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی، بەتایبەت لەکوردستانی ئێران ئاگادار بکەم.

بەم باس و بۆچوون و وردە قسەلۆکی پاشملە کەلەسەر بیرەوەرییەکانم دەکرێن و بەگوێم دەگەنەوە، چاوەڕوانی ئەوە بووم، بۆ ئەم بەرگە دەیان نامە و نووسراوەی رەخنە و راستکردنەوەی هەڵە و کەموکوڕی و رێنوێنی برایانە و دۆستانە بگەنە دەستم و سەرتاپای ئەم بەرگەیان پێ بڕازێنمەوە و بۆ بەرگی دواییش یارمەتیدەر بن و هەڵەکانیان پێ راست کەمەوە، چونکە لەپێشەکی هەموو بەرگەکاندا داوا و تکام لەهاوکارانی پێشوو و دۆست و برادەران و خوێنەرانی بەڕێز کردوە کەلەراست کردنەوەی هەڵەکان و پینەکردنی کەم و کوڕیەکان یارمەتیم بدەن.

ئاشکرایە هیچ کەس بەتەنیا ناتوانێ هەموو شت بنووسێ و هەموو روداوەکان بەرێکوپێکی تۆمار بکات، بەڵام بەزۆران دەتوانن هەموو شت بنووسن، گشت کەلێن و کەلەبەران پڕکەنەوە و بەرهەمێکی پوخت و پاراوتر پێشکێش بەکولتوری نەتەوەکەمان و بەکتێبخانەی کوردی بکەن، بەپێچەوانەی چاوەڕوانیم بەداخەوە لەلایەن ئەو کەسانەی کەزۆر بەنووسینی بیرەوەریەکانمەوە ماندوون، بەنووسراوە هیچم بەدەست نەگەیشتوە، بەڵام لەنێو تەواوی ئەو دۆست و برادەرانەی کەبیرەوەریەکانی منیان خوێندۆتەوە، پڕ بەدڵ سوپاسی مەلا رەسوڵی پێشنماز دەکەم کەلەهەموو کۆڕ و دانیشتنێکدا کەباسی بیرەوەریەکانی من هاتبێتە گۆڕێ، بەجوانی داکۆکی لەنووسراوەکانم کردوە و پتر لەوەی هەڵبگرن، پەسند و تاریفی

کردوون، بەڵام بەداخەوە ئەم داکۆکی و پەسند و تاریفەی نەکردۆتە نووسین، بۆم بنێرێ تا لاپەڕەی بەرگی ٩ی پێ برازێنمەوە.

من قەت پێم وانیە ئەوەی لەهەشت بەرگی بیرەوەرییەکانم دا نووسیومن، لەکەم و کوڕی بەدوور بن، رەنگە زۆر کەسی ئەوتۆش هەبن کەلەنووسین و بڵاوکردنەوەی بیرەوەرییەکانم رەخنەیان هەبێ، بەڵام بێگومان کەمیش نین ئەو کەسانەی لەخوێندنەوەی بیرەوەرییەکانم کەڵک وەردەگرن و لەرێگای نووسینەکانمەوە لەگەلێك رووداوی نەزانراو و نادیاری بزووتنەوەی کورد بەتایبەت لەکوردستانی ئێران ئاگادار دەبن و بەنووسینیش بیروڕای خۆیان دەردەبڕن.

ئەوەی لەم بوارەدا بەدەستم گەیشتبێ، نووسراوەیەکی رۆژنامەی (نیشتمان)ی چاپی هەولێرە و نامەیەکی نووسەر و رۆژنامەنووسی ناسراو کاك مومتاز حەیدەرییە لەخواروی کوردستانەوە لەگەڵ نامەیەکی کاك فەردینی قادری کەوا لەگەڵ سوپاس دەستپێکی لاپەڕەکانی ئەم بەرگەیان پێ دەنەخشێنم.

رۆژنامەی نیشتمان چاپی هەولێر لەژمارە (٦) ٩٩٣/٢/٥ دا، لەگەڵ فۆتۆکۆپی بەرگی دەرەوەی بەرگی ٣وەی بیرەوەرییەکانم، لەژێر ناونیشانی: (لەبیرەوەرییەکانم... کەریمی حسامی گرەوی مێژووی بردەوە) بەقەڵەمی کاك طارق جانباز دەنووسێ: (لەم سالانەی دواییدا، هەندێ کەڵە مێردی کورد، خۆشبەختانە دەستیان داوەتە خامە و (بیرەوەری و یادداشتە)کانیان دەنووسنەوە، بەمەبەش خزمەتێکی مەزن و بەرزی نەتەوەکەیان دەکەن چونکە زۆر لایەنی نەزانراو و شاردراوە و بزر دەردەخەن، ئەم زاتە بەئەرکێکی پیرۆزی نەتەوایەتیان هەڵدەستن و لێپرسینەوەی مێژوویی لەئەستۆی خۆیان لادەبەن.

لەمانە هەندێکیان بەچاپ گەیندراون وەکو: (کەریمی حسامی، ئەحمەد دلزار، فاتح رەسوڵ و کاکە و نورەدین زازا و....هتد)، ئەوەی تا ئیمرۆ بەچاپ گەیندراوە لەهەموان پتر و فراوانتر و وردتر بێت (بیرەوەرییەکانی کەریمی حسامییە

کەلەسوید پێنج بەرگی بەچاپ گەیاندوە و بەرگی شەشەمیشی بەڕێوەیە... هەر پێنج بەرگ لەستۆکهۆڵم لەچاپدراوە و هەزار و سەد و نۆهەت لاپەڕەن و گەلێك بابەتگە و نامە و وێنەی مێژوویی تێدایە و بایەخێکی گرنگیان هەیە....).

مامۆستا مومتاز حەیدەریش لەژێر ناونیشانی (لەمەڕ بیرەوەریەکانی نووسەری ناسراوی کورد مامۆستا کەریمی حسامی) لەکوردستانەوە بۆ سوید و دەنووسێ: (مەسەلەی نووسینی بیرەوەری و بڵاوکردنەوەی، دیاردەیەکی شارستانییە، کەدەڵێن شارستانییە- زێدە بەکورتی- هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە، هاوکات تۆمارکردنی بیرەوەری بەشێوەیەکی فراوان و راستگۆیانە، رەنگدانەوەی هەڵوێست و ئاستی بیرەوەری بەشێوەیەکی فراوان و راستگۆیانە، رەنگدانەوەی هەڵوێست و ئاستی رۆشنبیری خودی خاوەن بیرەوەریەکەیە.

لەجیهانی پێشکەوتووی ئەمڕۆکەدا، گرنگێکی زۆر بەمەسەلەی نووسینەوە و بڵاوکردنەوەی بیرەوەری و یادداشت دەدرێ و کەرستەیەکی دەوڵەمەند لەبارەی لێکۆڵینەوە و نووسینی مێژوویی و نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری و...هتد دروست دەکات.

لای ئێمەی کورد- زۆریش بەداخەوە- لەئەنجامی باری نەتەوەیی و سیاسی زێدە دژوار، جگە لەوەك مەسەلەیەکی شارستانی و ئەرکی نیشتمانی، زۆر کەم بایەخمان بەتۆمارکردنی بیرەوەری داوە، بگرە زۆریش هەژارین!! بەڵگەش ئەوەیە، ئەوانەی بیرەوەری خۆیان تا ئێستا نووسیوەتەوە لەپەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن!! ئەوەی نووسراوەتەوەش -واتا بەڵو نەکراوەتەوە- لەچوارچێوەیەکی تەسکی حیزبایەتی، یا سیاسی دا نووسراونەتەوە!! کەچی بەپێچەوانەوە، دەبینین بیرەوەرییەکانی نووسەری سیاسی و وەرگێڕی کارامەی ناسراوی کورد مامۆستا کەریمی حسامی زۆر بەفراوانی، بگرە هەموو لایەنەکانی خودی ژیانی خۆی و دەروونی گرتۆتە ئامێز، بەئەندازەی قەبارەی ئەو

مەسەلانەش، بیرەوەرییەکانی زۆر راستگۆیانە و بێ سڵەمینەوە شتە ورد و گەورەکان بەتاڵ و تفت و شیرینییەوە تۆمار دەکا..!!

بۆیە کەئەو هەشت بەرگەی بیرەوەرییەکانی مامۆستا کەریمی حسامی ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی مێژوویی و سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی ژیانی کوردەواری بەگشتی و رەوتی کورد‌ایەتیمان بەتایبەتی و لەوە زیاتر لەبارەی کوردستانی رۆژهەڵات زێدە بەتایبەت و کوردستانی باشور بەگشتی دروست دەکات.

ئەوەی شایانی گوتنە، سەدان نیشتمانپەروەری کورد خاوەن بیرەوەرین و لەمەیدانی کورد‌ایەتی سوار چاك بووینە، بەڵام هاوکات دەوریشیان لەهەڵسوکەوت و شکستی بزاڤی کورد‌ایەتیمان هەبووە، جا نایانەوێ راستگۆیانە پێ لەراستی داگرن، بۆیە کەدەبینین، بەچەندەها بیانووی لاواز ئەو ئەرکە نیشتمانی و کولتوورییە ئەنجام نادەن!! دیارە ئەنجامەکەشی، واتە نووسینەوەی بیرەوەرییەکان، هۆکارێکی دیکە لەبەرەوپێش نەبردنی کورد‌ایەتی دروست دەکات.

لەکۆتاییدا، لەناخەوە ئاوات دەخوازم، کەتەمەنی مامۆستای هێژا کەریمی حسامی درێژ بێ و هەردەم لەشی ساغ بێت، ئەوەی زووتریشە بەرگەکانی دیکەی بیرەوەرییەکانی بەئەنجام بگەیەنێ و هەروەها سیاسەتمەدار و کەڵە رۆشنبیرەکانمان ئەوانیش دەست بدەنە قەڵەمی راستی و مێشکی نەوەی نوێی کورد، کەزێدە تامەزرۆی مێژووی خەباتن، بەتایبەت ئەم پەنجا ساڵەی دوایی، کەرووباری فرمێسك و دۆڵی ژان و رەوتی شکۆمەندی دروست کردووە، رۆشن بکەن، قەڵەمە پاك و تیژەکان هەردەم شکۆداربن، سوپاس، ۹۹۳/۱۲/۱).

نامەی کاك فەردینی قادری:

سەرنجێکی سەرپێیی لەبیرەوەریەکانی کاك کەریمی حسامی

(کاتێك پێنج ساڵ لەمەوبەر یەکەم بەرگی (لەبیرەوەرییەکانم) خوێندەوە، لەگەڵ لاپەڕی نووسراوەکان دەچوومەوە لاجان و سندوس و کا حەمەدی باپیرم (کاپیتان قادری) کەدۆست و هاوڕێیەکی نێزیکی کاك کەریم بوە، بەگەنجی دەبینی و لەژیانی ئەودەمی جوتیارانی کوردستانی لای خۆمان شارەزا دەبووم، زۆر پێم شتێکی تازە و جێگەی مەراق بوو، بەڵام قەت نەمدەتوانی تەنانەت بیریش لەوە بکەمەوە کەلەو ماوە کورتەدا، هەشت بەرگی دیکە (لەبیرەوەرییەکانم) چاپ دەکرێن و لەکتێبخانەی سیاسی و فەرهەنگی گەلی کورد دا، جێگایەکی ئاوا بەنرخ بۆ خۆیان دەکەنەوە.

نرخی بیرەوەرییەکانی کاك کەریم نە تەنیا لەروونکردنەوەی زۆر مەسەلە و رووداوی تاریك و باس نەکراو دایە، بەڵکو لەکردنەوەی رێگای تازە دایە بۆ تۆمارکردنی رووداوەکانی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردەواری، من دڵنیام کەلەدواڕۆژدا، زۆر کەس لەنووسەرانی کورد، زەنگاڵی لێ هەڵدەکێشن و بەو رێگایەدا دەیکوتن کەکاك کەریم رچەی شکاندوە، جا چاك یا خەراب، زۆر یا کەم، راست یا درۆ، بەغەرەز یا بێ غەرەز، ئەوکات وەزیفەی هەر کوردێکی کەلەجەرەیانی مەسەلەکاندا بوە، ئەوە دەبی ئەگەر هێندێ جێگای پێ هەڵبێ و باشتر ئاگاداری ئەو رووداوانە بێ، بۆ خەڵکی ساخ کاتەوە و ناتەواویەکان روون بکاتەوە.

بەخۆشیەوە یا بەداخەوە، هەتا ئێستا کەس لەسەر کەم و کوڕی و ناتەواوی رووداوەکانی ناوەرۆکی ئەو هەشت بەرگەی نەنووسیوە، هەربۆیەش یەکی وەك من لەسەر راستی و دروست بوونی ناوەرۆکی بیرەوەرییەکان سوور دەکاتەوە.

بەبڕوای من کاك کەریم بەنووسینی بێ وچانی خۆی خزمەتێکی مەزنی بەئەدەب و کلتوری کوردی بەتێکڕایی و بەلاوەکانی کوردستان بەتایبەتی کردوە، رەنگە زۆر کەسی ساکار و روکەش، یا خود بەغەرەز رەخنە لەو بڕوا و بۆچوونە بگرن و

بڵێن: (ئەوە بۆ خزمەتێکی گەورەیە) پێم خۆشە زۆر بەکورتی لەچەند خاڵاندا، نرخی بیرەوەریەکان روون کەمەوە:

١- بیرەوەریەکانی کاك کەریم کاتێك بڵاوبوونەوە و دەبنەوە کەزۆربەی ئەو کەسانەی ناویان هاتوە زیندوون و توانای بیرکردنەوەیان هەیە و قەڵەمیشیان لێ نەشکاندراوە، راستی و دروستی ئەو رووداوانەی (بیرەوەریەکان) تا پێچەوانەیان دەرنەچوە، بێگومان شتێکی بدیهیە.

٢- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەماوەی نێزیك پەنجا ساڵی رابردوودا، لەکوردستانی ئێران دەورێکی گرنگی هەبوە، لەرێگای بیرەوەریەکانی کاك کەریمەوە مرۆڤ باشتر دەتوانێ لەنێزیکەوە بڕوانێتە هەستەی مەرکەزی ئەو حیزبە و چۆنیەتی بیرکردنەوەی زۆر لەو کەسانەی لەسەر رێگا و ئاڵوگۆڕی ئەو حیزبە تەئسیریان هەبووە، هەروەها پێوەندی حیزب لەگەڵ خەڵك و رێکخراو و دەوڵەتی جۆراوجۆر و حیزبە کوردستانیەکانی تا رادەیەکی زۆر بۆ روون دەبێتەوە، لەخوێندنەوەی بیرەوەریەکاندا، پیاو تووشی هێندێ مەسەلە دەبێ ئەگەر لەوێدا نەبایە پیاو بەهیچ جۆرێك نەیدەتوانی شارەزایی لەسەریان هەبێ، ئەوانە دەبنە تەجروبە بۆ ئەوەی لەدواڕۆژدا هەڵەکان دووپات نەکرێنەوە بارە موسبەتەکانیان بەهێزتر بکرێن، ئەو کەسانی کەقوڵی دەخوێنەوە و تەجروبەی رابردوان بەکاردەهێنن، دەتوانن موشکیلە و پێوەندیەکانی ناوخۆی حیزب و نەتیجەی بڕیار و کردەوەکانی رێبەرایەتی لەو ماوە دوور و درێژەدا، بکەنە وەسیلەیەك بۆ دیتنەوەی رێگای باشتر.

٣- زانا و نووسەری گەورەی کورد، مامۆستا هەژار دەنووسێ: (زۆر لەرۆژ ئاشکراترە پێناسی گەلان لەجیهان، دروشمی نەتەوایەتی، ئامیانی رەگەزایەتی زمانە و بەس)، کاك کەریم لەو هەشت بەرگەدا، ئەگەر هیچی نەکرد بێ زیاتر لەدوو هەزار لاپەڕەی بەکوردییەکی پەتی و رەوان و خۆش و بەزمانێکی پاراو نووسیوە،

بەپێویستی نازانم باسی گرنگی ئەو بەرهەمە بۆ کتێبخانەی فەقێری کوردی بکەم، بەقەولی فارس گوتەنی: (عاقلانرا اشارەای کافیست).

٤- لەو چەند ساڵانەدا کاك کەریم بێ پشودان، بێجگە لەنووسینی چەند نامیلکە و وتار و لێکۆڵینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و وەرگێڕانی چەند کتێب بۆ سەر زمانی کوردی، ئەوا ٩ بەرگیشی لەبیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوە و چاپ و بڵاوکردۆتەوە، ئەم تێکۆشان و نەویستانە سەر مەشقێکە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ خزمەتێك بەگەل و نیشتمان و یا هەر بەخۆشیان بکەن زۆر جاران من بیر لەژیانی کاك کەریمی دەکەمەوە و لەمێشکی خۆمدا ئافەرین بۆ ئەو هەستە دەنێرم کەزیاتر لە چل ساڵ لەرێگای بیروباوەڕی خۆیدا بۆ بەختەوەری کورد هەنگاوی هەڵێناوە و قسەی خۆی کردوە و بەنووسراوە یا بەوتار قەت بیروڕای خۆی نەشاردۆتەوە، ئەوەی جێگای سەرنجە رانەوەستان و دڵسۆزی کاك کەریمە، دەنا دیارە ئەویش لەو ماوە درێژەدا، لەوانەیە تووشی هەڵەی سیاسی بووبێ، هەموو کەس بەش بەحاڵی خۆی هەڵەی کردوە و ئەو هەڵانە بەنیسبەت مەقامی ئەو کەسە لەکۆمەڵدا، گرنگی و ساکاریان دیار دەبێ، بەڵام دڵسۆزی و بەرەو پێش چوونی کاك کەریم لەگەڵ زەمان و فوسیل نەبوونی وەك زۆر کەسی تر، جێگای (تحسین) و لێ فێربوونە، بەتایبەت بۆ لاوانی کورد کەدەبێ هومێدی دواڕۆژی نەتەوەکەیان بن.

٥- هەروەك لەهەوەڵەوە باسم کرد، دڵنیام کەئەو بیرەوەریانە رێگا خۆشکەری زۆر بیرەوەری دیکەن، ئەودەم کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندن و یەك خستنی ئەو بیرەوەریانە گۆشەیەکی نادیار لەمێژووی خەباتی نەتەوەکەماندا روون دەکەنەوە، کارێکی زۆر پێویست و پیرۆزە هەرچی لەخاکی کوردستان و لەناو میللەتی کورد و لای هێزە سیاسیەکانی کورد، هەبێ بدۆزرێنەوە و کۆبکرێنەوە، گەلی کورد ئاخرەکەی هەر مافی سەربەخۆیی دەستێنێ و دەوڵەتێکی یەك پارچەی نەتەوەیی دادەمەزرێنی، جا کارم بەوە نەداوە، ١٠ ساڵی تر، یا ١٠٠ ساڵی تر، ئەم

ئاواتەی کورد هەر دەگاتە جێ، ئەوکات ماتریالی وەك بیرەوەریەکانی کاك کەریم و ئەو شتانەی لەم بوارەدا نووسراون، کەرەسەیەکی بەنرخ دەبن بۆ لێکۆڵینەوە و نووسینی مێژووی سیاسی و کولتوری کوردی، لەکۆتاییدا زۆر سوپاسی کاك کەریم دەکەم بۆ بیرەوەریەکانی و پێم خۆشە وەکو رەخنەیەکی بێ غەرەز ئاڕەزووی خۆم لەبارێکەوە دەربڕم، رەخنە لەخۆ گرتن یەکێك لەقورسترین رەفتاری ئینسانە، بەشەر هەموو کاتێك حاڵەتێکی دیفاعی هەیە کەزۆر تەبیعییە، تەنانەت ئەو کات کەرەخنە لەخۆ دەگرێت، لەبەرگەکانی بیرەوەریەکاندا زۆر کەم تووشی رەخنە لەخۆ گرتن دەبین، بۆیە داوا لەکاك کەریم دەکەم کەدوای خەلاس بوونی بیرەوەریەکان بۆ خۆی بەسەریاندا بێتەوە و ئەو جێگایانەی دەزانێ جێگای رەخنەن بەچاوی رەخنە گرتن بیانبینێ و کۆیان کاتەوە، ئەو کارە دەبێتە چرای رێگای زۆر کەسی تر، دیسان داوای سەرکەوتن بۆ کاك کەریم دەکەم لەنووسینی بەرهەمی بەپێزتر و لەخزمەت بەزمان و ئەدەبی کوردی دا.

ئۆپسالا فەردین قادری

دەفتەری یادداشتەکانم

لەبەرگی هەشتەمدا بەکورتی باسی هێندێ پێوەندی و چاوپێکەوتنم کرد لەگەڵ برادەرانی پێشوو، رووبم کردەوە کەزۆربەی ئەو برادەرانەی دەیانناسیم و پێوەندییان پێمەوە هەبوو لەسەر ئەو باوەڕە بوون پێویستە رێکخراوێکی تازەی کوردی ساز بکرێ، دیارە لەنێو ئەواندا بۆچوونی جیاواز هەبوو، هەروەك لەنووسینی چەند کەسیان دەردەکەوێ و لەبەرگی هەشتەمدا هێندێ کۆپلەم لێ بڵاوکردوونەوە و ناوم نەهێناون، زۆربەیان لایان وابوو کەدامەزراندنی رێکخراوێکی مارکسیستی پێویستە و نابێ چەپی دەبەر کۆمۆنیستیدا هەبێ، برادەری دیکەش هەبوون کەسازکردنی رێکخراوێکی کوردی و کوردستانیان پێ باشتر بوو، لەوڵاتیشەوە نامەیان بۆ دەنووسیم کەگوایا حیزبی سۆسیالیستی کوردستانم

دامەزراندوە، تەنانەت رۆژنامەی کەیهانی هەوائی لەیەکێ لەژمارەکانی خۆیدا نووسیبووی: (فلانکەس حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی پێك هێناوە)، ئەوانەی لەولاتیش لەحیزبی دیموکرات وەلانرابون و یا هاتبوونە دەرێ و خەریك بوون شتێك پێکەوە نێن، بلاویان دەکردەوە کەفلانکەسمان لەگەلە.

بەلام من بۆ خۆم؟ دوای چەند جار دانیشتن و نامە گۆرینەوە لەگەلْ صارمخانی صادق وەزیری، دوای هەلسەنگاندنی بارودۆخی بزووتنەوەی رزگاریخوازی و رێنوێنیەکانی صارمخان بەتەواوی هاتمە سەر ئەو باوەڕە کەلەئەوروپا و لەم بارودۆخەدا خەریکی حیزب سازکردن نەبم و تێکۆشانی حیزبایەتی ئەوروپا بۆ ئەو برادەرانە بەجێ بێلم کەبەبێ حیزب و سیاسەت ژیانیان دژوارە، بەلام دەمێك بوو بیری دەرکردنی رۆژنامەیەکی سەربەخۆ، دیموکرات و پێشکەوتوخواز و کوردایەتی رەسەن لەمێشکمدا دەجولایەوە، خوێنەرانی بەڕێز لێم ببوورن کەئێژم (کوردایەتی رەسەن و پێشکەوتوخواز)، چونکە لەسەر ئەو باوەڕەم کەزۆرجار لەلایەن زۆر کەسەوە کوردایەتی کراوەتە بازاڕ و لەنێوەرۆکی رەسەن و پێشکەوتوخوازی خاڵی کراوە، ئەم وشە پاك و پیرۆزە یاری پێکراوە، بەلام ئێستا شوکر ئەوا کوردایەتی لەپوش و پەلاش دێ خاوێن دەکرێتەوە، لەدنیای شوعار و خەیاڵەوە، دێتە دنیای شعور و واقعیەت، خۆی لەگەلْ رەوەندی بابەتی سیاسەت و رووداوەکانی جیهان رێك دەخات و هیوای رزگاری و پێکهێنانی کوردستانێکی ئازاد و دیموکرات و بەختەوەر لەدڵی کوردا بەهێز دەکات.

مەسەلەی دەرکردنی رۆژنامەم لەگەلْ چەند دۆست و برادەر هێنابوە گۆڕێ، گشتیان هاودەنگ بوون، بەلام دەرکردنی رۆژنامە لەئەوروپا بەر لەهەموو شت پارەی گەرەك بوو، کادری نووسین و بەڕێوەبەری دەویست، تەنیا بەقسە رۆژنامە نەدەکەوتە گەڕ.

بەر لەوەی بۆ کاری رۆژنامە دەست بەکار بم، دەستم کرد بەنووسینی کتێبی (کۆماری دیموکراتی کوردستان یا خودموختاری)، ئەو مەسەلەیە دەمێك بوو بیری

منـی بـەخۆوە خـەریك كردبـوو، مەبەسـت لەنووسـینی ئـەم كتێبـە ئـەوە نـەبوو كـەدروشمی (خودموختـاری) ئێسـتای حیزبـی دیمـوكرات بدەمـە بـەر نەشـتەری رەخنە (فتوای كوفر) بۆ خۆی ساز بكەم و بمەوێ راستی و چـەوتی ئـەم دروشمـە شی بكەمەوە، چونكە ئەم دروشمە لەكۆنفرانسـی سـێیەمی حیزبـدا پەسـندكراوە و خۆشم دەنگم بۆ داوە و لەسەرم نووسیوە، مەبەستم ئەوە بـوو كەبـەگوێرەی توانـا ئـەوە روون كەمـەوە كـەداخوا ئـەم كۆمـار و ئـەو حكومەتـەی كەسـاڵی ١٩٤٦ لەرۆژهەڵاتی كوردستان و لەمەهاباد دامـەزرا، لـەباری قـەوارە و سـاختار و شـكڵ و كـردەوە و رێ و شـوێنەوە كۆمـاری میللـی دیمـوكرات و سـەربەخۆ بـوو، یـا (خودموختار)؟

دیارە تەواوی ئەو هێز و حیزب و ئەو كەسانەی كەبەوشەی (كوردستانی سـەربەخۆ و كۆماری دیموكرات و حكومـەتی میللـی) هەڵدەبەزنـەوە و لـەرزیان دێ و تارمـایی مەترسـی (ناتـەواوی عـەرزی ئێـران) بـەری چـاویان تاریـك دەكـات، هەمیشـە لەباسكردنی جاروبار و بەهەڵكـەوتی بزووتنـەوەی ٤٥=٩٤٦ی كوردسـتانی ئێرانـدا، وشەی ناڕەسەنی خودموختاری بەكلكیەوە دەنێن و ئەوەنـدەیان دووپـات و سـەت پات كردۆتەوە كەمێشكی رێبەرانی حیزبی دیموكراتی كوردسـتانی ئێرانیشـیان پـێ ئاخنیوە و ئەوانیش بوونە شەریكی ئەم بوختانە بـەكۆماری دیمـوكراتی كوردسـتان و بەناهـەق وشـەی خودموختاریـان كردۆتـە بـاو، سـەیر ئەوەیـە ئـەو نووسـەرانەی كـوردی بەشـەكانی تـری كوردسـتانیش كەلەسـەر كۆمـاری كوردسـتان دەنووسـن، بـەپێڕەوی لەنووسـەرانی بێگانـە و لـەژێر تەئسـیری نووسـەرانی ئێرانیـدا، كۆمـاری كوردستان بە (خودموختار و بەكۆماری مـەهاباد) نـاو دەبـەن و هەمیشـە لەوشـەی (سەربەخۆ) دەسڵەمێنەوە.

مەسـەلە ئەوەیـە ئەوانـەی ئێسـتا داوای خودموختـاری لـەكۆماری ئیسـلامی ئێـران دەكەن، ئەوە سیاسەتی خۆیانە و كەس ناتوانێ پێشـیان بگـرێ، بـەڵام هـەق نییـە ئەوان رابردووی خەباتی میللەتی كورد لەكەدار بكەن و خۆ بكەنـە دمڕاسـتی خـەڵك

و کۆماری کوردستان بکەن بە (خودموختار)، بەتایبەت کەهیچ یەك لەدمراستی ئیمرۆی حیزبی دیموکرات لەدروشم و سیاسەت و شکڵ و قەوارەی حکومەتی میللی کوردستان ئاگادار نین و ئەوەی باسیش دەکەن لەئەدەبیاتی شۆڤێنیزمی ئێران و لەحیزبە بەروالّەت پێشکەوتوەکانیان وەرگرتوە و ئێستاش بۆ خاتری لالوت نەبوونی (هێزە دیموکراتەکانی ئێرانی) و بۆ خاتری ئیشەلا پێکهاتنی بەرەیەك لەگەڵ ئەم هێزە (دیموکراتانە) کۆماری دیموکراتی کوردستانیان کردوە بە (خودموختاری) و دەرخواردی خەڵکی دەدەن، لەوەش قەباحەت تر، وەك لەژمارە ١٨٣ فیوریەی ١٩٩٣ی رۆژنامەی کوردستانی ئۆرگانی حیزبی دیموکرات دا نووسراوە، رۆژی دووی رێبەندانیش بەرۆژی میللی نەتەوەی کورد نازانن.

رێبەرانی ئێستای حیزبی دیموکرات بەهەڵە چوون، چونکە هەرچەندی لارە مل بن و سوێند و تەڵاقان بخۆن کەلەخودموختاری بەدەر هیچی دیکەیان ناوێ و (لەهەموو ئێرانیەکیش خۆ پتر بەئێرانی دەزانن) شۆڤێنیزمی فارس و ناسیۆنالیزمی ئێرانی کەتەنانەت لەناخ و مێشکی هێزی هەرە رەسەن و پێشکەوتووخوازیشدا پەنگی خواردۆتەوە، بڕوایان پێ ناکەن و هەر بەجیاوازی خوازیان دادەنێن و بۆچوونیان هەر ئەوە دەبێ کەلەکەیهانی لەندەن و نامەی سەر ئاوالّەی (جەبهەی ملی ئێران) و نووسینی نووسەر و سیاسیەکانی دیکەی ئێرانی دا رەنگیان داوەتەوە.

من لەو کتێبەدا ویستوومە ئەوە نیشان بدەم کەهەرچەندە لەپرۆگرامی ئەوسای حیزبی دیموکراتدا خودموحتاری هەبوە، بەڵام بەکردەوە پێك هێنانی کۆمار و دامەزرانی حکومەتی میللی کوردستان و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و پێك هێنانی لەشکری میللی و نیشان و جلی ئەفسەران و ناولێنانی (ژەنڕاڵ و مایور و کاپیتان و مبجەر و پۆلکونیك و پۆت پولکونیك و بەستنی پەیمان و قەراداد لەگەڵ دەوڵەتی بێگانە و شەڕ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، لەگەڵ خودموختاری نایەنەوە و گشتیان نیشان و ئاکاری دەوڵەتی سەربەخۆن و لەسەر زێد و نیشتمانی

نەتەوەکەی، کاریشم بەوە نییە کەهێندێ نووسەری کورد و باڵەکانی حیزبی دیموکرات، لەباسی کۆماری کوردستاندا ئەگەر وشەی قەلبی خودموختاری بەکۆمارەوە نەلکێنن، ئۆخرێنیان نایەتێ و لەم بوارەدا رەگەڵ نووسەرانی شۆڤێنیزمی فارس دەکەون.

دیارە سەبارەت بەنەبوونی فاکت و بەڵگەی پێویست و تێروپڕ، لام وایە لەنووسینەکەمدا سەرنەکەوتووم، ئەوەندە هەیە تاقە بەرهەمێکە کەکوردێکی رۆژهەڵاتی کوردستان و بەشدار لەبزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٥ و ٩٤٦ دا نوسیویەتی و کەم یا زۆر هێندێ لەروداوەکانی خستوونە سەر کاغەز.

جگە لەوە نامیلکەیەکم نووسیبوو بەناوی (کورد و فەرهەنگی بێگانە) دانەیەکیشم بۆ کاك سەلاحی موهتەدی ناردبوو، کاك سەلاح بەهۆی کاك ئەمیری قازیەوە لەسەر نامیلکەکە نامەیەکی بۆ نووسیبووم کەبەداخەوە ئەم نامەیەم لێ بزر بوە، بەڵام لەسەفەری ئەم دواییەمدا بۆ سۆفیا لەنێو کتێب و کوتە کاغەزاندا نامەیەکم دۆزیەوە وادەردەکەوێ لەوەڵامی نامەی کاك سەلاح دا نووسیومە، نامەیەکی کاك سەلاحیشم دیتەوە کەوەڵامی نوسراوەکەی منی داوەتەوە، سەبارەت بەوشەی جوان و شیرینی ئەدەبی کاك سەلاحی موهتەدی، لێرەدا هەر تك نوسراوەکان بڵاو دەکەمەوە.

نامەی خۆم بۆ کاك سەلاحی موهتەدی:

برای بەڕێز کاك سەلاحی موهتەدی، رۆژباش، لەگەڵ سڵاوێکی برایانە و هیوای ساخ و سلامەتیت.

جارێ لەپێشدا لەسەر بۆچوونی تێکڕاییمان لەبارەی مەزهەب (الدینە) کەم لێ وەرگرتوویەوە و کاك (سەلاحی) رووتم پێ خۆشترە، داوای لێ بوردن دەکەم.

بەر لەوەی بێمە سەر تەئییدی نامە و بیروراکەت کەلەسەر نووسراوەکەی خۆم دەرتبڕیوە، دەمەوێ بزانم بۆچی وەك پاکستانت کردوە، نەتویستوە راستەوخۆ

نامەم بۆ بنێری و بەڕێنوێنی جوان بۆ نوسینی داهاتوو یارمەتیم بدەی؟ هەرچەند نێو بژایەتی کاك ئەمیرم گەلێك پێ لەشورای ئەمنیەت بەنرخترە.

دەمەوێ عەرزت بکەم (کوردایەتی تۆخی) من شتێکی تازە نییە، لەتەواوی ژیانی سیاسیمدا کوردایەتیم هەر تۆخ بوە، هەر لەداخی بێ بەشی کوردیش تووشی سیاسەت و چەرمەسەری بووم، کاتێ گیرا بووم، سەرهەنگ خواجە نوری بازپورسی سوپای مەهاباد لەپرسیارەکاندا گوتی:

– چەند زمانی بێگانە دەزانی؟

– دوو، دوو زمانی بێگانە دەزانم.

– بڵێ بزانم، خوب است که شما راستشرا میگوئی.

– من هەمیشە راستیم گوتوە، من فارسی و تورکی دەزانم.

ئاگری گرت، هەستا سەر پاشوان و نەڕاندی: (مەگەر تۆ ئێرانی نی؟).

– بەڵێ ئێرانیم، بەڵام کوردم و بێجگە لەزمانی خۆم دوو زمانی فارسی و تورکیش دەزانم.

بۆ خۆم پێم وایە کوردایەتیەکەم بۆیە تۆخە، چونکە مارکسیستێکی بەراستیم، لام وایە ئەو کەسانەی خۆ بەمارکسیست و یا کۆمۆنیست دەزانن ئەگەر بەر لەهەموو شت و لەهەموو کەس زیاتر نەتەوەی خۆیان خۆش نەوێ، راست ناکەن، خەڵکی دیکەشیان خۆشناوێ.

رەنگە بۆ سەرکەوتنی کورد، نیشتمانپەروەران رێگای جیاواز و بۆچوونی جیاوازیان هەبێ و یا پێ باشتر بێ، ئەوە شتێکی سروشتیە، بەڵام چەند خۆشە کەئێم رێگا و بۆچوونە جیاوازانە هەموویان لەپێناوی وەدەست هێنانی مافی نەتەوەی کورددا بەکار بگیرێن.

بەشەکەی دیکەی نووسراوەکەت لەسەر (ئیسلامی راستین) بەتەواوی راستە، لەنووسراوەیەکدا بەناوی (چەند قەسەیەك لەگەڵ خەبات) باسی ئیسلامی ڕاستینم کردوە و نیشانم داوە کە (راستین و ناڕاستین) نییە، ئیسلامەکە هەر ئەوەیە

کەدەیبینین، ئەگەر لەم نوسراوەدا لەچوارچێوەی داب و نەریتە ناحەزەکانی کۆن دەرنەچووم، لەبەر ئەوە بوە کەئەوە بەمیرات بۆ گەلەکەمان بەجێ ماوە و لام وایە پێویستی بەروون کردنەوە هەیە و بەخەڵك بگوترێ کەرابردووەکانمان بەناهەق هێندێ رێ و شوێنی نالەباریان بۆ بەجێ هێشتووین، دیارە ئەوەش دەبێ بەپازێز بۆی بچی، من لەسەرتاوە ئیسلامی ئێستام کوتاوە و نیشانم داوە کەبەناوی ئیسلام چ لەگەڵ گەلی کورد دەکرێ.

مەبەستی ئەسڵی نوسینەکەش روونکردنەوەی (پێوەندی مەزهەب و سیاسەت) نەبوە، دەنا راست دەفەرمووی ئەگەر بێینە سەر ئەم بارە، هەڵدەگرێ زۆر بەباشی لەباری فەلسەفی و عەوام فریوی و خەڵك خەڵەتێنیەوە ئیسلامی راستین روون بکرێتەوە، لام وایە ریش و شاقەل و پەر زەرد ئێستاش بۆ کوردی کڵۆڵ و نەخوێندەوار دەوری ناحەزیان هەر ماوە، مەسەلەی (مەلا ئەحمەد و دکتۆر خەلیقی)م لەنووسراوەکەدا هێناوەتەوە کەیەکیان دەیگوت: (فەلسەفەی ئیسلام بەمریدی تخۆ بێژە و دکتۆر خەلیقیش بانگی بەگوێچکەی ساوایەك دادەخوێند، هەر ئەو ئیدەئالیزمی فەلسەفی و کۆنەپەرستی مەزهەبیە کراوەتە (ئیسلامی سیاسی) و تۆپ و تەیارە و تانکیشی بۆ پتەوکردنی بەکاردێنن، (زێدە خوازی و داگیرکەری و دەست وەشێنی) بۆ ئەوە و (گۆشەگیری و شوکرانە بژێری و ژێر چەپۆکیش) بۆ کوردی هەژاری موسوڵمانە.

لام وایە لەکوردستانی خۆماندا، ئێستاش پاش ئەو هەموو تاوانەی کەئیسلامی سیاسی لەگەڵ کوردی کردووە، شاقەل شۆڕ و سەر کەسك و پەڕ زەرد لەچاو نووساندنی خەڵکدا بێ تەئسیر نین.

پێش سەفەرم بۆ ئەوروپا لەماڵە مامۆستای لام وایە کاك سەعدیش لەوێ بوو، باسێکی گەرم و خۆشمان هەبوو، مەلا حەسەنی هەرکی کەلەدەفتەری مامۆستا بوو، گوتی: (چۆن من لام وابوو کاك کەریم کۆمۆنیستە دەبێ بکوژرێ، بەڵام (وەك

تـۆ دەفـەرمووی) خـۆ (کـوردێکی تۆخـە) گـوتم مامۆسـتا باشـی تێگەیشـتووی، کۆمۆنیستم، هەر بۆیەش کوردێکی بەراستیم.

من ئەو نامیلکەیەم لەکوردستان نووسیبوو، داوام کرد ئینتشاراتی حیزب بۆم چـاپ بکات، مەلا عەولای حەیاکی گوتی: (دژی ئیسلامە ئێمە چاپی ناکـەین)، جـا بزانـە، هێشتا پەڕ زەردی باوی ماوە.

دەی، مەبەسـت لەنوسـینی ئـەم چـەند دێـرە ئـەوەبوو کـەمن وەك تـۆ نەکـەم و راستەوخۆ بۆت بنووسم هەرچەندە لەبەر نەبوونی ئادرێس زەحمـەتی نێـو بژایـەتی هەر کەوتۆتـەوە سـەر شـانی کـاك ئـەمیری بـەڕێز، لەخزمـەت کـاك سـەعدی رێـز و سـڵاوم هەیـە، هیـوادارم سـاخ و سـڵامەت و سـەرکەوتووبیت، بـرات کـەریم، ٨٤/٩/١١).

نامەی کاك سەلاحی موهتەدی:

بـرای خۆشەویسـتی بـەڕێزم کـاك کـەریم، ماوەیـەك دەبـێ کەبەوپـەڕی شـادی و شانازییەوە، نامە جوان و گەرم و گوڕەکەتانم پێگەیشـتوە، خـۆم خـۆش کـرد بـوو لەنووسین و ناردنی جوابێك کەرووی مەجلیسـی هـەبێ! بـەڵام وادیـارە ئەگـەر ئـەو شەرتە دابنێم– بۆ خۆم و نامەکەم نەك هەر بەشبڕاو دەبین لەدیـداری یـاران بـەڵکو تانـە و تـاوانی وەڵام نەدانـەوەشمان دێتـە سـەر کۆگـای گشـت سـووچی نـاکردە و ئەوجار گرێبوچکەکە وا ئاڵۆز دەبێ بەسەت شێخ و مەلا چاك نەبێتەوە!

دەی کاکە گیان، چۆنی چاکی شوکر! هیوادارم هەمیشە دڵت خۆش و لەشت سـاغ و سەرت بەرز بێ و لەراست دۆستان هەروا سەمیمی و قالبسوك و دڵڕاگر بی.

ئێمـەش لێـرە لەگـەڵ بـەفر و سـەرما و تـاریکی پێـوە بـووین و هـەر ئـاخ و داخ هەڵدەکێشین بۆ تین و تاوی بەر بەڕۆچکەی بەر دەرگای حـەوز و مزگـەوتێك، هـەڵم و گـەرمای سـەربانی بـەکاگڵ سـواغدراوی تەویلـە و بانێـك، گـەوەڕ و گەلـەخانێك! بەڵام پێشینان گوتەنی، گەرمێن دووری بۆ پیاوی هەژار!

ئایا ئێمەی (برایمۆکی) کەسیرەی زستانی درێژی دووری و دەربەدەری لەورە و وزەی خۆمان رادەبینین بەکۆڵ خۆڵەمێش بکێشین تا بەر پاڵی سپی و ساکاری کوێستانی کوردستان خاڵبەڵەکی تێکەوێ و نەورۆزی کۆچەر، وەك تەیری گەرمێنێ، چلە بڕ بکات و بەڵێنی (میری مەزن)ی مێژوو بێتە دی و (پەریخانی) ئازادی و رزگاری لەباوەش بگرین؟

تۆ بڵێی پۆلە کۆتری باڵ و پەڕ کراوی ئاشتی و ئەوین بگەنە (بورجی بەڵەك) و (خاتوزینی) ئاوات و ئارەزوو لەسەر کەژاوەی شاباڵان بفڕینن بەرەو پەردە و پەردووی کۆشکە کاولەکەی (کاکە مەمی کوردەواری)؟

منیش و تۆش دەزانین کەوەڵامی ئەم گشت خۆزیا و بریایە لەلای (لاسە شۆڕی) پێشمەرگەیە کەدەستی داوەتە چەك لەچیا و دەخوازێ (خەزاڵی) رەوەك و نامۆی بەختەوەری و بەرابەری بە (چل پلەی) خەباتی خوێناویدا بەسڵامەت سەر خا!

با باسی ئێرەت بۆ بکەم: برادەران هەموویان تاسەت دەکەن و سڵاوت دەگەیەنن بەتایبەت کاك سەعد کەهەم سەلام و ئیحترامی هەیە بۆت و هەم دەڵێ: کاك کەریم عەجەب کڵاوێکی لەسەر نام؟! با کڵاوی خەزی پاش زستانێ وەك کەپەنکی پاش بارانێ وابێ بەڵام چونکە یادگاری یارانە هەر بەڕێز و عەزیزە لام و هەر چاوەڕوانم! مەلا محەمەدیش چەند رۆژێکە مانگی گوێزتۆتەوە بۆ ستۆکهۆڵم و لێمان بۆتە پایتەخت نشین، دوو رۆژ لەوەپێش هەموومان لەلای بووین، هەم بۆ پیرۆزبایی جێ و رێی تازە و هەم بەبۆنەی رزگاربوونی لەدەست نەخۆشی و نالە!

ئەو بەینانە نازانم نووسراو و دەنگ و باسی (موجاهدین) و حیزبی دیموکراتت پێدەگا و ئاگات لەشەڕە دندوکەی جوتە کۆڵەکەی شورا هەیە؟ وەك دەڵێن لەوڵاتیش توند تێکچوون و بەتەواوی لەبەر یەك ترازاون.

سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات کەسەردەمێك بۆچوونی ناو شورا ملی خۆی رەچەقۆی دەخست و لەسەر موجاهد ورگی خەڵکی دەدڕی و دیموکراسی و خودموختاری دەکردە شاباش و بەرتیل تا فەرمان و فەتوای کوێخایەتی

کوردستان لەجمهوری دیموکراتیکی ئیسلامی بستێنێ تازە لێیان کەوتۆتە پرتە و بۆڵە و هەڵوێست گرتن، ئەویش لەسەر چی؟ موفاوەزات! بەو شەرتەش جمهوری ئیسلامی رازی بێ و بیکا! وادیارە لەو سەراوسەرە نوێ و سەنگەر گۆڕینەدا زەر طرف کە شود کشتە سود (اسلام) است!

لەقرەی پێشوو، بەدوای رۆیشتنی بەنی سەدردا، دەرکەوت: کەخێزانی بنەماڵەی شورا چەندە تەبا بوونە لەناو خۆیاندا و چەندە دڵچاك و زمانپاك بوونە بەرامبەر یەکتر، داخوا ئەمجار تەنیا ئاڵترناتیوی دیموکراتیکی مومکین چە (استریپ تیزێك) دەکا؟!

نەمدەویست بچمە نێو باسی سیاسەت، نازانم چۆن بوو تێکەوتم! بمبورە... دەڕۆم و دەیبوێرم!

سەر لەنوێ سەلامم هەیە لەخزمەت خۆتدا و عەرزی ئیحترام بۆ براژنم لەلایەن خۆم و خێزانم گوڵاڵە، لەگەڵ داوای سەلامەت و بەختەوەری بۆ هەر تك خۆشەویستەکان و ئارەزووی دیدارتان، برات صلاح الدین ۸۵/۳/۵.

پەیکێکی ناسراو

رۆژی ۱۹۸۵/۵/۷ م.س.ع لەڤارنا لەرۆخی دەریای رەشەوە تەلەفۆنی کرد و گوتی: (پتر لەبەر دیتنی تۆ هاتووم، رێگام نادەن بێمە سۆڤیا، زۆر پێویستە چاوم پێت بکەوێ).

گیر نەبووم چوومە ڤارنا و لەهوتێلێك دۆزیمەوە، لەگەڵ دوو کەسی دیکە لەهوتێل بوو، دوو شەو لەلایان بووم، باسی گرانی و ناڕەزائی خەڵك و خۆپارێزی و بلاّوبوونەوەی تریاك و فێربوونی لاوەکانیان دەکرد و دەیانگوت خەڵك لەشەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات لەرادەبەدەر توڕە و بێزارە.

رۆژی ۵/۹ هەڤاڵەکانی گەڕانەوە و م.س.ع مایەوە، دانیشتین و هۆی چاو پێکەوتنی خۆم لێ پرسی، گوتی:

(جەناحێکی رێژیم بەکاك ..... یان گوتوە ئەگەر ئەوانەی لەحیزبی دیموکرات جیابوونەوە رێکخراوەیەك پێك بێنن، دەوڵەت لەگەڵ ئەوان وتوێژ دەکات و لەوانەیە لەسەر ئەم خاڵانە لەگەڵیان رێك بکەوێ:

- ناسینی کوردستان بەواحیدێکی جوغرافیایی.
- خوێندن بەزمانی کوردی لەمەدرەسەکان.
- ئازاد کردنی گیراوە سیاسیەکان.
- بژاردنی زەرەر و زیانی خەڵك.

ئەویش ناردوویەتە کن فەرەیدونی میتران و بیروڕای ئەوی پرسیوە، فەرەیدونیش لەدوای منی ناردوە تا بێم و پرس بەتۆ بکەین و بیروڕای تۆ بزانین، بۆ ..... ینیشی راسپاردوە تا نامەی فلانکەسی نەیە ناتوانین وەڵام بدەینەوە، فەرەیدون منی ناردوە تا بیروڕای تۆ بزانن و گوتویانە تا نامەی تۆیان بۆ نەچێ وەڵام نادەنەوە.

من نامەیەکی درێژم بۆ فەرەیدون نووسی و رامگەیاند: (بەهیچ جۆر نابێ بڕوا بەئاخوندان بکەن، هیچ پێوەندی و وتووێژیان لەگەڵ ساز مەکەن، لەپێکهێنانی حیزب و رێکخراوی تازە دەست رابگرن و کاری وا بەتاڵوکە ناکرێ، ئەگەر رێگای دیکە بۆ پێوەندی لەگەڵ من بدۆزنەوە باشتر دەبێ.....).

پاشان ۱۵ هەزار تمەنم دایە کەبیدا بەفەرەیدون و حامیدی گەوهەری، هەرچی کردم پارەکەی وەرنەگرت و گوتی من خۆم دەیاندەمێ، ئەگەر جارێکی تر وەڵام و خەبەری وانم هێناوە پارەکەت لێ وەردەگرمەوە.

ئەودەم برادەرێکی بولغاریم هەبوو لەتاران لەبالیۆزخانەی بولغاری کونسول بوو، نیشانەم دایە کەئەگەر ویستی بێتەوە بچێ ڤیزای بداتێ.

رۆژی ۹۸۵/۵/۱۲ ناوبراو گەڕایەوە بۆ تورکیا و منیش گەڕامەوە بۆ سۆفیا، کەهاتمەوە نامەی کاك رەحمانی کەریمزادەم بۆ هاتبوو کەئەو دەم لەپاریس دەیخوێند.

ئەمەش نامەی کاك رەحمانی کەریمزادە:

برای گەورە و خۆشەویستم کاك کەریم

وێڕای جوانترین سڵاو و ڕێز هیوادارم بەورەیەکی پۆڵایین بۆ بەرپەرەکانی دەگەڵ تەنگ و چەڵەمەکانی ڕۆژگار و خەبات بۆ ئامانج گەیشتنی ئاواتی گەلە بەشخوراوەکەمان لەتێکۆشان و هەوڵدان ڕانەوەستن.

لەناردنی جزوەی تایبەتی کۆنگرەی ٦ زۆر سوپاستان دەکەم، بەوردی خوێندمەوە. واقعیەتێکی تاریخی بەیان دەکات بەڵام دەبێ بڵێم بەداخەوە تاڵ.

قەت چاوەڕوان نەبووم کەحیزبی دیموکرات کەماوەی ٦ ساڵە هەوڵی بۆ دەدەم بەئەمرۆ بگات و وای لێ بێت کەموبارەزەی دەرون حیزبی قەدەغە بکرێت و بەئاشکرا دوو ئەندامی د.س (دکتۆر سەعید و مەلا عەولا) رابگەیەنن ئەوانەی دژی کورتە باسن جێگایان لەحیزبی دیموکرات دا نییە و جێگای هیچ چەشنە خەباتی نێو حیزبی نەدەن، بەڵام لەوانە نییە کەبتوانن لەئەوروپا سیاسەتی نێو وڵات بەو شێوایەی کەهەیە لەبەر گرن، بەڵام بۆنی دێت و دیارە هێندێك هەلپەرست و بێ مەرام کەبۆ پارە وەشوێن حیزب کەوتوون ئیتاعەی ١٠٠٪ دەکەن.

بۆ خۆتان زۆر شارەزا ترن و کەسانێك وەك من تەجروبەمان زۆر کەم بوو بەراستی خەڵکمان نەدەناسی، بەڵام بەوتەی مەعروف کباب پختە نگردد مگر بگردیدن، خەریکی فێر بوونین و دانشگای شۆڕش مرۆڤ فێری شۆڕشگێڕی دەکات، بۆ کۆتایی هێنان بەنامەکە بەعەرزتان دەگەیەنم کەتا ئەو جێگایە بتوانم بەخەباتی دەرون حیزبی خۆم درێژە دەدەم چون نامەوێ پێم بڵێن بەزی بوو جێی هێشت، هەرچەند ئەوەشیان لەبەر چاوە کەهێندێك خۆیان ڕاگرتوە لەکۆنگرەی ٧ کورتە باس بخەنە ژێر سوئال!... تا نامەی دوایی هەر سەرکەوتوبن، براتان ڕەحمان، پاریس ٦٤/٢/١٥).

تەفسیری بێگانە لەسەر کورد:

ئێوارەی ٩٨٥/٥/١٢ بەشی فارسی رادیۆ ئیسرائیل لەتەفسیری خاریجی خۆیدا باسی سیمینارێکی کرد کەلەئیسرائیل لەسەر شەڕی ئێران و عێراق پێکهاتبوو، لەو سیمینارەدا چوار مەسەلە باسکرابوون:

١- کار کردی شەڕ لەسەر ئێران.

٢- کار کردی شەڕ لەسەر کورد.

٣- کار کردی شەڕ لەسەر عێراق.

٤- کار کردی شەڕ لەسەر ئیسرائیل.

ئەو کەسەی لەسەر مەسەلەی کورد قسەی دەکرد کابرایەک بوو بەناوی دکتۆر (شموئیلوڤیچ)، لەوتارەکەیدا دەیگوت: (کوردەکان ناتوانن بەقازانجی خۆیان لەم شەڕە کەڵک وەرگرن، لەنێو کوردەکاندا چەند دەستەیی و پەرش و بڵاوی زۆر هەیە، هێندێکی کەم بۆ سەربەخۆیی خەبات دەکەن، هێندێك بۆ خودموختاری، هێندێکیان سەر بەرژێمەکانی ئێران و تورکیا و عێراقن، ناکۆکی بیروڕای سیاسی و ئیدیۆلۆژی لەکوردستانی ئێران بۆتە هۆی شەڕی براکوژی لەنێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکراتدا، حکومەتەکانی ئێران و عێراق هانی کوردەکان دەدەن کەدژی یەکتر شەڕ بکەن، ئێران یارمەتی بەکوردەکانی عێراق دەکا و عێراقیش یارمەتی دەدا بەکوردەکانی ئێران، رێبەرانی کورد ناتوانن بەقازانجی خۆیان لەم شەڕە کەڵک وەرگرن).

٨٥/٥/٢٥ نامەیەکی موهەندیس ئاریام بۆ هات، لەگەڵ سڵاو و چاك و چۆنی و قسەی خۆش باسی نۆرە هاتنی مەلا عەولای کردبوو بۆ پاریس، وەك دەزانین دکتۆر قاسملۆ بۆ دمچەور کردنی ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەر ٦ مانگ یەکێکی بەنۆرە بۆ رابواردن دەنارد پاریس و بۆ ٦ مانگ دەبوونە بەرپرس و نوێنەری حیزبی دیموکرات، موهەندیس ئاریا لەو بوارەدا نووسیبووی:

(برای بەڕێز! مامۆستا گرینۆکیش ماوەی ٢٠ ساڵ هەر لەگەڵ ئێوە بوو، ئێوە پەروەردەتان کرد و دە دەلینگی ئێمەتان بەردا، ئێستا هەر نەك ئاوالآنی تازە بەڵکو هی کۆنیش وەك خۆت و مەلا رەسوڵ و دکتۆر شەتەوی و کاك ئەمیریش بەدەستیەوە گیرتان خواردوە، جا وەك کەڵاشی مام ئاشەوانی لێ مەکە لەسەر زگی خۆتانی لابەی و لەسەر زگی ئێمەی دابنێی، خوا غەزەب لەوەی گرێ وای لێکرد، پێم وایە تۆش بێگوناح نی.

پرسیبووت لەکوێی دنیا دیتراوە ئەندامانی دەفتەری سیاسی بەتۆرە رەوانەی ئەوروپا بکرێن، جا وەڵامەکەی زۆر ساکارە، بەراستی منیش بەم جۆرە نەمدیوە، بەڵام دەحیزبی دیموکراتدا کەئێوە، یانی ئەوانەی کۆنی دانشگای قەڵادزێ بناغە و داناوە شتێکی ئاساییە، رەنگە ئێمە خەتای چوار پێنج ساڵی دواییمان لەسەر بێ، ئەویش لەژێر بینایەکی کۆن و خەراب، بەڵام ئێوە بەتایبەت ئەتۆ دەبوایە ئەو رۆژەت لەبەرچاو بوایە.

با لەوەی گەڕێین و کای کۆن بەبا کردن هیچ قازانجی نییە، ئێستا دەبێ لەفیکری شتێکی باشتر و نوێ دابین، جا نازانم ئەتۆ چۆنی بۆ دەچی... من هەتا ماوم هەر بەهیوای ئەو شنە بایە دەژیم کەلەوڵاتەوە دێ، لەکاتی خۆیدا ئەوەی لەدەستم بێ دەیکەم بۆ گەلە کلۆڵەکەمان، بەداخەوە ئەو شێوە حیزبایەتیە میراتی کۆنە بەجێ ماوە، ئەوەش هۆیەکەی ئەوەیە ئێستاش ئەو حیزبە هەر ئەوانە بەڕێوەی دەبەن کەپێیان وایە ماوەی ٣٠ ساڵە پاراستوویانە و هەر بەهی خۆیانی دەزانن و بەهاسانیش حازر نین وازی لێ بێنن، هێندێك کەم بوونەوە بەڵام هێندێکی زۆر خەراپیشیان رەگەڵ کەوتوون، بەراستی هەروەك جەمهوری ئیسلامی تێکەڵاوێکی سەیرە، جارێ ناکرێ بەرووی لێکی دەیەوە، ئەوەی هەڵدەگرین ئەگەر هاتی باسی دەکەین...) براتان ئاریایی ١٩٨٥/٥/٢٥).

رۆخی دەریا و حەسانەوە

رۆژێی ٩٨٥/٦/٣ لەگەڵ دایکی کەمال و شلێری کچم چووینە رۆخی دەریا لەڤارنا و دوو حەوتوو لەئاسایشگایەکی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی بولگارستان ماینەوە، لەڤارنا چوومە لای خوێندکارە کوردەکان کەلەو شارەیان دەخوێند، برادەرێکی کورد لەلای خۆمان کەپزیشکی دەخوێند چوار بەرگی (جانی شیفتە) شاکاری ئەدەبی (رومەن رولاّن)ی بەدیاری دامێ، سانەوە و ئیستراحەتەکەم بوو بەدوو بەرانبەر، خوێندنەوەی ئەم شاکارە لەو قەراخ دەریا و لەو کەش و هەوا سازگارەدا، بەجارێك مێشکی حەساندبوومەوە.

لەو سەروبەندەشدا سیاسەتی دژی ئینسانی و دژی دیموکراسی تودور ژیڤکۆڤ سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی بولگاریا لەئاست تورکەکانی دانیشتووی بولگاریا ئابڕووی سۆسیالیزم و دیموکراسی بردبوو، بەزۆری و بەشەق ناوی تورکەکانیان دەگۆڕی و مستەفایان دەکردە ئیوان و خستبوویانە ژێر زەخت و گوشارێکی نائینسانی سەددام ئاسایی.

لەرۆخی دەریا دادەنیشتم و خۆم بەرۆمن رۆلاّنەوە خەریك دەکرد! ژن و پیاوێکیش لەنێزیك ئێمە لەسەر زیخی رادەکشان و جاروبار خۆیان دە ئاوێ داویشت و دەهاتنەوە بەر خۆرەتاو.

رۆژێکیان کابرا کەسەیری منی دەکرد و زانی کتێبێکی خەتی عەرەبیم پێیە، لێم هاتە پێش و سلاّوی کرد و وتی: (من فلاّنکەسم و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیم، دەکرێ بزانم ئەو کتێبە چییە و ئێوە کێن؟).

گوتم ئێمە کوردین و ئەم کتێبەش (جان شیفتە)ی رۆمن رۆلاّنە.

کەناوی کوردی بیست قوتبوو، گوتی: (لەکام بەشی کوردستان، ولاّتەکەی ئێوە دابەشکراوە).

– لەکوردستانی ئێران و من فلاّنکەسم.

دەستی لەدەستم نا و گوتی: (دەتناسم، بەڵام یەکترمان نەدیوە، دەرفەتێکی باشە، تۆزێ باسی کوردستانم بۆ بکە)، لەگەڵ کابرا داممەزراند و بەدرێژی مەسەلەی کورد و بارودۆخی کوردستانم بۆ باسکرد.

گوتی: (دەمەوێ بیروڕای تۆ لەسەر مەسەلەی تورکەکانی بولگاری و سیاسەتی ئێستامان سەبارەت بەو مەسەلەیە بزانم، دەزانی لەرۆژئاوا چ هەڵایەکی گەورەیان لەسەر ئێمە ساز کردووە؟).

گوتم: من لێرە میوانم، هیچ بەڕاستی نازانم دەست لەکاروباری ئێوە وەربدەم، سیاسەتێکە خۆتان بەڕێوە دەبەن، رەنگە خۆشتان باشتر بزانن چەندە راستە و یا هەڵەیە.

– نا... پێم خۆشە بیروڕای تۆ بزانم.

– راستی ئەوەیە میللەتی ئێمە لەدەست سیاسەتی شۆڤێنیستی و زاڵمانە ئەوەندەی دەرد و داخ چێشتوە، ناوی شار و گوندەکانی کوردستانیان گۆڕیوە، شوێنەواری نەتەوەیی کوردیان کوێر کردۆتەوە، خۆشم دژی ئەم سیاسەتە ئەوەندەم نووسیوە، جگە لەمەحکوم کردنی چیتر ناتوانم بێژم، ئێوە بەم سیاسەتە چەوتە بیانووتان داوەتە دەست رۆژئاوا هەڵاتان لەسەر ساز بکەن، ئەو سیاسەتە قەت لەگەڵ جەوهەری سۆسیالیزم و دیموکراسی نایەتەوە.

– مەسەلەکە لەوە قوڵترە، تورکیا دەیەوێ بەبیانووی بوونی تورك لەبولگاریا، کارەساتی قبرس لێرە دووپات کاتەوە.

– بۆ پینەکردنی ئەم سیاسەتە ئەوە بیانوێکی باشە، بەڵام من پێم وایە بولگاریا قبرس نییە، بولگاریا ئەندامی پەیمانی وەرشۆیە، تورکیا لەئاست بولگاریا ناتوانێ هیچ بکات.

باسەکەمان کۆتایی هات، تا لەوێ بووم جاروبار یەکترمان دەبینی و دەدوایین، هەر لەڤارنا بووین، کەمالی کوڕم تەلەفۆنی کرد و گوتی: (بابی گۆران (حەمەدەمینی سیراجی) تەلەفۆنی کردوە و گوتوویە بەبابت بێژە لەسوریا چاوەڕوانی دەکەن.

پێشتر کاتێکی کاك عەزیز محەمەد لەسۆفیا بوو، مەسەلەی گۆڤاری (ئاشتی و سۆسیالیزم)ی بەکوردی لەگەڵ باسکرد بووم، گوتبووی کەدەیانەوێ ئەم گۆڤارە بەکوردی دەربکەن.

بەکاك عەزیزم گوت: ئەگەر قەرار بێ هەر نووسراوەکانی گۆڤاری (ئاشتی و سۆسیالیزمی) پراگی تێدا بڵاو بکەنەوە، بۆ خوێنەری کورد چێژێکی ئەوتۆی نابێ، بەڵام ئەگەر رەنگی کوردی لێ بدرێ و باسی مەسەلەی کورد و رووداوەکانی کوردستان بڵاو بکاتەوە، شتێکی باش و پیرۆز دەبێ و خوێنەری کوردیش بۆ لای خۆی رادەکێشێ.

کاك عەزیز فەرمووی: (دەمانەوێ لەتەك وتارە سەرەکیەکانی مەسەلەکانی نێو نەتەوەیی، پارسەنگی کوردییەکەی قورسێتر بکەین، پێمان خۆشە تۆش یارمەتیمان بدەی و بەڕێوەی بەری، تۆ سەرێکی ئەو لای بدە و لەگەڵ برادرانیش قسەی لێ بکەن.

من کەهەوای دەرکردنی رۆژنامەیەکی کوردی بێ لایەن لەسەری دابووم، وەڵامی کاك عەزیزم بە (بەڵێ و نا).

هێشتەوە، رۆژی ٨٥/٦/١٨ گەڕاینەوە بۆ سۆفیا و مانەوەی حەسانەوەمان کۆتایی هات.

رۆژی ٨٥/٦/٢٦ کاك عەزیز لەسوریا تەلەفۆنی کرد و گوتی: (پێم باشە سەرێکی ئەو لایە بدەی).

کاك عەزیزی ماملێ داوەتنامەیەکی بۆ دایکی کەمال نارد بوو، دەمانویست بچینە پاریس، بڕیارماندا کەجارێ پەکی بخەین و من سەفەری شام بکەم.

رۆژی ٨٥/٦/٢٧ ئەم نامەیەی موهەندیس ئاریاییم پێگەیشت:

بۆ خۆشەویست کاك کەریمی حسامی، سڵاوت لێ دەکەم و دەستەکانت دەگوشم... رەنگە پێت سەیر بێ و لای خۆت بڵێی ئەوە چۆنە ئەمن هێشتا

وەلامی نامەکەی پێشووم بۆ نەنووسیوە ئەوا نامەیەکی دیکەی دەسەر کردم، بەلام برای بەڕێز، بەقەولی فارسان (سلاوی روستائی بی طمع نیست) مەبەست لەو نامەیە ئەوەیە هێرشم بۆ هاتوە پەنام هێناوە، رەسوڵی بەرام لەعێراق وەزعی زۆر شەپرپوە لەسەر وەعدەی کاك ئەمیری قازی منداڵەکانیشی کێشاوەتە لای خۆی، بەلام وادیارە هیچی بۆ نەکراوە، هەرچەند لەو سەروبەندەدا کاك پۆلا و خێزانی و کاك ئەمیری وەزیری و کاك مەلا محەمەدی مراد رەسوڵی و هێندێکی دیکە وەدەکەوتوون، بەلام رەسوڵ بەراستی هێرشی بۆ هاتوە لەعێراق هیچ مەیدانی هاتووچۆیان نییە و جێگەشیان زۆر ناخۆشە، بەراستی ناهومێد بوە، نەکارێك نەداهاتویەك ئەگەر هیچی بۆ نەکەین دەچێتەوە لای ئیمام، ئەویش لەزیندان هەلاتوە رەنگە وەك ئەوانی دیکە لێی خۆش نەبن و وەی زۆرانیشی پێ کز دەبێ و بەراستی بۆ خۆشم بەسەرشۆڕی دەزانم، جا تکام ئەوەیە کەبەهۆی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و کاك عەزیز محەمەد کەئەتۆی خۆشدەوێ و لەرێگەی وانەوە یارمەتی بدەن بەسوریەدا بێتە ئەڵمانی شەرقی لەوێرا دەتوانین بۆ سوید بۆی جێ بەجێ کەین، بەراستی وەك برایەکی دڵسۆز ئەوەی لەدەستت دێ دریغی مەفەرموو پێشەکی زۆرتان سوپاس دەکەم، بەداخەوە ئەمن لێرە بۆ خۆم وەزعەکەم تەواو نییە و فەرانسەش گەیوەتە بن کڕ و رێگای کەس نادەن کەهیچ بەتوندی خەریکن زۆرانیش دەردەکەن، هیوادارم ئەگەر کارێك دەکرێ و پێویستی بەشتێك هەیە پێم راگەیەنی دەنا با پێی راگەیەنم لێرە هیچ ناکرێ و بۆ خۆشی چۆنی پێ باشە با وابکا، ئیدی چی دیکەت سەر نایەشێنم، خەبەری وڵاتیش دەزانی زۆر خۆش نییە دەرەبەگەکان خەریکن یەکتر دەبڕنەوە بەلام لەپێشمەرگە هەژارەکانڕا دەستیان پێ کردوە، بۆ خۆت دەزانی قەتیش ناگاتە وان، ئێمەش هەروا چاوەڕوانی شتێك دەکەین کەجارێ نەخولقاوە، بەڕێز و حورمەت و سلاوێکی دیکە چاوەڕوانی وەلام و یارمەتیدانم، براتان ئاریایی ٨٥/٦/٢٠).

سەفەر بۆ سوریا

نامەی موهەندیس ئاریا کاتێکی باش گەیشت، لەسوریا دەمتوانی ئەو مەسەلە لەگەڵ برادەرانی حیزبی کۆمۆنیست باس بکەم و یارمەتییان لێ بخوازم.

رۆژی ٥/٧/٨٥ بەسواری ئوتوبوس بەرەو ئەستەمبوڵ کەوتمەڕێ، لەبولگاریا بلیتی فڕۆکەی ئەستەمبوڵ– شام و گەڕانەوەم کڕی، ئوتوبوس کەوتمەڕێ، دیتم دوو ژن و پیاوی کوردی سوریا و خەڵکی عەفرین پێکەوە دەپەیڤن و قسەکانیان وە شکاکی لای خۆمان دەچن، پرسیارم لێکردن، گوتیان خەڵکی عەفرینین.

ئەوانیش پرسیاریان کرد: من کوێندەریم.

– کوردم و خەڵکی کوردستانی ئێرانم.

– تە عەبدولڕەحمان ناس دەکەی؟

– عەبدولڕەحمان کی بێ، لەئێران عەبدولڕەحمان پڕ هەنە، عەبدالشیطانیش زۆرن.

– عەبدولڕەحمان قاسملو.

– ناس ناکەم، لێ ناوێ ویم بیستیە.

– ئەو چما وادەکا، ئەو بۆتە مرۆڤێ عێراقێ، بۆتە ئیشتراکی دوەلی، ئەو شورشی کورد خەرا کرد.

– ئەز تشتێ وا نەزانم، شورشی کوردستانی ئێران دەوام دەکا، چما خەرا بویە؟

– تە کەریمی حسامی ناس دەکەی؟

– بیستومە، بەڵام ناینناسم.

– ئەو نها لەمەنفایە، غەنی بلوریان لەمەنفایە.

– ئەز لەکوردستان دوورم، خەبەری من نینە.

لەئەستەمبوڵ چوومە هوتێل و تەلەفوونم کرد بۆ دەفتەری حیزبی کۆمۆنیست و گوتم سبەی دەگەمە شامی شەریف!

رۆژی دوایی کاتێ گەیشتمە فڕۆکەخانەی دیمەشق، لەجیاتی برادەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، دوو کۆمۆنیستی وڵاتی خۆمان (کاك حەمەدەمینی سیراجی و کاك نەویدی موعینی) هاتبوونە فڕۆکەخانە، دیار بوو هەر لەلای ئەوانیش جێگایان بۆ دیاری کرد بووم، یەکسەر چووینە ئەو بینایەی کەئەوان لێی دەژیان، دوای ئەوەی کەهاتبوونە پراگ (کۆنگرەی چواریان) هەڵوەشاندبۆوە و چووبوونە نێو حیزبی تودە، ئەم دوو برادەرە گەڕابوونەوە کەبچنەوە کوردستان و برادەرانی دیکەش رازی بکەن کەبەقەولی کاك حەمەدەمین (جێگای مارکسیستان نێو حیزبی کۆمۆنیستە)، بەڵام دەریاز نەببوون و لەشام کەوتبوونەوە و ببوونە میوانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و وەك کادرەکانی ئەوان بەڕێدەچوون منیش کەبەمیوانی چووبووم، هەر بۆ سبەینێ هاتمە ریزی ئەوان، لای نیوەڕۆ کاك حەمەدەمین چەند سەد لیرەیەکی سوری بۆ هێنام و گوتی: (ئەوە مەعاشی مانگێکی کادرەکانە و تۆشیان وا حیساب کردووە).

هەرچەندە دەمتوانی بچمە هوتێل و ئەو زیانە لەحیزبی کۆمۆنیست نەدەم، بەڵام مانەوەی لای ئەوانم پێ لەهوتێل باشتر و خۆشتر بوو، بەتایبەت کەباسی رۆژانی رابردوومان دەکرد دیسێرتی خواردن و خواردنەوە و چێژی تایبەتی هەبوو.

وەك لەبیرم بێ هەوەڵین باسی سیاسیمان بەرەخنەی من لەهەڵوێستی جیابوونەوەیان لەحیزبی دیموکرات و چۆڵکردنی مەیدانی خەباتی کوردستان دەستپێکرا، کاك حەمەدەمین هەر وەك جاران بە گوێرەی سوننەتی حیزبە سیاسیەکانی کورد و قەولی حیزبی تودەی ئێرانیش پێی وابوو هەرچی کردوویانە (در مجموع) راست بووە و دیفاعی لێدەکرد بەڵام کاك نەوید تۆزێ بەئینسافتر بوو لای وابوو هێندەی کار و هەڵسوڕانیان هەڵە بوە و نەدەبایە کرابان.

کاك حەمەدەمین نەك هەر ئەوە کەهەڵوێستی خۆیانی پێ راست بوو، بەڵکو رۆژێکی کەچووبووینە بازاڕ و دەگەڕاینەوە زۆر بەشێنەیی و لەسەرخۆ دایمەزراند و تێزی جارانی دووپات کردەوە کە (مارکسیستەکان دەبێ لەحیزبێکی کۆمۆنیستدا

جێگای خۆیان بگرن) گوتی: (ئێستاش واباشە تۆش بێیە نێو حیزبی تودە، بۆ ئێمە مانان رێگای دیکەمان نییە).

گوتم کاك حەمەدەمین! بۆ پێچەوانەی ئەوە نەبێ، مارکسیستە کوردەکان بۆ رێکخراوی تایبەتی خۆیان نەبێ و بۆ کۆمۆنیستی کورد نەبن؟ من پێم باشترە کوردە مارکسیستەکان رێکخراوی خۆیان هەبێ و بۆ ئەم کارەش تێدەکۆشم، ئیتر وازمان لەم باسە هێنا.

هەرسێکمان لەخانویەکدا دەژیاین، رۆژانە تۆزێ دەگەڕاین و شەوانەش بەقسەی خۆش رامانەدەبوارد، شەوانە ئازای بەدەنم وەخرو دەکەوت و تا رۆژ خەوم لێ نەدەکەوت، هەراسان بووم و رۆژێکیان گوتم: برا بیرێك لەوەزعی من بکەنەوە، وا ناژیم. گوتیان با ئەو دۆشەکە هەڵگرین و بزانین چی تێدایە؟

کەدۆشەك هەڵدەگرین میلیۆنێك تەختە ئەسپێ بەدۆشەك و قەرەوێڵەوە نووساون، بەرۆژ هیچ دیار نییە و بەشەو وەخۆ دەکەون، دۆشەك و لێفەمان هەڵخست و دەرمانمان کڕی و ژوورەکەمان پڕژاند و نەجاتیم بوو.

رۆژی ۸۵/۷/۸ کاك عەزیز هاتە لامان، سەفەری دەکرد، گوتی: (من بۆ چەند رۆژێ دەڕۆم، تۆ لەگەڵ هاوڕێ فەخری باسی چۆنیەتی گۆڤارەکە بکەن.

رۆژی ۷/۱۰ دایکی سەلیم (خێزانی کاك کەریم ئەحمەد)، بەبۆنەی سەری ساڵی شەهید بوونی سەلیمی کوڕی داوەتێکی گەورەی ساز کرد بوو، زۆر کەس لەهاوڕێیانی خۆیان و چەند برادەری حیزبی کۆمۆنیستی سوریای بانگ کرد بوو، بەسوپاسەوە ئەشێ بێژم، ئێمەشی لەبیر نەکرد بوو، لەدانیشتنی ماتەمینەکەدا یەك لەبرادەرانی حیزبی کۆمۆنیست قسەی کرد، پاشان برادەرێکی حیزبی کۆمۆنیستی سوریاش قسەی خۆی کرد، ئەبو جەنگۆ هاتە سەر باسی حیزبە کوردستانیەکان و کۆبوونەوەکە گەرم داهات.

منیش بۆ ئەوەی بەجێ نەمێنم لەگەڵ دەربڕینی داخ لەشەهید بوونی تێکۆشەرانی رێگای ئازادی و سوپاس بۆ دایکی سەلیم بۆ بانگکردنی، گوتم: (حیزبی

کۆمۆنیستی عێراق سەبارەت بەهەڵوێست و سیاسەتی راستی لەئاست مەسەلەی کورد، نەك هەر لەکوردستانی عێراق، بەڵکو لەکوردستانی ئێرانیش رێز و ئیحترامی تایبەتی هەیە، ئێمە مارکسیستەکانی کورد ئینترناسیۆنالیستی حیزب، کۆمۆنیستەکان لەمەسەلەی کوردا دەبینین لامان وایە ئەم حیزبەکۆمۆنیستانەی پشتیوانی لەمەسەلەی کورد و مافە رەواکەی ناکەن، لەئینترناسیۆنالیزمیشدا راست نین).

یەك لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی سوریا داوای کرد قسەکانی منی بۆ بکەن بەعەرەبی.

دانیشتنێکی خۆش بوو، کاتێ هاتینە دەر کاك حەمەدەمینی سیراجی رەخنەیەکی دۆستانەی لەمن گرت و گوتی: (نەدەبوایە بێژی (ئێمە مارکسیستە کوردەکان) چونکە ئێستا ئەوان پێیان وایە ئێمەش لەگەڵ تۆین و تۆ مەبەستت ئێمەشە).

گوتم: کاك حەمەدەمین نیگەرانی ئەوەی مەبە، قسەکەی من ئێوە ناگرێتەوە، چونکە من گوتم (مارکسیستە کوردەکان) نەمگوت (کۆمۆنیستە کوردەکان)، ئێوە ئێستا ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستن، من باسی مارکسیستەکانم کرد).

رۆژێکیش دکتۆر عەلی سلێمان و مریەم خان داوەتیان کردین، ئەو ژن و مێردە کوردە کەهەمیشە لەنێو بزووتنەوەی کورددا تووشی دەربەدەری بوون، لەوڵاتیش دەمان ناسین و دۆست بووین، دکتۆر عەلی نامیلکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی بۆ هێنام (گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری).

رۆژی ۷/۱۵ لەمەکتەبی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لەگەڵ کاك فەخری باسی گۆڤارەکەمان کرد، ئەو پێی وابوو من بەیەکجاری بۆ هاوکاری گۆڤاری ناوبراو هاتووم، هەر واش لەکاك عەزیز تێگەیشتبوو، من گوتم: هاتنی من بۆ سەردان بووە، هەر لەو کاتەشدا رای خۆی لەبارەی نێوەرۆکی گۆڤارەکە دووپات کردەوە و پێم گوت: (ئەگەر بتانەوێ لەنێو خوێنەرانی کوردا جێگای خۆی بکاتەوە، پێویستە گۆڤارێکی تەواو کوردی بێ و بۆ کورد بنووسرێ)، بڕیارماندا بۆ یەکەم

ژمارە سەر وتاری بۆ بنووسم، دیارە من وتارەکەم نووسی، بەڵام کاتێ هەوەڵین ژمارەم بەدەست گەیشت، دیتم نووسینەکەی من دەستکاری تەواو کراوە و سەر و کلکی رستە و مەبەستەکان پەڕیون.

شەو ئەبو نەبیل لەرەستورانی قەسر داوەتی کردین، برادەرانی حیزبی کۆمۆنیستی سوریا و چەند برادەری خۆیانیش داوەت کرابوون، لەحەساری رەستورانێ لەژێر دارە لیمۆ و درەختە جوانەکان و لەفێنکایەتی شەوی دیمەشق دا شەوێکی فرە خۆشمان بردە سەر.

مەسەلەی خوێندنی شلێری کچم و کاك سیامەکی قازی و جەمیلەی کەریمی–م لەگەڵ برادەرانی حیزبی کۆمۆنیست هێنا گۆڕێ کەیارمەتی بدەن لەرێگای ئەوانەوە لەبولگاریا بورسیان بۆ وەربگرن کەبخوێنن، شلێر لەبولگاریا خوێندبووی، دکتۆری زارۆکان بوو، دەیویست اختصاص بکات و رێگایان نەدەدا، واتە بورسیان نەدەدایە، برادەران داخوازەکەی منیان وەرگرت و کاك شێرزاد قازی کەبەرپرسی ئەو کارە بوو، گوتی: (خەبەر بدە ئەوراقەکانیان بنێرن، لەسەر حیسابی خۆمان تەقدیمیان دەکەین)، تەلەفۆنم بۆ دایکی کەمال کرد بەمامۆستا دڵزار دا ئەوراقەکانیان بنێرێ، دوای چەند رۆژ مامۆستا دڵزار هاتەوە، ئەوراقەکانی هێنابوون، هەموویانم دا بەکاك شێرزاد و قەولی دا کەبیان نێرێ، تەواو دڵنیا بووم کەکاری خوێندنی هەرسێکیان جێ بەجێ دەبێ، تەنانەت خەبەریشم دا بەجەمیلەی کەریمی و سیامەکی قازی کەکارەکەیان تەواوە و دێن بۆ خوێندن.

دوای من کاك حەمەدەمینی سیراجی و ماوەیەك کاك رەفیق سابریش وەدوای مەسەلەکە کەوتن و لێیان پرسیەوە، ئاخرەکەی دەرکەوت بەڵێن و قەولی کاك شێرزاد قازی لەبەڵێن و قەولی کۆمۆنیستەکانی بولگاری راستتر نەبوو هەر تك هەر درۆیان فەرموو.

رۆژی ٨٥/٧/١٧ لەژوورەکەمان دانیشتبووین، برادەرێکی حیزبی کۆمۆنیستی سوریا هات و گوتی: (لەمەکتەبی سیاسی ناردوویانم بەدوای تۆدا، دەخوازن

سەریان بدەی) بەکاك حەمەدەمینم گوت: هەستە با بچین، لەپێشدا گوتی: نایەم، پاشان لەگەڵ نەوید قانیعمان کرد و چووینە بارەگای حیزبی کۆمۆنیست، کاك رەمۆ شێخۆ لەگەڵ سێ برادەری تری مەکتەبی سیاسی پێشوازیان لێکردین، دانیشتین و باسی مەسەلەی کورد هاتە گۆڕێ، برادەرانی حیزبی کۆمۆنیستی سوریا بەسەر و گوێلاکی حیزبی تودەدا هاتنە خوارێ و بەتوندی رەخنەیان لەکەیانوری گرت سەبارەت بەمەسەلەی کوردستان و دەیانگوت: (هەرچی بەسەر کوردستانی ئێران هاتوە، خەتای کەیانوری بوە، هیچ یەك لەحیزبە کۆمۆنیستەکان و یا ولاتانی سۆسیالیستی هەڵوێستی حیزبی تودەیان لەبارەی کوردستانەوە پێ راست نەبوە)، بەکاك حەمەدەمینم گوت: ئەوانەش کۆمۆنیستن، دەلێرە دیفاع لەحیزبی تودە بکە! دیار بوو بەمەسڵەحەتی نەزانی خۆی توشی ئەم دم بەدمەیە بکات و نەچوە نێو باسەکە، دوای سەر و گوێ کوتانی کەیانوری رەمۆ شێخۆ بایداوە سەر رێبەرانی حیزبە کوردییەکان و گوتی: (ئێمەش شاشیمان زۆر بوە، پێویستە بۆ یەکگرتنی بزووتنەوەی کورد هەوڵ بدەین) دوای قاوە خواردنەوە رابووین و گەیاندیانینەوە مزڵەکەی خۆمان.

رۆژی ۷/۲۰ فراوینمان لای کاك سامی خوارد و دانیشتنێکی خۆش و باسێکی بەپێز و چێژمان هەبوو، ئێستا ئیتر هەر پێکەوە بووین، ئەم داوەت و دانیشتنانەش دەست پێکرا بوون، نەمزانی ئەوانەی داوەتیان دەکردین و دەچووینە لایان چۆنمان تێدەگەیشتن، منیان وەك ئەوان بەتودەیی دەزانی، یان ئەوانیان وەك من بەکوردێکی پێشکەوتووخواز دادەنا، بەڵام ئێمە خۆمان دەمانزانی کەدۆستی یەکترین و رێبازی سیاسیمان جیایە.

۷/۲۱ کاك عەزیز لەسەفەر هاتەوە، دیار بوو ئەبو نەبیل پێی گوتبوو کەفڵانکەس بۆ یارمەتی دانی گۆڤارەکە نامێنێتەوە و هەر بۆ سەردان هاتوە، کاك عەزیز هاتە لامان، هەستم کرد تۆزێ گرژ بوو، چونکە ئەو پێی وابوو کەدەمێنمەوە و لەگەڵ گۆڤارەکە کار دەکەم، پاشان تێمگەیاند کەوا خەریکی دەرکردنی رۆژنامەیەکی

کوردیم و هێندێ هەنگاویشم بۆ هاویشتوون و هیوادارم ئێوەش یارمەتیم بدەن، لام وایە هاوڕێ عەزیز قەناعەتی هات و گەڕانەوەمی لەدڵی گران نەهات.

ڕۆژی ٧/٢٢ لای ئێوارێ کاك ڕەمۆ شێخۆ لەگەڵ دوو ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی کۆمۆنیستی سوریا هاتنە لامان، دانیشتن و چایان خواردەوە و لای کاك حەمەدەمینیش لەچای بەدەر خۆ چیتر گیر نەدەکەوت! پاشان ئەبو جەنگۆ منی بانگ کردە ژوورێکی دیکە و پاکەتێکی هێنادەر و گوتی: (ئەوە پارەیەکی کەمە بۆ حیزب بەم بۆنەوە لێرە میوانی بۆ تۆی ناردوە)، لەگەڵ سوپاس خۆ نەدەکرا دەستی کەرەمێ ڕەت کەمەوە، لەڕۆشتندا داوەتیان کردین کەشەوی دوایی بۆ شیو خواردن میوانی ئەوان بین، دوای ڕۆیشتنی ئەوان پاکەتم هێنا دەر و دیتم شەش هەزار لیرەی سوریە، هەر یەکەی دوو هەزار لیرەم لەپێش دانان و گوتم خەرجی کەن و تۆزێ لەفەقیری وەرنە دەرێ، گوتیان نامانەوێ، ئەو پارەیان بۆ تۆ هێناوە و ئێمە چەند مانگە لێرەین هەر نەشمان دیتون.

گوتم لەو قسانە گەڕێن، لەسایەی حیزبی تودەوە، ئێوە لەمن فەقیرترن، پارەمان وەك برایان بەشکرد و من گەلێك سوپاسی برادەرانم کرد، شەوی دوایی چوویینە میوانداری باسکراو، هاوڕێ ڕەمۆ شێخۆ، برایم بەکرۆ، ئەبو شەهاب، عومەر صباعی هاتبوون و برادەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقیشیان بانگ کردبوو، شەوێکی خۆشمان بردە سەر.

لەو کاتەدا دکتۆر جەلیلی جەلیل لەشام بوو، شەو لەمالّی بەیان چوومە لای، لەسەر مەسەلەی کورد و بەتایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستان، باسێکی دوور و درێژمان هەبوو، دکتۆر جەلیل بەتەواوی سیاسەت و هەڵوێستی سیاسی دکتۆر قاسملۆی پێ ڕاست بوو پشتیوانی لێ دەکرد، دەیگوت کورد گەرەك بتوانی لەسیاسەتدا مەلەی بکات.

٧/٢٨ ئێوارێ کاك عەزیز هاتە لامان و شێوی لەلای ئێمە خوارد و دوای قسە و باسێکی خۆش و زۆر مالاّواییم لێ خواست کەبەیانی بگەڕێمەوە، سبەی لەگەڵ کاك

حەمەدەمین و کاك نەوید چووینە فڕۆکەخانە و تا سوار بووم ئەوان هەر لەوێ مانەوە، بەدڵخەوە لێك هەڵبڕاین و لام وایە یادێکی خۆشمان بۆ یەکتر بەجێ هێشت.

گەڕانەوە بۆ سۆفیا

ڕۆژی ٨٥/٧/٢٩ لەئەستەمبوڵ لەفڕۆکە دابەزیم و چوومە نێو شار کەبچمە هوتێل، بەهەڵکەوت تووشی صادقخانی زەرزا بووم، ئیتر نەیهێشت بچمە هوتێل و چوینە ماڵی ئەوان دوو ڕۆژ نەیهێشت سەفەر بکەم، میوانداری و زەحمەتەکانی لەنوسین نایەن، لەماڵی ئەوان خەبەرم بیست کەسەرگورد عەلیار شەهید کراوە، لەرادەبەدەر خەفەتبار بووم، هەستی برایەتی و پیاوەتی صادق خان و خزمەت و میوانداری خوشکەکانی هەرگیز لەبیر ناچنەوە.

٧/٣١ بەقەتار گەڕامەوە بۆ سۆفیا، خەریکی تەواو کردنی کتێبەکەم بووم، بەڵام بۆ لێکۆڵینەوەیەکی خەست پێویستم بەفاکت و بەڵگە هەبوو، پێم وابوو کەدەبێ لەسۆفێت پتر لەهەموو شوێنێك لەسەر کۆماری کوردستان بەڵگە هەبن، ساڵی ١٩٨٢ کاتی سەفەری مۆسکۆ، لەگەڵ ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی سۆفێت ئاشنایەتیم پەیدا کردبوو، بەم بۆنەوە نامەیەکم بۆ نوسین و داوام لێکردن کەداوەتنامەیەکم بۆ بنێرن بۆ ١٥ ڕۆژ بچمە مۆسکۆ، بەڵکو بتوانم هێندێ بەڵگە بدۆزمەوە، نامەکەم لەڕێگای بالیۆزخانەی سۆفێتەوە نارد.

لەو کاتەدا نامەیەکی شیرینی صارمخانی صادق وەزیریم بۆ هات کەبەتاریخی ٨٥/٧/٧ نوسیبووی، صارمخان هەروەك جاران نامەکەی بەوشەی جوان و شیرینی (برادر ارجمند و عزیزم کاك کریم) دەست پێکرد بوو، دوای دەربڕینی گلەیی کەوەڵامی نامەکانی پێشووم نەنوسیوەتەوە، نووسیبووی:

(.... لەبارەی برادەرانەوە هەرچی بیزانم لەوپەڕی پاکی و یەکێتی و ڕاستیدا دەیڵێم و دەینووسم، لەبارەی تۆشەوە بەوردی هەر ئەم شێوەیەم بەکارهێناوە،

هەرچەندە زۆرجار بیروڕایەکت هەبوە لەگەڵ بیروڕا و بۆچوونی من یەکی نەگرتۆتەوە، بێ ئەوەی قەزاوەتم لەسەر تۆ بگۆڕم، تێکۆشاوم مەسەلەکان روون کەمەوە، لایەنی مەنتیقی بیروڕاکانم بۆت بنووسم، لام وایە ئەمە ئەوپەڕی یەکدڵی و راستییە، لەم پێوەندییە دایە سەبارەت بەو لاتاوانەی لەنامەکەتدا لەبارەی بۆچوونی من لەسەر رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات هاویشتوتن، سەرسوڕمانی خۆم رادەگەیەنم، برا گیان من چەند جار بیروڕای خۆم لەبارەی رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات بەدرێژی بۆ تۆ نووسیوە، ئاخر رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات خۆ نەگۆڕاوە، هەر ئەوانەن کەچەند ساڵان تۆش لەگەڵیان لەرێبازێکدا بووی و کارت لەگەڵ کردوون، پەسند کردنی شتێکی بەناوی کورتە باس لەکۆنگرەی دواییدا، وەرەسمی خستنی شێوەی بیرکردنەوە و بۆچوونێکە کەئەوان پێشتر هەیان بوە، ئەمە شتێکی تازە نییە..... با واز لەمە بێنین، تەنیا چاوەڕوانم کەلەبیر خۆت نەبەیەوە من لەدەربڕینی بیروڕای سیاسیدا تەنیا لەسەر بناغەی ئوسوڵ دەبزووەوە و هیچیتر، تا ئێستا ژیان و تەمەنم سەبارەت بەم هەڵوێستە لەدەست داوە، لەم دواییە تەمەنەشدا لەم رێگایە لانادەم، هیوادارم بەڵێنەکەت بەریە سەر و بەدیاری خۆت شادمان کەی ارادتمند صارم الدین).

رۆژی ۸۵/۸/۱۵ لەبالێۆزخانەی سۆڤێتەوە خەبەریان دامێ کەلەسەرەتای مانگی سێپتامبر بۆ ماوەی ۱۵ رۆژ دەتوانی بچیە مۆسکۆ، میوانی ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی دەبی.

۸/۲۹ عومەری مەحمودی ئازەر و خالید ئاشتابم بەرێکرد بۆ مۆسکۆ بۆ خوێندن، ئەمە بەرهەمی تێکۆشانی متواضعانەم بوو کەهەوەڵین خوێندکاری کوردی ئێرانی بۆ خوێندن لەسۆڤێت وەردەگیران، ساڵی ۷۸یش دوو کەسیان وەرگرتبوو، بەڵام ئەودەم دکتۆر قاسملۆ نەیهێشت بچن، دەیگوت لەکوردایەتی دەشۆڕێن. (بڕوانە بەرگی پێنجەمی بیرەوەریەکانم).

رۆژی ۸۵/۸/۳۰ دکتۆر تالیب کاکەیی و کاك جەمال رەشید تەلەفۆنیان کرد بچین لەشۆینێ دانیشین و هێندێ دەردی دڵ بکەین، لەچایخانەیەك دانیشتین و دەستمان کرد بەداخ دەربڕین بۆ کوردی لێقەوماو، ئەودەم بولگاریا ئەو خوێندکارانەی دەردەکرد کەخوێندنیان تەواو کرد بوو.

لەنێو قساندا دکتۆر تالیب گوتی: بۆ مێژوو با شتێکتان بۆ بگێڕمەوە: (ساڵی ۱۹۷٤ بۆ نووسینی نامەی دکتۆرام پێویستم بەنوسراوە و بەڵگە هەبوو، چوومە کوردستان و چوومە لای کاك مەسعود بارزانی داوام کرد کەرێگا بدەن لەئارشیوی پارتی سەیری هێندێ سەنەد و بەڵگە بکەم کەبۆ دکتۆراکەم پێویستن.

کاك مەسعود نامەی نوسی بۆ حەبیب محەمەد کەریم، ئەویش نامەی نووسی بۆ سەبری بۆتانی، کەچووم ناوبراو ئارشیوی پارتی خستە بەر دەستم، لەنێو نووسراوەکاندا چاوم بەنامەیەك کەوت کەدکتۆر عیسمەت شەریف بۆ سەرۆك بارزانی نووسیبوو، عیسمەت شەریف وەك نوێنەری سەرۆك بارزانی دەچێتە واتیکان و چاوی بەکاردینالێك دەکەوێ و داوای یارمەتی لێدەکات، کاردینالّ لەلایەن واتیکانەوە رادەگەیەنێ و دەڵێ: (ئێمە بەمەرجێك یارمەتی ئێوە دەکەین کەفەوجێك چەکدار لەئاسوریەکان پێك بێ و سەربەخۆ بۆ یارمەتی پێشمەرگە شەڕ بکەن، ئەگەر بزووتنەوەی کوردستان سەرکەوت، ناوچەیەکی ئاسوری نشین لەکوردستان بۆ ئاسوریەکان دیاری بکرێت لەوێدا بژین)، سەرۆك بارزانی وەڵام ناداتەوە، قسەکانی دکتۆر تالیبم لەدەفتەری یادداشتەکانمدا نووسیوەتەوە.

۸۵/۸/۲۹ نامەیەکی غەنی بلوریانم پێگەیشت کەوا لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە:

نامەی ۸۵/۸/۲۱، بەڕێز کاك کەریم. پاش سڵاو و ڕێز بۆ جەنابت و خوشکە خەجیج و منداڵان ئاواتەخوازی تەندروستیتانم گوێا سەفەرێکی دوور و درێژت بۆ لای هاوڵان بوە، کاکە مین تەلەفۆنی کرد وتی سێ هێنو لێرە بوە و گەڕاوەتەوە گەرەکیەتی سەفەری ئەوروپا بکات، ئیتر نازانم رێکەوتوی یا نا، من چەند جار

تەلەفۆنم کرد بەڵام نەگەڕابویەوە، ئەو ڕۆژانە کۆڵەم کوتراوە، تەلەفۆنخانە ئاوەڕووتی کردوم، ٢٣٤٠ کرۆنم پارەی تەلەفۆن داوە، گوێا دەقیقەی ٨٠ کرۆنە بۆ وێ، بۆ جێگای تر فرەترە، بۆ ئێران ١٨٠ کرۆنە، ئیتر من چیدی زات ناکەم تەلەفۆن بکەم، چونکو ئەو مانگە دەبێ بەڕۆژو بم، بڕیارم دا ئەوسا نامەت بۆ بنوسم و لێك ئاگادار بین، گوێا لای کاك عەزیز گلەیی بارانت کردووم کەگوێا خۆم شاردۆتەوە، پیاوی چاك کاتێك لەگەڵ هاوڕێ لەهوتێل پراگ لێك هەڵبڕاین تۆ وتت بەیانی ئەگەڕێیتەوە، ئیتر خۆ من عیلمی غەیبم نییە بزانم بڵێیت بۆ تۆ تاجیل دەبێ، تازە تۆ تەلەفۆنی مەجەلەت لا هەبوو دەبوایە تەلەفۆن بکەی من دەهاتم، دیسان ئەو ڕۆژە کەلەنێزیك کۆتوا تووشی یەك هاتین و چوینە چایخانەکەی سەر ڕووبارەکە تۆ نەت وت دیسان دەمێنمەوە و قەرارم لەگەڵ دابنێ، ئیتر بۆ چ من تاوانبارم لەو بابەتەوە، ئێستا ئەوا من لەبەر تەنیایی و بێکەسی مرۆ دادەتاشم دەمێکم لا بیت، جا چۆن بمزانیبایە تۆ هەروا لێرە ماوی بەخەتەرم دەدای، ئێستا ئەوە تەلەفۆنی منت لایە هەر کاتێك ڕێك کەوت بێتە پراگ ئەوا مالّ و حاڵێکم هەیە تا دڵت دەخوازێ و پێت دەکرێ لام بە سوپاسیشت دەکەم، چونکو غەنیمەتە، ئەوا مجەلەیەکی فیدایی اقلیت و بیانیکم هی وان بۆ ناردی، مجەلاتی پارتی عێراقم زۆرە، بەڵام لام وایە پێویستت نەبێ لەبەرئەوە نەم ناردووە، ئیتر هەر سڵاو و خۆش بی مصطفی سوران، نامەم بەو نێوە و بەئادرێسەکەی مەجەلە بۆ بنێرە ئەگەر لازمتان زانی، بەڵام من هەر جار هەڵکەوێ بۆ دوعا و سڵاویش بێ هەر نامەیەك دەنووسم، چیرۆکێکم جارێك خوێندەوە کابرایەکی ناشیرین کەکەس خۆی لێ نەدەدا و تەنیا دەژیا لەبەر تەنیایی تووشی سەخڵەت و پەژارەیەکی زۆر دەبێ تا لەئاکاما بیرێك دەکاتەوە، خۆی نامە بۆ خۆی دەنوسێ بەناوێکی تر مثڵابە ناوی ژنێکی ڕێك و لوس، بەئادرێسی خۆی ئەی دا بەپۆست و پۆستچی هەرجارە نامەکە لەگەڵ نامەی خەڵکی تر لەصندوقی پۆستی مالّی کابرای داوێژێ، ئەویش هەر جارە لەبەر چاوی هاوسایەکانی دەچێتە سەر صندوقەکە و نامەکە

دەردەهێنێ و هەر لەوێ دەیکاتەوە دەست دەکا بەخوێندنەوە، بەدەمیەوە پێدەکەنێ، کەگوێا مەتڵەبی زۆر جالبی تێدایە هەرکاتە بەو جۆرە خۆی دەلاوێنێتەوە، منیش گەرەکمە لەم فێڵە کەڵک وەرگرم خۆم فریو بدەم، مەسەلەی نوسراوەی دایکی نیشتمان ئەوا دەستم پێکردوە ئەوەی لەبیرمە دەینوسم دیارە تەواو نییە و کورتەیەکە بەڵام ناوی کەسم تێدا نەبردوە چونکو بەداخەوە گشت ئەوانەی لەگەڵما شەریکی نومایشەکە بوون بەهیچ و پوچ دەرچوون، هێندێکیان بون بەساواکی ئیتر هەر باسیان ناکرێ تەنانەت فەرامۆش بکرێن باشترە، تەنیا ناوی عەبدوڵڵای نەهری کەپارەکە ئەتو خۆش لەبەر ئەوە رۆڵی دایکی نیشتمانی هەبوو، پیاوێکی کارمەند بوو دەنگ خۆش، ناوی ئەوم بردوە و شیاویەتی، بەراستی ئەو نومایشە ئەشتێکی مێژوویییە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا باسی نەکراوە، خۆشم لەبەر بێکاری ئەوا خەریکم شتێك ساز کەم و بیرەوەرییەکانم بنوسم، بەڵام بەشێنەیی و بۆ پاش مردنم و رزگاربونم، ئەوسا ئەگەر کەسانێك پێویستیان بێ بەهرەی لێ وەرگرن با ئیستفادەی لێ بکەن ئەگینا چاڵی کەن وەك تەرمی خۆم، نامەکەم پاش خوداحافیزی درێژە پێدا، بەقەولی مەنگوڕان بادانەوە عەیب نییە، ئیتر بەدوعا چیتر باناداەمەوە، مصطفی، ۸۵/۸/۲۱.

من بەعادەتی خۆم هەمیشە وەڵامی نامەکانم داوەتەوە، هێندێ جار رووتووسی نووسراوەکانی خۆم رادەگرت و هێندێ جاریش بەپێویستم نەدەزانی، بەداخەوە وەڵامی ئەم نامەیەم لا نەماوە، بەڵام دیارە وەڵامەکەم نووسیوەتەوە چونکە زۆری پێ نەچوو کە ۸۵/۹/۱۰ دیسان مامە غەنی ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ ناردووم:

بۆ بەڕێز کاك کەریم! رۆژتان باش، نامەکەت گەیشت، بۆن و بەرامی (ناسیۆنالیزمی) پێوە لکا بوو، لەتەمەنی جوانیما کتێبی (مەسەلەی میلی و مستعمراتی) نوسراوەی ئەستالینم خوێندۆتەوە، لەیەکەم دێڕی کەدەس پێدەکا

دەنووسێ: (هەرکەس نەتەوەی خۆی خۆش نەوێ ئەنترناسیۆنالیزم نییە) هەلبەت دەزانی کەئەستالین پیاوێکی گەورەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی پاش لینین بوو، وەخزمەتی زۆر بەنرخی بەکۆمۆنیسم کردووە، بەڵام لەئاخری ژیانیا تووشی هەڵە بوو، پاش مردنی هەڵەکانیان کوتا بەڵام زۆر توند بوو، ئەمما تا ئێستاش کەس دەری نەبڕیوە کەلەباری تیۆری زانستیەوە جێگای پرسیارە، چونکو بەرێبازی موئمین بوو، کەواتە قسەکەی لەم بارەوە راستە و پڕ بەپێستی من و تۆ و هی وەك ئێمەیە، ئەو کەسانەی ئەوە تێ ناگەن بێ تاوانن چونکو لەو بارەوە حاڵی نین، هەڵبەت تۆش وەك من بیروباوەڕی تەسکی وەك کابرای گرینۆك پەسند ناکەی، من کاتێك چاوی سیاسیم هەڵبڕیوە بەکوردایەتی روناکی جیهانم بەدی کردوە، هەر بەو بۆنەوەش تێ هەڵدراو بووم، دەشزانم پاش ئەوە کەکۆچی دواییم کرد لەجیهانی تاریکا لێم دەپرسن کەتۆ کێیت؟ لابد کەدەبێ بڵێم کوردم، ئەڵێن دا تێی هەڵدەن (جهەنەمیە) ئێستا کاتێك لێرە منداڵی کەسك و سوور و خەپاڵ و قنج و قۆز کەبووکەڵە بەئالو بووك رازاوە بەڕێ دەکەم، مەلی بیرم باڵ ئەگرێ بەرەو کوردستان دەفڕێ و چاوم بەمنداڵی پێ خواس و رەش و روت و دەست و پێ کەمراوی کوردەواری دەکەوێ کوڵی دڵم هەڵدەستێ و پەژارە دام دەگرێ، ئەوکاتە کەلەسەفحەی تلویزیۆنا منداڵی لەبرسا لەڕ و رووتەڵەی قولە رەشەکانی ئەفریقا دەبینم دڵ پڕ دەبم، ئاخر من ئینسانم و بەبیروباوەڕێکی تایبەت، هەر ئەو هەستە توندوتیژە بوو کەرای کێشام بەو رێبازەدا کەتەنیا رێگای گەلانی زۆر لێکراو و چەوساوەیە، هەربۆیەش کەوتوومە بەر تانە و توانجی ناحەزان، تۆ خۆت بەجورمی چی راونراوی و بەلەونی مەندیل بەسەر و تەق تەقیلە بەپێ پانی جمهوری (ئیسلامی) دراویە بەر تۆمەت، ئاخۆ فەرقی ئەوان لەگەڵ خۆمالّی چییە؟ هەر ردێنەکەیە؟ ئەویش بەدەست خۆیانە دەتوانن دوو گەز درێژی کەن، سوێند بەو بێشکە و لای لایەی بەزمانی سکماکی، کەدایکم لەکۆرپەییا بەئاهەنگ بەگوێیا چرپاندوم، جگە لەهەستی کوردایەتی خاوێن و رێگای راستی رزگاری گەل چی تر

منی لەرێزی لادەران لەرێبازی شەهیدی نەمر قازی جیا نەکردەوە، هیچ مرۆڤێك یا حیزب و رێکخراوێك نە زاتی هەبوە و هەیەتی من بکاتە داردەست، مەگەر باوەڕی خۆم بەرێبازی لەمێژینەی حیزبی قازی، کاتێك کابرای گرینۆك لەکەرکوك گەڕایەوە و حەوت مادەی گۆرینی بەدیاری هێنا، زانیم لەکامە بەهار بەندی دوژمنا خۆ دەبەستنەوە، حەوت مادەی گۆرین سەودا بەخوێنی لاوانی کورد و سەر بەخۆیی حیزب بوو بەقازانجی دوژمنانی گەل، من بەرامبەر وەستام بەڵام بەداخەوە ئەوانیتر بەتێکڕایی چوونە ژێری و گشتیان تاوانبارن، ئەوسا من لەبان هەڵدێرێکا گیرم خواردبوو، لایەکی بەردەڵانێکی پڕ لەمەترسی دێو و درنج و ماری ژاراوی، لایەکەی تر رووبارێکی خورێن و سەرشێت و پڕ لەماسی بێ زەڕ، ئەبویا بڕیار بدەم بەکام لادا خۆم هەڵدێرم، روبارەکەم هەڵبژارد هەر چی بێ ئاو رووناکاییە با نەهەنگیشی تێدا بێ، چونکو هومێد بۆ دەریازبوونی تێدا دەبینرا، بەڵام خەیانەت چارەسەر ناکرێ، دیارە ئینشقاق لەگشت حیزبێکدا ناپەسندە، بەڵام مانەوە لەگەڵ خەیانەت و دەست و پەل ئالاوتن بەخوێنی کوڕ و کیژی کورد بۆ قازانجی دوژمن، لەم زۆر پیستر و تاوانی گرانتر و ناشۆرێتەوە، سەرگوزەشتەکەی کوردستانی عێراقم هاتە بەرچاو و ئاکامی وانەش هەر ئەوەیە، ئەوەی ئەوانە لەشوێن خۆیانا جێی دەهێڵن هەر خوێن و فرمێسك و جلکی ئالاوە بەخوێنی گەشی والی پێشمەرگەی دڵپاکە، تانە و توانجی هێندێك رونەکبیری دوورەپەرێز کەبەقازانجی کابرای گۆرین لەژێرەوە دەبزووتنەوەی چاری دێت، بەڵام خۆفرۆشی و بەکوشتدانی شەست هەزار کورد بەفیڕۆ و بۆ رێبازی چەوت و دژی گەلی چارەسەر ناکرێ، ئەگەر تا ئێستاش هەر مابامەوە ئاخری هەر بەدەردی ئێوە و ئەوانیتر دەچووم، بەڵام بۆ من بەنرخێکی زۆر گرانتر چونکو مەسئولی دووەمی بەسابیقەی حیزب بووم تاوانم فرە گەورەتر دەبوو، بەداخەوە نەتەوەکەمان بەبۆنەی فەرهەنگی ئیستعماری لەباری وریایی سیاسی زۆر لەپاشە، دروشمی توندوتیژ و ئیحساساتی باشتریان راکێش دەکا تاکو مەنتیق و ئوسوڵ، ئەوە

هەمیشە گرفتاری مێژوویی گەلەکەمان بووە، هەربۆیەش هەرکەس و ناکەس بەهاسانی دەتوانێ کاریان تێ بکا و بۆ ڕێبازی مەبەست رایان کێشێ، ئێستا کەمن تۆزقالێك حەساومەوە هەر بەو بۆنەوەیە کەسەرم لەئاخوڕی بەهار بەندی سۆسیال دیموکراسی دا نییە، گەرچی سەر گوزەشتەی نەتەوەکەم خەفەتبارم دەکا، بەڵام هاوڕێ، زەمان قازییەکی عادلە و خەڵکیش بۆ هەمیشە فریو نادرێ، کەچی پێویستە ئەوەش بڵێم ئێمەش تاوانبارین کەلەناو حیزبا لەجیاتی یەکتر گرتن و ڕێگای چارە بدۆزینەوە گۆڕەپانی وڵاتمان بۆ ئەوان خاڵی کرد تاکو تیا ڕمبازێن بکەن و بەشێنەیی خۆ تەیار کەن و لەژێرەوە رای خەڵك سەبارەت بەئێمە بگۆڕن، ئەگەرچی ئەوەش هەر سەردەمێکە بەڵام تاوان بوو، ئێستاش ئێمە خانوچکەیەکی بچوکمان هەیە با ئێوەش هەو بێ دواڕۆژ لەبەرایە بەدەس بەتاڵ و داماو نەمێنین ئەوە خۆی بۆ دواڕۆژ دەبێتە قەڵایەکی پتەو و دەتوانێ بەرەنگاری ڕێبازی ناحەزان بکا و دۆست و دوژمن بەباشی بەگەل بناسێنێ و ڕێبازی قازی بژێنێتەوە، ئەگینا تاوانی دواڕۆژی بەدواوە، پێویست نازانم ئەو قسانە بۆ تۆ بکەم چونکو شارەزای دەردی کوردەواری و دەزانی کەهەر بێ تەشکیلاتی ئەویش بەچەشنی زانستی و بیروڕای پێشکەوتوانە بووە بەدرێژایی مێژوو پشتی کوردی شکاندوە و هەڵی ڕەخساندوە بۆ هەر ناکەسێك، ئیتر بژی بەکامەرانی، برات مصطفی ۱۹۸۵/۹/۱۰.

سەفەر بۆ مۆسکۆ

ڕۆژی ۸۵/۹/۲ گەیشتمە مۆسکۆ، لەلایەن ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤێتەوە یەکێك هاتبوە فڕۆکەخانە و چاوەڕوانم بوو، لەهوتێل (راسبا) ژووریان بۆ گرتبووم، ڕۆژی دوایی لەگەڵ چاوساخێك چوومە ئەستیتو، سەرۆکی ئامۆژگا و یاریدەدەری و کابرایەکی تر کەفارسی دەزانی و نەمزانی چکارەیە لەوێ بوون، باسی کوردستان و بارودۆخی کورد و وڵاتەکانی داگیرکەری کوردستانمان هێنا گۆڕێ،

سەرۆکی ئامۆژگا گوتی: (بەداخەوە لازاریف لێرە نییە، ئەو لەمەسەلەی کورد شارەزایە و دەنووسێ، ئەو دەتوانێ یارمەتیتان بدات).

گوتم من پێویستم بەهێندێ فاکت و بەڵگە هەیە سەبارەت بەساڵەکانی ٤٥–٤٦ لەسەر کۆماری کوردستان لەمەهاباد، لازاریف لەباری مێژووی کورد کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ دەنووسێ، راستیەکەی ئەوەیە من لەگەڵ نووسینی رۆژهەڵاتناسەکانی سۆڤێت لەبارەی بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٥–٤٦ زۆر موافیق نیم، ئەوان لەچوارچێوەی سیاسەتی دەوڵەتی دا دەنوسن، هەر ئەوەندەش دەنووسن کەکۆماری کورد لەمەهاباد دامەزرا، ئیتر رووننی ناکەنەوە چۆن دامەزرا؟ بۆ دامەزرا؟ بۆ وا بەهاسانی تێکچوو؟ دەوری سۆڤێت و هاوپەیمانەکان چبوو؟

گوتی: (ئێمە هاوکارێکمان هەیە بەناوی ژیگالینا، لەسەر کۆماری مەهاباد دەنووسێ، ئەو لێرە نییە و شەشی مانگ دێتەوە، تۆ ئەودەم وەرە ئێرە و ئەو دەتوانێ یارمەتیت بدا و بەڵگەی پێویستت بۆ پەیدا کات).

رۆژی ٨٥/٩/٥ دکتۆر بەشیر برادەرێکی کوردی سوریا کەماوەیەکی زۆر بوو لەمۆسکۆ بوو، لەهوتێل (کۆسموس) داوەتێکی ساز کردبوو، نێزیکەی دە دوازدە کەسی داوەت کردبوون، دیار بوو کوردایەتیەکەی نەفەوتا بوو! رۆژی دوایی چوومە ئەنستیتۆ و کابرای فارسی زانیش لەوێ بوو، بانگی دکتۆر ژیگالینای کرد، ژنێکی رووخۆشی میهرەبان و باسی کۆماری مەهابادی دامەزراند.

گوتم ئێوە لەچوارچێوەی سیاسەتی دەوڵەتیدا لەم مەسەلەیە دەکۆڵنەوە، لەکاتێکا ئەم رووداوە بۆ کورد فرە گرنگە و پێویستی بەشیکردنەوەی زیاتر هەیە، بۆیە من تکام ئەوەیە کەیاریدەم بدەی لەکتێبخانەی لینین هێندێ بەڵگە و نووسراوەی ئەودەم بدۆزمەوە، گوتم جگە لەوە رەخنەیەکی دیکەم هەیە، ئەویش ئەوەیە ئێوە بزووتنەوەی کورد بەبزووتنەوەی (میللی دیموکراتیک) ناو دەبەن، لەکاتێکا بەبۆچوونی من بزووتنەوەی کورد بزووتنەوەی (رزگاریخوازییە) لام وایە

قۆناخی ئەم دوو بزووتنەوەیە لەگەڵ یەك فەرقیان هەیە، هەرچەندە هێندێ دیاردەی هاوبەشیشیان هەبێ.

گوتی: (وا من شتێکم لەسەر کۆماری مەهاباد نووسیوە، بۆت دێنم تکایە سەیرێکی بکە، منیش لەکتێبخانەی لینین هەوڵ دەدەم هەر ماتریالێکی وەگیر کەوێ بۆت پەیدا بکەم)، ئەویش ملی نەدا کەخۆم بچمە کتێبخانەی ناوبراو، دوای دوو رۆژ دکتۆر ژیگالینا هاتەوە، نووسراوەیەکی رۆژنامەی (وەستۆك) واتە (رۆژهەڵات)ی چاپی تفلیسی ساڵ ١٩٤٦ی بۆ هێنا بووم، نووسیبووی: (ئینگلیزەکان خەریکن دەیانەوێ دەوڵەتێکی کوردی سەر بە خۆیان لەکوردستان ساز بکەن)، دەك گوتم خودا موبارەکی نەکا، بۆ بەڵگەی وەدەستم کەوت!

من سەیری نووسراوەکەی ژیگالینام کرد و هێندێ هەڵەی ناو و شتی ترم بۆ ساخ کردەوە، بەڵام ئێستاش نەمزانی بۆچی رێگایان نەدا خۆم بچمە کتێبخانەی لینین و بەڵکو بەڵگەیەك، نووسراوەیەك بدۆزمەوە؟!

رۆژی ٨٥/٩/٨ فراوینم لەماڵی کاك عەزیز محەمەد خوارد، کاك عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیریش هات و دوای خواردن گوتی: (گەلێك لەخوێندکارە کوردەکان وا لەماڵی ئێمە چاوەڕوانیت دەکەن).

رابووین و چووینە وێندەرێ، هێندێ برادەری خوێندکاری تینووی دەنگ و باسی کوردستان کۆببوونەوە، باس و گفتوگۆیەکی خۆشمان هەبوو، شەو خوشکە (ئازا) یەکێ لەکوردەکانی رووسیا کەلەمۆسکۆ دەژیا، میوانداریەکی کوردانەی ساز کرد و چەند کەسی تریشی داوەت کرد بوون، شەوێکی تەواو کوردانەمان بردە سەر، شەو بەتەلەفۆن لەگەڵ شادڕەوان دکتۆر ڕەحیمی قازی قسەم کرد، گوتی: (ئەگەر گیر دەبی دێمە مۆسکۆ، ئارەزووی دیتنت دەکەم) بەداخەوە دەبوایە بگەڕێمەوە و ئەم دیدارەم بەنسیب نەبوو.

ئەو کاتی من لەمۆسکۆ بووم، دکتۆر عەلی و مریەم خانیش بۆ موعالەجە هاتبوونە مۆسکۆ، لەخەستەخانەیەکی شرۆڤیان دانا بوون، رۆژێکیان شوتیەکم کڕی و

چـوومە سـەردانیان، زۆر ناڕەحـەت بـوون، چـونکە بەراسـتی خەسـتەخانە و موعالەجەکەیان شتێکی وا نەبوو.

٨٥/٩/١٤ گەڕامەوە بۆ سۆفیا، کەهاتمەوە نامـەی صـارمخان و کـاك حەمـەدەمینی سـیراجی و کـاك عـەزیزی مـاملێ و جەمیلـەی کـەریمی و مـەهین و مریـەمی زەرزا خوشکی صادق خانی و دکتۆر کەمال میراودەلی و دکتۆر قادری مـەحمودزادەم بـۆ هاتبوون، دانیشتم دەستم کـرد بەنووسـینەوەی وەڵامـی نامـەکان و درێـژە پێـدانی نووسینی کتێبەکەم.

دوای تـەواو کردنـی نووسـینی بـەتایپێکی نالـەباری فارسـی، دەسـتم کـرد بەنووسینەوەی بەزەحمەتێکی زۆر و خەتێکی نـاخۆش و هەڵـەی زۆر تـەواوم کـرد، زۆرم هەوڵ دا کەبەڵکو بتوانم وەك نامیلکەکانی تر لەسۆفیا بەقاچاغی چـاپی کـەم، بۆم نەلوا. ناچار بۆ چاپکردنی دەبوایـە بـەرەو ئـەوروپا بچـم، لەوکاتـەدا نامەیـەکی پێـنج لاپـەڕەیی صـارمخانم بـۆ هـات کـەدیار بـوو لـەوەڵامی نامـەی منـدا نووسیویەتەوە، لەنامەکەیدا بـەدەلیل و بوڕهـان رووشـی کردبـۆوە کەلەهەلومـەرجی ئێستادا پێکهێنانی رێکخراو و حیزبی تازە کارێکی باش و بـەقازانج نییـە، بـەکورتی ئاوێکی پـاکی بەدەسـتی مـن و کـاك ئـەمیری داکـرد بـوو کەچـەند جـار مەسـەلەی پێکهێنانی رێکخراوێکمان لەگەڵ هێنابوە گۆڕێ.

صـارمخان لەنامەکەیـدا دوای شـیکردنەوەی گـەلێك بـاس و مەبەسـتی نێوانمـان نووسیبووی: (..... ئەرکی بنەڕەتی ئەوەیە کەوابکرێ، جوڵانەوەی ئێستا لەسـەر پێی خۆی راوەستێ و لەشکان و کـەوتن نـەجاتی بێت، هـەر جموجـۆڵێکی ببێتـە هۆی شکان و کەوتنی بزووتنەوە پێویستە خـۆی لێ بپـارێزرێ، مـن قـەت شـتی وام نەنووسـیوە کەبێـژم رێبـەرانی رێکخـراوە سیاسـیەکانی کوردسـتان (سـازمانهای موجود) دەتوانن بزووتنەوە سەر بخەن، من نەك هەر لەنامـەی تایبـەتی دا بـۆ تـۆ، بەڵکو لەنوسراوە رەسمـی و چـاپکراوەکانی خۆمـداو.لەهـەموو شـوێنێ لەرێبـەرانی رێکخراوەکانی ئێستا رەخنەم گرتوە، نووسیومە کەئـەو رێکخراوانـە لەهەلومـەرجی

ئێستادا لەوزە و توانایاندا نییە رێبەرایەتی بزوتنەوە بکەن، تۆ دوای کۆنگرەی شەش و دەرکردنی چەند کەس گەیشتوویە ئەم نەتیجەیە، لەکاتێکا من پێش دوو ساڵ و لەپێشتریش کاتی نووسینی گەلاڵەی (شورای شۆڕشگێڕی سەرانسەری کوردستان) بەرك و راستی ئەوەم باس کردووە و نووسیومە، جا بەم حاڵە سەیر نییە کەتۆ ئێستا دەڵێی گوایا من لام وایە رێبەرانی ئێستای رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان دەتوانن بزووتنەوە بگەیەنن قۆناخی سەرکەوتن و مەقصود.

تۆ ئێستا ترسی ئەوەت هەیە کەقاسملۆ بزووتنەوەی کورد بەدەردی جولاّنەوەی عێراق بەرێت، ئەگەر لەبیرت بێ لەسەرماوەزی ١٣٥٨ی گوێگتەپە، لەکۆبوونەوەی دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورددا کەتۆش بەشدار بووی، وریابیم دا بەهەموو رێکخراوەکانی کوردستان کەنەکا بەرێگایەکدا برۆن کەمەلا مستەفا پێیدا رۆیشت، هەر ئەودەم وەبیرم خستەوە کەهەموو رێکخراوەکانی کوردستان، بەشێخ عیزەدین و قاسملۆ و چریك و کۆمەڵەوە، بەقەدرایی نیوەی ئیعتیبار و زاکون و شەخسیەتی مەلا مستەفایان نییە... من ئێژم ئەگەر ئیمرۆ خەڵکی کورد لەکوردستان گوێ دەدەنە قسەکانی رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات یا کۆمەڵە و پشتیوانیان لێ دەکەن، لەبەر ئەوەیە لایان وایە وا بیر دەکەنەوە کەئەو رێکخراوانە بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوەیی کورد بەربەرەکانی دەکەن.

ئەگەر کەسێك پەیدا بێ، وا بیر بکاتەوە کەخەڵکی کوردستان جۆرێکی تر بیر دەکەنەوە، ئەو کەسە دۆستی میللەتی کورد نییە، بەڵکو ئاو بۆ ئاشی دوژمنانی میللەتی کورد، واتە شۆڤێنیەکانی فارس و تورك و عەرەب هەڵدەبەستێ، من بۆ وەبیر هێنانەوەت کاك کەریمی خۆشەویست داستانی تاقمی حەوت کەسەت بەنموونە بۆ دەهێنمەوە، غەنی بلوریان پێشینەی سیاسی لەتۆ زیاتر بوو، لەبواری درێژەی حەپس و زیندانیشدا، وەزعی تایبەتی هەبوو، لەلایەکی ترەوە ئەو لەبنەوە ئەندامی حیزبی تودە بوو، هەر بەو دەلیلەش و لەهەمووی گرنگتر حیزبی تودە و پشتیوانی حیزبی تودەش پشتیوانیان لێکرد، بەڵام بۆچی ئاوا سوك و

زەلیل و مەنفور بوو؟ چونکە خەڵکی کوردستان بەهەستی غەریزی خۆیان، زانیان کەئەوانە دەیانەوێ چۆك بەبەربەرەکانی دابدەن و بزوتنەوەی کورد تەسلیمی خومەینی بکەن و بیخەنە بەر رەحمەتی ئەو، هەروەك رێبەرایەتی حیزبی تودە کردی، ئەوەبوو کەنەپێشینەی سیاسی و نەزیندان هیچیان دەفریای نەکەوتن، خەڵکی کورد حوکمی خۆیاندا و لەراستیدا ئەویش و جەرەیانەکەشی خرانە نێو زبڵدانی مێژوەوە.

ئێستاش هەر وایە، خەڵکی کوردستان هەر بزووتنەوەیەکی کەبزانن بەربەرەکانی میللی لەبەرانبەر داگیرکەراندا کز دەکا، رەتی دەکەنەوە. هەڵە و لادانی رێبەرایەتی مەسەلەیەکی تر کەدەکەوێتە حاشیەی مەسەلەی بنەڕەتی، بۆ ئەوەی خەڵك بەراستی ئەوە تێبگەن و لەنێوەرۆکی حاڵی بن، پێویستە کارێکی گەورەی سیاسی و ئیدیۆلۆژی دەست پێ بکرێ... ئەوەی لەبارەی هەڵەی حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئێران و تورکیا و عێراق سەبارەت بەکوردستان نووسیوتە، مەسەلەکە فرە قوڵتر و ریشەدارتر کەتۆ باستکردوە، لەبارەی رەگ و ریشەی هەڵە و لادانی ئەو حیزبانە کەنەیانتوانیوە لەسەر بناخەیەکی مارکسیستی و بۆچوونی زانستی لەبارەی مەسەلەی کوردەوە هەڵوێست بگرن، قسە زۆرە، ئەوە خۆی دەتوانێ رۆژێك ببێتە بناخەیەك بۆ کاری لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی درێژ و بەکەلك، بەبیروڕای من گرنگترین هۆکاری ئەو مەسەلەیە ئەمەیە کەئەو کەسانەی ناوی خۆیان ناوە کۆمۆنیست و رێبەرایەتی رێکخراوی کۆمۆنیستیان گرتۆتە دەست، سەرەڕای هەڵگرتنی دروشمی شۆڕشگێڕی لەتۆڕوداوی خەیاڵی وردە بۆرژوازی دا ئەسیر و قەتیس ماون، کات و زەمانێکی زۆری گەرەکە تا خۆیان مشتومااڵ بکەن و پاك بنەوە و بەکردەوەش نەك هەر بەقسە ئەم وتەیەی مارکس تێبگەن کەدەڵێ: (میللەتێکی ئازاد ناتوانێ میللەتێکی تر لەزنجیری دیلی و کۆیلەتی دا رابگرێ)، ئەم باسە فرە دوور و درێژە و مەبەستیشم ئەم نووسین و ئاخافتنە عەوام فریوانە و بازاڕییە نییە کەلەنامیلکەی کورتە باسدا هاتووە، بەڵکو

مەبەستم شیکردنەوەی سیاسیە بەشێوەی زانستی و دۆزینەوەی رەگ و ریشەی لادان و لادەرییە.....).

نامەی صارمخانی صادق وەزیری و بۆچوون و لێکدانەوەی ئەوەندە زانستی و دڵسۆزانە بوو، سەرەڕای هاندانی برادەرانی دیکە بۆ دروستکردنی رێکخراوەیەکی سیاسی، لای خۆم بڕیارمدا کەواز لەو کارە بێنم و بۆ دەرکردنی رۆژنامەیەکی کوردی سەربەخۆی دیموکرات و پێشکەوتوخواز بەجیددی دەست بەکاریم، بەڵام پێتان وایە بەقەوڵی سەید رەسوڵی شەهید: (کوردەکە بەجارێك و دوان ئاقڵ دەبێ؟) لانی کەم لەبارەی خۆمەوە وەڕاست گەڕاودەرسم وەرنەگرت و درەنگتر تووشی هەڵە بوومەوە، پەلە مەکەن لەداهاتوودا حکایەتەکەی دەخوێننەوە، چونکە لەبیرەوەریەکانمدا، چشتێك پاشقول نادرێ!

سەفەر بۆ ئەورووپا

دوای ئەوەی ناهومێد بووم لەچاپکردنی کتێبەکەم لەبولگاریا، بڕیارمدا لەگەڵ خۆم بیبەمە بەرلین یا ستۆکهۆڵم، بەڵکو بتوانم چاپی بکەم، هەر لەو کاتەشدا سەرێکی بەڕێز صادق وەزیری بدەم و مەسەلەی هاوکاری رۆژنامەی لەگەڵ یەکلا بکەم.

رۆژی ۸۵/۱۰/۱۰ چوومە بەرلینی رۆژئاوا، شوێنێکم دەناسی کەساڵی ۷۶ رۆژنامەی کوردستانم لێ چاپ کردبوو، کەچووم شوێنەکە نەمابوو هیچم بۆ نەکرا، شەو چوومە رەستورانی کوردستان نان بخۆم، چاوم بەوشەی کوردستان کەوتبوو، بەپێویستم زانی کەسەیرێکی بکەم، کەمالی حەبیبی خەڵکی لای خۆمانم دەناسی، دیتم لەوێ کار دەکات، کەمال لاوێکی قۆزی هێنا و پێی ناساندم بەناوی چالاك و خەڵکی کۆیە، دیار بوو چالاك بەناو منی دەناسی، نانێکی باشیان بۆ هێنام و لەلام دانیشتن، باسی رەستوران و ناوەکەم پرسی، گوتیان کوردێکی ئێرانیە و بەم ناوە رەستورانی کردۆتەوە، هەر زاڵەیان بوو لەچنگی کەچۆنیان دەچەوسێنێتەوە، جاری وایە بەدوو مانگ مەعاشەکەیان ناداتێ، دەیانگوت

سندوقێکی داناوە لێی نووسیوە یارمەتی بۆ کوردستان، خەڵك یارمەتیەکی زۆر دەکەن، بەڵام راستە بۆ کوردستانە، واتە (رەستورانی کوردستان!).

دەنگۆی لای خۆمانم وەبیر هاتەوە دەیانگوت: یەك لەرێبەرانی لای ئێمە یارمەتی لەملاولا وەردەگرێت و کەلێیان دەپرسی ئەم یارمەتیە بۆ چییە؟ دەیگوت بۆ شۆڕشە! کوڕەکەی نازناوی شۆڕش بوە!!

چالاك داوای لێکردم بۆ گۆڤاری (پرشنگ) وتاریان بۆ بنووسم و بەڵێنی دا کەگۆڤارەکەم بۆ بنێرێ، پێوەندیم لەگەڵ چالاکی روح سوك و جوامێر بەردەوام بوو، یەك دوو جار کتێبەکانیشمی فرۆشت و دۆستایەتیمان ئێستاش بەردەوامە.

رۆژی ۸۵/۱۰/۱۲ چوومە لۆزان لای صارمخان، مەسەلەی دەرکردنی رۆژنامەم هێنا گۆڕێ و گوتم: ئەگەر جەنابت هاوکاری بکەی، من موخاریجی دەرکردنی رۆژنامەیەکی دوو حەوتوویی یا مانگانە وەستۆی خۆم دەگرم، پێشتر لەگەڵ سالاری حەیدەری و مەلا محەمەدی حزری و کاك ئەمیری قازی و کاك عەزیزی ماملێ و رەحمانی حاجی ئەحمەدی باسی دەرکردنی رۆژنامەم کردبوو، وەك لەنامەکانیان دەردەکەوێ، جگە لەکاك ئەمیر ئەوانیتر هانیان دەدام کەتا زووە دەست بەکار بم، ئەوان لایان وابوو کەرۆژنامە دەرکردن هەروەك ئاخافتن و پەیڤین هاسانە و بەقسە هەموو شت دەکرێ، منیش پێم وابوو هەریەکە رابردوویەکی تێکۆشانی سیاسیان هەیە، کاری رۆژنامەش بەبەشێك لەکاری سیاسی دادەنێن، صارمخان گوتی: من ئەوانە ناناسم، رۆژنامە کادری شارەزای نووسینی گەرەکە، تۆ ئەشێ لەو بوارەدا زیاتر موتالآ بکەی، بۆچوونی صارمخانی لێرەشدا لەلێکدانەوەی من راستتر بوو، هەقی بوو کەلەدوایەدا بۆ منی دەنووسی: (تو مرا با طنابهای پوسیده به ته چاه ئەنداختەی) واتە (منت بەتەنافی رزیو خستۆتە چاڵەوە).

گوتم دەچم جارێکی تریش دەیاندوێنم.. ئەگەر ئامادەیی خۆیان بەتەواوی نیشان دا، وا هەموومان لەپاریس کۆدەبینەوە و بەرنامە و ئایین نامە بۆ رۆژنامە دیاری دەکەین و دەست بەکار دەبین.

صارمخان بەبۆنەی ٤٠ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دیموکرات پەیامێکی بۆ حیزب نارد بوو، بەڵام ئەوان بڵاویان نەکردبۆوە، باسمان کرد کەلەهەوەڵین ژمارەی رۆژنامەکەدا پەیامەکەی ئەو بڵاو کەینەوە، صارمخان قەولی هاوکاری دا و بەڵام لەسەر هەڵسەنگاندنی هاوکاران پێی داگرت و شەرتێکی دیکەشی دانا کەمن بتوانم ئەنجامی بدەم، لەکاتێکا لەدەسەڵاتی مندا نەبوو.

رۆژی ١٠/١٣ چوومە پاریس، لەگەڵ کاك عەزیزی ماملێ خەریکی ئامادەکردنی کتێبەکە بووین کاك عەزیز سەر خەتەکانی نووسی و خوشکە سیمینی ئیفتیخاری زەحمەتی کێشا سەرخەتی ئینگلیزییەکەی نووسی و زۆری پێوە ماندوو بوو، گەلێك سوپاسی هەر تك لایان دەکەم.

کاکە حەمەی فەرشچی بنکەیەکی زیراکس و فۆتۆکۆپی دانابوو، کتێبەکەی لێ وەرگرتم و دەستی کرد بەلەچاپدانی و ٣٠٠ دانەی بۆ چاپکردم، کاك عەزیزی ماملێش تا تەواو بوونی یارمەتیدا، کاتی ویستم پارەی چاپی بدەمێ، هەرچی کردم وەری نەگرت، داخی ئەوەم ناچێ کەلەکتێبەکەم نەنووسرا: (لەسەر حیسابی کاکە حەمەی فەرشچی چاپ کراوە)، بێجگە لەسوپاس چیترم لەدەست نایە کەقەرەبوی پیاوەتی و جوامێری کاکە حەمە و زەحمەت و پێوە ماندووبوونی کاك عەزیزی ماملێ بکاتەوە.

لەگەڵ کاك عەزیز باسی رۆژنامەمان کرد کەپێشتریش ئامادەیی خۆی راگەیاند بوو، بڕیارماندا بچینە ئەڵمانی لەگەڵ رەحمانی حاجی ئەحمەدیش قسە بکەین.

٨٥/١٠/١٨ چووینە کۆڵن و میوانی دکتۆر ئاسۆی بووین، رۆژی دوایی چووینە بۆن سەردانی ئیقبالی حاجی کەتازە لەکوردستانەوە هاتبوو، لەوێ من چوومە زیارەتی جەنابی شێخی کەسگە سکێ (کاك سەید تەهای کەمالیزادە) من لەگەڵ ئەوان

ناسیاری کۆنم هەبوو، لەعێراق لەگەڵ براکانی دۆستایەتیم خۆشبوو، لەئێران دوای شۆڕش دیسان لەگەڵ کاك تاهیر و کۆڕەکانی دۆستایەتیم هەبوو، بێجگە لەوانە لەهەموان، شێخ و کۆڕەکانی دەربەدەری دەستی حکومەتی ئیسلامی ئێران بوون، کەوابوو من بچمە بۆن و نەچمە سەردانی ئەو شەرتی دۆستایەتی و بۆچوونی راستی سیاسی نییە، هەرچەند هێندێ مێشك بەستەڵکی فەریکە سیاسی رەخنەیان لێ دەگرتم کەچووم سەری شێخم داوە ! دانەیەکم لەکتێبەکەی خۆم پێشکێش کرد زۆری پێ خۆشبوو، دانەیەکیشم لەکتێبەکەم بۆ کاك تاهیری کۆڕی نارد، کاك تاهیر دوای ماوەیەك لەبارەی کتێبەکەم ئەم نامەی خوارەوەی بۆ نارد بووم.

نامەی کاك تاهیر بەفارسی بوو، بەکوردی بڵاوی دەکەمەوە:

(حضور محترم و ارجمند کاك کریم، با عرض سلام و تشکر از ارسال نامه و کتاب ارزشمندتان امیداست سلامت بوده و درخدمت بمردم کردستان موفق باشید... ناوی کتێبەکەتان (کۆماری دیموکراتی کوردستان یا خودموختاری) دەستبەجێ مرۆڤ تووشی بیرکردنەوە دەکات کەکام ناو و کام داخواز لەبارتر و نێزیکترن لەراستی و لەسەرکەوتن، ئێمە دەزانین کەبیری خود موختاری دوای شەڕی یەکەمی دنیا گر کەئیستعماری بەریتانی قاچی گەیشتە ئیمپراتۆڕی عوسمانی هاتە گۆڕێ تا لەم رێگایەوە دژی پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بوەستن، کەوابوو داخوا گەلاڵەی خودموختاری پێڕەوی نییە لەپڕۆگرامی ئیستعمار گەران؟ تازە لەماوەی خەباتی میللەتی کورد بۆ وەدەستهێنانی ئەم مافە کەمەش، هەمیشە تاوانی جیاوازی خوازییان بۆ هەڵبەستووین، واتە بۆ داگیر کەران خودموختاری و سەربەخۆیی هەر یەك واتای هەیە و یەك وەڵام، ئێمە جگە لەزیانی گیان و مااڵ چیترمان لەم ویستە دەستنەکەوتوە، ئەگەر بکرێ جەبهەی دەرەوەی خۆمان بەهێز بکەین و لەنێو

خەڵکی ئازادیخوازی جیهان و دەوڵەتانی ئازادیخوازدا دۆستی بەرساتی پەیدا بکەین، گەڵاڵەی سەربەخۆیی کوردستان لەواقعیەت نیزیکترە، ئەگەر مەسەلەی نەتەوەیی خۆمان لەرەوتێکی نێوخۆیی بکەینە مەسەلەیەکی نێو نەتەوەیی، لەوانەیە گەلێك حکومەت پشتمان بگرن، کاتێکی بیابانگەڕی سەحرا بەئایین و رەگەز و زمان و خاکی هاوبەش لەگەڵ مەڕاکش داوای سەربەخۆیی دەکەن، زۆرانیش لێیان قبوڵ دەکەن، ئێمە بەکولتور و قەومیەت و ئایین و زمان و وڵاتی جیاوازەوە، بۆچی هەقمان نییە داوای سەربەخۆیی بکەین؟ من لام وایە کاتێکی ئێمە دەڵێین خودموختاری بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ ئێران، رێگایەکی هەڵەمان گرتۆتەبەر، چونکو لەوڵاتێکی دیموکراسی نەبێ، خودموختاری قەت نابێ، کونە کاغەزێکە، هەموو کاتێ دەتوانن هەڵیوەشێننەوە، بەڵام ئەگەر بمانەوێ لەپێشدا دیموکراسی هەبێ، ئەم کارە دەبێ بەبەشداری تەواوی خەڵکی ئەم وڵاتە بێ، نەك تەنیا خەڵکی کورد بەحاڵەتی وێرانبوونی مادّ و وڵات بۆی دەست بەکار بن، تازە ئەگەر حکومەتیشیان کز کرد و یا خستیان ئاغاگەلی رەجەوی و شاپور بەختیار و مەدەنی و رەزا شای دووەم و ئایەتوڵا حەکیم تەشریف بێنن و مەسەلەی کوردستان حەوالّەی مەجلیسی یاسا دانان بکەن کەهەر لەئێستاوە تەکلیف مەعلومە، تازە ئەوانە کامیان لەحکومەتە داگیرکەرەکانی ئێستا باشترن کەرێگا بۆ گەڕانەوەی ئەوان خۆش بکەن، کەوابوو کاتێ ناتوانین لەم رێگایەوە نە دیموکراسی بۆ ئێران بێنین و نە خودموختاری بۆ کوردستان، لاوانی خۆمان بۆچی بەخۆڕایی بەکوشت بدەین، باشترە شانسی خۆمان بەفیداکاری لەنێو گەلانی جیهاندا تاقی کەینەوە، رێگایەکی دیکە بەمندالّەکانمان نیشان بدەین، ئەوەندەش بۆ فارس و بۆ عەرەب و بۆ تورك دووپات نەکەینەوە و مندالّەکانی خۆمان فریو نەدەین، داوای لێبوردن دەکەم کەئەم مەسەلانە دێنمە گۆڕێ، گوتنی زۆر هەنە، هەرچۆنێك بێ کتێبەکەت پڕ بایيە، شتی وای تێدایە لەکتێبەکانی تردا باس نەکراوە، بەڵام سەرنج راکێشە کەئەو کارەسات

و بەڵایانەی لەکۆماری مەهاباد هاتنە پێش، لەو سااڵنەشدا دووپات کرانەوە و دەرسمان لەمێژوو وەرنەگرت... درێژە بەقسەکانم نادەم و بەسااڵوی خالیسانەی براکانم نووسراوەکەم کۆتایی پێ دێنم.

برات تاهیر ١٥ ژانویە.

٨٥/١٠/١٩ لەگەڵ کاك عەزیزی ماملێ چووینە بڕێمن و میوانی حاجی ئەحمەدی بووین، سێ رۆژی خۆشمان رابوارد و لەسەر دەرکردنی رۆژنامە دواین و رێککەوتین، کاك عەزیز بەجێ ما خەریك بوو ماشێن بکڕێ، منیش رۆژی ١٠/٢٣ سواری قەتار بووم بەرەو سوید، لەئەڵمان لەو شوێنە کەقەتار بەرەو دانیمارك دەچێتە نێو پاپۆڕ، پۆلیسی ئەڵمان داییەزاندم، چونکە ڤیزای ترانزیتم نەبوو، پاپۆر و قەتار رۆیشتن و منیان بردە پۆلیسخانە، بەینێك وێستام، سەرۆکی پۆلیس هاتەوە، سەیری پاسپۆرتەکەمی کرد و گوتی بڕۆ.

بەاڵم بۆ کوێ بڕۆم، قەتاری من رۆیشتبوو، بەجێ مابووم. چاوەڕوان بووم، پاپۆڕێکی دیکە هات، بەاڵم جگە لەماشێنی سواری و باری قەتاری تێدا نەبوو کەبلیت بکڕم و بچمە دانیمارك، لەنێو پاپۆڕەکەدا پیرێژنێك دوکانی هەبوو، جانتا و کتێبەکانم لەاڵی ئەو دانا و هەرچۆنێك بوو بەئینگلیزییەکی سەر و گوێ شکاو تێمگەیاند کەدەچمە سوید و قەتارەکەم رۆیشتوە و بلیتەکەم نیشان دا، گەیشتینە لەنگەرگا و خەڵك دادەبەزی، پیرێژن لێم بوو بەخدری زیندەی مێ، جاری وا هەیە پیرێژن ئەگەر وەگیر کەوێ خێری خوایە ! جانتای هەڵگرت و کەوتە پێشم بۆ قاتی ژێر پاپۆر کەپڕ بوو لەماشێن و گشتیان دەچوونە دانیمارك، گەڕا کابرایەکی ئەڵمانی دیتەوە سواری بێنزێکی نوێ و بەتەنیا، نازانم چی پێگوت و چی لێکرد، کابرای رازی کرد بمگەیەنێتە دانیمارك، کابرا سەیرێکی کتێبەکانی کرد جانتا و کتێبی خستنە نێو ماشێن، پیرێژنم لەئامێزێ گرت و ماڵاواییم لێ کرد و سوار بووم، لەرێگا بەئینگلیزی پرسیاری لێکردم، گوتم کوردم و ئەم کتێبەشم

لەسەر کوردستان نووسیوە، کابرا ئاگاداری وەزعی ئێران و شەڕی کوردستان و حەرەکەی بارزانیش بوو، دە پرسیارانی گرتبووم، زۆر بەکۆڵی دەمتوانی بەئینگلیزیەکی قۆڕ وەڵامی بدەمەوە، خواو راستان گەیشتینە دانیمارک و لەدەست پرسیاری کابرا رزگار بووم، لەپێش ئیزگەی قەتار دایبەزاندم، دیتم خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە چاوەڕوانی قەتارن، هەر ئەو قەتارەی من جێگام تێدا گرتبوو گەیشتێ، سوار بووم و لەجێی خۆم لێی نوستم تا ستۆکهۆڵم، دکتۆر جەمشیدی حەیدەری و مەلا محەمەدی خزری چاوەڕوانم بوون.

رۆژی ۱۰/۲۵ کاك ئەمیری قازی هاتە لام و باسی دەرکردنی رۆژنامەم هێنا گۆڕێ، کاك ئەمیر گوتی:

(رۆژنامەی بێ تەشکیلات هیچ ناهێنێ، باشترە حیزبێك ساز بکەین بەبیروڕای جیاواز و بۆچوونی جۆراوجۆر، بەڵام حیزبێکی کوردستانی بێ)، من دوای نامەی صارمخان و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەوروپا، لەسەر وازهێنان لەسازکردنی حیزب لەئەوروپا ساخ ببوومەوە، وام دانا بوو جارێ رۆژنامەیەك بڵاو بکەمەوە و بزانم لەنێو کوردەکانی کوردستانی ئێران دەنگدانەوەی چۆن دەبێ و چەندە لەدەوری کۆدەبنەوە؟!

دەستمان کرد بەبڵاوکردنەوەی کتێبەکە (کۆماری دیموکراتی کوردستان یاخودموختاری)، برادەرانی (پێشەنگ) دەیانویست کتێبەکە بکەن بەکرمانجی بەو شەرتەی ئێمە یارمەتیان بدەین، لەگەڵ مرادی سکرتێری (پێشەنگ) رێککەوتین کەئەوان کتێبەکەی من بکەن بەکرمانجی و بۆخۆیان بیفرۆشن، لەبەرانبەردا بەرگی یەکەمی بیرەوەریەکانم بۆ من چاپ بکەن.

لەسەر ئەم رێککەوتنە بەیارمەتی تەواوی مەلا محەمەدی خزری کتێبەکەیان کرد بەکرمانجی و هەزار نوسخەیان لێ چاپ کرد و فرۆشتیان، قەرار بوو ۵۰ دانە بدەن بەخۆم نەیاندا، سەرەڕای ئەو هەموو زەحمەت و یارمەتیەی کەمەلا محەمەد کێشابووی و یارمەتی دابوون کەبیکەنە کرمانجی، هەر ناویشیان نەنووسی و

سوپاسێکیشیان نەکرد، پاشان بەرگی یەکی بیرەوەرییەکانی منیان چاپ کرد و لەهەزار دانە ٣٠٠ دانەیان بۆ من هێنا، کاتێ بەمرادم گوت: (کوانێ ئێمە قەول و قەرارێکمان هەبوو، برپار وابوو ئەمەیان بۆ من چاپ کەن)، لەوەڵامدا گوتی: (ئاخر ئێمە حیزبین پارە ژ بۆ مە پتر پێویستە)! هیچم نەگوت ئەوەندەیە مانا و ئامانجی ئەم چەشنە حیزبایەتیەم پتر بۆ روون بۆوە!!

رۆژی ٩٨٥/١١/٣ برادەرانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لقی سوید، سیمینارێکیان بۆ باس و لێکۆڵینەوەی کتێبەکەی من ساز کرد، گەلێك لەبرادەرانی کوردی دانیشتووی سوید ئامادە بوون و لەباس و لێکدانەوەی کتێبەکەدا بەشداریان کرد، کتێبەکە باش فرۆشرا، پێویست بوو چاپی کەمەوە، برادەرێکی کوردی عێراق و شەیدای کوردایەتی کاك فەرهاد عەبدولقادر بەڵێنی دا ٥٠٠ نوسخەم بۆ چاپ کاتەوە بە ٣٥٠٠ کرۆن، پاش ماوەیەك چوو بوو فۆتۆکۆپی کردبوو، رەسمەکانی رەش هەڵگێڕا بوو، ئەوەندەی هەبوو لەوەندیشی کردبوو!

رۆژنامەی سەردەمی نوێ

دوای ئەوەی کەبەتەواوی ساخ بوومەوە کەرۆژنامەیەکی کوردی سەربەخۆ و کوردستانی دەربکەم، بەیارمەتی کاك کەریم سەنجاری تایپێکی فارسیو کوردی و لاتینیم بەرادان دا، لەگەڵ کاك ئەمیر و سالار و مەلا محەمەد برپارماندا بچینە پاریس و لەوێ لەگەڵ صادق وەزیری و حاجی ئەحمەدی و عەزیزی مامڵێ کۆبینەوە و بەرنامە و رێباز و شوێن و جێگای دەرکردنیشی دیاری بکەین، کاك ئەمیر گوتی من بەفڕۆکە دێم، من و سالار و مەلا محەمەد سواری قەتار بووین بۆ برلین، کاك عەزیزی مامڵێ داوەتنامەی بۆ دایکی کەمالی ناردبوو بچێتە پاریس، دامان نابوو بێتە بەرلین و پێکەوە بچین، بەڵام نەمن و نەئەو ڤیزای ترانزێتی بەرلین– پاریسمان وەرنەگرتبوو، دایکی کەمالی هاتە بەرلین و ئێوارەی ٨٥/١١/٨ هەموومان سواری قەتار بووین بۆ پاریس، لەسنوری ئەڵمانی رۆژئاوا پۆلیسی

ئەڵمان بەشێوەیەکی وەحشیانە من و دایکی کەمالی دابەزاند و ئەوان رۆیشتن، دە ژوورێکی سارد و سڕیان کردین تا لای بەیانی قەتارێك هات دەچوە بەرلین، سوواریان کردین و تاو هەڵات لەبەرلین دابەزین، چووینە مالّی کاك هوشیاری ئیمامی، لەرادەبەدەر پێمانەوە ماندوو بوو، ئێستاش دایکی کەمالی هەر باسی میوانداری و زەحمەت و دڵسۆزی خۆی و خێزانی دەکا و سوپاسیان دەکەین.

رۆژی ١١/١٠ ئێمە گەڕاینەوە سۆفیا و من ئاگام لەکۆبوونەوەی پاریس و بڕیار و پڕۆگرامیان بڕا و بێ خەبەر مامەوە، دوای ماوەیەك نامەی مەلا محەمەدی خزرێم بۆ هات کە ٨٥/١١/٢٠ نووسیبووی، بەپێویستی نازانم دەقی نامە بڵاو بکەمەوە، بەگوێرەی عادەتی خۆم نامەوێ ئەم شتانە بڵاو بکرێنەوە کەببنە هۆی دڵەشی و ناکۆکی نێو برادەران، دنیایەکیش لەقسە و قسەڵۆکی پاشملەی پیرێژنانە بێزارم، بەڵام بۆ روون بوونەوە بەرهەمی کۆبوونەوەی پاریس، پێویستە گەشتێك بەنێو نامەکەیدا بکەم:

مەلا محەمەد نووسیبووی: (..... کاکە گیان دیارە ئێمە چووینە پاریس، لەگەڵ کاك صارم و برادەران دانیشتین، دیارە کاك صارم شتەکەی هێنا گۆڕێ و بەدرێژی باسی کرد، برادەران بەتێکڕایی رایان لەسەر دەربڕی، دیارە کاك ئەمیر نەزەری تایبەتی خۆی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کەنووسەر و هەیئەتی تەحریریەی رۆژنامەکە تەنیا کوردە ئێرانیەکان بن، کوردەکانی بەشی ناوچەکانی تر تێیدا بەشدار نەبن، ئەو نەزەرە بەتێکڕایی رەت کرایەوە، پێمان وابوو دەبێ رۆژنامە هی کوردستان بێ و هەموو کوردێکی خاوەن سەڵاحیەت تێیدا بەشداری بکات..... ئەوەبوو بەکورتی هێندێك لەوتوێژی ناوخۆ سەبارەت بەکاروباری رۆژنامە، پێم وایە سەرکەوتوانە گەڕاوینەوە، جا چاوەڕوانی ئاکامی ئەو دانیشتنە و دەرچوونی رۆژنامەکە دەکەم، هەرچەندە بڕیاری قەتعی درا، بەڵام نەبوونی تۆ وەك کەلێنێکی گەورە بەرچاو دەکەوت، چونکە پێم وایە بەتەواوی رای لەسەر دەرنەچوو

کەلەکوێ بێ و کەنگێ دەست بەکار دەبین، کاك صارمم زۆر بەجیدی و بەپڕی هاتە بەرچاو، زۆرم هومێد پێیە، پێشم وایە دەبێ زیاتر تەماسی دەگەڵ بگری و زیاتر دڵی خۆش کەی، پێم وایە باش ئەوەیە هەرچی زووتر شتەکەی بۆ پێك بێنی، ئەوە نەزەری منە..... بڕیار درا کاك حاجی بێتە لای تۆ و شتەکانت پێ بڵێ، روکنی ئەساسی ئەو کارە بۆ خۆت بووی بەداخەوە تۆش لەوێ نەبووی دیارە تا ئێستا چاوت بەحاجی کەوتوە، تەماسیشت لەگەڵ کاك صارم گرتوە، جا پێم خۆشە هەرچی زووتر نەزەری خۆتم هەرچی هەیە و دەکرێ بۆ بنووسی.....

هاوڕێی چوکتان خضری، ۱۹۸۵/۱۱/۲۰).

دیارە حاجی قەت نەهات کەشتەکانم پێ بڵێ، وەك مەلا محەمەد نوسیبووی، بەدوای نامەی مەلا محەمەدی دا نامەیەکی دکتۆر جەمشیدم بۆ هات، نووسیبووی:

(..... دوای گەڕانەوەی مەلا محەمەد باسی ئەوەی بۆ کردم کەلەپاریس چ بڕیارێك وەرگیراوە دەربارەی دەرهێنانی رۆژنامەیەکی کوردی بەناوی (ئاگری)، جێگای خۆشییە کەئێمەی کوردیش بتوانین کاری وا بکەین کەخزمەتی مەسەلەی گەلەکەمانی تێدا رەچاو بکرێت، ناوی چەند کەسێکی باسکرد کەبەشداری دەکەن لەرۆژنامەدا، زۆر سوپاستان دەکەم کەمنیشتان دەستنیشان کردوە، بەشداری کردن لەنووسین بۆ رۆژنامە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی مرۆ ئەندامی دەستەی نووسەران بێت، ئەگەر مەبەست لەوەدایە کەوەك نووسەرێك بەشداری بکەم و جاروبار وتارێك ئامادە بکەم، ئەوە بێگومان کەمتەرخەمی ناکەم، بەڵام ئەگەر ئەندامی دەستەی نووسەران بم، ئەرکی تایبەتی لەسەر شانی دەستەی نووسەرانە، پێویستە بەشداری تەواو بکەم لەهەموو کارەکانی رۆژنامە و دیاری کردنی رێڕەوی سیاسی.....).

جگـە لـەوە دکتـۆر پێشـنیاری کردبـوو کەلەئـەنوەر قـادر جـاف بگێڕینـەوە کەلەدەسـتەی نووسـەراندا بەشـدار بێـت، منـیش بـەر لـەدکتۆر جەمشـید بەشـارەزاییەکی کەلەعێراقـەوە لەسـەر کـاك ئـەنوەرم هـەبوو، دامنـابوو کەلەکۆبوونەوەی پاریس پێشنیاری بکەم، لام وایە پێشـتر لەسـەفەری مۆسکۆیش بەتـەلیفۆن شـتێکی ئـاوام لەگـەڵ باسـکرد بـوو، بـەڵام کاتـێ دکتـۆر جەمشـید پێشـنیارەکەی پـێ راگەیانـد بـوو، کـاك ئـەنوەر لەوەڵامـدا گوتبـووی: (جـا ئەگـەر بمـەوێ لـە (سـەردەمی نـوێ)دا بنووسـم، بـۆ لێـرە لـە (پراڤـدا)ی سـۆڤێتی دا نانووسم)! کاك ئەنوەر بەهەر مەبەستێك ئەوەی گوتبێ هەر پێم خۆشبوو، چـونکە (سەردەمی نوێ)ی کوردی هێنابوە ریزی (پراڤدا)ی سۆڤێتی!

بەدوای نامەی دکتۆر جەمشیدی حەیدەری دا، نامەی یـازدەی نـوامبری صـارمخانم پێگەیشت، صارمخان دوای ئەحوالپرسـی نوسـیبووی: (.... لەگـەڵ بـرادەران کـاك ئەمیر، کاك عـەزیز، کـاك حـاجی، کـاك سـالار و کـاك مـەلا محەمـەد کۆبوونیـەوە و لەسەر وەڕێخستنی رۆژنامە لەچوارچێوەی دیفاع لەمەسـەلەی کوردسـتان و دیفـاع لەدیاریکردنی مافی چارەنووس بۆ میللەتی کورد و لەقاودانی زوڵـم و سـتەم لەگـەلی کـورد لەهـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان و پڕوپاگەنـدە بـۆ کـاری بەربـەرەکانی گەیشتینە یەك، لەم خاڵانەی خوارەوەشدا بەم جۆرە گەیشتینە نەتیجە:

١- لەبارەی جێگای دەفتەر و چۆنیەتی و ئەژمارەی کادرەکـان باسـێکی زۆر کـرا، ئاخرەکەی چونکە نـەماننتوانی نەتیجەیـەکی تـەواو وەربگـرین، بـەم جـۆرە کارەکـە کۆتایی هات:

ئا- قەرار درا کاك عەزیز و کاك حاجی بۆ شـوێنی دەرکردنـی رۆژنامـە و کادرەکـان لەپاریس یا لەبەرلین موتالا بکەن و لەبارەی خەرج و پێداویستیەکانی لانی کـەم بـۆ شەش مانگ لێکی بدەنەوە و تا ١٥ رۆژ راپۆرتی کارەکەیان بۆ من بنێرنەوە.

بێ- هەروەها کاك ئەمیر و کاك سالار بۆیان دیـاری کـرا کەلەسـوید موتـالا بکـەن و دەرەتانی کار لەبەرچاو بگرن و ئەوانیش راپۆرتی خۆیان بدەنەوە.

٢- پاش باسێکی زۆر ئەم کەسانەی خوارەوە بۆ دەستەی نووسەرانی رۆژنامە دەستنیشان کران:

(کاک عەزیز، کاک رەحمانی حاجی ئەحمەدی، کاک ئەمیر، کاک سالاری حەیدەری، کاک مەلا محەمەدی خضری، کاک کەریمی حسامی، کاک کەمال میراودەلی، رەفیق سابیر، عەبدوڵڵا پەشێو، دکتۆر جەمشید حەیدەری مستەفا دوزگین، سەرداری خەڵکی تورکیا، برایم ئەحمەد، دکتۆر کەمال فوئاد، کاک حوسێنی سەعیدی).

ئەو هەواڵانەی ئامادەبوون موافەقەتیان کرد و وەئەستۆی خۆیان گرت کەهەریەکە لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی کەلەکۆبوونەوە نەبوون پێوەندی بگرن و بەرنامەی رۆژنامەیان بۆ روون بکەنەوە و ئامادەییان بەبوون یا نەبون گوزاریش بدەن.

هەروەها بڕیاردرا کەبەم جۆرە پێوەندی لەگەڵ ئەو کەسانە بگیرێ کەلەکۆبوونەوەدا ئامادە نەبوون.

الف- کاک ئەمیر لەگەڵ برایان دکتۆر کەمال فوئاد و کاک حوسێنی سەعیدی.

ب- کاک مەلا محەمەد لەگەڵ مستەفا دوزگین و دکتۆر جەمشید حەیدەری.

ج- کاک رەحمانی حاجی ئەحمەدی لەگەڵ سەرداری خەڵکی تورکیا.

د- کاک کەریمی حسامی لەگەڵ برایان کەمال میراودەلی، رەفیق سابیر، عەبدوڵڵا پەشێو، برایم ئەحمەد.

کەوابوو کاک کەریم تۆ لەگەڵ ئەم چوار کەسە پێوەند بگرە و نەزەری نهایی و ئەوان گوزارش بدە.

٣- مەتلەبی نێوەرۆکی رۆژنامە، کەمن لە ٨ خاڵدا خوێندمەوە پەسند کرا.

٤- کاک عەزیزی ماملێ بەمەسئولی مالّی دیاری کرا کەلەژێر چاوەدێری شەخسی مندا خەرجی بکات.

٥- ئەگەر ئەو کەسەی قەرار بوو لەلای تۆوە بێتە کن من و نەیەت، هاوکاری من لەبارەی رۆژنامەوە لەچوارچێوەیەکی تەنگەبەردا دەبێ....).

نامەی صارمخان و بڕیارەکانی کۆبوونەوەم سەیر هاتنە بەرچاو، پێم وابوو قسە و باسەکان هەروا لەسەر هەوا کراون و بڕیارەکانیش بێ هەڵسەنگاندنی دەرەتان و توانا دراون.

جارێ صارمخان ناو و ئەرکی هەموو دەستەی نووسەرانی بۆ نووسیبووم، بەڵام ناوی خۆی نەنووسیبوو، هێندێ برادەریان دوور بەدوور بۆ دەستەی نووسەران دیاری کردبوو کەهەریەکە لەوڵاتێك دەژیان، هیچ پێوەندی سیاسی و رەفاقەتێکی تونـد و هاوکاری رۆژنامە گەرییان پێکەوە نەبوە، بۆ نموونە: مامۆستا برایم ئەحمەد، یا دکتۆر کەمال فوئاد یا دکتۆر کەمال میراودەلی کەهەریەکە لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستییەوە کار و شوغڵا خۆیان هەبوو نەدەکرا بێن لەگەڵ رۆژنامەیەکی بێ ناو و نیشان هاوکاری بکەن، لەهەموی گرنگتر مەسەلەی دابینکردنی موخاریجی دەرچوونی رۆژنامە باسی نەکرابوو، دیارە من بەصارمخانم گوتبوو خەرجی دەرچوونی رۆژنامە دابین دەکەم، بەڵام ئیتر ئەو خەرجەی کەصارمخان نەخشەی بۆ کێشابوو، کادر و کارمەند و ئیدارە و دەفتەر، ئەویش لەئەوروپا، تەنیا بەدەوڵەت و یا شەریکەیەکی گەورە و یا حیزبێکی پارە زۆری کوردی دابین دەکرا، بۆ من خۆم وام دانابوو کەکار و تێکۆشانی دەرکردنی رۆژنامە بۆ هاوکارانی رۆژنامە بەشێك دەبێ لەتێکۆشانی سیاسی نیشتمانی و بەگوێرەی تواناش خەرجی پێویست لەبەرچاو دەگیرێ، ئیتر هەرگیز بیرم لەدانی مەعاش و کارمەند و ئیدارە نەدەکردەوە، جگە لەوەش هیچ یەك لەبەشدارانی کۆبوونەوەی پاریس نەیانگوتبوو کەکاری نووسین و رۆژنامەگەریمان لەدەست نایە.

لەسۆفیا مامەوە چاوەڕوان بووم تا بزانم بڕیاری کۆبوونەوەی پاریس چی لێ شین دەبێ، تا لە ۸۵/۱۲/۲۳ ئەم نامەیەی صارمخانم بۆ هات کەنووسیبووی:

(..... بەدوای دانیشتنی ۹ و ۹۸۵/۱۱/۱۰ لەپاریس و بەگوێرەی بڕیارێکی کەدرا، دەبوایە برادەران لەبواری موخاریجی رۆژنامە و جێگای موتالاّ بکەن و نەتیجەش

رابگەیەنن، بڕیار درابوو کاك عەزیز و کاك حاجی راپۆرتێك ئامادە بکەن، کاك ئەمیر و کاك سالار و مەلا محەمەدیش بەگوێرەی لێکدانەوەی خۆیان راپۆرتێك بنێرن، نەتیجەی بیروڕای هاوڕێیان بەم جۆرەیە:

١- نەزەری کاك ئەمیری بەگوێرەی نامەی ٨٥/١١/١٧ ئاوایە:

موخاریجی گشتی ٣تا٤ هەزار ژمارە، کرێی ئاپارتمان و مەعاشی چوار کەسان مانگی ٢١ هەزار کرۆنی سویدیە، ١٠ هەزار کرۆنیش پێشەکی بۆ کەرستە و کەلوپەلی وەتاغ و ژوور و شتی تر پێویستە.

تایپێکی سێ زمانی کوردی، فارسی و عەرەبیش بە ١١ هەزار کرۆنە، لەبواری چاپ و کاغەز لەسوید گیروگرفت نییە، پاش چەند مانگ دەکرێ سەدی ٥٠ی موخاریجی رۆژنامە لەدەوڵەت وەربگیرێ.

٢- بەگوێرەی لێکدانەوەی کاك حاجی ئەحمەدی وەك لەنامەکانیدا هاتوە، خەرجی رۆژنامە لەسێ شاری ئەڵمان بەم جۆرەیە:

بریمین مانگی ١٣٧٠٠ مارکی ئەڵمانی.

بەرلین مانگی ٩٦٦٠ مارکی ئەڵمانی.

کۆلن مانگی ١٠٧٠٠ مارکی ئەڵمانی.

لەئەڵمان کەسیش نییە کاری رۆژنامە بکات مەگەر مەلا محەمەد بێتە ئەڵمان.

بۆ تایپیش لەئەڵمان کەس وەگیر ناکەوێ (بۆ قسەکردن خەڵك زۆرە)!

٣- کاك سالاری حەیدەری و مەلا محەمەد بەگوێرەی نامەی ٨٥/١٢/١٤ نەزەریان ئەوەیە کەرۆژنامەکە لەبەرلین چاپ بکرێ باشترە!

٤- بیروڕای کاك عەزیز و کاك حاجی ئەمەیە کەپاریس شوێنی دەرچوونی رۆژنامەکە بێت، کۆی موخاریج بۆ چاپی ١٠٠٠ ژمارە و مەعاشی چوار کەس و کرێ خانوو لەپاریس ٤٢٢٠٠ فرانکی فرانسەیە لەمانگدا، بۆ چاپی ٢٠٠٠ ژمارەش دەبێ ٣٧٠٠٠ فرانك لەبەرچاو بگیرێ....

لەو لێکدانەوە و کیسە هەڵدرووونە هەر سەرسام مام و هەر لـەو رۆژەدا نامەیـەکم بـۆ صارمخان نوسی و لەو هەموو بیروکراسی و نامە پەرانی و ساوەسـاوە گلـەییم کـرد و هەروەها هاتنی فەرەیدونی میتران و حامیـدی گەوهەریشـم بـۆ نووسـی کەچـووم لەئەستەمبوڵ سەرم داون.

صارمخان لە ۹۸٦/۱/۱۰ نامەیەکی بۆ نووسیبووم کەوا بەشێکی هەر بەفارسی بـڵاو دەکەمەوە:

(..... درمورد مسافرت اخیرتان مطالبی نوشته‌اید که برایم بسیار روشـن کننـده است، من بارها گفته و نوشته‌ام، با خروج این رفقـا از کردسـتان مخـالفم، حـال کـه ازانجا بیرون امده‌اند، بهتراست در ترکیه بماننـد کـه‌خیلی از کردسـتان و مسـائل ان دور نباشند، امدن به اروپا جز انکه انانرا تبـدیل بـه افـراد منفـی بـاف و احبانـا پـر مدعا و کم مایه‌کند حاصـلی نـدارد، (لەسـەر یـەك ئـەو بۆچـوونەی چـەند وەڕاسـت گەڕاوە) اگر به نظریات من ارجـی میگـذارید بـه ایـن رفقـا توصـیه کنیـد کـه در همانجا بمانند و بگونه‌ای با مسائل کردستان و جریانات در تماس باشند، اگـر قـرار باشـد کمـگ مـالی بـه انهـا بشـود بـاز ارزش دارد، در خصـوص مطـالبی کـه در خصوصی روزنامه نوشته ایـد لازم اسـت اختصـارا یـاداوری کـنم کـه علاقـه شـدید شما به‌اینکه درهر حال باید کاری کرد و نباید دست روی دسـت گـذاشـت نـه تنهـا خوب، بلکه قالب تقدیراست، از ردی که سراسر عمرشرا وقف مبارزه کرده جـز ایـن انتظـار دیگـری نبایـد داشـت، ولی تـلاش و جـدیت و مبـارزه در حـد مدوراسـت و امکانات تنها منحصر به نوستن روزنامه نیست، مثلا کاری که شما در مورد جـزوه کورته باس کرده، یا کتابی که اخیرا انتشار داده‌اید، هر یـك بـه نوبـه خـود شـایان تقدیراست، ولی وقتی خواستیم روزنامەرا انتشـار دهـیم، واقعـا بایـد بـه محتـوای ان توجه کامل داشت، اینجا دیگر مسئله این نیست کەبقول فارسها کاچی به از هیچی

است، روزنامه واقعا باید از هر لحاظ پرمایه و پر محتوا باشد تا ان منظوری که شما بان اشاره کرده‌اید بتواند تامین گردد.....).

من ۸٦/۱/۹ وەڵامی نامەی صارمخانم دابۆوە، دیاربوو بەدەستی نەگەیشتبوو، یەك لەخاسیەتە جوانەکانی صارمخان ئەوەبوو کەنەك هەر وەڵامی نامەکانی وەدوا نەدەخست، بەڵکو ئەگەر نامەی منی درەنگ بەدەست گەیشتبایە نامەیەکی دیکەی دەنووسی، ئەوەبوو کەلە ۹۸٦/۱/۲۰ ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ ناردبووم:

دوای ئەحوالپرسی و خەبەری نەساخی وریای کوڕی نوسیبووی: (..... در مورد روزنامه و برخورد رفقا مطالب نوشته بودید، در نامه قبلی نوشته بودم کەمن بخوبی نگرانیهای شمارا درك میکنم ولی باید به واقعیات توجه مرد و بنای کاررا بر واقع بینی گذاشت، رفقائی که در جلسه وشاوره حظور داشتند نامەی کە اصل انرا برای شما فرستاده بودم، برای همه انان ارسال داشته بودم، فقط بطور اصولی کاك عزیز جواب داد و گفت کە چە ماطلبی را بعهد میگیرد، کاك سالار اصلا جواب نداد، ملا محمد نامه نوشته بود و تعهدی نکرده بود، کاك حاجی هم همین طور، من درعین حال کە علاقە مندی و عجلە شمارا کە ناشی از علاقە است تمجید میکنم، با توجه باینکه بنای کاررا بر احتیاط میگذارم، تأخیر ۱۵ روز یا یکماه را چندان مهم نمیدانم، من هم با نظر شما موافقم که برادرانی کە متعهد انجام وظیفه ای میشوند باید انجام این وظیفه را صرفا یك کار بمعنی اشتغال ندانسته بلکه انرا نوعی فعالیت سیاسی مناسب با شرایط خودشان و اوضاع و احوال فعلی بدانند، اگر اینطور باشد تا حدودی اشکالات کمتر میشود..... از وعدەایکه برای سرکشی دادەایند منشکرم امیدوارد هر چه زودتر عملی گردد....).

وەك لێکم دایەوە سەبر و تێبینی صارمخان و هیچ لەخۆ نەگرتنی برادەرانی بەشداری کۆبوونەوەی پاریس بۆ دەرکردنی رۆژنامە، دەبێتە هۆی پوچەڵ

بوونەوەی تێکۆشانم، بڕیارمدا بەلای صارمخاندا بچمە سوید و دەست یەکاری رۆژنامە بم، بەتایبەت کەمەلا محەمەد بۆی نووسیبووم کەتایپەکەی کڕاو وەرگیراوەتەوە و خۆشی خەریکە فێری تایپ کردن دەبێ.

رۆژی ٩٨٦/١/٢٤ بەقەتار بەرەو لۆزان کەوتمەڕێ، لەبیلگراد جێگای خەوم گرت و لەگەڵ چوار کەسی خەڵکی ئەلبانی و دانیشتوی لۆزان کەوتمە کوپەیەکی قەتار، شەو درەنگ گەیشتینە لۆزان، گوتیان بەو شەوە تۆ مااڵی برادەرەکەت نادۆزیەوە، شەو لەلای ئێمەبە، بەفر باریبوو، هەوایەکی سارد. گوتم بەم درەنگە و بەفر و سەرمایە صارمخان ئەزیەت نەدەم، لای وان مامەوە، شەو هێندێ دۆست و برادەریان هاتن، تا درەنگ دانیشتن و خواردن و خواردنەوەیان ساز کرد و پاشان گوتیان تۆ تەنیا لەم ماڵە بمێنەوە و بنوو، تا بەیانی ئێمە دێین و دەتگەیەنینە ماڵی برادەرەکەت.

کاتێ ئەوان رۆیشتن تەلەفۆنم کرد بۆ صارمخان و گوتم وا لێرەم، بەڵام نازانم لەکوێم، لەگەڵ چەند کەسی ئەلبانی بووم، لەماڵی خۆیان گلیان دامەوە، شوێنەکە نازانم، ئەوان رۆیشتوون و ئێستا من بەتەنیا لەماڵێکم.

صارمخان ناڕەحەت بوو، گوتی: (چۆن تۆ کاری وات کردوە، تەلەفۆنەکە ژمارەی چەندە؟) ژمارەی تەلەفۆنەکە نەنووسرابوو، گوتم دیار نییە و نازانم، سبەی تەلیفۆنت بۆ دەکەم، هەستم کرد نیگەرانە و بەڵام هیچیش نەدەکرا، بەیانی رابووم، چاوەڕوان بووم تا سەعاتی ١١ نەهاتن، دوای سەعاتی ١١ تەلەفۆنم کرد بۆ صارمخان و گوتم هێشتا کەسیان پەیدا نەبوە، گوتی وا ئێستا خەریك بووم تەلیفۆن بۆ پۆلیس بکەم، من وا دەڕۆم بۆ ئیزگەی قەتار و تۆ بێرە وێ.

ئەلبانی پەیدا بوون، نان و چایان ساز کرد و سواری ماشێنیان کردم بۆ ئیزگەی قەتار، صارمخان چاوەڕوان بوو.

دوو رۆژان لەوێ بووم و چەند جارم دووپات کردەوە کەسەر وتار و مەقالەی دیکە بنووسێ لەگەڵ خۆمیان بەرم و بچم دەست بەکار بم، هیچی نەنووسی. گوتم من

بۆیە هاتووم بچم خەریکی دەرکردنی رۆژنامە بم، چاوەڕوان دەبم تۆ بۆم بنووسی، بۆم بنێری. هەستم کرد فرە ساردە لەتێوەچونی رۆژنامە، چونکە ئەو وەک لەیەکێ لەنامەکانی دا نووسیبووی، مەرجێکی دانابوو کەبەدەست من نەبوو، پێوەندیشی بەدەرکردنی رۆژنامەوە نەبوو.

لەگەڵ ئەوەش بەدڵ دەمویست و ئاواتم بوو کەهاوکاری رۆژنامەکە بکات و بەرپرسیەتی نووسین بگرێتە ئەستۆ، شارەزای قەڵەم و لێزانی و لێهاتوویی ئەو بووم و ئاشنایەتی سالانی پەنجاشم لەبیر مابوو، هەرچەند لەکۆنگرەی چواری حیزبی دیموکراتدا، ئەوەندەی بەرێبەرایەتی حیزبی دیموکرات هەڵا گوت، قاسملۆی لەخۆبایی کردبوو.

رۆژی ٨٦/١/٢٦ چوومە پاریس، کاک (عەزیزی ماملێ)ش هیچی نەنووسیبوو، لەکۆبوونەوەی پاریس کاک عەزیز کرا بوو بەمەسئوڵی مالّی، هێندێکم پارە لای بەجێ هێشت و چوومە بریمن لای حاجی، ناوبراو رازی بوو کەلەگەڵ من بێتە سوید و دەست بەکاری رۆژنامە بین، هیچ نەشم دەزانی لەکاری رۆژنامەگەریدا چی لەدەست دێت یان نا رۆژی ٨٦/٢/١ سالار و مەلا محەمەد و حاجی ئەحمەدی و دکتۆر جەمشید و مستەفا دوزگین دانیشتین لەسەر دیاریکردن و نوسینی وتارەکانی هەوەڵین ژمارە باسمان کرد و بۆ سەر وتاریش چاوەڕوانی مەقالەی صارمخان بووین، مەسەلەی تایپکردنی وتارەکان جێگای باسبوو، مەلا محەمەد چووبوو لەسەر حیسابی رۆژنامەی ١٢٠٠ کرۆنی دابوو کەفێری تایپکردن بێ، فێری لاتینی ببوو، ئەویش زۆر بەکۆڵەواری، ناچار تایپکردنیش کەوتە سەر شانی خۆم و رۆژی وابوو تەواوی رۆژ تایپم دەکرد، حاجی ئەحمەدی جاروبار دەهات دوو سێ دێڕ لێی وەردەگرتم، ئەویش هەر کۆڵ بوو، کاری وای نەکرد بوو، بەڵام چاک بوو بەقسەی خۆش و مەسەلە گێڕانەوە سەری گەرم دەکردین، لەکۆبوونەوەی یەکەمدا دەرکەوت بێجگە لەدکتۆر جەمشید و مستەفا دوزگین برادەرانی تر توانای نوسینیان نییە، چاوەڕوانی وتارەکانی صارمخانی بووین نەهاتن، من لام وابوو

بەبێ وتاری صارمخانیش ئێمە دەبێ رۆژنامەکە دەرکەین با کرچ و کاڵیش بێ بەرەبەرە فێر دەبین، سالار و حاجی و مەلا محەمەد دەیانگوت بێ وتاری صارمخان دەرکردنی باش نییە، لام وایە ئەمە ئیختلافی سەرەکیمان بوو، ئەمەش لەوە سەرچاوەی دەگرت کەئەو برادەرانە قەتیان کاری سەربەخۆ نەکردبوو، توانای راپەڕاندنی کاری ئەوتۆیان نەبوو، دەبوایە بەقەولی کاك عەزیزی ماملێ: (یەکێك مەعموریەتیان بداتێ)!

٨٦/٢/١٢ تەلەفۆنم بۆ صارمخان کرد و گلەییم لێکرد کەتا ئێستا وتاری بۆ نەناردووین، دیسان بەڵێنی دا، وتارەکانی دیکەمان ئامادە کردن و هێندێ کاری فۆتۆکۆپیمان هەبوو سالار لەجێ کارەکەی خۆی جێ بەجێ کرد و لەبەر بێ سەروتاری و نەهاتنی وتاری صارمخان دامابووین، من لەسەر ئەوە سوور بووم کەرۆژنامە بدەین بەچاپ، حاجی و مەلا محەمەد موخالیف بوون و رایان گرتبوو.

ئاخرەکەی رۆژی ٨٦/٢/٢٥ دوو وتاری صارمخان بەفارسیو وەرگێڕاوەیەکی عەزیزی ماملێ گەیشتن و ئەم نامەی خوارەوەی صارمخانیشیان لەگەڵبوو:

(برادەری گرامی و ارجمند کاك کریم، با سلام و تجدید ارادت دومین نامەتان با پست اکسپرس رسید، از سلامتی شما شادمان و از تلاشی بێ وقفه که برای روزنامه بخرج میدهید بنوبه خود سپاسگذارم، باختصار نظراتم را می نویسم:

١ـ همانطور که بارها کتبا و شفاها یادآوری کرده ام کار روزنامه وقتی سامان می گیرد که چند کادر تمام وقت داشته باشد، محل مناسب و وسایل اولیه مورد نیاز تهیه گردد.

٢– ممکن است با فیداکاری و زحمت شما یکی دو شماره راه بیاندازید، اما این نه درست است و نه می تواند سر انجامی داشته باشد.

٣– رفقا هر یك تعهد کرده بودند که با افرادی بمنظور مشارکت در کار نوشتن مذاکره کنند. ان تعهدات کجا رفته‌است.

٤- ن صورت مندرجات روزنامەرا به همه دوستان دادەام، هر یك باید به تناست ذوق و استعدادشان یکی از مطالبرا انتخاب کنند، ودر بارەان مقاله تهیه کنند، یا رپرتاژ و خبر وغیرە، صحیح نیست که من تعیین کنم که چه کسی در چه زمینەای مقالی بنویسد.

٥- دو مقاله تهیه کردم لفا همراه مقاله کاك عزیز و نوشتەخیری خودتان ارسال میشود.....).

دوای نامەی صارمخان کەکورتکراوەتەوە، خەریکی ماشین کردنی وتارەکانی ئەو بووم، تەلەفۆنم کرد بۆ کاك حەمید نەورۆز کەبۆ دۆزینەوەی چاپخانەیەك یارمەتیمان بدات، پێویستە گەلێك سوپاسی بکەم کەیارمەتی زۆری داین، من دەبوایە وێڕای تایپکردن سەروتاری یەکەمین ژمارەش بکەم بەکوردی کەصارمخان بەفارسی نووسیبوو، لەکۆبوونەوەی پاریس ئامانج و ناوەرۆکی رۆژنامەکە بەم جۆرە پەسند کرا بوو:

١- سەروتار.

٢- دەنگوباسی بەربەرەکانی هێزە کوردستانیەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات کەدژی رژێمی داگیرکەرەکان شەڕ دەکەن، بڵاوکردنەوەی بڵاوۆکی ئەم حیزب و رێکخراوانە.

٣- بارودۆخی بەشەکانی کوردستان و بڵاوکردنەوەی دەنگ و باس و لەقاودانی جنایەتی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان.

٤- دەنگ و باسی بارودۆخی کوردە ئاوارەکان لەهەر شوێنێ دەستمان پێ ڕابگات.

٥- زیندوو کردنەوەی یادی قارەمانانی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان و باسی خەبات و بەربەرەکانی و تێکۆشانی سیاسییان.

٦- وتاری نووسراو یا وەرگەڕاو لەبارەی خەباتی دژی ئیستعماری و کەڵك وەرگرتن لەئەزمونی خەباتی نەتەوەکانی تر.

٧- بەشی ئەدەبی چیرۆك و شیعر و پەخشان.

٨- وەرگیراوە لەچاپەمەنیەکانی کوردی و بێگانە.

ئامانج و ئارمانی رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) لەسەر وتاری یەکەم ژمارەدا، دوای ئاوڕدانەوە لەکولتور و مێژوو و خەبات و بەربەرەکانی نەتەوەی کورد بەم جۆرەی خوارەوە دیاری کرابوو:

(.... بڵاوکردنەوەی ئەم رۆژنامەیە هەوڵێن هەنگاوی نووسەرەکانیەتی بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکە نیشتمانی و ئینسانیە، لاپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیە گشت لایەنی ژیانی تاڵ و داخداری رۆژانەی خەڵکی کوردستان بەبێ غەرەز و بەراستی بڵاو دەکەنەوە.

رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) بۆ هیچ ئیدیۆلۆژێکی تایبەت پروپاگاندە ناکات، هەر لەو کاتەشدا بیروباوەڕی پێشکەوتوخوازانە و بەشەر دۆستانە رێز لێ دەگرێ و لەگەڵ کۆنەپەرستی لەهەموو قاڵب و شکڵ و شێوەیەکدا خەبات دەکات و شەڕیەتی، بەشێوەیەکی لەئاشتی نەهاتوو لەگەڵ تەبلیغاتی کۆنەپەرستی و گومان بڵاو کەرەوە بەر بەرەکانی دەکات.

لەلاپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیەدا، بۆ لێك دەرکردنی سیاسی و دەستە بەندی حیزب و رێکخراوە کوردیەکان جێگایەك نییە.

(سەردەمی نوێ) لەکێشەی نێو حیزب و رێکخراوەکاندا، دیفاع لەهیچ حیزب و دەستە و رێکخراوەیەك ناکات، مەگەر ئەو دیفاعە مافی رەوای هاوبەشی تەواوی خەڵکی کوردستان بگرێتەوە، بەڵام هەر لەو کاتەشدا بەبێ بەزەیی و بەشێوەی مەنتیقی ئەم کردەوە و هەڵوێستانە دەکوتێ و لەقاویان دەدا کەکۆسپ بخەنە سەر رێگای مافە رەواکانی نەتەوەی کورد، جا لەلایەن هەر کەسێکەوە بێ.

رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) لایەنگری شێلگیری سەقامگرتوویی دیموکراسیە لەکوردستاندا و لەمافی گەلانی دانیشتووی ئێران و عێراق و تورکیا بۆ گەیشتن بەتەواوی ئازادیەکان و مافە مرۆڤایەتیەکان دیفاع دەکات، گومانی لەوە دا نییە

کەڕێزگرتن لەم مافانە و لەئازادیە دیموکراتییەکان لەگشت بارێکەوە باشترین دەستەبەری پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمانییە.

ڕۆژنامەی (سەردەمی نوێ) بەگەرمی برایەتی گەلانی کورد و تورك و فارس و عەرەب و کەمایەتیەکانی تر لایەنگری دەکا و دژی دەنگۆ و پروپاگەندەی ژاراوی ڕەگەزپەرستانە و ناسیۆنالیزمی هەڵەشە و وشکەڕۆ خەبات دەکا، ئێمە دەستی برایانەی حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتوخوازەکانی ئەم وڵاتانە دەگوشین و بەگوێرەی توانا لەئامانجە ڕەوا و ئینسانیەکانیان دیفاع دەکەین، دۆست و دوژمنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەناسێنین، هەقانیەتی مەسەلەی نەتەوەیی ٢٠ میلیۆنی کورد کەوەك هەموو نەتەوەیەك مافی دیاریکردنی چارەنووسی بەدەستی خۆی هەیە، ڕوون دەکەینەوە، نووسراوەی چاپەمەنیەکانی جیهان لەسەر وەزعی مەسەلەی کورد، ئەوەندەی پێوەندی بەبردنە پێش و ڕوونکردنەوەی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەبێ بڵاو دەکەینەوە).

ڕۆژی ٩٨٦/٣/٤ بەیارمەتی کاك حەمید نەورۆز ڕۆژنامەکەمان لە ١٦ لاپەڕەدا، دا بەچاپخانەیەك بەرەش بۆمان چاپ کات، کاتێ وەرمان گرتەوە وەك لاتینی لەچەپەڕا دەست پێکرابوو، زۆر ناخۆش بوو، جگە لەوەی کاغەزەکانی کاغەزی ڕۆژنامە نەبوو، بەڵام تازە هیچ نەدەکرا، هەوەڵی کار و ناشارەزا، لەدوای سالارمان نارد کەبێ دانیشین لەکەموکوڕی ڕۆژنامە و هەڵەکانمان بکۆڵینەوە، نەهات و ئێستاش نەهات! ئەوانەی لەسوید دەژیان و شارەزای داب و شوێنی سوید بوون، لایان وابوو ئەگەر ڕۆژنامەیەك بەرەسمی لەسوید تۆمار بکرێ، دوای شەش ژمارە دەرچوون بەڕێکوپێکی لەلایەن شورای کولتوری سویدییەوە یارمەتی پێ دەکرێ، بەو شەرتە خاوەن ئیمتیازەکە لەسوید بژی، واتە ئیقامەی سویدی هەبێ، ئەودەم من ئیقامەم نەبوو، وەك توریست لەسوید بووم، مەلا محەمەد سویدی نەدەزانی و نەخۆشیش بوو، بەناچار هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەبەناوی دکتۆر جەمشید حەیدەری ئیجازەی دەرکردنی ڕۆژنامەی (سەردەمی نوێ) وەربگرین، چوویینە

شوێنی پێویست ٥٠٠ کرۆنم دا و دکتۆر جەمشید بوو بەخاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی (سەردەمی نوێ).

پێویستە وەبیری خەمەوە لەکۆبوونەوەی پاریس ناوی (ئاگری)یان بۆ رۆژنامە لەبەرچاو گرتبوو، لەئاخر سەفەردا کەچووم بۆ سوید، باسی ناوی رۆژنامەمان کرد، صارمخان گوتی بۆ ناوی رۆژنامەکە (زەمانی نوێ)م پێ باشترە، بەکوردی دەبێتە چی؟ گوتم: زۆر جوانە، دەبێتە (سەردەمی نوێ) کەچوومە سوید برادەرانی سویدیش پێیان باشبوو پەسندیان کرد.

دوای بڵاوکردنەوەی هەوەڵین ژمارە رۆژنامە بەم کەم و کوڕییە، من پاسپۆرتەکەم ماوەی ئیعتیباری تەواو دەبوو، دەبوایە رێگای درێژ کردنەوەی بدۆزمەوە، پێویست بوو بچمەوە سۆفیا، یەک دوو وتارمان ئامادە کرد و حاجی ئەحمەدیش گوتی منیش سەرێکی ئەڵمان دەدەم و دوایە دەگەڕێمەوە بۆ سوید.

رۆژی ٨٦/٣/١٠ لەگەڵ حاجی کەوتینەڕێ، لەبەرلین پارەیەکم دا بەحاجی و رۆژی ٣/١٢ گەیشتمەوە سۆفیا، دیتم دوو نامەی صادق وەزیری—م بۆ هاتوون، صارمخان لەنامەی ٨٦/٣/١١ (بیستی ئەسفەندی ٦٤) کەوا هەر بەفارسی بڵاوی دەکەمەوە نوسیبووی:

(..... برادر ارجمند و گرامی کاك کریم، نامه مورخه ٨٦/٣/٥ که از سوید ارسال داشته بودید رسید، هنوز از کاك حاجی خبری نداشته‌ام، نمیدانم در سوید مانده یا به المان بر گشته‌است، نظر من این است که این برادران برای این کار ها باید ترتیب شوند، رفقا تا کنون فقط حرف زده‌اند، هیچگاه کار جدی نکرده‌اند، باید فکری کرد که این جریان عوض شود، من و شما معلوم نیست تاکی زنده بمانیم، این رفقا باید بهر ترتیب جای قدمارا بگیرند، با تمام اینها هنوز من نمیدانم حاجی نظر خودرا چرا اعلام نکرده‌است، همین الان که ساعت ده‌و نیم است، کاك

عزیز از پاریس تلفون میکند گویا کاك حاجی بایشان تلفون کرده و معلوم میشود که برای همیشه سویدرا ترك کرده است و نمیخواهد با روزمانه همکاری کند!

کاك کریم عزیز! وقتی که من با همه اصرار میگفتم که باید تشکیلات جدی داد و اشخاص را واقعا استخدام کرد برای این بود، الان از همه کسانی که شما اسم بردید کسی باقی نمانده جز ملا محمد بیچاره که لابد او هم در رو دربایستی است!

من هیچگاه تا این اندازه خوش خیال و خوش باور نبوده‌ام که با این طنابهای پوسیده به ته چاه بروم و ابروی خودرا بریزم، از کاك عزیز خواهش کردم اگر میتواند برای چاپ شماره دوم به سوید برود، نمیدانم چ خواهد شد، بهر حال مسئولیت همه این جریاناترا من از شخص شما می بینم که با وجود اشنائی چندین ساله با این اشخاص فریب خورده‌اید و کار جدیرا با وعده‌های میان تهی مشتبه ساخته‌اید، اکنون دیگر خود دانید با این ترتیب من حاضر به همکاری نخواهم بود، همین و همین... برادرت صارم الدین).

صارمخان لەوەدا بەتەواوی هەقی بوو، لەگەڵ تەنافی رزیو کەوتبوە چاڵ و منیش فریوم خواردبوو، وەك خۆی دەنووسێ، بەڵام من بەئابڕوچوونم نەدەزانی، لام وابوو پێویستە درێژە بەکار بدەین و هەڵەکان راست کەینەوە.

لەنامەی دووەم دا کەدوای پێنج رۆژ نارد بووی، نوسیبوی:

(..... پاش ۹ رۆژ رۆژنامەکەم پێگەیشت، لەپێشدا بیروڕای خۆت بۆ دەنووسم:

١– کاغەزی رۆژنامەکە باش نییە و دەبێ کاغەزەکە بگۆڕدرێ.

٢– پیتەکان درشتن و بۆ کتێب دەبن، دەبێ وردتر بن تا جێگای زیاتریش بێتەوە.

٣– هەڵەی چاپی زۆرە، وتارە فارسیەکە هەڵەی زۆرە.

٤– وەرگەڕاوەی سەر وتار وادیارە پڕ بەپێستی نییە.

٥- وتـارە فارسـیەکەی مـن دەبـێ دەقەکـەی چـاپ بکـرێ، ئەگـەر پێویسـت بـوو وەرگـەڕاوە کوردیەکـەش لەهـەمان لاپـەڕەدا بـێ، کـەوابوو سـەر وتـاری ژمـارە دووەمیش هەر دەبێ بەفارسی بێ.

٦- نازانم بۆچی لەچەپەوە دەست پێکراوە، واتە ئاوەژو کراوەتەوە.

٧- نەخشەکەی زۆر خەراپە، وادیارە نەخشەکێشی باشمان نییە.

بۆ کاك عەزیزم نووسیبوو کەبۆ چاپی ژمارە دوو بچێتە سوید، نازانم چـوە یـان نـا، کاك حاجی تەلیفۆنی بۆ کـردم و لـەبارەی خۆیـەوە چـەند قسـەی کـرد و قـەولی دا شـەمۆ یـا یـەك شـەمۆ بێتـە لای مـن، بەداخـەوە نـەهات و تەلەفۆنیشـی نـەکرد، هەرچۆنێك بێ رۆژنامەکە ئەوە نییە کـەمن گـەرەکم بـوو، مـن نـازانم کـێ دەسـتەی نوسەرانی وەئەستۆ گرتوە، لـەتۆ و لـەکاك عـەزیز بـەدەر لەگـەڵ کـێ قسـە بکـەم، برای خۆشەویست ئاوایە بەرهـەمی تاڵوکـەی تـۆ، دەزانـی کەبەراسـتی حەیسـیەتی شەخسیم کەوتۆتە مەترسیەوە... بیست و پنجم اسفند ٦٤).

سەبارەت بەنەبوونی پاسپۆرت، لەسۆفیا مامەوە و رۆژنامە بەسەر مـەلا محەمـەد و دکتـۆر جەمشـیدی دا کەوتـەوە، صـارمخان وەك لەنامەکـەی دا دەنووسـێ مەعموریەت دەدا بەکاك عەزیزی مـاملێ کـەبۆ یارمـەتی دانـی ژمـارە دووەم بچێتە سوید، کارم بەوە نییە کەلـەم هاتوچۆیەدا مـن لەبـەر صـەرفە جـویی بـۆ خـەرجی رۆژنامە یەك جاریش سواری فڕۆکە نەبووم و هەر بەقەتار هاتووچۆم کـردووە، کـاك عەزیز کەبەقسەی خۆی: مەعموریەتی وەرگرتبوو، بەفڕۆکـە بەخـەرجی ٨٨٦ دۆلار لەسـەر حیسـابی (خەنجـەر لەکایـە) دەچـێتە سـوید، لەگەڕانـەوەدا ڕاپۆرتێـك بـۆ صـارمخان دەنووسـێ و تـەواوی دیـزە و گـۆزەی ڕەشـی کـەم و کـوڕی رۆژنامـە لەسـەری منـدا دەشـکێنێ و گوایـا چـونکە مـن لەگـەڵ رۆژنامەکـەم خـەڵك لێـی دەپرینگێتەوە، لەکاتێکا تازە یەك ژمـارە دەرچـوو بـوو، لەسـەر بناخـەی ڕاپـۆرتی کاك عەزیز کەئێستاش نـازانم بۆچـی ئـەوەی کردبـوو، صـارمخان زۆر بـەدڵگیری و بەتوڕەیی نامەیەکی نووسیبوو خەتا و تاوانی (درەنگی گەیاندنی پۆست و هەڵـەی

چاپی و خەراپی کاغەز و نەخشەی خەراپ و هەموو شتێکی هاویشتبوە سەر ئەستۆی من و لەئاخریشدا ئەمری کردبوو: (فەورەن بگەیە لۆزان) بەراستی لەنووسینی نامەی صارمخان سەرم سوڕما، لەهەمووش سەیرتر نووسیبووی: (راپۆرتی کاك عەزیز نەزەری هەموو برادەرانە) تازە بۆم دەرکەوت کەصارمخان راست دەکا کەدەنووسێ: (سەرەڕای ناسینی چەند سالّەی ئەوان فریوت خواردووە) پاسپۆرتم نەبوو دەنا سەبارەت بەڕێزم بۆ صارمخان فەورەن دەچوومە لۆزان، کەنەمتوانی، ناچار وەلاّمی نامەکەم دایەوە و نووسیم تا ئەو دەستەی نووسەران هەموویان کۆنەبنەوە و خەتا و تاوانەکانی من دیاری نەکەن، لەگەلّ ئەوانە هاوکاری ناکەم.

نامەی من بۆ صارمخان، ٨٦/٣/٢٣:

(..... پاش سلاّو و ئیحترام.... نامەوێ بەدرێژی بچمە نێو باس و سەرت بێشێنم، نەزەری جەنابت بەتەواوی راستە و مەسئولیەتی تەواوی ئەم کارە بێ جێیە (کەهەولّم داوە ئیمکانی دەرچوونی رۆژنامەیەکی کوردی پێشکەوتوخواز وەدەست بێنم و بەخەیالّی خۆم لەم رێگایەوە خزمەتێکی بچوك بەجوڵانەوەی کورد و زمانەکەی بکەم) لەئەستۆی منە.

مەسئولیەتی ئەوەشم لەئەستۆیە کەوەك دەفەرمووی فریوی قسە و فیشالّی ئەو کەسانەم خواردوە، لەم بارەوە داوای لێبوردن دەکەم، بەلاّم ئەگەر رۆژێك نامەکانی کاك عەزیز و سالار و حاجی و مەلا محەمەدت نیشان بدەم کەلەم بارەوە چییان بۆ نوسیوم و چۆن فشاریان بۆ هێناوم، گومانم نییە دەمبەخشی.

بەلاّم یەکجار لەوە بەداخم کەنووسیوتە بەبەشداری و یا نووسینی وتارێك بۆ رۆژنامە و یا کۆبوونەوەیەك لەپاریس لەگەلّ ئەم کەسانە (ئابڕوت چوە)،

نامەکەشت بەئولتیماتوم (اکنون دیگر خود دانید، باین ترتیب من حاضر بهمکاری نخواهم بود همین وهمین) کۆتایی پێ هێناوە.

هاوڕێی بەڕێز! من ئیحترامێکی لەرادەبەدەر بۆ تۆ قایل بووم، وەک نوسیوتە دیارە من فریوم خواردوە و بووم بەهۆی ئەوەی کەجەنابت (با این طنابهای پوسیدە بە تە چاە بروی و ابوری خودا را بریزی) لەوەش زۆر مەعزەرەت دەخوازم و هیوادارم عەفوم بکەی.

لەسەر ئەم حاڵەشەوە پێم خۆشە ئەوەت عەرز بکەم کەمن نەدەرچوونی رۆژنامە و نەکەموکوڕی کەباست کردوون و نەبێ وەعدەیی و واز وازی ئەم برادەرانە، هیچیان بۆ خۆم بەئابڕوچوون نازانم، نەک هەر ئەوە بەڵکو شانازیشی پێوە دەکەم کەسەرەڕای ئەو هەموو ناتەواویە توانیومانە رۆژنامەیەک دەربکەین کەلەچاپەمەنی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان خوێنەری زیاترە.

من زۆرم هەوڵ داوە کەئیمکانی دەرچوونی رۆژنامەیەک وەدەست بێنم کەلەوەزعی ئیمرۆی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردا رێبازێکی پێشکەوتوخوازانەی هەبێ، جا با حاجی و سالاریش هاوکاری نەکەن، درێژە بەتێکۆشانی خۆم هەر دەدەم، با ١٢ لاپەڕە نەبێ، ٨ لاپەڕە بێ، با ١٥ رۆژ نەبێ، مانگانە بێ. مرۆڤ چی لەتوانادا هەبێ ئەوەی دەکات، ئەم کەموکوڕیەی کەئێستا هەیە لام وایە نامێنێ، ئەگەر هەشبێ ئابڕووەمی پێ ناچێ، کاتێ بەئابڕوچوونی دەزانم کەدژی جوڵانەوەی میللەتەکەم شتێک بنووسم، یا هەنگاوێک هەڵێنم، یا لەگەڵ دوژمنانی میللەتەکەم ساخت و پاخت و هاوکاریم هەبێ و بەزیانی میللەتە بەشخوراوەکەم بجوڵێمەوە.

ئێستا بەوە ناڕەحەتم کەتۆم ناڕەحەت کردوە و تووشی ئەم کارەساتە بووی کەبە (ئابڕوچوونی دەزانی).

ئەوەش بۆ من دەرسێکی دیکە بوو، حاجی کەلەگەڵ من گەڕایەوە قەولی دا پاش دوو رۆژ بچێتەوە سوید، داوای ١٠٠٠ دۆلاری مانگانەی دەکرد، خۆ ئەگەر لەبواری رۆژنامەگەریدا هیچی لەدەست هاتبایە، دیسان شتێک بوو، بەڵام گوتم بچوو لەگەڵ

صارمخان باسی بکە، بۆ ئاگاداریت لەو مانگەدا کەحاجی لەگەڵ من لەسوید بوە، بێجگە لەموخاریجی خواردن و هاتوچۆی نێو شار، ٢٠٠٠ کرۆنی نەغد لەمەلا محەمەد وەرگرتوە، ٣٠٠ دۆلاری لەمن وەرگرتوە، ١٢٥ دۆلار کرێی سەفەری بووە، نەمدەویست باسی ئەوانە بکەم بەڵام بۆ ئاگاداریت لەموخاریجی رۆژنامە بەپێویستم زانی، من لەهەوەڵەوە بەتۆم گوت کەبۆ ئەم کارە مرۆ دەبێ هەستێکی خزمەت بەنیشتمانیشی هەبێ، نەك هەر مەعاش وەرگرتن، ئێستا کەئەوە نابیندرێ دیسان هەر خۆم بەخەتابار دەزانم، لەوەڵامی نامەی بیست و پێنجی ئەسفەندا هیچ نانووسم ئەوانەی نووسیوتن هەموو راستن و نامەوێ پتر سەرت بێشێنم..... ئەگەر مەسەلەی پاسپۆرتەکەم بۆ عیلاج بکرێ، دەچمەوە سوید و لەگەڵ هەموو ناتەواویەك کاری رۆژنامە درێژە پێدەدەم، هیوادارێشم ئەوەندەی زیان بەشەخسیەتی تۆ نەگات، رێنوێنیمان بکەی و لەفیکر و قەڵەم و رێنوێنی جەنابت بەقازانجی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد کەڵك وەربگرین، برات کەریم ٩٨٦/٣/٢٣).

من پێم خۆشبوو ئەم فەرمانەی صارمخان ئەنجام بدەم و (فەورەن بچمە لۆزان)، بەڵام بێ پاسپۆرت سەفەر نەدەکرا، بەناچار رۆژنامە کەوتبوە سەر شانی مەلا محەمەد و دکتۆر جەمشیدی، دوای ئەوەی پاسپۆرتەکەم عیلاجی کرا و هاتەوە دەستم، گەڕامەوە بۆ سوید و دیسان لەمالّی مەلا محەمەدی مامەوە، صارمخانیش سەرەڕای توڕەبوونی وتاری دەناردن و ئێمەش نووسراوەکانی خۆمان بۆ دەنارد و چاوی لێ دەکردن، هەرچۆنێك بێ ئێستا ئیتر رۆژنامە کەوتبوە کار و کاك ناسری ئیبراهیمیش خوای تەعالا و دکتۆر کەمال عەلی گەیاندبوویان، وەك تاپێستێکی شارەزا و روح سوك و لاوێکی دڵسۆزی کورد و نیشتمانپەروەر، بۆ تاپکردن یارمەتی دەداین و ژمارە پێنجی رۆژنامەشمان دابوو بەچاپ، لەپڕ نامەیەکی صارمخان هات کەبەتاریخی نۆزدهم تیر ماه ١٣٦٥ (٩٨٦/٧/١٠) بۆ عەزیزی ماملێ و مەلا محەمەدی نوسیبوو، گوتبووی: (..... وەك ئەندامی دەستەی

نووسەران هەر ئێوە ماون، کەوابوو ئەم رۆژنامەیە بەم شێوەی ئێستا ناتوانێ درێژە بەژیانی خۆی بدات، ناوی ئەو رۆژنامەیە من پێشنیارم کردوە، کەوابوو ئەگەر کەسێکی دیکە ویستی رۆژنامە دەربکا، دەبێ ناوێکی دیکەی لێ بنێ، دەنا دەستەی نووسەران و بەتایبەت من کەسەرنوسەر بووم مافی ئەوەی هەیە بەیانی لەسەر دەربکەن، تکاتان لێ دەکەم کە: یەکەم حیسابی راستی ئەو پێنج ژمارەیە ئامادە رابگرن کەلەکاتی خۆی دا چاپ و بڵاو بکرێتەوە، دووەم ئارشیو و پێشینە رابگرن و بەباشیش پارێزگاری لێ بکەن تا ئەگەر رۆژێك و رۆژگارێك دەرەتانی بڵاوکردنەوەی رۆژنامە هەبوو، لەبەر دەستمان بێت، سێیەم ماشێنی نووسین و کەلوپەلی کراو بۆ رۆژنامە ئامادە بەکار و بیپارێزن، دوو هەزار دۆلاریشم قەرز کردووە داومە بەمەسئولی مالّی، خۆم دەیدەمەوە.....) دیارە رووونوسی نامەکەی بۆ منیش ناردبوو. (دوو هەزار دۆلارەکەشی کەدابوو بەمەسئولی مالّی لەمنیان وەرگرتەوە).

دەبوایە چبکەم؟ نامەیەکی چەند لاپەڕەیم بۆ صارمخان نووسی و لەئاخری نامەکەشدا نووسیم: (دەبوایە دوو پێشمەرگەش بنێری ئەو تایپ و کەل و پەلی نووسین و شتی رۆژنامە کەمن بەپارەی خۆم کڕیومن، دەستیان بەسەر دابگری.....) سەرم سوڕ مابوو، بیرم کردەوە دیارە ئەوە خاسیەتی کوردە، کابرا با حقوقی و قازی عەدلیەش بێ، هەوای زۆرداری و داگیرکردنی لەسەریدا هەر هەیە، بەداخەوە دوای ئەو نامەیە صارمخان نەك هەر لە هاوکاری لە گەلّ رۆژنامە وازی هێنا بەڵکو هەموو پێوەندییکیشی لە گەلّ من پچڕاند هۆی بنەڕەتیش وەنەبێ کەم و کوڕی رۆژنامەو نامەی عەزیزی ماملێ بوو بێت، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ویستێکی صارمخان کەداوای لەمن کردبوو ئەنجامی بدەم، لەکاتێکا هیچ لەدەستی من نەدەهات و کارێکم نەبوو کەبتوانم رایپەڕێنم، هەروەك پێشتر لەنامەی (دوشنبە یازدهم نوابمر ۱۹۸۵دا بۆی نووسیبووم: (اگر ام کسی ك قرار بود از طرف شما نزد من بیاید نباید و کار اصلی سروسامان نگیرد همکاری

مـن در مـورد روزنامـه نیـز در چـهار چـوب محـدودی خواهـد بـود....) دیـاره ئـەم داخـوازەی پێـك نـەهاتوە و نامـەی کـاك عـەزیزی مـاملێ–ی کردبـوە بیـانوو بـۆ کشانەوە لەهاوکاری رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) بەشێوەیەکی کەلەئـەو چـاوەڕوان نەدەکرا.

دیسان مالّی مەلا محەمەدی خضری ئاوەدان بێ، نازانم چۆن بـوو ئـەو فەرمانـەی صارمخانی رانەپەڕاند و دەسـتی بەسـەر شـتەکاندا نـەگرت، بـەڵام بـەدوای نامـەی صارمخاندا، مەلا محەمەد لە ١٩٨٦/٧/٣٠دا، ئـەم نامەیـەی خـوارەوەی بـۆ صـادق وەزیری نووسی:

(زۆر بەڕێز کاك صارمخان

وێڕای سڵاو و ئیحترام داوای ساخی و سەرکەوتنتان بۆ دەکەم و هیـوادارم خـۆش و بەکەیف بن، سڵاوی تایبەتیم هەیە بۆ خانمێ و کاك وریا.

بەڕێز ئەوە لەسەر داوای جەنابتان سوپەت حیسابی رۆژنامـەی (سـەردەمی نـوێ)م نـاردە خزمـەتتان، لـەرۆژی هەوەڵـەوەڕا کـەتایپ کـراوە تـا دەرچـوونی ژمـارە ٥ و پێچانەوە و بەڕێ کردنی بەتەواوی بەم جۆرەیە!

١– ئەو پارەی من وەرم گرتوە بۆ خەرجی رۆژنامە هـەتا رۆژی ١٩٨٦/٧/٢٣ بۆتـە ٧٤٩٥٧ کڕۆن، ئەمە بەپارەی سویدی بۆتە ئەوەندە.

٢– خەرجی رۆژنامە بـەکڕینی ٢ تایـپ و تـەلیفۆن و پۆسـت و چـاپ و بـوونی کـاك حاجی لێرە و خۆم بۆتە ٧٢٦٥٠ کڕۆن. (بۆ یاد ئاوەریتان لـەم پارەیـە ٩٤٠٠ کـڕۆن من خەرجم کردوە، پارەی تەلیفۆنیش هەتا ٦/٢٥ دراوە).

٣– لەجەمعی ئەو پارەیە ٣٥٤٩٩ کڕۆن لـەکاك کـەریم وەرگرتـوە، بـاقی تـر دیـارە لەمەسئولی مالّی کاك عەزیز وەرگیراوە.

ئەمـە بـوو بـەکورتی سـوپەت حیسـابی رۆژنامـەی (سـەردەمی نـوێ) و هـەرکاتێ بەپێویستت زانی دەفتەرەکەی حیسـاب بۆتـان دەنێـرم دیـارە دەفتەرەکـە تۆزێـك

گەورەیە، حیسابی ژمارە ٦ من نایکەم ئەوە لێرەدا حیسابەکە دەدەمەوە بەکاك کەریم، ئیتر جارێکی تر دەستەکانتان دەگوشم و سەرکەوتوو بن، بۆ چوك و موخلیس محمد خضری، ١٩٨٦/٧/٣٠).

نامەی مەلا محەمەدی لەراستیدا جوابکردنی من بوو، بەڵام دانم بەجەرگی خۆم داگرت و خەریکی تەواوکردنی ژمارە ٦ی رۆژنامەکە بووم تا رۆژی ٨٦/٨/٤ مەلا محەمەد نامەیەکی دیکەی بۆ نوسیم و گوتبووی: (چیتر هاوکاری رۆژنامە ناکەم و مانگی ٣ هەزار کڕۆنیش وەرناگرم)، نامەکەی وێدام و منی بەتەنیا بەجێ هێشت و چوە کن کاك عومەری کوڕی کاك سەید حەسەنی هاشمی. (راست ئەو کارەی من و خێزانم لەسۆفیا بەنەخۆشی لەگەڵ مەلا محەمەدمان کردبوو)!!
ئیتر مانەوەم لەوێ نەدەکرا، رۆژی ٨/١٣ ٥٠٠ دۆلارم بۆ هەقی تەلیفۆن دایە، ١٥٠٠ کڕۆنم هەقی ١٥ رۆژان و ١٤٠٠ کڕۆنم هەقی خواردنی خۆم دایە و هەر ئەو رۆژە کاك کەریم سەنجاری هەروەك پیاوەتی و یارمەتی جارانی لەگەڵم هات، تایپ و (دیارە هەریەك تایپیش) کەلوپەلی نووسین و شتی رۆژنامەی لەماڵی مەلا محەمەدی خزرییەوە بۆ هێنامە ماڵی کاك فەهد گەردەوانی، ماڵەکەی فەهد کەتاقە ژوورێك بوو، بوو بەماڵ و دەفتەری رۆژنامە و جێگای کار و میوانخانەش.
دوای واز هێنانی مەلا محەمەدی ئەم نامەیەی کاك (عەزیزی ماملێ)م بۆ هات:
(برای بەڕێز کاك کەریم، لەپاش سڵاو، سلامەتی و سەرکەوتنتان ئاوات دەخوازم، لەپاش وتوویژی تەلەفۆنی
ئەوا ئێستا لیستی خەرجیەکان و داهاتەکان بەو شێوەیە بەعەرزتان دەگەیەنم.

داهات:

١- جارێك بۆ خۆتان مەبلەغی چوار هەزار دۆلارتان لەپاریس تەحویل داوم.

٢- مەبلەغی هەزار و پێنج سەد دۆلارتان حەوالّەی دکتۆر ئاسۆ کردووم کەئەوانیش پێیان گەیاندوم.
٣- مەبلەغی دوو هەزار دۆلار برای بەڕێزمان کاك صارم بۆ خۆی لەگیرفانی خۆیان بۆ دەرچوونی ڕۆژنامە لەئیختیاری ناوم.

ئێستا خەرجیەکانی ڕۆژنامەکانی ژمارە ١و٢و٣و٤ بەو شێوەیە رادەگەیەنم.
١- جارێك مەبلەغی/ ٨٥٠ دۆلار (5892ff)م بۆ کڕینی ماشێنی تایپ بۆ مەلا محەمەد لەسوید ناردوە.
٢- ئەوکاتە لەسوید بووم مەبلەغی ١٨٠٠ دۆلارم تەحویلی کاك مەلا محەمەد داوە.
٣- لەپاش گەڕانەوەم لەسوید جارێك مەبلەغی ١٧٠٠ دۆلار، جارێکی دیکە مەبلەغی ١٢٠٠ دۆلارم هەر بۆ کاك مەلا محەمەد بەڕێ کردووە.
٤- مەبلەغی/ ٨٣٧ دۆلار مەخارجی سەفەر و هات و چۆ و مەخارجی پۆستی خۆم بوە.
٥- دیارە هەزار فرانك لەژمارە حیسابی بانك دا هەر مەوجودە.
٦- تا ئێستا هیچ پارەیەك بەو ژمارە حیسابە وارِیز نەکراوە.
بەو جۆرە داهاتێکی کەبۆ من وەك مەسئولی مالّی هەبوو، بۆتە مەبلەغی/ ٧٥٠٠ دۆلار، مەخارج بۆتە/ ٦٣٨٧ دۆلار، بۆ ئەوە کەبتوانم پارەی برای خۆشەویستمان کاك صارم دابین بکەمەوە تکا دەکەم مەبلەغی ٨٨٧ دۆلار بۆ من بنێرن، فۆتۆکۆپی ئەو نوسراوە بۆ برای بەڕێزمان کاك صارم و کاك مەلا محەمەدیش دەنێرم، جارێکی دیکە ڕێز و سلاّو براتان عەزیز ١٩٨٦/٨/١١).

بەم جۆرە و بەکورتی بێ ئەوەی حیسابێکیش لەگەلّ ئەم دوو مەسئولەی مالّی بکەمەوە، ئەوانەی بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە و ساز کردنی حیزب هانیان دەدا، وازیان هێنا. بەلاّم ڕۆژنامە بێ ئەوان دەستە و ئەژنۆ دانەما، ئێستا ئیتر وردە وردە لەنێو

روناکبیرانی کوردا جێگای خۆی کردبۆوە، وەك پێمان گوترابوو کەگۆیا شورای فەرهەنگی سوید دوای دەرچوونی چەند ژمارە رۆژنامە یارمەتی دەکات، ئێمەش بەو هیوایە دوای دەرچوونی ٦ ژمارە، داوای یارمەتیمان کرد، بەڵام رۆژنامەکەی ئێمە زۆر زوو لەلایەن کاك فەرهاد شاکەلییەوە ناسێنرا، ناوبراو لەژمارە ١و٢ی گۆڤاری (سویدی کوردی) مانگی یونی ٩٨٦ کەبەزمانی سویدی دەردەچوو، نوسیبووی: (سەردەمی نوێ) رۆژنامەیەکی سیاسییە، لەلایەن لایەنێکی نەناسراوەوە بەدوو زاراوەی کوردی خوارو و سەروو لەگەڵ وتاری فارسی دەردەچێ، رۆژنامەیەکی سۆسیالیستییە و شەقڵ و نیشانی رۆژهەڵات (شەرق)ی پێوەیە)، دیارە لەوڵاتی سۆسیال دیموکراسی–شدا بەقسەی (کاك سالار عەزیز: (سۆسیال دیموکراتیش لوتکەی دیموکراسیەت و شارستانی و دادپەروەریە) (بڕوانە کوردستانی نوێ ژمارە ٢٧٤) یارمەتی بەرۆژنامەیەکی (سیاسی) ناکرێ کە (سۆسیالستی) بێ و (شەقڵ و نیشانی رۆژهەڵات– شەرقی) پێوەبێ، ئێمە ماوەی پێنج ساڵ، ٥٤ ژمارەمان دەرکرد و چوار جاریش داوای یارمەتیمان کرد، جوابیان نەدایەوە. دیاربوو کەوتبووینە لیستەی رەش.

پێش ئەوەی باسی رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) تەواو بکەم، سەبارەت بەوەی دەرکردنی (سەردەمی نوێ) بەبەشێکی بچوکی تێکۆشانی سیاسی و کولتوری خۆم دەزانم لەئاوارەییدا و ئەرکی سەرنووسەری رۆژنامەکە و دابینکردنی بودجەی رۆژنامەکەشم لەسەر شان بوە، دەمەوێ نەختێ پتری باس بکەم.

رەنگە زۆر روون بێ کەدەرکردنی رۆژنامەیەکی کوردی لەئەوروپا، بەتایبەت کەسەربەخۆ و بێ لایەن بێ و دوور لەشەڕە شەقی رێکخراوە کوردستانیەکان، چەندە دژوارە. ئێمە لەو ماوەیەدا نێزیکەی ١٦٠ دانەمان لەهەر ژمارەیەك بۆ کوردەکانی ئەوروپای رۆژئاوا و ئەمریکا و کانادا دەنارد، لە ٦–٧ کەس زیاتر لەو ماوەیەدا یەك کەس تەنانەت پارەی پۆستەکەشی بۆ نەناردووین، لەهەر ژمارە ١٨٠ دانەمان بۆ کوردەکانی دانیشتووی وڵاتانی سۆسیالیستی پێشوو دەنارد، یەك

کەس تەنانەت کتێبێکیشی بۆ نەناردوین، بۆ ئێران و پاکستان و.... هەروەها هیچ یەک لەحیزبە سیاسیەکانی کوردی نەک هەر یارمەتیان بە (سەردەمی نوێ) نەکردوە کەرۆژنامەیەکی کوردی بوو، لاپەرەکانی خۆی بۆ مەسەلەی کورد تەرخان کردبوو، بەڵکو وێدەچوو تەحریمیشیان کردبێ، جا کەیارمەتی نەدەدرا هیچ، بەڵکو قورساییەکی زۆریشی خستبوە سەر بیر و مێشکی زۆر کەسەوە کە: (ئەم رۆژنامەیە بەچی دەردەچێ، پارەیان لەکوێ بوو، کێ یارمەتیان پێدەکات؟) و ئەم بەیت و باوانەی کەپتر لەهەموو شتێك زۆر کەسی بێکاری کورد خۆی پێوە خەریك دەکەن، ئیتر بیریش لەوە ناکەنەوە کەرۆژنامە چ دەنووسێ و لەخزمەت کام ئامانج و رێباز دایە، یا خۆ کەسێکی بخوازێ کارێك بکا و بەتایبەت ئامانجی خزمەت بەنیشتمان بێ، دەتوانی کەرستە و ئامراز و وەسیلەی کار و تێکۆشانەکەشی پەیدا بکات، مەرج ئەوەیە کار و ئامانجەکە پاك و پیرۆز بێ.

ئێمە زۆر جاران داوامان لەروناکبیر و نووسەرانی کورد دەکرد کەبەشداری لەنوسین و بەڕێوەبردنی (سەردەمی نوێ)دا بکەن، کاك خەبات عارف و کاك فەرهاد عەبدولکەریم رایانگەیاند بوو کەئامادەن ببنە ئەندامی دەستەی نووسەران، زۆرمان بەدڵ بوو، رۆژی ٨٦/١١/٢٢ هاتنە مالّی دکتۆر جەمشیدی کەئێستا ببوە مالّی منیش، بۆ ئەوەی لەسەر چۆنیەتی بەشداری و نێوەرۆکی رۆژنامە بدوێین.

کاك خەبات گوتی: (ئێمە بۆ بەشداری مەرجێکمان هەیە ئەویش ئەوەیە کەلاپەڕی رۆژنامە ئەشێ ئازاد بێ، هەرکەس هەرچی بخوازێ و بەقەڵەمی دابێ، دەبێ بێ سانسۆر بڵاو بکرێتەوە، کێ چی دەوێ با تێیدا بنووسێ)، گوتم رۆژنامەکە لەسەرەتای دەستپێکیەوە رێ و شوێنێکی بۆ خۆی دیاری کردوە، لام وایە لەم چوارچێوەیەدا هەموو کەس دەتوانێ تێیدا بنووسێ، بەڵام رۆژنامەیەکی کوردی ناتوانێ ببێتە کاولی بێ دەروازە و یا بکرێتە مەیدانی شەڕەفڕ و پەلاماردانی ئەم و ئەو، ئێمە بەر لەهەموو شت دەبێ بزانین رۆڵەی کام میللەتین؟ نەتەوەکەمان لەچ بارودۆخێك دایە؟ بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلمان لەچ قۆناخێك دایە؟ ئێمە

بۆچی و لەسەرچی دەربەدەر بووین؟ ئەرکی سەرشانمان لەدەرەوەی وڵات چییە؟ بەرەڵایی نووسین چ خزمەتێك بەمەسەلەی ئیمڕۆی کورد دەکات؟

دکتۆر جەمشیدیش لەو بوارەدا هێندێ لایەنی ئەرکی ئیمڕۆی رۆژنامەگەری کوردی روون کردەوە، کاك خەبات و کاك فەرهاد بەداخەوە لەگەڵ بۆچوونی ئێمە رێك نەبوون و بەشداریەکەیان سەری نەگرت و رۆژنامەکە لەئەستۆی من و دکتۆر جەمشید دا مایەوە، راستە کارێکی ئاوا بۆ دوو کەس هاسان نییە، بەڵام نامە و نووسراوەی برادەران و خوێنەرانی رۆژنامە و یارمەتی کاك ناسری ئیبراهیمی زیاتر لەسەر تێکۆشان پێگیری دەکردین.

بەقەولی کاك حەمەدەمینی سیراجی: (بۆ زیادکردنی ٢-٣ لاپەڕی کتێبەکە) کورتەی نووسراوەی هێندێ لەدۆست و برادەر و خوێنەران لەسەر (رۆژنامەی سەردەمی نوێ) بڵاو دەکەمەوە:

نامەی کاك رەحیمی قادری ٨٦/٦/١١:

(..... بەر لەهەموو شتێك دەرچوونی (سەردەمی نوێ) بەجەنابتان و هەموو بەڕێوەبەرانی ئەو رۆژنامەیە پیرۆزبایی دەڵێم، هیوادارم ببێتە ناوەندی هەموو روناکبیرێکی دڵسۆزی گەلی هەژاری کورد و هەروەها هەنگاوێك بێ بۆ رێکخستن و سیستماتیك کردنی تیئوری پێشکەوتخوازانە لەناو ریزەکانی گەلی کوردەواریدا و لەنهایەتدا ببێتە رێکخراوەیەکی پێشکەوتوو موسەلەح بەبیروباوەڕی نەجاتی بەشەڕ لەژێر زوڵم و چەوسانەوە، گەلی هەژاری کوردیش لەم رێگایەوە بەئامانجی نهایی خۆی بگات، جارێکی تریش پیرۆزباییتان لێ دەکەم).

نامەی دکتۆر جەمیل شەرەف ٨٧/٣/٢٧:

(..... نووسراوەکانی سەردەمی نوێم بەدڵن، دەرکردنی شتێکی باشە، دیارە باشتر کردنی پارەی زۆری دەوێت بیروڕاکانی ناو سەردەمی نوێ

کەپێشکەوتوخواز و کوردایەتی لێ دەوەرێ بەدڵی منە، بڵاوکراوەی گەلێك جۆر لەئەوروپا بەکوردی یا بەزمانی تر دەردەچن، سەردەمی نوێ لەریزی پێشەوەیا دادەنێم.....).

نامەی کاك ناسری تۆکمەچی ٩٨٦/٧/٨:

(..... بەپێویستم زانی هێندێك باسی رۆژنامەی سەردەمی نوێ بکەم، ئەوەندە دەڵێم کەدەرکردنی رۆژنامەیەکی ئەوتۆ جێگای شانازی بەختەوەری بۆ هەموو شۆڕشگێڕێکە و کاری وا لەدەست هەموو کەس نایە! بەم هۆیەوە بەپێویست دەزانم پیرۆزبایی خۆمتان عەرز بکەم و داوای سەرکەوتنتان بۆ بکەم، هێندێك خسوسیاتی سەردەمی نوێ کەلەهەوەڵ نیگادا سەرنجی خوێنەر رادەکێشێ، بریتین لە:

١- (سەردەمی نوێ) بەحەق (وەك ناوەکەی) بازتابی رۆژگارێکی نوێیە! چونکو دایرەی دید و روانینی زۆر بەریلاوتر و لەبارەی زانیاریشەوە غەنی تر لەرۆژنامەکانی مەوجود، دەکرێ پیاو بڵێ سەردەمی نوێ رۆژنامەیەکی چەند بوعدییە!

٢- بەهۆی ئەوەی کەسەردەمی نوێ وابەستەگی سیاسی، رێکخراوەیی نییە، دەتوانێ لەمەحدودیەتی سیاسی ئیدەئولۆژی دوور بێت.

٣- سەردەمی نوێ مەحدود بەزمانێکی تایبەتی نییە و کاراکتێرێکی ئینترناسیۆنالی هەیە، ئەم خاڵە گرنگە هەم لەچەند زمانی رۆژنامەکەدا بەرچاو دەکەوێت و هەم لەئانالیز و بۆچوون بۆ مسائیلی سیاسیش دا، گیروگرفتی جولانەوەی گەلی ئێران و گەلی کورد بەتایبەت لەسەتحێکی زۆر وەسیعتردا بەر رەسی دەکا.

٤- بەرخوردی نەزەرات و عەقاید بەرووبی بەرچاو دەکەوێت کەنیشانەی رعایەتی ئوسولی دیموکراسی و پوبلیتیسبتە و نەبوونی ئینحیسار تەڵەبییە.....).

نامەی صادقخانی زەرزا:

(کـاك کـەریمی بـەڕێز و خۆشەویسـت ..... چـەند رۆژ پـێش چـاوم بەرۆژنامەکەت کەوت، بۆ هەوەڵ جار متوجە بووم کـەناوی جـەنابتی لەسـەر بـوو، وێستم پـڕ بـەدڵ پیرۆزبـایی ئەویشت لێ بکـەم چـون بەراسـتی پـێم وایـە یـەکێك لەباشـترین هەنگاوەکانـە بـۆ خزمـەت بـەتاریخ و ئـەدەبی کـوردی و موبـارەزەی ئێستای میللەتی کورد، هەرچەند کەپیاو ئەو ئینتزارەشـی لەشەخسـیەتی جـەنابت هـەر هەیـە کەسـەرەڕای ئـەو هـەموو ناکۆکیانـەش کـەبۆیان هێنایـە پـێش، هـەروا سوورو سوورتر بی لەسەر ئامانج و رێباز و موبارەزە.....).

نامەی خدر ٨٩/٩/١٤:

دوای سـڵاو..... لەسـەر نـاوەڕۆکی سـەردەمی نـوێ... بەراسـتی بەتایبـەتی هەڵوێست گرتن لەسەر رووداوەکانی چین، کەم و کوڕی وڵاتـانی سۆسیالیسـتی بـێ ئەوەی کەپیاو لاسایی دام و دەزگای غەربیـەکان بکاتـەوە، هـەروەها هەوڵدان بـۆ ئینترناسیۆنالیزە کردنی مەسەلەی کورد، بەراستی دەستتان خۆشبێ و قەڵەمتان بەردەوام.....).

نامەی کاك تاهیری کەمالیزادە:

(بەڕێز و خۆشەویست کاك کەریم..... ئومێدەوارم سەردەمی نوێ قـەدەمێکی نـوێ بێت بـۆ پێشـەوە بەوەبەرچـاو گرتنـی تـەجروبیاتی کـۆن و نـوێ بـۆ یـەك گـرتن و سەرکەوتن، وادیارە سەردەمی نـوێ دەیـەوێت بـێ لایـەنی خـۆی بپـارێزێ کەئـەوە هـەنگاوێکی نوێیـە، وا بـەباش دەزانم کەمـەتالیبی چـوکتری تێدا بگونجـێ سـەرج راکێشتر و باشترە.....).

نامەی کاك هیوا ئەحمەد:

(بەڕێز دەستەی نووسەرانی (سەردەمی نوێ)، ئەمجارەش هاوڕێ لەگەڵ کاروانی سلاوان و چەپکێك گوڵی سوور بۆ (سەردەمی نوێ) و ئێوەی ئازیزان داوای ساخ و سلامەتی و سەرکەوتنتان بۆ دەکەم، بەلەدایکبوونی (سەردەمی نوێ) لام وایە مێژووی رۆژنامەگەری گەلەکەمان دەوڵەمەندتر بوو بۆ پەرەپێدانی زمان و فەرهەنگی کوردی و زیندووکردنەوەی، بۆ پێگەیاندنی خوێنەرانی کورد لەسەر رووداو و دیاردەکان و ناساندنی ناوەڕۆکی راستەقینەی دوژمنان و دۆستانی لەکەوڵی دۆستداو بەلام دوژمن، هەروەها بردنەسەری زانیاری خوێنەران، بەتایبەت لەروانگەی زانستیەوە دەتوانێ دەوری باش بگێڕێ و جێگای هیوایە.

راستی ئەوەیە نەخوێندەواری و نزم بوونی رادەی زانیاری، بەتایبەت زانیاری سیاسی چوار دەوری گەلەکەمانی تەنیوە، ئەوەندەی بزانم رووناکبیرانی کورد بەتایبەت خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی وڵات تا رادەیەکی زۆر تینوی فێربوونن و بەشوێن سەرچاوەدا دەگەڕێن، ئێستا کەسەردەمی نوێ ئەم ئەرکە گرانەی خستۆتە سەرشان، رەنگە بتوانێ تا رادەیەك تینویەتی لاوانی کورد بشکێنێ.....).

نامەی کاك دەوەن: (برایانی دەستەی نووسەرانی بەڕێز سلاوێکی گەرم کەلاپەڕەکانی (سەردەمی نوێ) دەخوێنمەوە، بەراستی خۆشیەکی تەزوو بەخشم بەجەستەی دادێ و بەرچاوم روون دەبێتەوە، ئەوەش هەر لەبەر ئەوەی کەئامانج و هیوای بەرز و پیرۆز لەرێبازەکەی دا بەدی دەکەم، کەهەر لەکزە بای فێنکی پاش بڕینی هەورازە سەختەکانی وڵاتی خۆمان دەچێ، هەستی بێ پەردەیی پیرۆزی کوردی تێدا دەردەبڕدرێ، لەسنوری ناوچەگەری و ئیقلیمچیەتی تێ دەپەڕێ و سنورە دەستکردەکان تێك دەدا و ئاواتی هەرە بڵێندی نەتەوەی کورد دەخاتەڕوو، باسی کوردستان وەك یەك وڵات دەکا و یەك وڵات یەك نەتەوە

دەردەکانی دەستنیشان دەکا و هەتوینیان بۆ دادەنێ، خۆ (سەردەمی نوێ) تاقە رۆژنامە نییە کەبەزمانی کوردی چاپ و بڵاو بکرێتەوە، بەڵام رەنگە تاکە رۆژنامەیەك بێ سەربەخۆیی حیزبایەتی هەبێ و بێ لایەنی بەرانبەر حیزبە سیاسیەکانی کوردستان پاراست بێ و ئەم ئەرکە نەتەوەییە پیرۆزەی لەئەستۆ گرتبێ و بەو جۆرە لایەنگری مەسەلەی میللەتەکەمان بێ.....).

نامەی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، لقی چواری سلێمانی:

(..... کاتێك ماندوو و شەکەت و برسی لەشەڕی (خواکورك) گەڕاینەوە ژمارە ٣١– گەلاوێژی ١٩٨٨ی رۆژنامەی سەردەمی نوێمان بەدەست گەیشت، چاوی روون کردینەوە، شەکەتی لەبیر بردینەوە و رۆژنامەکەتان بێ وەستان وەك دیارییەکی جوان ئەم دەسەو دەستی دەکرد.

پاش ئەوەی زادەی بیری فراوانتان بوو بەمیوانی ئازیزمان، لێی تێر نەدەبووین، باوەڕیشمان وایە کەتێکۆشانی بێ وچانی ئێمەی پێشمەرگە لەکوردستانی نا ئاوەدانی خاپور و وێرانکراو، وێڕای هەوڵدانی بێ وەستانی دڵسۆزانی وەك ئێوە دەبنە تەواوکەری یەکتر بۆ هێنانە کایەی بیری نوێ و سەردەمی نوێ و مرۆڤی نوێ و لەئەنجامیشدا کوردستانی ئاوەدانی نوێ.....).

نامەی کاك هاوار تۆفیق:

(..... یەکەم جارە (سەردەمی نوێ) دەگاتە دەستم، زۆر سوپاستان دەکەم، خۆشحاڵی خۆم دەردەبڕم بەرانبەر نوسینە جوانەکانتان کەدەروونی هەموو چەوساوەکانی کورد تیمار دەکات، نووسینەکانتان راستی رووداوەکان و زوڵم و زۆری رژێمەکان و مااڵ وێرانی گەلی کوردمان لەکوردستانی بەش بەشکراو دا دەخاتە روو.....).

دوای پێوەندی لەگەڵ رونـاکبیر و نووسەرانی کورد و داوا کردن بۆ بەشداری لەدەستەی نووسەراندا، رۆژی ٩٨٩/١٠/٨ کاك رەفیق سابیر و کاك سەلام

عەبدوڵڵا، حاجی مەمۆ و کاك حەمە سەعید حەسەن و کاك خەبات عارف و دکتۆر جەمشید لەمانّی ئێمە کۆبوونەوە تا لەنێوەڕۆك و ڕێبازی ڕۆژنامەکە بکۆڵینەوە و دەستەی نووسەرانی تازە دابمەزرێنین و هاوکاری بکەین، پاش باسێکی زۆر کاك حەمە سەعید حەسەن و کاك خەبات لەگەڵ ڕێبازی دیموکراسی ڕۆژنامەکە موافیق نەبوونو هاوکاریان نەکرد، دەستەی نووسەران لەم پێنج کەسەی دیکە پێك هات و تا ژمارە ٥٤ی مانگی سێپتامبری ١٩٩٠ ڕۆژنامە بەردەوام بوو، لەم ماوەیەدا برادەرانی دەستەی نووسەران یەکجار کۆبوونەوەیان کرد و هەریەکەش ٥٠٠ کڕۆنیان لەبودجەی ڕۆژنامەی بۆ خەرجی ڕێگا وەرگرت و ئیتر لەنووسین زیاتر کاری دیکەیان نەبوو، دوای ژمارە ٥٤ لەگەڵ دکتۆر جەمشید کەهەموو ئەرك و زەحمەتی ڕۆژنامەمان لەسەر شان بوو، پاش لێکدانەوەیەکی ورد، گەیشتینە ئەم ئاکامە کەدرێژە پێدانی ڕۆژنامە لەتوانامان دا نییە و بەناچار دەبێ بوەستێ، جا دەرد هەر ئەوە نەبوو کەڕۆژنامەکە دوای پێنج ساڵ ڕادەوەستێ، ناخۆش ئەوەبوو کەئەم سێ برادەرەی تری ئەندامی دەستەی نووسەران هەر تاقە جارێکیش نەیان پرسی ئەرێ ئەم ڕۆژنامەیەی لەخوامان دەویست وتارێکی تێدا بڵاو بکەینەوە، چی بەسەرهات، بۆچی ڕاوەستا؟ دەڵێن کورد ئەگەر بزنە گڕوبێکەکیشی لێ بزر بێ، لێی دەپرسێتەوە، ئەوان ئەوەشیان نەکرد، تۆ بڵێی ئەمە خسوسیاتی هەموو کۆمەڵی کوردەواری بێت؟!

لەکۆتایی کورتە باسی دەرچوون و وێستانی ڕۆژنامەی (سەردەمی نوێ)دا، وەك سەرنووسەر و پێکهێنەری ڕۆژنامەکە، بەئەرکی خۆمی دەزانم پڕ بەدڵ سوپاسی زەحمەت و یارمەتیەکانی کاك رزگار عەبدوڵڵا، کاك ناسری ئیبراهیمی، کاك مومتاز، کاك حەمید نەورۆز، کاك حەنەفی، کاك مستەفا دوزگین، کاك دکتۆر مەجید جەعفەر، کاك محەمەد بەکرۆ، کاك فەهد گەردەوانی، کاك عەبدوڵڵای کوردستان پڕێس، کاك کەریم سەنجاری، کاك مەحفوز مایی، کاك کەمال میراودەلی، کاك محەمەد تۆفیق، کاك دکتۆر تالیب کاکەیی، کاك دکتۆر محەمەد

کـەریم شـکاکی و هاوسـەری بـەڕێز و خۆشەویسـتم (دایکـی کـەمال) بکـەم، کەهەریەکەیان بەتۆرەی خۆیان و بەگوێرەی توانا لـەم ماوەیـەدا بـۆ کـاری رۆژنامـە یارمەتیان داوین، هەروەها بێجگە لەدەربڕینی سوپاسێکی پـڕ بـەدڵ پێنووسـەکەم لەتوانای دا نییە کەقەرەبوی هەڵوێستی برایـەتی و پیـاوەتی و پێـوە ماندووبوونی دکتۆر جەمشید و فەهد بکات، کەبێجگە لـەکاری رۆژنامـەی لەئاسـت مـن نیشـانیان داوە، بەتایبەت خزمەت و پێـوە ماندووبوونی لـودمیلای خێزانـی دکتـۆر جەمشـید هەر باسی ناکرێ و بەسوپاس پڕ نابێتەوە و لەبیر ناکرێ).

گەڕانەوە بۆ سەر دەفتەری یادداشتەکانم

٩٨٥/١١/٢٩ دکتـۆر ئاسـۆ لەئەڵمانـەوە خەبـەری دامـێ کەفەرەیـدونی مـیتران و حامیـدی گەوهـەری هاتوونـەدەر و گەیشـتوونە ئەسـتەمبوڵ و چـاوەڕوانن کەتەلـەفۆنیان لێ بکـەی، بـۆ شـەوی دوایـی تەلـەفۆنم کـرد، داوایـان کـرد کەبچـم سەریان بدەم، خەریکی ڤیزا وەرگرتن بووم، دکتـۆر ئاسـۆ گـوتی: (لێـرەوە نـاتوانم پارەیان بـۆ بنێـرم، تکایـە ١٥٠٠ دۆلاریـان بـۆ بـەرە، مـن لێـرە دەیدەمـەوە، رۆژی ٨٥/١٢/١٢ چوومە ئەستەمبوڵ و تـا رۆژی ٢٣ لـەلایان بـووم، ناردبوویـان کـەژن و منداڵیشـیان بـێن، لەباسـی سیاسـەت و هەڵوێسـت و تێکۆشـانی دواڕۆژدا، بـۆم دەرکەوت کەمەیلیان بەلای حیزبی تودەدا تونـدە و خۆیان لەسەر ئەو رێبـازە سـاخ کردۆتـەوە، بـەڵام دڵـە لەرزێکیشـیان هـەر هەیـە، مـن رۆژی ١٢/٢٣ گەڕامـەوە بـۆ سۆفیا.

سـاڵی تـازەی زایینی (١٩٨٦)

شەوی سەری سـاڵی تـازەی زایینیمـان لەگـەڵ کـاك رەفیـق سـابیر و کـاك نەویـدی موعینی بردەسەر و باسی سیاسی و بارودۆخی داخدار و شـپرزەی کورستانیشـمان تێکەڵ بەئاهەنگی سەری ساڵ دەکرد.

٨٦/٢/١٦ نامەیەکی کاك رەحیمی قادریم بۆ هات کەلەئەسپانیاوە نووسیبووی، نازانم ئادرێسی منی چۆن دەست کەوتبوو، کاك رەحیم کادرێکی ناوچەی سەردەشت و وابزانم ئەندامی کۆمیتەی شارستانیش بوو، نامەی ئەو برادەرانە کەدەهات لەلایەك شاد دەبووم کەهەستی برایەتی و هاوکاری دەردەبڕن و بەدوای شوێنم دا دەگەڕێن و نامەم بۆ دەنووسن، لەلایەکی دیکە جەرگم ژانی دەکرد کەئەم کوڕە فیداکار و تێکۆشەرانە بەناچاری ئاوارەی هەندەران دەبن و نیشتمان و خەبات بەجێ دێڵن، بەپێچەوانەی نووسینی رێبەرانی حیزبی دیموکرات، من ئەوانەم بەترسەنۆك و بەزیو نەدەزانی.

کاك رەحیمی قادری نووسیبووی:

(..... سڵاوێکی جوان و شیرین لەوڵاتێکی غەریب و دوور لەخۆشەویستانی ئازیز، دوور لەشنە و خوناوە و گوڵ و گوڵزار و شاخ و چیا و کوێستان و پێدەشتی کوردستان، دوور لەناز و عیشوەی تایبەتی کیژانی مەڵبەندە قارەمانەکەمان، دوور لەگوڕ و تینی کاکی پێشمەرگەی فیداکار و پاش سڵاوێکی زۆر، پڕ بەدڵ داوای سەرکەوتنت بۆ دەکەم و لەدوورەوە بەتاسەوە لەئامێزت دەگرم.

هیوادارم ئەرکی ئینسانی و نیشتمانی خۆتان لەپێناو بەرژەوەندی گەلدا هەڵبگری، تا بەڵکو کاروانی وەستاوی رێگای سەربەرزی و بەختیاری بەهەموو لایەکمان بەمەنزڵگای خۆی بگەیەنین و نەهێڵین ئاگری هەڵگیرساوی خەباتی بێ وچان بکوژێتەوە و خۆڵەمێشی هەلپەرستی و دواکەوتوویی بەسەریدا بکەوێت، هیوادارم هەروەك پێشوو هیچ کەند و کۆسپێك ساردت نەکاتەوە و تۆزی قەڵسی لەسەر ناوچاوانت نەبێ و زار بەپێکەنین بۆ رزگاری گەلە بەشخوراوەکەمان تێبکۆشی، بەڵێ کاك کەریمی خۆشەویست! زۆر لەمێژ بوو پێوە بووم نامەتان بۆ بنێرم، بەڵام نەمدەزانی چ بنووسم و باسی چ بکەم؟ چاوەڕوان بووم کەهەواڵی تازە و

گەرم بەدەستم بگەن، جا ئەودەم نامەتان بۆ بنێرم، بەکورتی ئەم هەواڵانەت بۆ دەنووسم.....).

شەوی ٨٦/٢/٢٨ دکتۆر ناجی کوتڵای تێکۆشەرێکی کوردستانی تورکیا هاتە لام، هەوەڵجار بوو ئەو برادەرەم دەبینی، مرۆڤێکی تێگەیشتووی خاوەن بیروباوەڕێکی پاك و خاوێن، باسی بارودۆخی کوردستانمان هێنا گۆڕێ، دکتۆر ناجی دەیگوت: (حیزبە کوردەکانی کوردستانی تورکیا لەسەر ئەوە مل بەملەیانە کەکامیان پتر کۆمۆنیستە و پارتی کرێکارانە، لەکاتێکا باشترە حیزبی دیموکرات و گەلی بن، لەکوردستان خەبات بەناوی کۆمۆنیستی و مارکسیستی دژوارە).
بۆچوونی دکتۆر گەلێك راست بوو، دروستکردنی حیزبی مارکسیستی یا خۆ رانان بەمارکسیزم ببوە نەخۆشی و زۆر کەس و رێکخراوی ئەوتۆ هەبوون کەبڕواشیان پێ نەبوو، دەیانویست خۆ بەمارکسیست نیشان بدەن.

دامان نابوو رۆژی ٨٦/٣/١ بۆ سەردانێکی کاك سەعدی رەحمەتی بچینە ئۆپسالا، بەتایبەت من کەبەڵێنی خۆم بردبوە سەر و کاڵاوێکی بچینە خەزی نایابی روسیم بۆ هێنا بوو، کە (لەسەری بنێم!) بەیانی زوو دکتۆر جەمشید تەلیفۆنی کرد و گوتی: (ئولوف پالمە کوژراوە)، خەبەرێکی ناخۆش بوو، بەڵام ئێمە سەفەری خۆمان پەك نەخست و میوانی کاك سەڵاحی بووین و رۆژێکی خۆشمان رابوارد، کاك سەعدی رەحمەتیش تەشریفی هات، کاڵاوم دایە، بەڵام بۆم لەسەری نەنرا!
دکتۆر کەمال میراودەلی ٨٦/٢/١٠ تەلیفۆنی کرد و گوتی: (مەڵبەندی کوردی لەلەندەن بەیارمەتی (جی- ئێڵ- ئێس) قەرارە نەورۆز بکات، ناوی تۆشمان نووسیوە کەبەشداری بکەی و لەسەر بارودۆخی ئیمرۆی کوردستان وتارت هەبێ.
رۆژی ٨٦/٣/١٢ گەڕامەوە بۆ سۆفیا ئەم نامەیەی دکتۆر کەمال میراودەلی-م بۆ هاتبوو کەبەئینگلیزی بۆ من و رەفیق سابیری نووسیبوو.

Mr Karim Hisami 7.3.1986
Rafiq Sabir
Complex Tolstoy Bloc 33 V.A
Sofia 122o Bulghina
Dear Mr. Hisami
Sabir
I am pleased to invite you, on behalf of the Mangement Committee to participate in Newroz Festival by qivinq a cultural seminar.
I hope you will arrive in London before 20.3.1986.
Looking forward to seeing you
K.M.Rasul Chairmen

بەداخەوە لەبەر نەبوونی پاسپۆرت نەمتوانی بەشداری بکەم.

دوای چاپکردنی کتێبەکەم (کۆماری دیموکراتی کوردستان یا خودموختاری) نوسخەیەکم بۆ **دکتۆر مارف خەزنەدار ناردبوو، دکتۆر لە ٨٦/٣/٧ ئەم نامەیەی بۆ نوسیبووم:**

(بۆ برای بەڕێز مامۆستا حیسامی رۆژتان باش

هەواڵتان دەپرسم، هیوام وایە لەخۆشی دابن سڵاوی خۆم و منداڵەکان بۆ دایکی منداڵان و خۆشیان، نامە خنجیلانەکەی رۆژی ٩٨٦/٢/٤ لەگەڵ کتێبە بەنرخەکەتان بەدەستم گەیشتن، زۆر سوپاستان دەکەم، بەتایبەت بەش بەحاڵی خۆم کەڵکێکی تەواوم لێ وەرگرت، بەتایبەتی لەو بەشانەی کەباسی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دەکەن کەدەورێکی باڵایان بووە لەو سەردەمەدا بۆ وشیارکردنەوەی خەڵکی، دەستتان خۆش بێ و خوا بەر خوردارتان بکا بۆ خزمەتی کولتوری نەتەوەکەمان کەبەشێکی گرنگە بۆ رووبەرکردنەوەی چارەنوسی دواڕۆژمان.

داواتان کردبوو بیروڕای خۆم دەربڕم، بەم جۆرە دەڵێم: کارێکی باشە و زانیاری تازەی تێدایە و دەبێتە سەرچاوێکی گرنگ بۆ نووسینەوەی مێژووی راستەقینەی

ئەو قۆناغەی نەتەوەکەمان، لەگەڵ ئەوەشدا دوو تێبینیم هەیە: یەکەمیان، دەوری سۆڤێت و راستی ئەو دەورە روون نەکراوەتەوە لەبابەت مەسەلی کۆماری کوردستانەوە، رەنگە ئەمە سیاسی بێ و کارێکی ناسك بێ و درکاندنی ئێستا کەڵکێکی ئەوتۆی نەبێ، بەڵام لەدواڕۆژدا دەبێ رەچاوی ئەوە بکرێ، دووەمیان مەسەلەی باڤیرۆڤ- ئەوەندەی من لێی دەزانم و لەئازربایجانی سۆڤیەت بیستوومە- ئەگەر لەو رۆژگارەدا خاینی حیزب و میللەتی خۆش نەبوایە، هەڵسوکەوتی بەرانبەر بەکورد هەر ئەوە دەبوو کەبوو، ئیتر ئێمە نابێ تەنیا لەبەرئەوە جنێوی پێ بدەین چونکە خاینی حیزب و میللەتی خۆی بوو، کاکی برا ئێوە لەمن باشتر دەزانن ئەوپەڕی چەپی ئەو میللەتانەی ئێمە دەچەوسێننەوە لەگەڵ ئەرمەن و ئازربایجانیش، ئێمە بەپیاوی خۆیان دادەنێن، دەبێ ئەوان نۆتۆنۆمیان بدەنێ، ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوەیە خۆیان بەئیمپراتۆڕ پێشان بدەن. دووبارە سوپاستان دەکەمەوە، لەدواڕۆژدا لەنووسینی تازەتان بێ بەشم مەکەن، هیوام وایە بەخۆشی و شادی بژین... براتان، ١٩٨٦/٣/٧).

نەورۆزی ١٩٨٦

بەیانی کەلەخەو رابووم، نەورۆزی کوردستانم هاتەوە بیر، باروبۆخی ولّات، وەزعی ئاوارە و دەربەدەر و لێقەوماوانی کورد، هەست و بیر و مێشکی داگرتم، مات ببوم و چووبوومە نێو دەریای خەم و پەژارەوە، دایکی کەمال بانگی کردم؟

- ئەوە چییە؟ بۆ وا مات بووی، لای خۆ نەورۆزە!

- راستە نەورۆزە، بەڵام بیر لەنەورۆزی کوردستان و لەبرسی و ئاوارەی کورد دەکەمەوە.

- بیر لەچی دەکەیەوە؟ چت بۆ دەکرێ؟ خوا غەزەب لەخومەینی و لەسەدامی گرێ، چاك نییە دوو برادەری کوردی عێراق و ئێران دێن نەورۆزمان لەگەڵ دەکەن. کاك رەفیق و کاك نەوید هاتن و ئاوامان پێشوازی لەنەورۆز کرد.

رۆژی ٨٦/٣/٣٠ کاك عەزیز محەمەد هاتبوە سۆفیا، تـەلیفۆنی کـرد و لەمندالّـەکانی پرسـی و ژمـارەی ژوورەکـەی دامـێ لـەهوتێل و گـوتی پـێم خۆشـە بتبیـنم، دوایـە تەلیفۆنت لێ دەکەمەوە.

رۆژی دوایی تەلیفۆنی کرد و چوومە لای، باسی رۆژنامەی سەردەمی نوێمـان کـرد و داوام لێکرد کەرێگای یارمەتیمان بۆ بدۆزێتەوە و رێنوێنیمان بکات.
پاشان فەرمووی مەڕۆ، پێکەوە لێرە نانی دەخۆین و بڕیارە یـەکێ لەمەسئولەکانی بولگاری بێتە لام، تۆش لێرەبە بەلّکو دوو قسان فڕێدەی.
کابرای بولگاری هات و لەسەر نانی مەسەلەی کوردمان هێنا گۆڕێ.
کابرا گوتی: (ئێستا تەبلیغاتی زۆر باسی مەسەلەی کورد دەکات).
گـوتم بـەلّێ راسـتە، بـەلّام لەروانگـەی دەزگـای تـەبلیغاتی بولگاریـەوە کـورد هـەر لەتورکیا هەیە و هەر باسی ئەوێش دەکات، ئەدی کوردەکانی ئێـران و عێـراق؟ مـن ئەم سیاسەتە زۆر بەراست نازانم.
پاشان هاوڕێ عەزیز بەیەواشی و بـەرووتی کەوتـە سـەر رووتکردنـەوەی مەسـەلەی کـورد و بـارودۆخی کوردسـتان و گـوتی لامـان وایـە ولّاتـانی سۆسیالیسـتی لـەم مەسەلەیەدا پێویستە هەلوێست بگرن.
٨٦/٤/١ لەکۆمیتـەی ناوەنـدی حیزبـی کۆمۆنیسـتی بولگاریـاوە تـەلیفۆنیان کـرد و گوتیان: (رەفیق رەمۆ شێخۆ لێرەیە و دەیەوێ چاوی پێت بکـەوێ، چـووم لەگـەلّ ئەبو جەنگۆ دانیشتین و داوەتم کردن لەگەلّ کاك عەزیز شەو میوانمان بن).
ئێوارەی ٨٦/٤/٣ کاك عەزیز و کاك رەمۆ شێخۆ سەربەرزیان کردین، رەفیق سـابیر و نەویـدی مـوعینی—ش بەشـدار بـوون و شـەوێکی کوردانـەمان بردەسـەر و لـەبیر ناچێتەوە.

رۆژی ٩٨٦/٤/٢٠ لەئێرانەوە خەبەری داخداری کۆچی دوایی شاعیری ناوداری کورد (هێمن)یان پێ راگەیاندم، وای وای، لەم هەواڵە ناخۆش و تاڵ و جەرگبڕە ! وای لەو زیانەی لەئەدەب و کولتوری کوردی کەوت، بەراستی لەماڵی ئێمە بوو بەتازیە، هێمن نەک هەروەک ناسیار و هاوخەبات، بەڵکو دۆستی بەراستی خانەوادەیی ئێمە بوو، بەخەتی خۆی تاریک و روونی پێشکێش بەدایکی کەمال کردبوو، پشتی رەسمی بەیادگار بۆ شلێری کچم نوسیبوو، لەسۆفیا کەمالی دەبردە سوێدەوە و شەو درەنگ وەماڵێ دەکەوتنەوە، ئاخرین نامەی بۆ من کەلە (یادی هێمن)دا چاپم کردوە، رادەی دۆستایەتی ئێمە نیشان دەدات، داخی گران لەهێمن دیدار ئاخرەت بووین، رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) لەژمارە دوو دا، هەواڵی دڵتەزێنی کۆچی دوایی هێمنی بڵاو کردەوە، لەژمارەکانی دواییشدا هەر خەبەرێکی لەسەر هێمن پێمان گەیشت بڵاو کرایەوە، لەگۆڤاری (پەیڤی) چاپی لەندەندا، وتاری من بەم بۆنەوە بڵاو کرایەوە.

رۆژی ٨٦/٥/٧ لەفرۆکەخانەی سۆفیاوە بانگیان کرد و گوتیان: (هێندێ کورد بەخاووخێزانەوە هاتوون، نەپاسپۆرتیان هەیە و نەبلیت، تۆ دەناسن، وەرە بزانین کێن و چکارەن.

کەچووم ساسانم دەناسی کادرێکی حیزبی دیموکرات بوو، لەگەڵ دوو خانەوادەی تری کورد بەژن و منداڵەوە لەعێراق دەرکەوتبوون و لەفرۆکەخانەی سۆفیا گوتبوویان دەچینە ئاڵمان، بەڵام نەپاسپۆرتمان هەیە و نەبلیت!

بەپۆلیسم گوت: دەیانناسم، ئینسانی باشن و بڕیار وایە لەئەڵمانەوە بلیتی فرۆکەیان بۆ بنێرن و دەچنە ئەڵمان، رێگایان بدەن بێنە دەرێ، میوانی من دەبن تا بلیتیان بۆ دێت، جاری وا هەیە پۆلیسی چاکیش هەڵدەکەوێ، ئادرێس و تەلیفۆنی منی وەرگرت و هاتینەدەر و چووینە ماڵی ئێمە، هەرچی بوو نان و چایەکی دەرویشانەمان هەبوو، بەڵام بەداخەوە بۆ ٦–٧ کەس جێگای خەومان

نەبوو، هوتێلێکی هەرزانمان پەیدا کرد و دوای دوو رۆژ بەخۆشیەوە بەڕێم کردن، لام وایە ١٢٠ لیرەی بولگاریان پێ بوو، نەدەکرا بیبەنە دەرێ، لای منیان بەجێ هێشت، تا ئێستاش نەکراوە بیاندەمەوە مەگەر لەقیامەت حیسابم لەگەڵ بکەن!!

رۆژی ٩٨٦/٦/١٧ پاسپۆرتەکەم وەگیر کەوتەوە، ڤیزای ئەڵمانم وەرگرت و چوومە بەرلین و لەوێشەوە بەقەتار چوومەوە ستۆکهۆڵم و میوانی مەلا محەمەدی خزری بووم.

٦/٣٠ مامۆستا مەلا عومەری عەسری هاتە لامان، دیدارێکی خۆشبوو، باسی ژیانی ناخۆشی کوردە ئاوارەکانی بۆ کردم کەلەعێراق مابوونەوە و لێقەوماو بوون، ئەندام و کادری حیزبی دیموکرات کەلە (کارێزە)ی عێراق برسی و بێکار کەوتوونەوە.

٨٦/٧/٩ هونەرمەندی دەنگخۆش و شاعیر و نوسەر ناسری رەزازی داوەتی کردم، دیارە ئەوە هەر جاری یەکەم نەبوو، بەڵام ئەمجارەیان کاك بەهرۆزی کورد ئەحمەدی، کۆنە کادر و کۆنە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتیشی میوان بوو، کاك بەهرۆز فرە داخدار بوو لەکەموکوڕی نێو حیزبی دیموکرات، باش بەسەر و گوێلاکی مەسئولەکاندا هاتە خوار، بەشی هەرە زۆری ئەو رەخنانەم بیستبوو، دەمزانین، بەڵام شتێکی بۆ باسکرد، هەر ئەودەم لەدەفتەری یادداشتەکانمدا نووسیمەوە.

کاك بەهروز گوتی: (پێشمەرگەیەك لەمەیدانی شەڕدا کەڕ ببوو، دکتۆر گەلی خەستەخانەی حیزب گوتبوویان لێرە چاری ناکرێ و ئەشێ بینێرنە دەرەوە، مامۆستا مەلا عەولا کەجێگری سکرتێر بوو، گوتی: (درۆ دەکا، کەڕ نییە. بەقەستی خۆی کەڕ کردووە، بچن لەبن گوێچکەی ناوی دایك و بابی بێنن، بزانن چۆن وەدەنگ دێت).

٨٦/٧/١٢ نامەی کاك ناسری توکمە چی—م بۆ هات،

کاك ناسر دوای سڵاو و هەڵسەنگاندنی (سەردەمی نوێ) کەلەبەشی (سەردەم)دا باسم کردوە نوسیبووی: (..... ماوەی چوار ساڵە لەئەڵمانی رۆژئاوام، زمانی ئەڵمانی فێر بووم، ئێستا لەتێرمی چوارەمی علومی سیاسی و کۆمەڵناسی دام، ماوەیەکی زۆرە هەوڵ دەدەم بۆ دەرس خوێندن بچمە ولاتانی سۆسیالیستی، بەداخەوە سەری نەگرت و ئەوا ماوەی دوو مانگ دەبێ مەداریکەکانم بۆ کاك حاجی ئەحمەدی ناردوە کەبۆ ئێوەو بنێرێت، چونکە من ئادرێسی ئێوەم نەبوو، دیارە نەمدەویست کەلەهەوەڵ نامەدا باسی ئەوە بکەم، بەڵام مەجبورم و هەر بۆیەش تکا لەئێوە دەکەم بەگوێرەی توانا یارمەتیم بدەن، بەڵکو بتوانم بۆرسێك بۆ ولاتانی سۆسیالیستی وەربگرم.... زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم ئەگەر لەم بارەیەوە یارمەتیم بدەن، دەگەڵ کاك حاجی لەم بارەوە دواوم، ئەویش نەزەری ئەوەیە کەئێوە دەتوانن کاری وا بکەن.... ئیتر سوپاس.. چوکەت ناسری توکمە چی).

دیارە ئەوە هەو ناسری لوکمەچی نەبوو کەداوای دەکرد لەولاتانی سۆسیالیستی بۆرسی بۆ وەرگرم، بەدەیان نامەم بۆ هاتوە لەلایەن کوردەکانی لای خۆمان کەچوویوونە رۆژئاوا تا بۆرسیان بۆ وەرگرم، دیارە پێوەندی و نامە نوسینیشیان هەربۆیە بوو کەرێگای خوێندنیان بۆ بکەمەوە، دەنا هەروەك خەڵکی ولاتێکیش نەبین وابوو!

٨٦/٧/١٤ کاك خالیدی عەزیزی کەتازە گەیشتبوە سوید هاتە لام، تۆزێ باسی حیزبی دیموکرات و هاتنە دەری خۆی کرد لەحیزب و هێندێ پرسیاری لەسەر ولاتانی سۆسیالیستی کۆن کرد و گوتی: (نەزەرت چییە؟ پێت وانیە وەختی نەهاتبێ بیر لەسازکردنی رێکخراوەیەکی تازە بکرێتەوە؟).

گوتم: کاك خالید تۆ تازە گەیشتوویە سوید، جارێ تۆزێ بحەسێوە، خەڵکی بناسە، ناسینی ئێرە لەگەڵ وڵات فەرقی زۆرە، من پێم وایە ئەگەر پێنج کەس پەیدا بن تا سەر لەسەر قسە و بیروڕای خۆیان پتەو بن، رەنگە پیاو بتوانێ بیر لەشتێکی وا بکاتەوە، لام وایە یەك دوو جاری دیکە ئەم رایەم لەگەڵ کاك خالیدی تیکرار کردۆتەوە.

ڕۆژی ٨٦/٧/١٩ کاك ئەمیری قازی تەلیفۆنی کرد و گوتی: (موهەندیس ئاریا لێرەیە، پێم خۆشە بێی بچین قاوەیەکی لەگەڵ بخۆینەوە. هەستام چووم، عەلی کەریمی بۆ شەو نەیهێشت بڕۆین و میوانداری کردین، کاك ئەمیر و موهەندیس ئاریا و ڕەسوڵی ئاریا و کوڕەکانی و حوسێنی کەریمی، تا ڕۆژ نەخەوتین و باس هەر باسی هەڵبژاردنەکانی حیزبی دیموکرات بوو، ئاخرەکەی عەلی کەریمی قسێکی هەق و ڕەقی لەمستی ناین، گوتی: (کاك ئەمیر ئەم قسە و بۆچوونانە گشتیان باری شەخسییان هەیە، ئێوە تا لەنێو ئەو حیزبە بوون، بێدەنگ بوون و هیچتان نەدەگوت، ئێستا باسی ئەو هەموو کەم و کوڕیە دەکەن، خۆ ئەوانە تازە نین، هەر ئەوەی ڕابردون و هیچ نەگۆڕاون).
تۆزێکیش بەسەر و گوێلاکی (سەردەمی نوێ)دا هاتنە خوارێ کەڕۆژنامەی ڕووت بەکاری هیچ نایە و با بکرێتە ئۆرگانی ڕێکخراوەیەکی تازە، شەوێکی خۆشمان بێ خەو بەقسە و یادی ڕۆژانی ڕابردوو بردەسەر.

٩٨٦/٨/٧ تەلەفۆنم بۆ سالاری حەیدەری کرد و گوتم: (کاك سەعید کوێستانی دەمێکە مااڵی هاتوە و پێویستە سەرێکی بدەم، بەاڵم شارەزا نیم، بەتەمام سبەی ئێوارێ هەستم بێمە لای ئێوە و بەیانی شەمۆ پێکەوە بچین، گوتی: (ڕۆڕباشە ئێوارێ تەلیفۆنت لێ دەکەمەوە).

بەڵێ راستی کرد، تەلیفۆنی لێکردم و گوتی: (برادەرێکمان لەئۆپسالایە، ژنەکەی فەرانسیە، لەحەوتووی رابردووەوە، داوەتی کردبووین کەسبەی بچینە لایان و بڕیارە بچین سەریان بدەین).

دەی! من بڕیاری خۆم دابوو کەبچم، مەلا محەمەدیش ئیتر وازی لەهاوکاری رۆژنامە هێنا بوو، نەک هەر لەگەڵم نەدەهات، بەڵکو لەماڵێشدا بەسەر باری دەزانیم.

رۆژی ٨٦/٧/٩ کەدەمویست بڕۆم بۆ (فاگشتا) سەردانی کاك سەعید، بەیانی کاك ئەمیری قازی تەلیفۆنی کرد و گوتی: (وا لەئیزگەی قەتارم، لەپاریسەوە دێمەوە. ناتوانم بێمە ماڵی مەلا محەمەدی و پێم خۆشە چاوم پێت بکەوێ، داخوا دەتوانی بێی قاوەیەك لێرە بخۆینەوە؟).

رابووم چووم، دانیشتین قاوەمان خواردەوە و مەسەلەی تەلیفۆنی سالارم بۆ گێڕایەوە، کاك ئەمیر تاوێك مات بوو، پاشان گوتی: (نەمزانیوە سالار برادەری وای هەبێ لەئۆبسالا و ژنیشی فەرەنسی بێ، جا ئەو درۆیە بۆچی؟ راوەستە دوو رۆژی دیکە پێکەوە دەچین).

کاك ئەمیر رۆیشت و ئیتر من نەچومەوە ماڵێ، بلیتم کڕی و سواری قەتار بووم و لەفاگشتا دابەزیم، ئادرێسم پێ بوو، تاکسیم بانگ کرد و لەبەر دەرگای ماڵی کاك سەعید دابەزیم و کوتوپڕ و لەناخافڵ لەدەرگام دا، کەوەژوور کەوتم دیتم کاك سەعدی رەحمەتی و مامۆستا مەلا عومەر و کاك سەلاحی موهتەدی و سالاری حەیدەری و ژنەکەی لەوێ دانیشتوون، هەموویان هەستان و بەگەرمی بەخێرهاتنیان کرد، سالار و ژنەکەی بزرکان و رەنگێکی ئارەقاویان هێنا و تا ئەو ماوەیەی رۆیشتن، دیوار وەدەنگ هاتبێ، سالار دەنگی لەبەر نەهاتە دەر، بەرگی یەکەمی بیرەوەریەکانم بۆ کاك سەعید برد بوو، کرا بەباسی مەجلیس و تەماشا کردنی.

ئەوان رۆیشتن و من دوو رۆژ مامەوە، سەرێکی کاك خالیدی عەزیزیم دا کەئەویش لەوێ بوو، وتارێکم نوسیبوو بەناوی (مافی دیاریکردنی چارەنووس و بۆچوونی جیاوان) پێیم خۆش بوو بەفارسیش لە (سەردەمی نوێ)دا بڵاو بکرێتەوە، دام بەکاك خالیدی عەزیزی و تکام لێکرد کەبەڵکو بۆمان بکا بەفارسی، بەخوای پاش مانگێکی وتارەکەی دابۆوە بەکاك سەعیدی و گوتبووی پێم ناکرێ، درەنگتر هەر ئەم وتارەم بۆ کاك بەهرۆزی کورد ئەحمەدی نارد، گەلێك سوپاسی دەکەم، کردبووی بەفارسی و بۆی ناردبوومەوە.

دوو رۆژان لەوێ بووم لەگەڵ کاك سەعیدی چووینە ئوردێبرۆ، هەواڵنووسێکی رۆژنامەی شار هات وتوویژی لەگەڵ کردم، من بەناوێکی تر ئەودەم لەسوید بووم و بەهەواڵدەرەکەم گوت، ناوی خۆم مەنووسە.

کاك سەید گوتی: (کەوابوو ناتوانین وتوێژەکە بڵاو کەینەوە، لەگەڵ کاك سەعیدی کاك سەید تەهای گەیلانی زادەشمان هەڵگرت و چووینە سەردانی کاك رەسوڵی ئاریا و کاك محەمەدی قادری کەتازە هاتبوون و لە (لاکسۆ) لەکەمپی پەنابەران دا بوون، ئەو رۆژە بەرنامەیەکی کولتوریی‌ان هەبوو، شایی و هەڵپەڕکێکی خۆشمان کرد، شەو لەماڵی کاك رەسوڵی میوانداریی‌ەکی کوردانە ساز کرا، لام وایە غەنی غەنیپور و رەحمانی سۆفیش هاتن و یەك دوو برادەری دیکەش کۆبوونەوە، من چەند دانە رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) و کتێبی کۆماری کوردستانم پێ بوو، چەند دانەیەکیان کڕین، کاك رەسوڵی ئاریا دەیگوت: (ئەشەد و بیلا رۆژنامە فرۆشتن بۆ تۆ عەیبە، تۆ دەبێ خەریك بی حیزبێك ساز کەی، کادرەکانی وڵات چاویان لەتۆیە، لەسەر تۆ دەستیان راگرتوە!) بەکورتی ئەو شەوە تا لای بەیانی نەخەوتین و هەر قسە و باس و بیروڕا دەربڕینی بێ ماڵیات و هەرکەس بەدڵخوازی خۆی لەئاشێکی لێ دەکرد!

٨/١٢ دایکی کەمال تەلیفۆنی کرد و گوتی: (سمایلی برام هاتوە و پێویستە بێیەوە، دوای ئەوەی لەماڵی مەلا محەمەد گواستمەوە، سواری قەتار بووم بۆ

بەرلین و لەوێشەوە بەفڕۆکە چوومەوە سۆفیا و تـا ٨٦/٩/١٠ لەگـەڵ کـاك سمـایلی ژن برام لەبولگاریا رۆژمان بردە سەر.

کەچوومەوە سۆفیا ئەم نامەیەی خوارەوەم لەلایەن غەنی بلوریانەوە بۆ هاتبوو: (..... بـەڕێز کـاك کـەریم! رۆژیـاش بـەهیوای سـاخی خـۆت و خێـزان بەتایبـەت خوشکە خەجیجەم، بیستوومە دیسان بـەرەو دەوری دنیـا داکشـاوی، خێـری تێـدا بێ، کاکی برا لەلای (گۆرینەکە) بم چوێنە با ئێمەش خولێك بدەین خۆ کافر نـابی! لەبەر بێ دەسەلاتی و کلۆڵی زاتم نییە تەلیفۆنت بـۆ بکـەم، ئـەوا کـاك سـەعیدم دە نان و شیرێژی گرتوە هەروەها زاڵەیەتی، تـۆش لەبـەر زەبەنـدی پـارە نـازانێ چـی بکەی، مەسەلەکەی لای خۆمانە دەڵێن: هێنـدەی رۆن هەیـە نـازانی چـی پـێ بکـا، هەمووی لە ..... هەڵدەسوێ، مێژوەکەی تازەتم خوێندەوە، باسی منیشـی تێـدا بـوو، بـەپارێزەوە نێـوی بابـت هێنـاوم، کـارت راسـت بـێ بـەس نییـە وەك کـاکی (صارم) راستەوخۆ بابت نە.....م، ئەوا منیش هینەکەی خـۆم نیـوە چـڵ کـردوە، بەخوا هەرکەسەی بەباتمانی خۆی، نێوی بابی دێـنم، مـافێکی رەوایـە. لەسـابڵاغی قـەدیم کابرایـەك هـەبوو بـەناوی کـاك مینـە و کـوڕێکی خـوار و خێچـیش بـەناوی (حێلاری)– (حەمبالّی بەڵەد) هەبوو، یانی حـەمبالّی قەرتاڵـە، گۆشـت و سـەوزی و کەلوپەلی تەواوی بـەقرانێك بـۆ خـەڵك دەبـردەوە مالّـێ، فـەقیر و هـەژاران توانایـان نەبوو منالّەکانیان بخەنە بەر خوێندن حەمالّیان پـێ دەکـردن، بـەڵکو پـاروە نانێـك بۆ خێزان پەیدا بکـەن، سـاڵ سـاڵی ١٣١٤یـە، سـێڵاوێکی بـەگوڕ و گرمـە سـابڵاغی داگرتبوو، لافاو گشت بازاڕی هاڕیبوو، شتومەکی دوکانـانی پـەرش و بـڵاو کردبـوو، مرۆڤی وەك کاك مینە (نەدار) قۆڵیان هەڵماڵی بوو کەگۆیا خزمەت بـە (دارا) بکـەن، بەسەوەتان کێشەیان دەکرد بۆ مالّی خۆیـان، کـاك مینـە لـەو بـارەوە بـەکار بـوو، حێلاری مێر منداڵیش بەقەرتاڵە بچوکەکەی خەریکی ئەو فێڵە بوو، کـاك مینـە تێـی

خوڕی و گوتی: هەی سەگبابی بیژوو ئەوا خەریکی چیت؟ قەرتاڵەت پڕ کردوە بۆ کوێ؟

حیلاریٰ لەولاوە گوتی: هەی سەگباب بۆ خۆتی، تۆ وا بەسەوەتان رادەگوێزی، من بەقەرتاڵە، کاکی برا خەڵکان ئەوا ئێستا بەبەرمیل بابی هەژارانی کوردەواری د.....ن! ئێمە هەر هاوارمان کرد هەی نەی کەی ئامان، بەڵام کەس نییە نێوی بابی ئەوان بێنێ، لەمێژوەکەتا لانی کەم هەر سەگبابێکت پێ گوتبان دیسان هەر شتێك بوو، کاکی صارم لەپەیامەکەی دا بۆڵەیەکی کردوە (بووکێ لەگەڵ تۆمە، خەسوو گوێت لێ بێ) پلاری تۆڕ داوە بەڵام گشت لایەکی دەگرێتەوە، وەك (شیعرەکانی حافظ) بۆ فاڵ هەرکەسە مانایەکی دڵخوازی لێ دەداتەوە، رۆژنامەی (سەردەمی نوێ)م چەند ژمارە چەنگ کەوتوە بەڵام دوو تەقەیە و دوو دمە! وەك تریبوونی ئازاد وایە، بەهیوام بخرێتە سەر رێبازی یەك دەم ئەوەی کەخۆت دەیزانی، بەڵام کوردیەکەی جوانە و سووکە قازانجێکی بۆ پەز تێدایە، بەهیوای قورس کردنی، ئەوانەم بۆ سەرەتا نوسیوە و ئەو ریس و گوریسەم بۆ مەبەستێك رستوە: نیازم بەمیژوکەی رەحمان هەیە بۆ میقات کردنی ئاکاری ئەورۆی لەگەڵ هی دوێکەی! بەئەمانەت، پاشان (وێنەی قاضی محەمەد) و هی تر و هی مامۆستای کۆچکردوو هێمن و بارزانی و فۆتۆکۆپی نامەکەی خۆم کەبۆم ناردبووی، ئەوەی ناوی ستالینی تیایە چونکو من ئەو چەشنە نامانە کۆ دەکەمەوە، بەداخەوە مینۆتی نامەکەم دیار نییە نەمدۆزیوەتەوە و جا نازانم دەستم دەگری یان نا؟ ئەگەر هەناردت بیاندە بەکاك سەعید چونکو کۆنە هەوار بەجێ دەهێڵم و هەواری تازەشم نادیارە، خۆت دەزانی لای ئێمە شەرع قوڵە دەبێ بەپارێز بۆی بچی، بەڵام دەزانم خۆم لەتۆ و لە (گۆرینەکە) پێ حاشار نادرێ بۆم لەبنی کولەکە دەدەن و لێفە لەسەر هەتیوان لادەدەن، بەڵام خۆم پێشەکی جێگامت بۆ روون دەکەمەوە ئەگەر لەسێدارەیان دام تۆ خۆش و دیدارت بۆ ئاخرەت، ئیتر بژیت، برات غەنی ٥ اوت ٢٩٨٦ کەس نەزان).

لەرێکەوتی ۹۸٦/۹/۱۰ لەوەڵامی نامەی مامە غەنی دا ئەم نامەیەی خوارەوەم بۆ نارد:

(برای بەڕێز و خۆشەویستم مامە رۆژ باش! دەستەکانت دەگوشم، چەند دەقیقە نوکی قەڵەمەکەم راگرت بۆ ئەوە تا بزانم نامە بۆ کێ بنووسم؟ ناوی کێ بێنم؟ ساخ نەبوومەوە، نەم وێرا، ئاخر لای ئێوە ئەساسی کار نهێنییە، نهێنی کاری بەخۆڕایی، خۆ شاردنەوە لەهەموو کەس، لەبیر بردنەوەی دۆست و هاوڕێ، بۆچی؟ بۆ ئەوە چونکە لەم فندڵ فێڵە بەدەر، چی دیکە لەگوڕێ دا نییە، کاکە حەمەدەمین وەستای ئەو شتانەیە تۆش شوکور وا لەوانی ترت گرتۆتەوە، شوکر بەهاواری تازەی خۆت نازانی و نابێ منیش پێی بزانم، خێری تێدا بێ.

دەڵێن فەتەلی شا خاسیەتی ئەوە بوە، هەرکەس چووبێتە لای، دەبوایە گوێچکەی وەبن پەپاخی دا دیار نەبن، خەبەری شکانی عەبباس میرزای بۆ دێت کەلەبەر لەشکری رووس شکاوە، یەك لەشازادەکان بەتەتەر هاواری شکانی بۆ دێنێ کەشا یارمەتی بۆ عەبباس میرزا بنێرێ، شا دەڵێ بێ تەشریفات با بێتە ژوور، شازادە دەگاتێ و لەبیری دەچێ کەگوێچکان وەبن پەپاخی بدات و بیان شارێتەوە، دەچێتە ژوور و نامەی عەبباس میرزای دەدا بەشا، فەتەلی شا دوو دێران دەخوێنێتەوە، سەر هەڵدێنێ و دەبینێ شازادە گوێچکەی بەدەرەوەن، تورە دەبێ و نامەی عەبباس میرزا بەعەرزی دادەدا و دەڵێ: (واوا لێکراو، تۆ نازانی لەکن من نابێ گوێچکەت دیار بن!).

شازادە چەپۆکێك بەپەپاخەکەی دادەدا و دەڵێ: (من ئەوا گوێچکەم شاردنەوە، بزانم عەبباس میرزا لەدەست روسان نەجاتی دەبێ؟!).

کاکە! ئێوەش خۆتان وەشێرن، یا بتان شێرنەوە، بزانم لەئێران شۆڕشی سۆسیالیستی دەکرێ؟! ئەوەندەم ئەو راوە رێویە دیوە لێی بێزار بووم، بەلای منەوە ئەم رێبەرانە بەقەولی کاك حەسەنی رەحمەتی تەنیا راوی سەر کاغەز

دەزانن، هەلومەرجی وڵات و روحیەی خەڵك ناناسن، تۆ بۆ شاردنەوە نابی، ئەگەر تێبگەن تۆ دەبێ لەنێوەڕاستی مەعرەکە بی، وەك خولخولە بسوڕێیەوە، لەگەڵ هەموو کەس و ناکەس ملاقات بکەی، بەڵام نایانەوێ، نالێن نازانن، دەڵێم ناخوازن، نایانەوێ تەنانەت خۆشت بە (هەواری تازەت بزانی)، من ئەو (شەرع قوڵییە) بەبێ شەرعی دادەنێم!

لەلای کلکیەوە بەوەڵامی نامەکەتدا هاتووم، دەی بەر لەهەموو شت سڵامەتیت ئاواتە خوازم، کاکی خۆم لام وایە لەنوسینەکەمدا بێ ئینسافیم نەکردوە، دەبوایە ناوت بێنم، باسی جوڵانەوەی کورد لەکوردستانی ئێران بێ ناوی تۆ ناتەواوە، نەمویستوە بەناتەواوی تەواوی بکەم، بەڵام دەنووسی: (لانی کەم هەر سەگبابێکت پێ گوتبان) کاکی خۆم من باسی رابردوم کردوە، بۆیە نەدەکرا بەسەگبابیش ناویان بێتە نێو ناوان، هەرچەند لەپێشەکی دا پلارێکم وەشاندوە، لەوەش زیاتر ئێوە ئێستا بە (رێبەری جوڵانەوەی کوردیان) دەزانن و بەچرا بەدوایاندا دەگەڕێن بیاندۆزنەوە تا قسەتان لەگەڵ بکەن و واریدی (مذاکرە) بن و من سەگبابیان پێ بڵێم؟! من بەشی خۆم گوتومە، لێکۆڵینەوە و تایبەتی کۆنگرەی شەش کەم نین کەلەسەرم نوسیون، ئێوە ئێستا دەتانەوێ لەگەڵیان رێك کەونەوە، راست لەو کاتەدا کەبەئاشکرا کەوتوونە ئامێزی ئەولا، رەنگە ئەوە هەمووی بەسیاسەتدابنرێ! موبارەکە!!

هیوادارم نیوە چڵەکەت تەواو بکەی و کەسیش وەپاش خۆت نەدەی، من ئەوە بەرگی یەکەمی بیرەوەریەکانت بۆ دێنم، لەبەرگی ٢و٣و٤دا، نەك هەر ناوی بابت، ناوی باپیری زۆر کەسیش هاتوە.

(سەردەمی نوێ) لام وایە خۆی ساخ دەکاتەوە، بەقەولی کاك صارم لەچنگ (تەنافی رزیو) نەجاتی بوە، ئەویشم لەرێگای ئێوەدا، دانا. ئێستا خۆم خەریکم و بەدەستیەوە پێوە بووم، هەرچۆنێك بێ درێژە بەدەرچوونی دەدرێ، بەخوای

جاروبار پلارِیش دەوەشێن، لەپلار وەشاندن ناترسێم، لەوەی ناترسێم دەرم بکەن، خۆشم ناشارمەوە.

لەبارەی کتێب و عەکس ئەوا هەرچی هەمە و نیمە بۆت دەنێرم، کتێب و وێنە هیچە، هەرچی پێویستت بێ تکایە بۆم بنووسە، بەڵام وریا بە هەر بەهۆی واسیتەبێ، نەك خوا نەخواستە شوێنی هەوارت هەڵبگرم پەکی شۆڕشی سۆسیالیستی بکەوێ! نامەکەتم لا ماوە، بەڵام لێرە فۆتۆکۆپی زەحمەتە، درەنگتر فۆتۆکۆپی دەکەم و ئەویشت بۆ دەنێرمەوە.

خەجیج عەرزی سڵاوی هەیە، عەجایب لەو خۆشاردنەوەیە تۆرەیە و باسی بابی زۆر کەس دەکات، دەڵێ مامە لەعەجەمان و لەکاك حەمەدەمینی فێر بوە!

خەبەر و دەنگ و باسی وڵاتیشت بۆ نانووسم، چونکە دەبێتە بێ عەدەبی، (حیزب) پتر ئاگاداری وەزعی وڵات و بەتایبەت کوردستانە! زۆری لەسەر رۆیشتم، هیوادارم بەسڵامەتی ژیانێکی خۆش بەریەسەر، برات کەریم، ٨٦/٩/١٠).

نەبوونی سەقامگرتوویی لەشوێنێ، زۆرجار تاوانی وەڵامنەدانەوە و یا درەنگ وەڵامدانەوەی دۆست و برادەرانی دەخستمە سەر شانی، نامەیان بۆ دەناردم بۆ بولگاریا، بەڵام من لەسوید بووم زۆر درەنگ دەگەیشتە دەستم.

دۆستی بەڕێز دکتۆر کەمال میراودەلی لە ٨٦/٨/١٨ ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ ناردبووم:

(بۆ برای بەڕێز و هێژا کاك کەریمی حسامی

سڵاوێکی برایانە و ڕووناکبیرانە:

لەپێناوی چەسپاندنی ڕێبازی دیموکراتیانە و پێشکەوتنخوازانەی گۆڤاری (پەیڤ) و بەرزبوونەوەی ئاستی بڵاوبوونەوەی لەنێو جەماوەردا.

لەبەرئەوەی پەیڤ تەنیا پشتی بەهاوکاری نووسەران و ڕووناکبیرانی دڵسۆزی گەلەکەمان بەستوە، لەبەر ئەوەی بەچاوی ڕێز و قەدر زانینەوە سەیری

دەوروبەری بەڕێزتان دەکەین، داوا لەبەڕێزتان دەکەین موافەقەت بفەرموون ببنە هاوکاری پەیف و ناوتان لە (دەستەی پشتگیری)دا- هیئە التعضید- دا بنوسرێ.

تکایە بەزووترین کات وەڵامان بدەنەوە، لەگەڵ سوپاس و ڕێزماندا، براتان کەمال میراودەلی سەرنووسەری گۆڤاری پەیف).

وەڵامی نامەی دکتۆر کەمال میراودەلی-م دایەوە و بەشانازیەوە هاوکاری خۆم ڕاگەیاند و لەدوارۆژدا وتاریشم بۆ نارد، کاتێ لەسوید بووم، بەرگی یەکەمی بیرەوەریەکانم بۆ شاعیر و نووسەری بەڕێز.

مامۆستا محەمەد ڕەسوڵ هاوار نارد بوو، مامۆستا لە ٨٦/٨/٢٥ ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ ناردبووم:

(لندن ١٩٨٦/٨/٢٥

برای بەڕێز و خۆشەویستم مامۆستا کەریم.

ئەم کاتەتان باش، ئومێد ئەکەم باش بن، کتێبە بەنرخەکەتان کەبەپۆستەدا بۆتان ناردبووم پێم گەیشت و سوپاسێکی زۆر بێ پایانت ئەکەم، بەراستی لەگەڵ ئەو سەرقاڵیەی کەهەمە و خۆم بەچەند شتێکی دوور و درێژەوە خەریک کردوە، کەسەرەتای کتێبەکەتم دەست پێکرد ئەوەی راستی بێ نەمتوانی وازی لێ بێنم هەتا هەمویم بەسێ چوار وچان خوێندەوە و تەواو کرد، دەست و پێنوسەکەتان خۆش بەراستی کارێکی زۆر بەجێتان کرد، نوسینەکە جگە لەوەی کەبیرەوەریەکی ژیانی خۆتانە و شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردستانی ئێرانتان دەستنیشان کردوە لەسەردەمێکی تایبەتی دا کەبریتیە لەماوەی ژیانتان لەمندااڵیەوە هەتا سەردەمی ساڵی ١٩٧٥، جگە لەوە بریتیە لەروونکردنەوە و دەس نیشانکردنی ڕوویەکی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستانی ئێران وەکو

. باسێکی مێژوویی زۆر گرنگە و بڕوا ناکەم کەسی تر تاقەتی ئەوەی هەبووبێ ئەو شتانە هەروەکو خۆی تۆمار بکا و ئەمڕۆ هەمووی بخاتە ڕوو.

لەکوردستانی عێراق هەروەکو شوێنەکانی تری کوردستان ژیانی کۆمەڵایەتی دواکەوتو بوە و پڕە لەکوێرەوەری بەڵام ئەوەی راستی بێ ئەوەی ئێوە باستان کردوە دەربارەی تاوانی دەرەبەگ و دەسەڵاتی دەرەبەگ چەوساندنەوەی ڕەش و ڕووت و بەشخوراوی بێ زەوی و زار کەهەر ساڵەی ساڵ لەشوێنێکدا لەژێر سایەی ئاغا و دەرەبەگێکی چەوسێنەردا ژیاوە تا رادەیەك لەکوردستانی عێراق لاواز بوو کەم بووە مەگەر لەهەندێ شوێنی وەکو ناوچەی پژدەر و ئاکۆیان یا لەهەندێ شوێنی تری جۆربەجۆر لەسنوری دەسەڵاتێکی کەمتری ئاغا و بەگ و دەرەبەگدا ئەو چەوساندنەوەیە بینرا بێت... بێگومان خەباتی چینایەتی کە هێشتا هەر ماوە و بەردەوامە و دەرەبەگ بنەبڕ نەبوە و ریشەکێش نەکراوە بەتەواوەتی پێویستیەکی تەواوی نەتەوەی کوردە وەکو هەنگاوی پێشەوەی ڕزگاربوون، ڕووداوەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان و هەرەس هێنان و سەرنەکەوتنی هەموو شۆڕشەکانی کوردستان بەشێکی زۆری ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەزۆربەی ئەو شۆڕشانە سەرکردایەتی بەدەس دەرەبەگەوە بوە و ڕەش و ڕوت حسابی بۆ نەکراوە، بۆیە هەمیشە لەڕێڕەوی تێکۆشاندا ئەو خەبات و شۆڕشانە تووشی هەرەس هێنان و ڕووچوون بووە، باسێکی دوور و درێژ دەربارەی دەوری دەرەبەگ لەسەر شانی شارەزا و مێژوونووسەکانمانە... بەراستی ئەوەی ئێوە کەلێنێکی ئێکجار گەورەی پڕ کردەوە لەدەسنیشانکردنی قۆناغێك لەقۆناغەکانی خەباتی چینایەتی لەبەشێکی کوردستانی گەورەدا کەبریتییە لەکوردستانی ئێران، جارێکی تریش دەستتان خۆش و ئومێد ئەکەم زنجیرەی دووەمیش هەر بەو جۆرە تەواو ببێت و بگاتە دەست خوێندەوارانی کورد..... باسەکەی منیش تۆزێك سەریەشەی لێ پەیدا بوە و دەبێ چونکە بەداخەوە ئێمە هەر وا فێر بووین کەئەبێ هەر ستایشی ئەم و ئەو بکەین و چاو

لەهەڵە و چەوتیەکان بنوقێنین و هەموو شتێك دیزە بەدەرخۆنە بکرێت کەوا بزانم وەختی ئەوە هاتوە وەچەی نوێ رچەی ئەو بەستەڵەکە بشکێنن و فێری ئەوە بێت راست و رەوان و بێ پێچ و پەنا هەموو شتێك بڵێ و بنووسێ و بیخاتە روو، بەئومێدی ئەوەی جارێکی تر یەکتر ببینینەوە لێرە داوای سەرکەوتنتان ئەکەم روحەکەم، براتان– هاوار).

برادەرێکم لەکوردستانی ئێرانەوە داوای لێکردبووم کەنوسراوەکانی خۆمی بۆ بنێرم، بەو شەرتەی ناوی خۆمیان لەسەر بسڕمەوە، لەڕ لە ٨٦/٩/١٦دا، تیلگرافێکم پێگەیشت، بەلاتینی و بەکرمانجی ژوورو نووسیبوی:

(خاڵە گیان! هیچم بۆ مەنێرە، هیچ... شەبکە توندە....).

لەبەرانبەر ئەوەدا کاك عەزیزی نەژادیان هاتبوە سۆفیا و ئێمەشی بەسەرکردەوە و سەری دایەن، بەڵێنی دا لەگەڕانەوەدا، کتێبی (سەرزمین زردشت، تاریخ رضائیە)،م بۆ بنێرێ کەزۆرم پێویست بوو، پاش ماوەیەکی زۆر کتێبی ناوبراوم پێگەیشت، لەگەڵ ئەوەی هەمیشە سوپاسی دەکەم، دایکی کەمال هەر دەڵێ: (ئەوە یەکەم کەس بوو، شوکر بەڵێنی خۆی بردە سەر، جێگای پێ زانینە).

رۆژی ٨٦/٩/٢١ کاك کەمال میراودەلی لەلەندەنەوە تەلیفۆنی کرد کەبۆ سیمیناریك لەسەر (مافی دیاریکردنی چارەنووس) بچمە لەندەن، بەداخەوە نەمتوانی، چونکە رۆژنامەکە بەتەنیا بەسەر دکتۆر جەمشیدا مابۆوە.

گەڕانەوە بۆ سوید

ڕۆژی ٩/٢٢ خواحافیزیم لەمندالّەکان کرد و بەرەو سوید سواری فڕۆکە بووم تا بیرلین و لەوێشەوە بەقەتار بۆ سوید، ڕۆژی ٩/٢٤ بەیانی فەهد لەئیزگەی قەتار چاوەڕوانم بوو.

دوای چەند ڕۆژ نامەی ئەکادیمی کوردیم بۆ هات کەبۆ کۆبوونەوەی فراوان بانگ کرابووم.

دکتۆر کەمال فوئاد لەگەلّ چەند زانا و کەسایەتی کورد، شتێکی بەناوی (ئەکادیمی کوردی) لەئەلّمان پێکەوە نابوو، هەرچەندە هیچ بەرهەمیشی دەرنەکەوت، لە ١٩٨٦/٩/٢٢ ئەم نامەیەی خوارەوەیان بۆ ناردبووم:

Akademya kurdi
c/o Reso
pf 3219
4030 Ratinqen 3
Hejmar 3
Dusseldorf, 22.9.1986

Bray berez k.Hussami
Pas slaw
Biburin lewey ke esta namey riji 21.7.1986 tan bo enerin. Lemewduwayie da edresi eweman be dest qeyst. Her leqel em nameye da namey jimare 2 tan bo enerin. Ewendey pewendiy be Akademiy kurdi u kobunewey frawanewe heye lew du nameye da nusrawe. Zor pexoshal ebin be besdarbuni ewes leqelmanda. Tikaye le kateki zu da le welami xotan aqadarman bfermun leqel rez u supasi qerm da.
Leqel rez u supasi qerm da.
Bratan le bati destey berewebere Kamal Fuad.

بەداخـەوە نـەمتوانی بەشـداری کۆبوونەوەکـە بکـەم و ئـەم نامەیـەم لەوەڵامـدا بـۆ نووسینەوە:

(بۆ دەستەی بەڕێوەبەری ئەکادیمی کوردی– بەڕێز

برایـانی بـەڕێز: لەگـەڵ سـڵاوێکی گـەرم بـەر لەهـەموو شـت بەبۆنـەی دانـانی ئـەم هەنگاوە پیرۆزەوە پڕ بەدڵ پیرۆزباییتان لێدەکەم.

بێگومـان ئـەم هـەنگاوەی ئێـوە بـۆ پەرەپێـدان و گەشـەکردنی زمـان و ئـەدەب و هونەر و مێژووی گەلەکەمان بەتایبەت لەم کاتـە ناسـکەی خـەباتی نەتەوەکەماندا، بـەکارێکی گـەورە و بەخزمـەتێکی بـەرز دادەنـرێ، بەداخـەوە نامـەی ٨٦/٧/٢١ و نامـەی ١٩٨٦/٩/٢٢ی ئێـوە پـێش دوو رۆژ بەدەسـتم گەیشـتن، وێـڕای سـوپاس گەلێك بەشانازیم دەزانی کەلەو کۆبوونەوە بەنرخەدا بەشدار بم، بـەڵام داخـی گـرانم لەبەر نەبوونی ڤیزای ئەڵمانیا کەزۆریشـم هـەوڵ بـۆ دا، نـەمتوانی بەشـداری بکـەم، پێم خۆشە پێتـان رابگەیـەنم کەبـەگوێرەی توانـا بـۆ هـەموو خزمـەت و یارمـەتی و پشـتگیریەکی ئـەکادیمی ئامـادەم، بـۆ هـەنگاوی یەکـەم ئـەوە تـەواوی ژمارەکـانی رۆژنامـەی (سـەردەمی نـوێ) لەگـەڵ دوو نووسـراوەی خـۆم (کۆمـاری دیمـوکراتی کوردسـتان یـا خودموختـاری) و بـەرگی یەکـەمی (بیرەوەریـەکانم) بەکتێبخانـەی ئەکادیمی پێشکێش دەکەم.

سـەرکەوتنتان لـەم کـارە بەنرخـەدا ئاواتـە خـوازم براتـان کـەریمی حسـامی ١٩٨٦/١٠/٨).

داوای پەنابەری لەسوید

مـاڵ لـەبولگاریا و رۆژنامـە لەسـوید و گیروگرفتـی پاسـپۆرت و ڤیـزا ئـەو هـەموو هاتوچۆیە دەری نەدەهێنا و فرە دژوار بوو، لام وایە کاك ئـەمیری قـازیش یـەك دوو جار گوتی: (بۆ داوای مانەوە ناکەی، هەم لەباری ژیان و هـەم لـەباری پاسـپۆرتەوە

ئاسوده دەبی)، برادەری دیکەش هەر لەم بوارەدا وایان پێ باشبوو، بڕیارم دا بچمە پۆلیس و داوای پەنابەری بکەم.

ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٣٠ لەگەڵ فەهدی برادەر چووینە پۆلیس، بڵانکێتێکمان پڕ کردەوە و دامان، دوای دوو سەعات پۆلیس بانگی کردین و فەهد گوتی ئەوە خاڵمە و لەستۆکهۆڵم لەکن من دەژی، ئیتر پێویست نەبوو بمنێرنە کەمپ و لاگر، هەر ئەو ڕۆژە نامەیەکی دامێ بۆ سۆسیال و ڕەگەڵ خێڵی ئاوارەکانی وڵات و چاو لەدەستانی بارەگای سۆسیال کەوتم، دیارە داوا کردنی پەنابەری تا قبوڵکردن فەرقێکی هەیە و ماوەیەك دەخایەنێ، من تەنیا بەم داواکردنە هیچ بارێکم لەسەر مالّی فەهد و دکتۆر جەمشید سوك نەکرد و جارێ هەر لەلای ئەوان مامەوە.

کۆمەڵەی کولتوری کوردستان لەشاری گۆتێبورگ یوتوبۆری، یەك دوو جار بەراسپاردە و تەلیفۆن داوای کردبوو کەبۆ باسێك لەسەر مەسەلەی کورد بچمە ئەو شارە، ئامادەیی خۆم نیشاندا، هەر کاتێ ئەوان ئامادەبن.

ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٢٧ ئەم نامەیەی خوارەوەیان بۆ ناردبووم:

(بەڕێز مامۆستا کەریی حسامی، سڵاو و ڕێز و خۆشەویستی.

لەسەرەتای نامەدا سوپاسێکی پڕ بەدڵتان ئەکەین بۆ دەربڕینی ڕەزامەندیتان بۆ گێڕانی کۆڕێك سەبارەت بەرەوشی ئێستای کوردستان، لەڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ٩٨٦/١١/١ لەشاری گوتنبرگ.

کۆمەڵەکەمان لەهەوڵدانی بەردەوام دایە بۆ کۆکردنەوە و گفتوگۆکردن لەگەڵ زانایان و شارەزایانی نەتەوەکەمان و بێگانان بەمەبەستی تیشکی زانستانە خستنە سەر مەسەلەی گەلەکەمان و مشتومڕێکی دیموکراسیانە لەسەر بکات، سەبارەت بەو هۆیە کەقبوڵ کردنتان بۆ گێڕانی کۆڕێکی وەها لەئاستی زانستی بەرزدا لەلایەن کۆمەڵەمان و هاوڕێکانیەوە بەگەرمی پێشوازی لێ ئەکرێت و

جێگەیەکی بڵند و مەزنی لامان هەیە، وێڕای ئەویش هیوادارین ئەم هەنگاوە پڕ نرخەی ئێوە سەرەتای چەندین هەنگاوی بەردەوام بێت لەم بوارەدا و پاشان بتوانین چەندین کەسی تر بۆ هەمان مەبەست لێرە کۆبکەینەوە، هیوادارین کەزانا و پیاوانی سیاسی دیکەی کورد هەروەك ئێوە چۆن دڵسۆزانە هاتنە پێشەوە ئەوانیش بەهەمان دەستور دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکەن، دوا وشەمان ئەوەیە ئێمە بەدڵێکی پڕ ڕێز و فراوانەوە بەخێرهاتنتان دەکەین و هیوادارین کەسەرکەوتوو بیت لەژیاندا و ئاواتی سەرفرازی بۆ گەلە چەوساوەکەمان لەیاد ناکەین، ئیسماعیل شەریف لێپرسراوی کۆمەڵە).

ڕۆژی ٨٦/١٠/٣١ لەگەڵ دکتۆر جەمشید بەرەو گۆتوبورگ، سواری قەتار بووین، ئێوارە گەیشتین. برادەرانی کۆمەڵە چاوەڕوان بوون، شەو دکتۆر فوئاد میوانداری کرد و شەوێکی خۆشمان بردەسەر.

شەمۆ ١١/١ کۆڕەکە دەستپێکرد، کوردەکانی ئەم شارە بەشی زۆریان هاتبوون، سەرخەت و نێوەرۆکی باسەکە بریتی بوو لە: (**ڕەوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەقۆناخی ئێستادا**)، لێکۆڵینەوە و ئاخافتنەکەی من نێزیکەی دوو سەعاتی خایاند، پرسیار و وەڵامی زۆر و جۆراوجۆری دۆستانە و دیموکراسیانە بەڕێوەچوون، دەقی وتارەکەم کەلەسەر نەوار پیادە کراوە لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە و لەڕۆژنامەی ژمارە ١١و١٢ی (سەردەمی نوێ)شدا بڵاو کراوەتەوە.

سیمینار لەسەر (ڕەوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەقۆناخی ئێستادا).

(لەپێشدا سوپاسی برادەرانی کۆمەڵەی ئێرە دەکەم کەبانگیان کردووم بۆ دانیشتنێکی برایانە و یەکتر ناسین و گۆڕینەوەی بیروڕا، هەروەها سوپاسی ئەو برادەر و هاوڕێ و هاونیشتمانانەش دەکەم کەوا بەڕۆژی شەمۆ هاتوونە ئێرە، چونکە ڕۆژی شەمۆ لەم وڵاتانە بۆ خەڵك دەرفەتێکە بحەسێتەوە و بگەڕێ و

پشوێك بدات، وەك لەپێشدا باسكراوە، لەم كۆبوونەوەیەدا (رەوتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد لەقۆناخی ئێستادا) مەبەستی بنەڕەتی كۆبوونەوەكەمانە، لام وایە بۆ هەموو كوردێك چ ئەوانەی لەگۆڕەپانی خەباتدان و چ ئەوانەی ئاوارەی هەندەران بوون و لەدەرەبەدەریدا دەژین، رەنگە گرنگترین مەسەلە بێت، دیارە لەم بارەوە زۆر قسە كراوە، جا بۆیە مرۆ دڵنیا نییە ئەوەی كەباسی دەكات، بەتەواوی جێی خۆی بگرێت، یا بتوانێ وەك پێویستە مەسەلەكان شی بكاتەوە، چونكە لەسەر مەسەلەی رزگاریخوازی كورد، زۆر شت بێژراوە و بیروڕای جیاواز دەربڕاون، لەچەپی چەپەوە بگرە تا ئەوپەڕی راست، تاك و تاقم و دەستەی جیاواز بەكەیفی خۆیان بیروڕایان دەربڕیوە و نووسیویانە، بەڵام دیسان هەرچەندی باسی ئەو مەسەلەیە بكرێ هێشتا هەر كەمە، دیارە ناتوانم بڵێم لەم باسەدا هەموو بیروڕا وەك یەك دەبن و ئەوەی دەگوترێ بەدڵی هەموو كەس دەبێ، ئەوەندە هەیە هێندێ شتمان بۆ روون دەبێتەوە و فێری ئەوەش دەبین بەدڵێكی فراوانەوە گوێ لەیەكتر بگرین و بیروڕای خۆشمان بەراشكاوی دەربڕین، با وەك وەزعێكی بەداخەوە لەكوردستان پێك هاتوە، لەسەر ناكۆكی بیروڕا لەدەرەوەش تووشی ناخۆشی و تەنانەت یەكتر كوشتنیش نەبین، ئەوە لەنێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردا، زۆر جێگای داخە كەلەسەر ناكۆكی بیروباوەڕ، دەركردن لەحیزب و بوختان و حەپسكردن و تەنانەت كوشتنیش بۆتە باو، ئەمە دیاردەیەكی فرە دزێوە بزووتنەوەی كوردی گرتۆتەوە و شوێنەواری دیموكراسی لەنێو حیزبەكاندا كوێر كردۆتەوە.

بەبیروڕای من لەنێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد (ب.ر.خ.ك) لەقۆناخی ئێستادا دوو دیاردەی جیاواز خۆ دەنوێنن كەدژی یەكترن، ئەمە لەفەلسەفەشدا هەیە كەدوو دیاردەی دژ بەیەكتر پێكەوە دەژین.

دیاردەی یەكەمیان بریتییە لەپەرەگرتن و گەشەكردنی ب.ر.خ.ك لەسەرانسەری كوردستاندا، وشیاری كۆمەڵانی خەڵك، بەتایبەت زەحمەتكێشانی گوندی

کەژوبەی دانیشتوانی کوردستانن و باری قورس و دژواری بژووتنەوەی ئێستای کوردستانیان لەسەر شانیە، جگە لەوان بورژوازی شار و روونـاکبیرانی شۆڕشگێڕ هەریەکە بەنۆرەی خۆیان لەنێو بژووتنەوەدا دەوری خۆیان هەیە.

دیاردەی دووهەم قەیرانی بژووتنەوەی ئێستای کوردستانە کەبەشکڵی جۆراوجۆر خۆ دەنوێنێ، لەلایەك پەرەگرتن و پێشکەوتنە، چوونە سەری پلەی خەبات و وشیاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردە، لەلایەکی تر ئەم قەیرانە کەداوێن گیری جوڵانەوە بوە و لەگەڵ دیاردەی یەکەمیان ڕێك ناکەوێ، ئێستا بەکورتی باسی دیاردەی یەکەم دەکەین، گرنگی ئەم قۆناخە لەوەدایە کەلەهەموو پارچەکانی کوردستانی دابەشکراو، هەستی نەتەوایەتی بەچەشنێکی بێ وێنە بوژاوەتەوە، بەشی هەرە زۆری خەڵکی کورد کەلە ٢٠ میلیۆن زیاترە، بەشێوەی جۆربەجۆر هاتوونە ڕیزی خەبات و تێکۆشان، دیارە نابێ پێمان وابێ کەخەبات هەر ئەوەیە دەست بدەیە چەك و وەشاخی کەوی، بەڵکو ئەوانەی لەشار و گوند دەژین، یارمەتی دەدەن، دەنووسن، پێشمەرگە دەحاوێننەوە، نانیان بۆ دەبەن، خەبەر و هەڤاڵیان پێ دەگەیەنن، یا ئەوانەی لەسەر خەبات تووشی دەربەدەری بوون و دڵسۆزی خۆیان بۆ بژوتنەوە پاراستوە، هەموویان و هەریەك بەشێوەیەك لەخەبات بەشدارن، بەلای منەوە ویشکەڕۆیی و بەرچاو تەنگیە ئەگەر تەنیا ئەو کەسانە بەخەباتگێڕ حیساب بکەین کەچەکیان دەست داوەتێ و لەچیا دەژین، راستە ئەوان دەوری گرنگ و سەرەکیان هەیە، بەڵام دەبێ وای دابنێین کەنەتەوەکەمان بەگشتی لەخەباتی ئەمڕۆدا بەشداری دەکات و دەیەوێ بەشەقامێکدا بڕوا و بگاتە ئەم قۆناخە کەبەلای منەوە دیاری کردنی مافی چارەنووسە، گرنگیەکی تری خەباتی ئیمڕۆی میللەتەکەمان لەوەدایە کەبۆ نەهێشتنی زوڵم و زۆری و چەوسانەوە و بۆ وەدەست هێنانی ئازادی و دیموکراسی، لەگەڵ خەباتی دژی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستی تێکەڵ بوە، ئەمە خۆی دیاردەیەکی پیرۆزە لەنێو ب.ر.خ.ك دا، هەرچەندە هێندێ هەوراز و نشێو لەسیاسەتی بژووتنەوەدا

دەبینرێ، بەڵام لەسەر یەك پارسەنگی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخوازی و دژی ئیمپریالیستی قورستره.

لەسەردەمی ئەمڕۆی جیهاندا جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلان بەکوردیشەوە لەچوارچێوەی نەتەوەیی و نێو نەتەوەییدا هەڵدەدا و بەرەو پێش دەچێ، ئیمڕۆ هیچ بزووتنەوەیەك لەچوارچێوەی بەرتەنگی نەتەوەییدا قەتیس نەکراوە، لەبواری نێو نەتەوەییدا بەشکڵی خەبات دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و بۆ ئاشتی جیهانی خۆ دەنوێنێ، لەبواری نەتەوەییدا خەباتی دژی کۆنەپەرستی و پاشماوەی دەرەبەگایەتی و پەرەپێدانی بیروباوەڕی پێشکەوتوخوازانە و وەدەستهێنانی مافی رەوای نەتەوایەتی کردۆتە رێبازی خۆ.

بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەشێکە لەجوڵانەوەی گەلان دژی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم، ئەم ئامانجە لەپرۆگرامی حیزبە کوردیەکاندا بەجوانی دیارە، پرۆگرامی هەموو حیزبە کورد و کوردستانیەکان، کەم یا زۆر خەباتی دژی ئیمپریالیزم و نەهێشتنی دیکتاتۆری و چەوسانەوە و خەبات بۆ دیموکراسی و تەنانەت سۆسیالیزمیشیان بەرێبازی خۆ داناوە، هێندێ لەحیزبە کوردیەکان لەوەش تووندتر دەڕۆن و جاری وا هەیە دەستی حیزبە کۆمۆنیستەکانیش لەپشتەوە دەبەستن.

بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەهەلومەرجی ئیمڕۆی جیهاندا خەباتی نەتەوەیەکی بندەست و بەشخوراوە، هەربۆیەش ناوەرۆکی دیموکرات و پێشکەوتووخوازانەی هەیە و ئامانجی رزگاری و گەیشتن بەمافی ئینسانیە.

ئێمە نابێ لەوە بترسێین کەلێرەدا وتە بەنرخەکەی لینین وەبیر خەینەوە کەلەشیکردنەوەی خەباتی نەتەوەییدا دەیگوت: (ئەوانە خەباتێکن کەئامانجیان پێگەیشتنی میللەتی زۆر لێکراوە بەسەریەخۆیی سیاسی و بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی)، لام وایە ئەو حوکمە بۆ بزووتنەوەی نەتەوەی کوردیش راستە و لەجێی خۆیەتی، کورد چی دەوێ؟ کورد دەیەوێ وەك گشت نەتەوەکانی

سەر رووی زەوی سەربەستە و ئازاد بژی، ئەوەش مافی خۆیەتی، ئەگەر سەیری نەخشەی جوغرافیا بکەین، هیچ نەتەوەیەك نییە وەك کورد بەحەشیمەتێکی ٢٥ میلیۆنی، ولاتی دابەش کرابێ و لەهەموو مافێك بێ بەش بێ، کاتێکی کورد باسی دیاریکردنی مافی چارەنووس دەکات، نابێ لەوە بترسێ کەپێی بڵێن ناسیۆنالیستە، ناسیۆنالیزمی میللەتی کورد پێشکەوتوخوازە و نایەوێ زوڵم لەکەس بکات، دەیەوێ وەك میللەتانی تر بەسەربەستی بژی.

ب.ر.خ.ك لەهەلومەرجێکی ئەوتۆی جیهانی دا پەرە دەگرێ کەسیستەمی کۆلۆنیالی لەبەر یەك هەڵوەشاوە و نەتەوەکان یەك لەدوای یەك زنجیری کۆیلەتی ئیستیعمار لەملی خۆیان دا دەماڵن و بەهێزی سۆسیالیزمی جیهانی پشت ئەستوورن، جولانەوەی کوردیش ناتوانێ لەم رەوەندە جیا بێ، هەر ئێستا دەبینین کەبزووتنەوەی کوردستان لەگەڵ هێزە پێشکەوتوخوازەکانی جیهان و دراوسێ لەپێوەندی دایە.

یەکێ لەخەسڵەت و ئاکاری پەسند و پیرۆزی بزووتنەوەی کوردستان بەردەوامی و نەوەستان و نەپسانەوەیەتی.

ئەمە خۆی مەسەلەیەکی فرە گرنگە، ئەگەر سەیری لاپەڕی مێژوو بکەین کورد هەمیشە لەخەبات دابوە، بەڵام سەردەمێك توند و چالاك رۆیشتوە، پاشان ئەگەر تووشی نسکۆ و شکان هاتوە، هیلاك بووە، وەستاوە، دوای ماوەیەك دیسان رابۆتەوە، بەڵام لەم سەردەمەدا، لەراپەڕینی شێخ مەحمودەوە بگرین کەکورد یەکەم نەتەوە بوە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست دژی ئیستیعماری ئینگلیز چەکی دەست داوەتێ و تا ئیمڕۆ خەباتی نەپساوەتەوە، دیارە قێتنامیش ماوەیەکی زۆر شەڕی کرد، کاتێ لەهوشی مین یان پرسی: ئەگەر لەگەڵ فەرانسە نەگەیشتبانە یەك چیتان دەکرد؟ لەوەڵام دا دەڵێ: (٣٠ ساڵ شەڕمان کرد، ٣٠ ساڵی دیکەش شەڕمان دەکرد)، بەراستی خەباتی کوردیش توند یا سوك لەوکاتەوە نەپساوەتەوە، بەتایبەت لەسەردەمی شەڕی دووەمی دنیا گر و دامەزرانی کۆماری

کوردستان لەمەهاباد کەبەلای منەوە دامەزرانی کۆماری کوردستان ١٩٤٦ دەبێ بەسەردەمی مێژووی نوێی کوردستان بێتە بژارتن، لەوکاتەوە گۆڕانێك بەسەر خەباتی رزگاریخوازی کوردا هاتوە، حیزبی میللی و دیموکرات پێك هاتوون و رێبەرایەتیان گرتۆتە دەست، سەرەڕای کەند و کۆسپی دژوار خەبات بەردەوام بوە و بەخۆشیەوە دەتوانم بێژم ئێستا گەیوەتە پلەیەکی بەرز، دوژمنانی گەلی کورد لەو ماوەیەدا بۆ سەرکوتکردنی خەباتی نەتەوایەتی کورد دەستیان لەهیچ جنایەتێك نەگێڕاوەتەوە، جگە لەکوشتار و قڕکردن، چەکی فێڵ و دووبەرەکی نانەوە و فریودانیشیان بەکارهێناوە.

ئەگەر لەسالەکانی ٤٣–٤٥ لەبارزان و لەکوردستانی ئێران خەباتی چەکداری هەبوە، ئێستا جگە لەسوریا، بزووتنەوەی شۆرشگێڕی گەلی کورد بەربلاوتر هەموو بەشەکانی کوردستانی تەنیوەتەوە، بەقەولی خالید بەکتاش کەدەڵێ: (بزووتنەوەی رزگاریخوازی میللەتی ٢٠ میلیۆنی کورد گەیوەتە رادەیەك نەدۆست و نەدوژمن ناتوانن پشت گوێی خەن و حیسابی بۆ نەکەن)، بەراستی ب.ر.خ.ك ئێستا لەم پلەیە دایە.

مەسەلەیەکی دیکە هەیە کەزۆرجار لەگەڵ برادەرانی کورد و غەیری کورد تووشی هاتووم، ئەویش ئەوەیە کەئەوانەی خاوەن بیروڕان، بۆ هەموو خەبات و جوڵانەوەیەك و بۆ هەموو قۆناخێك، مەسەلەی خەباتی چینایەتی وەك ئەسڵێك دەخەنە پێش هەموو شتێك، بەلای منەوە ئەم ئەسڵە ئەگەر لەبناخەوە راست بێ، لەبۆ هێندێ جوڵانەوە و لەهێندێ قۆناخ و هەلومەرجی تایبەتیدا راست و لەجێی خۆی نییە، لەخەباتی نیشتمانی نەتەوەی بەشخوراودا، مەسەلەی نەتەوایەتی دێتە پێش و لەپلەی یەکەمدا دەبێ، ئێستا زۆرجار ب.ر.خ.ك بەوە تاوانبار دەکرێ کەتەنیا لایەنی نەتەوەیی گرتوە و خەباتی چینایەتی وەلا ناوە، رەنگە ئەم بۆچوونە زۆر تەواو نەبێ، چونکە خەبات بۆ ئازادی و سەربەستی خۆی بەشێکە لەخەباتی چینایەتی، وەپێش خستن و وەدوا خستنی هەر کام لەو خەباتە،

دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی خەبات و چۆنیەتی ژیانی ئەم میللەتە و رادەی ئازادی و ژێردەستی و....هتد.

رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ کەحیزبە کۆمۆنیستەکان لەکوردستانی دابەشکراودا، لە ب.ر.خ.ك کەپشتیوانی دەکەن، چونکە خەباتی میللەتی کورد بۆ ئازادی، بەشێکە لەخەباتی چینایەتی، ئەم باسە پێویستی بەشیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی پتری زانستی هەیە، بەداخەوە لەسەر ناوەڕۆك و شکڵی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ب.ر.خ.ك زۆر کەم نووسراوە و کەم شیکراوەتەوە، حیزبەکانی گۆڕەپانی خەبات پتر گرنگیان بەپڕوپاگەندە و هاندان و ئاژیتاسیون داوە تا بەشیکردنەوەی زانستی مەسەلەی کورد.

لەکاتێکا باسی لایەنە لەبارەکانی بزووتنەوەی ئیمڕۆی کوردستان دەکەین، ناکرێ دیاردە ناحەزەکانی نێو بزووتنەوە بخەینە پشت گوێ و بەسەریدا تێپەڕین.

وەك گوتمان سەرەڕای ناوەڕۆکی پێشکەوتوخوازانەی ب.ر.خ.ك، ئەو قەیرانەی باسمان کرد هەموو بەشەکانی کوردستانی گرتۆتەوە و ئەمەش لەگەڵ دیاردەی پێشکەوتوخوازانەی بزووتنەوە لەناکۆکی دایە، دوژمنانی نەتەوەی کورد، حکومەتە دیکتاتۆر و شۆڤێنیستەکان، لەپێکهێنانی ئەم قەیران و ئاڵۆزی نێو بزووتنەوەدا دەستیان هەیە و دەیانەوێ هەر بەردەوام بێ، ئەم ناکۆکی و ناتەباییە وەڵام دەری ناوەڕۆکی پێشکەوتوخوازانەی کورد نییە کەخەڵك چاوەڕوانیەتی و زەحمەتکێشانی کورد لەپێناوی دا فیداکاری دەکەن، نەك هەر وەڵام دەری ئەو نییە، بەڵکو لەگەڵ ناوەڕۆکی پڕۆگرامی حیزبەکانیش نایەتەوە، حیزبە سیاسیەکانی کورد بەتێکڕایی لەپڕۆگرامدا باسی نەهێشتنی چەوسانەوە و دیموکراسی و دیاریکردنی مافی چارەنووس دەکەن، هێندێکیان سۆسیالیزمیش دەکەنە ئامانج و مارکسیزمیش دەکەنە ڕێبازی تێکۆشانیان، جا بەم حاڵە، ناتەبایی فیکری و سەلیقە بۆ چی دەبێ ببێتە هۆی یەکتر کوشتن و شەڕی براکوژی؟ ئەوە ناتەبایێکی گەورەیە لەنێو بزووتنەوەدا، زەحمەتکێشانی کورد

کەمێزی بنەڕەتی جولآنەوەن، هەقیانە بیر لـەوە بکەنـەوە کەئـەم کێشـە و شـەڕی براکوژییە لەسەرچییە؟ داخـوا ئـەوە خزمـەت بـەرزگاری کوردسـتان دەکـات؟ ئـەم ناکۆکی و شەڕی براکوژیـە گەیوەتـە رادەیـەک کەهـەموو تێکۆشـەرێکی رۆشـنبیری کـورد بخاتـە شـک و گومانـەوە، کـورد لەدابەشـکردنی کوردسـتان لەلایـەن ئیمپریالیست و ئیستیعمارەوە هاواریەتی و داخ دەخـوات، کەچـی ئێستا رێبـەرانی حیزبە سیاسیەکانی کورد کەگوێیا بۆ ئازادی کوردستان خەبات دەکـەن، بـەکردەوە جارێکی تر کوردستانیان دابەشکردوە، کردوویانەتە بـادینی و سۆرانی و خـواروو و سەروو، هەر ئـەو حیزبـەی پارچـەیەکی خسـتۆتە ژێـر دەسـەلآت و بـەملکی خـۆی دەزانـێ، ئەمـە یـەک لـەو دیـاردە درێـو و دژی گەلیانەیـە لەبزووتنـەوەی ئیمـڕۆی کوردستاندا، باسی حیزب دروستکردن و رێکخـراوان بکـەین، لـەم سـالآنەی دواییـدا لەکوردسـتان حیـزب وەک کـار هەلـدەتۆقن، دەبینـی نێـوە نێـوە چـەند کـەس لەحیزبێک جیادەبنەوە و ناوێک لەخۆ دەنێن، ئەگەر ئێمە لەکۆمـەلێکی دیمـوکرات و ئازاد دا ژیابین لەکوردستاندا رێوشـوێنێکی دیموکراسـی رەچـاو کرابایـە، رەنگبـوو ساز کردنی ئەو هەموو حیزب و رێکخراوانـە زیانیـان بەبزووتنـەوەی کـورد نەگەیانـد بایـە و لەوانـە بـوو یارمـەتیان بەبردنـە سـەری پلـەی وشـیاری و کولتـوری گـەل کردبایە، بەلآم تاقیکردنـەوە نیشـانی داوە کەلەهەلومـەرجی ئیمـڕۆی کوردسـتاندا، ئـەم لـەتبوون و جیابوونـەوە بـەقازانج نییـە و خزمـەت بەیـەکێتی و پتـەو بـوونی ریزەکانی بزووتنەوە ناکات، لەهـەمووی خـەرابتر نـاکۆکی بیروبـاوەڕ و جیابوونـەوە دەبێتە هۆی دوژمنایەتی و شەڕی براکوژی و هاتنە خـواری پرسـتیژی جولآنـەوەی رزگارخوازیش، رەنگـە لەهـەموو دنیـادا نـاکۆکی بـیروڕا لـەنێو حیزبەکانـدا هـەبێ و بگاتە جیابوونەوەش، بەلآم ناگاتە شەڕ و یەکتر کوشتن وەک لەکوردستاندا هەیە.

بەلای منـەوە هـۆی سـەرەکی ئـەم دیـاردە دزێـوە، پێشـێل کردنـی دیموکراسـی و نـەبوونی ئـازادی بیروڕایـە لـەنێو حیزبەکانـدا، دەبیـنین زۆر کـەس لەتێکۆشـەران، تەنیا بەتاوانی دەربڕینی بیروڕای جیـاواز دەکەونـە بـەر تـاوان و تۆمـەت و حـەپس

کردن و دەرکردن و تەنانەت کوشتنیش، لەنێو بزووتنەوەی ئیمڕۆی کوردا، ڕێز بۆ دیموکراسی دانانرێت.

لەبواری ئیدەئۆلوژی و بیرووباوەڕەوە.

ئیمڕۆ لەنێو ب.ر.خ.ك دا حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆر، بەبیرووباوەڕی جیاوازەوە لەخەبات دا بەشدارن، دیارە هەر یەك لەو حیزب و ڕێکخراوانە ئامانج و بەرژەوەندی تایبەتی چینایەتی خۆشیان هەیە، بەڵام لەسەر یەك بەلای منەوە بیرووباوەڕی ویشکی بەرچاو تەنگ لەنێو ب.ر.خ.ك دا، دەورێکی ئەوتۆی نییە، ڕەنگە کەسانی تەك و تۆکی ئەوتۆ هەبن، بەڵام ب.ر.خ.ك ناسیۆنالیزمی بەرچاو تەنگ نییە، ناسیۆنالیزمی پێشکەوتوخوازی میللی و دیموکراتە، ئەوەش جەوهەرێکی پاك و پیرۆزی بزووتنەوەی کوردستانە، نەك هەر ئەوە، بەڵکو ڕێبازی سۆسیالیستیش لەبزووتنەوەی کوردا خۆ دەنوێنێ، هەرچەندە جاروبار هەڵوێستی ئانتی سۆسیالیزم و چاو داگرتن لەسۆسیال دیموکراسی و لەحکومەتانی ڕۆژئاوا لەلای تاکی و تۆکی ڕێبەرانەوە دیاری دەدا، بەڵام ئەمە ڕێبازی سەرەکی بزووتنەوە نییە، سەیری چاپەمەنی حیزب و ڕێکخراوەکان بکەین، لایەنگری لەسۆسیالیزم و پشتیوانی لەخەباتی گەلانی بندەست بەشی سەرەکی لاپەڕەکان دادەگرن، لەسەر ئەوەشەوە هێندێ لەڕێبەرانی ئەم حیزبانە لەگەڵ هێزە دیموکراتیەکانی ئەم وڵاتانەی کەکوردستانیان پێوە لکێنراوە تووشی ناکۆکی دەبن، بەلای منەوە ئەوەش لەبەرژەوەندی ب.ر.خ.ك نییە، ئەزموونی وڵاتانی تری جیهان بەدەستەوەیە، بەبڕوای من چینی کرێکاری ئەم وڵاتانە دۆست و پشتیوانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردن، هەرچەندە لەکات و مەرجی جیاوازدا، حیزبە کۆمۆنیستەکانیش سەبارەت بەمەسەلەی میللی تووشی هەڵە و چەوتی بوون، بەڵام بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد باشترە بەچاوی ڕەخنە و دۆستانە بڕوانێتە ئەم هەڵانە، نەك بەچاوی دوژمنانە، چونکە بەبێ هاوکاری و پشتیوانی حیزبە کۆمۆنیستەکان و چینی کرێکاری ئەم وڵاتانە بزوتنەوەی کوردستانە زەحمەتە

بگاتە ئامانج و سەربکەوێت، لای دیکەی ئەو مەسەلەیەش هەر راستە، خەباتی چینی کرێکاریش لەم ولاتانەدا بەبێ هاریکاری و پشتیوانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ناتوانێ سەربکەوێ، مارکس هێشتا لەسەردەمی خۆیدا یەکیەتی خەباتی رزگاریخوازی و خەباتی چینایەتی چینی کرێکاری بەمەرجی سەرکەوتن دادەنا، لەشیکردنەوەی مەسەلەی ئیرلەندە و هندوستاندا دەیگوت: (چینی کرێکاری ئەم ولاتانە ئەگەر پشتیوانی لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی نەکات، خۆشی ناتوانێ سەرکەوێت).

بەداخەوە لەکوردستان ئەم سیاسەتە زۆر روون و سابین نییە، تاقیکردنەوەی ٤٠ ساڵ خەبات رەنگە ئەوەی فێر کردبین کەدوژمنایەتی حیزبە کۆمۆنیستەکان بەقازانجی بزوتنەوەی کورد نییە.

مەسەلەیەکی تر کەبۆ باسکردن دەبێ، ستراتیژی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردە، کەهێشتا روون نییە و ساخ نەکراوەتەوە، ئەم ساخ نەبوونەوە بۆتە هۆی ئەوەی کەمەسەلەی کورد نەیتوانیوە وەک مەسەلەی میللەتێکی ٢٥ میلیۆنی، بچێتە نێو بیروڕای گشتی جیهانی و بکرێتە مەسەلەیەکی نێو نەتەوەیی، ئەمەش خۆی یەک لەکەموکوڕیەکانی بزوتنەوەیە، حیزبە سیاسیەکانی کورد لەسیاسەت و کردەوەدا، هەمیشە بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتیان خستۆتە پێش بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی، لەگەڵ هەر دەوڵەت و هێزێکی بێگانە قسە دەکرێ و گازوەندە دەکرێ کەبۆ چی یارمەتی بەبزوتنەوەی کورد ناکەن، لەوەڵام دا دەڵێن: (کێ نوێنەری راستەقینەی میللەتی کوردە؟ جارێ ئێوە خۆتان ساخ نەبوونەوە کەچیتان دەوێ)، دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کەهەڵوێستی ئەم هێز و دەوڵەتانە راستە، بەڵام واقعیەتیش ئەوەیە کەستراتیژیەکی یەک گرتو لەخەباتی رزگاریخوازی کوردا نەهاتۆتە کایەوە، هەربۆیەش مەسەلەی کورد، وەک مەسەلەیەکی نێوخۆی ئەم ولاتانە چاو لێدەکرێ، کاتێ ئێمە لەچوارچێوەی ولاتێکدا، داوای خودموختاری دەکەین، ئیتر ئەوە دەبێتە مەسەلەیەکی نێوخۆی

ئەم ولاتە، بەراستی ئەگەر دیموکراسی لەم ولاتەدا هەبێ، هیچ پیچویست ناکا، بۆ خودموختاری ٤٠–٥٠ هەزار کەس بەکوشت بدەی، خودموختاری چی دەوێ؟ هەر ئەوە نییە کەداوا دەکات لەجیاتی عەجەمێکی تارانی، با کوردێکی مەهابادی بکرێتە فەرماندار مەهاباد، ئێستا عەجەمێکیان کردۆتە فەرماندار مەهاباد، لەزەمانی شادا، جێگری فەرماندار نەغەدە بووە، یا کابرایەکی تورکی نەغەدەیان کردۆتە رەئیسی فەرهەنگی مەهاباد، لەکاتێکا لەمەهاباد هەزار کەسی لەو لێهاتووتر هەیە، بەتاوانی ئەم ویستە رەوایە دەمانکوژن و بەبیانووی ئەوەی کەمەسەلەی نێوخۆییە، کەس دژی جنایەتی ئەم حکومەتانە وەدەنگ نایە، لەم پێوەندییەدا کەمەسەلەی کورد نەبۆتە مەسەلەیکی جیهانی و بیروڕای گشتی گەلانی جیهانی بەخۆوە خەریك نەکردوە.

رەنگە ئەگەر باسی ئەوە بکرێ، خەڵکی وا هەبن بێژن ئەو هێزانەی لەمەیدانی خەبات دان، خۆیان دەزانن چدەکەن و چ سیاسەتێك بەرێوەدەبەن، ئەوە راستە، ئەوان بەگوێرەی بۆچوونی خۆیان دەجوڵێنەوە و کەسیش گوێ ناداتە ئەوە کەلەئەوروپا ئێمە چ دەڵێین و چۆن بیر دەکەینەوە، بەڵام ئەم مەسەلەیە پێوەندی بەچارەنووسی نەتەوەکەمانەوە هەیە، هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە و دەبێ بیری لێ بکاتەوە و بیروڕای خۆشی دەربڕێ، رێبەرانی ئێستای بزوتنەوەی کورد کەیفی خۆیانە دەڵێن چی و چدەکەن بەڵام واقعیەت ئەوەیە کەئەم سیاسەتە تا ئێستا بەرهەمێکی نەبوە و هیچی بۆ کورد بەدیاری نەهێناوە، بەرای من زۆربوونی حیزب و رێکخراو هەق نییە ببێتە کۆسپی دانانی ستراتیژی هاوبەشی مەسەلەی کورد، ئەگەر سەیری فەلەستین بکەین، ئەوانیش چەند حیزب و رێکخراوی جیاوازیان هەیە، بەڵام لەیەك رێکخراودا گەیشتوونە یەك و یاسر عەرەفاتێکیشیان داناوی بەناوی فەلەستین دەپەیڤێ و دەسوڕێتەوە، لەنێوخۆدا ناکۆکیشیان هەیە. جێگای رامانە، رێبەرانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بۆچی نەیانتوانیوە هەنگاوێکی ئاوا باوێژن؟ بەرای من حیزبە سیاسیەکانی کوردیش دەتوانن لەگەڵ

پاراستنی سیاسەتی تاکتیکی خۆیان بەگوێرەی هەلومەرجی ولآت، کۆمیتەیەکی کوردستانیش بەراوێژ و هاوکاری هەموان لەدەرەوەی ولآت پێك بێنن و پشتی بگرن و دەرەتانی تێکۆشان بۆ پێك بێنن و ئەو کۆمیتەیە بەناوی نەتەوەی کورد قسە بکات و لەمەیدانی جیهانیدا بەناوی نوێنەری کورد بناسێنرێت، کۆمیتەیەکی ئاوا مەسەلەی کورد لەچوارچێوەی ناوەکی ئەم ولآتانە دێنێتەدەر و دەیکاتە مەسەلەی جیهانی نەتەوەیەکی ٢٥ میلیۆنی دابەشکراوی بەشخوراو.

نەبوونی هاوکاری و یەکیەتی خەبات و ناڕوونی ستراتیژی، بۆتە هۆی ئەوە زۆرجار لەبزوتنەوەی کوردا، ستراتیژی فیدای تاکتیك کراوە، نان بەنرخی رۆژ خوراوە، دۆست و دوژمن لێك جیا نەکراوەتەوە، ئەم جۆرە سیاسەتەش زیانی کەمی بەجولآنەوەی کورد نەگەیاندوە، نەبوونی یەکێتی و هاوکاری نێوان حیزب و رێبەرە سیاسیەکانی کورد، کاری کردۆتە سەر بیر و تێکۆشانی هەزاران کوردی ئاوارە لەدەرەوەی ولآتیش، داخ و پەژارەی ناکۆکی نێوان هێزە سیاسیەکانی کورد، بۆتە سەرباری قورسی ژیانی دەربەدەری و دووری ولآتی کوردەکانی دەرەوەی ولآت، کوردێك کەدەبینێ لەنێوان دوو هێزی سیاسی کوردا، شەڕی براکوژی هەیە و لەهەر تك لا هەر رۆڵەی کوردە دەکوژرێ، چۆن جەرگی ناسوتێ و ژیانی لێ تاڵ نابێ؟

ناکۆکی نێوان هێزە سیاسیەکانی ولآت لەنێو کوردەکانی دەرەوەشدا، دووبەرەکی و ناتەبایی پێك هێناوە، ئەم مەسەلانە هەرچەندی باسیان بکرێ و شی بکرێنەوە پێویستە و جێگای خۆیەتی، کوردەکانی دەرەوەی ولآت دەتوانن بەهاوکاری و برایەتی لەسیمینار و کۆبوونەواندا بەشداری بکەن و بیروڕای گەلآلەکراوی خۆیان لەبارەی نەهێشتنی ناکۆکی و دوژمنایەتی بەهێزە سیاسیەکانی ولآت رابگەیەنن.

ئیتر پتر سەرتان نایەشێنم و لەگەڵ سوپاس داوام ئەوەیە برادەران لەلێکۆڵینەوەی قسەکانم و لەباس و پرسیاراندا بەشداری بکەن).

بێجگە لەبەڕێوەچوونی کۆڕ و میواندارێ براەدرانی کۆمەڵە، دیدارێکی خۆش لەماڵی کاك نەریمانی خەڵکی خواروی کوردستان رووید‌ا، ئەو برادەرە لەرۆمانیا خوێندبووی، کچێکی رۆمانی هێنا بوو، ئەو ژنە دەتگوت لەسولەیمانیەوە هاتوە، کوردییەکی رەوان و شیرین دەپەیڤی، میوان بەخێرهێنان و نان و چێشت سازکردنی، راست دابی کوردەواری، دڵی پیاو دەگەشایەوە، لەوەش جوانتر، کوڕێکی بچوکی جوانی خنجیلانەیان هەبوو، بەکوردی و رۆمانی و سویدی قسەی دەکرد، دوو رۆژ لەو شارە ماینەوە، دکتۆر فوئادیش لەوپەڕی جوامێری و برایەتیدا پێمانەوە ماندوو بوو، خزمەتی کردین، سوپاسی هەموانیان دەکەم.

یازدەی مانگی نوامبری ٩٨٦ هەواڵی رێککەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستانمان پێگەیشت، هەواڵێکی خۆش و شادی هێنەر بوو، هەنگاوێکی گرنگ و پیرۆز بوو کەشەڕی براکوژی چەند ساڵەی لەخواروی کوردستان کۆتایی پێ دەهێنا، لەژمارە ١١ی رۆژنامەی (سەردەمی نوێ)دا، بەم بۆنەوە لەژێر سەرخەتی: (بەرەو یەکێتییەکی گشتی و کوردستانی) وتارێکم بڵاو کردەوە.

رۆژی ١١/٢٤ پۆلیسی ستۆکهۆڵم بۆ پرسیار لەسەر داوای پەنابەری بانگی کردم، برادەرێکی کوردی کرمانجیان بۆ دیلمانج هێنابوو، ئەو منی دەناسی، بەڵام من نەم دیبوو، نەمدەناسی. پیرێژنێکی درێژ دادڕی پۆلیس پرسیاری دەکرد، هەر من دەمویست بەکورتی وەڵامی بدەمەوە، ئەو درێژەی پێدەدا، تا پرسی: (بۆ لەحیزبی دیموکراتدا نەماوی، هۆکاری ناکۆکیتان چبوە؟

گوتم ئەوە پێوەندی بەتۆوە نییە، ئەمە مەسەلەی نێوخۆی حیزبە و پێوەندی بەمەسەلەی پەنابەرییەوە نییە، پێم سەیرە پرسیاری وا دەکەی) ئیتر لەسەری نەڕۆی، برادەری کرمانج گوتی: (بەرسیفێ تە توند بوو).

کۆمەڵەی کولتوری کوردستان جارێکی تر ئاهەنگێکی سەری سالّی ساز کرد بوو، دیسان داوەتیان کردین و بلیتی رێگایان بڕیبوو، لەگەڵ دکتۆر جەمشید و ناسری

ڕەزازی چووین.. شەوی ١١/٢٨ لەسالۆنێکی گەورە ئاهەنگێکی خۆشیان ساز کرد، داوایان لەمن کرد کەچەند وتەیەک بێژم، چووم لەگەڵ پیرۆزبایی یەک دوو قسەشم کرد، نامەیەکی ئەندامەتی ئیفتیخاری کۆمەڵە و دەستە گوڵێکی جوانیان بۆ هێنام، سوپاسی هەستی برایەتیان دەکەم، دکتۆر جەمشیدیشیان بەئەندامی ئیفتیخاری وەرگرت، ئاهەنگ تا شەو درەنگانێك بەگۆرانی خۆشی ناسر و شایی و هەڵپەڕکێ بەڕێوەچوو، ڕۆژی دوایی گەڕاینەوە بۆ ستۆکهۆڵم.

دوای ئامادەکردنی هێندێ وتار بۆ ڕۆژنامە بڕیارم دا بچمەوە سۆفیا و سەری سالێ تازەی زایینی لەگەڵ منداڵەکانم بەرمەسەر، پاسپۆرتێکی وام هەبوو کەبۆ سوید ڤیزای نەدەویست و دەمتوانی چاوەڕوانی قبوڵکردنی پۆلیس نەبم، ڕۆژی ٨٦/١٢/١٥ لەگەڵ دکتۆر جەمشید و فەهد چووینە ئیزگەی قەتار کەبڕۆم، ڕاست چەند دەقیقە پێش وەرێکەوتنی قەتار، تەماشام کرد بلیتم لەبیر چوە، تازە هیچ نەدەکرا، فەهد چوو بوو ٣ بابۆڵەی کڕیبوون کەبیانخۆین، دە نایلۆنی وەرگیرا بوون، دەستم دا بەشەکەی خۆم و بێ ئەوەی سەیری نایلۆنی بکەم وەبەرم دا، فەهد گوتی: (کوڕە نایلۆنە نایلۆن، دەئەوەش لەبیرەوەریەکانتدا بنووسە) گوتم دەینووسم، جا ئەوا بەڵێنی خۆم بردەسەر و نووسیم.

ڕۆژی ٨٦/١٢/١٨ گەیشتمەوە سۆفیا و لەگەڵ منداڵەکان چاوەڕوانی هاتنی سالێ تازە بووین بزانین چیمان بەدیاری بۆ دێنێ؟!

مامە غەنی داوای کردبوو کەفۆتۆکۆپی نامەیەکی بۆ بنێرمەوە کەلەدنیای ئیمڕۆدا باسی ستالینی تێدا کردبوو، (ستالینەکەشی وەك فارسان بە (ئەستالین) نووسیبوو)، ٨٦/١٢/٢٢ ئەم نامەیەی خوارەوەم بۆ نووسی و دام بەنەویدی موعینی بۆی بنێرێ:

(هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویست و بێ هێلانە، کاك مستەفا ڕۆژ باش!

دەستەکانت دەگوشم، بەر لەهەموو شت ساخ و سڵامەتیت ئاواتەخوازم، لەبەرئەوەی بەهێلانەکەت نازانم، دیارە سەبارەت بەچوونە پێشی کاری شۆڕشگێڕی نامەوێ سۆراخی هێلانەکەت بگرم! چونکە بەمەزەبی لای ئێوە خۆشاردنەوە لەدۆست و هاوبیر و لەکۆڕ و کۆمەڵ دەبێتە هۆی سەرکەوتنی شۆڕشی (ملی دیموکراتیک) و بەرەو (سۆسیالیزمیش) دەچێ، منیش ئاواتم هەر ئەوەیە، جا بۆیە لەرێگای واسیتەوە ئەم نامەیەت بۆ دەنێرم، نوسیبووت رووونوسی ئەو نامەت بۆ بنێرمەوە کەلەکاتی خۆیدا بۆت نووسیبووم، ئەوە ئەم ئەرکەش بەجێ دەگەیەنم و رووونووسی نامەکەشتان بۆ دەنێرمەوە، کەجارێکی تر تەماشای نامەکەم کرد لەدێڕی یەکەم دا باسی نامەیەکی منت کردوە کە (بۆن و بەرامەی ناسیۆنالیزمی) پێوە دیار بوە، هەر بەدیتنی ئەم دێرە ناسیۆنالیزمەکەم گوڵی کرد، ئەگەر لەو زەمەنەدا کوردی قوڕبەسەر نەبێتە (ناسیۆنالیزمی مترفی و دیموکرات) ئەدی چ بکات!

با چەند نموونەیەکت بۆ باس بکەم، کوردە گوێا پێشکەوتوخوازەکان بەگشتی چاویان بڕیوەتە بەخێر (حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئێران و عێراق و تورکیا، ناهەقیش نین، چونکە لایان وایە کۆمۆنیستەکان دەبێ پارێزەری راستەقینەی گەلانی بەشخوراو بن، بەڵام لەکردەوەدا چۆنە؟

لەسەر وتاری ژمارە هەشتی رۆژنامەی (سەردەمی نوێ)دا، بەناونیشانی (میللەتی لەبیرکراو) باسی کۆبوونەوەی مۆسکۆ کراوە، لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمۆنیستەکانی ئەو سێ وڵاتەش بەشدار بوون، بەڵام داخوا بەسەر زمانی کەسیاندا هاتوە کەبڵێ: وا میللەتێکی ٢٠ میلیۆنی هەیە و بۆ مانەوەی خۆی خەبات دەکات و بەسێ حکومەتی کۆنەپەرست دەیکوتن و خەریکن لەبەینی بەرەن و با بەخێری خۆتان هەر ئەوەندە مەڵێن کەمەیانکوژن؟!

لەدانیمارک کۆبوونەوەی ئاشتی هەبوە، رۆژنامەی مەردوم و ئەکسەریەت، بەبەشداربوونی کۆنگرەی ئاشتی خۆیان هەڵگێشاوە، بڕیارنامەکان باسی هەموو

دنیایان تێدایە، بەڵام داخوا ناوی کورد کەمیللەتێکی بێ بەش لەهەموو مافێکە، لەکولەکەی تەپیشدا دیار بوە؟ وەزعەکە ئاوایە، جا بۆیە کورد هەقی نییە ببێتە پاچی ئەرمەنی؟ بەقەولی رەحمەتی کاك حەسەنی قزڵجی: (ئەوانە کەئێستا تەنیا بەباسکردن دەتوانن خەڵك بۆ لای خۆیان راکێشن و نایکەن، دەسەڵاتیشیان نییە جاوەرە بۆ ئەو رۆژەی کەدەسەڵاتیان بکەوێتە دەست).

سەردەمێك بەوەیان دەترساندین کەبوونی دوو حیزبی کۆمۆنیست لەوڵاتێکدا بەشەرع دروست نییە، کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کوردستانمان هەڵوەشاند و بەناوی حیزبی دیموکراتی بێ بەرنامە بووین بەدەرویش، ئێستا دەبینین لەچەند وڵاتی دنیادا دوو حیزبی کۆمۆنیست هەن و لەلایەن وڵاتانی سۆسیالیستیشەوە بەرەسمی ناسراون و هیچیش نەقەوماوە، کۆمۆنیستی کورد ئەگەر سەربەخۆ کۆمۆنیست بێ کوفرە ! بەلای منەوە رابردووی خەباتی ئێمە، لێ نەهاتوویی ئێمە نیشان دەدات، ئەگەر کۆمۆنیستە کوردەکان شەهامەتی پێکهێنانی رێکخراوی کۆمۆنیستییان هەبایە، رێگا بۆ هەلپەرست و ناسیۆنالیستی وشکەرۆ و حۆقەبازان ئاوااڵە نەدەکراوە، ئێستا لەژێر پێ نانی پرنسیپی کۆمۆنیستییە کەخەڵك دەکاتە ناسیۆنالیست و خەراپتریش، هەر کوردە هەرچی بیکات کوفرە و ناسیۆنالیستە و کۆنەپەرست !

خەڵك بەناوی کۆمۆنیستی هەزار هەڵە و خوارە خوارە دەکات و کەسیش دەنگی لەبەر دەر نایە، جارێك کابرا دەکەن بەخاین، بەنۆکەری ناتۆ، بەدژی ئینقیلاب، دوایە دەیکەنەوە بەرێبەری جولانەوە و بەچرا بەدوای دا دەگەڕێن کەبیدۆزنەوە و قسەیان لەگەڵ بکات !

مارکسیزم عیلمە، زانستە، بەگوێرەی هەلومەرجی رۆژ و وڵات ئەشێ بەکاربهێنرێ، بەڵام نەبۆ کورد، نا، مارکسیستی کورد ئەشێ هەو دەرویش بێ، چی پێ دەڵێن دەبێ گوێ بداتێ و ئاوا بکات.

من لەگەڵ تۆ ئاوا دەردی دڵ دەکەم، نامەوێ لەگەڵ دەروێشان ئەم باسە بێنمە گۆڕێ، موبارەکە... هەرکەس خۆی دەزانی رێگای حەسانەوە چۆن بدۆزێتەوە.

ئێستا بۆتە باو، ئەوانەی لەکوردستان حیزبی کۆمۆنیستیان بەهیچ دەزانی و بۆ خودموختاری خۆیان فیدا دەکرد، بۆ ئەوەی بحەسێنەوە و ناوێکیان لەسەر بێ و بۆ دواڕۆژیش خۆیان بەشتێکەوە بەستبێتەوە، لەئەوروپا بۆ ئەوەی خۆ بەرێکخراوە کۆمۆنیستەکانەوە هەڵاوەسن، ملی خۆیان دەشکێنن گوایا بوونە کۆمۆنیست!!

قسە زۆرن، با وازی لێ بێنین، نازانم (سەردەمی نوێ) دەگاتە دەستت یان نا؟ ئەگەر نەگات، خەتام نییە، حوکمی شەرع هێلانەی تۆی لەخەڵك شاردۆتەوە، هیچ ناکرێ، خۆشی و سڵامەتیت ئاواتمە، برات کەریم، ٩٨٦/١٢/٢٢).

ساڵی ١٩٨٧

شەوی سەری ساڵی تازەمان لەکەش و هەوایەکی ساکاری خۆمالّی دا بردەسەر، منداڵەکانیش لەبەر خاتری ئێمە نەچوونە دەرێ، رۆژی هەوەلّی ساڵی تازە برادەرێکی کوردی لای خۆمان تەلیفۆنی کرد و گوتی: (کوردی ئێرانم، بەتور هاتوومە سۆفیا و لەهوتێل خێموس دابەزیوم، گەرەکمە بتبینم، کەچووم نەمناسی، نازانم تەلەفۆنی منی چۆن پەیدا کردبوو، دەیویست لەبولگاریا یارمەتی بدەم بچێتە ئەوروپا، بەداخەوە چم لەدەست نەهات، نازانم گەڕایەوە بۆ تورکیا، یا دەربازی ئەوروپا بوو.

برادەرانی گۆڤاری کوردی (ئاشتی و سۆسیالیسم) داوایان لێکرد بوو کەوتاریان بۆ بنووسم، خەریکی ئامادەکردنی وتار بۆ ئەوان بووم، تووشی نەخۆشی پشت یەشە هاتم، بەهاتووچۆی دکتۆر و نووسینی وتار بۆ رۆژنامە و ناردنیان بۆ دکتۆر جەمشید رۆژم دەبردە سەر.

٩٨٧/١/٢٥ چوومە باڵێوزخانەی ئەڵمان ڤیزا وەربگرم و بەقەتار بچمەوە سوید، ڤیزایان نەدامێ، بەناچاری بۆ هەوەڵین جار بەفڕۆکە چوومەوە سوید.

٨/٢/٥ کتێبی (یادی هێمن)م لەچاپخانە وەرگرتەوە و دەستم کرد بەنووسینی بەرگی دووەمی بیرەوەریەکانم.

غەنی بلوریان رێکەوتی ٨٧/٢/١٨ ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ ناردبووم:

(هاوڕێیی بەڕێز و خۆشەویست کاك کەریم، پاش رۆژباش بەهیوام سەرکەوتووبی، بۆ ناردنی کتێبی مێژوو بیرەوەریەکانی خۆت و وێنەی شەهیدان و روونووسی نامەکەی خۆم زۆر سوپاست دەکەم، نامەیەکی پڕ دەرد و گلەیی لەگەڵیاندا بوو، دیارە ناتوانم بڵێم گلەییەکانت خۆی نییە بەهیوام رۆژێك بێت گشت ئەوانەی ئاواتی پێشکەوتخوازانەی راستینە بێتە دی، بەڵام شتێکی ترم بۆ هاتوە بەیانی (راپەڕین) وتەکانی و ناوەڕۆکی بەیانەکە لەگەڵ نامەکەی تۆ بۆرە خزمایەتیەکیان

هەبوو، تێی خێر بێ، کاکی برا نووسیبووت دەبا وەك جێگای تر لەئێرانیش دوو حیزبی کۆمۆنیستی تیا بێت، خۆ باشە، بەڵام لەئێران چ زۆرە حیزبی کۆمۆنیست، لەشەش و حەوت تێپەڕیوە، بەڵام لەبەیانەکەدا چەند خاڵی تیا بوو پێویستە بیری خەمەوە، یەك نەراست و نە (چەپ) دیارە خوا بدا راست نییە بەڵام چەپە، ئەویش خراوەتە ناو گیومە (چەپ) یانی راپەڕین لەو چەپە مافەوقی چەپ نییە ئەوەش خۆی هەر باشە، تیا بوو کەکەوتوونە بیری پێك هێنانی سازمانی شێوە مارکسی کەزانایی سیاسی چینە نەدارەکان بەرنە بان و بتەکێنن لەبیری وەك هی کابرای گرینۆك و تەنگ و تەسك.

ئەوەش هەر خێرە، بەڵام جیا لەباوەڕی بەتیۆری زانستی داخوازی کردوە کەدەبێ لەگەڵ خەڵکەکانی تری ئێران یەك بگرن و وێکڕا بۆ روخاندنی رژێمی تەق تەقیلە و ردێن دەس یەك بن چونکو دەستی تەنیا تەی نایە، باوەڕێکی لەبارە، هیچ یەك لەرێکخراو و خەڵکەکان ناتوانن تەنیا هیچ بکەن، بەڵام خاڵێکی تیا بوو بۆنی خۆشی لێ نەدەهات ئەویش تیرۆری پیاوی چەپەڵە، خۆت دەزانی مامۆستای گەورە لینین ئەو کارەی لا پەسند نەبوە بەلای منیشەوە ریسوا کردنی ئەو مرۆڤانە لەتیرۆر زۆر باشترە چونکو تیرۆر رزگاری دەکا بەڵام ئەفشاکردن و ریسواکردن بۆ ئەبەد رەنجی ئەدا، بۆ ئەمە تەجروبەی تاریخی هەر لەولاتی خۆماندا فرەیە جا بۆ ئەوە لەگەڵ ئەو بەشە کەدەبێ لەگەڵ خەڵکەکانی تر یەك بگرن، هاودەنگ بن، کورتەیەك لەشیعرێکی نیمایوشیج دەنووسم کەبەکوردیش وەرمگێڕاوەتەوە بەراستی لەناو ولاتی ئێمەدا بایەخی پێ نەدراوە یەکەم کەوتنە سەر بیری سازمان دانی چین و خەڵك بەشێوەی زانستی، دووهەم بەگوێ چرپاندنی ئەو باوەڕە کەتەنیا رێگای رزگاری گەل تەیار بوونی سازمانەکە بەبیروباوەڕی تیۆری زانستیە و یەکگرتن لەگەڵ خەڵکەکانی ئێرانە، رۆژێك لەزیندان کابرایەکی کوردی چەوساندۆتەوە و دەی چەوسێنێتەوە، هەر ئەو کابرایە بوو کە ٥٠ صەفحەی نەظرات نووسی بۆ رێبەرایەتی کوردەکانی گەرمێن و

خطی بۆ دیاری کرد بوون دیارە نەظراتەکە ساواك نووسیبووی و دابووی بەئەو بەناوی خۆی و بەشێك لەزیندانیان رەوانەی کات رۆژێك باسی ئەوە دەکەین، ئەوا شیعرەکە، سەر دێرەکەی ئەوەیە:

(فریاد می زنم– فریاد می زنم)
من تاقە دەستم بێ تەقەم
ئەم لافاوە چۆن وشکەوەکەم؟
هاوارمە، چارەم دژە
نیشتۆتە گڵ لوتکەکەم
رووبە مەبەستم لەوتەم
من تاقە دەستم بێ تەقەم
من، دەستی من یاریدە خوازی دەستی وەیە
* * *
هاوارم ئەگەر خینکاوە لەئەوکا
یان دەنگم بەگوڕ
بۆ رزگاری خۆم و وەیە
لەچریکە ئەدەم– لەچریکە ئەدەم.

لەمەڕ رۆژنامەکەت بەراستی ئاواتمە دوا بەدوای یەك بەدەستم بگا لانی کەم دەبێتە هۆی ئەوەی کوردی لێ فێریم و لەبیرم نەچێتەوە جا نازانم چ پارەیەکی بۆ ئابونە بنێرم جیا لەپارەی ئێرە چی ترم نییە دەزانی کەئێستا گەڕاومەتەوە کۆنەچاڵ و نیشتەجێ دەبم بەڵام هەروا بێ لانم و هێلانەیەکم نییە باشە ناوت ناوم مامەی بێ هێلانە، بەڵام بڕیارە تا دوو مانگی تر هێلانەم هەبێ گەرچی شەبەکە هەروا تونده بەڵام قیڕوسیا ئادرێسەکەمت بۆ دەنێرم، بەڵام هێشتا هەروا لەئوتێلە گۆرینەکەم، بەڵام ئەگەر ئادرێسەکەم بۆ لەبنی کوولەکە نەدەی باشە، ئەگەر

دنیایـه کەسـێك ویسـتی بـیرم بکـا بـەهۆی خۆتـەوە نامـەم بـۆ بنووسـی چـونکو ئەدرێسی دواییم بەهەموو کەس نادەم کـاکی بـرا جاروبـار خۆشـاردنەوەش جـزوی کاری سازمانییه دەتۆش هێندێك فێری به و تی تۆڵێك لەئێمه دادڕه بـۆ پـەز زیـانی نییه بەڵام ئیتر نه لەپیاوی باش کەچی جاروبار پیاو تووش دەبێ چار نییه.
ئیتر هەر بژی برات غەنی ۸۷/۲/۱۸).

۹۸۷/۳/۱ ئەم نامەیـەی خـوارەوەم لـەوەڵامی نامـەی غـەنی بلوریانـدا نوسـیەوە و بۆم نارد:
(هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویست مامه غەنی رۆژباش!
بەگـەرمی دەسـتەکانت دەگوشـم، ئـاواتم سـاخ و سـڵامەتیتە، ئـاواتم ئەوەیـه ئـەو جاریش بچیەوە نێـو میللەتەکـەت و نێـو خـاو و خێزانـی بـێ مـراد و قـەت خۆشـی نەدیتووت.
نامەکەت بەراستی شادی کردم، راست یا خوار بڕیـارم دابـوو، بەنەویدیشـم گوتبـوو تا نامەم بـۆ نەنووسـی و بەهێلانـەت نـەزانم هیچت بـۆ نانووسـم، کـارم بـەوە نییـه شەبەکە تونده یان نا، هێندەم ئـەو گوڵمەزانـه دیـوه و دیتوومـه بـۆ هێنـدێ کـەس شەبەکە تونده و هەر لەو کاته و لەو کۆڕەشدا، بۆ کەسێکی دیکه هەر تونـد نـەبوه بەڕەڵاییەك بوه هەر باسی ناکرێ.
دەی... کەیفی خۆیانه! بەڵام تۆ نابێ لەخەڵك ون بی، بەتایبـەت لـەمن! ئـەوه بـۆ کاك حەمەدەمین دەبێ، ئەشەد و بیلا پـڕ بەپێسـتیەتی، دەتوانـێ خـۆ وەشـێرێ و قـەت کـەس پێـی نـەزانێ، منـیش لـەجێگای خـۆی خـۆ شـاردنەوەم پـێ باشـه و بەباشیشـی دەزانم، بـەڵام نـەك ئـاوا کـەخۆم لـەهاوڕێ و بـرام بشـارمەوه، ئـەویش لەئەوروپا کەهیچ مەسەلەیەکی وا لەگۆڕێ دا نییه کەبۆ پەز زیانی هەبێ.
با بێمه سـەر وردە شـتی تـر: بۆچـی هـەر بـەوەی کەبـەیانی (راپـەڕین)م بـۆ داوی بەنەوید هەستت کرد کەلەگەڵ نامەی من خزمایەتیان هەیه؟ لەوڵاتـەوه بۆیـان نـارد

بووم، منیش بۆ ئەوەی ئێوە چاوتان پێ بکەوێ، نەم شاردەوە و دام بەنەوید، ئێستا بەمەزەبی لای ئێوە دەبایە نەم دابا بەکەس، نەوەك بڵێن: چۆن لەگەڵ وڵات پێوەندیت هەیە؟! من ئەو بەیانەم پێ شتێك نەبوو، هەموو نیشانەی کوڵ دەربڕینێکی بەپەله و بەخەیاڵی تۆڵەسەندنەوە و ناو لەخۆنانە، جا بۆ بەدبەختی یا خۆشبەختی هەر کوردێکی لای خۆمان شتێك بڵاو کاتەوە، یان خۆی بەئانقەست، یان خەڵکی دیکە ناوی منی بەدواوە دەنێن، (مرضیە) هاتبوو بەتەلیفۆن لەبرادەرێکی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی دەپرسی: (ئەرێ راستە دەڵێن کاك کەریم حیزبی کۆمۆنیستی دامەزراندووە؟).

یان رۆژنامەی کەیهانی هەوائی چاپی تاران دەنووسێ: کەریمی حسامی حیزبی سۆسیالیستی داناوە، یان لەعێراق ئەوانەی بۆ دامەزراندنی حیزبێکی تازە تێدەکۆشن، دەڵێن: کەریمی حسامیمان لەگەڵە! منیش بێ خەبەر و بەنووسینی رۆژنامەوە خەریکم، تا ئێستا هەر خەڵکی لاپرەسەن ئەوەیان بڵاوکردۆتەوە، ئێستا ئەم هەستە بۆ ئێوەش پەیدا بوە، ئاخری خێر بێ! جا من (راپەڕین)م پێ نە چەپە و نەڕاست، کۆبوونەوەیەکە بۆ دەربڕینی دەرد و داخ پێك هاتوە و لەحەیفی قاسملۆ ئەوەیان نووسیوە، باڵە چەکدارەکەیان کەریم خاڵدار بوو کەوا ئێستا لەهۆڵەندەیە.

لەبارەی حیزبی کۆمۆنیست لەئێران یا لەکوردستان

مامە گیان ئەوە باسێکی قوواڵ و درێژە، من باسی ئێران ناکەم، ئەو شەش حەوت حیزبەی تۆ باسیان دەکەی لەدوان بەدەر ئەوانیتر بەحیزبی کۆمۆنیست نازانم، هەرکەس و سازمانێکی دژی سۆسیالیزمی مەوجود بێ، بەکۆمۆنیستی نازانم، دیارە حیزبی تودە سەبارەت بەئیدەئۆلۆژی و بیروباوەڕی مارکسیستی بەحیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی دەزانم، ئەگینا لەبواری کردەوە و ئاکار و هەڵسوڕانی، بەقەدرایی داشانمەجید رەخنەم لێی هەیە، قسەی کابرای مەنگوڕت لەبیرە: کابرا

برای مرد بوو، هاته سەر تەرمەکەی، وتی: (هەرچەندی چاوم بەو قەد و بالآیەت دەکەوێ، برامی و کزەم لەجەرگی دێ، بەڵام هەرچەندی بیر لەعەمەلانت دەکەمەوە، ئی منت دەعەمەلان)!

بەڵام کوردەواریەکە! مامە گیان!: (بەدرماندگی در جهان پشت من نه خارد کسی جز سرانگشت من).

خۆت باش دەزانی مارکسیزمیش وەک هەموو زانستێک لەگۆڕان و بەرەو پێشچوون دایە، پێویستە لەگەڵ هەلومەرج تەتبیق بکرێ، مەسەلەی نەتەوایەتی یەکێ لەمەسەلە گوێپوچکەکانی کۆمەڵایەتیە، تازە لینینێک بۆ کەس زیندوو نابێتەوە، ئەو میللەتەی کەخۆی بۆ چارەسەرکردنی ماف و مەسەلەی خۆی نەبزوێ و رانەسێ، هەروا لەبن دەستیدا دەمێنێتەوە.

بۆچی خۆمان فریو بدەین؟ مەسەلەی سلۆڤاکی و چیک، دوای ٢٠ ساڵ سۆسیالیزم دەبێ دەرسێکی گەورە بێ، تەقیەوە بەفیدراسیۆن نەجاتی بوو، بولگارستانی دیمیترۆڤ کەیەکێ لەحیزبە کۆمۆنیستە رەسەنەکانە، پاش ٤٠ ساڵ سۆسیالیزم تازە بەشەق ناوی تورکان دەگۆڕێ و ئەوەی ئەتاتورک لەگەڵ کورد کردی، بەسەریان دێنێ.

کۆمۆنیستی فارسیش بەقەولی کاک حەسەنی قزڵجی هێشتا هیچ دەسەڵاتی نییە و هەر قسە و کاغەزی هەیە، لەچوارچێوەی (تەواویەتی عەرزی ئێران)دا، دەت بەستێتەوە و بەم کارە هەموو تێز و بۆچوونەکانی لینینی مەزن سەبارەت بەدیاریکردنی مافی چارەنووس، دەخاتە ژێر پوستاڵەوە، جا ئەگەر دەسەڵای هەبێ، بەسەری زمانیش باسی مافی چارەنووس بکەی بەکافرت دەزانێ و بەشەقان دەتکوژێ.

جا بۆیە دەڵێم مارکسیستە کوردەکان بۆ دەبێ غیرەتی ئەوەیان نەبێ کەحیزب و سازمانی مارکسیستی خۆیان لەکوردستاندا، هەبێ و دۆستی حیزبە کۆمۆنیستەکانی سەرانسەری وڵاتیش بن؟ خەباتی گشتی لێک گرێ بدەن و

هەلومەرجی کوردستان لەبەرچاو بگرن و رێگا نەدەن بۆرژوازی و سۆسیال دیموکرات و گێدە و گۆدە، دەست بەسەر چارەنووسی خەڵکدا بگرن؟!

بەبڕوای من ئەو کوردانەی بەبیانووی ئەوەی کەگۆیا (مارکسیستین) لەدەرەوە رەگەڵ رێکخراوە ئێرانیەکان دەکەون، رێگایەکی باشیان بۆ خۆ پێوە هەڵاوەسین و تەمبەڵی و خۆشاردنەوە لەتێکۆشانی سیاسی دۆزیوەتەوە، ئەوانە ناتوانن هیچ تەئسیرێکیان لەخەباتی رزگاریخوازی کوردستاندا هەبێ، پێت سەیر نەبێ کەدەنووسم: (خەباتی رزگاریخوازی) چونکە لەلای ئێوە بەلای ئەم زاراوە زانستییە راستەدا ناچن، تەنیا ئەگەر بەهەڵکەوت ناوی کورد بێنن، (بەجنبش ملی) ناو دەبەن، هەروەک کۆمەڵە سەردەمێك بە (جنبش مقاومت)ی ناو دەبرد کەزۆر غەیرە عیلمییە، پێرار لەمۆسکۆ لەگەڵ لازاریف و دکتۆر ژیگالینا لەئەنستیتۆی رۆژهەڵاتناسی ئەم باسەم هەبوو، بەخۆشیەوە ئەوەی ئەمساڵ لەسەر کورد نووسراوە، بە (جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد) ناوی هاتوە.

حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئێران لەچوارچێوەی سەرانسەریەوە دەڕوانە مەسەلەکە، ئەمە لایەکی راستە، بەڵام لایەنی تایبەتیشی هەیە کەخۆی لێ دەبوێرن و یان لەبیریان دەچێتەوە، باشە بەنەزەری تۆ (دووی رێبەندانی کوردستان) بۆیە نابێ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەنوکی قەڵەمیش بێ یادی بکات؟ بەڵام داخوا رۆژنامەی مەردوم، دێرێکی لەسەر نووسی؟ ئەوە بەخێر کۆمۆنیستی کورد لەرێبەرایەتی حیزبی تودە دا هەن!

جگە لەوە چونکە کوردە مارکسیستەکان رێکخراوی خۆیان نییە، حیزبە کۆمۆنیستەکەش نەیتوانیوە لەنێو کوردانداً نفوز بکات، ناچار راست لەو کاتەدا کەبزووتنەوەی کورد بۆ ئامێزی سۆسیال دیموکراسی و رۆژئاوا رادەکێشن، حیزبی تودە تازە حیزبی دیموکرات بەرێبەری جوڵانەوەی کورد دەناسێ.

بەڵام یارۆ بەوە رازی نابێ و هەر ئێستا لەمانگی ژانویەدا، لەگەڵ ئەوەش کەباسی بەرەی یەککرتوو دەکات، هێرش بۆ سەر حیزبی تودە و دەستەی حەوت کەسی زیندوو دەکاتەوە.

لەسەر یەککرتن لەگەڵ خەڵکەکانی ئێران نەزەری تۆ راستە، بەبێ رێکخستنی خەباتی گشتی هیچ ناکرێ و هیچ جولانەوەیەك سەرناکەوێ، بەڵام دەردی من ئەوەیە کەسازمانی مارکسیستی واقیعی کورد لەم یەککرتن و رێکخستنەدا دەوری هەبێ، چونکە حیزبە بۆرژوازیەکانی کورد نایکەن، ئەوان لەگەڵ کۆمۆنیستان یەك ناگرن، ئەوان ستراتیژییان فیدای تاکتیك کردوە و خەڵکێکی زۆریشیان بەدوای خۆیانـدا راکێشـاوە، بەبۆچـوونی مـن ئەگـەر رێکخـراوی مارکسیسـتی کـورد لەکوردسـتان هـەبان و لەئاسـت مەسـەلەی کـورد بەباشـی جولابانـەوە، ئـەوان نەیاندەتوانی زەحمەتکێشانی کوردستان ئەوەندە بۆ لای خۆیان راکێشن.

مامە گیان! بمانەوێ و نەمانەوێ هەستی نەتەوایەتی بـەهێزە، بەتایبـەت بـۆ کـورد کەلەهەموو مافێك بێ بەشە، تێگەیشتنی سیاسیش لەکوردستان نزمە، کـابرا ناچـێ رەگەڵ حیزبە کۆمۆنیستێك ناکەوێ کەناوی (عێراق یـا ئێرانـی) لـەخۆ نـاوە، ناچـار بەدوای زرە کوردایەتییەوە دەبێ.

قسەی نیما راستە، دەستێك بەتـەنیا دەنگـی نایـە، مـن هەربۆیـە رەخنـە لـەکوردە مارکسیستەکان دەگـرم، چـونکە نـەیانتوانیوە چـەند دەسـت کۆبکانـەوە و خۆیـان بەهێز بکەن و جا ئەودەم لەگـەڵ هێـزە پێشـکەوتوخوازەکانی ئێـران دانیشـن، مـن رەگەڵ کەوتنی تاقە کەسەم هـەر پـێ دەسـتی تاقـە کـەدەنگی نییـە، پاشـان ئـەو دەستەش بەبڕین چێ کەخەریکی پشت خوراندنی نەتەوەکەی خـۆی نـەبێ، مـن وا لەمارکسیزم گەیشتووم، هیچ تیۆری داتاشینێك بەناوی مارکسـیزم ناتوانـێ قـانیعم بکات ئەگەر بۆ رازی کورد نەبێ.

رۆژنامـەم بـۆ نـاردی، مەقالـەی (میللـەتی لـەبیرکراو) بخوێنـەوە، جـا وەك مارکسیستێك مەسـوتێ و هەڵوێسـتی مارکسـیانەش بـدۆزەوە، بـۆ کوردسـتان لـە

(کالیدۆنیای تازە) ژێر دەستتر و بەدبەخت تر نییە؟ بەڵام کەس باسی ناکات، خۆ نوێنەری حیزبە کۆمۆنیستەکانی (عێراق و ئێران و تورکیاش) تەشریفیان هەبوە، کۆمۆنیستی میللەتی گەورە باست ناکات، حیزبی بۆرژوازی و ناسیۆنالیستی کورد بەقوربێت دا دەبات، بەلای منەوە لەم نێوەدا، مارکسیستە کوردەکان تاوانبارن!

دەرد زۆرە، بەنووسین و بەقسە چارێ ناکرێ، وەك خۆت نووسیوتە: (هەرکەس بۆ خۆی خانوچکەیەکی دیوەتەوە)، خانوو دۆزراوەتەوە بەڵام ئەوەش حاڵی میللەتی کوردە!

دەی با بەس بێ، جا عەیب نییە باسی پوڵی ئابوونەی رۆژنامەی دەکەی؟ من بەنەویدم گوتبوو چۆن هێندێ پارەت بۆ بنێرم؟ خوڵا بکا هێلانەت دیاربێ، رۆژنامە و شتی دیکەشت بۆ دەنێرم، ١٧ و ١٨ی ئەپریل لەوانەیە بێمە پراگ، بۆیە هەر لەئێستاوە پێت رادەگەیەنم کەخۆ شاردنەوەت لەبەرچاو بێت، نەوەکو خوا نەخواستە لەشەقام توشت بم، بەتایبەت ئەگەر لەگەڵ کاك مینە بێ!! لەبنی کولەکە نادەم، هەر چەندە پێم خۆشە زۆر کەس بتبینێ، بۆیە وا بەدرێژی بۆت دەنووسم، بێکاری، تا خۆتی پێوە بخافڵێنی.

کاکەی چوار دیواری قوڵە ئاغایەك بوو نەخوێندەوار، نەخشەیەکی گەورەی جوغرافیای لەدیواری وەتاغەکەی هەڵواسیبوو، لێیان پرسی: کاکە خۆ تۆ خوێندەوار نی، ئەم نەخشەیەت بۆ هەڵواسیوە؟

گوتی: (بۆ هیچ ئەگەر عەجەم هاتن با خۆی پێوە خەریك کەن)!

نووسراوەکەی منیش هەر باشە، ماوەیەك خۆی پێوە خەریك دەکەی، قسە تەواو نابن، بەبۆنەی سەری ساڵی کۆچی دوایی مامۆستا هێمن نامیلکەیەکم نووسیوە، هیودارم زوو چاپ بکرێ و بۆت بنێرم، بەڵام با ئەو پرسیارەشت لێ بکەم: هێمن بۆیە نەدەبوو نێوە لەسەری بنووسن؟ شاعیری گەورەی کورد، نەدەبوایە حیزبی تودە ئەکسەریەت لەسەری بنووسن؟ خۆ لە نووسەر و شاعیری فارس نەدەماوە

کەسەر ناکەنـەوە یادیـان دەکـەن، دەبوایـە ئێـوە کەبـەو دەردەتـان بـرد، شـتێکی لەسەر بنووسن، دەرد زۆرە و بەفەلسەفە هێنانەوەش چار ناکرێ.

قەرار بوو دەست بەنووسـین بکـەی و نـاوی بـابی زۆر کەسـیش بێنـی، نـازانم چـت کردووە، تکات لێ دەکـەم خـەریك بەبیرەوەریـەکانت بنووسـە، مـن بـەرگی چـوار و پێنجیشم نووسـیوە، هـیچ شـتێکم وەپـاش نـەداوە، جـا کـەی چـاپ دەکـرێن خـوا دەزانێ، بۆ پراگ هەر دێم، تکایە بۆم بنووسە چیت بـۆ بێـنم لـەم وڵاتـە سۆسـیال دیموکراتە ! هەموو شت زۆرە و ئیمکانیشم هەیە.

ئەم رۆژانە کابرایەك پرسیبووی: (کاك کەریم ئەو پوڵەی لەکوێ بوو، رۆژنامـەی پـێ دەردەکات؟).

گوتم چل ساڵە لەخـەبات و تێکۆشـان دام، تـازە دەتـوانم رۆژنامەیـەك دەر بکـەم و بـەخێریش بـڵاوی کەمـەوە، خـەڵکی دیکـە بیسـت سـاڵیش تێکۆشـانیان نـەبوە، لەئەوروپا و ئەمریکا خاوەنی کۆشك و تـەلار و بنیـات و هـەیت و هـوتن، بـۆ لـەوان ناپرسن؟

با چیتر سەرت نەیەشێنم، جـارێکی دیکـەش سـڵامەتیت ئاواتمـە، بەخۆشـی بـژیت برات کەریم ٩٧٨/٣/١٠).

بەدوای نامەی منداا.

مامـە غـەنی رێکـەوتی ٩ و ٨٧/٣/١٠ دوو نامـەی بـۆ نـاردبووم کەبـەدوای یەکـدا گەیشتن.

منیش وا هەر بەدوای یەکدا بڵاویان دەکەمەوە:

نامەی ٨٧/٣/٩:

(برای بەڕێز کاك کەریم

پاش چاك و خۆشی بەئاواتی سەرکەوتن، سـوپاس سـەبارەت بـەناردنی رۆژنامـەی سەردەمی نوێ کەبۆتە هـاواڵی تـەنیاییم ئـیتر دڵنیـام کـەکوردیم لـەبیر ناچـێتەوە، دیارە دەزانی زێدە لە ٢٠ نەفەرێك وا لەلای کاك رەحیمـی قـازین، دوو جـار چـوومە

لایان داوای رۆژنامەی سەردەمی نوێیان دەکرد، باش بوو کەدەستم کەوت هەر خۆم تەواوم کرد ژمارە بەژمارە دوو بەدوو بۆیان رەوانە دەکەم، لەمەر راپەڕین دیارە دەبێ بزانی من لەگەڵ تۆدا جاروبار بۆ تەشقی زار گاڵتە دەکەم ئەگینا دەزانم سەرت بەوانە و هی تۆوە بەند نییە، فێڵەکەش کەئیتر هیچ، ئێستا لەوەپاش خۆ دەبوێرم نەك بکەومە ژێر بۆمبا بارانت چونکو لەلاپەڕەی نامیلکەکە وریات کردومەوە کەخەریکی وەبەر دەسرێژم دەی، (نەمەنەی) هی خۆتم، بمپارێزە. تەنیا دەستی بێ هێلانەم، بەڵام ئەگەر لاوە کوردەکان بەهەر چەشنێك بۆ لای بیروباوەڕی تۆ و من و هی وەك ئێمە رابکێشرێن جا با (صد دەر صد) وەك یەك نەچین لانی کەم ۹۹ درصد یەك رەنگ دەبین کەبۆ دواڕۆژ هەر باشترە لەبیری کۆن.

خۆت زۆر باش دەزانی رێگای رزگاری گەلان بەکام لادایە، ئەوانەی جارێ تۆزقاڵێك بەپارێز بۆ مەسەلەی کورد دەچن رۆژێك وەغیرەت دێن جێگای نیگەرانی نییە لەئەنجاما سامیان دەشکێ، بەڵام گشت کەس دەبێ ئەوە بزانێ کەهەر مرۆڤێك لەپێشدا دەبێ ناونیشانی هەبێ جا دوایە بیروباوەڕ، ئیتر هەربژی بەهیوام ناردنی سەردەمی نوێ بەردەوام بێت و نەپسێتەوە، منااڵەکان چاوەڕوانن. هیوای سەرکەوتن، برات غەنی).

نامەی ۹۸۷/۳/۱۰ی مامە غەنی:

(کاکە کەریم گیان رۆژ باش. بەئاواتم سااڵی تازەت پیرۆزبێ و بەختیار بی، لەوە کەدێیت بۆ پراگ زۆرم پێخۆشە و کون و کاژێرێك نەبوو خۆی تیا وەشێرم، بەقەولی هەژار گوتەنی (هەر کەتورکێك گوتی چەکین داڵی– کونە مشکێك نییە لەوان خاڵی) بەڵام من کونە مشکیشم گیر نەکەوت، بەیانی خەریك بووم بچمە تەلاری چێشتخۆری بەرچایی بخۆم، ئێستا دانەسەکنا بووم نامەیەکی تۆیان دامە دەست و هەڵمسەنگاند زانیم بۆمی تێدایە، چونکە چاوەڕوانی بۆمبا بارانت بووم،

بەپەلە پاروم رۆهێشت و رام کردە هۆدەکە و عەینەکم کردە چاو و مثنویەکەتم خوێندەوە، کەچی رۆژێك لەمەوبەر نامەیەکم بۆ نووسیبووی کەپێشە بڕەت لێ بکەم نەم ئەنگێوی، بەڵام نەی گرت دەستت پێش خستبوو.

لەمەڕ دیاری نووسیبووت، سوتفە من کاتژمێرێکم لەکابل بۆ هێنا بووی خەریك بووم بۆتی رەوانە بکەم تێکم نابوو بەڵام کەنامەکەتم پێگەیشت کەدێیە ئێرە وازم لێ هێنا و پێویستم نەزانی رەوانەی بکەم ئەوا خۆت دێیت، دەڵێن لەم وڵاتە بۆرژوازیە چشت وا لەکۆڵانان هەڵڕژاوە کەواتە هینێك چەپرەکە رادیۆیەك بدۆزەوە لەگەڵ خۆتا بیهێنە خێرت دەگاتێ چونکو لێرە هەر مەوجی بڵند و وەسەت هەیە و پارەش قاتە، ئەگەر نەش گونجا بەقەولی سنەیی گەل، وێڵی کە، بەڵام لەمەڕ رەخنەکانت، هاوڕێ ناتوانم جیا لەقبوڵیان چیتر بێژم، بەڵام بەهیوام ئەو عەجەمە رەشکانە دواڕۆژیان خێر بێ، سەبارەت بەرێکخراوەی کۆمۆنیستی لەکوردەواری خۆ زۆر باشە بەڵام پیاو دەبێ زۆر وریای کۆلکە مەلا و قوڵە شێخ و شاڵ شینی گەوج و هەژاری قوڕ وەسەری نەخوێندەوار بێت ئەگینا بەکێوتا دەبەن، بەلای منەوە لاوی روناکبیری ئەو دەور و زەمانەی کوردەواری دەبێ چی تر گێرەیان لەمانگدا نەگەرێ و هەرد وەبینن، زەمانە گۆڕاوە و بیری کۆن باوی نەماوە، دەبێ ئەدەبیات و شیعر و نوسراوە بگۆڕدرێ و فەرهەنگی نوێ بدرێ بەخەڵك، بەڵام هی راستەقینە نەك وەکو هی اقای خالداقا کەکورد نابێ ئیتر باسی مەرحەلە بکات دەبێ بفڕێ بۆ قولەی قاف. کاکی برا هەر حیزب و سازمانێك تاکتیك و ستراتیژی مەرحەلەیان هەیە کەلەو رێبازەدا هەر دەسکەوتێك غەنیمەتە چۆن دەبێ خۆی لێ ببوێرێ، ئێستا تیئوری سینە بۆرژوازیەکان بوونە میراتگری مارکس و پەند دەدەن بەگەلانی ئەفریقا و دەڵێن کاکی خۆم مارکس بۆ گەیشتن بەسۆسیالیزم، سەرمایەداری بەقۆناخی هەوەڵ داناوە، کەوابوو ئەفریقا دەبێ بەو قۆناخەدا تێپەڕێ، کاك خالیدیش دەڵێ مەرحەلە هیچ وەپەرە حەوا دانی بەخێری بەکەس دا نەناوە، ئیلا خۆی نەبێ جا نازانم ئەو لەکام خێزانی عەزیزیە– عەزیزی زۆرن

ئەگەر دیبوکری بێت ئیتر پاڵ لێ بدەوە، بەڵام ئەگەر هەر لەئێستاوە بیرزانی و مارکسیستی لەناو گەلا بڵاو بکرێتەوە کارێکی باشە و ستراتیژی نهائیش ئەگەر بووترێ گوناح نییە بەڵام نەفی ستراتیژی و تاك مەرحەلەی کاری پیاوی ساکاری غەیرە سیاسیە، بیروڕای من و تۆ لێك دوور نییە و میقاتە بەڵام دەگونجێ هەریەکە بەشوێنێکا تا رۆژێك بگەینە یەکتر، بەڵام ئیتر ئەوانەی لەرکی کابرایەك یا بەمەزەنەی رۆژ بیانهەوێ چالاکی بنوێنن هیچی تیا نییە، ئەو رێبازە پیاوی ماقوڵ و گران و سەنگینی گەرەکە کەرابردووی باش و خاوێنیان هەبێ و ئەگینا مەرامەکەشی نالەبار پیشان دەدرێ و خەڵك دەپرینگێتەوە، دەگەڵ هەر گیدە و گودەیەك بەو رێبازەدا رۆیشتن حەل نییە و پیاو خۆ ناحەز دەکات هەڵبەت مەبەست لەوە نابێ ئەوە بیر بکرێتەوە گاڵتەی ئەم و ئەوە خۆت دەزانی چی دەڵێم، کرمانجێکی رووتی رابردوو خاوێنی، هەزار روناکبیری چەپەڵ دێنێ، بەم چەشنە ئێمە دەتوانین بیری وەها خاوێن بەرینە ناو خەڵك ئیتر خۆت وەستای چت بۆ بنووسم، بەهیوام زووتر چاوم پێت شاد بێ، هەرێژی بەسەربەرزی، برات غەنی ۱۰/۳).

۸۷/۳/۲٤ کتێبی (یادی هێمن)م لەچاپخانە وەرگرتەوە و بەچەشنێکی هەراو بڵاوکرایەوە، لەوڵاتیشەوە چەند کەس داوایان کرد کەبۆیان بنێرم.

کۆنگرەی ۱۹ی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا، دوای ناکۆکی نێوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو بەدوو لەت، بەشێکی سەر بەپارتی مایەوە و بەشێکیشی بەناوی ئاکسا و سەر بەیەکێتی نیشتمانی تێکۆشانی خۆی جیا کردەوە، دوای شکانی شۆڕشی کوردستانی عێراق ۱۹۷۵، حیزبی کۆمۆنیستی عێراقیش بەشێکی لەخوێندکارە کوردەکانی ئەوروپا کۆکردەوە و بەناوی (کۆمەڵەی خوێندکارانی

کـورد لەئـەوروپا مەرکـەزی پـراگ) تێکۆشـانی درێـژە پێـدا، خوێنـدکارانی سـەر بەپارتیش هـەر بـەم نـاوە، بـەڵام (مەرکـەزی بـەرلین) مانـەوە، ماوەیـەك درەنگـتر پارتی (گەل) واتە جەماعەتی کاك سامی، کۆمەڵەی (خوێندکار و لاوان)یـان بـەناوی (یوکسی) دامەزراند، پاسۆکیش رێکخراوی خوێندکار و لاوانی خـۆی هـەبوو بـەناوی (سوکسـە)، بـەکورتی کۆمەڵـەی یـەکگرتووی خوێنـدکارانی کـورد لـەنێوان پێـنج رێکخـراوی سیاسـی کوردسـتان و عێـراق دا، لـەت و پـەت کـرا و هـیچ وزەیـەکی تێکۆشانی بابەتی نـەما و نـەیتوانی هـیچ تینێك وەبـەر بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی کورد بنێ لەوڵاتـدا، خوێنـدکارە کوردەکـانی بەشـەکانی تـری کوردسـتانیش لـەنێو ئەم چەند بەشەدا بڵاو ببوون و لەم بەڵا و مەینەتـە خۆیـان پـێ نـەپارێزرا، نـاکۆکی نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستان کۆمەڵەی خوێندکارانیشی لەئەوروپا گرتەوە.

دەستەی بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی کۆمەڵـەی خوێنـدکاران (K.S.S.E) مەرکـەزی پراگ لە ۹۸۷/۱/۱۸ بەهۆی ئەم نامەی خوارەوە لێـی گێڕابوومـەوە کەلـەکۆنگرەی ۱۹دا بەشداری بکەم.

نامەی دەستەی بەڕێوەبەری گشتی: پراگ ۱۹۸۷/۱/۱۸

بۆ بەڕێز کاك کەریمی حسامی

سـڵاوێکی شۆڕشـگێڕانە، بـەناوی دەسـتەی بەڕێوەبەرایـەتی کۆمەڵـەمان، کۆمـەڵی خوێنـدکارانی کـورد لەئـەوروپا، جـوانترین سـڵاوت ئاڕاسـتە دەکـەین و هیـوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازین.

برا و هـاوڕێی بـەڕێزمان: کۆمەڵەکـەمان لـەم کاتـە ناسـکەدا کـەرێڕەوی تێکۆشـانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و رۆژهەڵاتی ناوەراست و بـاری جیهـانی، لـەبارێکی ئـاڵۆزدا دەڕوات، کـۆنگرەی (۱۹)هـەمینی خـۆی لـەرۆژی ۱٦-۱۹/٤/۱۹۸۷ لەچیکۆسـلۆڤاکیا دەگرێـت، ئێمـە زۆر پـێ خۆشـحاڵین وەکـو ناسـراو و ئـەدیب و نووسـەرێکی کـورد بەشـداری لەکۆنگرەکەمانـدا بکـەی، هـەروەها پـڕ بـەدڵ

بـەخێرهاتنت دەکـەین، هیـوادارین بـەزووترین کـات زانیـاری تـەواو دەربـارەی پاسپۆرتی خۆت بۆمان رەوان بکەی تاکو ڤیزات بۆ بنێرین، لەگەڵ جـوانترین رێـز و سـڵاومان، دەسـتەی بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد لەئەورووپا).

رۆژی ٨٧/٤/٣ لەسـوێدەوە بـەرەو بولگاریـا کەوتمـەڕێ بـەو نیـازە کەلەسـۆفیاوە لەگەڵ دایکی کەمال پێکەوە بچینە پراگ، ئێمە لەپراگ دۆستی یـەکمالّ و باشمـان هەبوون و نەدەبووینە سەرباری کۆمەڵە.

لەسـۆفیا ڤیـزای چـێك و مـەجار و یۆگوسـلاڤیامان وەرگـرت و رۆژی ٨٧/٤/١٣ بەقـەتار کەوتینـەڕێ، رۆژی دوایـی یەکسـەر چـووینە پـراگ لـەمالّی برادەرێکمـان دابـەزین کەپێکـەوە لەمەدرەسـەی حیـزب خوێنـدبوومان و هـەروەك مـالّی خۆمـان وابوو.

رۆژی ٨٧/٤/١٦ سواری ئوتوبوسیان کردین و بردیانین بۆ (سلاڤیسکا پڕێهراد) واتـە (ئـاو بەنـدی سلاڤیسـکا) ٤٠ کیلـۆمیتر لـەدەرەوەی شـاری پـراگ، جێگـا و شـوێنی کۆبوونـەوە و حەسـانەوە و خواردنیـان بـۆ ٨٠ کـەس دیـاری و تـەرخان کـرد بـوو، میواندارێـەکی پیاوانـەیان کـرد، نێزیکـەی ٨٠ کـەس خوێنـدکار و میـوان هـاتبوون، غـەنی بلوریـانیش داوەت کرابـوو، نامـە و تێلگرافـی زۆر بـۆ کـۆنگرە هـاتبوون و خوێنرانەوە، لەگەڵ سوپاس بۆ هەڵسـوڕێنەرانی کـۆنگرە، داوا لـەمن کـرا کـەوتاری پێرۆزبایی خۆم پێشکێش بکەم.

دەقی وتارەکەم لـەژمارە ١٦ی بانەمـەڕی ١٩٨٧ی رۆژنامـەی (سـەردەمی نـوێ)دا چاپکراوە، وا لێرەشدا بڵاوی دەکەمەوە.

(خوشك و برایانی بەڕێز!

خوێندکارانی خۆشەویست!

زۆر بەشانازی دەزانم کەلەکۆنگرەی ١٩ی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردا بەشدار دەبم، دەمەوێ بەم بۆنەوە پڕ بەدڵ پیرۆزباییتان لێ بکەم، هیوادارم کۆنگرەکەتان بەسەرکەوتنەوە تەواو بێ.

هاوڕێیانی بەڕێز!

کۆنگرەی ئێوە لەهەلومەرجی ناسك و دژواری کوردستان و خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەماندا دەبەستێ، هەربۆیەش ئەم هەلومەرجە ناسك و دژوارە ئەرکێکی قورس و گرنگ دەخاتە سەر شانی خوێندکاران و لاوانی کورد لەدەرەوەی وڵات.

بەر لەهەموو شت لاوی کورد کەبەویستی خۆی، یا لەبەر هەل و مەرجی نالەبار وڵاتی بەجێ هێشتوە، دەبێ بۆ فێربوون و زانست هەوڵبداو پلەی زانیاری خۆی بگەیەنێتە رادەیەك کەلەدواڕۆژدا بتوانێ خزمەت بەنیشتمان و میللەتەکەی بکات، لەگەڵ ئەم ئەرکە واجبە، ئەرکێکی دیکەش دەکەوێتە سەر شانی لاوان و خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی وڵات، ئەویش بریتییە لەناساندنی خەباتی ئیمرۆی میللەتەکەمانو ناساندنی مێژوو و کولتور و ئەدەبی نەتەوەکەمان بەگەلانی جیهان، پێویستە هەوڵ بدەن سەرنجی بیروڕای گشتی گەلانی ئەوروپا بۆ مەسەلەی کورد، بۆ خەباتی رزگاریخوازی، بۆ وەدەست هێنانی مافی چارەنووس رابکێشن.

هەموومان دەزانین کەنەتەوەکەمان کەوتۆتە بەر پەلاماری دڕندانە و وەحشیانەی حکومەتە شۆڤێنی و کۆنەپەرستەکانی ئێران و عێراق و تورکیا، لەقاودانی سیاسەتی قەڵاچۆکردنی گەلی کورد و ریسواکردنی ئەو رژێمە خوێنخۆرانە ئەرکێکی دیکەی سەرشانی خوێندکاران و لاوانی کورده.

دیارە بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکە پیرۆزانە بەر لەهەموو شت پێویستی بەیەکێتی و ڕێکخستنی هێزی بەتەوژمی خوێندکاران و لاوان هەیە، پێویستە هەوڵ بدرێ ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی کورد یەك بگرن، نەك هەر ئەوە بەڵکو هاوکاری لەگەڵ

خوێندکارانی دیموکرات و پێشکەوتوخوازی ئەم وڵاتانە کەکوردستانیان بەسەردا دابەشْ کراوە ئەرکێکی پێویست و پیرۆزە، پێوەندی لەگەل رێکخراوە دیموکراتیەکانی خوێندکاری ئەوروپا، بەتایبەت لەگەڵ یەکێتی خوێندکارانی جیهانی دابین بکرێ، پێوەندی گرتن لەگەڵ ئەم رێکخراوە جیهانیە و هەوڵدان بۆ ئەوە کەخوێندکارانی کورد لەئەوروپا بەهەموو دەستە و رێکخراوە جیاوازەکانەوە لەکۆمەڵەیەکدا یەك بگرن و ببن بەئەندام لەیەکێتی خوێندکارانی جیهانیدا، هەنگاوێکی پیرۆزە و یارمەتیە بەجوڵانەوەی خوێندکارانی کورد لەهەموو بارێکەوە.

هاوڕێیانی بەڕێز!

خەباتی رزگاریخوازی میللەتەکەمان بەقۆناخێکی دژواردا تێدەپەڕێ، دوژمنانی گەلی کورد، دوژمنانی ئازادی و مرۆڤایەتی لەهەموو لاوە بەشێوەی جۆربەجۆر بۆ لێدان و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد وەخۆ کەوتوون، ئەگەر لەلایەك راستەوخۆ بۆمباران و قەڵاچۆکردنی کوردیان کردۆتە سیاسەتی رۆژانەی خۆیان، لەلایەکی دیکەوە سیاسەتی فێڵ و دھۆ و فریویان گرتۆتە بەر و گۆیا دڵسۆز و خەمخۆری کوردن و یارمەتی دەکەن، دەیانەوێ لەم رێگایەوە جارێکی دیکە دەستی کورد بەزاخا کەن و تۆی ناکۆکی و دووبەرەکی لەنێو کوردا بچێنن و خەباتی رەوا و فیداکاری گەلەکەمان بەبادا بدەن، لەم بارودۆخەدایە کەوریایی و تێکۆشانی خوێندکاران و لاوان دەبێتە ئەرکێکی پێویست، زەحمەتکێشانی وڵاتەکەمان کەلەژێر پەلاماری دوژمندا بەربەرەکانی دەکەن، بەهەق چاویان دەبڕنە هەڵوێست و خەبات و بۆچوونی رۆڵەکانیان لەدەرەوەی وڵات، گومانم لەوەدا نییە کەکۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورپا دەتوانێ و دەبێ هێزی خوێندکاران و لاوانی کورد لەرچە و رێبازێکی پێشکەوتوخوازانەدا کۆ بکاتەوە و لەم رێگایەوە یارمەتی پێویست بەجوڵانەوەی رزگاریخوازی میللەتەکەمان بگەیەنێت.

سەرکەوێ خەبات و تێکۆشانی یەکگرتووی خوێندکاران و لاوانی کورد لەکوردستان و لەدەرەوەی وڵات).

بۆ ئاخری کۆنگرە دوو سیمینار دیاری کرابوون، یەکیان دکتۆر جەمشید لەبواری ئەدەبی کوردیدا بەڕێوەی برد، یەکیشیان بۆ من دیاری کرابوو کەلەژێر ناوی (ئەرکی لاوان و خوێندکاران لەقۆناخی ئێستا دا) باسم کرد و دەقی وتارەکەم لەژمارە ١٧ی مانگی جۆزەردانی ساڵی ٩٨٧ی رۆژنامەی (سەردەمی نوێ)دا چاپکراوە.

مامە غەنیش بەدرێژی قسەی کرد و رایگەیاند و گوتی: (وتارەکەی من بەناوی غەنی بلوریان وەک کوردێک بڵاو بکەنەوە، نەک وەک ئەندامی حیزبی تودە، ئەوەی دەیڵێم بیروڕای خۆمە و پێوەندی بەسیاسەتی حیزبی تودەوە نییە)، کۆنگرە بەتێکڕایی دەنگ هێندێ بڕیاری گرنگی پەسند کردن وەک:

- تێکۆشان بۆ یەکگرتنەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد.
- پشتیوانی لەبزووتنەوەی چەکداری لەکوردستان و یارمەتی بەجوڵانەوە.
- پشتیوانی لەخەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان بۆ وەدەست هێنانی مافی رەوا، بەمافی دیاریکردنی چارەنووسەوە.
- پشتیوانی لەتێکۆشانی حیزبە کوردیەکان بۆ رێککەوتن و خەباتی هاوبەش و نەهێشتنی ناکۆکی و دووبەرەکی.
- مەحکومکردنی سیاسەتی شۆڤێنیستی و ئازار و ئەشکەنجەی کوردەکان و راگواستنیان.
- مەحکومکردنی شەڕی ئێران و عێراق.
- مەحکومکردنی رژێمە دیکتاتۆرەکانی ئێران و تورکیا و عێراق سەبارەت بەپەلاماردانی کوردستان و کوشتار و راونانی کوردەکان.

– مـــەحکومکردنی ئـــەو رژێمـــە دیکتـــاتۆر و کۆنەپەرســـتانەی کـــەکورد دەچەوسێننەوە.

– پشتیوانی لەخەباتی گەلی عەرەبی فەلەستین و گەلێك بڕیاری دیکە.

ئێمە سێ رۆژ دوای کۆنگرە لـەپراگ لـەمالّی برادەرەکـەمان ماینـەوە، رۆژی ٢/٢٤ هاتینە بوداپیست و میوانی کاك جەلال بووین و رۆژی دوایـی گەیشـتینەوە سـۆفیا، تـا ٨٧/٥/١٠ لەسـۆفیا مامـەوە، رۆژی ١٠ چـوومە بـەرلین، سـەعاتی دەی شـەو گەیشتمێ، تەلـەفۆنم کـرد بـۆ ئەسـکەندەر سـەلمان ئەنـدامی حیزبـی کۆمۆنیسـتی عێراق، لەکۆنگرە داوای کرد کەبەبەرلین دا بگەڕێمەوە بۆ سـوید و لەبـەرلین لەگـەڵ برادەرانیان کۆڕێك ببەستین.

ئەسکەندەر تەلیفۆنی هەڵگرت و دەنگی ناسیم و گوتی:

– ئەوە لەکوێوە تەلیفۆن دەکەی؟

– لەبەرلین، لەبانهۆڤ چوو.

– جاوە من زۆریش دوورم، شەو جێگات هەیە؟

– بۆ جێگام نییە؟ هوتێل قات بوە لەبەرلین؟

– ئەوە خەراپە من جێگاشم نییە، با تەلیفۆن بۆ یەکی تر بکەم.

– تـەلیفۆن بـۆ کـەس مەکـە، هەربۆیـەم تـەلیفۆن کـرد گـوتم بـزانم لـەبیرت مـاوە کەلەکۆنگرە بووی؟

– تکایە سبەی سەعاتی پێنج تەلەفۆنم بۆ بکە.

نا.... بەراستیتە، ئیتر تەلەفۆنم دانا و چوومە هوتێل ئاو گوسـتا کـەرێنوێنی کـۆنی بـەرێز دکتـۆر کـەمال فوئـاد بـوو، رۆژی دوایـی چـوومە سـەردانی کـاك هوشـیاری ئیمامی و شەو گلی دامەوە، بەیانی سواری قـەتار بـووم بـۆ سـوید، دیسـان دکتـۆر جەمشید لەئیزگەی قەتار چـاوەڕوانم بـوو، زەحمـەت و هاوکـاری دکتـۆر جەمشـید

لەبیر ناچنەوە، کەهاتمەوە نامەی شاد رەوان دکتۆر رەحیمی قازی و مامە غەنیم بۆ هاتبوون کەوا هەر تکیان بلّاو دەکەمەوە.

نامەی ١٣ی ئەپریلی دکتۆر رەحیمی قازی:

(برای بەڕێز و خۆشەویست کاك کەریم!

هەر لێرەوە هەتا ئەوێ سلّاوت لێ بێت، ساغ و سلّامەتی و خۆشی و سەرکەوتن و بەرەوپێش چوونت لەقولّایی دلّمەوە بەئاوات دەخوازم، هەروەها بەبۆنەی ئەو بەڕێزی و چاکەیەی کەلەگەلّت کردوم و هەتا ئەوڕۆ رۆژنامەم بۆ دەنێری زۆر سوپاست ئەکەم و ئەمە بەراستی نمونەی بەئاشکرای هەستی برایەتی و مرۆڤایەتی و بەڕێزی و خۆشەویستی تۆ ئەزانم دەرحەق بەخۆم، هەزار جار سوپاس و بەهەویام لەمەو پاشیش بێ بەشم نەکەی!

کاکە گیان، رۆژنامەکەتان زۆر بەوردی ئەخوێنمەوە و لەپاشان دەیدەم بەبرا کوردەکانی تر کەژمارەیان رۆژ لەگەلّ رۆژ، لەچاوی بەد بەدور بێت، زیاتر ئەبێت و هەموویان پێیان باشە و تینوی خوێندنەوەی وین، چونکە لەلایەکەوە زۆریان پێ باشە و لەلایەکی ترەوە بەداخەوە هێشتا ڕەفیقەکان نەیانتوانیوە رۆژنامە و گۆڤارێك بەکوردی وەدەر بدەن و شتێکی ئەوتۆ بەکوردی نییە پێیان بگات.

کاکە کەریمی بەڕێز! لەرابیتە لەگەلّ رۆژنامەکەتان چەند تێبینیەکم هەیە کەئەمویست بیخەمە بەرچاوت:

١- بەر لەهەموو شتێك ئەمەوێ بزانم ئێمەی لێرە چۆن دەتوانین یارمەتی پارە بەئێوە بگەیەنین؟ بەداخەوە لێرەوە ناکرێ پارە بۆ ولّاتێکی تر، ئەویش بۆ رۆژنامە بنێردرێ. وا حیساب بکەن کەلەلای ئێمە پارەتان هەیە و هەرکاتێك هاتن بۆ ئێرە ئەتوانین پێشکێشتان بکەین و بەسلّامەتی خەرجی کەن.

٢- لەژمارەکانی پێشووی رۆژنامەکەتاندا زۆرجار دەتانبینوسی کە، رۆژنامەکە بێ لایەنە، سەر بەهیچ حیزب و رێکخراوەیەک و کۆمەڵێك نییەو... بەڵام ناوەڕۆکە نووسراوەکانتان، بەتایبەتی هی ژمارەکانی دوایی، بەتەواوی دیمەنێکی ترمان دێنێتە بەرچاو، رۆژنامەیەکی وا نەتوانێ بێ لایەن بێت و بەراستی لەهەموو بارێکەوە بیروڕا و ئامانجی گەلە غەدر لێکراوەکەمان دەرئەبڕی، جا کەوابوو بێ شك ئەبێ بیروڕای حیزب، کۆمەڵ و یا رێکخراوەیەك دەربڕی، بەڵای منەوە لام وایە ئەتۆش دەیسەلمێنی کەلەکاتی ئەوڕۆدا لەکوردستانی خۆمان هیچ حیزب و کۆمەڵ و رێکخراوەیەك بەقەت حیزبی دیموکرات نفوز و بەریزی لەنێو زۆربەی گەلان دا نییە، زۆری لەسەر ناڕۆم و بۆ خۆت ئەوە لەمن چاکتر دەزانی، لەملا و ئەولا بیستوومە چەند رێکخراوەی تازە خەریکن دێنە مەیدان، بەڵام کاکە باوەڕ بکە ئەوانە هیچیان، جا با رۆژنامەیەکی هەرە باشی وەك (سەردەمی نوێ)شیان هەبێت، ناتوانن جێگەی حیزبی دیموکرات- حیزبی پێشەوا بگرنەوە، وەرن لەو بارەیەوە فیکر بکەینەوە، کارێکی وا بکەین کەئەو رۆژنامەیە ببێتە بڵۆکەرەوەی بیروڕای حیزبی دیموکرات، خۆ بۆ خۆت ئاگاداری لەزۆر وڵاتان حیزبی کۆمۆنیست دابەش بوون و بونەتە دوو بەش و ئەوەی کەبەناوچەی سۆسیالیزم پشت ئەستورە رۆژ لەگەڵ رۆژ بەهێزتر ئەبێت، هیچ شکی تێدا نییە ئەوانەی کەدەوروبەری (سەردەمی نوێ) وەکۆ بوون و رۆژ لەگەڵ رۆژ ژمارەیان پەرە ئەستێنێت باشترین و تێکۆشەرترین رۆڵەکانی گەلەکەمانن **(منیش لەسەرەتاوە وام دەزانی نووسەر!)** و رێگایەکی راست و دروستیان گرتۆتە پێش، ئەوەش لەبەرچاو بگرین کەئەستێرەی گەشی سەریشیان ئەمەیە کەپشت ئەستورن بەبەرەی سۆسیالیزم بەسەرۆکایەتی یەکیەتی سۆڤێت، بۆ خۆت چاك ئاگاداری کەسەرۆکایەتی ئەمرۆی حیزب لەو ئەستێرەیە، چاکتر بڵێین لەو روناکییە بێ بەشە.

٣- لەنوسراوەکانی ئەم دواییانەدا دروشمی کوردستانی گەورە، پێویست بوونی دامەزراندنی حیزب و یا رێکخراوەیەکی گشتی بۆ تەواوی بەشەکانی کوردستان، خەباتی بەیەکەوەی تەواوی هێزە نیشتمان پەروەرەکانی کورد لەناوچەیەکی یەکگرتوو و... وەبەرچاو ئەکەوێ و هەست ئەکرێت، بێ شك ئەمە ئاوات و ئامانجی گەلەکەمانە، بەڵام تا چ رادەیەك لەگەڵ راستەقینە و هەلومەرجی ئەورۆکە یەك دێتەوە؟ ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرینگ و حەساس و قدیلکە هێنەرە، پێویستە زۆر بەقوڵی و وردی و بەگوێرەی زروفی نێو نەتەوەیی و قازانجی گشتی بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی تەماشا بکرێت، دەخیلت بم زۆر وریا بن کەنەکەوینە نێو گۆمی ناسیۆنالیستی وشکەوە، ئەمە مەترسییەکی گەورەی هەیە و لەهەموو رووپەکەوە ئەبێ لێی بکۆڵرێتەوە و تاقی بکرێتەوە.

٤- لەژمارەکانی تا ئێستادا بەداخەوە لەسەر یەکیەتی سۆڤێت و وڵاتەکانی تری بەرەی سۆسیالیزم کەم نوسراوە، بەتایبەت لەسەر مەسەلەی جێ بەجێ بوونی مەسەلەی نەتەوایەتی لەم وڵاتانە.

زۆرم پێ باش بوو ئەو وەڵامە ددان شکێنەی کەبەنوسراوەی هاتەران پاتەرانەکەی خالیدی حسامی درابۆوە بێ شك لەهەر نوسراوەیەکی کوردی دا کەدژی یەکیەتی سۆڤێت شتێك وەبەرچاو کەوت (سەردەمی نوێ) ئەبێ دەسبەجێ بیروڕای خۆی دەربڕێ و دیوی ئاوەژووی ئەم نوسەرانە بخاتەروو و گەل ئاگادار کاتەوە.

٥-ریزەیەك لەنوسراوەکان زۆر درێژن و تەنانەت بیروڕای دوپاتە کراویشیان تێدا هەیە، جیا لەمە، پێویستە ژمارەیەکی نمونە کەلەچاپ دەرئەچێ بەوردی بخوێنرێتەوە و بەهەڵە چوونەکانی تەکنیکی چاپ بکرێت. (مەسەلەن لەژمارە ١٤دا ساڵی لەدایکبوونی پێشەوا ٩١٩١ نیشان دراوە- راستەکەی مانگی مەی ١٩٠٠-).

کاك کەریمی بەڕێز! بەم هۆیەوە پێت رائەگەیەنم کەئامادەم بەهەموو توانای خۆمەوە لەگەڵ رۆژنامەکەتان هاوکاری بکەم، چاوەڕێی وەڵامی نامەکەم و بۆشم

بنووسە چ چەشنە نوسراوەیەك پێویستە هەتا بۆتان بنێرم، (مێژووبی، سیاسی، ئەدەبی و....) هەروەها رەجا ئەکەم ئەگەر بۆت هەڵکەوێت کتێبە چاپکراوەکانیشم بۆ بنێرە، (لەسەر کۆماری مەهاباد و یادی هێمن).

هەروەها وەك دۆستێکی بەدڵدا خوازت لێ ئەکەم دەربارەی وەزعی ژیان و هەڵسوڕانی سیاسی و ساغ و سڵامەتی حەسەنی کوڕم هەندێکم بۆ بنوسە، هەر چلۆنێکی هەیە، سڵاوم هەیە بۆ تەواوی هاوکارەکانت، بەتایبەت دکتۆر جەمشید، برات رەحیمی قازی ۱۳ ئاوریلی ۱۹۸۷.

بەر لەوەی نامەکەم بەڕێ بکەم مەسەلەیەکی تریشم وەبیر کەوتەوە کەئەمەوێ وەبەرچاوی بخەم، ئەوا چەند مانگە لەیەکیەتی سۆڤێت ئێستگەیەکی رادیۆ بەنێوی (رادیۆی محافل اجتماعی اتحاد شوروی) وەکار کەوتوە، بەدوو زمانی فارسی و ئازەری وتار بڵاو ئەکاتەوە و بەشی زۆری وتارەکانی تەرخانکراوە بۆ نواندنی چۆنایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ئێران و دەڵێن لەئێران زۆر کەس گوێی لێ رائەگرن و مشتەری یەکجار زۆرە، بەداخەوە بەکوردی وتار بڵاو ناکاتەوە و ئەگەر بەزمانی ئازەری نەبوایە پیاو باسی نەدەکرد، جا لەبەر ئەوە بەلای منەوە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە مەسەلەی کوردستان لەئێرانێ لەسایەی خەباتی قارەمانانەی گەلەکەماندا بۆتە مەسەلەیەکی هەرە گرینگ و ناکرێ ئەمە لەبەرچاو نەگیرێت.

لەبەر پێویست بوونی بەشی کوردی ئەمن و هەروەها زۆر هاوڕێی تری کورد بەدوور و درێژی بۆ ئەو جێگایانەی کەپێویستە، بەتایبەت بۆ کۆمیتەی ناوەندی و... نوسیومانە، لام وایە زۆر بەجێ دەبوو ئەتۆش لەلایەن خۆتەوە و یا لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە لەو باسەوە نامەیەکیان بۆ بنێری و بێ شك ئەمە گرینگی زۆر ئەبێت، برات رەحیمی قازی).

لـه ۹۸۷/٥/۱۸ لـەوەڵامی نامـەی دکتـۆر رەحیمـی قـازی دا، ئـەم نووسـراوەی خوارەوەم بۆ نارد:

(برای بەڕێز و خۆشەویست کاك رەحیم رۆژتان باش!
نامەکەت لەرادەبەدەر شادی کردم، لەتۆڵـەی ئـەو لوتفـەت هـەر ئەوەنـدە دەتـوانم کەهیواداریم ساخ و سڵامەت بی و تەمەنێکی درێـژ و بـێ دەرد و ئـازار و بـێ بـەڵای عەرز و ئاسمان بەریەسەر و لەژیاندا سەرکەوتوو بی.
نامەکەت گەلێك ئامۆژگاری تێدان و لـوتفێکی زۆرت نوانـدوە کـەخۆم شـایانی ئـەوە نـازانم، سوپاسـت دەکـەم. دەمـەوێ لەسـەر هێنـدێ مەسـەلەش نـەك وەك وەڵامدانەوەی جەنابت، بەڵکو بیروڕای خۆم دەربڕم.
۱- ئـەوەی کـەکوڕەکان نێـوەرۆکی رۆژنامەکـەیان بەکەیفێیـە، جێگـای شـانازییە، سوپاسـیان دەکـەم هەقیانـە چـونکە وەك تـۆ فەرمووتـە رەفیقـەکانی (نیـوەڕێ) نەدەتوانن رۆژنامەیەکی کوردی دەرکەن کەکۆمـەڵانی خـەڵك بـۆ لای خـۆ راکێشـێ، نە دەیانەوێ کاری وا بکەن، چونکە پاش ئەو هـەموو شـەڕە شـەقە هێشـتا لەسـەر مەسەلەی میللـی نەساخ بوونـەوە، نـەتێی گەیشـتوون و نەدەیانـەوێ تێـی بگـەن. (هنر نزد ایرانیان است و بس)!
کاکی بەڕێز ئەو (رەفیقانە) بەقسەش کارێکی وا ناکەن کەبکرێ خـەڵك دیفاعیـان لێ بکات، تۆ ئەو خوایە ٤٠ ساڵەی شەهید بوونی پێشـەوا، بۆیـە نـەدەبوو کـە (ئاغـای مەردوم) دوو دێـڕی لەسـەر بنووسـێ؟ بـۆ مـن جێگـای داخـە، جـا ئەگـەر ئـەو بـرا کوردانەی بۆیان لەملی دەدەن و نقـە ناکـەن و لەبـەر (ئینترناسیۆنالیسـتی) هـەموو شتێك بەباش دەزانن، سەرکەوتوو بن!

٢- لەباسی بێ لایەنی دا، مەبەستت ئەوەبوە کە (سەردەمی نوێ) لەنێوان رێکخراوە کوردیەکاندا بێ لایەنە و ناچێتە نێو کێشە و ناکۆکی نێوان حیزبە کوردیەکانەوە، ئەگینا لەمەسایلی سیاسی و ئیدەئولۆژی و سیاسەتی جیهانیدا، بێ لایەنی شتێکی قۆڕ و بێ مانایە، من ساخ بوومەوە، رێگای خۆم و میللەتەکەم دۆزیوەتەوە، ئەم رۆژانە (رەفیقێکی تودەیی) فەرموویووی: (کەریم لەگەڵ ئێمە نییە خۆی ساخ نەکردۆتەوە).

ئێستاش ئەوانە پێیان وایە هەرچی نەبوو بەدەرۆێشی ئەوان ساخ نەبۆتەوە ! !

٣- جارێ (سەرمەدی نوێ) تەنیا بیروڕای پێشکەوتنخوازی و بێ بەشی کورد بڵاو دەکاتەوە، نەتەوەکەمان فرە پێویستی بەوریا بوونەوە و شارەزا بوون لەرێگای راستی خەبات هەیە، بڵاوکراوەی حیزبە سیاسیەکانی کورد تەنیا بەشاخ و باڵی خۆیاندا هەڵا دەڵێن، بێ ئەوەی بیروباوەڕ و رێباز و دۆست و دوژمنی کورد دەست نیشان بکەن، بەڵام لەبارەی حیزبی دیموکراتەوە، کاك رەحیم گیان! حیزبی دیموکرات وا هەیە، خاوەنی رێکخراو و چەکدار و رێبەر و لەکۆڕی خەباتیش دایە، تەنانەت رۆژنامەی (مەردوم)یش بە (رێبەری جوڵانەوەی کوردیشی) ناوبردوە، کەوابوو کەسێکی دیکە لەدەرەوەی وڵات ئەگەر خۆ بکاتە حیزبی دیموکرات و رۆژنامە بکاتە ئۆرگانی ئەو، هەر ئەم هەڵەیە دووپات دەکاتەوە کەئێوە تووشی بوون و ئاکامێکی باشیشی نەبوو، نفوزی حیزبی دیموکراتیش وەك جاران نەماوە، ئەم هەویرە ئاو زۆر هەڵدەگرێ!

٤- لام وانییە (سەردەمی نوێ) باسی دامەزراندنی حیزبی گشتی بۆ هەموو کوردستان کردبێ، بەڵام باسی دیاریکردنی چارەنووس و سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی کوردستانی دابەشکراوی وەك بیروڕا کردووە، ئەمەش مافی رەوای جاشا لێ نەکراوی میللەتی ٢٠ میلیۆنی بەشخوراوی کوردە، ئەوانەی بەهێنانە گۆڕی ئەو باسانە هەڵدەبەزنەوە، نەمارکسیستن و نەکۆمۆنیست، باسکردنی ئەم

مەسەلەیە خۆ بەو مانایە نییە هەر ئێستا ئالآ هەڵدەکرێ و دەوڵەتی کوردی دادەمەزرێ، خۆ ئەگەر خوا بکا و ئەوە بێتە دی، ئەوا نووری عەلا نووره و بۆیە دەبێ پیاو قوربانی بۆ بکات، نازانم کورد بۆ مافی ئەوەی نەبێ بەنوسین و بەقسەش باسی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بکات؟ من لام وایە کۆمۆنیستی بەراستی ئەو کەسەیە کەمیللەتی خۆی لەهەموو کەس خۆشتر بوێ و هەوڵی بۆ بدا، کۆمۆنیستەکانی میللەتی دیکە بەر لەهەموو شتێك بۆ میللەتی خۆیان هەوڵ دەدەن و بەرژەوەندی ولآتی خۆیان لەبەرچاو دەگرن، بەڵام (ئەنترناسیۆنالیستن)، ئەگەر کوردێکی بەشخوراو بەزمانی سوتاو یا لەسەر پەڕە کاغەزێك باسی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی کرد، کەلینینی مەزن ئەو هەموویەی لەسەر نووسیوە، (ناسیۆنالیستە؟)!

کاك رەحیم گیان! ئەو حکایەتانە کۆن بوون، سەردەمی ئازادی میللەتانە، من لام وایە گەلی کورد، زەحمەتکێشانی کوردستان مافی رەوای خۆیانە بەگوێرەی هەلومەرج و بەرژەوەندی خۆیان، چارەنووسی خۆیان بەدەستی خۆیان دیاری بکەن، پێویستیشیان بەوەکیل و دەڕاست نەبێ، چل ساڵ ئێمەیان بەوە گێژ کردبوو کەلەولآتێکدا دوو حیزبی کۆمۆنیست نابێ، ئێستا ئەوە دەبینین لە دە ولآتیشدا دوو حیزبی کۆمۆنیست هەن و ولآتانی سۆسیالیستیش ئیعترافیان پێکردوون، لەگەڵ تۆم کەناسیۆنالیزمی وشکەرۆ کەدژی میللەتی دیکە بێ خەراپە، بەڵام ناسیۆنالیزمی کورد کەبڵێ: لێم گەڕێن بەزمانی خۆم بخوێنم و لەولآتی خۆم بژیم، بۆ کافر دەبێ، بۆ دەبێ خەڵك بەم ویست و داخوازە رەوایە (قدیلکە)ی بێت؟!

٥- دەفەرمووی: (لەسەر یەکێتی سۆڤێت و... کەم نووسراوە، یا ئەگەر لەنووسراوەیەکی کوردی دا دژی یەکێتی سۆڤێت شتێك بەرچاو کەوت، سەردەمی نوێ بیروڕای خۆی دەربڕێ).

من لەگەڵ رێزگرتن بۆ بیروڕای جەنابت، لام وایە یەکێتی سۆڤێت وڵاتێکی گەورەی زەبەلاحی خاوەن دەزگای هەراوی تەبلیغات و پڕ و پاگاندە و دەنگ و رەنگ و تەنانەت ئاتومیشە، چ پێویستی بەوە نییە کە (سەردەمی نوێ)یەکی کوردی کڵۆڵ کەبەزەحمەت دەتوانی لە ١٢ لاپەڕەدا دەرد و داخی کورد بخاتەڕوو، دیفاع لەیەکێتی سۆڤێت بکات، لام وایە (سەردەمی نوێ) پێویستە لەسەرنج نەجانی یەکێتی سۆڤێت بەمەسەلەی کورد سکاڵا بکات و بیروڕای رەخنەیی خۆی دەربڕێت.

٦- جارێکی دیکەش لەئامۆژگاری و رێنوێنیەکانت سوپاس دەکەم، راستە هەڵە و کەم و کوڕی زۆرە، کاری رۆژنامەنوسی خۆی لێ زانی پسپۆری دەوێ، بەقەولی (سابلاغیان) کرمانجێکی وەک من هەر ئەوەندەی لەدەست دێت، هیوام وایە رۆژ بەرۆژ بەرەو باشی بچێت و لەسەر خەت و رێبازی خۆی بڕوات، دیارە لەرادەبەدەر پێویستی بەیارمەتی و هاوکاری زانا و نووسەر و تێکۆشەرانی کورد هەیە کەبەداخەوە لێیان بێ بەشە.

دیارە ئەگەر لوتف بفەرموی لەهەر بارێکەوە نووسراوەمان بۆ بنێری بەراستی لاپەڕی رۆژنامەکەی پێ دەڕازێتەوە، پێویستمان بەهەموو بابەتێك هەیە و چاوەڕوان دەبم، بەچاوان نووسراوەکانی خۆمت بۆ دەنێرم و تکایەکیشم هەیە ئەگەر بکرێ فۆتۆکۆپی رۆژنامەکانی کوردستانی کۆماری کوردستانم بۆ بنێری سوپاست دەکەم، لەبارەی کاکە حەسەنەوە: شوکر ساغ و سەلیم و بەکەیفە و ژیانی باشە، هەر ئەوڕۆ تەلیفۆنی کرد قەرارە بێتە لام، وەك مامۆستای زمانی کوردی و وەك موتەرجم لەشارێکی تر کار دەکات، وەزعی سیاسی بەداخەوە روون نییە، جاری وایە باسیشمان دەبێ، لەگەڵ ئەنیستیتۆی کورد لەپاریس هاوکارە و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەیان، لێرە فیدراسیۆنێکی کۆمەڵە کوردستانیەکان هەیە، لەبەڕێوەبەری گشتیدا ئەندامە، چیتر سەرت

نایەشێنم، کاك جەمشید عەرزی سڵاوی هەیە، بەخۆشی بژی. بڕات کەریمی حسامی ١٨–مای– ١٩٧٨).

هیوا و چاوەڕوانیەکی زۆرم هەبوو، بەداخەوە کاك ڕەحیم نەوتار و نەفۆتۆکۆپی ڕۆژنامەکانی بۆ ناردم، بەڵام ئێمە ناردنی (سەردەمی نوێ)مان هەر درێژە پێدا.

لەئاخری مانگی مای دا، ئەم نامەیەی خوارەوەم لەلایەن غەنی بلوریانەوە پێ گەیشت:

(هاوڕێی خۆشەویست کاك کەریم

پاش ڕۆژباش و ڕێز بۆ جەنابت و کاك دکتۆر جەمشید و فەهدێ خۆشەویست بەهیوای بەختەوەریتان، دیسان وا جێ هەوارەکەیان گۆڕیم و وا ئێستا هانیویانمە هۆدەیەك لەصەلیبی سوری گورین، بێ چاوێنی بێ دەڵێی سەهۆڵخانەی مااڵی خانە خەمیرە، ئەوا بەهاوینی سوور قاپوتم کردۆتە بەر ئەگینا بۆ دانیشتن نابێ، جێگایەکە هەر دەبێ پێستە پەنیری لێ دابنێی دەنا بۆچی تر دەس نادا، کابرای گۆرینی ئێمە خوا بیکوژێ خۆی کەسەر لێ شێواوە سەری لەمانەش شێواندوە نازانێ هەواری لێرە دەبێ یا خود لەکەس نەزان، هەر ڕۆژە بڕیارێك ئەدا کەگۆیا ئەوە دەبێ ئاخر بڕیار بێ بەڵام لام وابێ سەر نەگرێ، هەردەمە فیشاڵێك بەرهەڵا دەکا و بوختان بەخۆی دەکا، قەدیم لەسابڵاغ کابرایەك هەبوو پێیان دەگوت– خەلیل قەنە کون– کابرایەکی تەژەی درێژی باریکە و ڕەقەڵەی ساڵەوە چوو، دوو لولێکی هەبوو ناوی خۆی نابوو ڕاوکەر، زستانان کاڵە و زەنگاڵی هەڵدەچنی، سەر کڵاوەی شکاکی لەسەر دەنا و دەسڕەی لەدەم دەبەست و لەشار دەردەکەوت، خەڵك تووشی دەبون، کاك خەلیل ئۆغر بێ؟

– کوڕە چوزانم دەڵێن لەم دەوروبەرە گورگێکی برسی پەیدا بوە خەڵك دەخوا، ئەوا دەچمە سوێی بەڵکو دەگیری خەم، لای وابوو کەس دەفێڵەکەی ناگا، لەژوورووی مەهاباد گومبەزان هەبوو ئێستاش شوێنەواری هەر دیارە لە (بداغ سلطان)، کاك خەلیل لەشار دەردەچوو راست دەچووە ناو گومبەزان، بنچیلەی کۆدەکردەوە و کەتری دەنا بان ئاور و تا ئێوارە هەر سەبیلەی دەکێشا و چای پێدا دەکرد، لای ئێوارە بەتەمای خوا دەگەڕایەوە بۆ شار، دەیگوت گورگم لەداو نەکەوت! ئەمە گشت بەزمی زستانی کاك خەلیل بوو، ئاخر رۆژێك لەگومبەز دەردەکەوێ و سەیرێکی ولات دەکا و لەدوور چاوی بەکەلاکە گورگێك دەکەوێ دەچتە سوێی تەماشا دەکا گورگ لەبرسان مردوە، هەردوك گوێی دەبڕێ و دەیخاتە جانتاوە و لەژێلا دەگەڕێتەوە شار و راست دەچێتە قاوەخانەی (عەلاوی)، دوو لول بەشان و بەدەمی هەڵبەستراوەوە وەژوور دەکەوێ، خەڵکێکی زۆر گوشاو گۆش قاوەخانە کەدانیشتون و کاك خەلیل سەیر دەکەن، ئەویش نایکاتە نامەردی جوتە گوێی گورگە کە داوێتە سەر میزەکە و دەڵێ گشتتان ئەرخەیان بن گورگم کوشت و ئیتر شەوانە بێ مەترسی دەرکەون و وەرنە قاوەخانە، (عەلاوی قاوەچی) دەڵێ هەی چاوی سەرم بی خۆ شەوانە قاوەخانەکەم چۆڵ بوو لەترسی گورگی برسی، چایەکی شیرینی مزگێنی دەدا بەکاك خەلیل، ئەوا گشت خەڵك پێ دەکەنن دەزانن چ فێڵێکی کردوە، گوێی گورگی تازە مردوو دیارە و خوێناویە و ئەمە سیس هەڵاتووە گرش بۆتەوە، بەڵام دەڵێن هەی خۆش بی کاك خەلیل.. لەو دەمەوە لەمەهاباد بۆتە مەسەل، ئەگەر کابرایەك کارێکی سەهلی کرد و گەورەی نیشان دا، دەڵێن ا–ا دەڵێی گورگی کوشتوە چیت کردوە برا! ! منیش نەمردم کابرای گۆرین جووتە گوێیەکم بۆ بهێنێ و گورگی کوشتبێ، بەڵام چاوەڕوان بە ئینشائەڵڵا گورگت بۆ دەکوژین، لەمنت نەکەوێ لات وایە ئێمە دوو لولەمان نییە، ئێستا ئەوا مانم گرتوە و داوای

جنسیەی ئێرەم کردوە کەبتوانم پاسپۆرت وەرگرم و هەر کوێیەك گەرەکم بێ بچم، ئەوا هەشت وێنەیان لێ وەرگرتوم و خوا بدا گەرەکیانە پێم بدەن، بۆم رێککەوێ سەرێك لەئێوە بدەم، دیسان داوام کردوە سندوقێکی پۆستی ئیجارە کەم و لانی کەم ئادرێسێکی دیاریم هەبێ ئەگەر خۆشم بێ هێلانەم و دە راگوێز راگوێز دام، چەند رۆژ لەمەڕ و بەرنامەیەکم ئاڕاستەی خوشکە خەجیج کرد بۆ وێنەی (مامۆستای نەمر هێمن و تاریك و روون و چشتی تر) کەلەخۆی زیادی بێت جا نازانم، ئەوا ئادرێسی تازەم لەژێرەوە دەنووسم بەهاوڕێی خۆشەویستم فەهدی بدە و لای خۆت بێ، ئیتر هەر بژی برات غەنی مای ١٩٨٧).

بۆ ئەوەی بتوانین بیروڕای گشتی ئەوروپا لەمەسەلەی کورد پتر ئاگادار بێ، هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەهێندێ وتارەکانی (سەردەمی نوێ) بەئینگلیسی بڵاو کەینەوە، بەڵام نەخۆمان ئینگلیزیمان دەزانی و نەکەسیشمان هەبوو، دەبێ فرە سوپاسی دکتۆر مەجید جەعفەر بکەین کەبۆ دوو ژمارە یارمەتی داین بەڵام ئیتر نەدەکرا هەموو جارێ جارێزی بکەین، پاشان هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەسەفەرێکی لەندەن بکەم بەڵکو لەوێ رێگایەك بدۆزمەوە، بۆ ٦/١ بلیتێکی هەرزانی ٨٠٠ کرۆنی هەبوو چوون و هاتنەوەی لەندەن، بلیتم کڕی و خۆم بۆ سەفەر ئامادە کرد.

رۆژی ٨٧/٥/٣١ کاك عەلی کەریمی تەلیفۆنی کرد و گوتی: (لەگەڵ کاك کەریمی دانشیار و سیامەندی موعینی ئەوا لەنێو شار لەئۆلێنز چاوەڕوانت دەبین، پێمان خۆشە بێی قاوەیەك بخۆینەوە).

رابووم چوومە ئۆلێنز، دانیشتین و باسی رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) هاتە گۆڕێ و گوتیان ئەگەر سەردەمی نوێ بکرێتە رۆژنامەیەکی بێ لایەن، پێمان خۆشە هاوکاری بکەین، جا من لەخولام دەویست، بەتایبەت بۆ کاك کەریمی دانشیار

کەنووسەرێکی لێهاتوە، گوتم لام وایە سەردەمی نوێ بێ لایەنە، سەر بەهیچ حیزب و رێکخراوەیەک نییە، سیاسەتێکی سەربەخۆی هەیە.

کاک کەریمی دانشیار گوتی: (مەبەست سیاستی دەرەوەیە، لەسیاستی دەرەوەدا بێ لایەن نییە، جارێک لەسەر شورەوی تێیدا نەنووسراوە، لەکاتێکا لەشورەویش بێکار و برسی هەیە بەڵام لەرۆژنامەکەدا باسی ناکرێ.

گوتم لام وایە ئەرکی رۆژنامەیەکی کوردی ئەوە نییە خۆی بەبرسی و کەم و کوڕیەکانی شورەویەوە ماندوو بکات.

گوتی: ئەدی بۆچی کەم و کوڕیەکانی ئەمریکا باس ناکەی؟

گوتم: راستە، چونکە پێم وایە ئەمریکا داگیرکەرە، زۆرداڕە، شەڕ هەڵایسێنەرە، ئەگەر بۆم بکرێ بچوکترین خەراپەیەکی ئیمپریالیزم گەورە دەکەمەوە و لەقاوی دەدەم، لەسەر وڵاتانی سۆسیالیستیش ئەوەی پێوەندی بەمەسەلەی کوردەوە هەبێ دەینووسم و رەخنەیان لێدەگرم.

عەلی کەریمی گوتی: (ئەوە ئیتر روونە، کاک کەریم سیاسەتی خۆی بەئاشکرا دەڵێ.

قاوەکەمان خواردەوە و بەداخەوە هیچ هاوکاریم لێ نەدیتن، من لەو باوەڕەدا بووم کەروناکبیرانی کوردی لای خۆمان هەر کاریان بەنووسین و تێکۆشانی ئەدەبی نەداوە.

سەفەر بۆ لەندەن

رۆژی ٨٧/٦/١ چوومە لەندەن و میوانی کاک عومەری حەمیدی بووم، لەمەڵبەندی کوردی چوومە لای کاک کەمال میراودەلی، پێش هەڵبژاردنی سالانەی مەڵبەند بوو، خەڵک دەهات ناوی خۆی بۆ بەشداری لەهەڵبژاردندا دەنووسی، کاک کەمال دەیگوت: زۆر سەیرە، هی وا دێت ناوی خۆی دەنووسێ لەتەواوی سالدا جارێکیش نەهاتۆتە مەڵبەندو قەتیش باسی کوردی نەکردووە.

دیار بوو ململانێی نێوان حیزبەکان خۆی خزاند بووە نێو مەڵبەندیش و خێری پێوە نەهێشتبوو، لەکاتێکا ئەگەر مەڵبەند لەم ململانێیە دوورباید و تەنیا کاروباری مەسەلەی کورد و خزمەتی بەکولتوری کورد کرد بایە ئەرکی خۆی، بەو ئیمکاناتەی هەیبوو، دەیتوانی خێری پتری هەبێ.

مامۆستا محەمەد ڕەسوڵ هاوار داوەتی کردم و گوتی: (کاک برایم ئەحمەد ویستوویەتی بتبینێ، وام داناوە بەیانی لەرەستورانێکی نێزیک کتێبخانەی لەندەن یەکتر ببینین تۆ وەرە کتێبخانە، لەوێ چاوەڕوانت دەکەم).

لەگەڵ کاک عومەری حەمیدی رۆژی دوایی چوویینە جێ ژوانی دیاریکراو، کاک برایم لەوێ بوو، دانیشتین، چاک و چۆنیەکی گەرم و دۆستانە و خواردنێکی باش و باسێکی خۆش، کاک برایم فەرمووی: جا کاکی خۆم تۆ سبەی شەو لەمالّی ئێمە میوانی، مامۆستا هاواریش دێت، تەلیفۆن دەکەین خالیقیش بێت.

لەگەڵ سوپاس پێم گوت هیچ پێویست بەو زەحمەتە ناکات، وا لێرە بەخزمەت گەیشتووم و منیش تۆزێ کارم هەیە و دەبێ یەکشەمۆ بگەڕێمەوە.

کاک برایم گوتی: (کاکە تۆ لەدیکتاتۆری شادا ژیاوی، بەڵام لەدیکتاتۆری گەلاوێژ دا نەژیاوی، ئەوە گەلاوێژ داواتی کردووی نەک من، ڕەتکردنەوەشی نییە).

– جا ئەوە چۆنە؟ خۆ من جارێک لەمالّی مامۆستا هەمزە نەبێ قەت گەلاوێژ خانم نەدیوە.

– گوتی: (ئێستا (دایکی) بەدەستەوەیە دەیخوێنێتەوە، گوتی ئەم کتێبە چەندە ڕەوان و جوان کراوە بەکوردی، منیش گوتم: وەرگێڕەکەی کەوا لێرەیە و وادەشم لەگەڵی هەیە ببینم، گوتی: کەوایە بۆ سبەی شەو داوەتی کە بێتە ئێرە، جا ئیتر ئەملا و لای نییە، کاک عومەر مالّەکەمان دەزانێ و دەبێ ئەویش بێت، چاوەڕوان دەبین.

رۆژی دوایی لەگەڵ کاك عومەری حەمیدی چووینە مالّی کاك برایم، گەلاوێژ خان زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین، کاك عومەر مستەفای رەحمەتیش هەر بەو قیافەی شاد و رووخۆشی لێمان وەڕوور کەوت، چاوەڕوان بووین خالیقی نەهات، خۆ میواندارى و تەرتیباتی ئەو شەوەم بۆ باس ناکرێ، لەگەڵ کاك عومەر کەوتینە چاك و چۆنی، من پێشتر سالّی ١٩٧٥، دوای تێکچوونی شۆڕش یەك دوو جار کاك عومەری رەحمەتیم لەگەڵ شاد رەوان دکتۆر خالید سەعید دیبوو، کاك عومەر گوتی:

– بابم کاك کەریم وانابێ، تۆ هەر جارێك تەلەفۆن بۆ من ناکەی.

– ئاخر من ژمارە تەلەفۆنی تۆم نییە، چۆن تەلەفۆن بکەم؟

– ئاخر ناوێرم بتدەمێ.

– بۆچی؟ خوا نەخواستە بیری چیم لێ دەکەیەوە؟

– نا... تەلەفۆنی من دوو جار ٦٦ی تێدایە!

بەگوێرەی داب و یا تەنیا دابی کوردەواری، لەگەڵ خواردنەوە باسی سیاسەتیش هاتە گۆڕێ، ئیختلافەکەمان لەگەڵ کاك عومەر فرە ئاشکرا بوو، ئەو لەسەر دیفاع لەرژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران و راستی و دروستی سیاسەتی یەکێتی نیشتمانی پێی دادەگرت.

منیش نەك هەر رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانم بەکۆنەپەرست و جنایەتکار دەزانی و بەهەموو مانا و نێوەرۆکیەوە مەحکومم دەکرد، بەڵکو سیاسەتی یەکێتی نیشتمانیشم لەجەغزی هێنانی پاسدار بۆ کوردستانی عێراق پێ راست نەبوو.

باسەکەمان شیرین بوو، کاك عومەری حەمیدیش لانی منی دەگرت و دەیگوت: (کاك عومەر تۆ خۆپیشاندان و شوعار دانی دژی رژێمی ئیسلامی ئێرانم لێ قەدەخە دەکەی، من برام ئیعدام کراوە، چۆن دژی حکومەتی پیاوکوژی ئێران

شوعار نادەم) مامۆستا برایم نەهاتە ناو ئەم باسەمان، کاك عومەر رەوانی شاد بێ گوتی:

– کاك کەریم ئەوەی پێ ناوێ، لەوە رابردوە، ئەمجارە یا دەفڕین یا دەترین، ئەمجارە بشکێین کورد لەبەین دەچێ.

– گوتم کاك عومەر خۆ مەسەلەی میللەتێك بەفڕین و ترین لێك نادرێتەوە، خۆ ئێوە لەسەر سیاسەتی عەجەمان تاقیکردنەوەتان هەیە، پاشان تێدا چوونی کوردیش هەروا نەبەستراوەتەوە بەشکانی هێزێکی کورد، زۆر جاران کورد تووشی نسکۆ و نەهامەتی هاتوە، بەڵام هەستاوەتەوە، باسەکەمان دۆستانە بوو، میوانداریەکی لەرادەبەدەر خۆمالّی و خۆش بوو، کاك عومەرم جارێکی تر لەکۆنگرەی خوێندکارانی کورد لەبەرلین دیتەوە.

رۆژی ٩٨٧/٦/٥ پەیامنێری رۆژنامەی (عیراق الغد) کەبەعەرەبی لەلەندەن دەردەچوو، هاتە لام و داوای کرد کەبۆ رۆژنامەکە وتوێژێکم لەگەڵ بکات ، پرسیارەکانی نوسیبوو، منیش وەڵامم دایەوە، ئەمەش دەقی پرسیار و وەڵامەکانە کەلەلام ماوە، ناشزانم (عیراق الغد) بڵاوی کردەوە یان نا.

وتووێژی پەیامنێری رۆژنامەی (عیراق الغد) لەگەڵ کەریمی حسامی ١٩٨٧/٦/٥

پرسیار: زەحمەت نەبێ کاك کەریم ئەگەر خۆت بەخوێنەرانی رۆژنامەی (عیراق الغد) بناسێنیت، چی دەفەرموی؟

وەڵام: بەرگی یەکەمی بیرەوەریەکانم کەساڵی ١٩٨٦ بڵاو بۆتەوە تا رادەیەکی زۆر بەسەرهاتی ژیانی منی بەخوێنەرانی کورد ناساندوە، بەڵام لەبەرئەوەی رۆژنامەکەتان بەعەرەبی دەردەچێ، ناچارم بەکوردی و زۆر بەکورتی وەردی دەمەوە.

ساڵی ١٩٠٦ لەبنەماڵەیەکی جوتیاری دیندارى ناوچەی موکریان لەدایکبووم، لای کۆلکە مەلا و میرزایان و لای باوکیشم هێندێکم خوێندوە، لەبەر نەداری و دەست تەنگی نەمتوانیوە بچمە مەدرەسە و بخوێنم، تا ساڵی ١٩٤٣ بەکار و کاسبی جوت و گا و کشتوکاڵەوە خەریك بووم و جەور و ستەمی ئاغا و دەرەبەگی کوردم زۆر چێشتوە، ساڵی ١٩٤٣ چوومە نێو تێکۆشانی سیاسی و بووم بەئەندامی کۆمەڵەی (ژ.ك) لەو دەمەوە لەنێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورددا تێکۆشاوم، بەتاوانی تێکۆشانی سیاسی سێ ساڵ حوکمدراوم و لەبەندیخانەدا بووم، دایك و باب و ژن و کێژێکم کۆچی دواییان کردوە و کەهاتوومە دەر، تاك و تەنیا ماومەوە، دوای ئازاد بوونم ناچار بووم ساڵی ٩٥٨ ولات بەجێ بێڵم، پەڕەوازەی هەندەران بم، تا ساڵی ١٩٨٤ ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و (چەند ساڵان ئەندامی دەفتەری سیاسی و جێگری سکرتێر) بووم.

ساڵی ١٩٨٤ کاتی بەئیجازە لەسەفەردا بووم، دوای ٤٠ ساڵ خەبات بەدوو سێ دێر (بەتاوانی لەژێر پێ نانی دیسیپلینی حیزبی) لەحیزبی دیموکرات دەرکراوم، ئێستا ئەندامی هیچ حیزبێك نیم، سەرنووسەری رۆژنامەی (سەردەمی نوێ)م کەبەدوو زاراوەی کرمانجی و سۆرانی دەردەچێ.

پرسیار: وەك رۆشنبیرێکی لێهاتووی کورد، بەتایبەت لەئێرانا، باری ئێستای کوردەواری لەئێرانی ئیسلامی دا چۆن دەبینیت؟ بۆ دواڕۆژی کورد چی بەچاك ئەزانیت؟

وەڵام: باری ئێستای کوردەواری ئێران سەرەڕای هێندێ هەلومەرجی تایبەتی کوردستان، لەباری گشتی ئێران جیا ناکرێتەوە، ئێران بەگشتی لەژێر دەسەڵاتی ئاخوندان دا، وەزعێکی نالەبار و شپرزەی هەیە، شەڕی ئێران و عێراق کە سەدام هەڵگیرسێنەر و خومەینی درێژە پێدەریەتی، بۆ گەلانی ئێران بەرو بویەکی دژوار و دەردەداری هەبوە، پتر لەنیو میلیۆن کەس کوژراوە، پتر لەمیلیۆنێك بریندار و بێ

سەرو شوێن و بەدیل گیراوە، پتر لەدوو میلیۆن ئاوارەی هەندەران بووە، شار و گوند و بنیاتە ئابوورییەکانی ولات وێران بوون، ئەوە بەرهەمی شەڕێکی بێ سەرئەنجام و کەللەرەقی و دڵڕەشی خومەینی و قادسیەی شومی سەدامی بەعسی بوە.

کوردستانی ئێران بێجگە لەوانە، ستەمی نەتەوایەتی و فەرق و جیاوازی ئابووری و کولتوری و شەڕی بەسەردا سەپاویشی لێ بۆتە سەربار، کوردستانی ئێران لەدوو لاوە کەوتۆتە بەر پەلامار، لەلایەك ئەرتەش و پاسدار و بەسیجی کۆماری ئیسلامی وەك داگیرکەر لەکوردستان دەبزوونەوە، لەلایەکی تر فرۆکەکانی حکومەتی بەعسی عێراق تا ئێستا دەیان شار و گوندی کوردستانی ئێرانیان بۆمباران کردوە، سەدان کەسی بێ تاوانیان کوشتوە.

تایبەتیەکی دیکەی کوردستان لەوەدایە کەسەرەڕای کوشت و کوشتاری کۆماری ئیسلامی، رژێم نەیتوانیوە بەتەواوی لەکوردستان سەقامگیر بێ و دەسەڵاتی تەواوی بسەپێنێ، لەکوردستان بەربەرەکانی چەکدارانە دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەردەوامە، هێزە سیاسیەکانی کورد بەهەموو شێوەیەك دژی رژێمی خومەینی خەبات دەکەن، ئەم شێوە خەباتە لەناوچەکانی دیکەی ئێران نییە، ئۆپۆزیسیۆنی ئێران نەیتوانیوە بەرەیەکی یەکگرتووی دژی رژێم پێك بێنێ.

بۆ دواڕۆژی کورد و سەرکەوتن لەم خەباتە سەختەدا چەند نوختەی گرنگ هەن، پێویستە لەبەرچاو بگیرێن.

– بەردەوام بوونی خەبات و پشت بەستن بەکۆمەڵانی خەڵك و خۆ نەبەستنەوە بەدوژمنانی کورد و کۆنەپەرستی ناوچە.

– یەکێتی و هاوکاری بێ فرۆفێڵی هێزە سیاسیە کوردەکان و واز هێنان لەپاوانخوازی و لوتبەرزی.

– هاوکاری لەگەڵ هێزە دیموکرات و شۆڕشگێڕەکانی سەرانسەری وڵات، کورد لەهیچ یەك لەبەشەکانی بەبێ هاوکاری لەگەڵ هێزە سیاسیە دیموکرات و پێشکەوتوخوازەکان، ناتوانێ سەرکەوێ و مافی رەوای نەتەوایەتی خۆی وەدەست بێنێ.

پرسیار: لەم سالآنەی دواییدا، بەتایبەت بەهۆی شەڕی ئێران و عێراقەوە ژمارەیەکی زۆری لاوەکانمان، زیاتر رۆشنبیرەکان ئاوارە بوون، چۆن دەکرێت ئەوانە لەوڵات و گەلەکەیان نەپچڕێن و هەستی خۆ وڵاتیان نەبڕێت؟ چۆن لەرێگای نووسینەوە کۆدەکرێنەوە؟

وەڵام: بەپێچەوانەی بیروڕای هێندێ کەس من ئاوارە بوونی رۆشنبیرانی کورد بۆ ئەورووپا بەزیانێکی گەورە دەزانم، من تەنیا لاوان و رۆشنبیران سەبارەت بەئاوارەبوونیان تاوانبار ناکەم، دیارە بێجگە لەشەڕی ئێران و عێراق و کردەوەی فاشیستانەی ئەم دوو حکومەتە، بارودۆخی نێوخۆی بزووتنەوەی کوردیش بۆتە هۆی ئاوارەیی گەلێك رۆشنبیرانی تێکۆشەر و لاوانی فیداکار، کاتێ تێکۆشەری کورد لەنێو جوڵانەوەی کوردا نەتوانێ بیروڕای خۆی دەربڕێ و دیکتاتۆری و ملهوری نێو جوڵانەوە لەهی حکومەتەکان توندوتیژتر بێ، ئیتر رۆشنبیر و لاوی کورد ناچار دەبێ نیشتمان جێ بهێڵێ و ئاوارەی ئەورووپا بێ، ئەودەم بمانەوێ یا نەمانەوێ لەوڵات دەپچڕێتەوە، ئەگەر هەستی خۆ وڵاتیان بمێنێ جێگای شوکرە، ئەو هەستە بەر لەهەموو شت دەگەڕێتەوە سەر کەسەکە خۆی، ئەگەر هەست بەوە بکا بۆچی و لەسەر چی دەربەدەر بوە؟ نەتەوەکەی لەچ بارودۆخێك دایە؟ لەئەورووپا چ ئەرکێکی دەکەوێتە سەر شانی؟ ئەوە هەستی خۆ وڵاتی دەمێنێ، دیارە کەش و هەوای ئەورووپا بۆ لاوێکی کورد ساخ و پاك نییە، بواری ژیان و بەرێچوون، شێوەی ژیانی ئەورووپایی و بەرەڵایی بێ تام، زەرق و بەرقی سەرمایەداری، زەحمەتە کار نەکەنە سەر لاوێکی ئاوارە و تووشی لاوازی هەستی

خۆ ولاتی نەکەن، بەتایبەت زۆربەی ئەو لاوانەی روو دەکەنە ئەوروپا، لەولاتدا پەروەردەی سیاسی و رابردووی تێکۆشانیان فرە بەهێز نەبووە، بەلای منەوە لەرێگای نووسینەوە کۆکردنەوەی ئەم لاوانە زۆر دژوارە.

یەکەم ئەوانەی دێنە ئەوروپا کەمتر خەریکی خوێندنەوە دەبن، نووسراوە و ئەدەبیاتی کوردی سەرەڕای زۆری رۆشنبیر و خوێندەوار لەدەرەوەی ولات، تووشی قەیران بوە. دووەم زۆربەی نووسراوەکان ئەوە نین خوێنەر بۆ لای خۆیان رابکێشن، بلاوکراوە و نووسراوەی حیزبەکان کەبەچەند مانگ بەکەمی دەگاتە ئەوروپا، جگە لەکۆنی بابەت، لەچوارچێوەی تەنگی حیزبایەتیدا دەنووسرێن و جاری وا هەیە ئەندامی حیزبەکەش نایخوێنێتەوە، شتێکی وای تێدا نییە کەبۆ خوێنەر چێژی هەبێ یا شتێکی لێ فێر بێ لەدەنگ و باسی شەڕ زیاتر، بەگشتی ئاوارەی کورد لەدەرەوەی ولات لوتی زۆر دەلای خوێندنەوە نییە.

کۆمەڵە و یەکێتیەکانی خوێندکاری لەئەوروپا ئەگەر بتوانن لەسەر بەرنامەیەکی دیموکراتی هاوبەش رێك کەون و واز لەملمانێ بێنن، رەنگە بتوانن بەشی هەرە زۆری لاوان و رۆشنبیرانی کورد کۆ بکەنەوە و بۆ خزمەت بەنیشتمان و بۆ پەروەردەی لاوانیش دەوری گرنگیان هەبێ.

پرسیار: چەند شعارێکی تایبەتی بلاو دەکرێنەوە، بەرای تۆ چی بۆ تێکۆشانی گەلی کورد پێویستە، لەم سەردەمەدا بەم پێیە کە پای ئێوە هی سیاسیەکی لێهاتوە؟

وەلام: زۆر سوپاس، سیاسی لێ هاتوو شوکر لەکوردستان زۆرن و تێکۆشان بەڕێوە دەبەن، بەڵام سەبارەت بە (شعاری تایبەتی) مەبەستەکە روون نییە، تەنیا بلاوکردنەوەی شعاریش هیچ مەسەلەیەك چار ناکات، لەتێکۆشانی سیاسی دا چەند جۆرە شعار هەن کەبەگوێرەی کات و زەمان بەرز دەکرێنەوە، هێندێ شعاری رۆژ هەن کەبەگوێرەی پێویست ئەشێ بەرز بکرێنەوە و خەڵکیان بۆ هان

بدرێ، هێندێ شعاری ستراتیژی هەن کەلەبەرنامەی خەبات دا گونجاون و بەڵام شعاری رۆژ نین و هەموو رۆژێ دووپات ناکرێنەوە، بەڵام نابێ لەبیریش بچنەوە و بخرێنە پاش گوێ، بڵاوکردنەوەی شعار لەلایەن هێندێ کەسی تاك و تەرا گرنگ نییە، بیروڕای خۆیان دەردەبڕن و لام وایە چ قەیدی نییە، گرنگ ئەوەیە ئەو شعارەی بڵاو دەکرێتەوە، لەلایەن خەڵکەوە چۆن پشتیوانی لێ دەکرێ، دیارە خەڵکی بێ مەسئولیەتیش هەر دەبن کەشعار و قسەی وا بڵاو بکەنەوە کەبۆ پەزی زەرەر بێ.

پرسیار: حەز ئەکەین پتر لەسەر کوردی ئێران بدوێیت، بەڵام شارەزاییت لەبواری کوردستاندا بەگشتی وامان لێ ئەکا ئەم پرسیارە بکەین: کوردستان چۆن ئەبینی؟ تێکۆشانی نەتەوایەتی ئایا لەگەڵ ئەو گەلانەی وڵاتەکەیان بکرێ راستە؟

وەڵام: کوردستان بەداخەوە لەبارودۆخێکی دژواردایە و کەش و هەوایەکی نالەباری هەیە، نەتەوەکەمان کەوتۆتە بەر پەلامارێکی فرە دڕندانە، جوڵانەوەی کوردیش بەداخەوە بەستراوەتەوە یا بەستوویانەتەوە بەهەڵوێست و سیاسەتی ئەم حکومەتە شۆڤێنییانە کەکوردستان وێران دەکەن، ئەو حکومەتانەی کوردستانیان پەلامار داوە، خەڵکەکانی خۆشیان خستۆتە ژێر فشار و زەبر و زەنگ و شوێنەواری ئازادییان کوێر کردۆتەوە، کەوابوو خەباتی نەتەوەی کورد، دژی حکومەتە دیکتاتۆرەکان لەگەڵ خەباتی دیموکراتی گەلانی فارس و تورك و عەرەب گرێدراوە، ئەم دوو خەباتە سەرەڕای هێندێ جیاوازی و یا هێندێ کەند و کۆسپ، هاوکار و پاڵپشتی یەکترن.

ئەوانەی بیانەوێ ئەم دوو خەباتە لێك جیا بکەنەوە، بەرای من تووشی چەوتی دەبن و سوودی لێ وەرناگرن، خەباتی رزگاریخوازی کورد پێویستی بەپشتیوانی و یارمەتی ئەو گەلانە هەیە.

– زۆر سوپاس مامۆستا کەریم.
منیش سوپاستان دەکەم).

رۆژی ٨٧/٦/٨ گەڕامەوە بۆ سوید، بێ ئەوەی مەسەلەی یارمەتیدانی زمانی ئینگلیسیم بۆ رۆژنامەکە چار کردبێ، کاتێ گەڕامەوە برادەرێکی کوردی سوریا (باڤێ نازێ) کەلەسوید ببوە پەنابەر و خانووی وەرگرتبوو، دەگەڕایەوە بۆ سۆڤێت لای ژن و منداڵی، مااڵی ئاوەدان بێ، هەزار دۆالری سەر قفڵی لێ وەرگرتم و خانوەکەی دا بەمن. ٨٧/٦/٢٥ کلیلی خانووم وەرگرت و چوومە ناوی، ئێستا ئیتر لەسەر مااڵن نیم، هەرچەندە وەك پێشتر باسم کردوە، مااڵی دکتۆر جەمشیدی لەمااڵی خۆم فەرزتر و خێزانیشی لەدایك و خوشکم پتر پێمەوە ماندوو بوو، چەقەی جاروباری حەیدەریشم پێ هیچ نەبوو!
دەبێ سوپاسی غەنی بلوریان بکەم کەنەیدەهێشت مەرەکەب وشك بێتەوە و بەناردنی نامە و نوسینی باس و بابەتی خۆش و شیرین شادی دەکردم، مامە غەنی داوای لەدایکی کەمال کردبوو کەتاریکو روونی بەئەمانەت بۆ بنێرێ، ئەویش تاریك و روون کەمامۆستا هێمنی رەحمەتی بەخەتی خۆی پێشکێشی کردبوو بۆی نارد بوو،

مامە غەنی لە ٨٧/٦/٢٩دا، ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ نووسیبووم:
(هاوڕێی خۆشەویست کاك کەریم! پاش رێز و رۆژباش بەهیوام ساغ و سەرکەوتوو بیت، (تاریك و روون) یادگاری مامۆستای نەمر هێمن کەپێشکێشی خوشکە خەجیجی کردوە بەدەستم گەیشت، دیارە ناردنی ئەو یادگارە بەنرخە لەلایەن خوشکی بەڕێزم نیشانەی گەرمی و محبیەتی پڕ بەدڵە جا بۆیە جێگای بایەخە و بەو بۆنەوە سوپاسێکی گەرمی پێشکێش دەکەم، نامەی خۆت و کتێبی کاك

موکری لەگەڵ نامەی هاوڕێیکی تر گەیشت، بەڵام دەبی بڵێم نوسینی چشت سەبارەت بەهەر کارەساتێك نرخی خۆی هەیە بەڵام هیچگاە جێگای پراکتیك پڕ ناکاتەوە، ئامۆژگاری و ڕێنوێنی کاتێ پڕ بایەخە کەقۆڵی لێ هەڵماڵی ئەگینا زۆر شت هەنە گشت دەزانن، لەمەڕ (ظبط)ە کەقەرار بوو فەهدی برام سەرێکی ئەو لایە بدات کەچی نە دەنگی هەیە و نە رەنگ ئەگەر ئەو هاتبا چشتەکە سەری دەگرت، بەڵام بەلای منەوە ناردنی بەپۆستەدا بۆ ژێتنا مەترسی ئەبێ، دیارە تۆ لەو باوەڕە لەمن لێ زانتری، خۆت دەزانی چك و پکی گشت وڵاتانت بەدەستەوە و دەزانی چی بکەی، ئەوا منیش پاش سێ ساڵ میوانی نیشتەجێ بووم و لەو ڕۆژانەدا چەند دانە وێنەیان لێ وەرگرتم کە هەوێەی ئێرەم بدەنێ و ئیتر دەتوانم هەر کوێ پێویستم بێ بچم، بەڵام ڕەنگە تا دەگاتە دەستم مانگێك بخایەنێ و خانو و هێلانەش بەشوێن ویدا دەڕەخسێ، ئاخری خێر بێ. برای ئازیزم لەمەڕ چاوی نامەی نوسیبوو، دیارە خۆت باشتر دەزانی ڕەنگە ئەویش هەر بزانێ کەناردنی ئەو بۆ مااڵی بابە گەورە دەبێ ڕێبازی خۆی بپێوێ ئەگەر ئەو کابرایە مل بدا چونکو ئیمزا و مۆر بەدەست ئەوە، وتن لەئێمە و کردەوە لەو، جا خۆت دەزانی ئاخر و عەقیبەتی دەبێتە چی، بەڵام پێم خۆشبوو جەنابت بەو رابگەیەنی کەبنووسێ بەفارسی و داوا لەحیزب بکات یاریدەری بدرێ، بەڵام نەخۆشی و دەردی چاوی و عیلەتی بنووسێ و ئاخۆ لەوێ هیچ مداوای کردوە و دەڵێن چی چونکو لام وایە لەوێش لەم بارەوە کەمتر نەبن چونکو ئەمانە پرسیار دەکەن کەداخوا هیچ موعالەجە کراوە و نەتیجەی چی بوە و ناوی ئەسڵی نەخۆشەکە چییە، هەروا ئێمە بڵێن برادەرێك چاوی دێشێ و گەرەکیەتی بچێتە قاپی بابی گەورە وا بەهاسانی ناڕەخسێ، هەڵبەتە من پاش هاتنی نامەی ئەو هەوڵ دەدەم و نەتیجەی بۆ دەنووسمەوە مستەقیم بۆ خۆی، نازانم دوو سێ ڕۆژ لەمەوبەر دەنگی ئەمریکات گرتبوو یان نا؟ یونایتید پریس لەگەڵ ڕەحمان وتوێژی کردوە،

زۆر سەیرە. دەڵێ لەبەرا بابی گەورە یارمەتی پێ دەداین بەڵام ئێستا پێمان نادا، خوا بت حەسێنێتەوە من کەبووم چشتی وا نەبووە بەڵکو تەنانەت رێگەیان پێ نەدەداین بچینە ئەوێش یا نوێنەر رەوانە بکەین، خۆ ئەمیری قازی ئەوە باش دەزانێ، دواجار دەڵێ ئێمە هەر ئێستا ١٢ هەزار چەکدارمان هەیە، لەگشت مەڵبەند بەرۆژ حکومەت حاکمە و بەشەو ئێمە بەسەر هەموو ولاتا مسلط دەبین، دیارە کاتێ کەگشت خەڵك لەخەودان و نابینن، جا پاشان داوا دەکا کەریگان رێگەیان بدا و یارمەتی بەوان بکات تێی خێر بێ، دیارە میتران پارەی برِاوە دەیدا بەئاخوندەکان و ئێستا دەبێ لەبەشی جەماعەتی زری نیکاراگوا چتێکیش بەوانە ببرِێ، ئای مالّی وێرانم کورد، چی لێ هاتوە و چی پێ دەکەن، رۆژێك لەرۆژان ئەگەر هەڵکەوێ بێم بۆ لاتان لەوێ دەبم چی بکەم و چۆن بێم رێنوێنیم بکە، سلاّوی گەرم و گورِ لەکاك دکتۆر جەمشید و برام فەهد بەهیوای دیدار، کاکی برا دوو وێنەت بۆ ناردبووم بەڵام ئەمانە وێنە نینە ئەوەکەی تر بدۆزەرەوە و بۆم بنێرە، دیارە ئەوەکەی پێشەنگ هیچ وەهێمن ناچێ ئەو کابرا مل ئەستورە دەبێ کێ بێ بەخوا بەشی بەهێمنەوە نییە، ئاخر خۆت جارێکی تر سەرنجی بدە هێمنی مردوو لەرِ لاواز کەی وا مل ئەستور بووە زۆری لێ بەشکم.

کاکە (سەردەمی نوێ)م هەر بەو ئادرێسە بۆ رەوانە بکە تاکو سندوقێکی پۆستی بەکرێ دەگرم، کابرا قەت لێرە نییە و درەنگ دەگاتە دەستم، براتان غەنی ٦/٢٩).

نامەی برادەرێکم لەولاّتەوە پێگەیشت، لەگەڵ هێندێ دەنگوباس، هەواڵێکی دڵتەزێنیشی بۆ نووسیبووم کەفرە پێ داخدار بووم، برادەری خۆشەویست نوسیبووی: (..... برا گیان هێندێك خەبەر هەن کەئینسان بەبیستنیان تێکدەچێ و ناڕەحەت دەبێ، ئەمما چار نییە. بەداخی یەکجار زۆر گرانەوە

دۆستی خۆشەویستمان، بەتایبەت دۆستی تۆ و بابم کەمحەمەدسادقی کاوە لەرۆژی ١٥ی مانگی بانەمەڕ لەسەعاتی ٥.٤٥ دەقیقەی پاش نیوەڕۆ کۆچی دوایی کرد، بەجێی هێشتین. شاری چۆڵ کرد، وڵاتی جوان و رەنگین ئاوازەی دایەوە، لەشارەکەی سابڵاغی سەربەرز بەخاك ئەسپاردرا، داخی دا بەدڵی هەموو دۆست و ئاشنایان و هاوڵان، جا ئێمەش بەتایبەت لەکاك سەعید و لەئێوە و لەهەموو دۆست و خزمان پرسە و سەرەخۆشی دەکەین.....) ٦٦/٦/٢٩

دوای دوو سێ رۆژ چوومە سەرەخۆشی کاك سەعید کۆێستانی و دوو رۆژ لای ئەو مامەوە، بەڵام چما چەرخی کەچ رەفتار هەر بەدەربەدەری و دوورخستنەوە لەنیشتمان و لەکۆڕی خەبات و لەهێنانی هەواڵی دڵتەزێن واز دێنێ، هەر بەدوای سەرەخۆشی کاك سەعید دا، کۆچی دوایی کاك سەعدی موهتەدی لەسەر دڵی هەموو دۆست و ناسیار و تێکۆشەرانی سیاسیش بوو بەداخ و کەسەرێکی قورس و گران، کاك سەعد جگە لەزانایی و تێگەیشتوویی و گران و سەنگینی، نیشتمانپەروەرێکی کوردی دڵسۆز بوو، جێگای داخ بوو بەو ئاواتە نەگەیشت کەسالآنی درێژ هەوڵی بۆ دەدا و دوور لەکوردستانێکی ئازاد سەری نایەوە.

رۆژی ٩٨٧/٧/١٤ حەشیمەتی کورد لەسوید بۆ بەڕێکردنی کاك سەعد لەسەر قەبران کۆبوونەوە، مامۆستا مەلا عومەری عەسری بەعەرەبی تەڵقینی دادا، پێم ناخۆش و پێشم سەیر بوو، یەکەم ماوەیەك بوو لە کوردستانیش ئەو مەلایانە پەر زەرد نەبوون و هەستی نەتەوایەتی و خزمەت بەزمان و کلتورەکەی خۆیان لە خزمەت بەزمان و کلتوری بێگانە پێ فەرز تر بوو تەڵقینیان هەر بەکوردی دادە دا، دووەم من مەلا عومەر بە (مەلا عومەری عصر) دەناسی و گومانیش لەوەدا نەبوو کەتەڵقینی عەرەبی پێ واجب نیە خۆ کاك سەعدی رەحمەتیش کە کورد ایەتی

ئایین و مەزەبی بوو، هیچ پێویستی بەتەلّقینی عەرەبی نەبوو، بەکوردی وەلاّمی دەدایەوە، ئەدی بۆ وای کرد؟

سەبارەت بە رێزێك بۆ مەلا عومەرم هەبوو، نەدەکرا رووبەروو بیری رەخنەیی خۆمی پێ نەلّێم و وەك هێندێ کەسی بێ بار و بێ پرەنسیپ پاشملە باسی بکەم و بەرەو رووش وەك عەجەمان سەری بۆ دانوێنم نەشم دەتوانی بێدەنگ بم و هیچ نەلّێم، کەتەلّقین تەواو بوو،گوتم: (کاك مەلا عومەر بەو تەلّقینە عەرەبیە رۆحی کاك سەعدت ئازار دا، کاك سەعد زۆر کورد بوو، هەق نەبوو بەعەرەبی بیدوێنی)، مەلا عومەر قسەکەی منی پێ ناخۆش بوو، ناهەقیشی نەبوو، چونکە نەیدیبوو لەنێو کوردا، دۆستێك رەخنەی دۆستانە بەرەو روو لەدۆستی خۆی بگرێ، هەر دەبێ وەك عەجەمی پاشملە دارکاری بکات، رەنگە واشی بۆ چوویێ کەخوا نەخواستە من مامۆستا عومەر بەمەلای کۆنەپەرست و پەر زەرد بزانم، لەکاتێکا من مەلا عومەرم بەمەلا عومەر دەزانی، هەربۆیەش رای خۆم لەلای دەربڕی، دیار بوو لەدڵی گران هاتبوو، چونکە لەو کاتەوە ٧–٨ جار یەکترمان دیوە، هەموو جارێش فەرموویەتی دێم سەرت دەدەم و پێوەم بێم و.....، بەلاّم لەو کاتەوە تا ئێستا (٩٣/١١/٥ کەنووسراوەی دەفتەری رۆژانەی یادداشتەکانم بۆ سەر لاپەرەی کتێب دەگوێزمەوە، بەلّێنەکانی نەبردۆتە سەر.

لەسەرەتای مانگی سێپتامبری ٨٧ نامەیەکی کاك جەعفەری شێخل ئیسلامی خزمی مامۆستا هێمنم پێگەیشت، سەبارەت بەشیرینی و نووسینی جوانی و لوتف و برایەتی و بۆ یادگار لەکتێبەکەمدا، بلاّوی دەکەمەوە.

ئەمەش دەقی نامەی کاك جەعفەری شێخل ئیسلامی:

(بەڕێز کاك کەریمی حسامی!

وێڕای ڕێز و سڵاو، ساغی و سڵامەتیتان بەئاوات دەخوازم، لەقەدیمەوە وابـاو بـووە کەگەورە لەچکۆلە بپرسێ، بەڵام بڵێین چـی ئێمـە ئەوەنـدە بچـوکین وەبـەر چـاوی گەورەکانمان نایەین، ناچار بۆ خۆمان ڕوو قایمی دەکەین و خۆ ڕادێنین بـۆ ئـەوەی وەبەر چاوان بـێین، چـەند مـانگ لەمەوبـەر برادەرێکـی خـەڵکی نەغـەدە کەلـەماڵی مامۆستا هێمن لەگەڵی ئاشـنا ببـووم، لەمـەهاباد چـاوم پـێ کـەوت، گـوتی نـەواری چلەی هێمن بەهۆی یەکێك لەخزمەکانەوە گەیشتۆتە دەستی کاك کەریمی حسـامی و ئەویش زۆر لەشیعرەکەت- من- ڕازی بوە، بـەڵێ قوربـان، مـن جەعفـەری شـێخ لئیسلامی-م، پێشتر زۆر بەخزمەتتان گەیشتووم، بـەڵام دڵنیـام لـەبیرتان نـەماوە، بەتایبـەت لـە ٥٧ەوە- لەمـەهاباد، لەپشـکاوێ، لەشـیلاناوێ- زۆربـەی کاتـان لەخزمەت مامۆستاکەم هێمن دا بـووم، ئێسـتاش ئـەوە، بـەپێی پێشـبینی هـێمن- یـادی هـەزار جـار بـەخێر بـێ- کـەزۆرجار لـەلای بـاوکم و خزمـەکانم دەیفـەرموو: بەدەردی من دەچی، ڕێگـای غـەریبیم کەوتۆتـە بـەر و مـاوەی ١٥ ڕۆژێکـە لـەیار و دیـار هـەڵبڕاوم و ١٠ شـەوێکە لـەتورکیام، جـارێ خـۆم بەسـازمانی (بـین الملـل) ناساندوە، جا نازانم لێـرە چـۆنم نـەجاتی دەبـێ و دەتـوانم بـۆ سـوئیدێك موئیـدێك دەربـاز بم یـان نـا، هەڵبـەت لێـرە لـەکاك (بابـەکر پیرۆتـی) و کوڕەکـانی دیکـەم پرسیوە کەجەنابتان یان بـاقی ئـەو کەسـانەی پیـاو تێیـان ڕادەبینـێ چ کارێکیـان لەدەست دێ، وەڵامی خـۆم وەرگرتـوە و جگـە لـەوە کـەئاوات بخـوازم: جـەنابتان وەکو کوردێکی دڵسـۆز و خـاراوی مەیـدانی خـەبات بـۆ ڕزگـاری گەلـە بەشـخوراو و شێلدراوەکەمان، هەمیشە سەر بەرز و سەرکەوتوو بن، هیچ چـاوەڕوانی و داوایـەکی دیکەم نییە، مەبەست لەنوسینی ئەو نامەش عەرزی سڵاو و ئیرادەتێك بـوو، بـەڵکو (تەمەن مەودا بدا، دیسان ببینین سـەردەمێکی تـر) و گـەڕم و گـوڕتر لەنێزیکـەوە بەخزمەتتان بگەم، پێم وایە پێتان ناخۆش نابێ ئەگـەر یـەك دوو شـیعری خۆمتـان بۆ بنووسمەوە، ئەوەشتان عـەرز بکـەم کـەنازناوم (ئاشـتی)یە کەلەسـروەدا چـەند

لاپەڕەیەکم بەو ناوە رەش کردۆتەوە، هیوادارم ئەو چەند شیعرەی بۆتان دەنووسم خۆشحاڵتان بکا.

ئیرادەتمەند و هاوڕێتان جەعفەری شێخەلئیسلامی (ئاشتی) ٨٧/٨/١٩ (ANKARA).

لەگەڵ ئەوە کەبەهاتنی نامەی کاك جەعفەر گەلێك شاد بووم، بەڵام نەمتوانی لەبێ دەسەڵاتی خۆم داخ نەخۆم کەنەمتوانی هیچ یارمەتیەکی پێ بکەم و نەهێڵم بگاتە ئەو سەری دنیایە.

ڕۆژی ٨٧/٩/٦ خوا لێ خۆشبوو کاك مەلا محەمەدی مراد ڕەسوڵی دەستێك مۆبیلی زۆر جوانی بۆ هێنام، کاك مەلا محەمەد زۆر جاران دەهاتە لام و گلەییەکی زۆری لەڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات هەبوو کەبۆ ناردنی دەرەوە سەرەڕای بریندارى یارمەتیان نەکردوە.

کاك حامیدی گەورەی لەوەتا گەیشتبوە سوید دژی ئیمپریالیستیەکەی فرە توندوتیژ ببوو، بەناهەقیش لەباسەکانیدا دەکەوتە دیفاع لەسیاسەتی حیزبی تودە بێ ئەوەی ئەندامی حیزبی تودە بێ و یا حیزبی تودە حیسابێکی بۆ بکات، یەك دوو جار کاك پۆلای نانەوازادە و کاك عەزیزی ئەفسەر دلێر و کاك مەلا محەمەدی مراد ڕەسوڵی دەیانگوت حامید نوێنەری حیزبی تودەیە لەسوید، من هەمیشە دەمگوت: حامید نە نوێنەرە و نە تودەییە، بیروڕای چەپی هەیە و باسەکە وا دادەمەزرێنێ کەخەڵك لێی وەشك کەوێ کەتودەییە، دایم منیشی هەڵدەپێچا کەئادرێسی غەنی بلوریانی بدەمێ و یا پێی بڵێم کەڤیزای بۆ بنێرن بچێتە وێ، لەوەڵامی یەکێ لەنامەکانی مامە غەنی دا بۆم نووسی: (کاکە وەڵا بیلا تەڵا حامیدی گەورەی لەعەلی خاوەری تودەیی تڕە، کەوابوو داوەتی بکەن بێتە وێ و ئادرێسی بدەنێ و با ڕاستەوخۆ نامەتان بۆ بنووسێ و یا نامەی بۆ بنووسن.

ئەوەشم بۆ نووسی کەکاك سەید حەسەنیش دەرباز بوە و گەیوەتە ئێرە و هەروەك جاران لەکوردایەتیدا سووتاوە.

دوای ماوەیەك لە ٨٧/١٠/١٠ غەنی بلوریان ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ نووسیبووم:

(هاوڕێی بەڕێز کاك کەریم، پاش چاك و خۆشی بەهیوام ساخ و سەرکەوتوو بی، رۆژباشی پڕ بەدڵ دەکەم لەخوشکە خەجیجی بەڕێز بەهیوام تەندروستی باش بێت، نامەکەی ناردبووت لەماوەی هەینو بەدەستم گەیشت، تەندروستیم لەبارە بەڵام دەزانی دەگەڵ ئەو جەماعەتە سەر لێ شێواوە هەموو کات خەریکی قڕەم بەڵام کاریان تێ ناکات و فەرهەنگی کۆنی وانە بەهاسانی ناگۆڕدرێ مەگەر خۆیان گۆڕ بکەی.

لەمەڕ کاك حامید: سدیقە سوور دەیناسێ، هەر کەسێك لەهێندێك چشت ئاگادار نەدەبوو، تۆندوتیژ بەهەستەوە باسی شتێکی دەکرد، دەیگوت: (کاکە لێی گەڕێن، فایتون هەڵیگرتوە)، رۆژێك هەڵکەوێ چاوم پێی بکەوێ دەردی خۆمی بۆ باس دەکەم، لەمەڕ سەید حەسەنی بۆ سۆ دار، ئەو فەقیرەش هەتا ئەوڕۆ هەر گێرەی لەهەولێر دەگەڕێ، کاکی خۆم تۆش دەزانی و منیش دەزانم ئیدەئۆلۆژی حیزبی تودە نەك هەر هیچ ئیرادی نییە بەڵکو هەروەك حیزبە کۆمۆنیستەکانی تر، ئیدەئۆلۆژی تاوانی نییە، بەڵکو ئەوانەی داوای ئەو ئیدەئولوژیە دەکەن دەبێ ئاکاریان لەگەڵی بیخوێنێتەوە، ئەگینا ئیدەکەش لەبەرچاوی مرۆی ساکار دەخەن، کاك سەید حەسەن لەباری هەستی نەتەوایەتیەوە مرۆڤێکی پاك و شەریفە، بەڵام بەداخەوە لای وایە هەرکەسێك لەقەب و عینوانی دکتۆری و پرۆفیسۆری نەبێ فڕی بەدنیایەوە نییە، زۆریشی تەجروبە کردوون و بۆی دەرکەوتوە کەئەو جۆرە دکتۆرانە جیا لەخۆپەرستی و قازانجی شەخسی چی

تریان نەبوە و پیاوی وەی نینە لەرێگای نەتەوەی خۆیاندا خۆ بەخت بکەن، رێی رزگاربوونی نەتەوەی کورد هەر ئەو رێگەیەیە کەمن و تۆ و هی باشیتر گرتوویانە، رێگاکە و رێبازەکە گرینگە، مهم نییە لەگەڵ کام دەستە و دەیارە بی دەبا گەنج و پیاوی لەخۆ بوردوی کورد هەڵگەون خۆیان یەکگرن و بەو رێبازە زانستیە کەتەنیا رێبازی خاوێنی لێ وەشاوە بۆ کورد بگرنە پێش تا ئێمەش دەستیان بدەینە دەستی، کاکی خۆم ئەزموونی تاڵی مێژوویی نەتەوە زۆر لێکراوەکەمان هەزار جار سەلماندویەتی خۆ بەستنەوە بەدوژمنانی کورد بەروبوی بۆ کورد هەر ماڵ وێرانیە، بەڵێ وتویانە مرۆی سیاسی دەبێ تاکتیکی ژیرانە بزانێ، کەڵکی لێ وەرگرێ بۆ خزمەت بەبەرژەوەندی نەتەوەکەی، بەڵام نەتەوە فرۆشیان نەگوتوە، با تێ پەڕین لەو باسە، رۆژنامەی سەردەمم هێشتا بەدەست نەگەیوە ئەگەر بەئادرێسی مجەلە ناردبت، بەدەستم ناگا، بەم ئادرێسەی کۆنە چاڵ زووتر و بێ خەتەرتر بەدەستم دەگات، دانەیەك بۆ من بەسە بەڵام ئەوا لەژێرەوە ئادرێسی هاوڕێیەکی کوردت لەباکۆ بۆ دەنووسم ئەگەر پێت باش بوو ژمارەیەکی بۆ رەوانە بکە چونکو لەوێ زۆرن ئینسانی باشی کورد کەرۆژنامەی سەردەم رۆڵی هەیە بۆ کوردی فێرکردنیان و ئاگادار کردنیان لەزۆر چشت بەداخەوە تەنیا بۆ کاك رەحیمی رەوانە کەی، ئەو بۆ ئارشیوی خۆی رایان دەگرێ و نایدا بەکەس، ئەوە ئادرێسی سەرداری سەیدی تان بۆ دەنووسم بۆی رەوانە بکەن، بەداخەوە ضبطە کەم زۆر پێویست بوو بەڵام رێك نەکەوت، چونکو بۆ بەڵگە وەرگرتن لەکاتی خۆیدا زۆر پێویستە ئەگینا زۆر هەن لەژێر قسەی خۆیان دەدەن، بەهیوای بینینی ئێوە، تکایە بەکاك حامید بڵێ نامەیەکم بۆ بنووسێ بەئادرەسی مشەخەصی خۆی چونکو حەسەن داوای کردوە، لەبیرت نەچێت، ئیتر هەرێی برات غەنی، ۸۷/۱۰/۱۰).

رۆژی ۸۷/۱۰/۲۰ داوای ئەندامەتیم کرد لەیەکێتی نووسەرانی سوید، بەنووسراوەیەکی داوای نووسراوەکانی منیان کرد، دەبێ فرە سوپاسی کاك حەنەفی بکەم کەبەسویدی ناوی هەموو نووسراو و چاپکراوەکانی نووسی و ئەوانەی لەبەردەست بوون لەهەریەکەیان بەرگێکم بۆ ناردن، پاش ماوەیەك نامەیەکم بۆ هات و بەئەندامی یەکێتی نووسەرانی سوید وەرگیرام.

بەرگی دووی بیرەوەریەکانم نارد بۆ چاپکردن، پێویستە گەلێك سوپاسی کاك (ئازاد قەفتان) بکەم کەلەچاپکردنی بەرگی ۲و۳ی بیرەوەریەکانم زۆری یارمەتی کردم.

لەسۆفیاوە کەمال تەلیفۆنی کرد و گوتی کوڕی پوورم لەئێرانەوە هاتوە، پێویستە بێیەوە. ئەو خوارزایەم هەرچەندی بڵێی جوامێر و مەرد و رەند و دڵسۆزمە، ماوەیەك بوو نەمدیبوو، ئاواتم بوو چاوم پێ بکەوێ، بڕیارمدا بچمەوە سۆفیا، بەرلەوەی بڕۆم.

ئەم نامە بێ تاریخەی مامە غەنیم پێگەیشت:

(هاوڕێی بەڕێز کاك کەریم، پاش ڕێز و سەلام و چاك و خۆشی بەهیوام بەختەوەر بیت، فرە سڵاوم هەیە بۆ خوشکە خەجیج کەبیستوومە وا لەسویدە، سوپاس بۆ شریتەکەی (شینی هێمن) کەپاش دوو مانگ و نیو گەیشتە دەستم گیانەکەم بە ئەدریسی مجەلە هیچ مەنێرە چونکو ئەو جەماعەتەی کەتۆ باشتر لەمن دەیانناسی شرت و گومی دەکەن، شانس وای هێنا کەخۆم لەپڕ لەگەڵی چوومە ژوورەکەوە و پاکەتەکەم ناسی و وتم دەبێ ئەوە هی من بێت، خۆت دەزانی چارەنووسی سەردەمی نوێ کەلەیەکەمین ژمارەوە ناردبوت چی بەسەرهات ئێستاش نادیاریە، لێرە و پاش بەئادرێسی ژێرو کۆنە چاڵی پێستە پەنیر (ژیتنا) بۆم ڕەوانە بکە جارێ تا دەو وڵاتەم، بەداخەوە هەر لێرەم زۆریشم هەوڵداوە

کەجێگا و رێگایەکم بدەنێ نەک هەر جێگایان پێ نەداوم بەڵکو ئەوا سێ ساڵە هەر بەتازە کردنەوەی ویزا رایان گرتوم و لەهیچ حقوق و مزایای پەنابەرێکی سیاسی بەهرەم نییە، جا نازانم تا سێ چوار مانگی تر چ تەصمیم دەگرم و بڕیارم چی دەبێ چونکو وەک شوانە وێڵە ژین پاش سێ ساڵ بێرە و بەوێدا گواستنەوە لەتوانام دا نییە، پیر و نەخۆشم نەخۆشی پیری و رەنگ و دڵ و ئەعصاب جا نازانم چیم پێ دێت، وا بیستوومە کاك فهد زەماوەندی کردوە و خۆی دابەستوە و مالّی کردوە تێی خێر بێ بەهیوام بەختەوەر بێت، چاوەڕوان بووم بێتە ئێرە و ضبطە کەم بۆ بێنێ لەگەڵ خۆیا زۆر پێویستە، بەڵام دیارە لێرە و پاش دەبێ خەریکی دیلان بێ و منالّ راژێنێ بەهیوام کوڕێکی کاکۆڵ زێڕینی پێ ببڕێ ئەوا ئادرێسەکەم).

سەفەر بۆ سۆفیا

ڕۆژی ۸۷/۱۰/۲۹ سواری قەتار بووم بۆ بەرلین و لەوێشەوە بەفڕۆکە بۆ بولغاریا، بێجگە لەچاو ڕوونـاکی بەدیتنی منداڵەکانم، دیداری حوسێنی خوارزاشم لەرادەبەدەر شادی کردم.

۸۷/۱۱/۵ لەبالّیۆزخانەی سۆفیت لەبولغاریا بەبۆنەی یادی ۷۰ ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە کارتی داوەتنامەیان بۆ نارد بووم، بەدەرفەتم زانی جارێکی دیکەش مەسەلەی یارمەتی بەبزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەگەڵ سکرتێری یەکەمی بالّیۆزخانە بێنمە گۆڕێ، پێشتر کابرام دەناسی و زۆرجار ئەو باسەمان کردبوو، کابرا گوتی: (گۆرباچۆف گوتوویە: (دنیای تازە پێویستی بەبیرکرنەوەی تازە هەیە) کەوابوو جوڵانەوەی کوردیش دەبێ بەخۆیدا بچێتەوە و بیری تازە بکاتەوە، ئەو بیرەش یەکێتی و یەکگرتنە، حیزبە کوردییەکان پێویستەی یەک بگرن و بزووتنەوەی کورد بەش بەش نەکەن) قسەکانی جوان بوون بەڵام قسە بۆ کورد نەدەبوە مایە بەتایبەت لەم بارودۆخە دژوارەدا، مامۆستا محەمەد ڕەسوڵ هاوار

نامەیەکی سەر ئاواڵەی بۆ ولاتە سۆسیالیستەکان نوسیبوو، ناردبووی بۆ رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) و ئێمەش بڵاومان کردبۆوە، نوسخەیەکی نامەکەم دا بەکابرا و وتم ئەوە بیروڕای زۆربەی زانا و نووسەر و شاعیرانی کوردە، لەدنیای ئیمڕۆدا هیچ میللەتێك وەك کورد لێقەوماو و بێ بەش نییە.

کابرا زۆر بەکاوەخۆ گوتی نا.... لەکوردیش بێ بەشتر و لێقەوماوتر هەیە.

– کام میللەت، چۆن شتی وا دەڵێی؟

– میللەتی روس... میللەتی روس لەکورد فەقیرتر و بێ بەشترە، هەر تکمان پێکەنین!

لەسۆفیا بووم دوو نامەی مامە غەنیم بۆ هاتن، کەوا هەر تکان بڵاو دەکەمەوە:

نامەی ۸۷/۱۰/۲۹ چوبوە سوید و دکتۆر جەمشیدی برا بۆی ناردبوومەوە سۆفیا، ئەوەش نامەکە:

(هاوڕێی بەڕێز کاك کەریم رۆژ باش!

پاش سڵاو لەجەنابت و خوشکە خەجیج و سوپاسی میهرەبانیەکانی نامەی ۱۰/۲۰ لە ۱۰/۲۸ گەیشتە دەستم، بەخۆشیەوە وا خێزانم لەوڵات دەرچوە و چەند رۆژێکی تر دەگاتە لام تاکو لانی کەم لەپیری دا لەلای یەك بین، نووسیوتە دەچیتە سۆفیا، کاکی برا من پسوڵەم نییە تەنیا بۆ سەفەری رەسمی نەبێ پسوڵەی وڵاتێکم بۆ دەست بخات، لەنامەکەتدا باسی کاك سەعید ئەفشارت کرد بوو، ناچمەوە سەری، خەڵکی مەهاباد نییە، ئەفشارمان لەمەهاباد نییە، داخوا کاك سەعید کوێستانی نییە؟ باشە هەر کەسە، عەرزی بکە ئەو جێگایەی وا من لەو حیزبەدا گرتومە هی لەمێژە، چشتێکە تازە نییە کاتێك لەزیندانـدا بووم دیاری کرابووم بەناوەندی بەڵام بەشێوەی نهێنی کەرەسمی زۆر حیزبانە، بەڵام ئەگەر رۆژێك رۆژگارێك حیزبێکی کوردستانی بەو رێبازەدا بڕوا، من خۆم بەئەندامی ئەو

دەزانم، لێرەش بەبۆنەی قازانجی نەتەوەکەم ماومەوە ئەگینا ئەگەر قازانجی بۆ کورد و رەنجبەرانی ئێران و جیهان تیا نەبێ تووڕی هەڵدەدەم، من ئەگەر وەشوێن مەقام کەوتبام لەو بەر هەمبوو وەك هی تر گیرفانم داخنی بۆ دواڕۆژ کەیف بکەم، من خوێنی ئاڵی گەنج و پێشمەرگەی کوردستانم نەکردە پردە بازی گیرفان ئاخنی بۆ قازانجی سەدام و سۆسیال دیموکراسی فەرانسە، باشتر وایە کاك سەعید لە ئەمیر قازی یا شلّماشی پرسیار بکات داخوا من لەسەر چی لەوان هەڵبڕام، مەگەر نە ٧ مادەکەی سەدام بوو؟ دەکرێ دەقی ٧ مادەکانی سەدام کەجگە لەمن دەفتەری سیاسی گشت تۆماریان کرد و تایید، لەکاك ئەمیر و شلّماشی پرسیار بکات، من نەتەوەکەم لەبازاڕی سیاسەتدا مەعامەلە پێ ناکەم، بەڵکو تەمەنی جەوانی خاو خێزانم لەپێناوی دا بەخت کرد و دڵخوازی خۆم بوو منەتی بەسەر کەسەوە نییە، چونکو نرخێکی گرانم لەم رێگایەدا دابو بەهەرزان نەم فرۆشت، بەڵام ئەوانەی هیچ زەحمەتیان بۆ نەتەوەکەیان نەکێشا بێ زۆر بەهاسانی مەعامەلەی پێ دەکەن، کەواتە من خوێنی گەنج و پێشمەرگەی کوردستانم نەکردە پردە باز وەك کەسانی تر، دەرویێشی کەسیش نیم هی نەتەوەکەم و ئامانجەکەم نەبێ، لەو شوێنەش بەیانی ئەگەر بزانم چم پێ ناکرێ واز دێنم، زۆر بەهاسانی، دژایەتی لەگەڵ حیزبە کۆمۆنیستەکانی مەڵبەند قازانجی بۆ کورد نییە، رێگای رزگاری کورد رێبازی زانستی و رێبازی قازی محەمەدی نەمرە، هەرکاتێك حیزبێك لەسەر ئەو رێبازە لەکوردستان هەبێ من ئەندامی ئەو حیزبەم، حیزبی دیموکرات پاش شەهید کردنی قازی محەمەد من یەکێك لەدامەزرێنەرانی بووم، نەك هەر دامەزرێنەر بەڵکو چالاکتریان بووم، ئەوە حەقێکی تاریخیە ناگۆڕدرێ و بزر نابێ با زۆر کەسان بایی پێ نەدەن بەڵام کاتێ مردم و سەرم نایەوە وەك مامۆستا هێمن هەقی من و هی وەك من بەکەس پێشێل ناکرێ، باشتر وایە ئەم نامەیە بدەی بەکاك سەعید ئاگادار بێ، یەکێك لەگەورە پیاوانی

ئەمریکای لاتین گوتەنی: (خاطرات ما وقتی زندەاست کە ما مردەایم، بە خۆشی بژی، غەنی ۸۷/۱۰/۲۹).

نامەی ۸۷/۱۱/۱۰ی مامە غەنی کەبۆ بولگاریای نارد بوو:

(هاوڕێی خۆشەویست کاك کەریم رۆژ باش! سڵاوم هەیە بۆ خوشکە خەجیج و منالّەکان وام دەزانی هەروا لەسویدی جا بۆیە نامەم بۆ وێندەرێ رەوانە کردی دەبێ پێت گەیبێ، کاکی خۆم وا منیان دەعوت کردوە بۆ کۆڕێك کەلەمەڕ کۆماری مەهاباد لەئەڵمانی رۆژئاوا دەگیرێ، لێرەکانەش گیرا هی خوێندکارانی بەشی پراگ کۆمەڵەی خوێندکاران وەقسەیان خستم بەڵام بۆ ئەڵمانیا من هیچ پسوڵەم نییە بەچی بچم، لای ئێمە ئەو شتانە دروست نابن خۆت دەزانی، بەکاك سەعید بفەرموو کاکی خۆم ئەگەر بەرێگەیەکی ترا خۆی چارەسەر نەکات بۆ سۆ لەوانە هەڵناسێ و بەهیوایان نەبێ، لەمەر تەلیفۆن کردنت لەگەڵ شێخ دا باست کرد بوو کاکی برام ئێستا مانگانە/ ۱۵۰۰ کرۆنم وێ دەدەن بەخوا پارەی تەلەفۆنم نییە لەبەر ئەوە نامەم بۆ نووسی، خێزانم ئێستا نەگەیوەتە چێ دیارە لەشوێنێکی دوور لەمەرکەز قەراغ شار لای هتل المپیك تاقە هۆدەیەکیان داومێ هەمی جێگای خەوە هەمی ئاشپزخانەیە هەمی جێگای میوانداریە، بەڵام ئەگەر چوار کەس تیا دانیشێ رێی رێدار نابێتەوە، حەمام و تەوالێت لەپاڵ یەکدایە لەمە زیاتر نییە، دیارە دەڵێن جارێ بەڵام جارێ یانی انشاالله دوو ساڵی تر تۆبەم بەرکەوێ، صندوقی پۆستی من هەر لەژێتنایە چونکو لەو شوێنە جێگەی صندوق نییە، کەچی هێشتا بەرقی وصل نەکراوە لەبەرئەوە نەمگواستۆتەوە دەترسم خێزانم مەجبور بێ هەر لەو هۆدەی ژێتنا بۆ ماوەیەك بمێنێتەوە جا ئیتر نازانم، رەحیمی نامور و بەهرامی ئەتو خۆش، بەهرامی سەرەتانی بوو، رەحیم نامور لەتەمەنی ٨٦ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

ئێستا وا گەڕاوینەتەوە سۆفیا نازانم لەبەرچی، ئەدی رۆژنامەکە چی بەسەردێت، کاك حامید نووسیویە دیسان خەبەری بدەمێ بێت منیش نامەم بۆ نوسیوە ئەگەر بەهیوا مالّ و حالّی من دێت ئەوا مالّەکەی بۆ چۆلّ دەکەم خۆم دەچمە خیابان چونکو تاقە هۆدەیەکە و گشت چشتە ئەگینا لای خوێندکارێکی کوردی گەرمێن بۆ سێ رۆژ دەتوانێ بێت بەس ئەمەندە جا نازانم دێت یان نا، ئیتر سلاّوم هەیە بۆ کاك سەعید پێی بلّێ هەوا لێرە هەورە خەریکم خۆ دەرباز کەم لەو سەرە، ئیتر چت بۆ بنوسم بەهیوای خۆشیتان، هەربژین، غەنی ۸۷/۱۱/۱۰).

دوو نامەی زێڕ کفت

وەك خوێنەرانی بەڕێز کەوتە بەرچاویان، مامە غەنی لەتەواوی سالّدا نامەی لێ نەبڕیوم و هەمیشە بەنووسینی شیرین و جوان دلّی شاد کردووم، لەو ئاوارەیی و دوور لەنیشتمان و لەکۆڕی خەبات و تێکۆشاندا، تاقە شتێکی دلّی منی گەشاندبێتەوە و وزە و توانای نووسینی وەبەر نابم، نامەی دۆست و برادەرانی بەڕێز و خۆشەویست بوە کەپێوەندیان لەگەلّ نەپساندووم و هەمیشە بەنامەی شیرین شادیان کردووم، خۆزیا توانیبام تەواوی ئەو نامانە بلاّو بکەمەوە، بەلاّم ئەودەم ئیتر بۆ ئاخافتن و نوسینێکی خۆم جێگا نەدەما و ئەم بەرگە هەر دەبوە نامەی برادەران و لەبیرەوەری دەردەچوو.

لەئاخر و ئوخری سالّی ۱۹۸۷دا دوو نامەم لەلایەن هاوڕێ و برا و دۆستی هێژا و بەڕێز و خۆشەویست، شەخسیەتی ناسراو و تێکۆشەری رێگای ئازادی و بەختەوەری کورد و گەلانی عێراق– کاك عەزیز محەمەد–ەوە پێگەیشتن کەبەدیاری ئاخری سالّی ۸۷ و سەرەتای سالّی ۸۸م حیساب کردوون و وا بەشانازییەوە لاپەڕەی ئەم بەرگەیان پێ دەڕازێنمەوە:

(هاوڕێی زۆر بەڕێزم کاك کەریم

سلاوێکی بۆنخۆشی گەرم و ڕێزێکی زۆر

ئێمە باشین، یان هەروا دەبێ، ئاواتە خوازم ئێوەش هەموو لایەکتان هەمیشە باش بن، زەنگە لەم ڕۆژانە بەرەو مەفتەن بگەڕێمەوە، دەمێکیشە یەکترمان نەدیوە، بۆیە حەزم دەکرد ئەم چەند دێرەت بۆ بنوسم، کەهیچ ڕەنگێکی تایبەتی پێوە نییە، هەروەکو یەکێ خۆی بدوێنێ وایە، خۆ ئەگەر مرۆ دۆستێکی نیزیکی دۆزیەوە وەکو تۆی بەڕێز، بەبێ پەردە قسەی لەگەڵ بکا و بەبێ هیچ مەترسیەك، ئەوا خێری خودێیە، پێ خۆشحاڵم دۆستی وام کەم نین.

هەر دانەیەکی سەردەمم بگاتێ هەموی دەخوێنمەوە هێندێ ژمارەی تێر و پڕ و ناوەڕۆك چەورن، هێندێکیان کەمتر وان، بەڵێ هەموو ژمارەکانیان وەکو یەك نابن، بەڵام زۆر باش و پێویستە لەهەر ژمارەیەك گوتارێکی ئەوتۆی تێدا بێ ژمارەکە بڕازێنێتەوە و پارسەنگی ڕاگرێ، ڕەنگە جاری وا هەبێ بابەتی جوانتان لا کۆببێتەوە، باشە هەمووی نەئاخنرێتە ناو یەك ژمارە، بەکورتی مەبەستم ئەوەیە، سەردەم لەگەڵ تەمەنی هەموو لایەنەکانی تریشی بڕسکێ و ڕۆژ بەڕۆژ شوێنی شیاوی خۆی لەنێو بڵاوکەڕەوەکانی کوردی دەڕەوە و ناوەوە بکاتەوە، دەزانم خۆت و کاك د. جەمشید بەهەموو تواناتان هەوڵ بۆ ئەمە دەدەن بەڵام جاری وا هەیە پیاو ئاوی لەدو بێڵی نارِوا، ئەو ماوەی کەلەبەندیخانە بووم مامۆستا گیوی موکریانی– نقومی دەریای ڕەحمەتی خوا بێ– سۆراخی دەکردم و ناوە ناوە (هەتاو)ی بۆ دەناردم، پاش دەرچوونم لەبەندیخانە چاومان بەیەکتر کەوتەوە، پاش سوپاس کردنی گوتم مامۆستا هەتاوەکەت کزە، کەنەئەبوا وای پێ بڵێم، گوتی کاکە ئەو گەرمایەی کەهەیەتی تەنها هی خۆمە کەسی تر تینی نەداوەتێ، شوکر ئێستا دەورانێکی تڕە گەلێك گەنجی خوێندەوار و بەئەزمون و لێ هاتو هەن ئامادەن لەگەڵ سەردەما بن، هاوکاری لەگەڵ بکەن هەروەکو ئێستا دەیکەن، ئاواتەخوازم سەردەمی نوێ بەشێوە و بەناوەڕۆك لەئاستی سەردەمی خۆی بێ.

دەربارەی بیرەوەریەکانت جوانن بەتامن، تام و بۆی کوردستانیان لێ دێ، باسی رۆژگارێك دەکا ئەوەی من خوێندومەتەوە بایەخی خۆی هەیە، گەنجی تازە پێگەیشتوی ئێستا پێویستی بەزانینی ئەو رابردووە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموە، شتێکم بەمێشکا داهات ئەویش ئەمە بوو: تۆ بڵێیت خوێنەر پرسیاری ئەوە نەکا، کەدانەر نەختێ زیاتر لەپێویست باسی خۆی کردووە؟ ئێستاش ئەم هەستەم دووبارە دەکەمەوە، بەدڵ ئاواتە خوازم بەهەڵە چوویم.

دەربارەی، دەربارە و سەبارەت، کاکی خۆم لێت ناشارمەوە کەسەبارەت لەجیاتی دەربارە بەکاردێنن دەڵێی دارکاریم دەکەن کەچی بەداخەوە رۆژ بەرۆژ زیاتر بەم جۆرە بەکاردێ و نوسەرە ناسراوەکانمان بەکاری دێنن تا رادەیەکی ئەوتۆ وابزانم لەمەودوا خواش جێگای پێ لەق ناکا، من زمانەوان نیم، مافی ئەوەشم نییە بڵێم من راستم و کەسانی تر بەهەڵە چوون بەڵام دەبێ ئەوەی خوارەوەش بڵێم: لای ئێمە کەئەڵێن سەبارەت بەفلان، واتا لەبەر فلان، بۆ خاتری فلان، سەبارەت بەچاوی تۆ واتا لەپێناوی چاوی تۆ—سەبارەت بەبارودۆخی کوردستانی ئێمڕۆمان، واتا لەبەر هەلومەرجی ئێمڕۆی کوردستان یانی سەبەب بەبارودۆخی کوردستانی ئێمڕۆمان، سەبارەت لێرە و لەو شوێنانە ببڕای بەڕ واتای دەربارە یان واتای (حول)ەی عەرەبی نادا، جگە لەمانەش وابزانم سەبارەت لەسەبەبی عەرەبی وەرگیراوە- سبب- سەر و گوێلاکی شێواندراوە رەنگە گەلێکیش نەیناسنەوە جا لەبەر ئەم هۆیانە بەکارهێنانی سەبارەت بەجێگای دەربارە یان (حول)ەی عەرەبی بەراست نازانم.. رەنگە بڵێی باشە چت مەبەستە؟ ئەڵێم مەبەستم هەر ئەوەندەیە بۆ ئەمەی سەرەوە بڵێم و هیچی تر، دەی چیمان لەم سەین و بەینەیە کورد ئەڵێ (نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب).

کاکە نازانم بۆچی ڕەزایتان تۆراندوە وەك پێویست شیعرەکەتان بۆ بڵاو نەکردۆتەوە؟ بۆ مافی نازی نییە، یان خوا لێی گۆڕیون؟ بەو خوایەی کەلەسەر

تـەختی خوایـەتی دانیشـتوە خوایـەتی دەکـا گۆرانیەکـەی شـاری سـنەی نرخـی هەرگیز تەواو نابێ، کوڕە کابرا هەر تەنها گۆرانیبێژ نییـە خـۆ شاعیریشـە، چـۆنتان دڵ شـکاندوە، بـۆ قیرتـان بەلاچـاوی هێسـتری شـێخەڵڵاوە نـاوە، چـما چـەند رەزازیمان هەیە، هەتا ئـەوها رەفتـاری لەگـەڵ بکـەن، دە هـەر جـەوال بەشـان بـن دەی... نـا نـا ئاشـتی کەنـەوە، ئێسـتا هـەوڵ دەدرێ گرێکـۆرەی گیروگرفتـی ئـەو جیهانـە بەئاشـتی و لەدەوروبـەری مێـزی وتوێـژ بکرێتـەوە، جـا چ جـای گلـە و گازواندەی رۆژانەی نێوخۆ بەتایبەتی لەم رۆژگارە دژوارەدا کەئێمەی تێدایین.

نامە کراوەکەی مامۆستا محەمـەد ڕەسـوڵ هـاوارم خوێنـدەوە، هەسـت و خوسـتی دڵ و دەروونێکی دۆستانەی پاکـە، ئەگـەر تێبینـی یـان رەخنەیـەکیش هـەبێ لـەم بـارەوە ئـەبێ زادەی هـەمان زەمینـە بـێ، بەباشـیش دەزانم وەرگێڕڕێتـە سـەر زمـانێکی تـر وەك روسـی یـان ئینگلیـزی یـان عـەرەبی و بـدرێ بـەو لایانـەی کەنووسراوەکەیان ئاڕاستە کراوە، وشکە سۆفی چـیکڵدانە تـەنگیش حەواڵـەی خـوا دەکەین، بەش بەحاڵی خـۆم بیرێکـم لـەوەرگێڕانی نووسـراوەکە کردۆتـەوە، نـازانم دەمپڕژێ یان نا.

چەند جار بـۆ بـرادەرانم نوسـیوە بـۆ بڵاوکردنـەوەی کتێبەکـەی کـاك د. جەمشـید کەلەسـەر هاوڕێی نەمرمان هـاوڕێ جـەمالی نووسـیوە دواجاریـان راسـتەوخۆ لەگـەڵ کاك کەریم ئەحمەدم باس کردوە کەدیارە ئەویش ئاگاداریەکی لەمەسـەلەکە هەیـە، ئاواتەخوازم لەم رۆژانە بڕیارێکی لەسەر بـدرێ، خۆزیـا بگەڕابامەیـەوە بـۆ شـام بـۆ ئەنجامـدان بـەم کـارە، لێشـتی ناشـارمەوە بـیرم لـەوە کردبـۆوە شـتێك بنووسـم بەپێشـەکی ئـەم کـارە بشـێ ئینجـا بـەکاك د. جەمشـید بڵـێم بەداخـەوە لـەخۆم رانەدیت تەنانەت کتێبەکەی کاك د. جەمشیدیشم نەدیتوە تا یاریـدەدەرێکم بـێ بـۆ ئەم کارە، ئەمە دەڵێم چونکە رەنگە کەس نەزانێ کـەکاك جـەمالی نـەمر بـۆ یەکـەم جـار رێگـای شـیوعیەتی نیشـاندام، هـەروەکو (مامۆسـتا مـەلا شـەریفی رەنـگ

رەژانی)، گۆڕی پڕ نوور بێ، پاشدانێ حیزبی پێ ناساندم و بەرەو حیزبی بردم، رەنگە هەبێ بڵێ، جا ئەمە چی و ئەوەیان چی، ئەی هەردووکیان یەک نین؟ بەڵێ و نە، ئێستا جێگای باس نییە، هاوڕێ جەمال پایەکی بەرزی هەیە لەبزوتنەوەی شۆڕشگێڕی وڵاتەکەمان، هێشتا بایەخی خۆی نەدراوەتێ، ئاسۆیەکی ڕوون و بەرفراوانی هەبوو ئومێدی زۆری لێ ئەکرا، بەداخەوە وەکو گەلێك لەڕۆڵە ناوداڕەکانی حیزبمان زۆر زوو پێش وەخت، لەبەهرە و توانای دەگمەنیان بێ بەش بووین، هەرچەندە هێشتا هەر لەگەڵمانن و هەر لەگەڵمان دەبن چونکە نەمرن.

هێشتا گڕی ناڕەزایی دوا نوسراوەکەت دڵم هەڵدەکڕوزێنێ، مەبەستم ئەوەی گازاندەی خۆشت تێدا دەربڕیبوو، گلەییت لەکاك شێرزاد و برادەرانی تر کردبوو، بەبەشی خۆم رازیم بەڵام بەمەرجێك نەگاتە تۆران، ئەگەر خوا نەکردە گەیشتبێتە ئەو ڕادەیە، ئەوا هەر ئەوەندەم بۆ دەمێنێتەوە، کەهانا بۆ قوڵی و پتەوی دۆستایەتیمان بەرم و دووبارەی وتەکانی (مامۆستا مەلا شەریفی ڕەنگ ڕەژانی) بکەمەوە کەلەساڵی ٩٤٧ دا لەکاتێکا بۆی نوسیبوم کەمن لەو تۆزا بووم، نوسیبووی: (بتۆزێ و من نەتۆراوم، بشکۆڕێیت من نەگۆڕاوم، بشم کوژن لەت لەتم کەن، هەر ئەوەم من هەتا ماوم) شتی تریشی نوسیبوو لەبیرم نەماون، ڕەنگە ئەوانەشم بەوردی نەنوسیبێتەوە، یان وەك چۆن ئێوە شیعرەکانی ڕەزازیتان بڵاو کردۆتەوە، ئاوام نوسیبنەوە، هەرچۆنێك بێت واتاکەیان دیارە.... ئەو مامۆستا مەلا شەریفەش ڕۆڵێکی گرنگ، بەڵام بەداخەوە، کورتی نواند لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی بیرویاوەڕی پێشکەوتنخوازی لەکوردستانا، هەرچەندە هەتا دواڕۆژی ژیانی بیر و باوەڕی خۆی نەگۆڕی زۆر بەخۆشیەوە ماندوبوو هەتا ڕادەیەکی ئەوتۆ، ئینگلیزی فەقێ ئاسایی بەئارێ بابە فێر بوو، دەڵێن پاشدانێ فەڕەنسیش فێر ببوو، بەشداری یەکەمین کۆنگرەی حیزبمانی کرد هەر لەم کۆنگرەشدا

هەڵبژێردرا بەئەندامیەتی کۆمیتەی ناوەندی حیزب، بەڵام بەداخەوە هەروەکو گوتم لەدوای ساڵی ٩٤٧ حیزبی بەهێشت.

لەم رۆژانە (شار)ەکەی حسێن عارفم خوێندەوە، لێتانی ناشارمەوە زۆرم بەدڵ بوو ئاواتە خوازم بەشەکانی تری ئەم کتێبەی بەم جۆرە سەرکەوتوو بێ، ئەگەر خوا رەحمی کرد و ئێوەش بەدڵتان بوو، ئەوا رەنگە لەجێگای خۆی بێت کاک د. جەمشید شتێکی لەسەر بنووسێ، کاکە چالاکی فەرهەنگی لەکوردستانی عێراقدا بەربەرە---کانیەکی توند و قارەمانانە دەکا، سڵاو هەزار سڵاو بۆ مێرخاس و شۆڕە سوارانی ئەو مەیدانە.

رەنگە کەئەم چەند دێڕەت پێ ئەگا- ئەگەر خوا بکا پێت بگا- من گەیشتبمەوە مەفتەن، گەیشتبمەوە ئەو خاکە پیرۆزەی کەئەبێ چۆکدەم و کڕنوشی بۆ ببەم، فرمێسکی خۆشی و دڵسۆزی بۆ هەڵڕێژم، درۆیە ئەو خۆشەویستیەی جۆگەلەی خۆی لەسەرو چاوەکەی ئەوێ هەڵنەبەستبێ، درۆیە ئەو ئەنترناسیۆنالیستەی کەلەناو شاخ و داخی نیشتمانی خۆشەویستا هەڵنەقوڵابێ، دڵێک هەستی بەخورپەی خۆشەویستی وڵات نەکردبێ هەرگیز تام و واتای خۆشەویستی راستەقینە نازانێ، دڵم پڕە قسەم بۆ نایە، دوعای خێرم بۆ بکە.

ببورە ئەگەر غەڵەت و پەڵەتێکی زۆرم کردبێ، یان نەمتوانیبێ رەچاوی شێوە و ڕێزمانی کوردی بکەم، یان خەتەکەم لەرزۆك بێ، ئەڵێن پیاو ئەگەر بەگەورەیی فێری پڵاو خواردن بێ پاروی لەبۆ لوتی دەبا، دەستیشم دەلەرزێ جا بڵێم چی دەی، دەڵێن بەڕە لەلای تەنکی دەدڕێ، دەستم بڕوا لەوێشەوە ناوە ناوە ئاگادارت دەکەم سڵاوم بۆ کاك جەمشید و خەجێ و منداڵان، برات عەزیز محەمەد ١١/٢٨).

١٠–١٥ رۆژ دوای ئەم نامەیە، نامەی دووەمی کاك عەزیزم پێگەیشت و ئەوەندەی تر شاد و دڵخۆشی کردم، نامەی ٩٨٧/١٢/٢٨

(کاکی بەڕێزم کاك کەریم سڵاوێکی بۆنداری برایانە، ئومێدەوارم هەر لەخۆشیدا بی، لەمانگی رابردودا نوسراوێکەکم بۆ ناردی خوا بکا پێت گەیشتبێ، یان پێت بگا، دەبڵێ ئامین. هێشتا هەر لەرێگام، بەپێخۆشحاڵیەوە لەرێگا توشی جوامێرێك هاتم داوام لێ کرد کەئەم چەندوکەت بۆ بهاوتە نێزیکترین پۆستە.

کاکە رەنگە سبەی یان دووی بەسەر پردی سیراتدا تێپەڕم، جا ئەگەر خوا و هیمەتی چاك و پیران نەکەوتمە خوارێ، ئەوا دەگەمە بەهەشتێ، لێرە قسەکەی مامۆستای نەمر مەلا حەسەنی قزڵجیم دێتەوە بیر ئەویش: کۆلکە مەلایەك لەرەمەزانێ باسی سیراتی بۆ فەلاحەکانی ناو مامەشان دەکرد کەلەموی باریکتر و لەگێزانی تیژترە، فەلاحێکی لێ هەستا سەر پێیان گوتی مامۆستا یاخوا درۆ بکەی ئەگەر نا کاکی خۆت لەبنەوە دەبینیەوە، دەی بڵێ چی؟ ماسی گرتن و قون تەڕ نەکردن نابێ، فحێکی ناو شاخ و داخی خۆمان بەلەپان، بەهێزی بازو و بەزگی برسی چەند بستە عەرد لەشاخ دادەبڕێ خۆشی دەکا بەکۆلان خۆڵی بۆ دێنێ هەتا چەند نەمامێك یان چەند مستە جۆیەکی تێدا بچێنێ، ئەی ئەگەر یەکێ بیەوێ تۆوی خۆشەویستی و ئازادی لەهەموو ولاتا بچێنێ دەبێ چی بکا، دەبێ چەند کارەکەی خۆی خۆش بوێ، دەبێ لەسەر چەند پردی سەخت بپەڕێتەوە؟ بەڵێ گۆزە لەرێگای ئاو دەشکێ، نیشتمانپەروەرێکیش، ئەگەر خوا نەخواستە شتێکی بەسەر هات، مخابنە لەرێگای خەباتا نەبێ.

کاکە لەلای ئێوە، لە(مامۆستای کورد) هێندێ شت بەناوی بەندە بڵاو کراوە ئومێدەوارم نەختوکەکت بەدڵ بێت، یان ئەگەر هەر هیچ نەبێ لێم تورە نەبیت، زۆرم مەبەست بوو، قسەکانم پەلاری دوور بەدووری نەبێ، یەکێ ناو مالّی خۆی رێك نەخا مافی ئەوەی نییە باسی کۆڵانی عاسمانێ بکا، لەبۆچونەکانا، هەوڵمدا

قاچم لەسەر عەردی بێ، رەنگە لەمەسەلەی ئۆتۆنۆمیەکە لەگەڵم نەبی، چونکە وەکو بیستوومە، بەلایتریدا دەشکێنی، دەی خوا بکا، بەهەرحاڵ دوو چاو لەچاوێك باشترە، بەڵام پیاو چاوێکی هەبێ باشترە لەوەی لەهەردوو چاو کوێر بێ، بەئاواتی روناکی بگێڕێتەوە چاوەکەی تریش.

بڵاوتان کردبۆوە، کەئەوانەی ئابونەیان لەسەر کۆبۆتەوە، ئابونەکەیان نەنێارن، رۆژنامەیان بۆ نانێرن، جگە لەوەی کەرەنگە مەبەستتان پیاوی فەقیری وەکو ئێمە نەبێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لەگەڵ دایکی ئاراس باسمان لێ کرد بڕیارێکی خێزانیمان لەسەر ئەوە دا، کەئابونەکەتان بۆ کۆ بکەینەوە هەتا رۆژێك چاومان بەیەکتر بکەوێ، جا تۆ بی یان کاك د.جەمشید، ئابونەکەتان دەدەینێ. جا دەستمان دامێنتان رۆژنامەمان لێ مەبڕن، دەبو لەنوسراوەکەی مانگی رابردوو کەلەماڵەوە بۆم نووسی، ئەو ئاگاداریەت بکەم، بەڵام لەبیرم چوو، ئەوا ئێستا پێشی لەسیڕات بپەڕمەوە ئەوەت بۆ دەنووسم.

بۆ دواجار دەڵێم حیسابی هەڵەی نوسینم لەگەڵ مەکە، چونکە رەنگە هەر یەك وشە، بەڕێککەوت جارێکیان بەراست و ئەویتریان بەهەڵە بنوسم، گرنگ ئەوەیە تۆ بەراستی بخوێنیەوە، نازانم لەوێش ئەتوانم جار جارە شتێکت بۆ بنووسم؟ هەرچۆنێك بێت هەوڵ دەدەم.

سڵاو رێزم بۆ کاك د. جەمشید گەلەك سڵاوان لەخەجیجێ دەکەم چاوی کەمال و شلێر ماچ دەکەم.

ئیتر هەر خۆشبیت، برای دڵسۆزت عەزیز ۱۹۸۷/۱۲/۸).

سائێکی شوم بۆ گەلی کورد

وبستمان سەری سائی تازەی مەسیحی سائی ۱۹۸۸ ئێمە و مائی فەهد و مائی دکتۆر جەمشید لێك کۆبینەوە، بەشەرعیش دەبوایە لەمائی دکتۆر جەمشیدی دانیشتباین، چونکە خێزانی ئەو لەتۆرەمەی عیسای مەسیح و جێژنەکە پتر

بەوانەوە دەنوسا، بەڵام بەبیانووی ئەوەی کەتەلەفیزیۆنی ئەوان بەرنامەی رووسی وەرناگرێ و تەلەفیزیۆنی رۆستەمی بەرنامەی رووسی وەردەگرێ، دکتۆر جەمشید پێی داگرت کەدەچینە مالّی رۆستەمی، کاك رۆستەم کابرایەکی هەولێری و دۆستی فەهد ۆ دکتۆر جەمشیدی، خەبەریان دابویە کەشەوی سەری ساڵ بەسەرت دادەدەین، مالّی کاك رۆستەمی هەرچەندی جوامێری و دەست بڵاوی و میوانداری کوردانە بوو، بەکاریان هێنا بوو. بەکورتی سەر لەئێوارەوە ٨–٩ کەس بەسەرمان دادان، خواردن و خواردنەوە بەپێی پیلان بوو، بەرنامەی رووسیش کەجگە لەدکتۆر جەمشید و خێزانی کەسیتر تێی نەدەگەیشت، دانیشتنەکەی جوان کردبوو، دم بەدمەی لودا و دکتۆریشی لێ دەبوە (ئیزافە بەر سازمان) و بەرنامەکەی دەوڵەمەند دەکرد، چەندەی میوانداری مالّی کاك رۆستەمی رازاوە بوو، ئەوەندەش کەش و هەوای بەرنامەکە و دانیشتنەکە بێ تام بوو، ناچار نەمانگەیاندە سەر، نیوەشەو گەڕاینەوە. لەهەمووی ناخۆشتر کاك رۆستەمیشمان ئەزیەت دا کەبەماشێن بمانگەیەنێتەوە.

رۆژی ٩٨٨/١/٢ کاك ئازاد مستەفای رەحمەتی، سکرتێری پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك) لەسەر بارودۆخی کوردستان کۆڕێکی فرە بایەخ و بەپێز و بابەتی پێك هێنا، خەڵکێکی زۆر هاتبوو، هەوەڵجار بوو کاك ئازادم لەشیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی مەسەلەکاندا دەبینی، بەشێوەیەکی بابەتی و واقیع بینانە، دوور لەدەمارگیری و فڕ و فیشاڵ، مەسەلەکانی روون دەکردەوە و لەهەمووی گرنگتر لەسەر یەکێتی و گیانی لێ بوردووبی و نەهێشتنی ناکۆکی نێو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد پێی دادەگرت.

دوای تەواو بوونی کۆڕەکە چاك و خۆشیمان کرد و دامان نا پتر یەکتر ببینین.

لەسەرەتای سالّی ۹۸۸ بەرگی دووەمی بیرەوەریەکانم لەچاپ دەرچوو، نوسخەیەکم بۆ مامۆستا محەمەد رەسولّ هاوار نارد، مامۆستا هاوار لە ۸۸/۱/۱۷ ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ نارد بووم:

(برای زۆر بەڕێز و خۆشەویستم کاك کەریم

ئەم کاتە و هەموو کاتێکتان شاد، کتێبە زۆر بەنرخەکەت (بەرگی دووەمی بیرەوەریەکانم) پێ گەیشت، بەراستی کەخوێندمەوە چاو و دڵم روون بۆوە، ئەوەی راستی بێ وەکو تۆیشە بەرەیەك وایە، بۆ هەموو کەسێکی برسی کەبیەوێ قسەی راست و رەوان و بێ روالّەت بخوێنێتەوە.. دەست و پێنوسەکەت نەڕزێ و هەر خۆش بیت بۆ نوسین و بلّاوکردنەوەی گەلێك یادداشتی وا بەنرخ، کەکەلێنێکی باش پڕ دەکەنەوە لەلاپەڕی تێکۆشانی تێکۆشەرانی نەتەوە ماف خوراو و چەوسێنراوەکەمان، ئەوەی راستی بێ کەکتێبەکەم گرت بەدەستەوە هەتا دوا دێڕم تەواو نەکرد نەمتوانی هیچ شتێکی تر بخوێنمەوە...

داخەکەم کتێبەکەی من (کوێرەوەری و بیرەوەری) بەر لەوەی تۆ دەرچوو، ئەگینا هەر زوو پێشنیارم دەکرد کەلەراستیدا کتێبەکان و یادداشتەکانی ئێوە ناو بنرێن (کوێرەوەری و بیرەوەری) وەکو لەنوسینێکمدا باسم کردوە، لەسابلّاغ کەچێشتی ساوار بەنانەوە دەخۆن دەڵێن: خەڵکی سلێمانی پێمان دەڵێن (ئێوە نانی بەنانیەوە دەخۆن) لەراستیدا ئەوەی تۆ باشتر ئەو قسەیە دەگرێتەوە چونکە نانی کوێرەوەریتان خستۆتە ناو نانی بیرەوەریەوە کەهەردوکیان هەر بەرهەمی کەساسی و دەردەسەری گەل و نیشتمانە، جارێکی تریش پیرۆزباییتان لێ ئەکەم و رێز و سلّاوم بۆ برای بەڕێز دکتۆر جەمشید حەیدەری هەیە و ئومێد ئەکەم لەدەرفەتێکی نێزیکدا یەکتر ببینینەوە، ئەو تەرجومەی کەداوات کردبوو بەر لەدوو هەفتە بۆم ناردن، ئەگەر هاتو نەگەیشتبوو تکایە ئاگادارم بکەن چونکە کۆپیم لا ماوە و دەتوانم بینێرمە خزمەتتان، ئیتر خۆشیت روحەکەم، برات هاوار).

بەدوای نامەی مامۆستا هاواردا،

ئەم نامەیەی خوارەوەم لەلایەن غەنی بلوریانەوە پێ گەیشت کەلە ٨٧/١٢/٣٠ نوسینبووی:

(هاوڕێی بەڕێز کاك کەریم رۆژباش

پاش ڕێز و سڵاو بۆ خوشکە خەجیج و جەنابت بەهیوام سەرکەوتوو بن، کارتی پیرۆزباییتان گەیشت زۆر سوپاس، ئاواتە خوازم لەسااڵ نوێ دا تەندروست و کامەران بن، ئەوا ئادرێسی مااڵی خۆمم بۆ هەناردی کەلێرەوپاش مستەقیم نامە و نوسراوە و رۆژنامەم بۆ ڕەوانە کەی لەو بارەوە زۆر شپرزەم، بەداخەوە تەلیفۆنیان پێ نەداوم، هەر ئەورۆ و سبەم پێ دەکەن، هیچ خەبەرم لەوڵات نییە و نازانم چ خەبەرە و بەرەکانی کوردستانی خەریکی چین، بەڵام ئەوەندەی کەئەزمونی ژیان سەلماندوویەتی لام وایە کورد دەبێ بۆ خۆی بێت و لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و پشت بەکەس نەبەستێتەوە، کەس جێگای متمانە نییە جگە لەکورد خۆی بۆ خۆی جا بەکام ڕێگادا ئەوا دەبێ مرۆڤی لێ زانی کورد بەکۆڕ و کۆمەڵ بیری لێ وەکەن و ڕێبازی دواڕۆژی نەتەوەی خۆ دیاری بکەن، جا بۆ ئەو کارە دەبێ لێ زانانی سیاسی کاری کورد کۆوەبن و بیری لێ وەکەن، هەتا زووتر باشتر، بەداخەوە خۆ بەستنەوە بەم و بەو کەڵکی بڕاوە، بەڵام ئێستا کەهیچ دەگۆڕێ دا نییە چار چییە، هەرکەس مەجبور دەبێ بۆ لایەك رای کێشی، بەهیوام هاوینێ سەفەرێك بۆ ئەم لایە بکەن ئەگەر لەبولغاریارا بێن سەهل تر دەبێ تا لە غەرب، ئیتر بەخۆشی بژین، خێزانم دوو پاتەی دەکاتەوە و سڵاوتان بەگەرمی لێ دەکا، داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکا هەواڵی تایبەتی خوشکە خەجیج پرسیار دەکا، بەتەمای بینینی یەکتر، غەنی ٨٧/١٢/٣٠).

۹۸۸/۱/۱۰ دایکی کەمال گەڕایەوە بۆ سۆفیا و بەتەنیا مامەوە، رۆژانە لەدەفتەری رۆژنامە لەگەڵ دکتۆر جەمشید خەریکی نوسین و تایپکردن دەبووین و شەوانەش ئەگەر برادەرێك سەری دابام، ئەگینا بەخوێندنەوە یا نووسین سەرم دەنایەوە، شتێکی دیکەشم لەماڵەکەی خۆم کردبوە باو رەنگە بۆ کوردەواری بەعەیب بگیرێ و تەنانەت بۆ زۆربەی ئەو لاوە کوردانەش کەروویان کردۆتە ئەوروپا، شەوانە تا دوای نیوەشەو دادەنیشن و بەقسە و ئاخافتنی بێ جێ کات بەزایە دەدەن و رۆژیش تا سەعات ۱۲ لەجێدا دەکەون رەنگە هەر بەکوفریش دابنرێ، ئەویش ئەوەبوو من سەعات یازدە و نیو دانیشتنم کۆتایی پێ دەهێنا و لەناو جێ دا خەریکی خوێندنەوە دەبووم ئیستراحەتم دەکرد، زۆرجار برادەرم لەیازدە و نیو دەنگ داون و رۆیشتوون، هەموو شت عادەتە، ئیتر فێر ببوون یازدە و نیو دەرۆیشتن، بەڵام دەچون لەماڵێکی تر دایان دەکوتاوە و بەیانی بەمنیان دەگوت: ئێمە تا سەعات ۳ دانیشتین، بەڵام نەیاندەگوت: دانیشتون چییان کردوە، بەرهەمیان چی بوە؟ جارێك برادەرێك گوتی: ئێستا پێنج دەقیقە زووتر دەرۆین، بۆ جارێکی تر پێنج دەقیقە قەرزدار دەبی!

شەوی ۹۸۸/۱/۱۲ ناسری سەید ئەحمەدی کۆنە تودەیی تۆخم میوان بوو، شەو دوای ئەوەی دکتۆر جەمشید و فەهد رۆیشتن، کتێبی (کژراهە)ی ئیحسان تەبەری–م تازە بۆ هاتبوو، وێم دا، چاوێکی پێدا گێڕا و مات بوو، گوتی: (پێت وایە ئەو نوسیبی؟) گوتم بۆ نا، رەنگە کۆماری ئیسلامیش بەشی خۆی تێ هاوێشتبێ، بەڵام لەسەر یەك نووسینی ئەوە، چونکە باسی هێندێ شت دەکا، وێ ناچێ تەنانەت لەم بارەوە پرسیاریشیان لێ کردبێ، گوتی: وانیە تەبەری شتی وا نانوسێ، ئەم برادەرە تا رۆژ نەنوست، هێندێ جار دەگریا، رادەکشا، هەڵدەستاوە، دەیخوێندەوە، دایدەناوە، ئارا و قارای لێ هەڵگیرا بوو.

شەو فەرەیدونی مێران و حەسەنی ماوەرانی تەلەفۆنیان کرد کەبۆ بەشداری لەئاهەنگی دووی رێبەندان کەکۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا لقی ئەڵمان رێکی دەخات بەشداری بکەم و لەسەر بزووتنەوەی ٤٥–٤٦ی کوردستانی ئێران قسە بکەم.

٨٨/١/١٣ کاك سەعید کوێستانی تەلەفۆنی کرد و هەواڵی دڵتەزێن و داخداری شەهید بوونی سەید رەسوڵی دیهقانی دامێ، خورپەم لەدڵی هات، داخێکی گران بوو، جنایەتێکی سامدار و بەناهەق، سەرسام هێنەر، بوو چۆن لەم جیهانەدا خوێنی جوامێر و مێرخاس و نیشتمانپەروەران بەدەستی جنایەتکاران دەرژێتە عەرد و بەخۆڕایی دەڕوا، سەید رەسوڵ جگە لەوە کەئەڤینی کورستان و بیری ئازادی کورد لەمێشك و ئێسقان و گۆشت و پێستی دا پەنگاوی خواردبۆوە، هەموو خاسیەتێکی جوامێری کوردەواریشی تێدا کۆببۆوە، زۆر حەیف بوو، زۆر بەناهەق شەهید کرا.

لەمەهابادەوە تەلەفۆنیان بۆ کردم و راست و درۆی ئەم خەبەرە داخدارەیان پرسی، گوتم راستە و جنایەتکاران کاری خۆیان کردوە، شەو تەلەفۆنم بۆ دایکی کەمالی کرد و ئەویشم کردە بەشداری ئەم خەفەت و پەژارەیە.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا k.s.s.e لقی دانیمارك لەگەڵ سوکسی لێیان گێڕامەوە کەبۆ سیمینارێك لەسەر کۆماری کوردستان بچمە دانیمارك، فەهد ماشێنێکی بەکرێ گرت و لەگەڵ کاك شاکر و فەهد رۆژی ٩٨٨/١/١٦ چووینە کۆپنهاك، سیمینارەکە لەکەش و هەوایەکی فرە سازگار و دۆستانەدا بەڕێوەچوو، برادەری زۆر بەشداریان کردبوو، دوای ئاخافتنی من گەلێك پرسیار کران و جوابیان درایەوە، لەکۆبوونەوەی دامەزرێنەرانی مەڵبەندی کوردی لەدانیمارك بەشداریمان کرد، بەئیستیلاحی حیزبەکان (سەفەرێکی سەرکەوتوو) بوو!.

هێزە سیاسیەکانی کوردستان لەسوید (باشترە بڵێم حیزبە سیاسیەکانی کوردستان لەسوید) چونکە (هێز) هەموان ناگرێتەوە، بەڵام حیزب هەموان دەگرێتەوە، بەبەشداری ١٥ حیزب کۆمیتەیەکی هاوکارییان پێک هێنا بوو کەئێستاش بەردەوامە و بەناو حیزبی ئەوتۆ لەناو ئەو کۆمیتەیە دایە، رەنگە ئەندامی لەحەفت کەس تێنەپەڕێ، رۆژی ٩٨٨/١/٢٢ بەبۆنەی دووی رێبەندانەوە کۆبوونەوەیەکیان ساز کرد بوو کەبەداخەوە پێشتر لەباری راگەیاندنەوە کاری بۆ نەکرا بوو، بۆ کۆبوونەوەیەکی ئاوا و بۆ یادی رۆژێکی ئاوا مێژوویی بە ١٥ حیزبان ٢٠ کەسیان نەهێنا بوو، تەنانەت ئەندامەکانی خۆشیان نەهێنا بوو چونکە هەمووی ٢١ کەس بەشداری کردبوو کە ٦ کەسیان ئەندامی هیچ حیزبێک نەبوون، کاك ئەمیری قازی لەسەر دووی رێبەندان قسەی کرد و چەند کەس بەشداری پرسیار و موناقەشەیان کرد، من لەجیاتی باسی دووی رێبەندان رەخنەم لەپێکهێنەرانی کۆبوونەوە گرت کەتەنانەت هەر حیزبەی ئەندامێکی خۆشی نەهێناوە ! بۆ رۆژێکی ئاوا ١٥ حیزبی کوردی ٥٠ کەس کۆ نەکەنەوە !

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردیش لقی سوید k.s.s.e رۆژی ٨٨/١/٢٣ هەر بەم بۆنەوە ئاهەنگی رێکخست بوو.

کەدەبوایە لەسەر گرنگی پێک هاتنی کۆماری کوردستان و ئەرکی خوێندکاران بپەیقم، وتارەکەم هەرچەند تۆزێ درێژ بوو، بەڵام پێشوازیەکی باشی لێکرا، بەشیعر و گۆرانی هەمەچەشنە گیانی جێژنیان وەبەر نا.

کۆمەڵێك سلایدی زۆر جوان لەدیمەنی کوردستان و وێنەی شەهیدانی کوردستانی ئێران و پێشمەرگە نیشان دران، فەرهادی بابانیش بانگ کرا بوو، بەو دەنگە خۆشە و لێ هاتوویە، تەماشام کرد پیرێژنێکی سویدیشی هێنا بوو، بۆ یادی رۆژێکی ئاوا دەستی کرد بەچرپینی گۆرانی سویدی، کەتەواو بوو چووینە دەر و بانگم کرد و چیرۆکی شاعیری ناوداری داغستان رەسوڵ هەمزاتوف—م بۆ گێڕاوە:

(رەسوڵ دەڵێ: لەداغستان گۆرانی بێژێکی دەنگ خۆشمان هەبوو، بەئاڤاری گۆرانی دەگوت و خەڵك خۆشیان دەویست، هاتە لای باوکم کەبەرپرسی کۆمیتەی شار بوو، داوای لێکرد کەبۆ مانگێك بینێرێتە مۆسکۆ، باوکم پارەی سەفەریشی دایە و ناردی، تا ٣ مانگان نەهاتەوە، کاتێ دەگەڕێتەوە لاوەکان دەچنە لای و لەگەڵ بەخێر هێنانەوە داوای لێدەکەن کەگۆرانیشیان بۆ بچڕێ، کابرا بەرووسی دەست دەکا بەهۆڕە هۆڕ، وەری دەگەڕێنێ و باشی دەکوتن، هاتە لای باوکم و شکایەتی کرد، باوکم لاوەکانی بانگ کرد و بەسەریان دا هات و گوتی ئەوە هونەرمەندی خۆتانە، چۆن لێی دەدەن؟

گوتیان: دەبا گۆرانیەکت بۆ بڵێ، کابرا دیسان بەروسی دەستی پێکرد، باوکم گوتی: (سەرتان نەشکاندوە؟ سەریشی بشکێنن تۆ بەسێ مانگان زمان و هەوا و گۆرانی خۆت بۆ لەبیر بردەوە؟).

گوتم دەسەڵاتم هەبایە منیش ئاوام لێ دەکردی، تۆ هاتووی بۆ دووی رێبەندان و بۆ کۆبوونەوەی کوردی، گۆرانی سویدی دەچڕی.

کاك ئازاد مستەفای رەحمەتی بەبۆنەی ئاهەنگی دووی رێبەندانەوە ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ ناردبووم:

(مامۆستا حسامی) بەڕێز.

وێرای سڵاو رێزم.. پیرۆزبایی ئەم یادە شیرینە، یادی ٤٢ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان، لەخۆم و لەئێوە و هەموو نەتەوەی بەشخوراوی، ئیستیعمار کراوی کورد دەکەم، پڕ بەدڵیش سوپاسی هاوڕێیانی یادکەرەوەی ئەم یادە پیرۆزە دەکەم.

ئەگەر باری ناساغی لەشم نەبوایە، زۆر شەرەفمەند و خۆشحاڵ دەبووم بەشداری ئەو بانگهێشتنە بوومایە، هەر نەبێ چاوم بەئەسەرێکی زیندووی ئەو کۆماری ئازیزەمان– کەبەڕێزتانن– رۆشن دەکردەوە و ئیلهام بەخشێکی روحی و

مەعنەویم دەبوو بۆ ئەو ئاواتی رزگاری و سەربەخۆ بوونەی کوردستانەکەمان کەهەموو تان و پۆی بوونمی گرتۆتەوە و ئاواتی تاقانە و پیرۆزی هەموو کوردێکی شۆرشگێڕو دڵسۆز و بەشەرەفە ! کەلەم دنیایە وا هیچ شتێکی بۆ کوردی سەروو ناکەوێتەوە، هەر بەتایبەتی یاد کردنەوەی ئەم رۆژە لەلایەن هاوڕێیانی (k.s.s.e) (مەرکەزی پراگ)ەوە بۆ من مانا و دەلالاتی گرنگ و دڵخۆشکەرەوەی هەیە، وە ئینشائەڵڵا سەرەتای قۆناغێکی نوێی ژیان و خەباتی هەموانمان دەبێت، کە (پێش ئەوەی هەر شتێ بین... کورد دەبین) و لەناوەند و چەقی خزمەتی کورد و کوردستانەکەی خۆمانەوە تیشک بۆ دەوروبەر و نێزیك و دوورمان دەدەینەوە، چۆمی کوردستانی هەڵقوڵاوی چیاکانی کوردستان لەرەوتی مێژوویی دا تێکەڵی جۆگە و چۆمی میللەتانی خەباتگێڕ و ئازاد و دیموکراتیك دەبێ و بەرەو ئۆقیانووسی ئارامی دنیای بێ چەوساندنەوە و ئازاد و دیموکراتیك و ئاشتی دەچێ.

چەپکێ گوڵی سور، بەسوورایی خوێنی شەهیدانی رێی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان و سپی بەقەدەر سپایی دەروونی کورد، لاسك سەوز وەك سەوزایی بەهاری داهاتووی کوردستان، پێچراوە بەتیشکی خۆری سەرفرازیی لەدەم کەلەوە هەڵهاتوم لێ قبوڵ بفەرموون و هەربژین بۆ کورد.

برای دڵسۆزتان ئازاد ۱۹۸۸/۱/۲۳).

کۆمەڵەی کورد لەشاری (ئیسکلیستونە) بەبۆنەی یادی دووی رێبەندانەوە ئاهەنگێکی ساز کردبوو، داوەتیان کردبووم کە بەشداری ئاهەنگەکەیان بم ولەسەر دوو رێبەندان قسە بکەم، لام وایەبێجگە لەکاك رەسوڵی ئاریا یەك کورد لەم شارەدانەما بوو، کە بەشداری نەکات سویدیش زۆر هاتبوون، هەواڵدەری رۆژنامەی شار هات لەبارەی کۆماری کوردستان چەند پرسیارێکی کرد، قسەی

خۆش ون نەبێ باشە، لەکاك محەمەدی قادریم پرسی: (کاك رەسوڵی ئاریا دیار نییە، چونکە بەراستی پێم سەیر بوو کاك رەسوڵ لەیادی رۆژێکی ئاوادا بەشدار نەبێ) کاك محەمەد زۆر بەسادەیی لەوەڵامی پرسیاری من دا گوتی: (سالۆن هەڵی نەدەگرت)، شەو میوانی کاك محەمەدی قادری بووم، میواندارێ و خزمەت و میهرەبانی ئەو مالەم لەبیر ناچێتەوە و لەسوپاسێکی رووتبش بەدەر پیاو چی لەدەست نایە.

رۆژی دوایی گەڕامەوە بۆ ستۆکهۆڵم کاك سەعید کوێستانی تەلەفۆنی کرد و گوتی: حیزبی دیموکرات کۆنگرەی هەشتی گرتوە و لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێشوو ١٣ کەسیان هەڵنەبژێراونەوە، گوتم وادیارە دکتۆر قاسملۆ ویستوویە مۆرەکان بگۆڕێ، ئەوە سەرەتای لەتبوونی حیزبە، چونکە ئەوانەی هەڵنەبژێراونەوە ناتوانن وەك ئەندامی سادە لەحیزبدا کار بکەن، ئەوان فێربوون و بەبەژنیان بڕاوە کەدەبێ هەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بن، بەداخەوە بۆچوونەکەم راست دەرچوو.

رۆژی ٩٨٨/١/٢٦ نامەیەکی شیرین و جوانی کاك بەهرۆزی کورد ئەحمەدیم پێگەیشت، کاك بەهرۆز لەباری نووسین و کوردی زانی و خەت خۆشی و بەتایبەت لەبەرێوەبردنی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران دا، دەورێکی باڵا و بێ وێنەی هەبوو، بۆ شیعر و شاعیریش سەری دەخورا، بەڵام وەك روناکبیرێکی ژیریش قەت نەیدەگوت شاعیرم و باری تەمبەڵی نەخستە سەر شانی خۆی! لێرەدا نامەی کاك بەهرۆزی سەبارەت بەشیرینی و جوانی بڵاو دەکەمەوە:

(بەحری تەویل بۆ کاك کەریمی بێ بەدیل!

سڵاوێکی پاك و بێ بەرتیل

دەڵێن چاڵێك هەیە چاڵ ویل، هەرچی تێدایە زار و زەلیل، رەش و تاریکە وەك قیل، ئاخنراوە لەشۆرە سوار و کچی نەشمیل، یان کۆتر و گورگ و فیل، گوایە مەهدی مەوعودیش بەرێکەوت لەوێیە و... دەرخواردی دەدەن بەبەرمیل!!

ئەم قافیەی سەرەتا تاوانی تۆیە، دەنا فەرقی زۆرەی کۆی سنجق و کۆیە، هەروەك فەرقیان هەیە (لەبۆیە) و (لۆیە)، بێ بەدیل سەرەتای قافیە و نازناوی تۆیە، وای لەباتی چاك و خۆشیە کرد، بۆیە!

مەبەست ئەوەبوو بت دوێنم بەنامە، هەرچەند لەوانەیە پێت وابێ نامەی وا بێ تامە، بەڵام ئەوە ئیمرۆ تامی هەبێ کامە؟ هەرچی بەشوێن کامی پیرۆزەوەیە ناکامە، ئەم هەموو رەنج و کوێرەوەریە هەتا ئێستا بێ ئاکامە، هەموو کوردێك چاوەڕوانی ئەنجامە، تا بزانین چیمان نووسراوە لەکار نامە.

لەمێژە سەرت سپی و دەمێکە سێبەرت قورسە، یەکەمیان جێگای ڕێز و دووهەمیان مایەی ترسە، ئاخر جارێکیش لەچوکە و ڕەفیقانی خۆت بپرسە.

هەر من بووم هەتا ئێستا زەنگم لێ داوە و نامەم نووسیوە، ڕۆژنامەم خوێندۆتەوە و لێتم پرسیوە، تەنانەت هەدام نەداوە بەسکی برسیوە.

بەڵای قەیناکا من سەبرم زۆرە، نێو چاوان تێك مەنێ و لێشم مەتۆڕە، با دەبەیەکیش بێ بەتۆرە، دە جار بەشی من و جارێکیش تۆ بتۆڕە!

تەلەفۆنم گۆڕاوە بەکۆد و ژمارەی تازە، بەڵام لەقسە خۆشەکانی تۆ بێ بەش و بێ نازە، هەرچی دەبیسم باسی کەند و کۆسپ و هەورازە، ئاهەنگیان لەگوێمدا سازی ناسازە، ئاخوند و مەلا قڕی تێ ناکەوێ دەڵێی بەرازە!

کێ گرێ دەکاتەوە لەم رازە؟

کۆد و ژمارەی (.....=....؟)ە، کاغەزم سپی و قەڵەمم رەشە، بەڵام قسەم ئەگەرچی رەق بێ، هەر گەشە. هەروەك قسەی تۆ لەبیر ناچێ هێند خۆشە!

ئادرێسیشم ئێستا شارێکی تره، ژمـاره و شـوێن و بـارێکی تـره، نـاوم وەك جـاران بەڵام دانیشتنی خیابانێکی تره، ژمـارەی پۆسـتیش ئـەوی کـۆن نییـە نومرەیـەکی تره، وادیاره کەم کەم لەوەزن دەردەچێ و قافیەکی تره !

ئەمە ئادرێسە: Behroz.k ناوم، جێگـای دانیشـتن ..... مـاوم، ژمـارەی پۆستیش..... قاوم، بۆ خوێندنەوەی سەردەمی نوێ و شتە باشەکانیشی بـەتاوم، سەرت سپی و عومرت درێژتر بێ، بەهروز ۸۸/۱/۲۲).

لەسـەرەتای مـانگی ۸۸/۲ کۆمەڵـەی کوردسـتان لـە (گوتنبـورگ) داوای لێ کـردم کەلەسـیمینارێك دا لەسـەر شـەڕی ئێـران و عێـراق ئاخـافتنێکم هـەبێ، وتارەکـەم بەناونیشانی (شەڕی ئێران و عێراق و تەئسیری لەسـەر جوڵانـەوەی رزگـاریخوازی کـورد) لـەژمارە ۲۵ی مـانگی فیوریـەی ۹۸۸ی رۆژنامـەی (سـەردەمی نـوێ)دا بڵاوکراوەتەوە.

ئێوارەی ۸۸/۲/۱۲ کـاك سـەید حەسـەنی هـاشمی و کـاك محەمـەدی قـادری کـەبۆ بەشـداری لـەکۆنگرەی فیدراسـیۆنی کۆمەڵـە کوردسـتانیەکان هاتبوونـە سـوید، منیشـیان بەسـەر کردبـۆوە میـوانی مـن بـوون، کـاك سـەید حەسـەن کەخەبـەری جیابوونەوەی هەڵنەبژێردراوەکانی کۆنگرەی هەشتی حیزبـی دیمـوکراتی پـێ بـوو، گوتی: پێم باشە ئەگەر یەکیان لەسـولەیمانی بێـت قسـەیان لەگـەڵ بکـەی و ئـەی، ئامۆژگاریەك، نازانم چۆنت پێ چاکە، خەراپ نییـە، تەلـەفۆنی مـاڵی سـەید برایمـی پـێ بـوو، گـوتی لەسـولەیمانی لـەماڵی سـەید برایمـی دەبـن، بەراسـتی تـەنیا لەبەرئەوەی نەکا کاك سەید حەسەن وا بیر بکاتەوە لەبەر پارەی تەلـەفۆن نامـەوێ تەلەفۆن بکەم، تەلەفۆنم کرد بۆ مـاڵی سـەید برایمـی لەسـولەیمانی گـوتم دەمـەوێ لەگەڵ کاك جەلیلی یا مەلا حەسـەنی رەسـتگار قسـان بکـەم، گـوتی مـەلا رەسـوڵ لێرەیە، ئەوانیتر هیچیان لێـرە نـین، تەلـەفۆنی دا بەمـەلا رەسـووی، دوای چـاك و

چۆنی مـەلا رەسـوو گـوتی: (ئەوانـەی وەلا نـراون دەیانـەوێ هـەر بـەناوی حیزبـی دیموکرات کار بکەن).

گوتم لەزمانی منەوە پێیان بڵێ ئـەو کـارەی نەکـەن و جیـا نەبنـەوە راسـت نییـە، ئەگەر هـەر جیـا دەبنـەوە بـا نـاوێکی تـر لـەخۆ بنـێن و رێکخـراوی تـازەی خۆیـان دابمەزرێنن و بەناوی حیزبی دیموکرات کار نەکەن.

مەلا رەسـوڵ گـوتی: (حەسـەن چـۆتە خـوارێ و کەسـیان لێـرە نییـە) کـاك سـەید حەسەنیش بڕێکی قسە کرد، دیار بوو ئامۆژگاریەکانی من بێ فایدە بـوون، چـونکە ئەوان مامۆستا و راوێژکاری زیرترین هەبوو!

رۆی ۸۸/۲/۱۳ ئەم نامەیەی مام غەنیم بۆ هات کە ۸۸/۲/۳ نوسیبووی:

(هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویستم کاك کەریم رۆژباش

سـڵاوی گـەرم و بـەتینی خـۆم و خێـزانم بـۆ خوشـکە خـەجیج و جـەنابت بـەهیوام لەرێبازی خزمەت بەئینسان و بەتاییـەت بەنەتـەوە زۆر لێکراوەکـەمان سـەرکەوتوو بی، کاتێك خێزانم هات دیارە پێش گەیشتنە لام هۆدەیەکی بەوێنەی (سا)یان پـێ دام کەجێگای دوو کەسـی بـوو، لەگـەڵ سـرویس و چشـتی پێویسـت و گوازتمـەوە هەڵبەت بـۆ موقـەت، تـا جێگـای یـەکجاریم بـۆ دیـاری دەکـرێ بەداخـەوە جێگـەی تەلەفۆنی هەیە بەڵام وەسڵ نەکراوە و هەر ئەوڕۆ و بـەیانی دەکـەن بـەڵام لام وایـە تا خانوی یەکجاریم پێ نەدەن بیری تەلەفۆنیان نییـە، خـانوی یـەکجاری دیـارە تـا مانگێکی تر رەنگـە... تەلەفۆنەکـەت بـۆ دەنوسـم بـەڵام هـەروەك خـۆت شـارەزای رایان گەیاندوە کەنابێ ئادرێسەکە بەکەس بـدرێ چـونکو مـن تـەنیا نـیم دیـارە تـۆ خۆت لەمەبەست دەگـەی و لای خـۆت دەمێنـێ، چـی بکـەین نهێنـی کاریـە و چـی لەگەڵ ناکرێ!

لەوانەیە کاك حەمەدەمین سەر و کەلەی لێرە پەیدا بێ بەڵام نازانم کەی، وردە وردە کارم کردۆتە سەر جەماعەت کەکاکی خۆم ئێوە بێ کورد و کوردستان قاچێکو لەقە بزانم چی تێ دەگەن بەهیوام وابێ منیش لەو سەنگەرەدا لەپێش هەموو شتا نەتەوەی زۆر لێکراوی خۆم لەبیرە و فەرامۆشی ناکەم هەروەك گشت چشتێکی ژیانم تا ئێستا بۆ تەرخان کردوە.

کاکی برا جلّدی دووی بیرەوەریەکانت گەیشتە لام خوێندمەوە و برادەرانی گەرمێن وەریان گرت و ئێستا لای وانە لەگەڵ خێزانم دوو قۆڵی خوێندمانەوە و بۆنی کوردەواری لەدێرەکانی دێ، بەهیوام جلّدەکانی تریش بگاتە دەستم، جوابی خوشکە مەرزەی جوانمەردم بەهۆی کاك حامیدی نارد‌ەوە و ئادرێسی برادەرێکم لەباکۆ بۆ هەنارد کەبەم ئادرێسە بتوانێ کابرای گۆرین پەیدا بکات ئەگەر دژی نهێنی کاری نەبێ وەك کابرا ئەڵێن ئەوا تەلەفۆنی منتان لەکوێ گیر هێناوە، دیارە بالاخرە دەستیان دەگاتە یەکتر، سەبارەت بەجەنابی شێخ عیزەدین بەهیوام ساخ و تەندروست بێت و بەعشّی باش ناسیبێ ئینشائەڵلا، نازانم جەماعەتی ١٥ نەفەری گورین چۆن هاتونە ئەوێ دیارە بۆنیان کردوە کەمەترسی هەیە یاخود چشتی تر دیارە جەنابت لەئێمە ئاگادارتری بێسیمی تۆ لەهی ئێمە باشتر کار دەکات، پێم خۆش بوو چۆنیەتیەکەی بزانم داخوا چییان لێ قەوماوە وا بەکۆڕ و کۆمەڵ هەڵوەدا بوون خێری تیا بێ، بالاخرە نەمزانی خوشکە خەجیج لاتانە یا لەصۆفیایە بەتەمام نامەی بۆ بنووسم وەڵامم بدەرەوە ئاخۆ هەر لەئادرێسی گۆرینە یان خێر، کاکی برا سوپاسی هەستی دۆستانە و رەفیقانە و هاوخوێنانەت دەکەم سەبارەت بە (ضبط) و شتی تر کەدەرحەق بەمن کۆتاییتان نەکردوە، دیارە (سەردەمی نوێ) کوردی و ئینگلیزیشم پێ گەیوە و هەردووکیان بۆ من بەکەڵکن و فرە بەهرەیان لێ وەردەگرم لەگشت بارەوە، سەرێکم دا لەمالّی برا

گەورە کابرایەك هەواڵی تۆی دەپرسی وتم دەی کێڵێ و بەقەدەری توانا ئاگامان لێك هەیە، ئیتر بەهیوای کامەرانی و سەرکەوتنتان، برات غەنی ۸۸/۲/۳).

سەفەر بۆ ئەڵمان

رۆژی ۹۸۸/۲/۲۳ لەسەر بانگێشتنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا لقی ئەڵمانی رۆژئاوا بۆ سیمینارێك لەسەر دووی رێبەندان و پێك هاتنی کۆماری کوردستان بەرەو ئەڵمان کەوتمەڕێ، رۆژی دوایی سەعاتی یەك گەیشتمە کۆڵن، کاك فەرەیدوونی میتران هاتبوە ئیزگەی قەتار و چووینە ماڵی ئەوان، شەو کاك سەعیدی بریفکانی و کاك جەمالی زاریع و کاك حەسەنی ماوەرانی هاتنە لام و تا درەنگ دانیشتنەکەمان بەباسی سیاسی گەرم داهێنا بوو، کاك قادر دیلان و گۆرانیش لەپراگەوە هاتبوون و ئەم نامەیەی مامە غەنییان بۆ هێنا بووم:

(هاوڕێی بەڕێز کاك کەریم، پاش رێز و سڵاو هیوادارم سەرکەوتوو بی، ئەوا کاك گۆران هاوڕێیەکی ناسراو کەلێرە لەفیستیوالّی ئاهەنگە سیاسیەکانی جیهانی لێرە شیرکەتی کردوە پێم خۆش بوو لەو بارەوە سوالی لێ بکەی چ کارێکی بەنرخی کردوە، ئەگەر پێویست بێ لە (سەردەمی نوێ)دا بڵاو بکرێتەوە، دەنگدانەوەیەکی باش بەقازانجی کوردەواریە، ضمننا ئەگەر ظبطەکەت هاوردوە ئەو برادەرە جێگای باوەڕی منە پێی بدە با بیهێنێ زۆر سوپاس چونکو لەسەو رۆین بوو بەپەلە ئەو چەند خطەم نووسی، ضمنا جێگای خۆیەتی بۆ جیژنی نەورۆز جەنابت مامۆستا شێخ عزەدین و کوڕی باشی جوان لەگەڵ خۆتا بهێنی بۆ ئەو فیستیوالّە من بەبرادەرانی خوێندکاری ئێرە کاك شێخ و ئەوانە دەڵێم لێتان بگێڕنەوە منیش ئەوا خەریکی پاسپۆرتم بەڵام بەداخەوە هیچم نییە نازانم چیم پێ دەکرێ، ئیتر هەر خۆش بی ۲/۲۷).

وەلامی نامەی مامە غەنیم دایەوە و ظبطـــێکی زۆر باشم هەبوو بۆم نارد و بەبۆنەی هاتنی خێزانی وەك دیاریەکی بچوکی برایانە ٥٠٠ دۆلاریشم بۆ نارد.

تەلەفۆنم کرد بۆ دکتۆر جەمیل شەرەف کەلەهۆڵەندە دەژیا، برادەر و دۆستێکی قەدیم و دەمێك بوو پێم خۆش بوو چاوم پێ بکەوێت، دکتۆر جەمیل هات و شەو پێکەوە بووین، لەسەر شەپی ئێران و عێراق باسێکی خەستمان بوو، دکتۆر جەمیل بەتەواوی داکۆکی لەسیاسەتی یەکێتی نیشتمانی دەکرد و تەنانەت گوتی: (حکومەتی ئێران لەگەڵ مام جەلال پەیمانی هاوکاری و یارمەتی ئیمزا کردووە)، هەوەڵجار بوو ئەوەم دەزانی، ئەگەر وابایە زۆرم پێ خۆش دەبوو کەبزووتنەوەی کورد بگاتە ئەم پلەیە لەگەڵ دەوڵەتێك پەیمان ببەستێ، بەڵام بۆم قوت نەدرا کەئێران لەگەڵ مام جەلال پەیمان ئیمزا بکات.

ئێوارەی ٩٨٨/٢/٢٧ سیمیناری دووی رێبەندان بەوتاری من دەست پێکرا، گەلێك پرسیار کران و برادەران بەشداریان کرد و شەوێکی خۆش و رێکوپێك بەڕێوەچوو.

رۆژی دوایە چوومە سەردانی مینا خانمی قازی کە ٣٠ ساڵ بوو نەمدیبوو، شەو چوومە خزمەت شێخ تەها و لەلای ئەو نانی شەوێمان خوارد و شەوێکی خۆشمان بردە سەر.

رۆژی ٩٨٨/٣/٣ چوومە بەرلین و میوانی کاك هوشیاری ئیمامی بووم، رۆژی دوایی گەڕامەوە بۆ سۆفیا، تا جێژنی نەورۆز بەقەولی برایانی کرمانجی سەرووی کوردستان لەگەڵ منداڵەکانم (پیرۆز بکەم).

کۆنگرەی ١٥ی یەکێتی خوێندکارانی جیهان، رۆژی نەورۆز (٢١/ مارسی ١٩٨٨)ی بەرۆژی پشتیوانی لەخەباتی گەلی کورد دیاری کردبوو، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردیش لەئەوروپا بڕیاری دابوو لەشاری کۆڵن لەئەڵمان بەبەشداری گەلێك لەکەسایەتییە کوردەکان و بێگانە و رێکخراوەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەورۆز بکات.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا لەرێکەوتی ١٩٨٨/٣/٥.
بەهۆی ئەم نامەیەی خوارەوە لێی گێڕابوومەوە کەلەئاهەنگی نەورۆزدا لەکۆڵن بەشداری بکەم، ئەمەش دەقی نامەکەیە:

(هەڤاڵی تێکۆشەر- کەریمی حسامی- سڵاوێکی شۆرشگێڕانە.
کۆمەڵەمان ئاهەنگێکی سیاسی- هونەری بەبۆنەی نەورۆزی پیرۆز، گەورەترین جەژنی نەتەوایەتی گەلەکەمان رۆژی هاوکاری جیهانی لەگەڵ میللەت و خوێندکارانی کورد، لەئەڵمانیای رۆژئاوا- کۆڵن- رۆژی ١٩٨٨/٤/١ ساز دەکات، زۆر پێخۆشحاڵین جەنابتان بەشداری لەم ئاهەنگەدا بکات و ئامادەبوونتان زیاتر ئەم بیرەوەریە رۆشن دەکاتەوە.
تێبینی: داواتان لێ دەکەین لەکۆڵن پەیوەندی بەم ژمارەی تەلەفۆنانەوە بکەن .....
لەگەڵ جوانترین رێز و سڵاومان- پراگ ١٩٨٨/٣/٥- سکرتاریەتی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا).

هەواڵێکی دڵتەزێن و کارەساتێکی سامناک

رۆژی ١٩٨٨/٣/١٧ هەواڵدەرەکانی جیهان هەواڵی داخدار و سەرسامهێنەری بۆمبارانی کیمیایی شاری هەڵەبجەی خواروی کوردستانیان بڵاو کردەوە، فڕۆکەکانی حکومەتی فاشیستی بەعسی لەماوەی چەند دەقیقەدا، بەپڕژاندنی گازی ژاراوی پتر لەپێنج هەزار کوردی شاری هەڵەبجەیان قڕ کرد، تەمی خەم و پەژارە کوردەکانی داگرت و نەورۆز لەکورد بوو بەتازیە و بەهاریان لێ بوو بەزستان.

٩٨٨/٣/٣٠ خوێندکارە کوردەکانی بولگاریا بەناوی نەورۆز لێک کۆبوونەوە، لەوێدا سەبارەت بەم جنایەتە سامناکە وتارێکم خوێندەوە، رۆژی ٣/٢٥ فەرەیدونی میتران تەلەیفۆنی کرد و هەواڵی لەتبوونی حیزبی دیموکرات و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ)ی پێ ڕاگەیاندم و داوای کرد کەگیر نەبم بچمە ئەڵمان..

ڕۆژی دوایی دکتۆر جەمشیدیش هاتبوە بەرلین و شەو لەماڵ سروشی کوڕی کاک جەمال خەزنەداری ماینەوە، کاک جەمالیش لەعێراقەوە هاتبوو، دیدارێکی خۆش و شەوێکی خۆمانەمان بردەسەر.

کاک هوشیاری ئیمامی تەلەیفۆنی کرد و گوتی: (برادەرێکی سازمانی فیدایی- ئەکسەریەت- لێرەیە و دەیەوێ چاوی پێت بکەوێ) کەچووم ئاغای فەتا پور بوو، بەیاننامەی (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ)ی پێبوو، هێندێ پرسیاری کرد و داوای بیروڕای منی کرد، گوتم بەرای من ئەوانەی جیابوونەوە لەبواری فیکری و سیاسی لەگەڵ جەماعەتی قاسملۆ هیچ جیاوازی و ناتەباییان نییە، من فەرقێک لەنێوانیاندا نابینم، دوور نییە ئەم جیابوونەوە دەستی خەڵکیشی تێدا نەبێ.

ڕۆژی ٨٨/٣/٢٩ لەگەڵ دکتۆر جەمشید سواری قەتار بووین بۆ کۆڵن و میوانی فەرەیدونی میتران بووین، بەڵام ماڵەکەی ببوو بەهوتێل، غەنی بلوریان و حوسێنی بەخشی و فەهد گەردەوان بەخاو خێزانیانەوە لەماڵی فەرەیدون بووین، شەو و ڕۆژی خۆشمان بەدانیشتن و خواردن و خواردنەوە و باسی سیاسی دەبردەسەر.

١٩٨٨/٤/١ ئاهەنگی نەورۆز بەبەشداری خەڵکێکی یەکجار زۆر لەژێر دروشمی (با خوێنی شەهیدانی هەڵەبجە بکەینە مەشخەڵی نەورۆزمان) دەستپێکرا، کاتێک غەنی بلوریان ڕابوو کەبپەیڤێ، کۆمەڵێک لەئێرانیەکانی چەپی خوارێ دژ بەحیزبی تودە کردیانە هەرا و داوایان کرد کەغەنی بلوریان دەبێ وەدەرکەوێ، فەرەیدونی میتران و کوڕەکانی دیکە بەتوندی بەدمیان دادانەوە و بێدەنگیان کردن.

پاشان لەژێر ناوی (نەورۆزی خوێناویدا) ئەم وتارەی خوارەوەم پێشکێش کرد کەلەلایەن بەشداربوانی ئاهەنگی نەورۆزەوە، بەگەرمی پێشوازی لێکرا، ئەمەش دەقی وتارەکەیە کەلەژمارەی ئەپریلی ١٩٨٨ی رۆژنامەی سەردەمی نوێ–شدا بڵاو کراوەتەوە:

(بستێکم نەدی لەم خاکە جوانە– خوێناوی کوردی پیا نەڕژابێ)

(یا چیایەکی ئەم نیشتمانە– هەزاران مێشکی تیا نەپڕژابێ)

کاتێک کۆنگرەی ١٥ی یەکێتی قوتابیانی جیهان لەکوبا بەهەوڵ و تێکۆشانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا بڕیاریدا کەنەورۆز بکرێ بەرۆژی پشتیوانی لەقوتابیان و خەباتی نەتەوەی کورد، نەیدەزانی کەرژێمی دیکتاتۆری بەعسی عێراق پێنج رۆژ پێش نەورۆز، لەکاتێکا گەلەکەمان لەکوردستانی خوێناوی لەنێوان شەڕە تۆپ و بۆمبارانی دوو حکومەتی دیکتاتۆر و شۆڤێنی و شەڕخوازدا، سەرەڕای وێران کردنی کوردستان و کوشتاری بەکۆمەڵی لاوانی کورد، بەکوێرایی چاوی دوژمنان خۆی بۆ ئاهەنگی نەورۆز ئامادە دەکرد، لەشکری داگیرکەری حکومەتی کۆنەپەرستی ئێران شاری هەڵەبجە داگیر دەکا و حکومەتی فاشیست و داخ لەدڵی عێراقیش دەیکاتە ئەنجەت و بیانوو، شاری هەڵەبجە و دەوروبەری بەچەکی کیمیایی و بەگازی ژاراوی کەلەیاسای نێودەوڵەتاندا بەکارهێنانی قەدەخە کراوە بۆمباران دەکا و هیرۆشیمایەکی دیکە لەکوردستانی خوێناوی لەشارەزووری جوان و رەنگین دێنێتەوە سەر لاپەڕی مێژوو، پتر لەپێنج هەزار کەس خەڵکی بێ تاوان و بێ دیفاع و ژن و منداڵی ساوا و پیرەمێردی کورد قڕ دەکا و جێژنی نەورۆز لەگەڵی کورد دەکا بەشین و شەپۆر و تازیە، ئەوەی حکومەتی عێراق لەهەڵەبجە کردوویە، ئەگەر لەگەڵ کات و زەمان و شەڕی نێوان دوو دەوڵەتی ژاپۆن و ئەمریکا بەراوردی بکەین، لەکارەساتی هیرۆشیما کەمتر نییە، چونکە گەلی کورد و

کوردستان چ پێوەندێکیان بەشەڕی نێوان ئەو دوو حکومەتە دیکتاتۆرەوە نەبوە، بەڵام ئەوان شەڕیان خستۆتە کوردستان و نیشتمانی ئێمەیان کردۆتە مەیدانی شەڕ و دەیانەوێ بەچەکی ژاراوی میللەتەکەمان لەناوبەرن، بەڵام لەسەر ئەوەشەوە ئەوەی جێگای داخ و کەسەر و رەخنە و ئیعترازی میللەتی کوردە ئەوەیە کەدەوڵەتە گەورەکان و حیزب و حکومەت و کۆڕ و کۆمەڵی دیموکرات و ئاشتیخوازەکان، لەئاست ئەم جنایەتە سامناکە و لەئاست کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی کورد، لەئاست سیاسەتی ژینۆسیدی رژێمی بەعسی عێراق بێدەنگ دەبن.

بێدەنگی لەئاست ئەو جنایەتەی کەئێمڕۆ حکومەتە دیکتاتۆرەکانی ئێران و عێراق و تورك لەگەڵ کوردی دەکەن، ریسوایی و شەرە بۆ مرۆڤایەتی و بۆ ئەو دادپەروەرییەی کەئیدیعای دەکەن.

راستە نەورۆزی ئەو ساڵ لەگەڵەکەمان بۆتە نەورۆزی ماتەم و شین، بۆتە بەهاری خوێناوی، بەڵام ئەشێ ببێتە هاندەری خەبات و تێکۆشانی بەگوڕتر، ئەشێ بیکەینە رەمزی یەکێتی و سور بوون لەسەر خەبات و راکێشانی سەرنج و پشتیوانی کۆڕ و کۆمەڵانی جیهان و نەوەستان تا گەیشتن بەئازادی و نەهێشتنی زوڵم و چەوسانەوە و جینایەت و خوێنڕێژی.

میوانانی بەڕێز، برایانی خۆشەویست! ئاهەنگی نەورۆزی ئەمساڵی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا بەداخەوە کەوتۆتە کات و رۆژێك کە ١٥ رۆژ لەکارەساتی داخداری هەڵەبجە و ٤١ ساڵیش لەئیعدامی پێشەوای گەلی کورد و هەوەڵین سەر کۆماری کوردستان قازی محەمەد و هاوڕێیانی رادەبرێ، رێگا بدەن با بەکورتیش بێ یادێکی ئەم رۆژەش بکەینەوە، باداخ و کەسەری لەداردانی پێشەوا لەگەڵ پرسەی شەهیدانی هەڵەبجە بکەینە سەرچاوەی قین و تورەیی و بێزاری دژی حکومەتی دیکتاتۆر و داگیرکەری کوردستان.

رۆژی ١٠ی خاکەلێوە رێکەوتی ٣١ی مارتی ١٩٤٧ یەکێك لەرۆژەکانی پڕ لەداخ و خەفەت و لەبیرنەکراوی مێژووی خەباتی گەلی کوردە، لەو رۆژەدا پاش دادگایەکی فۆرمالّ و دوور لەداد، قازی محەمەد سەر کۆماری کوردستان و پێشەوای گەلی کورد و سەدری قازی نوێنەری مەهاباد لەپارلمانی ئێران و سەیفی قازی وەزیری بەرگری کۆماری کوردستان لەمەیدانی چوارچرای مەهاباد لەداردران.

لەمێژووی خەباتی خوێناوی نەتەوەی کورددا زۆر لەرێبەرانی بزووتنەوە و لەقارەمانانی رێگای رزگاری بەدەستی دوژمنانی کورد کوژراون و لەسێدارە دراون و ناویان لەلاپەڕی مێژوودا تۆمارکراوە، گرنگی ئەم رۆژە و جیاوازی ئەم کارەساتە لەوەدایە کەئەمجارە سەرکۆماری دەولّەتێکی کورد بەتاوانی پێکهێنانی حکومەتێکی نەتەوەیی کوردی و راگەیاندنی دەسەلاّتی سیاسی کورد لەبەشێکی نیشتمانی لەت و پەتکراوی دا، بەدهۆ و پیلانی ئینگلیز و ئەمریکا و بەدەتی دوژمنانی مرۆڤایەتی لەسێدارە دەدرێت، هەر ئەو گرنگی و تایبەتیەیە کەرۆژی ١٠ی خاکەلێوەی کردۆتە رۆژی شەهیدان و پێشەوا قازی محەمەدیشی کردۆتە سەرقافلّەی شەهیدانی کوردستان، دوژمنانی گەلی کورد، نەیارانی ئازادی و سەربەستی گەلان نەیان دەتوانی ببینن لەبەشێکی نیشتمانی کوردان بنکەیەکی ئازادی و دیموکراسی دابمەزرێ و گەلی کورد لەگەلّ گەلانی دیکەی ئێران بەئازادی و لەئاسایشدا بژی، ئەوان بەخەیالّی خاوی خۆیان بەکوشتنی پێشەوا و رێبەرانی دیکەی گەلی کورد بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردیان مراند و هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری کوردیان خنکاند، بەلاّم نەتەوەی کورد نیشانیدا کەحیسابەکەیان هەلّە بوە، قازی وەك پێشەوایەکی هەلّکەوتوو لەبەرانبەر جەلادەکاندا بەقارەمانەتی لەئامانج و ئاواتی گەلی کورد دیفاعی کرد، دوژمنانی گەلی کورد، ئیمپریالیستەکان زۆریان هەولّدا کەقازی لەکردەوە و ئامانجی خۆ پەشیمان کەنەوە، بەلاّم ئەو بەسوێندی خۆی، بەئامانجی نەتەوەکەی وەفادار مایەوە، لەبەرانبەر هەڕەشە و تەماع دا بەچۆکدا نەهات و بەدنیای نیشاندا

کەپێشەوای گەلێکی نەبەز و خەباتگێڕی، قازی لەسەر وادە و بەڵێنی خۆی پێشوازی لەمەرگ کرد و شەهید کرا، بەپێچەوانەی ئاواتی دوژمنان ئامانجی قازی هەر مایەوە و زیندووە و هەتا دێ زیندووتر دەبێ.

گومان لەوەدا نییە هەروەك لەداردانی پێشەوا نەبوو بەهۆی کپکردن و سەرکوتکردنی جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، کوشتاری هەڵەبجە و جینایەتی حکومەتە دیکتاتۆرەکانی ئێران و عێراق و تورکیاش ناتوانن ئیرادەی میللەتەکەمان تێك بشکێنن و خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان بۆ گەیشتن بەئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستان سەرکوت بکەن، سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان).

دوای گەڕانەوەم لەئەڵمان رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) لەچەند ژمارەدا لاپەڕەکانی خۆی بۆ دەنگدانەوە و لەقاودانی ئەم جنایەتە سامناکە تەرخان کرد، لەژمارە ٢٧ ئەپریلی ١٩٨٨ی (سەردەمی نوێ)دا، ئەم وتارەی خوارەوە بەقەڵەمی کەریمی حسامی دەخوێننەوە:

(لەکارەسات مەزنتر.... ئەوەی لەسەرنجدانی شەڕی دوو حکومەتی کۆنەپەرست و شۆڤێنیستی ئێران و عێراقدا بەسەر گەلی کورد هاتوە، گەلێك لەکارەسات گەورەتر و داخدار تر، ئەوەی حکومەتی فاشیستی بەعس بەسەر شاری هەڵەبجەی هێناوە، هیرۆشیمایەکی پاش ٤٣ ساڵ لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دووپات دەبێتەوە، دیارە لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا، ئەوەی حکومەتی بەعسی عێراق لەکوردستان کردوویەتی رووی گشت رەگەزپەرست و فاشیستێکی سپی کردۆتەوە، بەڵام باسەکەی ئێمە لەسەر کارەساتی هەڵەبجەیە و هەرچی لەسەریشی بنووسرێ کەمە.

لەسالّی ١٩٣٥ کەلەکۆنڤانسیۆنی ژنیّڤ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی قەدەخە کراوە و پاش شەڕی دووەمی جیهانیش تا ئەمڕۆ گۆیا مرۆڤایەتی پل و پایەتی کەپێشگری لەبەکارهێنانی چەکی قڕکردنی بەکۆمەڵ بکا و نەهێڵی جارێکی تر کارەساتی هیرۆشیما دووپات بێتەوە، بەڵام رووداوەکان دەری دەخەن کەین و بەینی نێودەوڵەتان، وشە و ئاخافتنی پشتی میکرۆڤۆن، نووسینی سەر کاغەز و پێ هەڵشاخانی دیفاع لەمافی مرۆڤ و ئازادی و دیموکراسی هەمووی بەیت و باوە و تەقەڵایەکە بۆ پینەکردنی تاوان و جینایەتی ملهوڕ و زۆرداران، دەنا ئەگەر وانەبێ چۆن حکومەتێکی خوێنخۆر شارێکی ٧٠ هەزار کەسی لەوڵاتەکەی خۆیدا پەلامار دەدا و بەبۆمبی کیمیایی و بەگازی ژاراوی سینور و خەردەل لەماوەی چەند دەقیقەدا پێنج هەزار کەسی بێ تاوان قڕ دەکات و دەیان هەزار کەسیش بریندار و ئاوارە و سەرگەردان دەکات.

بەشێکی دیکەی ئەم کارەساتە ئەوەیە کەلەبەرانبەر ئەم جینایەتە سامناکەدا کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان بێ دەنگە و تەنیا لەهێندێ وڵات بێ ئەوەی ناوی حکومەتی تاوانباری بەعسی بێنن هەر بەقسە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی مەحکوم دەکەن، لەهێندێ وڵاتیش هەروەک هیچ نەقەومابێ و جینایەتێ: نەکرابێ قسۆڕ و قەپی لێدەکەن و هەرباسی ناکەن، رژێمی کۆنەپەرست و شەڕخوازی ئێرانیش کەلەم جنایەتەدا شەریکە بەشە، تەبلیغاتی پێوە دەکات و دەیەوێ لەسەر حیسابی خوێنی پێنج هەزار کوردی بێکەس و کار رووداوەکە بەقازانجی خۆی وەربگرێ، ئەوەیە چارەنووسی میللەتی ژێر دەست و بێ پشتیوان، چارەنووسی نەتەوەیەکی دەیانجار راپەڕیو، فیداکار و تێشکاو و بەڵام دەرس وەرنەگرتوو، ئەم باسە زۆری بەبەرەوەیە، ئەم هەویرە زۆر ئاو هەڵدەگرێ، ئەگەر بەوردی لەهەموو کون کاژێری مەسەلەکە بکۆڵینەوە و لێکی بدەینەوە، لەوانەیە لەلاپەڕەکانی رۆژنامەدا جێگایان نەبێتەوە، بەپێچەوانەی بیروڕای چەند کەس کەلەم بوارەدا بەدڵسۆزی نامەیان بۆ (سەردەمی نوێ) ناردوە، کاتی بەباکردنی

کای کۆن نییە، کاتی سەرکۆنەی ئەم و ئەو و پلار تێگرتنی کوێر کوێرانە نییە، کاتی تازیەگرتن و وەرە بەردان و بێ هیوای و ناهومێدیش نییە، نەتەوەیەکی بۆ سەریەستی تێبکۆشێ رێگای هەر ئەوەیە، هەرچی بێ، هەرچۆنی لێك بدرێتەوە، خەتابار و جنایەتکار و دوژمنی سەرەکی میللەتەکەمان هەر حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستانن کەدەیانەوێ هەرچۆنێك بێ نەتەوەکەمان لەناوبەرن، تاوانبار گەلی کورد نییە کەپیاوانە راپەڕیوە و بۆ وەدەستهێنانی مافی رەوای نەتەوایەتی خەبات دەکات، تاوانبار هێزە سیاسیەکانی کورد نین کەهەوڵ دەدەن بۆ سەرکەوتنی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد رێگا بدۆزنەوە جا با لەو هەوڵ و تەقەڵایەشدا تووشی کەند و کۆسپی ناهەمواریش بن، رێگای خەبات رێگایەکی دژوار و بەردەڵانە، تاوانبار و جنایەتکار دوو حکومەتی دیکتاتۆری ئێران و عێراقن کەشەڕی گەوجانە و خوێناویان خستۆتە کوردستان و بەهەر تك لا دەیانەوێ نیشتمانەکەمان خاپور بکەن و گەلەکەمان لەبەین بەرن، تاوانباری سەرەکی حکومەتی فاشیستی بەعسە کەچۆڵکردنی کوردستان و تواندنەوەی گەلی کوردی کردۆتە بەرنامەی سیاسەتی چەپەڵ و نەگریسی خۆی و ئەوە چەند ساڵە بەکردەوەش بەڕێوەی دەبات.

ئێستا کەسانی وا هەن دەڵێن ئەگەر ئێران نەچوبا نێو هەڵەبجە عێراق بۆمبارانی نەدەکرد، رەنگە ئەوە بەشێکی بچوکی مەسەلەکە بێ، بەشی سەرەکی جەوهەر و خاسیەت و سیاسەتی حکومەتی ئێستای عێراقە کەقەڵاچۆکردنی کورد و وێرانکردنی کوردستانی ئامانجە، باشە، خۆ سەردەشت خاکی عێراق نەبوو کەلەشکری بێگانە داگیری بکا، بۆچی بەچەکی ژاراوی بۆمبارانی کرد و بەهەزاران کەسی شەهید کرد و تووشی نەخۆشی و بریندار و ماڵوێرانی بوون.

بەڵای ئێمەوە کاتی ئەوەیە کەخوێنی شەهیدانی هەڵەبجە و هەموو کوردستان بکەینە چیمەنتۆ و کۆنکرێتی دیواری ریزەکانی یەکگرتووی گەلەکەمان و بیکەین بەقەڵایەکی ئەوتۆ کەجارێکی تر نە بۆمبای ژاراوی و نەفرۆفیێڵی رژێمە

کۆنەپەرستەکان نەتوانێ کاری تێ بکات و هەڵەبجەیەکی تر لەکوردستان دووپات کرێتەوە، کاتی ئەوەیە بەهەموو تواناوە جینایەتی ئەم دوو رژێمی کۆنەپەرستە لەقاو بدەین و داوای رەوای میللەتەکەمان بەدنیا بناسێنین، کاتی ئەوەیە بۆ رێزگرتن لەگیانی ئەو رۆڵە بێ تاوانانەی کەبەدەستی دوژمنانی کورد کوژراون بۆ یەکێتی هەوڵ بدەین و پشتی یەك بگرین و لەدووبەرەکی و ناو و ناتۆرەی بێ جێ کەدوژمنی پێ شاد دەبێ خۆ بپارێزین و نەبینە داردەست و قوڵە چۆماغی ئەو حکومەتانە کەدوژمنایەتیان لەگەڵ گەلی کورد و ئازادی و دیموکراسی جێگای گومان نییە.

دەبا کارەساتی دڵتەزێن و خەفەتباری هەڵەبجە ببێتە هاندەری پتری تێکۆشان و خەباتمان بۆ گەیشتن بەمافی رەوای نەتەوایەتی، بۆ رزگاری لەزوڵم و زۆرداری و چەوساندنەوە، با ببێتە دەرس و ئەرزمونی بەنرخ بۆ جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان).

دوای ئاهەنگی نەورۆزی کۆڵن لەئەڵمان، من هێشتا هەر لەوێ بووم، حامیدی گەوهەریش پەیدا بوو، لەماڵی فەرەیدون لەسەر لەتبوونی حیزبی دیموکرات و بەیاننامەی (رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) دەستمانکرد بەباس و لێکدانەوە، من هەر ئەودەم لەسەر ئەو بڕوایە بووم کەئەم جیابوونەوە ناکۆکی سیاسی و بیرووباوەڕی تێدا نییە و پتر مەسەلەی شەخسی و رەنگە هاندانی بێگانەشی تێدا بێ، فەرەیدون و حامید لایان وابوو هەرچۆنێك بێ دەسەڵاتی دیکتاتۆری قاسملۆ کەم کراوەتەوە و ئێمە پێویستە هەڵوێستێك بگرین، غەنی بلوریانیش جاروبار بەچەند وتەیەك بەشداری باسەکەمانی دەکرد، ئاخرەکەی هاتینە سەر ئەو بڕوایە کەئەگەری ئەوانەی جیابوونەوە بەرەسمی و بەنووسین بڕیاری دەرکردنی کادر و ئەندامانی حیزب هەڵوەشێننەوە و بەئەندامی حیزبیان بزانن، ئێمە پشتیان بگرین و هاوکاریشیان بکەین، ئەوەش بەبۆچوونی ئێمە مەنتیقی بوو، چونکە ئەوان

لەبەیاننامەکەدا رایان گەیاندبوو کەگەلێك لەکادر و ئەندامانی حیزب بەناهەق دەرکراون، کەوابوو ئەگەر راستیان دەکرد و بڕوایان بەوە هەبوو کەبەناهەق دەرکراون، دەبوایە بەر لەهەموو شت ئەم بڕیارە ناڕەوایە هەڵوەشێننەوە و دەرکراوەکان بەئەندامی حیزب بزانن کەلەکاتێکا خۆیان پێ حیزب و ئەوانی دیکەیان بەفراکسیۆن ناودەبرد، هاتینە سەر ئەو بڕوایە کەشتێك بنووسین و ئامادە بێ، هەرکاتێ ئەوان بەرەسمی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دەرکردنی کادر و ئەندامەکانیان جار دا، ئێمەش نووسراوەکەی خۆمان بڵاو کەینەوە، ئەگەر ویستمان هاوکاریشیان بکەین، دەقی نووسراوەکە من ئامادەم کرد و لێرەشدا بڵاوی دەکەمەوە بەمجۆرەیە: (ئێمە کادر و ئەندامانی حیزبی دیموکرات لەئەوروپا کەلەبەر سیاسەتی چەوت و دژی دیموکراتی رێبەرایەتی پێشوو لەحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دوور کەوتبووینەوە، پاش ئاگادار بوون لەهەڵوێستی بەشێك لەرێبەرایەتی حیزبی دیموکرات کەلەبەیاننامەی ١٣٦٧/١/١ (١٩٨٨/٣/٢١)دا بەناوی (حیزبی دیموکرات رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) بڵاوکراوەتەوە، بەپێویستی دەزانین هەڵوێست و بۆچوونی خۆمان بۆ گشت ئەندامانی حیزبی دیموکرات روون کەینەوە.

١- وەزعێکی کەئێستا لەحیزبی دیموکراتدا پێك هاتوە، بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجام و بەرهەمی کردەوە و رەوشت و سیاسەتی چەوت و دژی دیموکراتی و دیکتاتۆری دکتۆر قاسملۆ و دار و دەستەکەی کەچەند ساڵە دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەسەر حیزبدا سەپاندوە و دیموکراسی و یاسای پێڕەوی نێوخۆی حیزبی پێشێل کردوە، ئەم سیاسەتە چەوت و لادەرانە، هاوکات لەگەڵ لەژێر پێنانی دیموکراسی لەمەیدانی نەتەوەیی و نێو نەتەوەییدا، زیانێکی زۆری بەجوڵانەوەی کورد گەیاندوە.

٢- بەیاننامەی یەکی خاکەلێوەی ١٣٦٧ بۆ راست کردنەوەی رێباز و سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نکاتی موسبەت و لەباری تێدایە، ئەگەر

بـــەوردی و بـــەلێزانی و بەراســـتی بەڕێوەبچـــێ دەتوانـــێ حیزبـــی دیمـــوکرات و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەگێژاوی دەستکردنی دکتۆر قـاسملۆ رزگـار بکـا و بەقازانجی جوڵانەوە و پتەوبوونی ریزەکانی حیزبی دیموکرات هەنگاو باوێژێ.

٣- لەســەر ئــەو بنــەما و لێکدانەوەیــە بەشــەرتی ئەنجامـدانی نکـاتی موسـبەتی بەیاننامەکە هـاوەدەنگی خۆمـان لەگـەڵ ئـەو بەشـەی کەبـەناوی حیزبـی دیمـوکرات (رێبەرایـەتی شۆڕشـگێڕ) خـۆی ناسـاندوە رادەگـەیێنین و بەهـەموو توانـاوە بـۆ بـەهێزکردنی رێکخراوەکـانی حیزبـی و بـەرەو پـێش بردنـی جوڵانـەوە لەگـەڵ ئـەو رێبەرایەتیە هاوکاری دەکەین و پشتی دەگرین).

ئـەم مەبەسـت و ویسـتەمان بـەکاك رەحمـانی کـەریمزادە راگەیانـد کەلـەپاریس نوێنەریان بوو، چـاوەڕوانبووین بـەرەسمی هـەنگاو باوێـژن، بـەڵام چـونکە بڕوایـان بەنووسینەکەی خۆیان نەبوو، لەگشت چـەوتیەکانی حیزبـی دیمـوکرات دا شـەریکە بەشبوون، هیچیان لەم بوارەدا بڵاو نەکردەوە و یا بەئێمـەیان رانەگەیانـد، ئێمـەش نووسراوەکەمان گۆر کرد و تەنیا بۆ مێژوو لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە.

رۆژی ٩٨٨/٤/١٢ تەلـەفۆنم کـرد و لەئۆپسـالا چـوومە خزمـەت مامۆسـتا شـێخ عیزەدینـی کـەتازە تەشـریفی هـاتبۆوە، نـانی نیـوەڕۆم لای ئـەو خـوارد و لەسـەر بـارودۆخی کوردسـتان باسـێکی خەسـتمان بـوو، بەمامۆسـتام گـوت: (تـۆ وەك رێبەرێکی مەزهەبی سەبارەت بەو کارەساتە سـامناکەی هەڵەبجـە هیچـت نـەگوت، بەیاننامەیـەکت بـڵاو نـەکردەوە، خـەڵك چـاوەڕوانە جـەنابت لـەکاتی رووداوی ئـەوا گەورەدا هەڵوێستی هەبێ، بەتایبەت کارەساتی هەڵەبجە بۆ لێ بێدەنگبوون نابێ). مامۆستا فەرمووی: (کاك کەریم خۆت دەزانی لەهەموو کات و بارودۆخێکدا، نـاکرێ پیاو وەدەنگ بێت).

بـــۆم دەرکـــەوت کەمامۆســـتا بەراســـتی لەتێکۆشـــان ئـــەزموونی وەرگرتـــوە و هەلومەرجی وەدەنـگ هـاتن دەناسـێ و دەزانـێ کـەنگێ دەبـێ وەدەنـگ بـێ، جـا ئەگەر مامۆستا شێخ عیزەدین وەدەنگ هاتنی لەسەر بۆمبارانی کیمیـایی هەڵەبجـە

و کوشتاری پتر لەپێنج هەزار کوردی بەمەسڵەحەت نەزانیبوو، رێبەرێکی دیکەی مەزهەبی کەلەچنگ رژێمەکانی ئێران و عێراق ئاوارە ببوو، هیچ ئیدیعایەکی رێبەرایەتیشی نەبوو، بەبۆنەی ئەم جینایەتە سامناکەی حکومەتی بەعس، لەئەڵمانیا بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە و لەتوێی مەحکوم کردنی ئەم جنایەتە داوای لەخاچی سووری نێو نەتەوەیی و لەرێکخراوە خێرخوازەکانی جیهان کرد کەدەفریای میللەتی کورد کەون و یارمەتیان بگەیەننێ، داوای لەدەوڵەتانی جیهان کرد کەئەم جنایەتە مەحکوم بکەن، ئەم رێبەرە ئایینییە خوا پەرست و موسڵمانە جەنابی شێخی گەسگەسەك، سەید تەهای کەمالی زادە بوو.

رۆژی ٩٨٨/٤/٢٢ کاك ئازاد مستەفای رەحمەتی تەلەیفۆنی کرد و گوتی: پێم خۆشە چاوم پێت بکەوێ، کەچووم گوتی: (یادداشتێکمان نوسیوە دەمانەوێ بۆ باڵیۆزخانەی سۆڤێتی بنێرین، پێم خۆشە تۆش ببینی).

گوتم کارێکی زۆرباشە، لام وایە لەبارودۆخی ئێستادا، لەهەر رێگایەکەوە بێ، پێویستە تێکۆشان بۆ رووبەرووکردنەوەی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی جیهان و لەقاودانی جنایەتی سەددام گورج و گۆڵ بکرێ، لەگەڵ باسکردن گوتی: (ئێمە دەستمان داوەتە کارێك، سەنەد و بەڵگەی زۆر کۆکردۆتەوە، برادەرێکمان لەبەریتانیا لەم بوارەدا کاری زۆر کردوە و خۆشم ئەوەی لەتوانامدا بووبێ نووسیومە، دەمانەوێ بۆ پاك کردنەوەی پاسۆك لەهێندێ بیروباوەڕی چەوت و وێشکەرۆ کتێبێك بڵاوکەینەوە، بەڵام ئیمکانی چاپکردنمان نییە، داخوا (سەردەمی نوێ) دەتوانێ بۆ چاپی ئەم کتێبە یارمەتیمان بدات؟ یارمەتی دەبێ بەراستکردنەوەی سیاسەتی حیزبەکەمان).

گوتم بۆ یارمەتی بەحیزبەکەتان و سەبارەت بەشەخسی تۆ، ئێمە هەزار دۆلارتان یارمەتی دەکەین، زۆر شاد بوو گوتی: (حیزبی ئێمە ئەم یارمەتیە قەت لەبیر ناکات).

دوای چەند رۆژ کەچوم چەند برادەری لەکن بوون، بانگم کردە دەرێ و پارەکەم دایە، رۆژی ۹۸۸/٥/۲۱ کاك ئازاد هاتە مالّی دکتۆر جەمشید و لەنووسینی هێندێ قسەی پرۆپۆچ و بوختانی گۆڤاری (مامۆستای کورد) زۆر تورە بوو، وتارێکی توند و خەستی لەوەلّامی گۆڤاری ناوبراودا نووسیبوو، بۆی خوێندینەوە و گوتی بەتەلیفۆن بەسەر فەرهاد شاکەلی داهاتوم و پێشم گوتوە وتارێکم نووسیوە دەبێ چاپی بکەی، پاشان کەخۆم لە(سەردەمی نوێ)دا وەلّامێکی ئەم بوختانە بێشەرمانەم دابۆوە، کاك ئازادی رەحمەتی بەدکتۆر جەمشیدی گوتبوو: (من وتارەکەی خۆم سەحب دەکەمەوە) هەستم کرد لەبواری ئانتی کۆمۆنیستیدا پێوەندیەکە بەهێزە، ئیتر من مەسەلەی سەحب کردنەوەکەم بەچاوی دانەداوە.

لەمانگی مای ۱۹۸۸دا، نامەیەکمان سەبارەت بەبارودۆخی شپرزەی کوردستان بۆ سەر کۆماری سۆڤێت و ئەمریکا نووسی، نێزیکەی ۲۰ کەس لەزانا و دکتۆر و شاعیر و هونەرمەند و نووسەرانی کورد لەئەوروپا ئیمزایان کردبوو، نامەکەمان کرد بەئینگلیزی و ناردمان بۆ بالّیۆزخانەی سۆڤێت و ئەمریکا،

دەقی نامەکە لەژمارە ۲۸ی مانگی مای رۆژنامەی (سەردەمی نوێ)دا بلّاو کراوەتەوە.

کارەساتی هەلّەبجە هەناوی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازی هەژاند، لەم بوارەدا نامەی داخداری و دلّسۆزی زۆر بۆ (سەردەمی نوێ) دەهاتن و بلّاو دەکرانەوە.

۱۹۸۸/٥/۲۰ ئەم نامەیەی خوارەوەم لەلایەن برای بەڕێز دکتۆر جەمیل شەرەفەوە پێگەیشت:

ماستریخت ۱۹۸۸/٥/۱٥، برای خۆشەویستم کاك کەریم.

دەستەکانت دەگوشم و چاوەکانت ماچ دەکەم.. لەمانگی مارت (۳) بۆ ماوەیەك لەماڵ نەبووم، لەوکاتەی کەتۆ تەلەفۆنت بۆ کرد بوو لەبەرلینەوە، بەداخەوە

یەکترمان نەدیت، ژمارەکانی (سەردەمی نوێ)م پێ دەگەن، زۆر سوپاس... هەروەك خۆشت لەنووسینەکانتا دەری دەبڕی، کوردستانی عێراق کەوتۆتە ژێر دەستی قەسابێکی بێ ویژدان و بێ هەستی وادا کەتەنها لەنێوان کاریەدەستانی کامپەکانی نازیەکان لەئاوشرڤیك و بوخونوالد نمونەی دەدۆزرێتەوە، راستە پوتی کامبوجیا ملیۆنها کەسی هاونەتەوەی خۆی کوشت و لەناوبرد بەناوی ئیدۆلۆژیەکی (چەپڕەوی)، بەڵام وەك ئەم حەیوانە شێتەی عێراق بەڕەوە خەڵکی بەغازی ژەهراوی نەدەکوشت و مەبەستی ئەو قەڵاچۆکردنی وڵاتەکەی خۆی نەبوو هەروەك (سەدام حوسێن) مەبەستیەتی، کاکە کەریم بەراستی لەم کارەساتە و یا هەروەك تۆ دەڵێیت (لەکارەسات مەزنتر) بەتەواوی گێژ بوومە و خۆم و یا خۆمان (هەموو کورد) بەبێ دەسەڵمی دێتە بەرچاوم و زۆر دوورین لەوەی کەپلەی خەبات کردنمان لەدەرەوەی وڵات بۆ پاڵپشتی کردنی جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان بەرادەی پێویست بگەیەنین... دیارە ئەم بێ دەسەڵاتیە یا دەبێ خەتای خۆمان بێ بەگشتی و یا بەهۆی نەزانی خۆمان دایە کەچۆن بەرهەڵستی ئەم جۆرە وەزعە بکەین و یاوەخود دەبێ خەتای دنیا بێت کەئێمە و جوڵانەوەکەمان بەهیچ نازانێت، ئەگینا- بۆ نمونە- لەهۆڵەندا دەوری ٥٠٠٠ مراوی مردن بەهۆی رژانی نەوت لەپاپۆرێکی بێگانەوە، رادیۆ و تەلەڤیزیۆن زیاتر لەدوو هەفتە گوێی هەموو کەسیان پڕ کرد و خەڵکی هۆڵەندا ئەوپەڕی بەزەیی خۆی پیشان دا بۆ ئەم (کارەساتە)... و سەدەها نمونەی تر... بەباوەڕی من خەتایەکە لەئێمەشەوەیە و لەئەوانیشەوەیە، خەتای ئێمە: باسێکی زۆرە، دەگەڕێتەوە سەر بنچینەی پەروەردەکردنمان کەخۆی چ لەبۆچوونی جیاواز دیار دەخات و یا خۆی لەخۆ دوورخستنەوە لەجوڵانەوە دەردەخا.

بەڵام خەتای بێگانە تەنها لەوەدا دەبینرێت کەمەسڵەحەتی مادییان خستۆتە پێش هەستی ئینسانی و بیروڕای ئینسانی، لەوڵاتانی سەرمایەداری ئەم شێوەیە زۆر بەباشی دیارە، دەبینین چۆن ئەم شیرکەت و سازمانانەی ئەوروپی لەژێر

پـەردەدا ئاگرەکـەی نـاو ولاتـی ئێمـە خـۆش دەکـەن بـۆ ئـەوەی قازانجیـان زیـاتر دەست کەوێت لەسەر حیسابی خـوێن و لاشـەی خـەڵکی بـێ تـاوانی کوردسـتانە و هەرچـەندە دەزگـا سیاسـیەکانی ئـەورووپی نـاوە نـاوە ئەگـەر مـەجبور بـن ئـەوا نـارەزایی دەردەبـڕن دەربـارەی ئـەم وەزعـەی کوردسـتان، بـەڵام هەمیشـە لـەو دەربڕینەشدا دەیانەوێت (مەسڵەحەتی) خۆیان بپـارێزن... ئێمـەی کـورد هاوارمـان بۆ هەموو دنیا کردوە، بەڵام بۆ فریا کـەوتنمان کـەس لەکۆمـەگ نایـە و یـا بـەنیوێ چڵێ بەفریا دەکەون، زۆر حەقمانە نارەزایی خۆمان دەربڕین بەرامبـەر بـەم وەزعـە لەوڵاتانی سـەرمایەدار، پـێش ماوەیـەك وەفـدێکی یەکیـەتی نیشـتمانی کوردسـتان چوونە سەر پەرلمانی ئەورووپی، تا رادەیـەك توانیمـان تەئسـیر بکەینـە سـەریان و چەند بڕیارێکیـان دەرهێنـا کـە (ئیدانـەی) عێـراق دەکـات بـۆ بـەکارهێنانی چـەکی کیمیاوی و ژەهـراوی بەرامبـەر بـەکورد و هـەروەها قەڵاچـۆکردنی کـورد لـە عێـراق و..هتد بەڵام هەتا ئـەو بڕیارانـەش لـە (میـدیا) زۆر بەکـەمی گرنگـی پـێ درا و بـڵاو نەکرایەوە تەنها لەچەند شوێنێك نەبێت، ئەمە وڵاتانی سەرمایەدار، خۆ ئێمـە زیـاتر حەقمانـە لۆمـە لـەوڵاتانی سۆسیالیسـت بکـەین چـونکە بەدۆسـتی خۆمانیـان دادەنێین، کوان؟..... کام وڵاتی سۆسیالیست ئـەو لەکارەسـات مـەزنترەی ئیدانـە کرد؟ کام حیزبی کۆمۆنیسـت نـارەزایی خـۆی دەربـڕی؟ کوانـێ بـیرورای مارکسـی لینینـی؟ کـوان پێشـکەوتنخوازان؟ لەبـەر چ هۆیـەك سـۆڤێت چـەك بـەعێراق دەدات؟... ئـەوە بـا بڵـێین چـەك دان چـاوی لێ بپۆشـین ئـەی باشـە کارخانـەکانی غازی ژەهراوی و چەکی کیامیاوی لەسـامەڕا و شـوێنی تـر کـێ چـاوەدێری دۆسـتە سـۆڤیەتیەکانمانن و ٣٠ خـەبیری سـۆڤێتی– ناوەکانمـان لایـە– لـەوێ ئـیش دەکەن!! با بڵێین ئەمەش درۆیە، بەڵام بۆچی هەتا خەبـەر و رەسمـەکانی شـاری هەڵەبجە لەهیچ رادیۆ و تەلەڤیزیۆنێکی وڵاتانی (دۆست) بڵاو نەکرانـەوە؟ هـەروەکو شتی وا هەر رووی نەدا بێت؟ لەمەش سەیرتر لەمۆسکۆ وا بڵاو کراوەتـەوە لـەنێوان پێشـکەوتن خوازەکـانی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت کەئـەم کارەسـاتە خـەتای

کوردەکانە... وەکەسێك لەوانە ناڕەزایی خۆیان دەرنەبڕیوە... ئەمجار وەرە دڵت خۆش بی بەدۆستی وەفادار.

کاك کەریم... ئێمە کەخۆمان پێشکەوتنخواز دەزانین ئەرکێکی ئەساسیمان کەوتۆتە سەر کەئەم چەوتیە نەیەڵێن، ئەگینا ئەگەر وا بڕوات (دۆستە)کانمان دەبنە دوژمن... من کەئەمە دەڵێم تەزینم بەلەش دادێت، چونکە ئەو وڵاتانەی کەجێی شانازیمن چۆن لەدڵم بێت بیانکەمە دوژمن، بەڵام ئایا چ گفتێکی تر بدۆزمەوە بۆ ئەم مەسەلەیە، خۆ ئەگەر پشتمان نەگرن و مەسەلەکەمان لەباوەش نەگرن و یارمەتیمان نەدەن، دەبا هیچ نەبێت لەناوەند بوەستن و چەك نەدەن بەدوژمنەکانمان و یا کەدەیدەن بەوان با کۆمەکی ئێمەش بکەن وەك دەوڵەتە بازرگانەکانی ئەوروپا کەدەربارەی عێراق و ئێران دەیکەن، بەڵام چەکدان بەدوژمنان و پشت لێ کردنیان لەجوڵانەوە و هەتا گەلەکەشمان بەم شێوەیە کەهەتا خەبەری هەزارن ژن و منداڵی ساوا و لەزگی دایکیاندا کوژراون بەچەند دەقیقەیەك بەغازی سیانید چ لەهەڵەبجە و یا لەدەها شوێنی تر کەئێران زۆر لێشیەوە دووەرە، نەیەڵن لەرۆژنامە و تەلەڤیزیۆندا بڵاو بکرێتەوە، بەراستی ئەمە هەڵوێستێکی چەقاوە سویە، ئەگەر ئەم مەسەلەیە بەسیاسیش نەگرن خۆ دەبایە لەرووی ئینسانیەوە سەیری بکەن کەهەتا مارگریت تاچەریش خۆی پێ رانەگیرا و رەتی کردەوە، ئەی دەباشە ئێمەی لێ قەوماو پەنا بۆ کێ بەرین؟

کاکە کەریم من تۆم خۆشدەوێ و دەزانم کەتۆش بەپەرۆشی وەکو من بەڵام من تۆ بەنێزیکتر دائەنێم بۆ ئەم کار بەدەستانە و ئەم حیزبانەی لەوڵاتانی سۆسیالیست کار بەدەستن، دەبا ئەم ناڕەزاییەی ئێمەی کورد لەو وڵات و حیزبانە بەگوێیان رابگەیەنین بەڵکو بەفریامان بکەون و هیچ نەبێ پاڵپشتی دوژمنەکانمان نەکەن، کوردستانی خواروو نیوەی قەڵاچۆ کراوە با هەمووی نەبێت، ئەمە هەندێك لەو داخەی لەدەروونمدایە بۆم رشتی، بەڵام بەپەلە بۆم نوسیوی و حەزدەکەم بیروڕات بزانم لەم مەسەلەیە و بەچاوێکی فراوان سەیری بکەین.

سـلاّوم بـۆ کـاك جەمشـید و برادەرانـی ترتـان هەیـە، خۆشـیتان، بـرات جـەمیل شەرەف).

مانگی ٩٨٨/٦ کۆمکار، (رێکخراوی کوردەکانی تورکیـا لەئـەڵمان) بەنامەیـەك لێـی گێڕابوومەوە کەلەکۆنگرەی سالاّنەیاندا بەشداری بکـەم، رۆژی ٩٨٨/٦/٢٣ چـوومە کۆڵن و رۆژی دوایـی لەگـەڵ فەرەیـدوونی مـیتران چـووینە کـۆنگرە و دوای دوو رۆژ هاتمەوە بەرلین و رۆژی ٦/٢٩ بەرەو سـوید کەوتمـەرێ، کاتـێ قـەتار گەیشـتە نێـو پاپۆڕ، منـیش وەك خـەڵکی تـر چـوومە سـەرێ، هـەروا دەسـوڕامەوە سـەیرم کـرد جەماعەتێك دانیشتوون و بەکوردی دەپەیڤن، چوومە پێش سێ کەسـیان قوماریـان دەکـرد و ژن و منـدالّ و چـەند کەسـی تـریش لـەدەوریان کۆببوونـەوە، لەپـەنایان وێستام، یەکیان بەسویدی گوتی: فەرموو دانیشە، بەکوردی گوتم: سوپاس، هـەروا سەیر دەکەم.

– کەوایە فەرموو یاری بکەین.

– نایزانم، قەت یاریم نەکردوە.

لەپڕ یەکیان گوتی: تۆ فلاّن کەس نی؟

– بەڵێ هەوم.

یـەکی تریـان کەلـەئاخافتنی دیـار بـوو سـنەییە پا بـوو لـەئامێزی گـرتم و گـوتی نووسراوەکانی تۆم خوێندۆتەوە و موشتاقی دیدارت بووم، جێگایان بـۆ کردمـەوە و دانیشتم، برادەرێکیان گوتی:

– من ناوم جەمیلی مەحمود بەگە و خەڵکی سولەیمانیم.

ئەویتریان دەرکەوت هەولێرییە و ناوی دکتـۆر خەسـرەوە، کـاك جـەمیل گـوتی: بـا وێسکیت بۆ بێنم.. چی تر دەخۆیەوە؟

– سـوپاس هـیچ ناخۆمـەوە و پـێم خۆشـە سـەیری قومارەکـەتان بکـەم دکتـۆر خەسرەو بوتڵێکی وێسـکی پێبـوو، جاروبـار لـەجانتای دێنـا دەرێ، قـومێکی پێـدا دەکرد و دەیخستەوە نێو جانتا، کاك جەمیل هەستا چوو بیرەیەکی هێنا و گـوتی:

دەبێ شتێك هەر بخۆیەوە، قومار و دانیشتنەکە خۆشبوو، تازە هەواڵی وێستانی شەڕی ئێران و عێراق بڵاو ببۆوە، ئەوانیش نیگەرانی و پەژارەی چارەنووسی کوردیان تێکەڵ بەوەرەقەکان دەکرد و لەنێو پاپۆڕ و لەدەریای باڵتیکەوە لەقوماری پۆکەردا رێگای چارەنووسی کوردیان دەست نیشان دەکرد، بیروڕا و پێشنیاری جۆربەجۆریان دەردەبڕی، بەداخەوە نەکرا دەقی قسەکانیان یادداشت بکەم و بۆ سەرگەرمی خوێنەرانی بەڕێز لێرەدا بڵاویان بکەمەوە.

لەپڕ لەسەر هاتنە خواری وەرەقێك لێیان بوو بەقڕە، کاك جەمیل دەیگوت: (من ئەوە ٤٠ ساڵە پۆکەر یاری دەکەم، لەتەمەنی حەوت ساڵیەوە یاریم کردوە) قسەی وەڕاست دەچوو، چونکە کوڕێکی لەگەڵبوو لەتەمەنی ١٢ ساڵیدا، هات لەجێگای باوکی دانیشت و یاریەکەی درێژە پێدا.

کاك جەمیل ئیسراری بوو کەبچم میوانی بم، دەیگوت لەلوند دەژیم، رۆژانی شەمۆ دەتوانین بێینە نێو پاپۆڕ، هەم سەیرانێکە و هەم هێندێ خواردنەوەی هەرزانیش دەکڕین، یاریەکەیان تەواو بوو، رابووم کەبچمەوە نێو قەتار، برادەری سنەیی گرتمی، لەپێشدا خۆی ناساند: (سەرهەنگ نەبی ئیبراهیم پور) پاشان گوتی لەستادی ئەرتەشی ئێراندا لەبەشی پێوەندی لەگەڵ کوردەکان کارم هەیە، چەند جار چوومە نێو شۆڕشی کوردستانی عێراق، بەکورتی نێزیکەی دوو سەعات قسەی بۆ کردم و بیرکردنەوەکەی هەر وەك ئەفسەری زەمانی شا وابوو، قەتار لەپاپۆڕ هاتە دەرێ، لێك جیابوونەوە و لەکوپەکەی خۆم لێی نوستم.

کاتێ گەیشتمەوە ستۆکهۆڵم ئەم نامەیەی خوارەوەم لەلایەن کاك حەسەنی ماوەرانییەوە بۆ هاتبوو کەوا لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە

کاك حەسەن دوای ئەحوالپرسی نووسیبووی: (لەمێژە لەدەرفەتێك دەگەڕام تا نامەیەك بنووسم، بەڵام بەداخەوە هێندێك لەدڵ و دەماخ کەوتووم، بەتایبەت

لـەئاکاری کۆنەپەرستەکانی خۆمـان، بەهـەر جـۆر هێـزێکم دا بـەخۆم و گـوتم بـا نامەیـەکت بـۆ بنووسـم وێـڕای هێندێ دەردی دڵ خەبـەرێکی خۆشـت بـدەمێ.... دەردی دڵیش بڵێم چی؟ خۆت لەمن چاتر دەزانی کەئێستا پـتر لێقـەوماوین، چـەند خەبەرم هەیە کەباشترە بۆت بنووسم..

یەکـەم: مـام جـەلال دوو جـار لەگـەڵ نوێنـەرانی ئـەمریکا وتوێـژی هـەبوە، بەقسـەی..... دەبـێ سـێ دەوڵـەتی گـەورە وادەی پاڵپشـتی لەدامەزرانـدنی کوردستانێکی سەربەخۆیان دابێ بەیەکێتی، بەڵام دیارە ئەم وادانـە لەبەسـتنەوە و راکێشـان بـۆ لای خۆیـان زیـاتر نـەبوە و نابـێ، لـەبارەی وتوێـژی مـام جـەلال، عێراقیـەکانی لایـەنگریان دەڵـێن لەسـەر گوناهبـار کردنـی چـەکی کیمیـایی زۆر رۆیشتوون.

دوهەم: کـاك جـەلیل خەریکـە سـەرلەنوێ دەچـێتەوە نێـو شـورای رەجـەوی و بـۆ یارمەتی کردنیان رەجـەوی پارەیـەکی زۆری داونـێ، سـەبارەت بـەئێوەش وادیـارە بەکەیفی موجاهیدین نییە کەپێوەندیتان لەگـەڵ بگـرن، دیـارە هـەم موجاهیـدین و هەم عێراقیش لەم بابەتە تۆندن کـەنابێ کەسـانی شۆڕشـگێڕ پێوەنـدیان بەوانـەوە هەبێ، لەکوردستانی ئێرانیش وەك دەزانی خەڵك تا رادەیەك دامرکـاوە و جوڵانـەوە لەکزی دایە، هەرچەندە کەئەمڕۆ ئێران زۆر لـەبارە بـۆ کـاری سیاسـی بـەڵام هێـزی چەپ بەگشتی لەمەیداندا نییە، هـەموو بەڕێوەبـەرەکان خـەریکی یـەکتر خـواردنن، بەتایبەت لـەناو ئێمـەدا، نـاوێرم زیـاتر بنووسـم مـەبادا لەبیرەوەریەکانتـدا لەچـاپی دەی! بۆ گاڵتـە، بەراسـتی وەزعێکـی شـپرزە لەهـەموو لایەکـەوە هەیـە، هێزێکـی زۆری کورد بێ کەڵك ماوەتەوە، بیروباوەڕیـان نـەماوە بـەو رێکخراوانـەی کەتێیانـدا بوون... دیارە ئێوەش وەك کەسایەتیەکی کـورد ئەمانـەتان لەبەرچـاوە، زیـاتریش قورسـایی کارەکـەتان خسـتۆتە سـەر رۆژنامەکـە، رۆژنامەکـەتان زۆرباشـە، بـەڵام بەتەنیایی رۆژنامەیەکی ئاوا فرە گر ناتوانێ وەڵامدەرەوە بێت هەرچـەندە کـارێکی زۆر گەورەیە، دەزانی کەمامە و خاڵەش بەستراونەوە.. (مەبەستی غەنی بلوریـان و

حەمەدەمینی سیراجییە) مەلا حەسەنیش شەهید بوو، کاك عەلیش بەدەردی دیکە... بۆیە دەبێ هێندێ، بۆ ئێوە زەخت بێت و دەست بەکار بن، جا چۆن؟ ئەوجار کەبەو لایەدا هاتنەوە پتر قسەی لێدەکەین، من تێدەکۆشم لەگەڵ فەرەیدون و کوڕە کوردەکانی ئێرە زیاتر بدوێم بەتایبەت کەدەمەوێ پاش وەرگرتنی پاسەکە بۆ ناوەند بڕۆم، ئیتر لەمە زیاتر وەختت ناگرم، هیوادارم خەتەکەم بخوێنیەوە، زۆر ناحەزە، بەهیوای دیتنەوەتان، حەسەن ماوەرانی ٨٨/٦/٢٧).

وەستانی شەڕی ئێران و عێراق و چارەنووسی کورد

٩٨٨/٧/١٨ حکومەتی ئێران بڕیاری ژمارە ٥٩٨ی شورای ئەمنیەتی لەمەڕ وەستانی شەڕ قبوڵ کرد و خومەینی بەمل راکێشان بۆ راگرتنی شەڕ، جامی ژاری خواردەوە! ژمارە ٣١ی مانگی گەلاوێژی ١٩٨٨ی رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) هەموو لایەڕەکانی بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی وەستانی شەڕ و ئاکامی بۆ مەسەلەی کورد تەرخانکرد و هەڵوێستی رەسمی هێزە سیاسیەکانی کوردی لەم بارەوە بڵاو کردەوە، دوای وەستانی شەڕی عێراق و ئێران، حکومەتی فاشیستی بەعس بەهەموو توانا و بەچەکی مۆدێرن کوردستانی پەلاماردا و لەکوشتار و سووتاندن و وێرانکردنی کوردستان دەستی نەگێڕاوە، رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) ژمارە ٣٢ خەرمانانی ٩٨٨ جنایەتی سەدام و دەنگدانەوەی کوشتاری خەڵك و بۆمبارانی کوردستان و ئاوارەیی خەڵکی لەلایەڕەکانی خۆیدا بڵاو کردەوە.

دوای شەڕ وەستان و هێرشی لەشکری عێراق بۆ سەر کوردستان و بۆمبارانی ناوچەی هەولێر و بادینان، کوردەکانی دانیشتووی سوید لەبواری خۆپیشاندان و مانگرتن و هاوار و دەنگ دەربڕین چالاکیەکی گەورە و بەرچاویان نیشاندا، کۆمەڵێکی زۆر لەکوردەکان لەپێش دەفتەری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان مانیان گرت، پتر لە ٣٠٠٠ هەزار کەس کورد لەسەرانسەری سوید، لەشارە

دوورەکانەوە هاتنە ستۆکهۆڵم و دژی جنایەتی حکومەتی بەعس خۆپیشاندانیان دەست پێکرد.

٩٨٨/٨/١ ئەم نامەیەی خوارەوەم لەلایەن غەنی بلوریانەوە پێگەیشت:
(هاوڕێی بەڕێز کاك کەریم رۆژتان باش، سڵاوم هەیە بۆ جەنابت و کاك دکتۆر جەمشید و فەهد و هی تر، دیارە ئاگاداری شەڕە شەپی ئەو لایە هەی، کوردەکانی شوێنی دانیشتنی کاك دکتۆر رەحیمی قازی لەو شەڕە شەپەدا دەستی بااڵیان هەیە، بۆ ماوەی مانگێك من لەگەڵ خێزانم چوومە ئەولا، جارێ کارەساتەکەمان خستۆتە رێبازی سازمانی تا بزانین چی پێ دێت، دیارە کارەساتی مااڵی برای گەورە خۆی خزاندۆتە پاڵ جێگای تریش و ئێمەش بێ بەش لەو تەئسیرە نین بەتەمای سەرکەوتن، لەبەر ئەو سەر ئاڵۆزیە دەرفەتم نەبوو نامەت بۆ بنووسم، بەاڵم رۆژنامەکەت هەروا دێت، ئەوا ئاخرین ژمارە کەوتاری کاك عەزیزی تیا بەدەستم گەیشت و ژمارەیەکی پڕ بەرهەمە بەهیوام هەروا سەرکەوتوو بن، داوایان لێ کردم کەلەکۆبوونەوەی بەرلین دا بەشدار بم، بەاڵم نازانم دەرفەتم دەبێ یان نا چونکو لای خۆمانیش بەگۆنگەڵە، دیارە خەبەری شەڕی ئێران و عێراق لای تۆ زۆرە و نووسراوەکەت دیاری دەدا و دەشزانی ئاکامی رێك کەوتنەکەش چییە، بەهیوام بۆ کورد خێری تیا بێ گەرچی ئاسۆ زۆر تاریکە، ماوەیەکە لەکاروباری کوردەکانی لای خۆمان– ئێران– بێ خەبەرم، نازانم چیان بەسەر هاتوە و هیچ نووسراوە و خەبەری وانم دەست نەکەوتوە، بەهیوام ئەگەر چشتێك هەبێ بۆمی بنووسی با لەو چااڵوەدا منیش تۆزقاڵێك لەلایەن هاوڕێیانی کوردەوە لەشت ئاگادار بم چونکو ئەوانەی ئێمە لەو بارەوە گێرەیان لەهەولێر دەگەڕێ هەروەك هەمیشە فێرن ئەگەر شتێکیش هەبێ حاشاری دەدەن گوێا ئەوە کاری نهێنین لەگەڵ خۆیش، ئیتر هەرێژی بەبەختەوەری و ماڵ و منااڵ هەر ساخ و سەرکەوتوبن، ئەوە تازە پاش شەش مانگ خانویەکی تازەیان دوو وەتاغ

و ئاشپەزخانەیەك تەحویل داوین بەڵام رایەخ و شتی تیا نەبوو چۆڵ بوو بڕیاریان داوە تا دوو هەفتەی تر تەیاری بکەن بەڵام دەزانی دوو هەفتەی ئێرە دوو مانگە جا ئەگەر زووتر تەحویلیان داین تەلەیفۆن هەیە خەبەرتان دەکەم هەربژین، بەرات و هاوڕێت غەنی ۸۸/۸/۱).

یەکێتی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لەئەوروپا- یوکسی- لە ۱۹۸۸/۷/۳۰
ئەم داوەتنامەی بۆ ناردبووم کەلەکۆنگرەکەیاندا بەشداری بکەم:
(بۆ مامۆستای بەڕێز کەریمی حسامی.
سڵاوێکی خەباتگێڕانە، یەکێتیەکەمان، یەکێتی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لەئەوروپا- یوکسی- لەکاتژمێری ۱۰ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ۱۹۸۸/۸/۲۲ کۆنگرەی پێنجەمی خۆی دەگێڕێت، وەك یەکێك لەدۆستەکانی یەکێتیەکەمان، پێخۆشحاڵ دەبین بەئامادەبوونتان لەکۆنگرەکەماندا، بەهیوای بەشداربوونتان، ئیتر بۆ پێشەوە، کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی یەکێتی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لەئەوروپا- یوکسی).

بەداخەوە نەمتوانی بەشداری بکەم، چونکە لیژنەی ئامادەیی
کۆنگرەی یەککرتنەوەی خوێندکارانی کوردیش لەئەوروپا داوەتی کردبووم کەبەشداری بکەم، ئەمەش دەقی داوەتنامەکەی ئەوانە:
(هاوڕێی بەڕێز کاك کەریمی حوسامی، پاش ئیش و کار و چەند کۆبوونەوەیەکی هاوبەش و گفتوگۆیەکی بەنرخ کەبەقازانجی ڕێکخراوەکانی خوێندکاری کورد بوو لەئەوروپا، بڕیارماندا ڕێکخراوەکانمان بکەین بەیەك و کۆنگرەی یەککرتوی گشتی لەنێوان ڕۆژانی ۱۸-۲۲/ئاب/۱۹۸۸ لەبەرلینی ڕۆژئاوا ببەستین.
ئێمە بڕوامان وایە بەیەکێتی و یەککرتن دەتوانین گیانێکی تازە بەڕێکخراوە خوێندکارییەکانمان ببەخشین و تەنها ڕێگایەکە کەپارێزگاری لەبوونی

رێکخراوەکانمـان بکـەین، بـۆ بەرژەوەنـدی و خزمـەتکردنی نەتەوەکـەمان، ئێمـە بەگەرمییەوە داوای ئامادەبوونتان لەکۆنگرەکەمان دەکەین، لیژنەی ئامادەیی).

رۆژی ١٩٨٨/٨/١٨ بۆ بەشداری لـەکۆنگرەی یەکگرتنـدا، لەگـەڵ دکتـۆر جەمشـید چـووینە بـەرلین، نیزیکـەی ٦٠٠ کەسـێك بەشـداری کردبـوو، کـۆنگرە سـێ رۆژی خایاند، مەیدانێکی والآ و بەربلاّو بۆ هـەموو ئاخـافتن و بیروڕایـەك کرابـۆوە، لەسـەر وەستانی شەڕ لەنێو دەستەکانی خوێنـدکاری سـەر بەحیزبـەکان نـاکۆکی هـەبوو، برادەرانی ئاکسا دژی وەستانی شـەڕی ئێـران و عێـراق بـوون و تەنانـەت لەبـەرلین دژی شەڕ وەستان خۆپیشاندانیان ساز کرد، کاك عومـەر مستەفای رەحمـەتی زۆر بەتوندی و بەراشکاوی دژی وەستانی شـەڕی ئێـران و عێـراق قسـەی دەکـرد، ئـەو کۆنگرەیەش نـەیتوانی گیـانێکی تـازە وەبـەر تێکۆشـانی یـەکگرتووی خوێنـدکاران بنێ و لەجاران چالاکتر نەبوو.

نامیلکەی (لە پێناو چی دا؟)

دوای لەتبوونی حیزبی دیموکرات گەلێك لەدۆست و برادەرانی پێشووی حیزبی داواْیان لێ دەکردم کەبیروڕای خۆم سەبارەت بەم جیابوونەوە دەربېڕم، دەستم کرد بەنووسینی نامیلکەی (لەپێناو چی دا؟)، من لام وابوو ئەم جیابوونەوە بەزیانی بزووتنەوەی کوردستانی ئێرانە و هیچ بنەمایەکی ناکۆکی سیاسی و بیروباوەڕی نییە، ماوەیەك خەریکی نووسینی نامیلکە بووم و تەواوم کرد و چاپکرا، نازانم باڵەکانی حیزبی دیموکرات چەندەیان بەکەیفێ بوو یان نا، بەڵام هەموو ئەندامانی حیزبی دیموکرات کەخوێندوویانەتەوە، لایان وابوە کەواقعیەتی رووداوەکانم نووسیوە.

شەوی ۱۹۸۸/۹/۷ کاك سەید حەسەنی هاشمی و مەلا رەسوڵی پێشنماز کەبۆ بەشداری لەخۆپیشاندانی دژی جنایەتی حکومەتی عێراق هاتبوونە ستۆکهۆڵم، شەو هاتنە لای من و سەرفیرازیان کردم، دوای دانیشتنێکی شیرین و باسی رابردوو و قسەی خۆش کەهاتین بنووین، مەلا رەسوڵ گوتی: (ئەرێ کوا، دا ئەو نامیلکەم دەیە بیخوێنمەوە، بزانم چت نووسیوە؟ دانەیەکم وێدا، ئێمە راکشاین و ئەو دەستی کرد بەخوێندنەوەی (لەپێناو چی دا؟) بەڵام تا تەواوی نەکرد نەیهێشت ئێمە بنووین، هەر تاوێك نا تاوێك، دەیگوت: دەست خۆش... هەرچی نووسیوتە هەمووی وایە، بەقەولی برادەرانی خواروی کوردستان، تەعلیقێکی داویشتە سەر و دەیگوت دەستخۆش.

کەتەواوی کرد گوتی: شتێکی کەمە، نەت نووسیوە.

– پێم خۆشە بڵێی، بزانم چی کەمە؟

– کوڕە چی کەمە، جنێوت پێ نەداون!!

بەیانی کەدەڕۆیشتن هەشت دانەشی لەگەڵ خۆی برد کەبۆم بفرۆشێ، بەڵام نازانم چییان بەسەرهات، چونکە پاش ئەو دەمە رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ داوەتیان کرد بوو لەکۆنگرەدا بەشدار بێت و سەفەری کرد.

دوای گەڕانەوەی بۆ ڤێستڕۆس، مەلا ڕەسوڵ ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ نارد‌بووم کەوا وەك نامەکانی تر لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە:

(بۆ برای بەڕێز کاك کەریم ئەو کاتەت باش

لەگەڵ سڵاو ئەوە شریتەکەی داوات کرد بۆم نارد‌ی فەوزیە بەدەنگی خالید ئاغا سالّی ١٩٦٨ لەقەڵادزە لەماڵی خۆمان پڕ کراوەتەوە شیعرەکانی بەناوی عەزیز کەمەبەست شەریف زادەیە باسی ئاوارەش دەکا دوای ڕاپەڕینی ٤٦ و ٤٧ لەلایەن زۆر شۆڕشگێڕەکانی عێراق لەبناری قەندیل سالّی ١٩٦٩ بەدەنگی خۆم پڕکراوەتەوە، لەئاخری دا لالە لایێکی مەلا جوڵای نۆك خۆری نۆکەری..... تێدایە، بەشەکەی دیکەشی ئەوەی بۆ خۆت لەگەڵ بووی سالّی ١٩٧٣ کاتی دانای کوتەڵی حاجی قادری کۆیی بەدەنگی ڕەحمەتی مام هێمن و خۆت و خۆم و صدیق، تکایە مەیدە بەکەس شتێکی زۆر بەنرخە، کاکی برا لەو سەفەرەدا نیازم هەبوو لەسەر بیرەوەریەکانت لەگەڵت بدوێم کەچی بەداخەوە مەجال نەبوو، ئەوەی تا ئێستا بڵاوکراوەتەوە زۆر شتی وای تێدایە بۆ نووسینێ نەدەبوو بەڵام تازە ڕۆیشت و لەدەستچوو، هەر کات هاتیە سەر یەکتر گرتنەوەمان کەدەورانێکی زۆر گرنگ و پڕ ماجەرایە چۆنی هەیە بینووسە مۆرەکان کەزۆر ڕوون و ئاشکران، تەزادەکان کەباش دەزانی چونکە وەك سەنەدێکی تاریخی دەمێننەوە زۆر شتی تری بەدوادا دەنووسرێ، ئەوەی وەك خۆشمان مابین لەرابەرایەتی ئەودەم هەر من و تۆین، چونکە بەداخەوە مام هێمن ئەوە خوا عافووی کرد، دکتۆر قاسملۆ و پیاوەکانی وەك مەلا عەولاّ و کەریم حەداد ئەوە حیسابیان ڕوونە، مەلا سمایل بەلاقی شکاوی خۆی دەئێران کوتایەوە و خەریکی کاری خۆیەتی، مەلا حەسەن و هاشمی کەریمی ئەوە خەریکی ڕابەرایەتی شۆڕشگێڕن دوای ئەو هەموو خزمەتکاری و هۆباڵ کێشانە بۆ هەموو هەق و ناهەقێك، مەلا قادر و سەید ڕەسوڵ سەریان تیا چوو هەریەك بەشێوەیەك، خاڵە مین ئەوە لەنێو حیزبی تودەدا نوقم

بووە هەتا ملان و زۆریشم خۆشدەوێ، دکتۆر سولتانە جرپە دیاری ئێوە بوو خوا بەخێرتان نەهێنێتەوە نەئەودەم هیچ بوو نە ئێستا و نەهەتا قیامەت هیچ دەبێ، محەمەدی موهتەدی‌و و شەتەویش هەر لەرۆژی هەولێوە حیسابیان روون بوو، کاك ئەمیریش ئەوە بۆ خۆی سەرگەرمێکی پێکەوە ناوە و کاتی خۆشی قەت لەگەڵ ئێمە هاوفیکر نەبوە، ناکۆکی و نێوان ناخۆشی من و تۆ بوو بەهۆی ئەوە کەقاسملۆ بێتەوە مەیدان دەنا وا هەڵات بوو، وامان بێ ئابڕو کرد بوو ئەو مەسەلە نەبا قەت رووی نەبوو جارێکی دیکە بێتەوە نێو ئێمە، لەگەڵ ئەوەی ئێمە لەباری فیکریەوە زۆر لێك نێزیك بووین و جیاوازیەکی وامان نەبوو، هەرچی بوو گوزەرا و شەڕێك بوو تەنیا قازانجی بۆ قاسملۆ و نۆکەرەکانی هەبوو، ئێستا هەردوکمان دووڕە پەڕێزین و ئەتۆ بەخۆ دوورخستنەوە لەوان و پاشان پاڵیان پێوە نای و منیش بەهەزار کێشە و هەڵا و هەرا وازم لێ هێنان و تا ئێستاش نەیانتوانی هەڵوێستێك دەر بارەی من بگرن، هاتووین و لێرە یەکترمان گرتۆتەوە، منیش نیازم هەیە تەواوی جەرەیانی نێو حیزبی دیموکرات کەزۆر چاکیشم لەبیرە و تەواوی جەرەیاناتی ئەحمەد تۆفیق و هەرچی گوزەراوە زۆر واقیع بینانە بنووسمەوە بۆیە مەبەستم ئەوەیە شتەکان وەك بوە بیان نوسە، زۆر کەس هەن دەیانهەوێ بەمەسەلەی ئێمەوە نان و پیواز بخۆن لەوەتی لێرەم زۆرەها تەلەفۆنم بۆ کراوە وبستوویانە بەهۆی منەوە زەربەی خۆیان بوەشێنن، بەڵام من چاك دەزانم ئەوانە مەبەستیان چییە و بۆچی موخالیفی تۆن.

دیارە من زۆر بێ باکم لەبارەی سابیقەوە نالێم کەس نییە وەك من بێ فرۆفێڵ و بەساغی ئەو ٣٠ ساڵەی هێنا بێ بەڵام ئەوەندەی دەزانم زۆر کەمن، گالتەی پێ ناکرێ ٢٦ ساڵ دەنێو ئەو هەموو خەتەر و ماجەرا و هەڵا و کێشەدا کەچی هیچ قودرەتێك نەتوانێ زەفەرت پێ بەرێ، هەتا کشانەوەم و بۆم دەرکەوت قاسملۆ خائینە بێ ئەم لاو ئەولا دەئیختیاری حیزبدا بووم ئەوەش بەرەئی نەزەری سابیتەوە نەك وەك ئەوانەی دوایی وەك ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی بەشی زۆریان

لەگەڵ نۆکەرەکانی دیوەخانی عەلیاغای حاجی ئیلخانی و قـەرەنی ئاغـای مامـەش و عـــەلیاغای پەســـوێ فـــەرقیان نـــەبوو بەڵکـــە هـــی نۆکـــەری ئاغاکـــان زۆر شـــەرافەتمەندانەتر بـــوو لانـــی کـــەم کلاوێـــان لەســـەری خـــەڵک نـــەدەنا و خۆێـــان بەشۆڕشـــگێڕ نـــەدەزانی، لـــەو مـــاوە دوور و درێـــژەدا کەبەیەکـــەوە لەکۆمیتـــەی مەرکەزی دابـووین باشـم دەناسـی و جـەرەیانی ئیدریسیشت بـاش ئاگـا لێـی بـوو کەکاتێك من کرام بەبەرپرسی نێـوان بارەگـای بـارزانی و حیـزب بـۆ جـاری دوهـەم کەچوومەوە داوای هاوکاری لێ کردم و دوای بەدم دادانەوەی هاتمـەوە مەسـەلەکەم لەکۆمیتەی ناوەندی هێنا گۆڕێ و لەگـەڵ دکتـۆر چـووین بـۆ لای بـارزانی، ئـەوجار دێمە سەر ئەسڵی مەتڵەب مـن سـابیتم کـرد دوای ئاشـتبوونەوەمان هیچـم لـە دڵـدا نەما بەڵام ئەتۆ لەگەڵ ئەوەی بەئینسانێکی کینـە جومـان نەدەناسـی کەچـی هـەر پێتەوە دیار بوو، نمونەکان لەکۆنگرەی چوار نۆکەرەکانی قاسملۆ بۆ شکاندنی تـۆ چەندەیان هاوار کرد با مەلا رەسوڵ رونی کاتەوە بۆچی لەگەڵ کـاك کـەریم بەشـەڕ هاتوە هێندێك ئیهانە کردن و ئیتر وەڵامم نەدانەوە، لەکۆنگرەی پێـنج دا دە مقابـل قـاسملۆ ئـەو هـەموو نۆکەرانـەی دا دیفـاعم لێ کـردی و کوتـانی قـاسملۆ بـەناوی دیکتاتۆر تۆم کرد بەنمونە و گوتم ئەو بـرادەرە مـاوەی ٩ سـاڵ ئەنـدامی دەفتـەری سیاسی و کۆمیتەی مەرکەزی بوە چەند ساڵ جێگری سکرتێر بوە، کـاتی هـەڵاتنی دکتۆر دوای ئاشبەتاڵ هەر کردمان بەسکرتێر، کەچـی چـونکە موخالیفـەتی لەگـەڵ دکتۆر هەیە رێگای نادا بێتە کۆنگرە، ئەدی ئەوە دیکتاتۆری نییە چییە.

کاتی هاتنەوەت بۆ ئێران وەك بەرپرسی بەشی پێشـمەرگە بەوپـەڕی دەسـەڵاتەوە بـەخۆم و بەچـەند ماشـێن پێشـمەرگەوە بـەرەو پـیرت هـاتم کـەدەمزانی قـاسملۆ هێندەی دیکەش کوێر بوو، پاش ماوەیەك هەر ئەمن مەسەلەی هاتنـەوەی تـۆم بـۆ کۆمیتەی مەرکەزی لەگەڵ مام هێمن و خاڵە مین و هاشمی کەریمی مـەترەح کـرد و چەند جارمان یەخەی غەنی گرت سەد بریا لەو چەند ساڵەدا لەزیندان هـەر جگێنـی کردبا، هێنانەوەی تۆمان بەسەر قاسملۆ دا سەپاند، بەڵام ئـەوەی راسـت بـێ ئـەتو

وانەبووی دەبنـەوەدا ئاگـام لێـت بـوو هێنـدێك ورده نـەزمت هـەبوون، هیـوام وایـه ئەوانەت هەموو وەبیر بێنەوە و بۆ هەوەڵێن جار لەو بارەوە خۆت مـەحکوم بکـەی، رەنگـه ئەوەشـت لـەبیربێ کاتـێ جەلەسـەمان بـۆ تەشـکیل درابـوو ئەوانـەی کـاتی هەڵاتن کونه مشکیان لێ ببونه قەیسـەری چـۆنمان لێ وەخـۆ کـەوتبوون و بـەتیرێك سەدان نیشانەیان پـێ دەشـکاند. ئـوای ئـەوەی کـه مـەلا عـەوڵا و سمایلـه کـوێر و کەریم حەداد و هاشمی کەریمی کەوتنه کوتانی تۆ و هەر ئەو مەلا عـەوڵای کەچـەند رۆژ پێش دەیگوت کاك کەریم لەلینین نوسەرترە هەرچـی دەیگـوت نەیدەگوتـەوە، چونکه پیاوانه لێیان وەخۆ کەوتم و ئابڕوم دە ..... سەی کردن هەر ئـەوەش بـوو کاتی چوونەوەت بۆ مالّی کا حەمەدەمین لەوێ هـەردوکتان هـەقتان دابـوو بـەمن و هۆی ئاشتبوونەوەشمان هـەر ئـەو شـتانه بـوو، ئێمـه رابردویـەکی یـەکجار زۆرمـان بەیەکەوە بووە و ئاگاداری زۆر شتی رابردووین کەئەو خەڵکه نایزانن کێشـەی مـن و تۆش زۆر کەمی لەسەر شتی سیاسـی بـوو، زۆرجـاریش مەسـەلەکانم لەگـەڵ بـاس دەکردی بەئاگاداری کاك حەمەدەمینی، کەوابوو با رێگا بەهـەل پەرسـتان و قـەدیم تۆکـەران و کاسـه لێسـان و زیـدی هـەموو بیرویـاوەڕێکی پێشـکەوتوو نـەدەین، هـەردوکمان واقعیـەت بڵـێین، ئـیتر کاڵـەم درا و چـیم پـێ نـەکرا، بـرات ڕەسـوڵ پێشنماز، ١٩٨٨/٩/١٠).

لـەوەڵامی نامـەی مـەلا ڕەسـوڵیدا هیچـم نەنووسـیەوە و هیچـم بـۆ نـەنارد، چـونکه بەراستی نەمزانی لەنووسینی ئەم نامەیەدا مەبەستی چبوە.

کاك ئازاد مستەفا کەبۆ بەشداری لەکۆبوونەوەی سەرکردایەتی بـەڕەی کوردسـتانی چو بـوە سـوریا و تـازە لەشـام گـەڕابۆوە، ڕۆژی ٩٨٨/٩/٢٣ تەلـەیفۆنی بـۆ کـردم کەیـەکتر ببیـنین، کـاك ئـازاد بەدرێـژی باسـی تێکۆشـانی بـەڕەی کـرد و گـەلێك بەچالاکی بـەڕە هیـوادار بـوو، گـوتی باسـی ڕۆژنامـەی (سـەردەمی نـوێ)ش کـرا.. خەڵکی وا هەبوو لایان وابوو حیزبی کۆمۆنیستی عێراق یارمەتی پێدەکات.

گوتم بۆ ئێمە جێگای شانازیە (سەردەمی نوێ) ئەوەندە جێگای خۆی کردبێتەوە کەلەکۆڕ و کۆمەڵە دیموکرات و سیاسیەکانی کوردستاندا باسی بکرێ.

پاشان کاك بازاد گوتی: (مام جەلال، دکتۆر قاسملۆی دیوە و ئێستا لەهەولدایە بەڵکو بتوانێ لەگەڵ ئێران دانیشتنێکیان پێ ساز بکات، وابزانم دکتۆر قاسملۆ تەمایلی نیشان داوە، ئێرانیەکان گوتوویانە لەسەر یەك دەیانەوێ لەسیاسەتی خۆیاندا گۆڕانێك پێك بێنن.

گوتم: کاك ئازاد حکومەتی ئێستا حکومەتی مەلایانە، بڕواکردن بەمەلایان هەڵەیەکی گەورەیە، حکایەتی سەید حەسەنی مودەڕیس و تەقی زادەم بۆ گێڕایەوە: لەمەجلیسی دەورەی چوارەمی ئێراندا ئەم دوو مەلایە نوێنەری پارلمان دەبن و هەریەك سەر بەفراکسیۆنێکی پارلمان، لەسەر پەسندکردنی لایحەیەکی قانونی لەنێوان ئەم دوو فراکسیۆنەدا کێشە دەبێت، تەقی زادە تەماشا دەکا دەنگەکان وەك یەکن، دەچێتە لای مودەریس و دەڵێ: قوربان ئێمە چیمان لەم شەڕە چەقەیە داوە، فەرموو با بچین نوێژەکەمان بکەین، کابرا رادەبێ و دەچنە نوێژخانەی پارلمان، تەقی زادە مودەڕیسی وەپێش دەدا کەبەجەماعەت نوێژ بکەن، سەید حەسەنی مودەڕیس نوێژ دادەبەستێ و تەقی زادە سەبرۆکە پاشەوپاش دەکشێتەوە و دەچێتەوە مەجلیس و دەنگ وەردەگرن و فراکسیۆنی تەقی زادە دەیباتەوە، مودەڕیس کەلەنوێژ دەبێتەوە، ئاوڕ دەداتەوە تەقی زادە نابینێ، دەردەپەڕێ و دەچێتەوە مەجلیس، هاوارلەکانی بەسەریدا دێن و دەڵێن کابرا تۆ لەکوێی؟ دەڵێ لەگەڵ تەقی زادە نوێژمان دەکرد، گوتیان: تەقی زادە لێرە دەنگی داوە، تازە دەزانێ چ کلاوێکی چۆتە سەر.

کاك ئازاد زۆر پێکەنی و گوتی: هیوادارم سیاسیەکانی ئێمە کلاوێان نەچێتەسەر و فریوی مەلایان نەخۆن.

سەفەر بۆ سۆفیا

رۆژی ٨٨/٩/٢٦ بەهیوای چوونەوەی سۆفیا و سەردانی منداڵەکان سواری قەتار بووم بۆ بەرلین و رۆژی دوایی چوومەوە سۆفیا، نیشتمانپەروەرێکی عەرەبی عێراقی کەلەبولغاریا دەیخوێند، نامەیەکی سەبارەت بەجنایەتی حکومەتی بەعسی عێراق دژی میللەتی کورد و بێدەنگی دەزگای راگەیاندن و دەوڵەتی سۆفێت لەئاست ئەم جنایەتە سامناکە بەئینگلیزی بۆ گۆرباچۆف نووسیبوو، بۆی هێنام کەلەرۆژنامەی سەردەمی نوێ دا بڵاوی بکەینەوە، نامەکەم دا بە(دکتۆر محەمەد کەریم شکاکی) بۆی کردین بەکوردی و لەژمارە ٣٤ی مانگی نۆڤەمبەری ١٩٨٨ی رۆژنامەی سەردەمی نوێ دا بڵاوکراوەتەوە، دەقی نامەکەشمان بەئینگلیزی لە (سەردەمی نوێی ئینگلیزی دا بڵاو کردەوە).

رۆژی ٩٨٨/١٠/٢ چوومە باڵیۆزخانەی سۆفێت و چاوم بەسکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانە کەوت، لەسەر بێدەنگیان لەئاست بۆمبارانی کوردستان و جنایەتی حکومەتی سەددام بەتوندی رەخنەم گرت و نامەی برادەرە عەرەبەکەشم دایە و گوتم نەك هەر کوردەکان لەسیاسەتی بێدەنگی ئێوە ناڕازین بەڵکو ئەوەتا نیشتمانپەروەرانی عەرەبیش بێزاری خۆیان دەردەبڕن.

کابرا لەوەڵامی رەخنەکەی منداً، دیسان هێندێ شێر و رێوی هێناوە و گوتی ئێمە لەئەفغانستان و لەکامبوج و لەنیکاراگوا و لەفەلەستین و شوێنی تر پێوەبووین و ئەگەر پروستڕویکا نەبەینە سەر، بەجارێك تێدا دەچین، گوتی: ئەو نامەیەش دەنێرین بۆ مۆسکۆ.

رۆژی ٩٨٨/١٠/٢٣ گەڕامەوە بۆ ستۆکهۆڵم، نامەیەکی زۆرم بۆ هاتبوون و خەریکی وەڵامدانەوەیان بووم.

نامیلکەی (لەپێناو چی دا؟) کەچاپکرا، بۆ گەلێك دۆست و برادەرانم نارد، چەند کەسیش لەم پێوەندیەدا نامەیان بۆ ناردم کەوا هێندێکیان بڵاو دەکەمەوە.

۹۸۸/۹/۲۸ غەنی بلوریان ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ ناردبووم

(هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویست کاك کەریم

پـاش رۆژبـاش و ئـاواتی سـەرکەوتن بۆتـان، نامەکـە و نامیلکـەکانی خـۆت و ئینگلیزیەکە گەیشت زۆر سوپاست دەکەم، دیارە لێفەت لەسـەر هـەتیو هـەڵگرتوە هـەروەکو خۆتـان ئیشـارە و داوە ئەگـەر ئەوانـە مسـتقلا بـەکردەوەی دیموکراتیـك نیشان بدەن کەئـەو مرۆڤانـەی پێشـوو نـین و رەخنـە لـەرابردوو بگـرن بـێ گومـان جێگای باوەڕ دەبن، بەهیوام رەجویها کاریان تێ نـەکات و پیـاوی نەتـەوەی خـۆی بـن، لەسـەر بێـدەنگی دنیـای پێشـکەوتووخواز سـەبارەت بەبـەکارهێنانی بۆمبـای ژاراوی دژی نەتـەوە مەزڵومەکـەمان دەبـێ بڵـێم کـاکی مـن مەسـەلەی کـوردەواری دەڵـێن، دەسـتی کـەس پشـتی کـەس ناخورێنـێ، بەداخـەوە ئێمـە تـا ئێسـتا بەرژەوەنـدی نەتەوەکـەمان دەرك نـەکردوە و کۆشـاوین خـۆ بەئـەم و ئـەو بەسـتینەوە، تاکـەی دەبـێ وا بـێ نـازانم! ئەگـەر هـەموو مـرۆی کـوردی دڵسـۆزی پێشکەوتوخواز کـەدڵیان بـۆ نەتەوەکـەیان نـەماوە تـەنیا بەقسـە نـەبێ بـەکردەوە بێنـە گۆڕەپـانی سیاسـەت دەکـرێ گشـت لێـك کـۆوەبین و شـتێك پێکـەوە نـێن و لەسەر پێی خۆ راوەستن جا ئینجا لەگەڵ داواکەرانی ئازادی و دیموکراسـی و مـافی نەتەوایەتی دۆستایەتی بکەن بەڵام بەرژەوەندی نەتەوەکـەیان قـەت لـەبیر نەکـەن، بەهیوام رۆژێکی ئەوها، برادەرێکی کـورد نامـەی نووسـیوە بـۆ مـن و دەڵـێ بۆچـی نامەی مـەردمی ژمـارە ۲۲۳ لەمەقالەیەکدا لەلاپـەڕەی ئـاخر پـاش ماوەیـەکی زۆر دەنگی بەرز کردەوە، نوسیبوی خلقهای کـورد در عـیراق و ترکیـە و ایـران، مەگـەر چەند خەڵکی کورد هەیە، ئاخر ئەو تیئوریە کەگوایا کـورد میللـەت نییـە بخـاطری نەبوونی اقتصاد و سەر زەوی مشترك ئێستاش لای ئێوە هەر باوە، وتم جگە لەمـە بڵێم نەخۆشیە کۆنەکەی لەمێژینەیە چی تر بڵێم، کاکی برا ئـەوا پـاش چـەند مـانگ چـــاوەڕوانی، هـــەینوی داهـــاتوو خانویـــەکی دوو وەتاخمـــان پـــێ دەدەن

کەتەلەیفۆنیشی هەیە و هەر کەگواستمانەوە ژمارە تەلفۆنەکەت بۆ دەنووسم، جارێ تا صندوقێکی پۆستی دائیم وەردەگرم بەئادرێسی پۆستی پاکەتەکە نامە بنووسێ، ZITNH ئیتر ئادرێس نییە، بەهیوام هەلت بۆ هەلکەوێ سەرێکمان لێ بدەی پێ خۆشحاڵ دەبین خێزانم بەگەرمی سڵاوتان لێ دەکا، ئەوا نامەیەکم بۆ خوشکە خەجیج نوسیوە رەوانەی دەکەم بۆ حاڵ و ئەحواڵپرسی ئیتر هەر بژی برات غەنی ۸۸/۹/۲۸).

نامەیەکی ۸۸/۱۰/۷ی کاك حەمەدەمینی سیراجیم بۆ هاتبوو کەوا لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە:

(برای بەڕێز کاك کەریم، دوای سڵاو هیوایە سەرەڕای کوێرەوەری و خەفەتی ئەو بارودۆخە نالەبارەی نەتەوەکەمان تووشی بوە، تەندروست و بەورەتر بی و زمان و قەڵەمت لەقاودانی تاوانەکانی بێ وێنەی ئەم دواییانەدا هەدا نەدا، بەداخەوە گەرچی نەمێژووی تازە و کۆنی خۆمان و نەمێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی مەڵبەند و جیهان تووشی تراژیدییەکی ئا بەم چەشنە سامناك نەهاتوون، بەڵام لەلایەك بەو چەشنەی پێویستە ئەو کارەساتە لەجیهاندا دەنگی نەداوەتەوە و لەلای تر ئەوەی دەوڵەتەکان خۆی لێ نادەن و خەریکن دیزە بەدەرخۆنەی دەکەن مەسەلەی سزادانی ئەو رژێمە تاوانبارەیە کەتەڕ و وێشکی بەیەکەوە بەگازی شیمیایی لەناوبردوە و پتر لەسەد هەزار کوردی ئاوارەی تورکیە و ئێران کردوە، بەتەلەفۆن لەگەڵ باوکی فێنك دوام و پێم گوت: (لەماڵی گەورە و دم راستەکانی نزیکی ئاخر دەنگێك، فریایەك، دادێك، خەڵك چاوەڕوانە و هەر لەزووڕا ئەو بنەماڵەیان بەهاریکار و هانا ناسیوە)، گوتی: (رانەوەستاوم و بەگشتی خەریکم، دیارە لەتۆشی پرسی، گوتم لەبەرلین بەیەکەوە بووین و بەرەو سوئید گەڕاوە، سڵاوی هەبوو، هاوڕێمان چی بەچی کردوە نازانم، رادیۆکان هێندێك باسی

خۆپیشاندانەکانی سوئیدیشیان کرد، هەرچۆنێك بێ ئەم چەشنە کارانە لەبێ دەنگی و چاو نوقاندن لەحاست ئەو تاوانە نەبەخشراوە بەرامبەر بەگەلەکەمان باشترە، مامە نامەی ئێوەی نیشان دام کەنوسیوتە تا ئادرێسی خۆی نەنووسی چاپەمەنی بۆ نانێرم، گوتم ئەمەی کردۆتە بیانوو، ئەگینا هەروەك تا ئێستا بەئادرێسی ژێتنا بۆ ئێوەی ناردوە، دەکرا بۆ منیش نامە و..... رەوانە بکا، ئێستا پاش دوو سێ مانگ چاوەڕوانی سەندوقێکی پۆستم وەرگرتوە و ئادرێسی راستەوخۆیە بۆ پەیوەندی نامە و چاپەمەنی، بزانم ئەم جارە چی دەکەی؟ زۆر سڵاوی برازنە خەجیج و کەمال و شلێر لەلایەن منەوە بگەیەنە، سڵاوی تایبەتیم هەیە بۆ دکتۆر جەمشید و لەهەموو دۆست و ناسیاوی دەوروبەرت لەکوردستانی سوئید بەمەرجی ئەوە باش مابن، سەرلەنوێ سڵاو، هەرشاد و سەریەرز بی، برات مینە، ۱۹۸۸/۱۰/۷).

بەداخەوە ڕووتووسی وەڵامی خۆم بۆ کاك حەمەدەمین لەلا نەماوە، بەڵام لەدەفتەری یادداشتەکانمدا ئاوام نووسیوە: (ئەوە کاك حەمەدەمین دوای چەند ساڵ ئادرێسی خۆی بۆ نووسیوم، ئەویش هەر سندوقی پۆستییە، هێشتا نەیوێراوە شوێنی خۆی دیاری بکات، نووسیویە: (بەباوکی فێنکم گوتوە: ئاخر دەنگێك، فریایەك، دادێك)، لەوەڵامدا بۆم نوسیەوە: (کاکە بۆ هەر باوکی فێنك هاوار بکا، ئەدی ئێوەش حیزبی کۆمۆنیست و نوێنەری خەڵکی قوڕوەسەر و لێقەوماو نین، بۆ وەدەنگ نایەن؟ قەزاوەتی خەڵك لەبیر مەکەن).

بەدوای ئەوەدا.

ئەم نامەیەی خوارەوەم لەلایەن کاك حوسێنی بەخشییەوە لەئەلمانەوە پێگەیشت کە ۸۸/۱۱/۲۲ نوسیبووی:

(هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویست کاك کەریم! وێڕای سڵاوی گەرمی هاوڕێیانە!

هیوادارم ساخ و سڵامەت و کەیف خۆش بن و لەکار و تێکۆشانی بێ وچانتان لەپێناو بەختەوەری نەتەوەکەماندا سەرکەوتووبن و لەگەڵ چەرمەسەری رۆژگار هەڵگەن، رێز و سڵاومان هەیە بۆ براژنە خەجیج و منداڵەکان، لەوەی کەبەپێچەوانەی قەراری تەلەیفۆنی درەنگ نامەم بۆ نووسی شەرمەزارم، هیوادارم بمانبورن، لەم بەینەدا خۆشم زیانم پێ گەیوە چوون هەروەك خۆتان باستان کرد (سەردەمی نوێ)تان بۆ ناردبووم و بەدەستم نەگەیشتبوو، لەئاخری نامەکەدا ئادرێس و ژمارە تەلەیفۆنەکەم دەنووسم، هەروەك ئاگادارن پاش ساڵ و نیوێك وەڵامی دادگامان بۆ هاتەوە و وەك پەنابەری سیاسی قەبوڵ کراین، بەڵام ئێستا پاسپۆرتمان وەرنەگرتوە، هیوادارین لەمەودوا ئەڵبەتە ئەگەر وەزعی مالیمان باش بێ هاتووچۆی لای ئێمە بکەین! ئەم رۆژانە لەگەڵ (مامەش) قسەم کرد، زۆری لێ دەپرسی و سڵاوی هەبوو بۆتان، دەیگوت لەگەڵ برادەرانی (بەڕێوەبەرایەتی شۆڕشگێڕ چی کردوە؟) پێی خۆش بوو ئاگاداری وەزعتان بێ.

هاوڕێی بەڕێز! نووسراوەکەتم لەژێر ناوی (لەپێناو چی دا؟) خوێندەوە، دیارە تازە چاپکراوە و بڵاوبۆتەوە و هەزار رەخنە و نەزەریش بەقڕانێکی، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەگەر ئیزنم بدەی بەکورتی نەزەری خۆم دەردەبڕم! پێش هەموو شتێك پێم وایە ئەگەر بەر لەدەردان و بڵاوکردنەوەی لەگەڵ یەك دوو کەس لەبەڕێوەبەرایەتی ئەملا وتوێژتان کردبا و پاشان ئەگەر بەهیچ ئاکامێك نەگەیشتبان بڵاوت کردباوە باشتر دەبوو.

بەڵام وادیارە ئێوە هەر لەو رۆژەوە کەئاگاداری هەڵوێستی ئەوان بوون بڕیارت داوە نەتەنیا هاوکاری لەگەڵ نەکەی، بەڵکو تووندیش لەقاویان دەی!

ئەوە کەئەم جیابوونەوەتان بەزیانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان زانیوە تەواو رأستە، بەتایبەت ئێمە خۆمان لەنێزیکەوە چێژی زەرەر و زیانی جیابوونەوەمان پاش کۆنگرەی چوار چێشتوە و بەپێچەوانەی نەزەری هێندێك

کەس لەهەڵوێستی بەشێك لەبەڕێوەبەرایەتی حیزبی دیموکرات (پێڕەوی کۆنگرەی چوارەم)یان بەرووداوێکی مێژووبی دادەنا، من پێم وایە هەڵەیەکی مێژووبی گەورەمان کرد، چون سەرەڕای هەموو کەم و کوڕییەك ئەگەر لەناو ریزەکانی حیزبدا مابایەوە قازانجمان دەبوو، ئەڵبەتە لەپێش گرتنی سیاسەتێکی دروست و ئوسوڵی و عاقڵانە.

ئێستاش بەقەولی مەشهور سەرە چەرمەکە ئاو بردوویەتی و حەرەکەتەکە کراوە و ئیتر لێدان و کوتان و هەڕەشە و گوڕەشە دەردێك دەرمان ناکا، مەبەستم ئەوەیە ئێستا کەئەو جەماعەتە جیابوونەوە و زۆربەی ئەو کادر و پێشمەرگانەی کەبۆچوونی پێشکەوتنخوازانەیان هەیە لەگەڵیان کەوتوون ئەرکی ئێمە دەرحەق بەوانە چییە و دەبێ چۆنیان یارمەتی بدەین؟ یارمەتیان بدەین بۆ ئەوەی لەلایەك ریزی تاقمی هەلپەرست و بەرچاو تەنگ و لادەر لاواز بکرێ و لەلایەکی تر مەیدانی دەست تێوەردانی کۆمەڵە و موجاهید تەنگ بکرێتەوە، خۆتان باشتر دەزانن کەچ موجاهیدین و چ کۆمەڵە هەم لەبوغزی معاویە و هەم بۆ مەبەستی راکێشانی ئەم هێزە بۆ لای خۆیان، یاریدە و یارمەتیان دەدەن ئەگینا کەی ئەوانە چاویان بەرایی ئەوە دەدا حیزبی دیموکرات بەهێزتر لەوەی کەهەیە بێ، لەنووسراوەکەتدا هەردوو لات وەبەر گۆپاڵێك داون و پێت وانیە کێشەکەیان کێشەی سیاسیشە و رەنگی سیاسی پێوە نابینی، بەبڕوای من سەرەڕای گێرە و کێشەی ناوخۆیان لەسەر داگیرکردنی پۆست و مقام و پێشبڕکە بۆ چوونی ئەوروپا و... جیابوونەوەیان ناوەرۆکێکی سیاسیشی هەیە، چون بەئاشکرا بۆچوونی سۆسیال دیموکراسی و نێزیکبوونەوە لەئیمپریالیزمیان مەحکوم کردوە و بەکردەوەش تا ئێستا سووکە هەنگاوێکیان بۆ هەڵێناوەتەوە، باسی ئەوەت نەکردوە کەخۆشت تا سەروبەندی کۆنگرەی شەشەم لێرە و لەوێ تا رادەیەك شەریکی کردەوەکانی ئەوان بووی.

ئەوەی کەلەئاخر دا پێت وایە هیچ کام لەو دوو هێزانە توانای ئەوەیان نییە تا لەسەر بنچینەی بۆچوونێکی دروست و زانستیانە چارەسەری گیروگرفتی جولانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان بکەن و هەنگاوی ئەساسی بۆ هەڵێننەوە، بەڵام خۆشتان رێگایەکی ئەوتۆتان کەئاسۆیەکی روون بەرەو جولانەوەی گەلەکەمان بکاتەوە، پێشنیار نەکراوە.

لەکۆتایی دا لەوەی کەبەکورتی رەخنەکانم بەئاشکرا و بەبێ هیچ پێچ و پەنا لەگەڵ باسکردووی توڕە نەبی! چون دەزانم ئێوە زیاتر لەهەموو ئەندامانی حیزب لەو رێگایەدا تووشی زەحمەت و کوێرەوەری بوون و بەر تیروتانەی زۆری نا کەسانیش کەوتوون بەڵام کۆڵتان نەداوە و سوور بوون لەسەر رێگا پیرۆزەکەتان، هەربۆیەشە چاوەڕوانی زیاتر لەئێوە هەیە و لەم قۆناخە ناسکەدا کەجولانەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمانی پێدا تێپەڕ دەبێ بەرپرسیاریەتی زیاتر لەسەر شانی ئێوە دانراوە.

هاوڕێی بەڕێز! بەلەبەرچاو گرتنی ئەم هەلومەرجە، بەبڕوای من دوو رێگامان لەپێشە، یان بگەڕێینەوە ناو حیزب و لەگەڵ ئەم بەڕێوەبەریە (شۆڕشگێڕ)ە کار بکەین، یان راستەوخۆ لەگەڵ هەموو ئەو کوردانەی کەخاوەن بیروباوەڕی پێشکەوتوخوازانەن و دڵسۆزن دەرهەق بەگەلەکەمان و ئامادەن بۆ مەبەستێکی ئەوتۆ، جەرەیانێکی پاك و خاوێنی کوردستانی وەڕێ خەین.

سەرکەوتوو بێ خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەمان دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، برا و هاوڕێتان سەعید (حسین) ۸۸/۱۱/۲۲.

لەبارەی نامیلکەی (لەپێناو چی دا؟) نامەی دیکەشم پێگەیشتن کەبۆچوونی جیاوازیان تێدا بوو، لەگەڵ سوپاس بۆ ئەو برادەرانە کەبەراشکاوی بەنووسین رای خۆیان دەربڕیوە و بۆ رێزگرتن لەبیروڕای ئەوان ئەوا نامەکانیان چاپ دەکەم با

لەگەڵ بۆچوونی من فەرقیشیان هەبێ، دیارە کەسانی واش هەبوون کەپاشملە بۆ وەزنی شیعر قسە و قسەڵۆکیان کردوون، بەڵام چونکە نەهاتوونە سەر کاغەز هەر بەهەوادا رۆیشتوون، بەدوای نامەی کاك حوسێنی بەخشیدا.

نامەی کاك حەمەدەمینی سیراجی—م بۆ هات.

دوای سڵاو و چاك و چۆنی نووسیبووی:

(برام! نووسینی ئادرێس نەکا بەپێشەکی ئاڵوگۆڕ دابنێی، خۆت بەر لەمن لەگەڵ ئەو وەجاخ و وەجاخ زادانە هەستاوی و دانیشتووی، ئەمە کەنامەم بەئادرێسی خۆ نەدەنووسی، وەنەبێ ئادرێسم بووبێ و حەشارم دابێ، تا نێزیکەی نامە بۆ ئێوە ئادرێسم هی شێخ و یان ژێتنای گۆڕینی سەرەتای ساڵەکانی ١٩٦٠ی ئێوە بوو، لەمەڕ خزمانەوە زۆرجار قسە خۆشەکەی تۆ لەمەڕ (قدوە) دەگێڕمەوە، گەرچی ئێستا وەك چاڵی بەدەرزیان تۆزقاڵێك فەرقی کردوە.

سەبارەت بەنامیلکەکەت و ئەو (بەلامەی) لەنامەی کاك سەعیدی دا نووسیومە، ئەوەی راست بێ پتر لەوەی نووسیوتە لەباری هەردوولاوە، شت هەیە، بەڵام داخوا هەلومەرجی ناسکی ئێستای خەباتی گەلی کورد بواری ئەو هێنانە گۆڕی هەموو راستەقینەکان دەدا و داخوا دروستە گشت راستیەکان روو بکەین؟ بەلامەوە بەرووی دەرخستنی راستییەکان گرینگی پتری دەبێ پێ بدرێ تا تەنیا درکاندنی راستیەکان، هەلومەرجی ناسکی ئێستا، رێگای پتر زامار کردنی هیوای لاوازی ئەو گەلە و ناهومێد کردنی بەتەواوەتی لەو هێزانە نادا، ئەویش بەباس و لەئارادا بوونی ئاڵترناتیو، خۆت باش دەزانی لەئەنجامی پێك دادانی کۆمەڵە و دیموکرات، زۆر پێشمەرگە چەکیان دانا و هەر باب و برا بوون کەدەچوون کۆڕ یان برای خۆیان لەکێوە دەهێناوە و توڕەییان لەشەڕی براکوژی دەردەبڕی و یارمەتیش لەکەمی دەدا، ئێستا دوو لەت بوونی دیموکرات لەو بارودۆخەدا کەبەجوانی پەنجەت بۆ راکێشاوە و بەو وەزعەی دوایی کەلەئەنجامی

راوەستانی شەڕی ئێران و عێراق پێك هاتوە، مەترسی هەرە گەورەی بۆ هەموو لایەك پێکەوە ناوە و شەڕە دندوکەی ئەمانە دژی یەکتر و ئەسکوێ تێوەردانی خەستی موجاهید و هی تریش بریەکە قوڵتر دەکا، پتر شێلانی هەردوولا لەلای ئێوە و تیتۆڵ پێوە نەهێشتنیان، لەگەڵ رێنوێنی دروستی پاش شێلان، دیسان پتر لەوەی ئێمە کەڵکی لێ وەرگرین، دوژمنانی گەلەکەمان کەڵکی لێ وەردەگرن، دەکرا و باشتر بوو لەم بارودۆخە ناسکەدا، باسی رابردوو نەکرابا و هەلومەرجی پڕ مەترسی ئێستا و رێگای دروستی دابر دابر نەبوون و هاوکاری هاتبا گۆڕێ و هەوڵی کول کردنی دژایەتی هەردوولا بەرامبەر بەیەکتر درابا، نەك پێشەکی کوتانی خەست و خوڵی هەردوولا، سەبارەت بەهەڵوێستی بنەماڵە، بەخۆشییەوە یان بەداخەوە پراودای گۆڕینی (سیپتامبرم) نەدیوە، بۆ مەسەلەی نووسینەکانی کاك حەسەن قسەم کردووە بەڵام دەبێ شێلگیرتر دوای کەوم..... سەرلەنوێ سڵاو، برات مینە، ١٩٨٨/١١/٢٩).

کاك حەمەدەمین ئەودەم لەرێبەرایەتی حیزبی تودە دابوو، سیاسەت و سوننەتی حیزبی تودە و هەموو حیزبە کۆمۆنیستەکان و حیزبەکانی دیکەی لار بەم لایەدا، هەمیشە ئەوە بووە کەلەکاتی خۆی دا بەبیانووی ئەوە کە (مەسڵەحەت نییە و هەلی ناسکە) راستی بەخەڵك نەڵێن و قەتیش رەخنە لەخۆ نەگرن، ئێمەش لەحیزبی دیموکراتدا هەر وابووین، هەزار هەڵە و چەوتی دەکرا و دەمانبینی، بەبیانووی ئەوەی (لەشەڕداین و مەسڵەحەت نییە و وەرەی خەڵکی پێ کز دەبێ) نەدەبوو باسیان بکەین، سالّی ١٩٨٤ لەپراگ لەگەڵ کاك عەزیز محەمەد تووشی کاك عەلی خاوەری بووم و مامە غەنیشی لەگەڵ بوو، لەنێو قسەکانماندا پێم گوت: (ئێوە ئەو هەموو هەڵەیەتان کردوە، بزووتنەوەتان تووشی ئەم رۆژە کردوە، بۆچی ئێستا هەڵەکان بۆ خەڵك ڕوون ناکەنەوە و پێ لەچەوتیەکان نانێن و بەئازایەتی کەم و کوڕییەکان روو ناکەن؟).

لەوەڵامدا گوتی: ئێستا لەهەموو لایەکەوە ئێمە دەکوتن، جا خۆشمان بێین خۆمان بکوتین و رەخنە لەخۆمان بگرین، مەسڵەحەت نییە، پاش ئەو دیتنە چەند جار لەرۆژنامەکەیاندا بینیومە کەدەنووسن (سیاست حزب ما در مجموع صحیح بودەاست)! ! وەك برادەرانی حیزبی دیموکرات، ئێستاش دەنووسن: (رووداوەکان راستی سیاسەتی حیزبی ئێمەیان نیشانداوە)! ! قەت جارێك نانووسن لەوانەیە مامۆستا جارێك تووشی هەڵە بووبێ!

من کەکەمتر نامەی برادەرانم بێ وەڵام دەهێشتەوە.

لەوەڵامی نامەی کاك حەمەدەمینیدا، ئەم نوسراوەی خوارەوەم بۆ نارد کەوا بەداخەوە هەر لاپەڕێکی رووننووسەکەم لەلا ماوە بڵاوی دەکەمەوە.

ئەوەندەش بەقسەی کاك حەمەدەمینی دەکەم سەبارەت بەناسکی بارودۆخ چەند ناوێك لەنامەکەدا هاتوون، لایان دەبەم.

(برای بەڕێز کاکە مینە رۆژباش! نامەکەت لەکاتێکا گەیشت کەبەراستی خەبەری ئیعدامی گیراوە سیاسیەکان پەژارەی کردبووم، چاك بوو یەك دوو جارم خوێندەوە و لەبۆچوون و لێکدانەوەت سەبارەت بەو (شۆرشگێڕان)ە حاڵی بووم، بۆم دەرکەوت کەئەوە بۆچوونێکی گشتیتانە، چونکە برادەرانی دیکەشتان لەو بارەوە کەئەوە بۆچوونێکی گشتیتانە، چونکە برادەرانی دیکەشتان لەو بارەوە نامەیان بۆ نووسیوم، بۆچوونەکەیان هەروەك ئێوەیە بەتۆزێك زیادیشەوە کە گوایا ئەو شۆڕشگێڕانە) گوتوویانە: (پیرەوانی کۆنگرەی چوارەم) رێگا دەدەین بێنەوە نێومان، سەرم سوڕماو (الغریق یتشبس بکل حشیشا)ی عەرەبم هاتەوە بیر، خاوەنی بیروباوەڕی مارکسیستی (ئەگەر راستی کردبێ) بەهیوای ئەوە بێ لەبن سێبەری کێ و کێ دا، گەل رزگار بکا، یاڕەبی پیرۆزی نەبێ.

کـاك حەمـەدەمین! بەقـەولی لینینـی مـەزن هـەموو حیزبـەکانی کەفـەوتاون و سەرنەکەوتوون، لەبەر ئەوە بـووە کەترسـاون واقعیـەت بـاس بکـەن و بەقـەولی تـۆ (راستییەکان رووکەن).

عەکسی نەزەری تۆ مانای ئەوەیە لەو هـەل و مەرجـە ناسکەدا بـا (راسـتەقینەکان نەیەنە گۆڕێ) بالێ گـەڕێین خـەلّك لەدواکـەوتوویی و بـێ خەبەریدا وەدوای هێنـدێ سەوداگەری سیاسی بکـەوێ، بـا لاوەکـان بەکوشـت بچـن و (رێبـەرانیش) بـەنرخی خوێنی ئەوان لەئەوروپا بسووڕێنەوە.

نەتنووسیوە (بەروبوی دەرخستنی راستییەکان گرینگی پتری دەبـێ پـێ بـدرێ تـا تـەنیا دەرکردنـی راسـتیەکان) یـانی چـی؟ ئێسـتا ئەوانـە بەتـەواوی لەبەردەسـتی موجاهیدان دان، ئەگەر باسی (نیروهای انقلابـی) دەکـەن، مەبەسـتیان موجاهیـدِ و (بەرنامـەی هویـت) و (راه کـارگر و...) بەنـەزەری ئێـوە لـەو بارودۆخـەدا باسـی رابـردوو نـەکرێ، بـۆ کـەنگێ رابگـرین؟ ئەگـەر هـاتوو خۆیـان گـرت و (پێڕەوانـی کـۆنگرەی چوار)یشـیان وەرگرتـەوە، خـۆ باسـکردنیان هـەر کـوفر دەبـێ، دەبـا ئەوانەش ماوەیەك سواری ملی خەلّك بن و ئێمەش بێدەنگ بـین و بـەیانیش ئەگـەر زمانمان گەڕا، خەلّك هەقیەتی پێمان بلّێ: کاکـە ئـەدی دوێنـێ بـۆ بێـدەنگ بـوون، وەك ئێسـتا مـن بەوانـە دەڵـێم: (ئـەدی ٩ سـاڵ ئێـوە چـکارە بـوون)، بـۆ ئێـوە کـەحیزبی سیاسـین و هیـوادارن کـە (شۆڕشـگێڕان) بەگشـتی لەبەرەیەکـدا کۆبکەنەوە، رەنگە واباشـتر بـێ کەبێدەنگـەی لێ بکـەن و جاروبـار چاوێکیشـیان لێ دابگرن، چونکە ئەوانیش باسـی سۆسـیالیزم و دژی ئیمپریالیسـتی دەکـەن! بـەڵام بۆ من رووبکردنەوەی راسـتیەکان، رووبکردنـەوەی رابـردوو، ئەسـکوێ تێـوەردان و گەنـد دەرهێنانیـان ئـەرکی سـەر شـانی خـەباتی ئـەو رۆمـە، جێگـای داخـە کۆمۆنیستەکان قەت لەرابردوو دەرس وەرناگرن و دەبـێ راوەسـتن پـاش ٧٠ سـاڵ گەند کاریەکانیان دەربخـەن، مـن لام وایـە دەبـێ لەپێشدا خـەڵکیان لەسـەر روون

بکرێتەوە جا پاشان بیر لەئەلترناتیف بکرێتەوە.... وا وێدەچێ ئەم نامەیەی من بۆ کاك حەمەدەمینی دوو لاپەڕە بووبێ، بەڵام بەداخەوە هەر لاپەڕەیەکم دۆزیوەتەوە و نامەکە بێ ئیمزا و تاریخ و ماڵاوایی ماوەتەوە.

دەمویست لێرەدا نووسینی ئەم بەرگە کۆتایی پێ بێنم و گێڕانەوەی هێندی لەرووداوەکان بۆ بەرگی ١٠ی بیرەوەریەکانم رابگرم، بەڵام بەخۆشیەوە دوو نامەی مامە غەنی بلوریانم دیتنەوە کەبەرای من بۆ ڕوونکردنەوەی هێندێ قۆزبنی تاریکی بزووتنەوەی کورد لەوڵاتی خۆمان گرنگی تایبەتیان هەیە، بەتایبەت لەو نامەیەدا کەدەڵێ: (بەیانی حەقیقەتی تاریخی بۆ هەمیشە حەشار نادرێ و مرۆ دەبێ بەسەداقەت و راشکاوی راستیەکان دەرخات) هەر ئەوەندە بۆچوونە بابەتیانەی مامە غەنی، رەنگە وەڵامی نووسراوە و وردە قسەڵۆکی ئەو کەسانە بێ کەپاشملە باسی بڵاوکردنەوەی ئەم نامانە دەکەن کەوا لەبیرەوەریەکانمدا بڵاو دەکرێنەوە و یا لەبیرەوەریەکانمدا هێندێ راستی شاراوە دێنە ڕوو، ئەو کەسانە هەمیشە لەڕووکردنی راستی و واقعیەتی تاریخی ترساون و ویستوویانە رووداوەکان بەسەر داپۆشراوی بمێننەوە هێندێ کەسیش نان و پیوازیان پێ بخوات.

ئەمەش نامەی ١٩٨٩/٢/١٣ غەنی بلوریان:

(هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویست کاك کەریم.

پاش ڕێز و سڵاو نامەکەت گەیشت بەهیوام لەسەفەرەکەت سەرکەوتوو بیت، نووسیبوت رەنگە لەگەڕانەوەدا بەلای ئێمەدا بێیت، بەڵام نەهاتی گەلێك چاوەڕوان بووین، بەراستی یەکتر دیتن زۆر پێویست بوو، ئێستا زۆر لەکوردەکان نامەم بۆ دەنووسن و ئەڵێن کاکی برا تاکەی وەستاوی و لەمانە هیچ هەڵناوەرێ، ئەوانە هی هەموو لایەنە چەپەکانی ئێران و کوردەکانن لەسەر ئەو باوەڕەن کەدەبێ چەپی پێشکەوتوخوازی کورد بۆ خۆی بێ و سەربەخۆ ئەم بیروڕایە بەرە بەرە هەراوتر

دەبێ، من هێندێك بەڵگەی زەمانی (ژ.ك) لەسویت هاتۆتە دەستم لام هەیە بەڵام ناکرێ بەپۆست دا رەوانە بکرێ ئەگەر کەسێکی جێگای متمانم دەسکەوێ بۆتی رەوانە دەکەم، شەڕە شەپی ناو ئێمەش ئەوا گەیشتۆتە ئاخری خط (اقایان) کەسی وایان پێوە نەماوە کەشایانی باس بن لەسەدا هەشتا بەرەو لایەکی تر لێ دەخوڕن، جا نازانم چارەنووسی پاش پلنۆمی داهاتوو چی پێ دێ، خۆت باش دەزانی کەئیمڕۆ لەجیهان هیچ حیزبێکی چەپی پێشکەوتوو نییە چەتی تێ نەکەوتبێ و مەسئەلەی نەبێ بەتایبەت پاش پریسترویکا و گلاسنۆست، من تا ئێستاش لەم لاوە تەلەیفۆنیان پێ نەداوم، نازانم بۆچی؟ ئاخۆ دەبێ ژمارە تەلەیفۆنێك لەوڵاتێکی ئەوروپایی سالێك زێدەتر بخایەنێ ئەویش لێرە و بۆ من کەبەخێر لەلای سەرو گۆیا توش هاتووم، کاك حامید نامەیەکی نووسیوە جیاوازە لەوەی جەنابت نووسیبوت، شاید پاشان هاتۆتە سەر ئەو رێبازە بەڵام مەیلی وانی ناوە و هومێدی پێ نین جا نازانم، کاکی خۆم من بۆم نووسیوە کەئەو لایەنەش وەك لایەنەکەی تر سەر بەخۆ نییە و ناتوانێ خۆی بڕیار بدات، ئیتر تێی خێر بێ بزانین دواڕۆژی نەتەوەکەمان چی پێ دێت، (کاك عەزیز محەمەد) هاوڕێی بەڕێزمان مصاحبەیەکی لەگەڵ رۆژنامەی کاری ژمارە ٥٩ کردوە زۆر بەنرخە بەتایبەت ئەو بابەتانەی کەباسی کورد و مافی چارەنووسی تیا، ئەوا نامەیەکم بەئادرێسی ئێوە نووسی بۆ فەهد نازانم ئادرێسەکەی هەر هی جارانە یا گۆڕاوە تکایە بیدەرێ زۆر سوپاستان دەکەم، سەرەخۆشیم لەپەخشان کردوە، ئیتر هەڕیژی برات غەنی ٨٩/٢/١٣).

نامەی ١٩٨٩/٣/١٥ی مامە غەنی کەکۆتایی بەرگی ٩ی بیرەوەیەکانی پێ دەڕازێنمەوە:

(هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویست کاك کەریم رۆژباش.

پاش رێز و چاك و خۆشی بەهیوام ساخ و سەرکەوتو بیت، لەئێمە پرسیار بکەیت هەروەك جارانێ و شەپە شەپ قوڵترە، بەگی سێیەمی بیرەوەریەکانتم گەیشتە دەست وا ئێستا خەریکم دەیخوێنمەوە، کەمێکم ماوە تەواوی بکەم، دیارە ئێستا لەحەفتاکانداى و دەبێ چاوەڕوانی سااڵنی تر بکەین، هەروەکی خوێندومەتەوە، قاسملۆ لەوتوێژی خۆیدا لەگەڵ (راە ارانی) دا کەدەگاتە باسی ئێمە دەفەرموێ کەگوایا ئێمە و ئەوان لەسەر ئەوە کەئاخۆ چەك دابنێن و وتوێژ لەگەڵ حکومەت بکەین یاخود بەچەکداری وتوێژ بکەین، دیارە ئەو حەقیقەتی ئاوا بنووسێ چونکو ناتوانێ لەوە زیاتر بنوسێ، جەنابی شۆڕشگێڕ کاك جەلیل هەروەها لەگوزارشی کۆنفرانسەکەیاندا هێندیچك وردە فەرمایشی فەرموە کەدیارە شارەزای، بەاڵم هیچکامیان زات ناکەن بچنە سەر ئەسڵی مەبەست منیش تا ئێستا لەهیچ جێگایەك بەنووسراوەی ڕەسمی باسی ئەو مسئەلەم نەکردوە و تەنانەت لەڕۆژنامەکەی ئەوکاتی خۆشمانا نەهاتوومە سەر ئەسڵی مەتڵەب چونکو الم وابوە کەدوژمن کەڵکی لێ وەردەگرێ، بەاڵم بەیانی حقیقەتی تاریخی بۆ هەمیشە حەشار نادرێ و مرۆ دەبێ بە سداقەت و راشکاوی راستییەکان دەرخات، بەوەختی خۆی من ئەوەی کەنەقاسملۆ و نە جەلیل زات ناکەن ئیشارەی پێ بکەن باسی دەکەم، بەاڵم ئەگەر تۆ بت توانی با لەئەمیری قازی یان مستەفای شەڵماشی دەقی (حەوت) مادەکەی رژێمی بەعسی عێراقت پرسیار کردبا و ئەوانیش بەسداقەتەوە پێتیان گوتبای چشتێکی تاریخی خەیانەت یا هەڵەی نێزیك بەخەیانەت بەرانبەر بەگەلی کوردمان چەنگ دەکەوت، تۆ مرۆڤێکی سیاسی و شارەزای چۆن ئەوان بدۆزی و لەزمانیان وەرگری و چونکو ئەو کات ئەمیرو مستەفاش دەفتەری سیاسی لەکۆبوونەوەکەی کەلە مەڕ ئەو حەوت مادەیە گیرا بەشدار بووەو ناحەقیان تۆمار کرد.

تەنیا من بووم دژی وەستام ولەو کۆبوونەوە یەك سەر هاتمە دەرو رامگەیاند ئیتر لەگەڵ خەیانەت نیم، ئەوانەی کە جاران قاسملۆ وەپاڵ منی ئەدا کە گوایا بەدەستوری حیزبی تودە ئێمە هاتینە دەر، ئێستا کاوێژی ناکاتو هەر وەك لەسەرەوە گوتم دەفەرموێ لەسەر تاکتیکی شەڕ یا ناشەڕ بوو، جەلیل کە ئێستا لەباتی ئەریابێك دوو ئەریابی هەیە، ئەویش مەکتەبی سیاسی بوو کە (حەوت) مادەی تۆمار کرد.

من پێم وت کاك جەلیل تۆ، بۆ! ئەوانە زیندانو چەرمە سەری زۆریان نەدیوە، سامانی مفت بەهاسانی لەدەس بدەن لایان گرینگ نییە، بەڵام تۆ زیاتر لەتۆ سالّ زیندانت کێشاوەو سەرمایەت بەخت کردوە تۆ بۆچی دەچیە ژێر ئەو (پەندە) من رەنگە کاتێ هەڵەکانی خۆم باس بکەم کە دەبێ مەردانە بیکەم، بەڵام ئەوەی کەدەرچووم و (حەوت) مادەم رەت کردە بەروناکترین خاڵی ژیانی سیاسیم دەزانم باکەس وانەزانێ ئەو حەوت مادەیە کاتێك دراو پەسند کرا کەپاش شەش یا چوار مانگ رژێمی عێراق پەلاماری ئێرانیدا. کاتێ مانگی کە هەوەڵین هەڵبژاردنی جمهوری ئیسلامی بوو. جا حیسابی بکە ئاخۆ رژێمی عێراق لە چ مانگێکدا هێرشی هێنایە سەر ئێران، دیارە من بە دوور و درێژی باسی ئەوە دەکەمو دەبێ بیکەم ،ئیتر بەهیوای سەر کەوتن، نامەیەکم بۆ خوشکە خەجیج نووسی سەبارەت بەکۆچی دوایی کاك ئەحمەد پیاوی چاکی کوردەواری. لێرەشدا خۆمو خێزانم بەئێوەش تەسلیەت دەڵێین وسەر سلاّمەتیتان دەکەین، ئیتر هەربژی . برات غەنی ۸۹/۳/۱۵)).

لێرەدا بەرگی ۹ی بیرەوەرییەکانم کۆتایی پێ دێنم، بەم هیوایەی ئەگەر تەمەن مەودا بدات، لەبەرگی۱۰ی بیرەوەرییەکانمدا ، خوێنەرانی بە رێزی کورد لەبەشێکی دیکەی رووداوەکانو سەر بردەی ژیانم ئاگادار بکەم.

پێرست

سەرەتا ١٩٤٧

دەفتەری یادداشتەکانم ١٩٥٤

پەیکێکی ناسراو ١٩٦٣

تەفسیری بێگانە لەسەر کورد ١٩٦٦

رۆخی دەریا و حەسانەوە ١٩٦٨

سەفەر بۆ سوریە ١٩٧٢

گەڕانەوە بۆ سۆفیا ١٩٧٩

سەفەر بۆ مۆسکۆ ١٩٨٧

سەفەر بۆ ئەورووپا ١٩٢٢

رۆژنامەی سەردەمی نوێ ١٩٩٩

ساڵی تازەی زایینی ٢٠٣٣

گەڕانەوە بۆ سەر دەفتەری یادداشتەکانم ٢٠٣٣

نەورۆزی ١٩٨٦ ..... ٢٠٣٧

گەڕانەوە بۆ سوید ٢٠٥٢

داوای پەنابەری لەسوید ٢٠٥٤

ساڵی ١٩٨٧ ..... ٢٠٧٢

کۆنگرەی نۆزدەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد ٢٠٨٥

سەفەر بۆ لەندەن ٢١٠٣

سەفەر بۆ سۆفیا ٢١٢١

بەرگی نۆیەم .....

دوو نامەی زێڕ کفت.....٢١٢٥

سائێکی شوم بۆ گەلی کورد.....٢١٣٣

سەفەر بۆ ئالمان.....٢١٤٦

هەوائێکی دڵتەزێن و کارەساتێکی سامناك.....٢١٤٩

وەستانی شەڕی ئێران و عێراق و چارەنووسی کورد.....٢١٦٧

نامیلکەی (لەپێناوچی)دا؟.....٢١٧١

سەفەر بۆ سۆفیا.....٢١٧٧